سەرزەمینی جەللادەکان

ڕۆمان

هەڵۆی سامی

ناوی کتێب: سەرزەمینی جەللادەکان
ناوی نوسەر: هەڵۆی سامی
بابەت: ڕۆمان
تابلۆ و دیزاینی بەرگ: ئەحمەد نەبەز
تیراژ:٥٠٠ دانە
نرخ: ١٥٠٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن (١١١٨) ی ساڵی (٢٠٢٣) ی پێدراوە.

بەشی یەکەم

(١)

شاری ئەربائیلۆ ساڵی ٢٠١٥

ڕووبا دوا نیوەڕۆیەکی درەنگ، بە دەرکەوت. داریٚکی گەورەی بە دوای خۆیدا ڕادەکێشا، تەوریٚکیشی لەبەر پشتی بوو، تۆز لە دواوەی بەرز دەبۆوە، لە دەروازەی گەورەی شار هاتە ژووریٚ. ئەو شارە گەورەیەی لە کۆندا پێیان دەگوت ئەربائیلۆ. خەڵکەکە لەناو بازاڕ کەچاویان پیٚکەوت، دەوریان لیٚدا، چونکە شیٚوەی سەیر دەهاتە پێش چاو، بەتایبەتی کاتیٚک دەبیندرا ئەو دارە گەورەیە بە دوای خۆیدا ڕادەکێشیٚ.

ئەویش بێ ئەوەی بشڵەژێ ناوەندی هەموویان ڕاوەستا. کەمێک سەری بڵند کرد و لەناو باغی شارڕا لە تاق و دیوار و دەروازە گەورەکەی قەڵای ڕوانی. ئەو قەڵایەی لەسەر گردێکی گەورە و بڵند بە خشتی سوورەوەکراو بنیادنرا بوو، دواتر بە هۆی کۆنی و ڕووخانی دیوارەکان ماوەیەک بوو چۆڵ کرابوو. خەڵکی وولاتانی تر بەتایبەتی گەشتیارەکان تەنیا وەکو کۆنترین شاری میژوویی کە تەمەنی دەگەڕاوە بۆ زیاتر لە هەشت هەزار ساڵ، دەهاتنە سەردانی. لەناکاو ڕووی خۆی وەرگێڕاو سەیری خەڵکەکەی کرد، گوتی ئەم شارە بۆنی مردووی لێدێ، چۆن دەتوانن تێیدا بحەوێنەوە؟

خەڵکەکە هەموو سەیری یەکیان کرد، کەس لە مەبەستەکەی نەگەیشت. ئەویش قسەکەی دووبارە کردەوەو گوتی دەڵێم ئەو شارە بۆنی مردووی لێدێ، تێناگەن؟ دووبارە خەڵکەکە بێدەنگ بوون.

ئەویش گوتی چیم گوت وادەرچوو، ئەگەر دەشتانەوێ وەرن بۆتان بسەلمێنم کە بۆنی مردووی لێدێ. ئینجا بە ڕاکێشانی دارەکەوە ڕۆیشت بەرەو

ڕۆژئاوای شارەکە، کە گۆڕستانێکی گەورەی لەخۆی گرتبوو. گۆڕستانەکە بە دیوارێکی بڵندو دوورودرێژ شووڕایەکی بۆ کرابوو، بۆ ئەوەی گۆڕەکان تێکەڵ نەبن لەگەڵ ئەو شەقام و دوکانانەی کەوتبوونە ئەو نزیکانە. لەچەند لایەکەوە گۆڕستانەکە دەروازەی شێوە میحرابی بۆ کرابۆوە، هەندێک لە دەرگاکان بە تۆپی بچووک بچووک کلۆم درابوون، هەندێکیشیان شەو و ڕۆژ کراوەبوون، چەند داڕێکی بڵندیش لەولاو لەم لای دەرگا گەورەکە چاندرابوو، هەرکەس دەیتوانی پێیدا بێت و بچێت.

خەڵکەکەش بە دوای کەوتن، لەڕێگا کەس هیچی نەدەگوت تەنیا ئەو لەبەرەخۆی بە دەم ڕاکێشانی دارەکەوە کە خشە خشی دەهات دەیگوت بەڵێ تەنیا هەست بە بۆنی مردوو دەکرێ، تەنیا مردوو، هیچیترنا. کە گەیشتە گۆڕستانەکە، هەموو خەڵکەکە لە دەوری کۆبوونەوە. ئەویش ڕووی لە گۆڕەکان کرد و هەمان قسەی دووبارە کردەوە، گۆڕستانەکە لە بەرامبەر ئەو قسەیە لە بیدەنگی زیاتر هیچی تری بە خۆیەوە نەبینی. ئەویش ڕووی لە خەڵکەکە کردو

گـوتی بینیتـان؟ یەکێـک وەک ئەوەی ڕووبـا هەڵەیەکـی گەورەی کردبـێ، گـوتی ئـێ بە دڵنیـاییەوە گۆڕسـتان بـۆنی مـردووی لێـدێ، ئەوە چ شـێتایەتیەکە تـۆ دەتەوێ واتـای پـێ بـدەی؟ ڕووبـاش خەنـدەیەکی غەمبـارانەی کـردو گـوتی ئـێ منـیش مەبەسـتم مـردن و گۆڕسـتان نیە، مەبەستم ژیان و شارە.

ئەو گۆڕسـتانەم کـردە نمـوونە بـۆ ئەوەی تێـبگەن ئێـوە لە ژیانـدان، خـۆ نەمـردوون، تـا وەکـو کەسـەکانی نـاو گـۆڕ بـێ دەنـگ بـن. مـن دەمێـک هـاوارم کـرد ئەم شـارە بۆنی مردووی لێدێ کەستان نەتانگوت بۆ؟

هەمـان شتیشـم بە مردووەکـان گـوت بێـدەنگ بـوون، لەو حـــالەتە چ جیـــاوازیەک هەیە لە بەینـــی ئێـــوە و مردووەکـان، پـێم بڵـێن؟ خەڵـکەکە بێـدەنگ بـوون، ڕووبـا کە چـاوی پـێکەوت دیسـان بێـدەنگن، دووبـارە ڕووی لە مردووەکـــان کـــردەوە و گـــوتی ئێـــوە پـــێم بڵـــێن چ جیاوازیەک هەیە لە بەینی ئێوەو زیندووەکان؟

ئینجـا کەمێـک بێـدەنگ بـوو، دواتـر لەناکـاو گـوتی مردووەکـان وەڵامیـان دایەوە، ئێـوە گوێتـان لـێ بـوو؟ دووبـارە خەڵـکەکە بێـدەنگ بـوون، سـەیریان پێهـات،

مـردوو چـۆن وەڵام دەداتەوە. ئەویـش گـوتی مـن دەڵـێم مردووەکـان وەڵامیـان دایەوە ئێـوە گوێتـان لـێ نەبـوو؟ کەس هیچـــی نەگـــوت. ئینجـــا بە خـــۆی گـــوتی بـــێ دەنگـــیەکەی وان وەڵامـــێکە کە ئەوان مـــردوون. واتـــا کە بانگیـــان دەکەیـــن بە بێـــدەنگیەکەیان وەڵاممـــان دەدەنەوە ئـــێمە مـــردووین، بەڵام ئێـــوە چـــۆن تـــێم دەگەیەنـــن زینـدوون پـێم بڵـێن؟ چـۆن تێمـدەگەینن دەژیـن و لەگەڵ مردووەکان جیاوازیتان هەیە؟

***** ***** *****

ڕۆژ بەرەو ئـــاوابوون دەچـــوو، ڕەنـــگە زەردەکەی دەیـــدا لە دیـــواری گۆڕســـتانەکە. خەڵـــکەکە لەوێ ڕووبایـــان بەجیهێشـــت. ڕووبـــاش ڕاکشـــاو ســـەری بە نـــاو قەدی دارەکە کـــردو چاوەکـــانی لێکنـــا، خەو بـــردیەوە. هێـــدی هێـدی ڕۆژ لە پشـت چیاکـان ئـاودیو بـوو، ئەسـتێرەکان بە دەرکەوتـــن، گڵـــۆپی شـــەقامەکان پێکـــران، تەلەفریکـــی پارکەکـــان کەوتە کـــار، لەدووڕا دیـــاربوو دەهـــاتن و دەچـــوون، گڵـــۆپی ڕەنگاوڕەنگیـــان پێـــوە بـــوو، دەتگـــوت

شـــەمەندەفەرێکن بە ئاســـماندا، بەســـەر ســـکەیەکی بڵنـــد تێـــدەپەڕن و دەڕۆن بـــۆ شـــارێکی تـــر. لەپـــڕ چاوەکـــانی کـــردەوە شـــەو درەنـــگ بـــوو، لە نـــاو گۆڕســـتانەکە گـــوێی لـــێ بـــوو پیرێژنێـــک ســـەردولکە دەڵـــێ، ئەویـــش لەگەڵ دەنـــگەکە ڕاچڵەکـــی، وەک ئەوەی زینـــدەوەرێک لەنـــاو ئەو گۆڕســـتانە بێـــدەنگە پێـــی وەدابـــێ، ســـەیری ئاســـمانی کـــرد کـــۆمەڵە ئەســـتێرەی هەفـــتەوانە بە ئاســـانی دەبینـــدرا، مانـــگ شـــەوقی بەدەوروبەری خۆیـــدا بڵاوکردبـــۆوە، لەبەرەخـــۆی گـــوتی ئەو دەنـــگە پـــێم دەڵـــێ ڕووداوێکـــی نـــاخۆش و ترســـناک لە گۆڕێـــدا هەیە، چەنـــد کابوســـاویە، شـــتێکی کـــۆنم بە بیـــردێنێتەوە. پاشـــان لە شـــوێنەکەی خـــۆی هەڵســـتایەوەو چـــاوی بە دەوروبەردا گێـــڕا، لەنـــاو تـــاریکی هـــیچ دیـــار نەبـــوو، تەنیـــا کێڵەکـــان نەبـــێ کەمێـــک دەبیندران لەبەر تیشکی مانگ.

بەڵام دەنگـــی حەزینـــی ژنەکە گۆڕســـتانەکەی پڕکردبـــوو لە غەریبـــی. ڕووبـــا لە شـــوێنەکەی خـــۆی هەڵســـتایەوە بەنـــاو گۆڕەکانـــدا دەســـتی بە گەڕان کـــرد، تـــا دەهـــاتیش لە دەنـــگەکە نزیـــک دەبـــۆوە، لە ناکـــاو بینـــی ژنێکـــی جـــل و بەرگ ڕەش بەســـەرو پرچێکـــی ســـپی و درێـــژەوە لە

دیار گۆڕی منداڵێک دانیشتووە دەستی بە یەکێک لە کێلەکان گرتووە وەک ئەوەی لانک بێ و بیەوێ بیژەنێ، خەریکی سەردولکە گوتنە.

ئەویش تەواو لێی نزیک کەوتەوە، بێ ئەوەی بترسێ، خۆی لە ئەزەلدا کەسێک بوو کۆڕی شەو و تاریکی و چۆڵەوانی بوو، بە نەرمی دەستی لەسەر شانی دانا گوتی دادە. ژنەکە لە شوێنەکەی خۆی ڕاپەڕی و ئاوڕی دایەوە. ئەویش لەنزیکەوە بینی دەموچاوی هەموو شوێنی ڕنۆکە، پێ دەچوو لە تاو ئازاری گیانی ڕنی بێتیەوە، لەسەر ڕوومەتە چورچولۆچاویەکانی بریندرا. بەڵام بەو پیریەش جوان دەهاتە بەرچاو، پرچی دریژو خاو بوو. بەسەر شان و ملیدا پەرش و بڵاو ببۆوە، لە تاقگەیەکی سپی دەچوو لە شاخێکی بەرزەوە بڕژێتە خوارێ. ڕووبا گوتی دەکرێ لەلات دابنیشم؟ ژنەکە هیچی نەگوت.

ڕووبا بۆ ئەوەی عاجزی نەکات، بە هێمنی لەسەر لێواری یەکێک لە گۆڕەکانی تەنیشت گۆڕی منداڵەکە دانیشت، ژنەکە کە چاوی پێ کەوت، لە لای گۆڕی منداڵەکە هەڵستاو بەبەینی کێلەکاندا چۆوە ناو تاریکی،

تەواو دوورکەوتەوە، بێ ئەوەی هیچ بڵێ، لە گۆڕی منداڵێکی تر نزیک کەوتەوە، لەبەرەخۆی گوتی چیە بچکۆڵ تۆش دەگریی؟ تۆش برسیتە؟ دەستی خستە ناو سینگی و یەکێک لە مەمکە چورچەکانی دەرهێنا، تەواو لە گۆڕەکە چووە پێش، دەستی لە ملی لاکێلێک ئالاند وەک ئەوەی لەناو لانک مەمک بە منداڵێکی ساوا بدات. ڕووبا لە دوورەوە لێی دیار بوو. لەبەر تیشکی مانگ دیمەنی ئەو ژنە سەرسپیە و هەژاندنی گۆڕەکە لە تابلۆیەکی غەمگین دەچوو، بە ڕەنگێکی خۆڵەمێشی کێشرابێ.

(٢)

گوندەکەی ماڵی مەستان ساڵی ١٩٨١

گوندەکەی ماڵی مەستان کەوتبووە بناری چیایەک، سەد ماڵێکی لەخۆی گرتبوو، هەموو خانووەکان قوڕ بوون، ڕووبارێک بە پێچ و پەنا بە خوارەوەیدا تێدەپەڕی، بەدرێژایی ڕووبارەکە داروبار شین ببوون. ڕۆژانە ئیشی خەڵکەکە کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بوو. ماڵی مەستان کەوتبووە پەڕگەی گوندی،خانووەکەیان وەک هەموو خانووەکانی تر پشت لە چیا بوو، لەگەڵ چەند کۆڵیتێک، کە کەوتبوونە لای پێشەوە، بۆ مریشک

و عەلەشیشەکانیان. مەستان هەموو سبەینان دەچوو دەرگەی لێدەکردنەوەو دانی پێدەدان، لە دووڕا دەبیندرا لە ناو کۆڵیتەکان هاتوو چۆ دەکات، زۆرجار ئەگەر باوکی بەخۆی برۆیشتبایە شار، مەستان دەچووە دیار مەڕوبزنەکان بۆ ئەوەی بیانلەوەڕێنێ. نیوەڕۆیانیش ڕایدەدانە سەر ڕووبارەکە بۆ ئەوەی لەوێ ئاویان بدا و لە بەر سێبەری دارەکان بحەسێنەوە .

پاشان کە دونیاش کەمێک فێنک دادەهات، دەیبردنەوە لەوەڕ. مەستان برایەک و خوشکێکی لە خۆی بچووکتری هەبوو، لەگەڵ دایکێکی بەتەمەن. ئەو براو خوشکەشی زۆرجار یارمەتیان دەدا، لەکاتی مەڕدۆشین سەری ئاژەڵەکەیان بۆ دەگرت، لەبەر دەرکەی ئەو حەسارە بچووکەی بە خشت دروستیان کردبوو و دەلاقەی سێگۆشە سێگۆشەی تێدابوو.

کوڕێکی شوان هەبوو لەو گوندە ناوی نەدیم بوو. نەدیم لە منداڵیەوە عاشقی مەستان ببوو، نەیدەزانی چۆن لەدڵپاکیان پێی بڵێ خۆشمدەوێی، دەترسا ڕاستیەکەی پێ بڵێ، لێی تووڕەبێ، ئەو بڕە

هاوڕێیەتیەشیان نەمێنێ کە لەنێوانیاندا هەبوو. ئەوەی لێ ببووە گرێکۆڵەیەک بە کەس نەبێتەوە، خەو و خواردن و ژیانی لێ حەرام ببوو لەبەر جوانی و شیرینیەکەی مەستان. بە تایبەتی ئەوکاتانەی کە دەیبینی مەستان گۆپارێکی لەدەستەو پرچی لەپشتەوە بەستاوە بۆ ئەوەی بەهۆی باوە نێتەوە سەر گوێیەکانی و بێزاری نەکات و لەپشتەوەش تا نزیک قۆرتەکانی ئەژنۆی چووە، بەو دەشت و دەرەدا دەگەڕێ، جار جاریش دەم ڕووبارو دەم ڕووبار شۆر دەبێتەوە. خۆشەویستی مەستان لە دڵی نەدیم تا دەهات گەورەتر دەبوو. ئەوەندە گەورە لە کۆتاییەکەی لە سندوقی سینەی جێی نەبۆەو لە پەل و پۆی خست.

ئێوارەیەک ئەو مەڕومالاتەی نەدیم دەیبردنە لەوەڕ بێ شوان گەڕایەوە گوند. خەڵکەکەش کە چاویان بەو دیمەنە کەوت شڵەژان، هەرکەس لە ڕاستی خۆی ڕا بۆچونێکی هەبوو، یەک دەگوت ڕەنگە ورچ بردبێتی، یەکێکی تر دەیگوت نا، ڕەنگە لە ڕێگا مار پێیوەدابێ، یەکێکی تر دەیگوت دوورمەبینن، لە ڕووبارەکە

خنکابێ. تەنیا شوانێکی هاوڕێی نەبێ بێدەنگ بوو، ئەویش لەبەر ئەوەی دەیزانی نەدیمی بەدبەخت چەند مەستانی خۆشدەوێ. بە ناچاری خەڵکەکە دەستیان کردە داری بە ئاگر و چرا، بەو دەرو دەشت و چیایەدا پەرت بوون، بۆ ئەوەی سۆراغی بکەن . هەرکەس لە ڕاستی خۆی ڕا بانگی دەکرد و چاوی دەگێڕا بە ناو تاریکیدا، تا نزیک بەیانی نەیاندۆزیەوە. ئەو شەوە لە گوندەکە کەس نەخەوت لە داخی وون بوونی نەدیمی شوان.

بەڵام دوای ئەوەی ڕۆژهەڵات نزیک چێشتانێ کەسێک دۆزیەوە لە پەنا دارێک، بینی پشتی بەدارەکە داداوەو دەنالێنێ، تۆندیش دەستی بە سینگی خۆیەوە گرتووە، وەک ئەوەی تیرێکی پێ کەوتبێ لە مەیدانی جەنگێکی دژوار. کەسەکەش بەپەلە خەبەری دا خەڵکی گوندەکە و هەموو چوون بە سواری پشتی گوێدرێژێک هێنایانەوە. لەناوجێگا درێژیان کرد. هەرچەند لێیان پرسی چی بووە قسەی نەکرد. یەکێک لە پیرێژنەکان کە ناوی پوور ڕێحانی مامان بوو، گوتی ڕەنگە شاجوانی جنۆکانی لەو بنارانە بینی بێ، دەنا بۆ وای

لێهـــاتووە؟ چـــونکە لەمێـــژە گـــوێم لـــێ بـــووە دەڵـــێن شـــاجوانی جنۆکـــان خـــۆی بە هەر گەنجێـــک نیشـــان بـــدات شـــێتی دەکـــات. نەدیمـــی شـــوانیش بـــێ ئەوەی حەوســـەڵەی وەڵامـــدانەوەی ئەو قســـانەی هەبێـــت، لە شـــوێنەکەی خـــۆی بێـــدەنگ بـــوو، تەنـــانەت حەزی دەکـــرد دەوریشـــی چـــۆڵ بـــکەن. ئەوەش یەکەم کەوتـــنە نـــاو جێگـــای نەدیـــم نەبـــوو بـــۆ مەســـتان، چـــونکە بە منـــدااڵنش نەدیـــم جـــارێکی تـــر عەشـــقی مەســـتان تـــا لێـــواری شـــێت بـــوون و مەرگـــی بردبـــوو. بـــۆ یەکەمجـــاریش تـــامی شـــەڕابی ئەم عەشـــقەی کـــرد، ئەو کـــاتە بـــوو لە قوتابخـــانە لە تەنیشـــت یەکیـــان دانـــان، ســـەرەتا نەدیـــم پـــێ داگـــری کـــرد لەتەنیشـــت ئەوی دانێن، دەتگوت دەزانێ بەرگەی سیحرەکەی ناگرێ.

مامۆســـتا گـــوێی پێـــنەدا، وایزانـــی هەر منـــدااڵن و تەواو، نەیزانـــی عەیشـــق ئـــاگرێکە لە منـــدااڵنیش بە گیـــانی مرۆڤەکان وەدەنوسێ تا دونیا ماوە لێیان نابێتەوە.

لەوکـــاتە هەســـتێکی ســـەیر دایـــدەگرێ، کە دەبینـــێ مەســـتانی خـــوێن شـــیرین لە تەنیشـــتی دانیشـــتووەو قەڵەمێکـــی داری لە دەســـتەو خەریکـــی گواســـتنەوەی نوســـینی ســـەر تەخـــتە ڕەشـــەکەی پـــۆلە بـــۆ ســـەر

دەفـــتەرەکەی. جارجـــاریش بە دەســـتێک پەرچەمە دریـژەکەی کە قبـوڵی نەبـوو پشـت گـوێی بخـا، دەهـاتە خوارێ و لا چاوێکی دادەپۆشت.

نەدیـم وەکـو مەلێکـی بەسـتەزمان دڵـی دەکەوێـتە کـوتە کـوت، ڕەنگـی تێکـدەچێ، هێڵنجـی دێتـێ، هەسـت بە چێـژ و ئـازار دەکـات، چێـژو ئازارێـک، تەنیـا لە عەشـق دا بـوونی هەیە. لەوێـڕا بـۆ یەکەمـێن جـار نەخـۆش دەکەوێ دوای ئەوەی وانەکـان تەواو دەبـێ بەحـاڵ دەگەڕێـتەوە مـاڵ. دەکەوێـتە نـاو جێگـا، نـانی پـێ نـاخورێ، بـاوک و دایکـی تەواو تەنگـاو دەبـن بەو نەخۆشـکەوتنەی نەدیـم. دەیـبەنە لای شـێخێک، شـێخەکە دەڵـێ ئەو کـورە بە چـاو چـووە. نەدیـم گـوێ بەو قسـانە نـادات، پەرچـم و چـاوە کاڵەکـانی مەســتان لەبەرچـاوی لاناکەوێـت، لێـوە پەمبەکـانی کە لە وێـنەی دڵێکـی ناسـک دەچـوو، لەگەڵ ددانە ڕاسـت و سـپیەکانی سـەرەوەی بەبیـر دێـتەوە. ئەوان هەر قسـە دەکەن و ئەویـش خەیـاڵی دەکـات، ئەوان وایانـدەزانی نەخۆشـە، ئەو خەریـک بـوو دەمـرد لە عەشـقی مەسـتان، کەس نەیـدەزانی لە چ لەزەتێکـی گەورەو ئـازارێکی کوشـندە دایە. لەزەت و ئازارێـک

وەک ئەوەی ژیان بکات لە بەینی دۆزەخ و بەهەشت نە گەرمەیەکەی ئەو بیستووتێنێ و وجودی پەڕ پەڕ بکات، نە چێژو جوانیەکەی ئەم ببێتە فریادڕەس و لەم دۆخە دەری بێنێ.

شێخ ئەو ڕۆژە نوشتەیەکی بۆ دەکات لە یەخەی کراسەکەی دەبەستێ، بە نوشتەوە دەیبەنەوە گوند. نەدیمیش دووبارە دەچێتەوە ناو جێگاکەی و ڕووی دەکاتە بنمیچی خانووە قووڕەکەیان. دایکی دەچێتە سەری دەڵێ کوڕم چیتە؟ حەزت لەچیە تا بۆت بکەم؟ تەنیا چاک بەوە. شەرمی منداڵانەی ئەو عەیشقە جوانە لێناگەڕێ زمانی بجوڵێنێ، بەخۆی دەڵێ وسبە هیچ مەدرکێنە .

باوکی دەڵێ کێ ئازاری داوی تا بەو دەستانە تۆڵەی لێ بکەمەوە؟ ئەو ئەم قسانەی پێ خۆش نابێ، ئازاری ئەو عەشقە لێ نەدەگەڕا قسەیەک بکات، کەسێکی تر کە عاشقی منداڵەکەیەتی ئازار بکێشێ، دەنا بەو بچووکیەش جورئەتی دەکرد ڕاست ببێتەوەو بڵێ توخوا لە مەستان نزیک مەبنەوە. بەمشێوەیە نەخۆشیەکەی دریژە دەکێشێ، هێدی هێدی کێشی

کەم دەکات، تاوای لێ دێت ئەگەرچی براگەورەی ماڵەوە دەبێ، کەچی خوشک و براکانی تری بە ئاسانی دەیانتوانی لە باوەشی بکەن و بیبەنە ناو منداڵە هاوتەمەنەکانی خۆی، بۆ ئەوەی لەیاریەکانیان بەشداربێ. چەند پیرێژن لە گوندەکەیان دەبێ، یەکەو نوشتەیەکی بۆ دێنن، یەک پەڕۆکی کەسکی سەر گۆڕی پیاوچاکانی لە قۆڵی دەبەستێ، یەک خۆڵ دێنێ بە نێوچەوان و پرچی دادەکات. ئەویش بێ دەنگ دەبێ، وەک ئەوەی هەرچی لێی بکەن و پێی بکەن چونکە لە پێناو مەستانە، ڕەوایە.

تا ئێوارەیەک لەرزوتا دەیگرێ، لەرزوتایەک ددانەکانی لەگەڵ دەکەوێتە چرقە چرق، هەموو گیانی دەلەرزێ، دوو لێف و جاجمێکی پێدادەدەن گەرم نابێتەوە، پاشان دەکەوێتە هوڕێنەکردن، لەبەرەخۆی دەڵێ ئەو بابێ. ئەو جارێک ببینم بەسمە، تەنیا جارێک.

دایک و باوکیشی چەند پێی دەڵێن ئەو کێیە تا بچینە دوای، نەدیم قسە ناکات، تەنیا دەڵێ ئەو، دەست بە سینگی خۆشیەوە دەگرێ، وەک ئەوەی لە ناخەوە بریندار بێ، بریندەکە ئازاری بدات.

هەفتەیەکیش بەم تایەوە لە ئازاردا دەمێنێتەوە، دونیا لەپێش چاوی دوور دەکەوێتەوە، ئەوەندە دوور، وەک ئەوەی ئەو بەدەم تاوە، لە ناو پەمۆی هەلاج کراو بەدوایدا ڕابکات نەیگاتێ. لە هەندێک شوێن پێی لەسەر پەمۆیەکە بخزێ و پشت سەری بە عەردی بکەوێ و لەتاو ئازاری بە عەردی کەوتنەکە بچێتەوە ناو نوێنەکەی. عەسرێک باوکی دەچێتە لای مێردی پوورێچانی مامان، کە ناوی مام ڕواڵ بوو، هەڵدەستا بە دەرکردنی لەرزوتا لەگیانی خەڵکی.

مام ڕواڵیش دەڵێ ئەمشەو هەموو خەڵکی گوند کۆبکەوە، لەپێش مااڵێ، داریکی زۆر بخە سەریەک بۆ ئاگر کردنەوە، دونیا ساردە، لەوێ تایەکەی لێ دەردەکەم، خۆت دەزانی شەوان درەنگ ڕێورسمی تا دەرکردن بەڕێوە دەچێ. هەوڵدە خەڵکی هەموو بێن، بە ژن و پیاوەوە، چەند کەس زیاتر ئامادەبێ، ئەوەندە هیوا هەیە کوڕەکەت زووتر چاک بێتەوە، بۆ ئەوەی هەریەکەو بڕێک تای لێ ببات.

باوکی نەدیمیش لەسەر قسەی مام ڕواڵ، لەبەر دەرگای حەوشەی خۆیان قۆمەتێک دار لەسەر یەک

کەڵەکە دەکـــات، لە چـــواردەورەی دارە قـــۆمەتکراوەکە جێ و بان ڕادەخات.

شـــەو درەنـــگ مـــام ڕواڵ بە خـــۆی و بە پوررێحـــانی هاوســـەری دەچێـــتە ئەو شـــوێنەی بـــاوکی نەدیـــم بـــۆ مەڕاســـیمەکە ئامـــادەی کردبـــوو، بـــاوک و دایکـــی نەدیمـــیش پێشـــوازیان لێـــدەکەن مـــام ڕواڵـــیش ئـــاگرەکە دەکـــاتەوە، بـــۆ ئەوەی خەڵـــکەکە ببـــین و بـــێن. خەڵکـــیش کە لە ماڵەکانیـــانڕا ڕۆنـــاکی ئـــاگرەکە دەبیـــنن، هێـــدی هێدی دێنە دەرەوە و لە ئاگرەکە کۆدەبنەوە.

دایـــک و بـــاوکی مەســـتانیش دێـــن. مەســـتان و خوشـــک و براکەشـــی لەگەڵ خۆیـــان دێـــنن. دوای ئەوەی ئـــاگرەکە گەورە دەبـــێ، نەدیـــم بە چواردەســـتە لە نـــاو لێفێـــک دەهێنـــنە نـــاو قەرەبـــاڵغی. هەمـــوو بەشـــێوەیەکی بـــازنەیی فـــراوان لە دەوری دادەنیشـــن. مـــام ڕواڵ دەســـت بە قســـان دەکـــات، خەڵـــکەکە هەمـــوو بـــێ دەنـــگ دەبـــن، تەنیـــا قـــرچ و هـــۆڕی دارەکـــان دێ کە ئـــاگرەکەی پـــێ گەش کرابـــۆوە. نەدیمـــیش چـــاو دەگێـــڕێ، تـــا لەنـــاو خەڵـــکەکە مەســـتان دەدۆزێـــتەوە. کە چـــاوی پێـــدەکەوێت دەگەشـــێتەوە، وەک ئەوەی کەســـێکی تێنـــووبێ، وون

بـــووبێ لە بیابـــان، گەیشـــتبێتە ئـــاو. مەســـتانیش کە لەوکـــاتە ڕۆنـــاکی ئـــاگرەکە لە دەموچـــاوی دەدات و جـــوانیەکەی بەدەردەکەوێـــت، ســـەیری نەدیـــم دەکـــات، زگـــی پـــێ دەســـووتێ، نـــازانێ ئەو کەســـەی لەســـەر جـــێ کەوتووە نەخۆشی ئەوە.

بەمشـــێوەیەش عەشـــقی نەدیـــم تـــا دەهـــات لە هەڵکشـــان دابـــوو، چەنـــد مەســـتان نزیکتـــر دەبـــۆوەو ئەو دەیـــدیت بەوە نـــازانێ کە عاشـــقی ئەوە، گرێـــی عەشـــقەکە ئـــاڵۆزتر دەبـــوو. مـــام ڕواڵ دوای قســـەکردن دەڵـــێ، ئێســـتا کـــاتی تـــادەرکردنەکەیە، ئینجـــا هەڵدەســـتێتەوە ســـەر پێیـــان و ڕوودەکاتە چیایەکە، بانگی شەوتا دەکات، دەڵێ:

شەوتا، شەوتا

بەشەو دەگرێ تا

بەڕۆژ بەردەدا

ماخۆی چوارچاو

چ دەرمان دەدا.

ئەو جارە ڕوودەکاتە ئاقارەکەو دیسان

دووبارەی دەکاتەوە

شەوتا، شەوتا

بە شەو دەگڕێ تا
بە ڕۆژ بەردەدا
ماخۆی چوارچاو
چ دەرمان دەدا.

ئینجا ڕووەکاتە نەدیم و دەڵێ دەرمانەکەت چیە؟ نەدیم هیچ نالێ. ڕێوڕسمەکەش بە خۆی وابوو، دەبوا دوای بانگ کردنی شەوتا، نەخۆشەکە ناوی پەلەوەرێک بێنێ، بۆ ئەوەی هەر ئەوشەوە سەری ببڕن و چەلاوەکەی دەرخواردی نەخۆشەکە بدەن.

ئینجا مام ڕوالّ هەمان شت دووبارە دەکاتەوەو دیسان ڕوو لە نەدیم دەکات، دەڵێ ناوی پەلەوەرێک بڵێ. ئەویش بە دەم هوڕێنەوە دەڵێ عەلەشیش.

باوکی و چەند کەسێکیش کە گوێیان لێ دەبێ، بەو شەوە دەچن عەلەشیشێک دەگرن، دەیهێنە ناوخەڵکەکەو لە لایەک سەری دەبڕن، دواتر مەنجەڵ دێنن و چای دەکەن و هەر لەسەر ئاگرەکە لێی دەنێن. پاشان چەلاوەکەی بە دەمی نەدیم وەدەکەن، بۆ ئەوەی کەمێکی لێ بخواتەوە. دوای خواردنەوەی چەلاوەکە، ئەوشەوە تا درەنگ بەدەوریەوە دادەنیشن.

پاشان کە کاتی کۆتایی مەڕاسیمەکە دێت، مام ڕواڵ دەڵێ ئەوانەی دەڕۆن دەست لە ڕوومەتی بدەن ئینجا بەجێیبێڵن. خەڵکەکە یەک یەک لە شوێنەکەی خۆیان هەڵدەستن و بەڕێز دەستی لێدەدەن و دەگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان.

نەدیم ئەوەی پێ خۆش نابێ، ئەو هەموو خەڵکە بەڕێز دەست لە دەموچاوی بدەن، بەڵام دەیزانی بەمشێوە نۆرەی مەستانیش دێ، بۆیە لەلای خۆیرا داینابوو بەرگەی هەموویان بگرێ. ئینجا نۆرە دەگاتە ماڵی مەستان، دایک و باوکی مەستانیش هەمان شت دەکەن، مەستانیش وەکو هەموو خەڵکەکە دەنوشتێتەوە دەستێک بە ڕوومەتی دادێنێ. ئەودەست بە ڕوومەت داهێنانە لەلای مەستان ڕەنگە شتێکی ئاسایی بووبێ، بەڵام لەلای نەدیم نا.

ئەو بەو دەست لێدانە هێزی دێتەوە بەر، هێزێک کەس نازانێ ئەوشەوە چ ڕوویدا، چ ووزەیەک، چ ئازایەتیەک، چ خۆڕاگری و سیحرێک لەناو لەشی ئەندام بە ئەندام گەڕا.

نەدیم دوای دەست لێدانەکە سەیری چاوەکانی دەکات، تا دوور دەکەوێتەوە. لەوکاتەڕا هەڵدەستێتەوە سەر پێیان. بۆ بەیانیەکەش، بێ ئەوەی کەس ئاگاداربکاتەوە دەچێتە سەر ڕووبارەکە، لەوێ لەسەر قوڕی ئەو کەنارەی خەڵک مەڕومالاّتەکانیان لێ ئاو دەدا، جێ پێیەکانی مەستان دەبینێ، ڕاستەوخۆ دەزانێ ئەوە جێ پێی مەستانە، دەکەوێتە سەر ئەژنۆکانی و ماچی دەکات، دەڵێ مەستان خۆشمدەوێی، نازانم چۆن پێت بڵێم. ڕازی ئەم عەشقە، تۆ بۆ ئاگات لەو هەموو خۆشەویستیە نیە بۆتۆ هەمە، ئاخر چۆن دەبێ لەو عەشقە گەورەیە بێ ئاگا بی؟ من خەریکە دەمرم، کەچی تۆ وەک ئەوەی من نەبم بە پێشم دا ڕادەبووری و ئاوڕیشم لێ نادەیتەوە، دەستم لێدەدەی و قسەیەک ناکەی، دەزانم تۆ تاوانت نیە، بەڵام من تاوانم چیە پێم بڵێ؟

ئەوە بەسەرهاتی یەکەم نەخۆش کەوتنی نەدیم بوو، بۆ مەستان. بەڵام نەخۆش کەوتن و برینی ئەمجارە، بەقەد گەورەبوونەکەی گەورەبوو، ئیتر مەستانیش نەیدەتوانی دەستی لێبدات.

بـــۆیە ڕۆژی دووەم بـــێ ئەوەی کەس ئاگـــای لێبێـــت، چـونکە دووبـارە تـاقەتی ئەوهەمـوو نوشـتەیەی شـێخ و قسـەی پیرێژنـان و تـادەرکردنی مـام ڕواڵـی نەمـابوو کە بە منـــداڵی پێیـــان کردبـــوو، بیـــری کـــردەوە بە هەر شـــێوەیەک بـــێ هەڵســـتێتەوە ســـەر پێیەکـــانی و بەیەکجاری ئەو جیهانە بەجێبێڵێ.

لەگەڵ ڕۆژهەڵاتـــن بە بیـــانوی مەڕ ڕادان، کە تۆزێـــک هـــاتەوە ســـەرخۆی لە جێگـــاکەی هـــاتەدەرەوە، هێـــدی هێـــدی لە گونـــد دووورکەوتەوە، ئینجـــا لەتـــاو عەشـــقی مەســتان گۆپـارەکەی فرێـداو مەڕو مـاڵاتەکەی نـاردەوە، هەمـوو شـتێکی بەجێهێشـت ڕووی کـردە چیـا، چـووە ئەشـــکەوتێک، لەنـــاو ئەشـــکەوتەکە ڕاکشـــاو ســـەری بە بەردێـــک کـــرد، لەگەڵ دیمەنەکـــانی مەســـتان کە لە منـــداڵیەوە لەخەیاڵیـــدا ووجودیـــان هەبـــوو چـــووە نـــاو دونیـــایەکی تـــر، دونیـــایەک ئەگەر خەیـــاڵیش بـــێ، لەگەڵ مەستان جـوان بـوو، دونیـایەک تەنیـاو تەنیـا مەسـتانی تێدا دەبینی، هیچیتر.

بەشی دووەم

(٣)

ڕووبـــا ئەو شـــەوەی بە دەم بیرکـــردنەوەو تێڕامـــان لە دیـار ئەم ژنە پیـرە بەســەر بـرد. کە دونیـا تەواو ڕۆنـاک داهـــات، چـــاوی بە دەوروبەردا گێـــڕا، بینـــی پیرێـــژنەکە لەلای گـــۆڕی منـــدالّەکە ڕاکشـــاوەو دەســـتێکی خســـتۆتە بـــن ڕوومەتـــی، دەســـتەکەی تریشـــی لەســـەر نـــاوقەدی گۆڕەکە دانـاوە، بـا پرچـی دریـژی دەجولّێنێ، تـاڵ تـاڵ لە هەنـــدێک شـــوێن دەهـــاتەوە ســـەر دەموچـــاوی و لەهەنـــدێک شـــوێنیش پەرت دەبـــوو. ڕووبـــا نەیویســـت

خەوەکەی لێ تێک بدات، دەیزانی بە درێژایی شەو وەکو دایکێک منداڵی ساوای هەبێ نەخەوتووە، لێی دوورکەوتەوە. بۆ دەروازە سەرەکیەکەی گۆڕستانەکە ڕۆیشت، بۆ ئەوەی بچێتە ناو بازاڕ، هەندێک بزمار بکڕێ. لە نزیک دەرگەکە کەپرێکی بچووکی بینی. پیاوێکی سەرسپی لەناوی ڕاوەستابوو، لەسەر میزێکی کۆنی لە ئاسن دروستکراو، کێلێکی لەپێش بوو کاغەزێکیشی لە بەرامبەر خۆی دانابوو، بۆ ئەوەی نوسینی سەر کاغەزەکە لە ڕووی پانی کێلەکە هەڵکەنێ. تابلۆیەکیشی لە پێشەوەی کەپرەکە قاییم کردبوو، لەسەری نوسرابوو (دڵبرینی کێلنوس)، لە تابلۆکەڕا دەزاندرا ئەو پیاوە ئیشی کێلنوسینە.

ڕووبا تەواو لێی نزیک کەوتەوە، بینی پیاوەکە سەرو پرچی لە تۆپەڵێک بەفردەچێ، کراسێکی درێژی لەبەرە تا سەر ڕانەکانی داپۆشیوە، لەگەڵ پانتۆڕێکی ڕەشی تۆزاوی، پەڕۆکێکی لەپشتی خۆی بەستووە. هونەرمەندانە ئیش دەکات بە چەکوچە بچووک و سمبە باریکەکەی دەستی. بێ ئەوەی خۆی تێبگەیەنێ بەلایدا تێپەڕی. پیاوەکەش تۆزێک بەوردی سەیری

ڕووبـای کـرد، دیـار بـوو یەکەمجـار بـوو لەو گۆڕسـتانە بیبینـێ. ڕووبـا ڕاسـتەوخۆ بەرەو بـازاڕی شـارەکە ڕۆیشت، چاوی لە بزمار فرۆشێک دەگێڕا.

بـۆنی ژاژی و پەنیـرو ماسـت و بەهـارات و ئەو گژوگیایـانەی ووشـک کرابـوونەوە هەمـوو لایەکـی داگرتبـوو، تـا چـاو بـڕی دەکـرد کۆڵانەکـانی بـازاڕەکە ئەم بەرو ئەو بەر دوکـان بـوون، هەمـوو کرابـوونە بەش بەش، بەشـێک زێڕنگـر بـوو، زێڕنگرەکـان زێڕەکـانی خۆیـان بە جامخـانەی دوکانەکانیـان هەڵواسـی بـوو، بـۆ ئەوەی سـەرنجی ئەو ژنـانە ڕاکێشـن بەوێـدا تێـدەپەڕین، هەرکەسـێک ڕێـی بکەوتبـایە ئەوێ ڕەنگـی زێـڕی هەڵـدەگرت تـا ڕەت دەبـوو. بەشـێک قوماشـفرۆش بـوو، بەشـێک بەرگـدووری پیـاوان، بەشـێک عەتـارو دەرمـان فـرۆش، بەتـایبەتی ئەودەرمانـانەی لە گژوگیـا دروسـت دەکـران. لە کۆتـایی بـازاڕەکەش چەنـد دوکانێـک گۆپـارو لانـک و ڕەوڕەوەو تەشـی و تیـرۆگ وفەرشـەو ناوبرێشـک و ئەو کەل و پەلانەیتریـان دەفرۆشـت کە بەدەسـتی خۆیـان دروستیان کردبوو.

ڕووبا پێش ئەوەی بگاتە دوکانەکان، دەستی لە گیرفانی ڕاکرد، بینی هیچ پارەیەکی پێ نیە، ناچار چاوی بە دەوروبەردا گێڕا، شتێک پەیدا بکات، بۆ ئەوەی هەرنا بزماری پێ بکڕێ، دزەی کردە ناو قەرەباڵغی، لە یەک چاو تروکاندا، جزدانێکی لە گیرفانی یەکێک دەرهێنا، تۆزێک دوورکەوتەوە، سەیری جزدانەکەی کرد پڕی پارەیە، لەناو پارەکان، بەشێکی زۆر کەمی دەرهێناو خستیە گیرفانی، بەشەکەی تریشی بە جزدانەوە، لە دەست گرت و بە غار کەوتە دوای خاوەنەکەی، کە گەیشتە لای پێی گوت برا ئەم جزدانەت لێ کەوت، کەسەکەش دەستێکی لە گیرفانی دا بینی جزدانەکەی نەماوە ، ئینجا دەستی بۆ جزدانەکەی بردو لە ڕووبای وەرگرت، پێشی گوت زۆر سوپاس، بوەستە با بڕێک پارەت پێبدەم دواتر بۆ خۆت لە جیات دیاری شتێکی پێ بکڕی، ڕووبا لێی وەرنەگرت، گوتی من بەشەکەی خۆمم بردووە، پێویست بە زیاتر ناکات، پیاوەکەش وا تێگەیشت مەبەستی ئەوەیە خێری کردووە جزدانێکی

وون بووی بۆ خاوەنەکەی گەڕاندۆتەوە خوا بە چاکە بۆی دەنوسێ.

ئینجا لەوێ یەکتریان بەجێهێشت، پیاوەکە کە تەواو دوورکەوتەوە لە ڕێگا سەیری جزدانەکەی کرد، بینی کەمێک پارە لە ڕێژەی پارەکەی کەمی کردووە، ئینجا تێگەیی ڕووبا بۆ پێی گوت من بەشەکەی خۆمم بردووە. زۆریش سەیری پێهات، ئەگەر ئەو کەسە دز با، بۆ جزدانەکەی بە پارەوە دەهێناوە، یان دەستی خاوێن نەبا، بۆ ئەوەندەشی وەرنەدەگرت کە ئەو ویستی بە دیاری پێی بدات، چەند چاوی گێڕا ڕووبای نەبینیەوە لەناو قەرەبالّغی. بەرامبەر ئەوکارە ئەگەرچی ڕووبا دزی لێ کردبوو، بەڵام نەیتوانی خۆشینەوێ. ڕووباش یەک کێشەی هەبوو، هەموو شتێکی ئەم دونیایەی بە هی خۆی دەزانی، بۆیە پێی وابوو کەسێک لەو دەوڵەمەندتر نیە، ئەو هەموو شتەی هەبێ.

دواتر ڕاستەوخۆ چووە ناو لانک فرۆشەکان، بینی پیاوێکی پیر لە دوکانێکی بچووک خەریکی دروستکردنی لانکە، ئەوش لێی چووە پێشوو سڵاوی

لێ کرد. پیاوە پیرەکە بەدەم ئیشکردنەوە وەڵامی دایەوە، ڕووبا تۆزێک لێی ڕاما، پاشان گوتی تازە لەڕێگا تووشی کەسێک بووم کێلی دەنوسی، تۆش دەبینم لانک دروست دەکەی.

پیرە پیاوەکەش وەڵامی دایەوە بەڵێ ئەمەش نیشانەی ئەوەیە مردن و ژیان، هەردووکیان دوو دەرگەی کۆنە دونیان، یەکێکیان بۆ هاتنە ژوورەوەیەو ئەوەی تریشیان بۆ چوونەدەرەوە.

من پێشوازی لەوانە دەکەم کەدێن، ئەو پیاوە کێلنوسەش ئەوانە بەڕێ دەکات کە دەڕۆن. بێ هۆ نیە پێشینان گوتویانە مردن تیرێکە ئەو کاتە لە کەوانەکەی دەردەچێ، کە کەسێک لە دایک دەبێ.

سەیرکە من تیرێکم چەندین ساڵە بەڕێگاوەم، سەرەتا وەکو داری ئەو لانکە کە تازە تاشیتم، سپی و جوان و بێ لۆچ بووم، کە ئاراستە کرام با و بۆران لەڕێگا هێدی هێدی ڕەنگەکەی گۆڕیم، دواتر خەتی لە دەموچاوم پەیداکرد، ئینجا گەرماو سەرماو ئازاری دووری و درەنگ پێگەیشتن و نەبوونی، تاقەتیان لە بەر بڕیم، ئیستا نزیک بوومەتەوە لەوەی ئامانجەکە

بپـــێکم، ئەویـــش مـــردنە. ڕووبـــا گـــوتی کەوایە دەبـــێ بەخـــتەوەر بـــی، کە تەجروبەیەکـــی گەورەی وەکـــو مردنت لە پێشە.

ئـــاخەر بیـــربکەوە چ تەجـــروبەیەک ئەوەنـــدە مـــرۆڤ دەخـــاتە نێـــوان چێـــژو تـــرس و چـــاوەڕوانی دوای ئەو تەمەنە؟ مەگەر شـــتێک لەوە گەورەتـــرو خۆشـــتر هەیە؟ بـــڕوابکە مـــن بە تاســـەوە ئامـــادەم هەزاران هەنـــدەی تـــۆ ڕێ ببـــڕم بـــۆ ئەو تەجـــروبەیە، وای چ ڕۆژێکـــی نایـــاب دەبـــێ وای. پیـــاوە پیـــرەکە کە گـــوێی لە ڕووبـــا بـــوو، ئـــامێرە دارتاشـــیەکەی دەســـتی دانـــا و هەڵســـتاوە ســـەر پێیـــان، گـــوتی زۆر ڕاســـتە، مـــن تـــا ئێســـتا بیـــرم لە هـــاتنی ئەو ڕۆژە بەمشـــێوەیە نەکـــرد بـــۆوە، لە چاوچنۆکیـــان و خۆش ویستنی شتەکانی دونیا.

پـــێم بڵـــێ تـــۆ کێـــی؟ ئەم قســـەیە لەم شـــارە بیرکردنەوەیەکـــی نـــوێیە، لە هـــی کەســـێکی پەیـــامهێنەر دەچـــێ. مـــن لە دوێنێـــوە شـــتی جیـــاواز دەبیســـتم لەم شـــارە، دەبـــێ چـــی ڕوویـــدابێ؟ ڕەنـــگە خـــوا ئـــاوڕی لە قەومەکەی دابێـــتەوە. نـــازانم بڵـــێم چـــی؟ دەڵـــێن دوێنـــێش، پیاوێـــک داڕێکـــی لەســـەر شـــان بـــووەو هـــاتووە لە نـــاو

بازاڕ هاواری کردووەو گوتوویەتی ئەم شارە بۆنی مردووی لێدێ، چۆن دەتوانن تێیدا بحەوێنەوە.

هەرچەندە سەرم سووڕماوە لەوەی چۆن بوێری ئەوەی کردووە ئەو پرسیارە بکات، بڕوا بکە دەسەڵاتدارانی ئێرە بیگرن بۆ ئەو باش نابێ، چەندین ساڵە کەس قسەی وەهای نەکردووە. مرۆڤەکانی ئێرە تەنیا ڕێیان پێدەدرێ بچنە سەرکارو بگەڕێنەوە، وەکو ئاژەڵ جووت ببن و بخۆن و بخەون، زیاتر نا.

قسەی ئەم غەوارەیە، وەک هەوڵێک دەبیندرێ بۆ زیندوو کردنەوەی خەڵک بەڵام دەسەڵات و پیاوانی ئایینی، کە وەزارەتێکی تایبەت بە خۆیان پێدراوە و بەشدارن لە گەندەڵیەکانی حکومەت، وەک ئەو گایەیان لێدێ کە پەڕۆکی سووری پێنیشان دەدەن، ئەویش لە تاوان بە هەر چواردەوری خۆیدا دەست بە قۆچ وەشاندن دەکات و پێ بە زەویدا دەکێشێ، بزانێ کەسێک وای گوتووە .

ڕووبا سەیری پێهات هەواڵی هاتنی ئەو بەم خێراییە چۆن بەناو ئەم شارە گەورەیەدا بڵاو بۆتەوە؟ بەڵام خۆی وا دەر نەخست غەوارەکە ئەوە. پیاوە پیرەکە

لەســـەر قســـەکانی ڕۆیشـــت و گـــوتی کەس نـــازانێ ئەو دارە گەورەیەی بـــۆ چ بـــووە. کە ئەمەش بـــۆ خـــۆی هەزاران گومـــان هەڵـــدەگرێ. ڕووبـــا ســـەیری پـــێ هـــات گوتی چ گومانێک؟

پیـــاوە پیـــرەکە گـــوتی نـــازانم، ئەوە هەر خۆیـــان دەزانـــن. لێـــرە وایە هەرکەســـێک دەســـت بـــۆ بەرد یـــان دار ببـــات دەسەڵات بیر لە ڕاپەڕین و خۆپیشاندان دەکاتەوە.

بەهەرحـــاڵ ئەو قســـانە باشـــنین. چیـــت دەوێ بـــا پێـــت بـــدەم. منـــت خســـتە بارودۆخێـــک پێشـــتر هەســـتم پـــێ نەکـــردووە، بەڵام ئێســـتا وات لێکـــردم بڵـــێم دەکـــرێ مـــرۆڤ حەزی لە مـــردنیش بـــێ. ڕووبـــا گـــوتی بـــۆ هەنـــدێک بزمـــار هـــاتووم. پیـــاوە پیـــرەکە ســـەیرێکی کـــرد، پاشـــان هەڵســـتا نـــاو دوکـــانەکەی کیســـەیەک بزمـــاری پێـــدا و گـــوتی بـــڕۆ حەقەکەیـــم نـــاوێ، ئەوەنـــدە بەســـە گـــوێم لە قسەخۆشـــەکانت بـــوو، ڕووبـــا زەردەخەنەیەکـــی کـــرد گـــوتی نـــا ســـوپاس، ئەو پـــارەیەم بەم مەبەســـتە پەیـــدا کـــردووە کە بزمـــاری پـــێ بکـــڕم، هەر لەو ڕێـــیەش دەبـــێ خەرجـــی بـــکەم نەک لە ڕێیەکـــی تـــر. پیـــاوە پیـــرەکە ئەو قسەیەشـــی لاســـەیر بـــوو، ناچـــار پـــارەی بزمارەکـــانی

لێـــوەرگرت، بـــڕێکیش مـــایەوە لە پـــارەکە، ئەویـــش ئەو بـــڕەی مـــابۆوە خستیەوە گیرفـــانی، گـــوتی بەشـــی ڕۆژێـــک خـــواردن دەکـــات. ئینجـــا ڕووی کـــردەوە پیرەمێـــردەکەو پرســـی دەکـــرێ نـــاوەکەت بـــزانم؟ پیـــاوە پیـــرەکە گـــوتی بەڵێ، من ناوم (داودی دارتاش)ە.

ڕووبـــا گـــوتی خۆشـــحاڵ بـــووم. ئینجـــا دوکـــانەکەی بە جێهێشـــت بەرەو دوکـــانی لەفەڕۆشـــێک ڕۆیشـــت، لەبەر دەرگـــا داوای لەفەیەکـــی کـــرد، هەر لەو نزیکـــانە بینـــی ژنێـــک منـــداڵێکی لە پێشـــەخۆی درێـــژ کـــردووە، گـــۆرییە دەفڕۆشـــێ، ناچـــار بـــۆ لای چـــوو، گـــۆرییەکی هەڵگـــرت و پـــارەی دوو گـــۆرییەی پێـــدا، نەیویســـت پـــارەکەی هەر بەخـــۆڕایی پێبـــدات، چـــونکە لە دانـــانی گۆرییەکـــانڕا دەزانـــدرا ژنەکە مەبەســـتی دەرۆزە نـــیە، وە ڕەنـــگە پارەیەکیشـــی بە خـــۆڕایی پێبـــدات لەبـــۆ کەســـایەتی خـــۆی پێی ناخۆش بێ.

ئەگەرچـــی ڕووبـــا درکـــی بەوە کـــرد دەســـت کـــورت و هەژارە. بینـــی لەولاتـــر پیـــاوێکی پیـــر گۆپـــار دەفڕۆشـــێ، نەعلێکـــــی خراپـــــی لەبەرە، لەبـــــنەوەی نەعـــــلەکەش گـــــۆرییەکی دڕاوی لە پێـــــی هەڵگێشـــــاوە، کە لەفەکەی لە

لەفەفرۆشـــەکە وەرگـــرت، چـــووە لای پیـــاوە پیـــرەکە، مـــامەلەی گۆپـــارێکی کـــرد، دوای مـــامەلە گۆرییەکـــانی بەجێهێشـــت لەســـەر یەکێـــک لە دەســـکی گۆپارەکـــان. بەدەم ڕۆیشـــتنەوەش هێـــدی هێـــدی قەمپـــاری لە لەفەکە دەدا. هێشـــتا ئەوەنـــدە دوور نەکەوتبـــۆوە لە گۆپـــار فرۆشـــەکە، منـــداڵێک هـــاتە پێشـــی و دەســـتی بـــۆ درێـــژ کـــرد شـــتێکی پێبـــدا، ئەویـــش هـــیچ پـــارەیەکی پـــێ نەمـــا بـــوو، ســـەیری لەفەکەی دەســـتی کـــرد، پاشـــان ســـەیرێکی منـــداڵەکە، ئینجـــا ناوەنـــدێڕا لەفەکەی کـــردە دوو لەت و لە تێکـــی بەو دا، پاشـــان دەستێکیشـــی بە ســـەری داهێنـــاو بەرەو گۆڕســـــــتانەکە گەڕایەوە. بەهەمـــــــان دەروازەدا چـــۆوە ژووری، بینـــی لەژێـــر کەپـــرەکە ئەو پیـــاوەی کێڵـــی دەنوسی هەر لە شوێنەکەی خۆیەتی.

کە لەفەکەی خـــوارد، بەلـــوعەیەکی بینـــی لەســـەر تـــاتێکی چمەنتـــۆ قـــایم کرابـــوو، لە بەلـــوعەکە چـــووە پـــێش و کـــردیەوە، دەمـــی پێوەنـــا تێـــری ئـــاو لـــێ خـــواردەوە. پاشـــان بەلـــوعەکەی گـــرتەوەو سوپاســـی ئـــاوەکەی کـــرد. ئەو ســـیفاتێکی هەبـــوو، زۆرجـــار سوپاســـی شـــتەکانی دەکرد، جاری واش هەبوو کڕنۆشی دەبرد بۆیان.

هەمـــوو کەل و پەل و دارو بەردو ئـــاوێکی بە پیـــرۆز دەزانـــی. دواتـــر چـــۆوە لای ئەو دارە بـــڕاوەی لەگەڵ خـــۆی هێنـــابووی. تۆزێـــک لە دیـــاری ڕاوەســـتا، وەک ئەوەی بیـــری لێبکـــاتەوە چـــۆن بەکـــاری بێنـــێ، پاشـــان دەستی کـردە تەورەکەی و لـق و پۆپەکـانی لـێ کـردەوە. لە لایەک دایـنـــان، بـــۆ ئەوەی ســـوودیان لـــێ ببینـــێ، ناوقەدەکەشـــی لە ناوەنـــدێڕا کـــردە دوو پـــارچەی وەکـــو یەک، لە تەنیشـــت یەک دڕێـــژی کـــردن، پاشـــان لە لـــق و پۆپەکـــان دوو پـــارچەی هەڵگـــرتەوەو ســـەرەکانی لەبـــۆیەک هێنـــانەوە، وەکـــو دوو تـــایەی وەک یەکـــی لـــێ کـــردن، ئەوانیشـــی لەبەر ڕۆژ دانـــان تـــا بە تەواوی ووشـــک ببـــنەوە، لـــق و پۆپەکـــانی تریشـــی کـــردە پـــارچە پارچەی وەکو یەک.

پیـــاوە کێلنوســـەکە لە دووڕا ســـەیری دەکـــرد، تێنەدەگەیشـــت ڕووبـــا بەخـــۆی و بەو دارەوە بە چ مەبەســـتێک هـــاتۆتە نـــاو ئەو گۆڕســـتانەو ئێســـتاش ئەو دارانە کەرت و پـــارچە دەکـــا چ ئیشـــی پێیـــانە؟ بەڵام حەزیشـــی نەدەکـــرد دەســـت لە کـــارو بارەکـــانی وەربـــدات، وەک چـــۆن بەخـــۆی حەزی نەدەکـــرد کەس لە

کاروبارەکانی ئەو نزیک بکەوێتەوە. ڕووبا کە ئیشەکانی وەک پێویست ڕاپەڕاند، بەرەو خوارەوەی گۆڕستانەکە شۆڕ بۆوە، کاتیش درەنگی کردبوو. لە دوورەوە بینی چەند گەنجێک پێکەوە دانیشتوونەو خەریکی کێشانی مادەدەی هۆشبەرن، کە هەر لە چەند باڵندەیەکی ڕەشی لەڕولاواز دەچوون لەبەر سەرما خۆیان دابێتە پەنا یەکتر، کە چاوی پێیان کەوت پێی ناخۆش بوو، لەبەرەخۆی گوتی دەبێ چ خواوەندێکی بەدفەڕ ئەوانەی دووچاری ئەو ماددانە کردبێتەوە؟

دەمێک بە غەمبارییەوە سەیری کردن، پاشان بێ ئەوەی لێیان نزیکتر بێتەوە، ڕاستەوخۆ گەڕایەوە لای کەل و پەلەکانی. بینی کێلنوسەکە لەلای ئەو دارانە ڕاوەستاوە ئەو ئیشی پێ کردبوون و دابوونیە بەر ڕۆژ، کێلنوسەکە کە چاوی بە ڕووبا کەوت ویستی بڕوا، دیاربوو هەستی بەشەرم کرد لە شوێنەکەی ئەو نزیک بۆتەوە.

ڕووبا لە دووڕا بانگی کرد. کێلنوسەکە سەرەتا ئاوڕی نەدایەوە، ڕووبا دووبارە بانگی کردەوە. کێلنوسەکە وەک ئەوە خۆی دەرخست گوێی لێ نیە. ڕووبا گوتی

لەگەڵ تـــۆمە ئەی پیـــاوی کێلنـــوس. کێلنوســـەکە ناچـــار ئـــاوڕی دایەوە. ڕووبـــاش لێـــی نزیـــک بـــۆوەو ســـڵاوی لـــێ کـــرد، دەســـتی ڕاستەشـــی بـــۆدۆقە بـــردە پـــێش، کێلنوســـەکەش وەڵامـــی دایەوەو دەســـتی گوشـــی. ڕووبـــا پێـــی گـــوت ئەگەر هەڵەنەبـــم نـــاوت دڵبـــرینە، وایە؟ کێلنوســـەکە زەردەخەنەیەکـــی کـــردو گـــوتی بەڵـــێ، دیـــارە تابلۆی کەپرەکەمت خوێندۆتەوە.

ڕووبـــا هەســـتی کـــرد ئەو پیـــاوە زیـــرەکە، کە هـــیچ سەرســـام نەبـــوو بەوەی نـــاوەکەی زانـــی و لەهەمـــان کاتیشـــدا پەی بەوە بـــرد لە تـــابلۆکەوە بە نـــاوەکەی ئەوی زانیـــوە. بـــۆیە لێـــی نەشـــاردەوەو گـــوتی بەڵـــێ لە تـــابلۆکەوە خوێنـــدمەوە. نوســـرابوو دڵبرینـــی کێلنـــوس. دیـــارە لەمێـــژە لێـــرەی؟ دڵبـــرین گـــوتی چەنـــد ســـاڵێک دەبـــێ. بەڵام تـــۆ چـــی دەکەی لێـــرە؟ لە کاتێکـــدا ئەو گۆڕســـتانە تەنیـــا مـــن و ئەو پیرێـــژنەی دوێنـــێ شـــەو چـــوویە لای و ئەو چەنـــد گەنـــجە ئاڵۆدەیەی لێیە.

ڕووبـــا ســـەیری بەو پیـــاوە هـــات کە تەنـــانەت ئاگـــای لەوەش هەبـــووە دوێنـــێ چـــۆتە لای پیرێـــژنەکە. ئینجـــا

دڵبـرین دریـژەی بەقسـەکانیداو گـوتی پـێم بڵـێ تـۆ چ قەلەندەرێکی؟ ئەو دارە چیە لەلات؟

بـــۆ وا کەرت و پـــارچەت کـــردووەو دوو پارچەیانـــت کـــردۆتە تـــایە. ببـــوورە گەر ســـەیری کـــارەکەتم کـــرد، بەڵام سەرســـــووڕهێنەر بـــــوو، دەڵێـــــی بەتەمـــــای دروسـتکردنی عارەبـانەیەکی؟ ڕووبـا گـوتی عارەبـانە نـا، بڵـــێ گالیســـکە، بەڵـــێ بەتەمـــای دروســـت کردنـــی گالیســـکەیەکم، لەســـەر شـــێوەی ســـۆمەڕی کـــۆن. کە مـــۆدێلەکەی دەگەڕێـــتەوە بـــۆ پـــازدە هەزارســـاڵ پـــێش ئێســـتا. دڵبـــرین بەسەرســـامیەوە گـــوتی گالیســـکەی سۆمەڕی؟

لەوســـەردەمە پێشـــکەوتووە ئەو گالیســـکەت بـــۆچیە؟ ڕووبـا گـوتی ئەو پرسـیارە گـرانە، چیـت پـێ بڵـێم، ئەوەی ڕاسـتی بـێ دەمەوێ تەرمـی پیـاوە بەنـدیەکەی پـێ بگێـڕم لە بنارەکـانی چیـای زاگـڕۆس و تـۆڕۆس و هیلالـی بە پیـــت، ئینجـــا بیـــبەمەوە ڕووهـــا گونـــدی ئامـــارا، ئەو شوێنەی تێیدا لەدایک بووە، بۆ ئەوەی لەوێ بینێژن.

ڕووبـــا کەوای گـــوت دڵبـــرین ســـەری ســـووڕما، یەکەوســـەر زانـــی پیـــاوە بەنـــدیەکە لەگەڵ کێیەتـــی، لێـــی

پرسی بۆ پیاوە بەندیەکە مردووە؟ ڕووبا گوتی نا، بەڵام لە دواهەمین وێنەدا ئەگەرچی هەرخاوەنی هەمان شان و شەوکەتی خۆی بوو، بینیم پیر بووە، داوەکانی سەرو سمێڵی بە تەواوەتی سپی دەردەکەتن. دوای بینینی وێنەکەش خەونێکم پێوە بینی چ خەونێک؟

من لە کێڵگەیەک لەگەڵ پیاوێک کارم دەکرد واهەستم دەکرد باوکمە، ناو کێڵگەکە داریکی زۆرمان چاندبوو، ئەو پیاوە لەپڕ هاتە لام گوتی کەسێک هاتۆتە لامان، بزانم دەزانی کێیە؟ منیش بەتامەزرۆییەوە گوتم نا، کێیە؟ ئەویش دەستی گرتم و منی بردە هۆڵێک لەو هۆڵانەی لەناو کێڵگەکە هەبوو، بینیم پیاوە بەندکراوەکەیە، قات و پانتۆڵێکی شەکەری لەبەربوو، پوتێکی ڕەشیشی لە پێ بوو، تا سەر چۆکەکانی هاتبوو. کە چاوی بەمن کەوت بەرەو پیلم هات، منیش سام گرتی بووم باوەڕم نەکرد، ئەو لە زیندانەوە توانیبێتی بێتە ئەو شوێنەو بەیەک بگەین، ڕاستەوخۆ باوەشی لە منداا، منیش خۆم پێ نەگیرا، چاوەکانم پڕ ئاو بوون، تونەد بە خۆمەوەم وەنوساند، بە

خۆوەنوساندنێکی باوک و کوڕانە، ڕاستەوخۆش پێی گوتم ئاگام لە ئیشەکانتە، کەسێکی یاخی و ڕەخنەگری، وەبەوەش دەزانم پابەندی هیچ نی، هەتا لە هەندێک شوێن فەلسەفەکەی منیش .

گوتم بەڵێ ئەوە ڕاستە. وەک خۆت گۆتەنی گێلە موریدنیم. خەندەیەکی کرد لەگەڵ ئەم قسەیە، دواتر گوتی بەڵام هەندێک دەربڕینی تووڕەت هەیە لە بەرامبەر ئایین، ڕەنگە زیان بە پەیامەکانت بگەینێ، ئەگەر ڕاستیش بن. گوتم وایە، دان بەوە دادەنێم، ئەگەرچی پەیوەندیان بە کات و سەردەمی خۆیەوە هەیە. دوای ئەوەی ئەو تێبینی لەسەر من هەبوو، منیش پێم گوت سوپاس. تۆش پیاوێکی گەورەی، پیاوێکی پیرو مرۆڤێکی فەیلەسوف و دانای. بەڵام ئاگاداربە، ئەوەی دەیڵێم ئەوە ناگەینێ تۆم پڕ بە دڵە، خۆشمدەوێی نکوڵی لەوە ناکەم، بەڵام کاملتر دەبووی ئەگەر گۆشتت نەخواردبا، چونکە تۆ کەسێکی سرووشت دۆستی، بڕوات بە دەستدرێژی و خوێن ڕێشتن نیە، لەبەرامبەر هیچ گیانلەبەرێک، تەنانەت دۆستیشیانی، وابزانم ووتەیەکیشت هەیە دەڵێی

(ئیبراهیم کاریکی باشی کرد مرۆڤی لە چەقۆی قوربانی ڕزگار کرد، بەڵام دەبوا لەجێی سەربڕینی ئاژەڵ شیرینی ببەخشی بوایە) .

گوتی ڕاستە، جیا لەو تێبینیەشت کەماسیەکی تریشم هەیە ڕەنگە پێشبینیت نەکردبێ، گوتم چیە؟ گوتی تۆزێک قەڵەویشم. منیش پێکەنیم گوتم بەڵێ.

دوای ئەو گفتوگۆیە ترسی ئەوەم هەبوو، زلهێزەکانی دونیا، شوێنەکەی پێبزانن و ڕادەستی تورکیای بکەنەوە، نەمدەزانی چی لێبکەم، ئەو شێوەیەک نەبوو بشاردرێتەوە، هەموو دونیا دەیناسی .

لەخەوەکە گوتی حەزدەکەم سەیری دەغڵ و دانەکەتان بکەم، من و ئەو پیاوەی وامدەزانی باوکمە بردمانە سەر زەویە گێڵدراوەکە، کە گەیشتین، بینیم تازە دەغڵ سەری دەرهێنابوو، خاکی کێڵگەکە ڕەش دەچۆوە. ئەو لە قونیچکێکی زەویەکە چەمایەوەو چەنگێکی لە خۆڵەکەدا، کە تۆزێک بەلای تەڕی دادەچوو، لەناو دەستی خۆی وەردا خۆڵەکە یەکتری دەگرت، گوتی ئەو خاکە تابڵێی بە پیتە، بەری باشدەدا ئەگەر گرنگی پێبدەن. پاشان دەستی لە پشتی گرت و

بـــرۆیە گەورەکـــانی بـــۆیەک هێنـــانەوەو لەو ســـەری زەویەکەی ڕوانی. پێدەچوو بیر لە شتێک بکاتەوە.
لەو کـــاتە کۆمەڵێـــک کـــۆتری کێـــوی لەســـەرەوە، لەقەد پاڵی گردێکی لار نیشتن.
ئەو پیـــاوەی لەگەڵیشـــم لە کـــێڵگەکە بـــوو گـــوتی ئیســـتا وازم لە ڕاو هێنـــاوە، بەڵام بـــا تەقەیەکیـــان لێـــبکەم بـــۆ ئەوەی فیـــربن بە ئاســـانی پارێزیـــان لێـــوەرنەگیرێ و ڕاوبکرێن.
دەمـــانچەیەکی لەبەر پشـــتی دەرهێنـــا، بە ئاراســـتەی کۆترەکـــان تەقەیەکـــی کـــرد، لە دوورەوە بینیمـــان کۆترەکـــان هەموویـــان فـــڕین تەنیـــا یەکێکیـــان بەجێمـــا، خـــۆی بەم لاو بەو لادا دەکێشـــا و لە شـــوێنەکەی خـــۆی هەڵـــدەپەڕی، مـــن و پیـــاوە بەنـــدکراوەکە کەبینیمـــان فیشـــەکەکەی پیـــاوەکە یەکێـــک لە کۆترەکـــانی پێکـــاوە، پێمـــان نـــاخۆش بـــوو، مـــن کەوتـــمە سەرزەنشـــت کردنـــی. بەڵام پیـــاوە بەنـــد کـــراوەکە کە بینـــی ئەو کەســـە پەشـــیمان بـــۆتەوە لەوەی تەقەی بەلای کۆترەکانـــدا کـــردووە، گـــوتی هەرچەنـــدە مـــن زیـــاتر لە هەر باڵنـــدەیەک ئەو جـــۆرە باڵنـــدەیەم خۆشـــدەوێ و هەمیشـــەش هەمبـــووە،

بەڵام دووبارە نابێتەوە، ئیتر پێویست ناکات لەوە زیاتر دڵی بڕەنجێنی. منیش دوای قسەکەی ئەو بێ دەنگ بووم.

پاشان چەند فڕۆکەیەک لە ئاسمان پەیدابوون، تەواو نزم بوونەوە، خەریک بوو خۆیان لە سەرەوەی دارەکانی ناو کێڵگەکە بدەن، من و پیاوەکە زۆر تێکچووین، وامانزانی بۆ گرتنەوەی ئەو هاتوونە و شوێنەکەیان پێ زانیوە، بەڵام پیاوە بەندیەکە بە خەندەوە سەیری دەکردن.

فڕۆکەکان لەپڕ لە ناو زەویە کێڵدراوەکە نیشتنەوە. کە چاوم پێکەوت ئەو زەویەی تازە دەغڵەکەی سەری دەرهێنابوو، ببووە تەبارە، وەختی دووریەنەوەی هاتبوو، فڕۆکەکان لە لای پێشەوە دەمی ئامێری دەڕڕاسەیان پێوەبوو، ڕاستەوخۆ دەستیان کرد بە دروێنە.

لەناوخەونەکە پیاوە بەندیەکە ڕووی لەمن و پیاوەکە کرد گوتی مەبەستم ئەوە بوو کە دەمگوت پیشەسازی دەبێ بخرێتە خزمەتی کشتوکاڵ و سەوزایی، نەک خزمەتی شەڕ و وێران کردنی سروشت.

دوای دروێنەکە چووینە ژووریێک دانیشتین، گوتی ماندووم ئیتر دەمەوێ بحەسێمەوە، سەری بە بالیفێک کرد، دوای ئەوەی کەمێک بێدەنگ بوو و لە بنمیچی ژوورەکەی ڕوانی.

گوتی ئەگەر مردم بە گالیسکەیەکی سۆمەڕی، تەرمەکەم بەبنارەکانی چیای زاگرۆس و تۆرۆس و هیلالی بە پیتدا بگێرە. پاشان بمبەوە ئورفا_ گوندی ئامارا، لەوێ با بنێژرێم.

دوای ئەو قسەیە، لەخەونەکەم ڕاپەڕیم، ئیدی لەو ڕۆژەوە، بڕیارم دا گالیسکەیەکی سۆمەڕی دروست بکەم، ئەو داوایەی پیاوەبەندیەکە بێنمەدی، دەمەوێ ئەو گەورە پیاوە بەو ڕێوڕسمە ببەمەوە زێدی خۆی. ئاخەر ئەو پیاوێکە تەنیا هی لایەنێک و هی میللەتێک نیە، ئەو هی هەموو جیهانە، لە ڕووی نوسین و شرۆڤەکردنی مێژوو، لە ڕووی بیرکردنەوە لە بارەی ئایین، لە بارەی فەلسەفە، لە بارەی شۆڕش و زمان و کەلتورو مۆسیقا و ئەدەبیات. ئەو هەموو شتێک بەهی گەردوون دەزانێ. لە کوێ ڕێبازێک جێی ڕەخنە بێ، ڕەخنەی دەکات. لە کوێش جێی ستایش و ڕێز بێت،

ستایشی دەکات و ڕێزی دەگرێت. ڕووبا کە ئەو قسانەی کرد، ڕاستەوخۆ کەوتە بەر دڵی دڵبرین، ئەگەرچی تەمەنیان لێک دوور بوو.

بۆیە ڕاستەوخۆ بە ڕووبای گوت پێت چۆنە بچینە ژێر کەپرەکەم؟

ڕووبا گوتی ئاساییە. ئینجا بەیەکەوە چوونە ژێر کەپرەکە، دەتگوت چەندین ساڵە هاوڕێن.

کە دانیشتن دڵبرین گڵاسێک ئاوی لە کوپەیەک کە دیاربوو لەژێر سێبەری دانابوو بۆ ئەوەی ئاوی لەناو عەمبار بکات و ساردبێ بە ڕووبایدا.

ڕووبا گڵاسەکەی لەدەست وەرگرت، گوتی دەبێ ئەو پیرێژنە تێنووی نەبێ؟

دڵبرین گوتی نا، ئەگەر تێنووی بێ بەخۆی دێ دەیخواتەوە. ئینجا ڕووبا ئاوەکەی خواردەوەو گڵاسەکەی لە سەر میزەکە دانا. گوتی دڵبرینی کێلنوس، بەسەرهاتی ئەو پیرێژنە چیە؟ لەوەتەی بینیتم بیری لێ دەکەمەوە.

دڵبـــــرین لەگەڵ ئەو قســـــەیە ڕاچڵەکـــــی وەک ئەوەی پرســـیارێکی قوڕســـی لێکرابـــێ گـــوتی بەســـەرهاتی ئەو پیرێژنە ؟

ڕووبـــا گـــوتی بەڵـــێ. دڵبـــرین بە دوودڵـــیەوە، لە دووڕا ســـەیرێکی کـردو گـوتی ئەوەی ڕاســتی بـێ کەس نـازانێ، بڵێم چی؟

ڕووبـــا ســـەیری نـــاو چاوەکـــانی دڵبرینـــی کـــرد، پاشـــان گوتی تۆش؟ دڵبرین شڵەژا، گوتی بەڵێ بەڵێ منیش.

ئینجـــا بـــۆ ئەوەی خـــۆی لە پرســـیارەکەی ڕووبـــا بـدزێتەوە، دەســتی کـردە چایەپەســتێکی ڕەش و بـن مـل قۆپاو گوتی واباشە چایەک بەیەکەوە بخۆینەوە.

کە چـایەکەی خســتە ســەر ئـاگردانە بچـووکەکەی ژێـر کەپـرەکە، کە بـۆ چالێنـان دەمێـک بـوو دروسـتی کردبـوو، هـــاتەوە دانیشـــت، گـــوتی ئەی گەنجـــی گالیســـکە دروستکەر دەکرێ ناوەکەت بزانم ؟

ڕووبـــا نـــاوەکەی خـــۆی پـــێ گـــوت. دڵبـــرینیش چەنـــد جارێـک لەبەرەخـۆی نـاوەکەی دووبـارە کـردەوە ڕووبـا، ڕووبـــای گالیســـکە دروســـتکەر، چ گالیســـکەیەک؟ گالیسکەی سۆمەڕی، بۆ چ پیاوێک؟

پیاوە بەندیەکە، سەیرە. ئینجا گوتی ڕووبای بڕام هاتیە شوێنێکی مەترسیدار بەو ناوە نامۆیەوە، بەتایبەتی ئەگەر بزانن بەتەمای دروستکردنی گالیسکەیەکی سۆمەڕی بۆ پیاوێکی ئەوها. باپێت بڵێم ناوەکەت و گالیسکەکەت و ئامانجەکەت، دەسەڵاتدارانی ئێرە تووڕە دەکات.

چونکە ئەوان نایانەوێ دۆستەکانیان لێبێان بڕەنجێن. بە گوێی منیش دەکەی ئەو خەونەی بۆ منت گێڕاوە بۆ کەسی تری مەگێڕەوە.

بەشی سێیەم

(٤)

ساڵێک نەدیم لەو ئەشکەوتە بێ خواردن و خواردنەوە ژیانی بەسەر برد، وەک ئەوەی تەنیا بە هەوا بژی، ڕیش و پرچی تێکەڵ بە یەکتری بوون، کەچی بە خەیاڵ لەگەڵ مەستان دەژیاو لەگەڵ مەستان پیاسەی دەکردو هەر لەگەڵ مەستانیش دەخەوت. ئەو لە ڕووحەوە وەکو ڤۆفیەکی گۆشەنشین بە مەعشوقەکەی گەیشتبێ، وابوو. پێویستی نەدەکرد خواردن و خواردنەوە بخوات، مەگەر کو لە بەری

داریٚکـــی بخواردبـــا، یـــان لە کـــانیەک قومیٚـــک ئـــاوی بخواردبـــایەوە، تەنیـــا بـــۆ ئەوەی نەمـــرێ، تـــا لەپێناومانەوە بەدیار ئەو خەیاڵانە بژی.

دوای ڕۆیشـــتنی نەدیمـــیش، لەنـــاو خەڵکـــی گونـــدەکە وابـــڵاو بـــۆوە نەدیـــم شـــێت بـــووەو کەوتـــۆتە کێـــوان، کەسیش نازانێ لەبەرچی.

ڕۆژێـک لەبنەبـانی ئەشـکەوتەکە درێـژ ببـوو، چاوەکـانی خسـتبووە سـەریەک و لەنـاو برسـیەتی و قوڵبـوونەوە لە دونیـا، وەک بـوونەوەرێکی متبـوو دەهـاتە بەرچـاو. لەپـڕ هەسـتی کـرد کەسـێک دەسـتی لە شـانی دەدات، ئەویـش لە خەیاڵەکـانی پچـڕاو چاوەکـانی کـردەوە، گـوتی ئەوە کێـیە بەم نـاوەختە هـاتووە دامبڕێنـێ لە مەسـتانەکەم؟ کە ئـــاوڕی دایەوە بینـــی پێشـــمەرگەیەکە چەکێکـــی بە دەســـتوەیەو چەنـــد مەغزەنێـــک فیشەکیشـــی لە نـــاوقەدی خـــۆی بەســـتووە. جەمەدانیەکـــی ڕەشـــی تۆندیشـــی لەســـەری پێچـــاوەتەوە. پێشـــمەرگەکە گـــوتی مـــنم، مەترسە نەهاتووم ئازارت بدەم، وایزانی نەدیم شێتە.

نەدیـم کەچـاوی پـێکەوت لەشـوێنەکەی ڕاسـت بـۆوەو خەنـدەیەکی کـرد، وەک ئەوەی بـاکی بەهـیچ ئازارێـک

نەمابێ و کەسێکیش هاتووە بۆی باسی ئازار دەکات. ئینجا هەردووکیان پێکەوە دانیشتن و کەوتنە گفتوگۆ. لەبەر ئەوەی نەدیم ماوەیەکی زۆر بوو قسەی نەکردبوو، هەر لەخۆڕا جۆرێک قسەی دەکرد، کەس تێی نەدەگەیشت.

بەڵام دوای ئەوەی پێشمەرگەکە زانی نەدیم عاشقە، پێی گوت کەسێک مەعشوقەکەی خۆی بەو ڕاددەیە خۆشبوێ وەک تۆ دەستەوئەژنۆ دانانیشێ، بەڵکو دەچێ نیشتیمانێکی ئازادی بە دیاری بۆ دێنێت. بیری لێبکەوە چ دیاریەک لەوە بە نرختر تۆ نیشتیمانێکی ئازاد بە مەعشوقەکەت بدەی؟ عەشقی ڕاستەقینە ئەوەیە، نەک لە نیشتیمانێکی داگیرکراو و ژێر دەست بیر لە عەشقێک بکەیتەوە کە هەم عاشق و هەم مەعشوق تێیدا کۆیلە بن. نەدیم سەری پێوە نەبوو بۆ هەرکارێک لە پێناو مەستان بیکات، نەک تەنیا پێشمەرگایەتی. بۆیە لێی پرسی چۆن دەتوانم ببمە پێشمەرگە؟

پێشمەرگەکە گوتی ئەگەر بتەوێ دەرگا بە ڕووتدا والایە بەو مەرجەی ڕاستگۆبی لەگەڵ شۆڕش. نەدیم

گـوتی یەعنـی ئێسـتا دەتـوانم بـێم؟ پێشـەرگەکە وەڵامـی داوە بەڵـێ دەتـوانی لەسـەر متمـانەی مـن، هەر ئێسـتا بێیە شاخ، دەست بە خەباتی خۆت بکەی.

هەر ئەو ڕۆژە نەدیـم بڕیاریـدا ببێـتە پێشـمەرگە. ئینجـا لەوێـوە خـۆی ئامـادەکرد گونـدەکە بەجێبێڵـێ، پـێش ئەوەی بـزڕوا، ئێـوارەکەی بە نهێنـی گەڕایەوە گونـد، نزیـک مـاڵی مەسـتان، بە ووردی سـەیری تـاق و دیـوارو حەسـارەکەیانی کـرد، تێـر لەو چـرایەی ڕوانـی کە شـەوقە زەردەکەی دەهـاتە دەرەوە لە دەلاقەی خـانووە قوڕەکەیـان. مـاڵی مەسـتان سـەگێکیان هەبـوو، نەدیـم زۆرجـار لە خۆشەویسـتی مەسـتان باوەشـی لەو سـەگە دەدا، هەمـوو گونـدەکە ئەو سـەگەیان خۆشدەویسـت، چـونکە زۆر بە وەفـا بـوو، پاراسـتنی هەمـوو گونـدەکەی گرتبـووە ئەسـتۆ بە تـایبەتی شـەوان، بەڵام خۆشەویسـتی نەدیـم بـۆ سـەگەکە لە خۆشەویسـتی هـیچ کەسـێک نەدەچـوو. زۆرجـار ئەگەر کەس دیـار نەبـا، نـاو دەمـی مـاچ دەکـرد، هەمـوو جـارێکیش پێـی دەگـوت ئاگـات لە مەسـتان بـێ تـوتکەی ئاقـڵ، چـونکە لە بچـووکیەوە دایکی مەستان ناوی لێنابوو توتکە.

تـوتکه سـەگێکی بـۆر بـوو، بـن زگـی تۆزێـک زەردی پێـوه دیـار بـوو، هەرکەسـێک دەیبینـی دەبـوا ئـیلا خۆشـیبوێ، چاوەکانی ڕەش دەچوونەوە، گوێیەکانی خڕ بڕابوون.

ناخۆشـــــترین ڕووداوی ئەو ســـــەگەش ئەگەر زمـــــانی گێـــڕانەوەی هەبـــا، ڕەنـــگە ئەو ڕۆژە بـــووبێ کە بە گـــوجیلەیی لەنـــاو کـــۆڵیتەکەی دەریـــان هێنـــاو گوێچکەکانیـــان بـــڕی، یەک بە دەنگـــی خـــۆی دەنوســـکایەوە. ئەو ئێـــوارەیە تـــوتکە کە لە دوورەوە هەسـتی بە بـۆنی نەدیـم کـرد بەغـار بەرەو پیلـی چـوو، دوای ســاڵێک ناســیەوە، ڕاســتەوخۆ هەمبــازی بــوو و دەستی بە لێستنەوەی کرد.

نەدیمـیش تونـد گـرتیە باوەشـی خـۆی، دوای کۆمەڵێـک ڕامووســان نەدیــم پێــی گــوت تــوتکە مــن دەڕۆم، تــا دێـمەوە ئاگـات لە گونـدەکە بـێ، بە تـایبەتی مەسـتان، دەزانـم زمـانی ئەوەت نـیە ئەو قسـانەی دەیـکەم بـۆی بگێـڕیەوە، بەڵام بەهەر شـێوەیەک بـێ ئەگەر کـرا پێیبڵـێ نەدیـم لە خۆشەویسـتی تـۆ چـوو بـووە پێشـمەرگە، بـۆ ئەوەی نیشـتیمانێکی ئـازادت بـۆ بێنێـتەوە، چـوو هەمـوو ڕووبارەکـان و شـاخەکانت پێشـکەش بکـات، نەک بە

تەنیا گوندێکی بچووک و ڕووبارێکی دەورە دراو بە چەند داریک. چوو باغێکت بۆ بهێنێ، نەک تەنیا گوڵێک، وەک ئەوەی لە چیڕۆکەکان باس دەکەن، کوڕە پاڵەوانەکە چوو گوڵێک لەسەر شاخێکی بڵند بۆ کچەکە بێنێ. لەگەڵ ئەو قسانە فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتەخوارێ.

ئەوەندەشی زیاد کرد لە قسەکانی و گوتی توتکە پێشیبڵێ نەدیم لەمەودوا سڵ لە هیچ ناکاتەوە، بەناو ئاگردا تێدەپەڕێ، سینگی دادەتە بەر گوللە، بە هەرشاخێکدا بڕوا دەبێ بەفر لەبەری بتوێتەوە، نەک بەفر ئەو سەرما بردە بکات.

ئینجا لەوێ توتکەی بە یەکجاری بەجێهێشت و بۆ لای پێشمەرگەکە گەڕاوە، لەناکاو هەستی کرد توتکە بە نوسکە نوسک تا نزیک ڕووبارەکە کەوتۆتە دوای، نەدیم کەچاوی پێکەوت بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد بۆهاتی، بگەڕێوە، تۆ نابێ بێی، ئەگەر تۆ بێی کێ ئاگای لە گوندەکەمان و مەستان بێ؟ توتکە بە دڵی شکاو و نوسکە نوسکەوە ناچار بە گوێی کرد، هێدی هێدی ڕێی ماڵەوەی گرتەبەر. نەدیمیش خۆی

گەیاندەوە لای ئەشکەوتەکە، بینی پێشمەرگەکە لەسەر بەردێک دانیشتووە. دوای کەمێک گفتوگۆ هەڵستان خۆیان توند کردو ئەشکەوتەکەیان بەجێهێشت، بە پێچ وپەنا بە شاخێکی بەرزدا هەڵگەڕان.

دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ ڕێی سەخت بەرە بەری بەیانیان گەیشتنە جێ. جێیەکە ئەشکەوتێک بوو بە قەدی لوتکە چیایەکەوە بوو، لەبڵندیەوە زاڵ بوو بەسەر هەموو ئەو دەشتەی کەوتبووە بەرامبەری، لە خوارەوە گوندێکی لێ بوو، پێشمەرگەکان پشتیان بەو گوندە بچووکە دەبەست بۆ پەیدا کردنی خواردن، لوتکەکە عاسێبوو. کە نەدیم بەیاوەری پێشمەرگەکە چووە ژوورێ، بینی ئەشکەوتی چی، کونێک بوو پڕ لە پێشمەرگە، لە قەد دیوارەکانی شت و مەکیان بە دارێ وەکردبوو، لە قونیچکەکانیشی داری بە ئاگر لە بڵندیەوە چەقێندرابوو. بۆ ئەوەی ژوورەوە ڕۆناک بێ. نەدیم کەچاوی بە ناویان دا گێڕا، بێجگەلە چەک و تفاقی شەڕ، بینی ڕادیۆ و کاغەزو قەڵەمیشیان لەلایە.

بەو بەیانیەش هەموو بە خەبەرن. بەسەرو ڕیشی زۆرەوە لە تاخمێک دێو دەچوون.

کە چاویـــان بە نەدیـــم کەوت لەبەری هەڵســـتانەوەو بەخێـــر هاتنیـــان کـــرد، یەک یەک بە ڕووحیەتێکـــی شۆڕشـگێڕانە باوەشـیان لێـدا. نەدیـم سـەری لەبینینیـان ســـوورمابوو، کە ئەمجـــارە وا لەنـــزیکەوە پێشـــمەرگە دەبینـێ. دەنـا تـا ئەوکـاتە هەر گـوێی لە ناویـان ببـوو لە ڕادیـــۆ و، چالاکیەکانیـــان لە لایـــان شـــاعیری شـــاخ خوێنـدرابۆوە بە دەنگێکـی تـوڕەو گـڕ، کە چەنـدین جـار ئەو دەنـگە پـاڵی بە نەدیـم وەدەنـا حەزی بچێـتە سـەر پێشـــمەرگایەتی. دوای ئەوەی دانیشـــتن، ڕاســـتەوخۆ لە ناویـان یەکێـک بە زمـانێکی پـاراو دەسـتی بە قسـان کـرد، گـــوتی لەمـــڕۆ بەدواوە تـــۆ لە دەســـتەی برایـــانی، ئەو برایـانەی لە خـوێن لە دایکـی نیشـتیمانن. پێویسـتە ئێسـتا ناوەکـانی خۆمـان بەتـۆ بڵێـین بـۆ ئەوەی بمانناسـی، مـن نـاوم ڕەنجـدەری لاوچـاکە، ئینجـا دەسـتی بـۆ لایەکـی دانیشـتنەکە بـرد، ئەوەش نـاوی جوتیـارە شـێتە، ئەوەی تەنیشتیشـــی نـــاوی دالّـــی ســـەردارە. ئەوەی ڕێبەریشـــی کـردی تـۆی هێنـا ئێـرە، نـاوی هەورازە ڕەشـــە. نەدیـم یەک یەک ســـەیری کـــردن، ئینجـــا کەوتە قســـەو گـــوتی منیش ناوم نەدیمە.

ڕەنجدەر گوتی نا، واز لە ناوە کۆنەکەت بێنە، ناوێکی نهێنیت بۆ دادەنێین، لێرە کەس لەسەر ناوی خۆی شۆڕش ناکات، وا باشترە لەبەر گیران و دان پێدانان، هەر کەس ناوی نهێنی هەبێ. لەوکاتە هەورازە ڕەش بە جواب هات گوتی پێم باشە لەبەر چیڕۆکی ئەو عەشقەی نەدیم هەیبووە بۆ مەستان، من ناوێکی بۆ دابنێم، ئەویش ئەگەر خۆی ڕازی بێ. نەدیم سەری بۆ لەقاند وەک ئەوەی ڕازیە. هەورازەڕەش ناوێکی بۆدانا، نەدیم نەک هەر پێی سەرسام بوو تەنانەت پێی وابوو ڕاستیشە.

دوای ناو دانانەکە نەدیم گوتی پرسیارێک ئێوە هەر ئەوەندە کەسەن؟ ڕەنجدەری لاوچاک خەندەیەکی کرد کە بە خۆی پیاوێکی ڕەشتاڵەی برۆ تێک چەقیوی چەنەگە درێژ بوو، گوتی نا، چەند ئەشکەوت لەو شاخانە هەیە ئەوەندە پۆل پێشمەرگە تێیدا دەژی.

ئێمە ئەو شاخانەمان کردۆتە شارە پێشمەرگە، ئەشکەوتەکانیش وەکو ماڵن، هەر پۆلێک پێشمەرگە لەئەشکەوتێک دانە، هەموشیان پەیوەندیان لەگەڵ یەک هەیە، تەنانەت دەتوانن بەیەک بروسکەی

سەرکردایەتی هەموو خڕبینەوە، وەک چۆن ڕەوە مێروولە لە چەند کونێکەوە سێ سێ و چوار چوار دەردێن و لە شوێنێک لەشکرێک پێک دێنن. نەدیم گوتی باشە هەرکەس بۆی هەیە ببێتە پێشمەرگە؟

ڕەنجدەر گوتی نا، بۆ وەرگرتنی پێشمەرگە سەرکردایەتی مەرجی داناوە، هەر کەسێک ئامادەیی خۆی نیشانبدا بێتە ڕێزی شۆڕش، دەبێ چالاکیەک بکات، ئینجا متمانەی پێ دەکرێ. نەدیم گوتی کەوایە منیش دەبێ ئەوە بکەم؟

ڕەنجدەر گوتی بەڵێ، ئەگەر هەورازیش نەیهێنابای بەدڵنیاییەوە ئێستا نەتدەتوانی لەگەڵمان بەمشێوەیە دابنیشی، ئێستا لە چوار کورد دووی جاش و بەکرێ گیراوە. نەدیم گوتی باشە چۆن دەتوانم متمانەی شۆڕش بەدەست بێنم من لەوانە نیم؟ ڕەنجدەر وەڵامی داوە، گوتی هاوڕێیانم ئەگەر پێیان باش بێ، من پێشنیارێکم بۆت هەیە.

گوندێک لە خواروە هەیە لەو گوندە موختارێک دەژی، موختارەکە حکومەتی بەعس هەڵیبژاردووە، ئەو موختارە بەردەوام چاودێری ئەو مااڵنە دەکات،

هاوکاری پێشمەرگە دەکەن و نان وئازوقە دەنێرن بۆ شاخ. یان بۆنی کوردایەتیان لێدێ، تا ئێستا لەسەر زمان لێدانەکانی ئەو چەندین گەنج، لە زیندانەکانی بەعس لەژێر ئەشکەنجەن.

دەکرێ هەم وەکو ئەرکێکی نیشتیمانی، هەمیش بۆ بەدەستهێنانی متمانەی ئێمە بچی بیکوژی. ئاسانە، شەوان لەسەر بان دەخەوێ، یان لە حەوشە، ئێمە سبەی دەتنێرینە لای شوانێکی ئەم گوندە، شوانەکە لەخۆمانە، بەڵام خۆی دەرناخا. تۆلەڕێی ئەوەوە دەزانی کامە مااڵی موختارەکەیە. نەدیم کەوتە دودڵی، چۆن دەکرێ بەو دڵەناسکەوە، کە پەپولەیەکی وەک مەستانی تێدا دێت و دەچێت، بچێت مرۆڤێک بکوژێ. بەڵام نەشدەکرا بڵێ من ئەوە ناکەم، نەوەک گومانی لێبکەن. گوتیان دەزانی تەقە بکەی؟ نەدیم وەاڵمی داوە بەڵێ، یەک دووجار کردوومە.

هەر بۆ ئێوارەکەی دەمانچەیەکیان دا نەدیم، لەسەر متمانەی هەورازە ڕەش، ناردیان موختاری گوندەکە بکوژێ. نزیکەی کاتژمێرێک و نیو ڕێی بڕی بە پێیان، تا گەیشتێ. کە چووە ناو گوندەکە لە دەرگای مااڵێکی

دا، کە بە دار دروست کرابوو. لەپڕ پیاوێک هاتە دەرەو پێی گوت فەرموو پێویستت بە خزمەتێک هەبوو؟

نەدیم گوتی نا، بەدوای مالّی فلّانکەسی شواندا دەگەڕێم بەپێی ئەو ناونیشانەی پێیان داوم دەبێ تۆ هەوبی. گوتیان مالّی کەوتۆتە سەرەوەی گوندەکەو تاقەمالّە، خانووەکەی بەتەنیایە. پیاوەکەش گوتی کێ ئەو ناونیشانەی پێدای؟

نەدیمیش وەلّامی داوە هاوڕێکانم، ئەوانەی هاوڕێی تۆشن. ئینجا شوانەکە زانی نەدیم لەلایان پێشمەرگەکانەوە نێردراوە. گوتی بەلّێ من ئەوکەسەم بۆی هاتووی. فەرموو وەرە ژوورەوە.

نەدیم بە دوای شوانەکە کەوت و چوونە حەوشە، کە پێکهاتبوو لە دیواریکی خشتی چوارپێنج ڕێزی.

لە حەوشە لەسەر سەکۆیەکی لەقوڕ دروستکراو دانیشتن.

نەدیم و شوانەکە کەوتنە گفتوگۆ. نەدیم بەڕاشکاوی پێی گوت بۆ کوشتنی موختار ناردوویەتیان، دەیەوێ مالّەکەی پێ بزانێ. شوانەکەش پێی خۆش بوو، بۆیە

ڕاستەوخۆ ناونیشانی مالّەکەی پێدا، پێشی گوت بەتەنیا دەژی، تەنیا پیرە دایکێکی لەگەڵە.

کە شەو درەنگ داهات، نەدیم لەلای شوانەکە هەڵستاو پێی گوت من دوای ئەنجامدانی کارەکە، ئیتر ناگەڕێمەوە ئێرە، ڕاستەوخۆ دەگەڕێمەوە ئەشکەوتەکە.

ئینجا چووە پشتەوەی گوندەکەو تا درەنگ چاوەڕێی کرد، کەزانی خەڵک هەموو خەویان لێ کەوتووەو دەکرێ کارەکە ئەنجام بدات، دەمانچەکەی سوارکردو خستیە بەر پشتی، پاشان بن دیوارو بن دیوار دزەی کردە ناوگوند، لەوێوەش خۆی گەیاندە بن دیواری ماڵی موختارەکە، لە حەوشە ئاودیو بوو و دەمانچەکەی لەبەر پشتی دەرهێنا، هێدی هێدی بە حەوشەدا گەڕا بزانێ لەکوێ نوستووە، کەچی کەسی نەبینی. دواتر چووە ژوورەکان، کە دوو ژووری سەر بەکاریتەی، لە قوڕ سواق درا بوو.

لەوێش کەسی لێ نەبوو، تەنیا کەنتۆڕێکی دارو هەندێک جاجم و نوین نەبێ .

ناچار بیری کردەوە ڕەنگە لەسەربان نوستبن، بۆیە هاتەوە دەرێ و ڕاستەوخۆ بەرەو قادرمەکە چوو.

کە قادرمەیەکی لەخشت دروستکراو بوو، لایەکی بە دیواری حەوشە وەبوو، لایەکەی تریشی بە پتەوی خشت ڕێژ کرابوو، بۆ ئەوەی نەکەوێ، لەکاتی بەسەرکەوتن.

نەدیم هێدی هێدی بە قادرمەکەدا سەرکەوت، بینی لەسەربانی دوو جێ ڕایەخستراون لە دووری یەک.

هەردوو جێش نەفەری تێدایە. لەپشت سەری یەکێکیان فانۆسێک کز دەسووتێ، هەر ئەوەتە ڕۆناکی بە دەوروبەردا بڵاو دەکاتەوە.

کە چووە سەری بینی پیرێژنەکەیە، دایکی موختارەکە، لە خەوێکی قوڵ دایە، خۆشی کورش کردۆتەوە، کەچاوی پێکەوت ئاگر لەجەرگی بەربوو، دایکی خۆی بەبیرهاتەوە.

لەوکاتەش کە ئاوڕی لەلایەکەی تری خۆی داوە بینی موختارەکەش وا لەناو شیرینی خەودایە. چەندی کردی نەیتوانی تەقەی لێبکات، لەبەر دایکە پیرەکەی، دەیزانی ئێستا کوڕەکەی بکوژێ، لەناو جێ ئەو

پیرێـــژنەش لەگەڵ تەقەکـــان بە ئاگـــابێ، شـــێت دەبـــێ لەدیـــار ئەو دیـــمەنە. دەکەوێـــتە بارودۆخێـــک هـــیچ مرۆڤێک نـاتوانێ بەسـەر مرۆڤێکـی تـری بێنـێ. بـۆیە دڵـی ســاردبۆوە ئەوە بکـات. بە نـادڵی لەســەربانەکە هـاتە خـــوارێ. شـــوانەکەش لەو کـــاتە لەمـــاڵەکەی خـــۆی چـاوەڕێی دەنگـی تەقە بـوو، لە گونـد ببێـتە هەراو بڵـێن موختاریـان کوشـت، بەڵام تـا بەیـانی گونـد کـش و مـات بوو.

بەشی چوارەم

(٥)

دوای ئەوەی چـــایەکە کـــۆلاو دڵبـــرین و ڕووبـــا پـــێکەوە یەکەو پیـــاڵەیەک چایـــان خـــوارد. دڵبـــرین هەناســـەیەکی هەڵکێشـــــا و هەســـــتایەوە ســـــەرپێیان، چـــــاوێکی بەناوگۆڕســـــتانەکەدا گێـــــڕا، بینـــــی پیرێـــــژنەکە لە دوورەوە دانیشـــتووە، بـــێ ئەوەی بزانـــێ باســـی ئەو دەکەن، لەپـــڕ ڕووی لە ڕووبـــا کـــردو گـــوتی هەســـت دەکەم دونیـــا ڕۆمـــانێکی گەورەیە، خـــوا نوســـیویەتی، ئـــێمەش تێیـــدا ڕۆڵ دەگێـــڕین، هەر ڕۆژ بەشـــێوەیەک،

جارێک ڕۆڵەکان کۆمیدین، جارێک تراژیدی، جارێک جەنگاوەرانەیەو جاریکیش ڕۆڵی کەسێکی دۆڕاو و وێران. ڕووبا وا جۆلاوە وەک ئەوەی ئەو قسەیەی بە دڵ نەبێ، چونکە ئەو کەسێک بوو نەیدەویست بڕوای بە چارەنوسێک بێ و پێی وابێ ئەوە خوا بۆی داناوە، ئەو بڕوای بەوە هەبوو خۆی چارەنوسی خۆی دیاری بکات. نەیدەزانی دڵبرین پیربووەو تاقەتی ڕۆیشتنی نەماوە بە پێچەوانەی ئەو ڕووبارەی بەرەو ڕووی دێت.

بێ ئەوەی هیچ بڵێ لەلای هەڵستاو گەڕایەوە لای ئەو دارانەی دایبوونیە بەر ڕۆژ، لەوێ تۆزێک نوشتایەوەو دەستی کردە یەکێک لە پەلەکان، تابزانێ ووشک بوونەتەوە یاخۆت نا.

کەزانی ماویەتی، لە شوێنەکەی خۆی داناوە، چوو لە بن یەکێک لە دارەکانی ناو گۆڕستانەکە دانیشت، کە عامودێکی لە تەنیشت بوو، بلاجگتۆرێکیان لێ قایم کردبوو تا ئەو دەوروبەرە ڕۆناک بکاتەوە. کۆمەڵێک مێشوولەو پەپوولەی وورد بە دەوری ڕۆناکیەکەدا دەهاتن و دەچوون، لەوێ بیری لەو پیرێژنەو دڵبرینی

کێلنـــوس کـــردەوە، ئەو هەســـتی دەکـــرد چیرۆکێکـــی شـــاراوە هەیە لەم شـــارە بەڵام ئاشـــکرا نەبـــووە، دڵبـــرینیش شـــتێکی لـــێ دەزانـــێ. ئینجـــا دوای ئەو بیرکـــردنەوانە لە شـــوێنەکەی خـــۆی ڕاکشـــا، گەنـــجە ئاڵۆدەکـانی هـاتەوە بەرچـاو. لەکـنە خـۆیڕا داینـا بەیـانی بچێتە لایان، بەدەم ئەو خەیاڵانەوە خەوی لێ کەوت.

(٦)

داودی دارتـــاش ئەو ئێـــوارەیەی کە گەڕاوە مـــاڵ، دوای نـــان خـــواردن، چـــووە ژوورەکەی خـــۆی کە هەنـــدێک کتێـب و چەنـد دەستنوسـێکی کـۆنی بـاوکی لـێ دانـابوو، ئەو تەنیـــا ئەوکاتـــانە دەچـــووە ئەو ژوورە پێویســـتی بەتەنیـــایی بـــا، ژوورەکەی چەنـــد ڕایەخێکـــی لـــێ بـــوو، هەنـــدێک مـــافوری کـــۆنیش کە بەدەســـت چنـــدرابوون، بە دیـــوارەکەوە هەڵواســـرابوو. یەکێـــک لە مافورەکـــان وێنەیەکـــی عیســـای مەســـیحی لەســـەر بـــوو، ئەوکـــاتەی

خاچەکەی خۆی هەڵگرتووە و تاجێکی درکی لەسەرە، سەربازەکان لەولاو لەم لای دەڕۆن، بۆ سەر ئەو گردەی بڕیاربوو لێی لەخاچ بدرێ. لەوێنەکە وادەردەکەوت بارانە، هەورێکی بۆر ئاسمانی داگرتووە. داود لەسەر یەکێک لە ڕایەخەکان دانیشت، کەوتە بیرکردنەوە لەبارەی ڕووبا، هەستی کرد ئەو کەسێکە بێ باکە لە قسەکردن. لەکاتێکدا دەسەڵاتدارانی ئەربائیلۆ بەبەرچاوی دونیاوە خەڵک دەدەنە بەر شوولاق و فڕێیان دەداتە زیندانەکان. ئەو لەو دیمەنەو تێکەڵ بوونی کۆمەڵێک شت، لەگەڵ ئەو مافورە کلاسیکیانەی بە دیوارەوە هەڵواسرابوون، هەستی دەکرد هەموو سەردەمەکان یەکن، هیچ جیاوازیەکیان نیە، تەنیا ئامرازو کەرستەکان دەگۆڕێن.

(٧)

لەم شـــارە پیاوێـــک هەبـــوو، پێیـــان دەگـــوت (خەلـــیفە حەمـدون) خەلـیفە حەمـدون لەنـاو خەڵکـی شـار خـاوەن ڕێـــزو پـــلەو پـــایەکی ئـــایینی و کـــۆمەڵایەتی بەرز بـــوو لەســـایەی ئەو نوشـــتە و دوعایـــانەی دەیکـــرد، کـــچ و کـــــوڕی ئەو شـــــارە هەرکەس ڕۆژێـــــک نهێنـــــی خۆشویسـتنی کەسـێکی تـری لە دڵـی بـا، دەبـوایە خەلـیفە حەمـدون ببینـێ، بـۆ ئەوەی نوشـتە یـان دوعـایەکی بـۆ بکـــات و لە ڕێـــی نوشـــتەو دوعاکـــانی ئەوەوە، کـــچ و

کـــورەکە پێـــک بـــگەن، خەڵکـــیش لەبەرامـــبەر ئەوکـــارە پارەیـــان بەجـــێ دەهێشـــت، هەشـــبوو زێـــڕو خشـــڵی گرانبەهـــا، لە هەقدەســـتی ئەو نوشـــتانەی لە ســـایەی خەتە ئاڵۆزەکـــانی نەکەس دەیزانـــی چـــی تێـــدا نوســـراوە، نە چ زمانێکیشـــە. تـــابڵێی دەوڵەمەنـــدیش ببـــوو بەس خـــۆی دەرنەدەخســـت. هەمووکـــات وا خـــۆی نیشـــان دەدا پێـــی ناخۆشـــە خەڵـــک پـــارە بەجێـــدێڵن. یەک لەکارەکـــانی تریشـــی ئەوەبـــوو، زۆرجـــار کچـــانی لەلای خـــۆی دەهێشـــتەوە، بەتـــایبەتی ئەو کچـــانەی دایـــک و باوکەکـــان پێیـــان وابـــوو شـــێت بـــوونەو چـــارەی تەنیـــا لەلای ئەوە، ئەویـــش تـــا بەیـــانی دەیبـــردنە ژوورێـــک بەتەنیـــاو دەرگـــای دادەخســـت بـــێ ئەوەی هـــیچ کەس هەتـــا ژن و منـــداڵەکانی خۆشی بزانن چی دەکات.

یـــان چ ڕێگـــایەک هەڵـــدەبژێرێ بـــۆ چارەســـەرکردنیان. تـــاکە شـــتیش وایکردبـــوو خەڵـــکەکە متمـــانە بە خەلـــیفە بـــکەن ئەوەبـــوو هەنـــدێک لە شـــێت بووەکـــان دوای هـــاتنە دەرەوە لەو ژووڕە چـــــاک دەبـــــوونەوە، دوای چـــــاک بـــوونەوەش مـــاوە مـــاوە ســـەردانی خەلیفەیـــان دەکـــرد. هەواڵـــی ئەو چـــاک بـــوانەش نەک هەر تەنیـــا گەیشـــتبووە

گونـــدەکانی دەوروبەری شـــار، بەڵکـــو گەیشـــتبووە، شـارەکانی تـریش. خەلـیفە کە گرێـی دڵـی هەنـدێک لە کـچ و ژنەکـــانی دەکـــردەوە لەگەڵ قســـەی خـــۆش و پێـــدانی ســـۆز، بـــۆی دەردەکەوت کێشـــەی زۆربەیـــان لێـــک نـــزیکە، هەموویـــان کەســـێکیان بە نهێنـــی خـــۆش دەوێ. بەڵام لە دوولا ســـــەرگەردان مـــــاونەتەوە، لەلایەک دەترســـــان خۆشەویستی بکەن، لەلایەکی تریش تامەزرۆ بوون.

هەندێکیشـــیان دەردەکەوت حەزیـــان لە جـــووت بـــوونە لەگەڵ کەســانی تـر، جیـا لەو کەســانەی حەڵاڵـی خۆیـانن بە پێـی شـەرع، بەڵام نـازانن چـۆن بـیکەن، یـان هەرنـا بـۆ جارێـک تـاقی بکـاتەوە، بەڵام عەشـقی ژنە مێرددارەکـان لەگەڵ هـی کچەکـان جیـاواز بـوو. هـی ژنەکـان بە هەمـوو شـێوەیەک ڕێـگە پـێ نەدراو و حەرام بـوو، بەپێـی ئـایین و داب و نەریـت، تەنـانەت بـۆ تەنیـا جـارێکیش. بەڵام هـی کچەکـان خۆشەویسـتیەک بـوو تـا ئاسـتێک ئاسـانتر، وای لێهاتبوو ناو خێزانەکان چاوپۆشی لێدەکرا.

خەلـیفە حەمـدون بەهەمـوو نهێنـی کچـان و ژنـانی ئەو شـــارەی دەزانـــی. بەڵام لێـــنەدەگەڕا کەس بەهـــیچ نهێنیەکـــی ئەو بزانـــێ، هەتـــا هاوسەرەکەشـــی. ئەو

هەمیشە پێی وابوو، مرۆڤ هی ئەوە نیە متمانەی پێ بکرێ، نهێنی یان خاڵی لاوازی خۆی بۆ باس بکات هەتا باشترینیشیان، چونکە ئەگەر تۆڕە بێ، لەشەڕی بەرامبەر وەک چەکێک بەکاری دێنێ. پێشی وابوو، تاکە چەک دەتوانێ شکست بە ئارەزوو و هەوڵ و خەیاڵەکانی ئەو بهێنێ، ئەو چەکەیە. کەسی بەرامبەر چ دۆست چ دووژمن، ئەو چەکەی نەبێ باشترە، چونکە ناتوانێ چۆکی پێ دابدات.

(٨)

داودی دارتاش کچێکی هەبوو بەناوی ئاینور، ئەوکچە تاکە منداڵی ئەو بوو، دوای کوڕە گەورەکەی، کە هەوڵی دابوو بچێتە ئەورووپا، لە ئاوی ئیجە بەهۆی نقوم بوونی ئەو یەختەی کۆچبەرەکانی هەڵگرت بوو، خنکا. تەرمەکەشی لەگەڵ قوربانیەکان تێکەڵ بوو و لە گۆڕستانی بێ کەسان لە سەر سنووری یۆنان نێژرا، بەتەنیا لەماڵەوە مابۆوە.

ئاینور تەمەنی بیست و پێنج ساڵ دەبوو، کچێکی باڵا ناسکی سپیلکەی چاو سیحراوی بوو، چاوەکانی هەر

ڕۆژەی خۆیان بە ڕەنگێک نیشان دەدا، کەس نەیدەزانی بە تەواوی ڕەنگیان سەوزێکی زەیتونیە، یان تاریک تر، ئەو ڕەنگەش لەگەڵ ڕەنگی پرچە درێژەکەی کە نە تەواو زەرد بوو نە لمی، زۆر گونجاو دەهاتە بەرچاو، کە هەرکەس دەیدیت وایدەزانی ئەوجوانیە تەلیسمێکە بەو مرۆڤە بەخشراوە.

هەردوو لاپەرچەمە خاوەکەی بەردەوام بەم لاو بەو لای دەموچاوە باریکەکەی دا دەهاتە خوارێ، برژانگەکانی زۆرجار لەگەڵ پەرچەمەکانی لێک گیردەبوون. کە قسەی دەکرد دەنگی دەنوسا، بەڵام ئەو دەنگ نوسانەی لێدەهات.

ئەو عاشقی کوڕێک ببوو، لەخۆی گەورەتر، شەرمی دەکرد پێی بڵێ، چاوەڕێ بوو کوڕەکە داوای خۆشەویستی لێ بکات، کەچی کوڕەکە ئاگای لێ نەبوو. لەهەمان کاتیشدا هەموو کوڕانی قوتابخانە ئاواتی ئەوەیان دەخواست ڕۆژێک لە ڕۆژان ئاینور ببێتە خۆشەویستیان.

ئـاینور لەگەڵ کـچە هـاوڕێیەکی قوتابخـانەی کە نـاوی لیا بوو بۆ بەیانیەکەی چوونە لای خەلیفە حەمدون.

خـانووەکەی خەلـیفە پێکهـاتبوو لە دوو بەش، بەشـی دەسـتە چەپ، دوو ژوورو هەیوانێـک بـوو. بەشـی دەستە ڕاستیش

کەس نەیـدەزانی چەنـد ژوورەو چـۆنەو چـۆن نـیە، بـۆ ژن و منـدالێکی تەرخـان کردبـوو. ڕێـی بەکەس نەدەدا بچێـتە وێ. ئـاڵایەکی کەسـکی لەسـەربانەکە چەقانـدبوو، لەسـەرەوەی ئـاڵاکەش بە پـارچە شیشـێک نوسـرابوو اللـە. لە دوو شـوێنی دەرگـای حەوشـەکەش هەمـان ئاسـن هەڵواسـرابوو. ئـاینور و لیـا لە دەرگـای مـاڵی خەلیفەیـان دا، دوای کەمێـک چـاوەڕوانی، منـدالێکی نـیمچە نـاتەواو هـات دەرگـاکەی کـردەوە. منـدالەکە لەبەرەخۆی پێدەکەنی، پێکەنینێکی نائاسایی.

ئـاینورو و لیـا سـەرەتا زۆرترسـان، خـوێن لە لەشـیاندا نەمـا. منـدالەکە بە پێکەنیـنەوە چەنـد جارێـک فەرمـووی لـێ کـردن، ئەوانـیش بە ناچـاری چـوونە ژوورەوە، بەڵام ئەم شـوێنەو سـەرو شـێوەی ئەو کـچە گەنجـانە تـابڵێی لێـک دوور بـوو. لە بـن هەیـوانی خـانووەکەی مـاڵی

خەلیفە سەرکە ڕێویەک هەڵواسرابوو، لەتەنیشت سەرکە ڕێویەکە وێنەی دەستێک لەسەر دیوارەکە بە بۆیەی ڕەش کێشرابوو، ناو دەستەکەش وێنەی چاوێک هەبوو بە خەتی شین.

ئەو چاوە بە شێوەیەکی ئەوەندە هونەری سیحرئامێز دروست کرابوو، هەر کەس بەلایدا تێپەڕێ بکرێتەوەو داخرێ. ئەوەش بۆ ئەوە بوو کەسی سەردانیکەر هەرزوو بەسەرخۆیدا زاڵ نەبێ و بیرکردنەوەکانی ئاڵۆز بن. ئەوان سەرقاڵی ئەو دیمەنانە بوون، لەپڕ خەلیفە لە ژووری دەستە چەپڕا دەنگی بەرز کردەوەو گوتی، یاالله. کچەکان لەوە نەگەیشتن، بە ترس و لەرز چوونە ژووری ،بینیان خەلیفە حەمدون لە بنەبانی ژوورەکە دانیشتووە، لەسەر کورسیەکی دار، هەر دوو دەست و هەردوو پێی تا نزیک قۆرتەکانی مەچەک و ڕانی لە خەنە ناوە، تابژلێی پیاوێکی ناشیرینە. کەکچەکان لێی نزیک کەوتنەوە، سڵاویان لێ کرد، ئەویش دوای وەڵامدانەوە پێیانی گوت فەرموو دانیشن. کە دانیشتن ئەو بۆنەی هەردووکیان لەخۆیان دابوو بە هەموو ژوورەکەدا بڵاو بۆوە، خەلیفە

هەناسەیەکی هەڵکێشا، هەناسەیەکی دڕێژ. لە تەنیشت ژوورەکە، دەرگایەکی نەوی بچووک دەبیندرا، بە بۆیەی سەوز ڕەنگ کرابوو، دەنگە دەنگی لێوە دەهات، ئەو دەرگایە دەرگای ئەو ژوورەبوو، خەلیفە حەمدون لەگەڵ کچ و ژنە شێت بووەکان شەوان تێیدا دەماوە. هەندەی پێ نەچوو دەرگای ژوورەکە کرایەوە، ژنێکی گەنجی لێ هاتەدەرەوە، تەمەنی هەر سی و پێنج ساڵێک دەبوو. بەدەستێک ئەوەندە پرچەی لە بن سەرپۆشەکەی هاتبووە دەرێ خستیەوە شوێنی خۆی. دیاربوو ئەویش هەروەکو ئاینور و لیا ئەو ڕۆژە بۆ کارێک هاتبووە ئەوێ. ڕاستەوخۆ بە خەلیفەی گوت سبەی دێمەوە. خەلیفەش بەسەرلەقاندن وەڵامی دایەوە، باشە. ئاینورو لیا لەو گفتوگۆیە نەگەیشتن. دیار بوو شتێک بوو تایبەت بە خەلیفەو ژنەکە. دوای ئەو قسانە ژنەکە ماڵئاوایی کردو ڕۆیی، خەلیفەش ڕووی لە ئاینور کرد گوتی بڵێن با بزانم بۆچی هاتوون؟ تۆ کێشەت هەیە وانیە؟ ئاینور هەندەی تر ڕووحی لەبەر نەما، لە ئاستی پرسیارەکەی خەلیفە هەرلە فەرخە مراویەک دەچوو

تازە لە هێلکە سەری دەرهێنابێ و پێی خستبێتە دونیا. بە زمانی تێکئاڵاوەوە گوتی بەڵێ، بەڵام چۆن لەم دووانەمان زانیت من کێشەم هەیە؟ خەلیفە بە زمانێکی نەرم و پاراو گوتی خوایە هەڵسووڕێنەری کاروبارەکان، ئەوە چ قسەیەکە چۆن زانیت؟ ئەو زاتە هەر خۆی کەرامەت بە مرۆڤەکان دەدات و هەرخۆشی لێیان دەستێنێتەوە. ئەوەی من بە دەستم هێناوە دڵۆپێکە لە عارفیەتی ئەو.

ئەو لە پاداشتی نوێژو ڕۆژو و چللەکێشان فێری زۆر شتی کردووم. شتانێک بە کەس ناژمێردرێ و نایەتە حیساب. بەو دڵۆپە عارفیەتە وام لێهات ناوی هەزاران جن بزانم لەبن دەریاو زەریاکان، لە سەر ئاوەکان، لە قوڵایی سێگۆشەی بەرمۆدە، لەناو ئەشکەوتە تاریکەکان و لەسەر چیا سەرسەختەکان.

من چەندین جار لەگەڵیان کۆبوویمەوە، لەو کەشانەی لەناو چیاکان باران دەباریێت و خەڵک لەسەرمان خۆیان لەناو جێگاکانیان ناوەو لەبەر سۆبەکانیان چرقەچرقی ددانیان دێ، من سەردانی شانشینەکەیانم کردووە، کە گەورەترین شانشینی جنۆکانە. ڕۆژێک

ئەگەر دەرفەت هەبوو باسی ئۆردووگاکەیانت بۆ دەکەم. من لە لایان بوومەتە مێوان و خواردن و خواردنەوەم لەگەڵیان خواردووە. لەگەڵیان بەشداری شەڕی شەیتانەکانم کردووە، ئای ئەگەر دەزانن بێجگەلە مرۆڤ چەند بوونەوەری تر لەسەر ئەو هەسارەیەو ئاسمانەکان دەژی، لەبەر هەبوونی هەوا لە نێوانمان کە بۆتە پەردە یەکتری نابینین، وەک چۆن ئەگەر ئێستا هەواش ببیندرابا وەکو پارچە پەڕۆکێکی هەڵواسراو ئێمەش یەکتریمان نەدەبینی. ئاینور بەو قسانە سەرسام بوو، بیری کردەوە ڕاستە ئەگەر هەوا ببیندرابا، خۆ کەسمان یەکتریمان نەدەدیت. بەو قسەیە سەرقاڵ بوو، خەلیفە دریژەی پێداو گوتی تۆ کەسێکت خۆشدەوێ وانیە؟ ئاینور لە شوێنەکەی خۆی ڕاچڵەکی و چاوەکانی ئەبلەق بوون، ڕووی لە لیا کرد، پاشان ڕووی لە خەلیفە کردەوەو گوتی بەڵێ ئەوەت چۆن زانی؟ خەلیفە عادەتی وابوو هەموو قسەکانی لە شێوەی پرسیار دەوروژاند، بۆ ئەوەی ئەگەر ئاینور بشیگوتبا نا، ئاسایی دەربکەوێ، بۆ نموونە ئەگەر

بیگوتبا نا، جەنابی خەلیفە کەسم خۆشناوێ، خەلیفە ئەوکاتە دەیگوت ئەدی کێشەت چیە؟

ئەوکات ئاینور بێ ئەوەی هەست پێ بکات فێری لێکراوە بە گەمە کردن بە زمان دەکەوتە قسەکردن و دەردەکەی خۆی بۆ باس دەکرد.

ئەوکات بە ئاسانی بەسەر مەبەستی پرسیارکردنەکەی خەلیفە تێدەپەڕی. ئینجا خەلیفە ناوی دایک و باوکی خۆی و ناوی دایک و باوکی کوڕەکەی لێوەرگرت، لەسەر پارچە کاغەزێک نوسی، پاشان کتێبێکی دەرهێنا لە سەری نوسرابوو(دیوە نهێنیەکەی عەشق) لەناو دۆلابێکی ئاسن، دەمێک بە بنی لێوەوە منگەمنگی کرد و چەند پەڕێکی لێ هەڵدایەوە، دەمنا دەمیش سەیری قونیچکێکی ژوورەکەی دەکرد، پاشان لەسەر کاغەزەکەی پێشی هەندێک نوسینی تری کرد و لولیدا. دواتر خستیە ناو پارچە خامێکی سێگۆشەو دایە دەستی ئاینور، گوتی ئەو نوشتەیە ببە لە پەرداغێک ئاوی هەڵێنە، بیدە کوڕەکە با بیخواتەوە. ئاینور واقی ووڕما، ئەو چۆن دەتوانێ کارێکی وابکات ،ئاوەکە بداتە کوڕەکە بیخواتەوە. گوتی جەنابی خەلیفە

ئەنجامدانی ئەو کارە زۆر زەحمەتە. من کچێکم چۆن وابکەم ڕێکەوێ بەرداغێک ئاوی پێ بدەم؟ خەلیفە گوتی ڕێگایەکت بۆ دەدۆزمەوە، بەڵام دەبێ هەرمن و تۆ بیزانین، تەنیا من و تۆ. دەنا سەر ناگرێ، چونکە ئەو جنانەی هاوکاری من دەکەن لەو کارانە، کەسی سێیەم قبوڵ ناکەن. بۆیە دەبێ ئەو کچە جوانە تۆزێک بە تەنیا بەجێمانبێڵێ. خەلیفە کە ئەوەای گوت، لیا تێگەیشت. لە شوێنەکەی خۆی هەڵستایەوەو بە ئاینوری گوت کێشە نیە، ئەگەر ئیزنم بدەی من دەچمە دەرەوە چاوەڕێت دەکەم. ئاینور ڕازی بوو. ئینجا لیا لەلایان هەڵستاو چووە دەرەوە. خەلیفەش پاشان ڕووی لە ئاینور کردو گوتی تۆ دەخوێنی؟ ئاینور گوتی بەڵێ، خەلیفە گوتی زۆرباشە کەواتە خۆت لە خوشکی ئەو کوڕە نزیک بکەوە. ئێوارەیەک بەفێڵی دەفتەر وەرگرتن و خوێندن بڕۆ ماڵیان، کە چووی پێیان بڵێ دایکم یان داپیرم لە حەج گەڕاوەتەوە، ئەو ئاوەشم لەگەڵ خۆم بۆ هێناون، ئینجا بە دەستی خۆت ئاوەکە بەسەر هەموو ئەندامانی ماڵەوەیان دابەش بکە، تا نۆرە دەگاتە کوڕەکە. لە ناخەوەش لێکی

نەدەیەوە بڵێیت ئەوە فێڵە، خەلیفە چۆن وادەکات، هەندێک فێڵ هەیە ناچارین ئەنجامی بدەین، لە پێناو گەیشتن و بەدەست هێنانی ئەو شتانەی دڵ و دەروونمان دەیخوازێ. دەنا ئەو فێڵانە ئەنجام نەدەین و دژی ئارەزووەکانی خۆشمان شەڕ بکەین، دووچاری نەخۆشیەک دەبینەوە تا ئێستا کەس چارەسەری بۆ نەدۆزیتەوە، ئەویش شێت بوونە. ئاینور بەرلەوەی بیر لەوشتانە بکاتەوە خەلیفە بۆ پاراستنی ئەو ڕێزەی هەیبوو ئەو قسانە دەکات، هەستی کرد فێڵێکی گونجاوە، بەڵام ئەنجامدانی کاتی دەوێ. بە ناچاری بیرۆکەکەی خەلیفەی پەسەند کرد.

خەلیفە کە زانی ئاینور ئامادەیە ئەوەی بۆی پێشنیار کردووە جێبەجێی بکات، گوتی بۆ ئەوەی پەردەیەکی ڕەش بەسەر چاوی ماڵەوەیان دابدەین و هیچ نەبینن، شتێکی تریش هەیە دەبێ بکەین، ئاینور بە غەریبی گوتی چ شتێک؟ خەلیفە گوتی پێویستە ئەمجارە بە تەنیا بێی مریشکێکی ڕەشیش لەگەڵ خۆت بێنی، بۆ ئەوەی ڕێوڕەسمێک بەیەکەوە ئەنجام بدەین بۆ سەرکەوتنی کارەکە.

هەرچی دەشیکەین و دەیڵێین، جیالەوەی دەبێ بزانی نیەتمان عەشقە، عەشقیش هەرچۆن بێ بەرەو میهرەبانی و خۆشویستنمان دەبات، پیرۆزە. دەبێ ئەوە لەبەینی من و تۆ بە نهێنی بمێنێتەوە، هیچ کەسێک پێی نەزانێ، لە خۆم و خۆت زیاتر، دەنا نوشتەکە بەتاڵ دەبێت، لەگەڵ بەتاڵ بوونی نوشتەکەش عەشقیش دەتۆرێ و کۆچ دەکات، بەکەسمان ناگەڕێتەوە، وەک گەنجی لە چەنگی ئینسانی پیر.

دوای ئەو گفتوگۆیانە، ئاینور خواحافیزی لە خەلیفە کردو لەگەڵ لیای هاوڕێی لە ماڵەکەی هاتنە دەرەوە .

کات دوای عەسرێکی درەنگ بوو، لەبەر دەرگا ئاینور بە لیای گوت، من چۆن ئەو کارە گرانە ئەنجام بدەم لە نیوەی شەودا؟ کەچی هەستدەکەم لە ئیستاوە دەستەکانم دەلەرزن. ئاسانە خۆم لەگەڵ خوشکی شەهریار بکەمە هاوڕێ، بەڵام چوونە ماڵیان و ئاوی نوشتە دابەش کردن بەسەر خێزانەکەیان، هیچ باش نابینم. شەهریار خۆی ناوی ئەو کوڕەبوو ئاینور خۆشیدەویست، ئەگەرچی حەڤدە ساڵ لە خۆی

گەورەتـــر بـــوو. شـــەهریاریش بیـــری لەو کـــچە نەکردبـــۆوە، بەهـــۆی ئەوەی لەو بچووکتربـــوو. دەنـــا ئەویـــش چەنـــد جارێـــک ئـــاینوری بینیبـــوو، دەشـــیزانی چەند جوانە.

لیـا بە ئـاینوری گـوت نـازانم چیـت پێبڵـێم، بەڵام وەکـو هـــاوڕێیەکی بـــاش ئاگـــادارت دەکەمەوە، ئەو خەلـــیفەیە، ئەگەرچـــی خەڵـــک پێیـــان وایە پیـــاوێکی ئیمانـــدارە، بەڵام مـــن هـــیچ بـــاش نـــایەتە پـــێش چـــاوم. دواتـــر ئەگەر ئەو توانـــای هەیە شـــێت چـــاک بکـــاتەوە، بـــۆ چـــارەیەک لەو منداڵەی خۆی ناکات، خۆ تەواو نەبوو.

ئـاینور گـوتی بڵـێم چـی. دەنـا زۆرکەس بە چـاوی خۆیـان بینیویـانە هەنـدێک کەس بە شـێتی چـۆتە مـاڵەکەی و بە ئـاقڵی دەرهـاتووە. ئـاینورو لیـا بەدەم ڕۆیشـتنەوە ئەو قسـانەیان دەکـرد. تـا گەیشـتنە ئەو شـوێنەی دەبـوا لێـک جیابنەوەو هەرکەسێک بچێتەوە ماڵەکەی خۆی.

لە دوا قسـە، لیـا بە ئـاینوری گـوت دوا بڕیـارت چـیە؟

ئـــاینور گـــوتی ڕاســـتیت پێبڵـــێم ئەوەی خەلـــیفە گـــوتی دەیـکەم. لیـا گـوتی دەزانـم دەیـکەی چـونکە شـێت بـووی و ئەقڵـت لە شـــوێنی خـــۆی نەمـــاوە. ئـــاینوریش کچێـــک

بـوو لەو کچـانەی شـتێک بیگوتبـا دەیـکەم دەیکـرد. لیـا هـاوڕێی منـدالّی بـوو، بـاش دەیناسـی. ئینجـا ئـاینور بە ڕەنگـــــی زەرد کە لەو کەســـــانە دەچـــــوو بە دوای مەعشـــوقەکەیدا لە ڕاکە ڕاک دابـــێ، خەنـــدەیەکی کـــرد. گـوتی ناچـارم ئەو ڕێگـایە هەڵبژێـرم، بـۆ بەدەسـتهێنانی شـــەهریار، ئەی لیـا ڕێگـام لـێ مەگـرە. بـێ هـۆ نـیە گـــوتراوە کچـــان عاشـــق بە کـــوڕان نـــابن، ئەوە هەرکوڕەکـــانن بە دوای کچەکـــانەوە وێڵـــن، بەڵام ئەگەر عاشق بوون، سەرکێشی وەها دەکەن لەئەقڵدا نەبێ.

(٩)

مانـــگ ئـــاوابوو، ڕۆژ بەدوایـــدا هەڵات، شـــار وەکـــو ڕۆژەکـــانی تـــر قەرەبـــاڵغ بـــۆوە، پیرێـــژنەکەش هەربە جلەڕەشـــەکەی دەبینـــدرا نـــاو گۆڕســـتانەکە، کەس نەیـدەزانی بە تەمـای چـیەو دەیەوێ چـی بکـات. ڕووبـا دووبـارە چـووە لای دارەکـان و وەریگێـڕانە ئەو دیـوەی کەوتبـــوونە بەر ســـێبەر دایـــانیەوە بەر ڕۆژ، پاشـــان چـــووە شـــوێنی گەنـــجە ئاڵۆدەکـــان، لەوێ چـــاوەڕێی کـــــردن، دەیزانـــــی ئەوان لە هەر هەلومەرجێکـــــدا

بەدیاربکەون، بەدیار دەکەون. دەیویست ڕێگاکەیان بگۆڕێ، بۆ ڕێگایەکی دروستتر، دەنا ئەو ڕێگایەشی هەندە پێ ناشیرین و ناپەسەند نەبوو، وەک ئەوەی خەڵک بیریان لێ دەکردەوە، چونکە کۆمەڵێک شت هەبوو خەڵک دەیانکرد ئەو گەلێک لە ماددەی هۆشبەری ئەو گەنجانە بە مەترسیدارتری دەزانی، کەچی کەس نەیدەبینی. ئەو هەمیشە ئاگای لە زمانی خۆی بوو، لێ نەدەگەڕا وەکو زمانی ئەو خەڵکە بەخراپ ووشەیەک فڕێ بدات، کەس پێی بریندار بێ، چونکە پێی وابوو بریتی ووشە زۆر لەبریتی بەرد قوڵتردەو هەرگیزیش شوێنەکەی تیمار نابێ. ئەو ڕۆژە زۆر چاوەڕێی گەنجەکانی کرد و هەر ڕووی لە دەروازەی گۆڕستانەکە بوو، کەچی دواکەوتن. ناچار بیری کردەوە بە ناو گۆڕەکاندا پیاسەیەک بکات، هەر لەگەڵ پیاسەکردنەکەش نوسینی سەر کێڵەکان بخوێنێتەوەو ناوی سیانی مردووەکان ببینێ. ئەوەش هەم چێژی پێ دەبەخشی، هەمیش تۆزێک ئازاری دەدا، کە تا دوێنێ ئەوانە لە ژیان دابوون و ئێستا کەسیان نەماون. بەڵام گۆڕستانی بە شوێنێکی بێ

مەترسی دادەنا، پێی وابوو هەر بەڕاستی بێ هۆنیە ناوەکەی تری ئارامگەیە، بە تایبەتی کاتێک بێ دەنگی مردووەکان هەموو لایەکی داگرتبوو. پاشان هەرلەو نزیکانە چووە لای کۆمەڵێک گۆڕی تر، بینی لە پشت سەری گۆڕەکان، گۆڕێکی بچووک هەیە، ئەوەندە بچووک، هەر دوو بستێک دەبوو، لەسەر ئەو بچووکیەش بە دووکاشی سێگۆشە، دووکێلیان لەو لاو لەم لای چەقاندبوو، پێنج پەنجەیەکیش لە زەویەکە بەرز ببۆوە، دەتگوت لانکی منداڵانە. ڕووبا نوشتایەوەو دەستی لە سەر هەردوو کێلەکە دانا، بینی لەسەر سینگی پارچە بەردێکی حەلانی تەنک داندراوەو لەسەری نوسراوە،(بە چاوە بچووکەکانی سەیرێکی دونیای کردو ڕۆیشت). ڕووبا لە ڕێی ئەو نوسینەوە زانی ئەو منداڵە ئەو ڕۆژەی بووە، هەر ئەو ڕۆژەش مردووە. بەڵام دیاری نەکرابوو چەند کاتژمێر یان کەمتریش ژیاوە.

ڕووبا لەو کاتە کەوتە بیرکردنەوە لەوەی ئەو ماوەکورتە دەبێ هەستی بەچی کردبێ، ئایا ئەگەر لەو شوێنەی دەڵێن مرۆڤ زیندوو دەبێتەوە، ئەگەر

زیندوو بێتەوەو لێی بپرسن ژیان لای ئەو چۆن بووە، دەبێ چۆن وەسفی بکات؟ چی تێگەیشتبێت لەو ماوە کورتە؟ ئەگەر گەورەکان تەمەنی درێژی خۆیان بۆ ئاشکرانەکەن، دەبێ ئەو چۆن بکەوێتە گێڕانەوەی ئەو ماوەیەی ئەو تێیدا ژیاوە؟ دەبێ چۆن وەسفی ئەو دیمەنانەو ئەو ئەزموونە چەند کاتژمێریە بکات، کە بینیویەتی؟ ڕووبا هەر لەو ڕێیەوە تۆزێک قوڵتر ڕووچوو لەبیرکردنەوەکانی، هەر لەبەرەخۆی گوتی کێ دەڵێ ئەو هەموو ئەزموونەی مرۆڤایەتی لەو ماوەی مرۆڤ پێی وایە شێست حەفتا ساڵ زۆرە دەژی، لەچاو تەمەنی دوورودرێژی دونیای بێ کات و شوێن و فراوان، زۆر نزیک نیە، لە بیرکردنەوەکانی ئەو منداڵەی تەمەنی ڕۆژێکیش نەبووە؟

لەوێ هەستی بەساوایی مرۆڤ کرد، لە ئەزموون و بینینی ئەو ماوە کورتەی ئەو منداڵە لەبار چووە بینیبووی. ئەو گۆڕستانە شوێنێک بوو تا دونیا ماوە بە پڕ واتاوە لەسەری بیری بکردبایەوە، کۆتایی نەدەهات. ڕێک پێچەوانەی ئەو هەموو ئاژاوەو تەشقەڵەو تڕوهاتیەی مرۆڤ بوو، کە نابوویەوە.

نەشیدەزانی بە چ شێوەیەک تازە خۆی لێیان دەرباز بکات. دوای ئەمە هەڵستایەوەو چاوی بە دەوروبەردا گێڕا تا چاو بڕی دەکرد، کێڵ دیار بوو، زۆربەی ناوەکانی خوێندەوە، لەناو ناوەکان مامۆستا، ئەندازیار، زێڕنگر، شەکر فرۆش و بازرگان و شاعیرو مۆسیقاژەن و هەرچی ناوی تر هەیە، هەبوو. لەوێ شتێکی تریش سەرنجی بۆ خۆی ڕاکێشا، بینی کۆمەڵێک گۆڕ نزیک یەکن، گۆڕەکان بە دیوارێکی بەرد، حەوشەیەکیان بۆ کرابوو، دەرگایەکی نەویشی لێ بەسترابوو بۆ هاتوچۆ، لە هەرچوار دەوری دیوارەکەش لە دیوی ژوورەوەڕا دارو گوڵ چاندرابوو، لە ماڵی دەوڵەمەندێک دەچوو، لە گەڕەکێکی هەژار نشین هەڵکەوت بێ.

کە بە دەرگاکەدا چووە ژووڕێ، بینی هەموو گۆڕەکانی ناوی لە بەردی گران بەهاو کاشی پێکهاتووە، دوو باغچەی بچووکیش کەوتبووە لای ڕاست و چەپ، گوڵی ڕەنگاو ڕەنگی لە خۆ گرتبوو، کەسی سەردانیکەر دەبوا، بە بەینی هەردوو باغچەدا بچێتە ژوورەوە. کە ناوی سەر یەکێک لە کێڵەکانی

خوێندەوە، بۆی دەرکەوت ئەو کۆمەڵە گۆڕە کە ئەو حەوشەو باغ و باغاتە لە خۆی گرتوون هی بنەماڵەی ئاغا کۆنەکانە. ئینجا کە لەوێ تۆزێک گەڕاو پاشان هاتەدەرەوە، بینی لەو دەورەوبەرە کۆمەڵێک گۆڕ هەن کێڵیان هەر نیە، وەک ڕۆژی یەکەم چۆن نێژراون هەر ئەوها ماینەوە. هەروەها هەندێک شوێن هەبوو بە تەنیا لە ناو پارچە زەویەکی گەورە گۆڕێکی لە خۆی گرتبوو، شوێنیش هەبوو، گۆڕەکان ئەوەندە لەپاڵ یەک لێدرابوون، دەتگوت مردووەکان بە مردوویش لە قەرەپەستانێدان، ئەوەش نیشانەی ئەوە بوو خاوەنی مردووەکان هەندێکیان سەرمایەداربوونەو لەوێش زەوی باش و شوێنی فراوان و ئارامیان کڕیوە، هەندێکیشیان هەژار، لە کەم دەرامەتیان لە تەک یەک نێژراون. بەڵام لەهەمووی سەرنج ڕاکێشتر ئەوەبوو لەسەر هیچ کێڵێک نەبوو، نەنوسرابێ (کل نفس ذائقة الموت).

(١٠)

ئـــاینوری کچـــی داودی دارتـــاش ئەو ڕۆژە ڕاســـتەوخۆ لەنـــاو جێگـــاکەی هـــاتە دەرەوە، دەبـــوا بچـــێ مریشـــکێکی ڕەش بکـــڕێ و دانـــی ئێـــوارەکەی بیبـــاتە لای خەلـــیفە، بـــۆ ئەنجامـــدانی ڕێـــو ڕەســـمەکە. بـــۆ مریشـــک کـــڕینەکە تەلەفـــۆنی بـــۆ لیـــای هـــاوڕێی کـــرد، گـــوتی دەمەوێ بچـــمە بـــازاڕ، دەبـــێ لەگەڵـــم بێـــی. لیـــاش بە گـــاڵتەوە پێـــی گـــوت چـــیە دەڵێـــی لەگەڵ خەلـــیفە ژوانـــت هەیە؟ ئـــاینور پێکەنـــی گـــوتی چـــاومۆن قســـەی خـــۆت هەردەکەی، وەرە زووبە.

ئینجا لە جێگاکەی دەرهات و پرچە دریژو خاوەکەی داهێنا، پاشان دەموچاوی شووشت و کەمێک سووراوی لە لێوەکانی دا. هەندەی پێنەچوو لیا هاتە دوای، بەیەکەوە چوونە مەیدانی پەلەوەران، هەرچی باڵندە هەبوو لەوشوێنە لەوبەرو ئەم بەری دوکانەکان لە قەفەس کرابوون، کۆتر لە لایەک بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوەو بوغە بوغی دەکرد، بولبول لەسەر ئەو تێلی ناو قەفەسەکەی دەچووە سەر ئەم تێل. کەرۆشکی زەرد و سپی و شین خەریکی خواردنی تووڕو کەرەوز بوون لە هەندێک قەفەس.

ئەوان یەکەم جاربوو ڕێیان بکەوێتە ئەو شوێنە، تەنیا لەماڵەوە بۆ قوتابخانە چووبوون، لەقوتابخانەش بۆ ماڵەوە گەڕابوونەوە، هەفتەی جارێکیش چووبوونە ناو بازاڕ، چاویان لە کەل و پەلی ژنان گێڕابوو و سەیری ئەنگوستیلەو مکیاج و دەرمان بۆیاغی ڕەنگاوڕەنگیان کردبوو نە زیاتر.

دونیایەکی بچووک و جوان و بۆن خۆشیان هەبوو، کەچی ئێستا هاتوونەتە ناو دونیایەک پڕە لە دوقە دوق و بوغە بوغ و جریوە جریو، ئەوان بەوە دڵخۆش

بـــوون، کە باڵنـــدەو ئاژەڵەکانیـــان دەبینـــی، تەنـــانەت لە پیاوەکـــان جیـــاوازتر مامەڵەیـــان لەگەڵیـــان دەکـــرد، ئەوان ڕاســـتەوخۆ دەیانویســـت بـــیخەنە باوەشـــیان و ماچیـــان بـــکەن. بەڵام لەبەر بـــۆنی جیقـــنەو پاشـــماوەی ئاژەڵەکـــان ئۆقرەیـــان لەبەر بڕابـــوو. چـــونکە کەس مەیـــدانەکەی پـــاک نەدەکـــردەوە. ئەو مریشـــکەش خەلـــیفە داوای کردبـــوو، بەزەحـــمەت بەدەســـت دەکەوت، چـــونکە مریشـــک هەبـــوو ڕەش، دوو ســـێ تـــاڵ لە کلکـــی ســـپی بـــوو، یـــان دووســـێ تـــاڵ لەســـەرە باڵەکـــانی، یـــان بـــن گەردەنـــی خەتـــی ســـپی پێـــداهاتبوو، بەڵام مریشـــکێک نەبـــوو ڕەش ڕەش، بـــێ ئەوەی قەتـــرەیەک ڕەنگـــی ســـپی پێـــوە نەبـــێ. شـــتی وا دەگـــمەن بـــوو، ئەو ســـەرو ئەم ســـەری بازاڕەکەیـــان کـــرد مریشـــکێکی وایـــان نەدۆزیەوە، تـــا بە ناچـــاری لە پیاوێکیـــان پرســـی دەمـــانەوێ مریشـــکێکی ڕەش بکـــڕین، هـــیچ نیشـــانەیەکی لەســـەر نەبـــێ. پیـــاوەکەش نـــاردنی بـــۆ دوکانێـــک، گـــوتی تەنیـــا ئەگەر ئەو هەیبـــێ، مریشـــکی زۆرە، پێـــی بڵـــێن دەرویـــش ئـــێمەی نـــاردووە، بـــێ ئومێـــدتان ناکـــات. ئەوانـــیش چـــوونە دوکـــانەکە بینیـــان پیـــاوێکی باڵامناوەنـــد لە دیـــار قەفەســـەکان ڕاوەســـتاوە،

سەرو ڕیشی بۆیاغ کردۆتەوە، کە سڵاویان لێ کرد دەرکەوت پیاوێکی چەقەسووی زۆربڵێیە. پێی گوتن بێجگەلە مریشک کەڵەبابیشمان هەیە، کچەکان بەو قسەیە سەرودڵیان گیرا، ئاینور گوتی مامە من بۆ مریشک هاتووم. پیاوەکەش گوتی مریشکت بۆ چیە؟ ئاینور گوتی خەڵک بۆ چیتیان؟ دواتر ئەوە چ پرسیارێکە لە کڕیارەکانت دەیکەی؟ پیاوەکە گوتی وەڵا تا ئێستا کڕیاری وەک ئێوە نەهاتۆتە لام، ئەگەر ڕاستیشت دەوێ دەتوانم بڵێم هەر نەهاتۆتە بازاڕی پەلەوەرو ئاژەڵانیش. لەگەڵ ئەو قسەیە دەستی لەبۆ قەفەسەکە برد و مریشکێکی ڕەشی دەرهێنا، مریشکێک ئاینور لەڕەشیان دەمێک نەیدەوێرا دەستی لێبدات. پیاوەکە گوتی فەرموو لێمی وەرگرە. ئاینور بە حاڵ لە پیاوەکەی وەرگرت. پیاوەکە لەوکاتەی ئەو سەیری مریشکەکەی دەکرد، چاوەکانی خستە سەرسینگی ئاینور، لەو کەمە ڕووتیەی ڕوانی کە شان و مل و کەمێک بەرزی مەمکەکانی تێدا دیاربوو. لەپڕ ئاینور گوتی ئەوە بە چەندە؟ پیاوەکە وەڵامی دایەوە لێگەڕێ بەخۆڕایی بیبە. ئاینور گوتی نا،

سوپاس. پیاوەکە گوتی پەنجا هەزار، کەچی خۆی بای پازدە هەزار بوو، دەیزانی ئەوانە کچن و لەو مامەلانە نازانن. ئاینور گوتی بۆ ئەوەندە گران؟ پیاوەکە گوتی چونکە ڕەشە، مرشکی ڕەش گرانە، تەنانەت هەر نیە.

ئینجا بە هەزار بینەو بەردە بە چل هەزار پێیدان، لەکاتی پارە وەرگرتنەکەش دەستی لە دەستی ئاینور خشاند، ئاینور هەستی بەوە کرد، بەڵام نەیویست لەو بازارە کە بە دەگمەن ژنی لێ بوو خۆی تووشی کێشە و بۆڵە بۆڵ بکات، بە تۆڕەیی لە دوکانەکە چووە دەرەوەو لیایش بە دوای کەوت پیاوەکەش تا دوور کەوتنەوە هەر سەیری سمت و ڕانیانی دەکرد. لە جل و بەرگەکانیانەوە سەیری بەوە دەهات ئەوانە بۆ مریشک هاتوون. هەندەی پێنەچوو، دەرویشەکە خۆی گەیاندە لای دوکانداڕەکە و گوتی بەو هیوایەم گرانت پێ نەفرۆشتبن. دوکانداڕەکە گوتی تۆ واز لە گران و هەرزان بێنە، وەڵا پیر جارێک لەگەڵ ئەوانە بخەوێ گەنج دەبێتەوە.

بەڵام چۆن دەڕەخسێ؟ دەستی ئێمەو داوێنی ئەوانە بە قەد منارەی چۆڵی و بەری ئاسمان لێک دوورە.

مەگەر لە بەهەشت خوا بە حۆریەکانی قەرەبۆمان بۆ بکاتەوە؟ دەرویشەکە خەندەیەکی کرد گوتی قەرەبۆی چی؟ دوکاندارەکە گوتی بۆ قەرەبۆی چی؟ ئێمە لێرە چیمان بینیوە تا لەوێش هیچمان پێ نەدرێ، خۆ بەتەمانی لەوێش هەر دەرویشاتی بکەی؟ دەرویشەکە گوتی نا دەچم وەکو خەلیفە حەمدون مالێک دادەنێم، ژن و کچەکان هەڵدەخەڵەتێنم. دوکاندارەکە گوتی خوایە تۆبە، چۆن وادەڵێی ئەو کوڕی شێخی گەورەیە. دەرویشەکە گوتی نەفرەت لە شێخی گەورەبێ، بۆ تۆ پێت وایە ئەو چی بوو؟ مار بە ماخۆ نەچێ حەرامە، ئەو تا گەنج بووم و تەڕاتیم تێدابوو هەموو تەمەنم بە خۆڕایی بەخشی لە سایەی فرت و فێڵەکانی. کە پیربووم، بە خۆم هاتمەوە، بەڵام ئەوکات درەنگ بوو.

شێخ لە تەکیەکەی بە ئێمەی دەگوت نەکەن نەزەر بکەن، دوایێ زکرەکانتان بەتاڵ دەبێتەوە هەر زەرگێک لە خۆتان بدەن دەمرن، کەچی بە خۆی لە وڵاتان دەگەڕا و ڕایدەبوارد، ئێمە نەماندەزانی، چونکە بە پاکی قاڵ ببووینەوە، خەومان بە خواوە دەبینی. کە شەیتانی دەبووین، چل ڕۆژ دەگریان دەمانگوت

نەدەبوا ئەوە ڕووبدا، شتێک هاتۆتە نێوان ئێمەو خودا. ملی هەر دەرویشێکت بگرتبا، لە خودی شێخ پاکیزەتر بوو. مریشک فرۆشەکە گوتی چۆن دەزانی شێخی ڕەحمەتی فێڵباز بوو؟

دەرویشەکە وەڵامی داوە. چۆن دەزانم؟ من لەناو هەناوی ئەواندا دەژیام، ئاگام لە هەندێک شت نەبوو تا دوورکەوتمەوە، هەندێک شت تا لێی دوورنەکەویەوە وەک خۆی نایبینی، بەتایبەتی ئەو شتانەی پیرۆز دەکرێن و خۆشەویستن. ئەوە ئێمەی نەزان و نەفامین، لە شەڕەکان دەکوژرێین، لە تەکیەکان دەبینە شوێنکەوتووی شێخەکان، چەپڵە بۆ ئەو کەسانە لێدەدەین هەڵیان خەڵەتاندووین.

سەرباری هەموو ئەو شتانەش بەو دواییانە زانیم شێخ کە لە ژیان دابوو سەماکەرێکی سووری مارە کردبوو، سەماکەرەکەش بۆ ئەوەی ڕازی بێ، چل ملیۆن دیناری لە حەقی مارەییەکەی لێ وەرگرتبوو.

کەچی ئێمەی دەرویش نان نەبوو بیخۆین، شەروالّەکانمان پینەی پێوەبوو، ژن و منداڵی هەندێکمان لە برسان دەگریان. ئێمەش لە تەکیەوە

فێربووین ئەوانیش ڕابێنین خوا ڕازقە، بۆ ئەوەی دواتر چۆن شێخایەتی لەباوانەوە بۆ کوڕی شێخ دەمایەوە، ئەوهاش لەباوانەوە دەرویشایەتی بۆ منداڵەکانمان بمێنێتەوە. تا گەورەبن دووبارە نەوەی ئێمە ببنەوە دەرویشی کوڕی شێخ، وەک چۆن باوکیان دەرویشی شێخ بووە. ئەوان پیلانیان دادەنا بۆ نەوەی نەوەیان تا بە پلەو پایەی گەورەیی بگەن. ئێمەی دەرویشیش بە عەشقی خواوە لە تەکیە خەریکی حاو و حو بووین.

ئاخر ئەگەر ئەو پیاوێکی چاک بوایە، پیاوێکی چاکی بەجێ دەهێشت لەدوای خۆی، بەڵام چونکە بەخۆی کەوتبووە دوای هەوەسەکانی و تەریقەتەکەی بەڕەڵا کرد، بینیت لەگەڵ کۆچی ئەو چۆن تەکیەکە تێکچوو و دەرویشەکان پەرتەوازە بوون؟ خەلیفە حەمدونی کوڕیشی ماڵەکەی کردە شوێنی نوشتەو دوعا.

***** ***** *****

ئاینورو لیا پێکەوە چوونەوە ماڵی دایکی لیا، چونکە زووبوو، ئاینور دەبوا دوای نیوەڕۆ بچێتە لای خەلیفە حەمدون، نەشدەبوا بەو مریشکەوە بگەڕێتەوە ماڵی خۆیان، لەبەر ئەوەی لە لایان دایکیەوە دەکەوتە بەر پرسیاری ئەوەی ئەو مریشکەی بۆ چیە؟ ئەویش نەیدەویست ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە ناوەختە ببێتەوە.

دایکی لیا ژنێکی بەتەمەن بوو، بەڵام کەم سەری لە سەوداو فرت و فێڵەکانی دونیا دەردەچوو، ئەوەش وای لێ کردبوو هەردەم بە ئاسودەیی بژی، فێڵیان لێ بکردباو لەگەڵیشی ڕاستگۆبان هەردووک لەلای وەکو یەک بوو، زۆر بەکەمیش پرسیاری لە دەوروبەری دەکرد، کە چاوی بە لیاو ئاینور کەوت، لێیان چووە پێش، ئاینورو لیا سڵاوێکیان لێکرد، ئەویش وەڵامی دانەوە. ئاینور بەرلەوەی ئەو بپرسێ، ئەو مریشکە چیە؟ مریشکەکەی لەکارتۆنەکە دەرهێناو گوتی دیاریەکی جوانە وانیە؟ دایکی لیاش لە دەستیان وەریگرت و گوتی بەڵێ پێدەچێ بۆ کەسێکی گوندیتان کڕی بێ؟ ئاینور دڵی بەو قسەیە کرایەوە، گوتی بەڵێ

ئەوە چۆن زانیت؟ دایکی لیا گرینگی بە قسەکەی ئاینور نەدا، گوتی ڕەنگە تێنوو و برسی بێ، ئینجا لەحەوشە داینا و چوو هەندێک ساوەری درشتی هێنا، لەگەڵ کەمێک ئاو. کە لە پێش مریشکەکەی دانا، مریشکەکە دەندوکی لە قاپە ئاوەکە ناو دوو سێ جار سەری بڵند کرد، بۆ ئەوەی ئەو ئاوەی خستویەتیە سەر زمانی بە ئاسانی بە گەرووێدا بچێتە خوارێ. پاشان دەستی بە دان خواردن کرد. دایکی لیاش لە دیاری دانیشتبوو، چێژی لە دیمەنەکە دەبینی، لە جیاتی بە باریک لێکۆڵینەوە سەری خۆی بێشێنێ و بەئەنجامیش نەگات.

لەوکاتە خەلیفە حەمدونیش لە ماڵەکەی خۆی خەریکی ڕێکخستنی ئەو ژووڕە بوو کە کەوتبووە لای دەستە ڕاست و ئەو ڕۆژەی لیا و ئاینور بۆ یەکەمجار چوونە لای، ژنەکەیان بینی لێی هاتەدەرەوە.

خەلیفە کۆمەڵێک پەلکە گوڵی ڕەنگاوڕەنگی هەڵوەراندبووە ناو سەبەتەیەک. پەلکە گوڵەکان پێکهاتبوون لە ڕەنگی زەردو پەمبەی کاڵ و سوور و شین، هەرهەمووشیان بۆن داربوون، بە شێوەیەک

هەموو ناو ماڵەکەی خەلیفەی پڕ بۆن کردبوو، هەوای بۆنەکە کە دەگەیشتە ناو کونە لوتی هەرکەسێک دەتگوت لە بەهەشتەوە ئەو کزە بایە هەڵیکردووەو خەڵکی مەست و حەیران دەکات.

خەلیفە لە ژوورەکە کۆمەڵێک مۆمی دانابوو، لەگەڵ گۆزەیەک ئاوی تریێ، جێ و بانێکی نەرم و ئاوریشمداریشی ڕایەخستبوو، گیادەرمانێکیشی گرتبۆوە لەناو قاپێک. ئەو ڕۆژە کەس نەیدەزانی بەتەمای چیەو دەیەوێ چی بکات، خۆی نەبێت. دوای نیوەڕۆ ئاینور بەخۆی و بەو کارتۆنەی مریشکەکەی خستبووە ناوی بەرەو ماڵی خەلیفە بەڕێکەوت، خەلیفەش لە ژووری پێشوازیەکەی دەهات و دەچوو، وەک کەسێک ژوانی هەبێ و نەتوانێ لە شوێنەکەی خۆی ئۆقرە بگرێ.

لەپڕ ئاینور لە دەرگای دا، خەلیفە تۆزێک خۆی غافڵاند، ئاینور دووبارە لەدەرگای دایەوە، خەلیفە دیسان نەیکردەوە، ئەو منداڵەی بەردەوام پێدەکەنی و دەرگای لە خەڵک دەکردەوە، کە گوێی لێ بوو، لەو دەرگایەی دوو ژوورەکەی خەلیفە نوشتەو دوعای

لێـــدەکرد، لێکـــی جیـــادەکردەوە، هـــاتە دەرەوە ویســـتی دەرگـــای حەوشـــەکە بکـــاتەوە، خەلـــیفە گـــوتی کـــوڕم مەچـــوو، بەخـــۆم دەچـــم، بـــڕۆ ژوورەوە، دەرگـــای مـــاڵەوەش داخە بە دایکیشـت بڵـێ مەچـوونە لای خەلـیفە، ئەمڕۆ جن لەگیانی خەڵک دەردەکات.

خەلـــیفە لەومـــاڵەدا خـــۆی و منـــداڵێک و هاوســـەرەکەی مـــابوونەوە، ئەو دووکچـــی تـــری هەبـــوون، زوو بەمێـــردی دابـــوون، هاوسەرەکەشـــی لەو ژنـــانە بـــوو، بـــڕوای تەواوی بە نـــوێژو ڕۆژو پـــلەو پـــایەی خواپەرســـتی مێـــردەکەی هەبـــوو ناوبـــانگی مێـــردەکەی چـــۆن بـــوو لەو شـــارە، لە لای ئەویـــش بە هەمـــان شـــێوەبوو. وەک هەمـــوو ژنەکـــانی تـــر کەوتبـــووە بەر کـــاریگەی مێـــردەکەی و لەناو ئەو توابۆوە.

ئینجـــا خەلـــیفە چـــوو دەرگـــاکەی لە ئـــاینور کـــردەوە، ئـــاینور بە شـــەرمەوە ســـڵاوێکی لـــێ کـــرد، چـــاوە گەورەو ســـەوزەکانی دوو ئەوەنـــدە جـــوانتر خۆیـــان نیشـــان دەدا، لەســـــەر ئەو دوو کـــــوڵمەیەی لە شـــــەرمان ســـــوور هەڵگەڕابـــوون، ئینجـــا لەگەڵ فەرمـــووی خەلـــیفە حەمـــدون پێـــی خســـتە حەوشـــەکەو لەگەڵ هەنگاونـــان پەرچەمە

دریژو ڕەنگ لمیەکانی بەسەر ڕوومەتەکانیدا هاتنە خوارەوە، دەتگوت دەیانەوێ ئەو شەرمە حەشار بدەن نیشتۆتە سەر دەموچاوی.

ئاینور ڕاستەوخۆ بۆنی ئەوهەموو گوڵە هەناسەیەکی قوڵیان پێ هەڵکێشا، هەناسەیەک شەهریاری بەبیرهێناوە، ئەو کوڕەی ئەو، ئەم ڕێیەی بۆ هەڵبژاردبوو، تاکو خەلیفە کارێکی بۆبکات خۆشیبوێ.

کە گەیشتنە بن هەیوانەکە دووبارە ئاینور چاوی کەوتەوە بەو دەستەی چاوەکەی لەناو کێشرابوو و لەگەڵ تێپەڕین بەلایدا، دادەخراو دەکرایەوە، وەک ئەوەی چاوی کەسێکی زیندووبێ. سەرکە ڕێویەکەش دیار بوو لە جێی چاوەکانی دوو مۆری گەورەیان بۆ دانابوو، دەتگوت ئەویش سەیری ئاینور دەکات. بێ ئەوەی چاوی بتروکێنێ. خەلیفە ڕاستەوخۆ مریشکەکەی لە ئاینور وەرگرت و لەسەر زەویەکەی دانا، پاشان سەری کارتۆنەکەی کردەوەو سەیرێکی کرد، بەدەم سەیرکردنەوە، گوتی ئافەرین کچی باش، ئەوە نایابە.

ئینجا کارتۆنەکەی بە مریشکەکەوە هەڵگرت و بردیە ئەو ژوورەی ڕازاندبوویەوە، لەوێ لە قونیچکێک داینا، پاشان لە ژوورە تایبەتیەکە هاتەوە دەرێ و لەو ژوورەی پێشوازی لە خەڵک دەکردو قسەی لەگەڵیان دەکرد، دانیشت، بە ئاینوریشی گوت دانیشە.

ئاینوریش لە بەرامبەری دانیشت و خەلیفە تۆزێک سەیری کرد، پاشان گوتی، کچی جوان، عارف و پیاوەگەورەکان و زانایان بە شێوەی جیا جیا لە عەشقیان ڕوانیوەو هەریەک پێناسەیەکی بۆ کردووە، بەڵام من وا بیری لێ ناکەمەوە، وەک ئەوان بیری لێ دەکەنەوە، من پێم وایە عەشق غەریزەیە، ئەو کاتەی دوودڵدار پێک دەگەن بەتاڵدەبێتەوە، لەگەڵ بەتاڵ بوونەوەش عەشق کۆتایی دێ، ئەو کاتەی پێکیش ناگەن عەشقەکە لەسایەی ئەو غەریزە پەنگخواردووەی ناخیان دەبێتە مەراقێکی ئەبەدی، مەراقێک ڕەنگە هەندێکیان شێت بکات. شێتبوونێک چاک بوونەوەی زەحمەت بێ. ئاینور گوتی دەڵێن تۆ چاکیان دەکەیتەوە، ئەوە ڕاستە؟ خەلیفە حەمدون وەڵامی دایەوە بەڵێ. ئاینور گوتی چۆن؟ بە چ

ڕێگایەک؟ خەلیفە گوتی ئەوە نهێنیەکە پەیوەندی بە خودی شێتبووەکەوە هەیە، نابێ بدرکێندرێ.

ئاینور لەو کاتە قسەیەکی هەستیاری کرد نەدەبوایە بیکات، کە بەرامبەر هەرکەسێک و هەر یەکێک بکرێ، دانیشتن و پەیوەندیەکە دەگۆڕێ بۆ حالەتێکی هەستیارو جیاواز. گوتی بەمنیش نالێی؟ ئەو ئەم قسەیەی لە قۆڵایی ناخیەوە نەبوو، هەر ویستی مەراقی زانینی نهێنیەکە بەمشێوەیە بە دەست بێنێ، نەیزانی خەلیفە سەدەها ژنی هاتۆتە لای و بەڕێی کردوون، هەموو ئەو سەراوودەراوانەی ئەزموون کردووە. بەڵام دڵی بە قسەکەی ئاینوریش خۆشبوو، لەسەر ئەو بارەش لە سیحری ژنان بۆی نەبوو دەربازی بێ، بۆیە وەڵامی دایەوە بەڵێ، بە تۆی دەڵێم بەڵام لە کات و ساتی خۆی، با بەتەواوی متمانەت پێبکەم ئینجا.

دوای ئەو گفتوگۆیە، خەلیفە هەڵستاوە و بە ئاینوری گوت هەستە با کات بە فیڕۆ نەدەین، ڕەنگە ڕێیوڕسمەکەمان زۆری بوێ، با بچینە ئەم ژوورە، کە ئاینور هەستایەوەو لە بەردەرگای ژوورەکە

پێڵاوەکانی داکەند، لەگەڵ خەلیفە چووە ژوورەکە، لەوێ کە بۆنی خۆشی گوڵەکان توند تر بوو، زانی ئەو بۆن گوڵەی هەموو هەوای داگیرکردووە، سەرچاوەکەی لەو ژوورەیە.

چونکە بۆنەکە لەوێ زیاتر دەهات، دەتگوت ژوورەکە شوێنی بۆن دروست کردنە. ئاینور کە کەوتە ناو هەوای ژوورەکە و چاوی بەو جێ و بانە نەرم و ئاوریشمدارە کەوت ڕاستەوخۆ هەستی بە وروژان کرد. بەڵام ترس لە خەلیفە زیاتر بەسەریدا زاڵ بوو. کە چاوی بە سەبەتە پەلکە گوڵەکانیش کەوت خۆی پێ نەگیرا، چووە لای و لەسەر چیچکان دانیشت دەستێکی خستە ناو سەبەتەکەو چەنگێکی بە نەرمی لە پەلکە گوڵەکان دا، ئینجا دەستی تۆزێک بڵند کرد و پەلکە گوڵەکانی لە کەلەنی پەنجەو ناولەپی دانە دانە بەردایەوە خوارێ. خەلیفەش سەیری دەستە سپی و پەنجە باریکەکانی و نینۆکە بە بۆیاغەکانی دەکرد، چۆن لەگەڵ ئەو پەڕە گوڵانە ئەو دیمەنە جوانەی دروست کردووە، دیمەنێک وا هەستی دەکرد، ئەو پەڕەگوڵانەو ئەو دەست و پەنجەیە سروشتی چەند

جـوانتر کـردووە، جـوانیەک بە هەمـوو تەمەنـی تـا ئەو کـاتە نەیبینـی بـوو. ئینجـا بە ئـاینوری گـوت لەسـەر ئەو جێـیە دانیشـە. ئـاینوریش وەک ئەوەی حـوکم بـێ دەبـێ چـی پـێ گـوت بیکـات ،بە گـوێی کـرد، لەسـەر جێگـاکە دانیشـت، خەلـیفەش کە ئەو ڕۆژە کـورتەک و شـەروالێکی ڕەشـی پۆشـی بـوو، لەگەڵ پشـتێنێکی شـینی گـرێ گـرێ، لە ڕۆژەکـانی تـر، کەمێـک گەنجتـر دیـار بـوو، پشـتێنەکەی لە پشـت کـردەوە. پاشـان دەسـتی دا ئەو جـامەی دەرمـانە گیـاییەکەی نـاو گرتبـۆوە، بە مراکیـک تێکـی دا، کە هەسـتی کـرد، نـاو جـامەکە، ئـاوی گیـایەکە ڕەنگـی تـۆخ بـووە، دایە دەسـتی ئـاینور، گـوتی بیخـۆوە. تۆزێـک تونـدە، بەڵام هەوڵـدە بیـر لە تـامەکەی نەکەیەوە، زوو قـووتی بـدە. ئـاینور بە هەردووک دەسـت جـامەکەی لـێ وەرگـرت، ئینجـا لێـوە بە سـووراو ڕەنـگ کردووەکـانی بە لێـوی جـامەکە وەنـا، قـومێکی لە گیـراوەکە خـواردەوە، خەلـیفە پێـی گـوت کەمێکـی تـریش بخـۆ، ئەویـش لەسـەر قسـەی خەلـیفە هەمـان شـتی دووبـارە کـردەوە. پاشـان خەلـیفە جـامەکەی لێـوەرگرتەوەو لە لایەکـی دانـا، دواتـر چـوو، لە پشـت

پەردەیەکی ڕەنگ شیری کە بە لادیواڕێک هەڵواسرابوو، کەس نەیدەزانی چی لێیە، بڕێک غافڵا، لە پڕ دەنگی مۆسیقایەکی خاو بەرز بۆوە، مۆسیقایەک بۆ سەمایەکی دووکەسی بشێ.

ئاینور کە گوێی لە مۆسیقاکە بوو، سەری سووڕما، چونکە ئەو ناو و ناوبانگەی خەلیفەو مۆسیقا، گەلێک لێک دوور بوو. پیاوانی ئاینی بە هەموو شێوەیەک مۆسیقایان حەرام کردبوو، دەیانگوت کاری شەیتانە، مرۆڤ تووشی بیرکردنەوەیەک دەکات حەز لە عەیشق و شەڕاب و هاوڕێیەتی ژن بکات.

پێیان وابوو مۆسیقا دەیانخاتە حاڵەتێک دونیای ئێرەو ئاخیرەت ئەوەندە بە گرینگ وەرنەگرن، ئەوانەش لەگەڵ ئیمانی تەواو نەدەگونجا. خەلیفە کە لەپشت پەردەکە دەرهات، زانی ئاینور تووشی شۆک بووە، گوتی چیە؟ پێت وابوو خەلیفەیەکی ئیمانداری بیر ووشکم؟ ئاینور نەیزانی چی بڵێ، گوتی نا، بەڵام سەیرم پێ هات حەزت لە مۆسیقایە، بەو دەنگە نزمەش. خەلیفە گوتی دەستکەوتێکی جوانی مرۆڤایەتیە، هەست دەبزوێنێ، چۆن دەکرێ حەزم لێی

نەبێ. کە خەلیفە وایگوت، ئاینور وەکو هەرکچێک زوو سەرسام بوو، سەرسامیەک کەیفی تاڕادەیەک بە خەلیفە بێ. دەنگی ئەو مۆسیقایەی لەژێر پەردەکش دەهات هەوای ژووڕەکەی تەواو داگیر کردبوو.

خەلیفە ئەوجارە دەستی بۆ ئەو گۆزەیە برد، کە پڕی ئاوی تڕێ بوو، یەکەو هەندێکی لە دوو جام کرد، کە بەر لەهاتنی ئاینور، لە سەرمێزێکی نەوی دانابوو، پاشان یەکێکیانی دایە ئاینورو ئەوەیتریشی بەدەستی خۆی بۆخۆی هەڵگرت، بە ئاینوری گوت چاوەکانت دابخەو ئەو ئاوە بخۆوە، تۆزێک تامەکەی تفتە، بەڵام ناخۆشیش نیە. ئاینور چاوەکانی داخست، جامەکەشی بۆ لێوی برد، خەلیفەش سەیری ڕوومەتە ناسکەکانی و دوو زولفە ڕەنگ لمیەکانی و برژانگە درێژەکانی کرد، کە دەتگوت ڕێزێک قولابی ماسی گرتنن بەدوای یەکدا دادەراون، ئاینور ئاوەکەی خواردەوە، لەگەڵ خواردنەوەی ڕووی گرژ بوو، ڕووگرژیەک تا ئەوپەڕی جوانی لێی دەهات. پاشان هەستی کرد، هەموو لەشی گەرم داهاتووە، گەرم داهاتنێک سەرتاپا گیانی خاوکردەوە. ڕاستەوخۆ دەستەکانی بەرز

کـــردەوەو خـــۆی لێکڕاکێشـــا، توومەســـت خەلـــیفە ئەو دەرمـــانە گیـــاییەی پێیـــدابوو گیـــراوەی هەســـت بزوانـــدنی جـــنس بـــوو، گیـــراوەیەک خـــۆی لە کتێبێکـــی کـــۆنی ســـۆمەڕی دەری هێنـــابوو، کە لەســـۆزانیخانە کۆنەکـــانی نـــاو پەرستگای عەشـــتار ژنـــان دەیـــانخواردەوە تـــا بتـــوانن لەگەڵ پیاوی زیاتر ڕابوێرن.

ئـــاوی تـــرێیەکەش شـــەڕابێک بـــوو خـــۆی گرتبـــوویەوە. خەلـــیفە بـــۆیە شـــەڕاب و گیـــایەکەی بەدوای یەک پێـــدا، تـــا لەڕێـــی سەرخۆشـــی شـــەڕابەکەوە، بە ســـەر زەوقەکەی دا زاڵ نەبـــێ، ئـــاینور کەهەســـتی کـــرد شـــتێک ڕوویـــدا لەنـــاو جەســـتەو ســـەری، چەنـــد جارێـــک بەدوای یەکـــدا دیســـان خـــۆی لێـــک ڕاکێشـــاوە، خەلـــیفە لەڕێـــی جوڵەکـــانیەوە، زانـــی دەرمـــانەکە کـــاری تـــێ کـــردووە. پێـــی گـــوت، ئێســـتا دەســـت بە ڕێوڕســـمەکە دەکەیـــن ئـــاینوریش بەحـــاڵ دەیتـــوانی خـــۆی بگـــرێ، دەنـــا بەویبـــا ڕاســـتەوخۆ لەســـەر ئەوجێگـــا نەرمە ڕاکشـــێ و خـــۆی تێـــدا بخزێنـــێ و چـــۆن دەرمـــان و شـــەڕابەکە دەیجـــوڵێنن، وا هەڵســـوکەوت بکـــات. خەلـــیفە لەو کـــاتە لێـــی نزیـــک بـــۆوەو گـــوتی بـــا

سەما بکەین، ئاینوری خستە باوەشی و دەستی بە سەماکرد لەگەڵی. ئاینوریش تا دەهات زیاتر دەوروژا.
خەلیفە کە هەستی کرد جەستەی شل بووە. پەڕەمووچەیەکی نەرمی هێنا، لەگەڵ کەمێک ڕوونی زەیتون، دیاربوو ڕوونەکە لەگەڵ گوڵاو تێکەڵ کرابوو، بە ئاینوری گوت دریژبە، ئاینور کەمێک شەرمی کرد، بەڵام نەیتوانی بەسەر ئەو بڕە شەرمەدا زاڵ بێ، بەرامبەر هێزی پاڵنەری گیادەرمانەکە، لە شوێنەکەی خۆی دریژ بوو، لەگەڵ دریژ بوون پرچی بە سەر ئەو بالیفەدا پەرش و بڵاو بۆوە، ئینجا تۆزێک خۆی بۆ یەکهێناوەو بە خەلیفەی گوت چی دەکەی؟ خەلیفە گوتی دەبێ بەو پەڕەمووچەیە و ئاوی گوڵی سوور ناوی شەهریاری خۆشەویستت لەسەر لاملت و کەلەنی مەمکت و خوارەوەی ناوکت بنوسم، دواتر خۆت وەرگێڕیە سەرزگ، لەسەر ڕانەکانت و لەسەر ناوقەدت و لەسەر پشتت هەمان شت دووبارە بکەمەوە، دواتر بە ڕوونی زەیتون هەموو لەشت چەور کەم، پاشانیش دەزانی چی لەو هەموو پەڕە گوڵە دەکەم.

ئـاینور ڕازی بـوو. خەلـیفە بە دەسـتی خـۆی بەدیەکەی لەبەری بـوو، لەبەری کـردەوە، ئـاینور ڕاسـتەوخۆ مەمکـدانەکەی بەدیـار کەوت، ڕەنگـی سـووریکی جەرگـی بـوو، هەردوو مەمکەکـانی کە دەتگـوت دوو بەهـیەی زەردو بـۆن خۆشـە لەنـاوی بەشـی سـەرەوەی خۆیـان نیشـان دەدا. خەلـیفە دواتـر پانتۆڕەکەشـی لە لینگێکـی داکەلانـد، دواتـر لاقەکەی تـری بڵنـد کـردو بەیەکجـاری لەبەری کـردەوە، سـەیریکرد مایەکەشـی لەهەمـان ڕەنگی مەمکدانەکەیەتی.

ئینجـا پەڕە گوڵەکـانی نـاو سـەبەتەکەی هێنـاو بە لەشـی ئـاینوری داکـرد، پێـداکردنێک هێـدی هێـدی بەری دەدایەوە خـواری، تـا لەشـی ئـاینوری داپۆشـت لەنـاو ئەو پەڕە گوڵە ڕەنگاو ڕەنگانە.

پاشـان دەسـتی بە بـۆن کردنـدنی کـرد لەنـاو پەڕە گوڵەکـان، وەک ئەوەی بـیەوێ زۆرتـرین و جیـاوازترین چێـژ ببینـێ، چێژێـک تـێکەڵەیەک بـێ لەگەڵ بـۆنی کـچ و پەڕی گوڵ.

کە زانـی ئـاینور تەواو خـۆی لە دەسـت داوەو هەوەسـت بەسـەریدا زاڵە، جلەکـانی خۆشـی لەبەرکـردەوە، ئینجـا

لەلا تەنیشتێکی ڕاکشاو پەڕەمووچەکەی دەست کردێ، سەرەتا بە لێوەکانی داهێنا، دواتر بردیە بن گەردەنی و هێدی هێدی بەولاو بەم لای ملی داخشاند، ئاینور لەگەڵ ئەو پەڕەمووچەیە، کە بە لەشە جوان و سپیەکەی دەکەوت، مووچڕکەی بە هەموو لەشی دادەهات، چەرمی قۆڵەکانی هەموو دنک دنک ببوون، بەهۆی بەرزبوونەوەی مووەکانی. لەگەڵ جوڵەکانی خەلیفە چیتر خۆی پێنەگیراو لەناو پەڕە گوڵەکان تۆزێک گەوزی و خۆی خستە سەر زگ، سەری لەسەر قۆڵەکانی دانا، خەریک بوو دڵی لەوێ لەخۆی ببێتەوە.

خەلیفەش دەرفەتی پێنەدا دووبارە پەڕەمووچەکەی بە پشت ملی داهێنا، دواتر لەتەنیشتڕا بەناوقەدیدا چووە خوارێ، تا گەیشتە تەنیشت ڕانەکان و قۆرتی پشت چۆکی، ئاینور لەسەر جێگاکەی لەگەڵ شوێنە هەستیارەکان دەجوڵایەوە، جوڵانەوەیەک هیچ لەدەست خۆی نەمابوو، خەلیفە پەڕەمووچەکەی بردە نزیک پێی و خستیە کەلەنی پەنجەکانی. پاشان چەند جارێک بەبنی پێی داهێنا، ئاینور ڕاستەوخۆ خۆی

کشـــــاندەوە دواوە، وەک ئەوەی حەزبکـــــات خەلـــــیفە لەســـەری درێـــژ بـــێ. خەلـــیفەش کە هەســـتی بەمە کـــرد، بەنەرمـــی لەســـەر ســـمت و نـــاوقەدو پشـــتی درێـــژ بـــوو، لاشـــەی خەلـــیفە لەچـــاو لاشـــەی ئـــاینور، دەتگـــوت ئەســـپێکە، دەیەوێ خـــۆی بخـــاتە جـــوانیەکی ناســـک. ڕاســـتەوخۆش دەســـتی ڕەوانکـــردە ئەم لاو ئەو لای و بە خـــۆی وەنوســـاند، لەنـــاو ژوورەکە کەســـێک بیـــدیتبان، تەنیـــا خەلـــیفە دیـــاربوو، ئـــاینور بە تەواوی وون ببـــوو لەژێـــری. خەلـــیفەش نەیدەویســـت ئەو بـــۆن و بەرام و چێـــژە وازوو بە ئەنجـــام بگەینـــێ، دەیویســـت جـــارێ هەر لەو لەشە نەبێتەوە.

پاشـــان جلەکـــانی ژێـــرەوەی ئـــاینورو خـــۆی داکەنـــدو ڕاســـتەوخۆ چـــووە ســـەری، لەگەڵ تەکانێـــک خـــۆینی کچێنـــی ڕێشـــت، بەســـەر پەڕەگـــوڵە ناســـکەکاندا. ئـــاینوریش لە نێـــوان چێـــژو ئـــێش، کەوتە ئـــاخ و ئـــۆف، ئـــاخ و ئۆفێـــک کەس نەیـــدەزانی لەبەر چێـــژە، یـــان لەبەر ئێشـــەکەیە. لەوکـــاتەش بە نـــیمچە سەرخۆشـــیەوە کە خەلـــیفە لەســـەری بـــوو، نـــاوی شـــەهریاری دەهێنـــا، وەک ئەوەی هەست بکات ئەوە، نەک خەلیفە.

خەلیفە کە خۆی بەمشێوەیە دەبینی کچێکی تا بڵێی ناسک و جوانی لە ژێرە، کەیف خۆش بوو، وەک ئەوەی بەو پەڕی چێژ گەیشتبێ لەو دونیایە، نەیدەزانی هەر چێژێک خۆشەویستی هەردوولای لەگەڵ نەبێ، بەتاڵە. ئەو بەمشێوەیە خۆی و ئاینوریشی هەڵخەڵەتاندبوو. بەسەر هیچ دەرفەتێکیشدا بازینەدەدا، وەک ئەوەی دوژمنێکی سەر سەختی خۆی دابێتیە بەر خەنجەر.

دوای تەواو بوون، هەردووکیان لەناو پەڕی گوڵەکان لەسەر جێگا ئاوریشمیەکە، لە هیلاکیان بێ دەنگ بوون و کەوتن. کەوتنێک بیانەوێ بخەون، خەلیفە بەدەم ماندووبوونەوە، ڕوو لە ئاسمان گوتی سوپاسی تۆ دەکەین خوایە کە ژنت دروست کرد، ئەو دووژمنەی پڕ بەدڵ خۆشمان دەوێ. دووژمنی سەرکەوتنەکانمان.

کە هەم بە ئاسانی فریومان دەدات و هەمیش دڵمان دەداتەوە. ئاینور کە گوێی لەو قسەیەی خەلیفە بوو سەیری پێهات، بەڵام ئەو لەگەڵ لەدەستدانی پەردەی کچێنیەکەی زەوقی ئەوەی نەمابوو هیچ بڵێ، هەستی

دەکـــرد شـــتێک ڕوویـــداوە، نەدەبـــوایە ڕووبـــدا. بەڵام مـــانەوەی گیادەرمـــانەکە لەنـــاو لەشـــی نەیدەهێشـــت لەوە زیـــاتر پەشـــیمان بێـــتەوە. خەلـــیفە ســـەری گـــرت و هێنـــایە ســـەر ســـینگی خـــۆی، ڕیشـــی خەلـــیفەو پرچـــی ئـــاینور تـــێکەڵ ببـــوون، ئـــاینور بەزمـــانی حـــاڵ گـــوتی بـــۆوات لـــێ کـــردم؟ خەلـــیفە لەگەڵ ئەو قســـەیە ســـەری قیـــت کـــردەوەو ســـەیری چاوەکـــانی کـــرد، بینـــی دەگریـــێ، فرمێســـک بە گۆشەی چاوەکانیدا هاتۆتە خوارێ.

ئەویـــش دەســـتێکی بە فرمێســـکەکانیدا هێنـــاو گـــوتی ڕازیکردنـــی شـــەهریاری خۆشەویســـتت، تەنیـــا بەو ڕێـــیە دەکـــرا، مـــن چیـــبکەم؟ هەمـــوو کتێـــب جادووەکـــانم خوێنـــدەوە ئەوهایـــان گـــوت، ئەگەر دەزانـــی منـــیش چەنـــد بە زەحـــمەت ئەو کـــارەم کـــرد، قەت وا نـــاڵێی لە ڕووی پیـــاوێکی جـــوامێری وەکـــو مـــن، خـــۆ هەرزەکارێـــک نـــیم چـــاوم لە چاوچـــاوانێ و ســـەرجێیی بـــێ، ژن و منـــداڵم هەیە. مـــن لە بەرخـــاتری تـــۆ وام کـــرد، پێویســـتم بەو خـــوێنە بـــوو کە لە پەردەی کچێنیـــت ڕژا ســـەر ئەو پەڕە گـــوڵانە بـــۆ جـــادووەکە، دەبـــێ لەگەڵ خـــوێنی ئەو مریشـــکە ڕەشەی هێناوتە تێکەڵی بکەم.

لەگەڵ ئەو قسەیە لەشۆینەکەی هەستاوە، دووبارە جامەکانی پڕ شەڕاب کردەوەو پێیدا، گوتی بابخۆینەوە، بەدەم دوعاوە چیشم گوت بڵێ (ئامین) ئاینور هەستاوەو لەشۆینەکەی خۆی دانیشت. هەردووک بەڕووتی یەکەو جامێک شەڕابیان بە دەستەوە بوو، ئەو ژوورە لە هیچ شۆینێکی ئەم دونیایە نەدەچوو، مۆزیک، شەڕاب، دوعا، ناوی خوا، مریشکی ڕەش، جنس، پەڕی گوڵ، بۆنی خۆش، فێڵ، نوشتە. هەمووشتێکی تێدا تێکەڵ کردبوو. دەتگوت پەرستگایەکە بۆ ڕابواردن و عیبادەت و گوێگرتن لە مۆسیقا کراوە.

پێش ئەوەی شەڕابەکە بخۆنەوە، خەلیفە سەری بۆ ئاسمان بەرز کردەوەو گوتی خوای گەورە، شەیتانی بەهێز، سەرۆکی جنان، ئێوە هەمووتان ئێمەتان تووشی شەڕەکانی خۆتان کرد، هەرلایەکتان ویستتان هەست و سۆزی ئێمە بۆ خۆتان ببەن، لەپێناو ویست و ئارەزووەکانی خۆتان، وەکو چۆن دوو دوژمن، بەشەڕدێن و هەموو شتێک دەکەن، بۆ ئەوەی یەکتری بێ هێز بێڵنەوە، ئێمە لەو بەینە زەرەرمەند بووین،

کەوتینە نێوانی دووبەردە ئاش، چونکە هەر دوو لاتان لە ئێمەی مرۆڤ بە هێزتر بوون. شەیتانێکی گەورەو زیرەک، کە وانەی بە چەندین هەزار مەلایەکەت دەگوت، لەگەڵ خوایەک کەون و کائیناتی دروست کردووە، چۆن دەرەقەتتان بێین، چۆن جارێک بە ئەوتان، جارێکیش بە ئەم تان هەڵنەخەڵەتێین؟

کە هەردوولاتان کۆمەڵێک شتی سەرنج ڕاێکێشتان هەیە بۆ هەڵخەڵەتاندنمان.

بۆیە من، منی خەلیفە حەمدون ناچار بووم، دڵی هەردوولاتان ڕازی بکەم، هەم کەسێک بم شەیتانی، هەمیش خوایی، لێمان ببوورن. لێمان ببوورن بۆ ئەو کارەی ئەمڕۆ من و ئاینور کردمان. ئاینور لەگەڵ ئەو قسەیە گوتی (ئامین). خەلیفە دریژەی پێداو گوتی داوا دەکەم لە هەردووکتان، یارمەتیمان بدەن، جنەکان ڕاسپێرن، شەهریاری دڵخوازی ئاینور بیرکردنەوەی وەرچەرخێ و چاوی بکەوێتە سەر عەشقی ئاینور، ئێمەش ئەمڕۆ قوربانیتان بۆ دەکەین، خوێن دەبەخشین. بۆ شەیتان خوێنی کچێکی پاکیزە، بۆ خواش خوێنی مریشکێکی ڕەش، ئینجا خوێنەکان

تـێکەڵ دەکەیـن و پەڕی گوڵەکـانی تێهەڵـدێنین. ئەوەش نیشـانەی ئەوەیە ئـێمە هەردووکتـان پێـک دێنیـنەوە و ڕازیتان دەکەین، بەو خوێنانە.

پەڕەگوڵەکـانیش نیشـانەی خۆشەویسـتی ئێـوەیە لە دڵـی مـرۆڤ، ئێـوە بۆتـان هەیە ڕقتـان لەیەک ببڕێـتەوە، بەڵام بۆتـان نـیە ڕقتـان لەو کەسـە ببڕێـتەوە کە لەیەک کاتـدا هەردووکتـانی خۆشـدەوێت و ڕێزتـان لـێ دەگـرێ، یـان بـڕوای بە هیچتـان نـیەو دان بە بوونیشـتان دانـانێ، یـان یەکێکتـانی خـۆش دەوێـت و پشـت لەوەکەی ترتـان دەکـات. بەڵام ئـێمە، مـن و ئـاینور لایـانگری نـاکەین، سـتایش و سـەنامان بـۆ هەردوولاتـان هەیە، وەک چـۆن پێغەمـبەریش درووی خـوای لەسـەر بـێ دەفەرموێ(هەمـوو شـتێک خێـری تێـدایە لە هێڵـێ ناوەڕاسـت.) واتـا هەڵبژاردنـی هەردووکتـان گرتنـی ناوەنـدی دارەکەیە. ئەوەش بـۆ ئـێمەی مـرۆڤ خـراپ نـیە، چـونکە دووهێـز هاوکـارت بێـت باشـترە، لە یەک هێـز. جـا بەوهیـوایەن هەردووکتـان ئـاینور بە شـەهریار بگەیەنـن. ئـاینور دووبـارە گـوتی(ئـامین) خەلـیفەش بە دوایـدا سـێ جـار لەسـەریەک گـوتیەوە (ئـامین، ئـامین،

ئـــامین). ئینجـــا خەلـــیفە هەســـتاوە ســـەر پێیەکـــانی و دەستی ئاینوریشی گرت، ئەویشی هەستاندەوە.

گـوتی کـاتی ئەوەیە مریشـکەکە سـەر ببـڕین. تـۆ دەبـێ چەقـۆیەکە بە ملـــی دابێنـــی. ئـــاینور لەگەڵ ئەو قســـەیە تەزوویەک بە گیـانی داهـات، چـونکە تائەوکـاتە چەقـۆی بەملـــی هـــیچ گیانلەبەرێـــک دانەهێنـــابوو، ئەنجامـــدانی ئەوکـارە گەلێـک زەحـمەت بـوو بـۆی، دەتگـوت مـرۆڤێکە هێشـتا فێـری خوێنڕێشـتن نەبـووەو هـاتۆتە نـاو جیهانێـک دەیانەوێ فێری بکەن.

ئـــاینور گـــوتی نـــاتوانم، ئەوە کـــارێکی قورســـە. خەلـــیفە گـوتی خـانم نـاتوانی لەم جیهـانە بـژی و فریشـتەش بـی، فریشـتەکان جێیـان جیهـانێکی تـرە، جیهـانی ئێـرە هەر لەیەکەم مـرۆڤەوە بە خوێنڕێشـتن دەسـتی پـێ کـردووە و هەر بە خوێنڕێشتنیش کۆتایی دێ.

هابیـــل و قابیـــل نمـــوونەن لەســـەرەتا. لەبـــۆ کۆتـــاییش هـــاتنی دەجـــال و دابەزینـــی عیســـاو مەحەمەدی مەهـــدیش هێشـــتا مـــاوە. دەڵـــێن خـــوێن ڕێشـــتنی گەورە لەوکـــاتە دەسـت پێـدەکات، تـۆ باسـی چـی دەکەی؟ ئینجـا دەسـتی گـرت و بـردیە لای ئەو کـارتۆنەی ئـاینور مریشـکەکەی

تێدا هێنابوو، بە ئاینوری گوت دەریبێنە، تا من تەشتێک و چەقۆیەک ئامادە دەکەم. ئاینور بەڕووتی لەسەر کارتۆنەکە ڕاوەستا، دەتگوت پەیکەرێکی ئیرۆتیکە، هیچ نەدەجوڵایەوە.

خەلیفەش هەندەی پێ نەچوو لە قونیچکێکی ژوورەکە چەقۆ و تەشتەکەی هێنا. تەشتەکە بەقەد سێرێکی نان کردن گەورەبوو، چەقۆیەکەش قولانجێک دەبوو، لەشەوقی مۆمەکان دەبریسکایەوە.

خەلیفە بینی ئاینور هێشتا ڕاوەستاوە. ئەویش بە ڕووتی لەتەنیشتی ڕاوەستا. کیروگونی دوای جووت بوون دەتگوت مشکێکی تۆپیوە بە کلکی سەراو ژێر هەڵواسراوە، گوتی مریشکەکە دەر بێنە، دەبێ تۆ ئەوە ئەنجام بدەی .

ئاینوریش کە گوێی لە خەلیفەبوو، ئەوجارە تۆزێک هێزی دابەرخۆی و نوشتایەوە. سەری کارتۆنەکەی کردەوەو بینی مریشکەکە خۆی مات کردووە، لەناو ئەو بڕە ڕۆناکیەی ژوورەکەی داگرتبوو، هەر ئەوەتە دەبیندرا، دەستی کردێ و لەکارتۆنەکە دەری هێنا.

خەلیفە زانی ئاینور دەترسێ، مریشکەکەی لێوەرگرت و لەسەر لاتەنیشتێک خستیە ناو تەشتەکە.

دەستی ئاینوریشی گرت و گوتی وەرە پێش، چەقۆکەشی هەڵگرت و دایە دەستی، بە خۆشی نوشتایەوە سەر مریشکەکە، بن ملی گرت و گوتی ئێرەی بگرەو چەقۆیەکە بە گەردەنی دابێنە، ملیشی بەرمەدە با خوێنەکە نەڕژێتە سەر زەوی. ئاینوریش ئەوەی خەلیفە پێی گوت بوو، وای کرد، بن ملی مریشکەکەی گرت و چەقۆکەی لێ نزیک کردەوە، مریشکەکەش بە لاچاوێک سەیری ئەو دوو مرۆڤەی دەکرد، بزانێ چی لێدەکەن، لەپڕ شتێکی تیژی بە مل داهات، لەگەڵ ئەو بڕە ئێشە تەزوویەک گیانی داگرت، لەشەکەی خۆی بینی، کە چۆن سەرکەکەی لێی جیاکراوەتەوە، ئەو هێشتا ئەوەندە هۆشی مابوو تێبگا چ ڕوویدا. هێدی هێدی خوێن لەناو تەشتەکە سەرەکەی لەخۆی نقووم کرد، مریشکەکەش کە گۆمی خوێنەکە گەیشتەچاوی، لەشەکەی خۆی لێ وون بوو. بەڵام بە تەواوەتی بینی چۆن ئەو بەڵانەی بەلەشی وەیە لێکدەدا، ئەوە یەکەمین دیمەنی خۆی بوو، خۆی

ببینێ لە دووڕا، بەڵام بێ سەر، ئەگەرچی ئەو کارە ژیانی ئەوی بە کۆتا هێنا، بەڵام شتێکیشی پێ نیشان دا، بەمەرگ نەبا نەیدەبینی، ئەویش خۆی بوو لەکاتی باڵە فڕکێ. ئینجا خەلیفە کە زانی مریشکەکە گیانی دەرچوو، دەستی لەناو تەشتەکەناو مریشکەکەی بڵند کردە ئاسمان، گوتی ئەی خوای گەورە، بە قوربانیەکەمان ڕازیبە، بێ وەفاییمان لەگەڵ مەکە، وەک چۆن لەگەڵ باوکە ئیبراهیم نەتکرد. لەوکاتە خۆیێنی مریشکەکە کە لە هەواوە بە دەستی خەلیفەوەبوو، دەڕژا ناو تەشتەکە. ئاینوریش سەیری دەمی خەلیفەو ئەو دیمەنەی دەکرد. خەلیفە کەوای گوت، مریشکەکەی داناوە ناو تەشتە پڕ لەخوێنەکەو چووە ئەو شوێنەی لەگەڵ ئاینور جووت بوو، لەناو پەڕەگوڵەکان، ئەو پەڕانەی هەڵگرتەوە کە بە خوێنی پەردەی کچێنی ئاینور ببوون، بە هەردوو دەست هەڵی گرتنەوە و بردیە نزیک تەشتەکە، لەوێ وەک چۆن مریشکەکەی بەرزکردەوە، ئەوهاش پەڕەگوڵەکانی بەهەردووک دەست بەرزکردەوەو وەک کەسێک نزابکات، ئەوها دەردەکەوت، گوتی ئەی ئەو

مەلەکەی خەڵک بە شەیتان ناوت دەبەن و لەسایەی بوێریەکەت، نەفرەتت لێ دەکەن، چونکە بەرەنگاری خوا بووی‌یەوە، ئەو خوێنەی بەو پەڕە گوڵانەوەیە، خوێنی پەردەی کچێکی پاکیزەیە، ئەمڕۆ من بەو هێزە شەیتانیەی تۆ خستبووتە ناو سەرم و دڵت خۆشدەبوو بە گوێم بکردبای، کردم. بەرەنگاری نەک خواوەندێک بووم‌ەوە، بەڵکو بەرەنگاری سەدان خواوەند بووم‌ەوە. خواوەندانی ناو خێزان، خواوەدانی کەلتورو عەرف و عادەت، خواوەندانی ئاین، خواوەندانی فەلسەفەو ئەخلاق و وێژدان، خواوەندانی مافی ژنان و مافی مرۆڤ، ئەمڕۆ بەو کردارەم بتی هەموویانم تێکشکاند، یاساو ڕێسای هەموویانم لە خۆم دامالی، ئەوەش شەیتانیەکە پڕبە دڵی تۆ، چونکە دەزانم کێشەت لەگەڵ خوایەتی هەیە.

لەمەوبەدواش هیچ هێزێک نیە من ڕاگرێ، تەنانەت پیربوون و مەرگیش، چونکە کە دەگەمە ئەو دوو قۆناغە شتێک نەماوە نەیکەم. جا بەرامبەر ئەو خوێنەی بۆتۆ ڕێشتم و کردمە قوربانی، ئاینورو شەهریار پێک بگەینە.

ئـــاینور کە گـــوێی لە خەلیفەبـــوو وادەڵـــێ، چاوەکـــانی چوقانـــدو دەســـتی وەکـــو نـــزای هنـــدیەکان پێـــک وەنـــاو پەنجەکانی خستبووە بن چەنەگەی، گوتی (ئامین).

خەلـیفە گـوتی پێویسـت ناکـات، ڕوولە شـەیتان بکەیـن و بڵێـین (ئـامین)، ئـامین بەس بـۆ خـوا بەکـاردێ، ئەوەی ئـێمە لە شـــەیتانمان دەوێ، جیـــاوازە لەگەڵ ئەوەی ئـــێمە لە خوامـــان دەوێ. ئـــاینور دوای ئەو قســـەیە گـــوتی جەنـابی خەلـیفە چـۆن خـوا لێمـان خۆشـدەبێ لەسـەر ئەو خراپیـــانەی دەیکەیـــن؟ خەلـــیفە گـــوتی گـــوێبگرە خـــوا بە تەنیـــا فەرمـــانڕەوا نـــیە، خـــواو شـــەیتان پـــێکەوەن، هەردووکیـــان لەژێـــرەوە پەیوەنـــدیان هەیە، پەیوەنـــدیەکی پـــتەو و پـــڕ لە هـــاوڕێیەتی، بەڵام لەســـەرەوە وا خۆیـــان دەردەخەن دوژمنـــی یەکـــن، حەقـــی خۆشـــیانە، ئەگەر وانەکەن، ژیـــان دەوەســـتێ. گریـــان و پێکەنـــین و ئازاروخۆشـــی و بیرکـــردنەوەو بیرنەکـــردنەوەو، شەڕوئاشـــتی و کوشـــتارو ناکوشـــتار و دەســـتدرێژی و پاکیزەیی نامێنێ.

ئەوانـن ژیانیـان کـردۆتە دووبەش، ڕەش، سـپی، گەرمـی، ســـاردی، ڕق، خۆشەویســـتی. ئەودوو هێـــزەش کە

بەشـــەڕدێن، وەرچەرخـــان و پێشـــکەوتن ڕووەدات، بەڕێوەچـــوون ناوەســـتێ، مـــن قســـەیەکت پێـــدەڵێم بەڵام لای کەس مەیـــدرکێنە، خـــوا بـــێ شـــەیتان دونیـــای پـــێ بەڕێـــوە نـــاچێ، بـــۆیەش ئەوکـــاتەی شـــەیتان گـــوتی سـوجدە بـۆ ئـادەم نـابەم، دەسـتی نەچـووێ لە نـاوی ببـا، دەنا لە توانایدا هەبوو ئەوە بکات.

شـــەیتانیش نەبـــا ئـــێمە هەرگیـــز بە عەیبەکـــانی خوامـــان نەدەزانـــی، بەهەرحـــاڵ وەرە بـــا هەنگاوبـــاوێین بـــۆ قۆناغەکانی تری ڕێوڕسمەکە.

ئینجـا پەلـکە گـوڵە بە خوێنەکـانی کـردە نـاو تەشـتەکە، لەگەڵ خـــوێنی مریشـــکەکە تێکـــی وەردا، دواتـــر بە چەقـۆکە زگـی مریشـکەکەی هەڵـدڕی، لە بەشـی پێشـەوە ڕیخەڵـۆک و زراو و ئەنـدامەکانی تـری دەرهێنـا، خسـتیە نـــاوعەلاگەیەک و لە دەرەوەی تەشـــتەکەی دانـــا، بە ئاینوریشـــی گـــوت ئەو پیســـایەی لە نـــاو ئەو ڕیخەڵـۆکەدایە بـڕژێتە نـاو ئەو تەشـتە، هەمـوو شـتێک تێـک دەچـێ، مـن ئەوە بـۆ لێـک کردنـی ژن و مێردەکـان بە کـاردێنم. ئـاینور گـوتی بـۆ؟ چـۆن دەسـتت دەچێـتە لێککردنیـان؟ خەلـیفە گـوتی چـونکە بە درۆ لەگەڵ یەک

دەژین و لەگەڵ یەک دەخۆن و دەخۆنەوە، تەنیا خوویان بەیەکتر گرتووە، دەنا خۆشەویستی و عەشقێک لە نێوانیان دا نەماوە، منیش دەمەوێ لەو ڕەوشە دەربازیان بکەم. نازانم بیرت لەوەکردۆتەوە یان نا، باوکت بۆ بە قسەکانی دایکت هەڵدەچێ، چەند واتاداریش بێ، کەچی کە ژنێکیتر دەبێتە هاودەمی و لەگەڵی دادەنیشێ و قسەی بۆ دەکات بەتامەزرۆییەوە، گوێی لێ دەگرێ؟ دەزانی هۆکارەکەی چیە؟ تەنیا غەریزەیە.

ئینجا بەدەم ئەو قسانەوە بە نوکی چەقۆیەکە پەردەی ناوەڕاستی زگی مریشکەکەی دڕاند، بە ئاینوری گوت دەستت بێنە، کە ئاینور دەستی برد، گوتی ئەو دڵە بە دەستی خۆت ڕاکێشەو لێی بکەوە، ئاینوریش بە ترسەوە دەستی کردە دڵەکە، دڵەکە ناو دەستی لوس و گەرم بوو، خەلیفە گوتی چیم گوت بە دوامدا بیڵێوە. ئاینوریش ئامادەیی خۆی دەربڕی.

خەلیفە گوتی بڵێ ئەی شەهریار من دڵی تۆ دەبەم و لە ڕیشەوە هەڵیدەکێشم، وادەکەم بێ من هەڵنەکەی و بەردەوام هەست بکەی دڵت دێشێ و ژانی عەشق

چـۆتە نـاوگەدەو دوازدەگـرێ و ڕێخەڵۆکـت، ئەو ژانەی لەئێشی سەدان گوللە ناخۆشترە.

ئەو ژانەی مـرۆڤ ئـاڵۆدەی خـۆی دەکـات و نەدەتـوانێ وازی لێبێنـــێ، نەدەشـــتوانێ بەرگەی بگـــرێ، بە هەڵواســـراوی دەیهێڵێـــتەوە. ئەو ژانەی وا لە مـــرۆڤ دەکـات چێـژ لە هـیچ نەبینـێ و چـاوی هـیچ نەبینـێ و تـامی هـیچ نەکـات، ئەو ژانەی کە مەعشـوق لە عاشـق بـوو، پـاڵ بە خـاوەنەکەی دەنـێ ڕوو لە ئاقـاران و دامێنی چیاکان بکات.

ئـاینور کە ئەوانەی بە دوای خەلـیفەدا گـوتەوە، دڵەکەی ڕاکێشـا، لە ڕەگ و ڕیشـەی جیـا کـردەوە، ئیتـر بـۆ ئەو جەســتەیە بـووە بێگـانەیەک، وای لێهـات هـیچ پەیوەنـدیەکی نەمێنـێ بە هـیچ لە ئەنـدامەکانی. تەنـانەت ئەگەر لە شـوێنێک و دەم ڕێگـایەک بـدۆزرێتەوە، وەکـو شـتێکی نائاشـنا لێـی بـڕوانن. پاشـان خەلـیفە دڵەکەی لە ئـاینور وەرگـرت و بە پـارچە پەڕۆکێـک خـاوێنی کـردەوە، هـیچ خـوێنێکی پێـوە نەهێشـت. لە سـەر خـامێکی سـپی دانـا، ئینجـا پەڕە گـوڵە خوێناویەکانیشـی دەرهێنـا، کە ئەوانـیش خوێنەکەیـان لـێ چـۆڕا، دایـنـانە تەنیشـت

دڵەکە، پەڕە گــوڵە بە خــوێن ســووربووەکان و دڵــی مریشــکەکە لەســەر ئەو خــامە ســپیە دیمەنێکــی ســەرنج ڕاکێش و سەیری نیشان دەدا.

ئەوجــارە مریشــکەکەی بڵنــد کــرد تــا خــوێنەکەی تەواو لــێ چــۆڕا، دواتــر داینــا ســەر پــارچە خــامێکی تــر، پاشــان لە شــوێنەکەی هەڵســتاوەو چــوو دەرزی و داوێکــی هێنــا، بە پــارچە خــامەکەش مریشــکەکەی بەتەواوی لە خــوێن پــاککردەوە، تەنــانەت نــاو زگە بەتاڵەکەشــی، دوای پــاککردنەوەی مریشــکەکە پەڕە گوڵەکــانی تێکــرد، دواتــر دڵەکەی بڵنــد کــردو بە ئــاینوری گــوت مــاچی بــکە، وەک چــۆن ئێســتا دڵــی شــەهریارت لەلابــا ماچــت دەکــرد. ئــاینوریش دەمە جــوان و بچــووکەکەی بە دڵەکە وەنــا، چاوەکانیشــی نوقانــد، هەناســەیەکی قــوڵی هەڵکێشــاو پــڕبە دڵ مــاچێکی لە دڵەکە کــرد، خەلــیفە لەگەڵ ئەو مــاچە، حەزی چــووە مــاچی دەمــی ئــاینور و گــوتی چاوەکانــت بچــوقێنەو دەمــت بــۆ دەمــی مــن بێــنە، ئــاینوریش وای کــرد، خەلــیفە دەمــی بە ســمێڵە تەنــکە لە خەنەنــراوەکەیەوە خســتە نــاو دەمــی ئــاینور، دەمێــک ئــاوی نــاو دەمــی مــژی. دەتگــوت دڕکێکــی سێســۆی تیــژە

کەوتۆتە سەر خونچە گولێکی ناسک و جوان خوێنی دەمژێ و لێی نابێتەوە.

ئاینور هەستی کرد هەناسەی ئیتر تەنگ بووە، دەمی لابرد، خەلیفە هەناسەیەکی هەلکێشاو دڵەکەی لێوەرکت، ئەویشی خستە ناو زگی مریشکەکەو سەر پەڕەگوڵەکان. دڵەکە لەناو ئەو پەڕەگوڵانە دەتگوت بەردێکی گران بەهایە لەبنی دەریا کەوتووە لەناو گژوگیای ڕەنگاوڕەنگ. بە دەرزی و داوەکەش زگی مریشکەکەی دووریەوە، دواتر سەرەکەشی بە لەشەکە وەناوە. مریشکەکە لە دووڕا، هیچ پێ نەدەچوو سەری بڕابێ و ناو زگی دەرهێندرابێ، ملی لەسەر زەویەکە لار ببۆوە، دەتگوت خەوتووە. ئینجا خەلیفە بڵندی کردو لە لایەکی ژوورەکەی دانا.

پارچە خامێکی تری خاوێنی پێدادا، مریشکەکە لە ژێرخامەکە لە مەلۆتکەیەک دەچوو، داپۆشرابێ.

ئەو ڕۆژە خەلیفە چی بە میشک داهاتوو چۆن دەیزانی چێژ لەو کچە ناسک و جوانە دەبینێ، درێخی لێ نەکرد، بەڵام چیتر کات دەرفەتی پێنەداو ئیتر دەبوا بەرلەوەی ئێوارە دابێ، ئاینور بەڕێبکات. چونکە

نەدەبوا لەماڵەوە دوابکەوێ. گەرماوێکی بچووک لە قونیچکێکی ژوورەکە هەبوو، بە ئاینوری گوت دەبێ خۆمان بشۆین، بە ئاوی ساردیش.

ئەو بۆیە وای پێگوت بە ئاوی سارد، تا سەرخۆشیەکە بەری بدا. ئینجا بەیەکەوە چوونە گەرماوەکە، ئاوپڕژێنێکی نیکل بە بنمیچەکەوە بوو، خەلیفە کردیەوەو خۆی دابەر ئاوەکە، کە لە نمەی بارانێکی نەرم دەچوو.

بە ئاینوریشی گوت وەرە با پێکەوە تەڕبین، ئاینوریش لە خەلیفە نزیک بۆوە، گەرمی شەڕابەکە لە ناو خوێنی کە هێشتا دەهات و دەچوو، ئەو ئاوە ساردەی پێ خۆش نەبوو، ئەگەرچی هێشتا هەوا مامناوەند بوو، بەڵام خەلیفە دەستی گرت و ڕایکێشا بەر ئاوەکە، ئاینور هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، وەک ئەوەی ویستبێتی بمرێ و هەناسەی هاتبێتەوە بەر، خەلیفە پێکەنی گوتی چی بوو کچی بچکۆڵ ساردبوو؟

ئاینور بەسەرلەقاندن وەڵامی دایەوە بەڵێ. خەلیفە لەوکاتە دەستی کردە شامپۆیەک و هەندێکی لەناو لەپی ڕووکرد، پاشان بە لەشی ئاینوری داهێنا،

شـــامپۆیەکە کەفێکـــی زۆری لەســـەر لەشـــی ئـــاینور دروســـت کـــرد، ئینجـــا هەندێکیشـــی لە خـــۆی داو بەیەکەوە خۆیـــان شوشـــت. هێـــدی هێـــدی ئـــاینور دەهـــاتەوە ســـەرخۆی، لەگەڵ هـــاتنەوە ســـەرخۆش، هەســـتی بە گونـــاهێکی زۆر دەکـــرد، هەســـتی دەکـــرد، خیـــانەتی لە دەســـتە مانـــدووەکانی داودی دارتاشـــی بـــاوکی و ڕێـــزە بـــازنە تەنەکەکـــانی دایکـــی کـــردووە. خەلـیفە کە درکـی بەوە کـردو ئەزمونیشـی هەبـوو، گـوتی هەمـــوو نوشـــتەکردنێک پاشـــان دڵـــت تونـــد دەکـــات و وادەکـــات پەشـــیمان بـــیەوە لەو کـــارەی کـــردووتە. بەڵام نابێ لەبیرکەی ئامانجی کارەکە چی بووە؟

مـــرۆڤ وایە هەمـــوو قوربـــانیەک دەدات بـــۆ عەشـــقەکەی، تـــۆش ئەمـــڕۆ پەردەی کچێنیـــت کـــردە قوربـــانی، چیبکەین؟ هەر ئەو چارەمان هەبوو.

ئـاینور گریـا، گـوتی چیمـان کـرد؟ مـن تـا نەهـاتمە ئەو ژوورە دەسـتم بە دەسـتی کەسـێک نەکەوت بـوو، هەنـدە ئاگـــام لە پـــاکیزەیی و ئـــارامی دەروونـــی خـــۆم بـــوو، ئیستا ئەوەی نەدەبـوا بیـدۆڕێنم، دۆڕانـدم. خەلـیفە گـوتی غەمـــت نەبـــێ، کە شـــەهریارمان ڕازی کـــرد و هـــاتە

داوات، مـــن پەردەکەت بـــۆ چـــاک دەکەمەوە. ئـــاینور گـوتی مـن مەبەسـتم تەنیـا پەردەکە نـیە، مەبەسـتم ئەو هەمـوو ئاگـالێبوونە لەخـۆمە بەدرێژایـی ئەوەنـدە سـاڵەی پێگەیشـــــتوومەو خـــــۆم پاراســـــتووە، لە یەک ڕۆژ لەدەسـتم دا. خەلـیفە گـوتی ئەوەی خـوا لەچـارەی نوسـی بـــی لە ڕۆژی بەرێ، نـــاتوانی ڕێـــی لـــێ بگـــری، ئـــێمەی بەنـــدە چـــین لەچـــاو گەورەیـــی و توانـــای خـــوا؟ ئەگەر ئەونەینوســـــیباو پێـــــی ناخۆشـــــبا کـــــارێکی وابکەیـــــن، دەیتـوانی دڵمـان بگـۆڕێ بـۆ کـارێکی باشـتر، لە قورئـانی پیـــرۆزیش هـــاتووە(خودا ویســـتی لەســـەر شـــتێک نەبـــێ، نـــابێ.) کەواتە ئـێمە هەڵەنـین. هەر تاوانێکـت کـرد، کە مـن پـــێم وایە تـــاوان نـــیە و لە دەرەوەی ئیـــرادەی ئـــێمەدایە، پێمان دەکرێ.

جارێـــک ئەوەی پێـــت خۆشـــە بـــیکەو جارێـــک مەیـــکە، بەمشـێوەیە چـاکەو خـراپە بەرامـبەر دەبـێ و کەسـمان لە کەســـە. هەرچیشـــت کـــرد، بـــڕۆ گەرمـــاو خـــۆت بشـــۆ، دواتـــر لەبیـــریکەو وادابنـــێ هـــیچ نەبـــووە. ئـــاینور گـــوتی ئێسـتا مـن چیـبکەم؟ خەلـیفە گـوتی لێـرە چـوویە دەرەوە شـتی وات بە میشـک داهـات کە ئەمـڕۆ کردمـان مەیـکە،

بەمشێوەیەش وەک گوتمان جارێک بە گوێی شەیتانت کردوەو جاڕێکیش بە گوێی خوا، کردەوەکانت بەرامبەر دەبێ، نە گوناحبار دەبی، نە بێ گوناح. خەلیفە بەم لۆژیکە تەواو ئاینوری خستبووە ژێر ڕکێفی خۆی، وە بەو قسەیەش پێی گوت لە دەرەوە شتی وا مەکە، دوو ئامانجی هەبوو، یەک دەیویست ئاینور بگەڕێتەوە لای خۆی، ئەگەر حەزی چووە جنس، دووش دەیویست دەروونی ئاسودە بکات لەوەی ئەمڕۆ لەگەڵی کردووە.

ئینجا خەلیفە هەر بە ڕووتی چۆوە پشت پەردەکەو مۆسیقاکەی ڕاگرت، قورئانێکی خستە سەر، بە ئاینوری گوت جلەکانت لەبەر بکە، لەگەڵ دەنگی قورئانەکەش فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتە خواری. ئاینوریش کە جلەکانی لەبەر کرد، خەلیفە گوتی وەرە لێرە ڕاوەستە، ڕوو لە قیبلە، بەخۆشی جلەکانی خۆی پۆشی و لەو ڕووتیە دەربازی بوو، ئینجا دوو دووگردی هێناو یەکێکیانی لە پێش ئاینور دانا، ئەوەکەی تریشی لە پێش خۆی، هەر دووکیان چوونە سەر دووگردەکان. خەلیفە گوتی پێویستە نوێژ بکەین،

نوێژی ڕاستەقینەو پڕبەدڵ تەنیا ئەوکاتە ڕووەدا، مرۆڤ تاوانێکی گەورەی کردبێ، بۆیە ئێستا پێموایە نوێژەکەی ئێمە بەسۆزو پڕ بڕواترین نوێژە دەیکەین، لەگەڵ ئەو قسەیە دەستی بەرزکردەوەو ناوی خوای هێنا. ئاینوریش بە دوایدا گوتیەوە، هەردووکیان دەستیان بە نوێژەکەیان کرد، کە گەیشتنە کڕنوش بردن، سەریان تونەد بە زەویەکەوە ناو لە قورپەی گریانیان دا، گریانێکی بە کۆڵ، ئەردو ئاسمان بە زەیی پێیان دەهاتەوەو هەستی بە گوناح و بەستەزمانی ئەو دوو مرۆڤە نێرو مێیەو هەموو مرۆڤایەتیش دەکرد. ئەوان دەتگوت لە کاتی کڕنوش بردن بە بەرد بوونە. بەهۆی ئەوەی خۆیان بە تاوانبار دەزانی، لەوکاتە گوێڕایەڵترین عەبد بوون. خەلیفە لەبنەوە فرمێسکەکانی بە لێشاو دەڕژا سەر دووگردەکە، ئاینوریش لەو خراپتر.

ئینجا هەڵستانەوەو ئەرکەکانی تری نوێژەکانیان تەواو کرد، دوای ئەو گریانە زۆرە و ئەنجامدانی ئەم نوێژە بۆ خوا، ئارامی و بێ دەنگیەکی گیانخۆشکەر دایگرتن، هەستیان کرد لە هەموو شتێک خاڵین، هیچ نەماوە تا

چەند کاتژمێرێکی تر حەزیان لێبێ ئەنجامی بدەن. دوای تەواو بوونی ئەم ڕێوڕەسمە دوورودرێژە، خەلیفە گوتیە ئاینور، ئێستا کە ڕۆیشتی، دەبێ ئەو مریشکە لەگەڵ خۆت ببەیە نزیک ماڵی شەهریار، لەوێ لە شوێنێک دایبنێی، بەڵکو کاتێک بۆگەن بوو، بۆنەکەی لە میشکی ئەو کوڕە بدات و وای لێبکات باش بیرنەکاتەوە، ئەگەر کەوتە داوی عەشقی تۆ، چونکە هەر کەسێک ئەگەر عاشقیش بێ، باش بیری کردەوە، بەسەر عەشقەکەیدا زاڵ دەبێت و خۆی دەگرێ. ئێمە دەمانەوێ لە ڕێی ئەو بۆنەوە لاوازی بکەین، تا کاتێک عاشق بوو، وەک پەپولەی لێ بێ بەدەوری چراوە، هیچ سڵ نەکاتەوە لە خۆ خستنە ناو ئاگر. ئاینور ڕازی بوو، کە لە ماڵی خەلیفە هاتە دەرێ، بینی کات درەنگە، ڕۆژ هەندەی نەماوە ئاوابێ.

بە پەلەپەل بەرەو ماڵی شەهریار بەڕێکەوت، ئەگەرچی هەستی بە ئازاری دامێنی دەکرد، بەڵام نەشدەکرا ئەوەی خەلیفە پێی گوتبوو ئەنجامی نەدات لە پێناو مەعشوقەکەی. ئەو ئامادەبوو هەموو ڕێگایەکی سەخت بگرێتەبەر بۆ شەهریار، ئەو ڕەنجدانەش

لەپێناو ئەو عەشقە لەسەر شێوەی تازە، هیچی کەمتر نەبوو لە ڕەنجی فەرهادو کردەوەکانی مەجنون، بەڵام بە شێوەی ژنانە. هەروەها لەو ئەفسانانەش دەچوو کە دەڵێن کوڕێک بۆ خۆشەویستەکەی لە شەوێکی بەفرو باراندا چوو بە شاخێکی ڕەشدا هەڵگەڕا، تا گوڵێک لە لوتکەکە بێنێ و پێی ببەخشێ، یان نەخۆش کەوتبوو و بۆی بکاتە دەرمان.

لە عەشقدا ئەنجامدان بە قەبارە نیە، بە گرتنی ڕێگای سەختو زەحمەت و دژوارە. ئەوەی ئەو چیرۆکە کۆنانەی هێشتۆتەوە تا ئێستا گرتنی ڕێگاکەیە، دەنا شان بە شانی ئەو کەسەی چووە گوڵ لە شەوێکی سەخت بۆ خۆشەویستەکەی بێنێ، کەسانی دەوڵەمەند دەیانتوانی بە سەبەتە گوڵ بۆ خۆشەویستەکانیان بە ئاسانترین شێوە بکڕن و پێیان بدەن، گوڵیش هەرگوڵە. ئاینور کە گەیشتە لای ماڵی شەهریار، ئاوڕێکی لە هەرچوار دەوری خۆی دایەوە، ماڵی شەهریار تەنیشتیان پارچە زەویەک بوو نەکرابووە خانوو، خەڵک ووردەبەردو پاشماوەی کارەکانیان لێ

فڕێ دەدا. ستڵی زبڵەکانیش لەوێ دادەندران تا شارەوانی دەهات بە ئۆتۆمبێلەکان دەیبردن.

ئاینور کە هەستی کرد دەرفەتی هەیە، بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، خۆی گەیاندە ناو پارچە زەویەکەو لەناو کارتۆنەکە مریشکەکەی دەرهێناو بردیە قونیچکێک داینا، پارچە تەنەکەیەکیش کە هەر لەوێ کەوتبوو خستیە سەری.

بە پەلە پەلیش بۆ ئەوەی کەس نەبینێ، ئەوێی بەجێهێشت، چونکە ئەگەر لەوکاتە چ شەهریار، یان خوشکەکەی بهاتبانا دەرێ، ئاینوریان دەناسی، ئەوان لە یەک خوێندنگە دەیان خوێند.

ئاینور کە تەواو دوورکەوتەوە لە ماڵی شەهریار و هەستی کرد تازە نابیندرێ، هەنگاوەکانی شل بوون، ئەو شتانەی هاتەوە بەرچاو کە لەگەڵ خەلیفە کردی، پێی ناخۆش بوو، سەرەتا نەیزانی چۆن ڕاستەوخۆ بچێتەوە ماڵ، لەسەری کۆڵانەکەیان لە سەر کەرتە بەردێک دانیشت، ڕەنگی زەرد ببوو، هەستی دەکرد گەدەی تێکدەئاڵێ و دەیەوێ بڕشێتەوە. ئەوەش زیاتر

هــی گیــراوە گیــاییەکەو شــەڕابەکە بــوو، ئەو فێرنەببــوو هیچ مەیەک بخواتەوە.

لەناکــاو ڕشــاوە، بە پڕەپــڕ ســەری نەوی کــردو پرچــی بە دەســـتێک گـــرت، هەرچـــی خواردبـــوویەوە هێنـــایەوە. لەوکـــاتەش داودی بـــاوکی لە دوکـــانەکەی دەگەڕایەوە، کە ئـــاینوری بەو حـــاڵەوە بینـــی زۆر پـــێ تێکچـــوو، ڕاستەوخۆ خـۆی لـێ نزیـک کـردەوەو گـوتی کچـم چیـتە، بـۆ دەڕشـێیەوە؟ بـۆ لێـرە دانیشـتووی و حاڵـت بەمشـێوە تێکچووە؟ خواردنێکی خراپت خواردووە؟

ئـــاینور کە چـــاوی بە بـــاوکی کەوت ڕاســـتەوخۆ خـــۆی خســـــتە باوەشـــــی، وەک ئەوەی هەســـــت بکـــــات ســـــەلامەتترین شـــوێن تەنیـــا ئەو باوەشـــــەیە. بـــــاوکی گـوتی چیـتە پـێم بڵـێ؟ ئەویـش بـۆ ئەوەی بـاوکی گومـانی هـــیچ نەکـــات گـــوتی زۆر نەخۆشـــم. داودی دارتاشـــیش گـــوتی جـــا کچـــم، ئەوە گریـــانی دەوێ، ئێســـتا دەتـــبەمە نەخۆشخانە، لای پزیشکێک.

ئـــاینور گـــوتی نـــا تەنیـــا دەمەوێ بـــگەمەوە ژوورەکەم و لەســـــەر جێگـــــاکەم ڕاکشـــــێم. داودیـــــش بەو تەمەنەوە

باوەشـــێکی لێـــداو هەڵیگـــرت، بە لاکەلاک گەیانـــدیەوە ماڵەوە.

***** ***** *****

خەلـــیفە حەمـــدون دوای ڕۆیشـــتنی ئـــاینور، چـــۆوە ژوورەکە و لەنـــاو ئەو بـــۆن و بەرام و جێگـــا نەرمە خەوت، ئەو لەو شـــارە پاشـــایانە دەژیـــا، لەســـایەی گەمژایەتـــی خەڵـــکەکەوە، ســـندوقێکی ئاســـنی دروســـت کردبـــوو، لە لایەکـــی ژوورەکە خســـتبوویە بـــن عەردی، دەرگـــاکەی لە ســـەرەوە دەکـــرایەوە، تـــۆپکلیلێکی خســـتبووە ســـەری و تەنیـــا بەخـــۆی بـــۆی هەبـــوو بیکـــاتەوە، ئەو ســـندوقە پڕبـــوو لە زێـــڕو خشـــڵی گرانبەهـــا، هەمووشی لە ژنان وەرگرتبوو.

قەتـــیش دەســـتی لێـــنەدەدان تەنیـــا ئەوکاتـــانە نەبـــێ، کە لە ســـێکس و هەمـــوو غەریزەکـــانی تـــر تێـــر دەبـــوو، زۆرجـــار دەچـــووە ئەو ژوورەو دەرگـــای لەســـەرخۆی دادەخســـت، دەرکـــی ســـندوقەکەی دەکـــردەوەو زێڕوخشـــڵەکانی دەریـــدەهێنان و بەووردی ســـەیری دەکـــردن. هەنـــدێک جـــاریش ئەو پارچـــانەی بە دەســـت و پلـــی ژنـــانی جـــوان

وەبـــوون و ئەو پێـــی نەگەیشـــتبوون، بـــۆنی دەکـــردن، ئەو پارچـــانەی لە نـــاو هەمـــوو پارچەکـــانی تـــر دەناســـیەوە. هاوســـــەرەکەی خەلـــــیفە ئەو ئێـــــوارەیە دۆغەوای بە هـــێلکەو پیـــازو دۆی لێنـــابوو، خەلـــیفە حەزی لەو جـــۆرە خواردنانەبوو کە ئەو لە مااڵی باوکیەوە فێری ببوو.

تـــا خەلـــیفە لەگەڵیـــان بچێـــتە ســـەر خـــوان و نانیـــان لەگەڵ بخـــــوا، کەچـــــی خەلـــــیفە بە ســـــەری گەرمەوەو تێـــــر لە لەزەت دەمێـــک بـــوو خەو بردبـــوویەوە لەو ژوورە بـــێ دەنگ و ئارامە.

هاوســـــــەرەکەی لە حەوشـــــــە ســـــــووڕاوەو چـــــووە شـــــوێنەکەی خەلـــــیفە، بە حەزەرەوە لە دەرگـــــای دا، خەلـــیفەش بـــێ ئاگـــابوو لە هەر دەنگێـــک، هاوســـەرەکەی دووبـــارە لە دەرگـــای دایەوە، دیســـان خەلـــیفە هـــیچ هەســـت و خوســـتێکی نەبـــوو، ناچـــار بە دەنگێکـــی نـــزم و غەریـــب گـــوتی پیـــاوەکە ئەگەر بە ئاگـــای وەرە چێشـــتم لێناوە، نان ئامادەیە.

دیســـــان کەس وەاڵمـــــی نەدایەوە، ئەویـــــش بە ناچـــــاری چـــۆوە بەشـــــەکەی تـــــری خـــــانوەکەو لە شـــــوێنی نـــــان خـــواردن دانیشـــت، دەمێـــک دامـــا، بیـــری دەکـــردەوە لەو

هەموو تەنیاییەی ئەو تێیدابوو، منداڵەکەی خەلیفەش هەر پێدەکەنی، پێکەنینێک کۆتایی نەبوو، تازیەبا، شایی با، هەر لەسەر بەزمی خۆی بوو.

جاری واهەبوو لە ناوەندی تورەبوونی دەروروبەر ئەو لە قاقای پێکەنینی دەدا، ناچار ئەوانەی تورەش بوون لە قەهران لەگەڵی پێدەکەنین.

پێکەنینێک کەس تورەبوونەکانی لەبیرنەدەما، بەڵام نهێنی ئەو پێکەنینە ئەوەی ناخۆش بوو کەس تێنەدەگەیی ئەو گاڵتە دەکات، یان دڵی ئەوانیتر خۆش دەکات، ئەو شتێکی بینیوە پێدەکەنێ یان هەر لە خۆڕا پێکەنینی دێ، هەر جارەو بەشێوەیەک دەردەکەوت، مرۆڤ تەنیا دەیتوانی بە پێی ڕووداوەکە و کەسەکان بۆی لێکبدرێتەوە پێکەنینەکە هۆکاری چیە، لەو حالەتەش جاری وا هەبوو دەردەکەوت ئەو گاڵتەی بە ئەحمەقی مرۆڤەکان دێ، جاری واش هەبوو دەردەکەوت شتێک هی ئەوە نیە مرۆڤەکان لەخۆیان بیکەنە کێشە، کەچی کێشەی ئەو دونیایەیان لەسەر دەنایەوە. تەنیا لەو ڕێیەوە دەزاندرا ئەو بەچی

پێدەکەنێ نەک شتێکی تر، ئەویش ئەگەر خەڵک ڕاست بۆی چووبن.

خەلیفە بێجگە لەو ژنە، پێشتر ژنێکی تریشی هێنابوو، لەو ژن منداڵی نەببوو، بەڵام ئەو ژن ئەگەرچی لەگەڵ خەلیفە بە خۆشەویستیش هاوسەرگیریان کردبوو، وەکو ئەو ژنە نوێیەی خەلیفە گێڵەژن نەبوو نەزانێ خەلیفە چی دەکات.

بەهۆی ئەوەی بەردەوام بە نهێنیەکانی خەلیفەی دەزانی و هەندێک شتیشی لێ قبوڵ نەدەکرد، وەک ئەوەی خەلیفە لەو ژووڕە تاریکە دەیکرد، ڕۆژێک دەڵێتە خەلیفە ئەگەر واز لەو هەڵسوکەوتانەت نەهێنی و وەکو مرۆڤێکی ئاسایی ژیان نەکەی لێت جیادەبمەوە. خەلیفەش ئەگەرچی خۆشیدەویست، بەڵام کەزانی ناتوانێ لەلای ئەو ژنە بە دڵی خۆی بکات و دریژە بە خەلیفایەتیەکەی بدات، هەڵدەستێ شەوێک لەشەوەکان، دەچێتە گژی و بانگی دەکات، هەر لەو ژووڕە دەست و پێی دەبەستێتەوەو دەڵێ زۆرم خۆشدەوێی، بەڵام هیچ ئەو زیرەکیەتم بەدڵ نیە. چونکە بەهیچ شێوەیەک لەشێوەکان لە

بەرژەوەندی منـدا نـیە، بـۆیە ناچـارم بتکـوژم، بەشـێوەیەک ئـازارت نەبـێ، بـۆ ئەوەی هەم نهێنـی کارەکـانم بپارێزرێـت، هەمـیش تـۆ لەسـەر ڕێگـای سـەرکەوتنەکانم لابەم ،چـونکە دڵنیـام ئێسـتا لێـت جیـابمەوە ئەو نهێنیـانە لە دژم بەکـاردێنی، لە قەهـری ئەوەی خۆشـتدەوێم و ناشـتوانی لەگەڵـم بـژی، ئەوەش ناخۆشترین شەڕی خۆشەویستیە.

ئینجـا هەڵدەسـتێتەوەو لەنـاو جامێـک، بڕێـک خـواردنەوە دێنـێ دەڵـێ ئەوە گیـراوەی تریـاک و شـەڕابە پـێکەوە، پێشـتر سـینۆهە پزیشـکی تـایبەتی فیـرعەون دەیـدا ئەو کەسانەی دەیویست بێ ئازار بیانکوژێ.

ئەگەر ئەوە نەخـۆیەوە ناچـارم بە ڕێگـایەکیتر بتکـوژم ئـازاری هەبـێ. ژنەکەش ناچـار دەڵـێ دەیخـۆمەوە، دەی بە دەمـم وەبـکە، خـواردنەوەیەک بەدەسـتی ئەو کەسـەبێ خۆشـتدەوێ ئەگەر بشـتکوژێ بـۆ ڕەت بکـرێتەوە؟ خەلـیفەش بە چـاوی بە فرمێسـکەوە خـواردنەوەکە بە دەمـی ژنەکەی وەدەکـات، ژنەکەشـی تـا دوا دڵـۆپ دەیخـواتەوە، ئینجـا کەمێـک مەسـت دەبێـت و هەسـت دەکـات ئەوەی خـواردیتیەوە نـاخۆش نـیە،

تەنانەت ئارام بەخشیشە، دەڵێتە خەلیفە دەست و پێم بکەوە با بێمە باوەشت، خەلیفەش دەست و پێی دەکاتەوە، ئەویش دەچێتە باوەشی خەلیفەو بۆ ساتێک چاوەکانی دەقوچێنێت، ئیتر ئەو چاو قوچانە دەبێتە چاو قوچانێکی هەتا هەتایی.

خەلیفەش بۆ ئەوەی ئەم تاوانەی بشارێتەوە گۆڕێکی لە حەوشە بۆ چادەکات و بە ڕێ و ڕسمێکی پڕ لە خۆشەویستی و فرمێسک ڕێشتن دەینێژێ.

(١١)

ڕووبـــا دوای ئەو گەڕانە بەنـــاو گۆڕەکانـــدا، گەنـــجە ئاڵۆدەکـــانی بەبیـــر هـــاتەوە. هێـــدی هێـــدی بەرەو شـــوێنەکەیان ڕۆیشـــت، بینـــی لەوێ نەبـــوون، بەڵام کەچـــاوی بە شـــوێنەکە کەوت پـــڕی قەپـــێلکە حەب و پـــایپی کریســـتاڵ کێشـــان بـــوو، چەنـــد قەپـــێلکەک لە حەبەکـــانی هەڵگـــرتەوە، بە ووردی ســـەیری پشـــتیانی کـــرد، بەڵام لە نوســـینەکە نەگەیـــی چـــونکە بە زمـــانی بیـــانی لەســـەری نوســـرابوو، لەوێ ســـەرێکی بـــادا،

لەبەرەخۆی گوتی ئێستا من چۆن تێبگەم ئەو حەبانە هی چین؟

ئینجا کە هیچ لە قەپێلکە حەبەکان نەگەیشت فڕێی دانە سەر زەوی و یەکێک لە پاپیەکانی هەڵگرتەوە، سەیرێکی کرد، شوشەیەک بوو، سەرەکەی دیاربوو گەرم کرابوو، لەگەڵ گەرم کردن قەبارەکەی گەورەببوو، چونکە گەنجەکان کە هەرمادەیەک لە مادەکانیان دەکردە ناو ئەو شوشە لولەییانە، بە چەرخێکی گەورە گەرمیان دەکرد، تا مادەکە ببێتە دوکەڵ و بەناو لولەکەدا هەڵیمژن، تا ئاستی مەست بوون، لەوکاتە سەری بڵند کردو لە دەوروبەری ڕوانی بینی گەنجەکان لە دوورەوە بۆ لای دێن، کە چاویان بە ڕووبا کەوت، ویستیان بچنە لایەکی تر، ڕووبا بانگی کردن، ئەوانیش بە حەزەرەوە چوونە لای، چونکە ڕووبا بەو شێوەیەی هەیبوو، لە مرۆڤێکی کۆن نەبێ، لە هیچی تر نەدەچوو، بەڵام تەنیا شت لە هەموو مرۆڤەکانی تر جیای دەکردەوە، چاوە قوڵەکانی بوو، ئەو چاوانەی چووبوونەوە ناو

ئێســـــکەکانی کەلـــــلەی ســـــەری و لە دووڕا تاریـــــک دیاربوون.

کە بەردەوام شـــــتێکی شـــــاراوەو واتـــــایەکی گەورە و پڕنهێنـــی تێیـــدا بەدی دەکـــرا. یەکێکیـــان گـــوتی فەرمـــوو بـــانگی ئـــێمەت کـــرد؟ ڕووبـــا گـــوتی بەڵـــێ، دەمویســـت هەندێک پێکەوە دابنیشین ئەگەر دەرفەتم پێ بدەن .

گەنجەکـان سـەیریان پـێ هـات، تـا ئەو کـاتە هەرچـی بینـی بـوونی نەفرەتـی لـێ کردبـوون و لچـی لێیـان هەڵێنـا بـوو. ڕووبـا کە زانـی تووشـی سەرسـووڕمان بـوونە، گـوتی چیە مێوان لەخۆتان ناگرن؟

یەکێـک لەگەنجەکـان گـوتی بەڵـێ بەڵـێ دانیشـە، ڕووبـا لەســەر یەکێـک لە بەردەکـان دانیشـت، ئینجـا گەنجەکـان وەکـو جـاران لێـک نزیـک کەوتـنەوەو دانیشـتن، دووبـارە ئەگەرچـــی شـــوێن هەبـــوو، بە فراوانـــی جێـــی خۆیـــان بـــکەنەوە، چـــوونەوە پـــاڵ یەک، دیـــاربوو پابەنـــدی هـــیچ ئەتەکێتێـــک نەبـــوون، ئەو سیفاتەشـــیان لـــێ دەهـــات، بە هەمـــوو شڕوشەپڕێویەکانیشـــیانەوە، تەنـــانەت مـــرۆڤ دەیتـــوانی زۆر ئـــارامتر لەلایـــان دابنیشـــێ، لەچـــاو ئەو مرۆڤـانەی بۆینبـاغ دەبەسـتن و ڕەپ لەســەر کورســی و

قەنەفەو سفرەی نان خواردن پابەندی دونیایەک ئەتەکێتن. هەر لە ڕۆبۆت دەچن.

ڕووباش کەوتبووە بەرامبەریان، دەتگوت مامۆستایەک و چەند قوتابیەکی گەڕۆکن، بە بیابانێکی پان و بەرینda تێپەڕیون، هاتوون لەو گۆڕستانە بحەسێنەوە. کەمێک بێ دەنگ بوون، ئەوان چاوەڕێی دەمی ڕووبا بوون، دەروازەی قسەیان بۆ بکاتەوە. ڕووباش بۆ ئەوەی هیچ شەرمێک نەمێنێ لەبەینیان، هاتە جواب. گوتی دەمەوێ پرسیارێکتان لێبکەم، یەکێک لەگەنجەکان، کەناوی هەتوان بوو، گوتی چ پرسیارێک؟ ڕووبا گوتی دەربارەی ئەو ماددانەیە، من مەیم خواردۆتەوە، بەڵام ئەوانەم بەکارنەهێناوە. دەمەوێ پێم بڵێن چ هەستێکتان لادروست دەبێ لە کاتی بەکارهێنانیان؟ هەتوان وەڵامی دایەوە، هەموو جارەکان هەست بەیەک شت ناکەین، وە یەک شتیش نابینین، هەرجارەو بە جۆرێکە. ڕووبا گوتی بۆ نموونە یەک لەو شتە سەیرانەی لەکاتی بەکارهێنانی ئەو ماددانە بینیوتە چ بووە؟

هەتوان تۆزێک دامـا، وەک ئەوەی بە قـوڵی بیربکـاتەوە، پاشـان گـوتی چەنـد سـاڵێک پـێش ئێسـتا بەرلەوەی مـاددەی هۆشـبەری وەک کریسـتاڵ ئـاودیوی وڵات بکـرێ لە وڵاتـی ئێـرانەوە، ئـێمە ئەگەر حەبمـان دەسـت نەکەوتبـا، سـیکۆتینمان دەکێشـا، کێشـانی سـیکۆتینیش خەیاڵەکـانی وەکـو هـیچ لە ماددەکـانی تـر نەبـوو، شـتی سەیروسەمەرەمان دەبینی.

وا لە بیـرمە جارێـک لە نـاو مزگەوتێـک هێشـتا تەواو نەکرابـوو، چەنـد سـیکۆتینێکم کـردە نـایلۆنێکی ئـاوی و دەسـتم بە کێشـانی کـرد، ڕووبـا لێـرە هەتـوانی ڕاگـرت گوتی بۆ لەناو مزگەوت؟

هەتـوان گـوتی شـوێنەکە چـۆڵ بـوو، دەنـا مەبەسـتێکم نەبـوو لەوە، ئەگەرچـی زۆرجـاریش بیـرم لەوە دەکـردەوە دەبـێ گونـاح نەبـێ؟ ڕووبـا گـوتی تێگەیشـتم، ئەدی دواتـر؟ هەتـوان دریـژەی بە قسـەکانیداو گـوتی نـایلۆنەکەم پـڕ هەوا کـردو دواتـر هەوایەکەم هەڵمـژی، دیسـان پـڕم هەوا کـردەوەو دیسـان هەڵممـژیەوە، تـا تەواو مەسـت بـووم، لەو دونیـایە چـوومە دەرەوە، هەستم بە هـیچ ئـێش و ئـازار و غەمێـک نەدەکـرد، بەمنبـا

کـــات لەوێ بوەســـتێ، دونیـــا ئەگەر بەردەوام کەشـــێکی وەهـــای هەبـــا، پـــێم وایە قەت کەس هەســـتی بە بێـــزاری نەدەکرد.

دواتـر هەسـتم بە دیمەنـی سەیروسـەمەرە کـرد، هەمـوو کـات وابـوو، پـێش ئەوەی مەسـتیەکە کۆتـایی بـێ، دیـمەن دەهـاتە پـێش چـاوم. منـیش ئەو ڕۆژە شـتێکم بینـی بـاوەڕ نـاکرێ، بریـا کـامێرایەک هەبـا تۆمـاری بکردبـا، مـزگەوتەکە لەرزی، هەمـوو دیوارەکـان شـەقیان بـرد، مـن لە تەنیشـت میحـرابەکە دانیشـتبووم، لەسـەر کەرتە بلۆکێـک، لەگەڵ لەرزینـی مـزگەوتەکەو شـەق بـوونی دیوارەکـان، پەیکەڕێکـی گەورەی فیـرعەونم بینـی لە بـن دیـواری میحـرابەکە هـاتە دەرەوە، ڕاسـتەوخۆ لە شـوێنەکەی خـۆی قیـت بـۆوە، خـۆڵ بەسـەر دەموچـاوی و قۆڵەکانیـدا شـۆڕ دەبـۆوە، تـۆز لە لەشـی بڵنـد دەبـوو، مـن کەچـاوم بەو دیـمەنە کەوت ڕامکـرد، پـارچە پـارچە بـن میچـی مـزگەوتەکە دەکەوتە خـوارێ، لە هەنـدێ شـوێن خـۆم لادەدا پـێم نەکەوێ، لە پـڕ پـێم لە کەرتە بلۆکێـک گیربـوو و کەوتـم، دەمـم پـڕ خـۆڵ بـوو، لەگەڵ ئەو کەوتـنە بە هـۆش خـۆم هـاتمەوە، بینـیم بەڕاسـتی

لەسەر عەردەکە دریژ بووبمەو دەمم پڕ خۆڵ بووە، مزگەوتەکەش تێک نەچووە هەر وەکو خۆیەتی، نە پەیکەری فیرعەونیش لە گۆڕێ هەیە، نە بوومەلەرزە. لەو ڕۆژەوە چەند جارێک گەڕامەوە هەمان شوێن بۆ ئەوەی دووبارە ئەو دیمەنە ترسناک و خۆشە ببینمەوە، بەڵام بێ سوود بوو، دەیان و هەزاران سیکۆتینی ترم کێشا بەو خەونە نەگەیشتمەوە.

تۆ بیری لێبکەوە، مەڵێ ئەوانە لەگەڵ سیکۆتین کێشان و حەبخواردن شێت بوونە، باشە ئەگەر ئەو دیمەنانە تەنیا مەست بوونێک بووبن، بۆ تا ئێستا لە خەیاڵم وەکو خۆی ماون؟ ڕووبا گوتی چۆن؟ هەتوان گوتی ئێستاش بە بیرم دێتەوە چۆن مزگەوتەکە لەرزی و دیوارەکان شەقی بردو پەیکەرە گەورەکەی فیرعەون لە بن میحرابەکە دەرهات. چۆن دەبێ شتێک درۆ بێ و مێشک تۆماریشیان بکات؟ ئەو کەل و پەلانە چی بوون ئەو دیمەنەیان پێکهێنابوو لەکاتی ئەو مەستیە؟

ئاخەر فیلمێک بوو بۆخۆی، پێم بڵێ فیلم چۆن بێ ئەکتەرو شوێن و نوسینی دەقێک دەردێ، جا چ

دەرهێنانێـــک؟ وا بە ڕێکـــوپێکی. ڕووبـــا ســـەیری بە قســـەکانی هـــات، گـــوتی بڵـــێم چـــی، منـــیش وا بیـــری لێـــدەکەمەوە. ئینجـــا ڕووی کـــردە گەنجێکـــی تریـــان، پێـــی گوت تۆ ناوت چیە؟

گەنـــجەکە وەڵامـــی دایەوە موریـــد. ڕووبـــا گـــوتی کـــاکە موورید تـــۆ لە کـــاتی ســـیکۆتین کێشـــان چیـــت بینیـــوە؟ حەزدەکەم بـــزانم، بەتەواوەتـــی بـــۆم بگێـــڕنەوە، ڕەنـــگە ئەوەی ئێـــوە ئەنجامتـــان داوە، کەوتـــنە حـــاڵەتێکی نائاســـایی بـــێ، یـــان دەرچـــوون بـــێ لە سروشـــتەوە، بـــۆ ئەو دیـــوی سروشـــت، خەڵـــک تێـــنەگەن. چـــونکە ئەزموونیـــان نەکـــردووە. تەنـــانەت لە ئێـــوە زیـــاتر ڕەنـــگە هـــیچ کەس بەو دونیـــایە نەزانـــێ. دواتـــر لە کـــوێ بـــزانن، هەمـــوو ئەوانەی ئەمـــڕۆ پێیـــان دەڵـــێن پزیشـــک و دەروننـــاس و مەلاو مامۆســـتا و تەنـــانەت لە ڕووی یاساییشـــەوە، دادوەرو پـــارێزەر کەســـانی نـــاو خێزانەکەیـــان و قوتـــابی گـــوێڕایەڵ بـــوونە، چـــۆن پەی بەو شـــتانە بـــبەن؟ بـــا لێکـــۆلینەوەیەکیش بەو نـــاوە هەبـــێ . کەنەزانـــن ئەو حـــاڵەتە هەیە؟ چ ئیشـــێکی لەســـەر بـــکەن؟ دواتـــر ســـەیرکە ئەو کەلەنەیـــان هەرلەبیـــر نـــیە، تەنـــانەت

ئەوانـــیش لێتـــان دوور دەکەونەوەو بە نەفرەتتـــان دەکەن، ئەگەر ڕاســـتیتان دەوێ هەر خەریکـــی ئەوەن بڵـــێن فـــڵان زانـــاو پڕۆفیســـۆر وای گـــوت و فـــڵان فەیلەســوف وا مــردوو، وا چــوو، یــان فــڵان پێغەمــبەر وا بەســـەر ئـــاو دا ڕۆیشـــت و فـــڵان کەس چـــووە حەوت تەبەقەی ئاســـمان، بـــێ ئەوەی گرنگـــی بە پەیامەکانیـــان بـــدەن. هەزاران ســـاڵە بە هەزار ڕەنـــگ و بـــۆ ئەو قەوانـــانە لێـــدەدەنەوە لە نـــاو چوارچێـــوەیەک، جـــا چ زانســتی بــێ، یــان فەلسـەفی وئـاییئی؟ سـەیری دەرەوەی چوارچێـوەکە بە گشـتی نـاکەن بـزانن چیتـر هەیە. مـن پـــێم وایە ئێـــوە لە حـــاڵەتێکی ســـەیردان، تەنـــانەت قوربـانیش بەگیـانی خۆتـان دەکەن لە پێنـاوی، بەڕاسـتی جێـی تێڕامـانە بـۆ ئەوەنـدە ئـاڵۆدەی ئەم دونیـایەن، لە کاتێکـدا ئەو دونیـایەی خۆمـان هەمـوو شـتێکی تێـدایە. موورید پێکەنـی گـوتی هەمـوو شـتێک وەکـو چـی؟ ڕووبـا گوتی بۆ پێت وایە هیچی تێدانیە؟

موورید گـوتی بەڵـێ، ئەوەی ئێـوە دەیبیـنن پێتـان زۆرە، بەڵام لای ئـێمە هـیچ نـیە. بـۆ نمـوونە خۆشـترین مـاڵی ئەم شـــــــارە زۆر زۆر باخچەیەکیـــــــان هەیە و

جۆللانەیەکیان لەناو داناوە. کەچی من چەندین جار لە کاتی کێشانی سیکۆتین دونیا هەمووی بۆتە جۆللانە و باخچە بۆم.

دەوڵەمەندترین پیاو با گەشتێکی بە فڕۆکە کردبێ و چووبێتە شوێنێک هاوشارەکانی تا ئەو کاتە نەچووبن. من چەندین جار فڕیوم بێ هیچ ئامرازێک. کێ تا ئێستا بەمشێوەیە فڕیوە؟ ڕووبا گوتی کەس، هەتا عەباس کوڕی فڕناسیش، کە یەکەم مرۆڤ بووە بیری لە فڕین کردۆتەوە، بەڵام بااڵی بەکارهێناوە. بەس دەمەوێ پێم بڵێن چۆن؟

موورید وەڵامی دایەوەو گوتی، بەرلەوەی بێمە ئەو گۆڕستانە، بە تەنیا سیکۆتینم دەکێشا، دەچوومە کەلاوەیەک، بە گشتی ئاڵۆدەکان وان، حەزدەکەن بچنە شوێنێک کەسی لێ نەبێ، لەو کەلاوەیە هەموو ڕۆژێ دوازدە دانەم دەکێشا، جاری وا هەبوو دەمگەیاندە بیست و چوار دانە، دوو دەستەی ڕێک. لە کاتی کێشان ئەو کەلاوەیە دەبووە جۆللانێیەکی گەورە، یەکەم جار سەبر دەهەژا، دواتر خێرا دەبوو، خێرا خێرا، تا هەموو شتەکانی ئێرەم لەبەر چاو دیار

نەدەما. پاشان دەچوومە سەر دارستانێکی گەورەو بەسەردارەکاندا جۆللانێکەم دەهاتوو دەچوو، پێم بە سەرووی دارەکان دەکەوت، باڵندەکان بە پێشم دا تێدەپەڕین، خۆرم دەبینی بە زەردی خەریک بوو ئاوابێ وێنەکەی دەیدا لە دەریا، چ مرۆڤێک ئەوەندە چێژی بینیوە، کەلاوەخانوویەک بۆی بوبێتە جۆللانە و دواتر لە خێراییان وون بووبێ و بەخۆشی نەزانێ لە کوێی گۆی زەویە، بڕوا بکە ئێستاش کە دێتەوە یادم چێژی لێ دەبینم.

ڕووبا گوتی ئەگەر لەگەڵتان ڕاستگۆبم منیش تامەزرۆی ئەو شوێن و دیمەنانەم باسی دەکەن، وە دڵنیابن تاقیشی دەکەمەوە، لەگەڵ ئێوە، ڕووبا خۆی کەسێکی وابوو، حەزی دەکرد هەموو شتێک تاقی بکاتەوە. ئینجا گوتی باشە ئەدی چۆن فڕی؟

موورید گوتی ئەو ڕۆژە جەژنی نەورۆز بوو ،خەڵک بە کۆمەڵ دەڕۆیشتنە دەشت و دەر، دەنگی گۆرانی حەسەن زیرەک دەهات لە ناو ئۆتۆمبێلەکان، مااڵی هاوڕێیەکم هەبوو لەدەرەوەی شار، منیش پێشتر پێم گوتبوو ئەگەر نەورۆز هات، نەچێتە دەرەوە لەگەڵ

مـاڵێ، مـن دێـمە لات سـیکۆتینێکی زۆریـش لەگەڵ خـۆم دەهێـنم، ئەو ڕۆژە وام کـرد، لە دوکـانێکی سـەری کۆڵانەکەمـان دوو دەسـتە سـیکۆتینم کـڕی، پاشـان سـواری ئۆتۆمبێلێـک بـووم شـۆفێرەکە لە پیـاوەتی خـۆی منـی بـردە بەرامـبەر گونـدەکەی وان، لەسـەر شـەقامی سـەرەکی داینـام، لەوێشـەوە بە پێیـان بەڕێ کەوتـم، کژوگیـا ئەم بەرو ئەو بەری ڕێگـاکەی داپۆشـیبوو، گونـدەکانی دەکەوتـنە سـەر ڕێگـا جـوان دەردەکەوتـن، ئاسـمان یەک پـارچە شـین خـۆی دەنوانـد، لە هەنـدێ شـوێن نەبـێ پەڵە هەوری سـپی سـپی لەخـۆی گرتبـوو، هەر لەو تـۆپەڵە بەفـرە گەورانە دەچـوون لە بەستەڵەکەکان دەتوێنەوە.

منـیش لە ڕێگـا گـوتم تـا دەگەمە ئەوێ بـا سـیکۆتینێک بکێشـم، نـایلۆنێکم دەرهێنـاو سـیکۆتینێکم تێکـرد، جـا شـلەی سـیکۆتینەکە کە گەیشـتە بنـی نـایلۆنەکە بڕێـک بە دەسـت شـێلام، بـۆ ئەوەی بـۆنەکەی بـاش بە نـاو نـایلۆنەکەدا بـڵاو ببێـتەوە، دواتـر بە دەمـم وەنـاو هەوای نـاو نـایلۆنەکەم هەڵمـژی، دوو سـێ جـار لەسـەر یەک بە تونـدی، هەنـدەی نەبـرد، خـۆم بینـی غـاردەدەم، خێـرا

خێرا تا لە زەوی بوومەوە، ئینجا بینیم لە فڕیندام، تا ناو قەدم لە ناو هەورەکانە، دەمێک بەو ئاسمانە شینەدا سووڕامەوە، دەمێک خۆم لەو هەور بازدا بۆ سەر ئەم هەور، دەتگوت منداڵێکم لە سەر پارچە هەور یاری دەکەم، لە هەندێ شوێن لەسەریان درێژ دەبووم، هەستم بە هەوای پاک دەکرد، نازانم ئەو هەموو گەڕانە چەندی خایاند، بەڵام هەرهەندەم زانی لەناو گوندەکەم لە پێش مااڵی ئەو هاوڕێیەی بۆ لای چوو بووم، دواتر ئەو پێی گوتمەوە، گوتی کەهاتی بەر لە سەلام و کەلام یەکەوسەر لێت پرسیم نەتبینیم چۆن بە ئاسماندا دەفڕیم بەسەر گوندەکەتاندا؟ جا لەو ڕۆژەڕا ئەو هاوڕێیەم ئەم قسەیەی بە دەم وەگرتبوو هەرکاتێک دەگەیشتە من پێی دەگوتمەوە نەتبینیم بەئاسماندا دەفڕیم بە سەر گوندەکەتاندا، زۆر جاریش بە گاڵتەوە دەیگوت حەزرەتی عیسایە لە ئاسمان بیبینین، هههه.

ڕووبا زەردەخەنەیەکی کردو گوتی گەشتێکی خۆشت کردووە بە ئاسماندا، لە وەرزی بەهار.

پاشان ڕووی کرده گەنجەکەیترو گوتی هاوڕێ تۆ ناوت چیە؟ گەنجەکە سەیری پێهات کەسێکی لە خۆی گەورەتر بە هاوڕێ بانگی دەکات، شتی وای نەبیستبوو، بە خۆشحاڵیەوە وەاڵمی داوە ژێدار.

ڕووبا گوتی ناوێکی خۆشە، ئینجا پرسی، ئەوانەی هاوڕێکانت گێڕایانەوە خۆشیەکانی ماددەی هۆشبەر بوون، ئەدی ناخۆشیەکانی چین؟

ژێدار هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی من سیکۆتینم بەکار نەهێناوە، بەاڵم کریستاڵ دەکێشم، بڕوا ناکەم لەوە ناخۆشتر هەبێ کاتێک ماددەکە کۆتایی دێت لەو دونیای هاوشێوەی بەهەشتە دادەبڕێین و دەگەڕێینەوە ناو ئەو دونیایەی لە دۆزەخ دەچێ، کە ڕێک وەک ئەوەیە لە سەیران و گەشتێکی خۆش گەڕابینەوە ناو ئێش و ئازارەکانی ڕۆژانە. لەوکاتە دەستمان هیچ ناگرێ، هەموو لەشمان دێشێ، ناتوانین باش بە ڕێگادا بڕۆین، تام لە هیچ ناکەین، خەومان خۆش نیە. حەزدەکەین تا زووە بگەڕێینەوە بۆ سەر کێشانی ماددەکە، توانای قسەکردنمان نیە لەگەڵ کەس. کە ئیشێکمان پێ دەسپێرن دەڵێی سوغرەمان

پێ دەکەن. هەست دەکەین هەموو شتێک بێ واتاو بێ کەلکە لە دەرەوەی ئەو دونیایەی ماددەهۆشبەرەکان پێمان دەبەخشن.

بۆیە کە گەورەکان لێم دەپرسن لەبارەی هەرشتێکی ئەم دونیایە، دەڵێم (هیچە) پێویستە کەس هیچ نەکات تێیدا، ڕووبا هەستی کرد ئەوانە ئاڵۆدەی خودی ماددەکان نین، بەڵکو ئاڵۆدەی ئەو دونیایەن پێیان دەگەینێ، جا با لە کەلاوەیەک یان لە مزگەوتێکی تەواو نەکراویش بێ، بۆیە ناتوانن دەست بەرداری بن. هەر لەبەر ئەوەشە هیچ قسەیەکی خەڵک و لۆمەکردنی دایک و باوکیان لەلا گرینگ نیە، ئەوانە عاشقن، عاشق بە هەندێک دیمەن لێرە نیە، عاشق بە هەندێ شوێن هەموو مرۆڤێک خەونی پێوە دەبینی و نایگاتێ.

عاشق بە گەشتێک تەنیا ئەوانەی باسی ئازادی ڕووح دەکەن ڕەنگە شتێکی لێ بزانن. ڕووبا هەستی کرد ئەو گەنجانە واهەست دەکەن دونیایەکیان دۆزیوەتەوە خەونەکانی مرۆڤی تێیدا بەدی دێ، لە ڕێگای خەیاڵەوە. بۆیە تادێ جەستەی ماددیان لە پێناو

گەیشتن بەو خەیاڵە بەرەو نەمان دەبەن. نازانن کە جەستەیان لە دەستدا خەیاڵەکانیشیان کۆتایی دێ. بۆیە بیری کردەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکات، بزانێ بۆ بەو ڕۆژە گەیشتوون تا ئەو ئاستەی پەنا بۆ ئەو ماددانە ببەن و ئەم دونیایەیان لێ بگۆڕێ بۆ دونیایەکی وەهمی. دونیایەک، ژیانی ڕاستەقینەیان لەبەرچاو بێ واتاو چێژ دەکات، تا ئەو ئاستەی نەفرەت لەو دونیایە بکەن کە لەبەر دەستیانە بە هەموو شتەکانیشەوە.

بەڵام کەزانی بێزاریان دەکات، ئەگەر لەسەر یەک ئەوهەموو پرسیارەیان لێبکات، ناچار پێی گوتن هاوڕێیان من خۆشحاڵ بووم ئێوەم ناسی، هەست دەکەم دونیا تاریک داهاتووە دەبێ بڕۆم، ئەگەر پێتان ناخۆش نەبێ جار جار دێمە لاتان. ئینجا لە شوێنەکەی خۆی هەڵستاوەو گەنجەکانیش بەڕێیان کرد، ئەویش ڕاستەوخۆ بەرەو کەپرەکەی دڵبرین ڕۆیشت.

(١٢)

بلاجگتـــۆرە بەرزەکـــانی ناوگۆڕســـتانەکە دەمێـــک بـــوو پێکرابـــوون، ڕۆنـــاکی دەیـــدا لەکێلەکـــان، کەپـــرەکەی دڵبـــرین و دەوروبەری ڕۆنـــاک کردبـــۆوە، هەوای فێنـــک بەهەمـــوو لایەکـــدا پەرت ببـــوو، ئەوەش نیشـــانەی ئەوەبوو دەیویست وەرز بگۆڕێ.

دڵبـــرین لەبـــن کەپـــرەکەی دەســـتی لە کـــار هەڵگـــرت، مەســـینەیەکی دەســـتکردێ و لەســـەر چیچکـــان دانیشـــت دەســـت و دەموچـــاوی شوشـــت، پاشـــان ئـــاوێکی بە

پێیەکانی داکردو نەعلێکی لە پێی هەڵکێشا، دواتر چوو لەو بەلوعەیەی ڕووبا بۆ یەکەمجار ئاوی لێ خواردەوە، مەسینەکەی پڕ کردو لەو نزیکانە داینا، ئینجا لەسەر ڕایەخێک دانیشت، لەوکاتە ڕووباش گەڕایەوە و بەلایدا تێپەڕێ، دەیویست بچێتەوە بن ئەو دارەی دوێنێ شەو لێی خەوتبوو، کە کەوتبووە نزیک داروبارە بڕاوەکانی.

دڵبرین کە بینی بانگی کرد. ڕووباش ڕێگاکەی خۆی گۆڕی و چووە لای، بەرلەوەی دابنیشێ گوتی دیارە دەستت لە کار هەڵگرتووە؟ دڵبرین گوتی بەڵێ، کەمێک دەبێ، تۆ لە کوێ بووی؟

ڕووبا گوتی لای گەنجە ئاڵۆدەکان، ئەوان باسی شتی زۆر سەرنج ڕاکێشیان دەکرد، دەمێک لەگەڵیان دانیشتم، کەسی خراپ نین، تەنانەت زۆریش سادەن، پێم وایە تا ئێستا قوڕن، نەکراوون بە مرۆڤ، جەستەیان پڕی ووزەیە، هیچ فۆرمێکیان وەرنەگرتووە، ئەوان ئەوەندە پاکن هێشتا لە قاڵغی خۆیان دەرنەهاتوون، ئیشکردن لەسەر ئەوانە بۆ کردنە مرۆڤی جوان زۆر ئاسانترە، لە ئیش کردن

لەســـەر ئەو مرۆڤـــانەی خۆیـــان پێیـــان وایە گەورەن و قوڕەکانیان ووشک بۆتەوەو پەیکەرن.

ئەوانە هەر چـۆن دەسـتیان بـۆ بـبەی دەبـنە شـت، بەڵام ئەوانەی ووشـــک بـــوونەتەوە هەر چـــۆن دەســـتیان بـــۆ بـــبەی دەشـــکێن. نەدیـــم گـــوتی یەعنـــی پێـــت وایە چـــاک دەبـــن؟ ڕووبـــا وەڵامـــی دایەوە، ئەوە چ قســـەیەکە هـــاوڕێ، بە دڵنیـــاییەوە، بەڵام دەبـــێ شـــتێکیان پێـــبەدەین، پێش ئەوەی شتێکیان لێ بستێنینەوە.

دوای ئەو قســانە دڵبـرین بە ڕووبـای گـوت پێـت چـۆنە بەیەکەوە پیاســـەیەک بکەیـــن، بچـــین لە لای بـــاوکی زەیـنەب خواردنێـک بێنـین بیخـۆین، ئەمشـەو تـا درەنـگ خـۆم نـاگرم بە برسـیەتی. ڕەنـگە ئەو پیرێـژنەش برسـی بـــێ. بـــاوکی زەیـــنەب پیاوێـــک بـــوو لەم شـــارە عارەبـــانەیەکی بچـــووکی هەبـــوو، خـــواردنی دەفرۆشـــت، هەمـــوو ئێـــواران دڵبرینـــی کێڵنـــوس کەدەســـتی لەکـــار هەڵـــدەگرت، دەچـــوو لەلای خـــواردنی بـــۆ خـــۆی و پیرێژنەکە دێنا.

ئەو پیـــاوێکی ســـەرنجڕاکێش بـــوو، هەردەم شـــەروالّێکی لەبەر دەکـــرد لەگەڵ کراســـێک، شـــەروالّەکەی دەمێـــک

بـــوو ســـپی ببـــۆوە. لەبەرئەوەی ئەو پـــارەیەی بەدەســـتی دێنـــا هەمـــووی بە یـــاری و جـــل و بەرگ دەدا بـــۆ زەیـــنەب، شـــەروالّێکی بـــۆ خـــۆی پـــێ نەدەکـــڕا. ئەو شـــەروالّەی لەبەریشـــی دەکـــرد پیاوێـــک لە مـــزگەوت پێـــی دابوو، زانیبووی نەبوونە.

بـــاوکی زەیـــنەب مـــوئەزینیش بـــوو لە مـــزگەوت، هەر ڕۆژێـــک لەوێ خـــواردنی جیـــاواز دروســـت دەکـــرا، لە لایـــان چێشـــتخانە گەورەکـــانی ئەم شـــارە، بـــۆ فەقـــێ و مەلاو خەڵکـــی هەژار و مســـافیرەکان، بـــاوکی زەیـــنەب، بەشـــەکەی خـــۆی هەڵـــدەگرت دڵـــی نەدەهـــات بیخـــوا، دەیبـــردەوە بـــۆ زەیـــنەب و هاوســـەرەکەی. هەروەهـــا ئەو پیـــاوە ســـیفاتێکی تریشـــی هەبـــوو بەردەوام لەبەرەخـــۆی قســـەی دەکـــرد، لەو شـــارە بە نـــاوی کـــچەکەیەوە ناوســـراو بـــوو، ئەو شـــانازی دەکـــرد بەوەی بـــۆتە بـــاوک و کچێکـــی هەیە بەنـــاوی زەیـــنەب. بەهەر کۆڵانێکـــدا دەڕۆیـــی دەیگـــوت ئەمـــن بـــاوکی زەیـــنەبم، وەک ئەوەی هەموو خەڵک زەینەبی بچووک بناسن.

کەمشتەریەکانیشـــــی بەڕێ دەکـــــرد، بەدەم خـــــواردن تێکـــردنەوە هـــاواری دەکـــرد دەی وەرن لـــێم بکـــڕن شـــەو

درەنگە، دەمەوێ بچمەوە لای زەینەبی کچم غەریبی دەکەم، دەی زووکەن زەینەب چاوەڕێم دەکات.

یەک لەبەسەرهاتە بەناو بانگەکانیشی ئەوەبوو، ڕۆژێک کچێکی پێشکەشکار بەناو بازاڕدا دەگەڕێ، چاوپێکەوتن لەگەڵ خەڵک دەکات و دەپرسێ ووشەی (قولّزەلّقورت) واتای چیە، کەس نازانێ، تا لە شوێنێک تووشی باوکی زەینەب دەبێت، کچەکە لە پێشدا دەڵێ خۆت بناسێنە، ئەویش هەروەکو هەموجارەکان دەڵێ ئەمن باوکی زەینەبم، نازانی؟

کچەکەش دەڵێ نا، زەینەب کێیە؟ پێی وادەبێ کەسایەتیەکی بەناوبانگە.

باوکی زەینەبیش کە کچە پێشکەشکارەکە وادەڵێ سەیری پێدەێ، ڕوو لەخەڵکەکە دەکات و بە پێکەنینەوە دەڵێ نازانێ زەینەب کێیە سەیری کەن، هاتووە چاوپێکەوتنیش لەگەڵ خەڵک بکات، کچەکەش کە لەلایان ئەو کەسانەی لەوێ دەبن، بۆی دەردەکەوێ باوکی زەینەب لەو کەسانەیە خەڵک بە(ئەقڵ خەفیف) ناوی دەبەن. پێی دەڵێ بەهەرحاڵ پرسیارێک، قولّزەلّقورت واتای چیە؟ باوکی زەینەبیش لەگەڵ ئەو

پرسیارە سەری سووڕدەمێنێ، ڕوو لەدەوروبەری خۆی دەکات و دەستە بچووکە ماندووەکانی لێک دەکاتەوە بە خەڵکەکە دەڵێ توخوا ئەوە پرسیارە؟ (ئێستا ئەمن چ گوی جوابدەمەوە).

لەگەڵ ئەو قسەیە هەرکێ لەوێ دەبێ دەداتە قاقای پێکەنین، ڕاستەوخۆش چاوپێکەوتنەکە دەگوازرێتەوە، لەو ڕۆژەوە ووشەی ئێستا چ گوی جوابدەمەوە، دەبێتە ووشەیەکی باو بۆ ئەو پرسیارانەی بێ واتان، یان مرۆڤ پێیان قەڵس دەبێت. دڵبرین و ڕووبا لە لای باوکی زەینەب، سێ لەفەیان کڕی و گەڕانەوە، ڕووبا کە بۆ یەکەمجار باوکی زەینەبی بینی، پێی سەرسام بوو، ئەو حەزی لە شتی جیاواز و کەسی جیاواز و شوێنی جیاواز دەکرد، لە هەڵسوکەوتەکانیشی ئەوە ڕەنگی دابۆوە، لە هەموو شوێنێکیش زیاتر گرینگی بە شێتخانە و بە زیندان وبە زبڵدان و گۆڕستان دەدا.

دڵبرین و ڕووبا کە گەیشتنەوە ژێر کەپرەکە، بەرلەوەی دابنیشن، دڵبرین یەکێک لە لەفەکانی لەسەر کوپە ئاوەکە دانا، بۆ ئەوەی پیرێژنەکە بێ بیخوات. ئینجا بەرامبەریەک دانیشتن، تا دەهات زیاتر یەکتریان

خۆشدەویست. لە دووڕا پیرێژنەکە بە دەرکەوت، بێ ئەوەی قسەیەک بکات، هاتە ژێر کەپرەکەو دەستی کرد لەفەکە، سەری کوپەکەشی هەڵداوەو هەندێک ئاوی خوارد، پاشان بە خۆی و بە لەفەکەوە گەڕاوە ناو گۆڕەکان. ڕووبا لەبنەوە کە سەیری دڵبرینی کرد، بینی فرمێسک بەسەر ڕوومەتەکانیدا هاتۆتە خوارێ، بەڵام خۆی دەرنەخست بینیویەتی. دڵبرینیش بە دزی فرمێسکەکانی سڕیەوە، بۆ ئەوەی ڕووبا نەیبینێ.

دڵبرین و ڕووبا خەریکی نان خواردن بوون، لەوکاتە گەنجەکان دووبارە لە گۆڕستانەکە دەیانویست بچنە دەرەوە، بەڵای کەپرەکەدا تێپەڕین، لە دوورەوە ژێدار ئەو گەنجەی ڕووبا بە هاوڕێ بانگی کردبوو، سڵاوێکی لە دڵبرین و ڕووبا کرد، ڕووباو دڵبرینیش کە سڵاوەکەیان وەرگرتەوە، دڵبرین سەری سووڕما، گوتی چ ڕووداوێک ڕوویداوە ئەمڕۆ؟ بڕوا دەکەی ڕۆژانە بێرەدا دێن و دەچن، کەسیان سڵاو ناکەن.

ڕووبا گوتی بەڵێ، ئەگەر تا ئێستا سڵاویان نەکردبێ، ئەو سڵاوە نیشانەی ئەوەیە دەستی هاوڕێیەتی ناگێڕنەوە، تەنانەت زۆر تێنووشن بۆ کەسێک

دەستیان بگرێ. کەس نیە چیرۆکی یوسف و یەعقوب نەزانێ وایە؟ هەمووش لۆمەی براکانی یوسف دەکەن گوایە خراپ بوونە، بەڵام من پێم وایە خەتای یەعقوبی باوکیان بوو براکانی یوسف یوسفیان خستە ناو بیر، ئەو بەبەرچاویانەوە یوسفی لە هەموویان خۆشتردەویست، لەکاتێکدا ئەوانیش تێنووی هەمان خۆشەویستی باوکیان بوون. بەڵام یەعقوب تامردیش ئەو هەڵە گەورەیەی خۆی نەبینی، چونکە خۆشەویستی یوسف چاوەکانی کوێرکردبوو. دایک و باوک دەبێ وەکو یەک چاویان لە منداڵەکانیان بێ. نەک یەکێکیان پەراوێز بخەن و گرینگی بە ئەوانیتر بدەن. بۆ کۆمەڵگاش هەمان شتە، نابێ بە هەموویان پشت لەو گەنجانە بکەن و ئەوانیتریان لەلا پەسەند بێ، کە هیچ کێشەیەکیان نیە. پشت کردن لێیان زیاتر وێرانیان دەکات. قسە گوتن پێیان و ڕوو لێ وەرگێڕان ئاڵۆدەتریان دەکات بەو ماددانە.

دەزانی ئێستاش لە دارستانەکانی نێوان هندستان و چین دەڵێن داریک هەیە، ئەگەر لەسەری هاوار بکەیت و بڵێی تۆ هیچ نی، یان سەرزەنشتی بکەیت و

بیشـــــکێنیەوە، لەخەفەتـــــان ووشـــــک دەبـــــێ؟ ئەوە گەورەتـرین پەیـامە بـۆ نـاو خێـزان. بەهەرحـاڵ مـن ئەو گەنجـــانە دەگـــۆڕم هەموویـــان دەکەمە شـــت، بە پێـــی ئارەزووەکـــانی خۆشـــیان نەک هـــی خـــۆم، جـــا هەرچیەکیـان خواسـت. دڵبـرین گـوتی بڵـێم چـی؟ نـاڵێم پێـت نـاکرێ، چـونکە ئەو سـڵاو کـردنەی ئەمڕۆیـان نیشـانەی چوونـت بـوو بـۆ لای ئەوان، بەڵام گرانیشـە بە قەد ئەنجامـدانی پەڕجـوویەک. ڕووبـا گـوتی ئەوە بـۆمن بەجێبـــێڵە مـــن حەزم لەو ئیشـــە گرانـــانەیە، خـــۆی ئەنجامـدانی ئیشـی گـران، گرانـایەتی دەبـێ، نەک شـتێکی تر، مەگەر ئێمەش هەر ئەوەمان ناوێ؟

(١٣)

ئەو شـــەوە حـــاڵی ئـــاینور تـــا دەهـــات بەرەو خراپـــی دەڕۆیـــی، داودی دارتـــاش لەو کـــاتەوەی بە بـــاوەش بردبـــوویەوە مـــاڵ و لە ســـەر جێگـــاکەی دریـــژی کردبـــوو، دایکـــی پەڕۆکـــی تەڕدەکـــردو بە نێـــوچەوانی وەدەنـــا، لەســـەری بەردەوام ئـــایەتی دەخوێنـــد و ڕووی دەکـــردە ئاســـمان کـــچەکەی چـــاک بێـــتەوە. دەم نـــادەمیش بە داودی هاوســـەری دەگـــوت چەنـــدجارم بەو کـــچە گـــوت بەو ســـەرو پـــرچە کـــۆتەو بەو هەمـــوو ســـۆراو ســـپیاوە

مەچووە دەرێ، خوا لێت هەڵناگرێ تۆ ئەو خەڵکە بەو هەموو جوانیەت ئازار بدەی. داودی دارتاشیش هیچ لەو قسانەی بەدڵ نەبوو، بەڵام نەدەکرا لەو کاتە قسەیەک بکات دوور لە هەستی دایکیەتی ئەو. بڕیاریدا زیاتر خۆی بگرێ. بەڵام دایکی ئاینور هەر نەیبڕیەوەو بێ ڕاوەستان ئەو قسانەی دەکرد، کە لەو کاتە لە پەیداکردنی پەشێوی و ژاوەژاو زیاتر هیچ سوودێکی تری نەبوو. بەناچاری داودی دارتاش بە جواب هات و گوتی ئەرێ تۆ بێ دەنگ بی زۆر باشتر نیە لەو قسانە. دایکی ئاینوریش گوتی بۆ ڕاست نیە؟ داودی دارتاشیش وەڵامی نەدایەوە، زانی ئەگەرقسەیەکی تر بکات دڕێژە دەکێشێ. گوتی واز لەو شتانە بێنە پێویستە بیبەینە نەخۆشخانە.

ئاینور کە گوێی لە باوکی بوو وادەڵێ، لەترسی ئەوەی نەوەک پزیشک بەوە بزانێ چی کردووە و چی خواردۆتەوە، بە زمانی تێکئاڵاو گوتی نا باوکە بەخۆم چاک دەبم، تەنیا لێرە بەجێمبێڵن. تۆزێک حەزم لە بێ دەنگیە. داودی دارتاش گوتی باشە، بەجێتدێڵین، ئەگەر حاڵت خراپتر بوو، زوو بانگمان بکە. دایکی

ئاینوریش گوتی کچم با من لەلات بم. ئاینور گوتی نا، حەزم لێیە تەنیا بم هەر ئەوەندە.

ئینجا کە دایک و باوکی ئاینور چوونە دەرەوە، ئاینور زگی پێیان سووتا، کە بینی ئەوەندە بۆی بە پەرۆشن. لەوکاتە بە بیری هاتەوە کە خەلیفە خستبوویە بنەخۆی و لە سەری خۆی دەهێناو دەبرد. دەرمانە گییاییەکەش ئەوەندە بەهێزبوو، لەسەر ئەو هەموو گەدە تێکچوون و ڕشانەوەیەو غەمی ڕوودانی ئەو ڕوودواوە، هێشتا ئیشی خۆی دەکرد لەناو لەشی ئاینور. کە هەستی جوڵا، خۆی خستە بن سەر چەفی سەر جێگاکەی و چاوەکانی داخست. دیمەنەکانی ئەو ڕۆژەی یەک یەک بەبیردەهاتەوە.

حەزی دەکرد لەو کاتە لیا لەلای با، تا قسەی دڵی خۆی بۆ بکات، ئەو هەموو ڕوودواوە لە ناخە بچووک و ناسکەکەی جێی نەدەبۆوە، پێویستی بە کەسێک بوو یارمەتی بدات، جێی متمانەش بێ. لەپڕ شەهریاری بە بیرهاتەوە، کە بۆ دوایین جار لە خوێندنگە بینیبووی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ڕاوەستابوو، ڕیشێکی تەنکی دانابوو، خەتی ڕیشەکە وای لە دەموچاوی کردبوو

جوانتر دەربکەوێ. گوتی شەهریار نازانم تۆ ئاگات لەمنە یان نا، ئەوشتانە هەمووی لەبەر خاتری تۆ دەکەم. یادی تۆ، دیمەنەکانی تۆ، هاتوچۆی تۆ و دەست بە پرچ داهێنانەکانت و گفتوگۆ دوور بە دوورەکانت لەبەر چاوم لاناکەون و ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر یەخەم دەگرن.

ئەوەی خەلیفە بردی و خوێنەکەی کردە قوربانی شەیتان، من بۆتۆم دانابوو. ئاخەر ئەگەر تۆ ڕازیبووی و منت کردە هاوسەری خۆت چۆن شتێکی ساختەت پێشکەش بکەم، کە کچێکی وەک من لەوە زیاتری نیە بیداتە کوڕە خۆشەویستەکەی بەدیاری. بە دەستی خەلیفەیەکی فێڵزان چاکرابێتەوە. هەر لەبەر خۆشی تونـد دەمی خۆی گرت و گوتی خودایە تۆبە کە قسەم بە خەلیفە گوت، وەڵا نازانم چی دەڵێم؟ لەگەڵ ئەو قسانەش فرمێسک بەسەر ڕوومەتە ناسکەکانی جۆگەیان بەستبوو. ئینجا هەر بە غەریبیەوە گوتی بۆ دەبێ هەموو ئەو شتانەی ئارەزووەکانمان دەیانخوازێ، خراپەیەک لە پێناویاندا بکەین، ئەوجە بە دەستیان بێنین؟ وەڵا ئەوە ڕاست

نیە، خەلیفە چ نەما لێم نەکات. دەتگوت جوچکەیەکی زەرد و ناسکم لەبن دەستی. کە هەستی بە بێ هێزی خۆی کرد و باسی جوچکەیەکی زەردی کرد، زیاتر گریا. هەر بەو گریانەوە بالیفەکەی لەسەر سەری داناو کەوتە زندە خەو. لەناو جێگاکەی سەری دەسووڕا، دەتگوت ژوورەکە بە ئاینورو سیسەم و هەموو کەلوپەلەکانیتر دەیەوێ بەلاری سەراو ژێر بێ.

لەپڕ لەگەڵ هوڕێنەو کەمێک لەرزوتا خۆی بینیەوە لەناو شارێکە، خەڵک بە ترسەوە دەهاتن و دەچوون، هەرکەس خۆی لەناو ماڵەکانیان نابوو، دەرگایان لەسەر خۆیان پێوەدابوو، دەنگ و باسێک بەناو خەڵکیدا بڵاو ببۆوە دەیانگوت بوونەوەرێک هاتووە ژن و منداڵ دەبا، کەسیش نازانێ ئەوانەی دەبردرێن چیان لێدێ، چونکە ناگەڕێنەوە، ئێوارەیەک خەڵک هەموو کۆدەبنەوە، ئاینوریش لەگەڵیان دەبێ، دەڵێن ئیتر ناکرێ هەروا بە ترسەوە بژین، نەوێرین بێینەدەرەوەو منداڵەکانمان لەناو باوەشی خۆمان بنێین. هەڵدەستن هەرکەس لە ڕاستی خۆیەوە دەستدەکاتە خاکەناس و قەزمەو پێمەڕەو دار. دەڕۆن

تا بەرەنگاری بوونەوەرەکە ببنەوە، تا ئێوارە دادێ چەند دەگەڕێن تووشی نابن لە کوێیە، لەپڕ ئاسمان خۆڵاوی هەڵدەگەڕێ و تۆزو بایەکی سارد هەڵدەکات، بوونەوەرەکە لەناو تۆزو بایەکە لە دوورەوە بەدیار دەکەوێ، هێدی هێدی لە خەڵکەکە دێتە پێش. خەڵکەکە کە چاویان پێدەکەوێ شێوەی لە مرۆڤێکی گەورە دەچێ، دوولاقی درێژی هەیە، لەگەڵ دوودەستی درێژ و سەرێکی چوار گۆشەو پێیەکانیشی هەر چوار گۆشە دەبن، سەرتاپا لەشیشی بە نایلۆنی ڕەش پێچراوەتەوە، بە لاکە لاک دەڕوا. خەڵکەکە لەسەر ئەو حاڵەش کەدەیبینن زگیان پێ دەسووتێ. لە پڕ بوونەوەرەکە کە هەر لاقێکی بە قەد ستوونێکی چوارگۆشە درێژ دەبێ و چەند مەتڕێکیش ئەستوور، دەرگایەک لە قەد یەکێک لە لاقەکانی دەبێتەوە، ئاینورو خەڵکەکەش کە چاویان بە دەرگاکە دەکەوێ پێیدا دەچنە ژوورەوە، دەبینن لەناوەوەی بوونەوەرەکە شارێکی گەورە هەیە، شارەکە پڕە لە شەقامی وێران و ترافیکی شکاو و ئۆتۆمبێلی

ســـووتاو. پـــڕە لە خـــانووی چـــۆڵ و کەلـــوپەلی هەزاران هەزار ساڵ بەر لە ئێستا.

دیـــار بـــوو ئەو بـــونەوەرە گەیشـــتبووە هەرچـــی، لە خۆیـــدا کـــۆی کردبـــۆوە. ئـــاینورو خەڵـــکەکەش بەنـــاو شـــارەکەدا دەســـــت بەگەڕان دەکەن، دەبیـــــنن لەم بەرو لەو بەری شـــەقامەکان ئەو منـــدااڵنەی بـــوونەوەرەکە بردبـــوونی، هەمـــوو مـــردوونەو لاشـــەکانیان لەو گـــۆڕە کەوتـــووە، هەمـــــووش کـــــرم لە ســـــەرو چاویـــــانی داوە، لەنـــــاو منـــدااڵکان بینیـــان یەکێکیـــان هێشـــتا زینـــدووە، لەوکـــاتە ژنێـــک هەڵیـــدەگرێتەوەو کرمەکـــانی لەســـەر دەموچـــاوی پـــاس دەکـــات، ئـــاینور دەبینـــێ ژنەکە دایکـــی لیـــای هـــاوڕێیەتی، دایکـــی لیـــا دەڵـــێ لێنـــاگەڕێم ئەوەیـــان بمـــرێ، یەکێـــک لە مەمکەکـــانی دەردێنـــێ و شـــیری پێـــدەدات، بەاڵم لەگەڵ شـــــیرخواردنەکە منـــــدااڵکە لە نـــــاو کـــــونە کەپـــــوی و دەمـــــی کرمـــــی زیـــــاتر دێـــــتە دەرەوە، وەک ئەوەی زگـــی شـــارە کرمێکـــی گەورە بـــێ. دایکـــی لیـــا بە ناچـــاری کە دەزانـــێ کرمەکـــان بـــێ کۆتـــایی زیـــاد دەکەن، لە سەر زەویەکە دایدەنێتەوە.

ئینجا لەوێرا زیاتر دەگەڕێن، تا تووشی کارگەیەکی گەورە دەبن، ئەوەندە گەورە مرۆڤ تێیدا لە مێروولەیەکی بچووک دەچێ لە ناویدا. دەبینن هەموو ئەو ژنانەی بردرابوون، تێیدا ئیشدەکەن، ئیشێکی گران و تاقەت پڕوکێن، کەس توانای نابێ لەگەڵ یەکیش قسە بکات، خەڵکەکە تەنانەت سەیری یەکتریشیان نەدەکرد.

لە چەند کەس دەپرسن ئێرە کوێیە؟ کەس لە ژنەکان وەڵام ناداتەوە. تا دەگەنە پیرێژنێک، ئاینور هەست دەکات دەیناسێ، بە پەلە لێی دەچێتە پێش و دەڵێ تۆ چیدەکەی لێرە؟ پیرێژنەکە کە ئاینور دەبینێ دەڵێ ئەوە تۆی، بۆ لە دەرگاکە هاتیە ژوورێ؟

ئاینور دەڵێ بێزار بووین بۆیە، ناکرێ هەر خۆمان بشارینەوەو ڕابکەین. تۆ واز لەوە بێنە، ئێوە ئەو ماوە دوورودرێژەی بزربوونە هەر لێرە بوون؟ پیرێژنەکە دەڵێ بەڵێ. ئاینور دەڵێ بۆ؟ پیرێژنەکە دەڵێ کارمان پێ دەکەن، بێ ڕاوەستان، ئیزنیشمان نادەن بگەڕێینەوە، هیچ بەرهەمی ماندووبوونیشمان دیار نیە، تازە ناشتوانین بێینە دەرەوەی ئەو بوونەوەرە ڕەشە.

ئاینور دەڵێ نا وامەڵێ ئێمە هاتووین لەگەڵی بجەنگین و لە ناوی ببەین. پیرێژنەکە بە پێکەنینێکی ماندووەوە دەڵێ، ئێوە هەر ئەو دانەیەتان بینیوە، بۆیە هاتوون دەنا نەدەهاتن، ئەوانە ژمارەیان زۆر لەوە زیاترە کە پێشبینی دەکەن، دونیا پڕبووە لەو بوونەوەرە ڕەشانە.

هەمووشیان ژن و منداڵ دەبەن و لەناوەخۆیان شاری گەورە گەورەیان پێ دروست دەکەن و لەناو ئەو شارانەش کارگەی لێیە، لە کارگەکان کاریان پێ دەکەن. لەو کاتە ئاینور ئاوڕ دەداتەوە دە بینێ لە دووڕا چەند کەسێک لە لایەکی کارگەکە بۆ لای دێن، جلی بزیشکیان لەبەرە، سۆندەو وایەری ئامێرەکانی نەخۆشخانەو سرەنج و دەبە ئاوی کانولەیان پێیە، قەرەوێلەیەکی بە تایەشیان بە پێشەخۆیان داوەو بە پەلە هەنگاو داوێن.

ئاینور دەیەوێ ڕابکات ناتوانێ، لە پڕ خۆی دەبینێتەوە دوای ئەو خەیاڵانە لە نەخۆشخانەیە، تومەس دوای بینینی ئەو دیمەنە هورێناویانە، لە ژوورەکەی هاواری کردبوو، داودی دارتاش و دایکیشی زانیبوویان کچەکەیان حاڵی شڕ بووە، بەپەلە بردبوویانە

نەخۆشخانە، ئاینوریش لەبەر بینینی پیاوە ڕەشەکەو مردنی ئەو منداڵانەی کرم لێیانی دابوو و کار پێکردنی ژنەکان، هیچ ئاگای لەوە نەبوو ڕوویدابوو. کە چاوی کردەوە لە ژووڕێکی ئارام بوو، هیچ دەنگێکی لێوە نەدەهات، هەوایەکی پاکیش دەچووە ناو سیەکانی. ئۆکسجینیان لەسەر دانابوو.

کە بە ئەستەم سەری بڵند کردو سەیری دەستە ڕاستی خۆی کرد بینی کانولەیەکی بۆ دانەدراوە، تۆزێکیش لە سۆندەکەی کانولەکە خوێن گەڕاوەتەوە. کە سەیری کاتژمێری قەد دیوارەکەی کرد، کە بۆ دڵخۆش کردنی نەخۆشەکان، دیزاینەکەی پشتی پێکهاتبوو لە کۆمەڵێک دارو تاقگەیەک و شاخێکی بەرزو هەندێک پەڵە هەوری سپی و ئاسمانێکی شین. کاتژمێر دوازدەو نیوی شەو بوو.

بەشی پێنجەم

(١٤)

ڕۆژ چاریگێک ئاسمانی بڕی بوو، کاتێک نەدیم گەیشتەوە ئەشکەوتەکە. کە چۆوە ژوورێ، هاوڕێ پێشمەرگەکانی خەوتبوون، تەنیا ڕەنجدەری لاوچاک نەبێ، بەئاگا بوو. کە چاوی بە نەدیم کەوت هەڵستاوە سەر پێیەکانی و گوتی چیت کرد؟ نەدیم لەبەر ئەوەی بەیەک پشی چیایەکەی بڕی بوو، یەکسەر دانیشت گوتی بوەستە با بحەسێمەوە هەموو شتێکت بەووردی بۆ دەگێڕمەوە. لەگەڵ ئەو دەنگە دەنگە

پێشـــمەرگەکانیتریش بە ئاگـــا هـــاتن. هەمـــوو لە نەدیـــم کۆبـــوونەوە، چـــاوەڕێی دەمـــی بـــوون بـــزانن چـــی دەڵـــێ. لەپـــڕ نەدیـــم دەمـــی لێـــک کـــردەوەو گـــوتی کـــارەکەم ئەنجـــام نەدا. ڕەنجـــدەری لاوچـــاک گـــوتی لەبەرچـــی؟ ماڵەکەیـــت نەدۆزیەوە، یـــان لە گونـــد نەمـــابوو؟ نەدیـــم گـــوتی نەخێـــر هـــیچ لەوانە نەبـــوو، هەم لەگونـــد بـــوو، هەمـــیش مـــاڵەکەیم دۆزیەوەو چـــوومە ســـەر سەریشـــی لە شـــیرینی خەو، بەڵام لەبەر پیـــرە دایـــکەکەی دڵـــم نەهـــات. گـــوتم ئێســـتا لەگەڵ تەقەکـــان لەخەو هەڵســـتێ شـــێت دەبـــێ. لەوکـــاتە هەورازە ڕەش، کە بەخـــۆی کەســـێک بـــوو زوو زوو هەڵـــدەچوو، هەڵســـتاوەو تفێکـــی بەهێـــزی کـــرد، تـــفەکە دەنگی دایەوە ناو ئەشکەوتەکە.

گـــوتی لەبەر دێـــڵە ســـەگێک ئەو جاشـــەت نەکوشـــت؟ ئـــاخەر ئەوە چ قســـەیەکە؟ کەی ڕەوایە لەبەر پیرێژنێـــک داخـــوا دووڕۆژی مـــاوە بتـــۆپێ یـــان نـــا، کـــاری شۆڕشـــێک پەک بـــخەی؟ نەدیـــم گـــوتی نـــا، لەبەر ئەوەی دایـــک بـــوو. مـــن وا لەپێشـــمەرگە نەگەیشـــتووم کـــاری نـــامەردانە ئەنجـــام بـــدات، شۆڕشـــیش پـــێم وایە بێـــویژدانی نـــیە. دواڵـــی ســـەردار کە کەســـێک بـــوو هەمیشـــە دەیخـــواردەوەو

هەموو جارێ کە مەی لێ دەبڕا، لەو گوندانەی مەسیحی نشین بوون، بە ڕێبوارەکانی دەگوت مەیم بۆ بێنن. ئەو قسەیەی نەدیمی بەدڵ بوو.

بۆیە ڕووی لەهاوڕێکانی کردو گوتی تۆزێک ئارام ببنەوە، منیش لەجێی ئەوبام، ئەو کارەم نەدەکرد، چونکە واتێگەیشتووم، شۆڕش واتا تێکۆشان لە پێناو ڕاستی. پێشم وایە نەدیم بەو کارەی ئەنجامی نەدا، لەبەر دایکێک، دەستپێکی شۆڕشگێڕی ئەو، دەستپێکێکی جوانە.

هەورازەڕەش چونکە بەخۆی نەدیمی پەلکێشی پێشمەرگایەتی کردبوو، دەترسا نەدیم لەلایان هاوڕێ پێشمەرگەکانیەوە گومانی لێ بکرێ. بۆیە پێی گوت تۆ بەمشێوەیە ناتوانی درێژە بە ڕێگاکەت بدەی، تا ببیە جێی متمانەی هەموومان.

نەدیم دڵی بەوقسەیە توند بوو، وایزانی ئیتر ڕاست نیە لەگەڵ عەشقەکەی، کە بەڵێنی بە مەستان دابوو. بۆیە گوتی وا مەڵێن، من لە بارودۆخێکی خراپ دام. من بەرامبەر ئەو مەسەلەیە لەهەموتان هەستیارترم.

هەورازە ڕەش دوای ئەو قسەیە گوتی هاوڕێیان ئێوە دەرفەتێکی تری پێبدەن، با چالاکیەکی تر ئەنجام بدات. بۆ ئەوەی متمانەی پێبکەن. ڕەنجدەری لاوچاک گوتی چی دەڵێی ڕازی؟

نەدیم کەمێک کەوتە بیرکردنەوەو گوتی بەڵێ، بەڵام کوشتن نا، تەنیا کوشتن نا، هەوڵدەن شتێکیترم پێ بکەن. ڕەنجدەر گوتی باشە ئۆتۆمبێلێکی سەربازی بەعس بڕفێنە. یان ناو بازاڕ ئاگری تێبەردەو ڕاکە. نەدیم بە پێشنیارەکە ڕازی بوو. لەخواردەوەی ئەو شاخە، بەدووری هەشت کیلۆمەتر، شارۆچکەیەک هەبوو، ئەو شارۆچکەیە، کەوتبووە ژێر دەستی سەربازەکانی بەعس.

نوقتە سەربازیەکان لەدەوری شارۆچکەکە بە ئاسانی دەبیندران، دەورەی هەر نوقتەیەک بە تورەگەی پڕگڵ گیرابوو، لەگەڵ تێڵی دڕک و ئەو ستونانەی ڕێ لەچوونە ژوورەوەی ئۆتۆمبێل دەگرن. لەناو سەربازگەکەش چەند جێبێکی بێ میچ دەبیندران.

خەڵکی لە کەشێکی کابووساوی ژیانیان دەگوزەراند، ئەو سەربازانە هەر کات زەوقیان لێبا، بۆ کەیفی

خۆیان سەبەینان زوو، یان عەسران دەچوونە ناو بازاڕی شارۆچکەکەو بەپێیان، دوو دوو و سێ سێ دەسوڕانەوە. سەیری ژنەکانیان دەکردو شتیان لەسەر عارەبانەکان دەخوارد وشاپیان لە کەل و پەلی سەر ڕێگاکان دەدا. بۆیە ئەوانە تا زیاتر بەمشێوەیە ڕەفتاریان بکردبا لەگەڵ خەڵک، پێشمەرگە بە پیرۆزتر سەیر دەکرا.

تەنانەت بچووکترین چالاکیش لە سەرتاسەری وڵات دەنگی دەدایەوە. خەڵکی ئاسایش چاوپۆشیان دەکرد لەو کارانەیان. چونکە دەکرا تۆمەتی پێشمەرگایەتی بخەنە پاڵ هەر کەسێک بیانویست با، جاشەکانیش لەگەڵیان بەشدار بوون. نەدیم ڕۆژی دواتر، خۆی گەیاندە شارۆچکەکە، شاڵێکی گەورەشی بەسەری خۆی دادابوو، دەمانچەکەشی لەبەر پشتی بوو، خۆی وا لێکردبوو، کەسێکی هەژارە لەیەکێک لە گوندەکان هاتووە. بەناو بازاڕ دەستی بەگەڕان کرد، ئەو تا ئەوکاتە هەرگیز ئۆتۆمبێلی لێنەخوڕی بوو، تەنیا جار جار لە گوندەکانی دەوروبەر تراکتۆر نەبێ، بەڵام

هەڵبژاردنی ئەو ڕێیەی پێ باشتر بوو لە کوشتنی کەسێک، چ کوشتنێک؟ لە شەڕیشدا نەبێ.

لەناو بازاڕ شاڵەکەی هێنا سەر دەموچاوی خۆی، هەر ئەوەتە لەپەنا لچکی شاڵەکە دەموچاوی دەبیندرا، لەهەندێک شوێن سەیری سەر عارەبانەکانی دەکردو دەستی لەکەل و پەلەکان دەدا.

لەناکاو سەیری سەر شەقامەکەی کرد، بینی جێبێکی بێ مێچ ڕاوەستاوە، چەند سەربازێکیش لەکنینە، گفتوگۆ دەکەن. ئەویش لێیان نزیک کەوتەوەو بە ووردی چاودێری دەکردن، لە لای عارەبانەیەکی تر ڕاوەستا. بە ئەنقەست خاوەن عارەبانەکەی دواند، کە خاوەن عارەبانەکە کەوتە قسەکردن، نەدیم پێی گوت من لە گوندەوە هاتووم، ئایا ئەو سەربازانە بەردەوام ئەوها چاودێری بازاڕ دەکەن؟ خاوەن عارەبانەکە گوتی بەڵێ بەنەفرەت بن.

کەس نیە لێیان بێزار نەبێ. بەڵام ئینسان لەبەر جاشەکان ناوێرێ لەلای ژنی خۆشی قسەی دڵی خۆی بکات. بڕۆ بە گوێی من دەکەی زۆر تەماشایان مەکە، کەل و پەلەکانت بکرەو بگەڕێوە گوند، هەرنا

کەمێک دوورەدەستترە لە زوڵم و ستەمی ئەو سەربازانە. نەدیم سەرێکی بە بەڵێ لەقاندو خاوەن عارەبانەکەی بە جێهێشت. چاوی بەناو خەڵکەکە گێڕا، کۆمەڵێک ژنی سەربە عەباو پیاوی بە تەمەنی شەروالّ لە پێی بینی.

کەم گەنج لەناو بازاڕەکە دەبیندرا، هەرچی گەنج بوو یان بە زۆرەملێ پەلکێشی سەربازی کرابوو لەلایان بەعسیەکانەوە، یانیش لەداخان ببووە پێشمەرگەو چوبووە شاخ. نەدیم ئەوجارە کە ئاوڕی لە جێبەکە داوە، بینی سەربازەکان دوورکەوتونەتەوە، هێدی هێدی بەرەو لای جێبەکە ڕۆیی، کە گەیشتە لای، سەیری بن سوکانەکەی کرد، بینی سویچیشی لەسەرە. ئەویش بەیەک باز خۆی خستە ناوی و سلفێکی لێدا، دەنگی سلفی جێبەکە لەناو بازاڕەکە دەنگی دایەوە.

هەموو خەڵکی بازاڕەکە سەیری ئەو دیمەنەیان کردو شەڵەژان، نەدیم شاڵەکەی لەسەر سەر لاکەوت، سەربازەکانیش بینیان، لێکرا ڕایانکێشا چەکەکانی دەستیان بۆ ئەوەی ڕاوەستێ، بەڵام نەدیم بەوکەمە

شـــۆفێریەی دەیزانـــی، جێـــبەکەی بە خێراییەکـــی زۆر لـــێ خـــوڕی و بەنـــاو خەڵـــکەکە کەوت، ســـــەربازەکانیش تەقەیـــان لێکـــرد، ئەویـــش لە شـــوێنێک بـــۆ ئەوەی مـــل لە خەڵـــکەکە نەنـــێ، بە خێرایـــی لایـــدا، خـــۆی بە کۆمەڵێـــک عارەبـــانەی دارینـــی عەمباریـــدا کێشـــاو جێـــبەکە هەر لەو نزیکـــانە گیربـــوو، لەگەڵ گیربـــوونەکە. نەدیـــم خـــۆی فڕێـــدا خـــوارەوەو بە هەمـــان ئاراســـتە تەقەی لەســـەربازەکان کـــردەوە. لەبـــنەوەی جێـــبەکەش بەنـــزین لەتـــانکیەکەی بەگـــۆڕێ وەربـــوو و ئـــاگری گـــرت، ئـــاگرەکە بە خێرایـــی گەیشـــــــتە عارەبانەکـــــــانیش، دوکەڵێکـــــــی زۆر لە شارۆچکەکە بەرزبۆوە.

لەوکـــاتە نەدیـــم بەنـــاو خەڵـــکەکەو کۆڵانەکـــان ڕایکـــرد، دەیویســـت خـــۆی لە شـــوێنێک بشـــارێتەوە. لەگەڵ دەنگـــی ئەو تەقـــانەش ســـەربازی زیـــاتر لە ســـەربازگەکەڕا ڕژانە نـــاو بـــازاڕو بە هەمـــوو لایەکـــدا دەســـتیان بە گەڕان کـــرد، هەرزووش هەواڵ بڵاوبـــــــۆوە پێشـــــــمەرگە بە ڕۆژی ڕۆنـــــاک هـــــاتوونەتە نـــــاو شـــــارۆچکەکەو چالاکیـــــان کـــردووە. خەڵکـــیش بەو هەواڵە لەلایەک دڵخـــۆش بـــوون، لەلایەکـــی تـــر، دەیـــانزانی ســـەربازەکان لەڕقـــی ئەم کـــارە

زیاتر بێزاریان دەکەن. نەدیمیش دوای بڕینی کۆمەڵێک کوچەوکۆڵان، خۆی خستە ماڵێک. لە ماڵەکە پیاوێکی پیری لێ بوو، لەگەڵ چەند منداڵێک و پیرێژنێک و چەند کچێکی گەنج. گوتی بەس هەتا شەودادێ هاوکاریم بکەن، دواتر ئێرە بەجێدێڵم و دەگەڕێمەوە چیاکە. پیاوە پیرەکە شڵەژا، گوتی پێشمەرگەی؟ نەدیم گوتی بەڵێ، هاتبووم بۆ چالاکی دواتر لەگەڵ سەربازەکان تێک گیربووین.

پیاوە پیرەکە گوتی ئێستا دەست بە پشکنین دەکەن، بەڕای من لێرە دوورکەوێوە باشە، لەگەڵ ئەو پیرێژنە دەتنێرمە شوێنێک بڕۆ جلێکی ژنان بپۆشە، شەو درەنگیش لەو شوێنە بڕۆ. دوای ئەو قسەیە نەدیم بە قسەی پیرەمێردەکەی کردو چوو لە یەکێک لە ژوورەکان جلێکی ڕەشی پۆشی، سەری خۆشی داپۆشت. کۆڵان بەگەر پیرێژنەکە کەوت، لە ڕێگا بینی ئەو شارۆچکەیە بە تەواوەتی شڵەژاوە، هەموو کەسێک بە خێرایی تێیدا دێت و دەچێت، سەربازەکانیش بە ئۆتۆمبێلەکانیان هاتووچۆ دەکەن.

نەدیم لەگەڵ پیرێژنەکە تەواو دوورکەوتەوە لەشوێنی ڕوودداوەکە. ئینجا بە ڕێنمایی پیرێژنەکە چوونە ماڵێک، پیرێژنەکە نەدیمی بە پیاوێکی بەتەمەن ڕاسپارد، نەدیم لەوکاتە دەستی پیرێژنەکەی ماچ کرد پێش ئەوەی بگەڕێتەوە، گوتی دایە سوپاست دەکەم.

پیرێژنەکەش گوتی تۆ کوڕی منی، منیش دوو کوڕم هەیە وەکو تۆ پێشمەرگەن، لەمێژە نەمبینیوون، ئەگەر گەڕایتەوە چیا بڵێ دایکتان غەریبیتان دەکات، لەجیاتی منیش ماچیان بکە. پیرێژنەکە ئەوەندە سادەو بێ ئاگابوو لەشاخ، ئەو وایدەزانی پێشمەرگەکان هەموو یەکتری دەناسن. ئینجا نەدیمی بەجێهێشت، پیاوە بەتەمەنەکەش گوتی وەرە ژوورەوە، ئەگەر دونیا بوو لەدەرگا درا، تۆ ئەم ڕایەخە هەڵدەوەو بڕۆ ناو ئەو ژێرزەمینە بچووکەی سەردەمێک بۆ کوڕە فیرارەکەم لێمدابوو. نەدیم چونکە بەخۆی تازە هاتبووە ناوخەڵک و بەشداری شۆڕشی کردبوو، بێ ئاگابوو لەوەی لەناوخەڵکی چ هەیە، دەنا ئەو بەڕێکەوت لە شارۆچکەکە ڕێی بە دوو ماڵ کەوتبوو، کەچی یەکێکیان دوو منداڵی پێشمەرگە بوو، یەکێکیشیان

کـــورێکی فیـــرار. نەشـــدەکرا وا بەخێرایـــی بە پیرێـــژنەکە بڵـــێ کورەکانـــت لە کـــام شـــوێن پێشـــمەرگەن و ناویـــان چیە؟ بەو پیاوەش بڵێ ئەدی کوا کورە فیرارەکەت؟

کە کەمێـــک حەســـاوەو جـــلە ژنـــانیەکەی لەبەرخـــۆی داکەنـــد. پیـــاوە بەتەمەنەکە پێـــی گـــوت بەدبەخـــت، چەنـــد بـــێ هەوالّـــی. نەدیـــم ســـەیری بەو قســـەیە هـــات گـــوتی مـــامە بـــۆ؟ پیـــاوە بەتەمەنەکە گـــوتی ئەوەنـــدەی مـــن لە دونیـــا گەیشـــت بـــم، ئـــێمە کێشـــەمان لەگەڵ ســـەروچاوی حوکمڕانەکـــان نـــیە، ئـــێمە کێشـــەمان لەگەڵ ســـەروچاوی سیستەمەکە هەیە.

ئێـــوە ڕۆژێـــک دێ تەنیـــا ســـەروچاوەکان دەگـــۆڕن، نەک سیســـتەمەکە، لەجێـــی ئەو بـــاوک و کـــوڕە، بـــاوک و کـــوڕی تـــر دادەنـــێن، مـــن مـــردوو ئێـــوە زیندووم، ئەو قســـەیەم لەبیـــر مەکە، دوور مەبیـــنە ئەو جیهـــانەی ئەوان دەیئـــافرێنن، زۆر قێزەونتـــر بـــێ لەو جیهـــانەی ئێســـتا تێیـــداین. نەدیـــم هەرگیـــز بیـــری لەو مەســـەلەیە نەکردبـــۆوە، لە دڵەخـــۆی گـــوتی باشـــە ئەگەر ئەوەی ئەو پیـــاوە دەیڵـــێ ڕاســـت دەرچـــوو، دەبـــێ مەســـتان بەو نیشـــتیمانە ڕازی بـــێ، پێـــی بـــدەم؟ نیشـــتیمانێک هیچـــی

جیاواز نەبێ لەگەڵ ئەوەی ئێستا، تەنیا ئەوجارە لەبەر ئەوەی کورد بەڕێوەی دەبا.

ئەو دوای ئەو بیرکردنەوەیە هەستی کرد سەری گێژ دەخوا، ناچار وازی لەو گومانە هێنا کە دیارنیە چ دەگوزەرێ لە دواڕۆژ. دوای ئەو کەمە گفتوگۆیە پیاوەکە ژێر زەمینەکەی پێنیشان دا، نەدیم پاش ئەوەی سەری بەناو ژێر زەمینەکەدا گێڕا، ڕووی کردە پیاوە بەتەمەنەکە گوتی دەکرێ بپرسم کوڕەکەت ئێستا لە کوێیە؟ پیاوە بەتەمەنەکە گوتی بە لێکدانەوەی کام لا وەڵامت بدەمەوە؟ بەعسیەکان، یان شۆڕشگێڕە کوردەکان؟

پێت بڵێم کوژرا، یان شەهید بوو. ئەو بەناچاری تاقەتی ئەو ڕاکە ڕاکەی نەما، دەشترسا ڕۆژێک بیگرن و بە تاوانی پێشمەرگایەتی لە سێدارەی بدەن، نەشیدەویست ببێتە پێشمەرگەو خێزانەکەی لێرە ئازار بدرێن بە دەستی سەربازەکانی بەعس، خۆی ڕادەست کرد، چوو بووە سەرباز، ویستی تەنیا ئەو ماوەیە تەواو بکات کە دەبوا بەزۆر بەشداری سووپا بێ. ئەوان لێنەگەڕان وەکو کەسێکی ئاسایی ناو گۆمەڵگا

بـژی. کـوڕەکەی مـن و چەک هەڵگـرتن لێـک دووربـوو، ئەو دەسـت و پلـی بـۆ ئەوە نەدەشـیا، چـۆن دەکـرێ پەپـوڵە خـوێن بڕێـژێ، ئەو پەپوڵەبـوو. ئـاخەر کە دوو لەشـکر لە وولاتێـک یـان لە نێـوان دوو وولات لەسـەر سـنووردێک پێکـدادەدەن، لەوێ قیـامەتی کۆمەڵگـا و تـاک هەڵدەسـتێ، لەوێ جەهەنەم پەرپـا دەبـێ بـۆ دوو نەتەوە، مـرۆڤ بە بـێ جیـاوازی لە ئـاگرەکە تێـوە دەگلێ. جـاری وا هەیە دوور مەبینـە بـراو بـرا یەک بکـوژن. بەهەرحـاڵ دوای ئەوەی بـووە سـەربان، بە دەسـتی پێشـمەرگەکان کـوژرا. لەنـاو فـایلی بەعسـیەکانیش شـەهید بـوو. کە پیـاوە بەتەمەنەکە لە قسـەکان بـۆوە، سـەیری لایەکـی دیـواری ژوورەکەی کـرد، وێـنەی کوڕێـک لە چوارچێـوە گیرابـوو، کـوڕێکی گەنج تازە سمێڵی دەهات.

ڕیشـی پـاک تاشـیبوو، دوو زولفـی پـان و مامناوەنـدی هێشـتبۆوە، درێـژ نەبـوو وەکـو هـی کـوڕانی ئەو سـەردەمە، برۆیەکـانی تێکەڵـی یەک ببـوون، بە هەردوو چـاوە گەورەو ڕەشـەکانی سـەیری دووری دەکـرد. ڕاستەوخۆ نەدیم زانی ئەوە کوڕەکەیە.

گـوتی مـامە بەداخەوە. پیـاوە بەتەمەنەکە هەناسـەیەکی هەڵکێشـا نەدیمـیش چـاوی بە نـاو ژوورەکەدا گێـڕا، بینـی بەرامـبەر وێـنەکە، وێـنەی ژنێـک هەڵواسـراوە، سـەیری ئەو بەر دەکـات، دەتگـوت لە وێـنەی کـوڕەکە دەڕوانـێ. لەگەڵ بینینـی ئەم وێـنەیە، خـۆی پێنەگـرا، گـوتی ئەوە هاوسـەرەکەتە؟ پیـاوە بەتەمەنەکە وەڵامـی داوە بەڵـێ، ڕەوانـی شـاد. کە وای گـوت نەدیـم زانـی لەژیانـدا نەمـاوە. بـۆیە لەپیـاوە بەتەمەنەکەی پرسـی دیـارە زوو بەجێیهێشـتی پیـاوەکە گـوتی نـا، ئەو بەدوای کوڕەکەیـدا ڕۆیشـت، مـن پـێم وایە دوای مردنـی کـوڕەکەی ئیتـر نەیویسـت بـژی. زۆرجـار ئەوانەی بە دوای مەحبوبێکیاندا دەمرن، خۆیان ئیتر نایانەوێ بژین.

دەبـنە خـاوەنی ئیرادەیەکـی ئەوەنـدە بەهێـز دەتـوانن بە بـێ هـیچ خۆکـوژیەک ڕووح لە جەسـتەی خۆیـان بکێشـن. هاوسـەرەکەی منـیش لەو کەسـانە بـوو، دوای مردنـی کـوڕەکەم، بەزگیـدا، چ بە زگـدانێک؟ دەرفەتـی نەبـوو مالئاواییشـم لـێ بکـات. نەدیـم گـوتی بەسـەرهاتی ئێـوە چ سـەیرە؟ پیـاوە بەتەمەنەکە خەنـدەیەکی کـرد گـوتی بەسـەرهاتی ئـێمە یـان بە درێژایـی مێـژوو هـی ئەم

خـاکە؟ مـن بـا شـتێکت پـێ بڵـێم، هـیچ مـاڵێکی کـوردو عەرەب نـیە یەک دوو وێـنەی ئەوهـا لە ماڵەکانیـان هەڵنەوەسرابێ.

نەدیـم و پیـاوە بەتەمەنەکە لەو قسـانەبوون لەپـڕ بە تونـدی لە دەرگـا درا. پیـاوە بەتەمەنەکە بەپەلە بە نەدیمـی گـوت بـڕۆ نـاو ژێـر زەمینـەکە، نێـیە دەرەوە، هـیچ جـوڵەیەکیش نەکەی. دەرگـای ژێـرزەمینەکە بچـووک بـوو، دەبـوا نەدیـم خـۆی شـۆڕبکاتەوە خـواردن، ئینجـا لەوێـوە دوای تێپەڕانـدنی دەرگـاکە کە هەر بە قەدەر دەلاقەی خـانوویەک دەبـوو، شـوێنی دووخشـت بـێ. دەبـووە ژوورێکـی مەتریـک بە دوو مەتـر، لە دەرەوەش، لە دیـوی کـۆڵانەکەی پشـتەوە بە چەنـد قامیشـێکی کـون شـوێنی هەوا گـۆڕکێی بـۆ کرابـوو. نەدیـم بە گـوێی پیـاوە بەتەمەنەکەی کـرد، ڕاسـتەوخۆ خـۆی خسـتە نـاو ژێـرزەمینەکە، پیـاوەکەش دوو خشـتی لەسـەر دەرکـی کـونەکە دانـا، کە وا دروسـت کرابـوو، خشـتەکان لەگەڵ زەویەکە مشـت دەبـوون، بە هـۆی هێشتنەوەی لێواریک.

دواتـــر هەنـــدێک خـــۆڵی لە کەلەنـــی خشـــتەکان کـــردو ڕایەخێکی لەسەر ڕایەخست.

ئەســتوری ئەم خشــتانە وای لە ژێـر زەمینەکە کـرد بـوو، بەپـێش بەســـەر بـــکەوی تەپە تەپـــی نـــێ، دەنگـــی لەگەڵ زەویەکە جیـــا بـــێ. ئەمجـــارە دەنگـــی دەرگـــاکە تونـــدتر بـــوو، پیـــاوە بەتەمەنەکە ســـەیری دەوروبەری خـــۆی کـرد، هـیچ ئاسـەوارێک بەجـێ نەمـابوو جێـی گومـان بـێ، ڕاســتەوخۆ ســـەرو پرچـــی خـــۆی شـــێواند گـــوایە خەوی لـــێ کەوتـــووە، چـــوو بەپەلەپەل دەرگـــاکەی کـــردەوە، لەگەڵ دەرگـا کـردنەوە ئەفســـەرێک و کۆمەڵێـک ســـەرباز بەناو حەوشە وەربوون، بێ هیچ دەرفەت خواستنێک.

پیـــاوە بەتەمەنەکە ڕووی لە ئەفســـەرەکە کـــردو گـــوتی چ باسە؟ بۆوا بەژوور دەکەون.

ئەفســـەرەکە قســـەکەی ئەوی لەلا گرینـــگ نەبـــوو گـــوتی لەبەرچـــی درەنـــگ دەرگـــات کـــردەوە؟ پیـــاوە بەتەمەنەکە وەڵامـــی داوە خەوتبـــووم، گـــوێم لـــێ نەبـــوو لە دەرگـــا دەدەن. مەگەر نـــابێ مـــرۆڤ لەمـــاڵەکەی خۆیـــدا بـــخەوێ. ئەفســـەرەکە گـــوتی بەڵـــێ، ئینجـــا ڕووی لەســـەربازەکان کـــردو گـــوتی هەمـــوو شـــوێنێک بپشـــکنن. ســـەربازەکانیش

دەستیان بە گەڕان کرد بەناو حەوش و بان. ئەفسەرەکەش هێواش هێواش بەرەو ئەو ژوورە چوو ژێر زەمینەکەی لێ بوو، پیاوە بەتەمەنەکەش لەدوای دەڕۆیی. کە گەیشتنە بەردەرگا، لەژوورەوە چەند سەربازێک لەپەنا ئەو بوخچەو بوزگوڕو کەل و پەلانە دەگەڕان کە لەو ژوورە هەبوو. تەپە تەپی پێشیان دەگەیشتە لای نەدیم. نەدیمیش لەخوارەوە دەمانچەکەی ناو دەستی بوو، چاوەڕێی ئەوەی دەکرد، لەناکاو خشتەکان لابدرێن و ڕۆناکی لەگەڵ خۆی ئەوجارە، جیا لە هەموو ڕۆناکیەکانی دونیا کە مرۆڤ چاوی لێ دەبڕێ ئازادی پێ بێ، دەستبەسەرکردن و پەتی سێدارە و گوللە باران کردنی لەگەڵ خۆی هێنابێ، کە ئەمە بۆ خۆی جۆرە ڕۆناکیەکە لەهیچ لە ڕۆناکیەکانی تر ناچێ. لەسەرەوە ئەفسەرەکە سەیری وێنەی کوڕەکەی کرد، گوتی ئەوە کێیە؟ پیاوە بەتەمەنەکەش گوتی کوڕمە.

ئەفسەرەکە گوتی کوا؟ پیاوە بەتەمەنەکە لەوکاتە چاوی خستە سەر سەربازەکان دەیانویست ڕایەخەکە هەڵدەنەوە ووەڵامی ئەفسەرەکەشی داوە، شەهیدبووە

لەســـەربازی. لەوکـــاتە یەکێـــک لە ســـەربازەکان لچکـــی ڕایەخەکەی بەرزکردەوە وێستی لایبدا.

بەڵام ئەفســـەرەکە هـــاواری کـــرد، دەســـت هەڵگـــرن لە پشـکنین، بـڕۆنە دەرەوە چـاوەڕێم بـن، بەوانیتـریش بڵـێن بوەســـتن. ســـەربازەکان ڕاســـتەوخۆ لە ژوورەکە چـــوونە دەرەوەو ئەوانـــــی حەوشـــــەو دەوروبەریشـــــیان ئاگادارکردەوە، بچنە کۆڵان.

ئەفســـەرەکەش ڕووی لە پیـــاوە بەتەمەنەکە کـــردو گـــوتی تـــۆ بـــاوکی ســـەربازێکی شـــەهیدی، تەواو لێشـــی نزیـــک بـــۆوە، یەخەی کراســـەکەی لەهەردووڵاوە گـــرت، تۆزێـــک بـــۆی ڕێکخســـتەوە، ئینجـا درێـژەی پێـداوەو گـوتی واتـا ئـێمە ڕێـز لە تـۆ دەگـرین. لە بەرامـبەر ئەوە بـزانین ئەو هەڵاتـــووە لەلایـــان تـــۆوە هاوکـــاری کـــراوە، بە دەســـتی خـــۆم دەتـــخەمە جەهەنـــنەم. چـــونکە هەوالّمـــان پـــێ گەیشـــتووە هـــاتۆتە ئەو نزیکـــانە، ئەگەر هەرچـــوار دەوری شـــارۆچکەکەم گرتبـــێ نـــاهێڵم دەربـــازی بـــێ، کە دەستگیریشـــم کـــرد ئەوکـــات پێســـتی لەبەر دادەمـــاڵم تـــا دانپێـــدادەنێ کـــێ حەشـــاری داوە. پیـــاوە بەتەمەنەکە گـــوتی ئەدی ئەگەر دەرکەوت مـــن بـــێ ئاگـــام، ئەوکـــات

چی؟ پەشیمان نابیەوە بەمشێوەیە قسە بەرامبەر ڕێش سپیەکی وەکو من دەکەی؟ لەکاتێکدا هیچ گومانی تێدا نیە کوڕەکەم لەڕێزی لەشکرەکەی ئێوە گیانی سپارد؟ ئەفسەرەکە گوتی بەڵێ. بەڵام ئەگەر لەگەڵیشت ڕاستگۆبم، گومانم لە باڵندەکانی ئەو ئاسمانەش هەیە، هاوکاری تێکدەرەکان دەکەن، کە خۆیان لەشاخ ناوەو ناویان لەخۆیان ناوە پێشمەرگەو شۆڕشگێڕ. بڕوا بکە باڵندەکانیش زمانیان هەبا، دەمگرتن و بە ساغی لەسەر ئاگر دامدەنان تا یەک یەک ئەو مااڵنەیان پێنیشان دەدام، کە دەستیان هەیە لەگەڵ شاخ و شتومەکیان لەبۆ دەنێرن. ئاخەر ئەوانە خۆ خۆڵ و بەرد ناخۆن لەو چیایە، لەکوێ خۆراکیان بۆ دەچێ؟ بەدڵنیاییەوە لە گوندو شارۆچکەکان.

تێکدەر چۆنە؟ سەیری ئەو کارە ترسنۆکیەی ئەمڕۆ بکە، ئەوە کەی شۆڕشە، بێیە ناو شارو کۆمەڵێک عارەبانەی خەڵکی ڕەش و ڕووت بسووتێنی، کە قوتی ماڵ و منداڵیان پێ پەیدا دەکرد؟ پیاوە بەتەمەنەکە گوتی من لەگەڵ هیچ لەوانە نیم. ئەفسەرەکە هێدی هێدی بەرەو دەرگای ژوورەکە ڕۆیشت. سەیرێکی

دارو دیـواری مـاڵەکەی کـردو گـوتی بەهەرحـاڵ ئێسـتا کـارم زۆرە بەڵام دڵنیـابە یەک دەبینیـنەوە. ئینجـا بەخێرایـی بەرەو دەرگـای حەوشـەکە ڕێیگـرت و مـاڵی پیـاوە بەتەمەنەکەی بەجێهێشـت. پیـاوە بەتەمەنەکە لە حەوشـە لەسـەر خشـتێک دانیشـت، دڵـی بەخێرایـی لێـی دەدا. لەڕێـی قسـەی ئەفسەرەکەشـەوە زانـی دەوری شـارۆچکەکە دەگـرن. بیـری کـردەوە چـۆن نەدیـم ڕزگـار بکـات. دەشترسـا نەیـدۆزنەوە، بێـنەوە گـژی. نەشـدەکرا ئیتـر نەدیـم لەوێ بمێنێـتەوە. لەپـڕ بەخەیـاڵی داهـات بەنـاو مەزرای شـارۆچکەکەدا ڕەوانـی بکـات، ئەگەرچـی کـارێکی زەحـمەت بـوو، چـونکە خۆشـی نەیـدەزانی مەزراکە لەنـاوەوە گیـراوە یـان نـا، لەگەڵ درک و دارو ئاومـارک، ماوەکەشـی زۆر بـوو، لەنـاو شـارۆچکەکەوە دەسـتی پێـدەکرد تـا دەگەیشـتە کەنـدەکانی دەوروبەر. چـاوەڕێ بـوو تاریـک دابـێ. تـا بچـێ بەزووتـرین کـات لەمبـارەیەوە قسـە لەگەڵ نەدیـم بکـات. تـا دەهـاتیش ڕێگاکەی نەدیم سەختتر دەبوو.

کەس نەیـدەزانی عەشـق چ ڕێگـایەکی پـێ هەڵبـژاردو کۆتاییەکەشـی بە کـوێ دەگـات. کەس نەیـدەزانی

دەینێرێتە بن کام ژێرزەمین و ناو کام شارو سەرکام شاخ و ناو کام گوند و شارۆچکە.

کە دونیا تاریک داهات، پیاوە بەتەمەنەکە چووە دەرەوەی حەوشە، لەبەردەرگا سەیری ئەم سەرو ئەوسەری کۆلانەکەی کرد، بینی کەس لە کۆلان نیە. جا کاتی ئەوها کە پێشمەرگە لەچیا دادەبەزین و چالاکیەک دەکرا، شارۆچکەکە شەوان چۆل دەبوو، نەدەبوو کەس لە ماڵەوە بێتە دەرێ.

پیاوە بەتەمەنەکە بەحاڵ هەتا سەری کۆلانەکە چوو، چونکە لەوێوە لایەکی شارۆچکەکە بەدیار دەکەوت، تابزانێ دەورەی گیراوە یان نا. کە پێدەشتەکەی بینی، سەربازەکان هەرچواردەوری شارۆچکەکەیان گرتبوو، دەتگوت شورایەکن دوو دوو و سێ سێ ڕاوەستاون بە بازنەیی. بەڵام پیاوە بەتەمەنەکە دڵی بەوە خۆش بوو، دوور بوون لەو کەندەی سەری مەزراکەی لەخۆی گرتبوو. یەکێک لە کونەکانی مەزراکەش، لە پشت ماڵی وان بوو، کەوتبووە نزیک ئەو قامیشانەی بۆ هەواگۆڕکێی ژێرزەمینەکە داینابوون. ئینجا بەپەلە گەڕاوە ماڵ و چوو

ڕاستەوخۆ سەری ژێر زەمینەکەی هەڵداوە، کە چاوی بە نەدیم کەوت، بینی لە خوارەوە بە دوو چاوی زەق سەیری دەکات. گوتی شوێنێکی تەنگە ها؟

نەدیم وەڵامی داوە زۆریش، بەڵام قوتاری کردم.

پیاوە بەتەمەنەکە گوتی قوتاری چی؟ دەورەی شارۆچکەکەیان گرتووە، یەک ڕێگەچارەش هەیە بۆ دەرباز بوون، ئەویش ڕۆیشتنە بە زگە خشکە.

نەدیم گوتی بە کوێدا؟

پیاوە بەتەمەنەکە وەڵامی داوە بەناو مەزرای ئەم شارۆچکەیە، هیچ ڕێگا چارەیەکیتر نیە، لێرەش بمێنیەوە دەگیرێی، چونکە کە بینیان لە دەورەی شار هیچیان دەست نەکەوت، دەست بە پشکنینی ووردتر دەکەن بەناو ماڵەکاندا، پێش ئەوەی دەوری شارۆچکەکە بەردەن.

ئەوجارە وێنەی کورەکەشم دەربازت ناکات. چونکە ئەفسەرەکە کە دەستی هەڵگرت لە پشکنین لەبەر ئەم وێنەیە بوو.

بەڵام کە ڕۆیشتیش لە قسە تونەدەکانیڕا دیاربوو گومانی نەڕەویبۆوە. نەدیم گوتی من ڕازیم، مەزراکە

لە کـوێیە؟ پیـاوە بەتەمەنەکە گـوتی لە پشـتەوە، بەڵام بـا ڕێنماییەکـت بـکەم، ڕەنـگە لەهەنـدێ شـوێن گیرابـێ، یـان کـونەکە بچـووک بـووبێتەوە. نـابێ تـۆ لەو بەربەسـتانە سڵ بکەیەوە.

هەوڵـدە لە هەرشـوێنێک تووشـی بەربەسـت بـووی پێشـە خـۆت خـاوێن بـکەیەوە جـا هەر چۆنێـک بـوو ئەگەر بە ڕنۆکەکانیشـت بـێ. دەربـازبوونی تـۆ گەیشـتنە بە کۆتـایی مەزراکە. لەوێـش ڕاسـتەوخۆ مەیە دەرەوە، چـاو بە هەمـوو لایەکـدا بگێـڕە، ئینجـا پێـت بـخەوە سـەر دونیا. ئایا ئێستا ئامادەی؟

نەدیـم گـوتی بەڵـێ. ڕازی بـوون بەنـاو ئەو مەزرا تەنـگ و بـۆن نـاخۆش و پـڕ لە قوڕاوەشـینەدا، بەو شـەوە تـا بڵێـی زەحـمەت و نـاخۆش بـوو، بەڵام ڕێگـایەکی تـر نەبـوو هەڵیبژێـرن. بـۆیە نەدیـم لەنـاو ژێـرزەمینەکە هـاتەدەرەوەو باوەشـێکی لە پیـاوە بەتەمەنەکەدا، گـوتی سوپاسـت دەکەم. پیـاوە بەتەمەنەکەش سـەری مـاچ کـرد گـوتی تـۆش کـوڕی منـی چ جیاوازیەکـت هەیە؟ بەو هیـوایەم بە سـەلامەتی مەزراکە تێپەڕێنـی. ئینجـا پـێکەوە بەرەو پشـتەوەی حەوشـەکە چـوون و گەیشـتنە

کــۆڵانەکە. لەوێ بە پەنــا دیــوارو پەنــا دیــوار خۆیــان گەیانــدە نــاو ئەو قامیشــانەی لەپــێش کــونی مەزراکەو قۆرتەکانی دەوروبەر شین ببوون.

لەوێ نەدیــم ســەرێکی بەنــاو کــونەکەدا هەڵکێشــا، دەتگــوت کــونی دونیــایەکی تاریــک و تەنــگە، قوڕاوەشــین تــا نیــوەی کــونەکەی داپۆشــی بــوو، دەنگــی شــوڕە شــوڕی ئــاو دەهــات، دەچــووە نــاو ئەو تــاریکیە، دیــاریش نەبــوو بــۆ کــوێ. بۆقەکــان لە نــاوەوەو لە دەوروبەر قیــڕە قیڕیان دەهات.

نەدیــم کەچــاوی بەو دیــمەنە کەوت دڵــی تونــدبوو، دووڵــی پێــوە دیــاربوو بچێــتە نــاو ئەو مەزرا درێــژە یــان نــا. لە هەردوو لا مەرگ هەڕەشــەی لێــدەکرد، لەم دیــوە مەرگێــک بە پەتــی ســێدارەو هەڵواســینی بە قەنــارەو بە گــاز گۆشــت لێکــردنەوە تــا نــاوی هــاوڕێ پێشــمەرگەکانی بــدات، لەم دیــو بــێ هەناســەیی و تــاریکی و نقومبــوون لە قوڕەشین و سەدان جڕو جانەوەر.

پیــاوە بەتەمەنەکە گــوتی کــوڕم مەترســێ خــوا بــکە یــاری خۆت و خۆت بەو بسپێرە، ئیتر ڕامەوەستە، درەنگە.

نەدیم دەیویست شتێک هەبێ تا هێزی لێ وەربگرێ و بچێتە ناو ئەو کونە. لەپڕ چاوە ڕەشەکانی مەستانی هێنا بەر چاوی خۆی، سەیری کرد، سەیر کردنێک، وایدانا تاریکی ئەو کونە، چاوەڕەشەکانی مەستانە، خۆی ئامادە کردووە بچێتە ناوی، بچێتە قوڵایی ئەو عەشقەی بۆ ئەو چاوانە هەیەتی.

لە ڕێگاش تووشی هەرچی هات، وەک مشک و مارو هەر زیندەوەرێکی تر، ئەوە ئەو تەلیسمانەن دەیانەوێ ڕێ لە گەیشتن بەو گەوهەرە بگرن، کە نەدیم دەیەوێ لەو تاریکیە پێی بگات. ڕاستەوخۆ لە کونی مەزراکە نزیک بۆوە. دەستێکی بۆ پیاوە بەتەمەنەکە ڕەوان کرد و پیاوە بەتەمەنەکەش توند دەستی گوشی.

دوای ئەو دەست گوشینە، سەیرێکی یەکتریان کرد، نەدیم بینی پیاوە بەتەمەنەکە فرمێسک بەسەر ڕوومەتەکانیدا هاتۆتە خوارێ، لەبەر تیشکی مانگ بریقەی دەداوە. نەدیم پێی گوت غەمت نەبێ من دەرباز دەبم. ئینجا خۆی خستە سەر چۆک و پاشان لەسەر زگ دریژ بوو، ڕاستەوخۆ سەری ڕەوان کردە ناو کونەکەو بەزگە خشکە، چووە ناو مەزراکە، تا لە

دواوە تەنیا ئەدیداسەکانی لەدەرەوە ما، پاشان ئەویش لەچاوی پیاوە بەتەمەنەکە وون بوو. نەدیم هیچ شوێنێکی لەدەرەوە نەما، ڕۆیشت، بەوشەوە خۆی بە ناو کونی ئەو مەزرا تەنگ و تاریک و بۆن ناخۆشەدا سپارد.

بەشی شەشەم

(١٥)

ڕووبـــا دوای ئەوەی لەلای دڵبـــرین نـــانی ئێـــوارەی خـــوارد، بەدەم چـــا خـــواردنەوە قســـەیان لەســـەر گەڵـــێ شـــت کـــرد، پاشـــان کە هەســـتی کـــرد شـــەو درەنـــگە، هەڵســـتا بـــن کەپـــرەکەی بەجێهێشـــت و چـــۆوە کـــن ئەو دارانەی دابـــوویە بەر ڕۆژ. بەو شـــەوە درەنـــگە لەبەر ڕۆنـــاکی بلاجگتۆرەکـــانی نـــاو گۆڕســـتانەکە ســـەیرێکی کـــردن، هێشـــتا ئەقڵـــی ووشـــک بـــوونەوەکەی نەدەگـــرت، پاشـــان چـــۆوە بـــن ئەو دارەی شـــەوی ڕابـــردوو لەژێـــری

پاڵی دابۆوەو خەوتبوو، کە ڕاکشا چاوی کەوتە سەر ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەو سەروی دارەکان.

هەستی بە هەوایەکی پاک و فێنک کرد، لەناکاو شەوێک لە شەوەکانی تەمەنی بە بیرهاتەوە، کە لە هەمان وەرز، ئەو وەرزەی دونیا دەیەوێ بەرەو ساردی بڕوا، چووبووە ژوانی کچێک، لە ژوانەکە دەستی لە ملی کچەکە کردبوو، لە پرچی کچەکەوە، کە بەسەر قۆڵیدا پەرش و بڵاو بووبۆوە، زانیبووی دونیا ساردە، ئەو ئەو ساردیەی پرچی خاوی کچەکەی لەبیر نەدەکرد. لەناکاو هەناسەیەکی هەڵکێشا، حەزی کرد کچێک لەوکاتە لەلای با، ئەوەش بە مێشک داهاتنێکی باش نەبوو بۆ ئەو، چونکە ئەو کەسێک بوو پێی وابوو، (هاتۆتە دونیا هەرچی بە مێشکی دابێت بیکات، ئەگەر بۆ ئەوەنیە بیکات بۆ بە مێشکی دادێ)؟

لە بۆ سەرەڕۆییش هاوشێوەی نەبوو، ئەوەی واشیلێکردبوو، ئەوها ببێتە کەسێکی بێ باک، ئەوەبوو دەیزانی یەکجار دەژی و بڕواشی بە زیندووبوونەوەو ڕۆژی دوایی نەمابوو، وایلێهاتبوو هیچ دەقێکی ئایینی نەیدەتوانی ڕای بگرێ. ئەوەندەی لە تەمەنی بێ

کێشـــەو یـــاخی بـــوون و ئاژاوەشـــی بەڕێ کردبـــێ، ئەو دووســـێ ڕۆژە بـــوو کە هـــاتبووە ئەو گۆڕســـتانە، ئەویـــش خەریـــک بـــوو لەگەڵ ئەو بیرکـــردنەوە نـــوێیە تەمەنـــی بـــێ کێشەییەکەی هەر ئەوەندە ڕۆژە بکێشێ.

بیـــری کـــردەوە بەو شـــەوە بچێـــت لەســـەر بانەکـــان لەنـــاو نـــوێنی خەوتـــن کچێـــک ببینـــێ، تەنیـــا بینـــین. ئەگەر لە خەویـــش دابـــێ. دونیـــاش هێشـــتا نەگەیشـــتبووە ئەو ئاســـتەی خەڵـــک بچـــنەوە ژووڕێ بـــخەون، ئەگەرچـــی خەڵکـــی ئەو ســـەردەمە نیوەیـــان زیـــاتر وازیـــان لە خەوی ســـەربان هێنـــابوو، لەدیـــار ئـــامێرە فێنککەرەوەکـــان دەخەوتـــن. بەو شـــەوە ئـــۆقرەی لەبەر بـــڕا بـــۆ ژوان، بـــۆ دیـــداری کچێـــک، جـــا گرینـــگ نـــیە کێـــیەو کـــێ نـــیە، دەیناســـێ یـــان نـــا، گرینـــگ کـــچ بـــێ بەهەمـــوو جوانیەکـــانیەوە. لە گۆڕســـتانەکە هـــاتە دەرەوە. دڵبـــرینیش ئاگـــای لەوە نەبـــوو، لەســـەر جێگـــاکەی دەمێـــک بـــوو خەو بردبـــوویەوە، ئەو بە تەمەن زۆر گەورەتربـــوو لە ڕووبـــا، تـــاقەتی نەمـــابوو شـــەو خەیـــاڵ بکـــات و نەنـــوێ، هەرکـــات ســـەری بە باڵیف بکردبا، خەوی لێ دەکەوت.

پیرێـژنەکەش لەنـاو گۆڕەکـان دانیشـتبوو، حەقـی بەسـەر هـیچ دانەبـوو چ ڕووەدا یـان ڕوونـادا، ئەو لە دونیاکەی خۆیدا ژیانی دەکرد.

***** ***** *****

ڕووبـا ڕاسـتەوخۆ چـووە نـاو گەڕەکەکـان، کەس لەدەرەوە نەدەبینـدرا، تەنیـا چەنـد سـەگێکی بەڕەڵـڵاو چەنـد پشـیلەیەکی برسـی نەبـێ لە لای تەنەکەی زبڵەکـان خەریکـی خـواردنی ئێسـک و پروسـک بـوون، پێـدەچوو زۆر برسـیان بـێ. ڕووبـا لە دیـواری حەوشـەی مـاڵێکی ڕوانـی، بینـی نەویە، لەنـاو تاریکیـدا بە دیـوارەکەدا هەڵـگەڕا و سـەر دیـوارو سـەردیوار کە پـانی دیـوارەکە هەر بیسـت سـانتیمێک دەبـوو، ڕۆیـی، وەک کەسـێکی شـارەزا لەسـەر زەویەکـی ڕاسـت ڕێ بکـا. لە هەنـدێک کەلەن شـەوقی گڵۆپەکـان سـێبەرەکەی ئەوەنـدە گەورە لە قەد دیـوارو زەوی حەوشـەکان نیشـان دەدا، دەتگـوت خواوەنـدێکە لە ئاسـمان دابەزیـوەو هـاتووە چـاودێری مرۆڤەکـان دەکـات. کە گەیشـتە سـتارەی خـانووەکە

دەستێکی پێوە گرتوو خۆی خستە سەر بانی ماڵێک، بینی کەسی لێ نیە. خەڵک تا ئەو کاتە تەنیا، دزی کەل و پەلیان دەکرد، ئەو بۆ دزینی چێژ چووبووە سەر ئەو بانە.

وەک ئەوەی لەسەرەتاوە درکی بەوە کردبێ، دزینی شتیتر کەم واتاترە، لە دزینی خودی چێژ، چونکە ئامانجی پەیداکردنی هەموو کەرستەیەک، هەتا پارەش بۆ گەیشتن بە چێژە، ئەو ڕێگاکەی لە خۆی نزیک کردبۆوە، کە هەموو مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە لەبیریان چووبوو بۆ لەهەوڵی پەیدا کردنی شتەکان دان. هەربۆیەش کەم عەشقە پارەو ماڵی دونیا بوو.

لەوێش ئاودیو بوو بۆ بانەکەی تەنیشتی، بینی ئەوێش چۆڵە، بەمشێوەیە سەربان و سەربان ڕۆیی تا گەیشتە سەر بانێک خەڵکی لێ خەوتبوو.

گەڕەکەکانی ئەو شارە وەها هەڵکەوتبوو مرۆڤ دەیتوانی کە چووە سەر یەک بان، بەسەر هەموو سەربانەکاندا بڕوا بێ ئەوەی پێ لەسەر زەوی دابنێتەوە، ئەوەندە خانووەکان لە پاڵ یەک دروست کرابوون. دیواری پێنج ڕێزو شەش ڕێز لە هەندێک

شـوێن ئەگەر خانووەکـانی لێـک جیـا بکردبـایەوە، دەنـا لە بڵندیەوە لە ڕێزێک کۆڵیت دەچوون.

ڕووبـا کە لە کەسـەکان چـووە پـێش بـۆی دەرکەوت ژن و مێـردێکن لە تەنیشـت یەک خەویـان لێکەوتـووە، ژنەکە پرچـی کرابـۆوە، پشـتی لە پیـاوەکە بـوو، پیـاوەکەش دیـار بـوو نـاوقەدی گرتبـوو و دەم و لوتیشـی خسـتبووە نـاو پرچـی، بەمشـێوەیە خەوبردبـوونیەوە. ڕووبـا کەیفـی بەو دیـمەنە هـات، لەپشـت سـەریان هیـوای زیـاتر پـێکەوە بـوونی بـۆ خواسـتن. چیتـریش لە جـوانی ژنەکەی نەڕوانـی کە تـا ملـی و نیـوەی شانیشـی ڕووت بـوو، نەوەک پیـاوەکەی پێـی نـاخۆش بـێ، بـا خەوتـووش بـێ. ئەو ژیـانی زۆر سـەیر دەکـرد، کەسـی ئاسـایی بـۆی لێـک نەدەکـراوە ئەوخراپەکـارە، یـان چاکەکـار، ئەو شـەڕخوازە یـان ئاشـتیخواز، ئەو پیـاوێکی جنسـیە، یـان پیـاوێکی عیسـایی. مەنتقێکـی هەبـوو تـایبەت بە خـۆی، هەمـوو ئەو دووانە دژیەکـانەی لەو جیهـانەدا مـرۆڤ دەبـوایە یەکێکیـان بـێ تێپەڕانـدبوو. ژن و مێـردەکەی لەوێ بەجێهێشـت، ڕۆیشـت بـۆ سـەربانێکی تـر، بینـی چەنـد پیاوێـک لە سـەربانەکە نوسـتوون، بـێ هیوابـوو

کچێک بـدۆزێتەوە لەسـەربان نوسـتبێ لەم شـارە. ناچـار بە قـادرمەی ئەو مـاڵەدا چـووە خـوارەوە، گەیشـتە هـۆڵی خـانووەکە، لەوێ دزەی کـردە ژووریـێک بەلای دەسـتە ڕاسـتدا، لە هەر هەلومەرجێـک ئەو پیـاوانەی لەسـەر بـانەکە خەوتبـوون بهاتبانـا خـوارێ و دەرگایـان لـێ بگـرت بـا، وەکـو پڵینگێـک چـۆن دەکەوتە تەڵەی ڕاوچـی ئیتـر نەیـدەتوانی دەربـازی بـێ. کەچـی ئەم ئـارەزووەی بەو شـەوە درەنـگە هـاتبووە مێشـکی زۆر کـاریگەرتر بوو لەوەی بترسێ و لێکدانەوەی وا بکات.

لەژوورەکە کە چـووە پـێش، بینـی دوو کـچ خەوتـوون، هەردووکیـان لەسـەر سیسـەمی خەوەکانیـان کە بەرامـبەر یەک دانـدرابوون، دەتگـوت دوو حـۆرین پرچیـان کـراوەتەوەو لەنـاو ئەو جێـیە نەرمە لە شـیرینی خەودان، ئەویـش تامەزرۆیـانە لە هەردووکیـانی ڕوانـی، یەکێکیـانی پـێ جـوانتر بـوو لە یەکێکیتریـان، ئەوەی ئەو پێـی جـوان بـوو، پرچـی خـاو بـوو، ڕەنگـی پـرچەکەی هەنگـوینی بـوو، ڕوومەتەکـانی لەنـاو ئەو پرچەخـاوە جـوانترو سـافتر دەبینـدرا، ڕووبـاش تەواو لێـی چـووە

پـێش، دڵـی بە خێرایـی لێیـدەدا، وەک ئەوەی لەو ژوورە تەنیا ئامێرێک کار بکات، دڵی ئەو بێ.

حەزی دەکـرد ڕاسـتەوخۆ لە ئـامێزی بگـرێ و بـۆنی بکـات، ڕوومەتەکـانی مـاچ بکـات و لەخەو بە ئاگـای بێنـێ. ئەو کـچە لەخەودابـوو کەچـی ڕووبـا هەر لەخـۆڕا وایـدەزانی چەنـدین سـاڵە دەیناسـێ. وایـدەزانی ئێسـتا بەئاگابێ، تواند باوەش لە ڕووبا دەداو دەیگرێتەخۆی.

ڕووبـا دەمێـک بەمشـێوەیە سـەیری کـرد، پاشـان دەسـتی کـردە پـرچە نەرمەکەی و چینێکـی بـۆن کـرد، کە بـۆن مکەیفێکـی عەجیبـی لێـدەهات، چ بـۆن کردنێـک؟ وەک ئەوەی ئەوە دواهەمـین هەناسـەی بـێ لەسـەر دونیـا. وەک ئەوەی بـووبێتەوە مرۆڤێکـی نیانـدەرتاڵ و بە بـۆن بزانـێ ئەوە ڕەگەزی بەرامبەریەتـی. پاشـان بەنەرمـی ڕوومەتەکـانی مـاچ کـرد، لەڕێـی ئەو مـاچەوە هەسـتی کـرد بـۆن لیمـۆی لێـدێ، بۆنێـک هەر لە جـوانی ئەو کـچە بێت، دواتـر خـۆی پـێ نەگیـراو تونـد باوەشـی لێدا، چـۆن کەسـێک بـاوەش لە مـردوو دەدات، لە سـەر جێگـاکەی تۆزێـک قیتـی کـردەوەو بە سـینگی خـۆی وەنوسـاند. لەو کـاتە کـچەکە بە ئاگاهـات، کە چـاوی بە ڕووبـا کەوت،

نتقی گیرا، دیاربوو چاوەکانیشی لە ڕەنگی پرچی بوون، ڕووبا ڕاستەوخۆ پێی گوت خۆشمدەوێی، مەترسێ ئازارت پێ ناگەیەنم، لەگەڵ ئەو قسەیە کچەکە دڵی لە خۆی بۆوە، ڕووبا زیاتر لە ئامێزی گرت و دوو سێ جاریش لەسەر یەک دووبارە ڕوومەتەکانی ماچ کرد.

پاشان چەندی کردی نەیتوانی بەجێبێڵێ، خۆی بۆ ئەوە هاتبوو کچێک ببینێ و بۆنی بکات و بگەڕێتەوە ناو گۆڕستانەکە، کەچی کچەکەی خستە سەر ملی و ڕاستەوخۆ لە ژوورەکە هاتەدەرەوە، کچەکە بە ئاسانی لە سەرملی ڕووبا وەستابوو، ئەو لە نەرمی و ناسکی بەژن و باڵای ڕا، بە ئاسانی هەڵدەگیراو بە ئاسانیش ناوقەدی دەنوشتایەوە.

ڕووبا ڕاستەوخۆ چووە حەوشەو وەک ئەوەی ئەم شوێنە مااڵی خۆیان بێ، چاوی بەدەوروبەردا گێڕا، پاشان دەرگای حەوشەکەی بە هێمنی کردەوە، چووە دەرەوە، بە هێواشیش دایخستەوە. ڕێک ڕێی گۆڕستانەکەی گرت. کە گەیشتەوە دەروازەکە، چۆوە ژووری، دەتگوت بکوژێکە کەسێکی کوشتووەو

هـــاتووە بە نهێنـــی بیشـــارێتەوە، ئەوەی ئەو کردبـــووی ئاســـان نەبـــوو، لەنـــاو ئەو کۆمەڵگـــایە، ئەو کچێکـــی دزی بـــوو، کەســـیش نەیـــدەزانی بـــۆ؟ نە یاســـا هەزمـــی ئەو کـــردارەی ئەوی دەکـــرد، نە کەلتـــورو ئـــاییئیش. ڕووبـــا کـــچەکەی بـــردە لای بەلـــوعەکەی لەنـــاو گۆڕســـتانەکە هەبـــــوو، لەوێ لە بـــــن ئەو دارو بلاجگتـــــۆرەی ئەو شـــەوان لێـــی ڕادەکشـــا درێـــژی کـــرد، تۆزیـــک ئـــاوی لە بەلـــوعەکە بە نـــاو لەپـــی بە دەموچـــاوی داکـــرد. کـــچەکە لەگەڵ ســـاردی ئـــاوەکە کەمێـــک بەخـــۆی هـــاتەوە، چـــاوی گێـــڕا لەنـــاو گۆڕســـتانە، یەکەم قســـەی ئەوە بـــوو گـــوتی مـــن مـــردووم؟ ڕووبـــا زگـــی پـــێ ســـووتا، نەک هەر بەو بەتەنیا، بەڵکو لەو قسەیەڕا بە هەموو مرۆڤایەتی.

تۆزێـــک دامـــا، پاشـــان وەڵامـــی دایەوە گـــوتی نـــا. مـــن تـــۆم لە خەودا بـــردووە. کـــچەکە چاوەکـــانی ئەبـــلەق بـــوون، گوتی بۆ؟ برام، باوکم، کەسێکم قەرزداری تۆن؟

ڕووبـــا کە گـــوێی لە کـــچەکە بـــوو بەمشـــێوەیە قســـەدەکات، دەســـتی گـــرت، دەســـتەکانی کە لە دەســـت و پەنـــجەی فریشـــتەیەکی لاواز دەچـــوون، لەنـــاو دەســـتەکانی ڕووبـــا

بەتەواوی بزربـــوون، گـــوتی لەبەر ئەوەی خۆشـــمدەوێن، کچەکە گوتی کێت خۆشدەوێ؟

ڕووبـا گـوتی ئێـوە، حەزم لێـیە بۆنتـان بـکەم، لە ئامێزتـان بگـرم، لەگەڵتـان دابنیشـم و لەگەڵتـان بخـۆم و بخـۆمەوە. حەزم لێـــیە لەباوەشـــتان بـــخەوم، پێویســـتم پێتـــانە، کە مردیشـــم بە هەمووتـــان هەڵمگـــرن و هەر بە دەســـتی خۆتـان گـۆڕم بـۆ لێبـدەن و بمنێـژن. کـچەکە گـوتی ئـێمە کـێ؟ تـۆ باســی چــی دەکەی؟ ڕووبـا گـوتی مەبەســتم ئێوەی کچە. کچەکان هەموتان.

مـــن عاشـــقی هەمووتـــانم، بە تۆشـــەوە، مـــن حەزدەکەم مـــاچی هەمووتـــان و بـــۆنی هەمووتـــان و باوەشـــی هەمووتـان ئەزمـوون بـکەم، شـێتی ئێـوەم، دەزانـم ئێـوە لەســـەر ئەوە لەگەڵ مـــن پێکنـــایەن، کێشـــە لەگەڵ یەک دروســت دەکەن، بەڵام مـن کێشـەم نـیە، ئێـوە دەتـانەوێ مـــن هـــی یەکێکتـــان بـــم، بەڵام مـــن دەمەوێ ئێـــوە هەمووتـان هـی مـن بـن، واتـا ئـێمە لە شـەڕێکی وەکـو یەکـداین، لە پێنـاو ئارەزووەکـانی خۆمـان دەجەنگـین. تەنیـا ئەوەیە ئـارەزووەکەی مـن قەبـارەی لە هـی ئێـوە گەورەترە.

کـــچەکە ســـەیری بە قســـەکانی ڕووبـــا دەهـــات، ئەو تـــا ئەوکـــاتە کەســـی نەبینیبـــوو لەگەڵ هەســـتەکانی خـــۆی ئەوەنـدە ڕاسـتگۆبێ. گـوتی پـێم بڵـێ ئێسـتا تـۆ بـۆ منـت هێنـاوەتە ئێـرە، چیـت دەوێ؟ ڕووبـا گـوتی هـیچ تەنیـا دەمەوێ زیـاتر بۆنـت بـکەم، کـچەکە گـوتی ئەدی دواتـر؟ ڕووبـــا گـــوتی دەتـــبەمەوە شـــوێنەکەی خـــۆت هەر ئەوەنـدە. ئینجـا لە کـچەکە نزیـک بـۆوەو خسـتیە ئـامێزی خۆی، کچەکە زۆر دەترسا، نەوەک شتێکی لێبکات.

بەڵام ڕووبـا بە تونـدی کەپـووی خسـتە نـاو پرچـی و بـن ملـــی، هەناســـەیەکی قـــوڵی هەڵکێشـــا. بـــۆنی ووردە موەکـــانی لا ملـــی کـــرد، پاشـــان بـــۆنی ڕوومەت و لاجـــانگی کـــردو دوو ســـێ جـــار بە تونـــدی ڕوومەت و نێـــوچەوانی مـــاچ کـــرد، وەک ئەوەی کەســـێکی خۆشەویســـتی خـــۆی مـــاچ بکـــات، کـــچەکە لەگەڵ ماچەکـــانی ڕووبـــا تـــا دەهـــات ترســـەکەی لەســـەر دەڕەویەوە. ســـەیری بە یەک شـــتیش دەهـــات، هەســـتی دەکـرد ڕووبـا تـامەزرۆی ئەوە نـیە جنسـی لەگەڵ بکـات، دەنـــا دەبـــوا تـــا ئەوکـــاتە خـــۆی پێڕانەگیـــرێ. زیـــاتر تـامەزرۆی بـۆن کردنیەتـی. پاشـان ڕووبـا بەدانیشـتنەوە،

پشتی بە دارەکە کرد و سەری کچەکەی بە لاشانێکی خۆی کرد، کچەکەش لە هیچ نەدەگەیشت، بەڵام ئەو سۆزەی ڕووباش کەم نەبوو، سەرنجی ئەوی بۆ خۆی ڕاکێشا، کە تا ئەوکاتە هیچ کەسێک ئەوەندە سۆزو خۆشەویستی پێنەدابوو.

لەوکاتانەی ئەوان سەریان بەشانی یەک کردبوو، دڵبرینی کێلنوس لە بن کەپرەکەی بە ئاگاهات، بۆ ئەوەی بزانێ پیرێژنەکە هەر لەناو گۆڕستانەکە ماوە، لەدوورەوە سەیری بن دارەکەی کرد، بینی ڕووبا کەسێکی لەگەڵە. ئەویش بەپەلە لە شوێنەکەی هەڵستاوەو بە ناو تاریکیدا، چوو لە پشتەوەڕا چاودێری کرد، بزانێ ئەو کوڕە چی دەکات. کە بینی ئەوەی لەگەڵیدایە کچێکە، سەری سووڕما لەوەی بەو شەوە ئەوکچە چی دەکات لەناو ئەو گۆڕستانەو چۆن بۆتە هاوڕێی ڕووبا ئەوها بە خێرایی. تا ڕاددەیەکیش بیری بۆ لای کۆمەڵێک شتی خورافی چوو، ئەگەرچی ئەو لەو کەسانە نەبوو ئەو بیرانە بکاتەوە. لەناو تاریکی لەپەنا کێلێک دانیشت، ویستی بزانێ دواتر ئەو کچە کێوە دەچێ، ئایا هەر لەناو گۆڕستان دەمێنێتەوە،

یان دەچێتەوە ناو شار، یان بەو بیرە خورافیەی بە مێشکی ئەو داهات بوو، دەچێتەوە ناو یەکێک لە گۆڕەکان.

ڕووباش بەردەوام بوو لە قسەکردن لەگەڵ کچەکەو دەم نادەمیش هەر ماچی دەکرد و بۆنی زوولف و پرچی دەکرد. لەناکاو سەیری ناو چاوەکانی کردو گوتی ناوت چیە؟

کچەکە کە شێوەی ڕووبای بینی ڕووبەڕوو، کە تا ئەو کاتە هیچ پیاوێک ئەوەندە لێی نزیک نەبووبۆوە، بە تایبەتی بەم سەرو سیمایە، زمانی تێکئاڵاو بەحاڵ گوتی شەرمن. ڕووبا بڕێک بیری لەناوەکەی کردەوە، پاشان بە قوڵتر دوای زانینی ناوەکەی سەیری چاوەکانی کردەوە، بینی هەرلە دووگۆمی مەند دەچێ، هەموو گڵۆپی ناو گۆڕستانەکەی لەوتاریکیە ناو دیارە، برژانگەکانیشی لە ڕێزێک قامیشەڵان دەچوون سێبەریان دابێتەوە لە ناو گمەکان. گوتی شەرمن تۆ هەستدەکەی زۆر جوانی؟ شەرمن ئەو قسەیەی پێ خۆش بوو، گوتی وادەڵێن. ڕووبا پێکەنی گوتی خانمان چەند سەیرن، لەوپەڕی ترسیش دابن لە نازی

خۆیان ناکەون، یان دەکرێ بڵێم لەو پەڕی ترسیش دابن هەر ئەو چەکە شک دەبەن و بەکاری دێنن کە هەیتیان.

کچەکە تۆزێک سەیری ڕووبای کردەوە، ڕووباش لە چاوەکانی ڕوانی، ئەو تێرنەدەبوو لەو دیمەنە سەیرەی سروشت بە دەموچاوی ئەو کچەی بەخشی بوو، لەپڕ قسەیەکی کرد، کچەکە پێشبینی نەدەکرد ئەو قسەیە بکات، گوتی هیچ لەشکرێک بەقەد جوانی ئێوە داگیرکەر نیە. کچەکە بە تامەزرۆییەوە گوتی بۆ وادەڵێی؟ ڕووبا گوتی هەروا، نەیویست زیاتر لەسەری بڕوا، ئەوەش سیفاتێکیتری ئەو بوو، وای لەکەسی بەرامبەر دەکرد زیاتر بیر لەو قسانەی بکەنەوە کە بە تەواوەتی واتاکەیان بە دەستەوە نادات، لەو قسانەی ڕوونکردنەوەی لەبارەیانەوە دەدا، گوتی لەوەگەڕێ بۆ کاتی خۆی، پرسیارێک تۆ ناتەوێ ناوەکەی من بزانی؟ کچەکە گوتی بەڵێ زۆریش حەزدەکەم. ڕووبا کە ناوەکەی خۆی پێگوت، کچەکە زیاتر لە خۆی سەیری بە ناوەکەی هات، کە تا ئەو

کاتە گوێی لە ناوێکی ئەوها نەببوو. لەپڕ مەلای مزگەوتی گەورەی ناوشار بانگی بەیانی دا.

ڕووبا لەگەڵ دەنگی ئەو بانگە سەیرێکی ئاسمانی کرد، هێشتا دونیا ڕۆناک دانەهاتبوو، بەڵام ئەوەش نیشانەی ئەوە بوو ئیتر خەڵک بە ئاگادێن و دەچنە نوێژ، یان لە ماڵەکانیان هەڵدەستنەوە نوێژ بکەن. لە شوێنەکەی خۆی هەڵستایەوە، دەستی کچەکەشی گرت و ئەویشی هەڵستان، لەشە بە تۆزەکەشی بۆ داوەشاند. گوتی دەبێ بتبەمەوە، بەرلەوەی دونیا ڕۆناک دابێ. کچەکە سەیری پێهات هیچ زیانێکی پێنەگەیاندوەو دەشیەوێ بە سەلامەتی بیباتەوە. نەک لەوێ بەڕەڵڵای بکات، کەس بڕوای نەدەکرد، پیاوێکی گەنجی لەسەرخۆ، کچێک بباتە ناو گۆڕستان و هیچی لێ نەکات. چونکە هەوالّی دەستدرێژی گەلێک زۆر بوو ناو ئەو شارە، تەنانەت لە دوکان و ناو بازاڕو شوێنە قەرەباڵغەکانیش دەست دەدرا لە سمتی ژنان و خۆیان لێ دەخشاندن وەکو تەشقەڵەیەکی سێکسی. ئیجا کچەکە دەباتەوە تا سەر جێگاکەی. لەوێش هێدی هێدی دەگەڕێتەوە ناو گۆڕستانەکە. دڵبرینیش بێ

ئەوەی بـیەوێ بیبینـێ دەچێـتەوە ژێـر کەپـرەکەو خـۆی وا دەردەخـات بـۆ نـوێژ هەڵسـتاوە. تـا بزانـێ بەیـانی درۆی لەگەڵ دەکـات یـان نـا. هەرچەنـدە تـا ئەوکـاتەش پێـی وانەبـوو، ئەو ڕووبـایە کەسـێک بـێ پێویسـتی بە درۆکردن بێ.

***** ***** *****

کە ڕووبـا گەیشـتەوە نـاو گۆڕسـتانەکە، چـاوی بە دڵبـرین کەوت بەخەبەرهـاتووە، هەر لەدووڕا گـوتی هاوڕێ دیارە دەتەوێ ژوان لەگەڵ خوا ببەستی.

دڵبـرین نەیزانـی ڕووبـا زۆر لەوە زیرەکتـرە، ئەو بیـری لـێ دەکـاتەوە، گـوتی بەڵـێ، بەڵام ژوانێکـی ڕووحـی، ڕووبـا ئەو وەڵامەی دەویسـت، بە ئاسـانی بـۆی دەرکەوت دڵبـرین ئەو و کـچەکەی بینیـوە. ژوانێکـی ڕووحـی یەعنـی چ؟ خـۆ بەخـۆی قسـەکردن لەگەڵ خـوا و نـوێژکردن، هەر ڕووحـیە، نەک جەسـتەیی. ئینجـا بۆی دەرکەوت بینیویەتی کچەکەشی ماچ کردووە.

لەگەڵ ئەو بیرکـردنەوانە گەیشـتە کـن دارەکـانی بـۆ گالیسـکەکە دابنـابوو، لەلایـان دانیشـت لەسـەر کـێڵە

بەردێـــک. ئەو کـــێلانەی دەمـــێکە چەقێنـــدراون و کەس نـــازانێ هـــی چ ســـەردەمێکن و کەمێکیـــان لەدەرەوە مـــاوە. کە دڵبـــریش لە نـــوێژەکەی بـــۆوە، چـــووە لای، ئەویـــش لەســـەر کـێلەکەی بەرامـــبەری دانیشـــت. ســـەیری ڕووبـــای کـــرد، ڕووبـــاش ســـەیرێکی ئەوی کـــردو پاشـــان یەکێـــک لە پەلەدارەکـــانی هەڵگـــرتەوەو گـــوتی بـــۆ وا ســـەیرم دەکەی؟ دڵبـــرین گـــوتی پێـــت وایە بـــۆ وا ســـەیرت دەکەم؟ ڕووبـــا گوتی لەبەر ئەوەی کچێکم لەگەڵ بووە، وانیە؟

دڵبـــرین ســـەیری پێهـــات ئەو ئەوەنـــدە ڕاشـــکاوانە قســـە دەکـــات. گـــوتی بەڵـــێ، ئەو کـــچە کـــێ بـــوو؟ ڕووبـــا گـــوتی دزی بـــووم. دڵبـــرین چاوەکـــانی ئەبـــلەق بـــوون، گـــوتی دزی؟ دزینـــــی چـــــی؟ بـــــۆ کـــــچ دەدزرێ؟ ڕووبـــــا زەردەخەنەیەکـــــی کـــــرد، لەگەڵ زەردەخەنەکە خەت لە تەنیشـــتەکانی کەپـــووی و بەری چـــاوی پەیـــدا بـــوون، گـــوتی ئەدی چـــۆن ئەوەنـــیە مـــن دەیڵـــێم. دڵبـــرین گـــوتی چـــۆن؟ ڕووبـــا گـــوتی چـــووم مـــاڵ بەمـــاڵ گەڕام تـــا کچـــێکم دۆزیەوەو خستمە سەر ملم و هێنامە ئێرە.

دڵبـــرین هێشـــتا بـــاوەڕی نەدەکـــرد، ڕووبـــا ئیشـــێکی وای کردبـــێ. ئـــاخەر کەس لەو دونیـــایە شـــتی وای نەکردبـــوو.

بۆیە لێی پرسی بۆچی؟ ڕووبا گوتی بۆ ئەوەی بۆنی بکەم هەندەیتر دڵبرین سەری سووڕما. گوتی بۆن؟
ڕووبا گوتی بەڵێ، من شێتی بۆنی کچانم، بە تایبەتی بۆنی ڕوومەت و زوڵف و پرچیان، بۆنی لامل و لاجانگ و بن گەردەنیان. من دەمەوێ ئەو هەڵمەگەرمەی لەسەر پێستیان بەرز دەبێتەوە بە هەوادا پەرت نەبێ، هەمووی بەناو کونە لوتی منداو بچێتە ناو سیەکانم. من هەست دەکەم ئەوها نەبێ تێر ئەو بۆنە نابم که لەواندا هەیە. هەست دەکەم هی هیچیشیان لە هی ئەوەیتر ناچێ. کەچی هی هەمووشیان بەو هەموو جیاوازیەوە لە خاڵێکدا هاوبەشن. دڵبرین گوتی جارێ تۆ واز لە بۆنەکە بێنە، ئایا نازانی تۆ گەورەترین هەڵەت کردووە؟ ئاخەر کەس و کاری بزانن چ لەو کچە دەکەن پێم بڵێ؟ چ لە تۆ دەکەن؟ کەس ئیشی ئەوهای کردووە؟ دواتر چوزانی کچەکە کە دەیڕفێنی دڵی بەو ڕفانە خۆشە یان نا. ڕووبا هەستی بەوە کرد دڵبرین دەست لەبۆ شتێک دەبات ئەو بە دڵی نیە، ئەو شێت دەبوو کەسێک بیرکردنەوەکانی ئەوی بخستەبایە

چوارچێوەیەک. ئەگەرچی دڵبرینیش هەڵەنەبوو، چونکە بیرکردنەوەکانی ڕووبا هەمیشە کە بەکردار جێبەجێی دەکردن، گیانی دەخستە مەترسی، یاریەک بوو بە ئاگر دەیکرد، دڵبرینی کێلنوس ئەوەی دەزانی ئەزموونی ڕێگایەکی دوورودرێژی کردبوو لە تەمەتی خۆی، ڕووباش گەنجێک بوو پڕ لە ووزە، ئەو ووزەیەش لێ نەدەگەڕا بە شەوانیش ئەو بەسێتەوە نەک بە ڕۆژ. دەتگوت شتێکی بزرکردووە لێی دەگەڕێ، گرینگی بەوەش نادا ئەو لێگەڕینە چی تێدەچێ و کێ توڕەدەبێ و کێ هاوغەمیەتی.

بۆیە بە دڵبرینی گوت تۆ دەتەوێ بڵێی چی؟ دڵبرین گوتی دەمەوێ بڵێم ئیشێکی هەرزەکارانەت کردووە، تۆ پیاوێکی گەیشتیە ئەو ئاستە تەرمی پیاوە بەندیەکە هەڵبگری، گالیسکەیەکی بۆ دروست بکەیت و بیبەیتەوە ئەو گوندەی تێیدا لەدایک بووەو تێیدا گانگۆرەی کردووەو هەڵستاوەتەوە سەر پێیەکانی. چۆن بیر لە چێژو گەیشتن بە جنس دەکەیتەوە، ئاخەر ئەوە پاکیزەیی نیە. بە تایبەتی بەشێوەیەکی وا جورئەت بکەی بچی لەناو جێ بیانبەی. ڕووبا گوتی

سەر مەخە سەرم، چونکە من کەسێک نیم پشت لە هەستەکانم بکەم. بۆ هەموو شتێکیش لە مێشکم نەخشەیەک هەیە، دەتوانی دواتر چاوەڕێی ئەنجامەکەی بکەی، لەهیچ ڕووداوێکی پێشبینی کراویش ناترسم.

دڵبرین گوتی نا، تۆ شتەکان تێکەڵ دەکەی، ئەوەی تۆ بردن و دەستدرێژیە بۆ سەر ناموووسی خەڵک. ڕووبا بەو قسەیە پێکەنی، پێکەنینێک تا ئەوکاتە ئەو گۆڕستانە قاقای وەهای بەخۆیەوە نەبینیبوو. دڵبرین گوتی بەچی پێدەکەنی؟ ڕووبا بە دەم پێکەنینەوە گوتی بە ووشەی ناموووس. دڵبرین تەواو لە ڕووبا تورە بوو، گوتی بۆ؟ بێ ناموووسیت پێ باشە؟ ڕووبا زیاتر پێکەنی، دڵبرین گوتی ئەوجارە بەچی پێدەکەنی؟

ڕووبا گوتی بە ووشەی بێ ناموووس. دڵبرین بە دەم تووڕەییەکەیەوە خۆی پێ نەگیرا ئەویش پێکەنینی هات، بەڵام بەحاڵ شاردیەوە، لە شوێنەکەی هەڵستاوەو گوتی ڕووبا قسەیەک دەکەم بمبووڕە، بەڵام حەزناکەم چیتر بێیە لام. من کەسێکم خۆشناوێ تا ئەو ڕاددەیە سەرەڕۆ بێ. ڕووبا تا ئەوکاتە هەر

پێی وابوو تووڕە بوونەکەی دڵبرین هەندە گرینگ نیە، بەڵام کە گوێی لێ بوو گوتی چیتر مێیەلام، دڵی ئێشا. بە غەریبیەوە گوتی باشە نایەم، بەڵام بە خۆشت بانگم مەکەوە. دڵبرین گوتی بانگت ناکەم، تۆ کێشە بۆ خۆت و بۆدەوروبەریشت پەیدا دەکەی. مرۆڤ چەند لێت دووربێ باشترە.

(١٦)

که دونیـــا تەواو ڕۆنـــاک داهـــات، هێزێکـــی زێرەڤـــانی بە هەمـــوو لایەکـــی شـــاردا بـــڵاو بـــۆوە، هـــیچ ســـەرە کۆڵانێـــک و بەر دەروازەیەک نەمـــــا، دوو دوو و ســـــێ ســـــێ پاســـەوانی دەمامکـــداری لـــێ ڕانەوەســـتابێ بە چەکەوە. هەواڵـــی هـــاتنی غەوارەیەک بە گـــوێی دەســـەڵاتدارەکان گەیشـــتبوو، زانیبوویـــان بەخـــۆی و بەداریـــکەوە هـــاتۆتە نـــاو شـــارو خەڵکـــی لەدەوری خـــۆی کـــۆکردۆتەوەو گوتـــویەتی(ئەم شـــارە بـــۆنی مـــردووی لێـــدێ)، کـــون بە کون بەدوایدا دەگەڕان.

شـــار بە تەواوی شـــلەژاو بـــوو، ئۆتـــۆمبێلی ســـەربازی، بە سەرشـــــەقامەکاندا تێـــــدەپەڕین و دەگەڕانەوە، خەڵـــــک دەیانزانی شتێک هەیە بەڵام لایان ڕوون نەبوو چیە.

نەشـــیاندەزانی بەدوای ئەو پیـــاوەدا دەگەڕێـــن کە ئەوان پێیـــان وابـــوو کەســـێکی دێـــوانە بـــووە، داڕێکـــی بەدوای خۆیـــدا ڕاکێشـــاوە ئەو ڕۆژە، قســـەی هەلەق و بەلەق لە دەمـــی هـــاتۆتە دەر. هەر شـــوێنێکی ڕووبـــاش بـــۆی چووبـــوو لەو چەنـــد ڕۆژە جێـــی گومـــان بـــوو، یەکێـــک لەو شـــوێنانەش دوکـــانەکەی داودی دارتـــاش بـــوو، بەڵام داودی دارتـــاش ئەو ســـبەینێیە بەهـــۆی تێکچـــوونی بـــاری تەندروســـــتی ئـــــاینور، دوکـــــانەکەی نەکردبـــــۆوە. هێزەتـــاییەتیەکەش نەیاندەویســـت پرســـیار بـــکەن لەخەڵـــک ئەو کەســـە بـــۆ کـــوێ چـــووە، یـــان لە کـــوێ بینیتیـــان، ئەوان دەیانویســـت بە نهێنـــی بیگـــرن بـــێ ئەوەی کەس بزانـــێ.

نەوەک قســـەکەی و چیڕۆکـــی هـــاتنەکەی بەنـــاو شـــاردا بڵاوببێـــتەوە و بیرکـــردنەوەکەی پەرەبســـتێنێ. چـــونکە دەترســـان بچـــووکترین شـــت وەک بۆمـــب بتەقێـــتەوە لەو شـــارەی چەنـــدین ســـاڵ بـــوو هەناســـەدانیان بە ئـــازادی تێـــدا قەدەغەکردبـــوو. ئەوەشـــی دەســـەڵات لە هەمـــوو

شتێک زیاتر لێی دەترسا ئایدیای ئەو پیاوە بەندیەبوو کە ڕووبا دەیویست گالیسکەیەکی بۆ دروست بکات. تەنانەت کتێب و نوسراوەکانیشی وەک چۆن دووژمن قەدەغەیکردبوو لەوڵاتی خۆی، لەو شارەش ئەوها قەدەغە کرابوو ئەوەش بۆ ڕووبا باش نەبوو، ئەگەرچی دەسەڵات بەوەی نەدەزانی ڕووبا ئەو مەبەستەی هەیە. دەنا دەهەندەیتر هێزیان پەرت دەکرد بۆ گرتنی.

لەوماوەیەش بەتەمەنترین نوسەری وڵاتیان بەند کردبوو لە گەلەریەک، کە خاوەنی سەد کتێب بوو، چ بەندکردنێک؟ بە بەرچاوی خەڵکەوە لەسەر شەقام لێیانداو سەرە سپیەکەیان خەڵتانی خوێن کرد.

لە تۆڵەی نوسینی ئەم سەد کتێبەش وەکو سزایەک پێیان گوت دەبێ سەد تابلۆی هونەری بکێشی، بێ ئەوەی کەس تێیبگات، بۆ شێواندنی هەستی خەڵک، نابێ هیچ شتێک ڕوون بکەیتەوە. سەد گۆرانی سۆفیانەش بڵێی، تا تاک حەقی بە هیچ نەمێنێ و گۆشەنشین بێ، ببێتە کەسێکی ناسک، ئینجا ئازادی

بـکەن. هەرکـاتێکیش کە کەناڵێـک هـات بـۆ چـاوپێکەوتن دەبێ بڵێی من سەگی بەر دەرگای ماڵی سەرۆکم.

ئەویـش لە داخـی ئەوەی سـەد کتێبـی بـۆ خەڵـکەکەی نوسـی بـوو، کەچـی لەبەرامـبەر ئەوهەمـوو سـوکایەتیە، کەس خـۆی بەخـاوەنی نەدەزانـی، نەفرەتـی لە خەڵـک دەکـرد، قسـەی هـیچ سـەردانیکەرێکی بە دڵ نەبـوو، تەنـانەت جـاری وا هەبـوو لە تورەییـان مێـزەکەی پێشـی وەردەگێـڕاو گـڵاس و پیاڵەکـانی بە زەویـدا دەکێشـا، جـاری واش هەبـوو جڕتـی بەردەدا، دەیگـوت(قـوونم بادەم باشترە، چ ئیشم بە حەقی ئەو خەڵکەیە)؟

(١٧)

لە شـــەوێوە داودی دارتـــاش و هاوســـەرەکەی ئـــاینوری کچیـــان بردبـــۆوە مـــاڵ، دوای ئەوەی بـــاری تەندروســـتی تۆزێـک بـاش ببـوو.دایکـی ئەو سـبەینێیە لەناومـاڵ دەهـات و دەچـــوو، تـــا داودی مێـــردی هەڵســـتێتەوەو ئەوەی بیری لێدەکاتەوە پێی بڵێ.

کە کـــات گەیشـــتنە نزیـــک نیـــوەڕۆ داود لە جێگـــاکەی هەڵســتاوە، ڕاســتەوخۆ دایکــی ئــاینور خــۆی گەیانــدە لای، گــوتی پیــاوەکە شــتێک لەنــاو ســەرم دێــت و دەچێــت

نـــازانم چـــۆن پێـــت بڵـــێم. داودی دارتـــاش گـــوتی چـــیە ئەوشـــتە؟ دایکـــی ئـــاینور گـــوتی دەمەوێ ئـــاینور کە بەئاگـــا هـــات بیـــبەمە لای خەلـــیفە حەمـــدون تـــا دوعـــایەکی بـــۆ بکـــات. ئەو پیـــاوێکی چـــاکە، خۆشـــت ئەوە دەزانـــی، زۆر نەخۆش و شێتیشی چاک کردۆتەوە.

داودی دارتـــاش گـــوتی نکـــوڵی لەوەنـــاکەم، ئەو پیـــاوە نـــاوی وا بڵاوبـــۆتەوە لەم شـــارە خـــاوەنی کەرامەت و دەســـــتی شـــــیفایە. بەڵام پرســـــیارێک، ئەگەر خـــــۆی نەخـــۆش بـــکەوێ دەچێـــتە کـــوێ؟ ئایـــا نـــاچێتە لای پزیشـــک؟ دایکـــی ئـــاینور گـــوتی بەڵـــێ، بەڵام مـــن وەکـــو دایکێک وا ئارام دەبمەوە ئەوەش بۆ کچەکەم بکەم.

خـــۆ لە خـــۆڕاش خەڵـــک نـــاچنە لای ئەگەر شـــتێک لە گـــۆڕێ نەبـــێ. داودی دارتـــاش گـــوتی بیـــبە، ئەگەرچـــی مـــن ئەو ڕێـــیەم بە دڵ نـــیە. دایکـــی ئـــاینور بـــێ ئاگـــا لەوەی خەلـــیفە حەمـــدون ئەو دەردو بەڵایەی بەســـەر کـــچەکەی هێنـــاوە، لەلای داودی دارتـــاش هەڵســـتاو چـــووە پشـــت ســـەری ئـــاینور، بەنەرمـــی دەســـتی بەســـەری داهێنـــاو بـــانگی کـــرد، کـــچەکەم هەڵســـتە دەرمانەکانـــت بخـــۆ، ئینجـــا دەچینە شوێنێک.

ئاینور بەحاڵ لەناو جێگاکەی جوڵاوەو سەیری دایکی کرد، گوتی ئەو شوێنە کوێیە؟ دایکی گوتی ماڵی خەلیفە. ئاینور لە شوێنی خۆی ڕاچڵەکی کە باسی ماڵی خەلیفە کرا. گوتی بۆ؟ دایکی گوتی کچم با دوعایەکت بۆ بکات بەڵکو دوور دەبی لە چاوی پیس.

ئاینور هەناسەیەکی هەڵکێشا، کە زانی تەنیا بۆ دوعایە، ئەو ترسەی لەسەری بوو ڕەویەوە. گوتی دایکە تۆ بڕۆ کەمێکی تر دێم. کە دایکی چووە دەرەوە، ئاینور نەیدەزانی خەلیفە پیاوێکی فێڵبازو تەڵەکەچیە، ئەو هەموو خەڵکەی هەڵخەڵەتاندووە. یان پیاوێکی چاکەو لەلایان دایکیشی پەسەندە، ئەو هەڵەیە، دەبوا ئەوەی ڕوویدا لە بەینی هەردووکیان ڕووبدا چونکە ڕێگاکە ئەوەی دەویست.

ئەو پەسەند کردنەی خەلیفەش لەلایان دایکیەوە هەڵخەڵەتاندنێکی ترسناک بوو بە شتێک کە خۆی گومانی لێ هەبوو. گیادەرمانەکەی خەلیفەش ئەوەندە بەهێزبوو، تا ئەوکاتەش لە گیانی ئاینور مابۆوە.

هەر بۆیە هەستی دەکرد، لەگەڵ دایکی ئەگەر بچێتە ئەوێ هەندەش ناخۆش نیە، بەتایبەتی لەلایان پیاو

چاکێکەوە جۆرێکە لە ڕەوایەتی پێدان بەوکارە. جا چشنا دایکی بە خۆی بیبات. دوای ئەوەی ئاینور هەڵستاو کەمێک نانی خوارت، لەگەڵ ئەو دەرمانەی بۆی داندرابوو. بەگەر دایکی کەوت، بۆ ماڵی خەلیفە حەمدون. ئەوجارە دایکی لە دەرگایدا، هەندەی نەبرد، ئەو منداڵەی هەمیشە پێدەکەنی دەرگای کردەوە، منداڵەکە کە چاوی بە دایکی ئاینور کەوت، بەخۆی ئاینوری لەگەڵ خۆی هێناوەتەوە، دیسان دەستی بە پێکەنین کرد، پێکەنینێک لە بەر ئێشی زگی لە قونیچکێک دانیشت، دایکی ئاینور زۆر زگی پێ سووتا، لەبەرەخۆی گوتی منداڵی بەستەزمان، ئینجا لەگەڵ ئاینور بە تەنیشتیدا تێپەڕین، تا چوونە دیداری خەلیفە. خەلیفە حەمدونیش کە چاوی پێیان کەوت لە بن هەیوان پێشوازی لێکردن. دایکی ڕاستەوخۆ پرپدا دەستی خەلیفەو ماچی کرد، خەلیفەش بە (أستغفرالله، أستغفرالله) دەستی دوورخستەوە. پاشان هەردووکیان دانیشتن و خەلیفەش چۆوە جێگاکەی خۆی، وەکو سوعبەتێک ڕووی لە ئاینور کردو گوتی کچۆڵ تۆچۆنی؟

ئـاینور بە نیگـایەکی گلەیـی ئـامێزەوە، وەک ئەوەی پێـی بڵێ دوێنێ ئـازارت داوم، گـوتی بـاش دەبـم. ئینجـا دایکـی دەسـتی بەقسـان کـرد لەو وەختـە، هەمـوو ئەو شـتانەی بەسـەر ئـاینور هـاتبوو بـۆی گێـڕاوە. خەلـیفەش بە وردی گوێی بۆ شل کردبوو. ئاینوریش سەیری دەکرد.

ئینجـا دوای تەواو بـوونی قسـەکانی دایکـی ئـاینور، خەلـیفە هەڵسـتایەوەو لە ئـاینور چـووە پـێش، بە دەسـتێک تونـد دەسـتی گـرت و دەسـتەکەی تریشـی خسـتە سـەر سـەری، دەسـتی بە ئـایەت خوێنـدن کـرد، دوای تەواوبـوونی ئـایەتەکە نێوچـاوانی مـاچ کـردو گـوتی بـڕۆ ئەو ژووەرە. کە ئـاینور گـوێی لە خەلـیفە بـوو وای گـوت دڵـی لەرزی، هەمـوو ئەو شـتانەی لەو ژووەرە ڕوویاندابوو هاتەوە بەرچاوی.

کە سـەیری دایکـی کـرد، بـێ ئاگـایە لە چیـڕۆکە شـاراوەکەی ئەم ژووەرە، بەزەیـی پێـداهاتەوە. لەوێ هەسـتی کـرد دایـک و بـاوک لەسـەرباری ئەو هەمـوو ئاگالێبوونەیـان لە منـداڵ، چەنـد بـێ خەبەرن لە هەنـدێک شـت. ئەو کەوتبـووە بـارێکی خـراپ، لەنێـوان ئـازاری ویژدان و ئازاری عەشق و ئازاری هەوەس.

ئەو سێ شتەی مرۆڤ بۆ هەتا هەتایێ پێیوە دەنالێنێ. ناچار بە گوێی خەلیفە حەمدونی کرد، چووە ژوورەکە، خەلیفە حەمدونیش بە دایکی ئاینوری گوت، کەمێک چاوەڕێ بکە، حەزدەکەم بە تەنیا بیدوێنم، نەوەک شتێک هەبێ نەیەوێ بە کەسە نێزیکەکانی بڵێ. دایکیشی بە خۆشحاڵیەوە ڕازی بوو.

خەلیفە کە چووە ژوورەوە، دەرگای پێوەدا، ڕاستەوخۆ بەرەو ئاینور چوو، خستیە باوەشی خۆی و تۆند گوشی، گوشینێک تائەو ئاستەی هەست بە خڕی مەمکەکانی بکات.

دواتر هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو دایەوە. ئینجا بۆنی پرچ و لاجانگی کرد، لەگەڵ ئەو بۆن کردنە دووسێ جار ڕوومەتی ماچ کردو گوتی ئەوەی دایکت گێڕایەوە ڕاستە، بەمشێوەیە تێکچووبووی؟

ئاینور بەسەر لەقاندن لە باوەشی خەلیفە گوتی بەڵێ. ڕاستەوخۆش لە پرمەی گریانیدا، دەستی لە ناوقەدی خەلیفە ئاڵاند، ئەگەرچی لە بچووکیان نەدەگەیشتنەوە یەکتری. خەلیفە حەمدون سەرەتا کەیفی پێهات

وایزانـی ئەم خـۆ دەخیلکـردنە ئـاڵۆدە بـوونی ئـاینورە بـۆ ئەو. بۆیە گوتی چیتە؟

ئـاینور گـوتی قوربانـت بـم، تـۆ وەکـو بـاوکمی، ئەوەی ڕوویـدا ڕوویـدا، ئێسـتا هـیچم نـاوێ تەنیـا بمـکەوە کـچە دەم بەپێکەنـین و بـێ غەمەکەی جـاران. مـن لە نـاوەوەو دەرەوە وێـرانم، نە ڕوومـدێ بـێ ئـازار سـەیری دایکـم بـکەم، نە هـی بـاوکم، ئەگەرچـی ئەوان هـیچ نـازانن بەڵام کێشـەکە لێـرەیە خـۆم دەیـزانم خـۆم. خەلـیفە حەمـدون فرمێسـکەکانی سـڕیەوە، گـوتی ئـاینور ئەدی شـەهریار، ئـێمە لەپێنـاو چ ئەو کارەمـان کـرد، ئایـا لە دەسـتپێکی ڕێگاکە پشت لە مەعشوقەکەت دەکەی؟

چیتر چاوەڕێی نابی؟

ئـاینور وەک ئەوەی کەوتبێـتە نێـوان دوو بەردەئـاش وەڵامـی داوە بەڵـێ بەڵـێ چـاوەڕێ دەبـم و زیـاتریش، بەڵام بـۆ ئەو ڕێگـا قوڕسـە؟ ئـاخەر ڕێگـایەکی ئاسـانتر نەبوو پێمی نیشان بدەی؟

خەلـیفە گـوتی نەخێـر ئـاینور، ئەگەر هەبـا پێـت وایە مـن بەو تەمەنە ئەو کـارەم دەکـرد لەگەڵ تـۆ؟ ئـاینور کە هەسـتی کـرد خەلـیفە بە تـۆنێکی تونـد قسـەی لەگەڵ

دەکـات، گـوتی تەواو خەتـای کەس نـیە، لەو مەسـەلەیە گەڕێ. من هەست بە ئازار دەکەم، ئازاری دامێنم.
خەلـیفە تێگەیـی، گـوتی چ نـیە، هەمـوو کچێـک دوای نەمـانی پەردەی کچێنـی، نـاو زێـی ئـازاری دەبـێ بـۆ دە دوازدە ڕۆژ، دواتر نامێنێ.
دایکـی ئـاینور لەدەرەوە هەسـتی کـرد خەلـیفەو کـچەکەی زۆریـان پێچـوو لە ژوورەوە، ناچـار لە دەرگـای دا. خەلـیفە لەپشـت دەرگـاکە گـوتی کـچەکەت سـەلامەتە غەمت نەبێ.
ئینجـا ئـاینور زانـی دەبـێ بـڕوا، چـۆوە باوەشـی خەلـیفە و خـۆی گرمـۆڵە کـرد، گـوتی تکـایە تـا بە شـەهریار دەگەم پشـتم تـێمەکە، ئـازاری ئەو لە هەمـوو ئازارەکـان قوڕسـترە. خەلـیفە گـوتی بە دڵنیـاییەوە پشـتت تێنـاکەم، بەڵام تۆش من تاوانبارمەکە، هەرچی ڕوویدا.
ئـاینور گـوتی تەواو دووبـارەی نـاکەمەوە، چـی پێویسـت بـوو ئەوە بـکە. خەلـیفە حەزی لـێ بـوو دیسـان بچێـتەوە لای ئـاینور بەڵام دەیزانـی ئـازاری هەیە. ئـاینوریش پاڵەپەسـتۆی گیـایەکە وای لـێ دەکـرد جـار جـار بە ئـارەزووی خەلـیفە بـدوێ. ئەو لەبەر ئەوەی پـارچە

پـــــارچە ببـــــوو، نەیـــــدەتوانی خـــــۆی کۆبکـــــاتەوە، خۆکـــــۆکردنەوەیەک لەســـــەر بڕیـــــارێکی یەکـــــلاکەرەوەو دروســـــت، بە چێژتربـــــێ لە هەمـــــوو ئەو شـــــتانە، تەنـــــانەت لە عەشـــــقی شـــــەهریاریش. خەلـــــیفەش بەپێـــــی ئەو پەرتـــــیە هەڵســـــوکەوتی دەکـــــرد. بـــــۆیە پـــــێش ئەوەی بچـــــنە دەرەوە لە ژووورەکە، گـــــــوتی لە داهـــــــاتوو ئەگەر جـــــــادووی خوێنەکە کاری نەکرد، جادووی قوفلت بۆ دەکەم.

بەشی حەفتەم

(١٨)

نەدیم لەناو کونی مەزراکە دەخشی، پێیەکانی جووت کردبوون، تا بە ئاسانی تێپەڕێ، ئەو کونەدرێژو تەسکە ئەوەندە تاریک و تنوک بوو، هیچ سەرێکی نەدەبینرا، تەنانەت لەبەر بچووکی شوێنەکە نەیدەتوانی ئاوڕ لە دواوەش بداتەوە، لە ناکاو گەیشتە شوێنێک قوڕەشین هەموو ناو کونەکەی داگرتبوو، نەشدەبوا ڕاوەستێ، چونکە ئاوەکە پەنگی دەخواردەوە، بەخێرایی پێشەخۆی کەمێک خۆشکرد،

بەڵام سودی نەبوو، چڵکاو تا سەر پشت و گوێ و بن ملی داپۆشت، ڕاستەوخۆش گەیشتە سەری و نقوم بوو، لەگەڵ نقومبوون هەناسەی تەنگ بوو، دەیویست لە شوێنێک کەپووی بڵند بکات بۆ کەمێک هەناسە، بەڵام دەرفەتی نەبوو، ناچار لەتاو پشی تەنگی، خۆی خستە سەر پشت، ئەو کارەشی باش نەبوو، چونکە ڕاستەوخۆ قورگەشین و چڵکاو چووە ناو کونەکەپووی و لە ژێرەوە کۆخی، ئیتر وایزانی تەواو دەخنکێ، بە ناچاری کەوتە پەلەقاژەو خۆی خستەوە سەرزگ. لە تاوان یەک بە دەنگی خۆی هاواری کرد، هاوارکردنێک، ئەگەرچی بەهێز بوو بەڵام دەنگی بە دونیای دەرەوە نەدەگەیشت. هاوارەکە لەناو چڵکاوەکە بووە چەند بڵقێکی ڕەش. لەگەڵ بڵقدانەوەکان چڵکاو چووە ناو دەم و کەپووی و گەرووی. لە پشتەوەشی تا دەهات ئاوەکە پەنگی دەخواردەوە. لەوێ زانی ماوەنەی باش نیە، بە پەلەقاژە خۆی بەرەو پێشتر برد، کەپووشی بەردەوام دەبردە سەرەوەی کونەکە بۆ کەمێک هەناسە،

بینینیشی نەمابوو لەبەر تاریکی، تەنیا دەیبیست و لەڕێی بەرکەوتنەوە دەیزانی لەکوێیە.

لەگەڵ ئەو خۆخشاندنە گەیشتە شوێنێکی کەمێک فراوانتر، کە تەسکیەکەی تێپەڕاند، پەنگاوەکەی پشتیشی نەما. بەڵام لە قەد دیواری کونەکە ئەوجارە تووشی حەشاماتێک جورج و سیسرکە و کرم بوو، کە دارو دیواری کونەکەیان تەنی بوو. هەستی کرد لەو تاریکیە بەسەر پشت مل و دەموچاویدا هەڵدەگەڕێن. دەستی لە هەر شوێنێک دەدا، بە جورجێک دەکەوت، یان دەکەوتە ناو ڕەوەیەک سیسرکە و کرم. لە دەرەوەش سەربازەکانی بەعس، دەوری شارۆچکەکەیان گەمارۆ دابوو، ئەوشەوە مێرووستانیش نەیدەتوانی دەربازی بێ. پیاوە بەتەمەنەکەش لە مااڵەکەی خۆی ئۆقرەی نەبوو، دەم نادەم دەچووە دەرەوەو سەیری کونی مەزراکەی دەکرد، دەیزانی ئەگەر چڵکاوەکە بگەڕێتەوە دواوە، نەدیم گیربووە. لەبەرەخۆی ئایەتی دەخوێند و نزای بۆ دەکرد، خوا لەو تاریکیە کارەکەی بۆ ئاسان بکات.

نەدیمیش لەناوەوە سەدان سیسرکە و کرم لە دەموچاو و سەرو گوێی ئالاببوون. تا گەیشتە ئەو شوێنەی سەربازەکان لە سەرەوە دەیان ویست بیگرن، ئەو لەو ڕاستە بەژێریاندا تێپەڕی. کە دونیا ڕۆناک داهات، ئەفسەرەکە هەر ئەوەتە لە پێستی خۆی جێی دەبۆوە لە قەهران، شەو تا بەیانی نەخەوتبوو. نەدیمیش لەگەڵ ڕۆژهەلاتن گەیشتە کونی مەزراکە، کە لە دوورەوە دەرکی مەزراکەی بینی ڕۆناکایی تێدا دەهاتە ژوورەوە، شاگەشکە بوو، خێراتر بەسەر زگدا خشی، تاگەیشتە ئەو پێدەشتەی ئاوەڕۆی شارۆچکەکەی لەخۆ گرتبوو، چیاش لەوێڕا هەندە دوور نەبوو، نەدیم کە سەری لە کونی مەزراکە دەرهێناو چاوی بەژیانی سەرزەوی کەوتەوە، کە تازە تیشکی ڕۆژ پەخش ببوو، بەسەر لوتکە چیاکان و، پێدەشتەکەی داگرتبوو، گریا. بە گریانەوە گوتی ئەی خاک، ئەی دار، ئەی تەبارەی گەنم و کەرۆێشکەی گیا، ئەی دۆڵی بە ڕووبارو هەوای فێنک، چ سەختە بەجێهشتنی ئێوە، چ سەخت. لەوێ خۆی خزاندە لایەک و وەک ئەوەی زەوی لەو کونی مەزرایەوە

منداڵی بووبێ، کەوتە سەر خاک. کە لەبەر ڕۆناکی سەیری سەرەپەنجەکانی خۆی کرد، هەموو لەت لەت ببوو، لەگەڵ ئەو پارچە مووسانەی خەڵک دوای بەکارهێنان فڕێیان دابوو، خوێنیان تک تک لێ دەچۆڕا. ڕاستەوخۆ خۆی خستە سەر پشت، ڕووی کردە ئاسمان، هەردوو دەستیشی خستە سەر ئەنیشکی تا برینەکان بەهیچ شتێک نەکەون.

چاوی کەوتە سەر چەند باڵندەیەکی گۆشتخۆر لەهەوادا دەگەڕان. بەدیار ئەودیمەنەوە هەستی کرد خەوی دێ. ئازاری برینەکانیش لێ نەدەگەڕا. بەڵام لەبەر مەترسی شوێنەکە، وەختەکە هی ئەوە نەبوو گوێ بەهیچ ئازارو خەوێک بدات، برسیەتیش لەلایەکیتر بوەستێ. لەو کاتەش مەستان بێ ئاگا لە حاڵی نەدیم، لە گوندەکە تازە لەخەو هەڵستابوو، پەڕۆکێکی ڕەنگاوڕەنگی بە گورینگی لە نێوچاوانی بەستابوو، جلێکی کوردی پۆشی بوو، قۆڵەکانی هەڵکردبوو، لچکی جلە کوردیەکەی لەپشتەوە توند گرێ دابوو، نانی بەتەندوور وەدەدا. لە لایەکی تەندووڕەکەش چایەپەستێکی چای خستبووە سەر

ئاگردانێک، شوانەکانی هاوتەمەنیشی مەڕومالاتەکانیان ڕادەدا لەوەڕگاکان. باعە باعی مەڕو بزن و دەنگی کەڵەباب تێکەڵ ببوو لە گوندەکە.

***** ***** *****

لە شارۆچکەکەش پیاوە بەتەمەنەکەی ڕێی بە نەدیم نیشان دابوو، لەسەر قادرمە قوڕەکە بەدانیشتنەوە خەوبردبوویەوە، ئەوەندە شەو لە چاوەڕوانی و دڵەڕاوکێ ماندووبوو، لەپڕ چاوەکانی کردەوە، دەستێکی بە دەموچاوی داهێناو بەپەلە چووە دەرێی حەوشە، چاوێکی بە کۆڵانەکەدا گێڕاو بەرەو کونی مەزراکە ڕۆیشت، تا دووبارە بزانێ ئاوەکە پەنگی خواردۆتەوە، یاخود نا.

کە بینی ئاو بە خوڕ دەچێتە ناو مەزراکە، دڵی خۆش بوو، هاتە ئەوبڕوایەی نەدیم دەربازی بووە. لەوێ ڕووی لەئاسمان کرد و گوتی خوایە زۆر سوپاس.

چۆن ڕەحمەت بەو کوڕە کرد لەو مەزرا تەنگە دەربازی بێ، ئەوهاش ڕەحمێک بەو خەڵکە بکەی،

دەربازیان بێ لەو جەنگە. ئینجا بە دەموچاوێکی گەش گەڕاوە ماڵەکەی.

***** ***** *****

نەدیمیش دوای حەسانەوەیەکی کەم بەحاڵ خۆی قیت کردەوە، پاشان هەڵستاوە سەر پێیەکانی و لە کەلەنێک دوور بەدوور سەیری شارۆچکەکەی کرد، بینی بەڕاستی گەمارۆ دراوە، لەوێ زانی بە ژێر سەربازەکاندا تێپەڕیوە. لەخۆشیان ویستی پێبکەنێ، بەڵام نەیویست لەخۆبایی بێ، لەکاتێکدا هەرئەوشەوە بوو هاواری دەرەوەی دەکرد، کەس هاواراکەی نەدەبیست. ڕاستەوخۆ پێی باش بوو بێ ڕاوەستان دۆڵ و دۆڵ بەرەو چیاکە بڕوا. واشی کرد، لە گۆمێک دەموچاو و دەستی شوشت، پاشان وەک بزنە کێویەک بە شاخەکەدا هەڵگەڕا، گەڕاوە ئەو شوێنەی لێوەی هاتبوو.

سەربازەکانی بەعسیش کە زانیان هیچ سودێکی نیە گەمارۆدانی ئەو شارۆچکەیە، بە بڕیاری ئەفسەرەکە

دەوری شارۆچکەکەیان بەردا، تەنیا لە چەند شوێنێک نەبێ، هەندێک سەربازیان هێشتەوە.

هەموویان بە بێ هیوایی گەڕانەوە سەربازگەکە، کە گەیشتنە جێ ئەفسەرەکە گوتی بەڕاستی ئەوانە نەوەی جنۆکەن، لەخۆڕا ئەو قسەیان بەدوای ئەو میللەتەدا هەڵنەبەستووە. دەنا کێوە چوو، بە دەم قسەکردنەوەش بە پێش چادرەکان هاتوچۆی دەکرد.

لەناکاو سەربازێک هاتە لای پێیگوت کەسێک لە شارۆچکەکەوە هاتووە دەیەوێ بتبینێ، ئەویش سەیری پێهات گوتی بیهێنن، کە کەسەکەیان بردەلای، بینی کوردێکی شەروالّ لەپێی شڕی لاوازە، کلاوێکی سپی لەسەرە، ئەوەش نیشانەبوو بۆ ئەو کەسانەی دەچنە حەج. گوتی عەرەبی دەزانی؟ کوردەکە وەڵامی داوە بەڵێ. ئینجا پێکەوە کەوتنە قسەو ئەفسەرەکە پێی گوت بۆچی هاتووی؟ کوردەکەش وەڵامی داوە من دراوسێی مااڵی ئەو پیاوە بەتەمەنەم، کە کوڕەکەی سەرباز بوو و کوژرا.

ئێمە هەر وامانەدەزانی تا ئێستا ئەو پیاوە هیچ پەیوەندیەکی بە پێشمەرگەوە نیە، بەڵام دوێنێ شەو

بەینی نوێژی مەغریب و عیشا، بەچاوی خۆم بینیم، کەسێک لە ماڵەکەی هاتەدەرەوە، ئەویش تا پشتەوەی خانووەکە لەگەڵی چوو، ئێمە دەزانین ئەو پیاوە بەتەنیا دەژی، کەسیش نایەتە سەردانی.

وە ئاگاداریشین دوێنێ پێشمەرگە هاتوونەتە ناو شار، بۆیە پێم باش بوو، ئێوە لەو ڕووداوە ئاگادار بکەمەوە. ئەفسەرەکە گوتی ئەگەر ئەوەی دەیڵێی ڕاست بێ، سوێند بە سەری سەید ڕەئیس، خەڵاتت دەکەم، بەڵام ڕاست نەبێ، دەتخەمە بەندیخانە.

یەکێک لەسەربازەکان کە ئەویش کوردبوو، کاتێک گوێی لێ بوو ئەو پیاوە هاتووە زمان لەو پیاوە بەتەمەنە بدا، کە گوایە بینیویەتی هاوکاری پێشمەرگەی کردووە، لەدڵە خۆی گوتی ئەی خیانەتکار، ئاخەر لەبەر چواری وەکو تۆیە سەدان ساڵە ئەو میللەتە شۆڕش دەکات و ناگاتە ئەنجام.

بڵێ لەو زمان لێدانە چ قازانج دەکەی، ئەوانە دوژمنن، خاکەکەمانیان داگیرکردووە. ئەفسەرەکە دوای ئەوەی ئەو هەواڵەی پێگەیشت، چەند سەربازێکی نارد، ئەو پیاوە بەتەمەنە بێنن، کەسەکەشی زمانی لێدابوو

نـاردیەوە شـارۆچکەکە گـوتی ئـێمەش چاومـان پێـک دەکەوێـتەوە. سـەربازەکان بە جێبێـک، لەبەر دەرگـای مـاڵی پیـاوە بەتەمەنەکەیـان ڕاگـرت، بەپەلە خۆیـان فڕێـدا خـوارەوەو چـوونە ژووری، بینیـان لەسـەر جێیەکـی ڕەق و تەق ڕاکشـاوە، بـالیفێکی خـڕی لەژێـر سـەرە، خەوتووە.

ئەوانـیش لەسـەر سـەری ڕاوەسـتان و بە دەنگـی بەرز بانگیـان کـرد، کە سـەری قیـت کـردەوە سـەرەتا وایزانـی خەونە، دواتـر بـۆی ڕوونبـۆوە، خەونـی چـی هـاتوونە بیـبەن. سـەربازەکان قۆڵیـان گـرت و ئەویـش بەحـاڵ کڵاشـەکانی لەپێـی هەڵکێشـاو بەگەریـان کەوت. بەدەم ڕۆیشـتنەوە گـوتی پـێم نـاڵێن چـی بـووە، سـەربازەکان گوتیـان دواتـر دەزانـی، پیـاوە بەتەمەنەکە ترسـا نەدیـم گیرابێ، دڵی لەلای ئەو بوو.

کە گەیشـتنە سـەربازگەکە هـاتە خـوارەوەو لە بەرامـبەر ئەفسەرەکە ڕایانگرت.

ئەفسـەرەکە لێـی پرسـی، ئەو کـاتەی ماڵەکەتمـان دەپشـکنی ئەو پێشـمەرگەیە لەلای تـۆ بـوو؟ پیـاوە بەتەمەنەکە گوتی بەڵێ.

ئەفسەرەکە لەبەرەخۆی گوتی ئەی بەنەفرەت بی. ئینجا لێی نزیک بۆوەو گوتی ئەدی بۆ پێت نەگوتین؟ پیاوە بەتەمەنەکە وەڵامی داوە، لەناو ئێوەی عەرەب کەلتورێک هەیە، ئەویش خۆ دەخیلکردنە، ئایا ڕەوایە کەسێک خۆی بخاتە مالّەکەت، تۆ ڕادەستی ئەوانەی بکەی بەدوایدا دەگەڕێن؟

ئەفسەرەکە گوتی نا، بەڵام وانەزانی نازانم ئێوەی ڕیش سپی لەو تەمەنە وەک ڕێوی بە قسە نەرم و شیرینەکانتان دەتانەوێ بەرامبەرەکەتان فریو بدەن، چونکە دەزانن هێزی بەرگە گرتنتان نەماوە.

پێم وایە هەر لەبەر ئەوەشە، ڕاستیەکەت لێ نەشاردینەوە وایە؟

پیاوە بەتەمەنەکە گوتی نەخێر، لەبەر ئەوە نەبوو، خۆم لەئازار قوتار بکەم، چونکە توانای بەرگە گرتنم نیە. بەڵکو ئێوە پرسیارێکتان لێ کردووم، منیش وەکو پیاو وەڵامم دایەوە. پێشم وایە سزای ڕاستگۆییەکەم گەلێ گرانتر لەوەی ڕاستیەکەم لێ بشاردبانەوە. ئەفسەرەکە گوتی نا، ڕیش سپی زۆرزان. لێت بشاردبایەوە، نینۆکەکانم دەکێشای تا دانت پێدادەنا،

تۆش ئەوەت دەزانی، بۆیە ئێستا ڕێگاکەت بۆخۆت ئاسان کرد، بێ هیچ ئازارێک.

بەڵام ئەوە بەسەر منـدا تێناپەڕێ، ئێستا پێم بڵێ لەکەیەوە هاوکاریان دەکەی؟

بێ ئەوەی پەنا ببەمە بەر هیچ ئامێرێکی ئازاردان. پیاوە بەتەمەنەکە گوتی ئەوەندەی گوتم هەموو ڕاستیەکەبوو، هیچیتر نازانم دەنا پێم دەگوتی، هیچ شتێکیش نەماوە بەو دونیایەوە گرێمبدا، تا درۆی لەپێناودا بکەم.

ئەفسەرەکە گوتی ئەدی ئەو پێشمەرگەیە بە کوێدا قوتاری بوو؟ پیاوە بەتەمەنەکە وەڵامی داوە بەناو کونی مەزراکە.

کە پیاوە بەتەمەنەکە وایگوت ئەفسەرەکە سەری سووڕما، چۆن بیری لەوێ نەکردبۆوە. بۆیە پیاوە بەتەمەنەکەی بەگەر خۆیداو لەگەڵ دەستەیەک سەرباز هەر ئەوکاتە بەڕێکەوتن بۆ لای مەزراکە، کەگەیشتنە لای ماڵی پیاوە بەتەمەنەکە، لەپشتەوەی خانووەکەیان دابەزین، ئەفسەرەکە لەگەڵ دارودەستەکەی چووە ئەوشوێنەی نەدیم بە ناویدا

دەستی بە سەفەرە تەنگ و پڕ لە چەڵەمەکەی کرد. ئەفسەرەکە کە چاوی بە کونی مەزراکەو قوڕەشینەکەی ناوی کەوت، بڕوای نەدەکرد ئەو پێشمەرگەیە بەو شوێنەدا تێپەڕی بێ. بۆیە ڕووی لەپیاوە بەتەمەنەکە کرد، گوتی پێم وایە تۆ گاڵتەمان لەگەڵ دەکەی، ئەو چۆن بەناو ئێرەدا ڕۆیشت؟

پیاوە بەتەمەنەکە گوتی بە زگە خشکێ.

ئەفسەرەکە گوتی ئەدی چۆن نەخنکا، لەگەڵ بۆنی قوڕەشین و ئاو نەچووە ناو کونەلوتی؟

پیاوە بەتەمەنەکە گوتی ئەوە نازانم، بەڵام بێرەدا ڕۆیشت. ئەفسەرەکە پێی گوت لە کوێ ئەو مەزرایە دەڕژێتە سەر زەوی؟

پیاوە بەتەمەنەکە گوتی لە پێدەشتەکەی پشتەوە. ئینجا ئەفسەرەکە بە داروودەستەکەی گوت با بڕۆین بۆ ئەوێ. لەوێوە هەموو سواری ئۆتۆمبێلەکە بوون و بەرەو کونی مەزراکە بەڕێ کەوتن، کە گەیشتنە جێ، پیاوە بەتەمەنەکە لەدڵی خۆیرا نزای دەکرد، نەدیم لەو ناوە نەمابێ. ئەفسەرەکە ڕاستەوخۆ لەگەڵ داروودەستەکەی کە لە ئۆتۆمبێلەکە هاتنە خوارێ، بەپێ

بەرەو مەزراکە ڕۆیشت پیاوە بەتەمەنەکەشیان بەگەر خۆیانداو چوونە سەر کونی مەزراکە، لەوێ ئەفسەرەکە دوای سەیرکردنێکی وورد، بۆی دەرکەوت، نەدیم بەوێدا ڕایکردووە، چونکە جێخشکەی دەست و پێی بە قوڕەشینی نەدیم لەسەر زەویەکە دەرچووبوو. ئەفسەرەکە زۆر سەرسام بوو، بە تێپەڕبوونی نەدیم بە ناو ئەو کونە تەسک و تروسکە، بەڵام دەری نەبڕی.

جێ پێیەکانیشی تا نزیک بناری چیاکە دەبیندرا. پیاوە بەتەمەنەکەش کە ئەو شوێنانەی بینی دڵنیابۆوە نەدیم بەناو کونی مەزارەکەدا قوتاری بووە، لە دڵی خۆی گوتی ئەی ئافەرین شێرە کوڕ، مەگەر نەوەی ماد نەبی.

ئەفسەرەکە لەوێ لەسەر کەرتە شاخێک کە لەقەد شاخەدا غلۆر ببۆوە، دانیشت سەیرێکی چیاکەی کرد، دەمێک دامە، پاشان بە سەربازەکانی گوت با بگەڕێینەوە. کە گەڕانەوە سەربازگەکە، بە پیاوە بەتەمەنەکەی گوت دەتوانم ئازارت بدەم تا بزانم لەکەیەوە هاوکاری ئەوانە دەکەی، بەڵام ئەوە نەکەم.

ناشـــزانم لەبەرچـــی، ئایـــا لەبەر یارمەتیـــدانی ئەو پیـــاوە ئـازایەیە کە لەچەنگمـان خـۆی قوتـار کـردووە، یـان لەبەر ڕاستگۆییەکەت و داوەسپیەکانی سەرت.

بەڵام ئەوەی بە زمـــانی خـــۆت دانتپێـــدانا، دەیـــکەمە ڕاپۆرت و بۆ دادگا دەینێرم.

وە بۆشـت دەنوسـم کـوڕێکی شـەهیدە، بەڵکـو کـارەکەت بـــۆ ئاســـان بـــکەن. ئینجـــا قســـەکانی کـــردە ڕاپـــۆرت و لەگەڵ چەنـد ســـەربازێک، نـــاردیە پـــایتەختی وولات، تـــا لەوێ دادگایی بکرێ.

ســـــەربازەکانیش دوای بردنـــــی پیـــــاوە بەتەمەنەکە بە دەسـت و پێـی زنجیـر کـراوەوە بردیـانە دادگـا، دادگـاش وەک ڕاگیراوێـــک، بە ســـەرو ڕیشـــی ســـپیەوە بڕیـــاری زیندانیکردنی دا.

لەوێـوە ڕادەســتی ســەربازەکان کـراوە، ســەربازەکانیش بە ئۆتۆمبێلێـــــک، دوای نیـــــوەڕۆیەکی درەنـــــگ بەرەو بەنـــدیخانەیان بـــرد، لەڕێگـــا ســـەربازەکان ئەگەرچـــی عەرەب بـــوون، بەڵام لە ڕادیـــۆی نـــاو ئۆتـــۆمبێلەکە کەناڵێکیـــان کـــردەوە، لە کەنـــاڵەکە گـــۆرانیەکی کـــوردی

هاتەســـەر، گـــۆرانیەکە هـــی هونەرمەنـــد قـــادری ســـیاحی بوو، دەیگوت:

دوێنێ فەسڵی بانگی شێوان
ئامین ئامین ئامینێ
چاوم کەتبوو بە دوو سێوان
ئامین ئامین ئامینێ
بووم بە مەجنون کەوتمە کێوان
ئامینێ خۆم
باریکێ خۆم
ڕێم نیە بڕۆم
دەربەدەر خۆم

دوێنێ فەسڵی بانگی هێشتم
ئامین ئامین ئامینێ
ڕووحی بردم، قەلبی هێشتم
ئامین ئامین ئامینێ
شەڕابی مەرگی پێ نۆشتم

ئامینێ خۆم
باریکێ خۆم
ڕێم نیە بڕۆم
دەربەدەر خۆم...

پیـــاوە بەتەمەنەکە لەگەڵ ئەو گـــۆرانیە کـــوردیە فرمێســـک بە چاوەکانیـــــدا هـــــاتە خـــــوارێ، هاوســـــــەرەکەی بەبیرهـــاتەوە، کە دەمێـــک بـــوو لەژیانـــدا نەمـــابوو، دوای شـــــەهیدبوونی کـــــوڕەکەی. ســـــەربازەکانیش لەبەر دڵـــــی ئەو گۆرانیەکەیان نەگۆڕی.

(١٩)

نەدیم هەرچۆنێک بێ خۆی گەیاندەوە لوتکە چیاکە، کە گەیشتەوە لای ئەشکەوتەکە، بینی هاوڕێ پێشمەرگەکانی لەبەردەرگا چاوەڕێی دەکەن، ئەوانیش کە چاویان بەنەدیم کەوت ڕاستەوخۆ بەرەو پیلی چوون و باوەشیان لێدا، گوتیان کوڕە تۆ چیت کردووە؟ لە ئێوارەوە شاعیری شاخ لە ڕادیۆ باسی ئەم چالاکیە دەکات ودەڵێ پێشمەرگەیەک بەتەنیا شارۆچکەیەکی لە سەربازەکانی دوژمن کردۆتە

دۆزەخ. نەدیم گوتی لە شوێنێک دامنێن پێویستم بە حەسانەوەیە، ئەوجە بۆتان باس دەکەم.

ئەوانیش نەدیمیان بردە ژوورەوەو جل و بەرگەکەیان لەبەر داکەند، کە بۆنێکی ناخۆشی لێدەهات، ئینجا جل و بەرگێکیتریان لەبەرکردو لە سەر جێیەک دایان نا. ئەویش کە کەمێک حەساوە، هەموو شتێکی بۆیان بەوردی گێڕاوە. پێشمەرگەکان زۆر پێی سەرسام بوون، پێشیان گوت ناوت لەگەڵ ڕیشەی لەش ئاسن لە ڕادیۆ خوێندراوەتەوە.

ڕیشەی لەش ئاسن پێشمەرگەیەک بوو بەعسی تۆقاندبوو، هەر ڕۆژێک لە شوێنێک دەبیندراو هەر شەوێک بۆ سەر سەربازگەیەک هێرشی دەکرد، ببووە خاوەن ناو وناوبانگێکی ئەوەندە بەهێز، بەعس بەخۆی لەبەر ئەوەی پێیان وابوو ئەو پیاوە ئەگەر یەک کەسە، یان هێزێکی ئیلاهی لەپشتی نیە، چۆن ماندوو نابێت و ناخەوێ و ناخوات؟ ناویان لێ نابوو ڕیشەی لەش ئاسن. پێشمەرگەکانی لێشی دووربوون، یان هەر نەیان بینی بوو، ئارەزووی بینینیان دەکرد، ئەگەر بۆ تەنیا جارێکیش بێ.

ئەوان تەنیا بە وەسفی ئەوانی کەبینیبوویان دەیانزانی پیاوێکی ڕەقەی دڕێژی ڕەشکەڵەیە، ڕیشێکی باریکی هەیەو جەمەدانیەکی ڕەش و سپی تونـد لەسەری دەبەستێ، یەک ووشەش خوێندەواری نیە.

نەدیم کە هەموو شتێکی بۆ پێشمەرگەکان گێڕاوە، کەمێک هەنجیری ووشک و نانی ڕەقی خوارد، پاشان لەسەر جێگاکەی ڕاکشاو لە ماندووێتیان خەو بردیەوە. کە شەو داهات ئەو سەربازەی کوردبوو، لەناو سەربازگەکە، لە دڵی دەرنەدەچوو، ئەو پیاوە کڵاو سپیەی هات زمانی لە پیاوە بەتەمەنەکەدا.

بۆیە شەو درەنگ لە سەربازگەکە دابەزی و خۆی گەیاندە لای مزگەوتی شارۆچکەکە، دەیزانی بۆ نوێژی بەیانی لە مااڵ دێتەدەر، لە شوێنێک خۆی مەاڵسدا، بەرامبەر دەرگای مزگەوتەکە، دوای چاوەڕوانیەکی زۆر هێشتا کەس ڕووی لە مزگەوت نەکردبوو، بینی کەسێک لە دوورەوە دێ، کە تەواو لێی وورد بۆوە، دەرکەوت پیاوەکە خۆیەتی، سەربازەکەش دەرفەتی پێدا بچێتە ناو مزگەوت، کە پیاوەکە چووە ژوورەوە، سەربازەکەش دوای ئەو

خۆی گەیاندە حەوشە، بەدوایدا چووە ژوورەوە، بینی خۆی ئامادە دەکات بانگ بدا، بەڵام سەربازەکە لێی چووە پێش و هەر لە شوێنی بانگدان گرتی، لەبن دەست و پێی خۆی ناو گوتی هەی خیانەتکار ئەو پیاوە بەتەمەنەت بۆ بە فەتارەت برد؟ دەزانی لەجێگای شۆڕشگێڕەکان بم چی دەکەم، پێش ئەوەی بەرەنگاری دووژمن ببمەوە، ئێوەی خائین لەناو دەبم. هەر لەوێ حەربەیەکی لەبەر پشتی دەرهێناو سەری لە لەشی جیاکردەوە. سەرەکەشی بردە سەر منارەی مزگەوتەکەو لەو بەرزیە داینا، تا ترس بگاتە هەموو خائینەکان.

پێش ئەوەی ڕۆژیش هەڵبێ، گەڕاوە سەربازگەکە. کە بەیانی داهات، هەواڵەکە بەناو شارۆچکەکەدا بڵاو بۆوە، تا گەیشتە سەربازگەکە. ئەفسەرەکە کە ئەوەی بیست، واقی ووڕما، هەموو پێیان وابوو، پێشمەرگە بەوەی زانیوە ئەو پیاوە زمانی لە پیاوە بەتەمەنەکە داوە، بۆیە هاتوونە کوشتیتیان و سەرەکەشیان بۆ ترساندنی زمان لێدەرەکانیتر لەوێ داناوە.

بەشی هەشتەم

(٢٠)

شـــەرمن ئەو کـــچەی ڕووبـــا شـــەو لەنـــاو خەو ڕفانـــدبووی، بەیـــانیەکەی تـــا ئێـــوارە لە مـــاڵەوە لەنـــاو جێگـــاکەی نەهـــاتبووە دەرەوە، شـــێوەی ڕووبـــاو بەتاســـەوە بۆنکردنەکـــانی بەبیردەهـــاتەوە، جیـــا لەو هەمـــوو ئـــارامیەی لەلای ئەو کـــوڕە نەناســـراوە بینیبـــووی. هەســـتی دەکـــرد ئەو کـــوڕە لە مـــاچکردنی و بـــۆن کردنـــی و دەســـت بە پـــرچ داهێـــنن زیـــاتر هیچیتـــری لـــێ نەدەویســـت، ئەگەر بیویســـتبا دەیتـــوانی لەو

گۆڕستانە چۆڵە بەتەنیا، بەوهەموو هێزەی هەیبوو چی بوێ بیکات. لەگەڵ ئەو خەیاڵانە، خوشکەکەی کە ئەو شەوە لە سیسەمەکەی تەنیشتی خەوتبوو، بانگی کرد گوتی هەستە درەنگە ئێستا دایکم دێ دەکاتە هەرا، دەڵێ ئێوە بەس دەخەون، شەرمنیش لەناو جێگاکەی تۆزێک خۆی لێک ڕاکێشاو گوتی حەزدەکەم هەر ناو ئەو جێگایە بم.

خوشکەکەی پێی گوت چی قەوماوە؟ ئاخەر کەی تۆ تا ئەوکاتە درەنگە توانیوتە خەو بکەی؟ دەزانی کاتژمێر چەندە؟ شەرمن بە دەنگێکی نەرمەوە وەک کەسێک زۆرترین سۆزی پێدرابێ و هێشتا نەهاتبێتەوە سەرخۆی، گوتی چەند؟ خوشکەکەی وەڵامی دایەوە شەش و چارێگی ئێوارە. شەرمن گوتی کەوایە زۆر نەماوە شەو دابێتەوە، بۆ هەڵستم، کەمێکیتر دەبێ بێمەوە ناوجێگا. خوشکەکەی گوتی تۆ ئەقڵت لە دەستداوە؟ کەس بووە شەو لەبۆ شەو هەر لەناو جێگایەک بێ و نێتە دەرەوە لەبەر ئەوەی دواتر دەبێ بچێتەوە ناو هەمان جێگا؟ وەڵا دایکم گوێی لەو قسانەی تۆ بێ ئەو ماڵە سەراوژێر دەکات لە

تۆڕەییان. شەرمن گوتی لێمگەڕێ چاوەڕێمە بێتەوە. خوشکەکەی سەیرێکی کرد،دواتربەسەرسووڕماویەوە گوتی کێ؟ شەرمن گوتی ئەو. خوشکەکەی گوتی ئەو کێیە؟ تۆ تەواوی، من ئەمڕۆ هیچ لەتۆ ناگەم، چیە ئەو قسە بێ سەروبەرانە دەکەی؟ خوشکەکەی نەیدەزانی ئەو هیچ لە قسەکانی بێ سەروبەر نین، بەڵام کۆمەڵێک شت ڕوویانداوە لێی بێ ئاگایە.

شەرمن گوتی وەرە لام دابنیشە با بۆت بگێڕمەوە، بەڵام وانەزانی من شێت بوومە. خوشکەکەی چووە سەر جێگاکەی و دانیشت، شەرمنیش هەر بە پاڵدانەوە گوتی ئەمشەو چاوەکانم کردەوە لە گۆڕستان بووم، کوڕێک منی دزی بوو لە ناو جێگاکەم. خوشکەکەی گوتی بسمیللا، هەر ئەوە مابوو، کچێ خەونت بینیەوە تۆ. شەرمن گوتی نا، خەون نەبوو ڕاستی بوو، ڕاستیەک باوەڕناکرێ. سەرەتا هەروامزانی مردووم، بەڵام کە کوڕەکە قسەی لەگەڵم کردو دوا، بۆم دەرکەوت بەئاگام. خوشکەکەی گوتی لە کوێڕا تۆی بردبوو، جارێ ئەوەم پێ بڵێ؟ شەرمن گوتی هەر لەو ژوورەڕا.

خوشکەکەی چاوەکانی ئەبلەق بوون، گوتی یەعنی پیاوێک هاتۆتە ژوورەکەمان ئێمە نەماناسیوە کێیەو کێ نیە؟ چۆن دەبێ؟ باشە بە کوێدا هاتبوو؟ شەرمن گوتی بەسەرباندا، بەپشت سەری براکانمان.

خوشکەکەی گوتی ئەوە بەڕاستیتە؟ چۆن جورئەتی کردووە؟ شەرمن گوتی بەوەندەش نەوەستاوە، منی خستۆتە سەر شانی و بە دەرگای حەوشەدا بردیتمیە گۆڕستانەکە. خوشکەکەی نەیدەزانی باوەڕبکات یان نا، ئەگەرچی قەت درۆی لێ نەبیست بوو، بەڵام ئەوچیرۆکەی شەرمن باسی دەکرد هەر کەسێکیتر گوێبیستی ببا دەکەوتە گومان.

بە ناچاری گوێی گرت نەشدەکرا وازی لێبێنێ، گوتی ئەدی دواتر چی کرد؟ شەرمن گوتی لە باوەشی گرتم، بە تاسەوە بۆنی دەکردم، دەتگوت لە بن مل و لاجانگ و بن پرچم شتێکی بزر کردووە دەیەوێ بە بۆن بیدۆزێتەوە. خوشکەکەی گوتی یەعنی دەستتان پێکەوت؟ شەرمن پێکەنی گوتی بەڵێ، ئەو زۆر میهرەبان بوو، وەها ماچی دەکردم دەتگوت چەندین ساڵە ئاشنایمە. خوشکەکەی گوتی تۆ هەستت چۆن

بـــوو؟ چـــونکە بەخۆشـــی تـــا ئەوکـــاتە کەســـێک مـــاچی نەکردبـــوو، هەســـت پێبکـــات. شـــەرمن وەڵامـــی دایەوە گـــوتی لە هـــیچ نەدەچـــوو، هەســـتم دەکـــرد ســـەرخۆش بـــوومە لەگەڵ هەناســـە گەرمەکـــانی کە بەســـەر پێســـتم دەکەوت و کەپـــووی بە تاســـەوە بە هەمـــوو شـــوێنێکم دادێنـا تـا بـۆنم بکـات. بەڵام بە یەک شـتی زۆر سەرسـام بـووم، کە هەسـتم کـرد مەبەسـتی نـیە دەسـتدرێژیم بکـاتە سـەر، هەرچـی دەکـرد پـێم نـاخۆش نەبـوو، ئەو شـایانی ئەوەیە هەمـوو شـتێکی پـێ ببەخشـرێ، دەزانـی چەنـدی ســـۆز پێـــدام؟ دەزانـــی چەنـــد بە خۆشەویســـتیەوە لە ئـامێزی گـرتم؟ دەزانـی چەنـد جێـی متمـانەبوو؟ هەسـتم بە تـــرس نەدەکـــرد لەلای، ئەگەرچـــی نـــاو گۆڕســـتانیش بـــووین. لـــێمگەڕێ بـــا هەر لەو جێـــیە دەرنـــێم بەڵکـــو بێـــتەوە، خوشـــکەکەم لـــێمگەڕێ. خوشـــکەکەی گـــوتی ئەدی بەمـــاڵەوە نـــاڵێی؟ شـــەرمن گـوتی نـا، دواتـر بـاوکم و براکـــانم دەڵـــێن بمـــانبە ئەو گۆڕســـتانەو دەترســـێم بیبینەوەو ئازاری بدەن.

خوشکەکەی گوتی ئاخەر ئەویش هەندە باش نیە، وەک ئەوەی تۆ وا بەرگری لێ دەکەی، چۆن دەبێ کچی خەڵک لە کاتی خەو لەناو جێگا بدزێ؟
لەوکاتە ماڵەوە سەیری جێگاکەی تۆیان بکردبا بەو شەوە لەماڵەوە نەماوی چیان دەگوت؟ چ کێشەیەک دروست دەبوو؟ دواتر تۆ چۆن وەڵامت دەدایەوە لەکاتی گەڕانەوە بیانگوتبا لەکوێ بووی؟ دەتگوت کوڕێک منی دزی و بردمیە ناو گۆڕستان؟
شەرمن بە تورەییەوە گوتی من بۆ ئەوە پێم نەگوتی ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە بێ واتا و دووبارانەم بکەیتەوە. ئەگەر زانیان، ئەگەر گوتیان لە کوێ بووی، ئەگەر ئەگەر، ئێمە هەر خەریکی ئەگەرین. ئەوەندە دەزانم لەو ڕێکەوتە بەچێژتر نەبوو، کە لەناو زیاتر لە یەک ملیۆن کچی جوانی خەوتووی ئەو شارە بەبەرمن کەوت.

(٢١)

ڕووبـا دەمێـک بـوو چـاوەڕێ بـوو گەنـجە ئاڵۆدەکـان بێـنەوە نـاو گۆڕسـتانەکە، بـۆئەوەی دووبـارە لەگەڵیـان دابنیشـێتەوە، کـات ببـووە نزیـک مەغریـب، ڕۆژ وەکـو جارەکـانیتر خەریـک بـوو ئـاوابێ و ڕەنـگەزەردەکەی دەیـدا لە دارو دیـوار و کێڵەکـانی نـاو گۆڕسـتانەکە و برۆ و برژانگە قاوەییەکانی ڕووبا.

لەناکـاو گەنجەکـان بەدیـارکەوتن، لە دەروازەی گۆڕسـتانەکەوە هـاتنە ژووڕێ، ڕووبـا کە چـاوی

پێیانکەوت دڵخۆش بوو، چونکە ئەو دەیویست لە ئاڵۆدەیی دەربازیان بکات، بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن، دەیویست پێش دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکیش لەسەر زاری خۆیانەوە بزانێ بۆ ئاڵۆدەبوونە، لەوبارەیەوەش قسەی لەگەڵ دڵبرین کردبوو.

گەنجەکان کە دەبوا بەلای ئەودا تێپەڕن، نزیک بوونەوە، سڵاوێکیان لێکرد، ئەویش بە ڕوویەکی خۆش وەڵامیدانەوە وەپێشی گوتن دەمێکە چاوەڕێتانم. ئەوانیش ئەو قسەیەیان پێخۆش بوو، کە کەسێک چاوەڕێیان دەکات، لەدەرەوەی ئاڵۆدەیی. چونکە ئەوان لە جیهانەکەی خۆیان بترازێ، هیچ هاوڕێیەکیتریان نەبوو، وەکو هاوڕێ.

ڕووبا بۆهەموویان جیاواز بوو، ئەو گوێی لێ گرتبوون، تاڕادەیەکی باشیش حەقی بە ئاڵۆدە بوونەکەیان دابوو، ئەوەش خراپ نەبوو بۆ دانانی پەیوەندیەکی پڕ متمانە و دۆستایەتیەکی مەعنەوی بێ فرت و فێڵ. ئەوانیش پێیان گوت ئێمە دەچینەوە شوێنەکەی خۆمان، لەسەر بەردەکان دادەنیشین، ئەگەر حەزت کرد وەرە. ڕووباش گوتی بابڕۆین.

ئینجا پێکەوە بەڕێکەوتن بۆ لای ئەو کۆمەڵە بەردەی دایاننابوو، ڕۆژانە لەسەری دادەنیشتن. هەر یەکەو بەردی خۆشی دەناسیەوە. بۆ ئەوان دانیشتن لەسەر ئەو بەردە ڕێکانە هەموو دونیای دێنا.

دڵبرین لەبن کەپرەکەیڕا کە چاوی بەڕووبا کەوت بەگەر گەنجە ئاڵۆدەکان کەوت و لەگەڵیان دەچێتە ئەو شوێنەی ئەوان ماددەی هۆشبەری تێدا دەکێشن. تەواو لەبەر چاوی کەوت. لەبەرەخۆی گوتی کچ بردن و بوون بە هاوڕێی گەنجانی ئاڵۆدە، نیشانەی پیاو خراپانە، جا وەرە کێ هاتووە تەرمی پیاوە بەندیەکە بباتەوە زێدی خۆی لەو هەموو خەڵکی وەها ڕۆشنبیر و ئەدیب و سیاسەتمەدارو مامۆستاو بیرمەندی زۆر. ئاخەر ئەگەر قاتی مرۆڤ نەبێ، شتی وا کەی مەنتقە؟

تەنانەت پەشیمانم ئەوەندەش لەگەڵی دانیشتم و پیاسەی ناو شارم لەگەڵ کرد. بەلاش هەڵخەڵەتام بە هەندێک قسەی، باش بوو باسی چیرۆکی خۆم و ئەو پیرێژنەم بۆ نەکرد. ڕووباش بێ ئەوەی ئاگای لە دڵبرین بێ چی دەڵێ، لە پێشەوەی گەنجەکان دانیشت،

گوتی کوڕینە بەتەمای چین؟ ئەوانیش هیچ قسەیەکیان نەکرد. ئەویش زانی ماددەیان پێیەو هاتوون بیکێشن، گوتی دەی بزانم چیتان پێیە دەری بهێنن. گەنجەکانیش سەیریان بەوەهات. ژێدار ئەوەی لە هەمووان بچووکتر گوتی ئەگەر هەرشتێک لە لامان ببینی قسەمان پێ نالێی؟ ڕووبا سەرێکی باداو تۆزێک بێدەنگ بوو، پاشان وەڵامی دایەوە گوتی من بە ئێوەم گوت ئێمە دۆستین. دۆستایەتیش کاتێک پێی دەگوترێ دۆستایەتی بە جیاوازیەکانەوە دۆست بین، نەک لەبەر ئەوەی وەکو یەکین دەبێ دۆست بین، مرۆڤ پێویستی بە دۆستێک نیە ڕێک وەک خۆی بێ، ئەگەرنا دۆستایەتی خۆی دەکات، مرۆڤ پێویستی بە دۆستێکە هیچی لە خۆی نەچێ، بۆ ئەوەی لە قالغی خۆی بێتەدەرەوە.

من و هەر یەک لە ئێوەش چونکە هەمیشە چاومان لەوە بووە دۆستەکانمان دەبێ پڕ بە دڵی خۆمان بن، چوارچێوەیەکمان کێشاوە بۆ خۆمان، ناتوانین لێی دەرباز بین، لەناویشی تەواو هەست دەکەین بێزارین.

بـۆ نمـوونە ئێـوە ڕۆژانە لەگەڵ یەکـن، هـیچ جیـاوازیەک لەیەکتـریەوە نـابینن، بێـزارن بەڵام نـازانن چیـبکەن، دەتـانەوێ لێـک دووربـکەونەوەو ئەو ڕێگـایە بگـۆڕن و ڕێیەکیتـر تـاقیبکەنەوە نـاتوانن، چـونکە لەگەڵ یەک هیچـی نوێتـان پـێ نـیە پێکـی بـدەن، ناچـارن لەسـەر یەک شـێوە ژیـان بـڕۆن و دوور لە هەمە ڕەنگـی. منـیش وام، تـاکە جیـاوازی مـن ئەوەیە لەگەڵ کـێ ڕێکـکەوێ دەبـمە دۆسـت، تەنـانەت لەگەڵ دژەکانیشـم، لەوحـالەتە پێکـدادان ڕووەداو شـتی نـوێ لەدایـک دەبـێ، ئێـوە سـەیری سرووشـت بـکەن، کە بـاران دەبـارێ بەهـۆی پێکدادانی ساردی و گەرمیەوەیە.

کە شـەو و ڕۆژ دێ، تـاریکی و ڕۆنـاکی لە ململانێـدان، شـەو و ڕۆژی جـوان دروسـت دەکـات. ژن و پیـاو کە تـێکەڵ دەبـن منـداڵ دروسـت دەبـێ، مـن بـا پێتـان بڵـێم هـیچ دروسـت بوونێـک لەوشـتانەوە نـیە کە تەبـان، هەمـووی لە دژەکـانەوەیە، وەرچەرخـانە مێژوویەکـانیش هەروا بـوونە، تەنـانەت فەلسـەفەو ئـاین و دەقە ئەدەبیەکـان و شارسـتانیەتیەکانیش هەروان، هەرواش دەبـن. جەنگەکـان ئەدیبـی گەورەو فەیلەسـوفی گەورەو

هونەرمەندو مۆسیقاژەن و ئەکتەرو سینەماکاری گەورەیان بەدیهێنا.

ئێمە کە دەڵین تەبایی تەبایی، یان ئاشتی ئاشتی، خۆمان خۆمان بەرەو مەرگ دەبەین.

بۆیە ئەگەر من لەگەڵ ئێوە هاوڕاش نەبم، دەتوانم هاوڕێتان بم و هەرچی دەیکەن قبوڵم بێ.

ئەمڕۆ دەمەوێ متمانەم پێبکەن، دەزانم ماددەی هۆشبەرتان پێیە، بیهێنەدرەوە منیش دەمەوێ بیکێشم، بەڵکو وەکو یەکمان لێ بێ. باجارێک تاقی بکەمەوە بزانم ئەو شتە چیە خەڵک بە دوژمی کۆمەڵگا ناوی دەبەن. ئاخەر تۆ دوژمنەکەت نەناسی و ئەوەندەش لێی بترسێی، چۆن دەتوانی وەک پێویست شەری لەگەڵدا بکەیت، بۆ ئەوەی زاڵبی بەسەریدا. ڕووبا کە ئەو قسانەی کرد، گەنجەکان خۆشتریانویست، ئەگەرچی ئەو بەو هەڵسوکەوتەی دڵبرینی لە خۆی عاجز کردبوو، بەڵام ئەو کەسایەتیەکی وای هەبوو، لەلای گرینگ نەبوو کێ لێی عاجز دەبێ یان نا.

ئەو دەستپێکی هەموو کارەکانی بە بەرهەڵستی دەوروبەر دەستی پێدەکرد چونکە شتی جیاوازی

دەکـــرد، بەڵام کێشـــەکە ئەوە بـــوو لە ئەنجامـــدا هەمـــوو ئەوانـــی لێـــی تـــۆڕە دەبـــوون و هەڵســـوکەوتەکانیان بە نـــامۆ دەخوێنـــدەوە، دەیـــانزانی ئەو مەبەســـتی چـــی بـــووە، زۆرجاریش لە سەرسامیان بۆی دەگریان.

گەنجەکـــانیش ســـەیریان پێهـــات ئەو پێیگـــوتن مـــاددە هۆشـــبەرەکەتان بێـــنن دەیکێشـــم شـــان بە شـــانی ئێـــوە. ئینجـا هەتـوان لە گیرفـانی کیسـەیەکی بچـووکی دەرهێنـا، لەگەڵ چەنـد شوشـــەیەکی لـــولەیی، موریـــدیش لەوکـــاتە دەســـتی لەگیرفـــانی ڕاکـــرد، چەرخێکـــی دریـــژی دەرهێنـــا، چەرخەکە دەببەیەکـــی غـــازی یەدەگـــی لەگەڵ بـــووو، گەنجەکـــان ســـەرەتا تۆزێـــک لە دەرمانەکەیـــان کـــردە نـــاو شوشـــە لـــولەییەکە، پاشـــان چەرخەکەیـــان پێکـــردو بەو شـــوێنەیان وەنـــا دەرمـــانەکەی تێـــدابوو، لەگەڵ گەرمـــداهاتنی شوشـــەکە دەرمـــانەکە هێـــدی هێـــدی دووکەڵێکـــی شـــینی لـــێ بەرز بـــۆوە، دوکەڵەکە بەرەو ســـەری لـــولەکە هەڵکشـــا، هەتـــوان لەوکـــاتە دەمـــی بـــۆ لـــولەکە بـــرد و دووکەڵەکەی هەڵمـــژی، دووســـێ جـــار بە تونـــدی لەســـەر یەک، لەگەڵ هەڵمـــژین هەناســـەیەکی قـــوڵی هەڵکێشـــاو چاوەکـــانی داخســـت، دەتگـــوت کەســـێکە

کەمێک پێش ئەو کاتە پشی سوار بووەو ئۆکسجین گەیشتۆتەوە سەر دەمی و بە کۆڵ هەناسە دەدا.

ئینجا چاوەکانی کردەوەو ڕەنگی ناو چاوی گۆڕا، دەمارەکان بەدەرکەوتن، دەتگوت ڕێزێک بروسکە بەدواییەکدا، چاوەکانی کە تا ئەوکاتە خوماری خۆیان نیشان دەدا، لە پڕ شێوەیان گۆڕا بوونە دوو کەلای خڕ، ڕەنگی پێستەکەشی، کە دەمێک بوو مات و زەرد دەردەکەوت، بووە سوورێکی نائاسایی، لەوە دەچوو خوێن تێیدا جوڵابێتەوە.

ئینجا بە دەنگێکی بێ باک و لەخۆبایی، بە موریدی گوت بیگرە ئەو نەفرەتیە خۆشە، چما تەختی قارووون و جامی جەم ناهێنێ، ئاخەر ئەوەی سەری سەودا نەکردبێ لەگەڵ ئەو دووکەڵە چوزانێ چ دەنگوباسە لە ناو لەشی من، مەگەر هەر هەموومان بۆ چێژ تێناکۆشین؟ ئەدی بۆ لۆمەی ئەو دەرمانە دەکەین، کە بە چێژمان دەگەینێ.

موریید لەگەڵ ئەو قسانە لێی وەرگرت، ئەویش هەمان شتی کرد، بەڵام کە ماددەکە چووە ناو لەشی ملی لەگەڵ تەقاندو خۆی تۆزێک لێک ڕاکێشا.

ڕووباش بە ووردی سەیری دەکردن، دەیویست بزانێ ئەو گۆڕانەی بەسەریان دێ چیە؟ هەر لەمنداڵێک دەچوو سەیری چەند کەسێکی نامۆ بکات.

بەڵام بەڕوونی جوڵە جیاوازەکانیانی دەبینی، گەنجەکان چەند زیاتر ماددەکەیان دەکێشا سەرەتا ئەوەندە بێدەنگتر دەبوون، ئینجا نۆرەی ژێداری بچووک هات. بەڵام بەهۆی ئەوەی گەرمیەکەی نەمابوو شوشەکە، دووکەڵەکە کەمببۆوە، لەوکاتە هەتوان وەک ئەوەی بیەوێ چاکەی لەگەڵدا بکات، چەرخەکەی دووبارە لە سەری شوشەکەدا، دیسان ماددەکە بۆوە دووکەڵ.

ژێداریش کە بینی سەیرێکی ڕووبای کرد، دەتگوت شەرمی لێ دەکات، ڕووبا کە هەستی بەوەکرد، گوتی بیکێشە، پێویست بە ڕێز ناکات. ئینجا کە ژێدار گوێی لێ بوو ڕووبا وادەڵێ، دەمی بە شوشە لولەییەکە وەناو چەند مژێکی لێدا. ڕووبا هەستی دەکرد دوای ژێدار نۆرەی خۆیەتی، ئەو تامەزرۆبوو ئەم تەجروبەیەش بکات، هەستی دەکرد هیچ شتێک ڕێگر نیە تا تاقینەکاتەوە.

وەک ئەوەی دەمێک بێ ئەو ماددانە بەکاربێنێ لەگەڵ ئەوگەنجانە، لێی وەرگرتن و لە دەمی نزیک کردەوە، پاشان لوولەکەی خستە سەرلێوەکانی و دووکەڵەکە چووە ناو دەمی کە هەستی پێکرد هەڵیکێشا بە هەوای گەنجەکان. لەگەڵ هەڵکێشان چەند جارێک کۆخی، پاشان سەرتاپا شتەکان گۆڕا، دونیا بووە ڕەنگ و شێوەو شوێنێکیتر، شوێنێک تا ئەوکاتە بەم جۆرە نەیبینی بوو.

هەستی دەکرد ئەو سەرە گرانە چەند کیلۆییەی بەو لەشەوەیەو ئەو قۆڵ و باسک و ڕانانەی دەبوا لەگەڵ هەرجوڵەیەک ئەزیەت بکێشێ، سووک بووە، ئەو هەستی دەکرد ئەگەر لەسەر ئەو لەشە سوکە غاربدا لە هەموو بوونەوەرەکاتی دونیا خێراتر دەبێ. لەوکاتە و بەو لەشە سوکەوە حەزی چووە سەما، ئەو بڕوای وابوو ئەگەر ئێستا سەما بکا، لەسەر پەنجەی گەورەی پێی، چۆن بیەوێ دەتوانێ بسوڕێتەوە.

گەنجەکانیش سەیری ئەویان دەکرد دەیانویست بزانن کاردانەوەی چۆن دەبێ بۆ یەکەم جار. چونکە لەوحالەتە هەرکەسەو بە پێی خولیاو ئارەزووەکانی،

کاردانەوەی دەبوو. دڵبرین لە بن کەپرەکەیڕا خۆی پێ نەگرا، بڕیاری دا بەفیڵی ئەوەی بزانێ پیرێژنەکە لەکوێی گۆڕستانەکەیە، چاودێری ڕووبا بکات، لە کەپرەکەی دەرهات و هێدی هێدی لە شوێنی گەنجەکان نزیک بۆوە، کە گەیشتە لایان بەنی چاوەوە سەیری ڕووبای کرد، بینی وا دەرمان دەکێشێ، یەکجاری دڵنیابۆوە ئەو بۆ ئەوە چۆتە لای گەنجەکان تا دەرمانیان لەگەڵ بکێشێ، بەلایاندا تێپەڕی و بەبنی لێوەوە چەند قسەیەکی کرد کەس تێینەگەیی. ڕووباش تا دەهات ماددەکە زیاتر دەچووە ناو خوێنی و سەری گەرمتر دەبوو.

تا ئەوکاتە هەرگیز بەمشێوەیە هەستی نەکردبوو (بوون) ئەوەندە خۆشە، جا باناو گۆڕستانێکیش بێ، یان لە قونیچکە خانووێکی کەلاوەی پڕ زبڵ و زار، وەک ئەو شوێنانەی ئەو گەنجانە باسیان دەکردو سیکۆتینیان تێدا دەکێشا.

لە پڕ دەستی بە قسان کرد، بە گەنجەکانی گوت هاوڕێیانم، ئەی باڵندە ڕەشە داماوەکان، حەزم لێیە قسەتان بۆ بکەم، هەستەکەم تا ئەوکاتە ئەوەندە

حەزم لە قسەکردن نەبووە. دەمەوێ پێتان بڵێم چاکتان کرد ئەو ڕێیەتان هەڵبژارد، بە ڕێی ڕاستی گەورەکاندا نەڕۆیشتن.

مرۆڤ لەو شتەی دەیکات پەشیمان ببێتەوە باشترە، لەوەی نایکات. بۆ ئەوەی کە پیر بوو سووی لەوە نەبێتەوە نەیکردووە و تازەش ناکرێ، بەڵکو لەوە پەشیمان ببێتەوە کردوویەتی و دەرفەتی پەشیمان بوونەوەشی هەیە.

لەگەڵ ئەوەندە قسەیە لەشوێنەکەی خۆی هەڵستاوەو هەندێک پەلەدارو دڕکی کۆکردەوە، خستیە سەر یەک، چەرخەکەی لە گەنجەکان وەرگرت و ئاگرێکی تێبەردا، ئینجا بەدەوری ئاگرەکەوە دەستی بە سەماکرد، سەمایەک کەس نەیدەزانی چۆنەو هی چ سەردەمێکە، بەڵام دڵخۆشیەکی زۆری پێوەدیار بوو، سەما لەناو گۆڕستان سەیربوو بەلای گەنجەکانەوە، لەوکاتەش دڵبرین لە گەڕانەوەدا بوو، ڕووباش هەڵدەبەزی و دادەبەزیەوە، بە دەوری ئاگرەکەدا، دەتگوت یاری لەگەڵ ئاگرەکە دەکات. گەنجەکانیش شاگەشکە ببوون بەدیاریەوە، لەپڕ بە دەم سەماکەوە گوتی من باشتر

لە ئێوە ئەو مادە دەکێشم، چونکە بێ ترس و گوێدانە لۆمەکردنی خەڵک خستمە ناو خوێنمەوە، هەستدەکەم ماددەکەش لەناو دەمارەکانم ئەوهای پێ خۆشترە لەوەی دوودڵ بی لێی.

دەست بردن بۆ هەرشتێک بە دوودڵییەوە زیان بەمرۆڤ دەگەینێ لەجیاتی سوودو چێژ. بۆیە ئێوە ئێستا لەناو ئەونەشئە خۆشەش بەغەریبی دانیشتوون، وەک ئەوەی تاوانێکتان کردبێ. منیش لە سەمادام، هەستن دەی سەمام لەگەڵدا بکەن، ئەگەرنا پێبکەنن. گەنجەکان لەگەڵی دەستیان بە پێکەنین کرد، لەوکاتە دڵبرین گەیشتە نزیکیان، ڕووبا کە چاوی پێکەوت گوتی ئەی پیاوی کێلنوس چەند لێم تورەش بی، هەردەبێ ڕۆژێک بە دەستەکانی خۆت کێلێکم بۆ چابکەی، وانەزانی گێلانە ئەو ڕێگایەم هەڵبژاردووە، دەزانم بێ تانەو توانج و بێ ئازارو ئەشکەنجەو هەڵگرتنی خاچ نیە.

ئەو تۆڕەبوونەی دەوێ هاودەمی لەگەڵ کچێک و دانیشتن لەگەڵ چەند گەنجێکی ئاڵۆدە؟ وەرە لەلامان دانیشە، من ئەمڕۆ دڵم خۆشە. دڵبرین بەدەم

ڕۆیشتنەوە بێ ئەوەی سەیری بکات گوتی بەدبەخت. ڕووبا لەگەڵ سەما کردن پێکەنی گوتی کوڕە بەدبەخت من نیم، بەدبەخت ئەو کەسەیە ئەو دونیایە بەجێبێڵێ و چێژی نەبینیبێ. کێ دەزانێ ئەو کۆنە کەشتیەی ئێمەی لەسەر پشتە بەرەو کوێ دەڕوا؟

مەگەر هەموومان هاوەردی یەک نین؟ مەگەر چارۆگی کەشتیەکە بەرەو یەک ئاراستەمان نابا؟ با بیرکردنەوەکانیشمان جیاواز بن، تاکەی ئەو شێتیە تاکەی؟ دوای ئەوەی دڵبرین تەواو دوورکەوتەوەو گوێی بە قسەکانی ڕووبا نەدا، ڕووبا لەسەر بەردەکە دانیشتەوەو ڕووی کردەوە گەنجەکان، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو سەیری ناو ئاگرەکەی کرد، ئاگرەکە لەناو چاوە کاڵەکانی لەسەمای خۆی نەکەوت بوو، گوتی هەموو شتێک بە قەناعەتەوە خۆشە، مرۆڤ ئەو شتانەی لەلای خەڵک ناپەسەندن بە قەناعەتەوە بیان کات، لەو شتانەی پەسەندیشن سەرکەوتوو دەبێ، بەڵام مرۆڤ بترسێ و دەست بۆ ئەو شتانە نەبات خوازراو نین، ناوێرێ دەست بۆ ئەو شتانەش ببات خوازراون. ئێستا بەبڕوای من ئێوە چونکە بێ ئەوەی

یەک لایانگرتان هەبێ ویرایتتان دەست بۆ کێشانی ئەو ماددانە ببەن، دەویرن دەست بۆ هەرشتێکی تر ببەن بتانەوێ، ئەوەش متمانەیەکی نایابە، متمانەیەکە بە ئاسانی بەدەست نایێ. بۆیە پێشنیار دەکەم گروپێکی مۆسیقا پێک بێنین، پێتان چۆنە؟

گەنجەکان سەیری یەکیان کرد. دواتر ژێدار ڕووی کردە ڕووباو گوتی ئێ خۆ ئێمە پارەیەکمان نیە تا بتوانین ئەو ئامێرانە بکڕین کە دەمانەوێ. ڕووبا گوتی ئەوە بۆمن لێ بگەڕێن، ئێستا تەنیا ئەوەم پێ بڵێن ئارەزووتان بۆ مۆسیقا هەیە یان نا؟ هەتوان بەجواب هات گوتی زۆریش بەڵام دامانناا ئامێرەکانمان پەیدا کرد، ئەدی چۆن فێربین بێ مامۆستا؟ ڕووبا گوتی خۆم فێرتان دەکەم، بە ڕێیەکی ئاسان. بەڵام سەرەتا با بزانم حەزتان لە چ ئامێرێکە، دەبێ هەریەکەو شتێک دەستنیشان بکەن. موریید گوتی من حەزم لە دەفە، شتێکیشی لێ دەزانم. ژێداریش گوتی منیش کەمانم پێ خۆشە، هەتوانیش لە کۆتایی فلوتی هەڵبژارد.

ڕووبا بەمەبەست ئەوانی تووشی ئەو هەڵبژاردنە کرد، چونکە پێی وابوو بۆئەوەی لە ئاڵۆدەیی دووریان بخاتەوە، دەبێ لەجێی ئەوەی لێیان دەستێنێتەوە، شتێکیان پێ بدات. ئەو شتەش لە مۆسیقا باشتر نیە، چونکە ئەو بۆشاییەشیان بۆ پڕدەکاتەوە کە لە هەستیان دروست دەبێ، وە بە چێژیشە، دەیانباتە ئەو دونیایەش کە ئەوان لە خەیاڵی خۆیان دروستیان کردوەو نایانەوێ لێی دابڕێن.

(٢٢)

ئەو ئێـــوارەیە خوشـــکەکەی شـــەرمن خـــۆی پێنەگیـــرا لەوەی گـــوێی لـــێ ببـــوو کەســـێک هـــاتووە شـــەرمنی بـــردۆتە نـــاو گۆڕســـتان و دواتـــر هێنـــاویەتیەوە. ناچـــار بە نهێنـــی چـــووە لای دایکـــی و هەمـــوو بەســـەرهاتەکەی بـــۆ گێـــڕاوە، دایکیشـــی بەپەلەپەل خـــۆی گەیانـــدە ژوورەکەی شـــەرمن و لەلای دانیشـــت، گـــوتی کچـــم تـــۆ تەواوی؟ ئەوە چ قســـانێکن دەیـــان کەی؟ مەگەر تـــۆ شـــێت بـــووی؟ شـــەرمن بـــێ ئەوەی هـــیچ وەڵامێکـــی دایکـــی بـــداتەوە،

سەیری خوشکەکەی کرد، بەچاوی گلەیی کە گوایە من متمانەم پێت بوو، چۆن چووی بە دایکمت گوتووە؟

خوشکەکەشی بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆی بکات، گوتی دایکم خۆی بینیویەتی، من هیچم نەگوتووە.

شەرمنیش زۆرزانانە گوتی کچێ خۆ بڕوای کردووە، هەی گیلە، من تەنیا ویستم بتترسێنم، دزینی چی و حاڵی چی؟ دایکیشی لەبەرەخۆی گوتی استغفرالله، وەڵا ئێوە من شێت دەکەن، کەی شتی وا هەیە پێم بڵێن؟ خوشکەکەی شەرمنیش نەیزانی چی بڵێ گوتی چوزانم شەرمن وای گوت منیش ترسام. ئینجا دایکی کە دڵنیا بۆوە هیچ لە گۆڕێ نیە، هەڵستا هەردووکیانی بەجێهێشت، لەبەرە خۆشی گوتی ئای خوایە کچی ئەو زەمانە بۆ کوڕ چی دەکەن. کە دایکیان ڕۆیی، خوشکەکەی ڕاستەوخۆ بە شەرمنی گوت تۆ درۆت لەگەڵ دایکم کرد، پێم وایە ئەو کوڕە تۆی بردۆتە ناو گۆڕستان ئەوە ڕاستە. شەرمنیش گوتی ڕاست نیە، من هەر بۆخۆم وام گوت. خوشکەکەی گوتی هەڵستە با سەیری کراسەکەت بکەم، ئەگەر ڕاست بێ دامێنی

کراسەکەت بە تۆزو خۆڵ بووە. شەرمن هەڵنەستا، خوشکەکەی قۆڵی گرت و لەجێگاکەی هەڵیستاندەوە، کە سەیری دامێنی کراسەکەی کرد، بینی لەچەند شوێنێک قونجرکەی پێوە نوساوە. گوتی ئەدی ئەوە چیە؟ ئەو جۆرە درکە تەنیا لە ناو گۆڕستان هەیە، ئەدی بۆ دەڵێی ڕاست نیە؟ شەرمن گوتی لەبەرئەوەی من متمانەم بەتۆ کرد، کەچی چووی بە دایکمت گوت. منیش ئیتر حاشای لێ دەکەم وام گوتبێ. دڵنیابە کەسیش بە تۆ باوەڕ ناکات، شتێکی وا ڕوویدابێ.

(٢٣)

ئـاینور دەمێـک بـوو لەسـەر جێگـاکەی پـاڵی دابـۆوە، بیـری لە شـەهریار دەکـردەوە، ئـاخۆ ئێسـتا دوای جـادووە خـوێنەکە و دانـانی مریشـکەکە لەلای ماڵیـان هـیچ هەسـتێکی بـۆ دروسـت بـووە یـان نـا؟ ئەو دەمێـک بـوو دەبـوایە ئەو نوشـتەیەی خەلـیفە دابـوویەی لە ئـاوی بگـرێ و بچـێ بیـداتە مـاڵی شـەهریار، وەک خەلـیفە ڕێـی بـۆ دانـابوو، بەفێڵـی ئـاوی زم زم. بەڵام لەبەر نەخۆشـکەوتنەکەی لەبیـری نەمـابوو، بـۆیە بڕیـاری دا

سبەی ئێوارە، ئەو کارە بکات، کە خەلیفە حەمدون داوای لێ کردبوو.

دایکیشی لە ژوورەکەی خۆی خەریکی شەونوێژو نزا بوو، بۆ کچەکەی. سەرپۆشێکی سپی لەسەری پێچابۆوەو هەردوو دەستی بڵند کردبووە ئاسمان، تەسبیحێکی ووردی دنک ڕەشیشی لە پێشەخۆی لەسەر دووگردەکە دانابوو.

داودی دارتاشیش لە ماندوویەتیان دەمێک بوو خەو بردبوویەوە. ئاینور هەستی کرد خەو ناچێتە چاوی، لەجێگاکەی هاتەدەرەوەو چووە ناو ئەو ژوورەی کتێبخانەکەی داودی دارتاشی لەخۆ گرتبوو. لەوێ بە دەستێک پەرچەمە درێژو خاوەکەی لەسەر دەموچاوی لابردو لە کتێبەکان نزیک کەوتەوە، بە ووردی سەیری کردن. لە ناو کتێبەکان چاوی کەوتە سەر دیوانی مەحوی. لە ڕەفەکە دەریهێناو حەزی کرد گلۆپی ژوورەوە بکوژێنێتەوەو چرایەک داگیرسێنێ، کە داودی باوکی زۆرجار ئەوەی دەکرد، بەتایبەتی لەکاتی خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیک، تا واهەست بکات لەو سەردەمە دەژی کە

شـــاعیرەکە شـــیعرەکەی تێـــدا نوســـیووە. ئـــاینوریش کورســـیەکەی لە مێـــزەکە نزیـــک کـــردەوە، ئەو مێـــزەی داود بە دەستی خۆی دروستی کردبوو.

ئەو پیـــاوە هەرچـــی کەل و پەلـــی نـــاو ئەو ژوورە هەیە بە دەســـتی خـــۆی دروســـتی کردبـــوون، وەک مێـــزو کورســـــی و کتێبخـــــانەکەو چەنـــــد تـــــاقوچکەیەک لە قـــونیچکی دیوارەکـــان. ئـــاینور لەســـەر مێـــزەکە چـــراکەی داگیرســـــــاندو گڵـــــــۆپی ژوورەکەی کوژانـــــــدەوە، ڕاســـتەوخۆ ڕەنگـــی هەمـــوو شـــتێک گـــۆڕا، لە ســـپیەکی ڕۆنـــاک، بـــۆ زەردێکـــی تاریـــک ئـــامێز. ئینجـــا لەســـەر کورســـیەک دانیشـــت، کتێـــبەکەی کـــردەوەو یەک یەک پەڕەکـــانی هەڵـــداوە، بەدەم هەڵـــدانەوەی پەڕەکـــان ناونیشـــانی شـــیعرەکان و چەنـــد دێڕێکـــی ســـەرەتایی دەخوێنـــدەوە، دەتگـــوت لە شـــیعرێک دەگەڕێ بـــۆ ئەو نوســـرابێ، لەناکـــاو چـــاوی کەوتە ســـەر شـــیعری (ڕێگەیەکـــی دوور)، پیتـــی(مـــیم)، بە پەلە پەرچەمە درێـــژەکەی خســـتەوە پشـــت گـــوێی وبە دەنگێکـــی ناســـک دەستی بە خوێندنەوەی شیعرەکە کرد:

بیبیێ، یان نەیبیێ، من داد و بێدادێ دەکەم
گوێ بداتێ، یان نەداتێ ئاە و فەریادێ دەکەم

حەققی ئیخلاسە بەجێهێنانی ئادابی خلووس
پێ بزانێ، یان نەزانێ، من بەدڵ یادێ دەکەم

بێستوونی عەشقی شیرینێک ئەوا هاتۆتە پێش
گەر لەحەق بێم و نەیەم، تەقلیدی فەرهادێ دەکەم

ئاوی تێغی وەفقی هەر تووشنە لەبێکە، من نەبێ
کارگەر بێ، یان نەبێ، لەم مەزڵەمە دادێ دەکەم

دەرسی عەشقم هەر لە کن پەروانە یان بولبول بووە
بیگەمێ، یان نەیگەمێ، هەر مەشقی ئوستادێ دەکەم

کوشتنی ئیسفەندیاری نەفسە بەستەی ڕایی پیر
گەر مەدەد کا ،یان نەکا، لەو شاهە ئیمدادێ دەکەم

بەم نزیکانە لەبەرمە{ مەحویا} ڕێگێکی دوور
بێتە دەستم ،یان نەیێ، هەر کۆششی زادێ دەکەم.

لەوکـــاتە داودی دارتـــاش لەنـــاو جێگـــاکەی بەئاگاهـــات، گـــوێی لە شـــیعرەکەی مەحـــوی بـــوو، بەم شـــەوە درەنـــگە دەتگـــوت فریشـــتەیەکی دەنـــگ خـــۆش لە بەهەشـــت، لەنـــاو باغەکـــانی عەدەم، لەژێـــر ســـاپیتەی ئاســـمانی پـــڕ لە ئەستێرەو لەبەر ڕۆناکی مانگ دەیخوێنێتەوە.
دایکـــی ئـــاینوریش لەســـەر دووگـــردەکەی دەســـتی لە نـــزا هەڵگـــرت، ئەو دەنـــگە ســـەرنجی ئەویشـــی ڕاکێشـــا. بـــۆیە لەجێگـــاکەی هەڵســـتاوەو لچکێـــک دووگـــردەکەی نوشـــتاندەوە تـــا بچێـــتە لای، بەڵام لەبەر دەرگـــا داودی دارتاش توند قۆڵی گرت گوتی چی دەکەی؟
ئەو کەوتـــۆتە ئەو پەڕی مەســـت بـــوون، مەســـت بوونێـــک بـــێ غەلـــوغەش، بە شیعروســـەدای ناســـکی نازەنینێـــک و ڕۆنـــاکی چـــراو درەنگـــی شـــەو، نـــابێ بچـــیە ژوورەوە، لێـــی گەڕێ. دەکـــرێ تـــۆش لەســـەر جێگـــاکەت، یـــان لەســـەر دووگـــردەکەت، یـــاخود لەهەر شـــوێنێکیتر بچـــی گـــوێی لـــێ بگـــری و خەیـــاڵی مەحبوبێـــک بـــکەی، جـــا ئەو مەحبـــوبە

مەرج نیە مرۆڤێک بێ، با خوابێ، بەڵام نابێ پێت بخەیە ئەو ژوورە، نەوەک سیحری ئەو مەستیە بەهەشتیە بڕەوێتەوە. داودی دارتاش دایکی ئاینوری لەوێ لە ئامێز گرت، ئینجا پێکەوە لە شوێنەکەی خۆیان دانیشتن و پشتیان بەو دیوارەدا کەوتبووە بەر دەرگاکە. دایکی ئاینور سەری بە لاشانێکی داود کردو بێ دەنگ بوون. ئەوان بەهۆی پیریەوە دەمێک بوو لەبیریان چووبوو یەکتر لەباوەش بکەن، کەچی دەنگ و سەدای ئاینورو شیعرەکەی مەحوی، وای کرد بکەونەوە خەیاڵی ئەو ڕۆژانەی ئەوانیش گەنج بوون و جوانی هێشتا مااڵئاوایی لە ڕووخساریان نەکردبوو. هەردووکیان بەدەم دەنگە ناسکەکەی کچەکەیان فرمێسک لەو تاریکیە بەسەر ڕوومەتیاندا هاتە خوارێ. داود سەری لە بن گوێی دایکی ئاینورنا، گوتی ژنەکە تا ئەو ساتە وام دەزانی ئاینور هەر منداڵەکەی جارانە، بەڵام ئیتر تەواو ئەو گەورەبووە. دەبێ ئەوەی ئەو بەو شەوە دڵی بۆی لێدەدا کێ بێ؟ ئایا دەبێ من لەلای ئاینور خۆشەویستتربم، یان ئەو؟ دایکی ئاینور گوتی چیە پیاوەکە غیرەی لێ دەکەی؟

داود لە قـورپەی گریانیـدا، گـوتی بەڵـێ، زۆریـش. ئـاخەر ئەو خۆشەویسـتیە دەرەز لەنێوانمـان دروسـت دەکـات، دەزانـم. هەمـوو باوکەکـان غیـرە لە کچەکانیـان دەکەن لەوەختـی وا، بەڵام نایـدرکێنن. لەگەڵ گریـانەکە سـەری خسـتە سـەر شـانی دایکـی ئـاینور. دایکـی ئـاینور دەسـتێکی بەسـەرە سـپیەکەی داهێنـاو گـوتی پیـاوەکە تۆ چوزانی کەسێک هەیە لەناو دڵی کچەکەمان؟

داودی دارتـاش گـوتی چـۆن نـازانم، ئەدی ئەوە نـیە ئەو مـاوەیە نەک هەرخـۆی ناخـاتە باوەشـم و مـاچم ناکـات، بەڵکـو نـایەتە لام داشنیشـێ، ئەگەر ئەوە نیشـانەی سـەرقاڵبوونی نەبـێ بەکەسـێکی تـر پـێم بڵـێ چـیە؟ داودی دارتـاش قوبـوڵی مەعشـوقێکی وەک شـەهریاری نەبـوو لە زیـاد خۆشویسـتنی ئـاینور، کە بە هەمـوو یاسـا و ڕێسـایەک وەک مرۆڤێـک ئەو حەقەی هەبـوو. دەبـێ بە فـرت و فێڵەکـانی خەلـیفە حەمـدون و ئەو کـردەوانەی لەگەڵ کـچە تاقـانەکەی کردبـووی، بیزانیبـا، چـۆن وەک ماری کورک بیکیفکاندباو گیانی بکێشابا.

بەشی نۆیەم

(٢٤)

دوای ئەوەی سەربازە کوردەکە، سەری زمان لێدەرەکەی لەسەر مزگەوتەکە دانا، دوو ڕۆژ پاشان، ئەفسەری سەربازگەکە، بەهۆی چالاکیەکەی نەدیم و کوشتنی ئەو زمان لێدەرە، بڕیاریدا لقێک لەسەربازگەکە ببات بەرامبەر ئەو لوتکەیەی پێشمەرگە لێی دادەبەزین. هەڵستا سەربازەکانی کردە دووبەش، بەشێکی کە ژمارەیان هەشتا کەس دەبوو، گواستەوە بۆ دەرەوەی شارۆچکەکە، لە بەشی

ڕۆژئاوا نزیک ئەو گوندەی موختارەکەی تێدا دەژیا، لەزنجیرەی چیاکە لەسەر گردێک سەربازگەیەکی نوێیان دانا، هەرلەوێ خیوەتیان هەڵداو فەردەی پڕخۆڵیان کردە شوێنی چاودێری لە هەر چوارلا. نەدیم و پێشمەرگەکان کە لەسەر شاخەکەوە بەدووربین بینیان سەربازگەیەکی نوێ هاتۆتە ئەو ناوچەیە، شوێنەکەش بۆ ئەوان تابڵێی ستراتیژی بوو.

ئەو سەربازگەیە لەوێ با، نەیاندەتوانی هیچ چالاکیەک بکەن، تەنانەت مەترسیشیان کەوتە سەر لەبەر دابەزینیان بۆ ناو ئاوەدانی و پەیدا کردنی خۆراک. ئەو شەوە ڕەنجدەری لاوچاک بە پۆلە پێشمەرگەکەی گوت پێویستە لێیان بدەین، بەڵکو لێرە هەریانقەنێنین.

دالّی سەردار بتڵێک مەی لەپێش بوو، لەگەڵ ئەو قسەیە دەستی کردێ و قومێکی گەورەی لێ خواردەوە، گوتی ئەوەم بە دڵە، کەی؟

ڕەنجدەری لاوچاک گوتی هەر ئەمشەو، با لێرە ڕانێن وابزانن ئاگامان لە هیچ نیە، ئەگەر ئێستا گەرماو گەرم ئەو کارە نەکەین، خۆیان تونند دەکەن، ڕەنگە دواتر نەتوانین لێرە لایان بدەین. هەورازە ڕەشیش

کۆک بوو لەسەر ئەو بڕیارە، تەنیا جوتیارە شێت هیچ قسەیەکی نەکرد، چونکە ئەو سروشتی وابوو، کەم دەدوا، دەسال کەسێک لەگەڵی بێ، نەیدواندبا، ووشەیەکی لەدەم دەرنەدەهات، بۆیە هاوڕێکانی پێیان وابوو شێتە. ئەویش هیچی دەربارەی ئەو پاشگری شێتەش نەدەگوت.

هەر بۆیە بە گاڵتە داڵی سەردار بە سەری گەرمەوە گوتی تۆ چی دەڵێی کاکی جوتیار؟ جوتیارە شێت، دەستی کردە تفەنگەکەی و مەغزەنەکەی هێناخوارێ، مەغزەنێکی هەریقی خستەسەرێ و تفەنگەکەی لەناو کۆشی خۆی دانا، وەک ئەوەی بەو جۆڵەیە وەڵامی دابنەوە من ئامادەم. لەو وەختە داڵی سەرداریش، زەمزەمیەکەی پڕ مەی کرد. ئینجا هەر پێنج پێشمەرگە، هەڵستانەوەو خۆیان تونەد بەستا، ئەگەرچی بە نەدیمیان گوت تۆ هێشتا ماندووی نابێ بێت، بەڵام ڕازی نەبوو.

هێدی هێدی لە ئەشکەوتەکە هاتنە دەرەوەو خۆیان گەیاندە نزیک سەربازگە نوێیەکە، لە دوورەوە خستیانە ژێر چاودێری. داڵی سەردار ئارپیجیەک و

چـــوار گـــوللەی پـــێ بـــوو، گوللەکـــانی خســـتبووە نـــاو تـــــورەگەکەی پشـــــتی، کلاشینکۆفێکیشـــــی بەشـــــانی وەکردبوو.

ڕەنجـــدەری لاوچـــاکیش بیکەیســـیەکی لەســـەر شـــانی دانـــابوو، هەمـــوو لەشیشـــی بەو زنجیـــرەی پڕبـــوو لە فیشـــــەک، داپۆشـــــرابوو. ئەوانیتـــــریش هەریەکەو کلاشـــینکۆفێک و چەنـــد مەغـــزەن فیشـــەکێک و دوو ڕومانەیـــان هەڵگرتبـــوو. بڕیاریانـــدا، کە شـــەودرەنگ داهات، ڕاستەوخۆ سەربازگەکە وێران بکەن.

لەو وەختـــەی ئەوان لە چـــاوەڕوانی دابـــوون، کزەبـــایەکی ســـارد هەڵـــی کـــرد، هێـــدی هێـــدی بـــارانی لەگەڵ خـــۆی هێنا، ئەو بارانەش یەکەم بارانی ئەو ساڵەبوو.

بـــۆنی تـــۆزو خـــۆڵ و دڕک و دار، بە هەمـــوو لایەک دا بـــڵاو بـــۆوە. بـــارانەکە زیـــادی کـــرد، تـــا بـــووە ڕەێـــڵ، ڕەێڵێک تۆز لە زەوی بەرزدەبۆوە.

ســـەربازەکانی نـــاو ســـەربازگەکە، هـــاتنە دەرەوە، لەبەر دەرکـــی خیـــوەتەکە ســـەیری چیاکـــانی دەوروبەریـــان دەکـــرد، لە هەنـــدێک شـــوێن بروســـک ئاســـمانی ڕۆنـــاک دەکـــردەوە. نەدیـــم و پێشـــمەرگەکانیش خۆیـــان دابـــووە

پەنا شاخێک، تەنیا داڵی سەردار نەبێ، کە بە نیمچە سەرخۆشییەوە ئەو بارانەی پێخۆش بوو. کە گەوارەکە تێپەڕی، بارانەکە لێی کردەوە، دونیا کشومات بوو، ڕاستەوخۆ ئەستێرەکان لە هەندێک شوێن بەدیارکەوتن لە پشت پەلە هەورەکان.

نە پێشمەرگەکان دیاربوون لە ناو ئەوتاریکیە کپە، نە لە سەربازگەکەش وەک ئێوارە دەنگە دەنگدەهات. بەردێک بە عەردی بکەوتبا لەو وەختە دەبیسترا. لەناکاو لرمەیەکی گەورە دەنگی هات، سەربازگەکە ئاگری لێ بڵندبوو، بەدوای لرمەکە ئاگری هەریق لە چەند ئاراستەیەکەوە لە دەرەوەڕا بۆناو سەربازگەکە دەچوو، تومەس نەدیم و پێشمەرگەکان بوون لەسەربازگەکەیان دا، لەبەر ڕۆناکی ئەو ئاگرانەی کەم کەم دەبیندران، سەربازەکان شڵەژابوون و هەر یەکەو بۆلایەک ڕایدەکرد، ئەوانیش لە سەربازگەکەڕا تەقەیان دەکردەوە، بەڵام ئەو تەقەکردنەوانە هەر فیشەک بە تاریکی وەنان بوو، چونکە سەربازەکان لەگەڵ ئەو هێرشە خێراو لەناکاوە، شپرزە ببوون.

لەوکـــاتە قەرەبـــالّغیەکە کەوتبـــووە کـــوێ لە دەرەوەڕا ئـــارپیجیەکیتریش بەوێ وەنـــدرا. دیـــاربوو لە نزیـــک خیـــوەتەکە بە عەردی کەوت، ڕاســـتەوخۆ ئـــاگرێکی گەورە کەوتەوە، لەبەر ڕۆنـــاکی ئـــاگرەکە ئەوجـــارە، بـووە نـوێژی نیـوەڕۆ، بە نیشـان نەدیـم و پێشـمەرگەکان دەیـانتوانی سـەرباز بپـێکن. بەڵام بەوەنـدەش نەوەسـتان، ڕاســـتەوخۆ هێرشـــیان کـــرد، ســـەربازەکان ئەوەی کـوژراو بریـنـداربوو بەجێمـا. ئەوانیتـریش بە تێکشـکاوی بەرەو شـارۆچکەکە ڕایـان کـرد. تەنیـا لە کۆتـا نـوقتەی ســـەربازگەکە نەبـــێ چەنـــد ســـەربازێک دەیانویســـت بەرگـــری بـــکەن، دیـــاریش نەبـــوو ژمارەیـــان چەنـــدە، پێشـــــمەرگەکان لە دووڕەوە لێـــــک کۆبـــــوونەوە، ڕەنجـدەری لاوچـاک پێـی گـوتن پێویسـتە سـێ کەس لە ئـــێمە لێـــرەڕا تەقە بـــکەن لەو نـــوقتەیە، دووکەســـیش خۆیـان بگەینـنە بـن نـوقتەکە، لەوێ ڕومـانە بـخەنە نـاو نـــوقتەکە، بەمشـــێوەیە ســـەربازگەکە بە تەواوەتـــی دەگیـرێ. ڕەنجـدەرو هەوراز و جوتیـار خۆیـان ئامـادە کـرد تەقە لە نـوقتەکە بـکەن، نەدیـم و داڵـی سـەرداریش، بە کووڕەکـــووڕ بەرەو نـــوقتەکە چـــوون. کە گەیشـــتنە

نزیک تورەگە پڕ لە خۆڵەکان، لەگەڵ سەربازەکان یەک دوو مەتریان بەین بوو، لە ناکاو هەردووکیان دوو ڕومانەیان پێکەوە فڕێدا ناو نوقتەکە، چەند چرکەیەکی نەخایاند، دوو دەنگ پێکەوە لەناو نوقتەکە بەرزبۆوە، ڕۆناکیەکەی لە دەلاقەکانەوە هاتە دەرەوە، لەگەڵ دەنگی ئەو دوو ڕومانەیە سەربازگەکە کشومات بوو. تەنیا قرچوهۆڕی ئەو کەل و پەلانە دەهات کە دەسووتان.

نەدیم و پێشمەرگەکان بەپەلە چەند کلاشینکۆفێک و هەندێک سندوق فیشەکیان هەڵگرت و ئەوێیان بە جێهێشت، هێدی هێدی ئاگری ناو سەربازگەکەش گەورە دەبوو، تا گەیشتە ئەو بەشە فیشەک و تەقەمەنیانەی بە جێ مابوون، نەدیم و پێشمەرگەکان هێشتا نەگەیشتبوونەوە شوێنی خۆیان، لەناو سەربازگەکە پێکەوە زنجیرەیەک تەقینەوە بە دوای یەکدا دەنگی هات. دیاربوو لێکڕا تەقینەوە.

ئەفسەرەکە لەناو سەربازگەکەی دەوری شارۆچکەکە گوێی لە گرم و هۆڕی ئەو شەڕەبوو، زانی پێشمەرگە لە سەربازگە تازەکەیان داوە، بۆیە چاوەڕێ بوو

نوێترین هەواڵی پێ بگات، کەچی پێش ئەوەی بەیانی دابێ بینی لە دوورەوە کۆمەڵێک سەرباز، بریندارییان تێدایە، بەرەو سەربازگەکەی دێن، ئەویش بەرەو پیلیان چوو، پێش هەموو شتێک لێی پرسین، سەربازگەکەتان بەردا؟

یەکێک لەسەربازەکان لەترسان گوتی نا، لەکاتی شەڕ ئاگری گرت ئێمەش بەجێمانهێشت. ئەویش بە تورەییەوە لێی نزیک بۆوە گوتی یەعنی چی ئاگری گرت؟ بڵێ شکستمان خواردووەو لەترسان هەڵاتووین. هەر ئەوکاتە لە ڕقان تۆپخانەی ناو سەربازگەکەی ئاگادار کردەوە، لەگەڵ ڕۆژهەڵاتن ئەو لوتکەیە تۆپباران بکەن. نەدیم و پێشمەرگەکان کە گەیشتنەوە ئەشکەوتەکە، لە ماندوویەتیان خەویان لێکەوت، هێشتا تێرخەو نەببوون، لەگەڵ دەنگی تۆپخانەکان بەئاگا هاتن، تۆپەکان بە هەر شوێنێکی ئەو شاخە دەکەوتن، شوێنەواریان بەجێدەهێشت. ڕاستەوخۆ ڕەنجدەری لاوچاک گوتی دوای ئەو تۆپ باران کردنە ڕەنگە هێرشی پیادەیی بکەن.

پێویستە چەکەکانتان پڕ فیشەک بکەنەوە، ئێمە جێگەمان قایمە، هەموو سەربازەکانی بەعس بەو چیایەدا هەڵگەڕێن، بە سەد ساڵیش ئەگەر وەک پیاو بجەنگین، ناتوانن لوتکەیەک بگرن. لەوکاتە لە ڕادیۆش شاعیری شاخ بەردەوام هاواری دەکرد و لەگەڵ سروودی(ئاسودەبن، زەبری زیندان) دەیگوت(لەوکاتەوە ئەم ڕیشەیە ئاریایانە بە بەستەڵەکەکانی تۆرۆس و زاگرۆسدا بە شەختەوە سەوز بوون و لە دەشتە بەستێنەکانی تا کەنداودا، تا سەرپشتی ماسی ڕۆچوون، تا گەیشتە سەردەمی پیشەسازی و دەریای ڕەشی ژێر زەوی بوو بە ئاوی ژیان و ئینگلیز عێراقێکی لێ دروست کرد، لەوساوە ڕۆژگار دەیان ڕاپەڕینی کوردی پێوە جوانە مەرگ کرد و کەرکوکیش هەمیشە ئاوزەنگی و جڵەوی ئەو ئەسپی ململانێیە بوو.

ئێستاش هەر ئێمە نین لەخواروی نیشتیماندا، هاونیشتیمان و هاونەتەوەمان، لەپشکۆ و بناری هەمەدان و خۆراسان و ئیلام و کرماشان و سنە و مهابات و ماکۆو وان و دیاربەکر و قامشلۆ و

موسڵەوە بێتەوە سلێمانی و کەرکوک و حەمرین، کە کسپەی یاد دەزوولەکانی فرمێسک دەبزوێنن، قوواڵپ قووڵپ شەپۆلی دڵ، دەگاتە کەناری سینە و لە گەروودا دەیگرمەوە. جارجار قووڵپەی دەگاتە گۆمەکەی چاو و دەشڵەقی، لە بەراوی بەردیدەدا هەر داری غەمە و زەرد دەڕوێ. لەسەر تەنافی ژێی دەنگیش، ووشە ووشە ڕیزە باز و ڕیزە هەڵۆ هەڵدەفڕێ. گەروومگەروی پڕێمزی ئەو نەوتانەیەو دەگڕێ. سەرانسەری ئەو دونیایە تا هەندەران، شاران، شاران، مااڵن، مااڵن پێشمەرگەی هەرچوار مەڵبەندەکەم، لەخەوی دوای پشوو هەستان.

ژێران ژێری خاکی وڵات گۆڕستان گۆڕستان، چوومەوە بۆ لای شەهیدان. تیپەکان ئامادەن. چۆن بە دەستمااڵی دەست و گردی کوڵەنجە ڕێ ڕێدا دەڕۆین. کە بەهاران سووڕە گوڵەکانی یادی خوێنی ئازیزانن، زیخەاڵن و زوورگ. وەکو سەری کاڵاوکووڕەن هەڵدراون، گردەاڵن خێمە چۆڵەکانی ئۆردووگاکانی پێش مێژووی کوردن.

بێتەلەکەی گەرمیان دەڵێ هەڵۆ هەڵۆ دوو سەرکەوە، بێتەلەکەی کوێستان دەڵێ کاکە دووی چی زۆر کەمە، کوردستانی گەورە دەڵێ کەرکوک هەرگیز پارچەی خواروو نیە، هەر هی گەرمیان نیە. بێتەلەکەی کوێستان دەڵێ ووس ووس گوێ بگرن لە ئەشکەوتێکی زۆر قوواڵی مێژووە، لای هەمەدان یان خۆراسان دەنگێ دێ و باسی کوردستان و کەرکوک دەکا. دەنگەکە وەک نااڵە یان لە هەورە گرمە دەچێ دەڵێ ئەو ئەردەشێر و خەسرەوی پەرویزە، کە لەبنەچەدا باپیرانی شێرو وێزە، پێ بزانن ئابڕووچوونە تازە باسی کەرکوک و کوردستان دەکەین، پەرویز گوتوویەتی کە بۆ سەرخەو لەسەر پشت ڕادەکشام، پەنجەی پێم لە یەمەن دابوو، دەستی ڕاستم دەگەیشتە شام، سەرم دەکردە سەر ڕانی کێوێک لە ئەرمەنستان، بەغداش لە ئاستی کەمەرمە چۆن تازە بەتازە دەڵێن ئەو کەرکوکە دەکەینەوە بە کوردستان، بە ئاڤێستا ئەگەر نەگەنەوە حەمرین، زەردەشت شەرەفمان ناهێڵێ و دەبێ بمرین)

نەدیم و هاوڕێکانی تا دونیا تەواو ڕۆناک داهات، لە ئەشکەوتەکە نەهاتنەدەرەوە. کە تۆپبارانەکە وەستا، لەئەشکەوتەکە سەریان دەرهێناو بە دووربین لە پەنا تاوێرە بەردەکان سەیری بنارەکەیان کرد، هیچ هێرشێک لە بنارەکان بەدی نەدەکرا. تومەس لە سەرکردایەتی بەعسییەکانەوە کە زانیبوویان لەوێ پێشمەرگە زۆرترین چالاکی هەیە، تاک تیکەکانی ئەو ئەفسەرەیان بە خاڵی لاواز بینیبوو، بۆیە هەر ئەو ڕۆژە بەزووترین کات نێردراوێکی باڵاو کۆمەڵێک سەربازیان نارد هەر لەوێ پلەکانیان لەسەر شانی ئەفسەرەکە لێ کردەوەو لە پیاوێکی باڵا، کردیانەوە سەربازێکی ئاسایی.

لەبۆ ئەو ناوچەیەش، کە جیا لە کەرتەکەی نەدیم و پێشمەرگەکانی هاوڕێی، کەرتەکانیتری پێشمەرگەش، کە لە لوتکەو ئەشکەوت و دۆڵەکان بوون و هەرکەس لە ڕاستە خۆیڕا بەعسیان لە زەواق نابوو. سەرکردایەتی بارقی بۆ ئەو ناوچەیە ڕەوان کرد، کە پیاوێکی ئازاو سەربازی پلەدار بوو، گەورەترین سەربازگەی دانا، لە کێوی ڕەش، ئەوەش بۆ

شۆڕشگێڕە پێشمەرگەکان تابڵێی خراپ بوو، چونکە کێوی ڕەش کەوتبووە سەنتەری ناوچەکە، شۆڕشگێڕەکانی ناوچەکانی تری پێک دەگەیاند.

بارق جیا لە دانانی ئەو سەربازگە ئیملاقە کە پێنج هەزار سەربازی هێزی تایبەتی لە خۆی گرت بوو.

سەربازگەکەشی پڕ کرد لە دەبابە و ئیڤەو جێب و تۆپی لولە درێژ. بەخۆی و سێ سەد سەربازیش بە سواری ئیڤە و ڕاکێشانی هەندێک لەو تۆپانە، بەڕێ کەوتن بۆ ئەو ناوچەیەی نەدیم و هاوڕێکانی لێ بوون. لە بەینی شارۆچکەکەو گوندەکە ڕاوەستان، نزیک سەربازگە تێکشکاوەکە. شەوەکەی هەر لەوگۆڕە هەر سەربازو لە لایەک، کیسە خەوەکەی خۆی ڕایەخست و خەوت. بەیانیەکەی، بارق فەرمانی کرد سەربازگەیەک لەو شوێنە دروست بکەن. سەربازەکان دوو دوو و سێ سێ دەستیان کرد بە سیم کوتان و خەندەق لێدان و خۆڵ کردنەناو تورەگە.

بارقیش لەگەڵ جاشێک، کە جلی کوردی لەبەر بوو، کە لەناو ئەو لەشکرەش چەند بەکرێ گیراوێکی کورد هەبوون، تا بە ووردی چاو بە هەموولایەکدا بگێڕێ،

دوورکەوتەوە، لە ڕێگا تووشی مێردمندااڵێکی شوان بوون، خەریکی مەڕومااڵات لەوەڕاندن بوو، بارق لەڕێی جاشەکەوە لەبەر ئەوەی زمانی کوردی نەدەزانی لێی پرسی تێکدەرەکان لە کوێ هەن؟ منداڵەکەش پێی گوت لەو چیایانە. بارق گوتی ئەدی شەوان دادەبەزن؟ منداڵەکە گوتی بەڵێ، هەر ئەمڕۆ تا ئێوارە دەتوانن لەو سەربازگەیە بە ئارامی بمێننەوە، لەگەڵ شەو لێتان دەدەن. بارقیش گوتی ژمارەیان زۆرە کە دێن؟ منداڵەکە گوتی نازانم، بەاڵم دەڵێن بە چوار پێشمەرگە دەتوانن سەربازگەیەک بگرن، ناهێڵن ماوەکەی کاتژمێرێکیشی پێ بچێ. سەیرکەن شەوی ڕابردوو لەسەر ئەو چیایە، دەستی بۆ الی ڕاستی خۆی درێژ کرد، هێزێکیتری سەربازیش لە سەربازگەکەی دەوری شارۆچکەکەوە هاتن، لەوێ سەربازگەیەکیان دامەزراند، بەاڵم لە ڕۆژێک زیاتر نەیانتوانی بمێننەوە. شەو پێشمەرگە لە سەربازگەکەیاندا، ئاسمان یەک پارچە بووە ئاگر، بە چاوی خۆم لە دەالقەی خانووەکەمانڕا بینیم. چۆن ئەو چیایە لەناو تاریکی وەک بروسک چەخماخەی

دەدا. بارقیش خەندەیەکی کرد، گوتی ئەدی دواتر؟ منداڵەکەش گوتی سەربازەکان ئەوانەی کوژران کوژران، ئەوانی تریش ڕایانکرد.

بارقیش گوتی باشە تۆ کامیانت خۆشدەوێ؟ منداڵەکە لەوکاتە ترسا بڵێ پێشمەرگە، پێشی ناخۆش بوو بڵێ سەربازەکان، ناچار گوتی مەڕەکانم. بارق لە قاقای پێکەنینیدا، گوتی بۆ؟ منداڵەکە گوتی لەبەر ئەوەی شیرمان پێدەدەن. بارق زیاتر پێکەنی، بەدەم پێکەنینەوە گوتی بڕۆ، بڕۆ ئاگات لە مەڕەکان بێ با گورگ نەیانخوا، بەڵام هەواڵی ئەو هێرشە بۆ هیچ سەربازێکی تر مەگێڕەوە. بارق کەوای گوت دەیزانی سەربازەکان گوێیان لەو هەواڵە بێ، بەر لەشەڕەکە دەترسن. ئینجا لەوێڕا بە پیاسە چووە سەر ئەو لوتکەیەی سەربازگە تێکشکاوەکەی لێ بەجێمابوو. کە نزیک کەوتەوە، بینی پاشماوەی شەڕێکی گەورە بە هەموو ئەو تورەگانەوە دیارە کە گوللەیان پێکەوتووە، ئەوە جیا لەو خیوەتە سەربازیانەی هەر بە هەڵدراوی بەجێمابوون. هیچ خیوەتێک نەبوو، زیاتر لە بیست گوللەی پێ نەکەوتبێ، بارق دەرکەی یەکێک

لە خیوەتەکانی هەڵداوە بینی ئەو بۆڕیەش هەموو گوللەیە کە لەناوەوە دراوەتە بەر خیوەتەکە. ئینجا سەیری سەرزەویەکەی کرد، بینی هەموو خودەو پۆستاڵی پڕ لە خوێنی لێ کەوتووە.

هیچ سەربازگەکە لەوە نەدەچوو مرۆڤ هێرشی کردبێتە سەر. ئینجا لەوێوە گەڕاوە ناو سەربازەکان، بینی سەربازگەیەکی گەورەی تێلبەند کراویان دروست کردووە، کابینەکانیشیان لەناوی داناوە. لە چەند شوێنێکیش خیوەتیان هەڵداوە، دەوروبەری خیوەتەکانیش خۆڵیان دابووە پاڵ، بۆ ئەوەی ئاو نەچێتەوە ناوی.

ئەو شەوە هیچ هەست و خوستێک نەبوو لە دەوری سەربازگەکە، ئەگەرچی تا بەیانی کەس لەسەربازەکان خەوی لێ نەکەوت، چاوەڕێ بوون پێشمەرگەکان هێرش بکەن، لە هەموویان بە حەزەرتر بارق خۆی بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی گوێی لە قسەی شوانە مێردمندالّەکە ببوو، گوتبووی هەر ئەمڕۆ دەتوانن بە ئارامی بمێننەوە. بەڵام بۆ بەیانیەکەی، بارق دەوروبەری سەربازگەکەی بە پانتایی نزیک

کیلۆمەتریێک هەموو مینڕێژ کرد. دوای ئەو مینڕێژکردنەش بە تۆپخانەکانی ڕاگەیاند، ئەو چیایە تۆپ باران بکەن، تۆپخانەکانیش لە سەر بڕیاری بارق ئەو ئاراستەیەی نەدیم و هاوڕێکانی لێی بوون، دایانە بەر تۆپان. بارق دەیزانی بۆ وادەکات، بەڵام سەربازەکان لەوە نەدەگەیشتن، تۆپباران کردنی ئەو چیایە بێ ئەوەی هیچ هێرشکردنی لەگەڵ بێ، چ واتایەکی هەیە. بارقیش لە دڵی خۆی دابنابوو، ڕۆژانە ئەو تۆپبارانکردنە دووبارە بکاتەوە، بۆ ئەوەی پێشمەرگەکان فریو بخۆن.

ئینجا ڕۆژێک لە پڕ دوای تۆپ بارانکردن لەشکرەکەی بۆ هێرش کردن بجوڵێنێتەوە، ئەو دەشیزانی هەموو ئەو کوردە بەکرێ گیراوەنەی لەگەڵ لەشکرە سەربازیەکەینە، هەندێکیان نیەتیان باش نیە لەگەڵی، چونکە هەندێک لەو کوردانە بە نهێنی دزەیان کردبووە ناو لەشکرەکەی ئەو، بۆ ئەوەی هەواڵ بۆ کوردە شۆڕشگێڕەکانی چیا بنێرن.

نەدیم و هاوڕێکانیشی لەوکاتە لەناو ئەشکەوتەکە خۆیان مات کردبوو، تەنیا ڕەنجدەری لاوچاک نەبێ،

لە پەنا شاخێکەوە بە دووربین چاودێری تۆپخانەکانی دەکرد، تۆپبارانکردنەکە ڕابگرن، تا بزانێ هێرش دەکەن یان نا. کە تۆپەکان دەنگیان نەما، تەپ و دووکەڵ ئەو قەد چیاو بنارەی داگرتبوو.

نەدیم و پێشمەرگەکانیتریش لەگەڵ نەمانی دەنگی تۆپەکان هاتنە دەرەوە، بە پەنا تاوێرە بەردەکان خۆیان گەیاندە ڕەنجەدەری لاوچاک، لەوێوە بە دووربین ئەوانیش سەیری سەربازگەکەیان کرد، کە لەناو دووربینەکەوە دیاربوو، لە لای ئیڤە و جێبەکان، سەربازەکان هاتوچوویان بوو. ئەو چەند پێشمەرگەیە دەتگوت ڕەوەگورگێکن چاو دەگێڕن لە دەرفەتێکدا ناو ئەو سەربازگەیەش بکەنە قەسابخانە.

ئەگەرچی ئەو سەربازگە تازەیە، زۆر گەورەو پڕچەکتربوو لەوەی پێشتر. بەڵام بۆ پێشمەرگە قەبارە باس نەبوو، تەنیا شەو دابهاتبایەو بەفر یان باران ببارییایە، بەس بوو بۆئەوەی دەست بوەشێنن و بگەڕێنەوە، سەربازگەیەکیش دوای خۆیان بە وێرانی بەجێبێڵن. بۆیە بڕیارياندا لەلای خۆیانەوە

لەگەڵ کۆبوونەوەی هەورو هەڵکردنی سەرما لێیان بدەن، بۆ ئەمەش دەبوا چاو لە ئاسمان ببڕن.

بزانن کەی دەبێتە باران و بەفر. چیایەکانی کوردستانیش لەگەڵ هاتنی زستان هەر زوو بەفری بەخۆیەوە دەبینی، تاکە شت ئەوجارە بۆ پێشمەرگەکان جێی مەترسی بوو، دانانەوەی ئەو مینانەبوو بە دەستی بارق. چونکە ئەوان لەوە بێ ئاگابوون، دەوروبەری سەربازگەکە مینڕێژ کراوە.

(٢٥)

ئەو پیـــاوە بەتەمەنەی نەدیمـــی لەلای خـــۆی دالّـــدەداو بەنـــاو مەزراکەدا نـــاردی، بـــردرا بـــۆ گەورەتـــرین و مەترســـــــیدارترین بەنـــــــدیخانەی بەعســـــــیەکان، بەنـدیخانەیەک دەوروبەری بیابـان بـوو، تەنـانەت بالّنـدە گۆشـــــــتخۆرەکانیش لەبەر ئەو تەعزیبـــــــانەی لەوێ هەبـــوون، نەیانـــدەوێرا بە ئاســـمانەکەیدا بفـــڕن، یـــان بەدوای بـــۆنی پـــارچە گۆشـــتی قرتێنـدراوی زیندانیەکانـدا بنیشـــــــنەوە. پیـــــــاوە بەتەمەنەکە، کە لە دەروازەی

بەندیخانەکە چووە ژوورەوە، زانی ئیتر ئەو شوێنە شوێنی مەرگە، مەرگێک بە زندوویەتی، یەک یەک چاوی بە جەللادەکان کەوت، ئەو جەللادانەی پەروەردەکرابوون بۆ ئازاردانی مرۆڤ، هەموویان شێوەیان لێک دەچوو، سەریان سفرکرابوو، ڕیشیان تازە تاشی بوو، سمێڵیشیان بەم لاو بەولای لێویاندا شۆڕببۆوە، تا نزیک چەنەگەیان، لچکەکانیان ئەوەندە درێژ بوون. ئەو جەللادانە سەرپشک کرابوون، هەر تەعزیبێک بە مێشکیاندا بێ تاقی بکەنەوە لەسەر کوردەکان. پیاوە بەتەمەنەکەیان بەناو هۆڵێکی درێژدابرد، هۆڵەکە دارو دیوارەکانی چڵکن بوون، لەوێوە هاوێشتیانە ژوورێکی تارێک، لەو ژوورانەی بەڕێز کەوتبوونە ئەو هۆڵە دووردرێژە. دواتر دەرگایان لەسەر داخست. سەرەتا پیاوە بەتەمەنەکە چاوی نەیبینی کێی تێدایە، تەنیا گوێی لە نالّە نالّ بوو، بەڵام کە چاوەکانی تۆزێک ڕوون بۆوە، بینی ئەو ژوورە پڕی کەسی بەندکراوە، لە هەموو تەمەنێک، کەسەکان بە چاوی زەق لێیان دەڕوانی، سەروپرچیان تێک ئاڵابوو، بۆنێکی ناخۆشیان لێ دەهات.

ئەویش سڵاوێکی لێکردن، زینەدانیەکان هەر ئەوەتە توانیان وەڵامی بدەنەوە. ناچار لە لایەک لەتەنیشت یەکێکیان دانیشت دەمێک بێ دەنگ بوو، دواتر خۆی پێ نەگیراو ڕووی لە یەکێکیان کرد، گوتی ئێوە هەموو کوردن؟ کەسەکە بەحاڵ گوتی بەڵێ.

پیاوە بەتەمەنەکە کە لەناو ئەو کەمە ڕۆناکیە چاوی بە دەستەکانی کەوت، خوێن لە سەری پەنجەکانی دەهات، بینی نینۆکەکانی هەمووی هەڵکێشراوە.

ئەویش دەستی زیندانیەکەی گرت، کە گەنجێکی خوێن شیرین بوو، خستیە ناو دەستی خۆی، ڕاستەوخۆ بۆ دەمی بردو ماچی کرد. زیندانیەکانیتر هەموو سەریان سووڕما، چونکە کەس نەیدەویرا کارێکی وابکات، ئازاری یەکتر ساڕێژ بکەن، بە کەمترین سۆز. ڕاستەوخۆ لێی وورد بوونەوە، ئەوان زۆربەیان گەنج بوون. پیاوە بەتەمەنەکە بە باوکی وان دەشیا. بۆیە یەکێکیان پێیگوت مامە تۆ لەسەر چ گیراوی؟

پیاوە بەتەمەنەکە وەڵامی داوە گوتی لەسەر ئەوەی چۆڵەکەیەکی ئازادیخوازی سپیم لە دەست کۆمەڵێک باڵندەی ڕەش و شووم ڕزگار کرد.

ئەوە دوا چاکە بوو پێم بکرێ لەدوا ساتەکانی تەمەنم، ئێستاش چیم لێ دەکەن با بیکەن، چ جوانە مرۆڤ لەدوا دواییەکانی تەمەنی بە چاکە ماڵئاوایی بکات. یەکێکیان گوتی مامە بۆ دەڵێی چاکە؟ بۆ ناڵێی تێکۆشان، شۆڕش؟

ئەویش چۆن وەڵامی نەدیمی دابۆوە، ئەوەاش وەڵامی ئەو کەسەی داوە، گوتی ئەو شۆڕشەی ئێوە بەدوایەوە گیانی خۆتان لەبۆی فیدا دەکەن، کە گەیشتە دەسەڵات هەمان شتی ئەو بەعسیانە دەکەنەوە، چونکە دووبارە مرۆڤ بەڕێوەی دەبات، نەک دەستێکی ئاسمانی. من لەگەڵ ئێوەم نیە، نا، ئێوە پاکیزەن، بە پاکیزەییش ڕووحتان دەسپێرن، ڕێگاکەشتان پیرۆزە، بەڵام هیچ هیوایەکم بە ئەخلاقی سەرۆکەکان نیە. گەنجەکان لەبەر ئەوەی ڕووحیەتی شۆڕشگێڕیان لە کف و کوڵ دابوو، قسەکەیان بەدڵ نەبوو، بەڵام ئەوەندەش لە دڵیان نەگرت، چونکە پیاوە بەتەمەنەکە، وەکو باوکێک لە گەڵیان دەدوا. بۆیە یەکێکیان دوای ئەو قسەیە گوتی ئەدی پێت باشە چیبکەین لەو وەختە؟ پیاوە بەتەمەنەکە خەندەیەکی

غەمبارانەی بۆ کرد، گوتی لەکاتی ئەوەا هیچ، تەنیا شۆڕش. گەنجەکان دڵیان بەو وەڵامە خۆش بوو، بۆیە لە بەینی خۆیان پێکەنین. بەڵام پێکەنینێک لەبرسان پێستی دەموو چاویان دەیان لۆچی تێدەکەوت.

کە شەو داهات، لە ژوورەکانیتر دەنگی قیژوهۆڕی ژنان دەهات، پیاوە بەتەمەنەکە لە قونیچکێک ڕاکشابوو، بۆئەوەی گوێی لەو دەنگە نەبێ، تۆند گوێی خۆی گرت. بەڵام دەنگەکە هەر دەهاتە بەر گوێی.

بەو دەنگی هاوارو قیژە قیژەوە خەوبردیەوە، کە بەئاگاهات بینی دووجەللاد بەپێ بانگی دەکەن، ئەویش ویستی هەڵستێتەوە، ئەوان ئەو دەرفەتەیان پێنەدا، قۆڵیان گرت و قیتیان کردەوە، ڕاستەوخۆ چاویان بەستایەوەو بردیانە ژوورێک، ئەو سەرەتا وایزانی بۆ گوللە بارانکردن دەیبەن، نەیدەزانی نایانەوێ وا بە ئاسانی بمرێ.

لە ژوورەکە دەمێک ڕایانگرت، پاشان چاویان کردەوە، لەگەڵ چاوکردنەوە چی بینی؟ دەرپێ و مەمکدانی ژنان، کە لەناو خوێن هەڵاتبوو، لەسەر زەویەکە. زیاتر ووردبۆوە بینی مەمکی بڕاو وپرچیش لەو گۆڕە

کەوتووە. ئینجا زانی قیژوهۆڕی شەوی ڕابردوو لەو ژوورەوەڕا بووە، ژنە کوردەکانیان تێیدا تەعزیب داوە. یەکێک لە جەللادەکان کە ناوی حەجاج بوو، لە دڵڕەقی و درندایەتی نازناوی حەجاج ئیبن وەحشیان پێدابوو، پێی گوت ئەو دیمەنەت پێ چۆنە؟ پیاوە بەتەمەنەکە هیچ وەڵامی نەداوە، دڵی بە بینینی ئەو پاشماوانە ژانی کرد.

حەجاج ئیبن وەحش زانی لە چ بارودۆخێکە، چونکە ئەوان لەم ڕووەوە لێهاتووبوون، گوتی جا با شتێکت پێ بڵێم، دوێنێ شەو ئەو ژوورە پڕی ژنی ڕووتی ئێوە بوو، کە هیچ شتێکمان لەبەر نەهێشتبوونەوە، تا بەیانیش کێمان ویست گامان، جا کچ بووبێ یان ژن. ئەو خوێنانە دەبینی؟ ئەوە هەر خوێنی مەمکی بڕاو نیە، بەڵکو خوێنی پەردەی کچەکانیشتانە.

ئینجا لە پیاوە بەتەمەنەکە نزیک بۆوە، سەری هێنا بن گوێی گوتی لەکاتی دەستدرێژی بۆسەر کچی جوان لێی خۆشتر نیە مەمکە بچووکەکانی بە ددان بقرتێنی و تامی خوێنەکەی بچێتە ناو دەمت. تا ئێستا زیاتر لە بیست کچم کردۆتە ژن .مەمکی هەمووشیانم بە ددان

قرتانـــدووە. مـــن بە ڕێشـــتنی خـــۆیڵی کچـــانی ئێـــوە فێربـــوومە. پیـــاوە بەتەمەنەکە چیتـــر بەدیـــار ئەو قســـانەوە خـــۆی نەگـــرت، تفێکـــی لەنـــاو چـــاوی کـــرد، لەگەڵ تـــفەکە شەقێکیشـــی لەبـــن گـــوێی دا، گـــوتی ئەو بەد ڕەوشـــتیە پێشکەشـــی ئێـــوەبێ، بـــێ نـــرخ. زوڵمـــی هەر زاڵمێـــک هەڵکەنـدنی گـۆڕە بەدەسـتی زاڵـم، بـۆ خـودی زاڵـم خـۆی. ئەو گۆڕە بۆخۆتان باش هەڵکەنن.

حەجـاج ئیـبن وەحـش تـفەکەی دەموچـاوی سـڕیەوەو گـــوتی دەزانـــم تـــۆ دانتـــبەوە دانـــاوە هاوکـــاری پێشـمەرگەیەکت کـردووە، تـا ڕابکـات. بەڵام دەزانـی بـۆ تۆمـــان بـــۆ ئێـــرە هێنـــاوە؟ تـــا بە بینینـــی ئەو عەزابـــانە بتکـــوژین، وادەزانـــی پیـــرە ســـەگێکی وەک تـــۆ بە گوللەیەک لەکۆڵ دەکەینەوە.

ئینجـــا لە قونیچکێـــک ڕایـــان گـــرت، لە پـــێش چـــاوی گەنجێکیـــان هێنـــا ژوورەوە، هەر ئەوەتە دەیتـــوانی پێیەکـــانی لە ســـەر زەوی دابنـــێ. لە پشـــتەوە دەســـتی بەســـترابۆوە، دوو جەللادیتـــر ئەولاو ئەم لای قۆڵیـــان گرتبـوو. حەجـاج ئیـبن وەحـش، لێـی پرسـی لە نـاو شـار چـوویە چەنـد مـاڵ پەیوەنـدیان بە پێشـمەرگەوە هەبـێ؟

بێجگەلەتۆ کێی تر لەگەڵت کاری نهێنی دەکات لەناو شار؟ گەنجەکە گوتی کەس، منیش پەیوەندیم بەو کارانەوە نەبووە، ئێوە منتان بەهەڵە گرتووە. دیاربوو دەیویست دانبەوەدا نەنێ، ئەندامی کارە نهێنیەکانی پێشمەرگەیە ناو شار، چونکە دانپێدانان بەوە، سەدان کەسیتری پەلکێشی ئەو زیندانە دەکرد. حەجاج ئیبن وەحشیش فەرمانی کرد، جلەکانی لەبەر داکەنن. بە زووترین کات جەللادەکان جلەکانیان لەبەر داکەند، لەوێ سۆبەیەک پێ بوو، حەجاج پێیگوت لەسەر ئەو سۆبەیە داتنیشێنم یان ناوی هەموو ئەو کەسانەمان پێ دەڵێی کە پەیوەندیت پێیانەوە هەیە؟ گەنجەکە نکوڵی لێکرد تەنانەت خۆشی کاری نهێنی کردبێ. بۆیە حەجاج بە دەستی بە کەلەپچەوە، ڕایکێشا و لەسەر سۆبەکە بە ڕووتی داینیشاند، گەنجەکە لەگەڵ کززەی گۆشتی قونی و ناو لاقی وگونی، یەک بەدەنگی خۆی هاواری کرد. پیاوە بەتەمەنەکە لەجێگاکەی خۆی تەزیەک بەهەموو گیانی داهات، وەک ئەوەی ئەو بووبێ گەرمیەکە گەیشتبێتە جەستەی. دوای کەمێک کە خەریک بوو دڵی لەخۆی ببێتەوە، حەجاج

هەڵیستاندەوە، سەری سۆبەکە بە پشتەوەی وەنوسابوو. حەجاجیش بە ڕاکێشان لێی کردەوە، کۆمەڵێک چەرم و گۆشت بە سەرەکەوە بەجێما.

دووبارە لێی پرسیەوە، لەگەڵ کێ کار دەکەی لەناو شار؟ ئەویش هێزێکی تێدا نەمابوو وەڵام بداتەوە، خەریک بوو دەبووراوە، لەولاتر یەکێکیان پەقرەجێک ئاوی ساردی پێداکرد، ئەوان تەنانەت نەک هەر مردن، نەیاندەویست کەس بە ئاسانی لەهۆش خۆشی بچێت. نەوەک هەست بە ئازاری تەعزیبەکان نەکات.

کە گەنجەکە هاتەوە سەرخۆی، حەجاج لێی پرسیەوە، قسە بکە. ئەویش لەوەڵامدا گوتی هەر ئەوەی گوتم ئەوەندە دەزانم. دیاربوو کەسێک بوو بەرگەی ئەو ئازارەی دەگرت. حەجاج دیسان لەسەر سۆبەکەی داناوە، بۆنی گۆشت و خوێن ناو ژوورەکەی پڕکرد. کە زانیان ئیتر دانبەوەدا نانێ کردوویەتی. لەپێش پیاوە بەتەمەنەکە، بە ئامێرێک کە هاوشێوەی مراک بوو، چاوێکیان هەڵکۆڵی، خستیانە ناو جامێک. گەنجەکە پێش چاو دەرهێنانەکە گوتی ئەوە مەکەن زیادڕەویە، چاو شتێکە ناگەڕێتەوە.

نامەوێ ئیتر دونیا بە ڕۆناکی نەبینمەوە. کەچی ئەوان گوێیان پێ نەدا، خۆیان بە ڕوومەتیدا هاتە خوارێ، لەو کونە ڕەشەی کەوتبووە جێی چاوەکە. حەجاجیش پێی گوت دەرفەتت لە پێشە، دونیا بەو چاوە ببینی کە هێشتا لە شوێنەکەی خۆیەتی، ئایا کێت لەگەڵە لە کاری نهێنی ناو شار؟ چوویە چەند ماڵ؟ پیاوە بەتەمەنەکە سەری سووڕما لەخۆڕاگری ئەو گەنجە، بۆیە لەو بڕوایەدابوو، دوای هەڕەشەکردن لەو چاوەش کە تاکە دەرفەتە بۆ بینینی دونیا بە هەموو شتەکانیەوە دانپێدا دەنێ، بۆئەوەی لەدەستی نەدا، کەچی دووبارە گوتی ئەوەی گوتم هەر ئەوە ڕاستیەکەیە، نەچوویمە هیچ ماڵێک و هیچ کەسێکیش ناناسم. لەوکاتە حەجاج سەری پشتاوپشت خستە سەر دەزگاکەو بە ئامێرەکە چاوەکەی تریشی دەرهێنا. گەنجەکە چیتر خۆی پێنەگیرا، لەهۆش خۆی چوو، کە بەهۆش خۆی هاتەوە، بینی دونیا سەرتاپا تاریک داهاتووە، ئیتر شتێک نەماوە ئەو دونیایەی پێ ببینێ. بوونی ئەوگەنجە، بێ چاو و ئامێری دەستی حەجاج دیمەنێکی ترسناکیان بە ژوورەکە بەخشی

بـوو. ئینجـا لە پـێش پیـاوە بەتەمەنەکە، بـانگی ژنێکیـان کـرد، کە ژنەکە هـاتە ژوورەوە، دیـاربوو کەسـێکی تەمەن پەنجـا سـاڵی دەبـوو، چاویشـیان بەسـتابۆوە، پێیـان گـوت دەسـتەکانت بـکەوە، ئەویـش دەسـتەکانی کـردەوە، حەجـاج هەردووک چـاوی گەنـجەکەی خسـتە نـاو هەردوو دەسـتی. پیگـوت بیگوشـە بـزانە ئەو شـتانە چـین لەنـاو دەسـتتن. ئەویـش کە گوشـی، زانـی دوو شـتی لـوس و تەڕو گەرمـن، بەڵام نەیزانـی چـین، بـۆیە گـوتی نـازانم. حەجـاجیش بـێ ئەوەی لە مرۆڤبـوونی خـۆی کەمێـک سـڵ بکـاتەوە، گـوتی هەردوو چـاوی کوڕەکەتن. تومەس ژنەکە دایکی ئەو گەنجە بوو.

کە وایـان پێگـوت سـەرەتا بـڕوای نەکـرد، لەوکـاتەش یەکێـک لەجەللادەکـان بـۆ ئەوەی ژنەکە بەچـاوی خـۆی ببینـێ، پەڕۆکەکەی لەچـاوی کـردەوە، کە سـەیری نـاو دەسـتەکانی خـۆی کـرد، یەک بە دەنگـی خـۆی قیژانـدی. ڕاسـتەوخۆش کـوڕەکەی خـۆی بینـی لەبەرامـبەری ڕاوەسـتاوە بـێ چـاو، خـوێن بە هەردوو لا ڕوومەتەکانیـدا هـاتۆتەخوارێ. ویسـتی پـڕی بـداتێ باوەشـی لێبـدات، جەللادەکـان لێـنەگەڕان. گەنـجەکە بـۆ

ئەوەی دڵی دایکی بداتەوە گوتی دایکە مەگریێ، من ئەوهاش تۆ دەبینم، دەنگی گریانێکیش بە قسەکانیەوە دیاربوو، وەلێ هیچ چاوێک نەبوو فرمێسکی لێ بێ.

دایکەکەش تونـد دەستی قوچاندبۆوە دڵی نەدەهات چاوەکانی کوڕەکەی بەرداتەوە سەر زەوی. لەجیاتی ئەوەی لێنەدەگەڕان بیگاتێ، ئەو ئازیزترین شتی کوڕەکەی کەچاوە، بە تونـدترین شێوە لەمستی خۆی گرتبوو. ئەو پێشتر وەک هەردایکێکیتر، شێت دەبوو کە ڕۆڵەکەی بچووک بوو خۆڵ بچێتە چاوی، کەچی ئێستا بێ چاو ڕۆڵەکەی لەبەرامبەری ڕاوەستاوەو دەیبینێ. پیاوە بەتەمەنەکە لە دیار ئەو دایک و کوڕە فرمێسک لە چاوەکانی ڕانەدەوەستان، خەریکبوو بخنکێ، کەچی جەللادەکان وەک ئەوەی چێژ لەو دیمەنە ببینن، شاگەشکە ببوون. ئێستاش لێنەگەڕان ئەو دووانە باوەش لەیەکتری بدەن، ئەگەرچی دایکەکە وەک چۆلەکە لە داخی کوڕەکەی هەڵدەپەڕی و دەموچاوی خۆی دەڕنیەوە، بە ڕاکێش ڕاکێش بردیانەوە ناو بەندکراوە ژنەکان و کوڕەکەشیان ڕەوان کردەوە ناو پیاوەکان. پیاوە بەتەمەنەکەش

لەوێرا ئیتر نەیزانی چیرۆکی ئەو دایکی و کوڕە دواتر چی بەسەرهات. ئینجا حەجاج بە پیاوە بەتەمەنەکەی گوت ئەوە کەمێک بوو لەو ڕووداوانەی لەناو ئەو بەندیخانەیە ڕووەدا، ڕۆژانە ئەوە دووبارە دەبێتەوە، بەڵام تەعزیبەکان دەگۆڕێن. دواتر خۆت ئامادەبکە، بۆ بینینی بەندکراویتر، لەکاتی تەعزیبدان.

دوای ئەو قسەیە جەللادەکان پیاوە بەتەمەنەکەیان بردەوە ژوورەکەی لێی بەندکرابوو. ئەو بەتەواوی شڵەژابوو لە دیار ئەو دیمەنانەی ئەو ڕۆژە بینیبووی. بەهۆی پیریەوەش دڵی بەرگەی ئەو چیرۆکانەی نەدەگرت، بۆیە لەسەر چاو کەوت، تا شەو درەنگ. کەشەو نیوەی تێپەڕی، دووبارە قیژوهۆڕەکان دەستیان پێ کردەوە. لە داخان لە شوێنەکەی خۆی سەری بڵند کردو ڕووی کردە ئاسمان، بەدەنگێکی بەرزوتوڕە گوتی خوایە ئەو دەزگای ئازاردانە نابینیت شەو و ڕۆژ ڕاناوەستێت، بۆ بێ دەنگی؟ ئەو جگە لەو چەند قسەیە کە بۆنی کفری لێدەهات بەپێی بیروبڕوای ئاینی، هیچ شتێکی تری شک نەدەبرد لە قەهران بیکات. زیندانیەکان هەموو لەگەڵ قسەکەی

سەریان قیتکردەوە، زانیان زۆر قەدری خواردووە لەناوەوە. قیژوهۆڕەکان ئەو شەوەش خەویان لە چاوی زڕاند، ئەوەی لە هەمووی ناخۆشتربوو، ئەوەبوو، ئەو بەخەیاڵ ئەوجارە تەعزیبدانی ژنەکانی دەهاتە پێش چاو، لە سایەی ئەو شێوە دەستدرێژیەی حەجاج بۆی گێڕابۆوە، مەمکی کچەکان بە ددان دەقرتێنن لەکاتی دەستدرێژی. دیمەنگەلێک مرۆڤایەتی لە هیچ شوێنێک بەخۆیەوە نەیبینیوە.

ئەو شەوە تا ڕۆژهەڵات، درێژترین شەوی شوم و ناخۆش بوو بە ژیانی ئەو پیاوە بەتەمەنە بینی بی، تەنانەت کە کوڕەکەشی شەهید بوو و هاوسەرەکەی لەسەری بەزگیدا، بەقەد ئەو شەوە بە ئازار نەبوو. لەبەینی خەو و ناخەو سەدان خەونی ئاڵۆزو دڵتوندکەر بە گژی داهاتن، کە دەتگوت خەونەکانی ئەو زیندانەش جەللادی دەکەن، لەکاتی ئەو بەرەخەوەی دەچووە چاوی زیندانیەکان، تا لەوێش بەجۆرێکیتر تەعزیب بدرێن. ئەوە جیا لەو هەموو ئەسپێیانەی خۆیان دەخزاندە ناو جلەکانی و لە سەر پێستی دەجوڵانەوە.

بەشی دەیەم

(٢٦)

کاتژمێر سێ و نیوی شەو بوو، پیرێژنەکە دەمێک بوو لە ناو گۆڕستانەکە لەدیار گۆڕێکی بچووک خەوبردبوویەوە، دڵبرینیش لەبن کەپرەکەی ڕاکشابوو، ڕووباش خەوی لێ نەدەکەوت، بیری لەوە دەکردەوە چۆن سێ ئامێری مۆسیقا بۆ گەنجە ئاڵۆدەکان پەیدا بکات، بەڵکو لە سبەی ئێواریڕا، بیانداتێ تا مەشق لەسەر ژەنینی بکەن. شار بە تەواوی بێ دەنگ بوو، هیچ گڕەگڕو هاتوچۆیەکی تێدا بەدی نەدەکرا. ڕووبا

بیری کردەوە بچێتە ناو بازاڕ بەو شەوە، دەیزانی ڕێزێک دوکانی فرۆشتنی ئامێرە مۆسیقیەکان هەیە لەناو دوکانەکانی کەوتوونەتە بەرامبەر ئەو باغ و نافورەیەی بەشێوەیەکی بازنەیی دروست کرابوو لەناوەندی شار. کە لەدەروازەی گۆڕستانەکە هاتە دەرەوە سەرشەقام و سەرشەقام بەرەو بازاڕی شارەکە شۆڕبۆوە، لەناکاو بینی ئۆتۆمبێلی ئەو زێرەڤانیانەی بەدوایدا دەگەڕان، هێدی هێدی لە کۆڵانەکان دەگەڕێن، بێ ئەوەی ڕووبا بزانێ، ئەوگەڕانە بۆ ئەوە.

کە چاوی پێیان کەوت خۆیدا پەنا دیوارێکی تاریک، نەوەک ببینن، چونکە دەشیزانی بەوشەوە، بەوسەرو شێوەیە ببیندرێ بەدڵنیاییەوە بانگی دەکەن و لێی دەپرسن چ کارەیە، یان لەکوێڕا هاتوەو بەتەمای چیە لەو شارە، بەتایبەتی لەکاتێکی ئەوەندە درەنگ. ئەوەش دەروازەی کێشەی بەڕوودا دەکردەوە.

کە بن دیوارو بن دیوار، خۆی گەیاندە ناو بازاڕ، بینی سەری کۆڵانەکانیش پاسەوانی لێیە، دوو دوو لەلای یەک ڕاوەستاون و چەکەکانیان بە شانی وەکردووە.

ناچـار لە پەنادیواریـک کە بە کەرپـوچ دروسـت کرابـوو، خـۆی مـات کـرد، چاویشـی خسـتە سـەر ئەو چەنـد پاسـەوانەی نزیـک بـوون لە دوکانەکـانی فرۆشـتنی ئـامێرە مۆسـیقیەکان، ئەو تەنیـا دەیویسـت بگـاتە ئەو چەند دوکانە .

نـزیکەی کاتژمێرێـک چـاوەڕێی کـرد، لەناکـاو بینـی ئۆتۆمبێـل هـاتە دوو پاسـەوانەکان و یەک یەک و دوو دوو هەڵیگرتن، دیاربوو کات بەرەو بەیانی دەچوو.

ئەوەش لە بەرژەوەنـدی ڕووبـا دابـوو، بـۆیە دوای نەمـانی پاسـەوانەکان، شـار کەوتە حالەتێـک هـیچ کەسـی تێـدا نەدەبینـدرا ئەویـش بـێ بـاک خـۆی گەیانـدە دوکانەکـان و بە پـارچە ئاسـنێک لەچـاو تروکانێکـدا تـۆپی دەڕابەکەی شـکاند، پاشـان دەڕابەکەی هەڵـداوەو چـووە نـاو دوکـانەکە، دواتـر دەڕابەکەی لەسـەرخۆی پێـوەدا، سـەرەتا ژوورەوە تاریـک بـوو، بەڵام کە پلاکـی گڵۆپەکـانی پێکـرد لە ژوورەوە بینـی سـەدان جـۆر ئـامێر دانـدراون و بەدیـوارەوە هەڵواسـراون، بـێ ئەوەی یەک دەنگیـان لێـوەبێ، پیـانۆ، سـاز، عـود، کەمـان ،گیتـار، تەپڵ، دەف، ئـامێرە فوداوەکـان هەمـووی. ئەویـش، کەمانێـک و

دەفێکی لە دیوار کردەوە، فلوتێکیشی لەناو ئامێرە فودارەکان هەڵگرت.

بینی لەسەر ئەومێزەی دوکاندارەکە لە پێشە خۆی داناوە، لاپتۆپێک و موبایلێکی گرانبەهاشی لێیە، بەڵام ئەو دەستکاری ئەو شتانەی نەکرد، تەنانەت هەر لەخۆیەوە ڕقیشی لە موبایلەکە بۆوە، ئەو بینیبووی لەناوشار خەڵک چۆن پێیوە سەرقاڵن، پێی وابوو کاتی ئەو ئامێرە بچووک و کات داگیرکەرەی نیە، لەبەر ئەو هەموو کارەی لەپێشی بوو و دەبوا ئەنجامیان بدا. بۆیە دوای بردنی ئەو سێ ئامێرە، لەدوکانەکە هاتەدەرەوەو دەڕابەکەی وەک خۆی پێوەداوە.

بە پەلەپەل پێش ئەوەی دونیا ڕۆناک دابێ، خۆی گەیاندەوە ناو گۆڕستانەکە، ئامێرەکانی لە پەنا گۆڕێک داناو پارچە پەڕۆکێکی پێ دادان، هەستیشی کرد خەوی دێ، چونکە بەدرێژایی شەو نەخەوتبوو، لەبن ئەو دارەی تاتە ئاوەکەی لێبوو ڕاکشا، لاقیشی خستە سەر لاقی، هەندەی نەبرد، وەک ئەوەی دونیا بە دڵی ئەوبێ، خەو بردیەوە. لەبەر سێبەری دارەکە درەنگ بەئاگا هات، تەنانەت بەر ئەو سێبەرەو نزیک ئەو

بـۆڕیە ئـاوە وای کردبـوو حەزی لە چێشـتەخەوی زیـاتر بـــێ، بەڵام بیرکردنەوەکـــانی لێـــنەگەڕان، بەپەلە هەڵســتاوەو ســەیری بــن کەپــرەکەی دڵبرینــی کــرد، بەبیـری هـاتەوە دوێنـێ مـاددەی هۆشـبەری کێشـاوەو بەو کـردەوەیەش دڵبرینـی زیـاتر تـوڕە کـردووە. لەوکـاتە دڵبــرینیش لەبــن کەپــرەکە خەریکــی ئیشــکردن بــوو لەســەر کێلێـک، هـیچ سـەیری ڕووبـای نەکـرد، ڕووبـا لەدوورەوە ســـەرێکی بـــادا و لەبەرەخـــۆی گـــوتی ئەوپیاوەش تەواو نیە، ئێستا پێم نالێ چیەتی؟

ئینجـا لە شـوێنەکەی هەڵسـتاوەو بەرەو پـارچە دارەکـان چـوو، کە دەسـتی لێیـان دا، هەسـتی کـرد تەواو ووشـک بوونەتەوە، هی ئەوەیە گالیسکەکە قیت بکاتەوە.

ئینجـا لە بەلـوعەکە دەموچـاوی شوشـت و دەسـتی کـردە چەکـــوچ و بزمارەکـــانی لە کـــن داودی دارتـــاش هێنـــابووی. ســـــەرەتا دوو دارە دریـــــژەکەی کە لەناوەنـــدێڕا کردبـــوویە دوو کەرت، لە تەنیشـــت یەک داینـان، پاشـان بە تەخـتە داریـک لێکیـدان، داریکیشـی خـۆش کـرد بیکـاتە ڕاسـتەیەک تـا تایەکـانی لـێ ببەسـتێ، دوو داریشـی لە ڕاسـت و چەپ، لەو سـەرو لەم سـەری

مژانەکان بەرەو دارەکە هێنا، لای بنەوەی شێوەی ژمارە حەفتی وەرگرت، ئەو داڕێشتنەشی بە بزمار لێکدا، بەمشێوەیە عارەبانەکەی قیت کردەوە، ما جوانکاری تێدا بکات. ئینجا دەستی کرد بە ڕنینی ئەو شوێنانەی گرێ و گوارن، تا گەیشتە ئەوەی بە پەلەدارەکان، چوارچێوەیەکی نەخشێندراوی بۆ کرد، چوارچێوەیەک، پەلەکان دەتگوت پەرژینی باخچەیەکن، بەناو یەکدا هاوشێوەی کەزی هۆندراونەتەوە. دوو تەختەی پانیشی لە تەنیشتەکانی دا، دواتر بە چەقۆیەک لەسەر ڕووی تەختەی دەستەڕاست، وێنەی خواوەندە ژنێکی هەڵکەند، ژنەکە لە بەینی دوو ڕووبار ڕاوەستابوو، هەردوو دەستی بەرز کردبۆوە، دەستێکی چەپکێک گوڵە گەنم بوو، دەستەکەیتریشی ئامێرێکی مۆسیقابوو، هاوشێوەی چەنگ، لە دواوەش ژنەکە دیاربوو دووبالّی گەورەی هەبوو، هیچ جلێکیشی لەبەر نەبوو، پێدەچوو ئەو وێنەیە، وێنەی " خوداوەندە ژن، دایک عەشتار " بێت. لەوێ دەستێکی بە وێنەکە داهێناو بیری کردەوە بۆ ئەو تا ئەوکاتە دایکی خۆی نەبینیوە؟ ئەدی باوکی لە کوێیە؟

ئەو بۆ وەک ئەو خەڵکە خێزانی نیە؟
بەڵام کە دەکەوتە ناو ئەو بیرکردنەوانە لەم بارەوە، بیرەوەری خاڵی بوو، وەک کەسێکی مێشک بەتاڵ دەهاتە بەرچاو هەست بە هیچ نەکات ،پێش بزانێ بۆشاییەک هەیە، بۆیە بە غەریبی، بێ ئەوەی بە ئەنجامێک بگات، دوای ئەو خەیاڵە چۆوە لای تەختە دارەکەیتر، کە کەوتبووە دەستە چەپ. وێنەی چەند ئەسپێکی هەڵکەند، گالیسکەیەکی جەنگییان ڕادەکێشا، لەناو گالیسکەکە، چەند پیاوێک سوار ببوون زرێپۆشیان لەبەر بوو، چەکیان لەدەست گرتبوو، لەگەڵ کۆمەڵێک شێر دەجەنگان، دیاربوو شێرەکان هێرشیان کردبووە سەر گالیسکەکە.
هەڵکەندنی ئەو دوو وێنە سۆمەڕیە مانای ئەوە بوو، ژنان لەکۆندا خەریکی چاندن و مۆسیقاژەنین بوونە. پیاوانیش خەریکی جەنگ و بەرگری. کە دونیا ئێوارە داهات، گەنجە ئاڵۆدەکان لە دەروازەی گۆڕستانەکە هاتنە ژوورەوە، ڕاستەوخۆ بەرەو لای ڕووبا چوون، لەجیاتی بچنە سەر بەردەکان دانیشن. کە گەیشتنە لای ئەو دارەی ڕووبا لەژێری دادەنیشت و

دەحەسایەوەو دەموچاوی لە بەلوعەکە دەشووشت، بینیان گالیسکەیەک قیت کراوەتەوە، سەرەتا بە بینینی سەرسام بوون، دەمێک بە واق وڕماوی سەیریان کردو بە دەوریدا سووڕانەوە، دواتر لە وێنەکانی لای ڕاست و چەپ ڕامان.

لەپڕ ڕووبا لە پشتیان بە دەرکەوت، گوتی سڵاو هاوڕێیان، چیە دەڵێی بە دڵتان نیە؟ ژێدار گوتی با زۆریش بەدڵمە، بریا دوو ئەسپیشمان هەبا ئێستا دەمانتوانی هەموومان سواربین و کوێمان بوێ بۆی بڕۆین. ڕووبا پێکەنی گوتی ڕاستە. هەتوان دەستێکی لە پەرژینەکەداو گوتی باشە ئەم عارەبانەیەت بۆچیە؟

ڕووبا گوتی عارەبانە نا، وەکو ئەو کێلنوسە مەکە، ئەویش جاری پێشوو وایگوت، بڵێ گالیسکە.

ئەوە تەرمی پیرە مەزنەکەی پێ دەگوازمەوە. تەرمێک نەرخەکەی زۆر لە نرخی هەبوونی زیاترە. موریید گوتی دەکرێ پێمان بڵێی ئەو کەسە کێیە؟ ڕووبا گوتی حەزدەکەی بیزانی؟ موریید وەڵامی داوە بەڵێ، بەدڵنیاییەوە. ڕووبا گوتی سەرت بێنە پێش با پێت بڵێم، ئینجا سەری بردە بن گوێی موریدو ناوەکەی

پێگـوت. مورێـد چاوەکـانی ئەبـلەق بـوون. گـوتی ئەوە چ بیرۆکەیەکە؟ باشە بۆ ئێمەش نێین یاوەریت بکەین؟

ڕووبـا گـوتی بۆنـا، وەرن، بەڵام پـێش وەخـت دەبـێ خۆتـان فێـری مۆسـیقا بـکەن، بەڵکـو لەڕێگـا مۆسـیقا بەدەم بـردنەوەی تەرمەکەی لـێ بـدەین، لەکـاتی تێپەڕبـوون بە بنـاری زنجیـرە چیاکـانی زاگـرۆس و تـۆرۆس، دەنـا بەتەنیـا بـۆ بـارگرانی نـابێ لەگەڵ ئەو تەرمە بـن؟ ژێـدارو هەتـوانیش شـکیان کـرد لەگەڵ کێیەتـی. بـۆیە پێـداگرتر بـوون لەسـەر ئەوەی ئیتـر دەبـێ خۆیـان فێـری مۆسـیقا بـکەن، بەڵکـو لەو مەڕاسـیمە، بتـوانن بەشـدار بـن، ڕووبـا بەجێیـانێڵێ. بـۆیە بەخۆیـان داوایان لە ڕووبا کرد، کەی ئامێرەکانمان بۆ دێنی؟

ڕووبـا گـوتی ئێـوە بـڕۆنەوە سـەر بەردەکـان دانیشـن، ئێسـتا منـیش دێـم. لەوێ وەڵامتـان دەدەمەوە. کە گەنجەکـان چـوونەوە شـوێنەکەی خۆیـان، ڕووبـا چـوو لە پەنـا گـۆڕەکە سـێ ئـامێرەکەی دەرهێنـاو لە پەڕۆکەکەی لولـدان، کە پێـی دادابـوو، بەرەو لای گەنجەکان بەڕێکەوت.

کە گەیشتە لایان، گوتی ئێستا لەناو ئەو پەڕۆکە گەورەیە یەکەو دیاریەکم بۆ هێناون، پەڕۆکەکەی لە پێشیان دانا، پاشان لچکەکانی لابرد، هەر سێ ئامێر لەسەر پەڕۆکەکە بەدیارکەوتن.

گەنجەکان بە بینینی ئامێرەکان شاگەشکەبوون، لەخۆشیان هەڵستانەوەو یەک یەک باوەشیان لە ڕووبادا. ڕووبا گوتی دانیشن، ئەوە هەنگاوی یەکەمە بۆ نزیک بوونەوە لە مۆسیقا، ئێستا نۆرەی هەنگاوی دووەمە، کە بەریەک کەوتنە لەگەڵ مۆسیقا. ئینجا کە گەنجەکان دانیشتنەوە، ڕووبا دەستی کردە کەمانەکە، بە هەردوو دەست پێشکەشی ژێداری کرد، پاشان دەستی کردە فلوتەکە، ئەویشی لەناو هەردوو لەپی دانا، دایەدەستی هەتوان. دەفەکەشی هەڵگرت، وەک ئەوەی مانگی بەدەست هەڵگرتبێ، دایە موورید.

ئەوانیش دوای وەرگرتنی ئامێرەکان، گوێیان بۆ ڕووبا شل کرد، ڕووبا گوتی هاوڕێ خۆشەویستەکانم، ئەی باڵندە ڕەشەکان، ئەمڕۆ لەشتێک دڵنیاتان دەکەمەوە، گوێم بۆ شلکەن دەربارەی دەستکەوتی مرۆڤەکان، هەر شتێک لەم

دونیایە کەسێک درکی پێ کردبێ، دڵنیابن ئێوەش لێی بگەڕێن درکی پێدەکەن، هەر شتێک مرۆڤێک دۆزیبێتیەوە، ئێوەش دەیدۆزنەوە، هەموشتێک لەناوتان بوونی هەیە، ئێوە تەنیا بە دوایدا بگەڕێن، ئەبەو ڕێیە فێری هەر شتێک دەبن بتانەوێ.

واتا ئێوە ناوەندی بوونەکەن، ئەوانیدی ئامرازن، بۆنموونە ئەو ئامێرانە، هێشتا ڕووحیان نەهاتۆتە بەر، ئێوە کە دەستیان لێدەدەن، ئەوان لەگەڵ دەست لێدانی ئێوە ڕووحیان دێتەبەر. واتا دەنگیان لێوە دێ. دەنگەکەش بەپێی دەست لێدانی ئێوە دێتە دەرەوە، ئایا چۆن دەستیان لێدەدەن؟

چۆن وادەکەن دەنگانێکیان لێوە دەربێ، تەعبیر لە ناختان بکات؟ هەرچەندە دەزانم سەرەتا لەو دەنگە ناسازانە ناگەن، وەک ئەوەی منداڵێک تازە فێرە زمان بووبێ، بەڵام ئەگەر زیاتر لەگەڵیان خەریک بن تا باشتر قسە بکەن، دڵنیام دەتوانن ببنە گەورەترین مۆسیقاژەن، لە ڕێی گوێچکەکانتانەوە.

چاوتان بچوقێنن و دەنگەکان ڕێک بخەن، لەگەڵ ئەو ڕێکخستنانە خەیاڵ بکەن، خەیاڵی ئێوە فراوانترە لە

هەموو ئەو مۆسیقاژەنانەی گۆیتان لێ بووە، چونکە هەندێک شوێن هەیە بە خەیاڵ ئێوە بۆی چوون، کەس هەر نەشیبینیوە، هەندێک شت دەڵێن، کەس لێی تێناگا، واتا ئەی باڵندە هاوڕووحەکانم، ئەی مۆسیقاڕە ڕەشەکان. ئەمڕۆ گەشت بکەن بۆ دونیایەک، کۆتایی نییە، بەو ئامێرانەی دەستتان، کە هەم زیاتر لە ماددەی هۆشبەر چێژ بەخشترە، هەمیش پەشیمان نابنەوە لێی.

دونیایەک ئێوە بە مۆسیقا لەگەڵ خۆتان بمانبەن، دارستانەکان، ئاسمانە شینەکان، ڕۆژئاوابوون و سەرووی چیاکانمان پێ نیشان بدەن. دەست بخەنە گەردەنی ئەو شارەی حاڵی هیچ لە تاکەکان لەو مردووانە باشترنیە، زیندوویان بکەنەوە.

ئێوە نەفرەت لێکراو نین، ئێوە کرمێکی ئاوریشمن هێشتا لە قاڵغی خۆتان دەرنەهاتوون، ئێوە قوڕێکن شێوەتان وەرنەگرتووە، ئاوێکن نەڕۆیشتوون بەناو هیچ ئاوباریکدا، بارانێکن نەباریون، بۆیە ئەی باڵندەکانی هاوڕێم، دەکرێ شتانێک بکەن، هەموو ئەوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕووی خۆیان لێتان

وەرگێڕاوە پەشیمان ببنەوە. هەموو ئەوانەی قسەی خراپیان پێتان گوتووە، هەست بە گوناح بکەن. ئیتر ئەوەی ئێستا ماوە لەدەست خۆتانە، کام ڕێ هەڵدەبژێرن سەر پشکن، من وەکو خۆم ئێستا ئامێرەکانیش بشکێنن لۆمەتان ناکەم، یان بچن بیفرۆشن و ماددەی هۆشبەریشی پێ بکڕن پێم وانیە ئەوەندەش هەڵە بێ. بەڵام ئەو ڕێیەی تائێستا لەسەری بوون، ئیتر کۆن بووە، شتێکیش کۆن بێ، چێژی جارانی نامێنێ، کەواتە ڕێیەکیتر ئەزموون بکەن نوێ بێ، کە چێژەکەشی نوێیە.

ڕووبا کە بەمشێوەیە لەگەڵیان دوا، گەنجەکان چاویان پڕ فرمێسک بوو، کۆمەڵێک شتی ناو کۆمەڵگایان بەبیرهاتەوە، کە چۆن لەو کاتەی ئەوان کەوتبوون، خزم و کەس بێ بەزەییانە پێیان لێ دەنان، بۆزیاتر بڵند بوونی خۆیان. وەک ئەوەی بچنە سەرپشتی مردوو، تا چوار پەنجە شوێنیان بەرزتربێ، بۆ گەیشتن بە قەپۆزی ئەوانەی لەبۆ پلەو پایەی ناو مەجلیسە قەبەو بێ ناوەڕۆکەکانیان هەوڵیان دەدا.

دوای ئەوەی گەنجەکان هێمن بوونەوە، ڕووبا دەمێک لە دەست و ئامێرەکانیان ڕامـا، هەستی کرد لەبەر ئەو شـــەرم دەکەن یەک جـــوڵە بـــکەن، شـــوێنێکیان بە ئامێرەکـــان بـــکەوێ، دەتگـــوت بە ئامێرەکـــانەوە ڕەق بوونە.

بـۆیە گـوتی مـن دەڕۆم، ئێـوە ئـازاد بـن. ئەو کەویستی بەجێیـــانبێڵێ بـــۆئەوەی بـــوو بـــێ تـــرس ئامێرەکـــان لەدەست بگرن.

چـونکە پێـی وابـوو کەسـێک بـیەوێ فێـری مۆسـیقابێ، دەبـێ سـەرەتا ئاشـنایەتی لەگەڵ چـۆنیەتی گرتنـی پەیـدا بکـات. بە تەنیـاش لەگەڵ ئـامێرەکە بەجێبهێڵـدرێت، وەک ئەو کـــچ و کـــوڕەی یەکتریـــان خۆشـــدەوێ و بـــۆ ئاشـــنابوون لەگەڵ یەک پیـــان خۆشـــترە بەتەنیـــا بـــن. دوای ڕۆیشـتنی ڕووبـا، یەکەم جـار ژێـدار کەوتە جـوڵە، هەناســـەیەکی هەڵکێشـــا، پاشـــان کەمـــانەکەی باشـــتر بەڕوومەتـــی وەنـــاو، کەوانەکەی، بە یەک لە تێلەکـــانی دا هێنـــا، دەنگـــی کەمـــانەکە بەرزبـــۆوە. ڕووبـــا هەنـــدە دوورنەکەوتبـۆوە گـوێی لـێ بـوو، بەڵام ئـاوڕی نەداوە.

گەنجەکان دڵیان بەو دەنگە خۆش بوو، هەرسێک سەیری یەکتریان کردو پێکەنین.

موریدیش لەوکاتە کە بە خۆی شتێکی لە دەف ژەنین دەزانی دەفەکەی لەراندەوە، هەموو هەڵقەکان پێکەوە دەنگیان لێوەهات. دەنگێک لە ڕژانی کۆمەڵێک پلپلەو هەنگوستیلە و بازن دەچوو. هەتوانیش فلوتەکەی بە لێوەکانی وەناو فویەکی سەبری تێکرد، دەنگێکی غەریب و ناسک تێکەڵی هەوای ئەو ئێوارەیە بوو.

(٢٧)

خوشـــکەکەی شـــەرمن ســـبەینەکەی لە کـــۆلان، کە زۆرجـــار کاتێـــک دایکـــی لەگەڵ ژنەکـــان لەپـــێش دەرگە دادەنیشـــت، ئەویـــش لەگەڵ کچـــی دراوســـێکان دەچـــوون یەکتریـــان دەبینـــی. بە کچێکـــی دراوســـێیانی گـــوت شـــەرمنی خوشـــکم دوێنـــێ شـــەو کوڕێـــک، کە کەس نـــازانێ چ بـــووە، هـــاتووە لەنـــاو جێگـــاکەی بـــردوویەتیە گۆڕســـتان، لەوێ تێـــر مـــاچی کـــردووەو ســـۆزی پێـــداوە، پاشـــان هێنـــاویەتیەوە، بـــێ ئەوەی دەســـتدرێژی بکـــاتە سەری.

هاوڕێکەی بەو چیرۆکە سام گرتی بوو، پێیگوت بەخۆی ئەوها بۆی گێڕایەوە؟

خوشکەکەی شەرمن گوتی بەڵێ. کچەکە گوتی کێ دەڵێ خەونی نەبینیوە؟

خوشکەکەی شەرمن گوتی نا، دڵنیام ڕاست دەکات، چونکە کە سەیری کراسەکەیم کرد، دڕکی پێوەبوو. کچەکە خەندەیەکی کرد، گوتی بڵێم چی؟ من باوەڕناکەم. باشە نەیگوت چۆن بوو؟

خوشکەکەی شەرمن گوتی شەرمن دەڵێ جوان بوو، ئەو جوانانەش نا، دەست و پێ سپین، ئەو جوانانەی ڕووحیەتێکی پاڵەوانانەیان تێدایە، ئەو جوانانەی بە سەرکێشیەکانیان کچان سەرسام دەکەن، ئەو جوانانەی شیرین کەلامن و دانیشتن لەلایان خۆشە. نازانم شەرمن لەوکاتەی بینیویەتی نایبرێتەوە، ناویشی لێناوە (کوڕی شەو).

خوشکەکەی شەرمن کە ئەو نهێنیەی شەرمنی بۆ ئەو کچە هاوڕێیەی گێڕاوە، کچەکەش دوای ئەوەی لەلای ڕۆیشت بەپەلە بە خوشکەکانی گوت، خوشکەکانیشی بە تەلەفۆن بە دەستەخوشکەکانیان.

کە شـــەوداهات هەمـــوو کچەکـــان، ئەوەی گـــوێی لەو چیرۆکە ببـوو چـوون لە سـەربان بـخەون، تـا ڕووبـا بـێ بیانبـات، ئەگەرچـی تـا ئەوکـاتە یەک کـچ لەو شـارە نەک هەر نەیـدەوێرا بە تەنیـا بچێـتە سـەربان بـخەوێ، بەڵکـو نەیـــدەوێرا کەل و پەلێکـــیش لە جیـــاتی دایکـــی بێنێـــتە خوارەوە.

شـــەرمن کە بەوەی زانـــی بەیەکجـــاری لە خوشـــکەکەی تورەبـوو چـونکە ترسـی لـێ نیشـت ڕووبـا جـارێکی تـر نێـــتەوە لای، لەبەر ئەو هەمـــوو کـــچە جـــوان و پـــڕچ درێـــژەی شـــار، کە ڕووبە ئەســـتێرەو مانـــگ لەمەودوا دەخەون.

دایکەکـانیش هێـدی هێـدی بەوەیـانزانی، بەڵام درکیشـیان پێنەدەکـرد ئەوە ڕاسـتی بـێ، هەر پێیـان وابـوو، کچەکـان کـــاتی مێردکردنیـــان هـــاتوەو ئەو خەیـــاڵانە دەکەن، تـــا کۆڵی دڵی خۆیان بەمشێوەیە دابکەوێنن.

بە باوکەکانیشـــیان نەدەگـــوت، نەوەک ڕێ لە ســـەربان نوســـتنی کچەکـــان بگـــرن و زەوقیـــان تێـــک بـــدەن. هەروەهـــا ئەو کچـــانەی بۆنیشـــیان لەخۆیـــان نەدەداو درەنـــگ درەنـــگ ســـەریان دەشووشـــت، دوای بیســـتنی

ئەو چیرۆکە، جلی بۆندارییان دەپۆشی و پرچی خۆیان بە مکیاجەوەش دەچوونە ناو جێ.

ڕووبا لەخەیاڵی وان بەشێوەیەکی ئەوەندە خێرا وێنا کرا، خەونیان بەهاتنیەوە دەبینی.

(٢٨)

چەند ڕۆژێک بوو لیا، ئەو کچەی لەگەڵ ئاینور چوو مریشکە ڕەشەکەیان کڕی لە مەیدانی پەلەوەران، کە هاوڕێی گیانی بە گیانی یەکتر بوون، ئاگایان لەیەک بڕابوو، چونکە ئاینور دوای ئەوەی لیا پێی گوت بوو باوەڕ بە خەلیفە حەمدون مەکە، باوەڕی پێ کردبوو، نەیدەویست ببینێ. چونکە دەبوا هەر پرسیارێکی لەمبارەیەوە لێ بکات، ئاینور ڕاستگۆیانە وەڵامی بداتەوە، ئێ نەشدەکرا ئەوەی ڕوویدابوو، بۆی

بگێڕێتەوە. بەڵام لیا دوای ئەوەی هەستی کرد ئاینور بێ دەنگە، بیری کرد. بۆیە لەو غەریبیە چیتر خۆی پێنەگیراو عەسربوو چووە ماڵیان، سەرەتا لە دەرگایدا، کەس دەرگای نەکردەوە. دووبارە لە دەرگای داوە، هەندەی پێنەچوو دەنگی پێی یەکێک هات لەودیو، ئینجا سۆزی دەرگاکە کرایەوەو یەکەوسەر لیا ئاینوری بینی، ئاینوریش دەمی بەش بۆوە، تۆند باوەشیان لێکتریداو لیا گوتی بێ وەفا ئەوە بۆ وا بێ دەنگ بووی؟ ئەگەر نەهاتبام نەدەهاتی وایە؟ ئاینور گوتی حەقی تۆیە، خۆشم دانبەوە دادەنێم، ئەگەر لەجێی تۆبام دەمگوت ئیشی بەمن نەماوە بۆیە دیار نیە، بەڵام بیریشم کردبووی. لیا گوتی نا، من ئەوها بیرناکەمەوە.

بەڵام ئەگەر دەبینی گلەیی دەکەم، لەبەر ئەوەیە لەلام خۆشەویستی. ئاینور گوتی وەرە ژوورەوە، قسەم زۆرە هۆکاریش هەبووە من بێ دەنگ بوومە، هەر لە خۆڕانیە. ئینجا ئاینورو لیا چوونە ژوورەوە، پێکەوە دانیشتن. ئاینور دوای ئەوەی بەخێرهاتنی کرد، لیا گوتی لەگەڵ عەشقەکەت گەیشتیە کوێ؟

ئـاینور هەناسـەیەکی هەڵکێشـاو وەڵامـی دایەوە، گـوتی وەکـو مەجنـون لە ڕێگـام، وەکـو فەرهـاد وا دەسـت بە قوڵینـگ لەگـژ شـاخی بێسـتونم، وەلـێ چـونکە ڕەگەزی مێیـنەم، خاسـیەتی مێیـنەش شـاراوەیە، عەشقەکەشـم شـاراوەیە، دەبـێ شـاراوەش بـێ، دەنـا چ پیـاوێکی عاشـق وەک من قوربانی داوە؟ لیا گوتی چ قوربانیەک؟

ئـاینور ئەگەرچـی متمـانەی تەواوی بە لیـا هەبـوو، بەڵام چەنـدی کـردی نەیتـوانی مەسـەلەی لەدەسـتدانی پەردەی کچێنـی و جووتبـوونی لەگەڵ خەلـیفەی بـۆ بـاس بکـات، بـۆیە پێـی گـوت خـوا ئاگـادارە، بەو هیـوایەم بە قەد ئەو قوربـانیە ئەگەر حەقـی عەشـقم داوە، کە دەزانـێ لەم ڕووەوە چەنـد دەروون وێـرانم، بەرهەمەکەیـیم بـداتێ، جـا هەرچەنـد بـێ ڕازیـم. لیـا گـوتی ئەوەنـدە متمـانەت بە هەنگاوەکـانی خـۆتە لەم عشـقە؟ ئـاینور گـوتی بەڵـێ، بـێ گومـان. ئەگەرچـی هەسـت دەکەم هێشـتا هیچیشـم نەکردووە.

لیـا گـوتی، ئەو قسـەیەی تـۆ، پێناسـەیەکی بایەزیـدی بوسـتامی بیرخسـتمەوە. کاتێـک لێـی دەپرسـن، عەشـق چـیە لەلای تـۆ، ئەویـش لەوەڵام دا دەڵـێ (زۆر بە کەم

زانینە بۆ خود، کەم بە زۆر زانینە بۆ یار) واتا لەبۆ ئەو کەسەی عاشقی هەر چەند بکەی وادەزانی هیچت نەکردووە، وەلێ ئەو کەمێکت بۆ بکات، وادەزانی زۆری کردووە.

ئاینور چاوەکانی چوقاندو دەستی خستە سەر دڵی گوتی سەرەتا دروود بۆ بوستامی، کە ئەم ووتە جوانەی پێشکەش کردووین، دواتر بەڵێ، شەهریار یەک شتم بۆ بکات، بەسە بۆ لەبیرکردنی هەموو ئەو ئازارانەی چێشتیتم، پێم زۆر زۆرە. جا نەک هێنانی گوڵێک بێ، کە ڕەنگە خەڵک لەو حالەتە ئەوەیان بە مێشک دابێ، با هێنانی درکێک بێ. ئای لەجوانی و تەڕی و بۆن خۆشی ئەو درکەی لە یارەوە پێت دەگات. حەزدەکەی نەک هەر لەپەنجەکانت باڕاچێ، بەڵکو بچێتە ناو دڵت.

دەزانی ئەو خوێنەی لەو شوێنەوە دەڕژێ، چ خوێنێکە؟ ئەو خوێنەیە لە برینێکەوە دێ، لەگەڵ زوخاو و کێم تێکەڵە، ئەو برینەیە پێویستی بە نوکی ئەم درکەیە تا دڵ بەو دەردانەوەی کێم و زوخاوە ئارام ببێتەوە.

ئـــاینور لەگەڵ ئەو قســـانە فرمێســـک لە دوو چـــاوە ســـەوزەکەی ڕژانە خـــوارەوە، بـــەرژانگە جـــوان و درێژەکـــانی ڕاســـتەوخۆ تەڕ بـــوون. لیـــا زانـــی ئـــازاری زۆرە، ســـەری خســـتە باوەشـــی خـــۆی و گـــوتی قوربانـــت بم، جەرگەکەم، تۆ چیت بەسەرهاتووە؟

ئـــاینور بە گریـــانەوە گـــوتی نـــازانم، چـــابوو هـــاتی. ئینجـــا دوای کەمێـــک، چاوەکـــانی ســـڕیەوەو ڕووی کـــردە لیـــا، گـــوتی ئەمشـــەو بەتەمـــام بچـــمە مـــاڵی شـــەهریار، تـــا ئـــاوی نوشـــتەکە دابەش بـــکەم بەســـەریاندا، دەزانـــم تـــۆ بـــڕوات پـــێ نـــیە، بەڵام لـــێم گەڕێ، چـــیم گـــوت و چـــیم کـــرد لـــۆمەم مەکە. مـــــن دەمەوێ بەو ڕێـــــیە ئەرکـــــی ئەو عەشـــــقە بگەیـــنمە مەنـــزڵ، تـــا ڕۆژێـــک لە ڕۆژان بە ئەنجـــامیش نەگەیشـــتم، لـــۆمەی خـــۆم نەکەم بڵـــێم لە کەمتەرخەمیـــان بـــووە. حەزیـــش دەکەم لەگەڵـــم بێـــی، دوای نـــانی ئێـــوارە، چـــی دەڵێـــی؟ لیـــا گـــوتی بـــۆ نـــا، دەچـــین. بەڵام تـــۆ پـــێم بڵـــێ چیـــت لە مریشـــکە ڕەشـــەکە کـــرد، بـــۆ خەلـــیفەت بـــرد؟ ئـــاینور گـــوتی بەڵـــێ، نـــاو زگـــی مریشـــکەکەی پڕکـــرد لە هەنـــدێک شـــت و دای بە مـــن. منـــیش چـــووم بـــردمە لای

مـاڵی شـەهریار، لە تەنیشـت ماڵیـان خسـتمە ژێـر پـارچە تەنەکەیەک، تا بۆگەن بێ. ئێستا نازانم چی لێ هاتووە.
ئـاینور زۆر بە کـورتی ئەوەی بە لیـا گـوت، تـا لە ووردەکاریەکـان خـۆی دەربـاز بکـات. لیـاش زوو درکـی بەوە کـرد، ئەوان بـاش یەکیـان دەناسـی، ئەوە هەمـوو ئەو شـتانە نـیە ئەو بـۆی دەگێـڕێتەوە، بەڵام نەشیدەویسـت وەکـو هـاوڕێیەکی دڵسـۆز لەو وەخـتە بێزارتـری بکـات لەسـەر هەبـوونی ناخۆشـی ئەو جیهـانە تەنگ و تاریکەی ناخی کە تێی کەوتووە.
پێـی وابـوو لە شـوێنێکی وا کە تەنیـاترە لەهەمـوو تەنیاکـان کەلکـی نـیە، هـیچ قسـەیەکی نـابەدڵ بەر گـوێی بکەوێ، لە سەر لەقان و هاوخەمی زیاتر بترازێ.
ئەوان لەو گفتوگۆیـانە بـوون، لەپـڕ داودی دارتـاش، کە تـازە لە دوکـانەکەی دەگەڕاوە، دەرگـای حەوشـەی کـردەوەو بەرەو ژوورەوە چـوو، دوو عەلـلاگەی ڕەشـی پـڕ خـواردن و تەڕەشـی بە دەسـتەوە بـوو، ئـاینورو لیـا لەپەنـجەرە کە بینیـان، خۆیـان ڕێـک خسـتەوەو چـاوەڕێ بـوون بچێـتە ژوورەوە، داودی دارتاشـیش دوای ئەوەی عەللاگەکـانی دانـا، سـەرێکی بە ژوورەکە

داگـرت، کە چـاوی بە لیـا کەوت گـوتی کچەکەیتـرم دەبـێ چـۆن بـێ؟ بەخێربێـی، بـڕوابکە بیـرم کردبـووی. لیـاش لەبەری هەڵستاوەو گـوتی مـامە مـن باشـم، بەو هیـوایەم ئێوەش باش بین.

دایکـــی ئـــاینوریش لەوکـــاتە لەیەکێـــک لە ژووڕەکـــان دەرهـات و گـوتی پیـاوەکە بەخێـربێیەوە، دەتگـوت لەگەڵ هـــاتنەوەی داود ڕووحـــی هـــاتۆتەوە بەر، کە پـــێش هـاتنەوەی مێـردەکەی لە هـیچ شـوێنێکی ئەو مـاڵە بەدی نەدەکرا. داود سەیرێکی کردو گوتی سوپاس پیرێژن.

دەرزیەک بێـنە، مـن دەچـم دەسـت و دەموچـاوم دەشـۆم، کە هـاتمەوە، پەلەداریـک چـۆتە نـاو پەنـجەم چەنـدی دەکەم و دەکەم چـاوم نـایبینێ دەری بێـنم، بـزانە بـۆم دەرناهێنی.

دوای ئەوەی دایکـــی ئـــاینور پەلەدارەکەی لە دەســـتی داودی دارتـــاش دەرهێنـــا. ســـفرەیەکی ڕایەخســـت و قاپەکـانی هێنـا داینـا، ئاینورولیـاش هەڵستان هاوکاریـان کـــرد. ئەوان لەو ســـەردەمەش لەســـەر شـــێوەی کـــۆن نانیـان دەخـوارد، دۆشـەکیان لەسـەر زەوی ڕادێخسـت و بەدەوری ســـفرەکەدا کۆدەبـــوونەوە. داودی دارتـــاش

ئەگەرچـــی بە ڕۆژ مانـــدوو دەبـــوو لەکـــار، بەڵام قەت ئێـــواران چێشـــتی نەدەخـــوارد. خـــواردنی ئێـــوارانی تەنیـــا خیـــارو تەمـــاتەی قـــاژکراو بـــوو، بە نـــانی تیـــری، بـــۆیە بەو تەمەنەش خاوەنی لەش و لارێکی ڕێک بوو.

لیـــاو ئـــاینوریش بۆخۆیـــان ئەنـــدۆمیان چـــاکرد، کە داود هەرگیـــز دڵـــی بـــۆ نەدەچـــوو. دایکـــی ئـــاینوریش هەر شـــتێک لەبەرد نەرمتربا، دەیخوارد.

کە لە نـــانخواردن بـــوونەوە، ئـــاینور بە بـــاوکی گـــوت بـــاوکە ئەگەر ئیزنمـــان بـــدەی، مـــن و لیـــا دەچیـــنە مـــاڵی هاوڕێیەکمـــان، کەمێـــک پـــێکەوە لەوێ دەمێنیـــنەوەو پێویستە دەفتەرێکی نوسینیش هەیە لەکنی بیهێنم.

داود هەســـتی کـــرد ئەو دەرچـــوونە لەمـــاڵ بەو وەخـــتە تەنیـــا بـــۆ دەفـــتەرو ســـەردانی کـــردن نـــیە، بەڵام دڵیشـــی نەدەهـــات قســـەکەی ڕەتکـــاتەوە، بەتـــایبەتی لە پـــێش هاوڕێکەی.

بیریشـــی بـــۆ مەســـەلەکەی شـــەوی ڕابـــردو چـــوو، کە گومـــانی کردبـــوو، کەســـێکی خۆشـــدەوێ، ڕەنـــگە هەر بچێـــتە لای ئەو کەســـەش. ئینجـــا کە داود ئـــاینورو لیـــای ئیزنـــدا، گـــوتی ژنەکە مـــن دەچـــمە ژووری کتێبخـــانە.

دایکی گوتی ئۆف لە ئێوە، خۆ لە شوێنێک ئۆقرە ناگرن کەمێک پێکەوە دانیشین. داود گوتی ژنەکە کەس ئاگای لەناخی کەس نیە، تۆ پێت وایە پێویستە دانیشین کەمێک قسە بکەین، خواش دەزانێ چ قسەیەک. منیش پێم وایە پێویستە کەمێک بەتەنیابم، کەس قسەم لەگەڵ نەکات تا بیربکەمەوە.

ئینجا داود ڕاستەوخۆ لەجێگاکەی هەڵستاوەو چووە کتێبخانەکەی.

دایکی ئاینوریش وەک کەسێکی بێ چارەو هەمیشە تەنیا، لەدیار سفرەکە بەجێما، کە لە بەیانیەوە تا ئێوارە وەک هەر ژنێکیتر چاوەڕێ بوو مێردەکەی بێتەوەو لەگەڵی دانیشێ دوو دەردە دڵی لەلا بکات.

بەڵام ئەوجارەش وەک سەدان جاریتر ئاراستەی ئەو خەیاڵە گۆڕا. داود کە چووە کتێبخانەکە، دەستی بە پیاسەکرد، نەیدەزانی سەرەتا بیرلەچی بکاتەوە، چونکە ئەو ڕۆژە، دوای نەخۆشکەوتنی ئاینور کە یەکەم ڕۆژ بوو گەڕابۆوە دوکانەکەی، قسەو باسی سەیرو سەمەرەی بیست لە بازاڕ. گوایە پاسەوانەکانی زێرەڤانی بە نهێنی پرسیاریان لە هەندێ

کەس کـــردووە، ئەو دوکـــانی دارتاشـــیە چەنـــد دەبـــێ دەخـــــراوە؟ کـــــێ زۆر ســـــــەردانی دەکـــــات؟ ئەو پرســـیارانەش ئەو پێـــی وابـــوو، لە دوای چـــوونی ڕووبـــا بـــۆ دوکـــانەکەی هـــاتۆتە گـــۆڕێ. ئەو ڕێککەوتەشـــی پـــێ ناخۆشـــــبوو ڕۆژێـــــک دوای چـــــوونی ڕووبـــــا بـــــۆ دوکـــــانەکەی، بەیـــــانیەکەی دوکـــــانی نەکردبـــــۆوە. بیرکـــردنەوە لە کـــچە تاقەنەکەشـــی لەلایەکیتـــر بوەســـتێ، ئەو لە کەســـی هەرچـــی و پەرچـــی دەترســـا کـــچەکەی فریـــو بـــدەن، چـــونکە هـــیچ لە بـــاوک ودایکەکـــان بڕوایـــان نەمـــــابوو گەنجـــــی مەردو خـــــاوەن هەڵوێســـــت لەو ســـەردەمە هەزەلـــیە مـــابێ، کە لەســـەر بـــێ ســـەروبەری خۆیان گاڵتەیان بە هەموو شتێک دەکرد.

***** ***** *****

ئـــاینورو لیـــا پـــێکەوە بەرەو مـــاڵی شـــەهریار بەڕێگـــاوە بـــوون، ئـــاینور دڵـــی خێـــرا لێـــی دەدا، بیـــری لە دیـــداری مەعشـــوقەکەی دەکـــردەوە، چـــۆن ســـەیری چاوەکـــانی

بکات؟ چی پێ بڵێ؟ چۆن ئەو هەموو قوربانیدانەی بۆ بگێڕێتەوە؟

لیا لەپڕ پیگوت بۆوا خێرا دەڕۆی؟ من قاچەکانم شل بوو. ئاینور نەیویست لیا بەو هەموو دڵەڕاوکێیە بزانێ، گوتی ئەم کۆڵانە کەمێک تاریکە، زوو تێی پەڕێنین باشترە. لیا گوتی بۆ دەترسێی کوڕی شەوە تاریکەکان بێ بتبات؟ ئاینور گوتی کوڕی شەوە تاریکەکان کێیە؟

لیا گوتی بۆ دیارە نەتزانیوە، دەڵێن لە گۆڕستانەکەی ئەو شارە کوڕێک هەیە، فێربووە شەوان دێت کچەکان لەناو جێگاکانیان دەبات، تا بەیانی نایانهێنێتەوە، لەوێ بۆنی پرچیان دەکات و لە باوەشیان دەگرێ، دواتر بێ ئەوەی ئازاریان بدات، دەیانهێنێتەوە ناو ئەو جێگایەی لێی بوونە.

ئاینور سەیرێکی لیای کرد، گوتی هەر ئەوە مابوو، تۆش باوەڕت کرد وایە؟ لیا گوتی نا، بەڵام هەواڵەکە لەوە دەرچووە باوەڕ نەکرێ. ئاینور گوتی بڵێم چی، ئەدی نااڵێن چیە؟ لەکوێوە هاتووە؟ لیا گوتی نا، کەس

هیچ شتێکی لەسەر نازانێ. بەڵام دەڵێن جوانە، جوانێکی بە هەیبەت.

ئاینور گوتی ئای خوایە دەبوا شەهریار ئەوەی بۆ من بکردبا، بهاتبا لەناو جێگاکەم بیبردبام، بردنێک قەت نەمهێنێتەوە.

لیا گوتی جا کەی ئەوە بە شەهریار دەکرێ؟ ئاینور گوتی بۆ، پێت وایە کەسێکی بێ هێزە؟ لیا گوتی نەخێر مەبەستم ئەوە نیە، بەڵام ئەوەی ئەو کوڕە نادیارە دەیکات ئاسایی نیە. بۆیەش ئەقڵی لەسەری کچەکانی ئەم شارە نەهێشتووە. ئاینور گوتی جا کێ دەڵێ کەسێکی خراپ نیە؟

لیا گوتی خوشکم تۆش وەکو خەڵکی مەکە، کاتێک دەزانی مەعشوقەکەت لێرە ناگاتە ئەو، تەرازووی چاکە و خراپە مەینەگۆڕێ. ئێمە لە حشر کردن نین.

ئاینور پێکەنی گوتی کچێ تۆ چەند زۆرزانی، ئەگەر دان بە ناخی خۆمدا بنێم، پێم ناخۆشبوو شەهریار ئەوها نیە. ناچار ویستم لەم ڕێیەوە لەو کوڕە بدەم بۆ ئەوەی ئاستی دابەزێ، تۆ زۆر بەرزت کردەوە، ئەوەی ڕاستیش بێ نامەوێ کەس لە شەهریار بەرزتر

بێ، ببووره. لیا گوتی دەزانی جیاوازی شەهریارو ئەو چیە؟

ئاینور گوتی چی؟ لیا گوتی شەهریار ئەقڵی لەسەری کچێک نەهێشتوە، ئەو لە هی هەموو کچەکان. ئاینور تورەبوو گوتی لیا بەسیکە، خەریکە ناخۆشی دەکەی. کێ دەڵێ ئەو کوڕە بوونی هەیە؟ دواتر بۆ دەڵێی هەموو کچان، لەکاتێکدا من ئامادەنیم هەر بیریشی لێبکەمەوە. لەوکاتەی ئەوان ئەو گفتوگۆیەیان دەکرد لەسەر ڕووبا. ڕووبا بێ ئاگا لەناو گۆڕستانەکە، خەریکی لوسکردنی گالیسکەکە بوو، لەبەر تیشکی یەک لە بلاجگتۆرەکان. لیا گوتی بەڕاست؟ ئەدی ئەگەر ڕۆژێ دڵی تۆشی برد، ئەوکات چی دەڵێی؟

ئاینور گوتی نا گیانەکەم بڵێ بەخۆم بۆی شێت بوومە. لیا پێکەنی کە ئاینوری ئەوها بینی هەڵچووە. گوتی چیە، بۆ وا دەگرییی، ئاینور کە گوێی لەو قسەیە بوو، لە شوێنەکەی خۆی لەسەر چیچکان دانیشت و، هەردوو دەستیشی بە دەموچاویەوە نا.

لیا سەرەتا وایزانی یاری لەگەڵ دەکات، بەڵام کە لێی نزیک بۆوە، بینی بەڕاستی دەگرێ. گریانێک پڕ بەدڵ.

لیا لە باوەشی گرت، گوتی چیتە، من گاڵتەم کرد، دڵت بۆوا ناسک بووە. ئاینور زیاتر گریا، بە گریانەوە گوتی باشە ئەگەر ڕۆژێک بەڕاستی وەک دەڵێی، دڵم بۆ کەسێکیتر لێیدا، ئەوکات چیڕۆکەکەی من و شەهریار چی؟ ئەو هەر بە هیچ نازانێ و منیش لە کۆتایی دەمرم.

لیا گوتی کێ دەڵێ وادەبێ، وەرەوە سەرخۆت، ئەدی ئەوە نیە بەرەو ماڵی ئەوان دەڕۆین؟

ئاینور فرمێسکەکانی سڕیەوە، گوتی باشە دریژەی پێدەدەم. ئینجا پێکەوە بەڕێ کەوتنەوە، کە گەیشتنە نزیک ماڵی شەهریار، ئاینور بە لیای گوت، من دەچمە ناو ئەو پارچە زەویە ، تۆ لەسەری کۆڵانەکە بوەستە، پێش ئەوەی لە دەرگا بدەین، بزانم مریشکەکە ماوە یان نا، لیای لەوێ بەجێهێشت و چووە ناو پارچە زەویەکە، شوێنەکە ئەوەندە تاریک بوو، هەرئەوەتە پێشە خۆی دەبینی، بەحاڵ گەیشتە ئەو قونیچکەی پارچە تەنەکەکەی لێ بوو، کە چاوی بە تەنەکەکە کەوت و هەڵی داوە، سەرەتا ترسا، چونکە دەیزانی مریشکێکی لەبنە، ناو زگی پڕە لە پەڕی گوڵ و دوعاو

نوشـــتەو خـــۆیی پەردەی کچێنـــی ئەو، ئەو کەوتبـــووە حالەتێـــک، هەم هەســـتی بەتـــرس دەکـــرد لە جنۆکـــان و هەمیش لەو گوناحەی کردبووی لەگەڵ خەلیفە.

کە چـــاوی بەبـــن تەنەکەکە کەوت بینـــی مریشـــکەکە هەر لە شـــوێنی خـــۆیەتی، بەڵام بەهـــۆی ئەوەی نـــاو زگـــی دەرهێنـدرابوو، پـانبۆوە. ئـاینور تـرس دایگـرت، ترسـێک بەپەلە تەنەکەکەی پێـداداوەو ڕایکـرد، کە گەیشـتەوە لیـا، دڵی خێرا لێدەدا.

لیـا گـوتی چـی بـوو، ئـاینور گـوتی مـاوە، هـیچ تێکـیش نەچـووە، کەمێـک بـۆنی دەهـات بەڵام ئەوەنـدەش نـا، کە خەلیفە باسی دەکرد، مێشکی شەهریار تێک بدات.

بەهەرحـاڵ بـابچین لە دەرگـا بـدەین، ئـاینورو لیـا چـوونە بەر دەرگـای مـاڵی شـــەهریار، ئـاینور کەمێـک خـــۆی ڕێکخســـت و هەناســـەیەکی هەڵکێشـا، پاشـان لە دەرگـای دا، هەنـــدەی پێنەچـــوو، کەســـێک دەنگـــی پێـــی هـــات لە حەوشـــە، هێـدی هێـدی نزیـک دەبـۆوە، ئـاینور دەترسـا شـەهریار بـێ، دڵـی خێراتـر لێیـدا. ئەوەنـدە خێـرا، خـۆی گـوێی لە ترپەکـانی بـوو، لەناکـاو دەرگـاکە کـرایەوە. ئـاینور بینـــی خوشـــکەکەی شـــەهریارە. بە دەمـــی تێـــک

ئـالاوەوە سـلاوی لێکـرد، خوشکەکەشـی وەلامـی داوە، پاشـان فەرمـووی لێکـردن. ئەوانـیش چـوونە حەوشـە، ئـاینور گـوتی خـۆ مێوانتـان نـیە؟ خوشـکەکەی شـەهریار گـوتی نـا، هەر خۆمـانین، ئینجـا ئـاینور لە حەوشـە چـاوێکی بە دەوروبەردا گێـڕا، شـەهریاری لە هـیچ شـوێنێک نەبینـی، خوشکەکەشـی هێـدی هێـدی ئـاینورو لیـای بـردە ژووری دانیشـتن، لەوێ داینـان. لەوکـاتە دایکـی شـەهریاریش هـات بەخێرهـاتنی کـردن. پاشـان خوشکەکانیتریشی.

تەنیـا شـەهریار نەبـێ، کە ئـاینور لەگەڵ دەنگـی پێـی هەر یەکێکیان چاوەڕێی دەکرد ئەوبێ.

خوشـکەکانی شـەهریار هێـدی هێـدی کێـک و گـوڵەبەرۆژو چایـان هێنـا، کە هەمـوو ئەو شـتانەی عـادەتبوون و دەدرانە مێـوان. خواردیـان. ئـاینور گـوتی ئەوەی ڕاسـتی بـێ بـۆ کتێبـی مێـژوو هـاتووم، بـۆ ئەوەی بەحسـێک بنوسـم. چـوویمە لای چەنـد هـاوڕێیەکەم، نەیانماوە، گوتم ڕەنگە ئێوە هەتانبێ.

خوشـکەکەی شـەهریار گـوتی وەلا ئاینورخـان، هەر مـن لەو مـاڵە لەو قۆنـاغەم، منـیش هـیچ کتێبێکـی ئەوسـاڵەم

نەماوە. دەنا پێم دەدای، بەڵام دواتر بۆت بە براکەم دەڵێم، بزانم ناتوانێ لەلای هاوڕێکانی بۆت پەیدا بکات. ئاینور گوتی مەمنونیش دەبم، ژمارەکەم بەجێدێڵم، حەزدەکەی پێشی بدە، ئاساییە با تەلەفۆنم بۆ بکات، من چەند کتێبێکیتریشم دەوێ، ئەگەر لای هاوڕێکانی هەبوو. خوشکەکەی شەهریار موبایلەکەی دەرهێناو ژمارەکەی ئاینوری وەرگرت. ئاینوریش دوای ئەو قسانە دەستی لە جانتاکەی ڕاکردو دەببەیەک ئاوی دەرهێنا، گوتی ئەوە ئاوی زم زمە، دایکم بۆی ناردوون، پێشی گوتم پێیان بڵێ دوعای خێرم بۆ بکەن و لەخودا داوابکەن حەجەکەم قبوڵ بێ، کەمێکە لەحەج گەڕاوەتەوە، هەروەها گوتیشی با هەموویان بیخۆنەوە لەماڵەوە هەر چەند بوون، با وابکەن بەشیان بکات.

دایکی شەهریار ڕاستەوخۆ لێی وەرگرت، گوتی سوپاس بۆخوا تا ئێستا لەو ئاوەم نەخواردۆتەوە، سەری دەببەکەی کردەوەو کەمێکی لە گلاسێک کرد، پاشان هەڵی قورتاندو دەستی بەرز کردەوە، بە دەنگ گوتی خوایە، ئەو حەجە لە خاوەنەکەی وەربگری و

مـرازی دڵـی هەمـوو خەڵکـیش بێنـیە دی. ئینجـا یەک یەک لە ئاوەکەیـــان خـــواردەوە. ئـــاینور چـــاوەڕێ بـــوو یەکێکیـان بچـێ بـانگی شـەهریاریش بکـات، تـا ئەویـش لە ئـــاوەکە بخـــواتەوە، کە کەس نەیـــدەزانی لە کـــام ژووری ئەو مـــاڵەیە، کەچـــی کەس ئەوەی نەکـرد، ناچـار بەخـۆی پرسی ئەدی بۆ بۆ براکان و باوکیشتان نایبەن؟

دایکـی شـــەهریار گـوتی باوکیـان لە مـــاڵ نـیە، شـــەوان لەگەڕاجێـگ پاســـەوانە، زۆرجـار شـــەهریاریش دەچێـتە لای تـا ئەو کاتـانە، ڕەنـگە ئێسـتا بێـتەوە، وەختیەتـی.

کوڕێکیتریشـــم هەیە ئەو ژنـــی هێنـــاوە و مـــاڵی خـــۆی کـــردووە. ئـــاینور تێگەیشـــت، بـــۆیە بـــابەتەکەی بـــردەوە لایەکیتـــر، گـــوتی کەوایە لەمـــاڵەوە ئەوەنـــدە کەســـەن. دایکـی گـوتی بەڵـێ. دووانـیش لەو کچـانە ئەمـڕۆ مێـوانن لەلای ئـێمە، دەنـا ئەوانـیش دەمـێکە چـووینە ڕێـی خۆیـان. ئەوەی مـــاوە ئەو کـــچەیە، دەســـتی بـــۆ ئەو خوشـــکەی شـــــەهریار ڕەوان کـــــرد، کە یەکەم جـــــار دەرگـــــای لەئـاینورو لیـا کـردەوە. لەگەڵ شـــەهریار واتـا کچێـک و کوڕێکم نەچووینە ڕێی خۆیان.

ئاینور هەناسەیەکی هەڵکێشا، هەستی کرد شەو درەنگ داهاتووە، ناشکرێ لەوە زیاتر دوابکەوبێ لەبەر ماڵەوە. بۆیە بەدڵێکی سارد گوتی ئێمە دەبێ بڕۆین، بە نیمچە خەندەوە بە دایکی شەهریاری گوت، ئەو ئاوە دوایی بدە ئەو کوڕەی باست کرد، کچەکەشت لێی خواردۆتەوە، بەڵکو ئەوانیش بچنە ڕێی خۆیان. دایکم هەموو دوعایەکی لە حەج لەسەر کردووە، بەتایبەتی دوعای ژنهێنان و شوکردن.

لیا بە دەم هەڵستانەوە، بەگاڵتەوە، گاڵتەیەک هەر خۆیان تێبگەن بە ئاینوری گوت کەوایە بۆ خۆت نایخۆیەوە؟ ئاینور خۆی تێکنەدا، زانی لیا بەگژی دادێ، گوتی کێژێ من ڕۆژانە دەیخۆمەوە. چۆن دەزانی نەمخواردۆتەوە. کچەکان هەموو پێکەنین. بە ئاینور خۆشیەوە، بەڵام چونکە عاشق بوو، پێکەنینەکە لە دڵەوە نەبوو، وەک هەر شتێکیتر ڕۆژانە ئەنجامی دەدا، چێژی لێ نەدەبینی.

کە لەسەر ڕۆیشتن بوون، ئاینور وەک ئەوەی بیەوێ هەرنا ژووەکەی شەهریار ببینێ، کە لێی دەخەوێ گوتی هەستەکەم ماڵێکی جوانتان هەیە، دەیزانی

دایکی شەهریار وەک هەر ژنێکی تر، دوای ئەو قسەیە بەناو ماڵەکەدا دەیانگێڕێ.

ڕێک ئەوهاش دەرچوو، دایکی شەهریار گوتی وەرن با سەیری ژوورەکان بکەین، ئینجا بەناو ماڵەکەدا گێڕایانی، یەکەمجار لە ژووی کچەکان دەستی پێکرد، دواتر چووە بەشەکانی تر، پاشان هەرلە دوورەوە گوتی ئەوەش ژووری ئەو کوڕەمە هێشتا ژنمان بۆ نەهێناوە، ئاینور بۆ ئەوەی ژوورەوە ببینێ، گوتی ئەو ژوورەش هەر بە قەد ئەوانیتر گەورەیە؟ دایکی بەپێش کەوت گوتی بەڵێ، وەرە سەیری بکە، ئینجا پێکەوە چوون، دەرگاکەیان پاڵپێوەنا، ئاینور دەستی لە سەر یەددەی دەرگاکە دانا، وەک ئەوەی دەست بداتە دەستی شەهریار، دەیزانی ڕۆژانە دەستی ئەوی پێدەکەوێ، لەگەڵ ئەو دەست لێدانەش سەیری ژوورەکەی کرد، ژووریێکی سادە، کتێبخانەیەک بە قەد دیوارەکەوە بوو، سیستەمێکی یەک نەفەری لە قونیچکێک داندرابوو، لەگەڵ ساردکەرەوەیەکی بچووک.

ئاینور لە دڵی خۆیڕا گوتی بریا بمتوانیبا، لەسەر ئەو جێگایە ڕاکشێم، ڕاکشانێک بخەوم، خەوێک، هەموو ماندوویەتی لەشم بحەسێتەوە. ئاخەر ئەو کەسەی لەوژوورە، شەوگار بەسەردەبات کوشتمی. چی دەبێ ئەوجارە من لێرە ڕاکشێم، ئەوبێتەوە ببینێ حاڵم چۆنە. چەند ماندووم، نا، نا با ئەوها نێتەوە، چونکە نازانێ کێم، ئاخ چەند ناخۆشە مەعشوقەکەت نەزانێ کێی.

بەشی یازدە

(٢٩)

دوای ئەوەی جەللادەکـــان قـــوفلی ژوورەکەیـــان کـــردەوە، یەکەو ســـەمونێکی ڕەق و قومێـــک ئاویـــان بەســـەریاندا دابەش کـــرد، ئینجـــا دووبـــارە پیـــاوە بەتەمەنەکەیـــان بانـــگ کـــردەوە دەرێ. پیـــاوە بەتەمەنەکە پێشـــبینی کـــرد تەعزیبیتـــری پـــێ نیشـــان بـــدەن، بەڵام لەو بـــڕوایەش دانەبـــوو ئەمجـــارە بە پـــێچەوانەی جـــاری یەکەم بیبەنە گۆڕەپانی گوللەباران کردن.

بەنـــاو ڕێڕەوێکـــی دووڕودرێژیـــان دابـــرد، ڕێـــڕەوەکە، ســـەری بە ســـیمی درک گیرابـــوو، کە گەیشـــتنە کۆتـــایی.

دەرگایەک هاتە پێش بە ڕووی گۆڕەپانێک دەکرایەوە، کە لەدەرگاکە بردیانە ئەودیو، چاوی پێ کەوت بینی پارچە زەویەکی چۆڵەو عەردەکەی بە لم داپۆشراوە، دەوروبەریشی، دیواری بڵند بڵندە، دیوارێک سەرەوەی هەموو تێلی درکە.

لەبنەبانی گۆڕەپانەکە چەند دارێک لەتەنیشت یەک چەقێندرابوو، قەدی دارەکان و سەر زەویەکە هەموو چڵکن بوو. پیاوە بەتەمەنەکەیان لەبن دیوارێک ڕاگرت، حەجاج ئیبن وەحش، هاتە گۆڕاپانەکە لە تەنیشتی ڕاوەستا، پێیگوت ئێستا سەیری دیمەنێکی بە چێژتر لەهی دوێنێ دەکەین. کەوای گوت سێ گەنجیان لە دەرگایەکی بچووکەوە هێنا ناو گۆڕەپانەکە، یەکەو جەللادێک قۆڵی گرتبوون، هەر سێ گەنج کراس و شەروالّیان لەبەر بوو. چاویان بە پەڕۆکی ڕەش بەستراوە. جەللادەکان سێ گەنجەکەیان بردە بنەبانی گۆڕەپانەکە، لای دارە چەقێندراوەکان، لەوێ لە دارەکانیان بەستانەوە. دیارنەبوو ئەو سێ گەنجە دەیانزانی ئەو شوێنە شوێنی گوللە بارانکردنە یان نا، یان هەر وایاندەزانی بۆ لێدان هێندراون. لەوکاتە سێ

جەلـلادەکە کە یەکەو کلاشـینکۆفێکیان پـێ بـوو، چـوونە بەرامبەریـان وەسـتان، لەپـڕ ڕایانکێشـا، دەنگـی لـێ خـوڕینی فیشـەک لەو گۆڕەپـانە گـوێی هەمووپـانی زرینگانـدەوە. سـێ گەنـجەکە کە گوێیـان لـێ بـوو، سـەریان قیـت کـردەوەو بەو ئاراسـتەیەی دەنگـی ڕاکێشـانی کلاشـینکۆفەکانی لێوەهـات، لەوێ زانیـان گوللەبـاران دەکـرێن، پـێش ئەوەی دەنگـی تەقە بـێ، ئەوەی کەوتبـووە ناوەڕاسـت، یەک بەدەنگـی خـۆی هـاواری کـردو دەسـتی کـرد بە گـوتنی سـروودی (ئەی ڕەقیـب). دووەکەی تـریش کەمێـک درەنگتـر سـروودەکەیان بە هـاودەنگی لەگەڵ گـوتەوە. سـروودەکە لەنـاو ئەوگۆڕەپـانە بـێ دەنـگە دەگەیشـتە گـوێچکەی زینـدانیەکانی تـریش، دەتگـوت کۆرسـێکی مۆسـیقین، بەچـاوی بەسـتراوەوە، سـەریان دەجـوڵێنن و بە حەماسـەتەوە سـروودی نیشـتیمانی دەڵـێن. پیـاوە بەتەمەنەکە کە لەنـاو ئەوگۆڕەپـانە ئەوانەی بەو شـێوەیە بینـی پێیـان سەرسـام بـوو. خەریـک بـوو بەخۆشـی دەسـت بە گـوتنەوەی سـروودەکە بکـات لەگەڵیـان، هەمـوو ئەو تەعزیبـانەی یەک یەک دەهـاتەوە

بەرچاوی، لە نەدیم ڕا بگرە، کە چووە ناو مەزراکە، تا دەستگیرکردنی خۆی و هێنانی بۆ ئەم زیندانەو بینینی ژووری تەعزیبی ژن و پیاوەکان، بینینی مەمکی قرتاو و مەمکدان و دەرپێیەکان، کە بەخوێن بوون و چاو دەرهێنانی کوڕەکەو هەردوو دەستەکراوەکانی دایکی، لەوکاتەی چاوەکانیان لەناودانا. لەپڕ دەنگی تفەنگەکان بەرزبوونەوە، لەو هەستە ڕاپەڕاند، پێش ئەوەی سروودەکە تەواو بێ، گوللەکان جەستەی سێ گەنجەکەیان پێکا، هەرسێکیان سەریان لاربۆوە، دوای دەنگی ئەو تەقانە، حەجاج بە دەمانچە، لێیان چووە پێش و لە پشتڕا، یەکەو گوللەی دڵنیایی بەسەری وەنان، لەگەڵ گوللەکان خوێن پڕژا، بەشی پێشەوەی سەریان بووە کونێکی گەورە. هەرسێ گەنجەکە بەدەست و چاوی بەستراوەوە، کەوتنە سەرچۆک.

***** ***** *****

دوای گوللە بارانکردنی سێ گەنجەکە، حەجاج ئیبن وەحش، پیاوە بەتەمەنەکەی ناردەوە ناو زیندانیەکان،

کە پیـــاوە بەتەمەنەکە چـــۆوە ژوورەوە، لە قـــونیچکێکی تاریـک لەســـەر زەوی ڕاکشـــا، لەنـــاو ئەو تـــاریکیە، گـــوێی لـــێ بـــوو، یەکێـــک لە زینـــدانیەکان بەدزی ئەو شـــیعرەی قانع دەڵێتەوە، کە دەڵێ:

(ئاخرین ماڵی ژیانم کونجی بەندیخانەیە
ئەم کەلەپچە مەرهەمی زامی دڵی دێوانەیە

زۆر دەمێکە چاوەڕێی زرزرەی زنجیر دەکەم
سەیری ئەم زنجیرەکەن وەک زێوەری شاهانەیە

بوکی ئازادیم دەوێ خوێنم خەنەس بۆ دەست و پێ
حەڵقە حەڵقەی پێوەنم وەک پڵپڵەو لەرزانەیە

گەرچی دوژمن وا دەزانێ من بە دیلی لاڵ دەبم
باش بزانێ کونجی زیندانم قوتابیخانەیە

بیری ئازادیم لە زیندانا فراوانتر دەبێ
قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە

گرتن و لێدان و کوشتن عامیلی ئازادییە
تۆپ و شەستیر و کەلەپچە لام وەکو ئەفسانەیە

چاوەڕوانی شۆڕشێکم عالەمێ ڕزگار بکا
میللەتم بۆ ئەو مەبەستە کردەوەی شێرانەیە

چەکی شۆڕشگێڕی من نوسین و بیرو باوەڕە
ڕاپەڕینە، هەڵمەتە پڕ نەعرەتەی کوردانەیە

گەر بە ئازادی نەژیم مردن خەڵاتە بۆ لەشم
نۆکەری و سەردانەواندن کاری نامەردانەیە

قانعم ئەمڕۆ لە زیندانا بە ئازادی دەژیم
سەد هەزار نەعلەت لەوەی وا نۆکەری بێگانەیە)

کە زینـــــــدانیەکانی دەوروبەری گوێیـــــــان لێبـــــــوو،
لەبەرەخۆیـــان چەنـــد مـــنگە منگێکیـــان لێوەهـــات، وەک

ئەوەی زۆریان پێ خۆش بووبێ، ناخیان هاتبێتەوە کەف و کوڵ، ئەو زیندانی بوونەش بە شۆڕش بزانن.
بەڵام، هەندەی نەبرد، دوای خوێندنەوەی ئەو شیعرەو دەنگە دەنگی لەسەر خۆی زیندانیەکان، یەکێک چووە لای دەرگاو لە پەنجەرە بچووکەکەیدا، کە جەللادەکان سەریان هەڵکێشا، پێیان گوت چیت دەوێ؟ گوتی گورچیلەکانم ژان دەکات، پێویستم بە چارەسەرە. ئەوانیش بەڕاکێش ڕاکێش بردیانە دەرەوە، لە پشت دەرگاکە بووە تەپ و هۆڕ، دوای کەمێک دەمە قاڵی فڕێیاندا ژوورەوە، دوو سێ جوێنیشیان پێدا.
دوای ئەو ڕوویداوە، دەرگاکەیان داخست. هەندەی نەبرد، شەش حەوت جەلاد بە ژوورەکە وەربوون، لەگەڵ دەرگا کردنەوە، تۆزێک شوێنەکە ڕۆناک بۆوە، یەکێک لە جەللادەکان گوتی کێ بوو شیعری گوت؟
کەس قسەی نەکرد، بە کێبڵ وەرگەڕا زیندانیەکان بە ڕاست و چەپدا، سەرو گوێلاکی هەندێکیانی خەڵتانی خوێن کرد، گوتی پێم بڵێن کێ بوو شیعری گوت؟ پیاوە بەتەمەنەکە سەری سووڕما لەوەی چۆن گوێیان لەو دەنگە نزمەبوو؟ چۆن زانیان شیعرێک

خوێندراوەتەوە؟ ئەوانی ژوورەوە هەموو خۆ کوردن، چۆن دەکرێ زمان لێکتری بدەن؟

تومەس ئەوەی پێش وەخت چووە لای دەرگاکەو گوتی گورچیلەکانم دێشێ، جاسووس بوو، کەس پێی نەدەزانی، لەگەڵ جەللادەکان وەها پێکهاتبوو لە حالەتی وەها لێشی بدەن. ئەویش هەر شتێک بکرابا، یان شتێک بگوترابا، خەبەری بەدەرەوە دەدا. جەللادەکان یەکێکیان قیت کردوە، دیارە خودی جاسووسەکەش لەناو تاریکی نەیدەزانی بە دڵنیاییەوە کێ بوو شیعرەکەی گوتبوو، بۆیە هەر پێی ڕاگەیاندبوون، شیعرێک لەلایان کەسێک گوتراوە. پێیان گوت کێ بوو شیعرەکەی گوت؟

کەسەکە گوتی نازانم گوێم لە هیچ شیعرێک نەبووە. لەوێ وەرگەڕانە سەرو گوێلاکی بە مست و پێڵەقەو کێبڵ. خۆێن بە لوتیدا هاتە خوارێ. کە زانیان شڕیان کردووە، وازیان لێهێنا.

ئینجا پڕیاندا یەکێکیتر، گوتیان کێ بوو شیعرەکەی گوت؟ ئەگەرچی دەیزانی لێی دەدەن، چ لێدانێک؟

دەیگەینـنە سـەر لێـواری مـردن، ئەویـش گـوتی نـازانم. لەوکاتە حەجاج ئیبن وەحشیش بە ژووری کەوت.

کە گـوێی لێبـوو گـوتی نـازانم، بە داریـک لە دەموچـاوی دا، لەگەڵ دارەکە کەسـەکە سـێ ددانـی پێشـەوەی شـکا، لەپـێش حەجـاج و وان دەسـتی کـردەوەو لەنـاو دەمـی ددانەکـانی تـف کـردەوە، گـوتی بـێ ویـژدانیش ئەوها؟ ئاخەر تەعزیبدانیش سنووری هەیە.

کە وای گـوت حەجـاج داریکـی لە سەریشـی دا، گـوتی سـەگی کـوڕی سـەگ، هێشـتا تـۆ نـاڕازی؟ کەسـەکە بینـی سـێ ددانـی شـکاوەو بەمشـێوەیەش مـامەلەی لەگەڵ دەکەن، یەک بە دەنگـی خـۆی هـاواری کـردو گـوتی بەسـە، بەسـە، بەس. لە داخـان دەسـتی لە پرچـی خـۆی نـاو بە قامـک دەریهێنـا، بەشـەپان وەرگەڕا دەموچـاوی خـۆی، چاوەکـانی پـڕ خـوێن بـوون، هەمـوو وایـانزانی شـێت بـووە. پاشـان یەخەی خـۆی دادڕی و بەدەم هـاوار هـاوارەوە لەنـاو ژوورەکە سـووڕاوە، لەگەڵ سـووڕانەوە، نەیـدەزانی چ لەو قەهـرەی نـاخی و ئەو بـێ دەسـەڵاتیە بکـات تێیـدابوو، لە پـڕ بەغـار لە بـۆ لادیـوارەک چـوو، هەتـا کەلـلە گرتـی لە دیوارەکەیـدا،

لەگەڵ کەللەکە پشتاوپشت بەربۆوە، سەری بووە دوو کەرت و دڵی لەخۆی بۆوە، دیار نەبوو مردووە یان ماوە. حەجاج لە قەهەری ئەو هاوار هاوارە، بەو ڕەوشەش هەتا شاپ گرتی لەناو دەمیدا، گوتی ئەو سەگبابە ڕاکێشن بیخەنە پێش سەگەکان.

جەللادەکان لاقی کەسەکەیان گرت و بەبەرچاوی زیندانیەکان ڕایانکێشا، بردیانە دەرەوەی مەمەڕەکە، لەوێ مەحەجەڕەیەک جیا کرابۆوە، بە شیش و لەحیم، دەورەی بۆکرابوو. پڕیان سەگ کردبوو، ئەو سەگانە ئەوەندە برسیان کردبوون و پاشان گۆشتی مرۆڤیان دابوونێ، هاربووون، بەردەوام چاویان سوور هەڵگەڕابوو. کە کەسەکەیان بە بریندارى فڕێدا ژووڕەوە، هەموو سەگەکان لێکڕا غاریان دایێ و هەریەک دەمی لە شوێنێکی نا، هەندەی نەبرد، تەنیا جلو بەرگەکەی و ئێسک و پروسکەکەی لەوێ دەبیندرا. حەجاجیش لەناو ژووڕەکە درێژەی بە لێپێچینەوەکەداو یەخەی کەسێکیتری گرت، گوتی قوربانیەک قوتارتان ناکات لە چەنگم، پێم بڵێ کێ بوو شیعرەکەی گوت، ئەو کەسەش وەڵامی داوە گوتی

نازانم منیش گوێم لە هیچ نەبووە. حەجاج گوتی ئێوە ئەوها سەگبابن، هەمووتان دەزانن شیعرێک گوتراوە، هەروەها کەسەکە کێشە، کەچی دان پێدانانێن، بۆیە هەر هەمووتان دەرخواردی سەگەکان بدەم هێشتا پێم کەمە. ئینجا ڕووی خۆی وەڕگێڕا بەرەو دەرگاکە ڕۆیی، جەللادەکانیش بە دوای کەوتن، لەبەر دەرگا پێش ئەوەی پێ بخاتە دەرەوە، بە تۆرەیی ئاوڕی داوە، گوتی سبەی لە تۆڵەی ئەو کردەوەتان تەعزیبێک تەعزیبتان دەدەم، هەرگیز لەبیرتان نەچێتەوە.

***** ***** *****

کە سبەینێ داهات، هەموو زیندانیەکانی لە ناو قەفەزی زیندانەکە کۆکردەوە، ژن و منداڵەکان لەلایەک و پیاوەکانیش لەلایەک. لەناو ژن و منداڵەکان گەڕا، ئەوانەی مێردیان لەناو پیاوەکان بوو نیشانی کردن. منداڵەکان لەو کاتەی ئەو بە خۆی و بە پۆستاڵ و جلە سەربازیەکەی، لەگەڵ دووجەللادی تر بە ناویاندا دەگەڕا، دەست بە کێبڵ، بە چاوی زەق و دڵی

ترساویانەوە سەیریان دەکرد. لەناو ژنەکان پیلی منداڵێکی گرت، کە لەوکاتە یەکێک لە پەنجەکانی خۆی دەمژی، لەجیاتی مەمە وشکە، لەناو باوەشی دایکی دەریهێنا، دایکی بە قیژو هۆڕ پڕی دایێ لێی بستێنێتەوە، جەللادەکان گرتیان، منداڵەکەش کردیە زیڕوهۆڕ، تەمەنی هەر پێنج ساڵێک دەبوو.

فانیلەیەکی خەت خەتی شین و زەردی بە سوف چندراوی لەبەر بوو، لەگەڵ بێجامەیەکی قاوەیی سەر چۆک دڕای. دایکەکە زانی بە ڕاکێش ڕاکێش نایدەنەوە، پڕیدا پێڵاوی یەکێک لە جەللادەکان ماچی کرد، گوتی ئەو منداڵە بچووکە توخوا وازی لێ بێنن، حەقی بەوشتانە دا چیە. جەلادەکە پرچی ڕاکێشاو لە خۆی دوورخستەوە.

دایکەکە بێ ئەوەی هەست بە ئازار بکات، هاتەوە پێش لێیان، گوتی منداڵەکانی خۆتان بێنەنە بەرچاو، ڕەحمتان هەبێ، تکایە بمدەنەوە. ئەوانیش وەک ئەوەی دڵیان نەبێ، بەوقسانە مچورکیشیان بە لەشدا نەدەهات، لە قەفەسەکە چوونە دەرەوە.

دایـــکەکە کە بینـــی گـــوێی پێنـــادەن، ڕووی لە قەفەســـی پیاوەکـــان کـــردو بە لەخـــۆدان هـــاواری مێـــردەکەی کـــرد، گـــوتی پیـــاوەکە منـــداڵەکەمانیان بـــرد بـــۆ بـــێ دەنگـــی؟ منـــداڵەکەم، منـــداڵەکەم بـــۆ بگەڕێـــنەوە، زیـــاتر کـــردیە قیژوهـــۆڕ. مێردەکەشـــی لەنـــاو ئەو بـــێ دەســـەڵاتیە، بە قـــورگی پڕگریـــانەوە لەنـــاو پیاوەکـــانڕا لەو دیـــمەنە غەمناکەی دەڕوانی.

دایـکەکە زانـی مێـردەکەی هیچـی پێنـاکرێ، بە غـار چـووە لای قەفەســـەکە، هەردوو دەســـتی بـــۆ حەجـــاج درێـــژ کـــرد، لە شـــوێنەکەی خـــۆی دەســـتی بە هەڵـــپەڕین کـــرد، وەک ئەوەی لەسەر ئاو و ئاگر بێ، لێی دەپاڕایەوە.

حەجـــاج لەنـــاو گۆڕەپـــانی زینـــدانەکە، کە کەوتبـــووە ئەو دیـــوی قەفەســـەکان، هەرچەنـــد مەتریکیـــان بەیـــن بـــوو، بەســـەر ژنەکەنـــدا هـــاواری کـــرد، بـــێ دەنـــگ دەبـــی، یـــان منـــداڵەکەت بـــخەمە پـــێش ســـەگەکان، لەگەڵ ئەو قســـەیە لاقێکـــی منـــداڵەکەی گـــرت و ســـەراوژێر شـــۆڕی کـــردەوە بـــۆ نـــاو قەفەســـی ســـەگەکان، دایـــکەکە گـــوتی نـــا وای لـــێمەکە، دەترســـێ، ئـــاخ، بـــێ دەنـــگ دەبـــم، تەواو، تەنـــانەت ناشـــگریەم، بە دەم هەنســـکەوە فرمێســـکەکانی بەخێرایـــی

سڕیەوە. ئینجا حەجاج لە پێش هەموان هاواری کرد، کێ بوو شیعرەکەی گوت پێم بڵێن؟ ئەگەرنا ئەو منداڵە تەعزیب دەدەم. دایکەکە خۆی پێنەگیراو ڕووی لە پیاوەکان کرد، گوتی توخوا کێ بوو با دانپێدابنێ. حەجاج خۆی تووڕەکرد، گوتی تۆ بێدەنگ بە. لەناو پیاوەکان کەس هیچی نەگوت.

کەچی باوکی منداڵەکە دەیزانی کێ بوو، بەڵام ڕێی بە خۆی نەدەدا ناوەکەی بڵێ، دەیزانی لەوێ لەسێدارەی دەدەن، پێی وابوو ناودانی ئەوکەسە نامەردیە، لەگەڵ شۆڕش و میللەتێکی چەوساوە. لەوەشی باشتر لەبەر دەست نەبوو، خۆی بکاتە قوربانی بڵێ من بووم شیعرەکەم گوت. هەم بۆ ئەوەی وەک باوکێکی باش و میردێکی بە وەفا بە هانای ژن و منداڵەکەیەوە بچێ، کە پێویستیان پێ بوو. هەمیش زمان لە کەسەکە نەدات. هەرچەندە دوو دڵیش بوو، لە ئەنجامدانی ئەو کارە، چونکە ڕێیەک بوو بەرەو مەرگی دەبرد، ناچار کەمێکیتریش ڕاوەستا، دڵی کەوتە لێدان، لەلای خۆیڕا گوتی بردنی ئەومنداڵە ڕەنگە هەر بۆ ترساندنی دایک و باوکەکان بێ، تا دانبەوە دابنێن کە کردیتیان. بەڵام

حەجاج بەوە نەوەستا کەزانی ناگاتە هیچ ئەنجامێک. بڕیاری دا مەنجەڵێک بخەنە سەر ئاگر و ناوی پڕی ئاو بکەن. جەللادەکانیش مەنجەڵێکی ڕەشیان هێنا، ئەوەی حەجاج گوتی ئامادەیان کرد. هەندەی نەبرد، بەهۆی زۆری ئاگرەکە، کە هەمووی بە کۆلکەدار کرابۆوە، ئاوەکە کەوتە بڵق بڵق، دەنگی دەداوە لە زیاد کوڵاویان. حەجاج منداڵەکەی ڕووت کردەوە، دووبارە لاقی گرت و لەسەر مەنجەڵە گەورەکە ڕایگرت، گوتی بیخەمە ناو ئەو ئاوە یان پێم دەڵێن کێ بوو شیعرەکەی گوت؟

دایکەکە بەو دیمەنە یەکجاری شێت بوو، چاوەکانی زەقببوونەوە، نەیتوانی ئیتر خۆی بگرێ، هەر بە بێ دەنگی بمێنێتەوە، گوتی توخوا ئاگات لێ بێ لە دەستت بەرنەبێتەوە ناو ئەو ئاوە گەرمە. لەگەڵ ئەو قسانە سەیری میێردەکەشی کرد ناو پیاوەکان.

وەک ئەوەی بۆ دواجار پێی بڵێ، شتێک بکە، ئەوان وەک هەر ژن و میێردێکی تر، بەو تەماشاکردنە تێگگەیشتن. لەپڕ میێردەکەی لەناو بێ دەنگی زیندانیەکان هاواری کرد، دانپێدادەنێم، گوێم لێ بگرن.

حەجاج ڕاوەستا، منداڵەکەی لەسەر مەنجەڵەکە لابرد، گوتی لە قەفەسەکە نزیک بەوە، باوکی منداڵەکەش نزیک بۆوە. حەجاج لێی پرسی گوێم لێتە قسە بکە. باوکی منداڵەکە گوتی من بووم شیعرەکەم گوت. دایکەکە کە گوێی لێ بوو میێردەکەی وادەڵێ بۆ گەڕاندنەوەی منداڵەکەیان، هەندەیتر هەستی بە بارگرانی کرد، دەیویست لە دیار ئەو دیمەنانەی بە چاوەکانی دەیبینێت ببووریێتەوە، کە کەوتبووە حالەتێک دەبوا ئەو ڕۆژە خۆشەویستێکی لە دەست بدات، چ خۆشەویستێک، منداڵێکی پەپوولە ئاسا، کە جەرگی بوو، لەگەڵ میێردێکی بە هەڵوێست، کە تا ئەوکاتە بە شێوەیەکی ئەوەندە جوامێرانە نەیناسی بوو. حەجاج بە باوکی منداڵەکەی گوت دڵنیای؟ یان دەتەوێ منداڵەکەت ڕزگاری بێ؟

باوکی منداڵەکە گوتی لەو بڕوایەدانیم کەس خۆی تاوانبار بکات، کە بشزانێ لە سێدارە دەدرێ. حەجاج گوتی باشە بیهێنە دەرەوە. جەللادەکان هێنایانە دەرەوە، هەر لەوێ نزیک مەنجەڵە ئاوەکە، پەتێکی سێدارەی بۆ هەڵواسی، کە پێکهاتبوو لەدوو عامووردو

قەنارەیەک، لەگەڵ کندرێکی هەڵقەداری لەسێدارە دان. چونکە بەپێی یاسای بەعسیەکان، هەرکەسێک لەسەر شۆڕشی چەکداری دەست بەسەر بکرابا، گوللە باران دەکرا، هەرکەسێکیش لەسەر شۆڕشی سیاسی بگیرابا لەسێدارە دەدرا. ڕاستەوخۆ باوکی منداڵەکەی لەژێر قەنارەکە لەسەر کورسیەک ڕاگرت، پەتەکەشی کردە ملی. منداڵەکەشی لەسەر زەویەکە هەڵگرتەوە، کە لەبەر گریانی زۆر دەنگی نوسابوو و هەنسکی دەدا.

بە باوکەکەی گوت دەزانم تۆ لەبەر منداڵەکەت درۆمان لەگەڵ دەکەی، دەنا شیعر خوێنەکە تۆ نی. پێم بڵێ کێ بوو شیعرەکەی گوت. باوکەکە گوتی من بووم، بەگیانی منداڵەکەم من بووم. حەجاج گوتی کەوایە هەمان شیعرمان بۆ بڵێوە. باوکەکە لەوکاتە دەمی تێکئاڵا، چونکە نە خوێندەواری هەبوو، نە شیعرێکیشی دەزانی بڵێ.

حەجاج خوێن لە چاوەکانی زا، کە زانی درۆی لەگەڵ دەکەن، بۆیە هاواری کردو گوتی بێ قیمەت، بۆ ڕاستیەکە چەواشە دەکەی؟ بەشەڕەفم ئەمڕۆ هەموو

منـــداڵەکان دەخەمە نـــاو ئەو مەنـــجەڵە ئـــاوە، کەســـەکە خۆی ئاشکرا نەکات.

لەوکـــاتە منـــداڵەکەی بە ڕووتـــی تـــا نـــاو قەدی لە ئـــاوە گەرمەکە هەڵکێشـــا، منـــداڵەکە زیـــڕەی گەیشـــتە ئاســـمان، هەمـــوو ڕان و قـــون و گـــونی لە تەقەلـــۆ دەرهـــات، ئینجـــا بڵنـــدی کـــردەوەو بە هەموویـــانی نیشـــاندا، دواتـــر بەریـــداوە نـــاو ئـــاوە کـــوڵاوەکە، کە کەس لەو بـــڕوایەدا نەبـــوو بەڕاســـتی ئەوە بکـــات. منـــداڵەکە لە ناســـکی و بچووکیـــان چەنـــد جارێـــک پەلـــی هاوێشـــت و نـــاو مەنـــجەڵەکە کـــڕ کەوت، تەنیـــا بڵـــق بڵـــق کـــوڵانی ئـــاوەکە لاشـــەکەی دەجوڵانـــدەوە. دایـــکەکە لەگەڵ ئەو دیـــمەنە لە هۆشـــخۆی چـــوو. کە چـــاوی کـــردەوە، بینـــی پیاوەکەشـــی بەســـەر کنـــدڕەکەوە پەلـــداوێ، هـــیچ کورسیەکیشـــی لە بـــن پێـــی نـــیە، ســـەیری نـــاو مەنـــجەڵە ئـــاوەکەش دەکـــات. تـــومەس لە قەهـــری منـــداڵەکەی بە خـــۆی کورســـیەکەی لە بـــن پێـــی خـــۆی لابردبـــوو. چـــاریگێکی نەبـــرد، وەک تەرمێـــک بە کنـــدرێک هەڵواســـرابێ، ئەوهـــا دەهـــاتە بەرچـــاو، بەســـەر پەتەکەوە گیـــانی ســـپارد و شـــل و خـــاو بـــۆوە. دایـــکەکە بە چـــاوی خـــۆی مردنـــی منـــداڵەکەی

بەمشێوەیەو مردنی مێردەکەی بە لەسێدارەدان بینی. پیاوە بەتەمەنەکەش لەناو قەفەسی پیاوەکان حەپەسابوو، لەو دیمەنە تۆقێنەرو وەحشیگەریەی دەڕوانی. حەجاج بەوەندەش نەوەستا، هەستا بە خاکەناسێک لەبەرچاوی هەموان منداڵەکەی لە ئاوەکە دەرهێنا، چ منداڵێک، هەر هەموو لەشی هەنجن هەنجن ببوو، چاوەکانی زەق ببوونەوە، لە هەندێک شوێنی لەشی، چەرم بە لەشیدا هاتبووە خوارێ، دایکەکە چیتر خۆی نەگرت، دەستی بە قیژە قیژ کردەوەو ناوی منداڵەکەی دێنا، دواتر بە پارانەو گریان گوتی یەکجار بۆم بێنەوە لەباوەشی دەکەم، پێش ئەوەی یەکجاری بزربێ. حەجاج گوێی پێنەدا، بڵندی کرد و تێی هەڵدا پێش سەگەکان. دایکەکە کە ئەوەی بینی، ڕاستەوخۆ قەهر چووە دڵی، قەهرێک ئەگەر ڕێکبکەوێ گۆشتی حەجاج بخوا، چاوەکانی لەگەڵ ئەو قەهرە زەق بوونەوە، سەرو پرچی لەگەڵ ڕاکێشان شێواو. بەمێشکی داهات تۆڵەی منداڵ و مێردەکەی لە حەجاج بکاتەوە، تۆند شیشی زیندانەکەی گرتبوو، دەیویست هەر بەری نەدات، دوای ئەوەی سەگەکان

لاشەی منداڵەکەیان ڕاکێشا ناو ئەو کۆڵیتانەی بۆیان چاکرابوو، دایکەکە ڕووی لە تەرمی لەسێدارەدراوی مێردەکەی کرد، لە دڵەخۆی ڕا گوتی ئەی ئەو پیاوەی لە دواسات ناسیتم، بەڵێن بێ تۆڵەی منداڵەکەم و تۆ لەو حەجاجە بکەمەوە، جا بە هەر ڕێیەک بێ. دەمێک بوو جەللادەکان بە زیندانیەکانیان گوتبوو بڕۆنەوە ژوورێ، کەچی ئەو ژنە دەستی لە شیشەکە بەرنەدەبوو، بەخۆشی نەیدەزانی لە داخی ئەو هەموو قەهرە قوفل بووە. تا جەللادەکان بە ڕاکێشان لە شیشەکەیان کردەوەو لەگەڵ زیندانیەکان ناردیانەوە ژوورێ. دوای ناردنەوەی ژنەکان، پیاوەکانیشیان ناردەوە ناو ژوورەکەی خۆیان. پیاوە بەتەمەنەکە، خەریکبوو لە پێستی خۆی دەربێ. ئەو کەسەی شیعرەکەشی گوتبوو، هەستی بە نائاسودەیی دەکرد، لەناو زیندانەکە هەڵستاوەو دەستی بە دیوار وەگرت، دیاربوو دەیویست پیاسە بکات، لە دڵتەنگیان. ئەو ڕاستە بە دانپێدانەنانەکەی خۆی پاراست بوو، بەڵام خێزانێکیشی کۆرکردبۆوە، ڕاستە مەرجی شۆڕش

دانپێدانەنان بوو، بەڵام ئەو دانپێدانەنانە نا، کە گیانی کەسانی تر بەمشێوەیە بکاتە قوربانی.

پیاوە بەتەمەنەکە هەستی کرد ئەو کەسە بووە شیعرەکەی گوتوە. ڕاستەوخۆ بانگی کردە لای خۆی. کەسەکەش چوو لەلای دانیشت. پیاوە بەتەمەنەکە گوتی دڵت تونـدە وایە؟ کەسەکە لەگەڵ ئەو قسەیە لە جیات هەموویان دەستی بە گریان کردو سەری بە کۆشی پیاوە بەتەمەنەکە کرد، گوتی بەڵێ، زۆریش. بەڵام نازانم چۆن زانیان بەو دەنگە نزمە شیعرێک لەو ژوورە خوێندراوەتەوە؟ پیاوە بەتەمەنەکە دەستی بەسەری داهێناو گوتی فرمێسکەکانت بسڕەوە، پێت دەڵێم. کەسەکە بەپەلە فرمێسکەکانی سڕیەوەو سەری لەسەر کۆشی پیاوە بەتەمەنەکە لابرد، بە دەنگێکی نزم گوتی پێم بڵێ کێ بوو؟ پیاوە بەتەمەنەکە گوتی ئەو کەسەی پێش وەخت چوو لە دەرگایداو گوتی گورچیلەکانم دێشێ، ئەو بوو، ئەو جاسوسە، مەبینە وەک زینـدانیەکانیتر لێی دەدەن. کەسەکە تێگەیی لەگەڵ کێیەتی. لە دڵی خۆیڕا گوتی شەرتبێ لەناوت بەبەم، هەی هیچ و پوچی خۆفرۆش، ئاخەر

هەرکەسانی وەکو تۆش بوو لەناو گەڕەک و گوندەکان زمانی لە خەڵک دەداو ئەو هەموو خوشک و براو مێردو ژن و منداڵ و باوک و دایکەی تووشی عەزابی ئەو زیندانە نەفرەتیە کرد.

بێ ئەوەی هیچیتر بە پیاوە بەتەمەنەکە بڵێ، لە لای هەڵستا، چوو لە نزیک جاسووسەکە لە قونیچکێک خۆی مات کرد چاوەڕێ بوو شەو دابێ. پێی باشبوو لێی دوور نەکەوێتەوە نەوەک لەناو زیندانیەکان بزری بکات. کە شەو داهات، هەموو خەویان لێکەوت، تەنانەت جاسوسەکەش، ئەویش لە شوێنەکەی هەڵستاوەو بە هێمنی چووە سەر سەری، بەبنی پێی پێڵەقەیەکی لە قرقرتۆکی جاسووسەکە دا، پێڵەقەیەک بە هەموو هێزی خۆی داشیگرت، لەگەڵ ئەو پێڵەقەو داگرتنە بەهێزە، ملی و بۆڕی هەناسەی شکاند، نتقی لێ بڕی. دوای ئەنجامدانی ئەو کارە چووە قونیچکێک و ڕاکشا، ڕاکشانێک وەک ئەوەی ئیسراحەتی کردبێ، بە کوشتنی ئەو کەسەکە. کە ڕۆژهەڵات، پیاوە بەتەمەنەکە و زیندانیەکان بینیان جاسوسەکە کوژراوە. هیچ لە زیندانیەکان نەیاندەزانی کێ ئەو

شــەوە لەنــاو تــاریکی ئەو کــارەی کــردووە، تەنیــا پیــاوە بەتەمەنەکە نەبــێ. کە جەللادەکــان دەرگایــان کــردەوە، دووبــارە حەجــاج لێیــان هــاتەوە ژووڕێ، کە چــاوی بە تەرمــی جاسووســەکە کەوت ســەری ســووڕما، لەوەی کوشــتیتیان. ئەوەش دەریدەخســت ئەو هەمــوو تەعــزیبە تــۆقێنەرە ئەو کــوردانەی نەترســاندووە، لەژێــر دەســتی ئەون. تەنــانەت جاسووسەکەشــیان کوشــتووە. بەڵام زۆر بەســەرخۆی نەهێنــا، بە دوو جەلــلادی گــوت تەرمــی ئەو خۆفرۆشــە فڕێــدەنە دەرەوەی زینــدانەکە، نــامەوێ ســەگەکانیش لە گۆشــتەکەی بخــۆن، نەوەک فێــربن لە دواڕۆژ خیــانەتم لێــبکەن و پــڕم دەنــێ. پیــاوە بەتەمەنەکە لە قســەکانی حەجــاجەوە هەســتی کــرد، بەعســیەکانیش کەیفیــان بەو کەســانە نــایێ جاسوســیان بــۆ دەکەن دژی مــیللەتەکەی خۆیــان، چــونکە دەزانــن ئەوانە کەســانێکن لە دواڕۆژ وەفایــان بــۆ ئەوانــیش نــابێ، بەڵام کاریان پێیان بوو.

(٣٠)

ڕۆژی دواتـر بـارق وەک ئەوەی پیلانـی بـۆ داڕێژتبـوو، لەگەڵ تاریـک و ڕوونـی بەیـانی، دووبـارە فەرمـانی کـرد، چیـاکە توپبـاران بـکەنەوە. کە تۆپخـانەکە بەو تاریـک و ڕوونـی بەیـانیە، دەسـتیان بە تۆپبـاران کردنـی لـوتکەکە کـردەوە، لە لـولەی تۆپەکـانەوە ئـاگر یەک پـارچە بـۆ چیـاکە دەچـوو، بـۆن بـارووت بنـارەکەی داگـرت. لـرمەی لە ناکـاوی تۆپەکـان، خەڵکـی گونـدەکەی هەراسـان کردبوو. تا ڕۆژهەڵات ئەو تۆپخانەیە نەوەستا.

لەگەڵ وەستانی تۆپباران کردنەکە، جاشێک چووە لای بارق، پێی گوت خۆت دەزانی وەرز زستانە، بەفر ببارێ دەباری. هێرش کردنی سەربازەکان لەناو بەفر بۆ لوتکەکە زەحمەت دەبێ، ڕۆژانەش بەهەدەردانی ئەو هەموو تۆپە بێ ئەنجام دەبینم. چونکە ئەوە لەبەرژەوەندی پێشمەرگەکانە، ئەوان قسەیەکیان هەیە، دەڵێن یەک فیشەک بە دوژمن بتەقێنی، ئەگەر زیانی گیانی نەبوو بای پارەی ئەو فیشەکە زیانی ماددیت لە دوژمن داوە، جا چ نا ئەو هەموو تۆپە.

بۆیە پێشنیار دەکەم پێش ئەوەی بەفر ببارێ، هێرش بۆ لوتکەکە بکەین و بیگرین. بەپێی ئەو زانیارییانەی هەن، ئەو لوتکەیە نابێ ژمارەی پێشمەرگەکانی تێیدا دەجەنگن ئەوەندە زۆربێ. شوێنێکی گرینگیشە. چونکە دڵنیام ئەوان چاوەڕێی بەفربارین دەکەن. بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر سەربازگەکە. هەر لەبەر ئەوەشە ئەو چەند شەوە بێدەنگن. ئەو جاشە چونکە شارەزای تەواوی ناوچەکەو پێشمەرگە بوو، دەیزانی پیلانەکانی پێشمەرگە چین و پشت بە چ دەبەستن. بارق قەناعەتی بە قسەی جاشەکە هات، بۆیە لەلای

خۆیڕا بڕیاری دا سبەینێ زوو لە هەمان کات هێرش بکەن.

کە شەو داهات، سەربازەکانی کۆکردەوە، لەسەر کاغەزێک وێنەی لوتکەکەی کێشا، سەرەتا گوتی چەند قەناس بەدەستێک دەبێ بچنە پێش و بەرلەوەی دونیا ڕۆناک دابێ لە شوێنێک جێگیربن، بۆ چاودێری کردنی دەوروبەری ئەشکەوت و لوتکەکە. بۆ ئەوەی بەبەردەوامی ئەگەر هەستیان بە جموجۆڵی پێشمەرگەکان کرد، نەهێڵن بە ئاسانی بەسەر پیادەکاندا زاڵ بن، تەقەیان لێبکەن. دوای جێگیربوونی قەناس بە دەستەکان، تۆپباران کردنەکە دەست پێدەکەین، لە ڕۆژەکانی پێشوو چڕتر، دواتر بە پیادەیی لە دووقۆڵ هێرش دەکەینە سەر لوتکەکە، سەربازەکان بە کلاشینکۆف و بیکەیسی بچنە پێش. لە ئێستاوە گەڕانەوە نیە، لوتکەکە دەبێ بگیرێ، سبەی ئێوارە لەوێ دەبێ گۆرانی سەرکەوتن بڵێینەوە.

دوای ئەو پیلانە بارق چەند کەسێکی تایبەتیشی دانا لە دواوەی لەشکرەکە، پێی گوتن هەرکەسێک لەکاتی هێرشکردن ڕایکرد، یان ڕووی خۆی وەرگێڕا

بگەڕێتەوە بۆ سەربازگەکە، یاخود خۆی بە پاش یەخست بیکوژن. ئێمە بەرەو پێشەوە هەنگاو داوێین، نەک بەرەو دواوە. ئامانجمان گرتنی لوتکەکەیە، نەک گەڕانەوە بۆ سەربازگەکە، ئەگەرنا هەر لە ئێستاوە ناجولێین، چونکە بەخۆمان هەر لە سەربازگەکەین، ئەو زەحمەتیە بۆ بخەینە سەرشانی خۆمان؟ ئەوەی لەخۆی ڕانابینێ با لە ئێستاوە بڵێ من لەگەڵ هێرشکردنەکە نایەم، تا دەرپێ قوتەو گۆریەکانی خۆم و سەربازە ئازاکانی پێ بشۆم و ئاوەکەی دەرخوارد بدەم، گوناحە بە کەسی وا بگوترێ سەرباز. ئەگەرنا ڕابەکەن و وەرەی ئەوانیتریش بشکێنن، ئەوە لە دواوە بە دەستی خۆمان دەپێکرێن. سەرباز دەبێ وەک تیر بەرەو ئامانج بڕوا، وەک ئاگر گەرم بێ. هاوشێوەی شێریش ئازا.

سەربازێک ئەو سیفاتانەی تێدابوو، من بە دەستی خۆم سبەینان پۆستاڵەکانی لەگەڵ پۆستاڵەکانی خۆم بۆیاغ دەکەم، چونکە شایانی ڕێزە. سەربازەکان ئەوشەوە تا درەنگ عەتتابەیان گوت. بارقیش لەژێر ساباتی کابینەکە لەدیار بەرمیلێکی پڕ لەئاگر، لەسەر

سندوقێک دانیشت بوو، سەیری لوتکەکەی دەکرد، لەگەڵ چەند جاشێک و سەربازێکی نزیکی خۆی. هێدی هێدی هەستی کرد خەوی دێ، چوو لەسەر یاتاخەکەی پاڵی داوە، کە لەناو یەکێک لە کابینەکان ڕاخستراببوو.

سەربازگەکەش دوای خەوتنی بارق، بێ دەنگی باڵی بەسەردا کێشا، تەنیا پاسەوانەکان بەخەبەربوون. ئەوانی تر هەرکەسەو لەبن خیوەتەکان چوونە ناو کیسەخەوەکانیان. وردە وردە باران دەستی پێ کرد، دەنگی دەهات کاتێک بەر خیوەت و کابینەکان دەکەوت. بارانێکی نەرم نەرم.

پاسەوانەکان، بە ووردی لە نوقتەکانەوە، لە دەوروبەریان دەڕوانی، هەندەی نەبرد عەرد بووە قوور. بارانەکەش خێراتر تێی کرد، لەگەڵ بارانە خێراکە، بایەکی بەهێزیش هەڵی کرد. بارق لە ناو جێگاکەی بە ئاگاهات، سەربازەکانیش بەهەمان شێوە، کە لە کەلەنی خیوەتەکان و پەنجەرەی کابینەکەوە سەیری دەرەوەو لوتکەکەیان کرد، ترس لێیان نیشت.

جاشەکانیش عەجمانیان نەبوو. شەوەکە لە شەوێکی هێمن و بێ دەنگ، گۆڕا بۆ شەوێکی پڕ باو باران.
بارق لە ناو جێگاکەی هەڵستاو هاتە بن ساباتی کابینەکە، لەوێ جامێک ئاوی خستە سەرپۆلیە ئاگرەکەو تاخم تراشەکەی لە ناو کابینەکە دەرهێنا، کە ئاوەکە گەرم بوو، لەبەر ئەو بایە کە جار جار بن ساباتەکەی دەگرتەوە، دەستی بە ڕیش تاشین کرد، دواتر هەندێک پەلەداری خستەوە سەرپۆلیەکان و ئاگرەکە دووبارە ئەو شوێنەی ڕۆناک کردەوە. ئینجا لەپێش ئەو کەمە ڕۆناکیە بە ئاوێنەیەکی بچووک لە خۆی ڕوانی، تا بزانێ ڕیشی باش تاشیوە یان نا، کە دەستێکی پێداهێنا، گوێزانەکەی دەستکردێ و سمێڵی تەواو باریک کردەوە، باریک کردنەوەیەک داوەکانی بن لوتیشی لەگەڵ کرد، ئینجا بێریەکەی لەسەرناو تۆزێک بە لای چەپدا لاری کردەوە، دوای لەسەرنانی بێریەکەی، پوستاڵەکەشی بۆیاغ کرد.
تا ئەو لە خۆڕێکخستنی خۆی بۆوە، دونیا تاریک و ڕوون داهاتەوە. ڕاستەوخۆ چووە شوێنی قەنناس بە دەستەکان تا بزانێ هێشتا نوستوون، یان چووینەتە

نزیک لوتکەکە. کە خیوەتەکەیانی هەڵداوە بینی کەسیان لەوێ نەماون، دیاربوو ڕۆیشتبوون، بێ ئەوەی کەس بزانێ چ کاتێک.

ڕاستەوخۆ لەوێوە چووە لای تۆپەکان، بینی لەوێش ئەوانەی دانـدرابوون بۆ تەقاندنی تۆپ، بە ئاگان، ئەو سەربازگە سێ سەد کەسیە لەگەڵ بە ئاگاهاتنی بارق، لێکڕا بەئاگا دەهاتن، بێ ئەوەی سافیڕەیەکیش لێبدرێ.

بارق یەکەوسەر بە دەستەی تۆپخانەکەی گوت دەست پێبکەن. باران هێشتا نم نم دەبارێ، کەمێک بایەکە هێور ببۆوە، هەورەکان بە سەبری دەڕۆیشتن. لەناکاو ڕێزێک تۆپ بەدوای یەکدا لرمەیان هات، وەک چۆن کەسێک دەست بە ژماردن دەکات، لە ژمارە یەکەوە تا چوارو پێنج سەرلەنوێ گوللەیان خراوە سەرو دووبارە بەدوای یەکدا تەقێندرانەوە. بارقیش بە دووربین سەیری لوتکەکەی دەکرد بزانێ چۆن گوللەکان ئامانجەکە دەپێکن.

لولەی تۆپەکان هەڵمی لێ بڵند دەبوو، بەهۆی ئەو بارانەی بەسەریان دادەباری. سەربازە پیادەکانیش هەر هەموو خوودەو چەک و مەغزەن و حەربەو

ڕومانەیان بە خۆیان وەکردبوو، چاوەڕێی بڕیاری بارق بوون. نەدیم و هاوڕێکانی لەگەڵ دەنگی تۆپەکان لەناو ئەشکەوتەکە بە ئاگا هاتن، ڕەنجدەری لاوچاک، دەستی کردە دووربینەکەی و چۆوە پەنا شاخەکە، لەوێوە سەیری سەربازگەکەی کرد، بەردەوامیش تۆپەکان بەو ئاراستەیەدا، دەتەقێندران، ڕەنجدەر لە کەلەنێکەوە لەناوچاوەی دووربینەکە بینی سەربازەکان خڕبووینەوە، قەرەبالّغیەکی بێ شومار لە ناو سەربازگەکە بەدی دەکرا، بۆیە شکی کرد بەتەمای هێرشن. ئەو خەریکی تەماشا کردنی سەربازگەکەبوو، لە پڕ تۆپێک لەنزیک ئەو تاوێرە بەردە بە عەردی کەوت، قوڕو خۆڵ و تۆزی ئەو چیایەی بەسەردا بارانـد، نەدیم و وان کە لەناوئەشکەوتەکەوە چاویان پێی کەوت وایانزانی پێکراوە، بەڵام ڕەنجدەر هاواری کرد، مێنەدەرەوە تا تۆپباران کردنەکە ڕادەوەستێ، من باشم. کەوای گوت نەک هەر لەشی، بەڵکو کونی چاویشی لە قوڕو خۆڵ هەڵاتبوو، لەو جوڵە جوڵە گوللەیەک لە پشت سەری بە شاخەکە کەوت، هەتا هەستی بە گززەکەشی کرد.

زانی بە قەننـاس تەقەی لێ دەکـرێ، لە کەلەنێکـی تـرەوە، بە دووربیـنەکەی سـەیری ئەو قەد تەلانەی کـرد، کەوتبـووە بەینـی سـەربازگەکەو ئەوان، بە ووردی لە کەلەن و کۆنـدڕو پەنـا بەردەکـانی ڕوانـی، لە شـوێنێک بینـی، پەنـا بەردێـک گـۆڕاوە، شـتێک لەسـەر عـاردەکە زیـاد بـووە، چـونکە ئەوان ئاشـنای بەرد بە بەردی ئەو بنـارو چیـایە ببـوون، ئەوەنـدە تێـی ڕامـابوون. ڕەنجـدەر بـۆی دەرکەوت یەکێـک لەقەننـاس بە دەسـتەکانە لەوێ خـۆی حەشـارداوە. هـاواری نەدیـم و وانـی کـرد، گـوتی مێـنەدەرەوە، قەننـاس چـاودێری ئەشـکەوتەکە دەکـات، دەنگـی ئەو جارجـار لەگەڵ وورشـەی تۆپەکـان وون دەبـوو، دواتـر یەکجـاری نەدەبیسـترا، لەگەڵ بەعەردی کەوتـن و لـرمە گەورەکانیـان. دالّـی سـەردار لەنـاو ئەشـکەوتەکە گـوتی کـوڕینە، مـادەم تۆپبـارانەکە ئەوەنـدە چڕکـراوەتەوەو قەنناسـیش چـاودێری ئێـرە دەکـات، هێـرش دەکەن، هەسـتن خۆتـان ببەسـتن. ئەوان لەو قسـانەبوون، ڕەنجـدەر بە زگە خشـکە گەڕاوە نـاو ئەشـکەوتەکە، دەسـتی کـردە بیکەیسـیەکەی و گـوتی شـوێنی یەکێـک

لە قەننـــاس بەدەســـتەکانم دۆزیـــوەتەوە، دوای وەســـتانی تۆپەکـــان دەزانـــم چـــی لـــێ دەکەم، ئێـــوە گـــوێ بگـــرن، ســـەربازەکان کۆبـــوونەوە، ڕەنـــگە هێـــرش بـــکەن، خۆتـــان ئامـــادەکەن، بە دەرکـــی ئەشـــکەوتەکە مێـــنەدەرەوە، کـــونەکەی پشـــتەوە بـــکەنەوە. لەوێـــوە وەرنەدەرەوەو بەرگـــری بـــکەن. ئەو کـــونە نهێنـــی بـــوو، ئەوان بە پـــارچە بەردی چیـــا گرتبوویـــان، نەوەک ڕۆژێـــک دەرکـــی ئەشـــکەوتەکەیان لـــێ بگیـــرێ و تێیـــدا عاســـێ بـــن. هەمـــوو ئامادەباشـــی خۆیـــان نیشـــان دا. دالّـــی ســـەردار پڕیـــدا زەمـــزەمیەکەی و بەســـەر دەمـــی خـــۆی وەکـــرد، کە وەک هەمیشە پڕی مەی بوو.

ڕەنجـــدەری لاوچـــاک بە پەنـــا شـــاخەکان گەڕاوە پشـــت تـــاوێرە بەردەکە، ســـەیری شـــوێنی قەننـاســـەکەی کـــردەوە، بینـــی هەر وەکـــو خـــۆی لەوێـــیە، جلێکیشـــی پۆشـــیوە لەگەڵ خـــاکە قـــوڕاویەکە لێکنـــاکرێتەوە. ئەویـــش ڕوو لەوئاراســـتەیە لە کەلەنـــێکەوە، بیکەیســـیەکەی خســـتە ســـەر پـــێ. لەوکـــاتەش تۆپەکـــان دەنگیـــان نەمـــا، ڕەنجـــدەر لە بیکەیســـیەکە گەڕا، دووربیـــنەکەی خســـتە بەرچـــاوی و

سەیری سەربازگەکەی کرد، بینی سەربازەکان لێکڕا جولّانەوە، بەرەو چیاکە هێرشیان کرد.

ئەویش هاواری هاوڕێکانی کردو گوتی بە کونەکەدا وەرنە دەرەوە، ئەو حەرامزادانە هێرشیان دەستپێکرد. ڕاستەوخۆش چۆوە گژ بیکەیسیەکە، سێرەکەی لە شوێنی قاناسەکە کردو دەمێک ڕاوەستا، ئەگەرچی دووربوو، بەڵام زانی دەیپێکی، پلی بە پلاپیتکەکەوە نا، چەند فیشەکێک بەدواییەکدا شریقەیان هات، شوێنەکە جولّەجولّی تێکەوت، ئەویش هەر بە نیشان، چەند فیشەکێکیتریشی بەوێ وەنا، لە نزیک ئەو بەردە قەنناس بە دەستەکەی پێکا.

نەدیم و هاوڕێکانیشی لە کونەکەوە هاتنە دەرێ، هەر یەک لە شوێنێکەوە سەنگەری گرت، سەربازەکانیش گەیشتنە ناوقەدی لوتکەکە، نزیکەی دووسەد کەس دەبوون. کە تەواو نزیک کەوتنەوە، نەدیم و پێشمەرگەکان، لەسەرەوەڕا لێیاندان، لە هەموو لایەکەوە بووە شریق و هۆڕی تفەنگەکان، یەک یەک لەو قەد پاڵە سەرباز بەردەبوونەوە. نەشدەبوا پاشە

کشێ بکەن، نەدیم و جوتیارە شێت و دالّی سەردار وهەورازە ڕەش، بە نیشان سەربازەکانیان دەپێکا.
ڕەنجدەری لاوچاکیش گوللەی دەبارند بە سەریاندا، بارانیش پڕوشک پڕوشک هەر بەردەوام دەباری.
لە خوارەوەش بارق بە دووربین سەیری شەڕەکەی دەکرد. سەربازەکان تا نزیک نیوەڕۆ، نەیانتوانی بوو، وەک ئەوەی دەیانەوێ لە لوتکەکە نزیک بکەونەوە.
لەوبەینەش هەتا چاو بڕی دەکرد لاشە کەوتبوو، خودە گلببۆە. پۆستالّ بە پڕ خوێنی بەجێمابوو. بەلّام لەسەر ئەو شکستەش، سەربازەکان بەردەوام بوون لە پێشڕەوی. جوتیارەشێت کە چاوی بە نەگەڕانەوەی سەربازەکان کەوت، پشتێنەکەی لەپشت کردەوەو هەرچی فیشەک هەیە هێنایە نزیکە خۆی، پاشان بە پشتێنەکە هەردووک لاقی خۆی لێک بەستاوە، بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات، کە لە زۆر شوێنیتر پێشمەرگە وای دەکرد، بەو کردەوەش نیشانیدا، ئەو لوتکەیە بەردانی لەسەر نیە، هەتا ئەگەر ئیرادەشی بشکێ، پێی نەبێ پێی بڕوا. کە نەدیم و هاوڕێکانی چاویان پێکەوت، گەرمتربوون لەسەر شەڕەکە،

هەرچەندە فیشەکیان لە کەمبوونەوە دابوو. بارقیش کە چاوی پێکەوت هێرشەکە خاو بەرەو پێشەوە دەڕوا، جیهازی بۆ پێشەوە کرد، پێی گوتن ئەو هێرشە گورجترکەن. دەستەی پێشەوەش فەرمانیان بە سەربازەکان کرد، خێراتر بەرەو لوتکەکە هەنگاو باوێن.

بەڵام نەدیم و وان جێیان قایم بوو، ئەوەی تۆزێک کێشەی بۆ پەیدا کردبوون، ئەو قەناسانە بوون، جار جار تەقەیان دەکرد، دیارنەبوون لەکوێن. لە نەمانی فیشەکیش دەترسان، بۆیە ڕەنجدەری لاوچاک جیهازی کرد بۆ ئەشکەوتەکانی تر، تا هێزو فیشەکیان بۆ بچێ، هەرچەندە گەیشتنی هێزو فیشەک بەو قەد شاخانە تۆزێک زەحمەت بوو درەنگ دەگەیشت.

شەڕەکە گەیشتە دوای نیوەڕۆ، بێ ئەوەی هیچ کامێکیان یەک چرکەش چیە بوەستن. بەبەردەوامی بریندارێش دەگوازراوە لە قەد لوتکەکەوە بۆ ناو سەربازگەکە. بارق تەواو تورە ببوو، لە بەرگری پێشمەرگەکان.

بـۆیە بەخـۆی بەرەو شـەڕەکە چـوو، تـا گەیشـتە ئەو شـوێنەی سـەربازەکان پیـێ گەیشـتبوون، کە سـەربازەکان بینیـان، خوێنیـان هـاتەوە جـۆش، پێیـان خۆشبوو لەگەڵیان دریژە بەهێرشەکە دەدات.

دوای چـوونی بـارق بـۆ پێشـەوە، لەشـکرەکە خێراتـر بـوو لە بەرەو پـێش چـوون. دالّـی سـەردار کە چـاوی پـێ کەوت هێرشـەکە زیـاتر بەرەو پێشـەوە هـاتووە، زەمـزەمیە مەیەکەی بەسـەر دەمـی خـۆی وەکـرد، کە دەمـی هەڵگـرت گـوتی لەو داگیـرکەرانە بـدەن تـا دوا کەسـیان دەکـوژین، بـژی کـورد، بـژی کوردسـتان. هەورازە ڕەش بەدوایدا گوتیەوە.

ئینجـا چەنـد ڕومـانە هەبـوو ئامادەیـان کـرد، زانیـان بـۆ شـەڕی نزیـک هەتـا ئەو شـوێنەی دەتـوانن بیهـاوێن گونجـاوە. هەورازەڕەش لەوکـاتە بە نەدیمـی گـوت کە چەنـد هەنگاوێـک لەولاتـری ئەو لەسـەنگەردابوو، پیـاوی پـاک پرسـاریّک بەس بەڕاسـتی وەڵاممـدەوە، ئەگەر ئەمـڕۆ مـن گیـانم سـپارد، دەمبـووری لەسـەر ئەوەی دووچاری ئەم ڕێگا قوڕسەم کردیەوە؟

نەدیم ڕوومەتی بە لاقی تفەنگەکەی وەنا بوو، گوتی هاوڕێ ئەوە چ پرسیارێکی شێتانەیە؟ بەدڵنیاییەوە، تەنانەت سوپاسیشت دەکەم. هەورازە ڕەش گوتی ئەدی غەریبی مەستان ناکەی؟

نەدیم گوتی بەڵێ، بەڵام ڕێ بەخۆم نادەم پچمەوە بشبینم، تا ئەو بەڵێنەی داومە نەیهێنمە دی. هەوراز گوتی دەمەوێ شتێکیشت پێ بڵێم، تا ئێستا پێم نەگوتوی. نەدیم گوتی چیە ئەو شتە؟ هەوراز گوتی تۆ لەوەیان ڕێگا ڕاستەکەت هەڵبژارد، کە لەپێش دایکی موختارەکە، موختارەکەت نەکوشت. کەسە هەڵەکە من بووم لۆمەم کردی، نەدەبوا بڵێم یەعنی لەبەر دێڵە سەگێک ئەو خائینەت نەکوشت. نا هەرگیز نەدەبوا وا بڵێم، چونکە نەکوشتنی ئەو کوڕە لەوەختێکی وا، گەورەترین چاکەبوو لەگەڵ دایکێک.

ڕەنجدەری لاوچاک لەوکاتە جیهازەکەی دەنگی لێوەهات، دیاربوو لە دوورەوە پۆلە پێشمەرگەیتر بوون پەیوەندیان پێوە کرد، لەپەیوەندیەکە گوتیان هاوڕێیان بەم زووانە لەلای ئێوەین، تەنیا هەوڵدەن خۆتان ڕاگرن.

لەوکـــاتە گـــوللەیەک بە ســـەری هەورازە ڕەش کەوت، لە نزیـــک نەدیـــم، کە هەســـتی کـــرد پێکـــرا، ڕاســـتەوخۆ هەڵستاوە ســەر پێیەکـانی، تفەنگەکەشـی تونـد لە دەسـتی چەپ گـرت، دەسـتی ڕاستیشـی کـردە مسـت و گـوتی (داری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرێ، قەت بەرناگرێ).

دەمێـک بەمشـێوەیە ڕاوەســـتا، دواتـــر بەســـەر دەمـــدا بەربـــۆوە. نەدیـــم هـــاواری کـــرد، هەورازە ڕەش شـــەهید بـــوو، لەگەڵ هـــاوار کـــردنەکەش خـــۆی گەیانـــدە ســـەری، بینـــی چاوەکـــانی هێشـــتا دانەخســـتووە، ســـەیری ئاســـمان دەکـــات، پشـــک پشـــک بـــارانیش دەکەوتە ســـــەر دەموچـــاوی و ڕیشـــی. نەدیـــم ســـەیری پێهـــات بـــۆ چەنـــد چـــرکەیەک پـــێش ئەو ڕووداوە ئەو قســـانەی کـــرد، دەتگوت دەزانی شەهید دەبێ.

دەتگـوت پەشـیمان بـۆتەوە قسـەی بەدایکێـک گوتـووە، لە غەریبـی دایکـی خـۆی، کاتێـک خەبەری شـەهید بـوونی کـــوڕەکەی پـــێ دەگـــات. لەدوا ســـات ڕوو لە ئاســـمان خەنـــدەیەکی کـــرد، لەگەڵ ئەو خەنـــدەیە هـــیچ جـــوڵەیەکی تێـــدا نەمـــا. جوتیـــارە شـــێت لە دووڕەوە کە بەهـــۆی بەســـتنەوەی لاقەکـــانی نەیـــدەتوانی ســـەنگەڕەکە بەربـــدات،

دوور بەدوور دوو تـــکە فرمێســـکی بەســـەر هەردوو لاڕوومەتیـدا هـاتەخوارێ، پاشـان نەیهێشـت گریـانەکە بەســـەریدا زاڵ بـــێ، قـــووتی داوە. ئەوان شـــەو و ڕۆژ لەو ئەشـــکەوتە پـــێکەوە دەژیـــان، بووبـــوونە دۆســـتی گیـانی بە گیـانی، گـران بـوو ببیـنن لەبەر چـاوی یەک شـــەهید بـــن. بـــۆیە بە قەهـــرەوە دیســـان بـــێ دەنگـــی هەڵبـــژاردو فرمێســـکەکانی ســـەر ڕوومەتـــی بە تونـــدی ســـڕیەوە. ڕەنجـدەری لاو چـاکیش لەوکـاتە کە ئەویـش گریـان بە قســـەکانیەوە دیـاربوو، بەڵام دەیویســت وەک ســـەرکردەیەک بیشـــارێتەوە، بـــۆ ئەوەی وردەی ئەوانیتـر دانەبەزێ، بەدەنگـــی بەرز گـــوتی نەدیـــم لەگیـــانی ئەو کەســـانە گەڕێ شـــەهید دەبـــن، ئەوان خوێنیـان دەبێـتە گـــوڵاڵە ســـوورە و ڕووحیشـــیان پەپـــولە، تـــۆ ئاگـــات لەشـــەڕەکەبێ. دوژمـن نزیـک بـۆتەوە. داڵـی سـەرداریش کە گـــوێی لە قســـەکەی هەوراز بـــوو، دەربـــارەی داری ئـــازادی، زانـــی گـــوللەی پێکەوتـــووە، نەیویســـت ئـــاوڕ بـداتەوە، لەو کـاتەش تفەنـگەکەی فیشـەکی تێـدا نەمـا، دەســتی کـردە مەغزەنەکـانی بەر پشـتی بینـی هەمـووی هاوێشـتووە، ناچـار دەسـتی بـۆ ئـارپیجیەکە بـرد، بەپەلە

گوللەیەکی لێ قایم کرد و بە ئاراستەی سەربازەکاندا هاوێشتی، هاوێشتنێک بۆ ئەوەی بتەقێتەوە، لە پێشیان لە کۆمەڵێک بەردی گەورە گەورەیدا. دووبارە گوللەیەکیتریشی لێ قایم کرد، ئەوجارە بە لایەکەی تری وەنا، بەڵام لەبەر ئەوەی بە هیچ شتێکی ڕەق نەکەوت، گوللەکە نەتەقیەوە.

بارقیش لەگەڵ سەربازەکان بێ ڕاوەستان بەرەو لوتکەکە دەهاتن، تەواویش نزیک ببوونەوە، ئەوان زیاتر لە سەرد سەربازیان لێ کوژرابوو، جیا لەوانەی بریندارببوون و بردرابوونەوە سەربازگەکە. نەدیم و هاوڕێکانیشی تەنیا هەورازە ڕەش گیانی سپاردبوو. بەڵام ئەوەی کێشەی بۆ نەدیم و وان خەریک بوو دروست بکات، نەمانی فیشەک بوو. چونکە هەندەی نەبرد جوتیارە شێتیش فیشەکی نەما، بۆیە لە قەهران ڕومانەکانی هەردووک لە ناو کۆشی خۆی دانا، تا ئەگەر سەربازەکان گەیشتنە سەری، خۆی بە ڕوویاندا بتەقێنێتەوە. تا ئەوکاتە پێیەکانیشی نەکرد بۆوە.

ڕەنجدەری لاوچاکیش دەمێک بوو فیشەکی بیکەیسیەکەی خلاس ببوو، تەنیا دەمانچەکەی بەر پشتی مابوو، بەرگری پێ بکات. ئەوەی فیشەکی لەلا مابوو نەدیم بوو. سەربازەکان کە زانیان تەقە کەمبۆتەوە بەڕوویاندا، گەیشتنە نزیک ئەشکەوتەکە، ئەوان بە پەرتی هاتبوون، نەدیمیش بە نیشان بێ ئەوەی دەرفەتیان پێبدا، دوو سێیەکی پێکەوە پێکا. دالّی سەرداریش خەریک بوو لە پێستەکەی خۆی بێتەدەرەوە، هیچی پێ نەمابوو، ڕومانەیەک نەبێ، هەلّقەکەی ئەویشی دەرهێناو زانی لەودیو سەرباز هەیە، پەللاری کرد، هەندەی نەبرد، تەقیەوە.

دوای تەقینەوەی ڕومانەکە، زەمزەمەی مەیەکەی بەسەر دەمی خۆی وەکردو تا ترپاتی تێدا نەهێشت دەمی لێ نەکردەوە، پاشان بە بەرچاوی نەدیم و ڕەنجدەرو جوتیارە شێت، پڕی دا سێ چوار بەردو ڕێک هێرشی بۆ سەربازەکان کرد، ئەو دەوروبەرەی دا بەر گاشەبەردان، یەک بە دەنگی خۆشی دەینەڕاند، دەتگوت لە داخی نەمانی فیشەک و گەیشتنی سەربازەکان بە لوتکەکە شێت بووە، نەگەڕاوە. کە

بەردەکانی هاوێشت دووبارە بەردی هەڵگرتەوەو ڕایوەشاند. لەوکاتە لە لایان سەربازەکانەوە تەقەی لێکرا، سێ چوار فیشەک پێکەوە بەر سینگی کەوت، لەوێ کەوتە سەر چۆک. بارق ئەو دیمەنەی بە چاوی خۆی بینی، دوای ئەوەی لەسەر چۆک خۆی ڕاگرت، دیسان دەستی بۆ بەرد بردەوەو بە حاڵ بڵندی کرد، تا بەڕووی سەربازەکاندا بیهاوێ، بەڵام نەیتوانی، بە بەردەکەوە بەربۆوە سەر تەنیشت.

کە کەوت، بارق زۆر بە ئازایەتیەکەی سەرسام بوو. لەو پەنایەی خۆی حەشار دابوو، هەڵستاوە سەر پێیان و سڵاوێکی سەربازی بۆ کرد. ئینجا بڕیاریدا یەکجاری لوتکەکە بگرن، سەربازەکان ڕاستەوخۆ هێرشیان کرد، نەدیم ئەوەندە فیشەکەی مایبوو، بەناو سەربازەکاندا تەقاندی، دووسێیەکی تریشی پێکا، بەڵام کار لەوە ترازا، ئیتر ڕاوەستن. جوتیار لەوکاتە چاوەڕێ بوو، لێی بێنەپێش، چونکە کەوتبووە پەنایەک، ڕەنجدەریش دەمانچەکەشی فیشەکی تێدا نەما، حەربەیەکی لەدەست گرتبوو، تا خۆی لەو کەسە ڕووبکا، سەر لە حەشارگەکەی هەڵدەکێشێ،

لەناکاو لە دووڕا سەربازەکان تەقەیان لێکرا، چ تەقە کردنێک؟ هەر ئەوەتە پێ ڕاگەیشتن خۆیان قوتاربکەن، لە جیهازەکەی ڕەنجدەرەوە کەسێک گوتی ڕیشەی لەش ئاسن و هاوڕێکانی هاتن، ئەوە گەیشتن، غەمتان نەبێ. چۆن گەردەلولێک لە بارق و سەربازەکانی ئالابێ ئەوها شەڕەکە پێچەوانە بۆوە.

تەنانەت نەدیم و ڕەنجدەرو جوتیارە شێتیش لەو بڕوایەدا نەبوون، ڕیشەی لەش ئاسن بە خۆی بێ. کە تا ئەوکاتە خەونیان بە بینینیەوە دەبینی. شکۆی ڕیشە لەناو پێشمەرگەکان، سەد هەندەی شکۆی بارق بوو، لەناو سەربازەکان. تەنانەت وەکو پیاوێکی ئەفسانەیی چیاکانیش تەماشا دەکرا. کاتێک بارق و سەربازەکان گوێیان لە ناوی ڕیشەبوو، ترس لە دڵیان نیشت. دونیاش بەرەو تاریکی دەچوو. بارق بەحاڵ پاشەکشەی بە سەربازەکان کرد، پاشەکشەیەک، تاک و تەرایان لێ قوتار بوو، زۆربەشیان لەو ڕاکردنە کوژران. ڕیشەو هاوڕێ پێشمەرگەکانی کە گەیشتنە نەدیم و وان، بەپەلە ئاویان دانێ. دوای ئاو خواردنەوە، ڕیشە سەیری دەوروبەریانی کرد بینی

قەوان بە کۆمەڵ لەسەر عەردەکە کەوتووە، لەناو قەوانەکان هەڵقەی ڕومانە و سندوقی کراوەی بێ فیشەک و مەغزەنی بەتاڵ دەبیندرا. تاوێرە بەردەکانی پێشیان هەموو ببووە بێژینگ، لەو دیمەنەڕا دیاربوو لە سبەینێوە لەناو چ شەڕێکی کوشندە بوونە. ڕیشە کە چاوی بە جوتیارە شێت کەوت لاقی بەستاوەتەوەو دوو ڕومانەی لەدەستە، خۆی پێ بە ڕووی سەربازەکاندا بتەقێنتەوە، بە دەستی خۆی گرێی پشتێنەکەی بۆ کردەوەو لە باوەشی گرت، گوتی ئەو نیشتیمانە پیاوی ئازای وەکو تۆی هەبێ، دوژمن داگیریشی بکات تێیدا ناحەسێتەوە.

ئینجا گوتی بزانن کێ بریندارە، کە پێشمەرگەکانی لەگەڵ ڕیشە بوون، بە ووردی سەیری نەدیم و وانیان کرد، بینیان دالّی سەردار ماوە، بەردەکەشی هەروا لە دەستە، بەڵام بەحاڵ هەناسە دەدا، نەدیم و جوتیارو ڕەنجدەر سەریان سووڕما، بەغار چوونە سەری. ئەوان دوای پێکەوتنی ئەو گوللانەی بەر سینگی کەوتبوون، لەو بڕوایەدا نەبوون مابێ بەپەلە لە باوەشیان کردو بردیانەوە ناو ئەشکەوتەکە،

ئاگرێکیـــان لە ژوورەوە کـــردەوەو لە دیـــار ئـــاگرەکە چەند کەسێک خەریکی بوون.

هەندێکیشـــــیان تەرمـــــی هەورازە ڕەشـــــیان هێنـــــا لایەکەیتـــــری ئـــــاگرەکە، ڕەنجـــــدەری لاوچـــــاک و جوتیارەشـــــێت و نەدیـــــم، لەدەوری لەســـــەر چـــــۆک دانیشـــــتن، یەک دەســـــتی خســـــتبووە نـــــاو دەســـــتی، یەک دەســـــتی لەســـــەر چـــــۆکی دانـــــابوو، یەکێکـــــیش دەســـــتی بەڕیشـــــی دادێنـــــا، ئەو ڕیشـــــەی نەرم و درێـــــژ بـــــوو. ڕەنجـــدەر گـــوتی هـــاوڕێ کەی بەڵـــێن بـــوو ئەوهـــا لە ناوەنـــدی ڕێگـــاکە بەجێمـــانبێڵی؟ ئەدی نەتگـــوت تـــا دوژمـــن لەســـەر ئەو خـــاکە مـــابێ، شـــەڕدەکەم؟ جوتیـــار بـــێ دەنـــگ لێـــی دەڕوانـــی، نەدیمـــیش بە چـــاوی بەفرمێســـکەوە گـــوتی ئەو یەکەمین پێشمەرگەبوو بۆ یەکەمجار بینیبم.

دالّـــی ســـەردار بەبرینـــداری ســـەیری تەنیشـــتە خـــۆی کـــرد، بینـــی هەورازە ڕەش چاوەکـــانی لێـــک نـــاوە، بە ڕەنگـــی زەرد لە پـــێش پێشـــمەرگە هاوپۆلەکـــانیەتی، وەک ئەوەی خەوتبـــێ. ئینجـــا چەنـــد پێشـــمەرگەیەک بە نـــووکی چەقـــۆیەکی ســـوورکراوە، لە دالّـــی ســـەردار نزیـــک بـــوونەوە، تـــا ئەو گـــوللانەی لەنـــاو ســـینگی گیرببـــوون،

بـــۆی دەربێـــنن. ئەویـــش پـــێش ئەوەی دەســـت لە برینەکـانی بنـێن، گـوتی مەیـم دەوێ زەمـزەمیەک لەبـن ئەو بەردانە هەیە، دیـــــاربوو دەمێـــــک بـــــوو لەوێ شـــاردبوویەوە، نەدیـم هەڵسـتا بـۆی هێنـا، کە مەیەکەی خـواردەوە، بەســـەری گەرم گـوتی ئـای لەو دڵخۆشـیە کە خـــۆم دەبیـــنم، هێشـــتا لەنـــاو ئەشـــکەوتەکەم و ســەربازەکان تێکشـکاون، لوتکەکەیـان پـێ نەگیـراوە. ئـای لەودڵخۆشیە، ڕیشەی لەش ئاسن لە نزیکەوە دەبینم.

لەوکـــاتە کە پێشـــمەرگەکان زانیـــان مەیەکە کـــاری تێکـــردووە، فیشـــەکەکانیان بـــۆ دەرهێنـــا، پاشـــان شـــوێنەکانیان بـــۆ پێچـــاوەو لەدیـــار گەرمـــی ئـــاگرەکە خەوی لێ کەوت.

کە ڕۆژیـــش هەڵات، لە پـــێش دەرکـــی ئەشـــکەوتەکە، گۆڕێکیـــان بـــۆ هەورازە ڕەش هەڵکەنـــد، لەوێ بە چەک و تـــاخمەکەیەوە، بەدەم گـــوتنەوەی ســـروودی (ئەی ڕەقیـــب) نێشـــتیان، دوو بەردیشـــیان لەم ســـەرو لەوسـەری دانـا، تـا بـۆ هەتـا هەتـایێ لەسـەر ئەو لـوتکەیە بمێنێـتەوە، کە گیـانی لەبـۆ فیـدا کـرد. دوای نێشـتنی هەورازە ڕەش، پێشـــمەرگەکان خڕبـــوونەوە، لەســـەر

لـوتکەکەڕا سـەیری خوارەوەیـان کـرد، تـا چـاو بـڕی دەکـرد تەرم لە قەدپـاڵەکە کەوتبـوو، ڕیشـە بە نەدیـم و ڕەنجـدەرو جوتیـارە شـێتی گـوت، خوێنـدەواریم نـیە، دەنـا بەدەسـتی خـۆم چیڕۆکـی ئەو شـەڕەم لەسـەر بەردێـک هەڵدەکەنـد، لە دەرکـی ئەشـکەوتەکەم دەدا، تـا هەر گەڕیـدەیەک هـاتە سـەر ئەو لـوتکەیە بزانـێ سـەربازگەیەکی بەعـس، دەورەی لەو لـوتکەیەدا، بە چەنـدین جـۆر چەک، نەیـانتوانی بیگـرن، کە پێـنج پێشـمەرگەی ئـازا بەرگریـان لـێ دەکـرد. لەژێـرەوەی بەردەکەش دەمنوسـی یەکێـک لەو پێشـمەرگانە لەو شـەڕە شـەهید دەبـێ، ئەوگـۆڕەی لەپـێش ئەو ئەشـکەوتەیە، گـۆڕی ئەو کەسـەیە، دواتـر بە دەسـتی هاوڕێکانی لێرە دەنێژرێ.

***** ***** *****

دوای ئەو شکسـتە، بـارق چـۆن لەگەڵ سـەربازەکان گەڕاوە نـاو سـەربازگەکە، ڕوو لە لـوتکەکە لەسـەر سـندوقێک دانیشـت، تـا ڕۆژهەڵات خەو نەچـووە

چاوەکانی، یەک یەک دیمەنی شەڕەکەی دەهاتەوە بەرچاو، بە بیبنینی ئەشکەوتەکە بۆ ئەو چەند چرکەیەی دەستەویەخە بوون لەگەڵ پێشمەرگەکان، سەرسام بوو، چونکە گەیشتن بەو لوتکەیەو بینینی شوێنی پێشمەرگەکان لەلای ببووە خەونێک. ئەو شەوە سەربازەکانیش پێیان شەرم بوو، بارق بەخەبەربێ و بچن بخەون، بۆیە تا بەیانی لەدیار بارق خەوەکوتکە دەیانی بردەوە. کە ڕۆژهەڵات لەکن بارق و وانیش تەرمی کوژراوەکان لە قەد پاڵەکە بەدەرکەوت.

ئەو چرکەیەی ڕیشەو نەدیم و پێشمەرگەکانیتر کە تەرمی هەورازە ڕەشیان نێشت و لێک کۆبوونەوە، سەیری خوارەوەیان دەکرد. بارق بە دووربین لەوێی دەڕوانی.

هێدی هێدیش ئەو ڕۆژە هەوایەک هەڵی کرد، کڕێوەی لەگەڵ خۆی هێنا، دواتر بایەکە هێدی بۆوەو کڕێوەکە گەورەتربوو، بووە کڵۆبەفر، لەبەرزیەوە دیاربوون بە سەما بەسەر هەموو شتێکدا دەبارین، بەسەر چیاو لوتکەو ئەشکەوتەکە، بەسەر تەرمە بەجێماوەکان و

ئەو خـــــوودانەی لەوگـــــۆڕە کەوتبـــــوون، بەســـــەر ســـەربازگەکەو گونـــدەکەو شـــارۆچکەکە. ســـەربازەکان لەســـــــەرباری ئەو شکســـــــتە گەورەیە و مردنـــــــی هاوڕێکانیـــان دڵیـــان بە بەفـــرەکە خـــۆش بـــوو، وەلـــێ لە بارینیشـــی دەترســـان، چـــونکە لە ســـەرزاری جاشـــەکانەوە پێیـــان گوترابـــوو پێشـــمەرگە لە شـــەوی ســـەخت و بەفراوی هێرش دەکات.

بـــارق هەســـتی بە برســـیەتی کـــرد، کە زانـــی مـــانەوە بەزگـــی بەتـــاڵ و غەمخـــواردن لەو شکســـتەو هـــاتنی ئەو ســـەرمایە یەکجـــاری پەکـــی دەخـــات، بە دوو جـــاش و ســـێ ســـەربازی گـــوت بـــڕۆنە ئەو گونـــدە لای مـــاڵە مەڕدارەکـــان، ســـەرو مەڕێکیـــان لـــێ بستێنن ، پێیـــان بڵـــێن ســـەربازەکان برســـیتیان، ئەمـــڕۆ بەرەنگـــاری تێکـــدەرەکان بـــووینەوە، ئەو تێکـــدەرانەی دەیـــانەوێ ئاسایشـــی ناوچەکە بشێوێنن.

بـــارق بـــۆیە پێـــی گـــوتن وابڵـــێن، تـــا مەڕدارەکـــان بخـــاتە حالەتێـــک نەوێـــرن بڵـــێن ئەوەی داوای دەکەن نایـــدەین.

دووجـــاش و ســـێ ســـەربازەکە بەرەو گونـــدەکە بەڕێ کەوتن.

بارقیش بەخۆی و چەند سەربازکیتر، لە پێنج شەش جێ نزیک یەک، کۆلکە داریان خستە سەر یەک و ئامادەیان کرد بۆ ئاگر کردنەوە، هەربە داریش دوو داریان لەم لاو لەولا چەقاند، داریکیشیان خستە سەری، تا مەڕی کەورکراوی پێ هەڵبواسن. لەوکاتەی ئەوان خەریکی ئەو کارەبوون لەناو سەربازگەکە، ڕیشەی لەش ئاسن لەبەر دەرکی ئەشکەوتەکە کە چاوی بە بەفربارینەکە کەوت بە نەدیم و هاوڕێکانی گوت ئێمە دەبێ بگەڕێینەوە، ئێستا بای پێوست فیشەکتان بۆ بەجێدێڵم، بەم زووانەش وادەکەم بە سواری هێسترو گوێدرێژ، خواردن و فیشەک و پێداویستیترتان پێ بگات. ئینجا لەگەڵ هاوڕێکانی فیشەکێکی زۆریان بەجێهێشت. پاشان باوەشی لە نەدیم و ڕەنجدەری لاوچاک و جوتیارە شێتدا، دواتر نوشتاوە سەر داڵی سەردارو سەری ماچ کرد، ئینجا لە ئەشکەوتەکە دەرهات و وەک ئەوەی هاتنی لە بۆ ئەولوتکەیە خەونبووبێ، بەپێش پێشمەرگەکان کەوت و بە ناو بەفر گەری و گەری وون بوو، کەسیش

نەیـــدەزانی ئەو کەڵە پیـــاوە بـــۆ کـــوێ دەڕوات، بەڵام دەیانزانی لە کوێ پێویست بێ لەوێ ئامادەیە.

***** ***** *****

بەرەبەری ئێـــوارە دووجاشـــەکەو ســـێ ســـەربازەکە، گەڕانەوە، حەفـــت هەشـــت مەڕیشـــیان دابـــووە پێشەخۆیان بە بارەبار.

کە گەیشـتنە نـاو سـەربازگەکە، بـارق بەخـۆی ئـاگری لە دارەکـان بەردا، چەنـد سـەربازێکیش بە زووتـرین کـات مەڕەکانیـان سـەربڕی و کەوریـان کـرد، هەڵـم لەنـاو زگـی کەلاکەکـان بڵنـد دەبـوو، کە ئـاگرەکە لەنـاو ئەو کەشـە بەفـراویە بـووە پـۆلی، کەلاکە مەڕەکانیـان بە ڕێـز لەسـەر دانـــا، ســـەربازەکانیش بە دیـــار ئـــاگرێکیتر کە بـــۆ خـــۆگەرمکردنەوە دایـــان گیرســـاندبوو، خڕبـــوونەوە، یەکێـک لەنـاو سـەربازەکان دەسـتی بە گـۆرانی گـوتن کـرد، بـۆ هـاوڕێ مردووەکانیـان. هەنـدێکیان فرمێسـک بە چاویانـدا دەهـاتە خـوارەوە، بیـری ماڵەوەیـان دەکـرد. کە دونیـا تاریـک داهـات کەلەشـەکان بە تەواوەتـی بـرژان،

ئینجا سەربازەکان بوونە چەند کۆمەلێک، هەر یەک لەو کۆمەڵانە دەوریان لە کەلەشێکدا.
ئەوەندە برسی بوون، کەلەشەکان بە چاوتروکانێک هیچ گۆشتێکیان پێوە نەما، تەنیا ئێسک و پروسکەکان نەبێ هەندێکیان بەجێ مابوون بەسەر دووپایەکانەوە، هەندێکیشیان دوای کڕاندنەوە، فڕێدرابوونە ئەو گۆڕە.

***** ***** *****

لەو کاتەی بارق و سەربازەکان خەریکی خواردنی گۆشتی مەڕەکان بوون، لە دیار ئاگرو لەژێر هاتنە خوارەوەی بەفر. نەدیم و پێشمەرگەکان لە ناو ئەشکەوتەکە لەدیار ئاگرێک و چایەپەستێک، کە لە لایەکی ئاگرەدانەکە داندرابوو، نان و چایان دەخوارد، لە نان و چا زیاتر هیچ خواردنێکیتریان لەلا نەمابوو، سێبەرەکەشیان لە قەد دیواری ئەشکەوتەکە سەد هەندەی خۆیان گەورەتر خۆی نیشان دەدا. نەدیم بیری لە شەهیدبوونی هەورازە ڕەش دەکردەوە. ئەو ڕۆژەی دەهاتەوە بەرچاو کە لەتاو عشقی مەستان

گونـدەکەی بەجێهێشـت و بەتەنیـا چـووە ئەشـکەوتەکە، وازی لە ئـاوەدانی هێنـا، دوای سـاڵێک تووشـی هەورازە ڕەش بـوو، لەو خەیـاڵە دروورودرێـژە پچڕانـدی، دواتـر لەگەڵـی کەوتە گفتوگـۆ و بەو ڕێـیەی ئاشـنا کـرد، کە ئێسـتا بە تەنیـا بەجێیهێشـتووە. نەدیـم کە مەسـتان و گونـدەکەی بەبیرهـاتەوە، لەگەڵ تـوتکەی ئاقـڵ، چەنـد تـکە فرمێسـکێک بەسـەر ڕوومەتەکانیـدا هـاتنەخوارێ، بـێ ئەوەی بزانێ ئەمشەوە لەگوندەکە چ باسە.

***** ***** *****

کەچـی یەکێـک لە خزمەکـانی مەسـتان کە نـاوی مەردان بـوو، بە خـۆی و بە کۆمەڵێـک ڕیـش سـپی، بەڕێوەبـوون، دەسـت بە فـانۆس بـۆ مـاڵی مەسـتان، بـۆ ئەوەی بیخـوازێ بـۆ سـیاوەردی کـوڕی. مـام ڕواڵ و پوررێحـانی مامانیشـیان لەگەڵ بـوو. کە دانیشـتن لە دیوەخـانەکەی مـاڵی بـاوکی مەسـتان، بەدیـار سـۆبەی دارەوە، پیرەمێـردو قسـەزانانی گونـد، گەلـێ سـەربردەو بەسـەرهاتی کۆنیـان گێـڕاوە دەربـارەی دونیـا. مەسـتانیش لەخـوارەوەی دیوەخـانەکە، لەتەنیشـت دایکـی

خەریکی چا تێکردن بوو، بەفریش لە دەرەوە بەردەوام دەباری، دوکەڵی بۆڕی خانووە قوڕەکانیش هێدی هێدی بەناو تاریکی شەوەکەدا، ڕێی خۆیان دەگرت و پەرت دەبوون. وەک ئەوەی لە ئەزەلەوە لەگەڵ شەو یەک ڕەنگوبۆ بووبن و ئێستا پێکگەیشتبنەوەو تێکەڵ بن، چ تێکەڵییەک؟ کەس لە دوورەوە ئیتر نەتوانێ لێکیان جیابکاتەوە.

لەناو بێ دەنگی مام ڕواڵی مێردی پوورڕیحانی مامان بە باوکی مەستانی گوت، خوا ڕێیەکی بە پێغەمبەرەکان بۆ ناردین، ئەویش هاوسەرگیریە، چونکە لەگەڵ ئەوەدا بوو کچ و کوڕەکان هاوسەرگیری بکەن، بۆ ئەوەی ژیان بەردەوام بێ، وەک چۆن باب و باپیرانیشمان لە سەرەتاوە بەردەوامیان بە ژیان داوەو بە ئەمانەت پێشکەشی ئێمەیان کردووە. ئێمەش دەبێ بە هەمان شێوە پێشکەشی نەوەکانمانی بکەین، خۆشتان دەزانن سەد ساڵ کەس هاوسەرگیری نەکات، ڕەچەڵەکی مرۆڤ لەناودەچێ، ئەوەش گەورەترین گوناحە ئێمە ئەگەر

بـیکەین، بەرامـبەر بەو شـکۆیەی خـوا پێـی بەخشـیوین و لە سەروی بوونەوەرەکان داینـاوین.

پیـرە پیاوەکـان و خەڵکـی نـاو دیوەخـانەکە بـێ دەنـگ دەبـن لەوکـاتەی مـام ڕواڵ ئەو قسـانەی دەکـرد. هەنـدێکیان لە سـادەیی و پـاکی خۆیـان فرمێسـک بەسـەر ڕوومەتەکانیانـدا دەهـاتە خـوارێ، وەک ئەوەی مـام ڕواڵ باسـی تەمەنـی مرۆڤـی کردبـێ لە سـەرەتاوە تـا ئەو دەمەی تێیـدان، ئەوان شـان بەشـانی قسـەکانی مـام ڕواڵ ئەوەی زیـاتر کاریـانی تـێ دەکـرد، خەیـاڵی خۆیـان بـوو، چـونکە لەگەڵ قسـەکەی مـام ڕواڵ وا بیریـان دەکـردەوە ئەگەر زەوی مرۆڤـی تێـدانەمێنێ، بە هەمـوو ئەو شتانەشـەوە پەیوەنـدی بە مـرۆڤەوە هەیە چ ڕوودەدا؟ چ دیمەنێـک بەخـۆیەوە دەبینـێ؟ ئەوان هەسـتیان دەکـرد ئەگەر مـرۆڤ نەمێنـێ خـانووی هەمـوو گونـد و شـارەکان، هێـدی هێـدی کەون دەبـن و دەبـنە هـێڵانەی باڵنـدەکان و کـونی مشـک و مـار. ئەوان درکیـان بەوە دەکـرد خـانووی گونـدو شـارەکان بـێ مرۆڤ چەند غەریب دێنە بەرچاو.

ئینجا مام ڕواڵ دریژەی بە قسەکانیدا و گوتی بۆ ئەوەی سەرتان نێشێنم، ئەوەی ڕاستیبێ هاتووین خوازبێنی مەستان بکەین. مەستان لەگەڵ ئەو قسەیە خۆی لەپەنا دایکی نا و ڕوومەتەکانی سوور هەڵگەڕان. باوکی مەستانیش لە شوێنەکەی خۆی مچۆرکی بە لەش داهات، وەک ئەوەی تازە هەست بکات کچەکەی ئیتر گەورەبووەو هاتوون لێی جیابکەنەوە، کە تا ئەوکاتە هەر وای دەزانی منداڵە ڕەشتاڵەکەی جارانەو دەبێ شەوان لەباوەشی خۆی بیخەوێنێ. بەڵام بەناچاری بەسەرخۆیدا زاڵبوو و دووسێ جار گەرووی پاککردەوەو لەشوێنەکەی خۆی جوڵایەوە، وەک ئەوەی کێچی کەوتبێتە ناو کەوڵی، نایەوێ سەیری دایکی مەستان بکات، نەوەک خۆی پێ نەگیرێ و لەناو ئەو دیوەخانە گەورەیە لە بەرچاوی ئامادەبووان لە قورپەی گریان بدات.

بەحاڵ گوتی بەخێربێن، گەورەتان کردین، دایکی مەستانیش خۆی پێنەگیرا کە هەستی بە مێردەکەی کرد، جۆرە مێوانێکی هاتووە کچەکەی لێ دەبەن، ڕووی خۆی وەرگێڕا، ئەو دەیزانی باوکی مەستان

چەند مەستانی خۆشدەوێ و چۆن چۆنیش گەورەی کردووە.

ئەو دەیزانی مەستان تا تەواویش گەورە ببوو، لەسەرشان و ملی ئەو هەڵپەڕیوە و لە یاری کردن دابووە، ڕاستەوخۆ ئەو پەندەی بەبیردێتەوە کە لە باوانیەوە گوێی لێببوو، نانێک لە ناوەندێڕا کە کەرت بوو، ئیتر یەک ناگرێتەوە، واتا ئەگەر کوڕ یان کچ لە ماڵی باوکی چووە دەرێ و هاوسەرگیری کرد، ئیتر نابێتەوە منداڵەکەی جاران و ئەو بێ سنووریەی پێشترێ وەکو منداڵێکی ئەو ماڵە هەیبوو، نایمێنێ، یان بەخۆی واهەست دەکات نەیماوە.

ئەو میوانانەش هاتبوون ئەو نانە کەرت بکەن، لەناو ئەو ماڵەی پڕبوو لە بۆنی مەستان و شێوەی مەستان و سەلیقەکانی مەستان. مەستان هەموو ژوورەکانی ئەو ماڵەی بە دەستی خۆی ڕازاندبۆوە، ئەو بەخۆی هەندێک مافوری چنیبوو، هەر بەخۆشی هەڵیواسی بوون بەدیوارەکانەوە و دەسکەگوڵەگەنمی لە قونیچکەکانیان دانابوو، هەر بە خۆشی گورینگ و

کەزی بە بەن هۆنیبـــــــۆوە، لە دەورەی ئەو وێنـــــــانەی دووری بوون.

بـــاوکی بە مـــام ڕواڵـــی گـــوت، مـــن لاریـــم نـــیە ئەگەر مەســـتان ڕازی بـــێ، ئەو بڕیـــار لەدەســـت خـــۆیەتی، چـــونکە پەیوەســـتە بە ژیـــانی ئەوەوە، مـــن وەکـــو خـــۆم ســـیاوەردم پـــێ کـــوڕێکی باشـــەو لە منـــداڵیەوە دەیبیـــنم دێت و دەچێت هـــیچ خـــراپەیەکم لـــێ نەبینیـــوە. جـــا ڕاســـتی دەکـــرد، ســـیاوەرد کوڕێـــک بـــوو، بـــێجگە لەوەی جـــوان بـــوو، لە گونـــدەکە ئاقـــڵ و گـــوێڕایەڵی خەڵـــکەکەش بـــوو. لەگەڵ نەدیمـــی عاشـــقی مەســـتانیش هـــاوتەمەن بـــوون، ئەویـــش بەوەی نەدەزانـــی عەشـــقێکی ئەوەنـــدە گەورە لە دڵـــی نەدیـــم دایە بـــۆ مەســـتان، دەنـــا ڕەنـــگە نەچووبـــا خوازبێنی.

ئەو شـــەوە، دوای قســـەکەی بـــاوکی مەســـتان کە گـــوتی مـــن لاریـــم نـــیە، ئەگەر مەســـتان ڕازی بـــێ. میوانەکـــان هەڵســـتان و دۆقەیـــان لەگەڵ کـــرد، تـــا نـــۆرە گەیشـــتە بـــاوکی مەســـتان و بـــاوکی ســـیاوەرد. بـــاوکی ســـیاوەردیش بەرامـــبەر ئەو هەڵوێســـتەی بـــاوکی مەستان نواندبووی بەرامبەر چوونیان بـــۆ خـــوازبێنیەکە

گوتی ئەگەر مەستان خان ڕازیش نەبێ بە سیاوەردی کوڕم، قسە خۆشەکەی تۆ لەبیر ناکرێ، پێشینان بێ هۆ نەیانگوتووە قسەی خۆش لە بەهەشتێ ڕا هاتووە.

ئینجا لە ماڵی باوکی مەستان میوانەکان هاتنە دەرێ و گەڕانەوە ناو گوندەکە. هەر هەموو کەوتنە چاوەڕوانی دوا وەڵام. چونکە داب و نەریت وابوو، دەبوا دواتر کەس و کاری مەستان لە مەستان بپرسن و کچەکەش بیری لێبکاتەوەو ئینجا وەڵامیان بداتەوە، ڕازیە یاخود نا.

دوای ڕۆیشتنی میوانەکان، دایکی و باوکی مەستان لە سۆبا دارەکە نزیک کەوتنەوەو بەیەکەوە دەستیان بە گفتوگۆ کرد، مەستانیش گوێی شل کردبوو بزانێ چی دەڵێن. دایکی و باوکی هیچ شتێک لەو ناشارنەوە تا گفتوگۆیەکەیان بەنهێنی ئەنجام بدەن، چونکە بابەتەکە خۆی پەیوەندی بە مەستانەوە بوو، پێیان وابوو دەبێ کەس نا مەستان بەوە بزانێ چی لەبارەوە دەگوترێت و چۆنیش بیری لێدەکرێتەوە. دوای هەندێک گفتوگۆ کە دایک و باوکی مەستان کردیان، باوکی ڕووی لەمەستان کرد و گوتی کچم ئێستا تۆ گەورە بووی،

سیاوەرد کورێکی باشە. من باسی شێوە و بەژن و بالای ناکەم، باسی کردارەکانی دەکەم، هەڵبژاردنی شێوەشی لەدەست خۆتە، ئەوە ئیشی من نیە. ئەگەر دڵت بۆی دەچێ، لەخۆت ڕادەبینی ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ پێکبێنی، ئێمە پێمان خۆشە، پێمان ناخۆش نیە. ئەگەر دڵیشت بۆی ناچێ، لەبەر دڵی ئێمە شوومەکە، چونکە ئەوە غاراندنی پێستێک، یان ژەنینی مەشکەیەک نیە بە دڵت نەبێ و لەبەردڵی ئێمەش ئەنجامی بدەی، لەبەر ئەوەی باوک و دایکی تۆین. هاوسەرگیری خۆ مەحکومکردنێکی هەتاهەتاییە، هاوبەشیەکی دوورودرێژە، دەبێ تا دونیا ماوە پابەندی بی. مەستان کە گوێی لەقسەکانی باوکی بوو لە شوێنەکەی خۆی هەڵستاوەو چووە تەنیشتی دانیشت، دەستێکی خستە سەر چۆکی و گوتی سوپاس باوکە بۆ ئەوەی ئەو مافەم لێ ناستێنیەوە، بە خۆم بڕیار بدەم، کێ بکەمە هاوسەری خۆم. من ئەمشەو بیری لێدەکەمەوە، بەیانی وەڵامەکەیت پێ دەڵێم. وەکو ڕێزێکیش ئەوەندە لە قسەکانی زیاد کرد

و گوتی هەرچەندە تۆ و دایکیشم ڕازی نەبن، شوو ناکەم.

ئینجا کە هەستیان کرد شەو درەنگە، دایکی مەستان و مەستان پێکەوە جێیان بۆ خوشک و براکەی لە خۆی بچووکتربوون و بۆ خۆیان ڕایەخست، هەرکەس چووە ناو جێگاکەی. باوکیشی زانی شەو سارد، چووە دەرەوە هەندێک دار، لەودارانەی لەسەریەک کەڵەکیان کردبوو بۆ وەرزی زستان هێنایە ژوورەوەو دەرگای بچووکی سۆبەکەی کردەوە، کە هەر لە دەرگای مەعبەدێکی بچووک دەچوو، چەند پارچەیەکی خستە ناوی، ئینجا ئەویش خۆی لەبن نوێنەکەی نا و سەیری بنمیچی خانووەکەی کرد. ژوورەکە کپ و بێدەنگ بوو، تەنیا دەنگی ئاگرەکە دەهات، کە جار جار دارە گڕگرتووەکان بە قرچوهۆڕ دەکەوتن، بەفریش لە دەرەوە بەردەوام بوو لە بارین. مەستان لەلای خۆیڕا سیاوەردی دەهاتە پێش چاو و دڵی بەوە خۆش بوو ئەو کوڕە جوان و قۆزە، لەناو هەموو کچانی لادێکەی ئەوی هەڵبژاردووە، ئەو هەر لەخۆڕا هەستی دەکرد لەگەڵ خوازبێنیەکەی

خۆشەویستیەکی بەپەلەو لەناکاو، خۆشەویستیەک بێ دەرفەت خواستن و سەلام، خۆشەویستیەک لەو خۆشەویستیانەی هیچ پێشبینی ناکرێ ڕووەدات و هیچ بە خەیاڵ دانایێ دێتە ئاراوە. خۆشەویستیەک نەک هەر خەیاڵ دەبێتە ڕاستی، بەڵکو لەدەرەوەی خەیاڵیش بوونی نەبووە، دێتە بوون. ڕەنگە ئەوەش هەر لەبەر ئەو هەڵبژاردنە بووبێ. تۆ کە لەناو کۆمەڵێک کەس هەڵدەبژێردرێی، هەستێکی سەیرە، ئەگەر کە کەسێکیشت خۆشنەوێ، بەڵام کە هەستت کرد کەسەکە خۆشتیدەوێ، خۆشە. ئەو شەوە لەگەڵ ئەو بیرکردنەوانەی مەستان کە بۆنی ڕازیبوونی لێ دەهات شوو بە سیاوەرد بکات، لە ئەشکەوتەکە نەدیم دەمێک بوو لەناو کیسە خەوەکەی ڕاکشابوو، خەیاڵی مەستانی دەکرد، لەلای خۆیڕا بیری لەوە دەکردەوە، دەبێ کەی ئەو ڕۆژەبێ، نیشتیمانێکی ئازاد بۆ مەستان ببات‌ەوە، نیشتیمانێک، لە سایەی ئیسراحەت بکات، نیشتیمانێک هەست بکات هی خۆیەتی و عاشقەکەی بۆی لەدووژمن وەرگرتۆتەوە.

تـــوتکەش لەنـــاو تـــاریکی، بـــێ ئەوەی کەس بزانـــێ ئەو غەریبـی کـێ دەکـات و چـۆن بیـر دەکـاتەوە، لە سـەرمان خـۆی لەنـاو کـۆڵیتەکەی مـات کـرد بـوو، کە بڕێـک کـای لەبنـــی ڕووکرابـــوو، بـــۆ ئەوەی شـــەوی ئەوهـــا ساردوســـووڕ و بەفـــراوی لەنـــاو وەرکەوێ و ســـەرمای نەبێ.

***** ***** *****

بـــارق دوای نـــانی ئێـــوارە، دەمێـــک بـــوو لەســـەرمان چووبـــۆوە ژووری، دەرگـــای کـــابینەکەی لەســـەر خـــۆی داخســـــتبوو، لەگەڵ چەنـــــد ســـــەربازێک، لە دەوری سۆبەیەک خڕببوونەوە، دیاربوو خەویان نەدەهات.

ســـــەربازەکانیتریش چووبـــــوونەوە نـــــاو خیوەتەکـــــان، هەنـدێکیان خەویـان لـێ کەوتبـوو، هێـدی هێـدیش دونیـا لەگەڵ هەڵکشـــانی شـــەو، ســـاردتر دادەهـــات. لە دووڕەوە ســـــەربازگەکە ســـــەیر و بـــێ دەنـــگ دەهـــاتە بەرچـــاو، بەتـــایبەتی کاتێـک دەبینـدرا، تـێلە درکاویەکـان بەفریـان پێـوەیەو چەنـد سـەربازێک بـۆ پاسـەوانی لە نوقتەکانیـان

دێن و دەچن، لەگەڵ هەناسەدان هەڵم لەدەمیان بەرز دەبێتەوە. لەناو ئەو بێدەنگیە، لەسەر ئەو کابینەیەی بارق تێیدا بوو، لەناکاو بووە تەپ و هۆڕ، وەک ئەوەی سێ چوار کەس پێکەوە خۆیان فڕێدابێتە سەر کابینەکەو ئامادەی هێرش بن. لێکڕا سەربازەکانی لەگەڵی بوون، ڕاپەڕین و هەندێکیان خۆیان لە پشت یەکنا و هەندێکیشیان هەر بە دانیشتنەوە دەستیان کردە چەکەکانیان. بارقیش دەمانچەکەی ڕاکێشا و ڕووی لولەکەی لە دەرگا کرد، وەک ئەوەی چاوەڕێ بێ پێشمەرگەکان لێیان بە ژووری کەون، دوای دەمێک بێ دەنگی هیچ هەست و خوستێک نەبوو، بارق لە شوێنەکەی خۆی هەڵستاوەو بەرەو دەرگاکە چوو، بە دەستێک دەمانچەکەی گرتبوو و بەدەستێکیش دەرگاکەی کردەوە، سەربازەکانیش چاوەڕێ بوون لەگەڵ دەرگا کردنەوە تەقە لە ژوورەوە بکرێ، بەڵام دیسان لە سەرماو دابەزینی کڵۆبەفرەکان زیاتر هیچیان نەبینی. بارق کە بە تەواوەتی چووە دەرەوە، لەگەڵ هەنگاوەکانی دوو پشیلەی کێوی دەرپەڕین و لەناو بەفرەکە بەشەڕهاتن،

دیـــاربوو بەدوای بـــۆنی ئەو ئێســـقانانە هـــاتبوون، کە ســـەربازەکان دوای خـــواردنی گۆشـــتی مەڕەکـــان فڕێیـــان دابوونە ئەوگۆڕە.

کە چاویـــان بە بـــارق کەوت، ڕاســـتەوخۆ لە ســـیمەکە ئـــاودیو بـــوون، بـــارق بـــۆی دەرکەوت ئەو تەپە تەپەی لەســـەر کـــابینەکە هـــات، ئەو پشـــیلە کێوێـــانە بـــوونە. لەبەرەخۆی سەرێکی باداو چۆوە ژوورێ.

***** ***** *****

ســوتفە ئەو شـــەوە، چەنـــد کاتژمێرێـــک دوای تەپەی پێـــی پشـــیلە کێویەکـــان، ورچێـــک لە چیـــاکە دابەزی، لە ســـەربازگەکە نزیـــک بـــۆوە، لەگەڵ هەنگاونـــان، کە هەمـــوو ســـەربازەکان لە شـــیرینی خەودا بـــوون، چەنـــد پاســـەوانێک نەبـــێ، بەنـــاو مینەکـــانی دەوروبەری ســـەربازگەکە کەوت، لەگەڵ بەنـــاو کەوتنـــی مینەکـــان لە هەموو ڕاستێک بووە گرم و هۆڕ.

پاســـەوانەکان کە بینیـــان دەوروبەری ســـەربازگەکە بـــۆتە نـــوێژی نیـــوەڕۆ و شـــتێکی گەورە لەبەر ڕۆنـــاکی

تەقینەوەی مینەکان دیارەو غاردەدا، ڕووحیان لەبەر نەما، هەرکەس لە ڕاستی خۆیەوە بەو ئاراستەیە دەستی بە تەقەکردن کرد، لەگەڵ لەرم وهۆڕی لەناکاوی مینەکان و تەقەی تفەنگی سەربازەکان، ئەوانی لە خەویش دابوون، بەخەبەرهاتن، هەرکەس بێ ئەوەی بزانێ مەسەلە چیە، ڕایدەکێشا تفەنگەکەی و ئەو ئاراستەیەی مینەکانی لێ دەتەقیەوە گوللە باران دەکرد، ورچەکەش بەهۆی ئەوەی گەورە بوو بە خێراییەکی زۆریش دەڕۆیشت، زنجیرەک تەقینەوەی بە دوای خۆیدا هێنا. سەریشی لێ شێوابوو بە هۆی دەنگی تەقینەوەکان، لەجیاتی بگەڕێتەوە ناو چیایەکەو قوتاری بێ، ڕێک ڕووی لەسەربازگەکە کرد.

هەندێک لەسەربازەکانیش کە بینیان ئەو دەعبایە ڕاستەوخۆ بەرەو ڕوویان دێ، وایانزانی هێرش دەکات، هەر کەس لە ڕاستی خۆیڕا، ڕایکرد.

کار لەوە ترازابوو ئیتر هیوایان بەوە مابێ بە گوللە لێی بدەن و بیخەن، چونکە ئەو بەناو کێڵگەیەک مین کەوتبوو، بە دەیانی لەبن پێی تەقیبۆوە، نەیوەستاندبوو، بێجگەلەوەش یەک سەربازگە سەرباز

تەقەیان لێ دەکرد، ڕانەدەوەستا، پێیان وابوو تازەش ڕاناوەستێ، ئەوان پەیان بەوە نەدەبرد، بەخۆیان لەگەڵ ئەو هەموو تەقەلێکردنە شێتیان کردووە، دەنا ئەویش دەیویست لەدەستەوان و ئەو هەموو شتەی لە بن پێی دەتەقێتەوە و نەشیدەزانی چیە، قوتاری بێ.

ورچەکە لە شێواویان ڕێک ملی لە سیمەکەی دەوری سەربازگەکە نا، چ مل لێنانێک؟ وەک ئەوەی تاوێرە بەردێک لەقەد ئەو شاخانە غلبووبێتەوەو بگاتە سیمەکەو ڕای مااڵێ، ئەوها سیمەکەی هەڵتەکاند و دایە پێشەخۆی، کە درکەکانی سیمەکە لە پێستەکەی گیربوو، یەک بەدەنگی خۆی هەڵستاوە سەر هەر دووک پێیەکانی و بۆڕاێندی، هەڵم لەناو ساردی و کلۆبەفرەکان لەدەمی هاتە دەرەوە، لە تورەییان و ئازاری ئەو هەموو برینەی لە جەستەی پەیدا ببوو، بەهۆی ساچمەی مینەکان و ئەو گوللانەی سەربازەکان پێیان وەنابوو، هەستی به ئازار کرد، شەپێکی له سیمەکەدا و له پێشەخۆی لای برد، جولەکانی هێدی هێدی خاوبوونەوە، هەندێک لە سەربازەکانیش لە تەقەکردن لێی بەردەوام بوون،

چەند گوللەیەکی هەریقیان بە سەری وەنا، هەندێک لەو گوللانە بە دەموچاوی کەوتن، ئەویش وەک ئەوەی ئاسنێکی سووروەوەکراویان بە دەموچاوی وەنابێ، دەستی بە شوێنی گوللەکان داهێنا و هاواری کرد، لەگەڵ هاوارکردنەکەش زانی گوللەکان وەک باران لە سەرو گوێلاکی نابنەوە، ڕووی خۆی وەرگێڕا، نەیزانی ئەو چەکەی مرۆڤ دروستی کردووە، پڕوشکە بەردێک نیە دەست بخاتە بەری و ئازاری پێ نەگەیەنێ، ئەو چەکە درندەیەکی تەکنەلۆژییە بە هەرکوێ بکەوێ هەر بڕەڕە.

بۆیە بە ئازارو هاوارەوە بۆ دواجار سەیری چیاکەی کرد، وەک ئەوەی کۆمەڵێک یادگاری لەو هەرەت و شاخانە هەبێ و ئیتر ڕۆژگار لێ نەگەڕێ بگەڕێتەوەو لێی دابڕێنێ. ئینجا کەوتە سەر دەم و ئەو لاشە گەورەیە تەپپەی لێوەهات.

بارق و چەند سەربازێک بە حەزەرەوە کە لێی چوونە پێش بینیان ورچە، کە بە هەموویان وەریانگێڕا سەر پشت، دەرکەوت لەگەڵ تەقینەوەی مینەکان دەستێکی قوت بووە، سینگ و زگیشی هەموو شوێنی گوللەیە،

بارق لە دیاری دانیشت، سەری سووڕما لەوەی ئەو هەموو مینە لە ژێر پێی تەقیوەتەوە، ئەو هەموو گوللەیەشی پێ کەوت بوو، هێشتا ڕانەدەوەستا، تا سیمی سەربازگەکەشی لەگەڵ خۆی هەرقەناندوو و هاتە ناو سەربازگەکە، بۆیە بە سەربازەکانی گوت، ئەم ورچە دەڵێی لەو چیایە دابەزیوە بەرەنگارمان ببێتەوە، بینیتان چ جەنگێکی نایەوە بەم وەختە درەنگە؟

سەربازەکانیش پێکەنین، ئەویش لە شوێنەکەی خۆی هەڵستاوەو بە هاوار کردنەوە گوتی بە چی پێدەکەنن؟ خۆتان بینی لە چ حاڵێکدابوون، لە بەرامبەر ورچێک؟ ئاخەر وەختی پێکەنینە، ئینجا تۆزێک بێ دەنگ بوو دواتر شاپێکی لە زەویەکەدا، بەفر بە هەموولایەکدا بڵاوبۆوە، وەک ئەوەی نەفرەت لەو خاکە بکات لە سەری ڕاوەستاوە، پاشان ڕووی کردە ورچەکە و گوتی بە نەفرەت بی، جیا لەوەی زەرەری ئەو هەموو مین و گوللەیەت لە ئێمەدا، دەوروبەری سەربازگەکەشت ئاشکرا کرد بۆ پێشمەرگەکان، مینڕێژ کراوە. ئاخەر شوێنێکیتر نەبوو بۆی بچی ئەو

بـن سـەربازگە نەبـێ، کە هەم ئیشـەکەی ئـێمەت ئـاڵۆز کرد و هەمیش سەری خۆت لەسەردانا.

دواتـر هەڵسـتایەوە سـەرپێ و بە سـەربازەکانی گـوت، سـبەینێ زوو لاشـەکەی دووربێخـنەوە، بەخـۆی بێـزاری کـردم، نـامەوێ بۆنەکەشـی بێزارتـرم بکـات. ئینجـا کە دونیـا ڕۆنـاک داهـات چەنـد سـەربازێک بە کنـدڕ لاشـەی ورچەکەیـان ڕاکێشـا دەرەوەی سـەربازگەکەو خسـتیانە کەنـدێک. کاتێژمێرێـک دوای فڕێـدانی لاشـەکە یەکێـک لە شـوانەکانی گونـدەکە بەوێـدا تێـپەڕی، بینـی لاشـەی ورچێـک لەو گـۆڕە کەوتـووە، کە چـووە سـەری، لە ڕێـی دەسـتە قوتبـووەکەی و شـوێنی گوللەکـانی سـینگ و زگـی، زانـی دەوروبەری سـەربازگەکە مینڕێـژ کـراوە، ئینجـا بـۆی دەرکەوت شـەوی ڕابـردوو دەنگـی ئەو هەمـوو تەقینـەوەیە بەدوای یەکـدا، ئەمجـارە هێرشـی پێشـمەرگەکان نەبـووە بـۆ سـەر سـەربازگەکە، کە لەگونـدڕا وا تێگەیشـتبوون، بەڵکـو ئەم ورچە بـووە. نەدیـم و هاوڕێکانیشـی لە چیـا، ئەمشـەوە کە گـوێ بیسـتی ئەو هەمـوو تەقینـەوەو تەقەکـردنە ببـوون، ئەوانـیش وایـانزانی بـوو، ڕیشـەو هاوڕێکـانین گەڕاینـەوە

و هێرشیان بۆ سەر سەربازگەکە کردووە. شوانەکە دوای بینینی ئەو دیمەنە بە فێڵی داودانانەوە، بەدیوی پشتەوە بە لوتکەکەدا هەڵگەڕا، بەناو ئەو بەفرە خۆی گەیاندە ئەو ئەشکەوتەی نەدیم و پێشمەرگەکان لێی بوون، دوای سڵاو و باوەشکردن پێیاندا، گوتی دوێنێ شەو ورچ بە ناو سەربازگەکە کەوتووە، نەکەن ئەگەر بەتەمان شەو هێرش بکەن لای چیاکە هەڵبژێرن، هەمووی مینڕێژ کراوە، یەک شوێن هەیە بۆ هێرش کردن دەشێت، ئەویش ئەو دیوەی سەربازگەکەیە، کە دەکەوێتە لای گوندەکە، چونکە شوێنی ڕاکێشانی ورچەکە دیاربوو، کە هاتم، ئەوێ مینڕێژ نەکراوە. نەدیم و وان سەریان سووڕما شوانەکە هەواڵی مینڕێژکردنەکەی پێ گەیاندن، دەنا ئەوان دوای بەفربارینەکە پیلانیان دانابوو هێرش بکەن، لەو شەوانە. ڕەنجدەری لاوچاک گوتی بەڕاستی کاریکی چاکت لەگەڵ کردین، بەڵام پرسیارێک؟ لەبەرچی خۆت خستە ئەو مەترسیە، تا ئەو هەواڵە بە ئێمە بگەینی؟

شـوانەکە ئەگەرچـی پێنەدەچـوو هەنـدە دونیـای دیتبـێ، وەڵامـی داوەو گـوتی ئەو نـاوچەیە هـی ئـێمەیە، ئەو سـەربازانە هـاتوون داگیریـان کـردووە، ئێسـتا پێیـان ناخۆشـە بە زمـانی خۆمـان قسـە بکەیـن، لە قوتابخـانەش دەڵـێن دەبـێ بە زمـانی عەرەبـی بخـوێنن و بنوسـن، لە مـزگەوتیش دەڵـێن بە عەرەبـی خـوا بپەرسـتن و هەر بە عەرەبـیش عیبـادەت بـکەن. ئەو زۆرلێکـردنەش وەک ئەوە وایە ڕۆژانە گوژارکمـان دەرخـوارد بـدەن و نەشـهێڵن تفـی بکەیـنەوە، چـۆن دەبـێ لێـنەگەڕێن بەو زمـانەی پێـی لە دایـک بـووینە، قسـەبکەین و بخـوێنین و خـوا بپەرسـتین؟ ئەدی زمـان بـۆچیە ئەگەر بـۆ ئەو شـتانە نەبـێ؟ ئایـا ئەو زوڵـمە هـی ئەوە نـیە بە بچـووکترین هەڵوێسـتیش بـێ بەرەنگاریـان ببـیەوە؟ لەبەر ئەوەیە هـاتووم. ئەو شـوانە یەک لەو کەسـە هەسـتیارانەبوو، ئەگەرچـی نەیتـوانی بـوو بە تەواوەتـی ببێـتە پێشـمەرگەو گونـدەکەیان بەجێبێڵـێ، بەڵام نەشـیدەتوانی شـتێک لە بەرژەوەنـدی شۆڕشگێڕەکان بێ و نەیکات.

بەشی دوازدە

(٣١)

ڕۆژ تـازه هەڵاتبـوو، ڕووبـا لەنـاو گۆڕسـتانەکە لە کـن گالیسـکەکە پـاڵی دابـۆوە، دیـاربوو بە درێژایـی شـەو بەهـۆی ئەوەی خەریکـی ڕنینـی گـرێ و گـواری قەدی دارەکـان بـوو، هەر لەوێ شـەوی ڕابـردوو خەوبردبـوویەوە، کە هەڵسـتاوە، بینـی وەک هەمـوو جارەکـانیتر دڵبـرین بەخەبەر هـاتووەو لەبـن کەپـرەکەڕا چـاودێری پیرێـژنەکە دەکـات، ڕووبـا هەسـتی کردبـوو، کاتێـک هـیچ کەس دیـارنیە، بە سـەیری چـاوی لە

پیرێـژنەکە دەبـڕی، بەڵام کە دەیبینـی کەسـێک سـەیری دەکـات، یـان دیـارە، وا خـۆی دەردەخسـت کێـل هەڵدەکەنێ.

پیرێـژنەکەش لە دوورەوە دیـاربوو، دانیشـتبوو، گەنجەکـانیش نەمـابوون لەنـاو گۆڕسـتانەکە، شـەو هەریەکەو ئـامێرە مۆسـیقیەکەی خـۆی لە شـوێنێک شـاردبۆوەو ئەوێیـان بەجێهێشـتبوو. ڕووبـا لە شـوێنەکەی خـۆی هەڵستاوە سـەر پێیەکـانی و بە بەینـی دڵبـرین و پیرێـژنەکە تێـپەڕی، ڕاسـتەوخۆ لە دەروازەی گۆڕسـتانەکە چـووە دەرەوەو ڕووی لە بـازاڕی شـارەکە کـرد، بینـی سـەر ئەو شـەقامەی دەڕۆیشـت بـۆ بەردەم قەڵاکەو لەوێ بە دەسـتە چەپ پێچـی دەکـردەوە، تـا چـاو بڕدەکـا، خەڵـک دێـن و دەچـن و فرۆشـیارەکان هـاواری کاڵاکانیـان دەکەن، تـا سـەرنجی مشـتەریەکان ڕابکێشـن، بەرەو ڕووی، چەنـد کچێکـی مـۆدێرن دەهـاتن کە جلـی نیمچەڕووتیـان لەبەربـوو، سـەرباری ئەوەی ئەو کەیفـی زۆر بە بـۆنی پرچـی کچـان دەهـات، بەڵام کە نزیـک بـوونەوە چـاوی خسـتە نـاو چاویـان، سـەیری پێهـات بـۆ تـوڕە دیـارن، هەر

هەموو شیان تۆڕەبوونەکەیان هاوشێوەی یەکتر، تومەس ئەو کچانە، لەو جۆرە کچانەبوون، برۆیان تاتۆکردبوو و بەرزیانکردبۆوە، لێویشیان ئەستوور کردبوو، کەپۆشیان باریک کردبۆوە، ڕووبا لەناوەوە، وەک مرۆڤێک ئەوانی هاتە بەرچاو نائاسایی بن، نائاسایی بوونێک پێبکەنن، وەک ئەوەی تێیان نەگەی بە دەم ئەو پێکەنینەوە بۆ تۆڕەن و نێوچاوانیان تێکناوە، یان بە زۆر دڵخۆشن و بەدەم ئەو دڵخۆشیەوە، بۆ دەیانەوێ بگریەن. کە لەوان تێپەڕی، بینی دوو کەس بەرامبەر یەک، بەتوندی گفتوگۆیانە دەربارەی بوون و نەبوونی خوا، دیاربوو، هەر دوو لا، یەکێکیان مولحیدەکان بوون، یەکێکیشیان مسوڵمانە تووندڕەوەکان، خەڵکیش لێیان کۆببوونەوە.

ئەویان خوای ڕەتدەکردەوە هەبێ و کۆمەڵێک ڕەخنەی لە سەر ئیسلام هەبوو، ئەویشیان بە کافر و نەزان ناوی ئەوەکەیتری دەبردو دەیگوت تۆ ئێستا بیژی دەبووی، ئەگەر لەسەر داب و نەریتی ئیسلام دایک و باوکتیان لێک مارە نەکردبا، وەک ئەوەی مرۆڤایەتی لەپێش ئیسلام هەموو بیژی بووبن. لەو

شـــارە بەتـــایبەتی لەو ســـاڵەی ڕووبـــا ڕووی تێکردبـــوو، بەهێزتـــرین بەریەک کەوتـــن هەبـــوو لە بەینـــی بـــێ دینەکان و بەدینەکان.

ڕووبـا هەردووکیـانی وەکـو یەک هـاتە بەرچـاو، کە بینـی وەهـا بە مـوتلەقی گفتوگـۆ لەســەر شـتێک دەکەن، لە لای کەســیان ڕوون نـــیە، لەو دیـــو چ هەیە. حەزی دەکـــرد نمـــوونەیەک بێنێـــتەوە، بچێـــتە بەینیـــان بیســـەلمێنێ ئەو بەریەککەوتـــنە کەس نـــاگەینێتە ئەنجـــام، دەکـــرێ هەردوو لاش هەڵە بن.

بەڵام پێـی زوو بـوو، بـۆیە بە مێشـکی داهـات شـتێک بکـات، نەک هەر ئەو دووانە. بەڵکـو هەمـوو بـێ دیـن و بەدینەکـان بخـاتە بیرکردنەوەیەکـی تـر، بەڵام لەکـاتێکیتر، کە قەرەبـــاڵغیەکەی تێپەڕانـــد. ڕاســـتەوخۆ چـــووە نـــاو کـــۆڵانی دارتاشـــەکان، لەوێـــوە ڕووی لە دوکـــانەکەی داودی دارتاش کرد، کە تازە داود کردبوویەوە.

لەبەر دەرگـــا بە دەنگێکـــی نەرم گـــوتی ســـڵاو مـــامەی دارتـــاش. داود کە لەوکـــاتە خەریکـــی ئیشـــکردن بـــوو، ســـەری بڵنـــد کـــرد ناســـیەوە، دەســـتی لە کـــارەکەی هەڵگـــرت و ســـڵاوەکەی وەڵام داوە، ڕاســـتەوخۆش

بەبیری هاتەوە، هێزی زێرەڤانی بەدوای ئەو کەسەدا دەگەڕێن، بەسەرێکیش پێی ناخۆش بوو ئەو کەسە هاتۆتەوە بەر دوکانەکەی.

بە ساردی پێی گوت فەرموو چیت دەوێ تا پێتی بدەم، ڕووبا گوتی مامە چیە، دەڵێی نامناسیەوە؟

داودی دارتاش ئەو قسەیەی پێناخۆشبوو، کە ڕووبا هەستی کردووە لەگەڵی ساردە، چونکە داود وەک خۆی خۆشەویستی ڕووبای چووبووە دڵ، بەڵام دەیزانی دەسەڵاتداران لەدوویەنە بیگرن. بۆیە لە شوێنەکەی هەڵستاوەو لێی چووە پێش، گوتی ئەوها بڕوا کۆترە سپیەکە دەگیرێ، باڵندە ڕەشەکان لە دوویەنە. ڕەنگە پیرە بەبەغایەکەش بەو ئاگرە بسووتێ. داود بۆیە وا قسەی کرد تا تێی بگەینێ چ باسە.

ڕووبا نەیزانی چی دەڵێ، داود ناچار سەری بردە بن گوێی و گوتی ئەی غەوارە، دەسەڵاتداران بەدواتدا دەگەڕێن بتگرن، هاتوونە ئەو دوکانەش، تکادەکەم چیت دەوێ پێم بڵێ بتدەمێ بەڵکو زوو لێرە بڕۆی، تەنانەت پێشنیاردەکەم ئەو شارەش بەجێبێڵی.

ئەوانە کەسێک بگرن، تا کەوڵی نەکەن وازی لێناهێنن، بۆ تووشی ئەو ئازارە ببیەوە؟

ڕووبا گوتی لەبەرچی هەمووتان پێتان وایە بڕۆم باشترە؟ یان وازبێنم، یان لەو ڕاستیە ڕاکەم کە دووچاری من دەبێتەوە؟ نا، من دەبێ لێرەبم، بۆ ئەنجامدانی ئەوکارانەی ئەوجارە بۆی هاتووم. داود زانی بێ سوودە لەگەڵ ئەو گەنجە خوێنگەرمە، گوتی بە دڵی خۆت بکە. گرینگ ئاگادارم کردیەوە، مەترسیت لەسەرە. ئێستا پێم بڵێ چیت دەوێ؟ ڕووبا گوتی بۆ سمپارەو ڕەنگ و فڵچەو سپرتۆ هاتووم. داود گوتی دەکرێ پێم بڵێی ئەو شتانەت بۆچیە؟ ڕووبا گوتی بەڵێ، دەمەوێ گالیسکەیەک دروست بکەم.

داود سەرێکی بادا نەیویست زیاتر بچێتە ناو ووردەکاریەکان، پرسیار لەدوای پرسیار بکات بڵێ باشە گالیسکەت بۆ چیە.

زانی بردنی ئەو کەل و پەلانەش لەلای ئەو تووشی کێشەی دەکات، بەڵام دڵی نەدەهات نەیدانێ، بۆیە لە قونیچکێکی دوکانەکەی ئەو شتانەی ڕووبا داوای

کردبوو، بۆی هێنا، پارەشی لێ وەرنەگرت، هەرچەندە ڕووبا ئەوجارە بێ پارە چووبووە پێش دوکانەکەی.
کە ڕووبا لەلای ڕۆیی، بیری کردەوە دەبێ ئەو کوڕە هەمان ئەو کەسە نەبێ، کە دەڵێن هاتۆتە ناو شارو داڕێکی بەدوای خۆیدا ڕاکێشاوەو قسەی سەیروسەمەرەی کردووە، ئەگەر هەوە، بۆ جاری پێشوو باسی هیچی نەکرد؟ چەندی بیری کردەوە سەری لەو چیرۆک و سەربردەیە دەرنەکرد، کە کەوتبووە سەر زاری خەڵک و دەسەڵاتی بە جۆڵە خستبوو. ڕووبا کە کەل و پەلەکانی لە کن داودی دارتاش برد، گەڕاوە ناو گۆڕستانەکە، لە دەروازەکەڕا بینی دڵبرین چۆتە لای پیرێژنەکە و لە تەنیشتی دانیشتووە، دەستێکیشی خستۆتە سەر ملی، گڵاسێک ئاویشی بە دەم وەدەکات. ڕووبا سەیری پێهات، چونکە تا ئەوکاتە دڵبرینی نەبینی بوو ئەوەندە لێی نزیک بکەوێتەوە. ڕووبا دڵی بەو دیمەنە خۆش بوو، تەنانەت ئاواتی خواست پێچەوانەی تێڕوانینی خەڵکی پەیوەندی سۆزداریان لە نێوان دروست بووبێ. هەرچەند بە تەمەنیش بن. لەوکاتە کە دڵبرین ئاوڕی

داوە ڕووبا سەیریان دەکات، بەخێرایی دەستی لەسەر ملی پیرێژنەکە لابردو لەتەنیشتی دوور کەوتەوە، لەگەڵ دوورکەوتنەوە، گڵاسەکەشی لە دەست بەربۆوە خوارێ و ئەوەندە ئاوەی تێیدامابوو، ڕژا.

ڕووبا دڵی بەو دیمەنە توند بوو، لە دڵە خۆی پەشیمان بۆوە بەمشێوەیە سەیری کردن، چونکە پێی وابوو دڵبرین بۆیە بەمشێوەیە ترسا، ڕەنگە وابیریکردبێتەوە، بەو سەرو پرچە سپیەوە دڵداری بکات شەرمە، بە تایبەتی ئەگەر لەلای کەسێک ببینێدرێ، نەیدەزانی ئەوە لەلای ڕووبا جوانترین دیمەنە، وە پاکترین خۆشەویستیشە، کە جنس زاڵ نیە داگیری بکات. چونکە ئەو کوڕی سەردەمێکی وەهابوو، نەک هەر پیرەکان، بەڵکو گەنجەکانیش بە نهێنی یەکتریان خۆشدەویست، تا کەس ناوی مەحبووبی کەس نەزڕێنێ.

(٣٢)

ئـاینور لەنـاو جێگـاکەی پـاڵی دابـۆوە، موبایلەکەشـی خسـتبووە بـن بـالیفەکەی، لەپـڕ تەلەفـۆنێکی بۆهـات، کە سـەیری کـرد بینـی تەنیـا ژمـارەیە، هـیچ نـاوێکی لەسـەر نەنوسراوە.

بیـری بـۆ ئەوە چـوو، ڕەنـگە شـەهریار بـێ، خوشـکەکەی ژمـارەی ئەوی پێـدابێ. زەنگـی یەکەم هەڵینەگـرت، هەنـدەی پێنەچـوو، دووبـارە زەنـگەکە لێیـداوە، ئەوجـارە بە تـرس و دڵەڕاوکێـوە هەڵیگـرت، سـەرەتا هـیچ

قسەیەکی نەکرد، تا لە تەلەفۆنەکە کەسەکە پێی گوت سڵاو، ئایا ئەوە ژمارەی ئاینورە؟

ئاینور ڕاستەوخۆ دەنگەکەی ناسیەوە، دەموچاوی شێوەی غەمێکی قوڵ و خۆشیەکی پڕ لە دڵەڕاوکێی لێ نیشت، یەکەمجار بوو گوێی لەناوی خۆی بێت لەسەر زاری ئەو کەسەی خۆشیدەوێ. بۆیە بە غەریبیەوە گوتی بەڵێ منم دەبێ تۆش شەهریار بی؟ کەسەکە وەڵامی دایەوە بەڵێ شەهریارم، خوشکەکانم باسی هاتنی تۆ و هاوڕێکەتیان کرد، دوێنێ شەو. ژمارەکەشتیان پێدام، گوتیان کتێبی دەوێ، دەیەوێ تۆژینەوەیەک بکات.

ئایا دەتوانی کتێبەکانم بۆ دەستنیشان بکەی؟ تا بۆت پەیداکەم؟ ئاینور دەستەکانی دەلەرزین، دەنگی لەرینەوەیەکی سەیری تێکەوتبوو، پێی شەرم نەبا بە گریانەوە دەیگوت چ کتێبی دونیا هەیە دەربارەی عەشق بۆم بێنە، بزانم چیان گوتووە لەسەر بارودوخی من، چیم داوە لە تۆژینەوەکە ئەی شەهریار، بۆ گەیشتن بەتۆ ئەوە بەهانە بوو.

بەڵام نەدەکرا کە یەکەمجار بوو لەگەڵی بدوێ، ئەوها قسە بکات، ناچار ناوی چەند کتێبێکی گوت کە لە هیچ شوێنێکی ئەم دونیایە هەر نەبوون، بۆ ئەوەی شەهریار بەردەوام بەدوایانداا بگەڕێ و پەیوەندی پێوە بکات.

ئینجا شەهریار کە ناوی کتێبەکانی لێ وەرگرت، ئاینور بۆ ئەوەی بزانێ لە ئاوەکەی خواردۆتەوە یان نا، پێی گوت بەو هیوایەم دیاریەکەی دایکمت بەدڵ بووبێ. شەهریار ڕاستەوخۆ تێگەیشت، چونکە خوشکەکانی پێیان گوت بوو دایکی ئاینور چۆتە حەج، ئەو ئاوەی بەدیاری لەگەڵ خۆی هێناوەتەوە.

شەهریار گوتی بەڵێ بەدڵم بوو و لە هەموو ماڵەوەش زیاتر لێم خواردەوە، دەستی تۆ خۆشبێ و خواش حەجەکە لە دایکت قبوڵ بکات. کە شەهریار ئەوهای گوت، ئاینور دەترسا تەلەفۆنەکە دابخا، ئێ لەوەش زیاتر قسەیەک نەمابوو بیکەن، ئەوەی هەبوو لە دڵی ئاینور پەنهان بوو. بۆیە لەوێ شەهریار خواحافیزی لێکردو دایخست. دوای داخستنی تەلەفۆنەکە ئاینور کە نەیتوانی هیچ لەو شتانەی پێ بڵێ لە پێناوی

کردبـــووی، هەنـــدەیتر دڵـــی گیـــرا، دڵ گیرانێـــک، مەگەر هەر خـــۆی ڕۆژێـــک لە ڕۆژان شـــەرحی ئـــازارەکەی بکـــات. لەدڵ تەنگیـــان ڕاســـتەوخۆ تەلەفـــۆنی بـــۆ لیـــای هـــاوڕێی کـــرد، کە لیـــا وەڵامـــی دایەوە، پێـــی گـــوت ئـــاینور چ قەومـــاوە، قەت تـــۆ نەبـــووی دانـــی ســـبەینان ئەوهـــا زوو لە خەو هەڵســـتی و پەیوەنـــدیم پێـــوە بـــکەی. ئـــاینور پـــرچە خـــاو و ڕەنـــگ لمـــیەکەی لەســـەر شـــان و ملـــی کـــۆکردەوەو خســـتیە لایەک، بە چـــاوە ســـەوزەکانیشـــی ســـەیری پێشـــە خـــۆی کـــردو لەســـەر جێگـــاکەیڕا هەردوو لاقـــی خســـتنە نـــاو یەک، گـــوتی کچـــێ چیـــت پێـــبڵێم نـــازانم، شـــەهریار تەلەفـــۆنی کـــرد. لیـــا گـــوتی ئـــێ چـــی گـــوت؟ ئـــاینور گـــوتی هـــیچ تەنیـــا نـــاوی ئەو کتێبـــانەی دەویســـت، مـــن پێویســـتم پێیـــانە. لیـــا گـــوتی جـــا تـــۆ نـــاوی چ کتێبێکـــت پێـــدا؟ ئـــاینور خەندەیەکی کـــرد، گـــوتی نـــاوی هەندێک کتێب هەر نـــیە .
لیـــا گـــوتی ئەوە بەڕاســـتتە؟ ئـــێ لەبەرچـــی وات کـــرد. ئـــاینور گـــوتی تـــا بەردەوام تەلەفـــۆنم بـــۆ بکـــات، لەو ڕێـــیەم باشـــتر شـــک نەدەبـــرد. لیـــا گـــوتی تـــۆ چ شـــەیتانی، قەت بڕوام نەدەکرد ئەوها بکەی.

ئەدی لە ئـاوی نوشـتەکەی نەخواردبـۆوە؟ ئـاینور گـوتی بـا، بەقسـەی خـۆی لە هەمـوو مـاڵەوە زیـاتری لـێ خـواردۆتەوە. لیـا گـوتی بڕوانـاکەم کەس لە چەنگـی تـۆ دەربـازی بـێ. ئـاینور گـوتی بـۆ پێـت وایە ئەوەنـدە هـارو هاجم؟

لیـا گـوتی نـا، مەبەسـتم ئەوەنـیە بە هەڵە تـێمەگە، مەبەسـتم ئەوەیە، بـۆ ئەو شـتەی خـۆت دەتەوێ زۆرزانـی. ئـاینور گـوتی لیـا بـڕوابکە بەو کـارانە دڵتەنـگ دەبـم چـونکە دەزانـم جـوان نـین، بەڵام هەمـووی لەپێنـاو گەیشـتن بە شـەهریارە، تەنیـا ئەوەنـدە. لەپێنـاو هیچیتـر نیە، خۆزگەم بەخۆت.

ئـاینور کە ئەو خـۆزگەیەی بە لیـا خواسـت حەقـی خـۆی بـوو، چـونکە لەو شـارە کەس لە لیـا بـێ کێشـەترو ئـازادترو پـڕ جـولەتر نەبـوو، ئەو کەسـێک بـوو بـڕوای بەوە نەبـوو عەشـق و خۆشەویسـتی کەسـێک بەختەوەر بکات.

تەنـانەت هـیچ کـات ڕێشـی بەخـۆی نەدەدا دڵـی بەکەس بـدات، چـونکە پێـی وابـوو لە دڵ ناسـکتر نـیە، شوشـەیەکی تەنـک و ئـاوییە، پـڕ بە چەنگـی خـاوەنەکەی،

که دایه کەســـــێک، لەســـــەر میزاجـــــی ئەو کەســـــە دەمێنێـتەوە چـۆن هەڵسـوکەوتی لەگەڵ دەکـات. چ کاتێـک بـــاش دەیپارێزێـــت و چ کـــاتێکیش تـــوڕە دەبێـــت و دەیشـکێنێ. دەبـوا پـاش بەخشـینی دڵـی بەهەر کەسـێک ئیتـر چـاوی لە دەسـتی کەسـەکەبێت، چـی لەو شوشـەیە دەکـات، جـا لە هەمـووی باشـتر پێـی وابـوو، هەر لە لای خـــۆی بێـــت، زیرەکـــانەترە. بـــڕوای نەدەکـــرد کەس لە خـــۆی باشـــتر بیپـــارێزێ، چـــونکە قەت گـــوێی لێنەبـــوو کەسـێک هەبـووبێ دڵـی خـۆی شـکاندبێ، هەر گـوێی لـێ ببـــوو کەســـێکیتر دڵـــی کەســـێکیتری شـــکاندووە. ئەو خولیـــای خـــۆفێرکردنی هەبـــوو. هەســـتی دەکـــرد گەڕان بەدوای خـــۆفێرکردن، جـــا ئەو فێرخـــوازیە هەرچـــی بـــێ، لێـی بە چێژتـر نـیە، مـرۆڤ لەم ڕێـیەوە هەمیشـە دەتـوانێ ڕووحێکی زیندووی هەبێ.

***** ***** *****

شـــــەهریار دوای ئەوەی بە تەلەفـــــۆن قســـــەی لەگەڵ ئـــاینور کـــرد، لە مـــاڵەوە هـــاتەدەرێ و بەرەو بـــازاڕی

کتێبفرۆشەکان ڕێی گرت، لەڕێگا ناوی کتێبەکانی دەهێناوە بیرەخۆی نەوەک کە گەیشتە ئەوێ، لەبیریان بکات، یان ناوەکە بەهەڵە بڵێ.

کە گەیشتە بن دیواری قەڵای شارەکە، چووە لای ئەو کتێبفرۆشەی دەمێک بوو لەوێ کەپرێکی دانابوو، لەپێش کەپرەکە کتێبی نوسەرانی بیانی و ناوەخۆی خستبووە ڕوو.

سەرەتا چاوێکی بەسەر مێزەکەدا خشاند، گەلێ ناونیشانی کەوتە بەرچاو، بەڵام ئەوەی ئاینور پێی گوتبوو نەبوو، ناچار لە کتێبفرۆشەکەی پرسی، ئەویش وەڵامی داوە بێ ئەوەی بزانێ ئەو کتێبانە هەر نین تا واخۆی دەرخا لە مەسەلەی کتێب و نوسین ئەزموونێکی دوورودرێژی هەیە، گوتی ئەو کتێبانەم هەبوون، بەڵام بەداخەوە، نەمماون چاپی نوێشی نەکەوتۆتە بازاڕ، بڕۆ ڕەنگە لەلای کتێبفرۆشەکانیتر مابن. شەهریار بە دڵخۆشیەوە، ئەو کتێبفرۆشەی بەجێهێشت و بەرەو کتێبفرۆشەکانیتر شۆڕبۆوە، کە شوێنەکەیان کەوتبووە پشتەوەی قەڵاکە.

کە گەیشتە لای ئەوانیش، کەوتە سۆراغی کتێبەکان، یەک کەس لە کتێبفرۆشەکان نەیگوت نەمزانیوە ئەو کتێبانە هەبن.

هەندێکیان گوتیان نەمان ماوە، کتێبیترمان هەیە لە جیاتی بیانبە، هەندێک هەر لەخۆڕا ناوی نوسەرە بەناو بانگەکانییان دەهێناو دەیانگوت ڕەنگە هی فلاّن نوسەرو فلاّن نوسەر بێ، ئەو کتێبەیان نەماوە، بەڵام کتێبیترمان هەیە، هی هەمان نوسەر. هەندێکیشیان ئەوەندە کتێبی خوێندبۆوەو بابەتەکانی ناوی دەرخ کردبوو، بێ بیرکردنەوە، لە وەڵامی پرسیارێک ئامادەبوو پێنج کاتژمێر بە دەوری خۆیدا بخولێتەوەو قسە بکات.

شەهریار بەدیار ئەو هەموو ڕێنیشاندان و پێشنیارە ووشکە سەری گێژی خواردبوو، عەیبنەبا هەر لەوێ هاواری دەکردو دەیگوت بێ دەنگ بن، من هیچ کتێبێکیترم ناوێ، تەنیا ئەو کتێبانە نەبن کە ناوم هێنان، دوو ووشەیە، هەیە یان نا؟ بۆ سەرم لێ دەشێوێنن؟ یان دەمخەنە بارودۆخێک هەر لەخۆڕا کتێبێک بکڕم و لە سایەی ئەو کتێبە ڕقم لە کتێب

ببێتەوە؟ ناچار بەپەلە ئەوێی بەجێهێشت، لەبەرەخۆی گوتی تووشی چ بووم، ئاخەر کتێبفرۆش ئەوەندە بێزارکەر بێت، دەبێ شت فرۆشیتر چیبکەن، چانەبوو نوسەرەکان هەموو لەیەک شوێن نەبوون، وەک وێنەی سەرکتێبەکانیان، دەنا ئەو هەموو قسەیەی نوسیویانە پێکەوە بە زمان بیان کردبا کەسی سەردانیکەریان شێت دەکرد.

(٣٣)

گەنجە ئاڵۆدەکان دەمێک بوو چووبوونەوە ناو گۆڕستانەکە، بە هەمان شێوە لەسەر بەردەکان دانیشتبوون و هەر یەک خەریکی ئامێرە مۆسیقیەکەی خۆی بوو، بەڵام چونکە لە نزیک یەک بوون، لەبەر دەنگی تێکەڵبووی ئامێرەکان کەس گوێی لەوە نەدەبوو، دەیەوێ چ ئاوازێک بژەنێ.

بۆیە ژێدار ڕاوەستاو گوتی هاوڕێیان من دەمەوێ لێتان دوور بکەومەوە. لەگەڵ ئەو قسەیە هەتوان و

موریـــد، ســـەریان ســـووڕما، وایـــانزانی دەیەوێ واز لە هاوڕێیەتیـــــان بێنـــــێ. هەتـــــوان گـــــوتی چ دوورکەوتـــنەوەیەک؟ ئایـــا دەتـــوانی؟ بـــۆیەش ئەو پرســـــیارەی کـــــرد، ئەوان قەت لێکتـــــر دوور نەکەوتبـــوونەوە، تەنـــانەت لە دوورکەوتـــنەوە لێکتـــری دەشترسـان. پێیـان وابـوو دەبـێ بـۆ هەتـا هەتـایێ هەر پـێکەوە بـن، ئەو مـاددەیە وەهـا ئـاڵۆدەی ئەو کەشـەی کردبـوون، کە پـێکەوەش دەبـوون، پێیـان وابـوو دەبـێ ئیتـر دەسـت بە کێشـانی ماددەکـان بـکەن. بەڵام ئەو ئـامێرە مۆسـیقیانە یەکەم کارێـک خەریـک بـوو پێیـان بکـات ئەوەبـوو بە بیـری ژێـدار داهـات لە هاوڕێکـانی دوور بکەوێـتەوە، چـونکە پێـی وابـوو، لەنزیـک وان و لەنـــاو ئەو دەنـــگە نـــاتوانێ پەیوەنـــدی خۆشەویســتی، کە ڕووبـــا وا تێـــی گەیانـــدبوون، لەگەڵ کەمانچەکەی دابنێ.

ئەو لێکـــــدوورکەوتنەوەیەش هەر لێکـــــدوورکەوتنەوە نەبـــوو لە یەکتـــری، بەڵکـــو دوورکەوتـــنەوە بـــوو لە مـاددەی هۆشـبەریش. موریـد گـوتی منـیش ئەو ڕێـیەی ژێـدارم پـێ ڕاسـتە، نـاکرێ ئـێمە لەگەڵ یەک پـێکەوە،

لەیەک کاتدا خۆمان فێری ژەنینی سێ ئامێر بکەین، کە سێ دەنگی جیاوازیان لێوە دێ، پێتان چۆنە هەرسێکمان بەڵێنێک بە یەکتر بدەین؟ ئەگەر یەکمان خۆشدەوێ، وەرن لێک جیابینەوە، هەرکەسێکمان بچینە لایەکی گۆڕستانەکە، تا تەواو فێری ژەنین نەبین نێینەوە لای یەک. کە فێریش بووین، گروپێک پێکەوە دروست بکەین. هەتوان دەمێک دامە، فلوتەکەشی لەناو دەست بوو، دواتر بە ساردی چونکە هاوڕێکانی زۆر خۆشدەویست گوتی ڕەنگە ئەو ڕێیە باشتربێ. ئینجا لەلای بەردەکان هەرسێک هەڵستانەوە، بەتوندی باوەشیان لێکترێداو هەریەکێکیان بۆ لایەکی گۆڕستانەکە ڕۆیشت، کە لێک دوور کەوتنەوە، پێکەوە بەچاوی بە فرمێسکەوە ئاوڕیان لەو بەردانە داوە کە لەسەری دادەنیشتن.

ئەگەرچی دەشیانزانی ئەو لێک جیابوونەوەو بەجێهێشتنی ئەو شوێنە کاتیە، بەڵام ئەوان ئەمڕۆ نەبوو پێکەوە لەو شوێنە دادەنیشتن، بەڵکو لەمێژ بوو.

لەوکاتەڕا ئیتر بەتەنیا هەر یەک لە خوارەوەی گۆڕستانەکە بێ ئەوەی چاوی کەسیان لێ دیاربێ،

دەستیان بە ژەنین کرد، ئاگاداریش نەبوون لە ماددەکە دوورکەوتونەتەوە، تەنانەت خەریک بوو بە ڕۆژێک لە بیریشی بکەن لە سایەی ئەو خەونەی ڕووبا خستبوویە میشکیان. ژێدار لەبن داریک پشتی بە قەدەکەی کردبوو خەریکی کەمانچەکەی بوو. هەتوانیش لەناو قانە گیایەک ڕوو لە ئاسمان بە چاوی نوقاوەوە ڕاوەستابوو، فوی لە فلوتەکەی دەکرد. موریدیش لاقەکانی خستبوونە ناو یەک و لەسەر دیواری کۆمەڵێک گۆڕ چوارمشقی دانیشتبوو، دەفی لێدەدا. ئەوان ئاگادار نەبوون ئەو ڕۆژە پێش ئەوەی بێنە ناو گۆڕستانەکە، ڕووبا لەناو بڵندترین دار خۆی حەشاردابوو و چاودێری دەکردن بزانێ چی دەکەن، تەنانەت دڵبرین و پیرێژنەکەو هەموو گۆڕستانەکەشی پێکەوە لێ دیاربوو.

(٣٤)

ئـــــاینور ئێـــــوارەکەی دوای ئەوەی داودی دارتـــــاش گەڕاوە مـــاڵ، لەگەڵ دایکـــی ســـفرەیان دانـــاو نانیـــان خـــوارد، نـــان خواردنێـــک تەنیـــا بە مـــراکەکەی خـواردنەکەی پێشـی هەڵگێـڕو وەرگێـڕ کـرد. داود وەکـو هەر بـاوکێکیتر بینـی کـچەکەی خـواردن بـاش نـاخوات، بەڵام قســەی نەکــرد. کە ســفرەکەیان هەڵگــرتەوە، بەپەلە چـــووە کتێبخـــانەکە. ئەو لەوێ هەســـتی بە جیهـــانێکیتر دەکرد، جیهانێک تەنیایش تێیدا واتایەکی هەیە.

غەمیش قوتابخانەیەکە بۆ بەخۆداچوونەوە، خراپەش گەورەترین فێرکارە، ئەگەر ڕەزاشی گران بێ، نەک نەفرەت لێکراو. لەناوکتێبخانەکە دەستی بە پیاسەکردن کرد، لەوسەری ژوورەکەوە دەچووە ئەو سەر، چاوەڕێبوو وەک هەموو ئەو کوڕانەی ژمارەی کچێکیان دەکەوێتە لای، شەهریار تەلەفۆنی بۆ بکات. تەلەفۆنێک ئەوجارە لەچاو ئەو هەموو چاوەڕوانیەی ئەو هەیەتی، دەبێ چەند بخایێنێت.

شکی کردبوو، شەهریاریش دوای نانخواردن ئەو دەرفەتەی دەبێ. لەو بیرکردنەوانە دابوو، زەنگی موبایلەکەی لێیدا، کە سەیری کرد هەمان ژمارەبوو سبەینێکەی پەیوەندی پێوەکردبوو، کە هەڵیگرت شەهریار گوتی سڵاو ئاینورخان، ببووە ئەگەر کاتەکەی گونجاو نیە. ئاینور وەڵامی داوە سڵاو لەتۆش، ئێوارەت باش، نا بە پێچەوانەوە، هەست دەکەم من تۆم ئەزیەت دا.

شەهریار گوتی ئەزیەت نیە، بریا کتێبەکان هەبان ،بەڵام هەرچی کتێبفرۆش هەیە ئەمڕۆ چوومە لای لە هیچ شوێنێک ئەو کتێبانەی دەڵێی دەست ناکەون.

ئـاینور گـوتی یەعنـی چـۆن، لەو شـارە گەورە ئەو چەنـد کتێبە نەبوو؟

شـەهریار گـوتی هەمـوو دەڵـێن چاپیـان لە بـازاڕ نەمـاوە، دەنـا هەبـوونە، هەنـدێک لە کتێبفرۆشـەکان دەیـانزانی هی کامە نوسەریشە.

ئـاینور گومـانی لەو قسـەیەی شـەهریار کـرد، لەلای خـۆیڕا گـوتی چـۆن دەیـانزانی هـی کـامە نوسـەرە، خـۆ کتێبەکـان لە ئەسـڵدا هەر نـین، وایزانـی شـەهریار نەچـووە، یـان هەر لە کـۆڵە خـۆی کـردۆتەوەو ئێسـتا ئەو قسـانە دەکـات. نەیـدەزانی ئەوە هەڵەی کتێبفرۆشـەکانە، ئەوان هەر لەخـۆڕا دەڵـێن ئەو کتێبانەمـان هەبـووەو نەمـاون. بەڵام نەشـدەکرا ئاشـکرای بکـات ئەو کتێبـانە هەر نـیە، ئەوە چ قسـەیەکە، ئەو بەخـۆی داوێکـی دانـابۆوە، خەریـک بـوو لەو داوە بئـاڵێ. یـان ئـازاری پێوە ببینێ. حەزیشـی دەکـرد زیـاتر ڕایگـرێ تـا کەمێکیتـر لەگەڵـی بـدوێ، ناچـار گـوتی ئەدی چیـبکەم؟ نـاکرێ دەستم نەکەون، ئۆف.

شـەهریار بەرامـبەر ئەو قسـەیە وەک کوڕێـک هەسـتی بە شـەرمەزاری کـرد. بـۆیە گـوتی زیـاتر دەگەڕێـم بـێ

غەمبە، تۆش لەلای خۆتڕا هەوڵێک بدە. ئاینور گوتی خۆم گەڕاوم، منیش دەستم نەکەوتوون. شەهریار گوتی کەواتە بابەتی تۆیژینەوەکە بگۆڕە. ئاینور گوتی بیکەمە چی پێت باشە؟

شەهریار گوتی ئەوە بەخۆت دەزانی، هەڵبژاردنی بابەتی تۆیژینەوە دەبێ حەزی خۆتی لەگەڵ بێ، دەنا کارێکی باش دەرناچێ.

ئاینور کە ئەو پرسیارەی لێ کرد، ویستی ئەو بەشتەکانی خۆیەوە بلکێنێ، وەلێ شەهریار چونکە هەستێکی لەو بارەیەوە نەبوو، زوو دەربازی دەبوو لە تەڵەوداوی ئاینور، بەهۆی ئەوەی لە وەڵامەکان سەر پشکی دەکرد.

ئاینور بەو سەرپشک کردنە، وەک هەر کچێکیتر تا دەهات قەڵستر دەبوو، وەک ئەوەی لەدڵەوە پێی بڵێ بۆ هیچ حەقێکت بەمنەوە نیە؟ ئاخەر ئازادترین کچیش حەزدەکات کەسێک حەقی بە ئیشەکانی هەبێت. بەتایبەتی ئەو کەسەی دڵخوازی خۆیەتی. هەردووکیان دەتگوت ڕاوچی و نێچیرن، نێچیرەکە ئەوجارە خۆی دەیویست خۆی بخاتە داوی ڕاوچیەکە

تا دەستەمۆی بکات، کەچی ڕاوچیەکە ئاگای لێ نەبوو. بەڵام ئەوجارە ئاینور ڕێگایەکیتری هەڵبژارد، کە ئەوەشیان بۆ ئەو خراپ نەبوو، لەپڕ گوتی ئافەرین بیرۆکەکەت باشە ئەگەر کتێبەکانمان دەست نەکەوت، بابەتی تۆیژینەوەکە دەگۆڕم، بیریشی لێ دەکەمەوە بزانم چی لەگەڵ سەلیقەی من گونجاوە. شەهریار گوتی زۆرچاکە بەهیوای سەرکەوتن. ئاینور تێگەیشت دەبێ ئیزنی بدات بڕوا، نەوەک وا تێبگا کچێکی زۆربڵێ و بێزارکەرە. بۆیە بەنادڵی هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی سوپاس.

شەهریاریش وەڵامی داوە شایانی نیە، شەوێکی شاد بۆتۆ. ئاینوریش گوتی هەروەها بۆتۆش. ئینجا تەلەفۆنەکە داخرا، ئاینور توند توند باوەشی کردەوەو دواتر دایخست، وەک ئەوەی بیەوێ کەسێک لە باوەش بکات، دەمێک بەمشێوەیە ڕاوەستا، چاوەکانیشی داخستبوون. ئاگای لێ نەبوو چەندە لەم ژوورە بەمشێوەیە وەکو پەیکەرێک ماوەتەوە. کە هاتەوە سەرخۆی، خودی کتێبخانەکەی لەلا نامۆبوو، چاوی باش شتەکانی نەدەخوێندەوە. ڕاستەوخۆ

لەسەر کورسیەک دانیشت و موبایلەکەشی لەسەر مێزەکەی پێشی دانا. بیری کردەوە بۆ ئاوی نوشتەکە هیچ کاریگی لێ نەکردووە؟ ئەدی مریشکە ڕەشەکە چی؟ شەهریار کە وەکو کەسێکی ئاسایی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرد، ئەو بێ هیوا دەبوو لە کاریگەری ئەو نوشتەو جادووەی خەلیفە حەمدون لەبۆی کردبوو. بۆیە پێی باشبوو بەیانی بچێتەوە لای خەلیفە، هەموو ئەو شتە نوێیانەی ڕوویانداوە بۆی بگێڕێتەوە، تاکو ڕای خۆی لەسەر دەربببڕێ.

(٣٥)

که شـــەو درەنـــگ داهـــات، کچەکـــان کەوتـــنەوە خەیـــاڵی هـــاتنی ڕووبـــا، لێکـــڕا نوێنەکانیـــان بـــردەوە ســـەربانەکان و ڕایانخســـت. شـــەرمنیش دڕدۆنـــگ و تـــوڕە لەهەمـــوو شـــتێک بەتـــایبەتی لە خوشـــکەکەی، لە ژووڕەکەی دامـــابوو، چەنـــد شـــەو تێـــپەڕی بـــوو ڕووبـــا نەهـــاتبۆوە لای بیبـــات بـــۆ نـــاو گۆڕســـتانەکە. ئەو ئەوەنـــدە پەنـــجەی پەشـــیمانی دەگەســـت نەبێـــتەوە، لەســـایەی ئەوەی قســـەی لە لای خوشـــکەکەی کردبـــوو و دواتـــر لەســـەر زاری

ئەوەوە بەناو سەرتاپا کچانی شارەکەدا بڵاو بۆوە. بەردەوام لەلای خۆیڕا بیری بۆ ئەوە دەچوو ڕەنگە ڕووبا کچیتری بردبێت و ببا، ئەوەش زیاتر لە هەموو شتێک ئازاری دەدا.

لەلای خۆیڕا بڕیاریدا کە ماڵەوە خەوتن بچێتە ناو گۆڕستانەکە. هەم بۆ ئەوەی جارێکیتر ڕووبا ببینێتەوە، هەمیش بۆ ئەوەی بزانێ هیچ کچیتری لەکنە یان نا، ئەو بڕیارەش تا بڵێی شێتانە بوو.

کە خەڵکی شار بە گشتی خەویان لێکەوت و بێ دەنگی بااڵی بەسەر تەواوی گەڕەکەکاندا کێشا، شەرمن لەناو جێگاکەی خۆیڕا سەیری خوشکەکەی کرد، بینی خەو ئەویشی بردۆتەوە، ئینجا هەڵستاوەو سەیرێکی ئاوێنەی سەر میزتوالێتی ژوورەکەی کرد، شانەیەکی بە پرچی داهێنا و کەمێک سووراوی لە لێویدا، لەئێوارەوەش عەزیەکی ئاوریشمی لەبەر کردبوو، کە ڕەنگەکەی شین بوو، سەرقۆڵەکانیشی تول. یەک ببینیبا، سەیری پێدەهات بەم شەوە درەنگە، دەتگوت دەچێتە ئاهەنگ.

هێـــدی هێـــدی لەســـەر نـــوکی پێیەکـــانی ژوورەکەی بەجێهێشـت، پاشـان پـێڵاوە پـاژنە بڵنـدەکەی لەپـێ کـردو کە ئەویـــش هەر ڕەنگـــی شـــین بـــوو، لەگەڵ عەزیەکە دەگونجا، ئاوزێنەکەی توند کرد.

دواتـــر دەرگـــای حەوشـــەکەی کـــردەوەو بە هێواشـــی لەدوای خـــۆی ڕایکێشـــا، بەڵام لێـــنەگەڕا لەســـەری بە تەواوەتـــی پێـــوە بـــدرێ، کەلەنێکـــی تێـــدا هێشـــتەوە، تـــا بتـــوانێ بـــێ ئەوەی کەس دەرگـــای لـــێ بکـــاتەوە ، بگەڕێتەوە ژوورەکەی.

کە چـاوی بە کـۆڵان کەوت، لەم ســەر تـا ئەوســەر هـیچ کەســێکی لێـوە نەدەبینـدرا. ڕاسـتەوخۆ بـن دیـوارو بـن دیـــوار بەرەو گۆڕســـتانەکە ڕێـــی گـــرت، کە گەیشـــتە شـــەقامە ســـەرەکیەکەی دەچـــۆوە نزیـــک قەڵاکە، بە دەستەڕاســـت گۆڕســـتانەکەی لـــێ بەدیـــارکەوت، لە دوورەوە بلاجگتۆرەکـــان شـــەوقە زەردەکەیـــان لە هەمـــوولایەک دەدا، بەتـــایبەتی ســـەرەوەی دار قەڵەم تۆزەکـــان. لە شـــەقامەکە پەڕیەوەو خـــۆی گەیانـــدە بـــن دیـــواری گۆڕستانەکە، لەبـن دیـوارەکە تـرس دایگـرت، کە لەگەڵ هەنگاوەکـــانی نزیـــک دەبـــۆوە لەو دەروازەیەی

دەبوا پێیدا بچێتە ژوورێ. لەلای خۆیڕا بیری کردەوە ئەگەر ڕووبای لێ نەبێت، ڕەنگە لەناو ئەو هەموو کێلە دووچاری شێت بوون ببێتەوە، ئەو دەیزانی ئەوەندە بوێر نیە شەو بەتەنیا بچێتە گۆڕستان، بەڵام کە ئەو بوێریەی دابووە بەرخۆی لەبەر بینینەوەی ڕووبا بوو.

لەگەڵ ئەو بیرکردنەوانە گەیشتە دەروازەکە، لە پێش دەروازەکەڕا، ناو گۆڕستانەکە بە تەواوەتی بەدیار کەوت، کە زیاتر هەنگاوی هاوێشت بەرەو ژوورەوە، چاوی بەناو هەموو گۆڕەکاندا گێڕا، ئەو بەشەی ڕووباو دڵبرین و پیرێژنەکە و گەنجە ئاڵۆدەکانی لێبوو، بە تەواوەتی شەوان ڕۆناک بوو، بەڵام بەشەکانی لای خوارەوە، کە دەیکردە قونیچکەکانی گۆڕستانەکە، تاریک بوون. بەهۆی ئەوەی دەمێک بوو گڵۆپەکانی قەد عامووەکان سووتابوون، چاک نەکرابوونەوە.

شەرمن هێدی هێدی چاوی دەگێڕاو زیاتر دەچووە پێش، هەردوو دەستەکانیشی خستبووە ناویەک، لە قەلەقیان یاری بە پەنجەکانی دەکرد. لە دوورەوە، لەناو کەپرەکەڕا دڵبرین سوتفە سەری بڵند کرد بزانێ

پیرێـــژنەکە چ دەکـــات، شـــەرمنی بینـــی، بەڵام چـــونکە شـــوێنەکەی دڵبـــرین بـــن کەپرەکەبـــوو، ئەو لە چاوەکـــانی شەرمن بزر بوو.

دڵبـــرین واقـــی ووڕمـــا، ئەو کـــچە بەو جـــل و بەرگەوە لە دەروازەی گۆڕستان بەرەو ژوورەوە دێ.

لەســـەر جێگـــاکەی زیـــاتر قیـــت بـــۆوەو دەســـتێکی بە چاوەکـــانی داهێنـــا، بینـــی بەرەو شـــوێنەکەی ڕووبـــا هەنگـــاو داوێ. لەنـــاو کەپـــرەکەرا خـــۆی بـــێ دەنـــگ کـــردو چاویشـــی زیـــاتر خســـتە ســـەر. شـــەرمنیش بـــێ ئاگـــا لەوەی کەســـێک بینیـــوویەتی بەردەوام بـــوو لە ڕۆیشـــتن، لەدوورەوە ڕووبـــا بەدەرکەوت، کە لەوکـــاتە خەریکـــی ســـمپارەلێدان بـــوو لە داری گالیســـکەکە، لەژێـــر ڕۆنـــاکی یەکێک لە بلاجگتۆرەکان.

شـــەرمن خـــۆی نەگـــرت، کە زانـــی هەوە، یەک بەدەنگـــی خـــۆی بـــانگی کـــرد،(ئەی کـــوڕی شـــەو) بـــۆ نەهـــاتیەوە بمبەی، نەتزانی چاوەڕێت دەکەم؟

ڕووبـــا کە گـــوێی لەو دەنـــگە بـــوو ئـــاوڕی دایەوە، کەچـــاوی پـــێکەوت ڕاســـتەوخۆ لە جێگـــاکەی هەڵســـتاوە، شـــەرمنیش بەرەو باوەشـــی غاریـــدا، کە گەیشـــتنە یەک

تونـد یەکتریـان لە بـاوەش گـرت، لە چـاوی دڵبـرین بزربوون دووکەسن.

دڵبـرین یەکجـاری سـەری سـووڕما، لەوەی ئەو کـچە بە زمـانی خـۆی دەڵـێ، بـۆ نەهـاتیەوە بمـبەی نەتزانـی چاوەڕێـت دەکەم. ڕووبـا دووبـارە دەسـتی بە بـۆن کردنـی پـرچ و بـن مـل و لاجـانگی کـرد، بـۆن کردنێـک شـەرمن لاقەکـانی بە تەواوەتـی شـل بـوون، شـل بوونێـک هەمـوو گرانـایی کێشـی خـۆی بە باوەشـی ڕووبـا سـپارد، تـا کێشیشـی گرانتـر دەبـوو، ڕووبـا دەبـوا زیـاتر سـینگی بە خـۆیەوە بچەسـپێنێ و دەسـتی لەنـاو قەدی تونـدتر بکـات. کە تەواو مانـدووبوون، لەو یەکتـر لەئـامێزگرتن و ڕاموسـانە. ڕووبـا هەردووک لا شـانی گـرت و سـەیری نـاو چاوەکـانی کـرد، بینـی شـەرمن فرمێسـک لە هەردوو چـاوی دێـتە خـوارەوە بەسـەر ڕوومەتەکانیـدا.

ڕووبا گوتی بۆچی دەگری؟

شـەرمن گـوتی ترسـام جـارێکیتر نەتبیـنمەوە، خۆشمدەوێی. ترسام کچەکانی شار تۆم لێ ببەن.

تـۆ ئاگـات لـێ نـیە، ئەوان هەمـوو ڕۆژ چـاوەڕێن شـەو دابـێ، تـۆ بێـی بیـانبەی. ئەوان ئێسـتا لەبەرتـۆ لەسـەربان

نەبێ ناخەون. ڕووبا فرمێسکەکانی سڕیەوەو سەری ماچ کرد، لەگەڵ سەر ماچکردنەکە خەندەیەکی کردو گوتی من ببەن؟

بۆ کوێ؟ ئەدی ئەوەنیە هەر منم کچەکان دەبەم. شەرمن سەیرێکی کرد و گوتی نا، تۆ کچەکان دەدزی. لەگەڵ ئەو قسەیە شەپێکیشی لە سینگیدا.

ئینجا ڕووبا شەرمنی بردە بن ئەو دارەی بۆ جاری یەکەم بردبووی، کە هەر لە نزیک گالیسکەکە بوو. پێکەوە لەتەنیشت یەک پشتیان بە دارەکە کردو ڕوو لە گالیسکەکە دانیشتن. دەستیشیان خستە ناو دەستی یەک. شەرمن گوتی بەو شەوە خەریکی چی؟ ئەوە چیە دروستت کردووە؟ ڕووبا گوتی گالیسکەیە، گالیسکەی سۆمەری.

ئینجا باسی پیاوە بەندیەکەی بۆ کرد، کە بەتەمایە تەرمی ئەوی پێ ببەتەوە زێدی خۆی. شەرمن گوتی دەکرێ بۆ ئەو مەراسیمە منیش بێم؟

ڕووبا گوتی بەڵێ، بۆنا، تەرمی ئەو نابێ ژنی لەگەڵ نەبێت، تەنانەت وا جوانە لە پێشەوەش بڕۆی، ئەو شکۆی بۆ ئێوە گەڕاندۆتەوە. کەواتە خۆت بە شایانی

ئەو شکۆیە بزانە. ڕووبا کە ئەو قسەیەی بە شەرمن گوت، شەرمن زیاتر پێی سەرسام بوو، چونکە ئەو و هەموو کچەکانی شار کێشەیەکیان هەبوو، ئەوان بەردەوام لەو کەسە دەترسان کە خۆشەویستیان پێ دەبەخشی، نەوەک بە کەم و بێ ئابڕوو سەیریان بکات. کەچی ڕووبا بێجگە لەوەی ئەوها بیری نەدەکردەوە، ئامادەبوو ئەو شکۆو نرخەشی پێ نیشان بدات، کە لەلای پیاوە بەندیەکەوە بە ژن درابوو. شەرمن دوای باسی گالیسکەو پیاوە بەندیەکە، سەری بەکۆشی ڕووبا کردو پرچی بە هەموو لایەکدا پەخشانبوو، بە ووردی سەیری ناو چاوەکانی کرد، گوتی ئەی کوڕی تاریکی، ئەگەر پرسیارێکت لێبکەم بەڕاستی وەڵامم دەدەیەوە؟

ڕووبا گوتی بێگومان، چونکە من پێویستم بە درۆکردن نەماوە. شەرمن گوتی باشە هیچ کچێکیترت دزیوە لەناوجێگاکەی دوای من؟ ڕووبا گوتی نەخێر.

شەرمن گوتی لەبەرچی؟ کە وایگوت حەزی دەکرد ڕووبا بڵێ تەنیا تۆم خۆشدەوێ بۆیە. وەلێ ڕووبا وەڵامێکی دایەوە هیچ بەدڵی نەبوو.

چونکە گوتی لەبەر ئەوەی ئەو ماوەیە سەرقاڵ بووم، دەرفەتم نەبوو. شەرمن گوتی ئەدی بەتەمای کچیتر ببەی؟ ڕووبا وەڵامی دایەوە بەڵێ.

شەرمن گوتی بۆ؟ ئەدی ئەوە نیە ئەمنت هەیە؟ ڕووبا گوتی ئاخەر من حەزم لە بۆنی هەموو کچەکانە، لەگەڵ ئەو قسەیە بەهەردوو دەست سەری شەرمنی بەرز کردەوەو کەپووی خستە ناو پرچی، تا هێزی تێدابوو بۆنی کرد. لەگەڵ بۆنکردنەکە هەناسەیەکی قوڵی دایەوەو ڕاستەوخۆ لە تەنیشتی ڕاکشا، پرچە بڵاوەکانی بەسەر دەموچاوی دادا، لەبەر ڕۆناکی بلاجگتۆرەکە تاڵەکانی باریک دیاربوون هەستی کرد خەوی دێ. خەوێکی لەناکاو و داگیرکەر.

شەرمن زانی، گوتی چیە تۆش خەوت دێ؟ ڕووبا ڕووی خۆی تێکردو توند خستیە ناو باوەشی گوتی بەڵێ، تۆش بخەوە. شەرمن گوتی ئاخەر من دەبێ بگەڕێمەوە. ڕووبا گوتی کات ماوە، چاوەکانت داخە، بزانە ئەو کەمە خەوە چەند قوڵە.

شەرمنیش دەستی خستە سەر دەموچاوی ڕووبا و پەنجە درێژو نینۆکە بۆیاغ کراوەکانی لەناو ڕدێنە

نەرمەکەی گێـڕا، هەردووکیـان نیوکاتژمێرێـک خەویـان لـێکەوت لەسـەر ئەو عەردە، وەلـێ خەوێـک هـیچ پاشـاو ئیمپڕاتـۆرێکی ئەو دونیـایە ئەوەنـدە خەوی خۆشـیان نەکردووە.

یەکەم جـار ڕووبـا بە ئاگاهـات، بینـی شـەرمن چـاوە گەورەکـانی لێـک نـاوە، ئەویـش بە مـاچ بە ئاگـای هێنـا، مـاچی دەم و ڕوومەت و گەردەنـی. لەگەڵ بە ئاگاهـاتنی هەردووکیـان، مەلای بەیـانی دەسـتی بە" کەبـار " کـرد. ڕووبـا بەپەلە بە شـەرمنی گـوت هەسـتە بتـبەمەوە، ئێستا خەڵک هەڵدەستن بۆ نوێژ نەوەک بتبینن.

ئینجـا ڕووبـا دەسـتی گـرت و هەڵیستاندەوە، ڕاسـتەوخۆ لەنـاو گۆڕسـتەنەکە بـردیە دەرەوەو لەگەڵـی ڕۆیشـت تـا پـێش ماڵیـان، لەوێ پـێش ئەوەی شـەرمن بچێـتەوە حەوشـە، ڕووبـا لەبەری نوشـتایەوەو هەردووک پێیەکـانی مـاچ کـرد، گـوتی سوپاسـت دەکەم، کە هـاتی.

شـەرمنیش لێـی نزیـک بـۆوەو توند ڕوومەتـی مـاچ کـرد، گـوتی منـیش هەروەهـا. پاشـان ڕاسـتەوخۆ دەرگـاکەی کـردەوەو چـۆوە حەوشـە، لە کەلەنـی دەرگـاکە سـەیرێکی ڕووبـای کـردو پاشـان کلۆمیـدا. ڕووبـاش کە زانـی ئیتـر

بەســـــەلامەتی شـــــەرمنی گەیانـــــدۆتەوە مـــــاڵێ، بەرەو گۆڕســـــتانەکە گەڕاوە. شـــــەرمن کە چـــــۆوە ژوورەکەی بینـی هەمـوو شـت باشـە، کەس بە ئاگـا نەهـاتووە، هەتـا خوشکەکەشـــی، چـــۆن بەجێیهێشـــت بـــوو، هەر ئەوهـــا خەوتبوو، تەنانەت پێ دەچوو نەشجوڵابێتەوە.

بەشی سێزدە

(٣٦)

جەللادەکـــان تەرمـــی جاسوســـەکەیان فڕێـــدا دەرەوەی زینـدانەکە، حەجـاج بەتـوڕەییەوە لە ژوورەوە گـوتی کـێ ئەو پیاوەی کوشت؟ کەس وەڵامی نەدایەوە؟

حەجـاج هـاواری کـرد پـێم بڵـێن دەنـا هەمـوو منـداڵەکانی ئەو زینـــــدانە لە پـــــێش دایکیـــــان لە ئـــــاوی گەرم هەڵدەکێشـم. دووبـارە هەمـوو بـێ دەنـگ بـوون، ئەویـش لە توڕەییـــان بە کێبـــل بەناویـــان کەوت، تـــا گەیشـــتە ڕاســـتی پیـــاوە بەتەمەنەکە، ئەویشـــی دابەر کێـــبلان،

لەگەڵ کێبڵ وەشاندن گوتی هەی پیری بێ نرخ لەوەتەی تۆ هاتوویە ئەو زیندانە شتی وەها ڕووەدا، لە مێژووی ئەو زیندانە ڕوویەنەداوە زیندانیەکان بوێرن کارێک بکەن دژی ئێمە. پیاوە بەتەمەنەکە سەرو گوێلاکی خەڵتانی خوێن بوو و دڵی لەخۆی بۆوە، هەر لەوێ کەوتە سەرزەوی بەرپێی حەجاج، حەجاجیش تفێکی لێکردو بەوحاڵە بەجێهێشت، ڕاستەوخۆ بەرەو دەرگای ژوورەکە ڕۆیشت، جەللادەکانیش کەوتنە دوای.

کە لەدەرگاکە ئاودیو بوو، زیندانیەکان پشیان هاتەوە بەر، وەک ئەوەی ئازاد بووبن، دوای ڕۆیشتنی حەجاج، ئەو کوڕەی جاجوسەکەی کوشت بوو، ئەگەرچی بە خۆشی چەند کێبلێکی تۆندی بەرکەوت بوو، بەڵام بە قونەخشکە، خۆی گەیاندە پیاوە بەتەمەنەکە، قۆڵی کراسەکەی خۆی دڕاندو خوێنەکەی پێ پاک کردەوە، دواتر دەستی بەسەری پیاوە بەتەمەنەکە داهێناو بە شەپێکی هێواش بانگی کرد، پیاوە بەتەمەنەکە هێدی هێدی بە هۆش خۆی هاتەوە ، بینی ئەو کوڕە لەسەر سەریتی کە پێشتر پێی گوتبوو

فــلّانەکەس جاسووســـە. کــوڕەکە کاتێــک بینــی پیــاوە بەتەمەنەکە بەخــۆی هــاتۆتەوەو خــوێنیش بە لاچاوێکیــدا دێتەخـــواریێ، زۆر پێـــی نـــاخۆش بـــوو، قـــۆڵەکەیتری کراســـــەکەی لێکـــــردەوە، ئەو بـــــرینەی لە نێوچـــــاوانی پەیـــدابوو بـــۆی بەســـتاوە، کە تەماشـــای ســـەریکرد، هەمـــوو ببـــووە گرێـــی گەورە، یەک بیبینـــی بـــا، لەنـــاو ئەو تاریکیە لە گرێی گەورەی ناو سەری دەترسا.

کــوڕەکە خــۆی پــێ نەگیــرا، تونــد پێیەکــانی بەهەردوو دەســت گــرت و چەنــد جارێــک بە دڵ مــاچی کــرد. دواتــر ســەری بــردە بــن گــوێی بــۆ ئەوەی کەس گــوێی لــێ نەبــێ گــوتی مــن ببــوورە مــامە. پیــاوە بەتەمەنەکە ســەیری کــرد، ســەیر کردنێــک پــێ دەچــوو زۆر هــیلاک بــووبێ لەژێــر گوشــاری کێبڵەکــانی حەجــاج، گــوتی نــا، چاکــت کــرد ئەوەی دەبــوو یەکێــک ئەنجــامی بــدات، ئەنجامــت دا. ئەوان ئێســتا لە ئــێمە دەترســێن لەســـەر حـــاڵی خراپـــی خۆشمان، لەگەڵ ئەو قسەیە خەندەیەکی کرد.

***** ***** *****

حەجـــــاج کە لە ژووری پیاوەکـــــان چـــــووە دەرەوە، ڕاســـــتەوخۆ چـــــووە ژووری ژن و منـــــدالّەکان، لەوێ دوای ئەوەی بـــــــــاوکەکەی لە ســـــــــێدارەدابوو و منداڵەکەشـــی خســـتبووە نـــاو ئـــاوی گەرم، بینـــی دایکـــی منـــدالّەکە بە پەنجەکـــانی پرچـــی داهێنـــاوەو بە لایەکـــدا بەری داوەتەوە، چاوەکـــانی ئەگەرچـــی لەگەڵ گریـــــان ئاوســـــــابوون، بەڵام هەر ڕەش و گەورە خۆیـــــــان نیشـــاندەدا، دەتگـــوت لە نـــاخەوە ئەو جـــوانیەی وەک ڕژێـــنەیەک، ژنـــان دەتـــوانن بەنـــاو ئەنـــدامەکانی خۆیانـــدا بـــڵاوی بـــکەنەوە، بـــۆ مەبەســـتێک، لێـــرە ئەو دایـــکە هەمـــووی بەکارهێنـــاوە. لەو ڕەوشـــەش جـــوان دەهـــاتە بەرچـــاو، جـــوانێکی دیـــل، لەجەللادەکەشـــی تـــوڕە. ئەو جوانیەش سەرنجی حەجاجی ڕاکێشا.

ژنەکەش هەر ئەوەی دەویســـت، تـــا بەم ڕێـــیە تـــۆڵەی مێـــردو منـــدالّەکەی لە حەجـــاج بکـــاتەوە. کە حەجـــاج ســـەیری کـــرد، ژنەکە ڕووی لـــێ وەرگێـــڕا، ڕوو لـــێ وەرگێڕانێـــک نـــازی پێـــوە دیـــاربوو، نەک ڕق. ئەوەش هەنـــدەی تـــر حەجـــاج ئـــبن وەحشـــی ملهـــوڕی وروژانـــد. حەجـــاجیش پێـــی وابـــوو لەوتـــاوانە بە چێژتـــر نـــیە، مێـــردی

کەسێک بکوژی و منداڵەکەشی بخەیە ناو ئاوی گەرم و لەگەڵیشی بخەوی، بەتایبەتی ئەگەر بەخۆی ڕازی بێ. ئەو کەمە نیگایەش کە هەر چەند چرکەیەکی خایاند، دڵی حەجاجی نەرم کردەوە، ئەو ڕۆژە دەست بۆ ئازاردانی کەس نەبات. بۆیە لە ژووری ژن و منداڵەکان هاتە دەرەوەو چۆوە ژوورەکەی خۆی، لەوێ کێبلەکەی دەستی فڕێدا سەر میزێک و لەسەر یاتاخەکەی ڕاکشا، نیگای ئەو ژنە دڵی برد، دڵبردنێک خەریکبوو بەگژ ئەو درندەیە دابچێتەوە کە لەناخی دانەدەکەساو دەچووە گژ گیانی ئەو خەڵکە شەو و ڕۆژ. لەناو سەری شەڕێک پەیدابوو دەتگوت بە چەکوچ لە میشکی دەدەن، بەرگەی ئەو لێدانەی نەگرت، لەناوەوە هەستی کرد ئەو شەڕە بەو ناکرێ بەخۆی دابچێتەوە، هەڵبژاردنی خراپەو تونوتیژی ئاسانترە، لەچاو هەڵبژاردنی چاکەو نەرم و نیانی. لە ئالۆزبوونیان سەری خستە ناو هەردووک دەستی و بەناو ژوورەکەیدا دەخولایەوە، خولانەوەیەک بەوپەڕی سەری بە یەک لە دیوارەکاندا بکێشێ، ئەو ویستی بەخۆدانەچوونەوەی زیاتر بوو، لە ویستی بە

خۆداچـــوونەوەی، بـــۆیە نەیدەویســـت شـــتێک هەبـــێ ململانێـــی لەگەڵ بکـــات. لە مانـــدوویێتیان هەســـتی بە هیلاکـــی کـــرد، هیلاکـــیەک پێـــی وابـــوو خەوی دێ. چـــوو دەرگـــاکەی لەســـەرخۆی کلـــۆم دا، چـــونکە کە دەیویســـت بـــــخەوێ، حەزی نەدەکـــــرد دەرگـــــای ژوورەکەی کراوەبـــێ، لەبەر ئەوەی متمـــانەی بە هـــیچ کەســـێک نەبـــوو. ئینجـــا چـــۆوە ســـەر جێگـــاکەی و ڕاکشـــا، هێـــدی هێـــدی خەو بـــردیەوە. کە ئێـــوارە بە خەبەر هـــات هەمـــان حەجـــاجەکەی جـــاران بـــوو، دووبـــارە ئـــاگر لە چـــاوی دەبـــاری، دەتگـــوت لە منـــدااڵیەوە ئەهـــریمەن چـــۆتە نـــاو لەشـــی. هەڵســـتاوە، لەجیـــاتی بیـــر لە نیگـــای ئەو ژنە بکـــاتەوە، کە گرێـــی دەدا بە عەشـــق و خۆشەویســـتی، بیـــری کـــردەوە ڕەنـــگە لەبەر منـــداڵ و مێـــردەکەی شـــێت بـــووبێ، بـــۆیە ئەوهـــا هەڵســـوکەوتی لەگەڵ دەکـــات. ئەویـــش پێـــی باشـــبوو بـــانگی بکـــات، بیکـــاتە دۆســـتی خـــۆی، جلێکـــی جـــوانی لەبەر بکـــات و لەنـــاو زینـــدانەکە وەک ســـۆزانیەک لەگەڵ خـــۆی بیگێڕێـــت، تـــا ئـــازاری پیـــاوە زینـــدانیەکانی پـــێ بـــدات، پێیـــان بڵـــێ ژنەکـــانی ئێـــوە ئەوهـــان، ببیـــنن مێـــردەکەیم لەســـێدارە داوە، کوڕەکەیشـــم

لەناو مەنجەڵی ئاوی گەرم هەڵکێشاوە، کەچی چۆن لەگەڵ بکوژەکە دەستێکەڵ کردووە. دوای ئەوبیرکردنەوەیە دەرگای ژوورەکەی لەسەرخۆی کردەوە، بانگی دوو جەللادی کردو پێیانی گوت ئەو ژنەم بۆ بێنن. جەللادەکانیش چوون ژنەکەیان بۆ هێنا، ئینجا پێی گوتن بەجێمانبێڵن.

کە جەللادەکان حەجاج و ژنەکەیان بەجێهێشت، ژنەکە وەک دایکێک ناخی دەکوڵا، بەڵام پێی وابوو زووە بۆ ئەنجامدانی هەر شتێک بیەوێ تۆڵە لە حەجاج بکاتەوە، ئەو پێویستی بە دەرفەتێکی باشبوو. حەجاجیش لە شوێنەکەی قیت بۆوەو لە ژنەکە نزیک کەوتەوە، کە لە نزیکەوە بینی زۆر جوانتر دەهاتە بەرچاو، لەچاو ئەوکاتانەی لەناو ژنە بەندکراوەکان بینیبووی. پرچی تا خوارەوەی پشتی شۆڕببۆوە، لە چەند شوێنێک تاڵ تاڵ هاتبوونەوە سەر دەموچاوی، حەجاج بە پەنجە تاڵەکانی لابردو دەستێکی بەسەری داهێنا، ئەو زمانی ژنەکەی نەدەزانی، بەڵام ژنەکە لە زمانی حەجاج تێدەگەیشت و دەشیتوانی کەم کەمە قسەی پێ بکات، چونکە زمانی حەجاج زمانی

چەسپاوبوو، هەموو کوردەکان، ئەگەر نەشیانزانیبا بەتەواوی قسەی پێ بکەن، کەمێکیان هەر دەزانی. بەڵام عەرەبەکان زمانی کوردیان بەنەفرەت کردبوو، بەوانبا یەک ووشەش بەسەر زاریان دانێ، بۆ ئەوەی بیانسڕنەوە.

حەجاج پێی گوت تۆ زۆرجوانی، چ ئیشت بەو تێکدەرانەیە، ئەگەر حەز بکەی لەو زیندانە سەربەستت دەکەم، لەگەڵ من بە ئازادی بڕۆی. ژنەکە لەناوەندی ژوورەکە ڕەق ڕاوەستابوو، حەجاجیش بە دەوریدا دەسووڕایەوە.

جارێک سەیری مل و سینگی دەکرد، جارێکیش سەیری ناوقەدو بەژن و بالای. لەپڕ پێی گوت بۆ بێ دەنگی؟ ئەوەی دەیڵێم پێت خۆش نیە؟ ئایا لەوە باشتر هەیە پێکەوە بگەڕێین و پێکەوە بخۆین و بخۆینەوە؟ ژنەکە لەپڕ بە جواب هات، بە چاوەگەورەکانی سەیری ناو چاوی حەجاجی کرد، گوتی لەبەرچی پێت خۆشە من لەگەڵت بم؟ حەجاج گوتی لەبەر ئەوەی جوانی. بەڵام من با پرسیارێکت لێبکەم، تۆ لەبەرچی ئەمڕۆ لەناو زیندانیەکان بەمشێوەیە سەیرت کردم؟

ژنەکە گـــوتی لەبەر ئەوەی پیـــاوێکی تونـــدو بەهێـــزی، هەمـــوو ژنێکـــیش حەزی لە پیـــاوی ئەوهـــایە. حەجـــاج خەنـــدەیەکی کـــرد، لەلای خـــۆیڕا دڵنیـــابۆوە ئەو ژنە یـــان لە ســـەرەتاوە ژنێکـــی جنســـی بـــووە نەیزانیـــوە، یـــانیش تێکچـــووە. ئەگەرچـــی ئەو زیـــاتر مەیلـــی بـــۆ بۆچـــوونی دووەم دەچـــوو. حەجـــاج گـــرتیە باوەشـــی خـــۆی، ژنەکە لەدڵەوە تـــا ســـەر ئێسـقان پێـی نـاخۆش بـوو، بەڵام دەبـوا خۆی بێ دەنگ بکات.

حەجـــاج دەمـــی بـــۆ لاملـــی بـــرد مـــاچی کـــرد، گـــوتی بمبـــوورە لەوەی بەســـەر مێـــردو منـــدااڵەکەتم هێنـــا. ژنەکە وەڵامـــی داوە گـــوتی دەســـتت خـــۆش بـــێ واتکـــرد، ئەگەر مێـــردەکەم پیاوبـــا منـــی نەدەخســـتە ئەو بـــارودۆخە ئەو ئـــازارانە ببینـم، تەنـانەت ئێسـتا سـووم لە منـدااڵەکەش نـیە کە نەمـــاوە، مـــادەم لە بـــاوکێکی ئەوهـــایە. حەجـــاج بـــۆی دەرکەوت دەتـــوانێ بە ویســـتی خـــۆی ئەو ژنە بێنـــێ و ببـــات. بـــۆیە دڵـــی بە قســـەکانی خـــۆش بـــوو. کە زیـــاتر لەباوەشـــی گـــرت، هەســـتی کـــرد ئەو ژنە لەســـەر ئەو هەمـوو جـوانیە بـۆنێکی نـاخۆش و تونـدی لێـدێت، بۆنێـک چەنـدین مانـگ بـوو خـۆی نەشووشـت بـوو، بـۆیە پێـی

گـوت بـڕۆ گەرمـاوەکەی مـن خـۆت بشـۆ، ئیتـر لەم شـەوڕا مەچـۆوە نـاو زینـدانیەکان، تـۆ لەگەڵ مـن دەبـی. ژنەکە گـوتی ڕازیـم بەڵام بەمەرجێـک تـا ئەوکـاتەی بڕیاردەدەم خۆم بەتۆ ببەخشم نێیە لام.

حەجـاج گـوتی باشـە. بەڵام لە سـبەی ڕا چـوومە هەرشـوێنێکی ئەو زینـدانە دەبـێ لەگەڵـم بـی. ژنەکەش سـەری بە بەڵـێ لەقانـد. ئینجـا چـووە گەرمـاوەکەی حەجـاج خـۆی شووشـت، حەجـاجیش کراسـێکی پـاکی بـۆ هێنا، لەگەڵ شانەیەک.

ژنەکە دوای خۆشووشـتن ڕێـک خـۆی گـۆڕی و پرچـی ووشـک کـردەوەو بە ڕێکـی شـانەی کـرد. ئەو شـەوە لە ژوورەکەی حەجـاج مـایەوە، بـێ ئەوەی بێڵـێ حەجـاج دەسـتی بە دەسـتی بـکەوێ. سـبەینێیەکەی حەجـاج جەللادێکـی نـاردە لای تـا بینێـرێتە بـازاڕ چـی بـوێ بـۆی بێنـێ، ژنەکەش تەنـوڕەو قەمـیس و جلـی خەوتـن و مکیـاجی داواکـرد، دەیزانـی حەجـاج بەوە هەڵـدەخەڵەتێ. جەلـلادەکە لە کاغەزێـک هەمـوو ئەو شـتانەی نوسـی. نیـوەڕۆ دوای بـازاڕکردنێکی بە مانـدووبوون، کە هـیچ لەگەڵ سـەلیقەی جەللادیەتـی نەهـات کڕینـی ئەو جـل و

بەرگ و مکیاجانە، هاتەوە. چەند زەرفێکی بەدەستەوە بوو. ڕاستەوخۆ چووە لای حەجاج کە لە گۆڕەپانی زیندانەکە بە تەنیا ڕاوەستابوو و سەیری سەگەکانی دەکرد. ئەویش زەرفەکانی لە پێشی دانا، بە نیمچە تورەییەوەش گوتی تۆ بۆ ئیشی عەنتیکە دەمنێری. حەجاج گوتی چ ئیشێک؟ مەگەر بازارڕکردن عەنتیکەیە؟ جەللادەکە نوشتایەوەو دەستی لەناو یەکێک لە زەرفەکان ناو کراسێکی خەوتنی ژنانی هێنا دەرەوە، کە پێکهاتبوو لە دوو لچکی باریک و پارچەیەک قوماشی دووراو. گوتی ئەدی عەنتیکە نیە، ئەگەر پیاوبی و بچی بە جل و بەرگ و ئۆتۆمبێلی سەربازی ئەو جلە بکڕی؟ حەجاج دایە قاقای پێکەنین، دواتر گوتی کوڕە گەمژە ئەوە نهێنی خۆی تێدایە، بڕۆ لە ژوورەکەم بیدە ژنەکە، پێشی بڵێ هەرچیت ویست حەجاج گوتویەتی بۆی بێنن، جا تۆش ئاگادارمان بکەوە، با قسەی گەورەمان نێتە سەر. جەللادەکە زەرفەکانی هەڵگرت و چووە ژوورەکەی حەجاج، ئەوەی حەجاج پێی گوتبوو، بە ژنەکەی گوت.

ژنەکەش بـێ ئەوەی هـیچ وەڵامێکـی بـداتەوە، جلەکـانی هەڵگـرت و چـووە گەرمـاوەکە، لەوێ خـۆی گـۆڕی و تەنـورەو کراسـەکەی لەبەرکـرد، پرچیشـی لە تـۆقی سـەری بەسـتا، لچکەکانیشـی بە هەمـوو لایەکـدا بـڵاو کـردەوە. دواتـر لەبەر ئـاوێنەیەک ڕووی خـۆی مکیـاج کـردو سـووراوی لە لێوەکانیـدا. لەوکـاتە حەجـاجیش هـاتەوە ژوورەکە، بینـی جەلـلادەکە هەروا لەوێ ڕاوەسـتاوە، دیـاربوو حەزی دەکـرد، ژنەکە ببینـێ بە ڕازاوەیـی، بەڵام حەجـاج گـوتی تـۆ چیـدەکەی لێـرە؟ بـڕۆ کەی کارێکم هەبوو بانگت دەکەم.

جەلـلادەکە لەگەڵ ئەو قسـەیە چـووە دەرەوە، لەوکـاتە ژنەکەش زانـی حەجـاج هـاتۆتەوە ژووری و کەسیشـی لـێ نـیە، لەپـڕ لە گەرمـاوەکە دەرهـات، چ دەرهاتنێـک، هـیچ لەو ژنە دیـلە نەدەچـوو، کە چەنـد ڕۆژێـک پـێش وەخـت لەنـاو زینـدانەکە بـوو. حەجـاج چاوەکـانی ئەبـلەق بـوون بە بینینـی جـوانیەکەی و ئەو بـۆنە خۆشـەی لێـی دەهات.

حەجاج کاتێک سەیری بەلەکی تاس و لوسی کرد، کە لەژێر تەنورە ڕەشەکە سپی دەچۆوە، ئۆقرەی لەبەر بڕا.

لەژنەکە نزیک بۆوە، ماچێکی لە ڕوومەتی کرد، هەناسەیەکی بەهێزیشی لەگەڵ هەڵکێشا، تا بۆنی بکات. ژنەکە لێی دوور کەوتەوە. هەرکاتێک حەجاج جەستەی بە جەستەی دەکەوت، ژنەکە لەناخەوە بە گەورەترین کفری دەزانی بەرامبەر وەفای مێردەکەی و خۆشەویستی منداڵەکەی بیکات، بەڵام دەیزانی بۆ تۆڵەکردنەوە لەو زیندانە داخراوە لەو ڕێیەی باشتر لەبەر دەست نیە.

دوای نیوەڕۆ کە پێکەوە نانیان خواردو لەسەر مێزی نان خواردن گفتوگۆیان کرد، حەجاج جەللادەکانی ئاگادرکردەوە هەموو زیندانیەکان بێنێتە دەرەوە، لەناو قەفەسەکان. بەخۆشی لەگەڵ ژنەکە، هێدی هێدی بە پیاسە، کە بەئەنقەست کێبلەکەشی لە دەستێک گرتبوو، پۆستاڵەکانیشی ڕەش دەچووونەوە، چووە ناو گۆڕەپانەکە، لەوێ بەبەر چاوی زیندانیەکان، قسەی لەگەڵ ژنەکە دەکردو پێدەکەنی، زیندانیە ژن و

پیاوەکان کە ژنەکەیان بینی بەمشێوەیە پیاسە لەگەڵ حەجاج دەکات و خۆشی ڕازاندۆتەوە، سەریان سووڕما، نەیاندەزانی ئەوە خەونە یان ڕاستی؟ بە چاوەکانیان باوەڕبکەن یان نا؟ ئەوانەی لێی نزیک بوون و بەزەییان پێدا دەهاتەوە، لەداخان نێوچاوانیان تێکنابوو، لەدڵەوە قسەیان پێدەگوت. پێیان وابوو ئەوە لە ڕەچەڵەکی وان هەڵگەڕاوەتەوە. لەناو زیندانیەکان کەس پەی بە ڕاستیەکە نەدەبرد، تەنیا پیاوە بەتەمەنەکە نەبێ هەستی دەکرد شتێک هەیە.

(٣٧)

ئەو ڕۆژە دوای ئەوەی شـــوانەکە هەواڵـــی مینڕێژکردنـــی دەووروبەری ســـــــــەربازگەکەی بە پێشـــــــــمەرگەکان ڕاگەیانـــد، ئێـــوارە بەرەو گونـــد گەڕاوە، لە ڕێگـــا بینـــی بـــــارق و چەنـــــد ســـــەربازێک و هەنـــــدێک جـــــاش ڕاوەســـتاون. کە گەیشـــتە لایـــان ســـڵاوی لـــێ کـــردن. ئەوانـــیش بە ســـاردی وەڵامیـــان دایەوە ڕێیـــان لـــێ گـــرت. بـــارق چـــووە پێشـــی و ســـەیری نـــاو چاوەکـــانی کـــرد، وەک ئەوەی شـــتێک لەســـەر تەختـــی نێوچـــاوانی نوســـرابێت و

ئەویش بیخۆینێتەوە، ئینجا لێی پرسی لە کوێ بووی؟

شوانەکەش ڕەنگی تێک چوو، بەحاڵ وەڵامی دایەوە، لە ڕاو، ویستم دوای ئەو بەفر بارینە داو لە بۆ کەو دابنێمەوە. بارقیش پێی گوت بۆ ئەوەندە هەڵکشای بەرەو چیایەکە؟ هیچ کات کەسێکم نەبینیوە لەناو گوندڕا ئەوەندە هەڵکشێ. دیاربوو بە دووربین چاودێری کردبوو.

شوانەکەش گوتی لە شوێنێکی باش دەگەڕام، داوەکەی لێ دابنێمەوە، ئاگام لێ بڕا چەند بەرەو بەرزی چیاکە ڕۆیشتیمە. بارقیش پێی بڕوا نەکرد، بەڵام خۆی لێ غافڵ کرد و گوتی تێگەیشتم، بەهەرحاڵ من بۆیە وام گوت، ئەو ناوچەیە مینڕێژ کراوە، جارێکیتر بەرەو ئەولا نەچی باشە. شوانەکە وا خۆی دەرخست ئاگای لە مینڕێژکردنی دەوروبەری سەربازگەکە نیە، بەسەرسامیەوە گوتی مینڕێژ کردن؟ چۆن شتی وا دەبێ، ئێ هەرنا نیشانەیەک دابنێن لەو شوێنانە با خەڵکی بەناو نەکەون. بارقیش گوتی بەدڵنیاییەوە وادەکەین، تۆ ڕاست دەفەرموی.

ئینجا ڕێگەیدا بڕوا، دوای ڕۆیشتنی شوانەکە یەکێک لە جاشەکانی کردە سیخوڕ بەسەریەوە. گوتی چاودێری ئەو شوانە بکەن.

ئەو شوانە تەمەنی سی و پێنج ساڵ دەبوو، تا ئەوکاتە هاوسەرگیری نەکردبوو، لەماڵی کێخوای گوندەکە دەژیا، لەناو هۆڵی مەڕومالاتەکە.

هەر لەوێش بە قوڕ لەلایەک سەکۆیەکی بۆخۆی دروست کردبوو، لە نزیک سەکۆیەکەش سۆبەیەکی داری بە لولەی لە بنمیچەکە بردبووە دەرێ و شەوان پڕی قشپل دەکردو ئاگری تێبەردەدا. ژیانێک دەژیا بێ کێشە، هیچ خوێندەواری نەبوو، تەنیا لە زمانی مەڕومالاتەکەی دەزانی. ئەو شوانە لەگەڵ کچی کێخوا لە پەیوەندی خۆشەویستی دابوو. پەیوەندیەک تژی لە پاکی و سۆزو وەفا، ئەوان کە دەشگەیشتنە یەکتری لە پەنایەک، یان لە کاتی مەڕدۆشین و هەر شوێنێکیتر تەنیا لەلای یەک دادەنیشتن، هیچیان نەدەگوت، جار جار سەیری یەکیان دەکردو بە تاسەوە لەچاوەکانی یەکتریان دەڕوانی، دەتگوت دوو کەڕولاڵن لە پەیوەندی خۆشەویستیدان،چ خۆشەویستیەک؟

شانۆیەکی بێدەنگ بوو پێشکەشی گەردوونیان دەکرد، دوای ئەوەی لە لای یەکتریش دەڕۆیشتن کچی کێخوا پێی دەگوت خۆت باش داپۆشە با سەرمات نەبێ، شوانەکەش ئەوەندە قسەیەی لەلا گەیشتن بوو بە لوتکەی عەشق، وەڵامی دەدایەوە غەمت نەبێ.

تۆش ئەوەندە خۆت ماندوو مەکە دونیا ئەوە ناهێنێ دارو بەرد گێسک بدەی، بە نیازی پاککردنەوە، پیسیەکان زۆر لەوە زیاترن دەیانبینین. شوانەکە ئەو قسەیە لە پێشمەرگەیەکی قۆشمەچی فێربووو، کە جارێک بۆی گێڕابۆوە، ئەوەی بە یەکێک لە کچە گوندیەکان گوتبوو.

کچی کێخواش هەموو جارێ بەو قسەیەی شوانەکە پێدەکەنی. وەک ئەوەی کۆمیدیترین شتی پێ نیشان درابێ و ئەویش دڵی پێ خۆشبووبێ. دەیگوت ئێ هەر یەکجاری لێی گەڕێم و نەیمالّم بەبن پیسایی دەکەوین.

***** ***** *****

کە شــەو داهــات، بــارق لەنــاو کــابینەکەی هەر دەهــات و دەچــوو، لە ڕەنــگ و ڕووخســاری شــوانەکەوە زانیبــووی بە پێشــــمەرگەکانی ڕاگەیانــدووە، لە کوێــوە تــا کــوێ دەوروبەری ئەو سەربازگەیە مینڕێژ کراوە.

ئەو پەی بەوە بردبــوو خەڵکــی گونــدەکان بە تــایبەتی شــــوانەکان لەوە زیرەکتــرن، شــتێکی نــامۆ ببیــنن و بەسەریاندا تێپەڕێ.

ئەوان بەردێــــک لە شــــوێنەکەی خــــۆی لەو بنــــارو ســــەرچیاو ئاقــارانە بجوڵابــایەوە بە دڵنیــاییەوە درکیــان پێــدەکرد. وەک ئەوەی چــۆڵەوانی هەر هەمــووی مــاڵی خۆیــان بــێ و ئاگایــان لێبــێ چــی تێدایەو چــی تێدا نــیە؟ چ بەردێــک لە فــڵانە شــوێن دیــارەو چ داریکــیش لەچ دۆڵــێکەوە ســەوز بــووە؟ جــا چشــنا لاشــەی بــێ دەســتی ئەو ورچە گەورەیە بــێ. بــۆیە ئەو شــەوە لەســەر ئەو ڕێگــایەی دەبــووە ســێ ڕیــان و یەکێکیــان بــۆ چیــا دەڕۆیشــــت و یەکێکیشــــیان بــــۆ گونــــدەکەو ئەوەی تریشــیان بــۆ شــار، کە دارتــوویەکی گەورەو نــاو قەد ئەستوریشــی لــێ ڕوابــوو، کەم کەس دەیزانــی تەمەنــی چەنــدە، لەم بەرو لەو بەر بــارق کەمینــی دانــاوە، لەنــاو

ئەو بەفـــرە ســـاردە. چ کەمینێـــک؟ بە خاکەناســـی ســـەربازی، کە جـــۆرە خاکەناســـێک بـــوو بەقەد باڵێـــک درێـــژ، لە ناوەنـــدێرا دەنوشـــتایەوەو ســـەربازەکان دەیـــانتوانی لە پشـــتی خۆیـــان قـــایمی بـــکەن، لە هەر شـــوێنێکیش ئیشـــیان پێبـــێ، قـــۆرتی پـــێ لـــێ بـــدەن، یـــان پێشـــی ئۆتۆمبێلەکانیـــان پـــێ خـــاوێن بـــکەنەوە لەو کاتـــانەی لەناو بەفر، یان ڕێگا قوڕەکان عاسێ دەبێ.

ئاگـــاداری کـــردنەوە هەر ســـەربازو و کۆمەڵێـــک بەفـــر کۆبکاتەوەو خۆی لە پەنا حەشار دا.

ســـــەربازەکانیش ئەوەی بـــــارق پێـــــی گوتبـــــوون، ئەنجامیانـــدا، تادرەنـــگ چـــاوەڕێ بـــوون، پێشـــمەرگەکان بـــێن، نەهـــاتن. مانەوەیـــان لەنـــاو ئەو شـــەوە ســـاردەو خۆمـــات کـــردن تـــا درەنـــگ لە پەنـــا ئەو دیـــوارە بەفـــرە دەستکردانە گران بوو.

ئەوەنـــدە گـــران دوای چەنـــد کاتژمێرێـــک خۆیـــان نەگـــرت و هێـــدی هێـــدی خوێنەکانیـــان بەرەو مەیـــین ڕۆیـــی، ئەوانـــیش وەک پێشـــمەرگەکان نەبـــوون، لەڕۆیشـــتن دابـــن و ڕانەوەســـــتن، لەبەر جوڵەجـــــوڵی زۆرو بە پـــــێ ڕێگـــابڕین ســـەرما کاریـــان تێنەکـــات، ناچـــار هەڵســـتانەوەو

چیتـر بەرگەیـان نەگـرت، لەسـەر پێیەکانیـان دەسـتیان بەجـولّە جـولّ کـرد، دواتـر پیاسـە، بـارقیش لە سـەرباری ئەو نـاو و ناوبانـگ و پـلەیەی پێـی بەخشـرابوو، هەسـتی کـرد ئەگەر لەو گـۆڕە بمێنـنەوە بەفـر دەیانبەسـتێ. بـۆیە بڕیاریـدا کەمیـنەکە تێکـدەن، لە ڕقـانیش تفێکـی لە لـوتکەکە کـرد، گـوتی نەفـرت لە سەرمایەکەشـتان. بە لەرزە لەرز گەڕانەوە نـاو سـەربازگەکەو هەر سـەربازو خـۆی خسـتەوە نـاو ئەو خیوەتـانەی لێـوەی هـاتبوون. لە دەوری سـۆبەکانیش ئۆقرەیـان نەدەگـرت، بەوان بـا ئـاگرەکە تونـد بگـرنە باوەشـیان. ئەوەنـدە لە مـاوەی ئەو چەند کاتژمێرە سەرمایان چێشتبوو.

(٣٨)

تازه لەئەشکەوتەکە داڵی سەردار دوای ئەوەی بریندارببوو لە شوێنەکەی خۆی هەڵستابۆوەو لەگەڵ نەدیم و پێشمەرگەکان لە دەوری ئەو ئاگرە دانیشتبوون، کە لە ئێوارەوە کردبوویانەوە.

ڕەنجدەری لاوچاک پێی باش بوو دوای ئەوەی شوانەکە هەواڵی مێنڕێژکردنەکەی پێڕاگەیاندن، تۆڵەی ئەو هێرشەیان لێبکەنەوە، کە هەورازە ڕەش تێیدا شەهید بوو. کاتەکەش تابڵێی لەباربوو بەهۆی ئەو

هەموو بەفر بارینە. ئەوان گفتوگۆیان لەم بارەیەوە دەکرد پیلان دابنێن تا لەسەربازگەکە بدەن، لەناکاو گوێیان لە دەنگە دەنگێک بوو، بەپەلە دەستیان دا تفەنگەکانیان و نەدیم هەڵستاوە بەرەو دەرگای ئەشکەوتەکە چوو، بینی دوو پێشمەرگە بەسواری گوێدرێژێک هاتوون. دیاربوو ڕیشەی لەش ئاسن ڕەوانی کردبوون کەل و پەل و خواردن و فیشەکیان هێنابوو لەگەڵ خۆیان. لە دووڕا خۆیان ناساند، لەگەڵ نەدیم باوەشیان لەیەکتریداو چوونە ناو ئەشکەوتەکە، کە ڕەنجدەرو جوتیار بینیان لەبەریان هەڵستانەوەو بەگەرمی بەخێرهاتنیان کردن. ئینجا لەدەوری ئاگرەکە دانیشتن، یەکێکیان پێش ئەوەی باسی هیچ شتێک بکەن، گوتی پێش مەغریب لە ڕێگا کەرووشکێکی کێویمان ڕاوکرد، پێم باشە بیخەینە سەر ئەو ئاگرە. دالّی سەردار ئەوەی بەدڵ بوو، چونکە پاش بریندارببوونی هیچ خواردنێکی ئەوهای نەخواردبوو، دڵی پێ دابکەوێ، لەنان و چا زیاتر نەبێ. ڕەنجدەری لاوچاکیش بە جوتیارە شێتی گوت لەگەڵ نەدیم چاکی بکەن.

نەدیم و جوتیاریش هەڵستان زوو کەرویشکەکەیان چاکردو لە دوو شیشی کلاشینکۆفیان هەڵکێشا، دواتر خوێیان پێداکردو لەسەر بەردی ئاگردانەکەیان دانا. ئاگرەکە هێدی هێدی دەستی بە برژاندنی کەلەشەکە کرد، بۆنی گۆشت بەناو ئەشکەوتەکەدا بڵاو بۆوە.

لەگەڵ بۆنەکە پێشمەرگەکان مەست بوون، دەمێک بوو تامی گۆشت نەچووبووە دەمی کەسیان. یەکێک لە دووپێشمەرگەکە پێش ئەوەی گۆشتەکە بە تەواوی ببڕژێ، گوتی دالّی سەردار کامتانن؟ ڕەنجدەری لاوچاک ئاماژەی بۆ دالّی سەردار کرد گوتی ئەوە هەوە. پێشمەرگەکە گوتی ڕیشە دووبتڵ مەییشی بۆ ئەو ناردووە، لەگەڵ کەل و پەلەکان. ئینجا هەڵستاوە، تێرکەکەی لەسەر پشتی گوێدرێژەکە هێنا خوارەوەو مەیەکانی لەناو تێرکەکە دەرهێنا، دالّی سەردار کە بینی خەنی بوو، گوتی ئەو ڕیشەیە هەر پاڵەوانی شەڕ نیە، ئەو پاڵەوانی بەدیهێنانی حەزەکانیشە، پێشمەرگەکان هەموو پێکەنین. ئینجا کە پێشمەرگەکە بتڵە مەیەکانی پێدا، دالّی سەردار سەری بتڵێکیانی کردەوەو بەسەر دەمی خۆی وەکرد، دواتر کە هێنایە

خـوارەوە، هەناسـەیەکی هەڵکێشـاو گـوتی لەبەهەشـتیش شـتی وەهـا خـۆش نـیە، ئـاگرێکی گەرم و بـێ دووکەڵ، کەلاکـی کەرۆشـکی کێـوی، لەنـاو ئەو چیـاو چـۆڵە کە چەنـد ڕۆژێـکە داپۆشـراوە بە بەفـر. ئـاخەر دوای ئەم چێـژە گەورە چـۆن هـار نەبـین و ئەو سـەربازگەیە سـەراو ژێـر نەکەیـن؟ وەڵا حەق وایە هەر بە لاقەکـانی ئەو ئـاژەڵەی وا داتاننـاوە بیخـۆین، لە جێـی حەربە، ورگـی سـەربازانی داگیـرکەری پـێ بـدڕین. لەگەڵ ئەو قسـەیە پێشـمەرگەکان هەنـدەیتر پێکەنـین، دەمێـک بـوو ئەو قسـەی کەم کردبـوو، لەدوای برینـداربوونەکەی، دەتگـوت تـازە زمـانی بـۆ گەڕاوەتەوە. پێشـمەرگەکەی مەیەکەی دا دەسـت دالّـی سـەردار، بـتڵەکەی لـێ وەرگـرتەوە و گـوتی بـرا هەرنـا بەشـی مانـدووبوونی ڕێگـای منـیش بـدە، ئەویـش لەگەڵ ئەو قسـەیە کەمێکـی لـێ هەڵقورانـد. لە دیـار گەرمـی ئـاگرەکە مەیەکە بەخێرایی بە ناوخوێنیدا سووڕایەوە، تۆزێک دامان.

لەوکـاتە ڕەنجـدەری لاوچـاک بە پێشـمەرگەکانی گـوت پـێم باشـە هەر ئەمشـەو لەو سـەربازگەیە بـدەین. نەدیـم و پێشـمەرگەکانیتر ئەو پێشـنیارەیان پـێ بـاش بـوو،

چونکە ئاگری تۆڵە لە هەناویاندا کۆببۆوە. لەداخی شەهیدکردنی هەورازە ڕەش، چاوەڕێی گەیشتنی فیشەک و شەوێکی وەها بەفراویان دەکرد، بە هاتنی ئەو دوو پێشمەرگەیەش هەندەیتر کەف و کوڵیان تێکەوتبوو، پێشمەرگە کە دەگەیشتنە یەک جا لەهەر شوێنێک بانا، ڕووحیەتێکیان تێدا دروست دەبوو ئیتر پێویستە شتێک بکەن.

دوو پێشمەرگەکەش ئەو پێشنیارەیان پێ ناياب بوو، هەتا یەکێکیان ئەوەندەشی گوت چەند جوان دەبێ، پێش ئەوەی بگەڕێینەوە لەو چالاکیەی ئەمشەو داتاننەوە بەشداربین. تەنیا ئەوەی ئەو پیلانەی پێ خۆش نەبوو، دالّی سەردار بوو، چونکە حەزی دەکرد بەخۆشی بەشداری ئەو چالاکیە بکات، بەڵام بەهۆی برینەکانی سینگیەوە دەبوا لەئەشکەوتەکە بەجێبمێنێ. یەکێک لە دوو پێشمەرگەکە گوتی ئێستا پیلان چۆن بەڕێوە دەڕوا، ڕەنجدەری لاوچاک گوتی یەکەم شت دەبێ ئاگاداربین هەموو دەروبەری سەربازگەکە مینڕێژکراوە، تەنیا شوێنێک نەبێ، ئەویش شوانێک ئەمڕۆ ئەو هەواڵەی پێداین. پێشمەرگەکە گوتی ئەو

چۆن زانی ئەوێ مینرێژکراوە؟ ڕەنجدەریش وەڵامی داوە شەوی ڕابردوو ورچ بەناو مینەکان دەکەوێت. ئەوانیش دیارە تەقەیەکی زۆری لێ دەکەن، تا دەیکوژن، پاشان لاشەکەی دەخەنە کەندێک لەو دەوروبەرە، ئەو شوانەش بەیانی دەیبینێ، بەناچاری بۆئەوەی ئێمە نەچین لەسەربازگەکە بدەین و بکەوینە ناو کێڵگەی مینەکان، بە فێڵی ڕاوە کەو و داودانانەوە خۆی دەگەینێتە لای ئێمەو هەواڵەکەمان پێ دەگەینێ. پێشمەرگەکەش گوتی کەواتە لەرم و هۆڕی ئەوشەوە ئێوە نەبوون؟ نەدیم پێکەنی گوتی نا، ئێمەش وامان زانی ئێوەن.

داڵی سەردار لەوکاتە بە نیمچە سەرخۆشیەوە گوتی، نابابە ئێمەی چی ئەو جارە ورچ هێرشی بۆ کردوون، چ هێرشێک؟ هەر خوا خۆی لەو بەرزیەوە دەزانێ ئەو دیمەنە چۆن بووە ئەو شەوە.

ئەوان لەو قسانە دابوون، کەلاکەکەی سەر ئاگر بە تەواوەتی بەرژا، ئینجا هەر کەس لە ڕاستەخۆیرا دەستی بۆ پارچەیەک گۆشت برد، هەندەی پێ نەچوو، کەلاکە کەرویشکەکەیان لەبەر یەک هەڵوەشاندەوە،

کردیـــانە ئەو کەلاکەی لە ئاقارەکـــان تەنیـــا بڕبـــڕەی پشـــتی و چەنـــد ئێســـکێکی ئەم لاو ئەولای قەفەســـەی ســـینگی لەوگـــۆڕە بەجێـــدەمێنێ، بەهـــۆی ئەوەی هەر دەعبایەک هاتووەو، پارچەیەکی لێ خواردووە.

دوای خـــــواردنی کەرووێشـــــکەکە، چایەکیشـــــیان بە ڕەژووی ئـاگرەکە لێنـا، لە قـۆغەی فـافۆن سـەروچایان خـــواردەوە پاشـــان دوو پێشـــمەرگەکەی کەل و پەلیـــان هێنـــابوو، هەڵســـتانەوە، لەگەڵ نەدیـــم و هاوڕێکـــانی خۆیـــان ئامـــادە کـــرد، گرێـــی تونـــد تونـــدیان لە پشـتێنەکانیانداو نیتاقەکانیـان لەسـەر بەسـتا، کە هـی هەر یەکێکیـــان کۆمەڵێـــک مەغـــزەن و چەنـــد ڕومـــانەیەکی کـووس کووسـی پێوەبـوو، ئینجـا بە جەمەدانـی دەمـامکی خۆیانـداو دەسـتیان کـردە چەکەکانیـان، لە ئەشـکەوتەکە دااڵـی سـەردارییان بەدیـار ئـاگرەکەوە بەجێهێشـت و لە لوتکەکە دابەزین.

دااڵـی سـەردار لە ئەشـکەوتەکە کەمێـک دوای ڕۆیشـتنی ئەوان، خـۆی نەگـرت، دەسـتی کـردە کلاشـینکۆفەکەو لـولەکەی لە زەوی چەقانـد، بە حـاڵ خـۆی پـێ قیـت کـردەوە، دەیویسـت لەسـەر لـوتکەکەڕا هەرنـا دیمەنـی

لێدانی سەربازگەکە ببینێ لەناو ئەو تاریکەشەوە، کە ئەوجارە بۆی ڕەخسابوو.

کە گەیشتە بەردەرکەی ئەشکەوتەکە سەیرێکی گۆڕەکەی هەورازە ڕەشی کرد، لەوێ دەیزانی هێشتا زووە هاوڕێکانی نەگەیشتینە بنارەکە، لەسەر گۆڕەکە کەمێک ڕاوەستا، دواتر گوتی هاوڕێ من ببووره نەمتوانی لەگەڵیان بچم، خۆت دەمبینی جارێ بریندارم، بەڵام دڵنیات دەکەمەوە ئەمشەو ئەو پێنج گورگە سەربازگەکە کەور دەکەن، کەمێک چاوەڕێکە، بزانە چ قیامەتێک هەڵدەستێ. ئینجا دەستێکی لە خۆڵی سەرگۆڕەکەداو ماچی کرد، پاشان لەوێوە چووە ئەو شوێنەی بەتەواوەتی سەربازگەکە و بنارەکەی لێوە دەبیندرا، خۆی بە کلاشینکۆفەکەی دادابوو، تا هێز نەکەوێتە سەر برینەکانی، چاویشی لە سەربازگەکە بڕی، ئەگەرچی کەش و هەوا زۆر سارتتر بوو بۆ کەسێک ڕاوەستێ لەناو ئەو بەفرە، وەک چۆن سەربازەکان و بارق ئێوارە لەکەمینەکە خۆیان ڕانەگرت، بەڵام مەراقی دااڵی سەردار لەوە هێوەتر بوو بچێتەوە ناو ئەشکەوتەکە.

لەناکاو لەخوارەوە بینی بووە لرم و هۆڕ، لەگەڵ لرم و هۆڕەکان، لە هەموولایەک ئاگر بەرزبۆوە، هەریق وەک تیری لە کورە دەرهێندراو بەسەدان پێکەوە بۆ ناو سەربازگەکە دەچوو.

دیاربوو لەناو سەربازگەکەش بەئاراستەی هەریقەکان بووە تەقە، لەسەرەوەڕا بە ئاسانی شەڕی هەردوولا دەبیندرا، چۆن گوللەی پێشمەرگەکان و سەربازەکان بەناو یەکدا تێدەپەڕین، دیاریش بوو ئەوانەی بە عەردی دەکەوتن بەرز دەبوونەوە تاقی ئاسمان. خەڵکی گوندەکە لەگەڵ ئەو هەموو لرم و هۆڕو تەقەیە، دووبارە بەخەبەر هاتن، پیاوەکان لەکاتی وا هەستیان بە شەرم دەکرد، بەرامبەر ژنەکانیان.

کە خۆیان دەبینی لەناو نوێنی گەرم ڕاکشاون، کەچی پێشمەرگە بەو شەوە پڕ لە بەفرە تەنگەی بە دوژمن هەڵچنیوە. هەر لەبەر ئەوەش بوو ژنەکان بە ئاشکرا پێشمەرگەیان دوور بەدوور لە مێردەکانی خۆیان خۆشتر دەویست. زۆرجاریش بە شان و باڵیاندا هەڵدەدان و وەکو مێرخاس ناویان دێنان، پیاوەکانیش لەسەرباری ئەوەی هاوشانی ژنەکان خۆشەویستیان

بـــــۆ پێشـــــەرگە هەبـــــوو، بەڵام غیرەشـــــیان لەو پیداهەڵگوتنە دەکرد.

***** ***** *****

شــەو درەنــگ لە هــیچ لایەکەوە دەنگــی تەقە نەمــا، دالّــی ســەردار کە بینــی شــەڕەکە کۆتــایی هــات، لەتــاو ئــازاری برینەکــانی چــۆوە نــاو ئەشــکەوتەکە، بەهــۆی ئەوەی نەشــیدەزانی لە خــوارەوە چــی ڕوویــداوە، بــێ ئۆقرەبــوو، دوای ئەوەی کەمێــک خــۆی گەرم کــردەوە، دیســان بە کــووڕە کــووڕ لە ئەشــکەوتەکە هــاتەوە دەرێ، لە هەمــان شــوێن چــاوی لە خــوارەوە بــڕی، لەپــڕ لەنــاو تــاریکی ســەری پێشــمەرگەکان بەدیــار کەوت، دواتــر شــان و خــوارەوەی نــاو قەدیــان، کە نزیــک بــوونەوە، بینــی نەدیمیــان بە چــوارکەس هەڵگرتــووە، دیــاربوو بە ســەختی برینــداربوو، بە پــێش دالّــی ســەرداردا بردیــانە ژوورەوە، هەربەدەم بــــردنە ژوورەوەی نەدیــــمەوە، ڕەنجــدەر بە دالّــی ســەرداری گــوت بەو ســەرمایە وا بەخــۆت برینــداری بــۆ هــاتیە دەرەوە؟ دالّــی ســەردار

بەشەلەشـــەل کەوتە دوایـــان گـــوتی تـــۆ بەخـــۆت بـــای ئـــۆقرەت دەگـــرت؟ ڕەنجـــدەر گـــوتی نـــا، تەواو تێگەیشـــتم، ئێســـتا وەختـــی ئەو دەمەقـــاڵیە نـــیە. کە نەدیمیـــان بـــردە نزیـــک ئـــاگرەکە دایاننـــا، بەپەلە کراســـەکەیان لەبەر داکەنـــد، نەدیمـــیش لەهـــۆش خـــۆی دەچـــوو و هۆشـــی دەهـــاتەوە، بە مـــنگە منگـــیش دەدوا کەس تێینەدەگەیشـــت. یەکێـــک لە دوو پێشـــمەرگەکەی لەگەڵیـــان بـــوون، چەقـــۆیەکی خســـتە ســـەر ئـــاگرەکە، لەگەڵ شیشـــێکی کلاشینکۆف.

پێشـــمەرگەکانیش هەمـــوو دەوریـــان لە نەدیـــم دا، پێشـمەرگەکە گـوتی پێویسـتە گـوللەکەی لەبـۆ دەربێنـین، کە کراســـەکەیان لەبەر داکەنـــد، بینیـــان گـــوللەیەک بە بەینـی دڵ و ملـی کەوتـووە، لە ئێسـکی سـینگی گیربـووە، ئەو گیربـوونەش بـاش بـوو نەیهێشـتبوو گـوللەکە بگـاتە ســیەکانی. نەدیــم بەئەســتەم پێشــمەرگەکانی دەبینــی و نەدەبینـــی، دەیزانـــی لەنـــاو ئەشـــکەوتەکەیە، بەڵام شەڕەکەشـــی دەهـــاتەوە بەرچـــاو. کە چەقـــۆکە ســووربۆوە، پێشـمەرگەکە لە بـرینەکەی سـینگی نزیکـی کـــردەوە، نزیـــک کـــردنەوەیەک نـــوکەکەی بە شـــوێنی

گوللەکەدا ڕەوان کرد، کە نوکی چەقۆیەکەو گوللەکە پێککەوتن، نەدیم هاواری کرد، خەریک بوو ببووریتەوە.

لەوکاتەی پێشمەرگەکان لە ئەشکەوتەکە خەریکی نەدیم بوون، مەستان کە وەکو شەوەکانیتر لە ژوورەکە لە دیار گەرمی سۆبە دارەکەیان لە ڕێزی خوشک و براکانی و دایکی خۆی لەبن بەتانی نابوو، خەوی لێ نەدەکەوت. ناچار هەڵستاوە دانیشت، دیاربوو باوکیشی بە ئاگابوو، لێی پرسی چیە کچم؟ بیر لەچی دەکەیەوە؟ مەستان کە بینی باوکی بە ئاگایە، گوتی لەشتێک. باوکی زانی بەوشەوە قەلەقە، ناچار لەناو جێگاکەی هاتە دەرەوەو ئەویش دانیشت، لەو دەنگە دەنگ و جوڵە جوڵە دایکیشی بە ئاگاهات. باوکی گوتی ئەو شتە چیە؟ مەستان گوتی نازانم چۆن پێتان بڵێم، دایکی و باوکی گوێیان لێ گرت، چاوەڕێبوون قسە بکات. مەستان گوتی ئاخەر هەست دەکەم گوتنی گرانە. باوکی گوتی کچم قسە بکە، کەس لێمەت ناکات لەو ماڵە. مەستان بە دەستی لەرزە لەرزو دەنگی گۆڕاوەوە، هێزی دابەرخۆی و بەحاڵ

گوتی تەواو من بە سیاوەرد ڕازیم پێیان بڵێن با بێنە پێش، شووی پێ دەکەم. لەگەڵ ئەو قسەیە لەشەرمان دەستی بە گریان کردو سەری خستە ناو کۆشی دایکی. دایکیشی دەستی بە پرچە دڕێژەکەی داهێناو گوتی جەرگی دایەی بۆ دەگریەی؟ ئێمەش پێمان خۆشە. ئیتر لەوکاتە لەناو ئەشکەوتەکە گوللەکە لەناو جەستەی نەدیم دەرهات و کوللەیەکیتر پێیدا چووە ژوورەوە، گوللەیەک کەس لێی دیار نەبوو، دڵی پڕ ئاواتی پێکا.

بەشی چواردە

(٣٩)

سبەینێ بوو، داودی دارتاش تازە دوکانەکەی کردبۆوە، لەناکاو کۆمەڵێک پیاوی دەمامکدار، کە جلی پاسەوانیان لەبەر بوو، بەناو دوکانەکەی وەربوون و لێنەگەڕان لە شوێنەکەی هەڵستێتەوە.

سەرەتا بە بیانوی پشکنین هەموو شتێکیان بەسەریەکدا وێران کرد، لانک و فەرشەو تیرۆگ و کەل و پەلەکانی ناو دوکانەکە بە گشتی. دواتر بێ ئەوەی بیڵێن یەک ووشەش چیە لەدەمی داود دەربێ، قۆڵبەستیان کردو دایانە پێشەخۆیان.

تا سەر ئەو شۆستەیەی کەوتبووە نزیک بازارەکە. لەوێ خستیانە پشتەوەی ئۆتۆمبێلێکی تایبەت و بە خێرایی لێیان خوڕی و ڕۆیشتن، چەند ئۆتۆمبێلێکیش کە هەر هی ئەو هێزە بوون، کەوتنە دوای. چ کەوتنە دوایەک؟ بێ ئەوەی هیچیان لە یەک ترافیک ڕابگرن. لەوێوە چوونە سەر شەقامێک و پاشان چوونە ناو زیندانی شارەکە، کە زیندانێک بوو لە شێوەی گۆڕ بنیاتنرابوو.

داودی دارتاشیان دابەزاند، بێ ئەوەی لێبگەڕێن سەری بڵند بکات، بردیانە ژوورێک و دەرگایان لەسەر داخست، ژوورێک پڕی ئامێری تەعزیبدان بوو، وەک قامچی و دەمانچەی کارەبایی و زنجیرو پەڕۆکی چاو بەستانەوە.

داودی دارتاش تووشی سەرسوڕمان بوو، لە چاوتروکانێک ئەو هەموو شتە ڕوویداو خۆی لەو شوێنە بینیەوە.

کاتژمێرێک کەس نەهاتە لای، دوای ئەو کاتژمێرە دەرگایان لێ کردەوەو بە پەڕۆکێک تونند چاویان بەست، ئینجا بە قادرمەیەک بردیانە ژێر زەمینی

زیندانەکە، لەژێر زەمینەکە خستیانە ژوورێکیتر، ژوورەکە قەنارەو زنجیری لێ بوو، لەگەڵ حەوزێکی بچووکی پڕ لە ئاو، لە تەنیشت حەوزەکە مێزێک و دوو کورسی دانـدرابوو، گڵۆپێکیش لە ناوەندی مێزەکە بە بنمیچەکەوە قایم کرابوو و شۆڕببۆوە.

یەکێک پێی گوت ڕووت لە دیوار بکە. کە داود ڕووی لە دیوار کرد، کەسەکە چاوی کردەوە، پاڵێکی بە سەری وەنا تا کەپووی گەیشتە دیوارەکە، کەسەکە لێی دووپات کردەوە، ئەوها ڕادەوەستی، ناشجوڵێیەوە، تەنانەت ئەگەر شوێنێکیشت خورا. کەسەکە کە ئەوهای پێ گوت، لەوێ بەجێیهێشت. دوای ئەو، دوو کەسیترلە دوورەوە بەرەو ژوورەکەی هاتن، دەنگی پێڵاوەکانیان دەهات، بە ئەنقەست بۆ ئەوەی تەعزیبی دەروونی بدەن چوونە پشتی، تەواو لێی نزیک کەوتنەوە، هەر ئەوەتە لەشیان بە لەشی نەدەکەوت. داودیش تابڵێی دڵی بەو هەڵسوکەوتەیان توند ببوو.

دووکەسەکە دوای ڕاوەستانێکی زۆر سەریان لەبن گوێی یەکتری ناو بڕێک پستە پستیان کرد،

بەشـــێوەیەک داود تێنەگەیـــی مەبەســـتیان چـــیە. دواتـــر ئەوانـیش ڕۆیشـتن. هەنـدەی نەبـرد، کەسـێک بە غـاردان هـــاتەوە ژووری گـــوتی ڕووت نەســـووڕێنی، ڕێـــک ڕاوەستە.

ئینجـا بە دوای کەســەکەدا، کەســێکی تـریش هـات دوو پاســەوانی لەگەڵ بـوو، لە ســەر کورســیەک دانیشـت، لەدوای دانیشـتن دەمێـک بنـی پێڵاوەکـانی لە عەردیـداو سـەیری داودی دارتاشـی کـرد، پاشـان پێـی گـوت گـوێ بگـرە، باخۆمـت پـێ بناسـێنم، مـن سـیداد سـعیدی قەســابم، لەمنــداڵیەوە چــونکە بــاوکم لە دوکــانەکەی مەڕوبـــزن و گـــۆلکی زۆری لە پێشـــم ســـەردەبڕی، ئەوەی ڕەحـــم چـــیە لە جەســـتەمدا نەمـــاوە، تەنـــانەت بـــوومەتە یەکەم خـــوێنڕێژ. ئێســـتا لـــێم گەڕێـــن لێـــرە ئەو مەســـەلەیە یەک لایـــی دەکەمەوە. بەڵام لەبەر قســـەی ســـەرەوە نـــاکرێ، جـــا مانـــدووم مەکە، چـــیم لـــێ پرســـی بەڕاســـتی وەڵامـــم بـــدەوە. ئەو کـــوڕە لە کـــوێیە؟ داود گـــوتی کـــامە کـــوڕ؟ ســـیداد ســـعید تورەبـــوو، گـــوتی بـــۆ لەئێســـتاوە خـــۆت لە گێڵـــی دەدەی؟ مەبەســـتم ئەو کـــوڕەیە هـــاتۆتە نـــاو شـــارو داریکـــی گەورەی پێبـــووە،

قسەی کردووە بۆ خەڵک، ئاخەر لەو شارە تەنیا هاتۆتە دوکانەکەی تۆ، دوو جاریش نەک جارێک، چۆن دەبێ نەزانی لە کوێیە؟

داود گوتی ئێستا تێگەیشتم لەگەڵ کێتانە، بەڵێ هاتۆتە دوکانەکەم، بەڵام بۆ کەل و پەل کڕین، جا ئەوە چ پەیوەندیەکی بەمنەوە هەیە، دواتر ئەوەندەی من قسەم لەگەڵ کرد چ پێناچێ تەواو بێ.

سیداد سەعید لە شوێنەکەی هەڵستاوە، تەواو لە داودی دارتاش نزیک بۆوە، گوتی چی لە لای تۆ کڕیە تا ئێستا؟ داود گوتی بزمار و چەکوچ و سمپارەو سپرتۆ و ڕەنگ. سیداد گوتی ئەو شتانەی هەموو بە پارە کڕی؟ داود لێرە نەیزانی چی بڵێ، ئاخەر بیگوتبا نا، لە هەندێکیان پارەم لێ وەرنەگرتووە، دەیانگوت بۆ، ئەدی نااڵێی ناپاسم. ئەگەر بڵێ پارەشم لە هەمووی لێ وەرگرتووە، دەترسا پێ بزانن ڕاست نیە، ئەوکات دیسان دەیانگوت بۆ درۆت کرد.

هەر هەندەش شتێکیان لەبۆ لێکۆڵینەوە بکەوتبا بەر دەست، بەس بوو وازی لێ نەهێنن. بەڵام هی دووەم ئەگەری دروست بوونی کێشەی کەمتر بوو، لەهی

یەکەم، بـۆیە داود لەکۆتـایی گـوتی بـێ گومـان بە پـارە لێـی کڕیـوم. سـیداد گـوتی نەتزانـی ئەو کەل و پەلانەی بـۆچیە؟ داود ناچـار بـۆ ئەوەی ئەوان بیـر لە شـتی گەورەتـر نەکەنەوە، گـوتی بەڵـێ، بـۆ دروسـت کردنـی عارەبـانەی بـوو، لەبەر ڕووبـا نەشـیگوت گالیسـکە. جـا قسـەکەی داود لێـرە ڕاسـت بـوو، ئەگەر ئەوان ڕووباشـیان بـدۆزیبایەوە، بەدەردەکەوت. بەڵام چ عارەبـانەیەک؟ سـیداد گـوتی ئەو کـوڕە نەیگـوت عارەبـانەم بـۆ چـیە؟ داود گـوتی نەخێـر، بەڵام دیـارە عارەبـانە بـۆ ئیشـە، قـابیلە بـۆ چـی بـێ. ڕەنگە ئەو دارەی باسیشـی دەکەن ڕایکێشـاوە لە دوای خـۆی هەر بـۆ ئەو عارەبـانەیەی بـووبێ، تـا لێـی دروسـت بکـات. سـیداد گـوتی تـۆ دڵنیـای دارەکەی بـۆ ئەوە بـووە؟ داود گـوتی نەخێـر ئەوە هەر بۆچـوونە. سـیداد گـوتی کەوایە تـۆ واز لەوە بێـنە لێکۆڵینەوەمـان لەبـاتی بـۆ بـکەی. جـارێ شوێنەکەییمان پێ بڵێ.

داود گـوتی مـن پیـاوێکم لە دوکـان لەبۆمـاڵ، لەمـاڵەوە بـۆ دوکـان ڕێـی دوورمە، چ جـا شـوێنی کەسـێکتان پـێ بڵـێم ئێوە بەو هەموو زاڵیەی خۆتان پێتان نەدۆزرابێتەوە.

سیداد ئەو قسەیەی داودی لەدڵگران بوو، گوتی لەبەر ئەو ڕیش و سەرە سپیەت نەبێ، سەراو سەر تا دڵت لەخۆی دەبێتەوە لەو حەوزەت هەڵدەکێشم. خەریکە زیاد لە خۆت پێ ڕادەکێشی. با شتێکت پێ بڵێم لەگەڵ ئەو قسەیە یەخەی کراسەکەی داودی گرت، کە تا ئەوکاتەش بە تۆزی دار بوو، بێ ئەوەی دڵی بێ لەبەر تەمەنەکەی، گوتی تا سبەی لەسەرت ڕادەوەستم، ڕاستیەکەم پێ نەڵێی شوێنەکەی لەکوێیە، کچەکەت دێنم لە پێشت ڕووتی دەکەمەوە، چیشم بوێ لەگەڵی دەکەم. داود کە ناوی کچەکەیان هێنا، شێت بوو، خەریک بوو لەهۆش خۆی بچێ لەتاوان، دەسەڵاتیشی بەسەریاندا نەدەشکا، دەشیانتوانی وابکەن. کەچی بەڕاستیش داود نەیدەزانی ڕووبا لە کوێیە، بەوەش بەسەرێک دڵخۆش بوو، چونکە هیچی لەسەر شوێنی ئەو کوڕە نەدەزانی ناچاربێ پێیان بڵێ، ئەوەی دەیزانی، ئەوانیش زانیبوویان، بەڵام قەناعەتیان نەدەکرد. سیداد بە داودی گوت ڕووی خۆت وەرگێڕە با بتبینم. داود کەڕووی خۆی وەرگێڕا، سیداد سعیدی قەساب هەمان سەرو شکلی حەجاج ئیبن وەحشی

هەبوو، تەنیا جیاوازیەکەی جل و بەرگەکانی بوو، لەگەڵ زمانەکەی، وە هیچ کێبلێکی پێنەبوو، تەنیا کلیلێک نەبێ، لە دەستی خۆی وەردەدا. ڕاست بوو ئەوان لەو دەسەڵاتە لەبۆ هەندێک حالەت لێدانیان کەمکردبۆوە، چونکە ئەزموونیان کردبوو لە دەسەڵاتی بەعسیەکانەوە، لێدان وا لە زیندانی دەکات لە جەلادەکەی هەڵگەڕێتەوەو یاخی بێ، قسە هەر نەکات. بەڵام ئیشیان لەسەر شتێکی دڵتەزێن و ناخۆشتر دەکرد، ئەویش ترس بوو، ترسێک زۆر لەلێدان بە ئازارتر، دەتگوت یاسای ئەو پەندە پەڕەو دەکەن، کە دەڵێ (ترس لە لێدان باشترە).

کە دەکرا دواتر دەستی دۆستایەتیەکی درۆینە ڕەوان بکەن، تۆمەتبارەکە بکەوێتە ژێر سۆزیان و ببینێ لێیان نەداوە، قسەیان بۆ بکات. سیداد دوای ئەو دەرفەتەی بە داودی دا ڕۆیشت. گوتیشی بیخەنە ناو زیندانیەکان. تا لێکۆڵینەوەی داهاتوو. داود تا ئەوکاتە هەر پێی وابوو، لەپاش ئەو پرسیارانە ئازادی دەکەن، نەیدەزانی ئەوە دەستپێکە، دەستپێکێک دیار نیە کۆتاییەکەی چۆن دەبێ. گوتی باشە مادەم هەر

دەمێنمەوە بـا خەبەر بـدەمە هاوسـەرو کـچەکەم، دەزانـم ئەوان نەزانـــن لەکـــوێمەو نەشـــگەڕێمەوە، شـــەو دەشـــێوێن، چـــونکە هەر منیـــان هەیە. هەرگیـــزیش ئەوە ڕوویـــنەداوە ئێوارەداهـــاتبێ و نەچـــووبمەوە. یەکێـــک لە کەســەکان پێـی گـوت گـوێ بگـرە، هەرکەسـێک بێـتە نـاو ئەو زینـدانە، ئیتـر بـۆی نـیە پەیوەنـدی بەدەرەوە بکـات، لێیـــان گەڕێ هەر دەزانـــن. داود گـــوتی منـــیش دەزانـــم هەر دەزانـــن بەڵام بەچ دەردەســـەریەک؟ ئێـــوە بیـــر لەوە بکەنەوە.

(٤٠)

ڕووبـــا لە خـــوارەوەی گۆڕســـتانەکە بەرەو شـــوێنەکەی خـــۆی دەگەڕایەوە، ســـتڵێکی بە دەســـتەوە بـــوو. لە ڕێگـــا بینـــی ژێـــدار بەتەنیـــا لەدەروازەکە دەهـــاتە ژووڕێ، کە چـــاوی پـــێ کەوت، هـــیچ خـــۆی تێنەگەیانـــد، ژێـــداریش ئەوەی پێنـــاخۆش نەبـــوو، دەتگـــوت بـــۆ ئیشـــێکی بەپەلە هەردووکیـــان ڕێ دەبـــڕن، نایـــانەوێ کەس لە ڕێگـــا کەســیان ڕابگـــرێ، تەنیـــا کە لێـــک نزیـــک بـــوونەوە، لەچەنـــد مەترێـــک دووری یەکتـــری، ڕووبـــا گـــوتی لەگەڵ

مەعشوقەکەت بەینت چۆنە؟ مەبەستی کەمانچەکەی بوو. ژێدار بەدەم ڕۆیشتنەوە گوتی هێشتا کەمتەرخەمم، دەنا ئەو دەمێکە لەوێ چاوەڕێمە، ئەوە منم ئەمڕۆ لە دیداری ئەو دواکەوتووم دەبێ زووتر بگەم. کە ڕووباو ژێدار لێک دوورکەوتنەوە، هێشتا ڕووبا نەگەیشتبۆوە کن گالیسکەکەی، هەتوانیش لەدوای ئەو پەیدابوو، بەدەست سڵاوێکی لە ڕووبا کردو تێپەڕی وەک ئەوەی ئەو لە ژێدار بەپەلەتر بێ. ڕووبا لە ڕێی ئەو پەلەکردنەی ئەوانەوە زانی ئیتر ئێستا قەدری کاتیش دەگرن، بەم پێیەش بێ جارێکیتر ئامادەنین لە شتێک بەهەدەری بدەن مایەپوچ بێ. ئەوەی دیار نەبوو لە ڕووبا تەنیا مورید بوو، ئەو نەیزانی بوو مورید شەو لەناو گۆڕستانەکە ماوەتەوە، لەپەنا ئەو دیوارەی لەسەری دادەنیشت لەکاتی مەشق کردن، خەوی لێ کەوتووە .

کە ڕووبا گەیشتە کن گالیسکەکە، ئەو سپرتۆیەی لەلای داودی دارتاش هێنابووی، لە ستڵەکەی کرد، پاشان بەدارێک تەواو تێکیدا. بەدەم تێکدانی سپرتۆکەوە کە بۆنێکی سەرسوڕهێنەری بە

دەوروبەردا بـڵاو کردبـۆوە، بیـری لە قسـەکانی شـەرمن دەکـردەوە، کاتێـک پێـی گوتبـوو، کچەکـانی شـار ئێسـتا هەمـوو لەبەرتـۆ لەسـەربانی دەخەون، تـا بیـانبەی. دەشـیزانی ئەگەر پەلە نەکـات، ئەو لەسـەربانی خەوتـنە هەنـدەی نەمـاوە، بەهـۆی هـاتنی سـەرماوە، بـۆی زەحـمەت دەبـێ. بیریشـی کـردەوە ئەگەر لەو شـەوڕا هەرشـەوی کچێـک ببـا لەنـاو جێگـاکەی، تـا چەنـدی تـر دەخـایەنێ بـۆ ئەوەی بـۆنی هەمـوو کچەکـانی شـار بکات.

ئەو لەوکـاتەی بەمشـێوەیە خەیـاڵی دەکـرد، دڵبرینـی کێڵنـوس لەبـن کەپرەکەیـڕا، دەسـتی خسـتبووە بـن چەنەگەی و ئەنیشکیشـی لەسـەر ئەو کـێڵە دانـابوو نوسـینی لەسـەر دەکـرد، ئەویـش بیـری لە ڕووبـا دەکـردەوە. دەترسـا ئەو تۆڕەبـوونەی بەرامـبەر ڕووبـا هەیەتـی، بەتـایبەتی دوای ئەوەی بینیبـووی خـودی ئەو کـچەی بردبـووی شـەو بە خـۆی هـاتۆتەوە نـاو گۆڕسـتانەکە، هەڵەبـێ. بەڵام ئەوجـارە کاتێـک کێشـانی مـادده هۆشـبەرەکەی بەبیرهـاتەوە کە لەگەڵ هەتـوان و ژێـدارو موریـد کێشـای، سـاردبۆوە، سـاردبوونەوەیەک

وەک ئەوەی لەلای خـــۆیڕا لۆژیکێـــک نەبـــێ بیهێنێـــتە قەنـــاعەت، حەق بە کێشـــانی ئەو مـــادده هۆشـــبەرە بـــدات یان نا.

ڕووبـــا دوای تێکـــدانی ســـپرتۆیەکە بە فڵـــچەیەک هێـــدی هێـــدی دەســـتی بە ســـپرتۆکردنی گالیســـکەکەی کـــرد، تـــا دەهـــات گالیســـکەکەش، ئەو شـــێوەیەی وەردەگـــرت کە ڕووبـــا لە مێشـــکی خـــۆی دایناـــبوو، شـــێوەیەک کەس شـــتی وەهـــای نەبینـــی بـــوو لەو ســـەردەمە. ئەگەرچـــی هێشـــتا مـــابوو کـــارکردن تێیـــدا کۆتـــایی بـــێ. دڵبـــرین کە بە نهێنـــی چەنـــد جارێـــک چووبـــوو ســـەیری کردبـــوو، ڕاســـتە بەخـــۆی کـــاری دروســـتکردنی گالیســـکەی نەکردبـــوو و نەشـــیدەزانی چەنـــد جـــۆر هەیەو کامەشـــیان هـــونەریترە. بەڵام لەبەر ئەوەی بەخـــۆی کێڵنـــوس بـــوو، لەڕێـــی ســـەلیقەی هـــونەری خـــۆیەوە دەیزانـــی ئیشـــکردن لەو گالیســـکەیەی ڕووبـــا خەریکـــی دروســـتکردنیتی، چەنـــد بە دڵە.

***** ***** *****

ژێـــدار کە گەیشـــتە بـــن ئەو دارەی پشـــتی پێـــدەکردو مەشـــقی لەبـــن دەکـــرد، دووبـــارە کەمـــانچەکەی کە هەرلەوێ شـــاردبوویەوە دەرهێنـــاو دەســـتی بە ژەنـــین کـــردەوە، ژەنینێـــک چاوەکـــانی داخســـتبوون و تـــێکەڵ ببوو لەگەڵ بێ سۆزی و تەنیایی.

دەیهێنـــاوە بەرچـــاوی خـــۆی پـــێش ئەوەی ئـــاڵۆدەبێ و مـــاڵەوە پشـــتگوێی بـــخەن و لێی بێـــزار بـــن، چـــۆن لەگەڵـــی دادەنیشـــتن و دایکـــی مـــاچی دەکـــردو خۆشـــی دەویســـت، باوکیشـــی لەباوەشـــی دەکـــردو ســـەری بە ســـینگی خـــۆی وەدەنا.

لەگەڵ ئەو خەیـــاڵانە فرمێســـک بە چاوەکانیـــدا هـــاتنە خـــوارێ ،بەتـــایبەتی کاتێـــک بەخـــۆی داچـــۆوەو لەدەروونەوە بیری کردەوە بۆ وای لێهاتووە؟

لەگەڵ ئەو بیرکـــــردنەوەیە پەنگـــــی خـــــواردەوە، پەنگخـــــواردنەوەیەک، لە قەهـــــران بەگریـــــانەوە وەک کەســـێک زمـــانی گیرابـــێ و دواتـــر زمـــانی بـــۆ گەڕابێـــتەوە هـــاواری کـــرد بـــۆ وام لێهـــات، بـــۆ بـــۆ؟ یەکێـــک وەڵامـــم بـــداتەوە بـــۆ وام لێهـــات، منـــیش منـــداڵێک بـــووم، وەک هەر منـــداڵێکیتر جـــوان و خۆشەویســـت، خـــاوێن و دڵ پـــاک،

دایک و باوکم سەدان هیوایان پێم هەبوو، ناردمیانە قوتابخانە، پرچیان داهێنام، بۆنیان لێدام، دەفتەریان بۆ کڕیم و نازیان هەڵگرتم، بۆ وام لێهات؟

تۆنەد لەگەڵ ئەو پرسیارانەش کەمانچەکەی لێک دەخشاند. ڕووبا لەدوورەوە کە گوێی لەو هاوارهاوارو گریانەبوو، بە غار بەرەولای چوو، تا لە ئامێزی بگرێ، کە لێی نزیک کەوتەوە بینی گریانێک دەگرێ، هیچ منداڵێک ئەوها نەگریاوە تا ئەوکاتە، هەر هاواریشی دەکرد بۆ؟ پێم بڵێن بۆ؟ ڕووبا کەمانچەکەی لێ وەرگرتوو لەبن دارەکە داینا، پاشان تۆند خستیە باوەشی خۆی، گوتی ئارام بەوە ژێدار برای خۆم، ئارام بەوە کوڕە جوانەکە، هاوڕێی هەتاهەتایم. من لەگەڵتدام، وەها چووبووە ئامێزی ڕووبا، دەتگوت کوڕیەتی. ژێدار بەچاوی بەفرمێسکەوە گوتی بڕوابکە خۆم ئەوەم نەدەویست، من بۆ لەلای دایکم نیم، دەزانی چەند پێمەوە ماندوو بوو، ئایا ئەوە بەرهەمی ماندووبوونی ئەوە دەیدەمەوە؟ ئایا ئەوە خەونی ئەوە دەیهێنمەدی؟

ڕووبا گوتی ژێدار تۆ دەبیە کەسێک نەک دایک و باوک و شارێک، بەڵکو دونیا خۆشتیدەوێ.

ژێدار گوتی ئای هاوڕێی ئازیز ئای! قسەکانت چەند خۆشن بۆمنی کەوتوو، ئای لەو قسانە، ئای چەند پێویستن بۆ ئارمکردنەوەی دەروونم تا بتوانم بڕیارێک بدەم، پێم بڵێ لەکوێ دەیانهێنی؟ ڕووبا چاوەکانی سڕیەوەو لەبن دارەکە داینیشاند، بەخۆشی لەتەنیشتی دانیشت. ژێدار بێ دەنگ بوو، بێ دەنگبوونێک کە دوای گریانەکە بەسەریدا زاڵ بوو، هەستی کرد لە هەمووکاتێک زیاتر ئاسودەترە. بێ ئەوەی ڕووباو ژێدار ئاگاداری هەتوان و موریدبن، لەپشتەوە ئەوانیش هەردووکیان کە موریدهەر لەگەڵ گریانەکەی ژێدار بەئاگاهات، دەگریان. چونکە ئەوە قسەی دڵی ئەوانیش بوو، ژێدار دەیکرد.

(٤١)

ئەو ڕۆژە ئـــاینور بـــێ ئەوەی بزانـــێ بـــاوکی لە چ بـارودۆخێکە، دوای نیـوەڕۆ خـۆی گـۆڕی و بەرەو مـاڵی خەلـــیفە حەمـــدون کەوتە ڕێ. کە گەیشـــتە ماڵیـــان لە دەرگـــای دا، هەمـــوو ئەو شتانەشـــی لەو مـــاڵە بەســـەری هـاتبوو، بەبیـری هـاتەوە. بەوەش دووبـارە هەسـتی کـرد ئـازاردەچێژێ. لەناکـاو منـداڵەکەی خەلـیفە بە پێکەنیـنەوە دەرگـــای لـــێ کـــردەوە، ئـــاینوریش لەبەرئەوەی لەگەڵـــی ڕاهـاتبوو. دەیزانـی ئەو تەواو نـیە، خـۆی تێکـنەدا، چـووە

ژووری. خەلیفە حەمدون لە پەنجەرە کە چاوی پێکەوت، کە لەو ژوورە بوو لەگەڵ ئاینور سەری مریشکە ڕەشەکەیان لێ بڕی و ڕێوڕسمەکەیان بەڕێ کرد، بە دەرگا بچووکەکە هاتە دەرەوە. چوو لەسەر مێزو کورسیەکەی لەبن هەیوان دانـدرابوو دانیشت. ئاینوریش بەبن سەرکە ڕێویەکەی بە داری وەبوو، لەگەڵ دەستەکەی وێنەی چاوێکی لەسەر کێشرابوو، تێپەڕی. کە گەیشتە بن هەیوانەکە خەلیفە لەبەری هەڵستاو فەرمووی لێکرد دابنیشێ. ئاینور دوای چاک و چۆنی لەسەر کورسیەک دانیشت. خەلیفە لێی پرسی حاڵت چۆنە؟ چیە پێ ناچێ باشبی. ئاینور گوتی نازانم بڵێم باشم یان خراپ. من پەنام بۆتۆ هێنا، بڕوام پێت کرد، تەنانەت ئەگەر ڕاستگۆبم ئێستاش ناتوانم بڕوات پێ نەکەم، بەڵام هیچ هەستێکی بۆم نیە شەهریار. خەلیفە گوتی بێ هیوا مەبە کیژێ، هەموو شتێک باش دەبێ، پشت قایم بە بە خوای خۆت.

ئاینور گوتی پشت قاییمم، ناشڵێم هیچ گۆڕانکاریەک ڕووی نەداوەو شتەکان هەر وەکو خۆیەتی، بەڵام ئەوەی من دەمەوێ هەستی پێناکەم. خەلیفە گوتی چ

شتێک ڕوویداوە بۆم بگێڕەوە، ئایا ئاوەکەت پێدان؟
ئاینور هەمووی بۆ گێڕاوە، لەسەری تابنی. تەنانەت بینینی ژوورەکەی شەهریارو تەلەفۆن کردنەکەی و گفتوگۆکەیان پێکەوە. خەلیفە گوتی کەوایە هەواڵی دڵخۆشکەر هەیە، ڕووی لەئاسمان کرد، بەبنی لێوەوە هەر سوپاس سوپاسی بوو. دواتر سەیری ئاینوری کردەوەو هەناسەیەکی هەڵکێشا، ئاینور کە بینی سەیری دەکات، پرچی خستە پشتگوێی و چاوی لە سەر لابرد، وەک ئەوەی شەرمی لێ بکات، خەلیفە حەمدونیش چەند ئاینور لەگەڵی بە حەزەربوو، ئەوەندە ئەویش لێی بە گومان بوو جارێکیتر بە ئاسانی بتوانێ دەستی لێ بدات، ناچار بابەتی نوشتەی قوفلەکەی هێنا گۆڕێ، نوشتەیەک سەد فرت و فێڵ و تەڵەکەبازی لە پشت بوو. هاوشێوەی نوشتەی مریشکە ڕەشەکە.
پێی گوت ئاینورخان گوێ بگرە، ئێمە چەند هەنگاوێک چووینە پێش، لێک نزیک بوونەوەیەکی باشیش ڕوویداوە، لە بەینی تۆ و شەهریار، ئێستا پێویستە بۆ تەواوکردنی کارەکە. هیچ چارێکمان نیە، دەبێ

نوشتەی قوفلەکە ئەنجام بدەین ئاینور گوتی باشە ئەم نوشتەیە بۆچی باشە؟

خەلیفە حەمدون گوتی هەستم بە شتێک کرد لە گێڕانەوەکانتدا، ئەویش هەبوونی کەسێکی تر لە ناو ژیانی شەهریار، شەهریاریش مەیلی زیاتر بۆ لای ئەو چووە، نەک تۆ. دەشکرێ پێشتر ناسیبێتی. دەنا مادەم دوای ئەوەی ژمارەی تەلەفۆنت کەوتۆتە لای و ئەو شەوان تەلەفۆن ناکات، لەبۆ کوڕێک بێ دۆست و خۆشەویست و هاوژین بێت، ئەوە مەحاڵە، دەبوا ئەو بهاتبایە پێش.

ئاینور کە گوێی لە خەلیفەبوو وای گوت، ئەقڵی لەسەری نەما، ڕاستەوخۆ پێتێکچوو. تێکچوونێک بە سەروسیمایەوە دیاربوو. خەلیفە بەدەم سەیرکردنەوە دریژەی بە قسەکانیدا، ئەو نوشتەیەش کە بە قوفل و کلیل دەکرێ، دڵی شەهریار یەکەم شت بە ڕووی ئەو کەسە دادەخات، دواتر کە دڵی شەهریار داخرا، واتا ئەوکەسەی تێدا نەما، بۆشایی دروست دەبێ، شەهریاریش هەست دەکات پێویستە ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، دەنا شوێنەکەی ئازاری دەدات، لەوکاتەش

تۆ هەی، دەکرێ بێ دوودڵی بیر لەتۆ بکاتەوە، تەنیا تۆ، چونکە هەر ئەو دەرگایە کراوەیە، بۆ ئەنجامدانی ئەوکارەش پێویستمان بە بوکۆکەیەکی منداڵان هەیە، لەگەڵ زنجیرو قوفلێک. ئاینور گوتی تەواو تێگەیشتم، ئەدی ڕێوڕسمەکە چۆن ئەنجام دەدرێ؟ خەلیفە گوتی لەژوورەکەی پێشوو، ئاینور گوتی واتە هەمان شت دەکەیتەوە؟ خەلیفە گوتی بەڵێ، بەڵام جیاوازتر، لەدوای ڕێوڕسمەکە تا ئەو کاتەی شەهریار ڕازی دەبێ و هەفتەیەک بمێنێ بۆ گواستنەوە، دەبێ هەموو شتەکان بەپێی نوشتە قوفلەکە بڕوا، واتە هەرکات داوای جووت بوونم لێ کردی، دەبێ بێی ئامادەبی، ئەو یاسایەش کۆدی قوفلەکەیە، بۆتەنیا جارێکیش چیە ئامادە نەبی، نوشتەکە بەتاڵ دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر ئامادەبی، ئەوە هیچ کەسێک دەستی ناگاتە نوشتەکە، دەیخەینە شوێنێکی ئەوەندە جیاواز، هەتا تۆش ناتوانی بەتاڵیبکەیتەوە. ئایا لە ئێستاوە ڕازی یان نا؟ نامەوێ وەڵامێکم بدەیتەوە دوودڵ بی. بەخۆشم ئەو کارەم پێ خۆش نیە، بەڵام دیسان ناچارم لەبەرخاتری گەیشتنی تۆ و شەهریار ئەوە بکەم.

ئاینور لەناوەوە خەریک بوو شەق ببا، چونکە دەبوو کە بەڵێنی پێدا، ئیتر بێ سنوور سەرجێیی لەگەڵ بکات، بەسەرێکیش پێی خۆش بوو، لەبەرئەوەی نوشتەکە لەبۆ هەموو شتێک قوفل بوو، واتە بە گرێنتی شەهریار بۆ ئەو دەبێ. خەلیفە هەستی پێ کرد دوودڵە، گوتی چیە؟ ئەگەر دوودڵی مەیکە، چونکە دەبێ بە بڕواوە ئەوە ئەنجام بدەی. ئاینور گوتی باشە ناکرێ بێ ئەو شتە بێزارکەرە بێ؟ لەگەڵ سەرجێییەکەی بوو. خەلیفە بێ ئەوەی خۆی تێکبدا، گوتی بکرابا، منیش ئەوەم نەدەکرد، خۆت دەبینی من ژن و منداڵم هەیە، ڕیشم داوی سپی تێکەوتووەو لە تۆش بەتەمەنترم، دەنا لەلای منیش ئەوە بێزارکەرە.

ئاینور گوتی پرسیارێک واتە دەبی هەموو ڕۆژێک بێم؟ خەلیفە گوتی نا، ژمارەی تەلەفۆنەکەت بەجێبێڵە، هەرکات تەلەفۆنم بۆ کردی وەرە، هاتنێک بە جوانترین شێوە. ئاینور گوتی بۆ بەجوانترین شێوە؟

خەلیفە گوتی لەبۆ نوشتەکردن هەموو شتێک پێویستە تەلیسمی بێ، خۆجوانکردنەکەت بەڵگەیە بۆ جنەکان تۆ بەدڵ ئەوە دەکەی لەبۆ خۆشەویستەکەت. لەبۆ

شـــەیتانیش مـــایەی دڵخۆشـــیە، کە ڕەزامەنـــدی ئەویـــش پێویســـتە، کاتێـک دەبینـێ دوو مـرۆڤ خـراپە دەکەن، پێـی وایە تـــوانیتی هەڵیـــان بخەڵەتێنـــێ. ئـــاینور گـــوتی ئەدی خـوا؟ بـۆ ئەو دەبـێ چیـبکەین؟ خەلـیفە گـوتی بـۆئەویش چـــوونە بەر قـــاپی و بە گریـــانەوە شـــەونوێژ، ئـــاخەر بیـــربکەوە چ لەو پەشـــیمانیە بەچێژتـــرە، بەدڵ فرمێســـک لەبەردەمـــی خـــوا بڕێـــژی؟ خەلـیفە حەمـدون بـــێ ئەوەی ئاگـای لـێ بـێ، ئـاڵۆدەی ئەو جـۆرە پەشـیمان بـوونەوەیە ببـــوو، کە بەگریـــانەوە چـــۆک دابـــدات لەســـــەر دووگـردەکەی، بـۆیە زۆرجـار هەنـدێک گونـاحی دەکـرد، عەقـڵ قبـوڵی نەدەکـردو دەکەوتە پرسـیارکردن لە خـۆی ئایـــا مـــرۆڤ ئەگەر بەســـەر کەســـێکدا زاڵ بـــێ لەڕێـــی فـێڵەوە ئەوەنـدە بـێ ویـژدانە؟ خەلـیفە حەمـدون بەو قسـە سەیروســـەمەرانە ئـــاینوری ڕازی کـــرد نوشـــتەی قـــوفلی بـۆ بکـات. ئامانجیشـی خەوتـن بـوو لەگەڵ کچێکـی جـوان و تـــازە پێگەیشـــتوو، جـــا هەرکاتێـــک بـــیەوێ، واتە وەکـــو ژنـــی خـــۆی. بەو مەرجەش دەبـــوا تـــا هەفـــتەیەک پـــێش گواســـتنەوە، جـــا ئەگەر شـــەهریار دڵـــی بکەوێـــتە ســـەر ئـاینور، خەلـیفە هەرکـات تەلەفـۆنی بـۆ کـرد بچێـتە لای.

ئـــاینور ئەو ڕۆژە ژمـــارەی تەلەفـــۆنەکەی بـــۆ خەلـــیفە بەجێهێشـــت و لەماڵیـــان چـــووە دەرەوە. ڕاســـتەوخۆ بیـری کـردەوە بچێـتە بـازاڕ بوکـۆکەیەکی کـچ و قوفـل و زنجیرێـک بکـڕێ. بوکـــۆکەیەک لەو بوکۆکـــانەی بەشـــی سەرەوەیان باغەیەو بەشی خوارەوەشیان پەڕۆک.

قوفـــل و زنجیـــرێکیش، لە دەســـت و پلـــی ئەو بوکـــۆکەیە گەورەتـــر نەبـــێ. ئـــاینور ئەو ڕۆژە بەنـــاو بـــازاڕدا دەســـتی بەگەڕان کـــرد، لەبەرامـــبەر قەڵای شـــارەکە، کۆمەڵێـــک عارەبـــانە هەبـــوون، کەل و پەلیـــان دەفرۆشـــت، لەڕێـــزی یەکتـــری، وەک جـــزدان و دەرپنـــافیزو پلایســـی بچـــووک و تۆپکلیل و زنجیر.

لەڕێـــزی عارەبانەکـــانیش، چەنـــد عارەبـــانەیەکیتریش بوکـــۆکەو کـــاڵەو یـــاری منـــداڵانیان هەڵـــدابۆوە، کە لە ووەڵاتە بیانیەکـــانەوە هێنـــدرابوون. بوکـــۆکەی وەهـــای تێـــدابوو مـــرۆڤ بە بینینیـــان دیـــمەنە ترســـناکەکانی نـــاو فیلمە زۆمبیەکانی بەبیردەهاتەوە.

ئـــاینور چـــونکە پێشـــتر ئەوێـــی بینـــی بـــوو، هەر ڕێـــی ئەوێشـــی گـــرت، کە گەیشـــتە نـــاو عارەبانەکـــان، ســـەرەتا دەســـتی بە گەڕان کـــرد لەو بوکـــۆکەیەی خەلـــیفە لێـــی

داواکردبـــوو، دوای هەڵـــدانەوەی یاریەکـــان، چەنـــد بوکـــۆکەیەکی کەوتە بەردەســـت بەڵام ئەقڵـــی هیچیـــانی نەگـــرت، لەگەڵ هەڵـــدانەوەی زیـــاتر، لەنـــاو یاریەکـــان بوکـــۆکەیەک لەبـــنەوە ســـەیری دەرەوەی دەکـــرد، بە چـــاوە زەقەکـــانی هەنـــدەی پشـــیلەیەکی مـــاڵان گەورە دەبـــوو. پرچـــی ڕەش بـــوو، لەپشـــتەوە بەتونـــدی بەســـترابوو، چاوەکانیشـــی گەش، لێـــوێکی بچـــووک و کەپـــوویەکی بـــاریکی هەبـــوو، جلێکـــی ڕەنگـــاو ڕەنگیشـــیان کردبـــووە بەری، کە پێکهـــاتبوو لە ڕەنگـــی زەردو شـــین و قـــاوەیی. ئـــاینور دەســـتی کـــردێ و لەنـــاو یـــاری و بوکۆکەکـــانیتر دەریهێنـــا، تونـــد لە دەســـتی گـــرت و حەقەکەی دا عارەبـــانچیەکە. دواتـــر چـــووە ئەولاتـــر، بـــۆ کڕینـــی زنجیـــرو قـــوفلەکە، لەســـەر عارەبـــانەیەکی پلایـــس و دەڕنـــافیز فرۆشـــتن ڕاوەســـتا، کە ســـەری هـــاورو مـــاری تێـــدابوو، بەکـــابرای ســـەر عارەبـــانەکەی گـــوت زنجیرێکـــی باریـــک و تـــۆپکلیلێکی بچـــووکم دەوێ، کـــابراش، تۆپێـــک زنجیری پێ نیشاندا، گوتی ئەوەت پێ چۆنە؟

ئـــاینور کە چـــاوی پـــێ کەوت، پێـــی بـــاش بـــوو، پیـــاوەکە گـــوتی چەنـــد مەتـــرت دەوێ؟ ئـــاینور گـــوتی نیـــومەتر، پـــێم

وایە زیادیشـــە. پیـــاوەکە نیـــو مەتـــری پێـــدا، لەگەڵ تـــۆپکلیلێکی کەســـکی تاریـــک بە هەڵقەکـــانی ئەو زنجیـــرە بکـــات. ئـــاینور دوای کڕینـــی ئەو شـــتانەی بـــۆی هـــاتبوو، ڕێـــی مـــاڵەوەی گـــرت، تـــاکە شـــت دڵـــی تونـــد کردبـــوو، ئەو ســـەرجێیی کردنەبـــوو لەگەڵ خەلـــیفە، کە بەو دواییـــانە نەک هەر وەکـــو ســـەرەتا کەمێـــک حەزی خۆشـــی لەگەڵ بـــوو، شـــل بـــوو تـــا ئەوەی خەلـــیفە دەیویســـت بەدەســـتی بێنـــێ، بەڵکـــو بێزیشـــی لە ئەنجامـــدانی دەبـــۆوە. بەتـــایبەتی دوای ئەوی لەگەڵ کتێـــب تـــێکەڵ ببـــوو. ناچـــار هیـــوای دەخواســـت لەو مـــاوەیە زوو شـــەهریار ڕازی بـــێ، تـــا زوو ئەو پەیوەنـــدیە تێـــپەڕێ بـــۆ ئەوەی جـــارێکیتر بە خەونیش چیە نەچێتەوە بەر ئەو دەرگایە.

(٤٢)

دوای ئەوەی پاسەوانەکان داودی دارتاشیان بردە ناو زیندانیەکان، بە مەمەڕی زیندانەکەدا تێپەڕین، زیندانیەکان لەوکاتە دیاربوو هەموو لە مەمەڕەکە پیاسەیان دەکرد، کە چاویان بە داود کەوت، لێکڕا لێیان ڕوانی، وەک ئەوەی کەسێکی نوێیان بینیبێ. ئەو مەمەڕە ئەگەرچی گوایە شوێنێک بوو بۆ مەوقوفین، بەڵام ئاسمانیش شیشڕێژ کرابوو، شوێنێک بوو کەوتبووە بەینی چواردیواری تا بڵێی بڵندوتەسک،

داود کە سەیری زیندانیەکانی کردەوە سەر و ڕیشیان سفر کرابوو، سەرەتا وایزانی تەواو نین چونکە سەرو سیمایان بە مرۆڤی ئاسایی نەدەچوو.

بەڵام دواتر بۆی دەرکەوت ئەوانە هەموو کەسی ئاڵۆدەی ماددەی هۆشبەرن گیراون. پاسەوانەکان داودیان بە چاودێری یەکێک لە هۆڵەکان سپارد، کە ئەویش هەر زیندانی بوو، بەڵام لەلای پاسەوانەکانەوە هەڵبژێردرابوو چاودێری زیندانەکان بکات. بەرامبەر ئەو خزمەتەش پاسەوانەکان شوێنی خەوتنێکی باشیان دابووێ، بۆشی هەبوو چای شیرین بخوات. ئەو کەسە بە داودی گوت بڕۆ پێش ئەوەی بێیە ژوورەوە خۆت بشۆ، داودیش بەگوێی کرد، لەوێ چاودێرەکە بانگی حەمامچی کردو گوتی ئەو پیرەپیاوە بە با خۆی بشوا، حەمامچیەکەش داودی بردە ناو یەکێک لە حەمامەکان و کلیلێکی دەرهێنا، دیاربوو تۆپکلیل بە بەلوعەکانەوە وەبوو، تەشتێک ئاوی دابەر بەلوعەکەو لێی گەڕا تا پڕبێ، لەدیار شووڕەشووڕی ئاوەکە سەیری داودی کرد، گوتی لەسەرچ گیراوی؟ داود وەڵامی داوە هەندێک کەل و

پەلـــم بە کەســـێک فرۆشـــتووە، حکـــومەت بەدوایـــدا دەگەڕێ نایـــدۆزێتەوە، وادەزانـــن مـــن شـــوێنەکەی پـــێ دەزانـــم .حەمـــامچیەکە گـــوتی کەل و پەلەکـــان چـــین، خـــۆ دەرمـــان نـــین؟ داود گـــوتی نابـــابە دەرمـــانی چـــی؟ بزمـــارو چەکوچ و ئەو جۆرە شتانەن.

حەمـــامچیەکە خەنـــدەیەکی کـــرد، گـــوتی مـــامە کەس لەســـەر ئەو جـــۆرە شـــتانە گیـــراوە؟ داود نەیزانـــی چـــی بڵـــێ، گـــوتی بـــۆ پـــێم بڕوانـــاکەی؟ حەمـــامچیەکە گـــوتی نـــا، چـــونکە ئەوەی بێـــتە نـــاو ئەو زینـــدانە، یـــان دەبـــێ تیرۆرست بێ، یان دەرمانخۆر.

لەگەڵ ئەو قســـەیە تەشـــتەکە پڕبـــوو، حەمـــامچیەکە نوشـــتایەوەو تـــۆپکلیلەکەی خســـتەوە ســـەر بەلـــوعەکە. گـــوتی ئەو تەشـــتە ئـــاوە دەبـــێ بەشـــت بکـــات، مەهـــێڵە کەف بە لەشـــتەوە بمێنـــێ. قســـە بـــکەی و نەکەی ئێـــوارە هەر دەزانـــدرێ تـــاوانەکەت چـــیە؟ کە حەمـــامچیەکە داودی بەجێهێشـــت، داود لە شـــوێنەکەی خـــۆی دانیشـــت و ســـەرە ســـپیەکەی خســـتە نـــاو هەردووک دەســـتی، لەبەرەخـــۆی گـــوتی ئەوانە چـــی دەڵـــێن، تیـــرۆر، دەرمـــان. مـــن شـــێت بـــوومە یـــان ئەوانە شـــێتن؟ مـــن ئاگـــام لـــێ

نەبووە چی ڕوویداوە، یان ئەوانە لەمن بێ ئاگان؟ ناچار ڕووی لە ئاسمان کردو گوتی خوایە پەنام بدە.

ئینجا دەستی بەسەرشووشتن کرد، کە تەواوبوو، دەرگای کردەوەو بەرەو ناوهۆڵەکە چوو، لەوکاتە هەموو زینداندانیەکانیش دەگەڕانەوە ژوورەکە، ئەگەرچی دەرگای ژوورەکە گەورە بوو، بەشیش دروستکرابوو و لەسەر سکە دەبۆوە، بەڵام هەرکەس پەلەی ئەوەی بوو بچێتەوە ژووری، ناچار داود لەلایەک ڕاوەستا، تا لەهۆڵەکە کەس نەما، ئینجا چاودێری زیندانەکە پێی گوت وەرە ژوورەوە بۆ ڕاوەستاوی؟ داودیش بە هەنگاوی هێواش پێی لە دەرگاکە ئاودیو کردو چووە ناو زیندانیەکان، کە لەوکاتە هەموو بە قەرەپەستانێ لەتەنیشت یەک دانیشتبوون، لێکڕا قسەشیان دەکرد، قسەکردنێک مرۆڤ گوێی پێ دێشا، دەنگەدەنگەکەش لەبەر ئەوەی لە ژووریکی دەمەتر چوارگۆشە، سەدو پەنجا کەسیان تێپەستابوو، زۆر زۆر بوو، ئەقڵ قبوڵی بکات.

داود بەحاڵ لە شوێنێک دانیشت، لەناکاو چاودێرەکە بەهۆی ئەوەی زیندانیەکان بێ دەنگ نەدەبوون دوای

هاتنەوە ژوورێش، یەک بە دەنگی خۆی لەسەریان قیڕاندی، گوتی دانیشن بێ قیمەتینە، ئاخر بۆ وادەکەن کەرامەتتان بشکێنم، داود لە شوێنەکەی خۆی لەگەڵ هاواركردنەکە ڕاپەڕی، ئەو تەمەنی گەورە بوو، بەرگەی ئەو دەنگەدەنگ و هەرایەی نەدەگرت. هەروەها ئەو جوێندانەشی لەدڵەوە پێناخۆش بوو، کە بەهەموویان درا وەک مێگەل. زینەدانیەکان ئەو دەمە بۆ چەند چرکەیەک بێ دەنگ بوون، دونیا کش و ماتی بەخۆیەوە بینی، بەڵام ئەو کش و ماتیە هەندەی نەخایاند، وەکو خۆی لێهاتەوە. هێدی هێدی لە پەنجەرە بڵندو شیشرێژەکان لە داود دیاربوو دونیا تاریک داهات، ئەو بەو دیمەنە دڵی توندتر بوو، چونکە ڕێک لەو کاتانە دوکانەکەی دادەخست و دەگەڕاوە ماڵێ. لەکنەخۆیرا بیری دەکردەوە دەبێ ئێستا حاڵی ئاینورو دایکی چۆن بێ و چی بکەن لە نەگەڕانەوەی ئەو؟ ئەگەرچی نەگەیشتبووە شەو و ڕۆژێک بەندکردنەکەی، بەڵام غەریبی دەرگای حەوشەکەیان و کتێبخانەکەی دەکرد، غەریبی خوانی ئێواران و قسەکانی هاوسەرەکەی و چوونە باوەشەکانی

ئاینوری دەکرد. گریان لە قورگی پەنگی خواردبۆوە، بەڵام پێی شەرم بوو بەو تەمەنە لەناو ئەو هەموو زیندانیە بگرێ. لەوکاتەش لەناو زیندانەکە کاتی نان خواردنی ئێوارەهات، کە خواردنیان دابەش کرد، یەک پارو چیە لەگەرووی نەچووە خوارەوە لەبەر ئەو گرێیەی گریان لە قورگی دروست کردبوو. کوڕێک کە لەتەنیشتی دانیشتبوو و نانی دەخوارد، کاتێک چاوی پێکەوت ئەو پیاوە پیرە نانی پێناخورێ بەزەیی پێداهاتەوە، گوتی مامە دڵی خۆت تونـد مەکە مادەم دەرگایەک هەیە پێیدا هاتووینە ژوورەوە، هەر ئەو دەرگایەش دەمانباتە دەرەوە. ئەوکوڕە دیاربوو دونیا دیتەبوو، تەجروبەی گیرانیشی زۆر بوو. داودی دارتاش نەیویست قسەیەک بکات، بەڵام سەری بۆ قسەکەی لەقاند. کوڕەکە کە لەنان خواردن بۆوە، زیاتر لە داود هاتە پێش، گوتی قەزیەکەت چیە؟ داود گوتی من دارتاشم لەو شارە، دوکانێکی بچووکم هەیە لەناو بازاڕ، کەسێکی هاوتەمەنی تۆ یەک دوو جار بۆ کەل و پەل کڕین هاتە لام، ئێستا منیان گرتووە دەڵێن شوێنەکەییمان پێ بڵێ. کوڕەکەش گوتی بۆ ئەو

کەســـەی ئەو کەل و پەلانەی لەتـــۆ کـــڕی چ بـــوو؟ داود گـــوتی نـــازانم، بەڵام هەســـت دەکەم شـــتێک هەیە. ئەوان دەڵـێن هـاتۆتە نـاو شـار قسـەی بـۆ خەڵـک کـردووە. زۆر بە تونـــدیش لێـــی دەگەڕێـــن. کـــوڕەکە گـــوتی نەتزانـــی قســـەکان چـــین؟ داود گـــوتی بـــا، گـــوایە گوتـــوویەتی ئەم شـارەبۆنی مـردووی لێـدێ. داریێکـی گەورەشـی پـێ بـووە بە دوای خۆیـــدا ڕایکێشـــاوە. کـــوڕەکە گـــوتی تێگەیشـــتم، مـــامە داواکەی تـــۆ سیاســـیە. داود گـــوتی چـــۆن؟ کـــوڕەکە گـوتی بـا، ئەو کەســـەی ئەو قســـەیەی کـردووە، مەبەسـتی ئەوە بـــــووە خەڵـــــک بـــــێ هەڵوێســـــتن لە بەرامـــــبەر گەنـــدەڵیەکانی حکـــومەت. وەک مـــردوو وان. حکـــومەتیش بەوە تێکچـــووە، کە نـــزیکەی بیســـت و شـــەش تـــا حەوت ســـاڵیش دەبـــێ کەس نەیـــوێراوە لە نـــاو ئەو شـــارەی پـــایتەختە قســـــەیەکی وا بکـــات. لەبەرئەوەی ئێســـتا لە کەســـەکە دەگەڕێـن نایـدۆزنەوە، ناچـارن تۆیـان گرتـووە. داود بڕێـــک دڵـــی خـــۆش بـــوو کە ئەو کـــوڕە لەگەڵـــی دوواو بۆشـــی دەرکەوت ئەو زینـــدانە کەســـی سیاسیشـــی تێـــدایە، نەک هەر تیرۆرســـت و دەرمـــانخۆر. ئەوەشـــی لە کـــوڕەکە نەشـــاردەوە پێـــی گـــوت. کـــوڕەکە پێکەنـــی، گـــوتی

مامە تۆ تەمەنت گەورەیە، ڕەنگە لە هەندێک شت ئاگادار بی، بەڵام پێم وایە لەزۆر شتیش بێ ئاگای، وەرە پێش با شتێکت پێبڵێم، لەگەڵ ئەو قسەیە سەری بردە بن گوێی داود، گوتی ئەو زیندانیانە دەبینی، هەموویان کوڕە هەژارن، ڕاستە لەسەر تیرۆرو دەرمان گیراون، بەڵام با نهێنیەکت پێ بڵێم ئەوانە قوربانیانی دەرمانن بازرگانەکان نین، ئەوانە هەڵخەڵەتاوەکان بە تیرۆر، تیرۆرستەکان نین ،بازرگانەکانی ماددەی هۆشبەرو تیرۆرستە گەورەکان لەگەڵ بەرپرسەکان پەیوەندیان هەیە، چۆن دەیانگرن، تیرۆرستێکی ناودارم بۆ ببینەوە لەناو ئەو زیندانە گیرابێ، یان بازرگانێکی ماددەی هۆشبەر.

(٤٣)

ئـاینور که ئێـواره چـۆوه مـاڵێ، زنجیـرو بوکـۆکەکەی، پـێش ئەوەی دایکـی بیبینـێ، بـردە ژوورەکەی خـۆی و شـاردیەوە، دواتـر جلـی دەرەوەی داکەنـد و مەکسـیەکی قـۆڵ کـورتی، نـاوقەد بە قەیتـانی کـردە بەری، مەکسـیەک ڕەنـگەکەی سـووری هەنـاری بـوو، هەنـدێک وێـنەی گەڵای زەردی لەسـەر نەخشـێندرابوو لەگەڵ گـوڵی پەمـبە و شـین. ئینجـا دوو دۆشـەکی لەحەوشـە ڕایەخسـت، کە حەوشـەکەیان تـا ئەوکـاتەش هەر سـەب

بـــوو، ســـــەبێکی لـــــووس و کەســـــک، نەک وەکـــــو هەمووخانووەکانی تازە دروست دەکران کاشی بێ.

ئینجـا چـووە مـدبەغ و سـڵاوێکی لە دایکـی کـرد، دایکـی بەدەم کوژانـــدنەوەی ئـــاگری تەبـــاغەکەوە وەڵامـــی داوە، دواتـر پێـی گـوت کچـم نـازانم باوکـت بـۆ ئەوەنـدە درەنـگ کەوت، قەت نەبـــووە ئەوکاتـــانە نەهـــاتبێتەوە. ئـــاینور گـوتی دایـکە دێـتەوە، چـیە ئـۆقرەت لەبەر بـڕاوە، ئەدی بـۆ هەر کە دەگەنە یەک هەنـدە نابـا بەشـەڕ دێـن. دایکـی گـــوتی ئەوە چ قســـەیەکە؟ کەی مـــن لەگەڵ داود بەشـــەڕ هـــاتیمە. ئـــاینور گـــوتی ئەی خـــوایە، یەعنـــی تـــۆ بەشـــەڕ نەهـــاتی؟ دایکـــی گـــوتی هەرگیـــز، بەتـــایبەتی ئەگەرتـــۆ لە بەینمـان نەبـی، بـا قسـەیەکت پـێ بڵـێم کە تـا ئێسـتا لە دڵـم بـــوەو نەمکـــردوە، تـــا ئەوکـــاتەی تـــۆ لەدایـــک نە ببـــووی، یەکجـــاریش چـــیە شـــەڕێکمان نەکردبـــوو، بەڵام کە تـــۆ هـــاتیە دونیـــاو بەســـەرپێ کەوتـــی، بە نـــازو مەکرەکانـــت دڵـی ئەو پیـاوەت لەمـن کـرد، شـەڕ لەنێوانمانـدا پەیـدابوو. ئەویـش خـوا ڕەحمـی پێبکـا، دوای بینینـی تـۆ چـاوی منـی نەبینـی ئیتـر، تەنـانەت ئێستاشـی لەگەڵـدابێ. ئـاینور لەو قســەیە زگـی بە دایکـی ســووتا کە هەســتی کــرد،

لەبەر ئەو لەو مـاڵە کە کەسـی دووەم بـووە، ئێسـتا بـۆتە کەسـی سـێیەم. کە داودی دارتـاش گفتوگـۆ و سـۆزو خۆشەویسـتیەکانی لەگەڵ ئەو بـووە، وەکـو هاوسـەری خـۆی، ئێسـتا لەگەڵ کچەکەیەتـی، بـۆیە تونـد گـرتیە بـاوەش و مـاچی کـرد، گـوتی دایە توخـوا بمبـوورە کە دەسـتم بـۆ خۆشەویسـتەکەی تـۆ بـردووە. دایکـی دەسـتی بەسـەری داهێنـاو گـوتی تـۆش دەبـیە دایـک ئەوسـا هەسـت بەو حـاڵەتە دەکەی. دایـک ئەوهـایە پـێش منـداڵبوون، ئامـادە نـیە هاوسـەرەکەی بـداتە هـیچ بەنـی ئـادەم و حەوایەک. تەنـانەت ئەو دایـک و بـاوکەی هێنایتیـانە دونیـاش. بەڵام کە منـداڵی بـوو، بـۆ بەختـەوەر بـوونی منـداڵەکە، دەسـت لە مەعشـوقەکەی بەردەدات بەبەرچـاویەوە لە جۆرێـک خۆشەویسـتی دابێـت لەگەڵـی، ئەگەر لەسـەر هەسـت و سـۆزی ئەویـش بـێ، بـێ ئەوەی ئیرەیـی ببـات و بـوغز لە دڵ هەڵبگـرێ، تـا منـداڵەکەی بەدڵ چێـژ لەو خۆشەویسـتیە وەربگرێـت. ئەوان لەو گفتوگۆیـانەدابوون کـات هەردەهـات درەنگتـر دادەهـات و داودیـش هـیچ دەنگێکـی نەبـوو، بـۆیە دایکـی ئـاینور گـوتی، کچـم واز لەو مەسـەلەیە بێـنە، بەختـەوەربن

پێکەوە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ هیچ دڵم بەو درەنگ کەوتنەی باوکت باش نااڵێ. لەوێوە هەردووکیان بەرەو دەرگای حەوشە چوون، دایکی ئاینور سەیری ئاسمانی کرد، بینی شەو تەواو درەنگ داهاتووە، هی ئەوە نیە داود نەگەڕابێتەوە.

بە ئاینوری گوت تەلەفۆنێک بۆ ژمارەکەی بکە، بزانە چی بووە؟ ئاینوریش موبایلەکەی دەرهێناو تەلەفۆنێکی بۆ باوکی کرد، بێ ئەوەی ئەوان بزانن موبایلەکەی داود لە دوکان بەجێماوە، کە دەسکێکی کۆن بوو، زەنگەکەی لێیدا، ڕۆناکی شاشەکەی ناودوکانە تاریک و بەسەریەکدا وێران بووەکەی ڕۆناک کردەوە، دواتر بۆچەند چرکەیەک نەماو پاش یەک دوو چرکە هاتەوە.

ئاینور کە گوێی لە زەنگەکان بوو دواتر داخرا ،گوتی دایکە وەڵام نەداتەوە. دایکی شڵەژا، گوتی دەزانم شتێک بووە، دەنا قەت ئەوەندە دواناکەوێ. خوایە نەمردبێ، من بێ ئەو ناژیم، ڕاستەوخۆش چوو خۆی ئامادە بکات بچێتە سۆراغی، بە خوڕیش فرمێسک لە

چـــاوی دەڕژا، ئـــاینور کە لە دوای بـــوو گـــوتی دایە توخوا قسەی خۆش بکە، مردنی چی؟

دایکـی فرمێسـکەکانی سـڕیەوەو گـوتی بـڕۆ تـۆش خـۆت بگـۆڕە، خـۆ ئەوهـا نـایەی. ئـاینوریش بەپەلە چـوو خـۆی گـۆڕی و لەگەڵ دایکـی لە مـاڵەوە دەرهـاتن، ئەگەرچـی دوکـــانەکەی داود هەنـــدە دوور نەبـــوو، بەڵام تەکسـیەکیان ڕاگـرت، دەیانویسـت تـا بکـرێ زووتـر بـگەن. کە چـوونە نـاو بـازاڕ، ڕاسـتەوخۆ لەتەکسـیەکە دابەزیـن و بەنـاو کۆڵانەکـان ڕوو لە دوکـانەکەی داود غاریـان دەدا، بەهـۆی ئەوەی شـەوان ئەو دوکانـانە نەدەکـرانەوە، هەمـوو داخرابـوون، دایکـی ئـاینوریش چەنـد دەیبینـی ئەو بەشـەی بـازاڕ چـۆڵە، ئەوەنـدە دڵتەنگتـر دەبـوو. کە گەیشـتنە دوکـانەکەی بینیـان کـراوەتەوە، هەمـوو شـتێکیش شـێوێندراوە، بەپەلە چـوونە نـاو دوکـانەکە هەنـدێک لە کەل و پەلەکانیـان لەسـەر ڕێـی خۆیـان لابـرد، چاویـان گێـڕا بـزانن داود لەوێ نەکەوتـووە، کەچـی نەیـانبینی. بەهـۆی ئەوەی ڕۆنـاکی گڵۆپەکـانی کـۆڵانەکە بە زەحـمەت شـەوقەکەی دەگەیشـتە نـاو دوکـانەکە، ئـاینور لایتـی موبـایلەکەی

پێکـــرد، زیـــاتر لە کەلەن و قوژبنەکـــان ورد بـــۆوە، بـــێ سود بوو.

ناچـار دیســان تەلەفـۆنێکیتری بـۆ کـرد، کەچـی زەنـگەکە لەنـاو دوکـانەکە لێیـدا، ئـاینورو دایکـی سـەریان سـووڕما، کە بینیـــان تەلەفۆنەکەشـــی لەوێ بەجـــێ مـــاوە. دایکـــی شـــەپێکی لە ســینگی خۆیـداو گـوتی زانـیم شـتێک بـووە، بـــابڕۆینە نەخۆشـــخانە. بەپەلە لە دوکـــانەکە هـــاتنە دەرەوەو دەڕابەکەیـان بە داریـک هێنـا خـواردن. ئینجـا لەوێـــڕا بەغـــاردان چـــوونەوە ســـەر شـــەقامەکەو تەکسـیەکیتریان گـرت، بەڕێ کەوتـن بـۆ نەخۆشـخانەی گشـتی. کە گەیشـتن، لە دەرگـای نەخۆشـخانەکە چـوونە ژوورەوە، بینیـــان کۆمەڵێـــک ژن لە خۆیـــان دەدەن لەدیـــار تەرمێـــک لەســـەر قەرەوێـــڵە درێـــژ کرابـــوو، بەتانیەکیشـــــی پێـــــدادرابوو، دیـــــاربوو بەهـــــۆی ڕووداوێـکەوە گیـانی سـپاردبوو، دکتۆرەکـان نەیـانتوانی بوو دەربازی بکەن.

لەولاتـــر منـــداڵێک لەباوەشـــی بـــاوکی بـــوو، لەســـەربان بەربـبـۆوە، دایکیشـی بەچـاوی بە فرمێسـکەوە کەوتبـووە دوای، دەیانویســـت بە زووتـــرین کـــات بیگەینـــنە بەر

دەستی دکتۆر. کە گەیشتنە هۆڵەکە، پیرێژنێک لەسەر عارەبانە دەینالاند. ژنێک بەدووکەس پیلیان گرتبوو، نەیدەتوانی بڕوا، پیرەمێردێک لە کۆڵی پیاوێکی گەنج بوو بە کانولەوە، هەموو ئێسکەکانی قۆڵی و و دەموچاوی و ملی دیاربوون. ئاینورو دایکی بەناو هەموو نەخۆشەکاندا گەڕان.

لە هیچ شوێنێک چاویان بە داودی دارتاش نەکەوت، ناچار چوونە لای ئەو پەنجەرەیەی ناوی نەخۆشەکانیان لێ تۆمار دەکرد، ئاینورو دایکی بینیان کچێکی ڕازاوەی نینۆک درێژو بە بۆیاغی لێ بوو، بۆنێکی لە خۆی دابوو ناو ژوورەکەی پڕ کردبوو، ئاینور پرسی هیچ نەخۆشێک ئەمڕۆ تۆمار نەکراوە بەناوی داود؟ کچەکە سەیری دەفتەرەکەی پێشەخۆی کرد، دوای چاو پێخشاندنێک گوتی نەخێر. ئاینور گوتی باشە لەکوێیتر بگەڕێین؟ ئێمە کەسێکمان وون کردووە ئەمڕۆ، تەمەنیشی گەورەیە. کچەکە گوتی بڕۆنە بەشی بەستوو، ئەوێش بگەڕێن خراپ نیە. بەشی بەستوو مەبەست لەوبەشەبوو کە لەناو نەخۆشخانەکە کرابوۆوە ،بۆ ئەو مردووانەی ناو

سندوقی ساردکەرەوە هەڵدەگیران و کەس نەیدەزانی ناویان چیەو خاوەنیشیان دیارنیە. تا ئەوکاتەی کەس وکاریان پەیدا دەبێ. ئاینورو دایکی لەگەڵ ئەو قسەیە تەزی بەلەشیان داهات، هەردووکیان بێ ئەوەی کەسیان کەسیان بدوێنێ، خەیاڵیان دەکرد، ئەگەر دەرگای یەکێک لە ساردکەرەوەکان بکرێتەوەو پێیان نیشان بدرێ، داود لەناو ساردکەرەوەکە ڕاکشابێ بێ جوڵە، چ ڕوودەدا؟ بەدەم ئەو خەیاڵانەوە، کە لەکاتی ئەوەها هەزارشت پێکەوە بە میشکی مرۆڤ دادێ. گەیشتنە خانەکە، خانەکە پێکهاتبوو لە هۆڵێکی گەورە، هۆڵەکە پڕکرابوو لە کابینەی داخراو، هەر کابینەیەک بیست تا سی دەرگای پێوەبوو، هەر دەرگایەک ژمارەی خۆی لەسەربوو. کە ئاینورو دایکی چوونە پێش هۆڵەکە، بە چاوی پڕگریانەوە لە کارمەندێکیان پرسی کەسێکمان دیارنیە، ناو نەخۆشخانە هەموو بەدوایدا گەڕاوین نەماندۆزیتەوە، ئێمەیان ناردۆتە ئێرە، ئایا ئەمڕۆ هیچ پیاوی بەتەمەنتان بۆ هاتووە؟

کارمەندەکە کە بینی زۆر بە پەرۆشن، گوتی ئەوەی ڕاستی بێ بەڵێ، بەڵام دەبێ ئیزن لە بەڕێوەبەری ئەو

بەشە وەربگرین تا بتوانن سەیری بکەن، بزانن ئەوە کەسی ئێوەیە یان نا؟

ئاینورو دایکی دەستیان بە لەخۆدان کرد، گوتیان لەکوێیە ژووری بەڕێوەبەر؟ کارمەندەکەش ئاماژەی بۆ کردن، ئەوانیش بەپەلە بەرەو ژوورەکە چوون، هەندەی پێنەچوو، لە ژووری بەڕێوەبەرڕا، تەلەفۆن بۆ کارمەندەکە کرا، دیاربوو بەڕێوەبەر بوو، پێی گوت ئەو کچ و دایکە وا دێنەوە لات، ئەو کەسانەیان پێ نیشان بدە ئەمڕۆ لە بەیانیەوە هێندراون. کارمەندەکە کە تەلەفۆنەکەی داخست، ئاینورو دایکی لە ژووری بەڕێوەبەرڕا بەرەو خانەکە گەڕانەوە، کە گەیشتنە لای، کارمەندەکە پێیانی گوت وەرن، بەخۆی بەپێشیان کەوت. ئەوانی بردە ناو ساردکەرەوەکان، گوتی ئەمڕۆ یازدەکەس بۆ ئەو خانەیە هێندراون، نە کەس ناویان دەزانێ، نە کەسیش بەدوایانداهاتووە. لەناویاندا سێ ژن هەن، لەگەڵ منداڵێک، کە ئۆتۆمبێل لێیداوە. ژنەکان کوژراون و دواتر فڕێدراونەتە چۆڵی. ئەوانی تر هەموو پیاون، دووان لەو پیاوانە بە چەقۆ کوژراون. یەکێکیشیان بە گوللە. ئەوانی تر دیارنیە،

تەنیا بە تەمەنەکەیان نەبێ، بەخۆی مردووە. ئایا سەیری هەموویان دەکەن یان هەر بەتەمەنەکە؟ دایکی ئاینور بە چاوی بەفرمێسکەوە گوتی تەنیا ئەو. کارمەندەکە چووە لای چەکمەجەی ژمارە بیست و یەک. پێش ئەوەی چەکمەجەکە ڕاکێشێ گوتی مەترسن، بەسەرخۆتان زاڵ بن، ئاینورو دایکی هەردووک دەلەرزین، کەوتبوونە بارودۆخێکی ئەوەندە سەخت و دژوار بەم شەوە. کارمەندەکە چەکمەجەکەی ڕاکێشا، ناو چەکمەجەکە تەمی کردبوو، کە تەمەکە ڕەویەوە، جانتایەکی گەورەی بە زنجیر داخراو بەدیارکەوت. ئینجا دەستی بۆ زنجیرەکە بردو کردیەوە، ئاینورو دایکی بینیان پیاوێکی بەتەمەنی لاوازی تێدایە دەتگوت لە ماندوویەتیان خەوی لێکەوتووە، چاوەکانی داخستبوو، هەردووکیان کەچاویان پێ کەوت لە باتی داود تێرتێر بۆی گریان، لە شوێنەکەی خۆشیان پشتیان بە یەکێک لە ساردکەرەوەکان کردو دانیشتن، کارمەندەکە گوتی چیتانە؟ ئەوە کەسەکەی ئێوەیە یان نا؟ ئاینور بەحاڵ گوتی نەخێر. کارمەندەکە کە گوێی لە وەڵامەکەیان

بـوو، زنجیـرەکەی داخسـتەوەو چەکـمەجەکەی پێـوەداوە. گـوتی بـۆ پێتـان وایە دەبـێ تەنیـا لە نەخۆشـخانە بـێ، بـڕۆن لە شـوێنی تـر بەدوایـدا بگەڕێـن، کەوایە لێـرە نەبـێ زینـدووە. دایکـی ئـاینور لە خۆشـی ئەو قسـەیە تونـد دەسـتی کارمەنـدەکەی مـاچ کـرد، گـوتی لەکـوێ بـۆی بگەڕێـم پـێم بڵـێ؟ کارمەنـدەکە گـوتی لە خـانەی بەسـاڵداچووان، یـان زینـدان، ئیتـر ئەو شـوێنانە هەیە مـرۆڤ شـکی بـۆ بچێـت. ئـاینورو دایکـی لەسـەر قسـەی کارمەنـدەکە، ئەو شـەوە چـوونە خـانەی بەسـاڵداچووان و زینـدانی پـۆلیس، کە زینـدانێک بـوو، جیـاواز بـوو لەو زینـدانەی داود تێیـدا بەنـدکرابوو، ئەو زینـدانە تـایبەت بـوو بە هەمـوو ئەو تاوانـانەی لەنـاو کۆمەڵگـا ڕوویـان دەدا، وەک کوشـتن و دزی و شـەڕ و دەسـتدرێژی و سـەرپێچی کردنـی یاسـا و فێـڵ و خیـانەت زەوجـی و لەواتـا. هەروەهـا شـتێکیتریش ئەو زینـدانەی جیـا دەکـردەوە، لە زینـدانەکەی داود، ئەویـش ئەوەبـوو پاسـەوانەکان بە ئاسـانی قسـەیان لەگەڵ دەکـراو وەڵامـی خەڵکیشـیان دەداوە لەکـاتی سـۆراغ کـردن. بەڵام ئـاینورو دایکـی لە هـیچ لەو شـوێنانەش

نەگەیشتنە ئەنجام. ناچار شەو درەنگ بە سواری تەکسیەک بەرەو ماڵ گەڕانەوە، چ گەڕانەوەیەک؟ لە ڕێگا هەر چاویان دەگێڕا لە داود بەڵکو لەسەر شەقامەکان ببینەوە، کە لەماڵەوەش نزیک کەوتنەوەو لە تەکسیەکە دابەزین، بەو هیوایە دەرگای حەوشەیان کردەوە داود گەڕابێتەوە. کەچی کە گەیشتنە حەوشە ماڵ چۆڵ بوو کەس بەرەو پیلیان نەهات.

***** ***** *****

لەناو زیندانەکە داود لەئێوارەوە ئەوەندە بیری کردبۆوە لەوەی بەسەری هاتبوو، دەمێک بوو لە ماندوویەتیان خەوە کوتکە دەیبردەوە نەشیدەزانی لەنەگەڕانەوەی ئەو بۆ ماڵەوە حاڵی ئاینورو هاوسەرە بەتەمەنەکەی چۆنە. لەدڵەخۆی لێکی دەدایەوە دەبێ زانیبیان گیراوە یان نا؟ لەناکاو بەهۆی درەنگی شەو، چاودێری ژوورەکە بە دەنگێکی بەرزو بێزارکەر هاواری کرد، هەستن کاتی خەوە، ئەو دانیشتنانە تێکدەن. لێکڕا ئەو هەموو زیندانیە هەڵستانەوە سەر

پێ، ئینجا دووکەس کە هەڵبژێردراوی چاودێرەکە بوون، شارەزاش بوون لە خستنە پاڵ یەکتری زیندانیەکان، بۆ خەواندن، یەک یەک زیندانیەکانیان بانگ دەکرد، لە تەنیشت یەکیان دریژ دەکردن، بەڵام بە پێچەوانەی یەکتر، دەبوا یەک سەری لەخوارەوەبێ، یەک لە سەرەوە، عەل و شەت، بۆئەوەی شوێنی کەمتر بگرن، بەهۆی باریکی لای لاقیان و فراوان بوونی شانیان، نەدەبوا کەس شانی لەلای کەس بێ. هەروەها دەبوا خۆشیان بخەنە سەر تەنیشت، تا نۆرە گەیشتە داودی دارتاش، ئەویشیان خستە کەلەنێک، دواتر کە بینیان هێشتا نەفەرماوە، بە پێ چەند کەلەنێکیان لە بەینی دریژبووەکان کردەوە، ئەوانی مابوون بە پاڵەپەستۆ خستیانە کەلەنەکان. تا بەیانیش نەدەبوا ئەگەر زۆر پێویست نەبێ، تەنانەت بۆ سەرئاویش کەس لە شوێنەکەی هەڵستێتەوە، دەنا جێیەکەی دەگیرا، هەندەی نەبرد خەو بااڵی بەسەر هەموو زیندانیەکاندا کێشا، خەوێک، پڕ لە خەیاڵی ئازادی، هیچ چاوێک نەدەبیندرا کراوەبێ، دەنگی پڕخوهۆڕو مشە مشیشیان هۆڵەکەی پڕکردبوو.

***** ***** *****

لەوکـــاتەی داود لەنـــاو ئەو حەشـــاماتە خەوی لـــێ کەوتبـــوو لەســـەر تەنیشـــت، دایکـــی ئـــاینور ســـەری ئـــاینوری خســـتبووە ســـەر ڕانـــی. ئـــاینور بە چـــاوی بە فرمێســـکەوە خەوبردبـــوویەوە، دایکیشـــی پشـــتی بە دیـــواری بـــن هەیـــوانەکە کردبـــوو، ڕوو لە دەرگـــای حەوشـــە، لە چـــاوەڕوانی لەناکـــاوی هـــاتنەوە حەوشـــەی داود، یان گەیشتنی هەواڵێک لەکەسێکەوە.

غەمـــی لەو ڕۆژانە دەخـــوارد بە تونـــدی قســـەی لەگەڵ کـــردووە، یـــان کەمـــتەرخەم بـــووە لە بەرامـــبەر مانـــدووبوونەکانی، یـــاخود داوای چێشـــتێکی کـــردووە پێـــی نەکـــراوە بـــۆی لێبنـــێ. فرمێســـکیش بەســـەر فرمێســـکدا ووشـــک دەبـــۆوە. غەمـــی دڵتەنگبـــوونی ئـــاینوریش لەلایەکیتـــر بوەســـتێ، کە دەمنـــادەم لەســـەر کۆشـــی هـــوڕێنەی دەکـــرد، دەیگـــوت بـــاوکە. ئەویـــش بـــۆئەوەی دڵـــی بـــداتەوە، دەســـتێکی بەســـەری دادێنـــاو دەیگـــوت کچـــم دێتەوە غەم مەخۆ.

(٤٤)

ڕووبا دەمێک بوو لەناو گۆڕستانەکە هاتبووە دەرەوە، بەناو کۆڵانەکانی شاردا دەسووڕاوە، لەناکاو بەسەر دیوارێک کەوت و چووە سەربانی ماڵێک، بینی لەسەر بانەکە کەسێک خەوتووە، کە لێی نزیک کەوتەوە، کچێک بوو، بای شەو پرچی هێنابۆوە سەر دەموچاوی، ڕوومەتەکانی لەناو پرچە پەرش و بڵاوەکەی دیاربوو سپی دەچۆوە، ڕووبا بەبینینی دڵی خێرا لێدا، زانی ئەو کچەش لەو کچانەیە

هاتۆتەسەربان خەوتووە تا ڕووبا بیبا. هێدی هێدی نوشتایەوە سەری، سەرەتا کەپووی بردە نزیک کەپووی و کاتێک کچەکە هەناسەی داوە، ڕووبا بە تۆندی هەڵیمژی، هەڵمژینێک، گەرمی هەناسەی کچەکە چووە ناو سیەکانی.

پاشان کەپووی بە ڕوومەت و پرچی وەنا، بۆنی کرد، لەگەڵ بۆن کردن، کەپووی بردە بن گەردەنی و ملی.

کچەکە لەوکاتە بەئاگاهات، کە بینی کەسێک بۆنی دەکات زانی ڕووبایە هاتووە، دەستی لەپشتی ئالاندو تۆند بە سینگی خۆی وەنا، سەریشی بردە بن گوێی و گوتی لەکۆتایێ هاتی؟

ڕووبا وەڵامی داوە بەڵێ. کچەکە دڵنیابۆوە هەڵە نیە، زیاتر بەخۆیەوە گوشی، گوشینێک، دەتگوت چەندین ساڵە یەکیان خۆشدەوێ. ئینجا ڕووبا لە شوێنەکەی قیتی کردەوەو خستیە باوەشی خۆی. کچەکە گوتی چی دەکەی، دەمبەی؟

ڕووبا خەندەیەکی کرد گوتی بەدڵنیاییەوە. کچەکە گوتی ناترسێی لەو کارە؟ ڕووبا گوتی نا زۆریش چێژی لێدەبینم.

ئینجـــا بە قـــادرمەی خـــانووەکەدا هـــاتە خـــوارەوەو بەدەرگـــای حەوشـــەدا بـــردیە کـــۆلان، ڕاســـتەوخۆ ڕێـــی گۆڕســـتانی گـــرت، کـــچەکەش دەتگـــوت لەشـــی هـــیچ ئێســـکێکی تێـــدانیە، لە باوەشـــی دەهەژا، پـــرچە درێـــژو خاوەکەی شۆڕببۆوە تا نزیک ئەژنۆکانی.

ڕووبـــا کە گەیشـــتنەوە گۆڕســـتانەکە، دڵبـــرین بە خەبەر بـــوو، لەبـــن کەپـــرەکەڕا بینـــی، ئەوجـــارە زیـــاتر لە هەمـــوو جارەکـــان ســـەری ســـووڕما، بەتـــایبەتی کاتێـــک زانـــی ڕووبـــا کچێکـــی تـــری هێنـــاوە، لە شـــوێنەکەی خـــۆی هەڵستاوەو باشتر لێی ڕوانی.

ڕووبـــاش کـــچەکەی بـــردە بـــن هەمـــان دارو لەوێ دایناـــ، کـــچەکە بەبەرچـــاوی دڵبـــرینەوە باوەشـــی لەڕووبـــادا، ڕووبـــاش دەســـتی خســـتە پشـــتی و تونـــدتر بەخـــۆیەوە نوســـاند، لە دوورەوە بەهـــۆی نـــاوقەدی بـــاریکی کـــچەکە دەتگـــوت ڕووبـــا پرچێکـــی درێـــژی لەبـــاوەش کـــردووە، پرچێک هاوشێوەی ئاوریشم.

دڵبـرین خـۆی پـێ نەگیـرا، لەبـن کەپـرەکە هـاتە دەرەوەو ڕێـک لەبـۆ لای ڕووبـاو کـچەکە چـوو، کە گەیشـتە لایـان، ڕووبـا هەسـتی پـێ کـرد، بە کـچەکەی گـوت مەترسـێ،

کەســـیتریش لێـــرە هەیە. کـــچەکە گـــوتی چ کەســـێک؟ ڕەنگـــی زەرد هەڵـــگەڕا بەخێرایـــی ئـــاوڕی دایەوە، بینـــی دڵبـــرین لە پشـــتیان ڕاوەســـتاوە، ئـــاگر لە نێوچـــاوانی دەبـــاری. دڵبـــرین بـــێ ئەوەی خـــۆی لە کـــچەکە بگەینـــێ، بەڕووبـــای گـــوت وا نەزانـــی ئاگـــام لە هـــیچ نـــیە، ئەو کـــچەی دوێنـــێ هـــاتبووە لات گـــوتم قەینـــا دەکـــرێ یەکیـــان خۆشـــبوێ، بەڵام ئەوە چـــیە؟ ئایـــا تـــۆ دەزانـــی چـــی دەکەیت؟

ڕووبـــا گـــوتی بەڵـــێ بەدڵنیـــاییەوە دەزانـــم، مـــن خۆشـــیانم دەوێ .دڵبـــــرین گـــــوتی ئەوە خۆشەویســـــتیە یـــــان بەڕەڵڵایی؟

ڕووبـــا گـــوتی دەکـــرێ تـــۆ پێـــت وابـــێ بەڕەڵڵایـــیە، بەڵام مـــن پـــێم وانـــیە. دڵبـــرین گـــوتی ڕێـــت پێنـــادەم ئەوە لەنـــاو ئەو گۆڕســـتانە بـــکەی، بـــێ ئەوەی ویســـتی کچەکـــانی لەگەڵ بـــێ. لەوکـــاتە کـــچەکە بەجـــواب هـــات گـــوتی مـــامە مـــن دەمـــێکە چـــاوەڕێی هـــاتنی ئەو کـــوڕە دەکەم بـــۆئەوەی بـــێ بمبا، چۆن دڵنیای ویستی منی لەگەڵ نیە؟

دڵبـــرین وتـــی کچـــم تـــۆ خێزانـــت هەیە، بـــزانن چـــی ڕوودەدا؟ کـــچەکە گـــوتی هەرچـــی ڕووبـــدا لەپێنـــاو

شـــەوێکی ئەوهـــا بە خەســـاری نـــازانم. دڵبـــرین گـــوتی تەواو ئەو جادووگەرە ئەقڵی تۆشی تێکداوە؟

ڕووبـا گـوتی مـن جـادووگەر نـیم، مـن هـاتووم فێرتـان بکەم جادووتان لێنەکرێ.

دڵبـرین گـوتی ئەوەش قســەیەکی هەلەق و بەلەقە، وەکـو ئیشـەکانی تـرت. ڕووبـا گـوتی ئیشـەکانی مـن هەلەق و بەلەق نـین، تـا شـێوەی خۆیـان وەردەگـرن وان، دڵنیـابە تووشـــی ســـووێ بـــوونەوە دەبـــی، لەداخـــی ئەوەی ئەو مـــاوەیە ڕووی خـــۆت لـــێم وەرگێـــڕاوەو قســـەم لەگەڵ ناکەی لەڕقی ئەو ئیشانەی لەمنڕا ڕوو دەدەن.

مـــن کە هـــاتمە ئەو گۆڕســـتانە دامنـــا هاوڕێیەتیـــت بـــکەم، بەڵام تۆ ڕەتت کردمەوە.

دڵبـرین گـوتی مـن هـاوڕێی وەکـو تـۆم نـاوێ. ڕووبـا گـــوتی ئاســـاییە، ئێســـتاش دەتـــوانی ئەوە بـــکەی کە دەتەوێ، مـن هـیچ کـات بـۆ هـیچ شـتێک زەخـتم لە کەس نەکـردووە، هەتـا لە بردنـی ئەو کـچەش. دڵبـرین گـوتی بردن واتا چی؟ بەخۆت بڵێ؟

ڕووبـا گـوتی واتـا ڕازیبـوونی کـچەکە خـۆی، ماڵەوەیـان گرینـگ نـین. ئێســتاش ئەگەر ئەوکـــچەی تـــۆ پێـــت وایە

فریـوم داوە، لێـی بپرسـی، دەزانـی ڕازیە یـان نـا، بەوەی هێنـایتمە ئێـرە. دڵبـرین ڕووی لە کـچەکە کـرد، دەیویسـت یەک ووشـەی لە دەمـی گـوێ لـێ بـێ تـا هەرنـا ئەو بێبـاکیەی ڕووبـا نەهێڵـێ، گـوتی کچـم لەو کـوڕە مەترسـێ، تـۆ پێـت خۆشـە ئەو کـوڕە تـۆی لەنـاو جێگـاکەت ڕفانـدووە؟ کـچەکە وەڵامـی داوە بەڵـێ، زۆریش.

دڵبـرین تورەبـوو، گـوتی ئێـوە، خەڵکـی ئەو سـەردەمە ئەقڵتـان لەسـەر نەمـاوە، بـڕۆن بە کەیفـی خۆتـان بـکەن، ڕاسـتەوخۆ بەدەم ئەو قسـانەوە هەردووکیـانی بەجێهێشـت، کە تەواو دووریـش کەوتەوە، ئـاوڕێکی داوەو ئەوەندەشـی زیـاد کـرد، ئـێمە لەسـەردەمی خۆمـان شـەرممان دەکـرد بەتەواوی سـەیری یەکتـریش بکەیـن لەگەڵ ئەو کچانەی خۆشماندەویستن.

کە گەیشـتەوە بـن کەپـرەکە، هەر تـووڕەیی پێـوە دیـاربوو، ئەو پیاوێـک بـوو بەهـۆی کەوتـنە نـاو تەمەنەوە کەوتبـووە بەینـی دوو بەردە ئاشـی سـەردەم، یەکیـان داخراو و یەکێکیشیان کراوە .

بـۆ ئەوانـی داخـراو بـوون و بە داخـراویش مردبـوون، کێشـە نەبـوو، بـۆ ئەوانـی کـراوەن و بە کـراوەییش دەژیـان، هەر کێشـە نەبـوو، کێشـەکە ئەوەبـوو، ئەو لاقێکـی لەنـاو سـەردەمە داخـراوەکە بەجێمـابوو، لاقێکیشـی خسـتبووە نـاو سـەردەمە کـراوەکە، نەشـیدەزانی کـامە ڕاسـتە، کردەوەکـانی ڕووبـاش لە هەمـوو ئەو شـتانە خراپتـر سـەری لـێ تێکـدابوو، کە بە هـی هـیچ لەو دوو سـەردەمە نەدەچـوون، بـۆیە لەڕقـان دەسـتی کـردە چەکوچێـک و هـاواری کـرد، ئێسـتا مـن چـی لەگەڵ تـۆ بـکەم ئەی غەوارە، کە نە دەتـوانم ڕقـم لێت بێتەوە، نەدەشتوانم خۆشمبوێی.

نە دەتـوانم پشـتگوێت بـخەم و نە دەشـتوانم لەگەڵـت بژیم، تۆ چی لە ئێمە پەیدابووی؟

ئینجـا چەکـوچەکەی بەو کـێڵەدا کێشـا کە دەمێـک بـوو خەریکـی هەڵکەنـدنی بـوو، کـێڵەکە بـووە چەنـد پـارچەیەک لەسـەر دەزگـاکە. کـچەکە لەبـن دارەکەڕا کە گـوێی لەو دەنـگە دەنـگ و هـاوار هـاوارەی دڵبـرین بـوو، بە ڕووبای گوت ئەو پیاوە بۆوا دەکات؟

ڕووبا گوتی هیچ نیە پێم وایە کێشەی لەگەڵ خۆی هەیە، ئەو شەڕە دەکات یەکلایی ببێتەوە. وەرە با بەسەر ئەو ڕێیەدا پیاسەیەک بکەین.

ڕووبا کەوای گوت نەیویست چیتر دڵبرین بەو دیمەنە ئازار بدات. دەستی کچەکەی گرت و بردیە سەر ئەو ڕێیەی بۆ بەشی خوارەوەی گۆڕستانەکە شۆڕدەبۆوە، ڕۆناکی بلاجگتۆرەکانیش لێیانی دەدا، تا لەخوارەوە لە نەمانی ڕۆناکی، هەردووکیان وون بوون.

بەشی پازدە

(٤٥)

حەجـاج ئیـبن وەحـش دوای ئەوەی ژنەکەی بەڕازاوەیـی بەنـاو زینـدانەکە گێـڕاو بە زینـدانیەکانی نیشـاندا، ئیتـر پەلەی بـوو لەگەڵـی جـووت بـێ، ژنەکەش دەیزانـی ئەگەر زیـاد لە پێویسـت ڕایگـرێ، حەجـاج دوورنـیە پـڕی بـداتێ و بەزۆر چـی بـوێ لەگەڵـی بکـات، ئەگەرچـی تـاکە ژن بـوو حەجـاج دەیویسـت بە خۆشەویسـتیەوە لەگەڵـی بچێـتە نـاو جێگـا، بەڵام ئەو کەسـێکی ئەوەنـدە خـۆگر نەبـوو چـاوەڕێی ئەو ڕۆژە بکـات. بـۆیە ژنەکە

بەماوەیەکی کەم وایکرد شارەزای تەواوی ژوورەکەی حەجاج بێ، تەنانەت وایکرد بزانێ حەجاج دەمانچەکەی لەناو کام چەکمەجەی ژوورەکەش دادەنێ، حەجاجیش پشتی لێ کردبۆوە، ئەو ژنە دوژمنی بێ. وەک ئەوەی لەبیری چووبێتەوە ئەو مێردو منداڵەکەی کوشتووە.

ئێوارەیەک ژنەکە بە حەجاجی گوت ئەمشەو حەزدەکەم بێیتە لام، ئیتر کاتی هاتووە خۆم پێت ببەخشم، چونکە بۆم دەرکەوت تۆ پیاوێکی خراپ نی. تەنانەت زۆریش میهرەبانی لەگەڵم. حەجاج بەو قسەیە هەم خۆشحاڵ بوو و هەمیش بەمێشکی داهات، پیاوە بەتەمەنەکە بانگ بکاتە پشت پەردەیەک و وەک نمایشێک بۆ ئازاردانی پێی نیشانبدا چ دەکا لەگەڵ ئەو ژنە کوردەی بەدەستی خۆی خێزانەکەی لەناوبردووە. شەو درەنگ لەناو ژووری پیاوەکان، حەجاج پیاوە بەتەمەنەکەی هێنا دەرەوە، پێشوەخت بردیە ژوورەکەی خۆی، لەپشت پەردەی پەنجەرەی ژوورەکە لە شیشەکان بەستایەوە، دواتر پەردەکەی بەسەری داداوەو بە پیاوە بەتەمەنەکەی گوت

ئەمشـــەو ببیـــنە چ کفرێـــک ڕووەدا، نـــازداریکی ئێـــوە چ گوناحێک دەکات لەکاتێکدا خۆتان پێتان وایە ڕەسـەنن.
حەجـاج لەڕێـی ئەو کـردەوانەش دەیویسـت ئیـرادەی ئەو خەڵـکە بشـکێنێ، کە ڕەســەن نـین، چـونکە میللەتێـک پێـی وابـێ ڕەســەنە، ئیـرادەی بەهێزتـرە لەچـاو ئەو مـیللەتەی پێـی وابـێ ناڕەســەنە. ئینجـا لە ژوورەکەی خـۆی چـووە دەرەوەو هەنـــدەی نەبـــرد ژنەکە هـــاتە ژووری، لەپشـــت پەردەکەوە پیـــــاوە بەتەمەنەکە بینـــــی، زیـــــاتر لێـــــی ووردبۆوە بزانێ چی دەکات.
ژنەکە جلەکـانی داکەنـدو بنکراسـێکی خەوتنـی لەبەرکـرد، دواتـر چـووە سـەر جێگـاکەی حەجـاج و چـاوەڕێی کـرد، هەنـدەی نەبـرد حەجـاجیش هـاتەوە ژووری، کە چـاوی بە ژنەکە کەوت، خەنـــدەیەکی کـــرد، بە دەم خەنـــدەوە بـۆئەوەی پیـاوە بەتەمەنەکە گـوێی لـێ بـێ گـوتی چـیم پێشـــــکەش دەکەی؟ ژنەکە وەڵامـــــــی دایەوە ئەوەی دەمـێکە حەزت لێـیە. ئینجـا حەجـاج چـووە سـەر جێگـاکە لەگەڵـی و دەسـتی لەنـاو پرچـی وەردا، دواتـر دەمـی بـۆ دەمـی بـردو مـاچی کـرد، پیـاوە بەتەمەنەکە کەتـا ئەوکـاتە پێـی وابـوو ئەو ژنە بە پـیلان وادەکـات، پەشـیمان بـۆوە

لە بۆچـــــوونەکەی. خەریـــــک بـــــوو بەو دیـــــمەنە لە پێســـتەکەی بێـــتەدەرەوە، تەنـــانەت لەبەرەخـــۆی گـــوتی هەڵەبـــووم، ئەی بەد ڕەوشـــت، تـــۆ دەزانـــی چـــی دەکەی؟ حەجـــاج و ژنەکە دەتگـــوت دوو مـــارن تێکئـــاڵاون دەنگـــی مرشـــە مرشـــیان دەهـــات، پیـــاوە بەتەمەنەکە لە قەهـــران گریـــا، کاتێـــک بینـــی ئەو ژنە چ خیانەتێـــک لە مێـــردە هەڵواســـراوەکەی و ئەو منـــداڵە دەکـــات ئەو پیـــاوە لەنـــاو ئاوی گەرم سووتاندبووی.

گریانێـــک نەیدەویســـت دەنگـــی لێـــوە دەربـــێ، بەهـــۆی فرمێسکەکانیشـــی دیمەنەکـــان تەڵـــخ دەبـــوون و دواتـــر وەکـــو خۆیـــانی لێـــدەهاتەوە. نەیدەویســـت بـــگەنە ئەو کـــاتەی هەمووشـــتێک کۆتـــایی دێ. نەیدەویســـت ببینـــێ حەجـــاج خـــۆی دێنـــێ و دەبـــا، لەســـەر دایکـــی ئەو منـــداڵەو هاوســـەری ئەو جـــوامێرە. لەوکـــاتەی پیـــاوە بەتەمەنەکە بیـــری لەو شـــتانە دەکـــردەوەو لێیـــانی دەڕوانـــی، حەجـــاج لەســـەر ژنەکە ســـەری خـــۆی نەوی کـــرد، پـــانتۆڕەکەی لە پـــێ بکـــاتەوە. کەچـــی ژنەکە لەشـــوێنەکەی خـــۆی ڕاســـت بـــۆوەو دەســـتی کـــردە تەپـــڵە جـــگەرەیەک، کە تەپـــڵە جگەرەیەکـــی شووشـــەی گەورەبـــوو، هەتـــا هێـــزی تێـــدابوو

لە سەری حەجاجی دا، لێدانێک لەوێ گێژبوو و بۆ چەند چەرکەیەک، هۆشی لەدەستدا. ژنەکەش بەخێرایی بەرەو چەکمەجەی کەنتۆڕەکە چوو و دەمانچەکەی دەرهێنا، لەوکاتەش حەجاج هەڵستاوە خۆێن بە لەشیدا هاتبووە خوارێ، کە دەمانچەکەی بینی گوتی نا، ئەوە مەکە، ژنەکە بێ ئەوەی دەرفەتی هیچی پێبدا بە قیژەو گریان دایە بەر گوللان، ئاگری لولەی دەمانچەکە ژوورەکەی بۆ چەند جارێک ڕۆناک کردەوە بەدوای یەکدا، لەگەڵ ئەو گرم و هۆڕە جەللادەکانیتر لەدەرەوەڕا غاریاندا، ژنەکە کە بینی حەجاجی کوشتووە، پێکەنی پێکەنینێک لەگەڵ گریان تێکەڵ، وەک ئەوەی شێت بووبێ، ئینجا پێش ئەوەی جەللادەکان بیگەنێ، لولەی دەمانچەکەی لە زگی خۆی کردو تەقاندی، هەرلەوێ خۆشی کوشت. پیاوە بەتەمەنەکە بە گریانەوە کەچاوی بەو ڕووداوە کەوت تووشی شۆک بوو، ئەو دایکە وا بەخێرایی چی کرد لەپێناو مێردو منداڵەکەی؟ چەند سەیر حەجاجی کوشت، حەجاجێک هەموو پیاوەکانی ناو زیندان لێی تۆقیبوون، حەجاجێک بە ئبن وەحش ناویان دێنا.

لەگەڵ ئەو ڕووداوە ناو زیندانەکە بەتەواوەتی شێوا، جەللادەکان بەخێرایی هاتووچۆیان بوو، کەس باوەڕی نەدەکرد حەجاج بە دەستی ئەو ژنە کوژرابێ، کە لەگەڵ خۆی دەیگێڕا کون بەکون.

بە بەرچاوی پیاوە بەتەمەنەکە تەرمەکەی حەجاجیان بردە دەرەوە، لەوێوەش ناردیانەوە بۆ خانەوادەکەی، بە مەراسیمێکی چەند ئۆتۆمبێلی سەربازی. لە خەڵکیشیان شاردەوە ژنێکی کورد کوشتوویەتی، تەرمی ژنەکەشیان دوای تەرمەکەی حەجاج فڕێدا پێش ئەو سەگانەی لەناو زیندانەکە بوون. پیاوە بەتەمەنەکەشیان لەپەنجەرە کردەوەو بردیانە ژوورێکی تاکە کەسی تا ئەو خەبەرە بە زیندانیەکان نەدات.

(٤٦)

بەیانی کە دونیا ڕۆناک داهات دوای هێرشەکەی نەدیم و وان، بارق بەناو سەربازگەکەدا دەستی بە گەڕان کرد، بۆ ئەوەی بزانێ زیانیان زۆر بەرکەوتووە یان نا. کە چاوی گێڕا بینی هەموو شتێک نیشانەی گوللەی پێوە دیارە، جلیکان، ستڵی ئاو، قەدی ئۆتۆمبێلەکانی ڕاوەستابوون، ڕووی سندوقەکان. تەنانەت لەبەر دەرکی خیوەتەکان ئەو پۆستالانەی لەبەر دەرگاش ئێوارە داکەندرابوون. لە هەندێک

شـوێنیش خیوەتەکانیـان تـا نیـوەی سـووتابوو، کە چـووە نـاو خیـوەتی بـرین پێچەکـانیش، بـۆی دەرکەوت جیـا لەو کەسانەی ئەو شەوە کوژرابوون، بریندارییشیان هەیە.

ئەوەش بـارقی تـورەتر کـرد، ڕاسـتەوخۆ لەوێـوە لەگەڵ چەنـد سـەربازێک و دوو سـێ جـاش بەرەو دەرەوەی سـەربازگەکە چـوو، تـا سـەیری شـوێن پێیەکانیـان بکـات، بزانـێ بەنـاو ئەو هەمـوو ئەلغـامە، بە کوێـدا هێرشـیان کـردووە، کە گەیشـتە سـەر ئەو ڕێـیەی ورچەکەیـان پێـدا ڕاکێشـابوو، لە شـوێن پێیەکانیـانەوە زانـی ژمارەیـان چـوار پێـنج کەس بـووە، بەسـەلامەتیش چـالاکی خۆیـان ئەنجـام داوەو گەڕایـنەوە، چـونکە نە هـیچ تەرمێـک بەجـێ مـابوو، نە خـوێنێکی ئەوەنـدە زۆریـش لەسـەر زەویەکە ڕژابـوو، لە قەهـران بە دڵێکـی پـڕ سـەیری چیـاکەی کـرد بینـی تـا چـاو بڕەکـات بەفـر داپۆشـیوە، سـەیری بەو پێشـمەرگانە هـات، چـۆن لەو سـەرماو سـۆڵەدا، بەشـەوێکی ئەوەنـدە سـەخت و دژوار هێرشـیان کـردووە، لەکاتێکـدا شـەوی ڕابـردوو، بەر لەو هێرشـە سـەربازەکانی خـۆی، لە کەمـین چەنـد کاتژمێرێـک خۆیـان نەگـرت لە سـەرمان. کە زانـی تـازە

بۆ بیرکردنەوە لەو شتانە درەنگە، شوانەکەی بەبیرهاتەوە، بەتایبەتی کاتێک بینی بەو شوێنە داهاتوون مینڕێژ نەکراوە. بە سەربازو جاشەکانی گوت، ئەو شوانە دەستکیسی بۆ کردوون دڵنیام، کە دوێنێ بینیم لە چیاکە دەهاتەوە، زانیم هەواڵی مینڕێژکردنی ئەو بنارەی پێیان ڕاگەیاندووە، بڕۆن هەرئێستا بیهێنن، خەڵکی گوندەکەش کۆبکەنەوە پێیان بڵێن بێنە لای دارتووەکە ئیشم پێیانە.

دووسەربازو جاشێک بەرەو گوندەکە بەڕێ کەوتن، بارق و ئەوانی تریش هێدی هێدی بەرەو ئەو شوێنە ڕۆیشتن کە ڕێیەکە دەبووە سێ ڕیان و دارتووە گەورەکەی لێ بوو، دووسەربازوجاشەکە کە گەیشتنە ماڵی کێخوا، لە شوێنی شوانەکەیان پرسی، کێخواش پێی گوتن وا لەناو مەڕومااڵتەکەیە، چ کارێکتان پێیە؟

سەربازو جاشەکە وەاڵمیان نەداوە بێ ئەوەی هیچ حیسابێکی بۆ بکەن، چوون شوانەکەیان لەناو مەڕومااڵتەکە دەرهێنا، کە لەو کاتە لە دیار سۆبە دارەکەی دانیشتبوو، ڕاستەوخۆ بە پێشەخۆیانداو بە پێش کێخوادا تێپەڕین، پێشیان گوت بارق گوتوویەتی

هەموو خەڵکی گوند بێنە لای دارتووەکە، دیارە ئیشێکی گرینگی پێتانە. ئینجا لەوێوە شوانەکەیان لە ماڵی کێخوا دوورخستەوە، لە دەلاقەیەک کچی کێخوا بینی، خەریک بوو بۆی شێت بێت، نەشیدەزانی لەبەرچی دەیبەن، یان چی بۆ بکات. ناچار هاتە دەرەوەو گوتی باوکە شوانەکەیان بۆچی برد؟ بۆ ڕێت لێ نەگرتن؟ کێخوا گوتی کچم نازانم، خوا بەخێری بگێڕێ، دواتر ئەو بێ مێشکانە کوا گوێ دەگرن. تا بپرسم چیتان لێی دەوێ.

هیوادارم پەیوەندی بە پێشمەرگەوە نەبووبێ. کچەکە لەگەڵ ئەو قسەیەی باوکی دڵی خورپەی کرد، چونکە شەوی ڕابردوو، شوانەکە بە کچەکەی گوتبوو چوویمە سەر لوتکەکە بە فڕۆکەی ڕاو سەردانی پێشمەرگەکانم کردووەو پێم گوتوون خوارەوە مینڕێژ کراوە ئاگاتان لەخۆتان بێ، ئەگەر هێرشتان کرد.

بەڵام نەیوێرا ئەوە بۆ باوکی باس بکات، لەبەر دوو هۆکار، یەک لەبەر ئەوەی نەوەک لێی بپرسێ چ وەخت لەگەڵ شوانەکە قسەت کردووە، ئەویش ناتوانێ بڵێ شەو درەنگ، لە ژوان. دووش لێی

تـورەبێ بڵـێ چـۆن ئەوەم لـێ دەشـاریەوە، بـۆ نەهـاتووی پـێم بڵێـی. کێخـوا لەسـەر قسـەکەی بـارق، چـوو مـاڵ بە مـاڵ خەڵکـی گونـدەکەی کـۆکردەوە، بە پێشـیان کەوت بەرەو دارتـووەکە، بـارقیش کە چـاوی پێیـان کەوت، بەسـەربازێکی گـوت بـڕۆ کنـدڕێکم بـۆ بێنـە تـا خەڵـکەکە گەیشـتنە لای بـارق، هەنـدەی پێنەچـوو سـەربازەکە بە کنـدڕەوە گەڕاوە، لەوێ بـارق کنـدڕەکەی لـێ وەرگـرت و لەدەسـتی خـۆی ئاڵانـد، پاشـان ڕووی لە خەڵـکەکە کـرد، کە جیـا لە پیاوەکـان ژن و منـداڵیش هـاتبوون، گـوتی سـەید ڕەئـیس قسـەیەکی هەیە دەڵـێ چـاوی چەپـم خیـانەت بکـات، دەڵـێمە چـاوی ڕاسـتم دەری بێنـێ. واتـا کۆتایی هەر خیانەتێک جا هەرکێ بیکات لەناو بردنە.

ئینجـا دوای ئەو قسـەیە یەخەی شـوانەکەی گـرت و بە خەڵکەکەی نیشاندا، گوتی ئەو بێ نرخە دەبینن؟

دوێنـێ هەواڵـی بە پێشـمەرگەکاندا، هێـرش نەکەن لە بنـارەکەڕا، چـونکە مینڕێـژ کـراوە، لای گونـدەکەی پێگـوتن، بەتـایبەتی ئەو شـوێنەی ورچەکەی پێـدا ڕاکێشـراوە، کە پـێش وەخـت بینیبـووی، ئایـا بەبـڕوای ئێوە سزاکەی چیە؟

خەڵکەکە هەموو بێ دەنگ بوون، بارق لە بێ دەنگیەکەیان تورە بوو، گوتی پێم بڵێن سزاکەی چیە؟ لەکاتێکدا دەیان سەربازمان بەهۆی ئەو هێرشەوە کوژراوە. دووبارە کەس قسەی نەکرد، بارق گوتی دەزانم لە دڵەوە پێتان خۆشە ئەوهای کردووە، خۆم دەزانم سزاکەی چیە. ئینجا لە پێش چاوی هەمووان کندرەکەی کردە قرفانگەو بە دارتووەکەی هەڵواسی، پاشان شوانەکەی بردە بن دارەکەو کندرەکەی لەمل کرد، ڕاستەوخۆ لەگەڵ دوو سەرباز ڕایکێشا تا تەواو بەرزبۆوە، شوانەکە لەو ئاسمانە کەوتە پەلەقاژە، لەناو خەڵکەکەڕا کچەکەی کێخوا سەیری دەکرد، نەیدەزانی بەو بەیانیە ئەوە خەونە وا خۆشەویستە نهێنیەکەیان هەڵواسیوە یان ڕاستی؟ شوانەکەش زانی ئیتر دەمرێ، چاوی گێڕا تا کچەکەی دۆزیەوە، چاوی لە چاوی بڕی، کچەکەش بە چاوی بە گلەییەوە، وەک ئەوەی پێی بڵێ بۆوات لەخۆت و لەمنیش کرد، پێم بڵێ. کەچی نەشدەبوا، نەک ووشەیەک لەدەمی دەربێ، لە ترسی بەعسیەکان، بەڵکو بشگرێ بۆی. شوانەکە هێدی هێدی جوڵەکانی خاو بوونەوە، تا گیانی

سپارد، ئینجا بارق یەکجاری کندڕەکەی لە دارەکە قایم کرد بە خەڵکەکەشی گوت لەو سەر ڕێیە، دەبێ تەرمەکەی بەودارەوە بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی هەم پێشمەرگەکان لە چیاکەڕا ببینن، هەمیش سەربازو جاشەکانی ئێمە لە سەربازگەکەڕا. هەمیش ئێوەی خەڵکی گوندەکە، تا کەس جارێکیتر نەوێرێ هاوکاری ئەو تێکدەرانە بکات. یەڵا ئەوجە بگەڕێنەوە. خەڵکەکە کە گوێیان لە بارق بوو، ڕاستەوخۆ بەرەو گوندەکە گەڕانەوە، بێ ئەوەی کێخوا بوێرێ بەیەک ووشەش بە جواب بێ لەسەر ئەو کەسەی شوانیان بوو، لە دوورەوە کچەکەی کێخوا ئاوڕی لە شوانەکە داوە، بینی بە دار تووەکە وەیە، چیاکەش کەوتۆتە پشتی، ئەو چیایەی مەڕەکانی ئەوانی تێدا دەبردە لەوەڕ. خەڵکی گوندەکە ئەو ڕۆژە زۆر بەو ڕووداوە دڵیان توند بوو، کەس نەبوو لە ناومااڵەکەی خۆی بۆی نەگریێ. کێخوا کە گەیشتەوە ماڵ، دەرگای دیوەخانی لەسەرخۆی پێوەداو کڵاو و جەمەدانیەکەی لەسەری کردەوە، لەقەهری ئەوەی هیچ دەسەڵاتی بەسەر بارق و واندا نەشکا، لەپێشەخۆی بە عەردی داداو کەوتە

سەر چۆک، لەگەڵ کەوتنە سەرچۆک لە قورپەی گریانی دا، کچەکەشی، کە گوێی لە باوکی بوو دەگرێ، بەغار چووە ناو ئەو ژوورەی لە هۆڵی مەڕەکان شوانەکە بۆخۆی دروستی کردبوو. کە چاوی بە جێ و بانەکەی کەوت، جارجار پێکەوە لەسەری دادەنیشتن، پرچی خۆی هەموو ڕنیەوە. بۆ ئەوەی باوکی گوێی لە گریانەکەی نەبێ، نەوەک بەوە بزانێ لەگەڵ شوانەکە یەکیان خۆشویستووە، تۆند لچکی بەتانی ژوورەکەی بە دەمی خۆی وەنابوو، تا خەو بردیەوە لەو سەرجێیە بە نهێنی شینی بۆ گێڕا، دوای ئەوەی شەوداهات، خۆی بینیەوە لەسەر جێی شوانەکە ڕاکشاوەو سەری دێشێ، بەهۆی ئەو هەموو پرچ دەرهێنانە، باوکیشی لە پشت سەری دانیشتووەو دەستی بەسەری دادێنێ. کێخوا لە ڕێی هۆڕێنەی کچەکەیەوە دوای ئەو هەموو ساڵە ئەو شەوە بۆی دەرکەوت کچەکەو شوانەکە یەکتریان خۆشویستووە، ئەوەش بۆ کێخوا لەیەککاتدا بووە دوو غەم. بۆیە بە گریانەوە گوتی کچم بۆ ئەوەا دەرەنگ بزانم؟ کچەکەش زانی باوکی زانیویەتی، وەڵامی داوە ئاخر

باوکە شەرمان لەتۆ دەکرد. ئەو هەمیشە پێی دەگوت با بابە گەورە نەزانێ تا بەخۆی دەماندات یەکتری، دەنا دڵی دەشکێ. ئاخ باوکە من ئەمشەو دەمرم، ئەوە چ بوو ئەمڕۆ وابەخێرایی ڕوویدا، ئەی چاوەکانم کوێربێت. قەت پێشبینی ئەوەم نەدەکرد قەت. ئەو ماڵە بێ ئەو چۆن دەبێ، مەڕومااڵت بێ ئەو چ جوانیەکی دەمێنێ. باوکیشی لەگەڵ ئەو قسانە هەر لە چۆکی خۆی دەدا. ئەو شەوە باوک و کچ تا درەنگ شینیان بۆ غەریبی ئەو شوانە گێڕا. کە ڕۆژهەڵات کێخوا بینی کچەکەی لە ماڵ نەماوە، بەناو گوندا گەڕا بیدۆزێتەوە لە هیچ شوێنێک نەبوو، ناچار لەگەڵ خەڵکەکە بەرەو دارتووەکە چوون، بزانن لەوێیە یان نا، کە گەیشتن بینیان ئەویش خۆی لە تەنیشت تەرمی کوڕەکە هەڵواسیوە.

(٤٧)

دوای ئەوەی مەستان ڕازی بوو شوو بە سیاوەرد بکات، دایکی مەستان خەبەری دا دایکی سیاوەرد، بێن مەستان بخوازن، ئێوارەیەک مام ڕوالْ و پوورڕیحان، لەگەلْ ژن و پیاوەکانی گوند، مەلایان لەگەلْ خۆیان بردو بەرەو مالّی مەستان بەڕێکەوتن، دوای ئەوەی دانیشتن، چا و میّوژو هەنجیری وشککراوەیان خوارد، مەلا سەری قسەکانی کردەوەو بانگی مەستان و سیاوەردی کرد لەم لاو لەو لای دابنیشن، ئینجا پێی

گـوتن ئێـوە هەردووکتـان بەیەکتـر ڕازیـن؟ مەسـتان و سـیاوەرد لەبەر ژن و پیاوەکـانی دیوەخـان سـوور هەڵـگەڕان لەشـەرمان، سـیاوەرد بەحـاڵ وەڵامـی داوە بەڵـێ، ئەوەی نتقـی گیرابـوو زیـاتر مەسـتان بـوو، مەلا دوای وەڵامەکەی سـیاوەرد ڕووی لە مەسـتان کـرد، گـوتی تـۆش ڕازی بە سـیاوەرد؟ مەسـتان لەوکـاتە سـەیری بـاوکی کـرد، بـاوکی زانـی شـەرم دەکـات گـوتی کچـم ئەوە ژیـانی خـۆتە بـۆ تەماشـای مـن دەکەی؟ ئینجـا مەسـتان کە زانـی بـاوکی سەرپشـکی کـرد گـوتی بەڵـێ ڕازیـم. ژنەکـان کە گوێیـان لە وەڵامەکەی مەسـتان بـوو لەخۆشـیان هەلهەلەیـان بـۆ لێـدا، پیاوەکـانیش بە پیـرۆزە پیـرۆزە هەسـتانەوە، هەرکەس لەڕاسـتی خـۆی هەردوو بنەمـاڵە یەکیـان لە بـاوەش کـردو لاڕوومەتـی یەکیـان مـاچ کـرد. کە دانیشـتنەوە، ئەوشـەوە مەلا بە شایەتی دووکەس لێکی مارە کردن.

ئیتـر مەسـتان و سـیاوەرد بـوونە دەسـتگیران، بـۆ بەیـانیەکەی دوو ژن و دوو پیـاو، پـێکەوە لەگونـدەکەوە بە سـواری گوێـدژو عارەبـانەیەک، ڕێـی شـاریان گـرت، لە شـار خەنەو بـازن و خەنـاوکەی قەنەفـرو پێوەنـدو

پلـپلەو جلـی کـوردی و چەنـدین کەل و پەلـی تریـان بـۆ کـڕین. بـاوکی سـیاوەردیش لە تەنیشـتەخۆی خـانووێکی قـــوڕی هەبـــوو، کە دەمێـــک بـــوو ســـواقی دابـــۆوە، پێشکەشـــی ســـیاوەردو مەســـتانی کـــرد، خەڵکـــیش هەرکەسـەو کەل و پەلێکـی پێویسـتی ناومـاڵی بـۆ نـاردن بە دیـاری، وەک جـاجم و لێـف و ڕایەخ و قـاپ و قاچـاغ و ئەو جـــۆرە شـــتانە، بە مـــاوەیەکی کەم ناومـــاڵێکی سادەیان بۆ دانان.

هەفتەیەکـــی بەســـەردا تێـــنەپەڕی، ئێـــوارەیەک کە بـــۆ بەیـانیەکەی دایـان نـابوو بیگـوازنەوە، چ گواسـتنەوەیەک، لەو مـــاڵ بـــۆ ئەو مـــاڵ، کە دوورییەکەی هەر ســـێ چـــوار دەقەیەک دەبـوو بە پـێ. دەسـتە خوشـکەکانی هـاتنە لای و پرچیـــان لەخەنەنـــاو دەســـت و پێیـــان بـــۆ نەخشـــاند، ســـەرە پەنـــجە باریکەکـــانی مەســـتان دوای لە خەنەنـــان غەریـب و جـوان دەهـاتە بەرچـاو. جیـا لەوەی پرچـی کە شووشـــت، خـــاوببۆوەو تـــا خـــوار پشـــتی داپۆشـــت، بۆنەکەشـی گونـدەکەی داگرتبـوو، بۆنێـک تـا مـانگێکیش بەســـەر شـــەوی بـــوکێنی دا تێـــپەڕێ هەر بمێنـــێ لە ناومـــاڵە نوێیەکەیـان. ئینجـا بەیـانی کـوڕە شـوانەکان لە

سیاوەرد کۆبوونەو جل و بەرگی کوردی و کراش پەڕۆینیان لەپێ کرد، لە دیوەخانی ماڵی باوکی سیاوەردیش هەموو خەڵکی گوندەکەیان بانگێشت کرد بۆ نان خواردن کە چەند مەڕێکیان سەر بڕیبوو و کابانەکان لەگەڵ ساوەر بۆ ئامادەبووان لێیان نابوو. دانی ئێوارەکەش لەگوند بووە دۆڵ و زڕنا لێدان، شایی دەستی پێکرد، شاییەک هەرهەموو کچ و کوڕ و ژن و پیاو تێیدا بەژدار بوون، ڕەب و هۆڕی دۆڵەکەو تووڕە تووڕی زوڕناکە، لە دەرەوەی گوند دەنگی دەهات، ئەو شوێنەی چەند ڕۆژێک پێشتر بەفریان لەسەر لادابوو، تا ئاهەنگەکەی لێ ساز بکەن، خەریک بوو جێ نەبێتەوە. کە ئێوارە داهات، خەڵکەکە پەرتەیان کردو بوک و زاواش بە یاوەری چەند ژنێکی بەتەمەن بردرانە ماڵەکەی خۆیان، سیاوەردو مەستان کە چوونە ژووریێ، بینیان سۆبەی دار پێکراوەو خواردن و جێی خەوتن و هەموو شتێکیشیان بۆ ئامادە کراوە، لەژوورەوە بۆ یەکەمجار یەکتریان لە ئامێز گرت، پاشان سیاوەرد سەیری ناو چاوەکانی مەستانی کردو پێی گوت ئێستا کە دەبینی لەناو ماڵێک

پێکەوەین، دڵت خۆشە؟ مەستان بەشەرمەوە خۆی خستە باوەشی و گوتی بەڵێ، لەوە خۆشتر هەیە بۆ کچ؟ سیاوەرد گوتی یەعنی ئێستا دەهێڵی ماچت بکەم؟ مەستان گوتی نا هەرگیز. سیاوەرد گوتی بۆ؟ مەستان گوتی چونکە عەیبە بە ئاقڵی دانیشە، ئەگەرنا دەچمەوە لای باوکم، ئەوەتە ماڵیان نزیکە. دەڵێم سیاوەرد دەیەوێ ماچم بکات. لەگەڵ ئەو قسەیە بە ئەنقەست بۆ دەرگاکە چوو. سیاوەرد وایزانی بەڕاستیەتی، تەنگاو بوو، توند قۆڵی مەستانی گرت گوتی چی دەکەی خۆ شێت نی؟ مەستان کە بینی سیاوەرد بەڕاستی تێگەیشتووە، پێکەنی گوتی کوڕە گاڵتە دەکەم. وەرە با بچین پاڵدەینەوە زۆر هیلاکم، سیاواردو مەستان چوونە سەر جێی خەوتن و پێکەوە ئەو شتانەی نەیان دەتوانی لەبەریان بێ و پێیەوە بخەون دایانکەند، دواتر لە دیار قرچ و هۆڕی داری سۆبەکە کە تا دەهات گەرمتر دەبوو ڕاکشان، لێفێکیان بەخۆیان دادا. دوای کەمێک، کەوتنە جوڵە جوڵ و شەوی بوک و زاوایایەتیان لەناو بۆنی قەنەفرو خەنە و جلی بۆندار پیرۆز کرد.

(٤٨)

ئەو بەیانیەی کێخواو خەڵکەکە لە لای دارتووەکە، لەدیار تەرمی بەدارێوەبووی شوانەکەو کچەکە ڕاوەستابوون، ڕەنجدەری لاوچاک لەسەر لوتکەکەوە بە دووربین بینی، زانی شتێک بووە دوای هێرشەکەی ئەوان، خۆی پێنەگیرا بەپەلە چۆوە ناو ئەشکەوتەکەو بە نەدیم و دااڵی سەردارو جوتیارە شێتی گوت لەسەر ڕێیە سێ ڕیانەکە، شتێک ڕوویداوە، من دەچمە خوارەوە. نەدیم و هاوڕێکانی چاویان زەق هەڵگەڕا،

گوتیان بەتەنیا؟ ڕەنجدەری لاوچاک گوتی بەڵێ، چونکە پێویستە، غەمتان نەبێ، خۆم دەپارێزم.
ئینجا جەمەدانیەکی لە ملی ئالاندو چاکەتێکی شڕی بە شانی دادا، لەبن چاکەتەکەش تەنیا دەمانچەیەک و ڕومانەیەکی برد بە هاوڕێکانی گوت بەهیوای پێکگەیشتنەوە، بە پشتەوەی لوتکەکە بەرەو بنارەکە چووە خوارێ، بەناو کۆندڕ و پەنا شاخەکان، نەوەک لە سەربازگەکەڕا ببینن، کە لە بنارەکە نزیک بۆوە، ڕاستەوخۆ وەکو کەسێکی ئاسایی خۆی دەرخست و هاتە سەر ڕێیەکەو هێدی هێدی چووە ناو ئەو خەڵکانەی لەوێ بوون، بینی ژنەکان دەگرییێن، کە تەواو نزیک کەوتەوە، چاوی بە شوانەکە کەوت هەڵواسراوە، لەگەڵ کچێک، زۆر بەو دیمەنە تێکچوو، هێشتا نەشیدەزانی مەسەلە چیە، ئەوەی وایکردبوو تێنەگات، تەرمی کچەکە بوو، ناچار لە پیاوێک نزیک کەوتەوەو پرسی کاکە لێرە چ باسە؟ پیاوەکە وەڵامی داوەوگوتی پێرێ بارق و سەربازەکان ئەو شوانە هەڵدەواسن بە تۆمەتی ئەوەی هەواڵی مینڕێژکردنی دەوروبەری سەربازگەکەی بە پێشمەرگە داوە، ئەو

کـــچەش خۆشەویســـتی ئەو شـــوانە بـــووە، بەرگەی بـــێ ئەوی نەگرتـــووە، ئەو شـــەوەی چـــووی، لە مـــاڵەوە هـــاتۆتە دەرێ و لەتەنیشـــتی خـــۆی هەڵواســـیوە. ڕەنجـــدەر بە هەواڵەکە زۆر غەمبـــار بـــوو، تەنـــانەت پێـــی وابـــوو هەڵەکە ئەوان کردوویەتیـــــــان کە نەدەبـــــــوا هەر ئەو ڕۆژەی شـــوانەکە هەواڵەکەی پێگەیانـــدن شـــەوەکەی ئەو چالاکیە ئەنجام بدەن.

ڕەنجـــــدەر بە پیـــــاوەکەی گـــــوت تێگەیشـــــتم بەداخەوە، ئینجـا لە تەرمەکـان نزیـک بـۆوەو زیـاتر تەماشـای کـردن، ســـەیری بە پەیوەنـــدیەکەیان هـــات، تەنـــانەت لەدڵە خـــۆی گـــوتی ئەوە داســـتانێکی دڵـــداری نـــوێیە ئەگەر وەک مەم و زیـــن، یـــان شـــیرین و فەرهـــاد، یـــان دەرۆیشـــی عەبـــدی گرنگـــی پـــێ بـــدرێ، ئەو لەو خەیـــاڵانەدابوو لەپـــڕ گـــوێی لە دەنگـــی چەنـــد ئۆتۆمبێلێـــک بـــوو، نەڕەنەڕی مەکینەیـــان دەهـــات، کە ئـــاوڕی داوە بینـــی لە ســـەربازگەکەڕا ســـێ ئۆتۆمبێـــل پـــڕ ســـەرباز بەرەو لای خەڵکەکەدێـــن، کەڵکـــی ئەوەشـــی نەمـــا دوور بکەوێـــتەوە بە تەنیـــا ببینـــدرێ، ناچـــار لەگەڵ خەڵـــکەکە خـــۆی تـــێکەڵ کـــردو چـــاوەڕێ بـــوو بزانێ چ ڕووەدا.

کە ســـەربازەکان گەیشـــتن، هەمـــوو خۆیـــان فڕێـــدا خـــوارەوە، یەکێکـــیش لەدوای هەمـــووان بەســـەبری لە ئۆتـــۆمبێلەکەی دابەزی، هێـــدی هێـــدی لە خەڵـــکەکە نزیـــک بـــۆوە، ڕەنجـــدەری لاوچـــاک زانـــی ئەوە بـــارقە، یەکەم جـــاربوو ئەوەنـــدە لە نزیـــک بیبینـــێ. بـــارق وایزانـــی ئەو خەڵـــکە هـــاتوون تەرمـــی شـــوانەکە لێـــبکەنەوە، بەڵام کە چـــاوی پـــێکەوت تەرمەکە هەر لە شـــوێنی خـــۆیەتی و کچێکـــیش خـــۆی هەڵواســـیوە، ئەویـــش ســـەری ســـووڕما، بە جاشـــێکی گـــوت کە لەتەنیشـــتی ڕاوەســـتابوو، لە خەڵـــکەکە بپرســـێ تەرمـــی ئەو کـــچە چـــی دەکـــات لە تەنیشـــت تەرمـــی ئەو شـــوانە. جاشـــەکەش پرســـی، خەڵـــکەکەش وەک خـــۆی بۆیـــان بـــاس کـــرد، بـــارق ســـەرباری ئەو هەمـــوو دڵـــڕەقیە، نتقـــی گیـــرا بەو پەیوەنـــدیە ســـەیرەی زانـــی، بـــۆیە خـــۆی پێنەگیـــراو بە خەڵـــکەکەی گـــوت ئـــاخ، مـــن چ بـــزانم عەشـــقێک لەگـــۆڕێ هەیە؟ چاوەکـــانی پـــڕ فرمێســـک بـــوو، دەتگـــوت بە خـــۆی عاشـــقەو درک دەکـــات ئەو دونیـــایە نـــابێ لەگەڵ هـــیچ لە تڕوهاتیەکـــان تـــێکەڵ بکرێـــت. دوای دەربڕینـــی ئەو هـــاوخەمیە لە تەرمەکـــان نزیـــک کەوتەوەو کـــڵاوەکەی

لەسەرسەری لابرد، بە چەند سەربازێکی گوت تەرمی شوانەکە لێبکەنەوە، سەربازەکان بە زووترین کات تەرمی شوانەکەیان لە دارەکە کردەوە، بە ژنەکانیشی گوت ئێوەش تەرمی ئەو کچە ڕووح پاکە لێبکەنەوە، ئەوانیش هەمان شتیان کرد، خەڵکەکە تەرمی شوانەکەو کچەکەیان لە تەنیشت یەک دانا، بارق گوتی ئیستا ئازادن چ لە تەرمەکانیان دەکەن، ڕاستەوخۆ دوای ئەو قسەیە خەڵکەکەی بەجێهێشت و بەخۆی و بەسەربازەکان، سواری ئۆتۆمبێلەکان بوون و بۆ سەربازگەکە گەڕانەوە.

ڕەنجدەر لەناو خەڵکەکە نەیدەزانی باوەڕبکات، بارق ئەو هەڵوێستەی نواند بەڕاستی بوو، یان بۆیە وای کرد تا خەڵکەکە زیاتر لەخۆی تووڕە نەکات، چونکە تووڕەبوونی خەڵک زیاد بوونی دووژمن بوو بۆ ئەوان، ئەوەیە لە سیاسەت ڕاستی هەمیشە وونە لەناو فێڵەکان. خەڵکەکە دوای ڕۆیشتنی بارق، تەرمی شوانەکەو کچی کێخوایان بردەوە گوند و جوان شووشتیان، دواتر کفن و دفنیان کردو لەسەر داوای کێخوا، بە ڕێوڕسمێکی ڕێک لەناو دوو دارەبازە

بەرەو دارتووەکەیان بـرد، لەوێ لە تەنیشـت یەک دوو گۆڕیـان بـۆ لێـدان و ناشـتیانن، دواتـر لە دیـار گـۆڕەکە هەمـوو خەڵـکەکە دانیشـتن و ژنەکـان دەسـتیان بە سـەردولکە گـوتن کـرد، سـەردولکەیەک کەس نەبـوو لەنـاو ئامـادەبووان نەگریـێ، سـەردولکەیەک ووشـەکانیان تێکەڵـی وڵاتێکـی داگیرکـراو و کوشـتنی عاشـقەکان و شۆڕشـی پێشـمەرگە دەکـرد لە چیـا، ڕەنجـدەری لاوچـاک هەرگیـز لەو مـاوەیەی ببـووە پێشـمەرگە ئەوەنـدە نەگریـابوو، وەک ئەو ڕۆژەی ئەوەنـدە گریـا. لە هەمووشـیان غەریبتـر کێخـوا بـوو، کە لەبەینـی گـۆڕی هەردووکیـان دانیشـتبوو. کاتێـک ئێـوارە داهـات ئیتـر خەڵـکەکە پەرتەیـان کـردو چـوونەوە ماڵەکـانی خۆیـان، هەردوو گۆڕیـان لەبـن ئەو دارە بەجێهێشـت، ڕەنجـدەریش هێـدی هێـدی بەرەو لـوتکەکە گەڕایەوە، بەخۆی و بە چیڕۆکێکیتری غەمناک.

(٤٩)

که جەللادێـــک لەنـــاودەچێ دوور نـــیە جەللادێکیتـــر بـــێ، زۆر لەوەی پـــێش خـــۆی خراپتـــر، چـــونکە ئەوەی دێ بیـــر لە تەعزیبـــی ترســـناکتر دەکـــاتەوە، تـــا بەســـەر ناوبـــانگی ئەوەی پێشەخۆیدا زاڵ بێ.

دوای نەمـــانی حەجـــاج ئـــبن وەحـــش جەللادێکیتریـــان هێنـــا شـــوێنەکەی. ئەو جەلـــلادە نـــاوی ســـەیف بـــن ئەقـــرەب بـــوو. پیاوێـــک بـــوو تـــابڵێی بە ڕووخســـار ناشـــیرین، دەموچـــاوی هەمـــوو بەهـــۆی زیـــپکەی گەورە گەورەوە

شـوێن کـونی زۆری لـێ پەیـدا ببـوو، هەنـدێک لەو کونـانە بە بەردەوامـی کێمـی زەردی لێـدەهات، پشـتی کووڕبـوو، چاوێکیشـی کـوێر، چ کـوێریەک؟ نـاو چـاوەکەی سـپی دەچـۆوە. کەس نەیـدەزانی ئەو هەمـوو بەڵایە لەکوێـوە لەو پیـاوە کۆبـۆتەوە، قەت پێنەدەکەنـی، لەسـەر ئەو حـاڵەش جەسـتەیەکی بەهێـزی هەبـوو، پەنجەکـانی درێـژ خۆیان نیشان دەدا.

ڕۆژی یەکەم بەنـاو هەمـوو زینـدانەکەدا گەڕا، هەم شـوێنی ژنەکـان و هەمـیش شـوێنی پیاوەکـان، کەس نەیـدەوێرا سـەیری چاوەکـانی بکـات، زینـدانیەکان بە دیتنـی ئەو پیـاوە تـازەیە دڵیـان تونـدبوو، نەیانـدەزانی بەتەمـای چـیە. ڕاسـتە حەجـاجیش درێـندەیەک بـوو بۆخـۆی نەبێـتەوە، بەڵام هەرنـا لەگەڵـی ڕاهـاتبوون، ئێسـتا تـا لەگەڵ ئەوە ڕادێـن کـاتێکی زۆری دەوێ. سـەیف بـن ئەقـرەب، دوای گەڕان بەنـاو زینـدانیەکان، چـووە ئەو ژوورەی پیـاوە بەتەمەنەکەی لـێ بەنـد کرابـوو. کە چـاوی پـێکەوت، چـاوی خسـتە نـاو چـاوی، پیـاوە بەتەمەنەکە لێـی دوور کەوتەوە، چـونکە بەرگەی ئەو بـۆنەی نەگـرت کە لە پێسـتی دەهـات. سـەیف بـن

ئەقرەب زیاتر لێی چووە پێش، گوتی بیستوومە تۆیان بۆیە لێرە داناوە تا کوژرانی حەجاج بۆ زیندانیەکان باس نەکەی، نازانم هەڵبژاردنی ئەو ڕێیە دوورە بۆچی گرینگە. مادەم زمانت ئەوەندە مەترسیدارە بۆ نەیانبڕیوە تا ئێستا، مەعقولە پارچە گۆشتێک ببێتە هەڕەشە بۆ درکاندنی ڕووداوێکی ئەوەندە گەورە، لەناو نەبرابێ؟

پیاوە بەتەمەنەکە دڵی کەوتە کوت، بیری بۆ ئەوەچوو بەتەمان زمانی بقرتێنن. بەڵام چۆن بەرەنگاری حەجاج ببۆوە لەیەکەم دیدار، دوای بینینی ئازایەتی دایکی منداڵەکە، سەد هەندە غروریەتی پەیداکردبوو، بەهۆی ئەو غروریەتەوە لە ڕووی سەیف بن ئەقرەبیش ڕاستبۆوە، گوتی ئێمە لە لێکردنەوەی هیچ ئەندامێکمان نەترساوین و ناشترسێین، ئەوە تۆی هەر لەیەکەم ڕۆژەوە، لە زمانێک تۆقیوی، ئەدی چی لە هەزاران زمان و دەست و قاچ و چاو و گوێ و ئەندامەکانیتر دەکەی؟ سەیف بن ئەقرەب گوتی هەموویان دەبڕم، ئیشم چیە. من

حەجاج ئیبن وەحش نیم لەژێر دەسەڵاتم شیعر بڵێن و جاسووس بکوژن و دواتر ژنێکتان بمداتە بەر گوللە.

مادەم گوتیشت لە زمانم دەترسێی، ئەوەی ڕاستی بێ ویستم بیقرتێنم، بەڵام پەشیمان بوومەوە، ئەوە نەمکرد، دەتنێرمەوە ناو زیندانیەکان، تۆ ئەگەر کوڕی باوکی خۆتی، کوشتنی حەجاج بەمشێوەیەی بینیت بۆ زیندانیەکان بگێڕیەوە، ئەوکات یەک دەبینینەوە.

سەیف بن ئەقرەب دوای ئەو هەڕەشەیە پیاوە بەتەمەنەکەی ناردەوە ناو زیندانیەکان.

پیاوە بەتەمەنەکە، نیو کاتژمێری نەخایاند، زانی تا ئێستاش زیندانیەکان نەفرەت لە ژنەکە دەکەن، نەیتوانی ئەو نهێنیە بشارێتەوەو ناوی ئەو ژنە ئازایەش ئەوها بڕوا، گوتی هاوڕێیان دایکی منداڵەکە حەجاجی کوشت.

لەگەڵ ئەو قسەیە، کە لەناو تاریکی زیندانەکە کردی، هەموو بەدزی لە پیاوە بەتەمەنەکە هاتنە پێش و گوتیان ئەوە بەڕاستتە، چۆن؟ یەعنی حەجاج کوژرا؟

پیاو بەتەمەنەکە گوتی بەڵێ، بەچاوی خۆم بینیم، هەر بۆیەش نەیاندەویست بمهێنەوە ناو ئێوە، تا بە

هەواڵەکە نەزانن، ئەو ژنەش بۆیە لەو ماوەیە وای لەخۆی کردبوو، وەک کەسێکی لادەرو هەوەستباز سەیر بکرێ کە لەگەڵ حەجاج دەگەڕا، تا ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوەو تۆڵەی مێردو منداڵەکەی لێ بکاتەوە. زیندانیەکان بەتایبەتی ئەوانەی قسەی خراپیان بە ژنەکە گوتبوو، زۆر پەشیمان بوونەوە، تەنانەت خۆیان لەو ئاستە نزمیش بینی، کە ئەوان تا دونیا ماوە لەو زیندانە نەیاندەتوانی نینۆکێکی حەجاجیش بەخوێن بێنن، نەک بیکوژن .

ئەگەرچی هەندێکیان هەر بڕوایان نەدەکرد ئەوە ڕوویدابێ. ئەو کوڕەی جاسوسەکەی کوشتبوو، زۆر بەو هەواڵە دڵ خۆش بوو، هەر لەبەرەخۆی دەیگوت ئەی ئافەرین شێرەژن، ئەی ئافەرین دایکی ڕاستەقینەو هاوسەری بەوەفا. لەگەڵ ئەو هەواڵە زیندانیەکان خوێنیان هاتبووە جۆش، هەر کەس لە ڕاستی خۆیڕا دەیویست گیانبازیەک بکات دژی جەللادەکان ئەگەر بچووکیش بێ. پیاوە بەتەمەنەکە نەیزانی سەیف بن ئەقرەب بە دەستی ئەنقەست زمانی نەقرتاندو ناردیەوە ناو زیندانەکە. ئەو لەبەر دوو

هۆکار ئەوەی کرد، یەک تا لە ناوبانگی حەجاج بدات و لە کەسایەتیەکەی کەم بکاتەوە، وا بڵاوببێتەوە ژنێک کوشتوویەتی. دووش دەیویست تەعزیبەکانی خۆی بە زیندانیەکان نیشان بدا، تا بزانن چ جەللادێکە. هەروەها لە ڕێی ئەوتەعزیبانەشەوە دەیزانی پیلانەکەی بەرامبەر حەجاج وون دەبێ، لەسایەی تەعزیبدانی زیندانیەکان کە نهێنیەکە درکێندراوە، بەجەللادەکانی تر نیشان بدا، تا بڵێ ئەها چی دەکەم لەسەر ئەوەی کوشتنەکەی حەجاج درکێندراوە. ئێوارەکەی لەناو گۆڕەپانی زیندانەکە، لەگەڵ چەند جەللادێک لەسەر کورسی و مێز دانیشت، خواردبووشیەوە. هەموو زیندانیەکانیشی هێنادەرەوە، بە ژن و بە پیاوەوە.

کە لەناوقەفەزەکە هەموویانی بینی، دانیشتوون، هەڵستاوە سەرپێیەکانی و لێیان چووە پێش، لای قەفەسی پیاوەکان، دەمێک سەیری کردن، لەناکاو ڕووی کردە گەنجێک گوتی هەڵستەوە، گەنجەکە هەڵستاوە. سەیف بن ئەقرەب پێی گوت قسەیەکت پێدەڵێم ڕاست وەڵامم بدەوە، دوێنێ ئەو پیاوە

بەتەمەنە، دەستی بۆ ڕەوان کرد، کە هاتەوە ژووری چی درکاند بۆتان؟ گەنجەگە وەڵامی داوە گوتی من گوێم لە هیچ نەبووە بیدرکێنێ. سەیف گوتی ئەوە وەڵامە ڕاستەکەیە؟ گەنجەکە گوتی بەڵێ. سەیف بە دوو جەللادی گوت بیهێنەدەرەوە. جەللادەکانیش گەنجەکەیان هێنا دەرەوە لەناو قەفەسەکە، سەیف گوتی لەو عاموودە بیبەستنەوە، کە بەستایانەوە، لێی چووە پێش، گوتی کەوایە گوێچکەکانت بە کەلکی هیچ نایەن، مادەم گوێیان لێنەبووە پیاوە بەتەمەنەکە چی درکاند. لەوێ لە پێش زیندانیەکان بە حەربەیەک هەردوو گوێی لەبنڕا بڕی، ڕاستەوخۆ گەنجەکە دوای بڕینی گوێیەکانی شێوەی ناشیرین بوو.

ئینجا ئەمری کرد لە عاموودەکەی بکەنەوەو بینێرنەوە ژووری. کە گەنجەکەیان بەو حاڵەوە ناردەوە ژووری، سەیف دیسان لە قەفەسەکە نزیک کەوتەوە، گوتی دامانا گوێتان لێنەبووە ئەو پیاوە بەتەمەنە شتێک بڵێ لەکاتی هاتنەژوورەوە، ئەدی لەنزیکەوە نەتانبینی کەس بچێتە لای؟ ڕووی لە پیاوێک کرد گوتی تۆهەڵستەوە وەڵامم بدەوە. پیاوەکە هەڵستاوەو گوتی

نەمبینی هیچ کەس بچێتە لای چونکە ژوورەوە تاریک بوو. سەیف گوتی خۆت دەزانی لەناو تاریکیش بای ئەوە شت دەبیندرێ، کە چاو ڕوون دەبێتەوە، ئایا ئەوەندەشت نەبینی هەرنا وەکو تارماییەک. پیاوەکە گوتی نەخێر. سەیف بە جەللادەکانی گوت ئەو پیاوەش بێنەدەرەوە، کە جەللادەکان ئەو پیاوەشیان هێنادەرەوەو لە عامووەدەکەیان بەستاوە، گوتی چاوێک نەبینێ، کوێری ناکەم، وەک حەجاج دەیکۆڵی، بەڵکو ئەو پەردەیەی لەسەر لادەبەم، کە وادەکات نەبینێ. لەگیرفانی موسێکی دەرهێنا و چووە لای پیاوەکە، بە دەست پێڵوەکانی چاوی ڕاکێشاو لە بنەوەڕا بڕی، تا هەرگیز جاریکیتر لە خەویش نەتوانی چاوەکانی دابخات.

ئەو لەبەر ئەوەی بەخۆی کەسێکی ناشیرین بوو دەیویست شێوەی مرۆڤەکانیش بشێوێنێ، بە بڕینی گوێیان و پێڵوی چاویان و قرتاندنی کەپوویان. ئینجا پیاوەکەی بە چاوی زەق و سەر ڕوومەتی بەخۆێن ناردەوە ژوورێ. لە دوای ئەو دووبارە لەقەفەسەکە چووە پێش، یەک یەک تەماشای سەرو شێوەی

زینـــدانیەکانی کـــرد، گـــوتی ئەوجـــارە پرســـیارێک لە هەمووتـــان دەکەم، ئایـــا ئەو پیـــاوە بەتەمەنە کە هـــاتەوە ژووریێ گـــوتی حەجـــاج ئـــین وەحـــش بە دەســـتی ئەو ژنە کـــوژرا کە لەگەڵ خـــۆی دەیگێـــڕا. ئەو بۆیـــە وای گـــوت بە دەنگـــی بەرز تـــا ژنەکـــانیش ئەو هەواڵە ببیســـتن. لەگەڵ بیســـتنی ئەو هەواڵە بـــووە دەنـــگە دەنـــگ لەنـــاو ژنەکـــان، نەیانـــدەزانی چـــۆن خۆشـــی دەربـــڕن. ســـەیف بـــن ئەقـــرەب بەتـــورپەوە گـــوتی بـــێ دەنـــگ بـــن. ژنەکـــان بـــێ دەنـــگ بـــوون. ئینجـــا گـــوتیە پیاوەکـــان وەڵامـــم بـــدەنەوە، دەنـــا تـــا مانـــدوو دەبـــم ئەمشـــەو گـــوێ و پێڵـــوی کـــامە کەس لەناوتان خۆی پێ جوانە دەیبڕم.

پیـــاوە بەتەمەنەکە هەر لەســـەرەتاوە دەیویســـت بڵـــێ، بەڵـــێ مـــن کە چـــوومەوە ژووریێ لەنـــاو زینـــدانیەکان درکانـــدم کـــێ حەجـــاجی کوشـــت، بەڵام دەیزانـــی گەر ئەوە بکـــات، بە گـــژ گیـــانی هەمـــوو زینـــدانیەکان دادێ، ئەوجـــارە بە تـــاوانی ئەوەی لێیـــان شـــاردۆتەوە. دووبـــارە کەس وەڵامـــــی نەداوە، ئەویـــــش لەقەهـــــری ئەو بەرگریکـــردنەی زینـــدانیەکان لەیەکتـــری، تـــا بەرە بەری بەیانیـــان، چـــاو و پێڵـــو و کەپـــو و لێـــو و گـــوێی یەک

یەکیانی بڕی، لەناو گۆڕەپانەکە بن ئەو عاموودەی، کاری بڕینەکەی لێ ئەنجام دەدا، پڕی کە پو و گوێ و لوت و لچ بوو، بەخۆی و بە جەللادەکان لەسەری ئەوەندە هاتووچۆیان کردبوو، پان ببوونەوە. کە دونیا ڕۆناک داهات زیندانیەکانی ناردنەوە ژووری، ئەوانەی بە بەر ئەو تەعزیبەکەوتبوون، دەتگوت کۆمەڵێک مرۆڤی ترسناکن بە بێ کەپو و پێڵوی چاو و گوێ و لێو لە جیهانی مردووانڕا گەڕاونەتەوە.

به‌شی شازده

(٥٠)

لەگەڵ مەلای بەیانی، ڕووبا کچەکەی بردەوە بەر دەرگای خۆیان، بەخۆشی بەرەو دیوارە بڵندەکەی قەڵا ڕۆیشت، حەزی کرد پێش ئەوەی شار قەرەباڵغ بێ، بەو بەیانیە زووە پیاسەیەک بکات بەناو ئەو شوێنانەی نەیبینیوون. سەرەتا چووە بەر دەرگا گەورەکەی باشوور، دیاربوو لەوێ پاسەوانێکیان دانابوو، بۆئەوەی هیچ گەشتیارو سەردانیکەرێک لەوکاتانەی ڕێگە پێنەدراوە نەچێتە ناو ئەو قەڵا گەورەو کۆن و بڵندە.

دەروازەی چوونە سەر قەڵا خۆی لە کاتژمێر هەشت و نۆی بەیانیەوە دەکرایەوە، تا پێنج و شەشی ئێوارە. بەڵام دیاربوو پاسەوانەکە لەپێش کابینەکە خەو بردبوویەوە، ڕووباش بێ ئەوەی سڵ لەهیچ بکاتەوە وەک هەموو سەرکێشیەکانیتری، بە پێشی دا تێپەڕی و بە قادرمەیەکی بەردین، ڕێی چوونە سەرەوەی گرت، پاسەوانەکە ئێستاشی لەگەڵدابێ لە جێی خۆی نەجوڵایەوە. ڕووبا کە تەواو گەیشتە سەر قەڵاکە، سەیری خوارەوەی کرد، بینی تا چاوبڕەکات، خانوو و بیناو مزگەوتی زۆرو شەقام و نافورەو تەلەفیک و پارک دیارە. لەو بەرزیەوە هەموو ئەو شتانە سەیرتر دەردەکەوتن. لە جاری یەکەم کە بەخۆی و بەدارەکەوە هاتە ناو بازاڕ.

دواتر لە دەروازەی گەورەی قەڵا کە نزیک کەوتەوە، لەبەر دەروازەکە تۆزێک ڕاوەستا، دەستی لە دیوارە پتەوەکەی داو سەیری قەوسی سەرەوەی دەروازەکەی کرد، کە هەموو بە کەرپوچ چاکرابوو. لەوێوە بیری کردەوە لەکۆندا داخوا هاتنە ژوورەوەی ناو ئەو قەڵایە لەلایان خەڵکەکەیەوە بە ئەسپ و

گالیسکە چۆن بووەو چەند سەرباز، دەست بە ڕم و شمشێر لەو شوێنە ڕاوەستاون، بەدیار ئاگری لە دیوار قایم کراو، کە ئێستا ئەو لێیەتی، بێ ئەوەی کەسی لێ مابێ.

کە لەوبیرکردنەوانە بۆوە هەنگاوی نا بۆناو قەڵاکە، بینی ڕێگایەکی بەردینی دوورودرێژ تا باکوور دریژبۆتەوە. ئەو ڕێگایە دەگەیشتە بەر دەروازەیەکیتر، کە دەکەوتە پشتەوەی قەڵاکە. ئینجا دەستی بەگەڕان کرد، لە دەستە چەپ شوێنێکی بینی لە قاوەخانەیەک دەچوو، بەڵام کە لێی نزیک بۆوە، بینی ئەنتیکەخانەیە، ئەنتیکەخانەکەش کەسی لێ نەبوو، ڕووبا لە پەنجەرەکان نزیک کەوتەوە، لە یەکێکیان سەیری ژوورەوەی کرد، بینی پڕی کەل و پەلی کۆنە، وەک پەیکەرو شمشێرو تفەنگی درێژو زینی ئەسپ و تەڵەی ڕاو و چایەپەست و سێنی سفرو قاپ و پیاڵەو مڵاک و دەف و سازو سەنتورو شمشاڵ و نەی و سەدان شتیتر، کە مرۆڤ دروستی کرد بوون لە مەعدەن و دارو پێست و قامیش و بەرد. لەوپەنجەرەیەوە لە زۆر شتی ڕوانی، بەویبا سەیری

زۆرتـــرین کەل و پەل بکـــات. بەڵام ژووروەوە ئەوەنـــدە شـــتی لـــێ بـــوو، تەمەنێـــک لێیـــانی بنۆڕیبـــا، هێشـــتا تەواو نەدەبوون.

پاشـــان ئەوێـــی بەجێهێشـــت و چـــووە ســـەرەوەتر، هەر لە دەســـتەچەپ شـــوێنێکی تـــری بینـــی، تـــابلۆیەک لە شـــوێنەکە درابـــوو، لەســـەر تـــابلۆکە نوســـرابوو کەل و پەلە بە بەردبووەکـــان، کە مێـــژووی هەنـــدێکیان دەگەڕاوە بـــۆ ملیۆنـــان ســـاڵ لەمەو پـــێش. ڕووبـــا لەوێـــش چـــووە لای دەلاقەیەک، بەحـــاڵ چەنـــد شـــتێکی لـــێ دیـــاربوو، ئەویـــش ددانێکـــی گەورەبـــوو، بە قەد پەنـــجەی مرۆڤێـــک درێـــژو ئەستور دەبوو، بە بەردێک وەنوسابوو.

لە تەنیشتیشـــی بەردێکیتـــر هەبـــوو بەهەمـــان شـــێوە، بەڵام لەشـــوێنی ددانەکە ماســـیەک دەبینـــدرا، بە ئێســـک و کلـــک و هەتـــا چاویشـــیەوە. ڕووبـــا زیـــاتر چـــاوی گێـــڕا، بینـــی ئەوانیتـــر داربـــوون بەبەردببـــوون، گـــوێ ماســـی و هـــێلکەی شـــەیتانۆکەو چەنـــدان شـــتیتر. دواتـــر ئەوێشـــی بەجێهێشـــــت، بەرەو دەرگەی پشـــــتەوەی قەڵاکە ڕێـــــی گـــرت، کە گەیشـــتە پـــێش دەرگـــاکە، پشـــتەوەی قەڵاکە دەرکەوت، ڕێـــیەک بـــوو، بەردڕێـــژ کرابـــوو دەچـــووە

خـــوارەوە، بەلاری. شـــورایەکی بەردیشـــیان بۆکردبـــوو، نیومەتر بەرز و چل سانتیم پان دەبوو.

لە بەشـــی پشـــتەوە مزگەوتـــی زیـــاتر دەبینـــدران لەنـــاو خانووەکـــانی خـــوارەوە، لەچـــاو پێشـــەوەی قەڵاکە. وە داری بەرز بەرزیشـــی زۆر بـــوو، کە تـــازە دەیویســـت ڕۆژ هەڵبـــێ، چۆلەکەکـــان ئاهەنگێکیـــان دروســـت کردبـــوو بە جریـــوە جریـــو دەنگـــی لە دوورەوە دەهـــات. ڕووبـــا کە پشـــتەوەی قەڵاکەشـــی بینـــی، گەڕاوە نـــاوی، لەوێـــوە چـــووە نـــاو کۆڵانەکـــان، چ کـــۆڵان؟ پڕبـــوو لە دەرگـــای لە دار دروســـتکراو و دەرگـــای ئاســـنی، کە دەرگـــا دارەکـــان بزمـــــاری گەورە گەورەیـــــان پێوەبـــــوو، هەمـــــوو دەرگاکـــانیش یەک دەری بـــوون، کەســـی تێـــدا نەدەژیـــا، لە ڕێـــی ڕەنگـــی دەرگاکـــان و نەخشـــی ســـەر پەنجەرەکـــان، سەلیقەی خاوەنەکانیان دەبیندرا.

بەم چـــۆڵیە ئەو قەڵایە گەورە تـــا بڵێـــی غەریـــب دەهـــاتە بەرچـــاو. ڕووبـــا لە شـــوێنێک خـــانووێکی دوو نهـــۆمی بینـــی، حەزی کـــرد بچێـــتە نـــاوی، کە لێـــی نزیـــک بـــۆوە، پـــاڵی بە دەرگـــاکە وەنـــاو چـــووە حەوشـــە. لە حەوشـــە کەمێـــک ڕاوەســـتا، لە تـــاق و دیوارەکـــانی ڕوانـــی، پاشـــان

هەنگاوی نا بەرەو هەیوانەکە، لەوێ بینی سوژی دەرگاکان هەموو ژەنگیان گرتووە، عەردەکە تۆز داپۆشیووە، ئینجا دەستی بۆ یەکێک لە سوژیەکان برد، بەحاڵ دەرگای هۆڵەکەی کردەوە، لەگەڵ بوونەوەی دەرگاکە زیکە زیکی لێوەهات. دیاربوو دەرگاکە لە مێژبوو نەکرابۆوە، ڕووبا هێدی هێدی بە نهۆمی یەکەمدا گەڕا، ژوورەکان چۆڵ بوون، هیچ کەل و پەلێکیان تێدا نەبوو. دواتر بە قادرمەیەکی کەرپوچ چووە نهۆمی دووەم، لەو قەڵایە گەورە تەنیا دەنگی پێیەکانی ئەو دەهاتە بەر گوێ. ئەو نهۆمەشی بە تەواوی بینی. پاشان بە قادرمەی بەیتونەکەدا سەرکەوت، کە گەیشتە سەرەوە، ژووریێک بوو بەتەنیا، دوو دەرگاو دوو پەنجەرەی بۆ کرابۆوە، دەرگایەکیان ڕوو لە ڕۆژهەڵات، دەرگایەکیشیان ڕوو لە ڕۆژئاوا، دیاربوو لە کۆندا خاوەنەکەی حەزی کردووە لە کاتی ڕۆژهەڵاتن، لەسەر ئەو شوێنە پێشوازی لەو ڕۆژە بکات کە هەڵدێ، لە کاتی ڕۆژئاوابوونیش مالئاوایی لەو ڕۆژە بکات کە ئاوا دەبێ. ڕووبا ئەو دەرگایەی کەوتبووە ڕۆژهەڵات

کـردیەوە، ڕاسـتەوخۆ هەمـوو خانووەکـانی نـاو قەڵاکەی لـێ بەدیـارکەوت، نەک هەر شـارەکەی خـوارەوە. کە لە دووریشـی ڕوانـی چیایەکـانی دەوروبەر بە ئاسـانی دەبیندران.

لەبەر ئەوەی لە مێـژیش بـوو لە ڕۆژهەڵاتنـی نەڕوانـی بـوو، سـەیری پشـت چیـاکەی کـرد و لەبەر دەرگـاکە ڕاوەسـتا تـا ڕۆژهەڵاتـن ببینـێ، کە تـا ئەوکـاتە هێشـتا هەڵنەهاتبوو، تەنیا دونیا تاریک و ڕوون ببۆوە.

هەنـدەی نەبـرد ڕۆژ وەک ئاسـنێکی بـازنەیی لە کـورە دەرهێنـدراو، لە پشـت چیـاکە هـاتە دەرەوە، سـەرەتا کەمێکـی، دواتـر زیـاتر، ڕووبـاش چـاوی خسـتبووە سـەری تـا لە نـاوی بڕوانـێ، لەگەڵ ئەو تێـڕوانینە قـوڵە، بینـی دەوری ئەو ئاسـنە سـووڕەوە کـراوە هـاڵەیەکی شـینی ئاسـمانی و زەردێکـی گـوڵی و پەمبەیەکـی هەوری بە دەوردا سووڕاوەتەوە.

ئەو تەواو شـتەکانی دەوروبەری خـۆی لـێ وون بـوو، تەنـانەت لە دیـار ئەو دیـمەنە لە بیریشـی چووبـۆوە لە کوێی ئەو هەسارەیەیە.

ڕۆژیش تا دەهات چیاکەی بەجێدەهێشت و زیاتر بەرەو ئاسمان هەڵدەکشا. کە ڕەنگی گۆڕا لە سووریێکی ئاسنی، بۆ ڕەنگکی بەفری بە شەوق، ڕووبا چاوەکانی لەسەر لابرد، چیتر بەرگەی نەگرت چاوی لەسەربهێڵێتەوە.

کە لەدەوروبەری خۆی ڕوانی هیچی نەدەبینی، وەک ئەوەی نیوەی چاوی لە دەستدابێ، لەوێ هەستی کرد ،تیشکی ڕۆژ لە ڕۆناکترین حالەتیش زۆر کەم بەزەوی دەگات، کەچی لەچاوی مرۆڤ ئەو کەمە تیشکە زۆر زۆرە، دەتوانێ هەموو شتێکی پێ ببینێ.

دوای ئەوەی ڕووبا چاوەکانی هاتنەوە سەرخۆیان، لە بەیتونەکە هاتەخوارەوەو بەدوای خۆیدا یەک یەک دەرگاکانی داخستەوە، تا گەیشتە دەرگای حەوشەکەو چۆوە کۆڵان. لەوێرا بەرەو ئەو دەروازەیە گەڕاوە کە پێیدا هاتبووە سەر قەڵاکە، لە سەر سەکۆی پێش دەروازەکە، کە گۆڕەپانێکی نیمچە بازنەیی بوو، ڕاوەستا، سەیری خوارەوەی کرد، بینی خەڵکی دێن و دەچن، لەوێ کە خۆی بینی لەو بڵندیە بەسەر خەڵکەکەدا زاڵە، هەوای ووتاردانی چووە کەلەی،

ووتاریّک بۆ بێ دین و بەدینەکان، بەڵام لەو وەختەو وەها کتوپڕ نەدەکرا، چونکە هەم پەیامێکی بە واتای هێشتا ئامادە نەکردبوو جێی باس بێ، هەمیش ژمارەی خەڵکەکەی بەدڵ نەبوو، گوێی لێبگرن. ئەو دەیویست دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت ململانێیەکی زۆر لە بەینی بێ دینەکان و بە دینەکان هەیە لەم شارە، پێغەمبەرانە پەیامێکیان پێ بگەینێ تا ماون لەبیری نەکەن.

(٥١)

لەو زیندانەی داودی دارتاشی لێ بوو، چاودێرەکان بە شەپ دەستیان بە لە دەرگادان کرد. بە تۆندی شەپەکانیان بە پلێتی دەرگاکەدا دەکێشا، هاواریشیان دەکرد هەڵستن لە خەو، دەی سبەینێیە. داود لەگەڵ ئەو دەنگە دەنگە کە چاوەکانی کردەوە بینی لە زیندانە، ئەو هەستەش وەک ئەوە وابوو ڕووحی چووبێتە ناو جەستەیەکیتر، لەلای ئەو کەسە نەمابێ ئیشی دارتاشی دەکردو شەوان لە هیلاکیان لە

مـــاڵەکەی خـــۆی و لە شـــوێنەکەی چەنـــد شـــەوە دەخەوت. بینـــــــی هەر بابـــــــایە زینـــــــدانیەکان لەخەوهەڵدەســتن و ســڕە دەگــرن. ســەیری بەو دیــمەنە هــات، بیــری کــردەوە بەو بەیــانیە ئەو ڕێزبــوونە لە دوای یەکە بۆچی؟

دواتـــر کە تەماشـــای پێشـــەوەی کـــرد، بـــۆی دەرکەوت ئەوە ســـڕەی ئاودەســـتە گیـــراوە. ئەو هەمـــوو نەفەرە دەبـــوا لەدوای یەک بچـــنە دوو ئاودەســـت. بەبەریـــش نەدەکەوت. حـــاڵی کەسیشـــیان لەهـــی کەســـیان باشـــتر نەبـــوو، چـــونکە نە ئەوەی ڕاوەســـتابوو ئاســـودەبوو لە تەنگاویـــــــان، نە ئەوەی بەبەریشـــــــی دەکەوت، بە ئاســـودەیی دادەنیشـــت لە پەلە پەلـــی ئەوانـــی دەڕەوە. چـــاودێری ژووڕەکەش هەر هـــاوار هـــاواری بـــوو یەڵا زووبـــن، خـــۆ کنـــدڕتان قـــوت نەداوە، دەی، ئەگەرنـــا دەرگـــای ئاودەســـتەکان دادەخەم. داودی دارتـــاش بە ناچـاری خـۆی خسـتە ڕێـزی زینـدانیەکان، کە هەمووێـان بەهـــۆی تـــازە لە خەوهەڵســـتان غەزەب لە چارەیـــان دەبـاری. لەپـڕ لە بەینـی دوو کەس بـووە شـەڕە مسـت، چ شەڕەمستێک بە بیست کەس لێک نەدەبوونەوە.

چاودێریش دەیگوت لێیان گەڕێن با باش لێکدەن بەو سبەینێیە، تازە هەر کەلەپچەیان دەکەن ئیتر.

دوای شەڕێکی سەخت کە لێککرانەوە، سێ چوار پاسەوان هاتن، لەناو ئەو هەموو زیندانیە، بەو سبەینێیە، هەردووکیانیان دا بەر زللان، دواتر قۆڵی هەر دووکیانیان پێکەوە بە کەلەپچەیەک بەستاوە و ڕەوانی ژوورەوەیان کردن، بۆ ئەوەی شەو و ڕۆژ ئیتر پێکەوە بن، وەک دوو کەسی جمک، هەر پێکەوەش بچنە سەرئاو و هەر پێکەوەش نان بخۆن و بخەون. ئەوەش تەعزیبێکی دەروونی بوو. هەردووکیان لە قونیچکێک دانیشتن، یەکێکیان بەری چاوی مۆربوو یەکێکیشیان کەپووی شکابوو.

دوای شەڕەکە زیندانیەکان سڕڕەکەیان چاکردەوە، وەک ئەوەی هیچ نەبووبێ. هێدی هێدی نۆرە گەیشتە داودی دارتاش، چ گەیشتنێک؟ خەریک بوو ئیتر خۆی ڕانەگرێ.

کە چووە ئاودەستەکە تازە لەسەر ئینجانەکە هەرقونجابوو، یەکێک بە شەپ لە دەرگای دا، دەنگەکەی ئەوەندە زۆربوو، داود لە شوێنەکەی خۆی

ڕاپەڕی، دوای لە دەرگادانەکە گوێی لێ بوو، لەدەرەوە دەڵێن زووبە مامە ئەوە مزگەوت نیە. داود بەناچاری کەمێک دانیشت و بە نیوەپچڕی هاتە دەرەوە، نەوەک قسەیەکی غەڵەتی پێ بڵێن.

دوای ئەو قەرەپەستانێیە لەسەر چوونە سەرئاو، ئەوجارە کاتی خواردن دابەشکردن هات، هەر زیندانی و دوو هێلکەو دوو سەمونیان پێ دەدا لەگەڵ بەرداغێک چا، کەسێک زۆر چاوقاییم نەبا، نەیدەتوانی بەشی خۆی وەربگری.

داود بیری کردەوە ئەگەر لەو شوێنە بمێنێتەوەو ئەوهاش بە نەرمی هەڵسوکەوت بکات، بە ژیانی نە دەتوانێ بە ئیستراحەت لەئاودەست دابنیشێ، نە دەشتوانێ پارووێەک نان بۆخۆی وەرگرێ بیخوا. دوو ڕێگاشی لەپێش بوو بۆ زاڵبوون بەسەر زیندانیەکان، یەک یان دەبا، وەکو وان چاوقاییم بێ، کە ئەوە بۆ ئەو تۆزێک زەحمەت بوو، بەهۆی پیریەوە، چونکە توانای شەڕەمستی نەمابوو، چاوقایمیش شەڕە مستی لێدەکەوتەوە. یانیش دەبوا ڕێی عیسایانە هەڵبژێرێ.

لە لا ڕوومەتێکیانـــدا، لایەکەی تـــریش ببـــاتە پـــێش. لەکۆتایش بڵێ (خودایە بیانبەخشە، ئەوان نازانن).

بەڵام ئەو کـــۆڕەی ئێـــوارە قســـەی لەگەڵ داود کردبـــوو، کە بینـــی داود لە لایەک ڕاوەســـتاوەو هـــیچ خـــواردنێکی وەرنەگرتـــووە، نیـــوەی خـــواردنەکەی خـــۆی پێـــدا، چایەکەشـــی لە پەرداغیـــک لەگەڵـــی بەش کـــرد. داود کە خـواردنەکەی لـێ وەرگـرت، ویسـتی بیکـاتە پـاروو، لەپـڕ پاسەوانەکان لە دەرەوە ناویان خوێندەوە.

ئەویـــش بە ناچـــاری هـــێلکەو ســـەموونەکەی دانـــاو هەڵســـتاوە، کـــۆڕەکە پێـــی گـــوت ڕەنـــگە لێتبـــدەن، بەڵام مەترســـێ چیـــت گوتـــووە هەر ئەوە بڵـــێ، دەنـــا لەســـەرت گران ڕادەوەستێ، قسەکانت بگۆڕی.

داود گـــوتی غەمـــت نەبـــێ، مـــن ئەوەی ڕاســـتیەکە بـــووە، ئەوەم پـــێ گوتـــوون، ناچاریشـــم بـــکەن نـــاتوانم درۆ بـــکەم. ئینجـــا لەنـــاو زینـــدانەکە چـــووە دەرەوە، لەبەر دەرگـــا دوو پاســـەوان بە پێشـــی کەوتـــن و بردیـــانە ژوورێـــک دایاننـــا، ژوورەکە هـــیچ شـــتێکی لە ژوورەکەی پێشـــوو نەدەچـــوو، کە ســـیداد ســـعیدی قەســـاب لێکـــۆڵینەوەی لەگەڵ کـــرد، لە ژێـــرزەمینەکە. هەنـــدەی پێنەچـــوو، پیـــاوێکی ڕیـــش

تاشراوی سمێڵ خنج هاتە ژوورێ، لە دەست و پەنجە سپیەکانیەوە پێ دەچوو هەرگیز ئیشی گرانی نەکردبێ، ناوی(زانا پەنا) بوو کراسێکی سپی و پانتۆڕێکی قاوەیی ئوتکراوی لە پێ بوو، لەگەڵ کۆمەڵێک کاغەزیش لەدەستی.

ئەو زانا پەنایە، هاوشانی سیداد سعیدی قەساب دەستی دەڕوێی و هەمان ئیشی لێکۆڵینەوەی دەکرد، بەڵام بەشێوەیەکی میانڕەو، وەک چۆن هەموو دەسەڵاتێک دوو باڵی هەیە بۆ ملکەچ کردنی ژێردەستەکانی، ئەم زیندانەش دوو باڵی هەبوو.

سیدادو زانا، ئەویان بۆ قسەی ڕەق و تەعزیبدان دانرابوو، ئەویشیان بۆ قسەی خۆش و دڵنەوایی. ڕاستەوخۆ زانا پەنا لە داودی دارتاش چووە پێش و دۆقەی لەگەڵ کرد. ئینجا بەخۆشی لە بەرامبەری دانیشت و گوتی خۆ کەس ئازاری نەداوی؟

داود گوتی نەخێر. زانا گوتی هیچت لەبەر دڵ نەبێ، وادابنێ لەلای ئێمە مێوانی.

داود گوتی بەڕێزم ئەوە چ مێوانداریەکە؟

زانا دڵی بەم قسەیە هێشا، بەڵام بەسەرخۆی نەهێناو پێکەنی، گوتی مامە حەق بە ئێمەش بدە، گەر ئەوە نەکەین بڕوابکە بە مانگێک ئاسایشی ئەم وڵاتە تێکدەچێ. دواتر ئێمە لە کەسێک دەگەڕێین نیەتی باش نیە.

داود بۆ ئەوەی زیاتر لەگەڵی پێدا نەچێ، بێ دەنگ بوو. زانا پەنا، لەوکاتە بانگی چایەچیەکی کردو گوتی دوو چامان بۆ بێنن. چایەچیەکە ڕۆیشت هەندەی پێ نەچوو بەخۆی و بە دوو چاوە گەڕاوە.

چایەکی لە پێش داود داناو چیایەکیش لە پێش زانا. کە چووە دەرەوە، زانا ڕووی لە داود کردو هەمان پرسیاری لەلایان سیداد لێ کرابوو، لێی کردەوە، بەڵام ئەمجارە بەهێمنی و زیرەکانە.

داودیش هەموو وەڵامەکانی دایەوە، بێ ئەوەی بزانێ لەبن مێزەکەی پێشی ئامێری دەنگ دانانەوەیان داناوە. بۆ ئەوەی هەم دەنگەکە تۆماربکرێ، هەمیش لە ژوورەکانیتر، چەندین لێکۆڵەری ناو ئەو زیندانە دابنیشن و گوێ بگرن. تا هیچ ووشەیەک بەسەریاندا تێنەپەڕێ.

کە زانا پەنا لە پرسیارەکان بۆوە، داودی ناردەوە ناو زیندانیەکان، بەخۆشی چووە ژوورەکەی تەنیشتی، لەوێ لەگەڵ سیدادو لێکۆڵەرەکانیتر دانیشت، گوتی پێم وایە هەر ئەمڕۆ ئەو پیاوە بەردەین باشترە، بۆ ئاشکراکردنی شوێنی ئەوکەسەی هاتۆتە ناو بازاڕ، دەنا بە هێشتنەوەی ئەو پیرە پیاوە بە هیچ ئەنجامێک ناگەین.

پێشم وایە ئەوەندەی پێی گوتووین هەر ئەوەندە دەزانێ، دواتر ئەگەر بمانەوێ هەمووکات ئەوە لەبەردەستە بۆ گرتن.

دوای ئازادبوونیشی دوکانەکەی ئەگەر بخەینە ژێر چاودێری، دوورمەبینن هەر لەوێ ئەو کەسە بگرین. بەڵام ئەگەر ئەو کەسە پەیوەندی بە داود هەبێ و بشبینێ دوکانەکەی داخراوە، ڕەنگە زیاتر هەرەتەبێ.

کە زانا ئەو قسانەی کرد هەموو لەگەڵی کۆک بوون، بۆیە بە زووترین کات پاسەوانێکیان نارد بانگی داود بکات، پێی بڵێ ئازاد بووی.

لەوکاتەی پاسەوانەکە بۆ هۆڵەکەی داود لێی بەند بوو دەڕۆیشت، داود لە ناو زیندانەکە دانیشتبوو، بیری دەکردەوە دەبێ چارەنوسی بە کوێ بگات.

کەچی لەپڕ پاسەوانەکە سەری لەشیشەکان هەڵکێشاو لەناو هەموو زیندانیەکان هاواری کرد، داود کێیە؟

بە یاتاخەوە، ئازاد بووی. لەگەڵ بیستنی ئەو هەواڵە، داود هەڵستاوەو زیندانیەکان دڵخۆشیان دەربڕی، ئەوەندە تامەزرۆی ئازادی بوون.

ئەوان وایان لێهاتبوو بە بەردانی هەموو کەسێک شاگەشکەبوون نەک هەر بەخۆیان. داود ڕاستەوخۆ ئەو زیندانیەی لە ئێوارەوە ببووە هاوڕێی ماچ کردو باوەشی لێدا، زیندانیەکەش بە هەمان شێوە، هەردووکیان دەتگوت چەندین ساڵە هاوڕێن، پێشیان وابوو لە شوێنێکی وەها یەکیان ناسیووە مەحاڵە جارێکیتر یەک لەبیر بکەن.

ئینجا داود لەبەردەرگا خواحافیزی لە هەموو زیندانیەکان کردو بەرەو دەرەوە ڕۆیشت، پاسەوانەکە لەگەڵ خۆی بردیە ئەو ژوورەی زانا پەنا و سیداد سەعیدو لێکۆڵەرەکانی لێ بوو، لەوێ دوای ئەوەی

کەمێک قسەیان لەگەڵ کرد، گوتیان ئیتر بگەڕێوە ماڵ. داود بڕوای نەدەکرد ئەوها بەئاسانی ئیزنیان داوە.

لەوێ ئەوانی بەجێهێشت و لە زیندانەکە هاتە دەرەوە، کە چاوی بەسەر شەقامی پێش زیندانەکە کەوت دەمێک ڕاوەستا، بینی بەڕێز ئۆتۆمبێل لەسەر جادەکان دێن و دەچن، وەک ئەوەی نەزانن ناو ئەو شوێنە چ گۆڕستانێکە بۆ زیندووەکان.

(٥٢)

ئـاینورو دایکـی بـێ ئەوەی لە ئێـوارەوە خـواردن بچێـتە دەمیـان، بەڕەنگـی زەردو دەموچـاوی شـێواوەوە لەپـێش دەرگـا دانیشـتبوون، چـاوەڕێبوون هەواڵێـک لە داودەوە پێیـان بگـات، دایکـی بیـری لەوە دەکـردەوە ئەگەر لەناکـاو تەرمـی داود بهێنـنەوە چ هەسـتێکی نـاخۆش دەبـێ، لە دوای سـی و پێـنج سـاڵ پـێکەوە ژیـان. لە دوای سـی و پێـنج سـاڵ پـێکەوە دیتنـی سـەدان تـاڵی و سـوێری لەم دونیـایە. قـورگی پـڕ گریـان بـوو، بەڵام لەبەر ئـاینور

دەیشـــاردەوە، لەگەڵ بەبیرهـــاتنەوەی هەر یادگـــاریەکیش چاوەکانی پڕ ئاو دەبوون و بەدزی دەیسڕیەوە.

ئـاینوریش بەهەمـان شـێوە بیـری لەو ڕۆژانە دەکـردەوە کە منـدااڵ بـوو لەو پـێش دەرگـایە لەبـن عامووديـک ڕادەوەسـتاو ڕوومەتـی پـێ دەکـرد، چاویشـی لە سـەری کـۆاڵن دەبـڕی، لە چـاوەڕوانی بـاوکی، تـا لەکـار دەگەڕاوە بەخـۆی و بە دوو عەلـلاگەی دەسـتی، کە لایەکـی تەمـاتەو خەیـارو چەنـد پرتەقـاڵێکی تێـدا بـوو، لایەکیشـی پڕبـوو لە سـەموونی حەجەری. کاتێـک باوکیشـی بەدەردەکەوت، ڕاسـتەوخۆ شاگەشـکە دەبـوو و لە خۆشـیان، پێیەکـی دەکـردە سـەد پـێ و غاریـدەدا بەرەو پیلـی، کە دەشگەیشـتە لای تونـد ئەژنۆکـانی دەگـرتە بـاوەش و سـەری تەواو بەرز دەکـردەوە تـا تەماشـای بکـات، کە ئەوکـات هێشـتا داود گەنـج بـوو و سەری بەفرینی ڕەش ڕەش چۆوە.

دایـک و کـچ لەو خەیـاڵانە دابـوون، لەناکـاو تەکسـیەک لە پـێش دەرگـا ڕای گـرت، دەرگـای تەنیشـت شـۆفێرەکە کـراوەو لەپـڕ بینیـان داودە. ئـاینورو دایکـی شاگەشـکەبوون، بە چاوەکانیـان باوەڕیـان نەدەکـرد،

دایکی گوتی ئای خوایە ئەوە چ دەبینم، پێش ئاینور هەڵستاوەو بەرەو لای داود غاریدا، سەرپۆشەکەی لەسەرسەری لاکەوت و پرچی تاڵ سپی و بە خەنەی بەدیارکەوت، غاردانێک بەهێی کەسێکی بەتەمەن نەدەچوو.

داود لە دووڕا هەردووک دەستەکانی لێککردەوەو دایکی ئاینور خۆی خستە باوەشی. داودیش دەستەکانی داخست و بەچاوی نوقاوەوە ئەو داوە ڕەنگاو ڕەنگانەی ماچ کرد، دایکی ئاینوریش سەری بە سینگی کردبوو و بەکوڵ دەگریا.

ئاینوریش لەوکاتە لێیان نزیک بۆوەو لەدیار ئەو دیمەنە ڕاوەستا، هۆن هۆن فرمێسک بەسەر ڕوومەتەکانیدا دەهاتەخوارێ. کە داود چاوەکانی کردەوە گوتی دڵنیام تاقانەکەم ئەو شەوەی بەزەحمەت بەڕێ کردووە. ئاینور بە گریانەوە وەڵامی دایەوە زۆریش. ئینجا داود دەستی بۆ درێژکردو ئەویشی خستە باوەشی. گوتی بەسە گریان وەرن بچینەوە حەوشە، لەگەڵ ئەو قسەیە دایکی ئاینور بە پێشی کەوت و وەک ئەوەی هەستەکانی خۆی پێ

جڵەونەکـــرێ، گـــوتی فەرمـــوو ئەی ڕۆنـــاکی، ئەو دەســتەواژەیە، دایکــی ئــاینور بە گەنجیەتــی لە هــاتنەوەی داود بــۆ مــاڵەوە بەکــاری دەهێنــا، واتــا مــاڵەکەت ڕۆنــاک کــردەوە، بەڵام تەمەنێــک بــوو بەکــاری نەهێنــابوو، داود بە چـــاوی بە فرمێســـکەوە پێکەنـــی، پێکەنینێـــک لەگەڵ گریـــان تـــێکەڵ، ســـەیری ئـــاینوری کـــرد، کە لەوکـــاتە دەســتی لەســـەر ملـــی بـــوو، بە دەنگێکـــی نـــزم گـــوتی ســـەیریکە چ دەکـــا، لەســـەر ئەوحـــاڵەش نیـــو کـــاتژمێریتر تەماشـــای بـــکە چـــۆن دەســـت بە شـــەڕەکان دەکـــاتەوە. ئـــاینور زیـــاتر لەگەڵ ئەوقســـەیە گریـــا، گـــوتی بـــاوکە بە دڵـــی خۆتـــان شـــەڕ بـــکەن، بەس هـــیچ لەو دووەتـــان ئەو مـــاڵە بەجێمـــێڵن. داود گـــوتی تەواو کچـــم. بەســـە خـــۆت ئەزیەت مەدە. ئینجـــا پـــێکەوە هەرســـێکیان چـــوونەوە ماڵەکەیـــان، داود لە شـــوێنەکەی چەنـــد جـــارە دانیشـــتەوەو دایکـــی ئـــاینوریش وەکـــو پێشـــتر گڵاســـێک ئـــاوی بـــۆ هێنـــا. ئاینوریش لە تەنیشتی دانیشت.

کە داود ئـــاوەکەی خـــواردەوە، دایکـــی ئـــاینوریش لە لایەکەی تـــر دانیشـــت. دوای کەمێـــک حەســـانەوە، دایکـــی گـــوتی پێمـــان بڵـــێ چـــی ڕوویـــدا وەهـــات لە ئـــێمە کـــرد؟

دەزانی نەخۆشخانە نەما نەگەڕین، ساردکەرەوەی مردوو هەڵگرتن نەما سەری پێدا نەگرین، خانەی بەسالاچووان، زیندان، هەمووی بەدواتا گەڕاین، تۆ بۆوا وون بووی؟ دوکانەکەت لەبەرچی بە دانەخراوی و بە شێوەیەکی وێران بەجێ مابوو؟ داود کە گوی لە دایکی ئاینور بوو، کەمێک ڕاوەستا، دواتر هەناسەیەکی هەڵکێشاو ڕووداوەکانی یەک یەک بۆ ئاینورو دایکی گێڕاوە.

وە پێشی گوتن ئەوان بەدوای کوڕێکدا دەگەڕێن، کەس نازانێ لە کوێڕا هاتووە. ئەو کوڕەش دیارنیە لەو شارە لەکوێ دەژی. ئاینور کە گوێی لە باوکی بوو، شکی کرد ئەو کوڕە هەمان کوڕەکەی ناو گۆڕستان بێ، کە بۆتە پاڵەوان لەسەر زاری کچەکان، کە لیا بۆی باس کرد.

بەڵام لە بۆچوونەکەی دوودڵیش بوو. ئاینور چاوی لەسەر داود هەڵنەدەگرت، وەک ئەوەی یەکەم جارە بینیبێتی. باوکی کە هەستی بەوە کرد، لە قسەکردن ڕاوەستا گوتی بۆوا سەیرم دەکەی؟

ئاینور گوتی گەڕانەوەی باوک بۆ ماڵەوە چ دیاریەکی بە نرخە، بەتایبەتی وابزانی شتێکی لێهاتوەو واش نەبێ. ئێستا لە هەمان شوێن قسەمان بۆ بکات، ئاخەر چۆن سەیرت نەکەم. تۆمان بە مردوویی بدیتبا ئەوکات چی؟

داود گوتی گوێ بگرن، منیش بە مردنی ئێوە دەتاسێم، ڕەنگە تا دونیاش ماوە بە بیستنی ئەو هەواڵە کڕنەبمەوە، بەڵام ئەوە دونیایە ئیتر دەبێ یەکێکمان لەسەر گۆڕی یەکێکمان ئامادە نەبین.

بەڵام بەو ئازارانەوەش وەک ئەو گوتی هەر تەجروبەیەکی جوانە. ئاینور گوتی ئەو کێ؟ داود گوتی ئەو کوڕەی بەدوایدا دەگەڕێن. کە ئێستاش ناتوانم خۆشم نەوێ لەبەر هەڵسوکەوت و قسە کورت و پوختەکانی. ئاینور کە گوێی لە باوکی بوو، مەراقیی کرد ئیتر ببینێ، بەتایبەتی ئەگەر هەمان کوڕبێ کە لیا باسی دەکرد، گوایە کچان دەبا. بۆیە بە باوکی گوت پرسیارێک دەبێ ئەو کوڕە، هەمان ئەو کوڕە نەبێ دەڵێن شەوان کچەکان دەباو دواتر بۆنیان دەکات تا بەیانی، پاشان بێ ئەوەی دەستدرێژی بکاتە

سەریان دەیانهێنێتەوە مااڵ؟ داود گوتی کچم ئەوە چ قسەیەکە؟

بردنی چی و حاڵی چی؟ ئاینور گوتی نازانم، هەستم دەڵێ ئەگەر ئەو چیرۆکە ڕاست بێ، ئەو قسەیە بە هی ئەو کەسە دەچێ. دەنا بۆ بەرلەهاتنی ئەو هیچ شتێکی جیاوازمان نەدەبیست لەوشارە، ئێستا ئەو شتانە دەبیستین؟

داود کەوتە گومان لەگەڵ بۆچوونەکەی ئاینور، بەپێی ئەزموونی ژیانیشی دەیزانی ژنان لە ڕێی هەستەوە بە ڕاستیەکان دەگەن، بەاڵم پیاوان لە ڕێی بیرکردنەوەو بینین. گوتی ڕاستە، هەرچەندە تازە هەواڵی بردنی کچان لەالیان کەسێکەوە دەبیستم، بەاڵم ئەو دەنگوباسانە دوای هاتنی ئەو سەرهەڵدەدەن، تەنانەت گوتەی ئەم شارە بۆنی مردووشی لێدێ، هەر هی ئەوە، ڕاکێشانی دار بەدوای خۆیداو دروستکردنی گالیسکەش لەالیەکیتر بوەستێ.

ئاخەر ئەگەر ئەو کالیسکەیە نەبا، چ کاری بە دارتاشێکی وەکو من بوو، دەهاتە الم.

ئـاینور بە بیسـتنی گالیسـکەکە زیـاتر سەرسـام بـوو. بەڵام خـۆی کـڕ کـرد. لە سـایەی عەشـقی شـەهریارو ئاینوئۆینەکـانی خەلـیفە حەمـدون، تـاقەتی کەسـیتری نەمـابوو. لە مانـدوویێتیان سـەری خسـتە نـاو کۆشـی بـاوکی و گـوتی ئەم شـوێنە چەنـد ئـارامبەخش و ئاسایشە.

لەگەڵ ئەو قسـەیە بەهـۆی ئەوەی بەدرێژایـی شـەو بـاش خەوی لێ نەکەوتبوو، چەند خولەکێک خەو بردیەوە.

دایکیشـی سـەری بە شـانی داود کـردو گـوتی چ قسـەیەکی حەق و ناخۆشـت کـرد، تـازە. داود گـوتی کامە قسە؟

دایکـی ئـاینور گـوتی ئەو قسـەیەی گوتـت ڕۆژێـک یەکێکمـان لەسـەر گـۆڕی یەکێکمـان ئامـادە نـابین. دەزانـم لەو قسـەیە مەبەسـتت ئەوەیە، یەکێکمـان زووتـر دەمـرین، ئەوەیتـر ئامـادە دەبـێ، بەڵام کە ئەوەیتـر دەمرێ، ئەوەیتر چونکە مردووە، ئامادە نابێ.

داود گـوتی ڕاسـت بۆیچـووی ژنەکە، منـیش دەزانـم خـۆش نـیە، بەڵام باشـترە لەوەی کەسـمان لەسـەر گـۆڕی کەسـمان ئامـادە نەبـین. دایکـی گـوتی ئەوە واتـای

چیە؟ داود گوتی واتای ئەوەیە نابێ پێکەوە ئاینور بەجێبێڵین چونکە بەتاقی تەنیا دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی تاقانەیە. هیچ چار نیە دەبێ یەک یەک بمرین بۆ ئەوەی ڕابێ.

ئینجا دەستێکی بە پرچە درێژو خاوەکەی ئاینور داهێناو گوتی ئاخ ئاینور ئاخ، بڕوابکە ئامادەم تا پیریەتی تۆ دەبینم شەڕ لەگەڵ ژیان بکەم نەمرم، بۆئەوەی هەرگیز بەتەنیا بەجێنەمێنێ.

(٥٣)

ڕووبا تا ڕێ بەگەشتیارو سەردانیکەران درا، لەسەر قەڵاکە ماوە، دواتر لەگەڵ خەڵکەکە تێکەڵ بوو و هاتەخوارێ. ڕاستەوخۆ لەوێوە بەرەو گۆڕستانەکە گەڕاوە، کە لەدەروازەکە چۆوە ژوورێ، بینی دڵبرین کێلێکی نوێی بڵند کردووە، دەیەوێ بیخاتە سەر دەزگاکە، لەجێی ئەو کێلەی بە چەکوچ لەداخان شکاندبووی. کە چاوی بەڕووبا کەوت، کێلەکەی هێشتا لەناو دەستی بوو، سەیرێکی کرد.

ڕووبـــاش هەر لەدوورەوە بە زەردەخەنەیەک وەڵامـــی ســـەیرکردنەکەی داوە، زەردەخەنەیەک خۆشەویســـتی پێـــوە دیـــاربوو. کە ڕووبـــا تێـــپەڕی، دڵبـــرین کـــێلەکەی لەســـەر دەزگـــاکە دانـــاو هەردوو ئەنیشـــکی پێـــدا، لەگەڵ ئەنیشـــک پێـــدانەکە هەناســـەیەکی قـــوڵی هەڵکێشـــا. ئینجـــا دەســـتی کـــردە قەڵەم ماجیکێـــک و ســـەرلەنوێ لەســـەر کـــێلە تـــازەکە ئەو شـــتانەی خـــاوەن مـــردووەکە پێـــی گوتبـــوو بنوســـە، نوســـیەوە. دواتـــر بە چەکـــوچ و ســـمبە، دەســـتی بە هەڵکـــۆڵین کـــرد. ڕووبـــاش کە گەیشـــتەوە لای گالیســـکەکە، هەســـتی کـــرد خەوی دێ. لەبـــن دار قەڵەمتۆزێـــک لەســـەر پشـــت بەو چێشـــتانە ڕاکشـــا، پشـــتی دەســـتی خســـتە ســـەر چـــاوی و لاقـــی ڕاســـتی خســـتە ســـەر لاقـــی چەپـــی، بەهـــۆی ئەوەی شـــەو نەخەوتبـــوو، هەر زوو خەوی لـــێکەوت. بـــۆ ئەو خەو گرینـــگ نەبـــوو کەی کـــاتیەتی، ئەو لەکـــوێ خەوی بهاتبـــا ڕادەکشـــا، وەک ئەوەی ئەو دونیـــایە نەبـــابێ نە بـــاران. لەپـــڕ خـــۆی بینـــی منـــدااڵێکی بچـــووکە، خەوی لێکەوتـــووە، دایکیشـــی پرچـــی کـــردۆتەوەو لەپشـــت ســـەری دانیشـــتووە، دەســـت بەســـەری دادێنـــێ، ئەویـــش بەهـــۆی خۆشـــی خەوەکەو

دەستە نەرمەکانی دایکی، بەلالێوێک خەندەیەکی کرد. لەگەڵ ئەو خەندەیە لە خەوەکە ڕاپەڕی، ڕاستەوخۆ چاوەکانی کردەوە بینی شەو باڵی بەسەر گۆڕستانەکەدا کێشاوە. شەوقی بلاجگتۆرەکان لێی دەداو پیرێژنەکە لەپشت سەری دانیشتووە، بەڕاستی دەست بەسەری دادێنێ، پرچی سپی و خاویشی بەسەر جلە ڕەشەکانیدا کردۆتەوە.

ڕووبا سەرەتا چاوەکانی ئەبلەق بوون، دەمێک تێنەگەیی بە ئاگاهاتووە یاخود نا، بەڵام کە هاتەوە سەرخۆی بۆی دەرکەوت بەڕاستی پیرێژنەکە لە پشت سەری دانیشتوەو دەیلاوێنێتەوە، ویستی هەر بە پاڵدانەوە دەستی بگرێ و ماچی بکات، بێ ئەوەی تۆزقاڵێک چیە لەکاتێکی وا لێی بترسێ. بەڵام پیرێژنەکە دەستی دوورخستەوە، بە پەلەش کەچاوی بەڕووبا کەوت بەئاگاهاتووە، هەڵستاوەو چۆوە خوارەوەی گۆڕستانەکە. ڕووبا زگی پێ سووتا، تەنانەت هەر لەخۆڕا، نەشیدەزانی لەبەرچی، حەزی دەکرد ئەگەر نەڕۆیشتبا، توند خۆی بخاتە باوەشی.

بەڵام پیرێـــژنەکە ئەو دەرفەتەی پـــێ نەدەدا، ڕووبـــا بەمشـــێوەیە لێـــی نزیـــک بکەوێـــتەوە. هەر لەیەکەم جـــارەوەش ڕووبـــا کە هـــاتە نـــاو ئەو گۆڕســـتانەو ئەو پیرێـــژنەی بینـــی زانـــی دەبـــێ لێـــیگەڕێ ئەو وەکـــو خـــۆی هەڵسوکەوت بکات.

ناچـــار لەشـــوێنەکەی هەڵســـتاوەو پشـــتی داوەشـــاند، چـــوو لە بەلـــوعەکە ئـــاوێکی بە دەموچـــاوی داکـــردو لە دیـــار گالیســـــکەکە دانیشـــــت، بە ووردی وێنەکـــــانی نـــــاو خەونەکەی دەهێنـــاوە بەرچـــاوی، بیـــری دەکـــردەوە دەبـــێ کـــێ بـــێ، ئەوەی پێـــی وابـــوو لە خەونەکە دایکیەتـــی، هەرچەنـــدی دەیکـــرد دەموچـــاوی بـــاش نەدەناســـیەوە لەناکـــاو گـــوێی لە دەنگـــی کەمانچێـــک بـــوو، کەمـــانچەکە بەســـــــۆز لێـــــــدەدرا، وەک ئەوەی کەمانچەژەنێـــــــک ئـــامێرەکەی بە گریـــان هێنـــابێ. تـــا دەهـــات دەنـــگەکە زیـــاتر دەبـــوو، لەگەڵ بیســـتنی ئەو کەمـــانچە، دڵبـــرینیش لەبـــن کەپـــــرەکەی هـــــاتە دەرەوە، تەماشـــــای خـــــوارەوەی گۆڕســـتانەکەی کـــرد، ســـەیری پێهـــات ئەو مۆســـیقایە بەو شـــــەوە لەنـــــاو ئەو گۆڕســـــتانە لێـــــدەدرێ. لە دووری کەمـــانچەکە ئەوجـــارە دەنگـــی فلـــوتێکیش بەرزبـــۆوە،

فلوتێـــک تـــا بڵێـــی حەزیـــن، وەک ئەوەی وەڵامـــی کەمـــانچەکە بـــداتەوە. ئینجـــا دەفێـــک بە دوایانـــدا دەنگـــی هـــات، دڵ لەگەڵ هەڵقەکـــانی دەلەرزیـــن. دواتـــر هەرســـێ دەنـــگ تـــێکەڵ بـــوون. ڕووبـــا بەپەلە پەنـــا کێـــل و پەنـــا کێـــل، بەرەو لای دەنگەکـــان چـــوو. کە ڕاوەســـتاو چـــاوی گێـــڕا، لەدوورەوە بینـــی ژێـــدار کەمـــان دەژەنـــێ و لەگەڵـــی ســـەما دەکـــــات، بەنـــــاو گۆڕەکانیشـــــدا دەســـــووڕێتەوە، وەک ئەوەی شتێکی لێ وون بووبێ و بیەوێ بیدۆزێتەوە.

لەولاتـــــر هەتـــــوانیش بەدیـــــارکەوت، هەر بە گەڕان بەرەو دەنگـــی کەمـــانچەکە نزیـــک دەبـــۆوە، بەهەمـــان ســـەماو خۆجوڵانـــدن. ڕووبـــا ئەوجـــارە چـــاوی لە موریـــد گێـــڕا، دەمێـــک دیـــارنەبوو، ناچـــار ســـەیری شـــوێنەکەی کـــرد بینـــی لەوێـــیە، دەفەکەی لەدەســـتە. ژێـــدارو هەتـــوان بە دەم مۆســـیقا ژەنـــین و ســـەماوە، بەنـــاو زۆربەی گۆڕەکانـــدا ســـووڕانەوە. تـــا گەیشـــتنە لای یەک، ئینجـــا پـــێکەوە بە مۆســـیقا ژەنـــین، بەدەوری یەکـــدا خـــولانەوەو ســـەمایان کـــرد، تـــا لێکتـــری نزیـــک بـــوونەوە، وەک ئەوەی بیـــانەوێ بەمشـــێوەیە بـــاوەش لێکتـــر بـــدەن. دەمێـــک دەنگـــی مۆســـیقاکانیان تـــێکەڵ کـــرد، هەردووکیشـــیان فرمێســـک

بەســـەر ڕوومەتیانـــدا ڕێچـــکەی بەســـتبوو، چاویشـــیان داخســـتبوو، تەنیـــا بەهـــۆی دەنگـــی ئامێرەکـــان دەیانزیـــانی ئەوەنـــدە لێـــک نزیـــک بـــوونەتەوە، بەس مـــاوە بەر یەک بـــکەون. کە لە بەشـــێکی ئـــاوازەکە بـــوونەوە، پـــێکەوە ڕوویـــان ســـووڕاندە لای موریـــد و تەنیشـــتیان کەوتە یەک، وەک ئەوەی بیـــانەوێ بـــانگی ئەویـــش بـــکەن، درێژەیـــان بە مۆســـیقاکە دا، ئینجـــا موریـــد بـــێ ئەوەی ســـەیریان بکـــات هەڵســـتاوەو بە دەف ژەنـــین خـــۆی گەیانـــدە لایـــان، هەرســـێ هـــاوڕێ کە گەیشـــتنەوە یەکتـــری، ســـێکوچکەیەکیان دروســـت کـــرد، بە نـــۆرە ئاوازەکەیـــان درێـــژە پێـــدا ،شـــەوقی یەکێـــک لە بلاجگتۆرەکـــانیش ڕاســـتەوخۆ لێـــی دەدان. ڕووبـــا کە ئـــاوڕی داوە لای ڕاســـتی خـــۆی، بینـــی دڵبـــرینیش بەدوای دەنگـــی ئەو ســـێ ئـــامێرە هـــاتووەو تەماشـــایان دەکـــات، کە ســـەیری ئەولاتـــری کـــرد، بینـــی پیرێـــژنەکەش لەســـەر بەردێـــک دانیشـــتووە. ئینجـــا بـــۆی دەرکەوت ســـیحری ئەو ئـــاوازە هەموویـــانی پـــێکەوە کـــۆکردۆتەوە بـــێ ئەوەی کەســـیان ئاگایـــان لـــێ بـــێ. دوای ئەوەی ژێـــدارو هەتـــوان وموریـــد،

کۆتاییان بە ئاوازەکە هێنا، هەرسێک باوەشیان لەیەکتریدا.

دڵبرین بڕوای نەدەکرد ئەوانە چۆن ئەوها زوو گۆڕان و بوونە مۆسیقاژەن. ڕاستەوخۆ قسەکەی ڕووبای بەبیرهاتەوە کە پێیگوتبوو (ئەوانە قۆڕێکن چۆنت بوێ ئەوها دەتوانی بیانشێلی). لەوکاتە ئاوڕی داوە چاوی بە ڕووبا کەوت، کەمێک هەستی بەشەرمەزاری کرد لە ئاستی ئەوەی پێی وابوو، ئەو بەگەر ئەو گەنجانە کەوتووە ماددەی هۆشبەریان لەگەڵ بکێشێ، کەچی ئێستا بە جۆرێکیتر دەیانبینێ. ناچار بەرەو کەپرەکە گەڕاوە، پێی وابوو هەر بەدوای دەنگەکە نەهاتبا باشتربوو، بەڵام تازە چی؟ تەنانەت بە سەرسامیەوەش گوێی شل کردبوو بۆیان. دوای ڕۆیشتنی دڵبرین، پیرێژنەکەش کە دەنگی مۆسیقاکە نەما، وون بوو. ئەوەی لەوێ ماوە ڕووبا خۆی بوو، بۆیە هێدی هێدی چووە لای گەنجەکان، ئەوان کە چاویان بە ڕووبا کەوت لێی هاتنە پێش، وەک ئەوەی بەخۆیان لە هەمووکەس سەرسامتر بووبن، توانیوێتیان ئاوازێکی ئەوها ڕێک و تەباو پڕ بەرز و

نزمی بژەنن، بێ ئەوەی یەک نە شازی چیە تێیدا بێ. دەیانویست بۆ ڕووبای بگێڕنەوە، وایانزانی بوو گوێی لێ نەبووە، ئەسەفیشیان دەخوارد، بێ ئامادەبوونی ئەو، ژەنینی ئەو ئاوازە تێپەڕیوە. بەڵام ڕووبا کە تەواو نزیک کەوتەوە هەرسێکیانی لە باوەش گرت و گوتی ئافەرین بۆ ئێوە. ژێدار گوتی بۆ تۆ گوێت لێ بوو چی ڕوویدا؟ ڕووبا گوتی هەر من نا، پیرێژنەکە و دڵبرینیش نەیانتوانی نێن. هەرسێ گەنجەکە لەو شەوەڕا خودای هونەر دەست و پەنجەی پیرۆزکردن و لە ڕووحی خۆی بەشی پێدان، ئیتر بۆ هەتاهەتایێ شوێنێک نەمێنێ لەناو جەستەیان بۆ ئاڵۆدەبوون.

بەشی حەڤدە

(٥٤)

هێدی هێدی وەرز گۆڕا، بەهار هات، جەژنی نەورۆز نزیک بۆوە، کە جەژنی کوردو هەموو ئەو گەلانەش بوو ڕەگەزیان دەچۆوە سەر ئاری. حکومەتی بەعسیش بە هەموو شێوەیەک ئەو جەژنەی لە گەلی کورد قەدەغەکردبوو، تەنانەت مەلایەکانیان هاندەدا، لە خوتبەی هەینی بڵێن ئەوە جەژنی ئاگرپەرستانە، بە پێی ئاینی ئیسلام هەر کەسێک بڕوای پێ بێ کافر دەبێ. هەر بەو هۆکارەوەش ئەقرەب بن سیف ڕۆژێک

پێش هاتنی جەژنەکە چووە ناو زیندانیەکان و پێیگوتن ئەوەی ناوی نەورۆزو ئاگر بێنێ بە دەستی خۆم لە تیزابی هەڵدەکێشم. چونکە بیستبووی لەناو زیندان پێش هاتنی ئەو، لەسەردەمی حەجاج ئیبن وەحش زیندانیە کوردەکان، بەجلەکانی بەریان ئاگریان کردۆتەوەو سروودی نەورۆزیان بە دەنگێکی نزم گوتووە لەدیار ئاگرەکە.

پیاوە بەتەمەنەکە دوای قەدەغەکردنی ئەو جەژنەو ئەو هەموو تەعزیب و ڕووداوەی بینی بووی، بەسەر زیندانیەکانیان هێنابوو، پێی وابوو ئیتر شتێک نەماوە ئەو بۆی بژی واتایەکی هەبێ، پێویستە پێش ئەوەی وەک کەلاکێکی پیری بێ کەلک لەناو ئەو زیندانە لەدیار غەمی گەلێک لەناو جێگا بمرێ و فڕێ بدرێتە دەرەوە، مردنێک هەڵبژێرێ ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئیرادەی هەموو زیندانیەکان و تێکشکاندنی بڕیارەکەی ئەقرەب بن سەیف و هاوشێوەکانی، مەردانەترە.

ئەویش خۆسووتاندن بوو لە ئێوارەی نەورۆز، لەکاتی ئاگرکردنەوەی جەژنەکە. پێی وابوو لەو وەختە لەو چالاکیە شۆڕشگێڕانەتر نیە ئەنجامی بدات، لەدوا

ساتەکانی تەمەنی. بۆیە عەسرەکەی هەندێک پەڕۆک و جلی لەسێدارەدراوەکانی کۆکردەوە، کە لەدوایان بەجێمابوو، هەمووی لەسەریەک دانا، کە ئێوارە داهات، زانی ئەگەر ئێستا لە چیاکانی کوردستان بـا، لەگەڵ خەڵکەکە ئاگریان لەسەر لوتکەکان دەکردەوە. بەو خەیاڵە لەبەر دەرگای ژووری زیندانەکە ئاگری لە جلەکان بەردا، بەخۆشی بە بەرچاوی هەموو زیندانیەکان چووە ناو ئاگرەکە ڕاوەستاو بە دەنگێکی بەرز دەستی بە گوتنەوەی سروودی (ئەم ڕۆژی، ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە، کرد) ئاگریش لە سەرو گوێلاکی ئاڵابوو، جەللادەکان بە ئەقرەبیشەوە، کە گوێیان لەو دەنگەبوو، غاریاندا بزانن، کێیە ئەم سروودە دەڵێتەوە؟ چونکە ئەقرب پێی وابوو، کەس جاڕێکیتر بوێری ئەوە ناکات لە ژێر تەعزیبەکانی ئەودا یاخی بێ. کەچی کاتێک گەیشتنە بەر دەرگای زیندانەکە، لە کەلەنی شیشەکان چیان بینی، پیاوە بەتەمەنەکە لەناو ئاگر، سروود دەڵێتەوە، سروودێک، باس لە ڕۆژێکی نوێ دەکات.

ڕۆناکی ئاگرەکەش هەموو ناو زیندانەکەی ڕۆناک کردۆتەوە زیندانیەکان لەبەر ئەو ڕۆناکیە دیاربوون، لە کەلەن و قوژبنەکان سەیری ڕووداوەکەیان دەکرد، بە دەموچاوی بێ پێڵو و کەپوو و گوێ و لێو و لەش و لاری لاوازەوە. ئەقرەب بن سەیف و جەللادەکان هیچ چارێکیان نەبوو، لە دیار ئەو پەیکەرە ئاگرینە ڕاوەستان تا لە سروودەکە بۆوە. پاشان بینیان پیاوە بەتەمەنەکە کەوتە سەر چۆک، قرچ و هۆڕی ئاگرەکەش هەر دەهات، دوای بێدەنگ بوونی، دەمێکیش ئەوها ماوە. ئینجا کەوتە سەر عەردەکەو گیانی سپارد. لەگەڵ گیانسپاردنی ئەو، ئاگرەکەش کوژاوە ئینجا ئەقرەب و جەللادەکان دەرگای ژوورەکەیان کردەوەو چوونە سەری، بینیان بۆتە یەک پارچە خەڵوزی ڕەش.

ئەقرەب وەک کەسێک هیچ دەسەڵاتێکی نەمابێ، لە قەهران بە مردوویەتی پێڵەقەیەکی لە سەریدا، بە تووڕەییەوە بە جەللادەکانیشی گوت تەرمەکەی فڕێدەنە دەرەوەی زیندانەکە، سەر زبڵدان.

جەللادەکان دوای ئەو قسەیە بەپەلە تەرمی پیاوە بەتەمەنەکەیان خستە ناو بەتانیەک و لە دیواری زیندانەکە فڕێیاندا دەرەوە، ناو ئەو قۆرتەی پڕی زبڵ و زار بوو، تا لە بەرچاویان وون بێ. بەڵام ئەوەی نەیانتوانی هیچی لەگەڵ بکەن بەسەرهاتی گیانبازیەکەی بوو، کە خۆی خزاندبووە ناو سەریان و هێدی هێدی مێشکیانی دەخوارد.

(٥٥)

لەگەڵ تـــوانەوەی بەفـــر، تەرمـــی ئەو ســـەربازانەی لە هێرشـــی لـــوتکەکە کوژرابـــوون، بەدیـــارکەوتنەوە، هەتـــا خـــودەو پۆســـتاڵ و ئەو تفەنـــگ و جوعبانەشـــی لە مەیـــدانەکە کەوتبـــوو. هەم لە لای نەدیـــم و وانـــڕا بە ئاســـانی دەبینـــدرا، هەمـــیش لەلای بـــارق و ســـەربازەکانەوە. لەبەر چیڕۆکـــی هەڵواســـینی شـــوانەکەو کـــچەکەی کێخـــواش، کـــچە بەرخەوان و کـــوڕە شـــوانەکان، دارتـــووەکەی ســـەر هەردوو گۆڕەکەیـــان کـــردە داری

مـــراز، هەرکـــێ بەوێـــدا تێـــدەپەڕی پەڕۆکێکـــی لە لـــق و پۆپەکـــانی گرێـــدەدا، بـــۆ ئەوەی ئەگەر بە مـــردنیش بـــێ، بە خۆشەویســـــــتەکەی بگـــــــات. لە دوورەوە ئەو دار تـــــووەو ئەو دوو گـــــۆڕە لەتەنیشـــــت یەک، لەگەڵ ئەو هەمـــــوو پەڕۆکە ڕەنگـــــاو ڕەنـــــگەی لەو مـــــاوەیە لە دارەکەیـــان گرێـــدابوو، دیمەنێکـــی دڵـــڕفێن و غەریبـــی دروســـتکردبوو. بـــارق لەگەڵ دوو ســـەربازەکە بەهـــۆی ئەوەی پێشـــتر بەدووربـــین بینیبـــووی، هەرچـــی دەچێـــتە لای ئەو دارە دەمێـــک لەوێ دەمێنێـــتەوەو دواتـــر دەڕوا، ئەو ســـــبەینێیە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتـــــن، کە تیشـــــکەکەی لە دەشتە پڕ لەگژوگیاکەی دەدا ،بەرەو لای دارەکە چوو.

لە ڕێگـــا دەنگـــی ئەو بولبـــول و چـــۆلەکەو باڵنـــدانەی بە ئاســـماندا تێـــدەپەڕین و لە خـــوارەوەش لەســـەر دارو بەردەکـــان هەڵنیشـــتبوون، دڵـــی خـــۆش کـــرد. بەتـــایبەتی کاتێـــک لەگەڵ دەنـــگە دەنگەکـــان لە ئاســـمانی ڕوانـــی، شـــین دەچـــۆوە، لە پێدەشـــتەکەش هەڵـــم بڵنـــد دەبـــوو. کاتێـــک گەیشـــــتە دارەکەش چـــــاوی بەو هەمـــــوو پەڕۆکە ڕەنگاوڕەنگـــانە کەوت کرێـــدراون لێـــی، ســـەری ســـووڕما، زانـــی ئەوە هـــی ئەو کـــچ و کـــوڕانەی گونـــدەکەن کە

یەکتریان خۆشدەوێ. هاتوون مرازیان حاسڵ بێ. ئەویش وەک ئەوەی سادەبووبێتەوە بەو دیمەنانە، پارچە پەڕۆکێکی لە گیرفانی دەرهێناو پارچەیەکی باریکی بە ددان لێکردەوە، کە پەڕۆکەکە ڕەنگێکی خۆڵەمێشی هەبوو، لە پەڕۆکی ئەو جلە سەربازیانە بوو لەبەریان دەکرد. ئینجا لە لقێک لە دارەکەی گرێداو دەمێک بەدیاریەوە چاوەکانی داخست و دەمی جوڵاند، بێ ئەوەی کەس بزانێ چ مرازێک دەخوازێ. دواتر سەیری دوو گۆڕەکەی کردو هێدی هێدی چووە لایان، بینی یەکەو چەپکێ گوڵی زەردو سوورو شین و سپیان لەسەر داندراوە. کە ئەوانە هەمووی گوڵی بەهار بوون، چ گوڵێک بۆنیان پێدەشتەکەی پڕ کردبوو. بارقیش لەوکاتە خۆی نوشتاندەوەو لەناو گژوگیای سەرزەویەکە دوو گوڵی سپی لێکردەوە، یەکێکیانی لەسەر گۆڕی شوانەکە داناو یەکێکیشیانی خستە سەر گۆڕی کچەکە. پاشان دەمێک بیری کردەوەو لەگەڵ دووسەربازەکە هێدی هێدی بەرەو پێدەشتەکە هەڵکشا، بەدەم ڕۆیشتنەوە، کە لە دەوروبەری دەڕوانی گوتی ئەو بۆنە خۆشە هەر

چەند ڕۆژێکیتر دەخایەنێ، کە ئەو هەموو تەرمەی قەد ئەو پاڵە بۆگەنی کرد، بەهۆی نەمانی سەرما، ئەوسا دەبینن چ ڕووەدا. قسەکەشی ڕاست دەرچوو، کە ڕۆژەکانی دواتر تیشکی ڕۆژ لە تەرمەکانی دا، هەموو بۆگەن بوون، بۆگەنبوونێک هیچ لە سەربازەکان و خەڵکی گوندەکەو هەتا نەدیم و هاوڕێکانیشی نەمان بە دەستیەوە نەناڵێنن. بەڵام ئەوێ شوێنی شەڕ بوو، هیچ لایەکیان ئامادە نەبوون بەجێبێڵن. مانەوەش لە نزیک ئەو تەرمانە خۆڕاگری دەویست، ناچاربوون هەردوو لا، ئەو ڕۆژو شەوانە بە بەختی باشی خۆیان بزانن، کە با بە دیوەکەیتر هەڵی دەکرد. خەڵکی گوندەکەش کە زانیان ئیتر ناتوانن بەرگەی ئەو بۆنە بگرن، شەوێک لە شەوەکان کێخوا هەموویانی کۆکردەوە، پێی گوتن پێم باشە ئەو گوندە بۆ ماوەیەکی کاتی چۆڵ بکەین و بڕۆین، وەرزیش بەهارە، لەوەڕ لە هەموو شوێنێک هەیە، بچینە جێیەک دوور لێرە خیوەت هەڵدەین و سیم بۆ مەڕومالاتەکانمان داکوتین، بۆ ئەوەی هەم لەو بۆن تەرمانە ڕزگارمان بێ، هەمیش لەو سەربازگە

نەفـــرەتیە دووربکەوینـــەوە، چیتـــر نەیـــانبینن. خەڵـــکەکە ڕازی بـــوون، بەیـــانی هەمـــوو مەڕومالاتەکانیـــان ڕاداو نـــوێن و کەل و پەلیـــان لە کوێـــدرێژو ووڵاغەکانیـــان بـــارکرد، بەخۆشـــیان ژن و منـــداڵ و پیـــاو بە پـــێ بەڕێکەوتـــن، وەک هـــۆزێکی کـــۆچەری، بەڵام هێشـــتا دوورنەکەوتبـــوونەوە لە گونـــدەکە، بـــارق و ســـەربازەکان بەو هەوالّەیـــان زانـــی، ڕاســـتەوخۆ بە ســـواری چەنـــد جێبێـــک خۆیـــان گەیانـــدە خەڵـــکەکەو پێشـــیان لـــێ گـــرتنەوە، بـــارق لە جێـــبەکە دابەزی و ســـەربازەکانیش بە دەوری خەڵـــکەکەدا پەرت بـــوون. بـــارق لە کێخـــوا نزیـــک بـــۆوەو پرســـی بەتەمـــای کـــوێن ئەوهـــا بە بـــێ دەنگـــی دەتـــانەوێ بڕۆن؟

کێخـــوا وەڵامـــی داوە گـــوتی خەڵکـــی گونـــدەکە لە بـــۆنی ئەو تەرمـــانە بێـــزار بـــوونە، ناچـــارین بەشـــێوەیەکی کـــاتی پەنا ببەینە بەر شوێنێک ئەو بۆنەی نەگاتێ.

بـــارق ڕاســـتەوخۆ بیـــری کـــردەوە، ئەگەر ئەوانە لە هەر هەواریـــک هەڵـــدەن، لەبنـــاری ئەو چیـــایە، لەبەرژەوەنـــدی پێشـــمەرگەکانە، چـــونکە ئەوکـــات لەبەرئەوەی خەڵـــکەکە لەژێـــر چـــاودێری ســـەربازگەکە نەدەمـــان، دڵنیـــابوو باشـــتر

دەرفەتیان دەبوو بە نان و خۆراک هاوکاریان بکەن. بۆیە بێ باکانە گوتی چۆڵکردنی ئەو گوندە مەحاڵە، ئەگەر بەڕاستی لەبەر بۆنی تەرمەکانە ئەم ڕۆیشتنە، ئەوە دڵنیاتان دەکەمەوە هەندە نابا ئەو بۆنە نامێنێ. دواتر چۆن ئێمە بەرگە دەگرین ئێوەش بەرگە بگرن، ئەگەر پێشتان وایە ئەو سەربازانەی لەسەر پاککردنەوەی ئەو خاکە لە تێکدەرەکان شەهیدبوونەو ئێستا پێتان وایە بۆنەکانیان ناخۆشە ئەوە شتێکیترە. کێخوا لەو قسەیەی کۆتایی بارق تێگەیشت، پێی وابوو دەیویست بەوە تاوانباریان بکات بە شێوەیەکیتر بڵێ چۆن دەبێ بۆنی سەربازە شەهیدەکانیان پێ ناخۆش بێ. کێخوا گوتی نا ئێمە مەبەستمان ئەوە نیە. بارق گوتی کەواتە بە خەڵکەکە بڵێ بگەڕێنەوە. ناچار کێخوا بە نادڵی ڕووی وەرگێڕاو بە خەڵکەکەی گوت بگەڕێنەوە گوندەکە. خەڵکەکە لەنێوان خۆیان کە گوێیان لەو قسەیە بوو، کردیانە گفتوگۆ، هەر یەک بۆچوونێکی هەبوو، بارق کە بینی ناڕەزاییەکان خەریکە زیاد دەکەن، بە دەنگی بەرز بێ ئەوەی حیساب بۆ کێخوا بکات، بە سەربازەکانی گوت بەزۆر

بیـــانگێڕنەوە. ســـەربازەکان کە بینیـــان خەڵـــکەکە هەر نـــــاگەڕێنەوە، بە قۆنـــــداخ و بـــــۆکس و پـــــێلەقە، وەریـــانگەڕانێ، لە پـــێش چـــاوی منـــداڵ لە باوکەکانیانـــداو لە پـــێش چـــاوی مێـــرد پرچـــی ژنەکانیـــان ڕاکێشـــا و پاڵیـــان بە پیرێـــژن و پیرەمێردەکـــان وەنـــا، تـــا بەزۆر ناچاریـــان کـــردن گەڕانەوە. چ گەڕانەوەیەک؟ بـــۆ نـــاو گونـــدێکی بـــۆن تەرمـــی ســـاردو ســـووڕی بـــێ ڕووح. لەو ڕۆژەوە ئیتـــر نەک هەر مرۆڤەکـــان، بەڵکـــو چۆلەکەکـــانیش لەســـەر سولاوکەکان غەمبار هەڵدەنیشتن.

(٥٦)

نەدیم و پێشمەرگەکان کە بەوەیان زانی بارق و سەربازەکان نەیانهێشتووە خەڵکی گوندەکە کۆچ بکەن، لە دڵیان گران بوو. نیوەڕۆ بوو هەموویان جل و بەرگ و یاتاخەکانی خۆیان لە ئەشکەوتەکە هێنابووە دەرەوەو بەسەر تاوێرە بەردەکانیان دادابوو، تا ڕۆژ لێیان بدا، بەخۆشیان لەلایەک دانیشتبوون. دالّی سەردار گوتی هاوڕێیان ئەو سەربازگەیە لە سەرەتای زستانەوە لە بەرگریدابووە،

سەربازەکان زۆرن، پێویستیان بە خۆراک و فیشەکیشە، باشترین شت ئەوەیە لێرەیەوە لێنەگەڕێین خۆراک و فیشەک لە هیچ ڕێیەکەوە پێیان بگات، کە خۆراک و فیشەکیشیان پێ نەگەیشت سەربازەکان بێزار دەبن و بەرگریشیان لاواز دەبێ، هێدی هێدی دەپووکێنەوە، وەک ئەو دارەی کە بە تۆندی ئاوقەدی بە ژێیەک دەبەستریتەوەو ئاو و خۆراک بە لق و پۆپەکانی ناگات، تا ووشک دەبێت. ڕەنجدەری لاوچاک پێشنیارەکەی داڵی سەرداری پێ جوان بوو. هەمووشیان ئامادە بوون بۆ چالاکی، هەتا نەدیمیش چونکە دوای هەڵستانەوەی داڵی سەردار و چاکبوونەوەی برینەکانی، نەدیمیش چاک بۆوە. لەو ڕۆژەوە بیریان کردەوە ڕێگایەک بدۆزنەوە تا هەرکاتێک لە هەر شوێنێکەوە کەل و پەل بۆ ناو سەربازگەکە نێردرا، هەواڵیان پێ بگات. چونکە نەدەکرا ڕۆژانە بە خۆیان لە لوتکەکە دابەزن بۆ سەر ئەو ڕێیەی کەل و پەلی پێدادێت، تا تووشی ئەو کاروانە دەبن، بەتەمان لێی بدەن. لەبەر ئەوەی لە چیاکە دوور دەکەوتنەوە، دەکەوتنە پێدەشتێک

دەبینـــدران و بە نـــوێژی نیـــوەڕۆ شـــەڕوپێکدادان لە شـوێنێکی وەهـا و گەڕانەوەیـان بـۆ چیـاکە بە سـەلامەتی زەحـــمەت بـــوو بکرابـــا. بەڵام ئەوەی ئەوان لە ئاســـمان بەدوای دادەگەڕان لەسەر زەوی بە دەستیان کەوت.

ئێـــــوارەکەی جاشـــــێک بە چیـــــاکەدا هەڵـــــگەڕا، لە ئەشـــکەوتەکە نزیـــک بـــۆوە، کە نەدیـــم و وان هەســـتیان پێکـــرد ســـەرەتا دەســـتیان کـــردە تفەنگەکانیـــان، بەڵام جاشـــەکە هەر لە دووڕا هـــاواری کـــرد مـــن بـــۆ شـــەڕ نەهـاتووم، مـن هـاتووم بەگەر ئێـوە بـکەوم. نەدیـم و وان ناچـار هەڵستانەوەو ڕێیـان پێـدا لێیـان بێـتە پـێش. کاتێـک گەیشـتە لایـان دۆقەیـان لەگەڵ کـرد و جاشـەکەش خـۆی پێیـــان ناســـاندند، گـــوتی مـــن نـــاوم دەورانە. نەدیـــم و وایـــش بەخێرهاتنیـــان کـــردو لە تەنیشـــت خۆیـــان دایاننیشـــاند. ســـەرەتا ڕەنجـــدەری لاوچـــاک بە ووردی لێـــی ڕوانـــی، گومـــانی لێـــی هەبـــوو، ئەوە هەر لەخـــۆڕا هـــاتبێ، بەڵام کاتێـــک دەورانـــی جـــاش کەوتە قســـەکردن، نەدیـــم و پێشـــمەرگەکان بۆیـــان دەرکەوت ئەو کەســـێکی سەرکێشـــە، کەســـێکە لەو کەســـانەی بـــێ ئەوەی بزانـــێ واتـــای شـــەڕ چـــیە، بەگەر کەوتـــووە، کەســـێکە حەزی لە

تفەنگ و تەقەو جل و بەرگی تۆندو چیاوچۆڵە. کە لەناو هەموو شەڕێکی ئەو دونیایە تا ئێستا ڕووی داوەو بەردەوامەو دەیەوێ ڕووبدا کەسانی ئەوها هەن. هەر زووش لەگەڵ دالّی سەردار بووە هاوڕێ، بەتایبەتی کاتێک زانی مەی پێیە. بۆیە لە دانیشتنەکە خۆی نەگرت بە دالّی سەرداری گوت دەکرێ چەند قومێک لە مەیەکەتم بدەیەی؟ دالّی سەرداریش ئەگەرچی دلّی نەدەهات بەخۆی بە تێری لێی بخواتەوە، زەمزەمیەکەی دەستی پێدا، ئەویش کەمێکی لێ خواردەوەو دەستی بە قسەکردن کرد لەبارەی سەربازگەکە ،گوتی زۆربەی سەربازەکان حەزدەکەن لەو شوێنە بڕۆن، بەتایبەتی دوای بۆنی ئەو هەموو تەرمە، بەڵام بارق و هەندێک لە سەربازەکانیتر ڕێ بەوە نادەن. ڕەنجدەری لاوچاک لێی پرسی ئەدی تۆ بۆ ئەوێت بەجێهێشت، ویستت بەگەر ئێمە بکەوی؟

دەوران بە سەری گەرمەوە گوتی لەبەر بۆنی تەرمەکان، کەس ناتوانێ لە خوارەوە بژی. ڕەنجدەرو نەدیم و جوتیارەشێت و دالّی سەردار دایانە قاقای

پێکەنین. دەوران سەری لەو پێکەنینە سووڕما، بۆیە خۆی پێنەگیرا، گوتی بەچی پێدەکەنن؟ ڕەنجدەر گوتی بە وەڵامەکەت، کە تابلێی سادەو ڕاستگۆیانەیە. کەواتە هەر بۆ ئەوەندە هاتووی؟

دەوران بڕێک بیری کردەوە لەوە بەواتاتری نەدۆزیەوە پێیان بڵێ، گوتی بەڵێ بەدڵنیاییەوە. دالّی سەردار بەجواب هات گوتی کەوایە ئەگەر ئێستا بتنێرینەوە بۆ ناو سەربازگەکە ناچی؟ دەوران گوتی نا، بۆچی بچمەوە؟ دالّی سەردار گوتی بۆ چالاکیەک، ڕەنگە بەتۆ بکرێ، بێ ئەوەی هەستیشت پێ بکەن. دەوران کەیفی بەو قسەیە هات، گوتی چ چالاکیەک؟

دالّی سەردار گوتی بڕۆوە ناو سەربازگەکە، هەرکاتێک زانیت ئۆتۆمبێلەکانی کەل و پەل هێنان بەڕێوەیە، بۆ ئەوەی کەل و پەل بێنن بۆ سەربازەکان، تۆ هەواڵمان پێبدە، ئایا ئەوە دەکەی؟ دەوران قومێکیتری لە مەیەکە خواردەوەو گوتی بە دڵنیاییەوە. لەخۆشی چالاکیەکە لەبیری کرد خوارەوە هەر بۆن تەرمەکانی جارانی لێ دێ.

دالّـی سـەردار گـوتی بەس کێشـەیەک هەیە، تـۆ چـۆن هەواڵەکەمـان پێـدەدەی پـێش وەخـت؟ دەوران گـوتی ئاسـانە، کە ئێـوارەکەی زانـیم، گـوللەیەکی هەریـق بەو ئاراسـتەیەدا داوێـم، ئێـوە ببیـنن. ڕەنجـدەر لەوکـاتە بە جـواب هـات گـوتی نـا، ئەو ڕێـیە ئاشـکرایە، دوای چـالاکیەکە دەتکـوژن. پێویسـتە ڕێیەکیتـر بـدۆزینەوە.

نەدیـم کە دەمێـک بـوو هەر گـوێی گـرت بـوو، لەگەڵ جوتیـارە شـێت، گـوتی مـن ڕێیەکـی باشـتر شـک دەبەم، بـا ئێـوارەکەی کە زانـی، بـاری کەل و پەلەکـان بەڕێـوەن، دەنـگ نەکـات، سـبەینێ زوو، بە فێڵـی ڕیشتاشـین دەسـت بکـاتە ئـاوێنەیەک و لەنـاو سـەربازگەکەڕا، بە هـۆی ڕۆنـاکی ڕۆژەوە تیشـکمان بـۆ بنێـرێ، ئـێمەش کەبینیمـان دەزانین مەسەلە چیە.

ڕەنجـدەر گـوتی ئـافەرین نەدیـم، ئەو ڕێـیە نایـابە. بەڵام ئێستا چـۆن بگەڕێـتەوە نـاو سـەربازگەکە؟ نـالّێن لەکـوێ بـووی؟ دالّـی سـەردار گـوتی ئاسـانە پێویسـتە پـێش ئەوەی بەیـانی دابـێ، خـۆی بگەینێـتە نـاو گونـدەکە، لەوێ هەنـدێک مریشـک بـوو عەلەشـیش بـوو، هەرچـی کەوتە دەسـتی بیگـرێ ، لەگەڵ دونیـا ڕۆنـاک داهـاتن بچێـتەوە

ناو سەربازگەکە، تا وابزان لە پەلەوەر دزین و ئەو شتانە بووە، لە برسان. دڵنیام قسەشی لەگەڵ ناکەن، چونکە ئەوە لەکاتی شەڕ هەر ڕوودەدا، کەسی سەرباز بیکات. ئەو شەوە تا درەنگ نەدیم و وان لەگەڵ دەورانی جاش دانیشتن، دواتر کە زانیان شەو درەنگ داهاتووە، دەوران بەپێی پیلانەکە لە لوتکەکە دابەزی و بە سەری مەستەوە بەرەو گوندەکە ڕۆیشت. جوتیارو دالّی سەردارو ڕەنجدەرو نەدیمیش یاتاخەکانیان بردەوە ناو ئەشکەوەکەو هەر یەک لە شوێنێک ڕایانخست، ئینجا لەسەری ڕاکشان و هێدی هێدی بە دەم قسەکردن لەسەر دەوران، خەویان لێ کەوت. تەنیا نەدیم نەبێ، کە دەبوا نۆبەبگرێ، ئەویش بەدانیشتنەوە لەبەر دەرکی ئەشکەوتەکە بیری لەلای مەستان بوو.

***** ***** *****

کە دونیا ڕۆناک داهات، دەوران بەخۆی و بە چەند عەلەشیش و مریشکێکەوە، کە سەری هەموویانی بڕی

بوو، چۆوە ناو سەربازگەکە، لە دوورەوە بارق بینی، بانگی کردە پێش کابینەکەی خۆی. کاتێک دەوران گەیشتە لای بارق لە تەوقی سەری تا بنی پێی تەماشاکرد، چەند مریشکێک و عەلەشیشێک لاقیان بە قەیتانێک لێک گرێدرابوو، بەسەراوژێری لەسەر شانی دەوران شۆڕببوونەوە، بێ سەر.

ئەو دیمەنە سەرنجی بارقی ڕاکێشا، بۆیە پێی گوت ئەی پیاو لەکوێ دێیەوە؟ دەوران گوتی لەناو گوند. بارق گوتی بۆ چوویە ناو گوند؟ دەوران گوتی برسیم بوو بۆیە، کەسێکیش برسی بێ مەعقول نیە، دەستەوئەژنۆ دابنیشێ. سەربازی برسی دەبێ نان بۆخۆی پەیدا بکات، تا توانای شەڕکردنی هەبێ. ئێمە ناکرێ لێرە لەبرسان دابنیشین تا لەسەرەوە خواردنمان پێ دەگات.

بارق لە شوێنەکەی هەڵستاوەو لێی نزیک بۆوە، سەیری ناو چاوەکانی کرد، پاشان ڕووی وەرگێڕاو بە سەربازەکانی نزیک خۆی گوت، ئەوە سیفاتی گورگە، دەبێ سەربازی ڕاستەقینە ئەوهابێ، نەک دەستەوئەژنۆ دابنیشێ بڵێ شەڕ ناکەم، خواردن نیە.

یـــان بە برســـیەتی شـــەڕ نـــاکرێ، ئەو لەشـــکرەی ســـەربازەکانی بەرگەی برســـیەتی بگـــرن، ســـەردەکەوێ. ئینجـــا ڕووی کـــردەوە دەوران و گـــوتی ئەو نێچیـــرانە بەشـــی منـــی تێـــدایە؟ دەوران گـــوتی بەڵـــێ، حەزت لە گۆشـــتی کامیـــانە، عەلەشـــیش یـــان مریشـــک؟ لەوکـــاتە بە قەیتـــانەکەوە پەلەوەرەکـــانی لەشـــان هێنـــا خـــواروێ. لە پـــێش خـــۆی دانـــا، بـــارق گـــوتی عەلەشـــیش. ئینجـــا دەوران عەلەشیشـــێکی لەقەیتـــانەکە کـــردەوەو دایە بـــارق. ئەوانـــی تریشـــی خســـتەوە ســـەر شـــانی و چـــۆوە ئەوخیـــوەتەی لێی بوو.

لەدوای ڕۆیشـــــتنی دەوران یەکێـــــک لە ســـــەربازەکان چـــووە لای بـــارق، کە لەوکـــاتە لەســـەر دووســـەرباز ڕاوەســـتابوو، عەلەشیشـــەکەیان لە پێشـــەخۆیان دانـــابوو چـــای بـــکەن، گـــوتی ئەو جاشـــە بە ئەنقەســـت ئەو پەلەوەرانەی دزیـــوە، تـــا نـــاوی ســـەربازەکان ناشـــیرین بکـــات لەلای خەڵـــکەکە. حەقە تـــۆ قبـــوڵ نەکەی. بـــارق ڕووی تێکـــردو گـــوتی ئەگەر ســـەگی مـــاڵەکەت برســـی بـــێ، نەشـــهێڵی لە شـــوێنێکیتر شـــت بخـــوات، چ ڕوودەدا؟ ئایـــا نـــابێتە دووژمنـــت؟ ســـەربازەکە گـــوتی بێگومـــان ڕقـــی

لێت دەبێتەوە. بارق گوتی کەوایە بیربکەوە لەسەر ئەو برسییەتیە نەهێلێین ئەوانەی لەژێر دەستمانن خواردنیش بۆخۆیان پەیدابکەن، دەڕۆن. یان ئەگەر بشمێننەوە، بەمشێوەیە شەڕمان بۆ ناکەن، کە دەمانەوێ؟ سەربازەکە گوتی ئەوەش ڕاستە. بەڵام پرسیارێک کەی بە بڕوای تۆ خواردنمان بەپێی پێوست پێ دەگات؟ بارق گوتی بەمزووانە، ئێمە سەرەوەمان ئاگادار کردۆتەوە، بەڵام بەخۆشت دەزانی لەگەڵ وولاتی ئێران لەسەر سنوور شەڕە، بە جۆرەها چەکی قورس. ڕۆژانە هەزاران سەربازی ئێراقی شەهید دەبێ، ئایا ئێمە زەرورترین یان ئەوان، کەل و پەلیان پێبگات؟

(٥٧)

لەناو گوندەکەی ماڵی مەستان ئەو سبەینێیە دەنگی مەڕومالأت دەهات، دیاربوو شوانەکان هێشتا بۆ لەوەڕ مەڕو بزنەکانیان دوور نەخستبۆوە، ژنانیش نانیان دەکرد، دوو دوو دانیشتبوون و یەکێک بە تیرۆک ئەنگوتکی پان دەکردەوە لەسەر فەرشەی دار، یەکێکیش بە ناوبرێشک لەسەر سێر نانەکەی وەردەگێڕا، بۆنی نانی خۆمانەو گژوگیای بەهاری و هەوێز، دونیای داگرتبوو.

مەستان لە بن هەیوانی ماڵەکەیان پرچە ڕەنگ خەنەیەکەی بەردابۆوە، سەرپۆشێکی بە گورینگی شینیشی لە نێوچاوانی ئاڵاندبوو، تاخمێک چای لەپێش بوو، دەیویست چا تێبکات. سیاوەردیش لە دوورەوە کەزانی کاتی نانخواردنە، مەڕومااڵتەکەی بە توتکەی ئاقڵ سپاردو بەخۆی گەڕاوە ماڵ. کە لەبەرامبەر مەستان دانیشت، مەستان چایەپەستەکەی بڵند کردو لولەکەی شۆڕکردەوە، خوڕەی چاکە هات، کاتێک تێیکردە ناو پیاڵەیەک لە پیاڵەکان، ئینجا بە بن پیاڵەکەوە ئەو پیاڵەیەدا دەستی سیاوەرد، دواتر لەناو سێنیەکە سەری چەند قاپێکی لادا، ناو قاپەکان دەرکەوت ژاژی و پەنیرو قەیماغی تێدایە، ئەستوکێکی گەرمیشی لەناو سەرنانەکەی تەنیشی دەرهێنا.

لەکاتی ئەو جوڵانە دەتگوت شابانۆیەکە بەهۆی تازە لەخەو هەڵستانەوە هێشتا خومارە چاوی. سیاوەردیش کە ئەستوکەکەی لێ وەرگرت، مەستان دەستی خستە بن چەنەگەی و لێی ڕامـا. سیاوەرد دەمێک بوو ئاگای لێ نەبوو لەبەر نان خواردن، مەستان سەیری دەکات. لەپڕ کە سەری بڵند کرد،

مەستانی بینی بم شێوەیە سەری سووڕما، کە هەر لە عاشقێک دەچوو لە مەعشوقەکەی بڕوانێ. گوتی چیە ژنەکە بۆ وا تەماشام دەکەی. مەستان بە نیمچە خەندەوە گوتی هیچ، نانەکەت بخۆ دواتر پێت دەڵێم. سیاوەرد گوتی چیم پێ دەڵێی، شتێک بووە؟

مەستان گوتی بەڵێ کەتن گەورە چۆن هیچ نەبووە. سیاوەرد ڕەنگی تێکچوو، بەپەلە نانەکەی خواردو پیاڵەکەی خستەوە ناو سێنیەکەی پێشی، گوتی تەواو ئێستا لە نانخواردن بووەوە، پێم بڵێ. مەستان سێنیەکەی لابردو لە سیاوەرد نزیک کەوتەوە، گوتی لەسەر چۆک دانیشە، سیاوەرد لەسەر چۆک دانیشت، بەخۆشی هەڵستاوە سەر پێیەکانی و لەسەر سەری ڕاوەستا، گوتی بڵێ بەخێربێی ئەی خاوەن شکۆ. سیاوەرد سەیری پێهات، گوتی بۆوات پێ بڵێم؟ تۆخۆت دەزانی هەر لەلام خانم و خاتوون بووی، هەر ئەوهاش دەمێنیەوە. مەستان توند گوێی گرت، گوتی کوڕە چیم پێ گوتی ئەوە بکە. سیاوەرد ناچار ئەوەی مەستان پێی گوتبوو، ئەنجامیدا. گوتی بەخێربێی ئەی خاوەنشکۆ. ئینجا مەستان پێی گوت

سیاوەرد من زگم هەیە، تۆ ئیتر دەبیە باوک ئاگات لێ نیە؟ تۆ بەو قسانە پێشوازیت لە منداڵەکەت کرد.
سیاوەرد شڵەژا، چاوەکانی پڕئاو بوون، گوتی من دەبمە باوک، یەعنی زگت ئێستا منداڵێکی تێدایە دڵی لێدەدا، ئەوەت بەڕاستە؟
مەستان گوتی بەڵێ. سیاوەرد لەوکاتە توند ڕوومەتی بە زگی مەستان وەناو لە قورپەی گریانیدا.
مەستانیش دەستی خستە ناو پرچی و فرمێسک بەسەر ڕوومەتەکانیدا هاتەخوارێ لەخۆشیان. دوای گریانێکی زۆر سیاوەرد، هەڵستاوەو نێوچاوانی مەستانی ماچ کرد، گوتی من ئەمڕۆ ناچمە شوانیەتی، مەڕومااڵتەکە بە توتکەو شوانەکانیتر دەسپێرم با ئاگایان لێ بێ. بەخۆم بەتەنیا دەچمە سەر ڕووبارەکەو لەوێ بیر لە دۆزینەوەی ناوێک دەکەمەوە.
مەستان سەری سووڕما لەو هەڵسوکەوتەی سیاوەرد، کە تابڵێی نائاسایی دەهاتە بەرچاو، بەڵام بەسەرخۆی نەهێنا. ئیتر سیاوەرد لەماڵەوە ڕۆیشت و چووە دەم ڕووبارەکە، هێدی هێدی بە دەم

بیرکـــــردنەوە لەنـــــاوێکی خـــــۆش، دوورکەوتەوە لە ئـاوەدانی. دوورکەوتـنەوەیەک تـا ئێـوارەی پـێ چـوو، کە ئێـــوارە گەڕاوە، چـــۆوە بەرامـــبەر مەســـتان و گـــوتی ژنەکە دوو نـاوی خۆشـم دۆزیـوەتەوە، ئەگەر کـوڕ بـوو نـاوی دەنێـین جـودی. ئەگەر کچـیش بـوو نـاوی دەنێـین ئەســتێرە، پێـت چـۆنە؟ مەسـتان گـوتی هەردوو نـاو زۆر خۆشـــە پیـــاوەکە، بەڵام تۆزێـــک ئـــارامبەوە، منیشـــت خســـتۆتە دڵەڕاوکـــێ بەو هەڵســـوکەوتانەت. ئیتـــر لەو ڕۆژەڕا مەســتان و ســیاوەرد ناچـار ئارامیـان گـرت تـا منـدااڵەکە لە دایـک بـێ، چ ئارامگرتنێـک؟ ئێـواران مەسـتان وەک هەمـوو دایکەکـان گـۆرەوی و دەسـتەوانەو کـاڵاوی بچـــووکی لە ســـوف بـــۆ دەچنـــی، ســـیاوەردیش وەک باوکەکـــان لە دار یـــاری جۆراوجـــۆری بـــۆ دروســـت دەکرد.

بەشی هەژدە

(٥٨)

ڕۆژێک دوای ئازادبوونی داودی دارتاش، ئاینور که له خۆشەویستی باوکی پڕبۆوە، خەیاڵی شەهریار هاتەوە ناو سەری. لەبەر ئەوەی شەهریاریش هیچ هەستێکی بەرامبەر نەبوو لەو ماوەیە، ناچار بڕیاریدا نوشتە قوفلەکە بکات، سبەینەکەی کە ئاسمان هەورێکی زۆری لەخۆی کۆکردبۆوە، بەخۆی و بە بوکۆکە و زنجیرەکەی کڕیبووی، بەرەومااڵی خەلیفە حەمدون کەوتە ڕێ. کە گەیشتە پێش ماڵیان لە

دەرگای دا، هەندەی نەبرد منداڵەکەی خەلیفە بە بەپێکەنینەوە دەرگای لێ کردەوە، ئاینوریش وەک جارەکانی پێشوو چووە بن هەیوانەکە، لەوێ لە چاوەڕوانی خەلیفە لەسەر کورسیەک دانیشت، منداڵەکەش لە پێش یەکێک لە دەرگاکان ڕاوەستا، سەیری ئاینوری دەکرد، ئاینوریش بۆئەوەی بیدوێنێ بە دەست بانگی کردە لای خۆی، منداڵەکە لەگەڵ بانگکردنەکەی ئاینور چووە پێش، تا گەیشتە نزیکی. ئاینور لەسەر یەکێک لە کورسیەکانی تەنیشتەخۆی داینا و پێی گوت ناوت چیە؟ منداڵەکە وەڵامی نەداوە، لەوکاتە دەستی کردە پرچی ئاینورو یاری پێدەکرد. ئاینور دووبارە لێی پرسیەوە کوڕە جوان ناوت چیە؟ منداڵەکە دیسان وەڵامی نەداوە. ئاینور ئەوجارە لێی پرسی باشە ناوی خۆتم پێ مەڵێ، ئەدی حەزت لە چیە؟ منداڵەکە بە پێکەنینەوە گوتی فڕین، حەزدەکەم بفڕم، بەو بااڵنە. لەگەڵ ئەو قسەیە سەیری قۆڵەکانی خۆی کرد. ئاینور سەری لەو وەڵامە سووڕما. بۆ ئەوەی زیاتر بیدوێنێ گوتی باشە ئەگەر گەورەبی حەزدەکەی ببیە چ؟ منداڵەکە هەر بە پێکەنینەوە گوتی

بـــا گەورەبـــم پێـــت دەڵـــێم. ئـــاینور زەنـــدەقی چـــوو لە وەڵامەی ئەو پرســـیارەی هەمـــوو خەڵـــک لە منـــدالانیان دەکـــرد، کەچـــی منـــدالێک بەقەد ئەو منـــدالە دروســـت وەڵامـــی نەدابـــۆوە. بـــۆیە گـــوتی باشـــە، تێگەیشـــتم. بـــۆ ئەوەی زیـــاتر نەیـــدوێنێ، دەســـتی لە جـــزدانەکەی ڕاکـــردو کێکێکـــی قـــاوەی پێـــدا. منـــدالەکە کە لێـــی وەرگـــرت، ڕاســـتەوخۆ لەلای ڕۆیشـــت و چـــۆوە نـــاو ئەو مـــاڵەی بە دەرگـــایەک دەچـــۆوە پشـــتەوەی خـــانووەکەی خەلـــیفە. دوای ڕۆیشـــتنی منـــدالەکە، خەلـــیفە لەنـــاو یەکێـــک لە ژووڕەکـــان پەیـــدابوو، لەوێـــوە بەرەو پیلـــی ئـــاینور هـــات و گـــوتی ببـــوورە لە چـــاوەڕوانیم هێشـــتیەوە، هەســـتە وەرە ژووڕەوە. ئـــاینور هەڵســـتاوەو بەگەڕ خەلـــیفە کەوت بەرەو ژوور، بەدەم ڕۆیشـــتنەوەش گـــوتی کێشـــە نـــیە، لەگەڵ منـــدالەکەت غـــافڵابووم، ئەو قســـەی زۆر ســـەیر دەکـــات، هەســـت دەکەم زیرەکیشـــە. خەلـــیفە گـــوتی بەڵـــێ، دونیـــای ئەو جیـــاوازە، هەم ســـوود لەوان دەبینـــێ، هەمـــیش لە ئـــێمە. ئـــاینور گـــوتی ئەوان مەبەســـتت جنەکـــانە؟ خەلـــیفە گـــوتی بەڵـــێ، ئەوان لە هەنـــدێک شـــت خێراتـــــرن لە ئـــــێمە، بەتـــــایبەتی لە ڕۆیشـــــتن و

وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، خەلیفە لە شوێنەکەی خۆی دانیشت و ئاینوریش لە بەرامبەری. ئاینور گوتی باشە لەبیرتە کاتێک بۆ یەکەمجار هاتم گوتت با وەختی بێ باسی شەڕی جن و شەیتانەکانت بۆ دەکەم؟ خەلیفە گوتی بەڵێ لەبیرمە. ئاینور گوتی منیش حەزدەکەم، بۆ بۆم باس ناکەی ئێستا؟ خەلیفە گوتی دوورودرێژە ئەو باسە، ڕەنگە بە چەندین شەو و ڕۆژ کۆتایی نێ. ئاینور گوتی ئاساییە ئەگەر کەمێکیشی باس بکەی، مەرج نیە هەمووی. بەتایبەتی ئەگەر لەو شوێنە دەست پێبکەی، چۆن ئەوانت ناسی، لە کوێوە ئاشنایان بووی؟

خەلیفە گوتی ئاینور ئەو شتانەی بۆ تۆی دەگێڕمەوە، نابێ بۆ کەسیان باس بکەی. دەنا جنەکان وازت لێناهێنن، خواردن و خەوتن و چوونە گەرماو و هەموو شتێکت لێ حەرام دەکەن، تەنانەت دێنە ناو جەستەشت، بۆئەوەی گیانت ئازار بدەن. ئەگەر لەخۆت ڕانابینی لە ئێستاوە با هیچ نەزانی باشترە.

ئاینور گوتی نایاندرکێنم لای کەس، ئەوە با لە ئەستۆی من بێ. خەلیفە گوتی گوێبگرە، هەندێک شت

دەڵێم ڕەنگە بەسەر تۆش هاتبێ، بۆ نموونە، قەت شتێکت لە شوێنێک داناوە نەمابێ، دواتر چووبیەوە هەمان شوێن لەوێ دۆزیبێتتەوە؟ ئاینور گوتی زۆرجار ئەوە ڕوویداوە.

خەلیفە گوتی ئەدی قەت گوێت لێبووە لە دەرگایان دابێ، چووبی دەرگات کردبێتەوە، کەسیش لە پێش دەرگا نەبێ؟ ئاینور گوتی ئەوەش ڕوویداوە. خەلیفە گوتی ئەوانە لەلام بووە جێی پرسیار، ناچار هەمیشە بیرم لێ دەکردەوە، تا ئاستێک دەترسام شێت بم. ڕۆژێک لەگەڵ ماڵەوە چووینە سەیران، لەناو چیا. لەوێ چەند خێزانێک بووین، خیوەتمان هەڵداو ئێوارەکەی ئاگرمان کردەوە، چونکە چووبووین شەو بمێنینەوە. لەدیار ئاگرەکە هەموو کچ و کوڕەکان گۆرانیمان دەگوت، من ئێستاش نازانم لەبەر چی ئاوڕی تاریکاییم دایەوە، بینیم لە ناو لکە جۆمێک، کە پڕی داری کورت کورت و لم بوو، منداڵێکی پرچ لولی بەژن بچووک ڕاوەستاوە. منداڵەکە سەیری ئێمەی دەکرد، ڕاستەوخۆ بێ ئەوەی بترسێم، لە شوێنەکەم هەڵستامەوە بەرەو لای چووم، کە چاوی بەمن

کەوت ڕایکـرد، بەپەنـا دارە کورتەکـان، منـیش کەوتـمە دوای، لەپـڕ لـێم بـزر بـوو، ڕێگاکەشـم، کەوتە نـاو دۆڵێـک ئەولاو ئەمـــلای شـــاخ بـــوو. کە ســـەیری ســـەرەوەی شـاخێکم کـرد، بینـیم منـدااڵەکە لەبەر تیشـکی مانـگ لاقـی شـۆڕکردۆتەوەو دانیشـتووە سـەیرم دەکـات، ناچـار بە شـــاخەکەدا هەڵـــگەڕام تـــا بیگەمـــێ، کەچـــی تـــا مـــن ســـەرکەوتم، لەوێـش ڕۆیشـتبوو، دوورکەوتبـۆوە، بـۆیە پـــێم وایە ئەوان خێراتـــرن لە ئـــێمە. منـــیش وازم لـــێ نەهێنـا، ئەویـش بەرەو گەریەک ڕۆیشـت تـا بڵێـی سـەخت و دژوار بـــوو، کە بەدوای داچـــوومە نـــاو گەریەکە، بینـیم لە خـــوارەوە ئۆردوگـــایەک بەدیـــار کەوت، ئـــاگرێکی گەورە لەنـــــاوی کرابـــــۆوە، بەدەوری ئـــــاگرەکەوە، قەرەباڵغیەکی زۆر دەبیندرا.

کە لە ئۆردوگـــایەکە نزیـــک کەوتـــمەوە، بینـــیم شانشـــینی جنۆکـــــانە. چ شانشـــــینێک؟ بە ســـــەدان جنـــــۆکە لەوێ کۆببـــــوونەوە، هاوشـــــێوەی ئەو منـــــدااڵە بەاڵم لەســـــەر گەورەیـــی، کە ســـەیری ناوچاویانـت دەکـرد، گلێـنەی تێـدا نەبـوو، تەنیـا ڕەشـاییەکی بـێ ڕۆنـاکی دەبینـدرا. ئیتـر کە زانیـان مرۆڤێـک چـۆتە ناویـان، هەمـوو لـێم کۆبـوونەوە،

بێ ئەوەی ئازارم بدەن، منیان بردە کن شایەکەیان. شایەکە جنۆکەیەکی تێک چەقیو بوو.

گوتی دانیشە ئەی مرۆڤ. منیش لە لای دانیشتم، هەموو جنۆکەکانیتریش بە دەورماندا بازنەیەکیان دروست کردو دانیشتن. سەمای ئاگرەکە لەناو چاوەڕەشەکانی شایەکە دەبیندرا، نەمدەزانی دەمبینێ یان نا، بەڵام وا پێ دەچوو کێشەی نەبێ. گوتی ئێمە بە ئەنقەست لەڕێی ئەو منداڵەوە کە لە سەیران بینیت و بەدوایدا هاتی سەرنجی تۆمان ڕاکێشا، بۆنێکیشمان بە هەوادا بڵاوکردەوە تا بچێتە ناو سیەکانت هاوشێوەی بەنج، نەترسێی.

کە وای گوت زانیم ئەو قسەیان ڕاستە، چونکە کاتێک بەدوای منداڵەکەوە بووم، ئەوەی لەبیرم نەبوو ترس بوو، لەوکاتی لە گەریەکەش نزیک کەوتمەوە، هەوایەکی خۆش خۆی کێشا بەناو کونە کەپووم و چووە ناو سیەکانم.

منیش پێم گوت باشە منتان بۆچیە؟ ئایا شتێک بەمن دەکرێ بۆتان بکەم؟ شایەکە گوتی بەڵێ، ئێمە لەگەڵ شەیتانەکان لە شەڕداین، شایەکەی وان بەهۆی

هەبوونی کلاوێک لە کەللەسەری گای باڵدار، کە ئێستا نەماوە لە هیچ شوێنێک، لە من بەهێزترە، دەمەوێ ئەو کڵاوەم بۆ بدزی، ئەوەش تەنیا بە مرۆڤ دەکرێ، مرۆڤێک نیەتی هیچ خراپەیەکی نەبێ، چونکە شەیتانەکان ئەو جۆرە مرۆڤانە نابینن. تۆش ئەوەندەی چاودێریمان کردی یەکێک لەو مرۆڤانەی، لە بەرامبەر ئەو چاکەیەش کە لەگەڵمان دەکەی، تا دونیا ماوە هەرچیت ویست هەزار جن بەنهێنی ملکەچی تۆ دەکەم، بۆ هەر ئیشێک پێویستت بوو، وەک چۆن جنی دونیا ملکەچی سلێمان بوو، دووڕیان لەبنی دەریا بۆ دەردەهێنا.

منیش گوتم باشە لەسەر چی لەگەڵ شەیتانەکان شەڕتانە؟ شایەکە گوتی ئەوان هەوڵدەدەن مرۆڤ فریو بدەن خراپە هەڵبژێرێت، مرۆڤیش کە خراپەی هەڵبژارد زیانی هەر بۆ خۆی نابێ، بەڵکو زیانی بۆ بوونەوەرەکانی دەوروبەریشی دەبێ، ئەو زیانەش لە ئێمەی جن بەدوورنیە، بۆیە بە پێویستی دەزانین شتێک بکەین. منیش گوتم ئەدی بۆ ئێوە ڕێ لەو دەستدرێژیانە ناگرن کە مرۆڤ دەیکات بۆ سەر ئێوە؟

شـــای جنەکـــان گـــوتی ئـــاخەر ئەوکـــات دەبێـــتە شـــەڕی ئـــێمەو مـــرۆڤ، بەو شـــەڕەش شـــای شـــەیتانەکان پـــیلانەکەی ســـەر دەگـــرێ، ئـــێمەی جـــن بە هەمـــوو فێڵەکانیـــان دەزانـــین، ئەوەی نـــازانێ و تێـــدەکەوێ تەنیـــا مـرۆڤە. گـوتم باشـە دڵنیـای مـن بـۆ دزینـی کـڵاوەکە بچـم نامبینن؟ شای جنۆکان گوتی بەڵێ دڵنیام.

لەگەڵ بردنـی کـڵاوەکەش تـۆ بـۆ ئێـرە مێـیەوە، بـڕۆ سـەر ئەو لـوتکەیێ دانیشـە، دەسـتی بـۆ لای بـاکوور درێژکـرد. کە ســەرم ســوڕاند بینـیم لـوتکەیەک ســەری نـاو هەورە ڕەش دەچێـتەوە. ئینجـا گـوتی ئەوانـیش بەهـۆی نەمـانی کـــڵاوەکە هێـــرش دەکەنە ســـەر ئـــێمە، ئەوکـــات شـــەڕ دەست پێدەکات، شەڕێک لە دژی نەمانی خراپە.

لەبەر ئەوەی شـــایەکەیان کـــڵاوەکەی نەمـــاوە لەو شـــەڕە دەدۆڕێنـــێ. منـــیش کە گـــوێم لە پێشـــنیارەکەی شـــای جنۆکـــان بـــوو، داوایەکەم ڕەتنەکـــردەوە، ڕازی بـــووم. ئەویـــش فەرمـــانی کـــرد، گالیســـکەیەکی چوارتـــایەم بـــۆ بێـــنن بە شـــەش ئەســـپەوە، تـــا زوو بگەمـــێ و زووش بگەڕێـمەوە، جنەکـانیش گالیسـکەکەیان هێنـا. گالیسـکەکە لە جـۆرە داریکـی ڕەش دروسـت کرابـوو نەزانـێ شـکان

چیە. شەش ئەسپ ڕایاندەکێشا، هەر دووانیان لە ئەسپەکان ڕەنگێک بوون، دوو ئەسپی پێشەوە ڕەشبوون، دووی دوای ئەوان قاوەیی، دووی کۆتاییش سپی وەک بەفر، هەر هەموو ئەسپەکانیش کلکیان تا بڵێی درێژو خاو بوو.

لەوێ ڕاستەوخۆ سواربووم و بەڕێکەوتم، چ بەڕێکەوتنێک؟ لە با خێراتر، چاوت بوقچاندبا و بتکردبایەوە، ملەچیایەکت تێپەڕاندبوو. دوای تێپەڕاندنی چەندەها شاخ و لوتکەو دۆڵ و ڕووبار و ڕێی پێچاوپێچ، گەیشتمە ئۆردوگایەک، کە لە گالیسکەکە هاتمە خوارەوەو لەسەر تاوێرەبەردێک لەناو قەرەباڵغیەکەم ڕوانی، زانیم ئەوە ئۆردوگای شەیتانەکانە.

لەوێ جڵەوی ئەسپەکانم لە داربەک بەستاوە، بەخۆشم بە پێ کە هەندە دوور نەبوو، بەرەو ناو ئۆردوگاکە ڕۆیشتم، کە گەیشتمە لایان، بینیم سەرو شێوەیان لە سەرو شێوەی جنەکان ناچێ، ئەوان زمانی ناو دەمیان قوفل و زنجیری ئاگراوی لێدرابوو. لەتاو نەگەڕانی ئەو زمانە، ناو گوێ و ناو کونە لووت

و ناو چاویان زمانیتری لێ دەرهاتبوو، هەموو زمانەکان وەک مار دەیان کیفکاند، چاویان دەگێڕا شتێک ببینن بۆ خەڵکیتری بگێڕنەوە. یان بزانن کێ لەگەڵ کێ نێوانی خۆش نیە، قسەیەک بکەن شەڕەکە تیرتربێ.

ئەو زمانانە لە قسەی خراپ و درکاندنی نهێنی و زەم و غەیبەت و قسە پێ بڕین لەناو دانیشتنەکان بترازێ، بۆ هیچیتر نەدەگەڕان. دیاربوو زمانە کۆنەکەی ناو دەمیشیان هەر لەسەر ئەو شتانەبوو ئەو قوفلەی لێدرابوو، لە لایان کەسێکی سزادەرەوە.

بەڵام پێدەچوو ئەو کەسە نەیزانیبێ، کێشەکە لە زماندا نیە، کە بۆخۆی پارچە گۆشتێکە، کێشە لەو شوێنەیە زمان دەجوڵێنێتەوە، ئەو شوێنە چانەکرێ، سەدان زنجیرو قوفلیش لە زمانەکان بدرێ، زمانیتر لە جەستە دێتەدەرەوە بۆ دەربڕین. تەنانەت هەمووشیان قوفل و زنجیر بکرێ، ئەوجارە زمانی ئاماژە، جا بە چاو بێ، یان بە برۆ، یان بە لچ هەڵێنان دەکەوێتە کار، کە زۆرجار لە مرۆڤەکان بینیتمان بۆ لایانی خراپە چۆن بە کاریان هێناوە.

بەڵام ئەوەی سەیربوو، هەر بەڕاستی منیان نەدەبینی، چونکە لە هەندێک شوێن من ڕوو بەڕوو سەیریانم دەکرد، ئەوان ئاگایان لێنەبوو.

منیش بەناو هەموویاندا تێپەڕیم تا گەیشتمە شوێنی شایەکەیان، کە لەناو کۆشکێک دەژیا، لە قەد شاخ تاشرابوو، دەبوا بە قادرمەیەکی بەردین بەسەر بکەوی، ئەو کۆشکە پێکهاتبوو لە چەندین نهۆم، هەر نهۆمی ستونی گەورەو ئەستوری بۆ دادرابوو، هەموو نهۆمەکانیش بەلەکۆنی خۆی هەبوو، چەندین ژنی شەیتان لەو نهۆمانە مەیان دەگێڕا، مەیەک لە خوێنی ئاسک دروستکرابوو.

هەر لەناو کەللەی ئاسکیش مەیەکان دابەشدەکران بەسەر ئەو کەسانەی پاشا خواستبووی بێنە دیداری.

لەوێ کە چاوم بە ژنە شەیتانەکان کەوت، دەمێک ئەقڵم لەدەستدا، ئەو ژنانە پرچیان زەرد بوو، تا سەر سمتیانی داپۆشت بوو، جار جار لەگەڵ جوڵانەوە، ئەو شوێنەیان بەدەر دەکەوت، زولفیشیان بەسەر مەمکیاندا پەخشان ببوو، تا مەمک و سینگیان ببیندرێ و نەبیندرێ، سەر گۆی مەمکەکانیان قیت دەردەکەوتن

هەڵـــقەی زێڕیـــان لـــێ قـــایم کرابـــوو، گوێیەکانیشـــیان گوارەی گەورەو شۆڕی پێوەبوو،
دەرپێکانیشـــیان لە چەرمـــی ئـــاژەڵان دووراب ـــوو. بەڵام باریـــک، هەر یەکەو کـــونێکی سێگۆشەشـــی بـــۆ کرابـــۆوە، تـــا هەوا پێیـــدا بچێـــتە ژوورەوە. چـــاوی ئەو ژنـــانە کەســـک بـــوون، کەپووشـــیان قیـــت و گۆشـــتن، لێویشـــیان ئەســـتوور، هاوشـــێوەی گـــوڵی تـــازە پشـــکوتوو. هەمـــوو بـــۆنی نـــاو باخیـــان لێـــدەهات کاتێـــک بەلاتـــدا تێـــدەپەڕین. بەحـــاڵ دانـــم بەخۆمـــدا گـــرت ئەو شـــوێنە تێپەڕێـــنم، کە هەمـــوو ئەو دیمەنـــانە منیـــان خســـتە ســـەختترین شـــەڕ، لەگەڵ غەریـــزە. کە پێشـــم وابـــوو ئەو ژنە شـــەیتانانە بـــۆ ئیشـــێکیتریش دانـــدرابوون، جیـــا لە مەیگێـــڕان، ئەویـــش هەڵخەڵەتانـــدنی مرۆڤـــی وەک مـــن بـــوو، بـــۆئەوەی ئەگەر بچێـــتە نـــاو کۆشـــک دەربـــازی نەبـــێ بەهـــۆی ئەوەی نـــایبینن، بەڵکـــو خـــۆی پێنەگیـــرێ و بچێـــتە لای ئەو ژنـــانە، تـــا ڕاســـتەوخۆ ئاشـــکرابێ، هـــاتۆتە نـــاو شـــەیتانەکان. واتـــا نزیکبـــوونەوە لەو ژنـــانە وایـــدەکرد لەوێ ببینـــدرێی، ئەوە تەلیسمەکەیان بوو.

کە ژنە شـــەیتانەکانم تێپەڕانـــد، ڕاســـتەوخۆ شـــای شـــەیتانەکانم بینـــی، لەبەر دەرکـــی ئەشـــکەوتێکی گەورەو شـــێوە سێگۆشـــە، لەســـەر تـــاتە بەردێـــک، کە دەوروبەری بە ئـــاگر ڕۆنـــاک کرابـــۆوە ڕاکشـــابوو، شـــانی بە بەردێکیتر کردبوو، کە هەندەی باڵیفێک دەبوو.

مێزێکیشـــی لەپـــێش بـــوو، لەســـەر مێـــزەکە گـــۆزەی مەی و سەبەتەی پڕ لە جۆرەها میوە داندرابوو.

بەزۆری لەنـــاو میوەکـــان هەنـــارو تریـــی زەردی دنـــک دریـــژ و هەنجیـــر دەبینـــدرا. دوو ژنـــیش باڵیـــان هەبـــوو لە پـــرچ، لەولاو لەمـــلای ڕاوەســـتبوون، ڕاســـتەوخۆ چـــاوم لە کـــاڵاوەکە گێـــڕا، بینـــیم شـــای شـــەیتانەکان لەســـەر تـــاتە بەردەکەی تەنیشـــتەخۆی دانـــاوە، قۆچەکانیشـــی هێشـــتا پێوەیە.

بەڵام لەکـــاتێکی وادا کە هەمـــوو بە ئاگـــابوون، نەدەکـــرا دەســـتی بـــۆ بـــبەم، ناچـــار بیـــرم کـــردەوە، تـــا ئەوان کـــاتی خەوتنیـــان دێ، مـــن بەنـــاو ئەو خـــانووانەدا بگەڕێـــم، کە لەقەد شـــاخەکە هەڵکۆڵـــدرابوون، نەمزانـــی ئەوەش جـــۆرە حەزێکـــی مـــرۆڤە، چـــاوگێڕان بەنـــاو شـــوێنی تاریـــک و

تـــونێلی دووروودرێـــژو سەیروســـەمەرە، ئەوان بـــۆیە وا دروستیان کردووە تاکو تێیدا بزربین.

کە چـــوومە نـــاو یەکێـــک لە خانووەکـــان، بینـــیم ژوورەوە چەنـــدین دەرگـــای لێـــدەبێتەوە، هەر دەرگـــایەک دەڕوا بـــۆ قـــــوڵایی شـــــاخەکە کە ئەو دەرگـــــایەم تێپەڕانـــــد، لەدەرگـــایەکیتر چـــوومە ژوورەوە، ســـەرم گێـــژی خـــوارد، هێشـــتا هەنـــدە دوور نەکەوتبـــوومەوە، نەمزانـــی بەنـــاو کـــامە دەرگـــا هـــاتیمە ژوورێ. لەوێ بە بیـــرم هـــاتەوە نـــابێ فریـــوی ئەو هەمـــوو دەرگـــایە بخـــۆم، شـــەیتانەکان لەقەد ئەو شـــــاخە هەڵیـــــان کۆڵیـــــوە بەپەلەپەل گەڕامەوە بـــۆ دەرگـــاکەی پێیـــدا هـــاتبوومە ژوورێ، کە دۆزیـــمەوە، هەناســـەیەکی قـــوڵم هەڵکێشـــا، پشـــتم بە دیواریـــک کـــردو دانیشـــتم، پـــێم وابـــوو دانیشـــتن و چـــاوەڕێکردن لە شـــۆینی وا باشـــترە، لە ســـووڕانەوە بەبـــێ ئەنجـــام، لە حالەتێـــک بـــۆ ئیشـــێکیتر هـــاتووم، بـــۆ ئەوەی ئامـــانجەکەم لـــێ نەگـــۆڕێ. کە شـــەو درەنـــگ داهـــات، هەســـتم کـــرد شـــەیتانەکان هێـــدی هێـــدی کەم دەبـــنەوە، هەمووییـــان دەچـــوونە نـــاو خـــانووە هەڵکۆڵـــدراوەکان، نەدەهـــاتنەوە دەرێ، تەنیـــا ئەوانە نەبـــن پاســـەوانیان دەکـــرد، ســـەیرم

پێهات ئەو هەموو شەیتانە چۆن جێیان دەبێتەوە لەو قەد شاخە، مەگەر وەکو مێروولە شاریان چاکردبێ لەناوەوە.

لەدوورەوە بینیم دەوروبەری شای شەیتانەکان چۆڵ بوو، دوو کچە باڵدارەکەش لەولاو لەملای ڕاکشان، باڵە پرچەکانی خۆیان پێدادا، بەڵام لەگەڵ خەوتنی شایەکە، ئەو دەوروبەرە پڕی پاسەوان بوو، جۆرە چەکێکیان پێبوو ئاگری دەهاوێشت.

کە بینیم شایەکە خەوی لێکەوتووە، بەناو پاسەوانەکان چوومە پشت سەری، دەمێک لەوێ ڕاوەستام، بەڵام بۆنێک دەهات، هەرگیز بۆنی ئەوها خۆش و نەشئەبەخشم نەکردووە، دڵم لەگەڵ ئەو بۆنە کەوتە کوتە کوت، کە زیاتر هەناسەم هەڵکێشا تا بۆنەکە بکەم، بۆم دەرکەوت بۆنی باڵە پرچاویەکانی دوو ژنەکەیە لەگەڵ شا خەوتوون، ئاخ ئەگەر دەزانی چ بۆنێک بوو؟ حەزم کرد دەست دەمە پرچیان، بەڵام دووبارە پێم وابوو ئەوەش تەلیسمە.

ناچار کە سەیری پاسەوانەکانم کرد ڕوویان لە لای شا نیە، دەستم کردە کڵاوەکەو خۆم خستە قوژبنێکی

تاریـــــک، لەوێـــــوە بە تاریکـــــایی، لە شـــــایەکە دوورکەوتـــمەوە، خـــۆم لە هەمـــوو پاســـەوانەکانیش دەربـاز کـرد، هێشـتا نەگەیشـتبوومە گالیسـکەکەی پێـی هـاتبووم، گـوێم لـێ بـوو لەنـاو ئۆردوگـایەکە بـووە هەراو زەنـــا، منـــیش زانـــیم بە ئاگـــا هـــاتوون لەوەی کـــلاوی شـــایەکەیان بـــردراوە، بە غـــاردان جـــلەوی ئەســـپەکانم لە دارەکە کـــردەوەو ســـواری گالیســـکەکە بـــووم، ئینجـــا هـاوارم لەســەر ئەســپەکان کـرد بـڕۆن، لەگەڵ دەنـگەکەی مـــن تێیـــان تەقانـــد، بەو نـــاوچە شـــاخاویانەدا بەرەو ئەو لـوتکەیە ڕۆیشـتن کە شـای جنەکـان پێـی گوتبـووم، بـڕۆ وێ ئەگەر کلاوەکەت برد.

کە گەیشـــتمە لـــوتکەکە، لە دوورەوە بینـــیم، بە هەزاران شـــەیتان، بەرەو مەملەکەتـــی جنەکـــان بەڕێـــوەن، بە کەڕەنـــاوە، زانـــیم تەواو ئەو شـــەوە قیـــامەت هەڵدەســـتێ. هەنـــدەی نەبـــرد، شـــەیتانەکان گەیشـــتنە بنـــارەکە، جنەکـــانیش بە کەڕەنـــای جەنگـــی بەریـــان لـــێ گـــرتن، لەبڵنـــدیەوە وەک دوو لەشـــکری گەورە لە بەرامـــبەر یەک ڕاوەســـتان، هەردوولا ڕێزیـــان بەســـتبوو، شـــای

شـــەیتانەکان لەســـەر ئەســـپێکی لەئـــاگر دروســـتکراو لەپێشەوەی لە شکرەکەی خۆی دەهات و دەچوو.
شـــای جنەکـــانیش لەســـەر پشـــتی ئەســـپێک بـــوو لە هەور، بە تەن ئاوی لەخۆیدا کۆکردبۆوە.
شـــای شـــەیتانەکان لەوکـــاتە دەســـتی بەرزکـــردەوەو بڕیـــاری ئـــاگر بارانکردنیـــدا، کە شـــەیتانەکان شـــایەکەیان بینـــی، ڕێـــزی پێشـــەوە چـــوونە ڕێـــزی دواوە، لەپشـــتە خۆیـــان چەنـــدان مەنجەنیـــق بە دیـــار کەوتـــن، هەمـــوو قیـــڕی کـــوڵاوی تێـــدابوو، ئەو قیـــڕانەی بەهـــۆی بۆڕکـــانەوە لەبـــن شـــاخەکان هەن، ئینجـــا شـــایەکە دیســـان دەســـتی بەرزکـــردەوە، مەنجەنیقەکـــان بتەقێـــنن، شـــەیتانەکانیش مەنجەنیقەکانیـــان تەقانـــد، ئاســـمان بـــووە یەک پـــارچە ئـــاگر، ئاگرێـــک بەرەو جنەکـــان دەڕۆیشـــت، بەڵام شـــای جنەکـــان لەوکـــاتە دەســـتی بەرزکـــردەوەو هەورێکـــی گەورەو پـــانی بەســـەر لەشـــکرەکەی خـــۆی دادا، هەورێـــک تەڕو پـــڕ ئـــاو. کە ئـــاگرو قیـــڕاوی نـــاو مەنجەنیقەکانیـــان بەســـەردا ڕژا، هـــیچ کـــاری تێنەکـــردن، تەنـــانەت ئەو هەمـــوو ئـــاگرو قیـــڕە بـــووە چـــڕە دوکەڵێـــک و بە ئاســـانی کوژاوە.

ئینجا شای جنەکان هەورەکەی لابردو ناردیە سەر شەیتانەکان، تا بەسەریاندا بپڕژێ و بە یەکجاری شەیتان و چەکەکانیان بکوژێنێتەوە.

کە هەورەکە گەیشت، لەشکرەکە شێوان، هەرچەند ویستیان خۆیان بشارنەوە پێڕانەگەیشتن، هەوورەکە ئاوەکەی ناو زگی بەسەریاندا ڕژاندو کەوتنە ژێر تۆفان، تۆفانێک ئەو ناوچەیەی سەراوژێرکرد، هیچیان دەربازیان نەبوو تەنیا شایەکەیان نەبێ، ئەویش لەبەر ئەوەی خۆی لە ناو زگی ئەسپەکەی شاردبۆوە، ئاو نەیگەیشتبوێ، دوای نیشتنەوەی تۆفانەکە، شایەکە لە ترسی جنەکان، چونکە بەدوایدا دەگەڕان، یەکجاری چووە ناخی زەوی، ئەو شوێنەی بە بەردەوامی بوڕکانی لێیە.

منیش دوای دامرکانەوەی شەڕەکە، بە سواری گالیسکەکە چوومەوە ناو جنەکان، کە چاویان پێم کەوت پێشوازیەکی گەرمیان لێ کردم، دواتر شایەکە لە تەنیشتە خۆی داینام و گوتی ئێستا سەرپشکی چ لە کلاوەکە دەکەی؟

منیش گوتم ئەوەم بۆتۆ کردووە، فەرموو، کڵاوەکەم بۆ ڕاگرت لێم وەرگرێ، کەچی سەری هێنا پێش بیخەمە سەر سەری، منیش کڵاوەکەم لەسەر نا، هەموو جنەکان کردیانە چەپڵە لێدان و کەیف خۆش بوون بەو دیمەنە، لەگەڵ لەسەرنانی کڵاوەکە هێزی پاشایەتی شای جنەکان دوو هەندە زیادی کرد. ئەویش لە بەرامبەر ئەم کڵاوە بەڵێنەکەی خۆی هێناجێ، هەزار جنی پێدام ئیشم بۆ بکەن.

***** ***** *****

خەلیفە حەمدون کە ئەو قسانەی بۆ ئاینور کرد، ئاینور چاوەکانی ئەبلەق بوون لە دیاری، نەیدەزانی باوەڕ بکات یان نا، نەیدەزانی بەسەر خۆیدا زاڵبێ کە دەیویست پێی بڵێ منیش بۆ ئەو دونیا نەبیندراوە بۆ نابەی، یان بەزووترین کات نوشتە قوفلەکەی پێ بکات و لەلای بڕوا، تا شێت نەبووە.

خەلیفە زوو هەستی بەوە کرد، بۆیە گوتی ئاینور باوەڕ بە قسەکانم بکەی و نەکەی وەکو یەکە لەلام،

چونکە دەزانم مرۆڤ چ مەخلوقێکە. ئەوەی بۆم گێڕایەوە خۆت داوات کرد، دەنا بە پێویستم نەزانیە لای کەس باسی بکەم، ئەقڵی خۆشم لەلای ئەوانیتر بخەمە ژێر گومان، تەواوم یان نا. با بیینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان، پێم بڵێ بۆچی هاتووی؟ ئاینور کە هێشتا بیری لەلای شانشینی جن و شەیتانەکان بوو، گوتی پێت دەڵێم، بەس پرسیارێک؟ ئێستاش پەیوەندیت لەگەڵ شایەکەیان هەیە؟

خەلیفە گوتی بەڵێ، بەڵام تا ئەو ئیشی پێم نەبێ، نابێ بچمە لای. ئیتر لەوبارەیەوە حەزناکەم چیتر پرسیارم لێ بکەی. ئاینور گوتی باشە، ئەوەی ڕاستیبێ هاتووم دەمەوێ نوشتە قوفلەکەم بۆ بکەی، چونکە هەست دەکەم شەهریار هیچ هەستێکی بۆم نیە. خەلیفە گوتی تێگەیشتم، ئایا بوکۆکە و قوفلەکەت هێناوە؟ ئاینور گوتی بەڵێ. خەلیفە گوتی کەوایە هەستە بچینە ژوورەوە. ئاینورو خەلیفە پێکەوە چوونە ئەو ژوورەی پێشتر پێکەوە چووبوون.

ئاینور بوکۆکە و زنجیرو قوفلەکەی دەرهێنا، دایە دەستی خەلیفە. خەلیفەش کە لێی وەرگرت، گوتیە

ئـاینور ئەو جـلانە داکەنە. ئـاینور وەک جـاری پێشـوو جلەکـانی لەبەر خـۆی داکەنـد، خەلـیفەش خـۆی ڕووت کـردەوە. دووبـارە چـووە پەنـا پەردەکەو مۆسـیقاکەی پێ کرد.

دواتـر گەڕاوەو ئـاینوری خسـتەوە باوەشـی خـۆی، بەدەم سـەماوە لەگەڵ ڕیتمـی مۆسـیقاکە گـوتی تـۆ دەبـێ هەرکـات ویسـتم بێـیە ئەو مـاڵە، چـۆنیش حەزم کـرد پەیوەنـدیمان هەبـێ ڕەتـی نەکەیەوە، نوشـتە قـوفلەکە لەسـەر ئەو بنەمـایە دەکـرێ، ئایـا ڕازی؟ ئـاینور بەسـەر لەقانـدن گـوتی بەڵـێ، بـۆ شـەهریار خەسـار نـیە. ئینجـا لەگەڵ خەلـیفە دەمیـان خسـتە نـاو دەمـی یەک و سـینگ و مەمکیـان پێـک وەنوسـاند، پاشـان خەلـیفە دەسـتی خسـتە بەرپشـتی و درێـژی کـرد، ئـاینوریش چـاوە کەسـکەکانی داخسـتبوون، پـێکەوە ئەوەی ویسـتیان کردیان.

کە تەواو بـوون، خەلـیفە هەڵسـتاوەو بوکـۆکەو زنجیـرو قوفلەکەی هێنا، لەگەڵ دەرزی و داو و مقەس.

لەسـەر ئەنـدامی مێیینەیـی ئـاینور بە مقەسـەکە، نـاو لینگـی بوکـۆکەکەی درانـد، پاشـان بە پـارچە پەڕۆکێـک،

کە لە دیـــوی ژوورەوەی نـــاوی خـــۆی و ئـــاینور نوســرابوون، ئەو ئــاوەی ڕژابــوو ســڕیەوەو خستیە نــاو زگـــی بوکـــۆکەکە، دواتـــر بە دەرزی و داوەکە دووریەوە. کە دەبـــوا لەجێـــی نـــاوی خەلـــیفە، نـــاوی شـــەهریار بنوســـرابا. ئەوەشـــی بە ئەنقەســـت کـــرد، تـــا ئـــاینور نەتـوانێ وازی لـێ بێنـێ. ئینجـا گـوتیە ئـاینور هەڵستەوە، چـــیم گـــوت بەدوامـــدا بیڵێـــوە. ئـــاینوریش هەڵســـتاوەو لەگەڵ خەلـــیفە لەدیـــار بوکـــۆکەکە دانیشـــتن، خەلـــیفە زنجیـــرو قـــوفلەکەی هێنـــا، ســـەرەتا لە دەســـتی بوکـــۆکەکەی ئالاّنـــد، بە دەم تێئالاّنـــدنەوە گـــوتیە ئـــاینور بڵـــێ، منـــی بـــوک، ئامـــادەم ئەو نوشـــتە قـــوفلە بـــکەم، بە ویســـتی خـــۆم، ئـــاینوریش ئەو قســـەیەی بەدوادا گـــوتەوە. خەلـــیفە جـــارێکیتریش زنجیـــرەکەی ســـوڕاندەوە، گـــوتی ئەوجـــارە بڵـــێ هەرچـــیم هەیە، جـــوانی، بـــۆن، نەرمـــی، شـــیرینی، دەیبەخشـــمە ئەو کەســـەی نـــاوی لەســـەر پەڕۆکەکە لەگەڵ نـــاوی مـــن نوســـراوە، بەویســـتی خـــۆم. ئـــاینور ئەوەشـــی گـــوتەوە. خەلـــیفە ئەوجـــارە ســـەرێکی زنجیـــرەکەی بـــرد، لە پێـــی بوکـــۆکەکەی ئالاّنـــد، گـــوتی بڵـــێ بـــا دەســـتەکانم گـــۆج بـــن ئەگەر ئەو نوشـــتەیە بـــکەمەوە.

ئـاینور هەمـان شـتی گـوتەوە. خەلـیفە جـاریکیتریش زنجیـرەکەی لە پێـی بوکـۆکەکە ئالاند، گـوتی ئـاینور بڵـێ بـا پـێم نەمێنـێ، ئەگەر جـگە لە خەلـیفە حەمـدون بچـمە لای هـیچ خەلیفەیەکیتـر. ئـاینور هەمـان شـتی گـوتەوە. ئینجـا خەلـیفە لە کۆتـا سـووڕانەوەی زنجیـرەکە، قـوفلەکەی هێنـاو لە هەردوو سـەریدا، دەسـت و پێـی بوکـۆکەکەی بەسـتاوە. بوکـۆکەکە لەوکـاتە لە بـوونەوەرێکی غەریـب و زنجیرکـراو دەچـوو، ئـاینور خەریـک بـوو زگـی پـێ بسـووتێ. خەلـیفە کە لەکـارەکەی بـۆوە، بە ئـاینوری گـوت ئەو بوکـۆکە زنجیرکـراوە دەبەی فڕێیـدەدەیە نـاو دەریـاچەی دوکـان، بـێ ئەوەی کەس بزانـێ، تـا هەرگیـز دەسـتی مرۆڤێکیتـری پـێ نەگـات. ئـاینور ڕازی بـوو، ئەو وایـدەزانی خەلـیفە ئەو نوشـتەیەی بـۆ ئەوە کـردووە لەگەڵ شـەهریار پێـک بـگەن، نەیـدەزانی نوشـتەکە بـۆ ئەوەیە ئـاینور خـوو بە جنسـی خەلـیفەوە بگـرێ. فڕێدانیشـی بـۆ دەریـاچەیەکی ئەوەنـدە قـوڵ و بـن پـڕ لیتـراو و گیـا هەڵەیەکە بەخـۆی بە دەسـتی خـۆی دەیکـات، ڕەنـگە جـاریکیتر هەر نەشدۆزرێتەوە تا بیانەوێ بەتاڵی بکەنەوە.

(٥٩)

عەسر بوو، باران بەخۆڕ گۆڕستانەکەی داگرت، ڕووبا لە خوارەوەی گۆڕستانەکە بەغار بەرەو گالیسکەکە ڕۆیشت، کە گەیشتە لای پشتی لە مژانەکەی کردو وەک ئەسپێک لەژێر گالیسکەبێ، ڕایکێشا، بردیە بن تارمەیەکی لە چمەنتۆ دروستکراو لەونزیکانە، کە بە چوار ئەستوون ڕاوەستابوو لەوێ گالیسکەکەی داناو بە پەڕۆکێک سڕیەوە، ئەو دەترسا تەڕبێ، بە تەڕیش ئەو شوێنانەی گرانایی لەسەرە خواربێتەوە.

ئینجا لە تەنیشت گالیسکەکە ڕاوەستاو سەیری ناو گۆڕەکانی کرد، بینی پشکی باران لە کێلەکان دەدات، وەک ئەوەی ئەوبارانە هاتبێ تۆزوخۆڵی لەسەر نیشتوویان بشواتەوە، لەوێ ئەو باوەڕە ئایینییەی بەبیرهاتەوە کە دەڵێ ڕۆژی حەشر بارانێکی لینج دەباری، بەسەر گۆڕی مردووەکان، بەهۆی ئەو بارانەوە هەموو مردووەکان لەژێر خاک سەردەردەهێنن و لە کلێنجەوە شیندەبنەوە، ئینجا بەدوای یەکدا، بێ جل و بەرگ ڕادەوەستن تا خودا لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکات.

لەو خەیاڵەدابوو، بروسکێک ئاسمانی بە هەور داپۆشراوی سەد هەندە ڕۆناک کردەوە، کە بە پێچ و پەنا لە ئاسمانەوە، تا نزیک زەوی هات. ڕووبای لەو خەیاڵەکە پچڕاند، ئەویش هەناسەیەکی هەڵکێشاو سەری بڵند کرد، تەماشای دار قەڵەم تۆزە بەرزەکانی کرد، بینی جوانتر سەوز دەچنەوە، لەدوای بارانەکە، ئەو دڵی بەو دیمەنانە خۆش دەبوو، بەتایبەتی بە بۆنی یەکەم باران، کە بۆنی خۆڵی بڵاودەکردەوە بە هەوادا.

لەناکاو پیرێژنەکەی بینی لەناو کێلەکان بە پرچی سپی و درێژەوە، هەردوو دەستی لێککردۆتەوە، لەبەر باران بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە، سوڕانەوەیەک لەگەڵی دەگرێ و پێشدەکەنێ، بارانیش تا دەهات تەڕتری دەکرد، ئەویش دەگەڕا کام شوێن ئاوی لێ کۆببۆوە، لەناو ئەو پێی دادەناو درێژەی بە سوڕانەوەکە دەدا. وەک کچێکی تازە پێگەیشتوو هەڵسوکەوتی دەکرد.

تا تەواو هیلاک بوو لە سووڕان بە دەوری خۆیدا، نەوەستا، بەردەوامیش ڕووی لە ئاسمان بوو، دەمیشی کردبۆوە، وەک ئەوەی بیەوێ دڵۆپە بارانەکان بکەونە ناو دەمی و تێنوویێتی بشکێنن.

لەگەڵ ئەو هەموو سووڕانە بە دەوری خۆیدا، لەپڕ کەوت، کەوتنێک پرچی تەڕی دەموچاوی داپۆشت، بەشێکیشی لەسەر زەویەکە پەخشان بوو.

لەگەڵ کەوتنەکەی دڵبرین لەبن کەپرەکەیڕا غاریدا، غاردانێک هیچ پێنەدەچوو ئەوە غاردانی پیاوێکی سەر سپی بەتەمەن بێ. کە گەیشتە لای تونـد لە ئامێزی گرت و هەڵی گرتەوە، بەدەستێکیش پرچەکەی

لەسەر دەموچاوی لابرد دیاربوو ئەو کەوتنەی پێ ناخۆش بوو.

ئینجا بردیەوە بن کەپرەکەی و لەوێ ئاگرێکی لەناو ئاگردانەکە بۆ کردەوە، لەسەر بەردێک لە نزیک ئاگرەکە داینیشاند، بۆ ئەوەی جلەکانی ووشک ببێتەوە، کە تا ئەو بارانە لە زستانی ڕابردووەوە پشکێک ئاو چیە پێی نەکەوتبوو، بە مەبەستی شووشتن.

تا دونیا تەواو تاریک داهات بارانەکە لێی نەکردەوە، ئەو شەوە بەهۆی ئەو بارانەوە کارەبا لە سەرتاسەری گۆڕستانەکە بڕا، هیچ لە بلاجگتۆرەکان پێنەبوون. لەناو تاریکی، ئاگرەکەی پێش دڵبرین و پیرێژنەکە تروسکایی دەدا، لە بەشی خوارەوەش ئاگرێکیتر کرابۆوە، دیاربوو گەنجە ئاڵۆدەکان بوون مۆسیقایان دەژەنی، دەنگی مۆسیقاکە دوای ئەو بێ دەنگیەی باران لەگەڵ خۆی هێنابووی بەئاسانی لە دوورەوە دەبیسترا.

***** ***** *****

کە شــەو درەنــگ داهــات و خەڵکــی شــارەکە خەوتــن، بــارانەکە دەســتی پێکــردەوە، لە ســەربانەکان دەنگــی ڕەشــێڵەکەی دەهــات، کــچە گەنجەکــان لەقەهــران خەریــک بــوو دڵیــان بتەقێ، چــونکە ئیتــر بەهــۆی هــاتنی زســتانەوە نەدەبــا بچــنە ســەربان بــخەون. لەوکــاتەی لەنــاو نوێنەکانیــان ڕاکشــابوون و گوێیــان لە دەنگــی بــارانەکە بــوو، بیریــان لە ڕووبــا دەکــردەوە، لە بەرەخۆیــان دەیانگوت ئاخۆ دەبێ بەو بارانە چیبکات؟

ئایــا دەبــێ کەســیتری بردبــێ؟ یــان دەبــێ لەگەڵ دەنگــی گەوارە و هەڵکردنــی بــا، نــێ بمانبــا؟ شــەرمن و ئەو کچەشــی دواجــار ڕووبــا بردبــووی، حاڵیــان لەهەمــوو کچەکــان خراپتــر بــوو. هێــدی هێــدی بەو خەیــاڵانە خەو چــاوی هەمــووانی داخست لە نــاو بروســک و بــاو بــارانی ســەربانەکان. لەناکــاو ڕووبــا بەدیــارکەوت، لە ســەربانێک لە بڵنــدی ڕاوەســتابوو، تەنیــا جلــی خــوارەوەی لەبەر بــوو، جلــی ســەرەوەی داکەنــدبوو، هەمــوو ماســولکەکانی لەبەر تیشــکی بروســکەکە

دەبینـدرا، ئـاو بە پـرچ و دەموچـاو و ڕیشـیدا دەچـۆڕاوە، لەوێ لەگەڵ هـاتنی بروسـکەکەو نەمـانی، دیـار نەمـا، دواتـر کە بروسـکەکە هـاتەوە، ڕووبـا بەدیـارکەوتەوە، لەکـۆڵان دەڕۆیشـت کچێکـی لە بـاوەش گرتبـوو. کـچەکە تونـد دەسـتی لە ملـی ڕووبـا ئالاّنـدبوو، ڕوومەتیشـی بە سـینگە تونـد و پـانەکەی وەنـابوو، لە تامەزرۆیـان ئەو دلّـۆپە بارانـانەی دەخـوارد، کە بە سـینگی ڕووبـادا دەهـاتە خـواری. کە ڕووبـا گەیشـتە دەروازەی گۆڕسـتانەکە، شـەوقی بروسـکێکیتر هەمـوو کێلەکـانی ڕۆنـاک کـردەوە، کـچەکە لەترسـان تونـدتر خـۆی بە ڕووبـا وەنوسـاند. ڕووبـا پێـی گـوت مەترسـێ. ئینجـا لەوێوە بردیە بن تارمەکە داینا.

کـچەکە لەوکـاتە لەرز دایگـرت، لەوگـۆڕە خـۆی نەگـرت بە ڕووبـای گـوت هەسـت دەکەم کەمێـک سـاردە، دەمەوێ بمـخەیە باوەشـی خـۆت، ڕووبـا ئەوجـارە کـچەکەی بلّنـدکردو خسـتیە نـاو گالیسـکەکە، بەخۆشـی چـوو لەگەڵـی ڕاکشـا، پـێکەوە بەو شـەوە بارانـاویە تونـد یەکیـان لە بـاوەش گـرت، ڕووبـا لەگەڵ لەباوەشـگرتنەکە بـۆنی پرچـی دەکـرد، ئەویـش بـۆنی سـینگی ڕووبـا. ئەو

کــچە وەکــو هەمــوو کچەکــانیتر بــۆنی خــۆش بــوو، ئەوەش لەلای ڕووبــا نــامۆنەبوو، دەیزانــی بــۆنی کچەکــان ئەوهــایە. بەڵام لەلای کــچەکە ئەوەی نــامۆبوو، بــۆنی ڕووبــابوو، کە بــۆنی تــۆزی داری لێــدەهات، بەهــۆی ئیشــکردن لە گالیســکەکە. کــچەکەش وایــدەزانی بــۆنەکە جــۆرە ڕژێــنەیەکە لە جســمی دەردەدا، بــۆیە لێــی نەشاردەوەو پێی گوت تۆ پیاوێکی بۆن دارت لێدێ.

ئایــا ئەوە دەزانــی؟ ڕووبــا گــوتی بەڵــێ بەتــایبەتی دوای ئەوەی بــارانەکە تەڕی کــردم. کــچەکە لەگەڵ ئەو قســەیە بەســــەری پەنــــجە باریکەکــانی ئەمــــلاو ئەولای ســــمێڵە نەرم و باریکەکــانی لاداو نــاو دەمــی مــاچ کــرد، گــوتی ئەگەر دەزانــی چەنــد لەمێــژە چــاوەڕێتم. قەت لــێم نــاگری ئەگەر ئەمشــــەو هەرچــــۆن هەڵســــوکەوتم کــــرد و هەر چــیم گــوت، بــڕوابکە ئەگەرچــی ئێســتا دەزانــم ڕاســتیەو لە باوەشــــتم، بەڵام خەریــکە بــێمە ئەو بــڕوایەی خەونە. تــــۆ چ حەزێکــــی دووەم دەســــتی، ئەی پیــــاوی نــــاو گۆڕستان، وا چوویە ناخی هەموو کچانی ئەو شارە؟

بەشی نۆزدە

(٦٠)

سەرۆکی بەعسیەکان کە زانی کوردەکان نە بە گرتن، نەبەکوشتن و لەسێدارەدان ملکەچ دەبن، بە جلێکی گرانبەهاوە هاتە سەر تەلەفزیۆن، ووتارێکی خوێندەوە، لە ووتارەکە ڕەوایەتی بە ئەنفال دا، تەنانەت دوای سوڕەتی ئەنفال کە لە قورئان هاتووە، ئەنفالی کوردەکانی بە ئەنفالی دووەم ناوبرد. هەروەها هەڵستا پیاوێکی دانا بەناوی ئەقیل، تا دەست بە تێکدانی گوندەکان بکات، بۆ ئەوەی لە ناوچەکە

کەلتـورو زمـان و یادەوەریەکانیـان بسـڕێتەوە. تێکـدانی گونـدەکان، وەک شـوێنی لەدایـک بـوون، کە مـرۆڤ تێیـدا ئاشـنای یەکەم دارو یەکەم کـانی و یەکەم بەردو یەکەم خـانوو و یەکەم خۆشەویسـتی و سـۆز دەبـێ، هەر وێرانکردنـی مـاڵ و ڕووخـانی داروبەرد نەبـوو، بەڵکـو سـڕینەوەی یـادەوەریش بـوو. تـا لە ڕێـی نەمـانی یـادەوەریەوە خۆیـان وون کەن، شـتێک نەبـێ پێـی بڵـێن نیشـتیمان، چـونکە یەکەم شـوێن بـۆ هەر کەسـێک بە واتـا ڕاسـتەکەی نیشـتیمانە، نیشـتیمانێکی ووجـودی، ئەو نیشـتیمانەش چـونکە لەسـەر ئەو خۆشەویسـتی و سـۆزە سـەرەتاییە ڕەگـی داکوتـاوە کەس ئامـادە نـیە ڕادەسـتی هـیچ داگیرکەرێکـی بکـات بە هەر نرخێـک بێـت. هەتـا گوڵێـک کەسـێک بـیەوێ لەسـەر ئەو خـاکەی تێیـدا سـەری دەرهێنـاوە هەڵیگێشـێ، بەر لەهەر شـتێک بەرگری دەکات بە دڕکەکانی.

لەشـکرەکەی ئەقیـل پێکهـاتبوو لە سـەدان جـاش و سـەرۆک جـاش و سـەربازو ئەفسـەری گەورە گەورە، ئەو لەشـکرە چەکـی جۆراوجـۆرو کـۆپتەرو ئـیڤەو زیـل و جێـب و دەبـابەو شـۆفەڵیان پـێ بـوو. بە پانتـایی

ڕووبەری خـــاکەکە، لە گەرمیـــان ڕا، دەســـتیان بە ئاسیملاســـۆن کـــرد، دابەش ببـــوون بەســـەر چەنـــد نـــاوچەیەک، هەر نـــاوچەو خرابـــووە ژێـــر فەرمـــانی ئەفسـەرو سـەرۆک جاشـێک، دایاننـابوو هـیچ گونـدێک بە پێـــوە نەهـــێڵن، تووشـــی هەرگونـــدێکبان، بە شـــۆفەڵ داروبەردیـان بەسـەریەکدا دەڕووخانـد و ژن و منـداڵ و پیـرو گەنجەکانیشـیان دەخسـتە نـاو زیـل و ئـیڤە، بـۆ زینـــــدانەکانیان ڕەوان دەکـــــردن. بەوهـــــۆیەوە ئەو زینـدانەی ئەقـرەب بـن سـەیف سەرپەرشـتی دەکـرد، تـا دەهات قەرەباڵغتر دەبوو.

ئەوە جیـــا لە هەبـــوونی چەنـــدین زینـــدانی تـــر، کە لە شـــوێنی جیـــا جیـــا لە بیابانەکـــان دانـــدرابوون، هەمووشـــیان لەلایـــان جەللادانـــی وەک حەجـــاج ئیـــبن وەحـــش و ئەقـــرەب بـــن ســـەیف بەڕێـــوە دەبـــردران. ئەقـرەب بـن سـەیف، کە گـوێی لە ووتـارەکەی سـەرۆک بـوو، لەخۆشـیان عەجمـانی نەمـا، ئێـوارەکەی هەڵسـتا لەگەڵ تاریـک داهـاتن، سـەدان ژن و منـداڵ و گەنـج و پیـر و ئەوانـی بـێ چـاو و گـوێ و پێڵوشـی کردبـوون، لە زینـدانەکە دەرهێنـاو لە دوای یەک ڕێـزی کـردن، دواتـر

بە پاسەوانی چەندین جەلاد، لە زیندانەکە بردیانن دەرەوەو لە دەوروبەری زیندانەکە ڕایگرتن، منداڵەکان توند خۆیان بە دایکیان وەنوسیاندبوو، ئینجا فەرمانێکی دەرکرد شۆفەڵ بێنن. هەندەی پێنەچوو دوو شۆفەڵیان هێناو شۆفەڵەکان دەستیان بە هەڵکەندنی خاکەکە کرد، نەڕەنەڕو ئەو تەپوتۆزەی پەیدابوو لە کاتی هەڵکەندنەکە زەندەقی منداڵەکانی بردبوو، یەک بەدەنگی خۆیان دەیانزیڕاند، دایکەکانیش دەیانگرتنە باوەش و ماچیان دەکردن، دەیانگوت هیچ نیە ڕۆڵە مەترسێن. پیرەکانیش لەدیار ئەو دیمەنانە لەبێدەنگی زیاتر هیچی تریان پێ نەدەکرا. هەندەی نەبرد بەو شەوە لەبەر لایتی شۆفەڵەکان چاڵێکی گەورەو قوڵیان لێدا، ئینجا ئەقرەب بن سەیف هاواری کرد بڕۆنە ناوی. هەموو ژنەکان دەستی منداڵەکانی خۆیان توند گرت و ئامادە نەبوون بە گوێی بکەن. ئەقرەب بن سەیف لە ڕقان زانی بە خۆشی ئەوە ناکەن، یەک یەک دەستی بە فڕێیدانی منداڵەکان کرد بۆ ناو چاڵەکە، دایکەکانیش بەناچاری لە دوایان دەچوون، لە لێوارەکە بەهۆی شلی خۆڵەکە، تا بنی

چاڵەکە هەرکێی نزیک دەبۆوە گیرنەدەبوو. ئینجا ئەقرەب بە جەللادەکانی گوت هەموویان فڕێدەنە خوارەوە، ژن و منداڵ و پیر و گەنج. جەللادەکانیش ئەوەی ئەقرەب بن سەیف گوتبووی، ئەنجامیاندا. لە خوارەوەی چاڵەکە زیڕوهۆڕی منداڵ و گریانی دایکان بەو شەوە ئەو بیابانەی پڕکردبوو، کەچی دەنگیان نەدەگەیشتە هیچ کوێیەک. ئینجا ئەقرەب ئاماژەی بە شۆفەڵەکان کرد، خۆڵیان پێداکەن، شۆفەڵەکانیش هەندەی نەبرد چاڵەکانیان پڕکردەوە، ئەو هەموو ژن و منداڵ و پیرو گەنجەیان بە زیندوویێتی و جلەکانی بەریانەوە، خستە ژێر خاک، پاشان بە تایەی شۆفەڵەکان بەسەر چاڵەکەدا هاتن و چوون تا تەواو سەریان پەستانەوە. مرۆڤ کاتژمێرێکیش دواتر گوێی بەو خاکە وەنابا، زیڕوهۆڕی منداڵ و گریانی ژنەکانی لەژێرەوە دەبیست.

(٦١)

چەند ڕۆژێک بوو، لەناو سەربازگەکە دەوران چاوەڕێ بوو بزانێ کەی هەواڵی بەڕێکەوتنی خواردن و فیشەکیان پێ دەگات، تا بە نەدیم و وان ڕابگەینێ. هەموو سەربازەکانی بارق لەو ماوەیە برسیەتی ڕووی تێکردبوون، هەرچی بۆ خواردن دەشیا پەنایان بۆ بردبوو. ئێوارەیەک لەناو سەربازگەکە بووە هەلەهەله لێدان و قریوە قریو، دەوران سەری سووڕما. تومەس لە ڕێی بارقەوە

پێیان گوترابوو سبەی ئۆتۆمبێلی خۆراک و فیشەک گەیشتن بەڕێ دەکەوێ، ناگاتە نیوەڕۆ لە ستوونی سەربازگەکە دێتە ژوورەوە.

دەوران لە ڕێی سەربازەکانەوە بەو هەواڵەی زانی، ئەو شەوە تا بەیانی داهات هیچ بەسەرخۆی نەهێنا، کە بەیانی داهات، دەستی کردە ئاوێنەیەک و تاخم تراشێکیشی لەگەڵ خۆی بردە دەرەوەی ئەو خیوەتەی تێیدا دەخەوت.

لە نزیک چەند جلیکانێک کە ئاوی تێدابوو، دانیشت، بە ووردی سەیری کابینەکەی بارقی کرد بزانێ ئاگای لێیە یان نا، کە زانی ئەو لە ژوورەوەیەو سەربازەکانیش هەموو غافڵاون، ڕووی ئاوێنەکەی لە ڕۆژ کردو تیشکەکەی پێچەوانە کردەوە، لە لوتکەکەیدا. لە سەر لوتکەکە نەدیم و وان بینیان، زانیان ئەوە دەورانە، هەواڵی قافلەی ئۆتۆمبێلەکانیان پێ دەگەینێ.

بەپەلە خۆیان بەستا و بەو دیوی لوتکەکە هەر چواریان دابەزین، ئەگەرچی چالاکیەکی ئەوها بە ڕۆژی ڕۆناک زەحمەت بوو، بەڵام ناچار بوون ئەوە

بـــکەن. ئەوان دایاننـــا پشـــت بە پردێـــک ببەســـتن، کە ئۆتۆمبێلەکـــانی پێـــدا دەهـــات، نـــزیکەی کـــاتژمێرێکی نەخایانـــد، خۆیـــان گەیانـــدە دەوروبەری ئەو پـــردە، دەشـــیانتوانی دوای چـــالاکیەکە بەنـــاو ئەو کەنـــدەی پـــردەکەی بـــۆ کرابـــوو خۆیـــان بگەینـــنەوە چیـــاکەو قوتـــاربن. لەدەوروبەری پـــردەکە کەمینیـــان دانـــاوەو هەریەک لەشـــوێنێک خـــۆی مەڵاســـدا، بەڵام هـــیچ ئۆتۆمبێلێـــک ســـۆراغی نەبـــوو، تـــا دوای نیـــوەڕۆ. ئەوانـــیش دایاننـــا، تـــازە تـــا شـــەو دادێ کەمیـــنەکە درێـــژبکەنەوە، نەوەک ئۆتـــۆمبێلە بارهەڵگرەکـــان لە ڕێگـــا درەنـــگ کەوتـــبن. لەهەمـــان کـــات، کە ئەوان لە کەمینـــدابوون لەژێـــر پـــردەکە، بـــارق چەنـــد ســـەربازێکی ئیزنـــدا بگەڕێنەوە ماڵ، کە ژن و منداڵیان هەبوو، بۆ پشوو.

ســـەربازەکان بە ســـواری دوو ئـــیڤەی ســـەربازی، بەدڵێکـــی خـــۆش لە ســـەربازگەکە هـــاتنە دەرەوە، کە لە پـــردەکە نزیـــک کەوتـــنەوە لە دووڕەوە نەدیـــم و وان بینیـــان، لەوکـــاتە ڕەنجـــدەری لاوچـــاک بە پێشـــمەرگەکانی گـــوت پـــێم وانـــیە تـــازە قـــافلەی هەڵگرتنـــی خـــۆراک و فیشـــەک بـــێ، واباشـــترە هەر کەمینمـــان دانـــاوەتەوە، لەو

دوو ئۆتۆمبێلە بەدەین. دوژمن هەر دوژمنە. دڵنیاتان دەکەمەوە ئەوان بمانبینن دەست ناپارێزن لەسەر خاکی خۆشمان.

دوای قسەکەی ڕەنجدەر، پێشمەرگەکان خۆیان ئامادەکرد، کە دوو ئیقەکە گەیشتنە سەر پردەکە، نەدیم و وان لە هەمووڵایەکەوە لێیاندان، ئەو دوو ئیقە سەربازیەیان کردە بێژینگ، دەنگی تەقەکان لە سەربازگەکە بیسترا.

یەکێک لە ئیقەکان نەوەستا، تا کەوتە ناو پردەکەو وەرگەڕا سەر تەنیشت. نەدیم وان بەپەلە دەرگای ئیقەکانیان کردەوەو چەند کلاشینکۆفێکی تێدا بوو بردیان، لەگەڵ دوو جانتای لەپشت کردن. بەپەلەش بەرەو چیاکە گەڕانەوە. بارق لەگەڵ دەنگی تەقەکان بەخۆی و هێزێکی زۆر گەیشتە وێ، بەڵام کە ئیقەکانی بینی هەموو شتێک کۆتایی هاتبوو. ناچار لە جێبێک هاتەخوارەوەو سەیری ڕووداوەکەی کرد، بینی یەکێک لە ئیقەکان وەرگەڕاوەو یەکێکیشیان ناوی هەمووی خوێنە، دەرگاکانیشی کراوەتەوە.

لەوێ زانـــی پێشـــمەرگەکان کەمینیـــان دانـــاوەتەوە دوای بڵاوبـــوونەوەی هەواڵەکەی شـــەو کە گـــوایە خـــواردن و فیشەک بۆ سەربازگەکە دێ.

ئەگەرچـــی ئەو هەواڵە هەر بـــارق خـــۆی دروســـتی کردبـــوو تـــا هـــیچ نەبـــێ ســـەربازەکان لەو برســـیەتی و پشتگوێخستنە ڕابگرێ.

بەڵام ســـــەری ســـــووڕما چـــــۆن ئەو هەواڵەیـــــان پێگەیشـــتووە، ئەوەش تووشـــی ترســـێکی زۆری کـــرد، چـونکە ئەگەر وا بـڕوا بەڕاسـتیش خـواردن و فیشـەکیان بۆ بێ، ئیتر زەحمەتە پێیان بگات.

ناچـــار بە دڵـــی تونـــدەوە بەرەو ســـەربازگەکە گەڕاوە، بە سەربازەکانیشـــی گـــوت تەرمەکـــان بە ئۆتۆمبێلێـــک بگەڕێنـــنەوە شـــار، هەوڵـــدەن ئیڤەکـــانیش بهێنـــنەوە نـــاو سەربازگەکە بە هەر شێوەیەک بێ.

***** ***** *****

نەدیـــم و وان ئێـــوارە کە گەیشـــتنەوە ســـەری لـــوتکەکە، ئەوەنـــــدە بەپەلە چووبـــــوونە خـــــوارەوەو دواتـــــر

چالاکیەکەیان ئەنجامدابوو و گەڕابوونەوە، هەموو بنی پێیان دێشا، هەرکەس لەناو ئەشکەوتەکە پێڵاوەکانی داکەندو لەسەر جێگاکەی دانیشت. داڵی سەردار سەیری کلاشینکۆفەکانی دەکرد، مەغزەنەکانی داکەلاندبوو بزانێ چەند فیشەکیان تێدایە، جانتاکانیش کەوتبوونە لای نەدیم و ڕەنجدەر، جوتیاریش لەسەر جێگاکەی پاڵی دابۆوە، ڕەنجدەر زنجیری یەکێک لە جانتاکانی کردەوە، لەگەڵ سەیرکردنی ناو جانتاکە، لە شوێنەکەی خۆی تاسا، نەدیم هەستی پێکرد، گوتی چیە؟ بۆوا بێ دەنگ بووی. ڕەنجدەر هیچ وەڵامی نەداوە، هەر سەیری ناو جانتاکەی دەکرد، دوو تکە فرمێسکیش بەسەر ڕوومەتەکانیدا هاتنە خوارەوە. داڵی سەردار گوتی چیبووە؟ بۆ قسە ناکەی؟ لەوکاتە نەدیم سەری بردە پێش تا تەماشای ناو جانتاکە بکات، بینی پڕی یاری منداڵانە، لەڕێی ئەو یاریانەوە زانیان ئەو سەربازانەی لەناو ئیڤەکە بوونە، مۆڵەتیان پێدراوە بچنەوە ماڵێ، یەکێک لە سەربازەکانیش تا کە گەڕاوە بە دەست بەتاڵی نەچێتەوە، ئەو یاریانەی کڕیوە بۆ منداڵەکانی بکاتە دیاری. بۆشیان دەرکەوت

ئەو کەل و پەلانەی لەو شـــارۆچکەیە کڕیـــوە، کە نەدیـــم پێیـــدا بەنـــاو کـــونی مەزراکەدا تێـــپەڕی. لەوێ هەر هەموویـان لە دیـار ئەو یاریـانە دەسـتیان بە گریـان کـرد، بەتـایبەتی دالّـی سـەردارو ڕەنجـدەری لاوچـاک، چـونکە بەخۆیـــان ژن و منـــدالّیان هەبـــوو، دەیـــانزانی ئەوە چ هەسـتێکە. تـا بەیـانی هەردووکیـان لە داخـی بینینـی ئەو یاریـــانە نەخەوتـــن. کە ڕۆژهەلّات، نەدیـــم بـــۆ ئەوەی چیتـــر ئەو یاریـــانە لەبەر چـــاوی ڕەنجـــدەرو دالّـــی ســـەردار نەبـــێ، جانتاکـــانی لەپێشـــیان هەلّگـــرت، کە ئێستاشـــی لەگەلّـــدابێ دلّیـــان نەهـــات ســـەیری ئەوەیتـــر بـکەن تـا بـزانن چـی تێـدایە، لە بـن شـاخێک خسـتنیە ژێـر خـــاک، بەردێکیشـــی کـــردە نیشـــان، بـــۆ ئەوەی دونیـــایە ئەگەر هەرکاتێک بیەوێ، شوێنەکە پێ بزانێتەوە.

(٦٢)

بارق دوای چالاکیەکەی نەدیم و وان ئەو شەوە تا بەیانی خەو نەچووە چاوی، وەک فەرماندەیەک هەستی بە شکست دەکرد. کە دونیا ڕۆناک داهات، لەسەر سندوقێک لە پێش کابینەکەی بە دانیشتنەوە خەوی لێ کەوتبوو.

لەناکاو گوێی لە دەنگی جێبێک بوو بۆ ناو سەربازگەکە دەهات، ئەویش لەگەڵ دەنگەکە بە ئاگا هات و لە شوێنەکەی هەڵستاوە، پاسەوانەکان ستوونی پێش سەربازگەکەیان بڵندکردو جێبەکە هاتە

ژوورەوە، لە نزیک بارق ڕایگرت، دوو سەرباز دابەزین، دیاربوو نامەیەکیان لە سەرۆکەوە پێ بوو، بۆ بارق. بارق کە نامەکەی کردەوە، بینی بە پیاوی ئازا ناوی هاتووە، پلەشی بەرز کراوەتەوە، بۆتە فەرماندەی گشتی ئەو ناوچەیە، بۆ درێژە پێدانی ئەنفال. لەڕێی نامەکەش زانی بیست و یەک ئیڤەی پڕ سەرباز و چەندین دەبابەو شۆفەڵ بەڕێوەیە، لەگەڵ دە ئیڤەی پڕ لە خواردن و فیشەک. بارق بەو هەواڵە ڕووحی هاتەوەبەر، بەڵام لای کەس نەیدرکاند، چونکە دوای ڕووداوی سەر پردەکە بڕوای بە کەس نەمابوو قسەیان لەکن بکات. نیوەڕۆ قافلە سەربازیەکە گەیشت، لەناو سەربازگەکە بووە جەژن، سەربازەکانی بارق بەپەلە خواردنیان ئامادەکردو ئەو ڕۆژە خۆیان ئەوەندە تێرکرد، بەهۆی ئەوەی دەمێک بوو شتێکی وایان نەخواردبوو، زۆربەیان تووشی زگ ئێشان و ئازاری گەدە بوون. ئینجا بارق دوای ئەوەی بینی هێزو فیشەک و خواردنیان بای پێویست بۆ هاتووە، لەسەر قسەی سەرۆکی بەعسیەکان ئەویش لەو ناوچەیە وەک ناوچەکانیتر دەستی بە

ئەنفال کرد، یەکەم گوندیش بەبەر ئەو ئەنفالە کەوت، ئەو گوندەبوو مالّی کێخوای لێبوو، بارق سەربازەکانی لە خەڵکەکە بەردا، سەربازەکانیش دەستیان لە هیچ نەپاراست، دەستدرێژیان کردە سەر ژنەکان، پیر و گەنج و منداڵەکانیان بە لێدان پەلکێش کردە ناو ئیڤەو زیلەکانیان، فڕێیاندانە سەریەک. هەر بە بەر چاویشیانەوە بە شۆفەڵ گوندەکەیان تەخت کرد. پاشان خەڵکەکەیان بە سواری زیلەکان ناردە ئەو زیندانەی ئەقرەب بن سەیف بەڕێوەی دەبرد. بەخۆشیان بۆ تێکدانی گوندەکانیتر بەڕێ کەوتن.

پێشمەرگەش دوای بیستنی ئەو هەواڵە لە هەموو ڕاستێکەوە چۆن ڕێک بکەوتبا لێیان دەدان، شەوان هێرشیان دەکردە سەر سەربازگەکانیان، بەڕۆژ لەناو گوندەکان جاری وا هەبوو تووشی یەک دەبوون و دەکەوتنە شەڕی دەستەویەخە، چ شەڕێک؟ چوار پێشمەرگە لە سبەینێوە تا ئێوارە لەگەڵ سەربازگەیەک سەرباز کە دەوریان دەگیرا لەناو گوندێک دەجەنگان، جەنگانێک لەگەڵ قورستترین چەکی عەردی و ئاسمانی، وەک ناقیلەو دەبابەو هەلیکۆپتەر

(٦٣)

شەو درەنگ بوو، ئاسمان هەورێکی نزمی لەخۆی کۆکردبۆوە دەیپڕوشکاند. بێ دەنگی باڵی بەسەر گوندەکەی مااڵی مەستاندا کێشابوو، لە دووڕەوە تەنیا حەپە حەپی توتکە دەهاتە بەرگوێ. دوای ئەوەی وەرزی بەهارو هاوین تێپەڕی، پایز هەموو دارەکانی ڕووت کردەوە بە دەستی با. چەندین مانگ بوو هەواڵێکی دڵخۆشکەر لە هیچ شوێنێک نەدەبیسترا، لەشەڕو پێکدادان زیاتر، خەڵکەکەش تا دەهات زیاتر

دەکەوتنە دڵەڕاوکێ، دەترسان دەستی بەعسیەکان بە ئەوانیش بگات. مام ڕوالّی میَردی پور ڕێحان، لە دیوەخانە قوڕەکەی وەک پیاوێکی پیری گوندەکە گوێی دابووە ڕادیۆیەکی بچووک، تا بزانێ هەواڵەکان چۆن باسی داهاتوو دەکەن، دەربارەی شەڕی ئێراق و ئێران و شەڕی پێشمەرگەو بەعس، لەناکاو گوێی لێ بوو لە دەرەوە کەسێک لە دەرگا دەدا، بەو شەوە درەنگە ئەو لەدەرگادانە لە شوێنەکەی خۆی ڕاپەڕاند، ئەویش ناچار ڕادیۆکەی کوژاندەوەو خستیە بن ڕایەخەکەی، لە دەلاقەی ژوورەکە سەیرێکی دەرەوەی کرد، هیچ دیار نەبوو، کەمێک هەستی ڕاگرت، لەناکاو لەدەرگاکە درایەوەو گوێی لێ بوو، کەسێک بانگی دەکات، مام ڕوالّ خۆمانین.

دیاربوو ئەو کەسەی لە دەرەوە بوو، بینیبووی لەبەر ڕۆناکی فانۆسەکەی ژوورەوە مام ڕوالّ سەر هەڵدەکێشێ. مام ڕوالّیش لەگەڵ دەنگەکە دەرگای کردەوەو چووە حەوشە، لەوێوە گوتی تۆ کێی؟ ئەوەی لە دەرەوە بوو، گوتی منم سیاوەردی شوان، میَردی مەستان. مام ڕوالّ هەر بەدەم دەرگا کردنەوە

گـــوتی وەرە بـــاوکەکەم وەرە، ترســـام مەفـــرەزەی جاشـەکان بـێ، کە لە خـودی بەعسـیەکان خراپتـر بەگـژ وولاتـــی خۆیانـــدا هـــاتوونەتەوەو بەشـــەو دەڵـــێن گونـــد بەگونـــد دەگەڕێـــن بـــزانن کـــامە مـــاڵ پێشـــمەرگە لەخـــۆ دەگـرێ. پـێم بڵـێ چیـت دەوێ ئەوهـا بەپەلەی؟ سـیاوەرد گـوتی ئەوەی ڕاسـتی بـێ، مەسـتان ژانـی گرتـووە، پـێم وایە منـدااڵەکەی دەبـێ، جـا هـاتووم پوررڕیحـان بـبەم، نەیگاتێ دەمرێ.

مـام ڕواڵ کە گـوێی لـێ بـوو، مەسـەلەی منـدااڵ بـوونە، کە لەگەنجـــیەوە لەگەڵ ئەو خەڵـــکە ڕاهـــاتبوو، گـــوتی بەســـەرچاو، هەر ئێســـتا بـــانگی پـــورت ڕیحـــان دەکەم. ئینجـا بەپەلە چـووە ژوورەوەو بـانگی پـور ڕیحـانی کـرد، کە لە ئێـوارەوە خەوتبـوو. پـور ڕیحـان گـوتی چـی بـووە، بـۆوا بـانگم دەکەی؟ مـام ڕواڵ گـوتی پیرێـژن مەسـتان منداڵی دەبێ، بیگەیێ.

پوررڕیحـان کە گـوێی لەو قسـەیە بـوو، لەنـاو جێگـاکەی هـــاتە دەرەوەو سەرپۆشـــێکی ســـپی لە نێوچـــاوانی ئاڵانـدو سەرپۆشـێکی ڕەشـی بە سـەری دادا. ئینجـا هـاتە

دەرەوەو بە سیاوەردی گوت دایکت کوێربێ، بۆ ئەو ژنەت بەتەنیا بەجێهێشتووە؟

با بڕۆین درەنگە، بەو پیریە بە پێش سیاوەرد کەوتبوو و غاریدەدا. کە چوونە ئەو بەری ماڵەکان، زوو خۆی بەماڵی سیاوەرددا کێشاو چووە ژوورەوە، بەپەلە خۆی گەیاندە سەر مەستان، بینی بەو کەشە، بەبن ئاو و ئارەقە کەوتووەو دەناڵێنێ. پورڕیحان بە سیاوەردی گوت زوو پەڕۆکم بۆ بێنە، لەگەڵ مووسێک و تەشتێک ئاوی شلّتێن، سیاوەرد بەپەلە کۆمەڵێک پەرۆکی بۆ هێنا، لەگەڵ موسەکە، تەشتێک ئاویشی خستە سەر ئاگر، کە تۆزێک گەرم بوو، ئەویشی بۆ برد. پورڕیحان کە دەستی دا زگی مەستان گوتی منداڵەکە دابەزیوە، هێز بدە بەرخۆت، با بێتە دەرەوە، مەستانیش تا هێزی تێدابوو، پاڵەپەستۆی دەخستە سەرخۆی، تا منداڵەکە ببێ. پورڕیحان پێی باش نەبوو، هەر دەیگوت زیاتر کچم، تا زوو ببێ باشترە، دەنا ئەو ئازارە دەتکوژێ.

مەستان لەگەڵ ئەو قسەیە، پەڕۆکێکی خستە ناو دەمی تا قیژەی نەگاتە بەر گوێی خەڵکی گوندەکە،

تونـد گەسـتی، ئینجـا هێـزی زیاتریـدا بەرخـۆی، تـا منداڵەکە لە دامێنی سەری دەرهێنا.

پوررێحـان کە سـەری منـداڵەکەی بینـی، تونـد ملـی گـرت و ڕای کێشـا دەرەوە، منـداڵەکە لەگەڵ هـاتنەدەرەوە زیڕوهـۆڕی لە دایکبـوونی گەیشـتە بەر گـوێی سـیاوەرد، سـیاوەرد لەو دیـو، کە گـوێی لە دەنگـی منـداڵەکە بـوو، لە خۆشـیان گریـا، لەسـەر زەویەکە چـۆکی دانـاو کڕنوشـی سوپاسـگوزاری بـۆ خـودا بـرد، پاشـان بەپەلە هەڵستاوەو چووە لایان.

لەوکـاتە بینـی پوررێحـان منـداڵەکەی سـەراوژێر کـردوەو بە شـەپ لە پشـتی دەدا. ئەویـش لە دیـار ئەو دیـمەنە ڕاوەسـتا. پوررێحـان دوای ئەو سـەراوژێرکردنە، داینـاوەو نـاوکی بـڕی، قـوللابەیەکی گەورەی لە بـاغەڵی دەرهێنـاو لێـی قـایم کـرد. لەگەڵ نـاوک بـڕینەکە منداڵەکەی لە وولاشەکەی جیاکردەوە.

دواتـر خسـتیە نـاو پەڕۆکێـک و لەو گـۆڕە دریـژی کـرد، منـداڵەکە دوای ئەو گریـانە کـڕ بـۆوە. ئینجـا پوررێحـان مەسـتانی پـاک کـردەوەو بە ئـاوە شـڵتێنەکە هەمـوو ئەو شـۆێنانەی شووشـت کە پێویسـت بـوو، دوای

پـــاککردنەوەی مەســـتان ســـیاوەرد چـــووە تەنیشـــت مەستان و ســەری مـاچ کـرد، گـوتی سـوپاس بـۆ خـودا کە تـۆ ســەلامەتی. مەســتان بەچــاو نوقانــدن وەڵامــی داوە، دواتر گوتی منداڵەکە چۆنە؟

سـیاوەرد گـوتی زۆرباشـە. مەسـتان گـوتی کـوڕە یـان کـــچ؟ ســـیاوەرد بەخەنـــدەوە گـــوتی منـــیش نـــازانم، پوورڕیحان پێی پیشان نەدام بە تەواوەتی.

پوورڕیحـان گـوتی ئەوەی خـوا داویەتـی ئەوەیە، ئینجـا ڕووی لە سـیاوەرد کـردو گـوتی ئێستا دەتـوانی بـیخەیە ناو باوەشی دایکی و پێکەوە سەیری بکەن.

ســـیاوەرد لەگەڵ قســـەکەی پوورڕیحـــان نوشـــتاوەو منـداڵەکەی بڵنـد کـرد خسـتیە نـاو باوەشـی مەسـتان. مەســـتان کە بینـــی گـــوتی وەی گیـــان چ بچـــووک و جوانە، وای وای، لەو مرۆڤە تازەیە.

دەمـی بـۆ ڕوومەتـی بـرد مـاچی کـرد، دواتـر بـۆنی پرچـی کـــردو گـــوتی ســـیاوەرد بـــۆنی بـــکە بـــزانە چ بـــۆنێکی خۆشـــی لێـدێت. سـیاوەردیش نوشـتاوە سـەری و بـۆنی کـرد، پوورڕیحـانیش لە دیاریـان پێـدەکەنی دەیزانـی دڵیـان خۆشە.

ئینجـــا مەســـتان بـــێ ئەوەی بیٚڵـــێ ســـیاوەرد بیبینـــێ، ســـەیری نـــاو لاقـــی کـــرد، ســـیاوەردیش کە زانـــی مەســـتان ســـەیری کـــردووە، گـــوتی چ بـــوو ژنەکە؟ کـــوڕە یـــان کـــچ. مەســـتان خەنـــدەیەکی کـــرد گـــوتی ئەوەی ڕاســـتی بـــێ کـــوڕە، ســـیاوەرد گـــوتی بەڕاســـت؟ ئەویـــش بـــۆ ئەوەی دڵنیـــابێتەوە گـــاڵتەی لەگەڵ نـــاکەن پەڕۆکەکەی ســـەر ڕانـــی هەڵـــداوە، بینـــی ڕاســـتە منـــداڵەکە کـــوڕە، بـــۆیە لەگەڵ مەستان لەسەر ئەوەی پێکهاتبوون ناویان لێنا جودی.

بەشی بیست

(٦٤)

ئـــاینور دوای ئەوەی لەکـــن خەلـــیفە حەمـــدون گەڕاوە مـــاڵ، بوکـــۆکەکەی بە زنجیرکـــراوی لە پەڕۆکێـــک لولـــدا، خســتیە بــن سیســەمەکەی. بەخۆشــی لەســەر سیســەمەکە ڕاکشـــا، لە دڵەوە هەســـتی دەکـــرد، ئەو کـــارەی لەگەڵ خەلـــیفە دەیکـــات، هـــی مرۆڤێکـــی بـــاش نـــیە، بەو هـــۆیەوە ویژدانـــی ئـــازاری دەدا. ئەوەی سەرســـام و حەیرانیشـــی کردبـــوو، ئەو قســـانەبوو خەلـــیفە بـــۆی کـــرد، دەربـــارەی جـــن و شـــەیتانەکان. لە هەمـــان کـــات نەشـــیدەزانی چـــۆن

ئەو بوکـۆکە زنجیرکـراوە بگەینێـتە دەریـاچەی دوکـان، چـونکە لەو شـارەڕا نـزیکەی دوو کـاتژمێرو نیـو دووربـوو بە ئۆتۆمبێـل. ناچـار بیـری کـردەوە شـەو بچێـتە لای داودی بـاوکی، پێـی بڵـێ دوای ئەو بـارانەی بـاری، حەزدەکەم لەسـەر دەریـا بـڕوانم، بەتـایبەتی کاتێـک ڕۆژ خـۆش دەکـات و پەلـکە زێـڕینە دروسـت دەبێـت. یـان کە ئاسـمان هەورە ، پڕوشـکە بـاران دەکەوێـتە نـاو ئـاوی دەریـاچەکە. دەشـکرا داود بـاوەڕ بە کـچەکەی بکـات، ئەو کەشـە خۆشـە، چـونکە یەکەم بـاران تـازە بـاری بـوو، دونیـا نە هەنـدە سـارد داهـاتبوو مـرۆڤ حەزی لە دەرەوە نەبـێ، نە هەنـدە ووشـکیش بـوو سـەرماکەی پێسـت چـورچ بکـات هێشـتا نەبـاری بـێ. کە ئێـوارە داهـات، دوای نـان خـواردن داودی دارتـاش چـووە کتێبخـانەکەی، لەوێ لەسـەر کورسـیەک دانیشـت و چەنـد مـۆمێکی داگیرسـاند، گڵـۆپی ژوورەکەشـی کوژانـدەوە، بـۆ ئەوەی پشـوویەک بە خـۆی و بە چاوەکـانی بـدات، بەڵام دوای ئەو ئـاینور کە بێجـامە و فـانیلەیەکی مـاڵەوەی لەبەر کردبـوو، بە هێمنـی لە

دەرگای کتێبخانەکەی دا، داود کە گوێی لێ بوو، گوتی کێیە؟ ئاینورە، یان دایکی؟

ئاینوریش بە نازەوە گوتی حەزدەکەی کامیان بێ؟ داود خەندەیەکی کرد، لەگەڵ دەنگی ئاینور گەشبۆوە، چونکە زێدە خۆشی دەویست، گوتی بەدڵنیاییەوە ئاینوری نازەنین.

ئینجا ئاینور چووە ژوورەوەو لە لای دانیشت، داود لەبەر دڵی ئەو گوتی چابوو هاتی، کەس نەبوو قسەی لەگەڵ بکەم، ناچار ویستم دەستکەمە کتێبێک و شتێک بخوێنمەوە. ئاینور هەردوو لاقی لەسەر کورسیەکە لە باوەش گرت و هیچی نەگوت. داود دەمێک سەیری کرد، بەو هەڵسوکەوتانەشی هەروای دەهاتە بەرچاو منداڵە بچووک و بەنازەکەی جارانە. گوتی چیتە کچم؟

ئاینور دەستی لە پەرچەمی داو گوتی ئەوەی ڕاستی بێ، دوای ئەو بارانە، حەزم لێیە بچینە سەر دەریا. داود گوتی جا کوا دەریا لێرە هەیە؟ ئاینور گوتی بەڵێ، مەبەستم دەریاچەی دوکانە، پاش ئەو بارانە خۆش دەبێ من و دایکم و تۆ، بچین هەم پێکەوە سەیرانێک بکەین و هەمیش تێر لە ئاوەکە بڕوانین.

داود ئەگەرچـــی لەو وەخـــتە پێـــی وابـــوو داوایەکـــی قورسـی لێکـراوە، بەڵام بـۆ ئـاینور سـەری پێوەنەبـوو. ناچـار پێـی گـوت بەچـاوان، هەسـتن تـۆ و دایکـت کەرسـتەی دۆڵـمە بکـڕن و پـێکەوە ئامـادەی بـکەن، سـبەی دەڕۆیـن ئەگەر بـاران نەبـوو. ئـاینور گـوتی زۆر سـوپاس بـاوکە، ئێسـتا دەزانـم کەش و هەواش چـۆنە، لە پـێش داود موبـایلەکەی دەرهێنـاو سـەیری ئەنتەرنێتـی کـرد، بینـی کەش و هەوا دەڵـێ ڕۆژ خۆشـە. ئینجـا بە داودی گـوت کەش و هەوا گونجـاوە. داودیـش گـوتی زۆرباشـە، ڕاسـتە ئێسـتا لە بەینـی مـانگی گەڵاڕێـزان و سـەرما وەرزیـن. ئـاینور لەو قسـەیە سـەری سـووڕما، چـونکە نـاوی مانگەکـانی بەپێـی سـاڵنامەی کـوردی نەدەزانـی. گـوتی مەبەسـتت چـیە لە گەڵاڕێـزان و سـەرماوەرز؟ داود گـوتی کچـم پێویسـتە نـاوی مانگەکـان بەپێـی تایبەتمەنـدی وەرزەکـان بزانـی، کە پـێم وایە کـورد لە چـاو میللەتەکـانیتر لە هەمووێـان جـوانتر نـاوی بـۆ دانـاون. ئـاینور گـوتی چـۆن؟ داود گـوتی گـوێبگرە، خـۆت دەزانـی سـاڵ لە چـوار وەرز پێکهـاتووە، بەهـار، هـاوین، پـاییز، زسـتان. هەر وەرزەو سـێ مانـگ

لەخۆی دەگرێ. کورد چونکە میللەتێک بووە زیاتر کەلتوریکی لە سرووشت نزیکی هەبووە، بەپێی تایبەتمەندیەکان، ناوی بۆ هەر مانگێک داناوە، بە سێ مانگی بەهاری گوتووە (خاکە لێوە، یان نەورۆز) گوڵان، جۆزەردان. بە سێ مانگی هاوینیشی گوتووە، پوشپەڕ، خەرمانان، گەلاوێژ، بە سێ مانگی، پاییزیشی گوتووە ڕەزبەر، (خەزەلوەر، یان گەڵاڕێزان)، سەرماوەرز، کە ئێستا ئێمە لەو بەینە داین، وەک گوتم، واتا دوای کۆتایی گەڵاڕێزان، سەرما دەست پێ دەکات.

بە سێ مانگەکەی زستانیشی گوتووە، (بەفرانبار، ڕێبەندان، ڕەشەمێ). کە داود ناوی ئەو مانگانەی بۆ ئاینور باس کرد، ئاینور شاگەشکەبوو، چاوەکانیشی لەگەڵ تایبەندمەندی مانگەکان و جۆری ناولێنانەکە لەلایان خەڵکی کۆنەوە پڕ ئاو بوو. گوتی توخوا چەند زیرەک و هەستیار بوونە لەگەڵ گۆڕانکاریەکان، وادەردەکەوێ لە تەجروبەی تێڕوانین و ئیش و کارەکانیانەوە، بۆ مانگەکان ناویان داناوە.

داود گوتی بەڵێ، هەرچەندە ئێستا شوێنی وەرزەکان گۆڕاوە، بەپێی گۆڕانی کەش و هەوا. هەر لە ڕێی ئەو دەستنیشان کردنەوە دەزانین.

دوای ئەو گفتوگۆیە هەردووک بێ دەنگ بوون، ئاینور دامـا، داودیش بیری کەوتەوە سەر سەیرانەکە، ئەوان ئۆتۆمبێلیان نەبوو، ئەو هەستەش بۆ ئاینور ناخۆش بوو، چونکە دەیبینی خەڵکی بە ئۆتۆمبێلی خۆیان هاتووچۆ دەکەن و دەچنە سەیران، ئەوان نیتیان. بەڵام بۆ داود ناخۆشتر، لەبەر ئەوەی درکی بە هەستی کچەکەی دەکرد. نەیدەزانی ئەو لە ناوەوە زۆر لەوە ئاڵۆزتر بووە، کە ئەو بیری لێدەکاتەوە.

بۆیە گوتی کچم لە کەم و کوڕیەکانم ببووره. ئاینور لەگەڵ ئەو قسەیە ڕاچڵەکی، گوتی چۆن؟

داود دووپاتیکردەوە گوتی دەڵێم لە کەم و کوڕیەکانم ببووره. دەنا وەک باوکێک دەزانم دەبوا زۆر شتی لەوە زیاترت بۆ بکەم، کە لە ناخەوە ئارەزوویان دەکەی. ئاینور لەگەڵ ئەو قسەیە زیاتر دامـا، لەدڵی خۆی ڕا گوتی باوکە هیچم ناوێ، ئەوەی دڵم دەیەوێ تەنیا شەهریارە، ئەویش نازانم داهاتوو پێم دەبەخشێ

یان نا؟ سەیرانی چی؟ کەسی عاشق کەی چێژی لە شوێنێک بینیوە، مەعشوقەکەی لێ نەبێ.

ئەگەر ئەو بوکۆکە نەبێ، من چ کارم بەو دەریاچە کەنار بێ داروبارە هەیە. تۆ بۆ خۆت وا دەردەخەی کەمتەرخەمی؟ ئەو بوکۆکە نەبێ، چۆن تۆ و دایکم بەو وەختە دەخەمە ئەو بارودۆخە؟ ئینجا لەبەر دڵی داود، خەندەیەکی کردو هەڵستاوە، دەستی لە ملی کرد، لەگەڵ دەست لە ملکردنەکە، ماچێکی لە ڕوومەتی کردو گوتی من دەچم بە دایکم دەڵێم من و باوکم دامانناوە بچینە سەیران، با خواردن ئامادە بکەین. بەدەم ئەو قسانەوە ژووڕەکەی داودی بەجێهێشت.

داودیش لەدیار ڕۆناکی ئارامبەخشی مۆمەکان کەوتە بیرکردنەوە، دەیزانی کچەکەی کێشەیەکی هەیە بەڵام نەیدەزانی چیە. بەمشێوەیەی کە ئاینور قەت قسەی لەکن نەدەکرد، ئەگەرچی هاوڕێش بوون، نەدەگەیشتە ئەنجامێک. سەرباری ئەوەش بیری کردەوە، دەبێ چەند پارەی پێ بێ، بۆ ئەو سەیرانە، چونکە ئەو ماوەیە ئیشی خراپ بوو، ئەو کەسێکی پیشەگەر بوو، ئیشی پیشەگەریش بەپێی بازاڕ بەرزو نزمی

تێدەکەوت، وەک کەسێک نەبوو مووچەی هەبێ، لە داهاتەکەی دڵنیابێ چەندە. لە کتێبخانەکە هاتە دەرەوەو چووە لای جزدانێکی بە زنجیری ڕەساسی بوو، بەشێکی بۆ ناسنامەو ئەوجۆرە شتانە دانابوو، بەشێکیشی، وێنەیەکی دایکی ئاینورو، ئاینورو کوڕەکەی بوو.

بە ووردی لە چاوەکانی ڕوانی، گوتی کوڕم، سەیران بەبێ بوونی تۆ چ چێژێکی هەیە؟ ئەگەر دەبینی دەچم، لەبەر ئاینوری خوشکتە. دوای قسەکردن لەگەڵ وێنەی کوڕەکەی، سەیری ئەو بەشەی کرد پارەی تێدابوو، کە پارەکانی دەرهێناو ژماردی زانی ئەو پارەیە بۆ ئەو سەیرانە کەمە، لەبەر ئەوەی دەبوا، بە ئۆتۆمبێلی کرێ بچن و بە ئۆتۆمبێلی کرێش بگەڕێنەوە. ناچار لەلای خۆیڕا داینا سبەی زوو هەڵستێ، بچێ لە لای یەکێک لە دوکانداڕەکانی تەنیشتی لە بازاڕ، کەمێک پارە قەرز بکات.

ئینجا پێش ئەوەی بچێتە ژووری خەوتن، پێی باش بوو بچێ بزانێ ئاینور و دایکی چ دەکەن، کە چووە مدبەغ، بینی پێکەوە دایک و کچ ناوی باینجان و

کـودی و پیـازو ئەو کەرسـتانە دەردێـنن، بـۆ دۆڵـمە بە کاردێ.

بـۆنی دۆڵـمە لە ژووورەکە دەهـات. دایکـی ئـاینور هەر کە چـــاوی بە داود کەوت، وەک ئەوەی هـــیچ بـــۆی نەگریـابێ ئەوکـاتەی گیرابـوو، گـوتی پیـاوەکە ئەو ئـۆینە چ بـوو بەمشـەوە داتنـاوە؟ داودیـش گـوتی ئـۆینی چـی؟ دەچیـنە ســەیران کــچەکە حەزی لێـیە. دایکـی ئـاینور گـوتی جـا بەو بـارانە کەی وەختـی سـەیرانە. داود گـوتی ژنەکە یەک نەزانـێ دەڵـێ تۆفـانی نـوح هەڵسـتاوە، بـابە بـارانیش بـێ سـەرما نـیە. دایکی گـوتی چـۆن سـەرما نـیە، من ئێستا وا قەسریمە.

داود لەگەڵ ئەو قسـەیە دەسـتی بە پێکەنـین کـرد، لەگەڵ پێکەنیـنەکە ڕووی کـردە ئـاینور گـوتی بە سـەری تـۆ هـاوین بـێ، مـن بڵـێم گەرمـایە، ئەو دەڵـێ سـەرمایە، مـن بڵـێم سـەرمایە، ئەو دەڵـێ نـا گەرمـایە. کەواتە لە تـۆ دەپرسـین لایـانگری کەسـمان مەکە، ئێسـتا گەرمـایە، یـان سەرما؟

ئـاینوریش چـونکە قسـەکانی دایکـی لە بەرژەوەنـدی ئەودا نەبـوو، گـوتی کەشـەکە خۆشـە، بەڵای گەرمـادا

دەچێ زیاتر، نەک سەرما. دایکی گوتی دەئەوجە وەرە لە غەمان لەخۆت مەدە، باران دەستی پێکردووە، کچە دەڵێ کەشەکە بە لای گەرمادا دەچێ، نەک بەلای سەرما. ئەو وەڵامە ئەو قسەیەم بەبیردێنێتەوە، دەڵێن ئاژەڵ نەما لە ڕێویان پرسی کلکی کام ئاژەڵ لەو دونیایە لە هەموو ئاژەڵەکان جوانترە، ڕێوی گوتی ئەگەر دەتانەوێ بزانن؟ سەیری کلکی من و کلکی ژووژک بکەن. ئێستا ئێوە بڕیاری خۆتان داوە، نازانم بۆ من خۆم خراپ دەکەم، کێ تا ئێستا به گوێی کردووم، تا بڵێم با بڕۆین بۆ شوێنێک، یان نەچین. دەزانم هیچ چاریشم نیە دەبێ لە بەر دڵی ئێوە هەر بێم. ئەوان لە بەینی هەرسێکیان باوک و دایک و کچ، سەیرانەکە بە دڵی کەسیان نەبوو، بەڵام ئاینور لەبەر عەشقی شەهریار دەچوو، داودیش لەبەر ئاینور، دایکیشی لەبەر هەردووکیان. داود دوای ئەو گلەییانەی هاوسەرەکەی، لە مدبەغەکە هاتە دەرەوەو چوو خەوت. ئاینورو دایکیشی، تا درەنگی شەو خەریکی دۆڵمە پێچانەوە بوون، کە ئیشیان تەواو بوو ئەگەرچی دایکی هەمیشە پێی وابوو، ئیشی ماڵەوە

قەت تەواو نابێ، ئەوانیش چوونە سەر جێگاکانیان. دایکی ئاینور هەر زوو خەوی لێ کەوت، بەڵام ئاینور خەو نەدەچووە چاوی، بەو هۆیەوەش تا دەهات ڕەنگی زەرد دەبوو و بەری چاوەکانیشی شین. بۆیە ئەو شەوە لە چاوی بێ خەوی ئەو تا بڵێی شەوێکی درێژو ناخۆش و دەیجورانە بوو، لە چاوی دایکیشی کورت و شیرین، کە چاونوقانێکی نەخایاند دونیا ڕۆناک داهات.

ئینجا کە لە جێگاکەی هەڵستاوە، چوو دۆڵمەکەی بەسەرنا، لەناو دووسەبەتەش قاپ و قاچاغ و سێنی ئامادەکرد، لەگەڵ سفرەو گڵاس و کەل و پەلەکانیتر، هەمووی برد لە حەوشە داینان، دوو ڕایەخی جوانیشی دەق کرد، خستیە سەر کەل و پەلەکان. ئاینوریش کە گوێی لەو تەقە تەقە بوو، لە جێگاکەی هاتە دەرەوەو کەمێک یاری دایکی کرد، چ یاری کردنێک؟ دایکی پێی وابوو ئەو هەمیشە ئەوها درەنگ بەسەر ئیشەکاندا هاتووە. داودیش کە لە بەیانی زووەوە لە ماڵ چووبووە دەر لە دەرگەی حەوشە هاتەوە ژووڕێ، کە کەل و پەلەکانی بینی ئامادە

کـراون دڵـی خـۆش بـوو، دیـاربوو بەو بەیـانیە زانیبـووی هاوڕێکـانی درەنـگ دوکـان دەکەنەوە، ئەوانـیش پێویسـتە زوو بـــڕۆن، خـــۆی پـــێ نەگیرابـــوو، چووبـــووە بەر دەرگای ماڵی یەکێکیان، پارەکەی پەیدا کردبوو.

ئینجـا کە چێشـتەکە کـوڵا و هەمـوو شـتێک ئامـادەبوو ئـــاینور چـــوو لەژوورەکەی، خـــۆی گـــۆڕی، ئەو ڕۆژە شـــاڵێکی گەورەشـــی کـــردە ســـەر شـــانی، تـــا بتـــوانێ بوکـــۆکەکەی لە ژێـــر بشـــارێتەوە، داود کە زانـــی هاوســەرو کـچەکەی ئامـادەن، چـوو تەکسـیەکی هێنـاو لەگەڵ ئـــاینور ســـەبەتەو ڕایەخەکـــانی لە ســـندوقەکە بـــارکرد، دواتـــر دایکیشـــی بەخـــۆی و بە مەنـــجەڵە دۆڵـــمەکە کە بەکـــوڵاوی لەپەڕۆکێـــک پێچـــابوویەوە، لە مـدبەغەکە هـاتە درەوەو بەرەو دەرگـای حەوشـە چـوو، داود لە نیـوەی ڕێ مەنـجەڵەکەی لـێ وەرگـرت ئەویشـی برد، خستیە سندوقی تەکسیەکە.

ئینجـــا بەخـــۆی و هاوســـەرەکەی و ئـــاینور، بە ڕێ کەوتـن بـۆ دەم دەریـاچەی دوکـان. کە گەیشـتنە جـێ، ڕۆژ خـــۆش نەبـــوو، وەک ئەوەی کەش و هەوا ئامـــاژەی پێکردبـــوو، بەڵام بـــارانیش نەبـــوو، ئاســـمان هەوریکـــی

بـۆری لە خـۆی کۆکردبـۆوە، ئـاوەکە لە دوورەوە پـان و بەریـن و تاریـک دەهـاتە بەرچـاو، جیـا لەو کاتـانەی ڕۆژ خـۆش بـوو و ئاسـمان یەکپـارچە شـین دەچـۆوە. داود و هاوســـــەرەکەی کەل و پەلەکانیـــــان هێنـــــا خـــــوارەوەو تەکسـیەکەیان بەڕێ کـرد، دایکـی ئـاینور لە دەم ئـاوەکە، دوو ڕایەخەکەی ڕایەخســـــت و داودیـــــش چـــــوو لەو دەوروبەرە هەنـــــدێک پەلەدار کۆبکـــــاتەوە، ئـــــاینوریش لەوکـاتە بە دەرفەتـی زانـی، پێـی بـاش بـوو، ئەوەی لەبـن شـــــاڵەکەی شـــــاردیتیەوە، تـــــا زووە بیخـــــاتە نـــــاو دەریـاچەکە، بـۆ ئەوەی هەرنـا کەمێـک بـاری سـووک بـێ، دەنا لەلایان باوکیەوە ببیندرابا، ناخۆش دەبوو.

بـۆیە هێـدی هێـدی بە کەنـاری ئـاوەکەدا شـۆڕ بـۆوە، موبایلەکەشـی لە دەسـت گرتبـوو، گـوایە وێـنە دەگـرێ، تـا گەیشـتە شـوێنێک لە چـاوی بـاوک و دایکـی بـزر بـوو، ئینجـا کە هەسـتی کـرد کـاتەکە گونجـاوە، بوکـۆکەکەی لە بـن شـاڵەکە دەرهێنـاو سـەیری کـرد، لەگەڵ سـەیرکردنی بوکـۆکەکە هەســـتی کـــرد دەســـتەکانی دەلەرزن، دواتـــر چـاوی خسـتە سـەر ئـاوە قـوڵ و تـاریکەکە، تـا هێـزی هەبـــوو بوکـــۆکەکەی پەلـــلار کـــردە نـــاو دەریـــاچەکە،

بوکـۆکەکە لە دووری چەنـد مەتریـک شـلۆپەی لێوەهـات بـۆ کەمێـک لەسـەر ئـاوەکە مـاوە، وەک ئەوەی ئەوە دواهەمـین دیـداریبێ لەگەڵ ووشـکانی، پاشـان نقـوم بوو، نقووم بوونێک تا بنی دەریاکە گیرنەبوو.

ئـاینور لەگەڵ نقـوم بـوونی بوکـۆکەکە دەسـتی بە گریـان کـرد، دیـاربوو زگـی پـێ سـووتا، کە دیمەنـی نقـووم بوونەکەی بینی.

(٦٥)

ڕووبـــا شـــەوێک دوای بـــارانەکە چـــووە لای گەنـــجە ئاڵۆدەکـــان، بینـــی هەرســـێکیان بە غەمبـــاری دانیشـــتوون، ئـــامێرە مۆسیقیەکانیشـــیان لە تەنیشـــتە خۆیـــان دانـــاوە، وەک ئەوەی دامـــابن ئیتـــر دوای فێربـــوونی مۆســـیقا چیـــبکەن؟ ئایـــا ئەوەنـــدە بەســـە بـــۆ ئەوەی پێیـــان وابـــێ گەیشـــتوونەتە ژیـــانێکی بـــێ کێشـــەو دڵەڕاوکـــێ، یـــان کێشـــە و دڵەڕاوکـــــێ هەربەردەوام دەبـــــێ؟ ئەوەش ترســـــی خستە دڵی ڕووبا، لەوەی گەنجەکان ئاڵۆدەببنەوە.

بـۆیە پێـی وابـوو دەبـێ عەشـقێکیتریان بخـاتە سـەر، هەر پەیوەنـدی بە مۆسـیقاوە هەبـێ. کە لەگەڵیـان دانیشـت پێـی گـوتن بـۆوا بـێ دەنـگ و مـاتن؟ ژێـدار وەڵامـی داوە گـوتی دوای ئەوەی فێـری سۆسـیقا بـووین نـازانین چیبکەین؟

هەتـوان بە دوایـدا هەڵسـتاوە درێـژەی بە قسـەکەی دا، گـوتی ڕووبـا پێمـان بڵـێ بـۆ مـرۆڤ لە هەمـوو شـتێک زوو بێـزار دەبـێ؟ ئـاخەر ئـامێری مۆسـیقاو دەسـت و پلـی ئـێمە ئێـرەو ئاسـمان جیـاوازی هەبـوو، ئێستا کـام ئـاواز دەڵێـی دەیـژەنین، کەچـی هەسـت دەکەیـن ئەوەی نـاخی ئـێمە دەیەوێ ئەوەش نـیە. ڕووبـا گـوتی باشـە تێگەیشـتم، بەڵام پرسـیارێک پـێم بڵـێن نـاخی ئێـوە چـی دەوێ؟ هەتـوان و ژێـدار وەڵامیـان نەداوە. ڕووبـا ناچـار ڕووی لە موریـد کـرد، گـوتی تـۆ پـێم بڵـێ، ناخـت چـی دەوێ، دڵـت داوای چیـت لـێ دەکـات؟ موریـد گـوتی نـازانم، بەڵام بۆشـاییەکی گەورە هەیە، هەسـت دەکەم دوای فێربـوونی مۆسـیقاش هەر وەک خـۆی مـاوەتەوە. ڕووبـا دوای قسـەکەی موریـد ڕووی لە هەموویـان کـرد، گـوتی بـا قسـەیەکتان پـێ بڵـێم، ئیتـر ئێـوە دەبـێ لە

سبەیڕا مۆسیقا لەو گۆڕستانە ببەنە دەرەوە. هەتوان سەیری بەو قسەیەهات گوتی چۆن؟ ڕووبا گوتی بڕۆنە ناو شار، لەوێ مۆسیقا بژەنن.

هەتوان و ژێدارو مورید، کە گوێیان لە ڕووبا بوو وا دەڵێ، پێشنیارەکەیان پێ سەیر بوو، چونکە ئەوە بوێری دەویست، بوێریەک وادابنێی ناو شار کەسی لێ نیەو مۆسیقا بژەنی. بۆیە هیچیان نەگوت بەڵام قسەکە چووە مێشکیشیان.

دوای ئەوەی ڕووبا لەکنیان ڕۆیی، ژێدار گوتی هاوڕێیان ئەو قسەیەی ڕووبا واتای هەبوو، کە گوتی پێویستە مۆسیقا لەناو ئەو گۆڕستانە ببەنە دەرەوە. هەتوان گوتی چ واتایەک؟ ژێدار گوتی واتای ئەوەیە زیندووی بکەنەوە، لێمەگەڕێن بمرێ. پێم وایە بەم ڕێگایە زۆر شت ڕووەدا، یەکەم دەناسرێین، لەسایەی ئەو ناسینەش ئەو کەسانەی نەفرەتیان لێمان کردبوو پێشتر، پەشیمان دەبنەوە.

دووەم بەم مۆسیقاژەنینە دەتوانین ناخی خەڵکی شارەکە زیندووبکەینەوە، مۆسیقاش ببەینەوە ناو هەموو چین و توێژەکان، نەک هەر بۆ ئەوانەبێ کە لە

خێـــزانە دەوڵەمەنـــدەکانن و لە هوتێـــل و شـــوێنی دانیشـــتنە گـــران بەهاکـــان تیپـــی مۆســـیقایان بـــۆ بانـــگ دەکـــرێ و مۆســـیقایان بـــۆ دەژەنـــدرێ، بەدەم کـــاوێژکردنەوە کە بـــێ هەســـتترین تـــوێژن. هەتـــوان و ژێـــدار و موریـــد ئەو شـــەوە دوای ڕووبـــا، هەرســـێیکیان چەنـــد پـــارچە مۆســـیقایان ئامـــادەکرد، پـــارچەی جیـــا جیـــا. بـــۆ بەیـــانیەکەی دوای نیـــوەڕۆ دەســـتیان کـــردە ئامێرەکـــان و چـــوونە نـــاو بـــاغی شـــار، لەنـــاو قەرەبـــاڵغی کە بینیـــان خەڵکێکـــــــــی زۆر لەو دەوروبەرە ڕاوەســـــــــتاون، هەرســـێکیان پشـــتیان تێککـــرد، هەریەک ڕووشـــیان کـــردە لایەک. یەکەمجـــار هەتـــوان بە فلـــوتەکەی دەســـتی پـــێ کـــرد، وەک ئەوەی لەنـــاو چیـــابێ، بـــانگی کەســـێک بکـــات. لەگەڵ دەنـــگەکە، کە خەڵکـــی لەمێـــژ بـــوو شـــتی وەهایـــان نەبینیبـــــووە، کۆبـــــوونەوە. دوای هەتـــــوان، ژێـــــدار بە کەمـــانەکەی وەڵامـــی داوە، چاوەکانیشـــی داخســـتن، وەک ئەوەی کەس لە دەوروبەری نەبێ.

دواتـــر موریـــد دەســـتی بە دەفـــژەنین کـــرد بە خێرایـــی، تـــا مـــاوەیەکی دێـــژ، دواتـــر دەفەکەی خـــاو کـــردەوەو تـــا بـــێ دەنگییەکـــی قـــوڵ، خەڵکـــیش کەوتـــنە نـــاو هەمـــان بـــێ

دەنگی، ئینجا هەتوان بە فلوتەکەی وەلامی ئەو بێ دەنگیەی داوەو ئاوازێکی حەزین گەیشتە بەر گوێی هەموان.

بەمشێوەیە دریژەیان پێدا، کە پارچەی یەکەم تەواو بوو، خەڵکی کردیانە چەپڵەو هات و هاوار، هی وا هەبوو، لە خۆشیان شاگەشکە ببوو، هی واش هەبوو دەگریا، هەموو کاردانەوەک لە خەڵکەکە دەبیندرا.

ژێدارو هەتوان و موریدیش لەناو ئەو حەشاماتە شێوەیان سەیر دەهاتە بەرچاو، بەتایبەتی شێوەی جل و بەرگ و سەرو پرچیان، کە دەمێک بوو دایان نەهێنابوو. لەناو ئەو خەڵکە هەر بەڕاستی دەتگوت بۆ سەر تەختی شانۆ هاتوون. زۆربەی خەڵکیش لە کاتی مۆسیقاژەنین بە موبایلەکانی دەستیان وێنەیان لەگەڵ دەگرتن. ئەو ڕۆژە تا ڕۆژئاوابوو، بەمشێوەیە دریژەیان بە مۆسیقاژەنین دا. کە ئێوارە داهات، هەرسێکیان پێکەوە گەڕانەوە ناو گۆڕستانەکە. لەناو ماڵەکانیش باس بووە باسی ئەو سێ گەنجە مۆسیقا ژەنە. ئەو هەواڵەش گەیشتەوە گوێی دەسەلاتداران. گوایە سێ گەنج مۆسیقایان ژەنیوەو خەڵکیش لە

دەوریـــان کۆبـــوونەتەوە. دەســـەلاتداران ڕاســـتەوخۆ کۆبوونەوەیەکیـان کـرد، لە کۆبـوونەوەکە کە پێکهـاتبوو لە هێـزی ئاسـایش و پاراسـتن، ئاماژەیـان بە ڕووبـا دا، گوتیـان هـاتنە نـاو شـاری ئەو سـێ گەنـجە و مۆسـیقا ژەنـین، لەهـاتنە نـاو شـاری ئەو دەچـێ بەدارەوە. دەنـا وەلّات پـێش ئەو شـتی وەهـای بەخـۆیەوە نەبینیـووە، ئەو گەنجـــانە بـــدۆزینەوە، شـــوێنەکەی ئەویـــش دەدۆزیـــنەوە. ئینجـا بەپەلە پاســەوانیان بە نـاو شـاردا بـلّاو کـردەوە لە گەنجەکـان بگەڕێـن، هـیچ شکیشـیان بـۆ نـاو گۆڕسـتان نەدەچـوو، بـۆیە دووبـارە لە شـوێنی وەهـا دەگەڕان لە شـــوێنەکەی ئەوان دوور بـــوو، دەنـــا نە ڕووبـا و نە گەنجەکـانیش لە شـوێنێک نەبـوون خۆیـان شـاردبێتەوە. کەچـی دەســەلاتداران هێشـتا تەواوی شـار نەگەڕابـوون، شـەو درەنـگ هەواڵێکـی تریـان پێگەیـی. گوتیـــان کەســـێک پـــاخچەی ئـــاژەڵانی شـــکاندووە ، دەرگاشـــی لەســـەر هەمـــوو ئاژەڵەکـــان کـــردۆتەوە تـــا ڕزگاریـان بکـات، کە پێکهـاتبوون، لە شـێرو پڵنـگ و ورچ و مەیمـــوون و مـــامزو بـــازو تـــاوس و مـــارو جۆرەهـــا گیـــانلەبەریتر. لە شـــوێنی ئاژەڵەکـــانیش خـــاوەن و

داروودەستەکەی بێ جل و بەرگ کردۆتە ناو قەفەس گوتوویەتی با لەمەوبەدوا خەڵکی بێنە نماییشی ئەوانە. ئەو شەوە ناو ئەو هەموو گەڕان و سووڕانی پاسەوانەکان و بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە و ترسی خەڵک نەدەبوا لە ماڵەکان بێنە دەرەوە، نەوەک ئاژەڵێک پەلاماریان بدا، ڕووبا فەرخە مەیموونێکی لەسەر شان بوو و لە دەروازەی گۆڕستانەکە دەهاتەوە ژوورێ. کە دەروازەکەی تێپەڕاند، دڵبرین بینی، سەری سووڕما. تومەس ئەو شەوە ڕووبا، دوای باران بارین، کە دەمێک بوو لەسەر زاری کچێکەوە زانی بووی، شوێنێک هەیە بەناوی باخچەی ئاژەڵان، خەڵک بە پارە لەناو قەفەسەکان سەیری گیانلەبەرەکان دەکەن. کە ئەو پێی وابوو، ئەوە زیندانی ئاژەڵانە، چووبووە گژیان، ئاژەڵەکانی ئازاد کردبوو تا بەو کەشە خۆشە بچنەوە ناو چیاکانی دەوروبەر، لە دەست مرۆڤ ڕزگاریان بێ.

بەشی بیست و یەک

(٦٦)

ئەقـرەب بـن سـەیف و چەنـد جەللادێـک بەنـاو زینـدانیە نوێیەکانـدا دەگەڕان، کێخـواو پیاوەکـانی گونـدەکەش کە لەمێژنەبـوو لەلایـان بـارقەوە بـۆ ئەوێ نێردرابـوون سـەیریان دەکـرد، هێشـتا نەیاننـاسـی بـوو، بەڵام سـەر و شـێوەی نەدەکەوتە بەردڵیـان. ئەوان تـا نەهـاتبوونە ئەو زینـدانە هەر بارقیـان بینـی بـوو، بـارقیش وەک فەرمانـدەیەکی سـەربازی، لەچـاو ئەقـرەب بـن سـەیف پیـاوێکی ئەوەنـدە سەرشـێتیش نەبـوو. ئەقـرەب بـن

سەیف لەناویان ئەو موختارەی دەرهێنا، کە نەدیم لە دەستپێکی پێشمەرگایەتی ویستی بیکوژێ، بەڵام لەبەر پیرە دایکەکەی ئەو کارەی نەکرد، لەپێش چاوی زیندانیەکان پێی گوت تۆ ئازاد بووی، بڕۆ دەرەوە.

موختارەکە گوتی گەورەم من بەتەنیا نیم، دایکیشم لەگەڵە. ئەقرەب گوتی کەی گەیشتیە لای ئەو کەسانەی بەدوای ئازادکردنی تۆوەن، پێیان بڵێ با دایکیشت ئازاد بکەن. موختارەکە گوتی باشە. ئینجا دوای قسەکەی ئەقرەب، لە زیندانەکە هاتە دەرەوە، لەبەر دەرگای زیندان چەند کەسێک بە ئۆتۆمبێلێکی دریژ چاوەڕێیان دەکرد، کە لەگەڵیان سواربوو بێ ئەوەی بەخۆشی پێشبینی بکات، بردیانە کۆشکی سەرۆکایەتی، لەوێ چاوی بە نێردراوێکی سەرۆک کەوت، کە پلەدارێکی سەربازی بوو.

ئەو کەسە دوای کەمێک گفتوگۆ و پرسیار، پێی گوت تۆمان بۆ ئەوە بانگ کردووە، دەزانین دڵسۆزی خۆمانی، دەمانەوێ بگەڕێیەوە ناوچەکەی خۆتان، ببیە پێشمەرگە، ماوەیەک وەها خۆت دەرخە تۆ بە بەر ئەنفال نەکەوتووی و دوای تێکدانی گوندەکەتان، لە

موختـــاریەتی هەڵگەڕایتـــیەوەو نەفـــرەت لە دەســـەڵاتی بەعســـیەکان دەکەی. تـــا ئەوکـــاتەی بە تەواوی بـــۆت دەردەکەوێ متمـــانەت پـــێ دەکەن. کە بـــۆت دەرکەوت، هەوڵـدە خـۆت بگەیـنە ڕیشـــەی لەش ئاســن، بـۆ ئەوەی بیکـــوژی، کوشـــتنێک بەخـــۆت قوتـــارت بـــێ. ســـەرۆک لەبەرامـــبەر ئەوە خەڵاتـــی تـــایبەتی خۆییـــت پـــێ دەبەخشـــێ، هەروەهـــا نـــامەوێ لەبیـــرکەم، سڵاویشـــی هەبـــوو بـــۆت. موختـــارەکە کە گـــوێی لـــێ بـــوو کەســـە پـــلەدارەکە ســـڵاوی ســـەرۆکی پێگەیانـــدووەو مزگێنـــی گەورەتـــرین خەڵاتیشـــی پـــێ داوە. دایکـــی لەبیرچـــوو لەگەڵـــی زینـــدانیە، تـــا داوایـــان لـــێ بکـــات ئـــازادی بـــکەن. شـــەوەکەی ئەقـــرەب بـــن ســـەیف و جەللادەکـــان، کێخـــواو خەڵکـــــی گونـــــدەکە هەر هەمـــــووی بە دایکـــــی موختاریشـــــــەوە، دەبەنە دەرەوەی زینـــــــدانەکە، زیندەبەچاڵیان دەکەن.

(٦٧)

ڕۆژ تـــازه هەڵاتبـــوو، تیشـــکەکەی له ســـەری چیـــاکەی دەدا، نەدیـــم و وان لەنـــاو ئەشـــکەوتەکە دانیشـــتبوون، گوێیـــان له ڕادیـــۆ گرتبـــوو، شـــاعیری شـــاخ به دەنگێکـــی گـــڕ لەگەڵ ســـروودی (ئاســـودەبن، زەبـــری زینـــدان) دەیگـــوت، پێشـــمەرگە شـــەوی ڕابـــردوو له نـــاوچەی گەرمیـــان و دەوروبەری پـــردێ و قوشـــتەپەو بێســـتانه و بنارەکـــانی چیـــای پیرەمەگـــرن و دۆڵـــی ســـماقولی و هیـــران و نـــازەنین و شـــەقڵاوه و کـــۆڕێ، تـــا قەراج

وکەنـــدێناوە، هێرشـــی کـــردۆتە ســـەر ســـەربازگەکانی بەعـــس، لەگەڵ ئەو هەواڵە ڕەنجـــدەری لاوچـــاک خـــوێنی کەوتە جـــوڵە، بـــۆیە بەدانیشـــتن خـــۆی نەگـــرت و هەڵســـتاوە ســـەرپێیان گـــوتی ئەی بـــژی، ئەوەیە هێـــزی جەنگاوەرەکانمـــــان. ئینجـــــا لە ئەشـــــکەوتەکە هـــــاتە دەرەوەو ســـەیری خـــوارەوەی کـــرد، بیـــری کـــردەوە ئەوان لە گەرمەی ئەو شەڕە چی بکەن باشە؟

لەناکـــاو بینـــی لە بنـــاری لـــوتکەکە کەســـێک بەســـەر دەکەوت، کە تەواو لێـــی ڕوانـــی بـــۆی دەرکەوت جـــل و بەرگـــــی ئاســـــایی لەبەرە. ســـــەیری پێهـــــات دوای وێرانکردنـــی گونـــدەکە ئەو کەســـە چـــی دەکـــات لەو شـــوێنە کە بـــۆن خـــوێن لە هەمـــوو لایەک دێـــت. ناچـــار چـــاوەڕێی کـــرد، تـــا نزیـــک بـــۆوە، پـــێش ئەوەی ڕەنجـــدەر قســـیەک بکـــات، کەســـەکە هـــاواری کـــرد، لەخۆتـــانم، دڵ لەدڵ مەدەن. ڕەنجـــــــدەر لە دوورەوە وەڵامـــــــی داوە ســـەرکەوە تێگەیشـــتین. کە کەســـەکە گەیشـــتە لای، لەگەڵ ڕەنجـــدەر دەســـتیان بە قســـان کـــرد، گـــوتی ســـەرکەوتن بەسەر ئەو لوتکەیە ئاسان نیە، هیلاک بووم.

ڕەنجـــدەر دەســـتی لەشـــانی داو گـــوتی بـــابچینە نـــاو ئەشکەوتەکە، بەڵکو دانیشی و بحەسێیتەوە.

ڕەنجـدەرو کەســەکە پـێکەوە چـوونە نـاو ئەشـکەوتەکە، کە نەدیـــــم و وان چاویـــــان پێـــــی کەوت، لەبەری هەڵستانەوەو بەخێرهاتنیان کـرد، نەدیـم پێـی وابـوو، ئەو کەســەی بینیــوە، بەڵام نەیــدەزانی لەکــوێ؟ دوای ئەوەی کەمێـک دانیشـتن و کەســەکە حەســاوە، نەدیــم گــوتی پرســـیارێک، تـــۆ موختـــاری گونـــدەکەی خـــوارەوە نەبـووی؟ دالّـی ســەردارو ڕەنجـدەرو جوتیـار لەگەڵ ئەو پرسـیارە سـەریان سـووڕما. کەسـەکەش شـلّەژا، بـۆیە بەحـاڵ وای کـرد بەسـەرخۆیدا زاڵ بـێ گـوتی باشـە، پـێش ئەوەی وەڵامـت بـدەمەوە، تـۆ چـۆن دەزانـی موختـاربووم؟ خـۆ ئێـوە قەت نەهـاتبوونە خـوارەوە، تـا منتـان بینـی بـێ؟ نەدیـم گـوتی نـا، بەڵام ئەگەر هەوبـی، شـتێکی تـرە، دواتـر دەزانـی. کەسـەکە گـوتی ئەوەی ڕاسـتی بـێ، بەڵـێ، مـن موختـاری گونـدەکەی خـوارەوە بـووم، بەڵام دوای ئەوەی بەعسـیەکان گونـدەکەیان تێکـداو ئەوهایـان لەگەڵ خەڵـکەکە کـرد، پەشـیمان بـوومەوە دەمـێکە نەبـوویمە پێشـمەرگە. ڕەنجـدەر

تەماشای نەدیمی کرد، نەدیمیش گوتی ئەدی پیرە دایکەکەت؟ ئەو چی لێهات؟

موختارەکە تەزیەک بە هەموو گیانی داهات لەگەڵ ئەو پرسیارە، بەبیری هاتەوە ئەو بۆ بە نێردراوی سەرۆکی بەعسیەکانی نەگوت دایکیشم ئازاد بکەن، وەک ئەقرەب بن سەیف ڕێی بۆدانا، ئاخەر تازە خۆ ناگاتەوە ئەوێ تا پێیان بڵێ. وای لە هەڵەی ئەو کوڕە بەرامبەر دایکی.

نەدیم کە بینی موختارەکە هیچ قسە ناکات، گوتی جەنابی موختار لە تۆم پرسی ئەدی دایکت چی لێهات، ماوە؟ موختارەکە بە زمانی تێکئاڵاوەوە گوتی نازانم، بەبەر ئەنفالەکە کەوت. ڕەنجدەر لەوکاتە گوتی ئەدی تۆ چۆن قوتارت بوو؟ موختارەکە گوتی ئەوەی ڕاستی بێ من لێرە نەبووم، چووبوومە شار لەو ماوەیە. دالّی سەردار هیچ ئەقلّی وەلّامەکانی نەدەگرت، تەنانەت پێی وابوو، هاتنیشی بۆ ناو پێشمەرگە، بێ هۆ نیە.

موختارەکە کە سەیری دالّی سەرداری کرد، تەماشای دەکات و هیچیش نالّێ، لێی ترسا. بۆیە ویستی

بابەتەکە بگۆڕێ، ڕووی لە نەدیم کرد گوتی باشە با من پرسیارێک لە تۆ بکەم، لەکوێ منت بینیوە؟ سەیرە. دالّی سەردار لەجیاتی نەدیم وەلّامی داوە، گوتی من ئەوەت پێ دەلّێم، ئەوکاتەی ئەو پێشمەرگەیە تۆی بینی، تۆ لە سەربان خەوتبووی، لەتەنیشت پیرە دایکەکەت. لەبەر ئەو نەبا هاتبوو بتکوژێ، بەلّام دلّی نەهات نەوەک دایکت بتبینێ بە کوژراوی.

موختارەکە چاوەکانی زەق هەلّگەڕان، دەمێک بێ دەنگ بوو، دواتر گوتی ئەوە بەڕاستتانە؟ یەعنی پێشمەرگە هاتۆتە سەرسەرم و نەشیکوشتووم؟ ڕاستەوخۆ پڕیدا نەدیم و توند سەری ماچ کرد.

نەدیم گوتی پێویست بەوە ناکات. موختارەکە گوتی ئەی پیاو چۆن پێویست ناکات، دەزانی تۆ چ چاکەیەکت لەگەلّ دایکم کردووە بێ ئەوەی بشتبینێ. نەدیم گوتی منەتی تێدا نیە، پێم وایە ئەوە ئەخلاقی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەیە، جا من بیکەم، یان کەسێکیتر.

نەدیم و وان ئەو ڕۆژە تا ئێوارە مێوانداری موختارەکەیان کرد، کەسێکیتر لەجێی ئەو با، دوای بیستنی ئەو چاکەیەی نەدیم لەگەڵ ئەو و دایکی کردبووی، پەشیمان دەبۆوە لە ئەنجامدانی ئەو پیلانەی بۆی هاتبوو جێ بەجێی بکات، تەنانەت بێباکانە ئاشکراشی دەکرد بۆ پێشمەرگەکان. پێش ڕۆژئاوابوون، داڵی سەردارو جوتیارەشێت، هەندێک داریان هێناو لەناو ئەشکەوتەکە ئاگرێکیان کردەوە، دواتر مەنجەڵێکی ڕەشیان خستە سەر، دەیانویست خواردنێک چاکەن. دوو پێشمەرگە لەناکاو بەدەرکەوتن، کە گەیشتنە ناو ئەشکەوتەکە دوای چاک و چۆنی، بە ڕەنجدەری لاوچاکیان گوت ڕیشە ئێمەی ناردووە، گوتی پێیان ڕابگەینن، هەفتەی دابێ دەبێ هەموو هێزی پێشمەرگە کۆببێتەوە لە دۆڵی پڕکانی، سەرکردایەتی دێتەوێ ڕاستەوخۆ قسە لەسەر پیلانی داهاتوو دەکات. نەدیم و وان بەو هەواڵە دڵخۆش بوون، چونکە تا ئەوکاتە لەنزیکەوە سەرکردەی شۆڕشیان نەبینی بوو. بینینی سەرکردەی شۆڕش بۆ ئەوان هەبوونی سەرۆکێکی لێهاتوو بوو، وەک هەر

میللەتێکیتـــر، کە شـــانازی بە ســـەرۆکەکانی خۆیـــان دەکەن و خۆشـــــیان دەوێ، بەتـــــایبەتی لە گەرمەی شـەڕو داگیرکـاری. ڕەنجـدەری لاوچـاک ئامـادەیی خـۆی نیشـاندا. دوو پێشـمەرگەکە کە هەواڵەکەیـان پـێ گەیانـد، ویســـتیان ڕاســـتەوخۆ بگەڕێـــنەوە، بەڵام نەدیـــم و وان لێنەگەڕان، گوتیـان ئێـوارەیە نـان بخـۆن ئەوجە بـڕۆن. ئەگەرچـــی بە خۆیـــان خـــواردنێکی ئەوهایـــان لێنەنـــابوو. نـــاو مەنـــجەڵەکە پـــڕ ئـــاو بـــوو، لەژێـــرەوە چەنـــد قـــلە نیســـکێک دەبینـــدرا، بەڵام ڕووحیەتێکـــی وەهایـــان هەبـــوو، پێیـــان جـــوان بـــوو هەرچـــی هەبـــێ پـــێکەوە بیخـــۆن. دوای ئەوەی نـــان خـــورا، موختـــارەکە بە دوو پێشـــمەرگەکەی گـــوت، ئەگەر ڕێـــم بـــدەن منـــیش لەگەڵتـــان دێـــم، دەمەوێ لە نـــزیکەوە ڕیشـــە ببیـــنم. یەکێـــک لە دوو پێشـــمەرگەکە ڕاســـتەوخۆ موختـــارەکەی ناســـیەوە، کە کـــاتی خـــۆی زمـــانی لە برایەکـــی ئەو دابـــوو، براکەشـــی دوای ئەوەی لەلایـــان بەعســـیەکان دەســـتگیردەکرێ، دەیـــخەنە زینـــدان، ئەویـــش لەبەر ئەوەی نهێنـــی زۆری شۆڕشـــی لەکـــن دەبـــێ و ناشـــیەوێ ئەو نهێنیـــانە بکەوێـــتە دەســـتی بەعســـیەکان، خـــۆی دەکـــوژێ. پـــێش ئەوەی هـــاوڕێ

پێشمەرگەکەی قسەیەک بکات. ئەو بە موختارەکەی گوت ڕیشە پیاوێکی سادەو خاکیە، لەسەر ئەو ناو و شوهرەیەش هەرکەس بیەوێ دەتوانێ ببینێ، ئەگەر بەپێویستی دەزانی، بۆ نا، لەگەڵ ئێمە وەرە.

دالّی سەردار قسەی ئەو پێشمەرگەیەی بەدڵ نەبوو، بەڵام نەشیویست لە پێش موختارەکە بڵێ بۆ ئەوێی مەبە. ناچار بە فێڵی ئەویش دیاریەکی بۆ ڕیشە داناوە، لەگەڵ خۆی بۆی ببات، پێشمەرگەکەی بردە بنەبانی ئەشکەوتەکە، پێی گوت من هیچ ئەو پیاوەم بە دڵ نیە، ئەمڕۆ خۆی گەیاندۆتە ئێرە، بەخۆی موختار بووە، پەیوەندی لەگەڵ بەعسیەکان هەبووە، ئێستاش پێم وایە پیلانێکی هەیە، دەنا ئەو پیاوە نیە ببێتە پێشمەرگە. پێشمەرگەکە گوتی دەزانم، ئەو زمانی لە برایەکی من داوە کاتی خۆی، نازانێ من کێم، بۆیە لەگەڵ خۆم دەیبەم. دالّی سەردار گوتی دەیکوژی؟ پێشمەرگەکە گوتی هیچ نالّێم، بەس ئەوەندەم زەحمەتە لە ئەشکەوتەکە دووری دەخەمەوە. دالّی سەردار سەیری بەو پێشمەرگەیە هات، کە ئەوها زوو موختارەکەی ناسیبۆوە. پێدەچوو بە دواشیدا گەڕابێ،

نەیگەیشـــــتبێ. کە لەبنەبـــــانی ئەشـــــکەوتەکە لەگەڵ پێشـــمەرگەکە گەڕانەوە لای نەدیـــم و وان، دالّـــی ســـەردار تەماشـــایەکی موختـــارەکەی کـــرد، لە دڵـــی خـــۆی گـــوتی بەدبەخـــت، ئەوەنـــدە زمانـــت لە خەڵکـــی داوە، نەک نەدیـــم، کەس متمـــانەی پێـــت نەمـــاوە ئەگەر ئەوجـــارە لێشـــت ببـــووڕێ. ئینجـــا دوو پێشـــمەرگەکە ئەو شـــەوە دوای نـــان خـــــواردن و چـــــا خـــــواردنەوە، هەڵســـــتان و ئەشـــــکەوتەکەیان بەجێهێشـــــت، موختارەکەشـــــیان بەگەر خۆیاندا، ئیتر لە نەدیم و وان دیارنەما چیان لێ کرد.

(٦٨)

دونیـــا دەیویســـت تاریـــک دابـــێ، ســـیاوەرد بە مەڕومـــالاتەوە گەڕاوە نـــاو گونـــد. لە دووڕەوە دەنگـــی زەنگولّەکـــان دەهـــات، مەســـتان کە لەوکـــاتە جـــودی بچـــووکی لە بـــاوەش بـــوو، لەبـــن هەیـــوان ڕاوەســـتابوو چاوەڕێی گەڕانەوەی ئەوی دەکرد.

جـــودی بچـــووک شـــەو و ڕۆژ یەک چـــرکە چـــیە لە دایکـــی جیـــانەدەبۆوە. مەســـتان شـــەوان لەنـــاو کۆشـــی خـــۆی دایـــدەناو مەمکـــی دەخســـتە دەمـــی، تـــا دەخەوت. بە

ڕۆژیش هەر ئیشێکی دەکرد، لەکۆڵی بوو. جودی بچووکیش لە کاتی مەمک مژتن لەبەر ئەوەی دەبوا بە کەپوو هەناسە بدات، بۆنی پرچی دایکی دەکرد، کاتێک بەسەر دەموچاویدا پەخشان دەبوو. کە دەخرا کۆڵیش، لەگەڵ هەنگاوەکانی دایکی خەو دەیبردەوە، سەری لار دەبۆوەو دووبارە ڕوومەتی بە هەمان پرچ دەکرد، پرچێک لە هەموو شتەکانی دەوروبەری بۆنخۆشتر، چونکە مەستان بەخۆی ژنێکی جوان و خاوێن بوو، باوەشێک پڕاو پڕ لە سۆزو خۆشەویستی. مەمکێک هەم پڕ خۆراک لەکاتی برسیەتی و هەمیش نەرم و بێ ئازار و چێژبەخش، کە دەستە بچووکەکانی لەسەر دادەنا.

ئەو شتانەش وای کردبوو، مەستان دووربکەوێتەوە، جودی دەست بە گریان بکات. مەستان بێتەوە بەرچاوی ئەو پێبکەنێت. کە سیاوەرد مەڕومالاتەکەی داکرد، بەخۆی بەرەو ماڵ گەڕاوە. لە بن هەیوان تووشی مەستان بوو، هەردووکیان بەو دیدارە گەشبوونەوە، وەک ژن و مێردێکی تەبا. بەڵام سیاوەرد وەک گلەییەک، بەمەستانی گوت لەوەتەی

جودی بووە، تۆ باوەشم لێنادەی وەک جاران لەکاتی گەڕانەوە. شەوانیش ڕووت لەوەو پشتت لەمن. مەستان پێکەنی گوتی ئای ئای ئەوە چ قسەیەکە، نەکا غیرە لەویش بکەی؟

سیاوەرد گوتی بۆ ئەگەر غیرەی لێبکەم، لای کاممان دەگری، نەڵێی ئەو بێ تاوانە؟ مەستان گوتی بۆ، تۆ پێت وایە تاوانێکی هەیە؟ سیاوەرد گوتی بەڵێ تۆی لە من برد، ئەوە تاوانەکەیەتی.

ئینجا بەدەم ئەو قسانەوە چوونە ژوورێ، سیاوەرد دوای ئەوەی دەست و پلی شووشت، جودی بچووکی لە مەستان وەرگرت، تا مەستان خوانی دانا، سیاوەرد چەند جارێک جودی بڵند کردو داینـاوە، جودیش پێدەکەنی، پێکەنینێک پڕ بە دڵ، لەگەڵیشی گەغە گغی دەکرد. دواتر پێی لەسەر زەوی دانـاو بەدەم تاتیەوە، پێی گوت کوڕم تۆ کەی گەورە دەبی تا بتکەمە بەرخەوان؟

لەولاوە کە مەستان گوێی لێ بوو، گوتی ئەی کوێربم بۆ ئەو ڕۆژە، داخوا چەند جوان دەبێ لە ناو گژوگیا دانیشێ و گۆچانێکی بچووک بخاتە بن چەنەگەی، لە

دوورەوە چاودێری بەرخەکانی بکات کە دەلەوەڕێن.
سیاوەرد گوتی زۆر.
ئینجا مەستان کە خوانی دانا، سیاوەرد دانیشت، جودی بچووکیشی لەسەر جێگاکەی تەنیشی دریژ کرد، مەستان و سیاوەرد دەستیان بە نانخواردنی ئێوارە کرد، کە پێکهاتبوو لە گوێزو کونجی و چای، لەگەڵ نانی تیری.
دوای ئەوەی نانیان خوارد، سیاوەرد لەسەر جێگا دریژ بوو، کەمێک خۆی لێک ڕاکێشاو ڕووی لە بنمیچی خانووەکە کرد، گوتی ئای هەی مەستان، کێ دەیزانی ئێمە دەبینە ژن و مێرد، ئەو جودیە بچووکەشمان دەبێ. مەستان گوتی کەس.
سیاوەرد گوتی ئەدی کێ دەیزانی منداڵێک دڵی مەستانەکەم دەبات؟ مەستان لەگەڵ ئەو قسەیە بڕۆی بۆ یەک هێناوە ،گوتی تۆ چیتە شێت بووی؟ سیاوەرد گوتی نا، ئەگەر ئەو منداڵە دڵی نەبردووی بێزوو لە من بکەی، بۆ نایە باوەشم؟
لەگەڵ ئەو قسەیە دەستەکانی لێککردەوە، مەستان پێکەنی ڕاستەوخۆ خۆی خستە باوەشی سیاوەرد،

گوتی بڕوابکە تۆ لەجودی بچووکتری. سیاوەرد بە تی چاوی سەیری کرد، گوتی چی؟ مەستان لەگەڵ ئەو سەیرکردنە زیاتر پێکەنی، گوتی دەڵێم تۆ لە جودی بچووکتری.

سیاوەرد گوتی بۆوا دەڵێی؟ مەستان گوتی ئەدی ئەوە نیە لەگەڵ ئەو منداڵە ڕکە دەکەی لەسەر من؟ سیاوەرد بێ ئەوەی ئاگای لێ بێ، چ دەڵێ. گوتی مەستان تۆ ئاگات لە من نەماوە لەبەر ئەو، خۆمنیش خۆشمدەوێ، بەڵام ناکرێ لەپێش تۆ هەر بڵێم جودی جودی. مەستان گوتی ئێستا دەزانم بۆ وا دەکەی، ئەوەی ناوێ، ئەمشەو دێمە لات باشە. سیاوەرد لەگەڵ ئەو قسەیە وەک چۆن مەستان مەمک دەکاتە دەمی جودی ژیردەبێتەوە، ئەویش ژیربۆوە.

ئینجا تۆند مەستانی لە باوەش گرت و پرچی بۆن کرد، کە دووبارە دوای هاوسەرگیری لە خەنەی نابۆوە. سیاوەرد گوتی ئاخ لەو بۆنە، دەزانی چیم بیردەخاتەوە، ئەو شەوەی پێکەوە هاتینە ئەو ماڵە. مەستان و سیاوەرد لەو گفتوگۆ شیرین و سادانە

دابـوون، ئاگایـان لـێ نەبـوو، بـارق بەو شـەوە بە دەبـابەو شۆفەڵ و زیل و ئیڤەوە، بەڕێوەن بەرەو گوندەکەیان.
کە شـەو درەنـگ داهـات، مەسـتان جـودی بە بـۆنی پـرچ و سـینگی و سـۆزی دایکـایەتی نوانـد، بەخۆشـی چـووە تەنیشـت سـیاوەرد ڕاکشـا، پـێکەوە تونـد باوەشـیان لەیەکتریـداو تـا درەنـگ تێکئـاڵان. کە دونیـا تاریـک و ڕوون داهـات. سـیاوەرد گـوێی لێبـوو نـم نـم بـاران دەبـارێ، لەگەڵ بـاران بـارینەکەش، تـوتکە دەحەپـێ، بەڵام حەپینێکی سەیر.
لەناکـاو کە هێشـتا لەنـاو جێگـاکەی دەرنەهـاتبوو، هەسـتی کـرد لە نـاو گونـد بـووە دەنـگە دەنـگ و هەرا، ئەویـش پـێش ئەوەی بـانگی مەسـتان بکـات لە یەکێـک لە دەلاقەکـان سـەیری دەرەوەی کـرد، بینـی بـۆراییەک هەر چـواردەوری گونـدی تەنیـوە، سـەرەتا نەیزانـی چـیە، پاشـان بەهـۆی ئەوەی لەلای بـۆراییەکە، چەنـد تەقە تەنـدورێک هەڵـدران بەسـەر گونـدەکەدا، بـۆی دەرکەوت بەعسـیەکانن، لەوێ خـوێن لە لەشـی نەمـا، زانـی ئیتـر تەواو. لەوکـاتە بەغەریبـی سـەیرێکی مەسـتان و جـودی کرد، هەردووک خەوتبوون، نەیزانی چیان لێ بکات.

هێـــدی هێـــدی لەنـــاو گونـــدەکەش بـــووە تێکســـووڕان، خەڵکەکەی تریش بە ئاگا هاتن.

ســـەربازەکانیش بە تەواوی نزیـــک بـــوونەوە، تـــا کـــار گەیشـــتە ئەوەی دەنگیـــان دەبیســـترا بە عەرەبـــی قســـەیان دەکـــرد. ســـیاوەرد بە ناچـــاری بـــانگی مەســـتانی کـــرد، گـــوتی هەســـتە دەورەی گونـــد گیـــراوە. مەســـتان بە ســـەرو پرچـــی درێـــژو ئـــاڵۆزاوەوە گـــوتی تـــۆ چـــی دەڵێـــی؟ ئەوە بەڕاســـتتە؟ چەنـــد جـــار گـــوتم دێـــن، دەگەنە ئێـــرەش، کەس گـــوێی نەگـــرت. ســـیاوەرد گـــوتی خـــۆت تـــێکمەدە، بەڵکـــو تەنیـــا بـــۆ پشـــکنین هـــاتبن، بـــزانن پێشـــمەرگەی لێـــیە ئێـــرە یان نا. مەستان گوتی بڕوا ناکەم بۆ ئەوەندە بێ.

لەوکـــاتە لە دەرەوە بـــارق بە یـــاوەری چەنـــد ســـەربازو جاشـــێک هـــاواری کـــرد، وەرنە دەرەوە، ئەگەرنـــا گونـــدەکە بەســـەرتاندا دەڕوخێـــنم. خەڵـــکەکە کە گوێیـــان لێبـــوو چـــی دەڵـــێ، هێـــدی هێـــدی لەنـــاو ماڵەکـــان هـــاتنە دەرەوە. بـــارقیش بە ســـەربازەکانی گـــوت کۆیـــان بـــکەنەوە، لەوکـــاتە تەنیـــا مەســـتان و ســـیاوەرد مـــابوون، ســـیاوەرد بە مەســـتانی گـــوت دەبـــێ ئـــێمەش بچـــین، دەنـــا گـــران لەسەرمان ڕادەوەستێ.

مەستان گوتی دەترسێم هەموومان بکوژن، ئاخەر جودی زۆر بچووکە، نامەوێ بکەوێتە بن دەستی ئەوانە. سیاوەرد گوتی ئێ ئەو نەبەین، دەترسم خانووەکان بەسەریەکدا بڕووخێنن و نەشهێڵن بیگەینێ ئەوکات. تۆش لێرە بەجێبهێڵم بەتەنیا بڕۆم، دڵنیام بێن ئەو سەربازە بێ ڕەوشتانە پڕت دەدەنێ. مەستان گوتی ڕاوەستە شتێک دەکەم، جودی خەوتووە، لە بەتانیەک لولی دەدەم، دەیبەمە ناو کۆڵیتەکەی توتکە.

ئەگەر نەمانکوژن، دێینەوە کنی، ئەگەر بشمانکوژن، ئەو دەربازی دەبێ، ناکوژرێ، کەسێکیش دوای ئێمە هەر دەبێ، هەڵیگرێتەوە.

لەگەڵ ئەو قسانە دەستی بە گریان کرد، گوتی ئای کوڕە بێ بەختەکەم. سیاوەرد گوتی چیبکەین؟ لەو کاتە لەم ڕێیە باشتر نیە. ئینجا نوشتاوە سەری و لەسەر عەردەکە بڵندی کرد، خستیە باوەشی خۆی، دواتر سەیری کرد گوتی کوڕم نازانم یەکتری دەبینینەوە یان نا، بەڵام بەوهیوایەم ببیە پیاوێک دژی زوڵم و ستەم بوەستیەوە، نەک زوڵم و ستەم بکەی.

ئینجا مەستان لێی وەرگرت لە بەتانیەک لولدا، بە پەنا و پێچ بردیە ناو کۆڵیتەکەی توتکە، کە لە خانووەکە بڕێک دوور بوو، لەوێ پێش ئەوەی دایبنێ تێر بۆنی کرد و بە سینگی خۆی وەنا، دواتر بە توتکەی گوت کە لەوکاتە بەدەوری مەستاندا دەسووڕاوە، سەگی ئاقڵ، ئەگەر ئێمە شتێکمان لێهات، ئەو منداڵە وەک بەچکەی خۆت ئاگات لێی بێ، هەرنا بیگەینە ئاوەدانی. دوای ئەو قسانە جودی خستە ناو کۆڵیتەکە، ئەگەرچی بەحاڵ دەستی لێبەربوو.

توتکە هەر بەبەر چاوی مەستانەوە، هێشتا دوور نەکەوتبۆوە، چووە تەنیشت منداڵەکەو خۆی پێوەنوساند، سەیرێکی مەستانیشی کرد، وەک ئەوەی پێی بڵێ من ئاگام لێ دەبێ، بێ غەمبە. مەستان بە چاوی بە فرمێسکەوە، بەپەلە گەڕاوە لای سیاوەرد، گوتی چیبکەین؟ سیاوەرد گوتی وا باشە بچینە ناو خەڵکەکە، دەنا دوور مەبینە بە پێشمەرگەم بزانن.

ئینجا مەستان و سیاوەرد پێکەوە چوونە ناو خەڵکەکە. لە دوورەوە بارق کە هەردووکیانی بینی، بانگی کردن گوتی بۆوا درەنگ هاتن؟ سیاوەرد

وەڵامیداوە خەوتبووین. بارق دیاربوو بڕێک بڕوای پێ کردن گوتی باشە، بە سیاوەردی گوت بڕۆ ناو پیاوەکان، بە مەستانیشی گوت تۆش بڕۆ ناو ژن و منداڵەکان.

ئینجا بە سەربازەکانی گوت، هەموو ژن و منداڵەکان بارکەنە ناو ئیڤەکان، لەگەڵ ئەو قسەیە چەند سەربازێک غاریاندا ژنەکان بخەنە ناو ئیڤەکان، کە گەیشتنە ناویان بووە قیژوهۆڕو ڕاکێش ڕاکێش، بە بەرچاوی پیاوەکانەوە یەک یەک سواری ئیڤەیان کردن، منداڵەکانیش توند کراسی دایکەکانیان گرتبوو کە دوای سوارکردنی دایکەکان، پیلی ئەوانیشیان دەگرتن و تێیان هەڵدەدانە ناو ژنەکان. تا نۆرە گەیشتە مەستان، لەوکاتە سیاوەرد تەماشای دەکرد، ئەویش چاوی هەر لەلای کۆڵیتەکەی توتکەبوو، ئەگەرچی زۆر لە دڵی گران بوو لەو گوندە بیبەنە دەرەوە، بەڵام نەدەکرا، ناچار لەخەفەتان سەیری سیاوەردی کرد، سیاوەردیش لەگەڵ ئەو سەیرکردنە پێی خۆش بوو گیانی دەربچێ، بەس ئەو دیمەنە نەبینێ، مەستان لە دەست ئەو سەربازانەیەو

ڕایدەکێشن. بە حاڵ ئەویشیان بارکرد، ئینجا دەرگایان لەسەر پێوەدان، ئەگەرچی ژنەکان، بەتایبەتی پوررێحان هاواری دەکردو بە بارقی دەگوت بۆوا لەوخەڵکە دەکەن؟

ئەوانە خەریکی مەڕومااڵتی خۆیانن، چ کارتان پێیان هەیە؟ ئەگەر شەڕتان لەگەڵ پێشمەرگەیە، بڕۆنە گژ گیانی وان.

بارق هاواری کرد، سەربازینە ئەو پیرێژنە دەنگ ناخۆشە بێ دەنگ کەن، دەنا بێم گوللەیەک بە نێوچاوانی وەدەنێم.

سەربازێک چووە سەر ئێیقەکەو لولەی کلاشینکۆفەکەی خستە سەرسەری، گوتی ئەگەر دەتەوێ کەمێکیتر بژی، بێ دەنگ بە دەنا هەر لێرە دەتکوژم.

پوررێحان ناچار بێ دەنگ بوو، مام ڕواڵ لە دوورەوە ئەو کلاشینکۆف ڕاکێشانەی پێ ناخۆش بوو، لە شوێنەکەی خۆی، خۆی پچڕیەوەو گوتی بۆ ئێوە شەرمە، ئەو پیرێژنە وەکو دایکتانە. لەگەڵ ئەو قسانە سەربازێک پاڵێکی پێوەنا، دەماو دەم بەربۆوە،

پوررێحان لەوێرا هاواری کرد، گوتی ئەی کوێر بن. خەڵکەکەش بە بەربوونەوەی مام ڕواڵ زۆرتێکچوون، چونکە ئەو هەیبەتێکی خۆشەویستانەی هەبوو لە ناویان، بەڵام ئەو سەربازانە گوێیان بە هیچ نەدەدا. ئینجا دوای بارکردنی ژن و منداڵەکان، پیاوەکانیشیان هەموو خستە ناو چەند زیلێک. دواتر بە شۆفەڵ دەستیان بە تێکدانی گوندەکە کرد، لەگەڵ ڕۆژهەڵاتن، داری لەسەر بەردی نەما.

نە ماڵی پوررێحان و مام ڕواڵ، نە ماڵی باوکی مەستان، کە خۆشەویستترین ماڵ بوو لە چاوەکانی نەدیم، نە ماڵە نوێیەکەی سیاوەرد. لەکاتی ئیشکردنی شۆفەڵەکان مەستان لەپشتەوەی ئێفەکە دونیای خراکرد، بەس بهێڵن بگاتە جودی بچووک، بە ئاشکرا گوتی من منداڵەکەم لەوێیە.

کەچی کەس گوێی لێ ڕانەگرت، تەنانەت لەبەر گڕەگڕی شۆفەڵ و گریانی ژن و منداڵ و هاوار هاواری سەربازەکان گوێشیان لێنەبوو. ئینجا کە گوندەکەیان تێکدا، هەموو ژن و پیاوەکانیان وەک هی گوندەکانیتر، بەڕێکرد بۆ ئەو زیندانەی ئەقرەب بن

سەیف سەرپەرشتی دەکرد. لەکاتی بەڕێکەوتن لە پشتەوەی ئۆتۆمبێلەکان مەستان و سیاوەرد پێکەوە لە کۆڵیتەکەیان دەڕوانی، فرمێسکیش بە چاوەکانیاندا هاتبووە خوارەوە. ئەوەی لە گوندەکە بە پێوە ما، دوای ڕۆیشتنی بارق و سەربازەکان، تەنیا کۆڵیتەکەی توتکەبوو. کە لەناو ئەو هەراو هۆریاو گریان و قیژە قیژ و نەڕە نەڕی شۆفەڵە، توتکە لەبنەبانێ جودی بچووکی خستبووە ژێرە خۆی، دەشترسا.

بەشی بیست و دوو

(٦٩)

ئـــاینور لەگەڵ دایـــک و بـــاوکی کە لە ســـەیران گەڕانەوە، شـــەو درەنـــگ چـــۆوە نـــاو کتێبخـــانەکە، موبایلەکەشـــی لەگەڵ خـۆی بـرد، بەڵکـو شـەهریار تەلەفـۆنی بـۆ بکـات. لەنـــاو کتێبخـــانەکە مـــۆمێکی داگیرســـاندو لە دیـــاری دانیشـــت، بینـــی هێـــدی هێـــدی مـــۆمەکە لەگەڵ ئەوەی ڕۆنـــاکی دەبەخشـــی، دەشـــتوایەوە، ئـــاینور بیـــری لە تەمەنـی خـۆی کـردەوە. دواتـر لەخـۆی پرسـی بـۆ ژیـان ئەوهـا ببـاتە سـەر، ئـاخەر تەمەن چەنـدە تـا بەشـی ئەو هەموو چاوەڕوانی و دڵەڕاوکێ و ترسە بکات؟

باشتر نەبوو ڕاستگۆیانە هەستی خۆی بۆ شەهریار بدرکاندبا و پێی بگوتبا خۆشمدەوێی؟ باشتر نەبوو ئەو کەسەی هەستی بۆی هەیە ڕەتی بکردبایەوە، لەوەی تووشی پیاوێکی وەک خەلیفە بێ، کە هەموو خەیاڵی داگیر کردبوو، بە کۆمەڵێک باسی هەڵیت و پەڵیت، لە بۆ دامرکاندنەوەی غەریزەکانی. لەو خەیاڵانە دابوو، سوتفە کتێبێک لەسەر کتێبخانەکە بەربۆوە، ئاینور لە شوێنەکەی خۆی ڕاپەڕی، ڕاپەڕینێک، ڕەنگی لەگەڵی زەرد هەڵگەڕاو تۆند دەستی لەسەر دڵی دانا.

قسەکانی خەلیفەی بەبیرهاتەوە، دەربارەی دەنگە نادیارەکان، یان ئەو شتانەی لە شوێنێک دایاندەنێ و نامێنێ. بە هێمنی لە شوێنەکەی خۆی هەڵستاوەو چووە لای کتێبەکە، بینی دیوانەکەی مەحویە. لەبیری چووبوو جاری پێشوو ئەو لەسەر ڕەفەکە هێنابوویە دەرەوەو هەر ئەویش بەهۆی مێشک ئاڵۆزیەوە، باش داینەنابۆوە. کەچی وایزانی ئەو دەنگە بۆیێ هاتووە، دەیەوێ بڕوای بە قسەکانی خەلیفە حەمدون نەمێنێ و لە چوونی بۆ ئەوێش پەشیمان بۆتەوە. لەوکاتەش

جنەکانی خەلیفەن هاتوون بەهۆش خۆی بێنەوە و بەو دەنگە پێی بڵێن ئاگادارببە، تۆ پەیمانت هەیە لەگەڵ خەلیفە، پەیمانی نوشتەی قوفل.

لەوێ بەترسەوە دیوانەکەی هەڵگرتەوەو بەرەو مێزەکە گەڕاوە، کتێبەکەی لەسەر مێزەکە داناو بەخۆشی دەستی بە پیاسە کرد بەناو ژوورەکەدا، حەزی نەدەکرد پشت لە هیچ لایەک بکات، وەک هەر مرۆڤێک کە دەیەوێ لە حاڵەتی ترس ڕووی لەو شوێنە بێ، لێی دەترسێ.

لەناکاو دەستی بۆتەلەفۆنەکە برد، هەر نا بە فێڵی کتێبەکان، تەلەفۆن لەبۆ شەهریار بکات، زانی ئەو تەلەفۆن ناکات. ویستی بەهۆی ئەو تەلەفۆنەشەوە، بزانێ دوای ئەوەی بوکۆکە زنجیرکراوەکەی خستە بنی دەریاچەکە، هەستی بۆی گۆڕاوە یان نا؟

کە ژمارەکەی شەهریاری لێدا، بینی پەیوەندی تری لەگەڵە. لەلای خۆیڕا گوتی دەی، ئەگەر پەیوەندیەکە کۆتایی بێ، خۆی دەیکاتەوە. کەچی نزیکەی نیو کاتژمێر زیاتر چاوەڕێی کرد، تەلەفۆنی بۆ نەهات. ناچار دووبارە ژمارەکەی لێداوە، تەلەفۆنەکە دەری

خست هێشتا پەیوەندی لەگەڵە، دڵی بەوە تووند بوو. تەلەفۆنەکەی کەمێک لەدەست گێڕاو سەیری کاتژمێری قەد دیوارەکەی کرد، بینی کاتژمێر یەک و نیوی شەوە.

لەبەرەخۆی گوتی ئاخەر بەو درەنگە لەگەڵ کێ قسە دەکات؟ دواتر ئەگەر هەندە گرنگ و خۆشەویست نیە ئەو کەسەی قسەی لەگەڵ دەکات، بۆ پێی نااڵێ ئێستا بۆت دەکەمەوە، تەلەفۆنێکیترم لەگەڵە، تەلەفۆنەکەی من هەڵگرێ. شەهریار دەزانی تۆ خوێنڕێژترین بکوژی منی، بێ ئەوەی تاوانێک چیە هەتبێ. لەگەڵ ئەو قسانە دە دەقەیەکیتر خۆی گرت، دواتر تەلەفۆنی بۆکردەوە، تەلەفۆنەکەی شەهریار هەر لە پەیوەندی دابوو. ئاینور لەگەڵ ئەو پەیوەندیە درێژە ئۆقرەی نەما، دەستی بە تەلەفۆن کردن کرد، نە جارێک نە دوو نە سێ، تا شەهریار وابزانێ شتێک هەیە، پێوستە وەاڵم بداتەوە، پەیوەندیەکەیتر بپچڕێنێ، کەچی هیچ سوودێکی نەبوو، پێش دەچوو شەهریار نەوێرێ ئەوە بکات، چونکە ئەگەر لەگەڵ کەسێک قسە بکات پەیوەندی لەگەڵی هەبێ، بە دڵنیاییەوە تەلەفۆنەکەشی

لەســـەر دابخـــات بەهەر بیـــانویەک، دونیـــایە ئەو لەپـــڕ بـــۆی بکـــاتەوە، بشـــزانێ ئەم پەیوەنـــدی لەگەڵە، ئەو دەڵـێ کـێ بـوو قسـەت لەگەڵـی کـرد؟ بەتـایبەتی بەو کـاتە درەنـــگە. ئـــاینور تەواو بێـــزار بـــوو، لە قەهـــران موبـایلەکەی فڕێـدا ســەرمێزەکەو لەســەر کورسـیەک لە دیـار مـۆمەکە دانیشـت، تەماشـای نـاو ئـاگرەکەی کـرد، بینـی زیـاتر لە تەمەنـی مـۆمەکەی بـردووە، وەک ئەوەی بیەوێ بەم زووانە کۆتایی بە بوونی بێنێ.

لە دڵپڕیـان دیسـان دەسـتی لەبـۆ تەلەفـۆنەکەی بـردەوەو ناچـار ئەوجـارە تەلەفـۆنی لەبـۆ لیـای هـاوڕێی کـرد، جـاری یەکەم لیـا هەڵـی نەگـرت، لەبەر ئەوەی ئەو وەک کچێکـی تەندروسـت، لە کـاتژمێر دە و یـازدەی شـەوەوە دەخەوت، تـا کـاتژمێر حەفـت و هەشـتی بەیـانی. جـاری دووەم هەڵیگـرت. ئـاینور سـڵاوی لـێ کـرد. لیـا وەڵامـی داوەو ڕاسـتەوخۆ پێـی گـوت ئـاینور خـۆ شـتێک نەبـووە؟ بەو درەنـگە تەلەفـۆن دەکەی. ئـاینور گـوتی نـا، دڵـم پـڕە، لە کتێبخـــانەکەی بـــاوکم بەتەنیـــا حەزم کـــرد قســـەت لەگەڵ بکەم، ئەگەر کاتت هەبێ.

لیا گوتی قوربانت بم، ئەوە کەی قسەیە، بەڵام ترسام شتێک بووبێ. ئاینور گوتی لیا ئەوەندەی ئاگادارم زیاتر لە دوو کاتژمێرە بە تەلەفۆن قسە دەکات، بەو شەوە درەنگە.

لیا گوتی کێ؟ ئاینور گوتی شەهریار. ئاخەر کوڕ یان کچ بەتەلەفۆن قسە بکات لەکاتێکی وا مرۆڤ بیر لە چ پەیوەندیەک دەکاتەوە پێم بڵێ؟ لیا گوتی جا قسە کردنی ئەو چ پەیوەندی بەتۆوە هەیە؟ خۆ هیچی تۆ نیە. ئاینور تۆڕە بوو، گوتی ئاخ ئەو قسەیە مەکە تکایە، ئەو قسەیە بریندارم دەکات. ڕاستە لە مێشکی ئەو هیچ نیە، بەڵام ئەدی لە مێشکی من چی؟

لیا گوتی ئارامبەوە، تۆ ڕاست دەکەی، مەسەلەکە دوو حالەتی جیاوازە. ئاینور دەمێک بێ دەنگ بوو، دواتر گوتی لیا. لیا گوتی بەڵێ ئاینور.

ئاینور گوتی دەمەوێ پێت بڵێم تۆ کچێکی زۆر زۆر ئاقڵی. لیا گوتی ئاینور بە دڵنیاییەوە تۆش.

ئاینور گوتی دەزانم، بەڵام من هاوسەنگیم لە دەستداوە، تۆ ئاگات لێ نیە بۆ عەشقی شەهریار چەند خۆم وێران و سەرگەردان کردووە، هەرچەند دەکەم

ناتوانم وەک خۆمم لێبێتەوە. ئاخەر ئەو شەمەندەفەرە خێراو لە هێڵ لادەرە بەکێ کۆنترۆڵ دەکرێ؟ کێ دەتوانێ بێ زیان بیهێنێتەوە سەر هێڵەکەی؟ من دەزانم تا ڕادەوەستێ دونیایەک بڕین بەدوای خۆیدا دێنێ. لیا گوتی ئاینور چیت لێهاتووە، ئەو قسانە چین؟ تۆ کوڕێکت خۆشدەوێ، جارێ یەک لایانە، لە کاتێکی گونجاو ئەگەر ئەو نوشتەیەی خەلیفە بۆی کردووی، هیچ نەبوو، دەرفەتم پێ بدە خۆم دەچمە لای شەهریار و هەموو شتێکی دەربارەی تۆ پێدەڵێم ، کەس لەسەر ئەوەی پێی بڵێی خۆشمدەوێی ناتکوژێ .

ئاینور لەگەڵ ئەو قسەیە دڵی کەمێک خۆش بوو، گوتی بڕوابکە پێش ئەوەی قسە لەگەڵ تۆش بکەم بیرم لە هەمان شت دەکردەوە. نازانم بۆ ئەو ڕێگا ئاسانە هەبوو، وا خۆم خستە سەر ئەو ڕێگا پڕ لە کەندو کۆسپە. نزیکەی کاتژمێرێک زیاتر لەگەڵ لیا قسەیان کرد، دواتر ئاینور بە لیای گوت خەوم لە تۆش تێکدا، بە ئەقڵە نەفامەکەی خۆم، سبەی ئەگەر پێت کرا وەرە لام.

لیا گوتی گوێ مەدێ، ئەو ڕێگایەی تۆ وەک باسی دەکەی هەندەش ناخۆش و نەفامانە نیە، هەرشتێک چێژی خۆی هەیە، دێم بە دڵنیاییەوە. ئینجا شەوشادیان لەیەکتری کردو ئاینور موبایلەکەی دیسان داناوە سەر مێزەکە، لەوکاتە چاوی کەوتەوە سەر دیوانەکەی مەحوی، دوای قسە کردن لەگەڵ لیا دڵی کەمێک ئارام بۆوە. بە دەستە ناسک و جوانەکانی، دیوانەکەی کردەوە، لەپێش ڕۆناکی مۆمەکە یەک یەک پەڕەکانی هەڵداوە، گەیشتە شیعرێک بە پاش قافیەی (نەمام) ئەویش دووبارە وەک جاری پێشوو بە دەنگە خۆشەکەی دەستی بەخوێندنەوەی کرد، خوێندنەوەیەک لەجاری پێشوو پڕسۆزتر. لەوکاتە داودی دارتاش کە تامەزرۆی ئەوە بوو شیعرێک بە هەمان سۆز لە کچەکەی ببیستێتەوە، لەناو جێگاکەی هەڵستاوە، بە سەر نوکی پێیەکانی چووە کن دەرگای کتێبخانەکە، گوێی لێ بوو ئاینور دەیگوت:

بڕوانە سووتنم، وەرە بڕواکە من نەمام
پەروانەم ئیترم نیە پەروا کە من نەمام

ئەو نەونەمامە کەی بەری مهر و وەفا دەدا
بۆ من، لە دەستی جەور و جەفادا کە من نەمام

بازاڕی دەرد و غەمکەدەی ئەندۆهو کونجی غەم
بێ ڕەونەق و نیشات و سەفا ما کە من نەمام

مانم ئەوەندە پڕ فەتارەتە، کە قەوم و خوێش
ئومێدی هەر بە عەفوە، خودایا کە من نەمام

چقڵی مەزاری من چەقیە دامەنی، چ سوود
شوومی بەرۆکی بەختمی بەردا کە من نەمام

ئەو شۆخە هەر کە نەعشی منی دی، قیامی کرد
چی بم من؟ ئەم قیامەتە هەستا کە من نەمام

(مەحوی) کە غەمیە مردم و غەم پەروەری نیە
غەم مایەوە بەبێ کەس و مەئوا کە من نەمام

(٧٠)

دوای بارانێکی زۆر دونیا خۆشی کرد، ڕۆژ تازە هەڵاتبوو، تیشکەکەی لەناو گۆڕستانەکە دەدا، هەڵم لە زەویە قوڕەکەو لە سەر کێل و دیوارە نزمەکان بەرز دەبۆوە. ڕووبا لەسەر گالیسکەکە ڕاکشابوو، گەرمی ڕۆژەکەی پێ خۆش بوو، کە بە لاری لە ژێر تارمەکەی دەدا، فەرخە مەیموونەکەش خۆی لەناو باوەشی کڕ کردبوو. لەگەڵ جوڵانەوەی ڕووبا، ئەویش بەئاگا هات. چاوە بچووکەکانی کردەوە،

سەیرێکی دەوروبەری کرد، بە شوێنەکەی پێشتر نەدەچوو، کە لەناو قەفەسێک بوو، یەک یەک خەڵک دەهاتن، هەندێک تەشقەرەیان پێ دەکردو دەڕۆیشتن، نەشدەبا شەو و ڕۆژ بخەوێ، هەرکاتێک لەناو قەفەسەکە خەو دەیبردەوە، یەکێک لە چاودێرەکان دەچوو شەپێکی لە شیشەکان دەدا، تا بە ئاگا بێ، نەوەک سەردانیکەرەکان پێیان بڵێن ئەو مەیموونانە چین داتاننـاوە، نە یاری دەکەن، نە زەوقیشیان هەیە، خۆ ئێمە بۆ دیار مەیموونی خەوتوو نەهاتووین.

کەچی ئەو سەبەینێیە، لەبەر ڕۆژ، بێ ئەوەی ناو قەفەس بێ، لە باوەشی کەسێکە، نە دەنگی شەپە شەپی شیشەکان دێ، نە دەنگی تڕو تەشقەرەی تەماشاکەران. ڕووبا لە شوێنەکەی هەڵستاوەو دەستێکی بە دەموچاوی داهێنا، دواتر سەیرێکی فەرخە مەیموونەکەی کردو بە هێمنی لەبەر ئەو ڕۆژە خۆشە، دەستی بە خوراندنی بن مل و بن زگی و سەری کرد، فەرخە مەیموونەکەش خۆی خستە سەر پشت، وەک ئەوەی پێی خۆش بێ. پاشان ڕووبا گوتی هاوڕێی بچووک گوێ بگرە، تۆ لەو هەراو هۆریایەی

دوێنێ شەو بەسەر باخچەکە هات بەجێمای، دەنا حەزم دەکرد لە کن دایکت بای، نەک لە کن من، بەڵام کە لەگەڵ خۆم تۆم هێناوە، بینیم تاکە گیانلەبەری لە قونیچکی قفەسێک بەجێمای نارۆی، بۆیە پێم باشتر بوو جارێ لەگەڵ خۆم بتهێنم نەک لەژێر دەستی ئەو مرۆڤانە بەجێتبێڵم دواتر بەسەر باخچە شکاوەکە دادێن، ئێستاش غەم مەخۆ بیرۆکەی ئەوەم هەیە بتبەمە چیا، لێرەوە هەندە دوور نیە، دەزانم مەیموونەکانی تریش ڕوویان لەوێ کردووە. ئینجا ڕووبا لەسەر گالیسکەکە هاتە خوارەوەو فەرخە مەیموونەکەشی خستە سەر شانی، لەوێوە پێکەوە لە دەروازەی گۆڕستانەکە بەرەو چیا بەڕێ کەوتن، لە ڕێگا ڕووبا دەستی بە قسە کرد لەبۆ فەرخە مەیموونەکە گوتی من و تۆ ئێستا وەکو یەکین، هەردووکمان نازانین دایک و باوکمان لە کوێیە، هەردووکیشمان پارەمان پێ نیە، برسیشمانە، بە بڕوای تۆ چی بکەین باشە؟ لەگەڵ ئەو پرسیارە بە دەم هەنگاونانەوە سەیری فەرخە مەیموونەکەی کرد. فەرخە مەیموونەکەش تەماشای ناو چاوی ڕووبای

دەکـــرد، تێنەدەگەیـــی چـــی لـــێ دەوێ، بەڵام وەک ئەوەی شـــەرم بکـــات، دوو ســـێ جـــار جـــیکە جیکـــی کـــردو ڕووی خـــۆی وەرگێـــڕا. ڕووبـــا گـــوتی تێگەیشـــتم، ئێســـتا لە دوکانێـــک مـــۆز دەڕفێنـــین. هەرکـــات مـــن ڕام کـــرد تـــۆش ڕاکە، ئینجـــا لە یەکێـــک لە کۆڵانەکـــان لە دوکـــانێکی گەورە نزیـــک بـــوونەوە، کە لەبەر دەرگـــا کۆمەڵێـــک ســـەبەتەی تـــرێ و پرتەقـــاڵ و ســـێو و مـــۆز بە شـــێوەی قـــادرمەیی لەســـەر یەک دانردابـــوون. لە تەنیشتیشـــیان ســـندوقی پیـــازو خیـــارو تەمـــاتەو باینجـــان. ڕووبـــا فەرخە مەیمـــوونەکەی دانـــاو پـــێکەوە چـــوونە نـــاو دوکـــانەکە، بینیـــان خـــاوەنەکەی کەســـێکی قەڵەوە، لەســـەر کورســـیەک دانیشـــتووە، ڕووبـــا بە فەرخە مەیمـــوونەکەی گـــوت، دەرفەتێکـــی باشـــە، ئەو نـــاتوانێ بـــکەوتە دوامـــان، مـــن ووشـــێک تـــرێ دێـــنم، تـــۆش جێـــیەک مـــۆز، هەرکە مـــۆزەکەت بـــرد ڕاکە. فەرخە مەیمـــوونەکە لەوکـــاتە لە شـــتەکان نزیـــک بـــۆوە، لەپـــڕ بەخێراییەکـــی زۆر، لەجیـــاتی مـــۆز ببـــات، پـــڕی دا ســـەرکە پیازێـــک و ڕای کـــرد، ڕووبـــا ســـەری ســـووڕما، ناچـــار ئەویـــش چەنگێکـــی لە ووشـــێک تـــرێ داو بەدوایـــدا ســـێ چـــوار مـــۆز کە پێـــک

وەنوسابوون، هەڵگرت و ڕۆیشت. لەوکاتە خاوەنی دوکانەکە هاتە دەرەوە گوتی هێی ئەی دز، وەرە. ڕووبا کە گوێی لێ بوو، بەرەو لای مەیموونەکە هەڵات، پیاوە قەڵەوەکەش کەوتە دوایان. فەرخەمەیموونەکە کە بینی لە پێش هەردووکیان غاریدەدا، هەندەیدیکە خێراتر بوو ڕووبا شین ببۆوە لەگەڵ پێکەنین، کە چاوی بە فەرخە مەیموونەکە کەوت. پیاوە قەڵەوەکە ناچار لە ماندووێتیان ڕاوەستاو تا ڕووباو فەرخە مەیموونەکە دوور کەوتنەوە، سەیری کرد. ڕووبا کە ئاوڕی داوە کەس لە دوایان نیە، بانگی فەرخە مەیموونەکەی کرد، کەچی ئەو هەر غاری دەدا. ناچار ڕاوەستا چونکە زانی ئەو چەند ئاوڕ بداتەوە ڕووبا غاردەدا، ئەویش ڕاناوەستێ.

فەرخە مەیموونەکە کە زانی ڕووبا ڕاوەستاوە، گەڕاوە کنی، هێدی هێدی لێی نزیک کەوتەوە، ڕووباش هەر پێدەکەنی بە تایبەتی کە بینی فەرخە مەیموونەکە لە ترسان چۆن ڕادەکات و دەموچاویشی تێکچووە، کە لە ڕووبا نزیک بۆوە، ڕووبا هەڵیگرتەوەو تۆند لە باوەشی کرد، گوتی کوڕە تۆ

زۆر قشتی، دەزانی چیت بردووە؟ کا سەیری دەستت بکە، دەستی فەرخەمەیموونەکەی گرت و بە پیازەوە بردیە پێش چاوی. فەرخە مەیموونەکە کە بینی بۆنێکی کردو پیازەکەی فڕێدا، ڕاستەوخۆ دەستی بۆ مۆزەکان برد، بێ ئەوەی خۆی تێکبدات، ڕووبا هەندەی تر پێکەنی. ئینجا بە دەم تڕێ و مۆز خواردنەوە هەردووکیان درێژەیان بە ڕێگاکەدا، تا گەیشتنە دەشتایی، لە شوێنێک کە زۆر ماندوو ببوون دانیشتن، دوای پشوویەکی باش، دیسان بەڕێ کەوتنەوە، کە دەشتاییەکەیان تێپەڕاند، گەیشتنە چیاکە. ڕۆژ هەندەی نەمابوو ئاوابێ. هێدی هێدی بە هەورازو نشێوەکاندا هەڵگەڕان، مەلە شاخەکان بەدیارکەوتن، ڕووبا لە دوورەوە بینی لەسەر شاخێک، شتێک ڕەش دەچێتەوە، لەوان دەڕوانێ، سەرتا وایزانی مرۆڤە، بەڵام کە نزیکتر بوونەوە، بۆی دەرکەوت مەیموونە، ڕووبا ڕاستەوخۆ فەرخە مەیموونەکەی دانا، تا مەیموونەکە ببینێ، مەیموونەکە لەسەر شاخەکەڕا کە چاوی بە فەرخەکە کەوت، بە بازدان هاتە خوارەوە، تومەس دایکی فەرخە مەیموونەکە بوو، لەسەر ئەو

شاخەڕا لەو کاتەی ڕایکردبوو، لەگەڵ مەیموونەکانی تر نەڕۆیشتبوو، ڕوو لە شارەکە چاوەڕێی فەرخەکەی دەکرد. مەیموونەکە کە گەیشتە بەرامبەر ڕووباو فەرخەکەی، دەنگێکی لێوەهات، فەرخە مەیموونەکە کە گوێی لێ بوو، ئەویش بە دەنگێک وەڵامی داوەو بەرەو لای غاریدا، کە گەیشتنە یەک تونند باوەشیان لێکداو دواتر فەرخەکە بە سەر ملی دایکیدا هەڵگەڕا، دەمێک یاری لەگەڵ کرد. دواتر زانیان دەبێ بڕۆن، هەردووکیان سەیری ڕووبایان کردو پاشان ڕووی خۆیان وەرگێڕا، دایکەکە فەرخە مەیموونەکەی لەسەر شانی هێنا خوارەوەو دەستی گرت، هێدی هێدی پێکەوە لە بەینی دوو مەلە شاخدا ئاودیو بوون، ڕووبا بەو ئێوارەیە، کە ڕۆژیش لەگەڵ ئاودیو بوونی وان لە شاخەکە ئاودیو بوو، فرمێسک بەسەر گۆناکانیدا هاتە خواریێ. هەستی بە بێ دایکی خۆی کرد. ئەو ڕۆژە بۆ ڕووبا زۆر جیاواز بوو، کە تێیدا گەشتێکی کورت و خۆشی کرد، لەگەڵ فەرخە مەیموونێک، کە هەم پێکەنی لەگەڵی، هەمیش گریا.

(٧١)

ئێوارەبـــــوو، گەنجەئاڵۆدەکـــــان بەرەو گۆڕســـــتانەکە دەچـــوون، لەناکـــاو کە هێشـــتا لەســـەر یەکێـــک لە شـــەقامەکانی نـــاو شـــار بـــوون، نەگەیشـــتبوونە پـــێش دەروازەکە، ئۆتـــۆمبێلێکی مۆدێـــل بەرز لە لایـــان ڕایگـــرت، پیـــاوێکی ســـەر ســـپی قـــات و ڕیبـــات شـــینی، دەســـت و مـــل بە زنجیـــر بە جـــل و بەرگێکـــی گرانبەهـــاوە لێـــی دابەزی، وێنەیەکیشـــی بە دەســـتەوە بـــوو، دیـــاربوو وێـــنەکە هەر هـــی ســـێ گەنـــجەکە بـــوو، لەگەڵ خـــۆی هێنـــابووی لەکـــاتی

گەڕان ســـەیری بکـــات، تـــا بیاننناســـێتەوە، کە ســـەیری وێـنەکەی کـرد، زانـی ئەوانە خۆیـانن، بە دەنگێکـی لەخـۆ ڕازیەوە بـانگی کـردن، ئێـوە دەتـوانن کەمێـک بوەسـتن دوو قسـە بکەیـن پـێکەوە؟ کە گەنجەکـان ئاوڕیـان داوە، پێیـان ســەیر بـوو. پیـاوەکەش بە پێکەنیـنەوە بەرەو پیلیـان چـوو، گـوتی لە دوێنێـوە بەدواتانـدا دەگەڕێـم، هیلاکتان کردم، یەک یەک دۆقەی لەگەڵ کردن.

گەنجەکـان لەو پێشـوازیە گەرمە نەگەیشـتن، دەمێـک سـەیری یەکیـان کـرد، دواتـر هەتـوان پێـی گـوت دەکـرێ پێمـان بڵێـی تـۆ کێـی؟ پیـاوەکە گـوتی بەڵـێ، لێتـان نـاگرم نامناسن، من خاوەنی ڕێستۆرانتی خوانی بەهەشتم.

کە یەکێـــک لە بەناوبـــانگترین ڕێســـتۆرانتەکانی ئەو شـــارەیە. جـــا بەڕاســـتی واشـــبوو، ئەو ڕێســـتۆرانتە ناوبـــانگی نەک هەر لەنـــاو خەڵکـــی شـــارەکە، بەڵکـــو گەیشـــتبووە بەرگـــوێی بیانیەکـــانیش. ڕێســـتۆرانتەکە خـــۆی پێکهـــاتبوو لە چەنـــدین نهـــۆم، بینـــاکەی لە دەرەوەڕا دەناســـراوە، بەهـــۆی بڵنـــدی و ئەو گڵـــۆپە ڕەنگاوڕەنگـــانەی شـــەوان پێـــدەکران. ئەو ڕێســـتۆرانتە تەنیـــا مـــاڵە دەوڵەمەنـــدەکان دەچـــوون نانیـــان لـــێ

دەخـــواردو دەیـــانخواردەوە. هەر لەوێـــش مـــۆزیکی زینـــدوو دەژەنـــدراو گـــۆرانیبێژان ڕاســـتەوخۆ گۆرانیـــان دەگـــوت، تـــا مێوانەکـــان زۆرتـــرین کەیـــف بـــکەن. هەتـــوان گـــوتی باشـــە ئـــێمەت بـــۆ چـــیە؟ پیـــاوەکە گـــوتی دوای ئەوەی بینـیم لە ڤیـدیۆکان مۆزیکتـان دەژەنـد لەنـاو شـار، زۆر پێتـــان سەرســـام بـــووم، تەنـــانەت چەنـــدین ســـاڵە گـــوێ لە مۆزیـــک دەگـــرم، گـــوێم لەو جـــۆرە ئـــاوازانە نەبـــووە، بەڕای مـــن ئـــاوازی نـــوێێن، نە غەربـــین، نە شـــەرقی، دەمەوێ لەگەڵـــم بـــێن، لە ڕێســـتۆرانتەکەم، مۆزیـــک بـــژەنن، مـــن لە بەرامـــبەر ئەوە پـــارەیەکی خەیاڵیتـــان پـــێ دەدەم، پـــارەیەک هـــیچ ئیشـــێک نەکەن لە تەمەنـــی خۆتـــان، تەنیـــا مۆزیـــک بـــژەنن و جلـــی گرانبەهـــا بپۆشـــن و چێـــژ لەو ناوبـــانگە ببیـــنن، کە بەنـــاو خەڵکیـــدا بـــاڵو دەبێـــتەوە. هەتـــوان کەوتە بیرکـــردنەوە، کەمێـــک بـــێ دەنـــگ بـــوو، دواتـــر بە پیـــاوەکەی گـــوت ئایـــا کەمێـــک دەرفەتمـــان پـــێ دەدەی، مـــن و هاوڕێکـــانم لەســـەر ئەوە قســـە بکەیـــن؟ پیـــاوەکە گـــوتی بەڵـــێ بێگومـــان. ئینجـــا بە خـــۆی لێیـــان دوورکەوتەوەو جگەرەیەکـــی چروتـــی داگیرســـاند. هەتـــوان و ژێـــدارو موریـــد، لێـــک نزیـــک

کەوتنەوە، هەتوان گوتی هاوڕێیان ئێوە ڕاتان چیە؟ مورید گوتی مۆزیکژەنینم پێ باشە، جا لە هەر کوێیەک بێ، بەڵام دەبێ ئەو پیاوە لەگەڵمان ڕاست بێ؟ هەتوان گوتی بۆ ڕاست نیە؟ چ پێویستی بەوەیە درۆمان لەگەڵ بکات؟

ژێدار گوتی نازانم، هەست دەکەم وەک خۆمان بمێنینەوە جوانترین. مورید گوتی جوانتری چین کوا پێم بڵێ، تا ئێستا پێڵاوێکمان بە دڵی خۆمان لەپێ کردووە؟ تا ئێستا جلێکمان پۆشیووە وەک هی ئەو خەڵکە؟ نانێکمان خواردوە بە نانخواردن بچێ؟ بۆنێکمان لە خۆمان داوە، هەرنا بۆن ئارەقەی خۆمان نەکەین؟ کچێک وێرایتی لەبەر سەرو شێوەمان، لێمان نزیک بکەوێتەوەو دۆستایەتیمان بکات؟ جوانتری چین؟ هەتوان گوتی هاوڕێیان پشتیتان دڕێژ بێ، دەکرێ تاقی بکەینەوە چ زەرەر دەکەین. ژێدار گوتی بەدڵی خۆتان، ئەوەی من دەترسێنێ، دووبارە وون کردنەوەی ئەو ڕێگایەیە دۆزیتمانەوە. بەهەرحاڵ چۆنتان پێ باشە وا بکەن. هەتوان و مورید پێکهاتن، ناچار ژێداریش ڕازی بوو. کە هەرسێکیان نەدەبا بێ

پرسی ڕووبا ئەو کارە بکەن، بەڵام پارەو ناوبانگ و ژن، نەیهێشت وەک پێویست بیربکەنەوە. بەرەو لای پیاوەکە چوون و گوتیان ڕازین.

پیاوەکە لە خۆشیان شاگەشکەبوو، دەیزانی ئەوانە مۆزیک بژەنن، دارو بەرد ڕوو لە ڕێستۆرانتەکەی دەکەن، لەلای ئەویش تەنیا ئەوە گرنگ بوو. بە گەنجەکانی گوت، پێش هەر شتێک دەبێ، بڕۆینە سەرتاشخانەو دواتر گەرماو، پاشان بچین بازاڕێک بکەین، جل و بەرگ بکڕین، جل و بەرگی وەکو یەک.

بەڵکو بۆ سبەی شەو ئامادەبن. ئێستا بە کارمەندەکانی ئەوێ دەڵێم دەست بە ڕێکلام و هەڵواسینی پۆستەر بکەن. ئینجا گەنجەکانی لەگەڵ خۆی سوارکرد و بەڕێ کەوتن، هەتوان لە پێشەوە دانیشت بوو، موریدو ژێدارێش لە دواوە، پیاوەکەش خەریکی تەلەفۆن کردن بوو، بۆ ئەوەی کاروبارەکان بە ڕێکی بەڕێوە ببات.

بەشی بیست وسێ

(٧٢)

دوای ئەوەی مەستان و سیاوەردو خەڵکی گوندەکە بەگشتی بردرانە زیندان، ئەقرەب بن سەیف، ژن و پیاوەکانی لێک جیاکردەوە، ژن و منداڵەکانی ناردە ژووری ژنان، پیاوەکانیشی ناردە ئەو ژوورانەی بۆ پیاوان دیاری کرابوو. سیاوەرد خەریک بوو شێت بێ لە تاو بەجێمانی جودی بچووک، لەناو کۆڵیتەکەی توتکە و جیابوونەوەی لە مەستان، ئەوەی لەوکاتە بیری لێ نەدەکردەوە، تەنیا خۆی بوو. لە داخان لە

تەنیشت باوکی مەستان و مام ڕواڵ دانیشتبوو، بەدەم فرمێسک ڕێشتنەوە دەیگوت، جودی لە گوندەکە بەجێما، ئاخەر بەو باران و سەرمایە دەبێ حاڵی چۆن بێ؟ دەبێ لەگەڵ توتکە دوای ئێمە چیان بەسەر هاتبێ و چەند غەریب مابنەوە، لەناو ئەو گوندە بەسەر یەکدا ڕووخاوە؟ ئێستا دەزانم تەنیا زیڕە زیڕی ئەو و نوسکە نوسکی توتکە دێ. باوکی مەستانیش بۆ نەوەکەی دەگریا، دەمنا دەمیش دەیگوت، ئەوە ئێمە پیاوین خەریکە بۆ بەجێمانی منداڵێک شێت دەبین، دەبێ لەودیو مەستانی کچم چی بکات، ئۆف لەو ئازارە بکوژە ئۆف.

مام ڕواڵیش لە هەموان دڵپڕتر، بەڵام ناچار بۆئەوەی هێزو گوڕێکیان پێبدات، دەیگوت ئێوە پشت بە خوا ببەستن، چۆن خوا ئاوڕ لە منداڵێک ناداتەوە لە گوندێکی وێران، لە کاتێکدا ئاوڕی لە یوسف داوە لە بنی بیرێک، کە نە ئەو کەسی لێ دیار بوو، نە کەسێکیش ئەوی لێ دیار بوو. لەناو ژنەکانیش بە هەموویان خەریکی مەستان بوون، کڕ نەدەبۆوە، پرچە لە خەنەنراوەکەی دەڕنیەوەو دەیگوت ئەی

دایکت کوێربێ ڕۆڵە، ئێستا لە سەرمان ڕەق بووبەوە، ئەی کوێربم جودی بچووک، ئاخەر هەڵەی وام بۆ کرد، هەموو دایکەکان منداڵەکانی خۆیان لەلایە، لەکوێی تۆ؟

پورڕیحانی مامانیش، وەک مام ڕواڵی مێردی، لەناو ژنەکان، دڵی دەداوە. کەچی لێیان دیارنەبوو چ ڕوودەدا. کە شەو درەنگ داهات، ئەقرەب بن سەیف و جەللادەکان، هاتنە ژوورەوە، هەموو ژن و پیاوەکانیان، بەڕێز بە دوای یەکدا، بردە دەرەوەی زیندانەکە، سیاوەرد لە کاتی هەنگاونان چاوی لە مەستان دەگێڕا، دەیویست ببینێ، پورڕیحانیش لە مام ڕواڵ، باوکی مەستانیش لە مەستان و هاوسەرەکەی، هەر کەس دەیوست ئەگەر ئەمشەو دوا ساتەکانی ژیانیان بێ، هەرنا باوەشێک لێک بدەن، ئەگەرنا، یەک ببینن. کە گەیشتنە ئەو شوێنەی ئەقرەب و جەللادەکان دەیانویست، ڕایانگرتن. شوێنەکە چەند شۆفەڵێکی لێ ڕاوەستابوو، لەگەڵ هێزی سەربازی.

چاڵێکی گەورەشیان پێش وەخت لێدابوو، ڕاستەوخۆ جەللادەکان لە ژن و منداڵەکانڕا دەستیان بە

خستنەناو چاڵی خەڵکەکە کرد، مەستان کە زانی دەبێ بمرێ، هەناسەی تەنگ بوو، کەوتە خراپترین بارودۆخ بەوەی دەبوا ئیتر ئەوجارە ئەو دونیایەش بەجێبێڵێ، کۆرپەکەی لێیە. لەوکاتەش جەللادێک قۆڵی گرت و خستیە ناو چاڵەکە، ئینجا بە دوای ژن و منداڵەکان، دەستیان بەخستنەناو چاڵی پیاوەکان کرد، قیژوهۆڕی ژنەکان و زیرەزیڕی منداڵەکانیش بێ کۆتا بەرزدەبۆوە، مام ڕواڵ بەدەم سەیرکردنی پوررێحانەوە، بەو پیریە غلۆریان کردەوە بنی چاڵەکە، دواتر باوکی مەستان، دواتر سیاوەردو ئەوانیتر، شۆفەڵەکانیش دەستیان بە داپۆشینی خەڵکەکە کرد، سیاوەرد لە جێگاکەی خۆی نەگرت، بە زگە خشکە ویستی خۆی بگەینێتە مەستان، بەڵام لەو کاتە داپۆشینەکە خێراتر لە پەل و پۆی خست، هێدی هێدی هەموو لەناو ئەو چاڵە وون بوون، تا شۆفەڵەکان بە تەواوی زەویەکەیان تەخت کرد، نە پوررێحان و مام ڕواڵێک مان، نە سیاوەرد و باوک و دایکی مەستان و مەستانیش. ئینجا ئەقرەب بن سەیف و جەللادەکان ئەوێیان بەجێهێشت، وەک ئەوەی،

ئەوێ پارچە زەویەک بێ، لە دەشتێکی چۆڵ، هیچی لێ ڕوونەدابێ. دەمێک دوای ڕووداوەکەش ترسناک و غەمبار دەهاتە بەرچاو، بەڵام لەوکاتە شتێک ڕوویدا پێشبینی نەدەکرا، دەستێک لە لایەکی چاڵەکە، هەوڵی دەدا بێتە دەرەوە، لەگەڵ ڕنینەوەی خاکەکەش سەرە پەنجەکانی بە خوێن هاتبوو، هێدی هێدی زیاتر بە دیارکەوت، بە دیارکەوتنێک سەرەتا نەدەناسراوە لەبەر تۆزی سەر دەموچاوی و پرچی، کەچی کە لەشیشی لەناو خۆڵەکە دەرباز بوو، یەک بە سیەکانی هەناسەی هەڵمژی و بەدەم هەناسەوە ئەوەندەی گوت، جودی بچووک مەستانی دایکت ناتوانێ وا بەجێتبێڵێ. تومەس ئەوکەسە مەستان بوو، لەناو هەموو خەڵکەکە تەنیا ئەو دەربازی بوو، لە مردن.

بۆ ئەوەی زووش لەوێ نەمێنێ، لەو بیابانە بە سەرو پرچی تۆزاوی و دەست و پلی داماراو، ڕێی تاریکی گرت، ڕێیەک لەخۆشی دیار نەبوو بۆ کوێ دەڕوا، بەڵام دوای ڕۆیشتنێکی زۆر، لە دوورەوە ڕۆناکیەکی بینی، بەرەو ئەو ڕۆناکیە ڕۆیشت، ئەگەر ئەو ڕۆناکیە مەترسیشی هەبا، نەدەکرا ڕووی تێ نەکات، ئەوەندە

بێ چارە بوو لەناو ئەو بیابانە تاریک و تنوکە، لە سەرباری منداڵەکەی، بەدەم ڕۆیشتنەوە بۆ سیاوەردو باوک و دایکیشی دەگریا، کە لە بن خۆڵ بەجێمابوون، فرمێسک بەسەر گۆنا خۆڵاویەکەی، نەخشیان دروست کردبوو.

کە گەیشتە ڕۆناکیەکە، بینی ڕەشماڵی ماڵە مەڕداڕێکە، چرایەک لەناوی پێیە، لە کەلەنەکانی ڕەشماڵەکە ئەو ڕوونا کیە دێتە دەرەوە. کە چووە پێش، سەگێک پێی حەپی، ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو دەنگە توتکەی بە بیرهاتەوە، پاسەوانی لە گوندەکە دەکرد، بەڵام کە خاوەنی ماڵەکە دەست بە چراوە هاتە دەرەوە، بینی سەگەکە توتکە نیە. خاوەن ماڵەکە، پیاوێکی بە تەمەن بوو، لەگەڵ ژنێک، بە عەرەبی پێیان گوت تۆ کێی؟ چی بەمشەوە لەم بیابانە چۆڵە پەیدای کردووی.

مەستان هیچ وەڵامی نەدانەوە. پیاوەکە چەکێکی بڕنۆی ناو دەستی بوو، دەشترسا، بەحەزەرەوە لێی پرسیەوە، خاتوون تۆ کێی؟ چ کارەی؟ بەنی ئادەمی یان شتێکیتر؟

لەوکـــاتە مەســـتان تەپـــپەی لێوەهـــات کەوتە ســـەر زەویەکە. ژنـی پیـاوەکە غاریـدا سـەری، مەسـتان بەحـاڵ ئەوەنـدەی لە دەمـدەرهات، گـوتی (ئەنفـال) ووشـەکەش چـونکە عەرەبـی بـوو، ژن وپیـاوەکە تێگەیشـتن، ئەوە ژنە کـوردێکە، بەتـایبەتی کاتێـک جلەکانیـان بینـی، بەبەر ئەنفال کەوتووە.

پیـاوەکە بە ژنەکەی گـوت گونـاحە پێوسـتە بیبەیـنە ژوورەوە. ئینجـا دوای ئەو قسـەیە تفەنـگەکەی دا دەسـت ژنەکەو مەسـتانی خسـتە باوەشـی، بـردیە بـن ڕەشـماڵەکە، لەوێ لەسـەر جێـیەک دایناـ، ژنـی پیـاوەکە، هەنـدێک ئـاوی هێنـاو بە دەموچـاوی داکـرد، بە پەڕۆکێـک دەموچاویشـی سـڕیەوە، مەسـتان کە دەموچـاوی لە خـۆڵ و تـۆزەکە پـاک بـۆوە ژن و پیـاوەکە بە جـوانیەکەی سەرسـام بـوون، هەردووکیـان خۆیـان پـێ نەگیـرا، هەر بەدەم سـەیرکردنیەوە، گوتیـان یـاڕب، ئەوە پەریە، یـان مـرۆڤ. یـاڕەب چیـت خەڵـق کردووە؟ ماشەڵڵا، ماشەڵڵا.

مەسـتان لەژێـر ئەو ڕەشـماڵە، هۆشـی دەهـاتەوە بەرو دەڕۆیـی، لەسـەر زەیـین نەدەمـا لەکـوێیە، هەر

هورێنەشـــی دەکـــرد، دەیگـــوت منـــدالّەکەم، جـــودی بچـــووک، بمـــبەنەوە بـــۆ گونـــدەکەمان. ئەوانـــیش هـــیچ تێنەدەگەیشـــتن، ژنەکە بە پیـــاوەکەی گـــوت ڕەنـــگە لەبـــۆ ئەو کەسانە بگرێ لەگەڵی بوونە.

ئێـــوارە گـــوێم لە قیژوهـــۆرێکی دوور بـــوو، بەڵام نەمزانـــی ئەوانەن بەعسیەکان لە ژێر خاکیان دەنێن.

بەمشـــێوەیە ئەو ژن و پیـــاوە تـــا بەیـــانی لەدیـــار مەســـتان دانیشـــتن، دەشترســـان بەعســـیەکان بـــزانن ژنێکیـــان دالّـــدە داوە. بەیـــانی پیـــاوەکە بـــۆ ئەوەی تێبگـــات مەســـەلە چـــیە، چـــووە لای مـــاڵە مەڕدارەکـــانیتر، کەســـێک بێنـــێ کـــوردی بزانـــێ، کە گەڕاوە و کەســـێکی کـــوردی زانـــی پەیـــداکرد، بینـــی مەســـتان بەهـــۆش خـــۆی هـــاتۆتەوە، لەتەنیشـــت ژنەکەی دانیشـــتووە، بەڵام چاوەکـــانی ئەســـتوور ببـــوون، ئەوەنـــدە گریـــابوو، کە کەســـە زمـــان زانەکە مەســـتانی دوانـــد، مەســـتان بە گریـــانەوە دەســـتی کـــرد بە گێـــڕانەوەی بەســـەرهاتەکە، ئەوانـــیش گوێیـــان لـــێ گرتبـــوو، هێـــدی هێدی لەگەڵیشی دەگریان.

(٧٣)

نەدیم و وان لە لوتکەکە هاتنە خوارەوە و بەڕێکەوتن بۆ (شوێنی نهێنی)، کە پێدەشتێک بوو کەوتبووە بەینی دوو زنجیرە چیا، بۆ ئەوەی بەشداربن لەو کۆبوونەوەیەی سەرکردەی شۆڕش ڕێکیخستبوو، دەیوست قسە بۆ هەموو پێشمەرگەکان بکات، دەربارەی داهاتوو. ئەو لوتکەیەی نەدیم و وان بەخوێن بەرگریان لێ دەکرد، بێ شەڕ بێ دەنگی داگیری کرد، ئەوەی لە بەردەرکی ئەشکەوتەکە بەجێما تەنیا گۆڕەکەی هەورازە ڕەش بوو.

لە ڕێگـــا، نەدیـــم و وان هەر دەهـــات و تووشـــی پـــۆلە پێشـــمەرگەی وەک خۆیـــان دەبـــوون، تـــومەس ئەوانـــیش دەیانویســـت بـــگەنە هەمـــان جـــێ. لە ئەشـــکەوت و لوتکەکـــان بەدیـــار دەکەوتـــن. دوای بڕینـــی کۆمەڵێـــک گـــردو تەلان و گەری، نەدیـــم و وان گەیشـــتنە ســـەر ئەو شـــاخەی شـــوێنە نهێنـــیەکە کەوتبـــووە بنـــارەکەی، لەو بڵنـــدیەوە چیـــان بینـــی؟ لە خـــوارەوە حەشـــاماتێک پێشـــمەرگە دەهـــاتن و دەچـــوون، هەتـــا چـــاو بـــڕی دەکـــرد، دیـــاربوون. لە ســـەرەوەڕا ڕەنجـــدەری لاوچـــاک گـــوتی ســـەیرکەن هاوڕێیـــان چ هێزێکمـــان دروســـت کـــردووە ئاگامـــان لـــێ نـــیە. دااڵـــی ســـەردار خەنـــدەیەکی کـــرد گـــوتی دەڵێـــی مێـــرووڵەن لەشـــارەکەیان دوای بـــاران بـــارین هـــــاتوونەتە دەرەوە. نەدیـــــم و جوتیارەشـــــێتیش چاوەکانیـــان ئەبـــلەق ببـــوو بەو دیـــمەنە. کە ســـەیری دەوروبەری خۆیـــــان کـــــرد، بینیـــــان لەســـــەر ئەو قەرەبـــاڵغیەی خـــوارەوە، هێشـــتا لەســـەر شـــاخ و دۆڵ و گەریەکـــانی تـــر، پێشـــمەرگە دەچـــن بـــۆ نـــاو ئـــاپۆڕاکە وەک تـــاقگەی بچـــووک بچـــووک کاتێـــک لە هەمـــوو لایەکەوە دەڕژێـــتە نـــاو دەریـــا. نەدیـــم و وانـــیش ناچـــار بـــۆ

ئەوەی زوو بـــگەن، ڕێـــی خوارەوەیـــان گـــرت. کە گەیشـــتنە نـــاو پێشـــمەرگەکان، هەر بابـــا بـــوو، کـــۆنە هاوڕێکـــان یەکیـــان دەبینـــیەوەو باوەشـــیان لێکـــدەدا، لە کـــاتی پرســـیار کـــردنیش هەنـــدێکیان دەگریـــان، چـــونکە هاوڕێی هەندێکیان شەهید ببوون.

هەندێکیشـــیان نـــامەی هاوســـەر یـــان دایـــک و بـــاوک و بـــراو خوشـــکەکانیان پێـــک دەگەیانـــد. کە هەر هەمـــوو کۆبـــوونەوە، لە پـــڕ پیـــاوێکی ڕەقەڵەی پـــرچ لـــول چـــووە ســـەر شـــۆێنێکی بڵنـــدو ســـڵاوێکی گەرمـــی لە هەمـــووان کـــرد، دواتـــر شـــیعرێکی بە تونـــدو تـــۆڵی خوێنـــدەوە، لە ڕێـــی دەنـــگەکەیەوە هەمـــوو زانیـــان ئەو پیـــاوە شـــاعیرەکەی شـــاخە، کە شـــەو و ڕۆژ وەک ئـــاگری بـــن ئـــاو ئەو لەشـــکرە گەورە لە هەمـــوو ناوچەکـــان بڵـــق پـــێ دەدا لە ڕێـــی ڕادیـــۆوە. پێشـــمەرگەکان کە گوێیـــان لێـــی بـــوو، لێکـــڕا کردیـــانە چەپـــڵە لێـــدان بـــۆی. ئینجـــا شـــاعیری شـــاخ گـــوتی هەڤـــاڵان، ئێســـتاش بەڕێـــز جەنـــابی ســـەرکردەو ڕێـــبەر دێ قســـەتان بـــۆ دەکـــات، لەوکـــاتە هەمـــوو پێشـــمەرگەکان بـــێ دەنـــگ بـــوون، هەنـــدێکیان لە نـــزیکەوە ســـەرکردەی شۆڕشـــیان هەر نە بینـــی بـــوو. لە

پڕ پیاوێک لە دووڕەوە بەدیار کەوت، کورتەک و شەروالێکی خاکی لەبەر بوو، بالای مامناوەند بوو، جەمەدانیەکی لەسەری پێچابۆوەو چاویلکەیەکی پزیشکی گەورەی لەچاو کردبوو، جیا لە پێشمەرگەکان ڕیشی خۆی پاک تاشی بوو، سمێڵێکی باریکیشی هێشتبۆوە. هەندێک کاغەزو نوسراویشی پێ بوو، بەدەم هەنگاونانەوە سڵاوی لە پێشمەرگەکان دەکرد، تا گەیشتە ئەو شوێنەی دەبوو قسەی لێ بکات. پێشمەرگەکان دوای چەپڵەو ووتاف کێشان و پێشوازی کردن، بێ دەنگ بوون، تا گوێی لێ بگرن. ئەویش لەشوێنەکە کەمێک خۆی ڕێکخستبوو، بە زمانێکی ڕەوان و زیرەکانە دەستی بە قسان کرد، جار جاریش بە دەست چاویلکەکەی چادەکردو سەیری هەموو لایەکی دەکرد. کە قسەکانی تەواو بوو، پێشمەرگەکان چەپڵەیەکی تریان بۆ لێدا، دواتر درێژەی بە قسەکان داوەو ویستی باسی ئەو هاوکاریانە بکات کە لە وەڵاتی ئێرانەوە پێیان دەگات.

لەپڕ لەناو پێشمەرگەکان بووە هەراو هۆریا، یەکێک گوتی ڕیشەی لەش ئاسن هات، لەگەڵ ئەو قسەیە،

هەموو پێشمەرگەکان ڕوویان سووڕاند تا بیبینن، کە چاویان پێکەوت ڕاستە. لێکڕا غاریاندایێ و لە دەوری کۆبوونەوەو لە ئامێزیان گرت، کەس ئاگای لە سەرکردەی شۆڕش نەما.

سەرکردەی شۆڕش ئیرەیی و بوغزی لە دڵ دروست بوو، لە بەرامبەر ڕیشە. بیری کردەوە ئەگەر ئەو بمێنێتەوەو بەمشێوەیەش خۆشەویستی گەشە بکات لەناو دڵی پێشمەرگەکان بەو نەخوێندەواریەی خۆی، دوور نیە شوێنی ئەو لەق بکات، بەهەر شێوەیەک بێت. ناچار خۆشی بەرەو پێشوازی چوو، بە تۆندی لە پێشچاوی پێشمەرگەکان لە ئامێزی گرت و ماچی کرد، دواتر دەستی خستە ناو دەستی و لەگەڵ خۆی بردیە ئەو شوێنەی قسەی لێ دەکرد. ڕیشەی لەش ئاسن لە تەنیشتی ڕاوەستا، دەمێک سەیری یەکیان کرد، دواتر سەرکردەی شۆڕش بۆ ئەوەی هێزی قسەکردنی خۆی و هێزی قسەکردنی ئەو بخاتە ڕوو، بە مەبەست گوتی ڕیشە ئەو پێشمەرگانە دەیانەوێ قسەیان بۆ بکەی، چیت هەیە؟

ڕیشە بە کەمێک شەرمەوە گوتی من خوێندەواریم نیە، هەمووشتان ئەوە دەزانن، بەڵام پێم باشە بەو هێزە گەورەیەی لێرە دەیبینم، هێرش بکەینە سەر سەربازگە گەورەکەی دووژمن، کە بنکەی خۆراگری هەموو لقەکانیترە، ئەگەر ئەوە بکەین، وەک ئەوە وایە، بە یەکجار لە هەموو سەربازگەکانمان دابڕێ، بەڵام ئەوجارە نابێ، لێدانێک لێیان بدەین و بڕۆین. دەبێ بنکەکە لە یەک شەودا هەرقەنێنین، بەڵکو هەموو بەشەکانیتر سقووت بکەن.

لەگەڵ ئەو قسەیە پێشمەرگەکان هەموو چەکەکانیان بەرز کردەوەو ئامادەیی خۆیان نیشاندا. ڕیشە قسەیەکی کرد مەبەستی دیاربوو، بەڵام سەرکردەی شۆڕش، ئەگەرچی زۆر زیرەکانە شۆڕشی بەڕێوە دەبرد، وەلێ ڕوون نەبوو چی دەڵێ، یان دەیەوێ چیبکات بە تەواوی، چونکە هەمیشە سیاسەت بەسەریدا زاڵتر بوو لە شۆڕش.

دواتر هەر لەو شوێنە خاڵێکی ناکۆک دەرکەوت بۆ پێشمەرگەکان، لە نێوان ڕیشە و سەرکردەی شۆڕش. ڕیشە پێی وابوو پشت بە هیچ وڵاتێک نەبەستن

باشترە، تەنیا بەخۆیان نەبێ، چونکە ئەو وڵاتە بۆ بەرژەوەندی خۆی، پشتیان دەگرێ و کۆمەکیان دەکات، هەرکاتێک بەرژەوەندیەکەی نەما، دۆستایەتیەکەش ناهێڵێ. ئەو زیاتر لەو وەختە مەبەستی وڵاتی ئێران بوو، چونکە وڵاتی ئێران لە گەڵ ئێراق لەشەڕدابوو، پێشمەرگەی دژی بەعس بەکاردەهێنا. وەلێ سەرکردەی شۆڕش دەیگوت نابێ پشت بە وڵاتێک نەبەستی و لە شەڕێکی ئەوەندە قورسیش دابی لەگەڵ وەڵاتێکی وەک ئێراق، کە دەوڵەتە و تۆپ و تەیارەو دەبابەی هەیە.

ئەو سیاسەتەی سەرکردەی شۆڕشیش هەندەیتر سەرکردەی بەعسیەکانی لەخۆی و کورد تووڕەکردبوو. بە ئاشکراش سەرکردەی بەعسیەکان، لە چاوپێکەوتنەکان بە سەرکردەی شۆڕشی دەگوت، بەکرێ گیراوی ئێران و تورکیایە، ئەگەرنا ئێمە دان بە میللەتی کورد دادەنێین، با ببنە دەوڵەت، بەڵام کاتێک کە کێشەی عەرەبمان چارەسەر کرد، ئێستا ئێمە بەخۆمان کێشەمان هەیە.

کە لێشـیان دەپرسـی، ئـاخەر ئێـران و تورکیـا ڕەنـگە قبـوڵ نەکەن. لە وەڵامـدا، بـێ باکـانە دەیگـوت نەعـلەت لە بـابی ئێـران و تورکیـا بـێ، ئەوان چـین هەتـا قبـوڵ بـکەن یـان نـا؟ ئەو کێشـەی لەگەڵ تورکیـاش هەبـوو لەسـەر سـنوور. هەتـا جارێـک تورکیـا ئـاوی دیجـلەی گـرتەوە، ئەو چـوو لەسـەر ئـاوەکە دانیشـت، جگەرەیەکـی ئەسـتوری داگیرسـاند، گـوتی تـا ئەو جـگەرەیە کۆتـایی دێ ئـاوەکە نەکەنەوە بەخـۆم دەزانـم چـی دەکەم، جگەرەکە کۆتایی نەهات تورکیا ئاوەکەی کردەوە.

بەڵام سـەرکردەی شـۆڕش دەیگـوت ئەوان کە دەڵـێن کەی کێشـەی عەرەب چارەسـەر بـوو، مـافی کـورد دەدەیـن، سیاسـەت دەکەن، دەیـانەوێ خۆیـان تـۆکمە بـکەنەوە. دەرفەتێکـی خـراپ نـیە لە پێشـمان شـپرزەیی وان، بە هەل بقـۆزینەوە. سیاسـەت هەلە لەکـاتی وا نـابێ لەکیس خۆتی بدەی، دواتر دووبارە نابێتەوە.

دوای ئەو کۆبـوونەوە گەورەیەی پێشـمەرگە، سـەرکردەی شـۆڕش لەسـەر قسـەی ڕیشـەی لەش ئاسـن بڕیاریـدا، لە سـەربازگە سـەرەکیەکە بـدەن، کە گەورەتـرین سـەربازگەی حـوکمەتی بەعـس بـوو،

لێدانێک لە کێوی ڕەش هەریانقەنێنن، ئاساریشیان نەمێنێ، کە بەپێی زانیاریەکان سێ چوار هەزار سەربازو ئەفسەری پلەداری لەخۆی گرتبوو.

ئەو چالاکیەش دەبوا هەموو پێشمەرگەکان پێکەوە ئەنجامی بدەن، هەر یەک لە قۆڵێ، بەڵام لە یەک کات. کە کۆبوونەوەکە کۆتایی هات، سەرکردەی شۆڕش پێشوازیە گەرمەکەی پێشمەرگەکان و خۆشەویستی ڕیشەی لەلای ئەوان لەدڵما، ئەوەش باش نەبوو، بە ئاشکراش پێشمەرگەکان هەموو هەستیان بەوە کرد.

کە ڕیشە ئەو ڕۆژە ئەوێی بەجێهێشت.

هەر تیپێک و گەڕاوە شوێنەکەی خۆی، بۆ ئەوەی چاوەڕێی ئەو کاتە بکەن، کە دایاننابوو هێرش بۆ کێوی ڕەش بکەن، بە هەموویان، بەڵام چەند ڕۆژێک دوای گەڕانەوەی پێشمەرگەکان، هەواڵێک بڵاوبۆوە هەموو خەڵکی تووشی شۆک کرد، ئەویش شەهیدکردنی ڕیشەی لەش ئاسن بوو، بە دەستی پێشمەرگەیەکی هاوڕێی خۆی، کە نەک هەر کوردەکان، سەربازەکانی بەعسیش بۆی کەوتنە غەم و پەژارە و گریان و ماتەمین، وەک ئەوەی بڵێن ئیتر

شــەڕەکە چێژێکــی تێـدا نەمــا بەبــێ ئەو، حەقە ئاگربەســت بکەیــن. هەر هەمــوو پێشــمەرگەکانیش گومانیــان هەبــوو، ســـەرکردەی شـــۆڕش ئەو کـــارەی کردبـــێ لە پێنـــاو مـــانەوەی خـــۆی لە ســـەرکردایەتی. بەڵام بەڵـــگەیەک لەبەر دەســـت نەبـــوو بیســـەلمێنن. بەمشـــێوەیە ڕیشـــەی لەش ئاســـن، خـــاوەنی ســـەدو چـــل و ســـێ شـــەڕی بـــێ دۆڕان، دونیای بەجێهێشت.

(٧٤)

ئەو لەشکرەی بارق سەرپەرشتی دەکرد، دوای وێران کردنی گوندەکەی مالّی مەستان، بەرەو تێکدانی گوندەکانی تر بەڕێکەوتن. ئێوارەی ڕۆژی دواتر لە بناریّک ڕاوەستان، بۆ ئەوەی بحەسێنەوەو خواردن بخۆن، سەربازەکان داریان هێناو ئاگرێکی گەورەیان کردەوە، لەگەڵ ئاگرکردنەوەکەش دەستیان بە سەربڕینی ئەو مەڕو بزنانە کرد، کە لە تالّان و وێرانکردنی گوندەکان بە دەستیان کەوتبوو، ئیتر

سەربازەکانی بارق ئەو سەربازە برسیانە نەمان، کە لە سەربازگەکە تووشی مارمیلۆقیش بهاتبان دەیانخوارد. دوای ئەوەی کەلاکەکانیان پاک کردەوە، لەسەر داری چەقێندراو خستیانە سەر ئاگر، بۆن گۆشت بە هەموو لایەکدا بڵاوبۆوە، بارانیش نم نم دەباری.

بارق لەدیار ئاگرەکە، لەسەر بەردێک دانیشتبوو، لاقیشی خستبووە سەر لاقی لە قرچ و هۆڕی دارەکان و سەمای ئاگرەکەی دەڕوانی، کە هەستی کرد کەلاکە هەڵواسراوەکەی پێشی تەواو برژاوە، ڕانێکی ڕاکێشا لێی کردەوە، ڕانەکە لە گەرمیان هەڵمی لێ بڵند دەبوو، ڕاستەوخۆ بۆ دەمی بردو قەمپاڵێکی گەورەی لێدا، هێشتا دەستی بە جوینی نەکردبوو، لەناکاو ئۆتۆمبێلێکی زیل لە دوورەوە بەدیار کەوت، زیلێک تا سەر بۆنیتی لەناو قوڕ هەڵاتبوو، نەڕەنەڕی مەکینەکەی دەهات، بارق لە شوێنەکەی هەڵستاوە، ڕانەکەشی هەر لە دەست بوو، بە دەم جوینی پارچە گۆشتەکەی ناو دەمی سەیری زیلەکەی کرد زانی هەوالێکی پێیە، دەنا بەو شەوە ناتوانێ ئەوەندە بێ

باک بگاتە ئەو شوێنەی ئەوانی لێ بوو. کە زیلەکە گەیشتە نزیک سەربازەکان، ڕایگرت.

دوو سەرباز هاتنە خوارێ و بەرەو لای بارق چوون، سەرەتا سڵاوێکی سەربازیان کرد، بارقیش وەڵامی دانەوە گوتی دانیشن بزانم چ بەو شەوە بەناو ئەو چیا و چۆڵە ئێوەی گەیاندۆتە ئێرە؟ سەربازەکان کە دانیشتن، بارق فەرمووی لێ کردن لە کەلەشەکەی پێشی بخۆن. یەکێک لە سەربازەکان بەدەم دەست بردنەوە بۆ کەلەشەکە، گوتی گەورەم نامەی سەرۆکمان پێیە بۆت، دیارە زۆر گرنگیشە چونکە پێیان گوتووین بێ ڕاوەستان ئەو نامەیە دەبێ بگاتە دەستی بارق. بارق گوتی کوا نامەکە؟ سەربازەکەی تر دەستی لە باغەڵی ڕاکردو نامەکەی دەرهێنا، گوتی فەرموو ئەوە نامەکەیە.

بارق کە لێی وەرگرت، ڕانەکەی داناوە سەر هەندێک پۆڵی، ئینجا نامەکەی کردەوە، کە خوێندیەوە، بۆی دەرکەوت شەڕی ئێراق و ئێران لەسەر سنوور ڕاوەستاوە. بەڵام شەڕی کوێت دەستی پێکردووە، ئێراق دەیەوێ هێرش بکات بۆ سەر ئەو وڵاتە.

سەرۆکی بەعسیەکانیش بارقی دەوێ بەزووترین کات بگاتە کۆشکی کۆماری. بارق لەو کات و ساتە، قەت لەو بڕوایەدا نەبوو لەپڕ بانگێشتنامەیەکی وای بۆ بێ بکەوێتە حالەتێک لە یەک چرکە ئەو چیاو چۆڵە بەجێبهێڵێ و لەسەربازەکانی جیابێتەوە.

کەمێک دامـا، بیری لەو هەموو هەواڵە بەپەلەو یەک لە دوای یەکە دەکردەوە، لەناکاو وەک ئەوەی لە دڵی بووبێتە مەراق، لە دوو سەربازەکەی پرسی ئایا تا چەند ڕاستە دەڵێن ئێراق بە چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجەی شاری کوردەکانی داوە. یەکێک لەسەربازەکان گوتی گومانی تێدا نیە ڕاستە، بە ئاشکرا لە سەرکردایەتیەوە ئەو بڕیارە دەرچوو، بە سەرپەرشتی دەستەڕاستی سەرۆکیش ئەنجامدرا. پێنج هەزار کەس ژەهراوی بوون، شارەکە بە تەواوی بە ژن و منداڵ و پیر و هەرچی گیانلەبەریشە نەمان، بە دەگمەن کەسی تێدا هەبووە دەربازی بێ. بارق سەرێکی لەقاند گوتی تێگەیشتم.

ئینجا هەڵستاوە سەر پێیەکانی و ناچار دوای خوێندنەوەی نامەکە، بەزووترین کات کەسێکی لە

شـــوێنەکەی خـــۆی دانـــا، بە سەربازەکانیشـــی گـــوت مـــن دەڕۆم ناشـــزانم بـــۆ کـــوێ، بەو هیـــوایەم ئێـــوە دوای مـــن کارەکـــانی ئێـــرە تەواو بـــکەن و بە گـــوێی ئەو کەســـە بـــکەن کە لە شـــوێنی مـــن دانـــدراوە، دانـــانی ئەو کەســـە، بڕیاری سەرۆکە.

ســـەربازەکان هەمـــوو کە زانیـــان بـــارق دەڕوا، دەســـتیان بە گریـــان کـــرد بـــۆی، ئەوەی لێـــی نزیـــک بـــوو باوەشـــی لێـــــدەدا، ئەوانیتـــــریش هەر لە دوورەوە ناویانـــــدەهێناو خۆشەویســـتیان بـــۆ دەردەبـــڕی. ئینجـــا بـــارق لەگەڵ پاســـەوانێکی خـــۆی، کە زۆر متمـــانەی پـــێ بـــوو، لەگەڵ دوو ســـــەبازەکە، دەســـــتی کـــــردەوە ڕانە گۆشـــــتەکەو ســـواری زیـــلەکە بـــوو، لەگەڵ بەڕێکەوتـــن، دوا ســـڵاوی لە ســـــەربازەکان کـــــرد. ســـــەربازەکانیش بە دەنگـــــی بەرز وەڵامیـــان داوەو بەڕێیـــان کـــرد. دوای ڕۆیشـــتنی بـــارق هەستیان کرد ئەو هێزەیان تێدا نەما، کە هەیانبوو.

وەک ئەوەی ئەوان لاشـــەیەک بـــن پێکهـــاتبن لە کۆمەڵێـــک ئەندام، ڕووحیان دەرچووبێ.

بـــارق لەنـــاو زیـــلەکە بەدەم گۆشـــتخواردنەوە، ســـەیری لایتـــی زیـــلەکەی دەکـــرد، کاتێـــک لەســـەر ڕێگـــا قـــوڕەکە

ڕۆنـــــــاکیە زەردەکەی بەر زەوی دەکەوت. کە بـــــــۆ بەیـانیەکەی گەیشـە کۆشـکی سـەرۆک کۆمـار، سـەرۆکی بەعسـیەکان بەخـۆی پێشـوازی لـێ کـرد و ئەمـلاو ئەولای ڕوومەتـــی مـــاچکرد، لەگەڵ مـــاچکردنەکەش بە پێکەنیـــنەوە لە تەنیشـــتە خـــۆی داینیشـــاندو گـــوتی نیشـانەی جەنگاوەریـت پێـوە دیـارە، بـۆنی شـەڕت لـێ دێ، بەتـایبەتی لە ڕێـی ئەو هەمـوو بـۆن دوکەڵ و بـۆن گۆشـــتی بـــرژاو و بـــارووت و قـــوڕەی بە جلەکانـــت وەنوسـاوە. بـارق بە خەنـدەوە وەڵامـی داوە گـوتی بەڵـێ، بەڵام ئەگەر ئەو شـتانەی دەیڵێـی نیشـانەی جەنگـاوەری بـن، بـۆ سـەرۆکەکان بـاش نـیە، چـونکە ئەوان هەمیشـە پـاک و خـاوێن و بـۆن خۆشـن. سـەرۆکی بەعسـیەکان دڵـی بەو قسـەیە ئێشـا، چـونکە ئەو هەمیشـە خـۆی بە (نەبـو خـوز نەسـر) دەچووانـد، پاشـای کـۆنی بابـل، نەدەبوا کەس قسە لەقسەی بکات.

بەڵام بە پێکەنینێکـــــی گاڵتەئـــــامێزەوە لەبەر چـــــاوی دارودەستەی ناو کۆشک، بەسەرخۆی نەهێنا.

چـونکە لەوەیـان زیـرەک و لێهـاتووبوو، دەیزانـی چـۆن لە کـــاتی وا مـــامەلە دەکـــات، دوای ئەم گفتوگـــۆیە بە

بارقی گوت من تۆم بانگ کردووە سەرپەرشتی گەورەترین لەشکر بکەی، کە بۆ دەست بەسەرداگرتنی کۆیت ئامادەم کردووە. بارق گوتی بەسەرچاو. سەرۆکی بەعسیەکان گوتی بە مەرجێک، ئەگەر منیش نامەم لەبۆ ناردی گوتم بگەڕێوە، مەگەڕێوە. بارق گوتی تەواو تێگەیشتم. ئینجا بارق لە کۆشکی سەرۆک کۆمار چووە دەرەوە و خۆی ئامادە بکات، دوای چەند ڕۆژێک حەسانەوە، بەخۆی و بە لەشکرێکی گەورەی پڕ چەک، لەو بەشە جوگرافیایەی پێی ڕاسپێردرابوو هێرشی کرد، هێرشکردنێک وەک هەستانی لافاو، چۆن دەیەوێ هەموو شتێک ڕابماڵێ.

بەڵام لەناکاو شتێک ڕوویدا، پێشبینی نەدەکرا، ئەویش ئەوە بوو، لە بەرەی جەنگ نامەیەک بە بارق گەیشت لە سەرۆکی بەعسیەکانەوە، بە پێچەوانەی ئەو قسەیەی ناو کۆشک بە بارقی گوتبوو، ئەویش ئەوەبوو، هێرشەکە ڕابگرێ و بگەڕێتەوە. بارق لە نامەکە تورەبوو گوتی ئەو خۆی پێی گوتم، منیش گوتم بگەڕێوە، مەگەڕێوە.

ئێستا ئەو نامەیەی بۆ ناردووە؟

بـــۆیە پشـــتگوێی خســـت و درێـــژەی بە هێرشـــەکەدا، سەرۆکی بەعسیەکان بەوە تورەبوو.

نـامەیەکی تـری نـارد گـوتی باشـە هێرشـەکە ڕامەگـرە، بەڵام بەزووترین کات بگە کۆشک.

بـارق ناچـار دیسـان لە بەرەی جەنـگ بەرەوکۆشـکی کۆمـاری گەڕاوە، کە چـووە لای سـەرۆکی بەعسـیەکان. سـەرۆک لە پـێش دەسـتەی سـەرۆکایەتی پێـی گـوت بـۆ پێـت دەڵـێم بگەڕێـوە و هێرشـەکە ڕابگـرە گـوێی پـێ نادەی؟

نـامەکەت نەبینـی مـۆری سـەرۆکی پێـوە بـوو؟ هەر لەوێ بـێ ئەوەی بهێڵـێ بـارق وەڵامـی بـداتەوە، دەمـانچەیەکی لەبەرپشتی دەرهێناو دایە بەر گوللان.

بـارق لەگەڵ بەرکەوتنـی گوللەکـان، کەوتە سـەرچۆک، سـەیری ناوچـاوی سـەرۆکی بەعسیەکانیشـی کـرد، وەک ئەوەی گوللەکـان ئـازاری ئەو نەدەن، کوشـتنی بە دەسـتی سـەرۆکەکەی ئـازاری بـدات، بـیەوێ بەو تەماشـکردنە دڵنیـابێتەوە، ئەو کەسـەی تەقەی لـێ کـرد، هەر بەڕاسـتی سـەرۆکە، یـان کەسـێکی تـر. کە دڵسـۆزانە شـەڕی بـۆ دەکـرد، برسـیەتی و تێنـوێتی و بـێخەوی

دونیای بینیبوو لەپێناوی. ئیتر چۆن گومان هەبوو کوشتنی ڕیشەی لەش ئاسن بە دەستی سەرکردەی شۆڕشگێڕەکان ئەنجامدرابێ، ئەوهاش گومان هەبوو سەرۆکی بەعسیەکان هەنجەتی بە بارق گرتبێ، بۆئەوەی بەو ڕێگایە بیکوژێ، چونکە لێی دەترسا.

(٧٥)

ئەو سبەینێیەی توتکەو جودی بچووک لە گوندەکە بەجێمان بارانێکی بەخۆڕ دایکرد، بارانێک پشکە گەورەکانی بەسەر ئەو خانووە وێران و کەلاوانەدا دەهاتە خوارێ. لە جۆم و کەندەکان ئاو دەڕۆیی، ڕووبارەکە بە تەواوی شێلو ببوو. جودی لەناو کۆڵیتەکە کە بە ئاگا هات لەگەڵ شریقەی گەوارە دەستی بە گریان کرد، گریانێک توتکە لە داخان کە نەیدەتوانی کڕی بکاتەوە عەجمانی نەما. ئاویش بە خێرایی بە سولاوکەی کۆڵیتەکەدا دەڕژا.

ناچـــار لەنـــاو کـــۆڵیتەکە هـــاتە دەرەوە، بە غـــار بەنـــاو هەمـــوو خـــانووە ڕووخاوەکانـــدا گەڕا تـــا کەســـێک بـدۆزێتەوە بگـاتە جـودی بچـووک، بەڵام چـاوی بە هـیچ کەســـێک نەکەوت. ناچـــار بەرەو کـــۆڵیتەکە گەڕاوە، نەیـــدەزانی چ لەو منـــداڵە بکـــات. ئەوجـــارە لە دیـــاری وەرکەت، جـــودیش هەر دەگریـــا، دەنگـــی گریـــانەکەی لە دوورەوە دەبیســترا، تـوتکەش ســەری بە ســەر پێیەکـانی خـۆی کردبـوو و ســەیری دەکـرد، کە زانـی کـڕ نـابێتەوە، بیـری کـردەوە هەڵیبگرێـت و بیگەینێـتە گونـدێک مرۆڤـی لێ بێ، تا بە وانی بسپێرێ.

لەنـاو بەتـانیەکە، بە لمـوز جـودی دەرهێنـا، بە ددان ئەو گـرێیەی لە قۆنـداغەکە درابـوو هەڵیگـرت. بە غـار لەنـاو کـــۆڵیتەکە هـــاتە دەرەوە و بەو بـــارانە، ڕێـــی دەرەوەی گونـــدەکەی گـــرت، چ ڕێگرتنێـــک؟ بەســـەر گردەکانـــدا تێـــدەپەڕی، لە لـــکە جۆمەکـــان کە ئـــاوی بـــارانی پێـــدا دەهـــات دەســـووڕاوەو جـــاری واش هەبـــوو بـــازی دەدا، بـــارانیش وەک تیـــر بـــێ ڕاوەســـتان دەهـــاتە خـــوارێ، جـودی بچـووکیش هەر دەگریـا، تـا گەیشـتە گونـدێک. کە چـووە نـاو گونـدەکە، بینـی ئەوێـش وێـران کـراوەو کەسـی

لێ نیە، ناچار لەوێش گیر نەبوو، ئەوجارە پێدەشتێکی فراوانی گرت، بەناو کۆمەڵێک گژوگیادا تێپەڕی، لە دوورەوە ئەو سەگە ئاقڵە، ئەومەلۆتکەیەی بەدەم وەبوو بەو بارانە تا بڵێی سەیر دەهاتە بەرچاو، ئەو ڕۆژە توتکە ڕووی لە هەر گوندێک کرد، وەکو گوندەکەی خۆیان کەسی تێدا نەمابوو، هەموو بەبەر شاڵاوی بەعسیەکان کەوتبوون، نەشدەبوو ڕاوەستێ تا گەیشتە زوورگێک، لە زوورگەکە بەسەر گردەکان کەوت بە خێرایی، یەک یەک دەیانیبڕی، تا گەیشتە زنجیرە چیایەک، لە بناری زنجیرە چیاکە ڕاوەستا، جودی دانا سەر زەویەکەو دەمێک چاوی گێڕاو بۆنی دەوروبەری کرد، پاشان جودی هەڵگرتەوەو دیسان دەستی بە غاردان کردەوە، لەناکاو بۆنی چێشتی کرد، بۆنێک زانی ماڵ لەو ناوە هەیە، بە ئاراستەی بۆنەکە ڕایکرد، هەموو لەشیشی لە بەر ئاو هەڵاتبوو، جودیش لەو خراپتر، کە گەیشتە ناو دۆڵێک، بینی لە دوورەوە ماڵێک دیارە، دووکەڵ لە بۆڕی سۆبەی سەربانەکەیان بەرز دەبێتەوە، لەوێ جودی داناو دوو سێ جار حەپی، دڵی خۆش بوو بەبینی ئەو ماڵە.

دووبـــــارە جـــــودی هەڵگـــــرتەوەو بەخێرایـــــی بەرەو ئـــــاوەدانیەکە چـــــوو، کە گەیشـــــتە نزیـــــک خـــــانووەکە، ڕاســـــتەوخۆ چـــــووە بەردەرگـــــا، لەوێ جـــــودی دانـــــاو دەســـتی بە حەپەحەپ کـــرد، لەوکـــاتە دیـــاربوو مـــاڵەکەش ســـەگیان هەبـــوو، دوو ســـەگ غاریانـــدا تـــوتکە، ڕێـــک بە هەردووکیـــان لێـــی ئـــاڵان و بە خراپـــی بڕینـــداریان کـــرد، لەگەڵ مرۆمـــڕو شـــەڕی ســـەگەکان، خـــاوەن مـــاڵەکە هـــاتە دەرەوە، کە ژنێکـــــی کەمێـــــک بەتەمەن بـــــوو، ســـــەری ســـــووڕما کاتێـــک جـــودی بینـــی، ڕاســـتەوخۆ بەرەو لای چـــــوو و هەڵیگـــــرتەوە، تـــــوتکە کە لەکـــــاتی شـــــەڕکردن لەگەڵ ســـــەگەکان، بینـــــی ژنەکە جـــــودی گـــــرتە بـــــاوەش، غەمـــی نەمـــا. پێشـــی وابـــوو ئەوەی ئەو دەبـــوو ئەنجـــامی بـــدات، ئەنجامیـــدا، بـــۆیە تـــا خـــۆی لە کەلـــبەی ســـەگەکان ڕزگاربکـــات ڕایکـــرد، ڕاکردنێـــک، لە چەنگـــی دوو ســـەگی گەورە بە بڕینـــداری، چـــونکە گـــوێ و ڕانـــی خـــراپ بڕیندار بوو، لەکاتی پەلاماری سەگەکان.

کە دوورکەوتەوە لەســـــەر لـــــوتکەیەک لە مـــــاڵەکەی ڕوانـــی، وەک ئەوەی بـــۆ دواجـــار ئەو شـــوێنە ببینێـــتەوە، جـــودی لـــێ دانـــا. ئینجـــا بە غەریبـــی ڕووی خـــۆی

وەرگێڕاو بە شەڵ و گۆێی بەخۆێنەوە بەسەر لوتکەو گرتوو زوورگەکاندا گەڕاوە، گەڕانەوەیەک، بە تاقی تەنیا، بێ ئەوەی وەک ئاژەڵێک بە تەواوی تێبگات مەسەلە چیە. کە گەیشتەوە گوندەکە، چۆوە ناو کۆڵیتەکەو وەرکەوت، دەم نا دەم زمانیشی بە برینەکانی خۆیدا دێنا، هەستی بە ئازار دەکرد، لەبەر ئاوی سولاوکەکەش جار جار دەرەوەی بە تەلغی دەبینی، تا لە ماندوویێتیان خەو بردیەوە. ئەو ژنەی لە پێش ماڵەکەش جودی هەڵگرتەوە، بردیەوە ژووری و لە دیار سۆبەدارەکە داینا، زوو جلەکانی گۆڕی و ووشکی کردەوە، پاشان مەمکی دەرهێناو خستیە دەمی، جودی ڕاستەوخۆ دەستی بە مژینی مەمکی کردو کڕبۆوە .ئەو ژنە ژنی پیاوێکی شوان بوو، لە ترسی بەعسیەکان تا دەستیان پێیان نەگات، بە مەڕومااڵتەوە چووبوونە ناو چیا، تاقە ماڵبوون بە تەنیا دەژیان، چوار منداڵیان هەبوو، منداڵی هەرە بچووکی لەبەر مەمکان بوو. پیاوەکەشی لە سەرەوەی ماڵەکە شوێنێکی چاکردبوو لەناو ئەشکەوتێک بۆ

مەڕو بزنەکـــانی، بە پێیـــان ئەو شـــوێنە هەر نیـــو کاتژمێرێک دەبوو.

منـــدالّەکانی ئەو مـــالّە لە دایکیـــان خڕبـــوونەوە، کە چاویـــان بە جـــودی کەوت. شـــیرەخۆرەکەش خەوی لێکەوتبـوو، دایکیـان پێیـانی گـوت ئەی کـوێربم، داخـوا لە ئەنفـالی کـام گونـد بەجێمـاوە. دواتـر ئەو سـەگە بەوەفـایە هێنـــاویەتی بیگەینێـــتە ئـــێمە. منـــدالّی گەورەی ئەو ژنە سەرســـام بـــوو بەوەی دایکـــی گـــوتی ســـەگێک هێنـاویەتی. ئەو منـدالّە تەمەنـی چـواردە سـاڵ دەبـوو، بە دایکـی گـوت ئەدی سـەگەکە بـۆ کـوێ ڕۆیشـت؟ دایکـی گـوتی نـازانم، بەڵام سـەگەکانی ئـێمە لەگەڵـی بەشـەڕ هـاتن و گرتیـان. منـدالّەکە گـوتی مـن دەچـمە دوای. ڕاسـتەوخۆ بەو بـارانە لە مـالّەوە دەرهـات و بە دوای تـوتکەدا ڕۆیشـت، بەڵام هەمـوو دەوروبەری بەدوادا گەڕا نەیـــدۆزیەوە. لەبەر بچـــووکیش نەیـــدەتوانی ئەوەنـدە دوور بـڕوا، تـا بگـاتە ئەو گونـدەی تـوتکەی لـێ بـوو. ناچـار گەڕاوە مـالّەوەو وەفـای ئەو سـەگەش لەلای بووە خەونێکی ئەفسانەیی.

ئێـــــوارە کە مێـــــردی ژنەکە گەڕایەوە، ژنەکە هەمـــــوو ڕووداوەکەی بـــۆ گێـــڕاوە، پیـــاوەکە ســـــەری ســـــووڕما چـــۆن ســـەگێک منـــدالێک هەڵـــدەگرێت و بـــۆ ئەو شـــوێنەی دێنـــێ، مرۆڤـــی لێـــیە؟ لەبەرەخـــۆی دەیگـــوت خـــۆزگە ســـەگەکەش دەمـــایەوە، ئـــاخەر ســـەگی ئەوهـــا بەوەفـــا چۆن دەبێ ڕێزی نەگیرێ؟

ئەو مـــاڵە زۆر جودیـــان خۆشویســـت، ژنەکە بە ســـۆزێکی زۆرەوە لە خـــــۆی گـــــرت. بەڵام منـــــدالّی دووەمیـــــان، ئەوەی پـــاش گەورەکە لەدایـــک ببـــوو، ڕەقـــی بەرامـــبەر هەڵگـــرت، هەر لەخـــۆڕا خـــراپ ســـەیری دەکـــردو پێـــی وابـــوو هـــی ئەوان نـــیە، بـــۆ دەبـــێ شـــیری مەمکـــی ئەو دایـــــکە بخـــــوات، کە دایکـــــی منـــــدالّێکیترە؟ ژنەکە زوو هەســـتی بەوە کـــرد، بە منـــدالّەکەی گـــوت کـــوڕم وادابنـــێ ئەوەش بـــرای ئێـــوەیە، لەبەر چ دەموچـــاوت پێکـــداداوە؟ منـــدالّەکە هیچـــی نەگـــوت. بـــاوکەکەش ئەو نـــاکۆکیەی پـــێ نـــاخۆش بـــوو، چـــونکە پێـــی وابـــوو لەئێســـتاوە بە بـــوغز و ڕقەوە ســـــەیری بکـــــات، ئەو بـــــوغزو ڕقە لەگەڵـــــی گەورە دەبێ و دەبێتە هۆی ناکۆکی لە بەینی هەموویان.

بەشی بیست و چوار

(٧٦)

دوای خوێندەوەی شیعرەکەی مەحوی، ئاینور بەرە بەری بەیانی لە کتێبخانەکە دەرهات و چۆوە ژوورەکەی خۆی، بەدەم بیرکردنەوە لە شەهریار لەسەر جێگاکەی ڕاکشا. سەیری شاشەی موبایلەکەی کرد بزانێ تەلەفۆنی بۆ کردۆتەوە یان نا، کە بینی تەلەفۆنی بۆ نەکردۆتەوە، موبایلەکەی خستە بن بالیفەکەی سەری و هێدی هێدی چاوەکانی داخست.

لەپڕ لە شیرینی خەو هەستی کرد هەزرەی موبایلەکەی لێدەدا، بە دەستێک لە بن بالیفەکە

دەریهێنا، دڵی خۆش بوو، لەکنە خۆیڕا پێی وابوو شەهریارە، بەڵام تا سەیری شاشەکەی کرد، داخرا. لەڕێی شاشەکەوە زانی کاتژمێر دەی بەیانیە، دەمێکە ڕۆژهەڵاتووەو ئاگای لێ نیە. لە موبایلەکەی ڕوانی بزانێ کێیە تەلەفۆنی بۆ کرد؟ کە بینی دەرکەوت خەلیفە حەمدونە، ڕاستەوخۆ دڵی پێ توند بوو، ترسا لەو بارودۆخە بڵێ وەرە لام. نەشدەوێرا بۆی نەکاتەوە، یان لەسەری هەڵنەگرێ.

ناچار تەلەفۆنێکی بۆ کردەوە، چەند زەنگێک لێیدا، لەپڕ لەیەکێک لەزەنگەکان هەڵیگرت. گوتی سڵاو ئاینور، بۆ تەلەفۆن هەڵناگری؟ ئاینور گوتی ببووڕە ئاگام لێ نەبوو، درەنگ بینیم، شتێک هەیە؟ خەلیفە گوتی نا، هەر ویستم پێت بڵێم ئەمڕۆ وەرە دوای نیوەڕۆ. ئاینور هەناسەیەکی هەڵکێشا، زانی مەبەستی چیە. بە ناچاری گوتی باش دێم. ئینجا کە تەلەفۆنەکەی داخست زانی چ هەڵەیەکی کردووە، خۆی خستۆتە بن دەستی ئەو خەلیفەیە. کە ناتوانێ لە ناخۆشترین بارودۆخیش بڵێ نایەم، یان کاتێکیتر دێم.

بە تـوڕەییەوە، وەک ئەوەی ڕقـی لە خـۆی بێـتەوە، لەنـاو جێگـاکەی دەرهـات و چـوو لەسـەر دەستشـۆرەکەی بـن هەیوان دەست و دەموچاوی بشوا.

کە لە ئـاوێنەکە سـەیری خـۆی کـرد، دەموچـاوی مانـدوو دەهـاتە بەرچـاو، ڕەنگـی زەرد ببـوو، بەری چاوەکـانی مـۆر. بەحـاڵ ئـاوێکی بە دەموچـاوی داکـردو چـووە مـدبەغ، لەوێ بینـی دایکـی دەسـکێک کەرەوز و تەڕەتـولەی لەپێشـە بـژاری دەکـات. دایکـی کە بینـی زانـی تەواو نـیە، گـوتی کچـم چـتە؟ خـۆ نەخـۆش نـی؟ ئـاینور بـۆ ئەوەی بـارودۆخەکەی لـێ بشـارێتەوە گـوتی کەمێـک سـەرمام بـووە، هـیچ نـیە. دایکـی گـوتی هـی دوێنێـیە، ئـاخەر گـوتم بەو سـەرمایە کـاتی سـەیران نـیە، لەگەڵ باوکـت گوێتـان پـێ نەدام. ئـاینور هەنـدەیتر سـەرو دڵـی بەو قسـەیە گیـرا. گـوتی دایە توخـوا واز بێـنە، مـن هـاتووم شـتێک بخـۆم. لەسـەر تەبـاغەکە چـایەکی تێکـردو دەسـتی کـردە پـارچەیەک سـەموون، ڕاسـتەوخۆ بە چـایەو سـەموونەکەوە چـۆوە ژوورەکەی خـۆی. بەپەلە نـانەکەی خـوارد، دواتـر چـووە گەرمـاو، تـا هەرنـا کە بـۆ لای خەلـیفە چـوو، بـۆنی نـاخۆش نەبـێ. دوای نیـوەڕۆ بە

سەرو پرچی خاو و بۆنی خۆشەوە ئاینور بەرەو مالّی خەلیفە بەڕێ کەوت، وەک ئەوەی قوربانیەک بێ، بە پێی خۆی بۆ کوشتارگە بڕوا. کە گەیشتە ئەوێ لە دەرگاکەیدا، ئەوجارە جیا لە جارەکانیتر خەلیفە بەخۆی دەرگای لێ کردەوە، دوای سڵاو و چاک و چۆنی پێکەوە چوونە بن هەیوانەکەو کەمێک دانیشتن.

خەلیفە لە ئاینوری پرسی چیت کرد، بوکۆکەکەت بردە ئەو شوێنەی پێم گوتی؟ ئاینور گوتی بەڵێ فرێمدا ناو دەریاچەکە، بەڵام هەست دەکەم ئەو کوڕە لە جاران دڵڕەقتربووە، دەترسێم ئەو ڕێگایەش سوودی نەبێ، خەلیفە گوتی ئاینور شتێک من بیکەم بێ سوود نابێ دڵنیابە، بەڵام کاتی دەوێ، تۆش پەلەتە. هەستە بابچینە ژوورەوە، لەوێ دوعای دیار چرا ماوە، بۆ ئەوەی ئاهی تۆ لە ئاگری کچانی تر بپارێزێ.

ئاینور بە ناچاری لە شوێنەکەی هەڵستاو لەگەڵ خەلیفە چوونە ژوورەکە. لەوێ خەلیفە دەرگای پێوەداو ڕاستەوخۆ ئاینوری خستە باوەشی خۆی، دەستی بە بۆنکردنی کرد، بۆنی پرچی و لاملی و

سینگی، دواتر لەسەر زەویەکە دریژی کردو یەک یەک قۆپچەکانی کراسەکەی کردەوە.

جاری پێشوو چی لەگەڵ کردبوو، هەمان شتی لەگەڵ کردەوە. ئینجا کە هەردووک لەسەر زەویەکە کەمێک حەسانەوە، خەلیفە چرایەکی هێنا دایگیرساند. دواتر گڵۆپی ژوورەکەی کوژاندەوەو گوتی ئاینور چیم گوت، ئەمشەو ئەو چرایە دەبەی، بە دەوری ماڵی شەهریاردا دەسووڕێیەوە و هەمان شت دەڵێیەوە. ئینجا دەستی لەسەر چراکە بەرزکردەوەو گوتی ئەی شەهریار لە ئاگری عەشق دەتپارێزم، بە ئاگری خۆم دەورەت دەگرم، دڵت دەخەمە ناو شووشەیەک و بە قەد دونیابینی خۆم، دەرگای هەناسەت لەسەر دەکەمەوە.

پێنج جار بە دەوری ماڵیاندا بسووڕێوەو ئەوە بڵێوە، بێ هەڵە. ئاینور ئەگەرچی خەریکبوو تاقەتی نەمێنێ لە ئەنجامدانی ئەو هەموو کارە قورس و مەترسیدارارو بێ ئەنجامانە، بەڵام کە بەبیری دەهاتەوە لە پێناو کێ ئەوە دەکات، ناچار دریژەی پێ دەدا. دووبارە ئەوەی خەلیفە پێی گوت ڕازی بوو ئەنجامی بدات. ئینجا

دوای لە گـوێ گرتنـی ڕێنماییەکـانی خەلـیفەو وەرگرتنـی چـراکە، ئەو ڕۆژە پـێش ئەوەی ئێـوارەدابێ ئـاینور بە دڵـی تونـد، وەک ئەوەی هەسـت بە گونـاحێکی گەورە بکـات، لە مـاڵی خەلـیفە هـاتە دەرەوە، بەرەو مـاڵی خۆیـان گەڕاوە. لە ڕێگـا غەرقـی کۆمەڵێـک بیرکـردنەوە ببـوو، لەپـڕ لیـا تەلەفـۆنی بـۆ کـرد، ئـاینور بە کەمێـک عـاجزیەوە هەڵیگـرت. لیـا گـوتی لەکـوێی؟ مـن وا لە مـاڵی ئێـوەم. ئـاینور بەو قسـەیە دڵـی خـۆش بـوو، زانـی لەکـاتی وا هـاتنی هـاوڕێیەکی ڕاسـت و دروسـت کە ڕێـی لـێ وون بـووە، چەنـد ئارامبەخشـە. گـوتی لە ڕێگـام، هەنـدەم نەماوە بگەمەوە ماڵێ، کەمێک چاوەڕێ بکە.

ئینجـا هەنگاوەکـانی گـورج کـردو بەپەلە خـۆی گەیانـدەوە مـاڵێ.لیـا بە شـەوق و زەوقێکـی جـوان و جـل و بەرگێکـی ڕێـک و پێـک، بـێ کێشـەو دڵەڕاوکـێ لە حەوشـە ڕاوەسـتابوو، چـاوەڕێی دەکـرد، ئـاینور ڕاسـتەوخۆ بەرەو لای چـوو و تونـد گـرتیە ئـامێزی، گـوتی سـوپاس بـۆ ئەوەی هـاتی. لیـا گـوتی تـۆ ڕووحـی منـی. بـۆوا ڕەنگـت تێکچـووە؟ هەسـت دەکەم شـتێک هەیە نایـدرکێنی. ئـاینور گـوتی وەرە بـا بچیـنە ژوورەکەی

مـــن، لەوێ پێـــت دەڵـــێم. ئـــاینور لیـــای بـــردە ژوورەکەی خـــۆی و دەرگـــای ژوورەکەی داخســـت، گـــوتی لیـــا مـــن متمـــانەی ئەو دونیـــایەم پێـــتە، دەتەقـــم ئەگەر ئەو شـــتانەی کـــردیتم بـــۆ تـــۆی بـــاس نەکەم. بـــێ هەبـــوونی کەســـێکی لەســـەرخۆ، هەســـت دەکەم، ئەوهـــا کارەکـــانم بە نهێنـــی بهێڵمەوە، هەندەی تر ئاڵۆز دەبم.

لیـــا گـــوتی ئەوە چ قســـەیەکە، بـــۆ پـــێم نـــاڵێی، ئەدی هـــاوڕێی ڕاســـت واتـــا چـــی؟ ئـــاینور کە دڵنیـــابۆوە بە لیـــا بڵـــێ بـــاری کەمێـــک ســـوک دەبـــێ، هەمـــوو ئەو شـــتانەی لەگەڵ خەلـــیفە کردبـــووی، بـــۆی بـــاس کـــرد، هەتـــا سەرجێیی کردنەکانیش.

لیـــا لەگەڵ بیســـتنی ئەوە چاوەکـــانی ئەبـــلەق بـــوون، بەڵام بەســـەرخۆی نەهێنـــا، نەوەک ئـــاینور زیـــاتر لەوکـــاتە بشـــکێ. گـــوتی خوشـــکم ئەو خەلـــیفە فێڵـــی لـــێ کـــردووی، مـــن هەر لەســـەرەتاوە چـــوونتم بـــۆ ئەوێ بە دڵ نەبـــوو، بەڵام تـــۆ گوێـــت نەدەگـــرت هەر چـــیم بگوتبـــا. ئـــاینور گـــوتی وا مەڵـــێ، بـــڕوابکە حەزدەکەم فێـــڵ نەبـــێ، ئەگەر لە هەرچی کردیتیشم مایەپوچ بم.

خەلیفەیەکی ئەوەندە بەناوبانگ، چۆن دەبێ فێڵ لە کچێکی دونیا نەدیتەی وەک من بکات؟ ئاخەر نازانێ دواتر چەند وێران دەبم؟

لیا گوتی لەگەڵتم، بەس پێم بڵێ چیت کردووە بێجگە لەو کارانە؟ ئاینور گوتی (نوشتەی قوفل)، ئەوە لە هەمووی ناخۆشترە، چونکە هەرکاتێک بیەوێ بچمە لای، دەبێ بچم، دەنا دەتوانێ شێتم بکات. ئەو جنی هەیە، چۆتە سەردانیان، بەشداری شەڕەکانیانی کردووەو کڵاوی شەیتانەکانی بۆیان دزیوە.

لیا گوتی ئەو قسانە چین دەیانکەی خۆ شێت نەبووی؟ ئاینور گوتی نا، ئاگام لەخۆمە، بەڵام ئەوانە هەمووی ڕاستین. لیا ئەگەرچی کچێک بوو بڕوای بە نوشتەو جادوو نەبوو، بەڵام لەبەر دڵی ئاینور گوتی ئەدی بۆ نوشتەی قوفلەکە ناسووتێنی؟ دەڵێن بە ئاگر هەموو نوشتەیەک بەتاڵ دەبێ. ئاینور گوتی ئاگری چی؟ نوشتەکە وا لەبن دەریاچەی دوکانە، تازە کەس ناتوانێ بیهێنێتەوە بۆ ئەوەی بیسووتێنین. لیا گوتی چۆن گەیشتە ئەوێ؟ ئاینور گوتی من لەگەڵ دایک و باوکم بە فێڵی سەیران بردم، خستمە ئەو شوێنە. لیا

گوتی خەلیفە گوتی بیخە بنی ئەو دەریاچەیە؟ ئاینور گوتی بەڵێ. ئێستاش ئەو چرایەی دایێ، دەبێ ئەمشەو بەدەوری ماڵی شەهریاردا، پێبکەم و بووڕێمەوە، چەند قسەیەکی پێ گوتووم، دەبێ بەدەم سووڕانەوە، بیڵێم. ناشتوانم بەتەنیا بچم، لەگەڵم دێی؟

لیا گوتی دێم، من کێشەم نیە، بەڵام خەلیفە هەموو ئەو شتانەی بۆ ئاڵۆزکردنی مێشکی تۆ دەکات، لە کۆتایش دەبینی. تا شەو داهات لیا لە ماڵی ئاینور مایەوە، ئێوارە کە داودی دارتاش هاتەوە، هەموو پێکەوە نانیان خوارد لەسەر یەک خوان. دوای ناخواردن، لیا بە داودی دارتاشی گوت ئێمە ئەمشەو حەزدەکەین لەگەڵ ئاینور پێکەوە پیاسەیەکی دەرەوە بکەین، بچینە پارک و ئەو شوێنانەی خەڵک دەچن، ئەگەر ڕێگەمان بدەی. داود گوتی کچم ئەوە کەی قسەیە، بڕۆن ئاگاتان لەخۆتان بێ، تا پێشتان دەکرێ زوو وەرنەوە. لیا گوتی سوپاس. ئینجا پێکەوە هەڵستان خۆیان گەرم داپۆشی و پوت و قەمسەڵەیان لەبەر کرد. ئاینور و لیا لە ماڵی داودی دارتاش هاتنە

دەرەوە. هێـــدی هێـــدی بەرەو مـــاڵی شـــەهریار بەڕێکەوتـــن، لە ڕێگـــا لیـــا بە ئـــاینوری گـــوت دەچـــین، ئەگەر ئێمەیـــان بینـــی، چـــونکە تـــۆ دەناســـنەوە، جـــاری پێشـــوو چـــووی بە فێڵـــی کتێـــب. دیســـان بڵـــێ هـــاتوینەوە، بەڵام بـــۆیە بەو نـــاوەدا دەگەڕایـــن، ماڵەکەتانمـــان نەدەدۆزیەوە. ئـــاینور گـــوتی فێڵێکـــی باشـــە، تەواو. ئینجـــا کە گەیشـــتنە لای مـــاڵی شـــەهریار، ئـــاینور چـــراکەی دەرهێنـــاو بە چەرخێـــک دایگیرســـاند، بەهـــۆی ئەوەی دەرەوە ســـاردبوو، کەس لەکـــۆڵان نەدەبینـــدرا. لەوێ لەگەڵ لیـــا دەســـتیان بە ســـووڕانەوە کـــرد بە دەوری ماڵەکەیـــان، ئـــاینور لەبەرەخـــۆی ئەوەی خەلـــیفە پێـــی گوتبـــوو دەیگـــوتەوە (ئەی شـــەهریار، لە ئـــاگری عەشـــق دەتپـــارێزم، بە ئـــاگری خـــۆم دەورت دەگـــرم، دڵـــت دەخەمە نـــاو شوشـــەیەک و بە قەد دونیـــابینی خـــۆم، دەرگـــای هەناســـەت لەســـەر دەکەمەوە). جـــاری یەکەم ســـووڕانەوە بـــێ ئەوەی هـــیچ شـــتێک ڕووبـــدا، جـــاری دووەم بە هەمانشـــێوە، جـــاری ســـێیەم کە لە کـــۆڵانەکەی پشـــتەوە بەرەو مـــاڵی شـــەهریار دەگەڕانەوە، لە پـــێش دەرگـــا قەرەباڵغیەکیـــان بینـــی، چ قەرەبـــالغیەک؟ چەنـــد

ئۆتۆمبێلێک ڕاوەستابوون، ژن و پیاو چەپڵەیان لێدەداو بلاجگتۆری کامێراکان ڕۆناکیەکانیان ڕوو لە خەڵکەکە بوو.

ئاینورو لیا سەریان سووڕما، لەپڕ ئەو هەراو زەنایە پەیدابوو، هێدی هێدی چوونە پێش، ئاینور ڕەنگی پەڕی، سەرەتا نەیزانی مەسەلە چیە، بەڵام کە خەڵکەکە کەوتنە ژێر حوکمی چاو، ئاینور شەهریاری بینی دەستی بوکێکی گرتووەو بەرەو حەوشە دەچێ. دایکی و خوشکەکانیشی چەپڵەو هەلهەلەی بۆ لێدەدەن، تومەس شەهریار دەمێک بوو پەیوەندی هەبوو لەگەڵ کچێک، ئاینور لێی بێ ئەگا بوو. ئەو ئێوارەیە دەیگواستەوە. لیا لەوکاتە نەیزانی چیبکات، چی بە ئاینور بڵێ. ئاینور ڕووی لە لیا کردو چاوەکانی پڕ فرمێسک بوون، وەک منداڵێکی دڵشکاو، منداڵێک یاریەکانیان لێ تێکدابێ. چراکەشی هەر بە دەستەوە بوو، گوتی لیا من تێکچوویمە ئەو دیمەنە دەبینم؟ یان وەک من لە تۆش دیارە؟ لیا گوتی ئارام بگرە. ئاینور گوتی جارێ تۆ وەڵامم بدەوە، ئەو دیمەنە ڕاستە؟ لیا نەدەکرا بڵێ ڕاست نیە، نەوەک

ئاینور یەکجاری شێت بێ، گوتی بەڵێ، منیش هەمان شت دەبینم. ئاینور بە قورگی پڕ گریانەوە گوتی بابڕۆین لێرە. لەو قسەیەوە دیاربوو، ئەو ماڵەی دەمێک وەک شوێنێکی پیرۆز سەیری دەکرد، چۆن لەپڕ گۆڕا، ئێستا دەیەوێ بە زووترین کات بە جێبێڵێ.

لیا گوتی ئاینور. ئاینور قسەکەی پێ بڕی گوتی هیچ مەڵێ، هەموو شتێک بەخۆی قسەی خۆی دەکات.

هەرچی بڵێی ئەوە نیە کە دەمەوێ، بابڕۆین. لەبەر ڕۆناکی چراکەش دیاربوو چۆن بە ئەسپایی فرمێسک بەسەر ڕوومەتەکانیدا دێتە خوارێ، تەنانەت دەنگیشی لەگەڵ ئەو گریانە زۆرەی ناخی پەنگی خواردبۆوە نوسا، توانای هیچ دەربڕینێکی تری نەبوو وەک کچەکانی تر.

لیا و ئاینور پێکەوە بەرەو ماڵ گەڕانەوە، بێ ئەوەی لە ڕێگا هیچیان قسە بکەن. کە گەیشتنەوە حەوشە، ئاینور فرمێسکەکانی سڕیەوەو بە لیای گوت، پێویستە بچینە کتێبخانەکە، تەنیا ئەوەی لەوکاتە کەمێک ئارامم دەکاتەوە. لیا گوتی کوێت پێ باشە بڕۆ ئەوێ، من

لەگەڵتم. ئاینورو لیا بەرەو کتێخانەکە چوون، کە بە پێش پەنجەرەی ئەو ژوورەدا تێپەڕین داودی دارتاش لێی دانیشتبوو، داود بینیانی، بەڵام لە ژوورەکەی نەهاتە دەرەوە.

کە چوونە کتێبخانەکە، ئاینور لەسەر کورسیەک دانیشت، چرایەکیشی داگیرساند، دەمێک لێی ڕوانی و بێ دەنگ بوو، لیاش لەسەر سەری ڕاوەستابوو، نەوەک شتێک لە خۆی بکات، یان کاردانەوەیەکی خراپی هەبێت. بەڵام ئاینور بە پێچەوانەی فرمێسکەکانی لەپڕ خەندەیەکی کرد لە دیار چراکە، گوتی لیا دەستت بێنە. لیا دەستی خستە ناو دەستی ئاینور، ئاینور گوتی ئەمشەو بە شتێک گەیشتم، بێ هۆ نیە شاعیرەکانی پێشتر گوتوویانە عەشق ئەگەر نەتکوژێ، دەتکاتە کەسێکی عارف. لیا گوتی ڕاستە، منیش بیستوومە. ئاینور گوتی کەوایە بۆچی دڵتەنگ بم بە هاتنی شەو، لەکاتێکدا تاریکداهاتنی ئەو بەشەی گۆی زەوی، ڕووناکداهاتنی بەشەکەی تر، لیا گوتی لەوە مەبەستت چیە؟

ئـایـنور گـوتی بینیـت بـوکەکە دڵـی چەنـد خـۆش بـوو؟
چـابوو مـن لە جێـی ئەو نەبـووم، دەنـا لەجێـی مـن کەسێکی تر، دڵ تەنگ دەبوو.
ئـۆف لەو دیـمەنە لە دڵگـران و نەخـوازراوە، کە وەک ژنێکـی دووگیـان هێڵـنجم پێـی دێ، بـوک و زاوا، دەسـت لەنـاو دەسـت، چەپـڵەی دایـک و هەلـهەلەی خوشـک و وێنەگـرتن. ئەوانە کەی لەگەڵ دەسـتی عەشـق ڕێـک دەکەون، پێم بڵێ؟
عەشـق دەبـێ قوربـانیەکە بـێ، پـێچەوانەکەی بە مەعشـوق گەیشـتوو. عەشـق دەبـێ تـاریکیەکە بـێ، دیوەکەی تری ڕۆناکیەکەی باسم کرد.
بـزانە هەوڵێکـی چەنـد سـەخت و دژوار و کەم واتـام داوە، تـا بە دەسـتی زاوا بـگەم، بـزانە چـیم کـردووە تـا بچـمە نـاو ژیـانێکی ڕۆتـین و گشـتی تـا لەوێ بمـرم.
بـزانە ئەوکـاتەی چـراکەم بە دەسـتەوە بـووە و بە دەوری مـاڵی ئەو کـوڕەدا گەڕاوم خۆشـم دەوێ، چەنـد بچـووک بیـرم کـردۆتەوە لەسـەر قسـەی خەلـیفە کە گوتـوومە، ئەی شـەهریار، دڵـت دەخەمە نـاو شوشـەیەک و بە قەد دونیـابینی خـۆم، دەرگـای هەناسـەت لەسـەر

دەکەمەوە. لیـــا لەدیـــار قســـەکانی ئـــاینور ســـەری ســـووڕمابوو، کە قســەکانی هـیچ لە قســەکانی ئەو کـچە نەدەچـــوو پێشـــتر ناســـی بـــووی. ئەم ڕووداوە لەو شـــەوەڕا ڕاســتەوخۆ ئـاینوری گـۆڕی، لە کەســێکی بـێ هێـزی کەوتـووی هۆگربـوو، کـردیە کەســێکی بـوێری ســۆفی. وای لە لیـاش کـرد لەســەر ئەو هەمـوو ئـاقڵی و ڕێک و پێکیەی خۆی، پێی سەرسام بێ.

(٧٧)

دوای بـردنەوەی فەرخە مەیمـوونەکە بـۆ دایکـی، ڕووبـا شـەو درەنـگ گەیشـتەوە نـاو گۆڕسـتانەکە، کارەبـا نەبـوو، هەمـوو بلاجگتۆرەکـان کوژابـوونەوە. کە چـۆوە بـن تـارمەکە، هەسـتی کـرد دونیـا سـاردە، ئەگەر گەرمـاییەک پەیـدا نەکـات، ڕەنـگە لەوگـۆڕە چیتـر نەحەوێـتەوە. ناچـار بەرەو شـوێنی گەنجەکـان ڕۆیشـت، بەڵکـو ئاگریـان کـردبێتەوە، لەگەڵیـان لەدیـار گەرمـی ئاگرەکە دابنیشێ.

بەڵام کە گەیشتە شوێنەکەیان بینی ئەوانی لێ نیە، تەنیا بەردەکان و پاشماوەی ئاگری شەوەکانی تر نەبێ. ئەوەش لەلای سەیر بوو، چونکە ئەو گەنجانە لەمێژبوو، لەگەڵ ڕۆژئاوا بوون، دەهاتنە ئەوێ، تا درەنگی شەویش دەمانەوە، هەندێک جاریش تا بەیانی، ناکرێ لەوێ نەبن. ڕاستەوخۆ نوشتاوەو دەستی دا پاشماوەی ئەو ئاگرەی لەوێ بەجێمابوو، تا بزانێ گەرمە یان سارد، لەڕێی دەست لێدانەوە، کە هەستی کرد سارەدە، زانی ئەو شوێن ئاگرە هی ئەمشەو نیە. ترسا شتێکیان لێهاتبێ، یان پەنایان بۆ ئاڵۆدەبوون بردبێتەوە، لە شەرمی ڕووباش لەوێ ڕۆیشتبن. لە جێگاکەی قیت بۆوە چاوی بە ناو هەموو گۆڕەکاندا گێڕا تا بزانێ تروسکایی ئاگر لە کوێیتر دیارە، نەوەک لە شوێنێکی تر بن، بەڵام لە تاریکی زیاتر هیچ تروسکاییەکی نەبینی، تەنیا تروسکایی ئاگری بن کەپرەکەی دڵبرین نەبێ. لەبەرەخۆی گوتی قاتی نەچووینە ئەوێ، هێدی هێدی بەرەو کەپرەکەی دڵبرین چوو، تا تەواو نزیک کەوتەوە، کە گەیشتە لای، خۆی نەوی کرد، نەوەک دڵبرین بیبینێ، بەڵام ڕووبا

کە چـــاوی لە ژێـــر کەپـــرەکە بـــڕی، لە دڵبـــرین و پیرێـــژنەکە زیـــاتری لـــێ نەبـــوو، کە هەردووکیـــان لە لای ئـــاگرەکە دانیشـــتبوون، پیرێـــژنەکە ســـەیری نـــاو ئـــاگرەکەی دەکـــرد، دڵبـــرینیش ســـەیری پیرێـــژنەکە. ڕووبـــا گـــوێی لـــێ بـــوو پیرێـــژنەکە لەســـەرەخۆ وەک شـــەوەکانی پێشـــتر ســـەردوولکە دەڵـــێ، دڵبـــرینیش گـــوێی لـــێ گرتـــووە، فرمێســـکیش بەســـەر ڕوومەتەکانیـــدا لەبەر تیشـــکی ئاگرەکە بریسکەیان دێ.

ڕووبـــا بـــۆ ئەوەی لێیـــان تێکـــنەدا، بە هێمنـــی دوورکەوتەوە. هەمیشـــەش پەیوەنـــدی ئەو دووانە لەلای جـــێگەی پرســـیاربوو، بەڵام هەمـــوو شـــت لەلای دڵبـــرین شـــاردرابۆوە، ئەو پەیوەنـــدیە چـــۆنە و هـــی کەیە. ناچـــار لەوێـــوە چـــووە بەشـــی پشـــتەوەی گۆڕســـتانەکە، بـــۆ ئەوەی هەرنا هەندێک دار کۆبکاتەوە.

لە پەنـــا کێـــل و بـــن تـــارمەو ئەو گـــۆڕانەی لێـــدرابوون و پڕکرابوونەوە باوەشێک چیلکەو پارچە داری هێنا .

بەرەو لای گالیســـکەکە گەڕاوە، لەبـــن تـــارمەکە ئـــاگرێکی کـــردەوە. هێـــدی هێـــدی بە هـــۆی گەرمـــی ئـــاگرەکە، بە تەواوی ســـەرزەویەکە ووشـــک بـــۆوە. ئینجـــا ڕووبـــا لە

زۆر ڕۆیشتنی بە پێی ئەو ڕۆژە لەسەر لاتەنیشتێک ڕاکشا، دەستی ڕاستیشی خستە بن سەری، بۆ ئەوەی کەمێک ئیسراحەت بکات، لە قرچ و هۆڕو سەمای ئاگرەکەی دەڕوانی، بیریشی هەر لەلای گەنجەکان بوو. لەپڕ هەستی کرد، دەنگی پێی کەسێک دێ لە پشت سەری، کە ئاوڕی داوە، بینی شەرمنە دیسان هاتۆتەوە لای. کە تاکە کچ بوو لەو شەوەیڕا ڕووبا لەناو جێگاکەی بردبووی، بوێری ئەوەی دەکرد، بەخۆی بەدوای ڕووبادا بێتە ناو ئەو گۆڕستانە. جلێکی زستانەی لەبەربوو، پرچیشی بەردابۆوە، لە دوورەوە بۆنێکی خۆشی لێ دەهات .

ڕووبا کاتێک چاوی پێکەوت، ڕاستەوخۆ لەبەری هەڵستاوە، شەرمن بە گلەییەوە گوتی من نەهاتبام، تۆ نەدەهاتیەوە وایە؟ ڕووبا ڕاستگۆیانە گوتی نازانم، بەڵام چاکت کرد هاتی، لەگەڵ ئەو قسەیە دەستەکانی لێک کردەوە، شەرمنیش خۆی خستە باوەشی، ڕووبا دوای ئەوەی دەمێک بەخۆی وەنوساند و بۆنی کرد. گوتی با دانیشین. شەرمنی لە تەنیشتە خۆی دانا، دوای کەمێک بێدەنگی ڕووبا گوتی ئێستا هەست

دەکەم لە گۆڕستان ناترسێی. شەرمن گوتی ترس؟ نا، تەنانەت خۆشیشم دەوێ، بەڵام ئەمشەو کە هاتم، لەوە دەترسام تووشی ئاژەڵی کێوی بێم. ڕووبا گوتی ئاژەڵی کێوی؟ ئاژەڵی کێوی بۆ؟

شەرمن گوتی دەڵێن دوێنێ شەو باخچەی ئاژەڵانیان شکاندووە، ئاژەڵێکی زۆر بەڕەڵا بووینە، مەترسی هەیە پڕ دەنە خەڵکی. ڕووبا وەک ئەوەی ئاگای لە هیچ نەبێ، گوتی بەڕاست؟ سەیرە. نا ئێن کێ ئەم کارەی کردووە؟ شەرمن گوتی هێشتا ئاشکرا نەبووە، بەڵام خەڵکی بەگشتی لە دڵەڕاوکێدان. ڕووبا گوتی هیچ نیە، ئەگەر ئاژەڵەکان تەنگاو نەکەن، ئەوان خواخوایتیان لە دەست مرۆڤ دەربازیان بێ. شەرمن بڕوای بە قسەکەی کرد، نەیدەزانی بەخۆی وا لەکن ئەوکەسە دانیشتووە، هەڵستاوە بە شکاندنی باخچەکە.

دوای ئەو قسانە شەرمن بۆ ئەوەی چیتر کاتەکە بە قسەکردن بەفیڕۆ نەدات، سەری بە شانی ڕووبا کرد. گوتی لەلای تۆ چەند دڵخۆشم، ئاخ ئەو هەموو ئارامیە چیە دەیبەخشی؟ ڕووبا لەگەڵ ئەو قسەیە ڕوومەتی ماچ کرد، دواتر دەستی بە بۆنی پرچ و بن ملی کرد،

شـــەرمنیش لەســـەر زەویەکە ڕاکشـــا، سەریشـــی بڵنـــد کرد، تا ڕووبا زیاتر بۆنی بکات.

کە کـات گەیشـتە بەرەبەری بەیـانی، مەلای نزیـک تـرین مـــزگەوت بانگیـــدا، ڕووبـــا و شـــەرمنیش دەمێکبـــوو لە باوەشـــی یەکتـــر خەویـــان لێکەوتبـــوو، ئـــاگرەکەش خەریکبـوو بیکـوژێتەوە، هەر ئەوەتە گەرمـی دەبەخشـی. شـــەرمن لەگەڵ دەنگـــی مەلاکە ڕاپەڕی، بینـــی هێشـــتا نەگەڕاوەتەوە مـــاڵێ، گـــوتی ڕووبـــا هەســـتە بەیـــانی دادێ. ڕووبـــا لەگەڵ جوڵەجـــوڵ و بانـــگ کـــردنەکەی شـــەرمن بەئاگـا هـات. کەمێـک خـۆی لێکڕاکێشـا، سـەیری شـــەرمنی کـــرد گـــوتی ئێســـتا دەتـــبەمەوە هێشـــتا زووە. ئینجـــا لە شـــوێنەکەی هەڵســـتاوەو دەســـتی شـــەرمنی گـــــرت، بەرەو دەروازەکە بەڕێکەوتـــــن، لە دووڕا لەگەڵ دڵبـــرین یەکتریـــان بینـــی، دیـــاربوو دڵبـــرین بـــۆ نـــوێژ هەڵســـتابوو، دەیویســـت دەســـتنوێژ هەڵبگـــرێ. بەڵام کەسیان خۆیان لە کەس نەگەیاند.

ڕووبـــا بە کۆڵانەکـــانی شـــار شـــەرمنی بـــردەوە بەر دەرگـــا، ئینجـــا ڕووی وەرگێـــڕا ویســـتی بـــڕوا، شـــەرمن بەرەو لای گەڕاوە، تونـــد ڕوومەتـــی مـــاچ کـــرد، گـــوتی

خەریکە بتبەمە ژوورەکەی خۆم و خوشکەکەم، لێنەگەڕێم هەرگیز بڕۆی، بێ ئەوەی بیڵم ماڵەوە پێبزانن. ڕووبا خەندەیەکی کرد، گوتی بڵێ زیندانیت دەکەم. شەرمن گوتی بەڵێ، تا نەتوانی چیتر جیا لەمن هیچ کچێکی تر ببەی.

ڕووبا بە خەندەوە بەجێیهێشت. شەرمنیش لە دەرگای حەوشە چۆوە ژوورێ و ڕاستەوخۆ بەسەر قادرمەی حەوشەکەیان کەوت، بۆ ئەوەی زیاتر ڕووبا ببینێ کاتێک دەڕوا، بەڵام لەو ماوە کەمە ڕووبا وون بوو، وەک ئەوەی هەر نەهاتبێتە ئەو کۆڵانە. شەرمن تەزیەک بە هەموو گیانی داهات، گومانی کرد لەکنە خۆی ڕا، ئەوە مرۆڤ بێ.

(٧٨)

پۆستەری گەنجە ئاڵۆدەکان لە پێش ڕێستۆرانتەکە، هەڵواسرابوو، خێزانە دەوڵەمەندەکان بە لێشاو دەچوونە ژوورەوە. گارسۆنەکانی ناو ڕێستۆرانتەکە پێشوازیان لێ دەکردن و هەندێکیان چاکەتی سەر شانی ژن و پیاوەکانیان وەردەگرت، تا لە شوێنێک بۆیان هەڵواسن. کە هەموو مێزو کورسیەکان پڕبوون، خواردن و خواردنەوەی زۆر لەپێشیان دانـدرا، ژوورەوە جمەی دەهات، باس زیاتر لە هەر

شـــتێک لەنـــاو دەوڵەمەنـــدەکان باســـی قـــازانجی زۆرو پـــارەو جـــۆری ئۆتۆمبێـــل و کڕینـــی شـــوقە بـــوو، وەک ئەوەی لەو دونیایە ئەوە ئامانج بێ.

لەنـــاو ئەو هەراو زەنـــایە لەپـــڕ کەســـێک چـــووە ئەو شـــوێنەی ئامـــادەکرابوو بـــۆ گـــۆرانیبێژان، گـــوتی بەخێـــربێن میوانـــانی خۆشەویســـت، بەو هیـــوایەم کەشـــەکەتان بە دڵ بـــێ، وەک شـــەوەکانی تـــر. دەمـــانەوێ ئەمشـــەو پێتـــان ڕابگەینـــین شـــتێکی نوێمـــان بـــۆ ئامـــادەکردوون، کە تـــا ئێســـتا لە هـــیچ ڕێســـتۆرانتێکی تـــر، ئامـــادەنەکراوەو بـــۆ یەکەمـــین جـــارە لێـــرە گوێتـــان لـــێ دەبـــێ، مێـــوانە دەوڵەمەنـــدەکان بە ســـاردی چەپڵەیەکیـــان لێـــدا، کە لەکـــاتی وا زۆربەیـــان ئەو دانیشـــتنانەیان بـــۆ دەوڵەمەنـــدە نزیکەکانیـــان دەکـــردە ســـوپڕایز، وەک ئەوەی پێیـــان نیشـــان بـــدەن، ســـەیرکە ئـــێمە دێیـــنە چ جۆرە شوێنێک.

کەســـەکە گـــوتی ئێســـتاش فەرمـــوون ئێـــوەو ســـێ گەنـــجە مۆزیـــک ژەنەکە. لەگەڵ قســـەکەی ئەو لەناکـــاو ژێـــدارو هەتـــوان و موریـــد، بە جلێکـــی جیـــاواز کە پێکهـــاتبوو لە پـــانتۆڕی ڕەش و قەمیســـی ســـپی و ئـــێلەگ و بۆینبـــاغی

کـورت، لەگەڵ ڕیشـی چـاکراو و سـەرو پرچـی بە جەلـی سـواقدراو، بەدەرکەوتـن، ئـامێرە مۆسیقیەکانیشـیان لە دەسـت بـوو. هەر ئەوەتە لەبەر لووسـی کاشـیەکەی نـاو ڕێسـتۆرانتەکەو بنـی ئەو پـێڵاوە باتـانەی کرابـووە پێیـان دەیـانتوانی بـڕۆن. پـێکەوە بەحـاڵ چـوونە سـەر ستەیجەکە، لە ڕێزی یەک ڕاوەستان.

دەمێـک دەولّەمەنـدەکان لێیـان ڕوانـین، ئەوان وەک سـێ منـداڵ لە بەرامـبەر دەولّەمەنـدەکان هـیچ ئاسـودە نەبـوون، خەریـک بـوو بخنکـێن. هەسـتیان دەکـرد، هەمـوو ئەو شـتانە وەک درۆیەکـی جـوان ڕازێنـدراوەتەوە، دەنـا کەس لێـرە ئاسـودە نـیە، نەشـیاندەزانی لەبەرچ. ئەو جـلانەی کرابـووە بەریشـیان زیـاتر لە هەر شـتێک جەسـتەیانی دەگوشـی. ئەو کەسـەی ئـاهەنگەکەی بەڕێـوە دەبـرد، لە دوورەوە بە ئامـاژە پێـی گـوتن دەست پێبکەن.

ژێـدارو هەتـوان و موریـد، کە دەسـتیان بە مۆزیـک ژەنـین کـرد، دەتگـوت یەکەم جـارە ئەو ئـامێرانە دەژەنـن، لە زیـقە زیقـی کەمـانچەکەو تەپە تەپـی دەفەکەو فـیکە فیکـی فلـوتەکە هـیچ ئاوازێـک نەبیسـترا. خـاوەنی

ڕێستۆرانتەکە لە دوورەوە شـــڵەژا، دەوڵەمەنـــدەکان ســـەیری یەکیـــان کـــرد، وەک ئەوەی شـــەرمەزار بـــووبن لە بەرامـــبەر هاوڕێکانیـــان. ژێـــدارو هەتـــوان و موریـــد، کە چاویـــان پێیـــان کەوت ســـەیریان دەکەن، هەنـــدەی تـــر دەســـت و پلیـــان تێکئـــاڵا، پـــێکەوە لەســـەر ئەو ســـتەیجە کردیـــانە فیـــق و هـــۆڕو تەپە تەپێـــک، خەریـــک بـــوو ئەو خەڵـــکە بە تەواوی بێـــزار بـــکەن، تـــا دەهـــاتیش دڵیـــان تونـــدتر دەبـــوو، وایانـــدەزانی ئیتـــر مۆســـیقایان لە بیـــر چۆتەوە، ناتوانن بیژەنن.

دەوڵەمەنـــدەکان هەنـــدێکیان تـــوڕە بـــوون، گوتیـــان ئەو بـــێ نرخانە چین بۆ ئێرەتان هێناون؟

خـــۆ گـــاڵتە بە ئـــێمە نـــاکەن. هەندێکیشـــیان پێیـــان پێـــدەکەنین، هەندێکیشـــیان دەیـــانگوت بە پـــارە مۆزیـــک ژەنـــی بـــاش زۆرە بیـــانهێنن، مۆزیکیـــان پـــێ بـــژەنن. گەنجەکـــان کە گوێیـــان لەو قســـانە بـــوو، دڵیـــان زیـــاتر گوشـــرا، هەناســـەیان تەنگتـــر بـــوو، وەک ئەوەی هەمـــوو بینـــای ڕێســـتۆرانتەکە لەســـەر ســـینگی ئەوان دانـــدرابێ، لەناکـــاو بە قـــوڕگی پـــڕ گریـــانەوە وەک وەڵامێـــک بـــۆ دەوڵەمەنـــدەکان، هاواریـــان کـــردو قـــۆپچەی جلەکانیـــان

هەڵپچڕاند، بۆینباغەکانیشیان لە مل کردەوە، بەپەلە بۆ ئەوەی خۆیان لەو کەشە خنکێنەرە دەربباز کەن، لەسەر ستەیجەکە هەرسێک هاتنە خوارەوەو بەناو دەوڵەمەندەکان بەرەو دەرگای ڕێستۆرانتەکە غاریاندا، تا بە زووترین کات ئەو دونیایە بەجێبێڵن.

بەڵام لەبەر لووسی کاشیەکە، نەیاندەتوانی باش بڕۆن، لەڕقان پێڵاوەکانیشیان داکەند، ئینجا بە پێخواسی و جلی بێ قۆپچەو ئامێرەکانی دەستیانەوە، باشتر ڕایان کرد، ڕاکردنێک تا زووە بگەنەوە ناو گۆڕستانەکە. کە دەرگاکەیان تێپەڕاند، لە دەرەوە لەسەربارى ئەوەی هەوا ساردبوو، هەناسەیەکی خۆش و ئارامکەرەوە خۆی خزاندە ناو سیەکانیان، بەڵام ئەوان هەر لە ڕاکردنداببوون، بۆ ئەوەی تا دەکرێ دوورتر بکەونەوە، کە گەیشتنە شوێنێک، لەڕێگا هەرسێک ڕاوەستان، بۆ ئەوەی پشوویەک بدەن، سەرەتا لە خۆشیان پێکەنین، پێ کەنینێک قاقایان دەنگی دەداوە، کە لە ڕێستۆرانتەکە دەربازیان بووە. بەڵام دوای پێکەنینەکە، دەستیان بە گریان کرد، بە یەکتریان گوت ئێمە خۆ مۆسیقامان لەبیر چۆوە

ئێستا چیبکەین؟ ئێمە ڕێگاکەمان لێ گۆڕا، وون بووین.

موراد دەستی لەسەر سەری خۆی داناو گوتی خەتای من بوو، هەموو خەتای من، گوتم با پارەمان هەبێ، گوتم با پێڵاوی باش لەپێ بکەین، گوتم با کچەکان بکەینە هاوڕێی خۆمان، بۆنی خۆش لە خۆمان بدەین، من کەوتمە دوای سامان و هەوەسی دونیا، هونەرەکەم لەدەست دا.

ژێدار گوتی بڕوا بکەن من لەوە دەترسام، ئاخەر ئێستا چ جوابی ڕووبای هاوڕێمان بدەینەوە؟

چی پێبڵێن؟ کە بەدەم ئەو قسانەوە دڕێژەیان بە ڕێگاکەدا، گەیشتنەوە نزیک گۆڕستانەکە، هەتوان گوتی با نەچینەوە ژووری. موراد گوتی ئەدی چیبکەین؟

جلە کۆنەکانیشمان لەوێ بەجێما، ئێستا بەو جلانەوە ڕووبا بمانبینێ ڕاستەوخۆ دەزانێ چ ڕوویداوە. هەرسێکیان لە بن دیواری گۆڕستانەکە لە تەنیشت یەک دانیشتن، شەویش سارد بوو، ئامێرەکانیشیان لە

باوەشـــــی خۆیـــــان نـــــابوو، لەوێ بە دانیشـــــتنەوە، لە قەهران خەویان لێ کەوت.

خێـــزانە دەوڵەمەنـــدەکانیش لە نـــاو ڕێســـتۆرانتەکە دوای ئەوان، یەک یەک هەڵســـــتان و بە دەموچـــــاوی گـــــرژ شـــــوێنەکەیان بەجێهێشـــــت. وا بیریـــــان دەکـــــردەوە ســـــوکایەتیان پێکـــــراوە، زۆربەشـــــیان دەچـــــوون سەرزەنشـــــتی خاوەنەکەیـــــان دەکـــــرد، کە کەس لە ڕێســـتۆرانتەکە نەمـــا، خـــاوەنەکەی بە غەمبـــاری دانیشـــت لەســـەر یەکێـــک لە قادرمەکـــان، وەک کەشـــتیوانێک، هـــیچ لە سەرنشـــینەکانی بڕوایـــان پـــێ نەمـــابێ، بەتـــایبەتی کاتێـــک ئەو هەمـــوو خـــواردن و خـــواردنەوەیە دەبینـــدرا لەســـــەر مێزەکـــــان وەک خـــــۆی مـــــاوەتەوەو ئەو ڕێســـتۆرانتە گەورەیە هەمـــوو شـــتێکی تێـــدا دانـــدراوە، کەچـــــی چـــــۆڵە. گارســـــۆنەکانیش لە دەوروبەری ڕاوەستابوون.

***** ***** *****

هەتوان و ژێدارو مورید کە لەبن دیواری گۆڕستانەکە بە ئاگا هاتن هەستیان کرد کات بەرەبەری بەیانیە، چرقە چرقی ددانیان دێ لەسەرمان، ویستیان هەڵستنەوە، لە دوورەوە ڕووبایان بینی بۆ گۆڕستانەکە دەگەڕاوە، ئەوان لەشەرمان خۆیان دا پاڵ یەکتر، تا ڕووبا نەیانبینێ، بەڵام ڕووبا تا دەهات زیاتر لێیان نزیک دەکەوتەوە، کە گەیشتە لایان، گەنجەکان خۆیان پێ نەگیرا، لە بەرامبەری دەستیان بە گریان کردەوە، ڕووبا سەری سووڕما، کە چاوی پێیان کەوت ئەو جلانەیان لەبەرەو دەشگریەن، هەرسێکیانی لە باوەش کرد، گوتی پێم بڵێن چی ڕوویداوە؟ ئەو جلانە چیە لەبەرتان؟

ئێوە لەکوێن، من لە شەوێوە بە دواتاندا دەگەڕێم. ژێدار گوتی ئێمە مۆسیقامان لەبیرچۆتەوە.

ڕووبا گوتی ئەوە چ قسەیەکە؟

مورید وەڵامی داوە گوتی چونکە تەماحی مااڵی دونیا چووە سەرمان. ڕووبا زانی سەرمایتیان، پێش ئەوەی بەتەواوەتی بزانێ چیان کردووە هەرسێکیانی بردە بن تارمەکە، ئەو ئاگرەی لەگەڵ شەرمن لەدیاری بوون،

هێشتا ڕەژووەکەی خلاس نەببوو، هەندێک داری هێناو خستیە سەری، دواتر فوی لێ کردو ئاگرەکەی گەش کردەوە، هەرسێ گەنجەکە، بە چاوی بە فرمێسکەوە، دەستیان لەسەر ئاگرەکە ڕاگرت بوو گەرم ببنەوە. ڕووبا گوتی غەم مەخۆن، ئێستا پێم بڵێن لە سەرەتاوە چی ڕوویدا. هەتوان لەو کاتەوەی خاوەن ڕێستۆرانتەکە بە ئۆتۆمبێل هاتە دوایان، بۆی گێڕاوە، تا ئەو شوێنەی لێی دانیشتبوون.

ڕووبا تێگەیشت، گوتی ئێوە هونەرێکی ساغتان بردۆتە ناو شوێنێک ئەوەندە سەیری خواردنەکە ناکەن، سەیری قاپەکە دەکەن بزانن لەناوچی بۆیان تێکراوە، ئەوەندە سەیری هاوڕێکەیان ناکەن بزانن لە چ ئاستێکە، سەیری جل و بەرگەکەی دەکەن بە چەند کڕاوە. هونەر لەو شوێنە چۆن پێشکەش دەکرێ؟ لە کاتێکدا ئەوان بە قەد گرانایی خۆی واتای پێ نەدەن. ئێوە ئێستاش هەر مۆزیک ژەنەکەی جارانن.

ئێوە لە نەبوونەوە بوونە ئەو مۆزیکژەنە، هەر لە نەبوونەوەش دەتوانن دروستی بکەنەوە.

ژێـــدار گـــوتی ڕووبـــای خۆشەویســـت، ڕووبـــای فریـــادڕەس ئەوە بەڕاســتتە؟ ڕووبـا گـوتی بەڵـێ، ئەگەر باوەڕنـاکەی دەســتکە کەمـانچەکەت بـزانە وایە یـان نـا. ژێـدار دەســتی کـردە کەمـانچەکەی، چ دەســتکردنێک؟ لە جـاران جـوانتر دەستی بە ژەنینـی کـرد، ژەنینێـک لەگەڵـی ڕۆژهەڵات، ڕۆژێکی نوێ.

بەشی بیست و پێنج

(٧٩)

ئەو مـاڵە عەرەبەی مەسـتان پەنـای بـۆ بردبـوو، بە هەر شـێوەیەک بـێ، توانیـان لە لای خۆیـان بیشـارنەوە، بـێ ئەوەی بڵـێن ئەگەر ئاشـکرابێ تووشـی سـزای بەعـس دەبـین. بەڵام ژنـی پیـاوەکە لەبەر هەڵسـوکەوتەکانی مێـردەکەی زوو دڵ پیسـی لـێ کـرد. دەیزانـی چـاوی لەسـەر مەسـتانە، بـۆیەش دەیەوێ یەکجـاری نەڕوا. لەو یەک دوو ڕۆژەش هەر کـات مەسـتان دەیگـوت دەبـێ بگەڕێـمەوە گونـدەکەمان تـا زووە لەبەر منـداڵەکەم، ئەو

پیاوە دەیگوت ئۆتۆمبێل نیە، بە پێیانیش ناگەیە هیچ شوێنێک. دەبێ چاوەڕێ بکەین کەی ئۆتۆمبێلی مەڕداریک، مەڕومالاتی بارکرد بۆ شار، ئەوکات تۆ لە گەڵی دەنێرم.

بۆ ڕۆژی سێیەم کە مەستان لەناو ڕەشماڵەکە، تابڵێی دڵی تونـد بوو لەو چاوەڕوانیە، چونکە هەر شەوێکی بە سەدان شەو هەبوو تا ڕۆژ دەبۆوە لە دووری جودی. بەردەوامیش بیری لەوە دەکردەوە ئاخۆ دەبێ کەی ئەو ئۆتۆمبێلە بێ ئەو خاوەن ماڵە باسی دەکات؟

لەپڕ ئەو پیاوە کوردیزانەی ڕۆژی یەکەم هێنابوویان مەستان و ماڵەکە تێکبگەینێ هاتە لای، بەتایبەتی کاتێک زانی ژنی خاوەن ماڵەکە لە ژوورەوە نیە.

مەستان ترسا. پیاوەکە پێی گوت مەترسێ، من نەهاتووم ئازارت بدەم، هاتووم قسەیەکت پێ بڵێم ئەگەر قبوڵی بکەی. مەستان بە دڵی تونـدەوە گوتی چ قسەیەک؟ ئایا هەواڵێکت پێیە دەربارەی منداڵەکەم؟ یان ئەو ئۆتۆمبێلە بەڕێوەیە دەتانەوێ لەگەڵی بڕۆم؟ پیاوەکە گوتی نا، هیچ لەوانە نیە، بەڵام ئەگەر ئەوەی

دەیڵـێم پێـی ڕازی بـی، هـەم منـدااڵەکەت بـۆ دەگەڕێـتەوە، هەمیش دەبیەوە خاوەن ماڵ و حاڵی خۆت.

مەسـتان پرسـی چـیە ئەو قسـەیە؟ ئـاخ کـوا بـۆ ئەو ڕۆژە، ئـێمە چیمـان بەسـەر هـات؟ کە باسـی مـاڵ و حـاڵ دەکـرا، زۆر پـێ تێکـدەچوو. پیـاوەکە گـوتی خـاوەنی ئەو مـاڵە، دەڵـێ جـوانیەکەی جـۆرێکە، ئەقـڵ قبـوڵی ناکـات، دەمەوێ شووم پێ بکات، ئەگەر ڕازی بێ.

مەسـتان لەگەڵ ئەو قسـەیە خەریـک بـوو ببـووڕێتەوە، ئەوەنـدە قەهـری خـوارد. لەلایەک تـازە سـیاوەردی مێـردی لە دەسـت دابـوو، لە لایەکیتـر منـدااڵەکەی لە گونـدێکی وێـران بەجێمـابوو، شـووکردنی چـی؟ هەر پیـاوێکی تـر بـا قەت لەبـارودۆخێکی ئەوهـا، ئەو داوایەی لە ژنێکی بریندار وەک مەستان نەدەکرد.

مەسـتان گریـا، گـوتی سـیاوەرد تـۆ شـێت دەبـووی ئێسـتا منـت بـدیتبا لە چ حـاڵێکم، ببیـنە لە ڕووی ئەو دڵە سـووتاوەی مـن، چ داوایەکـم لـێ دەکەن. پیـاوەکە کە مەسـتانی بەمشـێوەیە بینـی، زۆر پەشـیمان بـۆوە، بەاڵم تـازە قسـەکەی کردبـوو. بـۆ ئەوەی ژنـی خـاوەن مـاڵەکەش لە دەرەوە گـوێی لـێ نەبـێ، گـوتی تێگەیشـتم،

مـــن دەڕۆم. ئینجـــا ژوورەکەی بەجێهێشـــت. ڕاســـتەوخۆ چـــــووە لای خـــــاوەن مـــــاڵەکە، کە لە خـــــوارەوەی ڕەشـــماڵەکە، لەنـــاو ئەو مەڕومـــاڵاتەبوو خرابـــوونە نـــاو ســـیم. خـــاوەن مـــاڵەکە، کە پیـــاوە کـــوردی زانەکەی بینـــی لە دووڕا بەرەو پیلـــی هـــات، تـــا بزانـــێ مەســـتان چ وەڵامێکی داوەتەوە.

کە گەیشـــتە لای، گـــوتی مزگێنیـــت دەکەوێ، ئەگەر ڕازی بـــووبێ، چـــی گـــوت؟ پیـــاوەکە گـــوتی گریـــا. پێشـــم وایە زۆر پێـــی نـــاخۆش بـــوو ئەو داوایەمـــان لێـــی کـــرد، نەدەبـــوا ئەوە بکەیـــن. خـــاوەن مـــاڵەکە گـــوتی هـــیچ نـــیە، کە بیـــری لـــێ کـــردەوە ڕازی دەبـــێ. بـــۆ ئێـــوارەکەی کە خـــاوەن مـــاڵەکە چـــۆەوە نـــاو ڕەشـــماڵەکە، وا ڕێکـــکەوت دووبـــارە ژنەکەی چووبـــووە دەرەوە ئـــاو بێنـــێ. خـــاوەن مـــاڵەکە بینـــی مەســـتان ڕاکشـــاوە و دەســـتی خســـتۆتە ســـەر چـــاوی، دیـــاربوو بە دەم غەمخـــواردنەوە خەوی لـــێکەوت بـــوو، لێـــی نزیـــک کەوتەوە، ویســـتی مـــاچی بکـــات .مەســـتان لەوکـــاتە هەڵســـتاوە، هەســـتی بە خـــاوەن مـــاڵەکە کـــرد، ژنەکەشـــی لە پـــڕ هـــاتە ژووڕێ، بینـــی مێـــردەکەی لە نزیکیەتـــی. بەڵام هیچـــی نەگـــوت. مەســـتانیش هەســـتی بە

شەرمەزاری کرد، نەشدەبا هیچ بدرکێنێ، پێی بڵێ پیاوەکەت ئەمڕۆ داوای لێ کردووم شووی پێ بکەم، تازەش ویستی لێم نزیک بکەوێتەوە، نەوەک نێوانیان تێک بچێت.

ناچار نە ژنەکە قسەیەکی کرد، نە مەستانیش. پیاوەکە وایزانی ئەوان هەردووک پێی نازانن بەتەمای چیە. کە ئەو شەوەیان بە حاڵ تێپەڕاند، پیاوەکە بەیانی زوو بە تراکتۆر چوو تەنکیەک ئاو بێنێ.

لەو دەرفەتە ژنی خاوەن ماڵەکە بانگی ئەو پیاوەی کردەوە کوردی دەزانی، گوتی وەرە دەمەوێ لەگەڵ ئەو ژنە تێکمانبگەینی. کە پیاوەکە هات، ژنی خاوەن ماڵەکە بە مەستانی گوت دەزانم تۆ هەم ژنێکی مەردی، هەمیش دایکێکی میهرەبان، یەک نووقتە غەشیش چیە، لەتۆدا نادۆزمەوە. لەسەر ئەوەش لۆمەت ناکەم تۆ ئەو هەستەم لێ دەشاریتەوە پیاوەکەم بۆ تۆ هەیەتی، چونکە هەردووکمان ژنین، تێک دەگەین، ناتەوێ بەینی من و ئەو تێک بچێ. وە دەشزانم لە من جوانتری، من ژنێکی ماندووم، ئیشەکانی ئێرە زۆرن، پیاوەکان لەدیارمان دادەنیشن،

سەرما بێ، یان گەرما، دەبێ ئێمە ئیش بکەین، دەنا منیش لەکاتی خۆی جوان بووم، بەڵام ئێستا چونکە ئەو جوانیەم نەماوە، ئەو چەند ڕۆژێکە هەرئەوەتە قسەم لەگەڵ دەکات، ئێ لەناو ئەو هەموو ئیش و کارە چۆن دەستەکانم قەرەشتی نابن و پێستم تێک ناچێ پێم بڵێ؟ چۆن جوانی وەک خۆی دەمێنێتەوە؟ مەستان لەگەڵ ئەو قسەیە زگی بە ژنەکە سووتا، تۆند خۆی خستە باوەشی، گوتی تۆ ئێستاش جوانی، ئەوە چ قسەیەکە؟ من دەمەوێ بگەڕێمەوە گوندەکەمان، پیاوەکەی تۆ هەستی بۆ کێ هەیە؟ بۆ مردوو؟ من هەر دوێنێ بوو لە بن خاک دەرهاتم، هەر دوێنێ بوو مێرد و باوک و دایک و کەس و کارەکەمم لە ژێر زەمین بەجێهێشت تا بگەمەوە منداڵەکەم، کە بەجێماوە.

دەنا بۆ لەوان دادەبڕام؟ بۆ دووبارە دەهاتمەوە ناو هەمان زوڵم و ستەم، هەر لەگەڵ وان کۆچەکەم دریژە پێدەدا. ژنەکەش لەگەڵ مەستان بە چاوی بە فرمێسکەوە گوتی هەموو ئەو شتانەی دەیڵێی دەزانم ڕاستن، بەڵام بڕۆ ئەگەر بە دوای کۆرپەکەتدا

هـــاتوویەوە، چیتـــر چـــاوەڕێ مەکە. پیـــاوەکەم بە ئەنقەســـت دەیەوێ بتهێڵێـــتەوە، دەنـــا لەو دوو ڕۆژە چەنـــدین ئۆتۆمبێـــل بەرەو شـــار ڕۆیشـــتوونەو پێـــی نەگوتـــووی. مەســـتان لەگەڵ ئەو قســـەیە تێکچـــوو، گـــوتی چـــۆن؟ ئەوە بەڕاســـتتە؟ ژنەکە گـــوتی بەڵـــێ، ئێســـتاش وا بە ئاســـانی ئیزنـــت نـــادا، جـــارێ دەیەوێ بە قســـەی خـــۆش قەناعەتـــت پـــێ بێنـــێ شـــووی پـــێ بـــکەی، کە زانـــی چـــاری نیە، ڕەنگە ڕێیەکی تر هەڵبژێرێ، من دەیناسم.

مەســـتان گـــوتی ئەدی چـــار چـــیە؟ مـــن چـــۆن دەربـــازم دەبـــێ؟ ژنەکە گـــوتی مـــن ڕێیەکـــت بـــۆ دەدۆزمەوە. ئینجـــا لەوکـــاتە ڕووی لە پیـــاوە کـــوردی زانەکە کـــرد، گـــوتی تـــۆ ئەی پیـــاو، ئەوشـــتانەی گوێـــت لێبـــوو، باســـیان نـــاکەی، لە بـــۆ بە خشیشـــیش غەمـــت نەبـــێ، پـــارەیەکی باشـــت پـــێ دەدەم. پیـــاوە کـــوردی زانەکە خەنـــی بـــوو، کاتێـــک ژنـــی خـــاوەن مـــاڵەکە باســـی بەخشیشـــی کـــرد. ئینجـــا لە کەلەنـــی هەنـــدێک نـــوین ژنەکە هەنـــدێک پـــارەی دەرهێنـــاو بڕێکـــی دایە پیـــاوە کـــوردی زانەکە، پێـــی گـــوت تـــۆ بـــڕۆ، شـــەو درەنـــگ لە نزیـــک ڕێگـــا ســـەرەکیەکە چـــاوەڕێم بـــکە دێـــم لەوێ دەتبینمەوە .

ئینجا تا شەو داهات ژنەکە خۆی کڕ کرد لەگەڵ مەستان، واش خۆیان نیشاندا هیچ نەبووە، کە شەو پیاوەکەی بە مێوانداری چووە ناو ڕەشماڵی ماڵە مەڕدارەکانی خوارەوە بۆ قاوە خواردنەوە.

ژنەکە دەستی کردە بڕنۆیەک و هەندێکی تر پارەی لە کەلەنی نوێنەکە دەرهێنا، بە پەلە لەگەڵ مەستان ڕێی بیابانیان گرت، ڕێیەک بەو تاریکیە کەس نەیدەزانی بەرەو کوێ دەڕوا، تا گەیشتنە سەر ڕێگایەک، دیاربوو ئۆتۆمبێل و شتی پێدا هاتبوو. لەسەر ڕێگاکە پیاوە کوردی زانەکە چاوەڕێیانی دەکرد، لەوێ لەگەڵ ژنەکەو مەستان یەکیان بینیەوە.

ژنەکە لە ڕێی پیاوەکەوە بە مەستانی گوت غەمبارم بۆت، هاوبەشی ئەو ئازارە گەورەتم بڕوابکە، تۆ خوشکی منی، ئەگەرچی ڕۆیشتن بەو شەوە سەختە، بۆ ژنێک نە لە نیشتیمانەکەی خۆی بێ و نە زمانیش بزانێ. بەڵام لەو ڕێیە باشتر شک نابەم بیخەمە بەردەمت، ئێستا چیم گوت ئەوها بکە، بەو ڕێگایەدا بڕۆ تا دەتوانی، کە ڕۆژهەڵات، ئۆتۆمبێل پەیدا دەبێ، دەڕۆن بۆ شار، تۆ دەستیان لێ ڕابگرە، تا لەگەڵ

خۆیان دەتبەن. ئینجا دەستی لە باغەڵیشی ڕاکرد گوتی ئەو پارەیەش بگرە، دەتوانی لە شارەوە پێ بگەڕێیەوە ئەو شوێنەی گوندەکەی ئێوەی لێیە.

لەناو تورەگەیەکیش هەندێک جلی ڕەشی دەرهێنا، لەگەڵ پێچەو نیقاب و عەبایەک.

هەر لەوێ بە دەستی خۆی لەبەر مەستانی کرد، سەریشی داپۆشت. لەوکاتە گۆپاریێکیش کە لە دەست پیاوە کوردی زانەکە بوو لێی وەرگرت، ئەویشی دایێ، گوتی هەر ئۆتۆمبێلێکت بینی، خۆت وا دەرخە ژنێکی پیری. مەستان گوتی تەواو، ئەو چاکەیەی تۆم قەت لەبیر ناچێتەوە. ژنەکە گوتی بە خوات دەسپێرم، بەو هیوایەم منداڵەکەت بدۆزیەوە، هەردووکیان لەگەڵ ئەو قسانە تۆند باوەشیان لێکدا. مەستان بە تەنیا ملی ڕێگاکەی گرتوو بەو شەوە بەرەو شار هەنگاوی نا، تا بە زووترین کات بگاتەوە گوندەکەی خۆیان و جودی بچووک بدۆزێتەوە. ژنەکەش لەگەڵ پیاوەکە لەوێ لێک جیابوونەوەو هەریەکەو گەڕاوە ناو خیوەتەکانی خۆیان. ژنەکە کە گەڕاوە ماڵ ڕاستەوخۆ کۆمەڵێک بالیف و پەڕۆکی خستە ژێر ئەو بەتانیەی مەستان

بەخۆی دادابوو، بە خۆشی لە نزیکی ڕاکشا، تا ئەگەر پیاوەکەی هاتەوە، وابزانێ مەستان نوستیە. دەنا بزانێ ڕۆیشتووە، دەچێتە دوای ڕەنگە بیگاتێ.

****** ***** ******

مەستان ئەو شەوە تا نزیک بەیانی هەر بە پێ ڕۆیی، کە دونیا ڕۆناک داهات، ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر، لە ڕێگاکە بەدیار کەوت. مەستان لە دوورەوە بۆ ئەوەی وابزانن پیرە، وەک ئەوەی ژنەکە ڕێی بۆ دانابوو، پشتی خۆی بەو جل وبەرگانەوە کووڕ کردەوە، خۆشی بە گۆپارەکە دادا.

کە ئۆتۆمبێلەکە لێی نزیک کەوتەوە، مەستان دەستێکی لێ ڕاگرت، بەڵام ئۆتۆمبێلەکە لەبەر ئەوەی مەڕێکی زۆری بارکردبوو، ڕانەوەستا. مەستان ناچاربوو چاوەڕێ بکات، هەندەی پێنەچوو پیکابێک هات، کە نزیک کەوتەوە، دیاربوو دوو پیاو و ژنێک و منداڵێکی تێدابوو، لەگەڵ کۆمەڵێک مەنجەڵە ماستی پڕو بەتاڵ.

مەستان دەستی لەویش ڕاگرت، پیکابەکە سەرەتا کەمێک تێپەڕی، بەڵام دواتر گەڕاوە.

مەستان لەبەرئەوەی عەرەبیشی نەدەزانی، وەک پیرێک بە دەست خۆی وا نشیاندا کەڕولاڵە، دەیەوێ بچێتە شار.

شۆفێری پیکەبەکە پێی گوت سواربە. مەستان بە پشتەوەی پیکەبەکەدا سواربوو. پیکەبەکە بەڕێ کەوت. مەستانیش خۆی لەبن پێچەوعەبایەکە مات کرد، ئەوەی لێی دەترسا تەنیا ئەوە بوو، لە ڕێگا تووشی مەفرەزەی بەعسیەکان بێ.

ڕێکیش ئەوەی لێی دەترسا ڕوویدا، هێشتا داخلی شار نەببوون، پیکەبەکە هێواشی کردەوە، مەستان لە کەلەنی ئەو عەبایەی بەسەر خۆی دادابوو سەیری پێشەوەی کرد، بینی چەند ئۆتۆمبێلێکی سەربازی ڕاوەستاون، بازگەیەکی کاتیان داناوە، لێپێچینەوە لەگەڵ خەڵکی دەکەن.

مەستان دڵی بە خێرایی کەوتە کوتە کوت، پێیوابوو دیسان دەیگرنەوە، لێناگەڕێن بگاتەوە منداڵەکەی، ڕەنگە ئەوجارەش دەربازی نەبێ. لە بن عەبایەکە

دەستی بەرز کردەوە، گوتی خوایە لەبەر من نا، لەبەر ئەو منداڵەی ناو کۆڵیتەکە بەجێماوە، لەو بازگەیە دەربازم بکەی، ئاخەر هەموو بێچوویەک پێوستە ڕێ لە دایکەکەی نەگیرێ، تا بچێ شیری پێبدات، دەزانم ئەو ئێستا برسیەتی.

ئەو لەو قسانەبوو، پیکەبەکە ڕاوەستا، سەربازێک لە شۆفێرەکە نزیک بۆوەو قسەی لەگەڵ کرد، دوای قسە کردن، ڕاستەوخۆ بێ ئەوەی سەیری پشتەوە بکات، بەڕێی کردن. نە سەربازەکە مەستانی بینی، نە شۆفێرو ئەوانی تەنیشتیشی لە بیریان ما، لە ڕێگا ئەو پیرێژنەیان هەڵگرتووە.

مەستان لەخۆشیان شاگەشکە بوو، وەک ئەوەی خوا دوعایەکەی لێوەرگرتبێ و ئەوی لەبەر چاویان وون کردبێ تا نەیبینن، هەر سوپاسی خوای دەکرد. کە گەیشتە ناو شار. لە شوێنێک کە بازاڕ بوو، پیکەبەکە ڕاوەستا، مەستان ڕاستەوخۆ هاتە خوارێ. بە دەست خواحافیزی لە شۆفێرەکە کردو هێدی هێدی دوورکەوتەوە بەڵام چ دوورکەوتنەوەیەک، شارێکی گەورە، پڕ لە ئۆتۆمبێل و خەڵک، هەموو بە زمانی

عەرەبی دەدوان، خەریکبوو سەری گێژ بخوات. بەویش با تا زووە ئۆتۆمبێلێک بگرێ و بگاتەوە گوندەکەی خۆیان.

لەسەر شەقامێک بیری ئەوەی بۆ هات تەکسیەک ڕابگرێ، پێی بڵێ ببباتە گەراج. بە کەمێک چاوەڕوانیەوە تەکسیەک پەیدابوو، ئەویش دەستی لێ ڕاگرت، تەنیا ئەوەندەی زانی لە بن پێچەکەوە بڵێ گەراج. تەکسیەکە سواری کرد، بەرەو گەراج بەڕێکەوت، کە گەیشتە ئەوێ، دڵی خۆش بوو، کاتێک تابلۆی یەکێک لە ئامانەکانی بینی، ناوی یەکێک لە شارەکانی کوردستانی لەسەر نوسرابوو. ڕاستەوخۆ چووە ناو ئامانەکە، لە قونیچکێک دانیشت تا ئامانەکە پڕ نەفەر بێ، لەو ماوەیە چاوی لە خەڵکەکە دەگێڕا، تا کەسێک ببینێ ئەگەر خزمێکی دووریش بێ بیناسێتەوە، کەس نەبوو.

بەڵام لەناو ئەو ئامانەیە ئەوەی کەمێک دڵی خۆش کرد، ئەوە بوو هەندێک کە سەردەکەوتن بە کوردی دەدوان. دوای ئەوەی ئامانەکە پڕ بوو، ڕاستەوخۆ لە شوێنەکەی جوڵاوەو بەڕێ کەوت، بەڵام بەهیچ

شـــێوەیەک دوای بەڕێکەوتنـــی ئامـــانەکەش مەســـتان نەیدەوێرا دەموچاوی بکاتەوە ئەوەندە ترسابوو.

***** ***** *****

خـاوەن مـاڵەکە کاتێـک شـەو گەڕایەوە، وایزانـی مەسـتان خەوتـــووە، بەتانیەکەشـــی بەســـەر خـــۆی داداوە، کە جێگـاکەی بینـی. ژنەکەشـی لەنـاو جێگـاکەی خـۆی بە خەبەر بـــوو ســـەیری دەکـــرد. پیـــاوەکە هەر ئەوەتە بەساردی گوتی حاڵی ئەو ژنە چۆنە؟ باشتر نەبووە؟

ژنەکەی گـوتی باشـە، بەڵام کـاتی دەوێ تـا بەسـەر ئەو کارەســـاتەدا زاڵ دەبـــێ. ئەو شـــەوە پیـــاوەکە دوای ئەوەی لە مەســـتانی پرســـی، چـــووە نـــاو جێگـــاکەی و کەوتەوە خەیـــاڵی مەسـتان، بیـری لـێ دەکـردەوە چـۆن وابکـات، ئەو ژنە جـوانە بـۆ ئەو بـێ. هـیچ ڕێگـایەکیش لەوە باشـتر نـیە تـاخیرتری بکـات، بە هۆکـاری ئەوەی ئۆتۆمبێل نیە.

ئەو شـەوە بەو خەیـاڵانەوە چاوەکـانی لێکنـا، کە بەیـانی بە ئاگـا هـات، ڕاسـتەوخۆ سـەری قیـت کـردەوەو دیسـان

لە جێگاکەی مەستانی ڕوانی، بزانێ هەڵستاوە یان نا. کە تەماشای کرد، بینی جێگاکە هەر وەکو خۆیەتی، وا تێگەیی هێشتا هەڵنەستاوە، ناچار چوو سەرێکی لەناو مەڕەکانی دا، چاودێری ژنەکەشی دەکرد بزانێ دوور ناکەوێتەوە تا بچێتە گژ مەستان.

بەڵام ژنەکەی هەر لەو نزیکانە بوو، تا درەنگ کاتێک ژنەکەی زانی کاتەکە درەنگ داهاتووەو ئیتر مەستان دەبێ ئۆتۆمبێلی دەست کەوتبێ، بە ئەنقەست بەرەو ڕەشماڵەکانی خوارەوە ڕۆیشت، لە دوورەوەش بە لاچاوێک لە مێردەکەی دەڕوانی، مێردەکەی کە هەستی پێ کرد ژنەکەی دوورکەوتۆتەوە، بەرەو ڕەشماڵەکە هەنگاوی نا، لە لای خۆیڕا بڕیاریدا، ئەگەر بە زۆریش بێ ماچی بکات، یان کەمێک لە ئامێزی بگرێت. کە لە ڕەشماڵەکە چووە ژوورێ، هێدی هێدی بەرەو ناو جێگاکەی مەستان ڕۆیشت.

تا بە هێمنی و دڵە کوتەوە سەری بەتانیەکەی لادا چی بینی؟ کۆمەڵێک باڵیف و پەڕۆک و پاتار. سەرەتا بە چاوەکانی باوەڕی نەکرد، بەتانیەکەی بە تونڈی ڕاتەکاند و فڕێیدا لایەک، نە مەستانی لێ بوو نە کەس.

بە غـــار لە ڕەشـــماڵەکە هـــاتە دەرەوە، لە دوورەوەش ژنەکەی ســـتڵێکی شـــیری بە دەســـتەوە گرتبـــوو، بەرەو لای دەگەڕاوە. پیـــاوەکە هـــاواری کـــرد، ئەو ژنە نەمـــاوە ڕۆیشتووە.

ژنەکەی وەک ئەوەی وا خـــۆی دەربخـــا زۆر ســـووی لێـــیە، ســـتڵەکەی لە دەســـت خـــۆی بەرداوەو گـــوتی بـــۆ کـــوێ؟ خـــۆ هـــیچ شـــوێنێک پـــێ نـــازانێ. بە غـــار بـــۆ نـــاو ڕەشـــماڵەکە چـــوو، لە پیـــاوەکە خراپتـــر دەردەکەوت بەو هەواڵە تێکچـــووە. دەرکەوتنێـــک پیـــاوەکەی شـــکی بـــۆ هەمـــوو کەس بچووبـــا بـــۆ ئەو نەدەچـــوو، ئەوەنـــدە لێهـــاتووانە کارەکـــانی بەڕێـــوە بـــرد، ناچـــار پیـــاوەکە بە ســـواری بارگینێـــک کەوتە ســـۆراغی مەســـتان، بەنـــاو ڕەشـــماڵەکانی خـــوارەوەو دەشـــت و گـــرد و کەنـــدەکانی دەوروبەر، بەڵام بـــێ فایـــدەبوو، چـــونکە تـــا ئەو زانـــی ئەوەی لە ژێـــر بەتـــانیەکە درێـــژ بـــووە مەســـتان نـــیە، مەستان سنووریشی تێپەڕاندبوو.

(٨٠)

چەند ڕۆژێک بوو لە چیاکانی کوردستان بەفر دەباری، بە تەواوەتی هەموو شوێنێکی داپۆشتبوو، لە لوتکەکە نەدیم و وان لە دیار ئاگرێکی گەورە دانیشتبوون. ئاگرەکە قرچ و هۆڕی دەهات، لە قونیچکێکی ئەشکەوتەکەش داریکی زۆریان بۆ ئەو زستانە لەسەر یەک کەڵەکە کردبوو. دەمێکبوو چاوەڕێی ئەنجامدانی ئەو چالاکیەیان دەکرد، لە کێوی ڕەش بدەن. بەڵام هیچ هەست و خوستێک نەبوو.

ئەوان بـۆ هەر هەواڵێکـی نـوێ، بەتـایبەتی لە کەشـی وا بەفـراوی، پشـتیان بە ئـامێری دەنـگ گواسـتنەوەو ڕادیـۆ دەبەسـت، بـۆ ئەو مەبەسـتەش بەردەوام ڕەنجـدەری لاوچـاک، گـوێیەکی هەر لە کـن ڕادیـۆکە بـوو، ئەوکاتـانەی لەگەڵ دالّـی سـەردارو جوتیـارو نەدیمـیش دەدوا. نەدیـم ئەو ڕۆژە بـۆ یەکەم جـار بە ووردی بـۆ هاوڕێکـانی باسـی مەسـتانی کـرد، دواتـر باسـی ئەو ڕۆژەی کـرد کە هەورازە ڕەشـی لە ئەشـکەوتەکە بینـی و عەشـقی نیشـتیمانێکی ئـازادی کەوتە سـەر بـۆ مەسـتانی ببـاتەوە. لەوکـاتە دالّـی سـەردار گـوتی نەدیـم ئێستاش وەک جاران غەریبی مەستان دەکەی؟

نەدیـم هەناسـەیەکی هەڵکێشـا گـوتی زۆریـش، دامنـاوە دوای هێرشـکردن بـۆ کێـوی ڕەش بگەڕێـمەوە گونـدەکەمان، سـەرێک لە خەڵـکەکە بـدەم، دواتـر ئەگەر بـۆ چـرکەیەکیش بـێ، دوور بە دوور مەسـتان ببیـنم، نـازانم ئێسـتاش شـوانیەتی دەکـات یـان نـا، بەڵام کەس وەکـو ئەو شـوانی لـێ نـایەت، ئـۆف لەو هەمـوو جـوانیە، سرووشـت پێـی بەخشـیووە. ئەدی تـوتکە، ئەو سـەگە چ ئاقـڵ و گـوێڕایەڵە، بەڵـێن بـێ بـگەمەوە لای، دەبـێ تێـر

تێـر مـاچی بـکەم، تێـر تێـر لە گەڵـی خـۆم بگەوزێـنم. ڕەنجـدەر گـوتی باشـە ئەگەر کوردسـتان ئـازاد بـوو بەتەمای چی؟

نەدیـم گـوتی لەوە شـیرینتر هەیە؟ شـایی دەگێـڕین، ئێـوە شـایەت بـن، مـن چەنـد مەسـتانم خـۆش ویسـتووە، بـۆ ئەو چ ڕێگـایەکم گرتـۆتە بەر، ئایـا ئەو شـایەتیەم بـۆ دەدەن؟ ڕەنجـدەرو دالّـی سـەردار گوتیـان ئەوە قسـەیە، بەدڵنیـاییەوە. نەدیـم گـوتی کەوایە ئەوکـات، بـۆ خـوازبێنی بـڕۆنە لای بـاوکی مەسـتان، ئەو دەهێـنم. ئاگـای لـێ نەبـوو، دوای ئەو چ ڕوویـداوەو گونـدەکە چـی بەسەر هاتووە.

ئەوان لەو قسـانە دابـوون، لەپـڕ شـاعیری شـاخ لە ڕادیـۆکە هـاواری کـرد گورگەکـان کـاتی دابەزنە، ئامـادەبن ئەمشـەو شـەوی زریـانە. کە وای گـوت ڕەنجـدەری لاوچـاک هەڵسـتاوە، گـوتی تەواو دیـارە بڕیاریانـداوە هێرشـەکە ئەنجـام بـدەن، شـەوی زریـان ووشە نهێنیەکەیە، واتا شەوی هێرشکردنە.

دالّـــی ســـەردار گـــوتی شـــەوێکی چەنـــد ســـەختیان هەڵبـــژاردووە، پێـــدەچێ لەو مـــاوەیەش کە وایـــانکرد هێرشەکە درەنگ بکەوێ، چاوەڕێی ئەو شەوە بوون.

ڕەنجـدەر گـوتی دیـارە، هێـدی هێـدی بەرەو دەرگـای ئەشـــکەوتەکەش چـــوو، تـــا لە ئاســـمان بڕوانـــێ. کە گەیشـــتە بەر دەرگـــاکە ســـەیرێکی بنـــارەکەو دەوروبەری کـــرد، بەفـــر بە بەردەوامـــی دەبـــاری، ئاســـمانیش ســـپی ببـــوو نەک عەرد. بەدوایـــدا دالّـــی ســـەردار و نەدیـــم و جوتیـــاریش چـــوون، کە چاویـــان بە کەشـــەکە کەوت، زانیان هێرشێکی سەخت دەبێ.

نەدیـــم گـــوتی مـــن شـــوانیەتیم زۆر کـــردووە، ڕۆیشـــتن بەنـــاو ئەو بەفـــرە بـــۆ مـــاوەی چەنـــدین کـــاتژمێر زەحـــمەتە، بەڵام لەو زەحمەتتـــر گەڕانەوەیە. چـــونکە کە دەڕۆیـــن ســـەر لە ئێـــوارەیە، هێشـــتا دونیـــا ســـارد دانەهـــاتووە وەک بەرە بەری بەیـــــانی. لەبەر ئەوەی تـــــازەش بەڕێ دەکەویـــــن، گەرم و گـــــوڕو بەهێـــــزین، بەڵام دوای شـــەڕەکە، هەم هێزمـــان کەم دەبێـــتەوە، هەمـــیش کەش ســـاردتر دەبـــێ. ڕەنجـــدەر گـــوتی ڕاســـتە، بەڵام دەبـــێ هێرشەکە ئەنجام بدرێ هیچ چار نیە.

دالّی سەردار بە جواب هات گوتی مادەم بۆ ئەوەی لە برسان پەکمان نەکەوێ، پێویستە جوعبەکانتان پڕ نانی ڕەق بکەن. نەدیم گوتی بۆ شەوی ئەوها خورما و قەسپ باشە.

بەڵام لامان نیە. ئەوەی هیچ قسەیەکی لە دەم دەرنەهات جوتیارە شێت بوو، چاوەڕێبوو هاوڕێکانی چیبڵێن بە گوێیان بکات. ئینجا هەرچواریان پێکەوە لەناو ئەشکەوتەکە، جل و بەرگی گەرمیان لەبەر کردو نیتاق و مەغزەنەکانیان لە خۆیان بەستا، دواتر ملیان بە جەمەدانیەکانیان پێچاوەو خۆیان ئامادەکرد دونیا تاریک دابێ بە ڕێ بکەون.

کە ئێوارە داهات، هەرچواریان چوونە سەر گۆڕەکەی هەورازە ڕەش و ماچیان کرد، گوتیان خۆزگە تۆش لەگەڵمان دەبووی ئەی پیاوی ئازا. ئینجا پێکەوە لە ئەشکەوتەکە هاتنە دەرەوەو بەناو بەفر قەد شاخ و قەد شاخ شۆڕبوونەوە، شۆڕبوونەوەیەک تا سەر چۆکیان دەکەوتە ناو بەفر. چەند دونیاش تاریکتر دادەهات ئەوەندە ڕۆیشتنیان زەحمەتتر دەبوو. دالّی

سەردار کەمێک مەی پێ بوو لە ناو زەمزەمیەکەی، جار جار دەمی پێ تەڕدەکرد.

بەدەم ڕێ بڕینیشەوە دەیگوت هاوڕێیان مەیەکەم کەمە بۆ ئەمشەوە، دەنا مەی بۆ شەوی ئەوها دروست کراوە. بەمشێوەیە نزیکەی چوار کاتژمێر ڕێیان بڕی، تا گەیشتنە گوندێک لەناو چیا، دیاربوو گوندەکە کەسی تێدا نەمابوو، بەڵام پۆلە پێشمەرگەکان لەوێوە دەیانتوانی یەک بگرنەوە، تاکتیکی هێرشەکە دابنێن. کە نەدیم و وان گەیشتنە وێ، هەموو ئەو پێشمەرگانەی لە ڕۆژی کۆبوونەوەکە ئامادەبوون، خۆیان پێچابۆوەو بە چەندین جۆر چەک ڕاوەستابوون، بە ڕێ بکەون.

هەر بە پێوە تاکتیکی هێرشەکەیان دانا، کاتژمێر دوازدەی شەو سەعات سفڕ بوو، دەبوا لەو وەختە بێ دواکەوتن، لە هەموو لایەکەوە لە سەربازگەکە بدەن.

ئینجا دوای پێلان دانانەکە، لێکڕا ئەو هەموو پێشمەرگەیە، کە لە چەندین تیپ پێکهاتبوون، بەرەو کێوی ڕەش بەڕێ کەوتن، دوای نیوکاتژمێرێک ڕێ بڕین، گەیشتنە کێوەکە، ڕاستەوخۆ بێ ڕاوەستان پێیدا

سەرکەوتن، کە کاتژمێر گەیشتە یازدەو نیو بە تەواوی چوونە بن سەربازگەکە.

خۆیان مەلاسدا تا یەکەم ئارپیجی دەنگی لێوە بەرز دەبێتەوە. لەکاتی ئەو چاوەڕوانیە پێیەکانیان خەریک بوو لە ناو ئەدیداسەکان بتەزێ، چونکە ئاوی بەفر دزەی دەکردە ناوی، تا دەگەیشتە تەڕبوونی گۆریەکانیان. بەهەر شێوەیەک بێ، کە کاتژمێر بووە دوازدە، ئەو کەسەی دەبوا یەکەم ئارپیجی بتەقێنێ، هیچی نەکرد، پێشمەرگەکانیش ئەو هەموو کاتە چاوەڕێی ئەو بوون، کاتژمێر لەسەر دوازدە لایدا، کەس تێنەگەیی بۆ دواکەوت بەلام لەپڕ، نەوەک پیلان بێ، لە تیپێکی تر، پێشمەرگەیەک بۆ خۆی، یەکەم ئارپیجی بەناو سەربازگەکە وەنا، لەگەڵ دەنگی ئەو ئارپیجیە دونیا خرابوو، بەسەر سەربازگەکەدا بووە گرم و هۆڕ، لێکڕا دەنگی ئارپیجی و بیکەیسی و کلاشینکۆف دەهات، لەناو ئەو تاریکە شەوە بەفراویە، هەریق بە دوای هەرق وەک پڕووشکە بورکان سوور دەچۆوە، بەرەو ناو سەربازگەکە دەڕۆیشت. لە سەربازگەکەوەش دەست بە تەقەکراوە. لەسەر ئەو

کێوە بووە پێکدادانێک، لە خوارەوە دەتگوت لە پشت هەورەکان خواوەندەکان بە بروسک و گەوارە بەشەڕ هاتوون، لەهەموو لایەک چەخماخەی دەدا.

سەربازەکان ئەوانی دەشکان، نەیاندەزانی بۆ کوێ ڕابکەن، چونکە لایەکی سەربازگەکە هەڵدێر بوو، لایەکیشی پێشمەرگە، لایەکانیتریشی سیم ڕێژ کرابوو، یەک بە بەژنی مرۆڤێک بە تێڵی درک. ناو سەربازگەکە دەبابە ئاگری گرتبوو، مەغزەنی خواردن و فیشەک و جل و بەرگ دەسووتا.

پێشمەرگەکان بەوەندەش نەوەستان چوونە ژوورەوە، شەڕەکە کەوتە ناو ژوورەکان، لەگەڵ ئەو سەربازانەی مابوون. تا لە هەندێک شوێن لە بەینی سەربازو پێشمەرگە دەبووە شەڕە حەربەو دەستەویەخەی یەکتر دەبوون، ئەو سەربازگە گەورەیە، کە لیوای تایبەت بوو، بە سەعاتێک و نیو کەس بە زیندوویێتی تێیدا دەربازی نەبوو، تاک و تەرایان نەبێ، ئەوەی دەربازیشی ببوو، پەنای بردبووە ناو بەفرو بە سەر سیمەکەدا هەڵاتبوو.

لەو هێرشە ئامێری گواستنەوەی دەنگیەکەیان کەوتە دەست پێشمەرگە، یەکێک لە پێشمەرگەکان، ئامێرە دەنگیەکەی بەکارهێناو پەیوەندی بە هەموو سەربازگەکانی تر کرد، بە عەرەبی گوتی ئێمە پێشمەرگەین، نوقتە سەرەکیەکەمان گرت، ئەوەی بێ پشت ماوە ئێوەن، نوقتە سەرەکەیەکە گیرا، ڕاستەوخۆش ڕادیۆیەکی بچووکیان هێناو سروودی (ئاسودەبن، زەبری زیندان)یان خستە سەر.

ئەو سروودە لە هەموو سەربازگەکانی خوارەوەو دەوروبەر بیسترا. سەربازگەکان بە گشتی بە گرتنی کێوی ڕەش تێکچوون، لەناوبردنی ئەو سەربازگەیە، لەناوبردنی پەیوەندی هەموویان بوو، کە لەوێوە ئەوان هەم لە ڕووی سەربازیەوە، هەمیش لە ڕووی خواردن و ئاراستەکردنەوە بەڕێوە دەبردران. ئینجا کە پێشمەرگەکان زانیان تەواو سەربازگەکەیان گرت، ڕاستەوخۆ ئەو چەکانەی لەوێ بەجێمابوون، کۆیان کردنەوە، هەریەکەو چەند کلاشینکۆفێکی زیادی بە شانی خۆی دادا، بۆ ئەوەی پڕ چەکتر بن، کە هەرکەس بای ئەوەندەی هێنا پێی هەڵبگیرێ،

ڕاستەوخۆ ئاگریان لەو جبەخانە و دەبابەو ئۆتۆمبێل و هەموو ئەو شتانە بەردا، کە نەسووتابوون،
سەربازگەکەیان بە تەواوی کاول کرد. ئینجا بەو شەوە، کە کاتژمێر ببووە نزیک سێ و چواری بەیانی، نەوەک کۆپتەر هەستێ، بە هەمان شێوەی خۆیان ڕێیان گرت بگەڕێنەوە، بەڵام گەڕانەوەی چی، لە ڕێگا بایەک هەڵی کرد کڕێوەی هەڵگرتبوو، خەریکبوو هەموو شتێک ببەستێ.
نەدیم و دااڵی سەردار و جوتیارە شێت و ڕەنجدەر، پێکەوە بەناو بەفر ڕێیان گرت، یەکەو چەند تفەنگێکی زیادیشیان بە شانی خۆیان دادابوو، بەڵام لە بەر سەختی ڕێگاکە، تا دەهات، باری خۆیان سووک دەکرد، یەک یەک تفەنگەکانیان فڕێدەدا. کەسیشیان توانای قسەکردنی نەمابوو، ئەوەی لە هەموویان باشتربوو نەدیم بوو. چونکە شارەزای ناو بەفر ببوو، دەیزانی لە شەوی ئەوها نابێ ڕاوەستن، ڕەنجدەر ئەگەرچی سەرپەرشتی ئەو چەند کەسەی دەکرد، حاڵی لە هەموویان خراپتربوو، لەووزی پێڵاوەکانی هەرقەنابوو، گۆریەکەی لەپێ هاتبووە خواری، شەپە

شـــەپی بـــوو لە تەڕیـــان. دەم نـــا دەمـــیش دادەنیشـــت دەیگـــوت ئێـــوە بـــڕۆن، مـــن توانـــام نەمـــاوە ئیتـــر. بەڵام نەدیـــم لـــێ نەدەگەڕا، نەشـــیدەتوانی بەس ئاگـــای لەو بـــێ، چـــونکە لەولاتـــر جوتیـــارە شـــێت و دااڵـــی ســـەرداریش حاڵیـــان بـــاش نەبـــوو، ســـەرماکەش تـــا دەهـــات زیـــادی دەکـــرد، نەدیـــم خەریکـــی ڕەنجـــدەری لاوچـــاک بـــوو، دەســـتی خســـتە بـــن پیلـــی و لەگەڵ خـــۆی هێنـــای، بەڵام کە چـــاوی گێـــڕا، دااڵـــی ســـەردار و جوتیـــاری لـــێ وون بـــوو، ناچـــار پەلەی کـــرد تـــا بیانگـــاتێ، ڕەنجـــدەر گـــوتی نەدیـــم تـــۆ بـــڕۆ دەنـــا ڕەق دەبـــیەوە، مـــن نـــاتوانم بـــێم، بـــڕۆ. مـــن لێـــرە ســـەرۆکتم فەرمانـــت پێـــدەکەم بـــڕۆ. نەدیـــم نەیتـــوانی بەجێبێڵـــێ، بە قـــوڕگی پـــڕ گریـــانەوە گـــوتی نەخێـــر هەرچ بیـــت بە گوێـــت نـــاکەم. تـــا دەهـــاتیش دەنگـــی کـــز دەبـــوو، ناچـــار کـــردیە کـــۆڵی خـــۆی و تفەنگەکـــانی فڕێـــدا تەنـــانەت هـــی خۆشـــیان. بەس بـــۆ ئەوەی قوتـــاری بکـــات، بەڵام کە بە شـــوێن پێیەکانـــدا چـــوو، بینـــی دااڵـــی ســـەردار و جوتیـــارە شـــێت لەســـەر بەردێکـــی گەورە کە بەفـــر دایپۆشـــیبوو، تفەنگەکـــانی خۆیـــان لەنـــاو دەســـتیەو ڕەق بـــوینەوە. ســـەرەتا نەدیـــم وایزانـــی مـــاون، ڕەنجـــدەری لە

خـــوارەوەی وان دانـــا، بەخێرایـــی بـــانگی کـــردن، گـــوتی نەمگـــوت ڕامەوەســـتن دەتانبەســـتێ بـــۆ ڕاوەســـتاون، کەچـــی هەردووکیـــان وەک دوو پەیـــکەری پێشـــمەرگە لە جێـــی خۆیـــان نەجـــوڵانەوە، نەدیـــم چەنـــد بـــانگی کـــردن ســـوودی نەبـــوو، ڕەنجـــدەریش لەوڵاتـــر ســـەیری دەکـــردن، فرمێســـکیش بە چاوەکانیـــدا هـــاتبووە خـــوارێ، بـــۆ داڵـــی ســـەردارو جوتیـــارە شـــێت دەگریـــا. نەدیـــم چەنـــد دەســـتی لێیـــان دا، ویســـتی هەڵیـــان گـــرێ نەیتـــوانی، هەردووک لەوێ بـــێ ئەوەی چیتـــر یەک قســـە بـــکەن، بەســـتایانی. نەدیـــم بە گریـــانەوە زانـــی ئەوانە تەواو بـــوونە، بەرەو ڕەنجـــدەر گەڕاوە تـــا هەرنـــا ئەو قوتـــار بکـــات، بەڵام ڕەنجـــدەریش بە چـــاوی بە فرمێســـکەوە، ڕوو لە داڵـــی ســـەردارو جوتیـــارە شـــێت بەســـتابووی. نەدیـــم کە چـــاوی بەویـــش کەوت گـــوتی نـــا بـــۆ بەجێمـــدێڵن بەمشـــێوەیە؟ هەســـتن، مـــن بـــێ ئێـــوە چیـــبکەم لەم شـــاخانە؟ مـــن چـــۆن بە تەنیـــا بگەڕێـــمەوە لـــوتکەکە، هەســـتن. کەچـــی هەرســـێ کەســـیان بـــێ ئەوەی جـــوڵەیەک بـــکەن، تـــا دەهـــات زیـــاتر ســـپی دەبـــوون. جوتیـــار لە دووڕەوە، تفەنـــگەکەی لەنـــاو کۆشـــی بـــوو، بە خەنـــدەوە ببـــووە پەیـــکەر، داڵـــی

سەردارێش بە تۆڕەییەوە بە دەستێک تفەنگەکەی گرتبوو، بە دەستێکیش زەمزەمیەکە. ڕەنجدەرێش بە چاوی بە فرمێسکەوە، لە خوارەوەی وان لە هەر دووکیانی دەڕوانی .

ناچار نەدیم دەیزانی ئەوێش بەمشێوە بڕوا ڕەق دەبێتەوە، بەگریانەوە بەجێهێشتن، لە دوورەوە ئاوڕی لێدانەوە، بە دەستێک خواحافیزی لێ کردن، تا دەهاتیش باری تەندروستی زیاتر تێکدەچوو، سەرو ڕیشیشی هەموو بەستابووی، بەخۆشی نەیزانی چۆن گەیشتۆتە ناو گوندێک ئاوەدانی تێدا بوو، لەناو گوندەکە بە نیمچە ئاگاییەوە ئەوەندەی زانی کەوتە سەر زەویەکە و بە دوو کەس بڵندیان کرد، دواتر بردیان لە دیارسۆبەیەکی دار دایان نا، خەریکی گەرم کردنەوەی بوون. ئەوێش هەموو گیانی دەلەرزی، ناوی هاوڕێکانیشی دێنا.

(٨١)

سبەینێ بوو، دووکەڵکێشی ئەو ماڵە مەڕدارەی توتکە دۆزیبوویەوەو جودی برد لە خۆیانی بگرن، دووکەڵی لێ بەرز دەبۆوە. لە ژوورەوە دایکەکە منداڵە شیرەخۆرەکەی خۆی گرتبووە باوەش، شیری پێدەدا، جودیش برسی بوو، هەر پێی لەزەویەکە دەکوتا، تا مەمکی پێبدەن. دایکەکەش چاوەڕێی ئەوەی دەکرد، منداڵەکەی خۆی تێر بکات، ئەوجە جودی بخاتە باوەشی. ڕووشی هەر لەو بوو، زانی خۆی ڕاناگرێ،

گـوتی چیـتە؟ یەک دەقە شـیر بە تـۆش دەدەم. لەوکـاتە منداڵی دووەمی ئەو ماڵە، گوێی لێ بوو گوتی ناهێڵم.
دایـکەکە گـوتی ئەوە چ قسـەیەکە؟ تـۆ بـۆ ملـت لەبەر ملـی ئەو منـداڵە سـاوایە نـاوە؟ منـداڵەکە گـوتی ئەو کەسـێکی خـراپە، هـاتووە شـیری بـرایەکەم بخـوا، مـن دەبـێ لێنەگەڕێم.
جـودی بچـووک لەوکـاتە وەک ئەوەی پەڕجـوویەک بـیەوێ ڕووبـدا، خـۆی خسـتە سـەر دەم بە گـانگۆرە بەرەو دەرگـاکە ڕۆیـی، دایـکەکە چاوەکـانی زەق بـوونەوە، لە دووڕەوە چـاودێری کـرد، جـودی بە دەسـتێک دەرگـاکەی بە حـاڵ ڕاکێشـا، کە بـۆوە، بە کەلەنـی دەرگـاکە چـووە بـن هەیـوان، لەوێ بزنێـک لەنـاو شـوێنێکی لە دار دروسـتکراو ڕاگیرابـوو، ئەو بـزنە هەر بە کـاریلەیی لەو مـاڵە دوورنەکەوتبـۆوە تـا گەورەببـوو، دایـکەکە بە دوایـداچوو لەگەڵ منـداڵەکان، لە کەلەنـی دەرگـاکە سـەیریان دەکـرد، جـودی بە بـن یەکێـک لە دارەکـان چـووە بـن زگـی بـزنەکە، دەمێـک سـەیری کـرد، بـزنەکەش لە وی دەڕوانـی. جـودی ڕاسـتەوخۆ دەمـی بـۆ گـوانی بـزنەکە بـردو دەسـتی بە مژینـی کـرد، بە

تـــامەزرۆییەوە لە شـــیرەکەی دەخـــواردەوە. دایـــکەکە کە چـــاوی بەو دیـــمەنە کەوت چـــۆوە ژووریێ و منـــدالّەکەی خـــۆی دانـــا، هـــاتەوە جـــودی بچـــووکی هەلّگـــرتەوەو تێـــر لەبـــۆی گریـــا، لەوێ هەم هەســـتی بە دلّتەنگـــی کـــرد بـــۆی، هەمـــیش بە دلّخۆشـــی. دلّتەنگـــیەکە بـــۆ ئەوەبـــوو، وێژدانـــی ئاســـودە نەبـــوو، چـــونکە لە کـــاتی شـــیرپێدان منـــدالّەکەی خـــۆی یەکەم جـــار هەلّگـــرت تێـــری بکـــات، ئەو لەدلّەوە بەخـــۆی دەگـــوت خـــوا ئەو منـــدالّەی بـــۆ نـــاردووم تاقیمبکـــاتەوە، ئـــاخەر دەکـــرا پـــێکەوە یەکەو مەمکیـــان بـــخەمە دەم شـــیریان پێبـــدەم، ئەوەنـــدە چـــاوەڕێ نەبـــێ. کە دلّیشـــی خۆشـــبوو، زانـــی ئەوە منـــدالّێک دەردەچـــێ بەخـــــۆی هەوڵ دەدات ئەوەی دەیەوێ و پێویســـــتیەتی بە دەســـتی بێنـــێ. کە پێـــی وابـــوو سروشـــت ئەو جـــۆرە کەســـانە زیـــاتر دەهێلّێـــتەوەو پێویســـتی پێیـــانە. منـــدالّەکان کە جودیـــان بەمشـــێوە بینـــی لە بەینـــی یەکتـــر دەســـتیان بە گـــالّتە پێکردنـــی کـــرد، منـــدالّەکەی دووەم دەیگـــوتە دووەکەیتـــر، پێـــدەچێ هەر لە ســـەرەتاوە ئەوە کێـــوی بـــووبێ، لەگەڵ گـــورگ ژیـــابێ، کـــێ دەڵـــێ ئەو ســـەگەی هێنـــاویەتیە ئێـــرە گـــورگ نەبـــووە؟ یـــان کـــێ دەڵـــێ ئەو

منداڵە هی دێوەکان نیە؟ ئەو گورگە ڕفاندوویەتی بۆ ئێرەی هێنابێ، چ پێناچێ ئەوە منداڵی مرۆڤ بێ.

دایکەکە کە گوێی لە قسەکانی بوو، بە تورەییەوە گوتی ئەو قسانە چین دەیانکەی؟ بە منداڵەکانی تریشی گوت بۆ گوێ لەو شەیتانە ڕادەگرن، ئەو بە خەیاڵی خۆی، چونکە لەخۆڕا ڕقی لەو منداڵە بچووکە دەبێتەوە، قسە هەڵدەبەستێ جودی بچووکیش بێ ئەوەی ئاگای لەو قسانەبێ لە بارەیەوە دەیکەن، سەیری دایکەکەی دەکرد کە خۆی لە منداڵەکان تورە دەکرد لەسەر ئەو.

کە ئێوارە باوکەکە هاتەوە، دایکەکە هەموو ئەو شتانەی ئەو ڕۆژە ڕوویاندابوو بۆی گێڕاوە، گوتیشی ئەو کورە، مەبەستی منداڵی دووەم بوو، ئەوها باسی ئەو منداڵە ساوایە بکات بۆ ئەوانی تر، کە گەورەبوو، هەر بەڕاستی دەبێتە نەوەی گورگ و دێو و سەگ و بزن، نابێ ڕێگای پێ بدەی. باوکەکە گوتی من ڕێی پێ نادەم، بەڵام ئەو ڕێ پێنەدانە، تەنیا دەتوانێ کار لە گرتنی زمانی بکات، بەڵام چ لە بیرکردنەوەی بکەین؟ ئەو لەناوەوە بمانەوێ و نەمانەوێ هەر ئەوها

بیردەکاتەوە کە خۆی بڕوای پێ هاتووە، ڕەنگە بەپێی خەیاڵی منداڵی ئەو سەیر بێ، منداڵێکی ئەوەندە بچووک، سەگ بۆ ئێرەی بێنێ، ئەگەر شتێک لەو شتانە نەبێ. دایکەکە گوتی ڕاستە حەق بەویش دەدەم، بەڵام ئەو قسانە لە بیری ئەوانی تر بچەقێ، بۆ دواڕۆژی ئەو منداڵە باش نیە. خۆی بە شتێکی جیاواز لە مرۆڤ دێتە بەرچاو گەر بزانێتەوە، وای لێدێ نە دەتوانێ لەناو مرۆڤەکان بژی، نە لەناو ئاژەڵەکانیش.

بەشی بیست و شەش

(٨٢)

ئـاینور دوای شـەهریار، بـۆی دەرکەوت خەلـیفە چەنـد فێڵـی لێکـردووە، تەنـانەت چەنـد غافڵانـدوویەتی بە قسـەی سەیروسـەمەرە. بیـری بـۆ ئەوە دەچـوو بچێـتە لای چـی بە ئەقـڵ دانـایەت پێـی بکـات، بەڵام دەیزانـی ئەوە لەچـاو گەورەیـی فـێڵەکە بچـووکترە. کەچـی لەسـەر ئەو هەمـوو غەدرەش، لە ڕۆژێکـدا زیـاتر لە دە دوازدە جـار بە مێشـکیدا دەهـات بچێـتەوە لای، لەگەڵـی جـووت بـێ. نەیـدەزانی هۆکـاری ئەو بە مێشـک داهـاتنە چـیە،

ئەو حەزە بۆ وازی لێ ناهێنێ؟ لەکاتێکدا وا نقوم بووە لە ژیانی تەنیایی و بیرکردنەوەی فراوان و عارفانە، بۆ دەبێ ئەو شەڕە سەختە بکات لەگەڵ کەسیش نا لەگەڵ خۆی.

ڕۆژ تا ئێوارە لە کتێبخانەکە دەرنەدەهات، دەمێک دادەنیشت، دەمێک پیاسەی دەکرد، دەمێک کتێبی دەردەهێناو دەیخوێندەوە. هەمیشە پێیوە دیاربوو عەجمانی نیە.

لە ناکاو بە مێشکی داهات، باشە دەبێ خەلیفە نوشتەی لێ نەکرد بێ هۆگری خۆی بکات؟ ئەو بۆ ئەو بوکۆکە زنجیرکراوەی هاوێشتە ناو دەریاچەی دوکان، ئەگەر ئەو بوکۆکە نوشتەکە بێ، چۆن دەتوانێ بچێ بیهێنێتەوە؟ تازە لەبن ئەو دەریاچەیە کێ دەستی پێدەگات؟

ئەو لەلای خۆیڕا وایدەزانی ئەو حەزە غەریزیە نوشتەیە لێی کراوە، نەیدەزانی شەڕێکە بەردەوام هەیە لە ناوەوەی مرۆڤ، شەڕێکی بێ کۆتا، بەتایبەتی لەوکاتەی عاشقێک دەبینێ مەعشوقەکەی دەستی لەناو دەستی کەسێکی تر، هەندەی تر ئەو شەڕە

گەورە دەبێ و کەسی عاشق وەک کاردانەوەیەک دەیەوێ خۆکوژیانە ئەو کردارە ئەنجام بدات، جا گرنگ نیە لەگەڵ کێ بێ، دۆست یان دوژمن.

ئاینوریش لەو وەختە هەر خەلیفە و ژوورەکەی شک دەبرد. بۆیە چەند ڕۆژێک دوای بێ هیوابوون لە شەهریار، خۆی جوان گۆڕی و بۆنی خۆشی لە خۆیدا، ڕاستەوخۆ بەرەو ماڵی خەلیفە بەڕێکەوتەوە، چوو لە هەمان دەرگای دا، منداڵەکەی خەلیفە وەک جاران بە پێکەنینەوە دەرگای لێ کردەوەو پێشوازی لێکرد. ئاینور وەک شارەزایەک بەناو حەوشەدا تێ پەڕی تا گەیشتە بن هەیوانەکە، خەلیفە سۆبەیەکی لەپێش بوو، لەسەر کورسیەک دانیشتبوو، خۆی گەرم دەکردەوە. ئاینور بێ سڵاو لەسەر یەکێک لە کورسیەکانی بەرامبەری دانیشت، خەلیفە کە چاوی پێکەوت زانی تەواو نیە، بە غەمباریەوە بەخێرهاتنی کرد. ئاینور کە بینی ئەویش غەمبارە، کەمێک بەسەر ئەو تۆڕەییەی ناخی خۆیدا زاڵبوو، گوتی دەزانی شەهریار هاوسەرگیری کرد؟ خەلیفە ئەگەرچی هیچ ئاگای لەو هەواڵە نەبوو، بەڵام سەری لەبەر خۆی

ناوەو گوتی بەڵێ، هەر ئەو شەوە پێیان گوتم. ئاینور گوتی کێ؟

خەلیفە گوتی جنەکان. ئاینور گوتی ئەدی ئەو هەموو بەڵێنەی تۆ چی بەسەرهات؟ بۆ نوشتەکانت کاریان تێنەکرد؟

خەلیفە گوتی منیش چەند شەوە هەمان پرسیار دەکەم، بەڵام بۆ ئەوەی وەڵامەکەیم دەست کەوێ دوێنێ شەو کە خەڵکی خەوتن بە ڕێگا نهێنیەکە، چوومە سەردانی جنی پێشبینیکەر، ئەو جنە لە ژێر زەوی دەژی، هەردوو چاوەکانی کوێرە، هیچ نابینێ تەنها داهاتوو نەبێ، پێی گوتم ئەگەر ئاینور و شەهریار هاوسەرگیریان بکردبا، ئاینور هەفتەیەک بەختەوەری بەخۆیەوە دەبینی، تەنیا هەفتەیەک.

لەدوای هەفتەکە، شەهریار لە گوێ و عەمدەنی دایکی و خوشکەکانیدا دەبوو، دایکیشی لەگەڵ ئاینور خراپ دەبوو، خوشکەکانیشی لە ماڵەوە دەکەوتنە ململانێ لەگەڵی، شەهریاریش وەک کوڕێکی گوێڕایەڵ بە گوێی ئەوانی دەکرد، ڕۆژانە لە ئاینوری دەدا و قسەی پێ دەگوت و دەیشکاندەوە.

دواتـــر هەر بە قســـەی دایـــک و خوشـــکەکانی کە بوختانیـان بـۆ هەڵدەبەسـتا چـاو لەدەرە، دڵـی لـێ پـیس دەبـوو و لە مـاڵەوە زینـدانی دەکـرد، خوشکەکانیشـی لە پـێش چـاوی دەچـوونە دەرەوەو پیاسـەیان دەکـرد، دەبـوا ئەو بەس لەوحـاڵەتە تەماشـاکەر بێـت. کـاری نـاو مـاڵەوەو هەمـوو شتێکیشـیان بەسـەر ئەودا بەجێدەهێشـت. شـەهریاریش لە سـبەینێوە دەچـووە کـار، تـا شـەوان درەنـگ نەدەهـاتەوە، دینـارێکیش لەو پـارانەی ئیشـی دەکـرد، نەیـدەدا ئـاینور. ئـاینوریش لە بەرامـبەر ئەو هەمـوو پشـتگوێ خسـتنە، داوای لـێ دەکـرد مـاڵی خـۆی بـۆ بکـات، تـا لەگەڵ مێـردەکەی بە ئاسـودەیی تێیـدا بـژین. شـەهریار لە وەڵامـدا پێـی دەگـوت دایکـم بۆتـۆ بەجێنـاهێڵم، تـۆ دەتـوانی بـڕۆی. ئـاینوریش بـۆ ئەوەی دڵـی پیـرە بـاوکەکەی تەنـگ نەکـات، بەناچـاری لەو زینـدانە دەمـایەوە، بـێ دەنگـیش دەبـوو لەبەرامـبەر هەمـوو ئەو زوڵمـانە. بـێ دەنـگ بوونێـک تـا ئەو کـاتەی پیردەبوو و شۆڕیان دەکردەوە ناو گۆڕ.

خەلـیفە کە ئەو قسـانەی بـۆ ئـاینور کـرد، ئـاینور گـوتی هیچیـان گرنـگ نـین، پێـی بگەیشـتباما و پێـی نەگەیشـتم،

بەختەوەر باماو غەمبار، هەستە بابچینە ژوورەوە. خەلیفە سەیری پێهات، گوتی بۆچی؟ ئاینور گوتی بابچین پێت دەڵێم. خەلیفە ناچار لە شوێنەکەی خۆی هەڵستاوەو لەگەڵ ئاینور چوونە ژوورەکە، ئاینور دەرگاکەی پێوەدا، ڕاستەوخۆ لە خەلیفە نزیک کەوتەوە، دەستی بەناو ڕیشی داهێناو یەکێک لە پەنجەکانی خستە سەر لێوی، گوتی واز لەو درۆیانە بێنە، ئێستا دەمەوێ هەمان شتی پێشتر بکەیتەوە، شەڕەکە هەمووی لەو پێناوەیە، ڕاستەوخۆ لە شوێنەکەی دریژبوو و خەلیفەی ڕاکێشا سەر خۆی.

خەلیفەش شەروالّەکەی لەبەرخۆی داکەندوو دەمی خستە بن ملی و تێکئاڵان. ئاینور لەکاتی سەرجێیی کردنەکە، پێی گوت ئەو شەڕەم لەکۆڵ بکەوە تێرم بکە، تێرکردنێک هەرگیز جارێکی تر بیری لێ نەکەمەوە، دەی ئەی خەلیفەی ئەم شارە، ئەی بڕواپێکراو، ئەی خاوەن جنی زۆرو جیهانی پەنهان، دەمەوێ لەسایەی خاڵیبوونەوەی ئەو حەزە، بەبەم مەلایەکەت، بەبەم پاکیزەترین بوونەوەر، ئەو حەزە تێنەپەڕێنم، لێناگەڕێ بە پاکیزەیی بگەم. لێناگەڕێ

مەلایکەتـی بە نسـیبم بـێ، دەی تێـرمکە، تێرکردنێـک، کە بە بیریشم داهات هێڵنجم بێتێ.

کە ئـاینورو خەلـیفە تەواو بـوون، ئـاینور ڕاسـتەوخۆ پەشـیمان بـۆوە دیسـان هـاتۆتەوە ئەم شـوێنە، بەتـایبەتی ئەوجـارە کە هـیچ ئامـانجێکی نەبـوو. دوای ئەوەی هەڵسـتانەوەو لە ژوورەکە هـاتنە دەرەوە، ئـاینور نەیشـاردەوە بە خەلـیفەی گـوت دەمەوێ لە پـاش لەدەسـتدانی شـەهریار، چیتـر نـێمەوە ئێـرە، ئەوەی ڕاسـتی بـێ هـیچ ئاسـودە نـیم، ئایـا دەکـرێ؟ خەلـیفە گـوتی مەحـاڵە، ئەدی نوشـتە قـوفلەکە چـی؟ ئـاینور گـوتی ئـێ ئیشـی ئـێمە تەواو بـوو، ئێسـتا بـۆ درێـژ ببێـتەوە؟ خەلـیفە گـوتی ئـاخەر ئەگەر ئـێمە نێیـنە لای یەک و نوشـتەکەش ئەوهـا بمێنێـتەوە، بـێ ئەوەی بەتـاڵ بکـرێ، جنەکـان زەفەر بە تـۆ دەبەن. لەنـاو جـێ، لە حەمـام، بەتەنیـا، چـۆن دەکـرێ مـن ڕێ بەوە بـدەم؟ دواتـر منـیش لەمەودوا بڵـێم مێـیەوە ئێـرە، تـۆ خـۆت هەر دێـی، وەک ئەمـڕۆ، کە ئاگـام لە هـیچ نەبـوو هـاتی، نوشـتەکە وات لـێ دەکـات، هەوڵـدە بەتـاڵی بـکەوە، ئەوەش تەنیـا بەیەک ڕێگـا دەکـرێ، بوکـۆکەکە لە بنـی دەریـاچەکە بهێنـیەوەو

بیســـووتێنین، خۆڵەمێشەکەشـــی بخەیـــنە ژێـــر خـــاک. خەلـــیفە دەیزانـــی ئەوە نـــاکرێ، بە قەســـتی ئەو پێشـــنیارەی بـــۆ کـــرد. ئـــاینور بە دوودڵـــیەوە لە مـــاڵی خەلـــیفە هەڵســـتاو ڕۆیـــی، بەدەم هەنگاونـــان بـــۆ مـــاڵەوە بیـــری لەوە دەکـــردەوە، ڕێگـــایەک بـــدۆزێتەوە بـــۆ دەرهێنـــانی ئەم بوکـــۆکەیە، تـــا هەر نـــا، ببێـــتەوە کـــچە بـــێ کێشـــەکەی جـــاران، لە دەروونیشـــەوە ئیتـــر ئاســـودەبێ، هـــیچ پەیوەنـــدیەکی بە جـــن و خەلـــیفەو هەتـــا شـــەهریاریش نەماوە.

(٨٣)

ڕۆژ خۆشبوو، گەرمی دەبەخشی بەناو هەموو گۆڕستانەکە، ڕووبا کراسەکەی لەبەرخۆی داکەندو گالیسکەکەی لە ژێر تارمەکە دەرهێنا، گالیسکەیەک لە خاوێنیان بریقەی دەهات، بەخۆی وەک ئەسپێک چووە ژێری و بە گالیسکەوە بەرەو خوارەوەی گۆڕستانەکە ڕۆیشت، لە کاتی ڕاکێشانی گالیسکەکە خەتی ماسولکەکانی قۆڵ و سینگی و زگی یەک یەک دیاربوون. لەوێ بەردی زۆر هەبوو، خەڵکی

هێنابوویان گۆڕیان پێ چاکردبوو و زیادەکەشیان خستبووە سەر یەک، بۆ ئەوەی خاوەن گۆڕی تر سوودی لێ ببینێ، کە گەیشتە لای بەردەکان ڕاوەستا، گالیسکەکەی ڕاگرت و بە ناو گۆڕەکان دەستی بە گەڕان کرد، تا کۆنە ڕایەخێکی دۆزیەوە، ڕایەخەکەی بە دوای خۆیدا ڕاکێشاو هێنایە لای گالیسکەکە، پاشان بڵندی کردو لەناو گالیسکەکە ڕایخست، دیاربوو دەیویست بەردی پێ بگوازێتەوە، نەشیدەویست ناو گالیسکەکە بریندار بێت. دواتر دەستی بە بەرد بارکردن کرد. کە گالیسکەکە پڕ بەرد بوو، چۆوە ژێری و ڕایکێشا، تا گالیسکەکەی بە بەردەوە بردەوە لای تارمەکە، لەوێ بەردەکانی هێنا خوارەوە. دیسان گەڕاوە هەمان شوێن، وەک جاری پێشوو پڕی بەرد کردەوەو بەرەو تارمەکە گەڕاوە، ئەو کاروانەشی لەسەر بەردەکانی تر ڕوو کرد، ئەو ڕۆژە تا دوای نیوەڕۆ بەردی کێشاوە. دواتر بە گالیسکەوە چووە ژوورێک کە ئەویش کەوتبووە خوار بەردەکان، گەچ و قەلەقینی لێ دانرابوو، ئەو گەچ و قەلەقینانە کارگەکان بۆ گۆڕستانیان دەنارد، وەک کاریکی

خێرخـوازی. ڕووبـا چەنـد کیسـەیەکی لەوانـیش بـارکردو بردیە لای بەردەکان ئەویشی دانا.

لەوکـاتە ژێـدارو موریـدو هەتـوان بەدیـارکەوتن، کە چاویـان بە ڕووبـا کەوت ئەو کەرسـتانەی کـۆکردۆتەوە، چـوونە لای، دوای سـڵاو کـردن، هەتـوان گـوتی ڕووبـای دڵگیـر بەتەمـای چـی؟ ئەو بەرد و گەچ و کیسـە قەلەقینـانەت بـۆ چـیە؟ ڕووبـا دەسـتی داوەشـاندو لێیـان نزیـک کەوتەوە، گـوتی دەمەوێ پەرسـتگایەک دروسـت بـکەم، تـا ئەو چـرکەیەی تێیـداین مرۆڤـایەتی بەخـۆیەوە نەیبینیبێ.

هەتـوان گـوتی پەرسـتگا؟ پەرسـتگا بـۆچی؟ ڕووبـا گـوتی تا مرۆڤ خەڵوەتی تێدا بکێشێ و بیر بکاتەوە.

هەتـوان گـوتی ئەدی مەبەسـتت چـیە لەوەی دەڵێـی تـا ئێسـتا مرۆڤـایەتی بەخـۆیەوە نەیبینیبـێ؟ ئایـا لە ڕووی گەورەیـیەوە دەڵێـی؟ ڕووبـا گـوتی نـا، مـن باسـی بە واتـایی دەکەم، پەرسـتگایەکی چـوار دەرگـایی، هەر دەرگـای بـۆ مەبەسـتێک، دەرگـایەک لەسـەری دەنوسـم، دەرگـای ئەفسـانە، دەرگـایەکیش لەسـەری دەنوسـم، دەرگـای ئـایین، دەرگـایەکیش لەسـەری دەنوسـم،

دەرگـــای فەلســـەفەو یەکێکیشـــیان دەنوســـم زانســـت. هەتوان گوتی مەبەستت چیە لەو چوار شتە؟

ڕووبـا گـوتی تـا ئێسـتا مرۆڤـایەتی بەو چـوار قۆناغـدا تێپەڕیوە ئەفسانە، ئایین، فەلسەفە، زانست.

زۆربەی خەڵـک وادەزانـن ئەوانە دژی یەکتـرن، نـازانن بە پێچەوانەوە ئەوانە یەکتری تەواو دەکەن.

ئەو پەرسـتگایە بـۆ پێکگەیانـدنی ئەو چـوار شـتەیە، هەر کەســێک بێـتە نـاوی بەو شـێوەیەی خـۆی دەیەوێ دەتـوانێ عیبـادەت بکـات، قبوڵیشـە، بە هەر یەک لەو دەرگاکـانیش دابـێ ڕەت نـاکرێتەوە. ژێـدارو موریـد زۆر بە بیرکـردنەوەکە سەرسـام بـوون. گوتیـان کـام جـێ دەکەیە پەرسـتگاکە؟ ڕووبـا گـوتی ژێـر ئەو تـارمەیە، هەر چـوار لای دەگـرم، لە هەر لایەک دەرگـایەکی شێوە میحرابی تێدا دەهێڵمەوە، بۆ چوونە ژوورەوە.

پاشـان دەرەوەو نـاوەوەی سـپی دەکەم. سـپی کردنێـک لەناو ئەو گۆڕستانە دیاربێ.

هەتـوان گـوتی حەزدەکەی ئـێمەش یاریـت بکەیـن بەڵکـو زووتەواو بـێ؟ ڕووبـا گـوتی بـۆ نـا، ئەگەر ئامـادەن بـا دەسـت پێـبکەین. هەتـوان و موریـد و ژێـدار قۆڵیـان لـێ

هەڵکردو لەگەڵ ڕووبا دەستیان بە کار کرد، ڕووبا دیوارەکەی دروست دەکرد، ژێدار بەردی دەدا دەستی، هەتوانیش گەچی بۆ دەگرتەوەو موریدیش ئاوی دەکێشاوەو ستڵە گچەکانی دەبردە پێشی. پێش ئەوەی ئێوارە دابێ دیوارەکەیان تەواو کرد، ڕووبا لە بەرامبەر تارمەکە لەسەر بەردێک دانیشت، گەنجەکانیش لە دەوری کۆبوونەوە، دوای ئەوەی کەمێک پشوویاندا، ڕووبا بە گەنجەکانی گوت ئێستا دەبێ دەرەوەی دیوارەکە بە قەلەقین سواق بدەین، لەبەر ئاوی باران، ناوەوەشی بە گەچ، ئێمە چوار کەسین، دووان ئیشی ناوەوە دەکەین، دووەکەی تریش با ئیشی دەرەوە بکەن.

ئینجا هەڵستانەوەو ڕووباو ژێدار، پێکەوە چوونە ناوەوە، ژێدار هەمیشە حەزی لێ بوو لە ڕووبا نزیک بێ. موورىدو هەتوانیش لە دەرەوە کاریان دەکرد.

تا ئێوارە ناوەوەو دەرەوەیان بە تەواوی سپی کرد، شەوەکەش کە کارەبا هاتەوە، لەبەر ڕۆناکی بلاجگتۆرەکان ڕووبا بە خەتێکی خۆش بە فلچەو بۆیەی ڕەش لەو دەرگایەی کەوتبووە ڕۆژهەڵات،

نوسی ئەفسانە. لەو دەرگایەی کەوتبووە باکووریش نوسی ئایین. لەودەرگایەی کەوتبووە، باشووریش نوسی فەلسەفە. لەو دەرگاکەی کەوتبووە ڕۆژئاواش نوسی زانست. کە سەبەینێکەی ڕۆژ هەڵات، ڕۆناکیەکەی لە پەرستگاکە دا، دیمەنێکی تری بەناو گۆڕستانەکە دەبەخشی، بەتایبەتی کاتێک دەبیندرا گالیسکەکەش لە پێشەوەی ڕاگیراوە، دڵبرین لە بن کەپرەکەی ڕا کاتێک چاوی پێکەوت، سەری سووڕما ئەمشەو ڕووبا بە یاوەری گەنجەکان ئەو شوێنەی دروست کردووە. کە زانی کەسیان لەوێ نین، لە ژێر کەپرەکەی هاتە دەرەوەو بەرەو پەرستگاکە ڕۆیشت، تا گەیشتە لای، بە چاوی زەقەوە بە هەر چواردەوریدا سووڕاوە، یەک یەک نوسینی سەر دەرگاکانی خوێندەوە، بەتەواوەتی ڕۆچووە ناو واتاکەی، ڕۆچوونێک، هەستی کرد، لەوێ نەماوە. لەپڕ ڕووبا لە پشتی ڕاوەستابوو، گوتی بەیانیت باش پیاوی کێلنوس، ئەو کارەت پێ چۆنە؟ دڵبرین لە شوێنەکەی ڕاپەڕی و ئاوڕی داوە، خۆی وا دەرخست حەزناکات قسە لەگەڵ ڕووبا بکات، بەڵام ناچارە وەڵامی بداتەوە،

گـــوتی باشـــە، هەســـت دەکەم پێشـــوەختە بیـــری لـــێ کـــراوەتەوە، هەر لەخـــۆڕا پێـــک وەنەنـــدراوە، ئەوە کەمێـــک ســـەرنجی ڕاکێشـــام. پێشـــم وایە پەرســـتگایە. ڕووبـــا گـــوتی بەڵـــێ بـــاش بـــۆی چـــووی. دڵبـــرین گـــوتی باشـــە، بەس پەرســـتگا دەبـــێ ڕێوڕســـمی عیبـــادەتی خـــۆی هەبـــێ، ڕێوڕســـمی عیبـــادەتی ئەو پەرســـتگایە چـــۆنە؟ ڕووبـــا گـــوتی لەو پەرســـتگایە هەرکەس بەشـــێوەی خـــۆی عیبـــادەت دەکـــات. هـــیچ دەرگایەکمـــان بە ڕووی کەس دانەخســـتووە. دڵبـــرین ســـەرێکی بـــاداو ڕۆیشـــت، پـــێش ئەوەی دووربکەوێـــتەوە ڕووبـــا پێـــی گـــوت، ئەی پیـــاو هێشـــتا لـــێم تـــوڕەی؟ دڵبـــرین گـــوتی نـــازانم، تـــۆ بە کارەکانـــت مـــرۆڤ شـــێت دەکەی، بڵـــێم تـــوڕەم هەر پەشـــیمانم، بڵـــێم تـــوڕەش نـــیم هەر پەشـــیمان. ڕووبـــا لەگەڵ قســـەکەی خەنـــدەیەکی کـــرد، گـــوتی بەو دەرگـــایەدا وەرە لام خۆت دەتەوێ، توڕەبوونی بۆچیە؟

بەشی بیست و حەفت

(٨٤)

دوای ئەوەی ئامانەکە گەیشتە شارەکە، مەستان دابەزی، بێ ئەوەی ساتێک بحەسێتەوە، دەستی بە گەڕان کرد بزانێ کامە ئۆتۆمبێل بۆ ئەو ناوچەیە دەڕوا گوندەکەی ئەوانی لێیە. بەڵام زۆر چاوی گێڕا کەس نەبوو، ئەو نەیدەزانی بۆ؟ بەڵام ڕاستیەکەی لەبەر ئەوە بوو، هەموو گوندەکان تێکدرابوون. ناچار ئۆتۆمبێلێکی بەکرێ گرت، ئۆتۆمبێلەکە مەستانی سوارکردو بۆ دەرەوەی شار ڕۆیی، مەستان لە

چاوەی پشتەوە لە چیا دوورەکانی دەڕوانی، کە سپی دەچوونەوە بەهۆی بەفر گرتنەوە، بیریشی هەر لەلای جودی بوو، بەویبا بە زووترین کات بگاتەوە گوندەکە، نزیکەی کاتژمێرێک بە ڕێگاوە بوون، کە گەیشتنە سەر ڕێگایەکی خۆڵ، شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە ڕایگرت، مەستانی لەسەر شەقامی سەرەکی داناو پێی گوت دادە ئەو ڕێگایە بەرمەدە دەگەیە ئەو ناوچەیەی تۆ دەتەوێ، لەوێش ئەگەر شارەزابی، دەزانی کام ڕێگا بۆ گوندەکەی ئێوە دەڕوا. مەستان بەو پێیەی خاوەن ئۆتۆمبێلەکە وەسفی بۆ کرد، ڕێگا خۆڵەکەی گرتە بەر، بەڵام کە تۆزێک لە شەقامەکە دوورکەوتەوە چی بینی؟ گوندی وێران، ئاقاری چۆڵ، تەنانەت باڵندەیەکیش دەنگی لێوە نەدەهات.

ئەویش تا دەهات زیاتر هەڵدەکشا بەرەو ناوچە شاخاویەکان. کە کاتژمێرێکیتر بە پێ ڕۆیی گەیشتە گوندێکی تر، لەگەڵ گەیشتن بەو گوندە شەوی بەسەرداهات. بەهۆی تاریکداهاتن ترسا ڕێی لێ وون بێ، بۆیە بڕیاریدا لەوێ بمێنێتەوە. لەسەرمانیش ناچار لەناو دارو خشتی بەسەریەکدا ڕووخاو دەستی بە

گەڕان کـرد، هەر زوو چەنـد لێـف و جـاجمێکی دەرهێنـا، لەخـۆی لولـدا، زۆر گەڕا لە شـقاتەیەک، ئـاگری پـێ بکاتەوە دەستی نەکەوت.

ئەو شـەوە بەخـۆ کورشـکردنەوە خەو بـردیەوە، لە خەوەکە دەنگـی گریـان و قیـژەو هـاواری خەڵکـی ئەو گونـدە وێـران بـووەی دەهـاتە بەر گـوێ، هەسـتی بە تـرس کـرد، لە پـڕ ڕاپەڕی، چـاوی بە هەرچـواردەوری خۆیـدا گێـڕا کەس دیـار نەبـوو، هەمـوو شـوێنێک تاریـک دەچـۆوە، بـایەکی سـارد هەڵـی کردبـوو گـڤە گڤـی دەهـات، کاتێـک خـۆی بە دارو بەردی ئەو گونـدەدا دەکێشـا. مەسـتان دووبـارە جـودی هـاتەوە بیـری، لەبەرەخـۆی گـوتی ئـۆف چەنـد شـەوە ئەوهـا دەبـاتە سـەر، ئـاخەر چـۆن تـا ئێسـتا بەرگەی گرتـووە، هەوای سـارد، تارمـایی، تـرس، بـێ دەنگـی، شـەو، گونـدی وێـران، برسـیەتی. لەوێ دەموچـاوی جـودی هـاتەوە بەرچـاو کاتێـک لەبەر سـۆبەی دار، لە پـێش ڕۆنـاکی فـانۆس و لامپـا، لە باوەشـی خـۆی دەنـاو شـیری پێـدادا. یـان ئەوکاتـانەی لەگەڵ سـیاوەرد یـاری دەکـردو پێـدەکەنی، دەمە بێ ددانەکەی تا ناو قوڕگی بە دیاردەکەوت.

بە هەرشێوەیەک بێ، مەستان بە خەیاڵ و خەون و نیوەخەو ئەو شەوەی تێپەڕاند، کە سبەینێ داهات، بێ ئەوەی یەک چرکەش ڕاوەستێ، درێژەی بە ڕێگاکەدا، چەندین گردو زوورگ و ئاقاری بڕی، تووشی چەندین گوندیتری کاولبوو هات، لە هیچ شوێنێکیش لەو شوێنانە تووشی مرۆڤێک نەبوو، تەنانەت شوان و ماڵە مەڕداڕێکیش، دڵی سکونایی پێ بێ.

تا گەیشتە بەرامبەر زنجیرە چیایەک، لەوێ کە بە ووردی لە چیاکەی ڕوانی شوێنەکەی ناسیەوە، تومەس ئەو چیایە لە سەرەوەی گوندەکەی ئەوان بوو، لەگەڵ ئەو دیمەنە هەموو ئەو ڕۆژانەی بەبیرهاتەوە کە خۆی منداڵ بوو و لەکاتی شوانیەتی حەزی دەکرد ڕۆژێک بچێتە سەری، ڕاستەوخۆ سەرپۆش و پێچە و عەبایەکەی فڕێداو یەک بەدەنگی خۆی گریاو قیژاندی، گوتی ئەوەتانە گەیشتم، ئەوە چیایەکەیە، گوندەکەمان نزیکە لێی، ڕووبارەکە، توتکە، جودی بچووک. ڕێک غاریدا، غاردانێک دەتگوت دەیەوێ لە حەژمەتان باڵبگرێ. هەرکەسێک بیبینیبا وایدەزانی شێت بووە.

لەگەڵ غـــاردان پرچـــی بڵاوببـــۆوەو فرمێســـکیش لە چاوەکـــانی ڕانەدەوەســـتا، کە بەســـەر گردێـــک کەوت گونـــــدەکەیانی بینـــــیەوە، لە خەفەتـــــان هەر بە دەم غـاردانەوە گـوتی نـا، بـا ڕاسـت نەبـێ، بـا هەر خەونێـک بێ من بەتەنیا بینیبم، ئاخەر کوا ئەو خەڵکە؟

کە گەیشـــتە نـــاو گونـــدەکە، لە دوورەوە کـــۆڵیتەکەی تـــوتکە بەدیـــار کەوت، ڕووی لەوێ کـــرد، کە لەبەر مانـــدووبوون و قەهـــری زۆر هەناســـەی ســـواربوو، گـوتی جـودی، تـوتکە مـن هـاتوومەتەوە، وەرن ئـاخەر چیتـر نـاتوانم غـاردەم هێـزم لەبەر نەمـا. بە پـێ سـەبر ســەبر لە کـۆڵیتەکە نزیـک کەوتەوە، دڵـی زیـاتر کەوتە کـوتە کـوت، دەترسـا ســەر هەڵکێشـێ، جـودی لەوێ نەمـابێ. پـێش ئەوەی بگـاتە پـێش دەرگـای کـۆڵیتەکە گوتی توتکە وەرە، وەرە ئەی سەگی ئاقڵ.

لەگەڵ دەنـگەکەی مەســتان، هـیچ هەســت و خوســتێک نەبـوو، ناچـار خـۆی گەیانـدە بەر دەرگـای کـۆڵیتەکە، بینـی تـوتکە لەژوورەوەیە، جـودی لـێ نـیە، ڕێـک لە خۆشەویسـتیان گـرتیە باوەشـی و گـوتی تـوتکە کـوا

جودی، ئەی ئەو منداڵەم بە تۆ نەسپارد؟ بۆ ئاگات لێ نەبوو، چیت لێکرد؟

لە ناوباوەشی هەستی کرد تۆتکە ناجولێتەوە، مەستان بە هەر دوو دەست سەری گرت و تەماشای دەموچاوی کرد، بینی مردووە. چەند برینێکیش بە جەستەیەوە دیارە.

تومەس تۆتکە دوای ئەوەی سەگەکان گرتیان و بە بریندارى گەڕاوە گوندەکە، لەناو کۆڵیتەکە دوو ڕۆژ پاشان گیانی سپارد.

مەستان کە چاوی پێکەوت تۆتکە مردووەو جودیش لەناو کۆڵیتەکە نەماوە، یەک بە دەنگی خۆی قیژاندی و گریا، گوتی تۆ بۆ؟ یەک بە دەنگی خۆی بانگی باوک و دایک و سیاوەردی کرد، گوتی وەرنەوە ئێوە لەکوێن؟ وەرنەوە ببینن ئێرە چەند غەریب دێتە بەرچاو، چ وێرانەیەکە، ئاخەر کوا دەنگی کەڵەشێرو مریشکەکان، کوا باعەباعی مەڕو بزن و حەپەی توتکەو فیکەی شوانان.

کوا مام ڕواڵ، کوا پوورڕیحان، کوا گریانی بێ کۆتایی جودی بچووک؟ وەرنەوە من لێرە شێت دەبم. ئینجا

هەڵستاوەو هاواری کرد جودی، جودی تۆ لەکوێی؟ توتکە تۆ بۆ مردووی؟ بۆ جەستەت بریندارە؟ لەگەڵ چ درندەیەک جەنگای تا جودی بپارێزی؟

ئەی سەگی بە وەفا، لەگەڵ چ دەعبایەک شەڕت کردووە لەسەر جودی، خۆت کردۆتە قوربانی و دەرەقەتی نەهاتووی؟

هەڵستەوە قسەم بۆ بکە. ئێستا لەکوێ بەدوایدا بگەڕێم، ئێستا کام ڕێ بگرم، بچمەوە کام ماڵ، لای کام کەس، لە دوورەوە کە باسی ماڵی کرد، سەیری ماڵەکەی خۆیانی کرد، بە چاوی بە گریان. ئینجا قسەکانی گۆڕی و گوتی ئەی کوێربم سیاوەرد، تۆ لەکوێ بەجێمای؟

وەرە ببینە ماڵەکەمان چۆن ڕووخاوە، ئەو ماڵەی بۆ هەردووکمان جێی سکونەت بوو.

لەدوای سەیرکردنی ماڵی خۆیان، ئەوجارە سەیری جێی ماڵی باوکی کرد ،لەوێوە هەڵستاوە گوتی باوکە بە قوربانی دەستەکانت بم، دەزانم چەند بە زەحمەت ئەو خانووە قوڕەت پێکوەنا و چەند خەریکی دەرگا تێیەخستنی حەوشەو سواقدانی کۆڵیتی مریشک و

عەلەشیشەکان بووی. ئێستا ببینە چەند وێرانە؟ دایکە تۆ بۆ دیارنی بە جلەڕەشە کوردیەکەتەوە، دەست بە مەنجەڵی شیر بێی و بچی، ئەو هەواره بێ ئێوە چەند چۆڵە، من بۆ هاتمەوە بۆ بینینی ئەو گوندە بە وێرانی، ئەگەر جودی نەبا چ ئیشم بە گەڕانەوە بوو بێ ئێوە، مردنم بە دڵ قبوڵ دەکرد.

(٨٥)

نەدیم کە هاتەوە سەرخۆی، بینی لەناو خانوویکی قوڕ، لەدیار سۆبەیەکی دار درێژ کراوە، کۆمەڵێک پێشمەرگەش لەسەر سەرینە. پێشمەرگەکان کە زانیان حاڵی باش بووە، دوای دەربازبوون لەناو بەفرەکە، لێی نزیک بوونەوە تا بیدوێنن، کە پرسیاریان لێ کرد لەگەڵ کام تیپ بووی، یان لەگەڵ کام پۆل پێشمەرگە، ڕاستەوخۆ بە چاوی پڕ فرمێسکەوە باسی ڕەنجدەری لاوچاک و جوتیارە شێت و دالّی سەرداری بۆ کردن،

کە چـــــــۆن لەگەڵ وان بـــــــووە لە ســـــــــەرەتای پێشـــــمەرگایەتیەوە، تـــا ئەو شـــــەوەی لەنـــاو بەفـــر ڕەقبـــوونەوە. هەنـــدێک لە پێشـــمەرگەکان کە گوێیـــان لە بەســـەرهاتەکەبوو گریـــان، بەتـــایبەتی ئەوانەی بە چـــاوی خۆیـــان هەر یەک بەجـــۆرێ، مەرگـــی هـــاوڕێ نزیکەکـــانی خـــۆی بینیبـــوو. هەندێکیشـــیان ئەوەنـــدە بەســـەر ئەو دیمەنـــانەدا گلاّبـــوون، دلّیـــان ببـــووە بەرد، نە دەگریـــان، نە پێشـــــدەکەنین. یەکێـــــک لە پێشـــــمەرگەکان دوای ئەوەی نەدیـــم باســـی هاوڕێکـــانی کـــرد، گـــوتی دەزانـــم لەدەســـتدانی هـــــاوڕێ قورســـــە، بەڵام خـــــۆت دەزانـــــی کەســـــمان نەهـــاتووینە ئێـــرە بگەڕێیـــنەوە، ئـــێمە خۆمـــان بـــۆ مەرگ تەرخان کردووە، دەبێ دان بەخۆتدا بگری.

نەدیـــم گـــوتی ڕاســـتە، بەڵام بە ئازاریشـــە. لەگەڵ قســـەی ئەو پێشـــمەرگەیە، لە شـــوێنەکەی هەڵســـتاوە، نەیویســـت چیتـــر بەبـــێ هێـــزی خـــۆی ببینـــێ، بەتـــایبەتی لەنـــاو ئەو کۆمەڵە جەنگاوەرە بە ڕیش و بە شکۆیانە.

بە هەر شـــــێوەیەک بـــــێ ئەو ڕۆژەش لەوێ مـــــایەوە، ڕۆژی دواتـــر کە زانـــی بـــاش بـــووە، بیـــری کـــردەوە

بگەڕێتەوە گوندەکەی خۆیان، کە پێشتریش بەتەمابوو.

کە بەیانی داهات، ئەگەرچی دەوروبەر هەموو بەفر بوو، بەڵام ڕۆژ لە دەرەوە بوو، تیشکەکەی گەرمی دەبەخشی. نەدیم خۆی ئامادەکردو بە پێشمەرگەکانی گوت من دەبێ بڕۆم. ئینجا یەک یەک باوەشی لێیاندا و سوپاسی کردن کە لە شەوێکی بەفراوی ئەوەندە سەخت ڕزگاریان کردووە.

لەوێوە بێ ڕەنجدەرو جوتیارو دااڵی سەردار بە تاقی تەنیا ملەشاخ و ملەشاخ گەڕایەوە بەرەو لوتکەکە، گەڕانەوەیەک، لە دوورەوە هەنگاوەکانی غەریب دەهاتە بەرچاو، بە تایبەتی کاتێک لەدوای خۆی لەسەر بەفرەکە شوێن پێی بەجێدەما، لە ڕێگا هەموو ئەو ڕۆژە سەخت و پڕ شەڕ و دژوارانەی هاتەوە یاد کە لەگەڵ هاوڕێکانی بینیبوویان. پێش ئەوەی ڕۆژ ئاوابێ، لەدووڕا لوتکەکەی لێ بەدیارکەوت، دەبوا بە دووڕۆژ بەرەو گوندەکە بڕوا. نەوەک شەوی بەسەر دابێ و دووبارە تووشی سەرما ببێتەوە، هێدی هێدی بە لوتکەکەدا هەڵگەڕا، کاتێک چاوی بەئەشکەوتەکە

کەوت بێ هاوڕێکانی، شێت بوو، وەک ئەوەی ئەشکەوتەکە لێی پرسی بێ ئەدی کوا هاوڕێکانت؟ بۆ بەتەنیا هاتیەوە؟ لەدووڕا گوتی بەتاقی تەنیا هاتمەوە ئەی ئەشکەوت، هاوڕێکانم شەهیدبوون، هاوڕێکانم بەجێیانهێشتم، ئێستا ئەوان بوونەتە پەیکەر، سروشت ئەوانی پیرۆز کرد، لە خۆی گرتن.

ئینجا هێدی هێدی لە گۆڕەکەی هەورازە ڕەش نزیک بۆوە، لە بەردەرگاکە لە قورپەی گریانیدا، گوتی برادەر چیت بۆ باس بکەم؟ چ زمانێک لەتوانایدا هەیە دیمەنی ئەو شەوە بگێڕێتەوە؟ چۆن تێدبگەینم هاوڕێکانم چیان بەسەرهات؟ ئێوە بۆ ئەوەتان لەگەڵ کردم، بۆ زووتر ڕۆیشتن؟ لە کاتێکدا لە من ئازاترو بەجەرگترو شۆڕشگێڕتر بوون؟ ئاخەر پیاوانی وەک ئێوە چۆن دروست دەبێتەوە؟

نەدیم لەپێش ئەو ئەشکەوتە گەلێک شینی گرا، شینگێڕانێک، ئەگەر دارودیوارەکان چاویان هەبا لەگەڵی دەگریان، گوێیان هەبا لەبەر قسە غەریبەکانی دەچەمانەوەو دەکەوتنە سەر چۆک. کاتێک چووە ناو ئەشکەوتەکەش، چاوی بە جل و بەرگ و نوێنەکانیان

کەوت، هەنـــــــدەیتر تێکچـــــــوو، یەک یەک بـــــــۆنی بەتانیەکانیـــانی دەکـــرد، بە دەموچـــاوی خـــۆی وەدەنـــاو هاوشـێوەی گیـانلەبەرێکی بریندار لەتـاو ئـازاری دڵـی، لە بنەبـــانی ئەو ئەشـــکەوتە دەینەڕانـــد، ئەو شـــەوەی بەم ئـازارە لەنـاو نـوێنی هاوڕێکـانی بەسـەربرد، تەنـانەت بەو تـــاریکی و ســـەرمایە ئاگرێکیشـــی نەکـــردەوە، کە ڕۆژ دووبـــارە هەڵاتەوە، ســـەری بڵـندکرد ڕاســتەوخۆ ســـەیری جێگەکـانی کـرد، بەڵکـو خەونـی بینیبـێ، تـا ئەوکـاتەش پێـی وابـوو چـۆن دەبـێ دالّـی سـەردار و جوتیـارە شـێت و ڕەنجدەر لەوێ نەبن، بەڵام جێگاکان چۆڵ بوو.

بە ناچـــاری هەڵســـتاوە، نوێنەکـــانی هەمـــوو دەق کـــرد، پاشـــان خســـتنیە ســـەر بەردێـک، گـڵاس و چایەپەسـت و کەلوپەلەکـــانی تریشـــی خســـتە نـــاو تـــورەگەیەک و لە شـــوێنێک بەداڕێـــی وەکـــرد. ئینجـــا بەو بەیـــانیە ئەشـــکەوتەکەی بەجێهێشـــت و بەرەو گونـــدەکەیان شـــۆڕ بـــۆوە، کە لەو ڕۆژەی بەجێیهێشـــت بـــوو نەیبینیبـــۆوە چـــی لێهـــاتووەو چـــۆنە. نەگەیشـــتە نیـــوەڕۆ بەهەزار خەیـــاڵکردن گەیشـــتە جـــێ، تەنیـــا هەورازێـــک مـــابوو بیبـــڕێ، تـــا گونـــدەکەی لـــێ بەدیـــاربکەوێ. لە دڵەخـــۆی

گوتی ئای ئێستا مەستان ببینم مەڕ دەلەوەڕێنێ چۆن چۆنی سڵاوی لێ بکەم؟ ئایا بەو سەرو پرچ و ڕیشی وەها زۆر دەبێ بمناسێتەوە؟ ئەدی ماڵەوە چی؟ شوانەکانی هاوڕێم؟ قەت باوەڕناکەم.

هێدی هێدی لەگەڵ هەنگاوەکانی لە هەورازەکە سەری بەدیارکەوت، چی بینی؟ گوندێکی وێران، هیچ خانوویەک بە پێوە نەمابوو، لە دووڕا کە چاوی بەو دیمەنە کەوت ڕاوەستا، وەک ئەوەی لە جێگاکەی ڕەق بووبێ، لەخۆی پرسی دەبێ ئەوە گوندەکەی ئێمە بێ؟ بۆ ئەوەی دڵنیابێتەوە لە گردەکانی دەوروبەری ڕوانی، دواتر لە دوورەوە ڕووبارەکەی بینی، گوتی بەڵێ هەوە، لەگەڵ ئەو قسەیە بە گریانەوە بەرەو ناو گوندەکە غاریدا، گوتی مەستان تۆیان نەبردبێ، شێت دەبم، من لەبەرتۆ چووم بوومە پێشمەرگە، تا نیشتیمانێکی ئازادت بۆ بێنمەوە، کەچی سەیرکە تا من هاتوومەتەوە، تۆش و خەڵکەکەشیان بردووە، ئینجا وەک کەسێک تێکچووبێ، کەوتە سەر چۆک و ڕووی کردە ئاسمان، بەهەردوو دەست یەخەی خۆی گرت و دایدڕی، گوتی ئێوەیان بۆ کوێ برد؟ من خۆ

نەهـاتمەوە بـۆ ئەوەی ئەو دیـمەنە وێـرانە ببیـنم، مـن لە وێرانیـان هـاتمەوە بـۆ دیـداری ئێـوە، پـێم بڵـێن مـاون، یـان لەژێـر خـاک نـراون؟ ئـاخەر هەر دوێنـێ بـوو هاوڕێکـانم بەبەر چـاومەوە بینـی بـوونە بەفـر، ئێسـتاش دەبینـم ئێـوە ئەنفـال کـراون. چـۆن بەرگە بگـرم، منـیش مـرۆڤم مـرۆڤ، منـیش دڵـم هەیەو هەسـت بە ئـازار دەکەم، خێـزانەکەم، بـاوکە، دایـکە، هـاوڕێ شـوانەکانم، تـوتکەی گـوێڕایەڵ لەکـوێن؟ مەسـتان چـی بەسـەرهاتووە پـێم بڵـێن؟ یەکێـک وەڵامـم بـداتەوە، مەسـتان، مەسـتان، مەسـتان. نەدیـم لەنـاو ئەو گونـدە کـاولە یەک بەدەنگـی خـۆی دەگریـاو بە هـاوار هـاوارەوە نـاوی مەسـتانی دێنـا، نەیـدەزانی ڕۆژێـک پـێش ئەو مەسـتانیش بە دوای منـدااڵەکەی هـاتبۆوە گونـدەکە، ئەگەر ڕۆژێـک درەنگتـر نەگەیشـتبا، بە دڵنیـاییەوە تووشـی یەک دەبـوون، بەڵام ئەوە ڕووینەدا.

(٨٦)

جـودی پـێش منـدالّی مـاڵەکە بەسـەر پێیـان کەوت، بە ئاسـانی دەیتـوانی بـڕوا، بەردەوامـیش لە شـیری بـزنەکەی دەخـوارد. کە شـەوانیش دەخەوت، بەخـۆی بەتـانی ڕادەکێشـا سـەرەخۆی بـێ ئەوەی کەس پێیـدا بـدات. دایـکەکە لەبەر ئەوەی نەیـدەزانی نـاوی چـیە، بیـری کـردەوە نـاوێکی بـۆ بـدۆزێتەوە، ناوێـک لەخـۆی بێـت. ئەو سـبەینێیە بە مێـردەکەی گـوت ئەو منـدالّە بـێ نـاو نـابێ، پێشـم وایە کەس نـایەتە دوای، ئەگەر بهاتبـان

تا ئێستا دەهاتن، خەڵک کاریلەیەکی لێ وون دەبێ، ئامادەیە بۆ دۆزینەوەی هەموو دونیا بگەڕێ، ئیتر با ناوێکی لێ بنێین. مێردەکەی گوتی چ ناوێکت پێ باشە؟ دایکەکە گوتی ئەوەندە شتی سەیر دەکات، چەند بیری لێ دەکەمەوە ناوێک نیە شایەنی بێ.

مێردەکەی گوتی ژنەکە ئەوهاش نا، هەست ناکەی زیاد لە پێویست کەوتوویە ژێر کاریگەری ئەو منداڵە؟

دایکەکە گوتی بڵێم چی؟ ئەو ئاسایی نیە، تۆ کە لە منداڵەوە نی، بەردەوام دەچێتە دەرەوە، سەیری ئەو لوتکەیە دەکات کە کەوتۆتە بەرامبەرمان، دەڵێی دەیەوێت بچێتە سەری .

مێردەکەی گوتی منداڵ بە گشتی لە شت دەڕوانێ، بۆ وای دەبینی؟ دواتر لە پێش چاوی منداڵەکانی تر ئەوەندە گرنگی پێ مەدە، دەنا غیرە دەکەن لێت و ڕق لە دڵیان دروست دەبێ. دایکەکە گوتی ئەوەش ڕاستە، هەوڵدەدەم وەک یەک خۆشمبووێن. لە سیحری هەڵسوکەوتەکانی جودی لەبیری چووبۆوە ئەوانیتر خۆ منداڵی خۆینە، جا چ هەوڵدەدا وەکو یەک

خۆشـــیبوێن. لەو ڕۆژەوە مێـــردەکەی کە چـــووە شـــاخ و دیار مەڕومالاتەکەی، بڕیاریدا لە ناوێک بگەڕێ.

دایـــکەکە لە ژوورەوە خەریکـــی کـــارکردن بـــوو، دەمێـــک غـافلا، لەناکـاو هـاتە دیـار منـدالەکان تـا سـەریکیان لێبـدات بزانـــێ چـــی دەکەن، کەچـــی بینـــی جـــودی لە ژوورەوە نەمـــاوە، بە ووبـــوونی جـــودی شـــلەژا، ڕاســـتەوخۆ یەخەی کـــوڕەکەی دووەمـــی گـــرت، گـــوتی کـــوا ئەو منداڵە، چی لێهات؟

کـــوڕەکە گـــوتی نـــازانم، تـــومەس دەشـــیزانی، هەرچەنـــدە دەســـتی ئەوی لەگەڵ نەبـــوو، بەڵام نەبـــووە ڕێگـــریش نەڕواتە دەرەوە. جـــــودی بەو بچـــــووکیە لە ژوورەکە دێـــتە دەرەوەو بە شـــاخەکەدا هەڵـــدەگەڕێ، بـــۆ ئەوەی بچێـــتە ســـەرەوە، دەیویســـت بزانـــێ لەوێ چـــی هەیە.

دایـــکەکە زووش هەســـتی بەوە کردبـــوو، بەڵام کە لەلای مێـــردەکەی درکانـــدی، پێـــی بـــڕوا نەکـــرد، تەنـــانەت بە زیادڕەویشی زانی.

ناچـــار دایـــکەکە بە منـــدالەکەی دووەمـــی گـــوت ئاگـــات لەبـــراکەت بـــێ، بە دوو منـــدالەکەی تریشـــی گـــوت هەســـتن لەگەڵـــم بگەڕێـــن، منـــدالەکان لەگەڵ دایکیـــان دەســـتیان بە

گەڕان کـــرد، لە مـــاڵەکە هـــاتنە دەرەوە، گەلێـــک پـــێچ و پەنـــاو دەوروبەری ئەو دارە کەڵەکە کـــراوانە و کـــۆڵێتی مریشـــــک و عەلەشیشـــــەکان گەڕان نەیانـــــدۆزیەوە، دایـــکەکە لە مانـــدووێتیان لە ســـەر بەردێـــک دانیشـــت، کە تـــازە بەفـــر بەری دابـــوو، بەبیـــری هـــاتەوە جـــودی ســـەیری لـــوتکەکەی دەکـــرد، ڕاســـتەوخۆ لەوێـــی ڕوانـــی، بینـــی لە قەدەکەی نـــــاو بەفـــــر شـــــتێک دەجـــــوڵێتەوەو بەرەو ســـــەرەوە دەڕوا، کە ووردتـــــر بـــــۆوە، بـــــۆی دەرکەوت جـــودیە، بەغـــار بە دوای داچـــوو، دەشترســـا لە شـــوێنێک غلـــۆر بێـــتەوە، لەگەڵ غلۆربـــوونەوە ســـەری بە بەردو شـــاخ بـــکەوێ. بەحـــاڵ خـــۆی گەیانـــدێ. کە گەیشـــتە لای، هـــاواری کـــرد بـــۆ کـــوێ کـــوڕە؟ جـــودی کە گـــوێی لـــێ بـــوو، وەک ئەوەی نـــاو ئەو بەفـــرە گەمـــان بکـــات پێکەنـــی و زیـــاتر بە گـــانگۆرە بەرەو ســـەرتر ڕۆیـــی، منـــدااڵەکانیش لەدوای دایکیـــان بـــوون، دایـــکەکە تونـــد لە پشـــت ڕا باوەشـــی لێـــداو بڵنـــدی کـــرد، گـــوتی تـــۆ زۆر عەجـــولی، ئـــاخەر چـــۆن دەســـتت نـــاتەزێ، وەرە بچیـــنەوە. دایـــکەکە ڕووی وەرگێـــڕا بیهێنێـــتەوە، جـــودی گریـــا، دەســـتی بـــۆ لـــوتکەکە درێـــژ کـــرد، دایـــکەکە گـــوتی دەزانـــم حەزت

لەوێیە، بەڵام بچووکی جارێ نابێ زووە. بە خەندەوە هێنایەوە مااڵێ، دوو منداڵەکە سەیریان بە دایکیان هات چۆن لەسەر ئەو هەڵسوکەوتە لێی تورِە نەبوو، خۆ ئەوانبان لێیان تورِە دەبوو. کە چوونەوە ژووری، منداڵی دووەم گوتی تۆ ئەوت لە ئێمە خۆشتردەوێ، تازە پێش ئەوەی ئاگاشم لێ بێ بۆ کوێ ڕۆیشتووە، تۆ یەخەی منت گرت و خۆشت لێ تورِە کردم. دایکەکە گوتی وا بیرمەکەوە، ئەو بچووکە، دەبێ ئاگاتان لێی بێ. ئێوارە وەک هەموو جارەکان کە باوکەکە هاتەوە، دیسان چیرۆکێکی تر بەهۆی جودیەوە لە ماڵیان ڕوویدابوو، خەریکبوو ئەویش بێتە ئەو بڕوایەی ڕاستە ئەو منداڵە ئاسایی نیە، بۆیە بە مێشکی داهات لەبەر ئازایی و پێداگری و مژتنی گوانی بزنەکە، ناوی لێ بنێ گورگۆ، ئەو ناوەش هەندەیتر لەناو منداڵەکان جودی کردە خاوەنی ڕەمزو نهێنی.

بەشی بیست و هەشت

(٨٧)

سبەینێ بوو، دوای ئەوەی داودی دارتاش بۆ دوکانەکەی ڕۆیشت، ئاینور بە پەلە لە جێگاکەی دەرهات و بەرەو ماڵی لیا بەڕێکەوت. دیاربوو شەو بیری کردبۆوە هیچ کەسێک لە ڕووبا باشتر نیە، بچێ بوکۆکەکەی لە بنی دەریاچەکە بۆ بێنێتە دەرەوە. ئەگەرچی دوودڵیش بوو پێی دەکرێ یان نا، کە گەیشتە ماڵی لیا، دایکی لیا دەرگای لێ کردەوە، ئاینور لێی پرسی کوا لیا؟ ئەویش وەڵامی داوە خەوتووە.

ئـــاینور ڕاســـتەوخۆ چـــووە حەوشـــەو بەرەو ژوورەکەی ڕۆیشـت، کە دەرگـای کـردەوە، بینـی لەنـاو جێگـاکەی لە حەوت خەونـــی شـــیرینداید. ئـــاینور چـــووە تەنیشـــتی و بـانگی کـرد، لیـا، لیـا، هەسـتە کچـێ خەڵکـی دەمـێکە بە ئاگـــا هـــاتوون. لیـــا بە عەســـتەم جـــۆلاوەو چاوەکـــانی کـــردەوە، کە بینـــی ئـــاینور هـــاتۆتە ســـەری، بەپەلە لە جێگـاکەی قیـت بـۆوەو گـوتی چـی بـووە؟ ئـاینور گـوتی هـــیچ، بەڵام بـــۆ هێنـــانەوەی بوکـــۆکەکە ڕێگـــایەکم دۆزیوەتەوە.

لیـــا گـــوتی ئـــۆف لەتـــۆ، گـــوتم داخـــوا چـــی بـــووە، چ ڕێگـــایەک؟ مەگەر لەگەڵ ماســـیەکان بـــوویە هـــاوڕێ بەڵێنیـــان پێـــدای بـــۆت بێنـــنەوە. یـــان ئـــاوەکە ووشـــکی کـردووە؟ ئـاینور گـوتی وەختـی گـاڵتە نـیە، تـۆ هەسـتە خـۆت بگـۆڕە. لیـا گـوتی بـۆچی؟ جـارێ پـێم بڵـێ. ئـاینور گـوتی دەچیـنە گۆڕسـتان لای ڕووبـا، ئەو کـوڕەی تـۆ باســـت کـــرد کچەکـــان دەبـــات، ئەو مـــادەم ئەوەنـــدە سەرسـوڕهێنەر بـێ، دەشـتوانێ ئەو بوکـۆکەیە بێنێـتەوە. دەنـا مـن بـارودۆخم خـراپە، خـۆم پـێ نـاگیرێ، ئـاخەر دوێنـێش بـێ ئەوەی بـزانم بـۆچی، دیسـان چـوومەوە

لای خەلیفە. من هەست دەکەم هی ئەو بوکۆکەیە، جادووی تێدا کردووە، بۆ ئەوەی نەتوانم وازی لێبێنم. لیا گوتی دێم، بەڵام کێ دەڵێ ئەو کۆڕە دەیکات؟ ئاینور گوتی هەست دەکەم ڕەتی ناکاتەوە، نازانم چ شتێکە پاڵم پێوەدەنێ بچمە لای ئەو. تەنانەت پاڵم پێوەدەنێ بەسەرهاتەکەی خۆشمی هەموو بۆ بگێڕمەوە، ئەو مادەم کچەکان ئازار نەدا جێی متمانەشە. ئاینور کە دەربارەی ڕووبا ئەوها دەدوا، لەبیری چووبوو، کاتێک لیا بۆ یەکەم جار باسی ڕووبای بۆ کرد، ئەو گوتی کەس ناگاتە شەهریار، تەنانەت حەزناکەم بشیبینم. لیاش لەگەڵ قسەکانی هەمان شتی بەبیرهاتەوە، بەڵام وەک کچێکی دڵفراوان پێی نەگوتەوە، زانی وەختێ ئەوە نیە. ناچار لەجێگاکەی دەرهات و بە پەلە خۆی گۆڕی، ئینجا لەگەڵ ئاینور پێکەوە بەرەو گۆڕستانەکە بەڕێکەوتن. کە لە دەروازەکە چوونە ژوورەوە، ڕاستەوخۆ کەپرەکەی دڵبرینیان بینی، ئاینور بە لیای گوت وا چاکە لەو کێڵنوسە بپرسین کامە ڕووبایە.

لیا گوتی باشە، پێکەوە بەرەو کەپرەکەی دڵبرین ڕۆیشتن، کە گەیشتنە لای، ئاینور دوای سڵاوکردن گوتی ببووورە مامە لە ئیشیشت دەکەین، بەڵام ئەگەر بزانی ڕووبا لە کوێیە؟ دڵبرین کە ناوی ڕووبایان هێنا تەماشایەکی کردن، بینی دوو کچی گەنج و جوانن، جلی مۆدێرنیان لەبەرە هاتوونەتە ناو گۆڕستان بۆ ئەوەی ڕووبا ببینن، دیسان سەری سووڕما، بەڵام بۆ ئەوەی بێتام دەرنەکەوێ هیچ قسەیەکی نەکرد بە چاک و بە خراپ، دەستی بۆ لای تارمەکە درێژ کرد، کە ڕووبا کردبوویە پەرستگا، گوتی بڕۆن ڕەنگە لەوێ بێ. ئاینور گوتی سوپاس. ئینجا لەگەڵ لیا بۆ لای تارمەکە ڕۆیشتن. لە دوورەوە بینینی گالیسکەکە و ئەو پەرستگایە هەردووکیانی سەرسام کرد، ئاینور بە بینینی گالیسکەکە ڕاستەوخۆ گیرانەکەی داودی باوکی بەبیرهاتەوە، کە لەسەر چوونی ڕووبا بۆ دوکانەکەی تاوانبار کرابوو.

بەڵام بڕیاریدا پێی نەڵێ، نەوەک بزانێ کچی ئەو دارتاشەیە، لەبەر ئەوەی ئەو دەیویست کاریگی پێ بکات لە ماڵەوە نهێنی بوو. دەمێک بە ووردی لە

گالیسکەکەی ڕوانی تا تەواو لێی نزیک کەوتەوە، ئینجا دەستی بەو دارە داهێنا، کە پێ دەچوو ئیشی زۆری لێکرابێ بۆ ئەوەی لوس و بێ گرێ دەربکەوێ. دواتر پێکەوە لەگەڵ لیا سەریان بڵند کردوو لە نوسینی سەر دەرگاکانیان ڕوانی.

لیا خۆی پێ نەگیرا گوتی ئاینور ئەو ئیشانە ئاسایی نین، من دەمێکە لە نزیکەوە شتی وەهام نەبینیوە، پەرستگای سپی چوار دەرگا، گالیسکەی دار. ئاینور گوتی ئەوەی ڕاستی بێ منیش. بەهەرحاڵ با خۆی بدۆزینەوە، ئینجا ئاینور لە یەکێک لە دەرگاکان نزیک کەوتەوەو بە دەنگێکی نەرم گوتی ئایا کەس لێرەیە، لە ژوورەوە پرسیار کردنەکەی دەنگی دایەوە. بەڵام کەس وەڵامی نەداوە. ئاینور دیسان گوتی ئێرە کەسی لێیە، دیسان کەس وەڵامی نەدایەوە. ئاینور چووە ژوورەوە، لیاش بە دوایداچوو، پێکەوە لە تاق و دیوارو قونیچکەکانیان دەڕوانی. لەناکاو لە دەرەوە گوێیان لە دەنگی پێیەک بوو، لیاو ئاینور هەستیان پێ کرد، ترسان ڕووبا بێ، ترسێکی شەرمئامێز. بە پەلە هاتنە دەرەوە، لەبەر دەرگا ئاینور چاوی بە ڕووبا

کەوت بەرامبەری ڕاوەستاوە، سەیری دەکات. چاوپێکەوتنێک دەتگوت دەمێکە ئاشنایەتی. سەری لە دەموچاو و پرچ و ڕیشی و بەژن و بالای سووڕما، شڵەژانی پێوە دیاربوو. ڕووبا بۆ ئەوەی لەو حاڵە دەربازی بکات، بە دەنگێکی بێ باک گوتی سڵاو، پێویست بە شڵەژان ناکات، ئایا شتێکتان دەویست؟ یان هەر بۆخۆتان هاتوون؟

ئاینور بە زمانێکی کەمێک تێکئاڵاو گوتی پێش ئەوەی وەڵامت بدەمەوە، دەمەوێ بزانم تۆ ڕووبای؟ ڕووبا وەڵامی داوە بەڵێ. ئاینور هەناسەیەکی هەڵکێشا، بۆ ئەوەی بتوانێ باشتر قسە بکات، گوتی سەرسامم لە نزیکەوە دەتبینم، نازانم خەریکە گومان بکەم ئەو بی، ئەگەرچی چاوەکانت گومانەکەم ڕەتدەکەنەوە. نازانم ئاگاداری یان نا، بەڵام بەشێوەیەکی ئەوەندە سەیر ناو و ناوبانگت گەیشتۆتە دڵی کچەکان، باوەڕناکرێ ڕاست بی. ڕووبا خەندەیەکی کرد گوتی کەمێک، پاشان ڕووی خۆی وەرگێڕاو بۆ بەر هەتاوەکە هەنگاوی نا، گوتی ئێوەش وەرن، کە لیاو ئاینور لەگەڵی ڕۆیشتن، ڕووبا گوتی جگە لە خۆشویستن و

فێڵ لێ نەکردن کچان چی تریان دەوێ لە کوڕان تا دڵیان پێ خۆش بکەن؟

من لە مااڵی دونیا تەنیا ئەو دووانەم بۆ ئەوان هەیە پێیان بدەم، دەنا نەک هەر خانوو و ئۆتۆمبێل و جل و بەرگی نایابم نیە، بەڵکو گیرفانەکانیشم خاڵین.

ئاینور ڕاستەوخۆ لەگەڵ قسەکەی ڕووبا فێڵەکانی خەلیفە حەمدونی بەبیرهاتەوە، دواتر لەگەڵ هەڵسوکەوتەکانی ڕووبای بەراورد کرد، بیری کردەوە ڕووباش کەسێکە حەزی لە بۆن و ماچ و باوەشی کچان هەیە، بە دزیش دەیان با، بۆ هی ئەو جوان و قبوڵە؟ هی خەلیفە ناشیرن و ڕەتکراوە؟ ئینجا بۆی دەرکەوت مەسەلەکە فێڵە، وەک ڕووبا ئاماژەی پێ کرد، هیچی تر. ئاینور گوتی ڕووبا من بۆ شتێک هاتووم، ئایا بۆم دەکەی؟

ڕووبا بێ ئەوەی بزانێ چیە گوتی بە دڵنیاییەوە، لیا پێکەنی، لەخۆشی وەاڵمەکە.

ئاینور گوتی ئەدی ئەگەر نەکرا؟ ڕووبا گوتی هیچ شتێک نیە نەکرێ، ئەگەر مرۆڤ بەجددی بڕیار بدات ئەنجامی بدات، پێم بڵێ چیە؟

ئـــاینور کە گـــوێی لە ڕووبـــا بـــوو وا دەڵـــێ هەمـــوو بەســـەرهاتەکەی خـــۆی بـــۆ گێـــڕاوە، لە یەکەم ڕۆژ چـــۆن شـــەهریاری یەکلایـــانە خۆشویســـت و چـــۆن چـــووە لای خەلـــیفەو تـــا ســـەرجێیکردنەکانی لەگەڵـــی و ئەوکـــاتەی بوکۆکەکەی خستە ناو دەریاچەکە.

لەگەڵ گێڕانەوەکـــانیش دەســـتی بە گریـــان کـــردو خـــۆی خســـتە باوەشـــی، گـــوتی مـــن وێـــرانم، مـــن کەوتـــووم، مـــن کەسم شک نەبرد متمانەی پێبکەم، تۆ نەبی.

ئێســـتاش هەســـت دەکەم نـــاتوانم خـــۆم لەو خەلـــیفەیە دەربـــاز بـــکەم، تـــا بوکـــۆکەکە لە بنـــی دەریـــاچەکە دەرنەهێـــنم و نەیســـووتێنم، ئەگەر ڕاســـتیش نەبـــێ جـادووەکە، مـن بـڕوام نـایێ، هەرچـی ڕووبـدا بـۆ بـوونی ئەو بوکۆکەی دەگەڕێنمەوە.

مـن بـێ ئەوەی بـزانم بـۆ، بـێ هۆکـار دیسـان چـوومەوە لای، هەمـان شتیشـم لەگەڵ کـردەوە. ئایـا پێـت وایە ئەو بوکـۆکە لەبنـی ئەو ئـاوە قـوولّە دەربـێ؟ ڕووبـا سـەری مـاچ کـردو فرمێســکەکانی ســڕیەوە، پاشـــان پرچـــی لەســـەر دەموچـــاوی لابـــردو گـــوتی مـــن دەچـــم بـــۆت دەهێـــنمەوە، بـــێ ئەوەی تـــۆش بێـــی پـــێم نیشـــان بـــدەی

لەنـــاو دەریـــاچەکە لە چ ڕاســـتێکە. ئـــاینور گـــوتی بەڕاست، واتا بوکۆکەکە دەگاتەوە دەستی من؟

ڕووبـا گـوتی بە دڵنیـاییەوە. ئـاینور تونـدتر بەخـۆیەوە گوشی و بە شەرمەوەش ماچێکی لە ڕوومەتی کرد.

گـوتی تـۆ بوکـۆکەیەک بـۆ مـن نـاهێنیەوە، تـۆ شـاخێک لەســـەر پشـــتم لادەبەی، کە دەمـــێکە بەو لەشـــە لاواز و ڕەنگە زەردە هەڵمگرتووە ئەی ڕووبای پاڵەوان.

ئینجـا ئـاینور کە دڵنیـابۆوە ڕووبـا بوکـۆکەکەی بـۆ دەهێنێـــتەوە، پـــێش ئەوەی درەنـــگ دابـــێ بە نـــادڵی ڕووبایـــان بەجێهێشـــت، ڕاســـتەوخۆ لە گۆڕســـتانەکە هـــاتنە دەرەوەو، هێـــدی هێـــدی بەرەو مـــاڵ گەڕانەوە. لە ڕێگـا ئـاینور دڵخـۆش دەهـاتە بەرچـاو، لەناکـاو بەبەر چـاوی لیـاوە کە هەسـتی کـرد کـۆڵانەکە چـۆڵە، هەردوو قـۆڵی لێـک کـردەوەو بەدەوری خۆیـدا چەنـد جارێـک سـووڕاوە، سـووڕانەوەیەک، زیـاتر لە منـداڵێک دەچـوو دڵـی خـۆش بـێ، نەک کچێـک حەز لە سـەما بکـات. لیـا گوتی چیتە ئاینور شێت بووی؟

کەسـێک دەتبینـێ. ئـاینور ڕاوەسـتاو گـوتی بـا شـتێکت پـێ بڵـێم، ئەگەرچـی دڵـم هێشـتا پـڕە، چـونکە ئەو هەمـوو

شـتەی ئامـادەم کردبـوو پێـی بڵـێم، پـێم نەگـوت، بەڵام بینینـی، ڕاوەسـتان لەگەڵـی، بـۆنی، خەنـدەو بەرکەوتنـی بەسـە بـۆ ئەوەی هەمـوو شـتێکی لـێ وەرگـری، ئەو کەمە باوەشـە دەزانـی چەنـد ئـارامی کـردمەوە؟ دەموچاویـت بینـی چەنـد بە هەیـبەت و دڵگیربـوو؟ چەنـد خۆشەویستی لێوان لێو لێ دەڕژا؟

لـێمگەڕێ بـا سـەما بـکەم هـاوڕێ، لـێمگەڕێ دڵـم بەسەرسەرمەوە بفڕێ.

لەوە زیـاتر کێـوە، لەو زینـدانە خەریـکە دەربـازم دەبـێ کە بەخـۆم چـوومە نـاوی و هەر بەخـۆم لەسـەر خـۆم دەرگـاکەم کلـۆمم دا، دەزانـی لەگەڵ چـوون بـۆ مـاڵی خەلیفە تا ئێستا چەندم ئازار چێشتووە؟

ئـای ئەو چەنـد دڵـی گەورەیە، چەنـد لێبـووردەیە، خـۆ هـیچ سـەرکۆنەی نەکـردم لەسـەر ئەو هەمـوو خـراپەیە. لیـا گـوتی ئـاینور حەقـی خـۆتە، منـیش زۆر پێـی سەرسـام بـووم، کاتێـک بـێ باکـانە گـوتی مـن بوکـۆکەکە دێـنمەوە بـێ ئەوەی بیـر لەوە بکـاتەوە بڕیـارێکی چەنـد قوڕس دەدات.

بە هەمووکەس دەکرێ بچێ بێ هیچ ئامێرێکی چوونە ژێر ئاو بوکۆکەیەک فڕێبداتە ناو دەریاچەیەک، بەڵام بەکێ دەکرێ بێ هیچ ئامێرێک بچێ بیهێنێتەوە، لەسەر ئەو بارەش نەزانێ لەچ ڕاستێکە.

(٨٨)

دوای نیـــوەڕۆ هەتـــوان و ژێـــدارو موریـــد هـــاتنە نـــاو گۆڕســـتانەکە، هەرســـێکیان جلـــی ڕەشـــیان پۆشـــی بـــوو، جلێـــک هـــیچ ڕەنگێکـــی تـــر هەتـــا بە قۆپچەکانیشـــیانەوە نەدەبینـــدرا. دیـــاربوو پـــێکەوە دوای ڕووداوی نـــاو ڕێســـتۆرانتەکە، بڕیاریـــان دابـــوو بچـــنەوە لەنـــاو شـــار مۆزیـــک بـــژەنن، کەمێـــک دوودڵیشـــیان پێـــوە دیـــار بـــوو. چـــونکە دەترســـان نەتـــوانن وەک جـــاری پێشـــوو لەبەر چـــاوی خەڵـــک ئەوە ئەنجـــام بـــدەن. یـــان وەک نـــاو ڕێستۆرانتەکەیان لێ بێ، مۆزیکیان بیربچێتەوە.

کە گەیشتنە شوێنەکەی خۆیان، ئامێرەکانیان هەڵگرت و هەرسێک بەرەو دەروازەکە ڕۆیشتن، لەوێوەش ڕێی ناو شاریان گرت. خەڵکی کە لەڕێگا چاویان پێیان کەوت، ناسیاننەوەو لەبەرەخۆیان بەیەکتریان دەگوت وەرن بچینە دوایان سێ گەنجە مۆزیکژەنەکە دیسان هاتوونەتەوە مۆزیکبژەنن. هەندەی نەبرد، نیوەی خەڵکی ئەو شارە بە لێشاو کەوتنە دوایان، ئەوانیش لە پێشەوە دەڕۆیشتن، لەسەر ئەو شەقامەی بەرەو قەڵا هەڵدەکشا. لەبەر قەرەباڵغی ڕێی ئۆتۆمبێل نەما، هاتووچۆی پێدا بکەن. دەسەڵاتداران بەوە تێکچوون، وایانزیانی خۆپیشاندانە، بەزووترین کات هەموو پاسەوانەکانیان بەناو شاردا بڵاوکردەوە. هەتوان و موریدو ژێداریش بێ ئەوەی ئاگایان لێ بێ چ فەرتەنەیەک بەڕێوەیە، چوونە ناو ئەو باغەی گەشتیاران وێنەیان تێدا دەگرت، لەوێ لە گۆڕەپانەکە ڕاوەستان. خەڵکەکەش بە دەوریاندا بازنەیان بەست، بازنەیەک دەتگوت قەڵایەکی تڕە لە خوارەوە دروست کراوە. هەتوان کە زانی کاتی ژەنینە، فلوتەکەی بۆ دەمی بردو بەنەرمی هەوای تێکرد، لەگەڵیشی

پەنجەکانی جولّاندەوە، فلوتەکە ئاوازێکی لێوە دەرهات، هەموو ئامادەبووان بێ دەنگ بوون، ئاوازەکە بەوە دەچوو باسی مێژووی کۆنی ئەو ناوچەیە بکات. کە ڕاوەستا، مورید بە دەفەکەی وەلّامی داوە، سەری خۆشی لەگەلّ دەجولّاند وەک ئەوەی بیەوێ حاڵ بگرێ. پاشان خێرای کرد، خێراییەک هیچی نەدەبینی. خەڵکەکەش ئەوانەی دەیانزانی ئەو دەفژەنینە هی حاڵگرتنە، لێکڕا سەری خۆیان لەگەلّ بادەدا، دەمێک بەمشێوەیە بەردەوام بوون. ئینجا هێدی هێدی مورید سەری خۆی سەبر کردەوەو دەنگی دەفەکەشی نزم، خەڵکەکەش لەگەڵی هەمان شتیان کرد، لەپڕ ژێدار بە کەمانچەکەی ئاوازێکی نەرمی خستە بەر گوێی هەمووان. لەگەلّ ئاوازەکە دەنگی نالّە نالّ لە هەموو لایەک بەرزبۆوە، وەک ئەوەی کەمانچەکە شمشێرێکی تیژ بێ، ئەو بە کۆنە بریان دابێنێ. لەوکاتەی ژێدار خەریکی ژەنین بوو، لە کەلەنی خەڵکەکە دەموچاوی ڕووبای بینی، هەردووکیان سەیری یەکیان کرد، تومەس ڕووبا لەناو گۆڕستانەکە ئەو ڕۆژە بینیبووی بەپەلە

گەنجەکان هاتن ئامێرە مۆسیقیەکانیان بردو ڕۆیشتن، هەستی کرد دەیانەوێ بچن لەناو شار مۆزیک بژەنن، ئەویش بە دوایانەدا هاتبوو، لە پەنایەک بە نهێنی سەیریان بکات. ڕووبا کە بینی ژێدار تەماشای دەکات خەندەیەکی بۆ کرد، وەک ئەوەی پێی بڵێ من لێرەم. ژێدار ڕاستەوخۆ لە خۆشیان فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتە خوارێ. لەوکاتە خەڵکیش بە بەردەوامی وێنەیان دەگرتن و هەر لەوکاتەش لەڕێی ئینتەرنێتەوە بڵاویان دەکردەوە. ئەو دەوڵەمەندانەی لەناو ڕێستۆرانتەکە ئەو سێ گەنجەیان بینیبوو، کە لەناو موبایلەکانیان چاویان پێیان کەوتەوە ڕاستەوخۆ مۆزیک دەژەنن سەریان سووڕما. ناچار بۆ ئەوەی بزانن ئەوانن یان نا، خۆیان پێنەگیراو هەرکەس لە ڕاستیخۆیرا، سواری ئۆتۆمبێلەکەی دەبوو و لەگەڵ هاوسەر، یان خۆشەویست و هاوڕێکەی، بەرەو ناو شار دەهاتن. تا کات گەیشتە نزیک ئێوارە شوێن نەما خەڵکی لێ ڕانەوەستێ، تەنانەت خاوەنی ڕێستۆرانتەکەش خۆی پێنەگیرابوو هاتبوو لەوێ ئامادەبوو، بەڵام لەبەر ئەو خەڵکەی زوو دەوریان لە هەتوان و ژێدارو موریدد

دابـوو، ڕێ نەبـوو هـیچ کەسـێک لێیـان نزیـک بکەوێـتەوە. تەنـانەت خێـزانە دەوڵەمەنـدەکان، پارەیـان دەدا ئەوانـی پێشـە خۆیـان تـا شـوێنەکەی خۆیـان پـێ بـدات، بەس بچـن لە نـزیکەوە بیـانبینن. بەڵام پێڕانەگەیشـتن. لەپـڕ پاسـەوانەکان بە چەکەوە بەنـاو خەڵـکەکە وەربـوون، سـەرەتا ویستیان دەورەیـان گەمـارۆ بـدەن، تـا ئەو سـێ گەنـجە بگـرن، لەگەڵ خەڵـک تـێکەڵ نەبـن و هەڵنـێن، چـونکە دەیـانزانی لەڕێـی گرتنـی ئەو سـێ گەنـجە شـوێنەکەی ڕووبـاش دەدۆزنەوە، نەیانـدەزانی ڕووبـا خۆشـی هەر لەوێ ئامـادەیە. بەڵام لەگەڵ هـاتنی پاسـەوانەکان هەڵـڵایەک پەیـدابوو هەر کەس بابـا بـوو ڕایـدەکرد، گەنجەکـانیش لەنـاو خەڵـکەکە بـزر بـوون، ڕووبـاش دیـار نەمـا، ئەوەی مـایەوە تەنیـا پاسـەوانەکان بـوون، چەنـد کەسێکیشـیان دەسـتگیر کردبـوو. دیـاربوو لێیـان دەدان و پێیـان دەگـوتن ئەو گەنجـانە دەناسـن یـان نـا؟ بـۆچی ڕاوەسـتاون؟ کـێ ئێـوەی تەفـرەداوە گـردببنەوە؟ بەڵام دواتـر زانیـان ئەوهـا هـیچ سەرەداوێکیان دەست ناکەوێت، ناچار بەریاندان.

بەشی بیست و نۆ

(٨٩)

مەستان دوای ئەوەی گوندەکەی بەجێهێشت، بەناو گرد و دۆڵەکاندا دەستی بە گەڕان کرد، بەڵکو ئەو بەتانیەی، یان ئەو قۆناغەی جودی تێدا پێچابۆوە بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی هەر نا دڵنیابێتەوە نەماوە، دەعبا خواردوویەتی. کەچی دەم ڕووبار، ناو ئەشکەت، دۆڵ، کۆندڕ نەما سەری پێدا نەکات و نەچێتە ناوی، لە هیچ لایێ، نە بە پارچە پەڕۆکێک، نە بە پشکە خوێنێک گەیشت. ئەوەش هێنایە ئەو

قەناعەتی مابێ. تا وا ڕێککەوت شەو ڕێی کەوتە ئەو ئەشکەوتەی نەدیم و وان لێی بوون، کە چاوی بە گۆڕەکەی هەورازە ڕەش کەوت، بێ ئەوەی بیناسێ، یان بێ ئەوەی بینیبێتی، تێر لەسەری گریا، دواتر زانی ساردە، چووە ناو ئەشکەوتەکەو یەکێک لە نوێنەکانی دەرهێنا، لەسەر زەویەکە ڕایخست. نەیدەزانی ئەو نوێنانە هێی نەدیمە، ئەو نەدیمەی عەشقی ئەو، بەو چیایانەی یەخست. نەیدەزانی شەو و ڕۆژ پیاوێک شەڕی دەکرد لەو شوێنە، کە ئەو ڕێی پێ کەوتووە دژی بەعس، لە پێناو ئەو. نەیدەزانی تەنانەت ئەو یاتاخەی ڕاشیخستوەو لەسەری دەیەوێ شەو لەناوی ڕۆژ بکاتەوە، چەندین شەو پێشمەرگەیەک بە خەیاڵی ئەو، ڕۆژەکانی تێدا بەسەر بردووە. دوای ڕایەخستنی یاتاخەکە، ئاگرێکی کردەوە لەو دارانەی نەدیم و پێشمەرگە شەهیدەکانی هاوڕێی لەسەر یەکیان دانابوو، لەدیار ئاگرەکە کەوتەوە بیری خێزانەکەی، لەوێ کە خۆی بینی لەو شاخانە تەنیایە و بەو سەرو پڕچ و جلە ڕەشانە، هەر لە دایکە دێوێکی جەرگ سووتاو دەچێ، دەستی بە گریان کرد.

ئەگەر ئەو شـــەوە نەدیـــم بەڕاســـتی بگەڕابـــایەوە دوای ئەوەی بەســـەر گونـــدە وێـــرانەکەی خـــۆی و مەســـتان داچـــۆوە، دیســـان دەرفەت بـــوو بە مەســـتان بگـــات، بەڵام دووبارە ئەوە ڕووی نەدا.

کە شـــەو درەنـــگ داهـــات، مەســـتان بە زگـــی برســـی و لەشـــی مانـــدوو، لەســـەر یاتـــاخەکە، لەدیـــار گەرمـــی ئـــاگرەکە خەو بـــردیەوە. کاتێـــک ســـبەینێ داهـــات ڕاپەڕی، پێـــی نـــاخۆش بـــوو خەوتـــووە. ئـــاخەر ئەو منـــدالێکی بـــزر کردبـــوو، چـــۆن دەبـــێ بـــخەوێ. ڕاســـتەوخۆ هەڵســـتاوە، بینـــی ئـــاگرەکە کـــوژاوەتەوە، ســـەرما جەســـتەی دەگەزێ، بەڵام بـــێ ئەوەی گـــوێ بـــداتە ئەو ســـەرما گەســـتنە، بیـــری کـــردەوە ئەوجـــارە نزیکتـــرین شـــوێنی ئـــاوەدان کـــوێیە بەدوای جودیـــدا ئەوێ بـــگەڕێ. تـــا هەر چ نـــا لە شـــوانێک، لە گاوانێـــک، لە ڕێبـــوارێکی ســـەرە ڕێ، لە هەرچـــی هەیە بپرســـێ ئایـــا منـــدالێکیان نەدۆزیـــوەتەوە بەم نـــاوە، بەو ناونیشـــانە. بەو مەبەســـتە لە ئەشـــکەوتەکە دەرهـــات و لە لـــوتکەکە دابەزی، بەرەو گونـــدەکانی خـــوارەوە هەنگـــاوی نـــا، بەڵام لە ڕۆژی یەکەم خراپتـــر، تووشـــی هەر گونـــدێک دەهـــات چـــۆڵ بـــوو، ناچـــار بە هیـــوای گەیشـــتن بە

گوندێکی تر دەستی پێ دەکردەوە، کە دەگەیشتە گوندێکی تریش، دیسان بەسەر هەمان دیمەنی چۆڵ و وێرانـدا دەچـوو. تـا لە شـوێنێک کە دووبـارە دەیویسـت ئێـوارە دابـێ، دڵـی بە هـاتنی شـەو گیـرا، لەسـەر چـۆک دانیشـت و یەک بە دەنگـی خـۆی قیژانـدی، گـوتی ئەی ئاسـمان کـاتم بـدێ، نـامەوێ بە هـۆی هـاتنی شـەوەکانتەوە ڕاوەسـتم، مـن منـدااڵێکم لـێ وون بـووە، تـۆش هەر لەسـەر حیسـابی خـۆتی، بوەسـتە. ناچـار کە هەسـتی کـرد تـاریکی لەسـەری ڕاناوەسـتێ، لەسـەر ئەو هەمـوو مانـدووێتیە شـکی دەکـرد گونـدێکی تـر ڕەنـگە لەودیـو تەلان و گـردانە هەبـێ، هەڵسـتاوەو غاریـدا، غاردانێـک، هەر نـا پێڕابگـا گونـدێکی تـریش بپشـکنێ. کەچـی چ ڕوویـدا؟ بە نزیـک ئەو مـاڵەدا تێـپەڕی جـودی لـێ بـوو، بەاڵم بەهـۆی ئەوەی مـاڵەکە کەوتبـوونە ئەو دیـو لـوتکەیەک لە خـوارەوەڕا نەدەبینـدرا، تێـپەڕی. تێپەڕینێـک ئەو دایـکە هێـدی هێـدی لەگەڵ هەر هەنگاوێـک گـوایە بـۆ الی کـوڕەکەی دەیهاوێشـت، لێـی دووردەکەوتەوە، تـا گەیشـتە نزیـک گونـدێکی تـر، لەوێ لەگەڵ تاریکـداهاتن لە سـەرباری برسـیەتی و سـەرمای

زۆر، لەبێ هودەییان لەسەر خشتێک، لەناو داروبەردی بەسەریەکدا کەوتوو دانیشت. بەو ئێوارەیە لەدووڕا هەر لە کوندەبەبۆیەکی هەڵنشتوو دەچوو غەمبار بێ. ئەو ڕۆژەش وەک ڕۆژەکانی تر گەڕانەکانی بێ ئەنجام بوو، تا دەهاتیش عەشقی جودی بچووک زیاتر بەرەو ئەو گوند نا، ئەو گوندی دەبرد، تا بەمێشکی داهات لە سبەیڕا وا چاکە بچێ لە شار سۆراغی بکات.

(٩٠)

نەدیم لەناو کاوله گوندەکەیانڕا کە زانی خەڵکەکە ئەنفال کراون، بیری کردەوە بەدوای مەستان دا بگەڕێ بەڵکو مابێ. لەبەر ئەوەی شوێنەکەی مەستانیش کەوتبووە ناوچەی عەرەبەکان، دەبوا ڕێیەک هەڵبژێرێ تا دەستبەسەر نەکرێ بەتاوانی ئەوەی پێشمەرگە بووە.

ناچار لەلای خۆیڕا بڕیاریدا، چۆن لەسەرەتا لەپێناو مەستان بووە پێشمەرگە، ئەوجارە هەر لەپێناو

مەستان بە هەمان شێوە بچێ خۆی ڕادەستی بەعسیەکان بکات و ببێتە سەرباز. هەرچەندە لەدوای ئەو بڕیارە کە ڕەنجدەری لاوچاک و دالّی سەردارو جوتیارە شێت و هەورازە ڕەشی بە بیرهاتەوە دلّی تەنگ بوو، وەک ئەوەی هەڵبژاردنی ئەو ڕێیە خیانەت بێ لەوان. بەڵام کە لەلای خۆیڕا کەوتە لێکدانەوە، گوتی هاوڕێیانم گرنگ نیەتی منە بۆچی ئەو ڕێیە هەڵدەبژێرم، کەس نەزانێ، ئێوە دەزانن، نەک شتێکی تر. ئینجا لەناو گوندەکە، لەبن دار و بەردی ڕووخاو، مقەسێک و پارچە ئاوێنەیەک و گوێزانێکی مووسی دۆزیەوە، چونکە نەدەبا بە ڕیشی درێژ و سەروپرچی زۆر بچێتە ناو ئاوەدانی، ڕاستەوخۆ دەزاندرا پێشمەرگەیە. لەوێ ئاوێنەکەی لە بەرامبەر خۆی داناو بە مقەسەکە، دەستی بەبڕینی ڕیشی کرد، لەگەڵ هەر مقەس لێدانێکیش چونکە وەک هەریەک لە پێشمەرگەکانی تر ڕیشی خۆی خۆشدەویست، فرمێسک تک تک دەڕژا لە چاوی.

کە ڕیشەکەی تەواو کوڕت کردەوە، ئینجا دەستی بە پرچ بڕین کرد، دواتر مووسێکی لەو کەمە ڕیشەش دا

کە مـابوو ڕاسـتەوخۆ لەگەڵ چـاکردنی سـەرو ڕیشـی، شـێوەی گـۆڕا، هەر کەس بیبینـی بـا، نەیدەناسـیەوە. ئینجـا جلەکـان و ئەدیداسـەکەی فڕێـداو جـل و پێڵاوێکـی تـری کـردە بەری، بـۆ ئەوەی لە کەسـێکی لادێیـی بچێـت. دوای ئەو خۆگـۆڕینە، بەرەو کـۆڵیتەکەی تـوتکە ڕۆیـی، ویسـتی لەوێـوە کە بەرزایـی بـوو سـەیرێکی هەمـوو گونـدەکە بکـات، پـێش ئەوەی بەجێـی بێڵـێ. لە نزیـک کـۆڵیتەکەی تـوتکە گـۆڕێکی بچـووکی کەوتە بەرچـاو، دیـار بـوو تـازە بـوو، بە بینینـی ئەو گـۆڕە سـەری سـووڕما، دەمێـک لە دیـاری دانیشـت و لێـی ڕوانـی، هـیچ تێنەگەیـی، تەنیـا بیـری بـۆ ئەوەچـوو ڕەنـگە منـداڵێک بـێ، لەگەڵ شـاڵاوەکە مردبـێ و لاشـەکەی بەجێمـابێ، دواتـر ڕێبوارێـک بەو نـاوەدا تێپەڕیبـێ، خسـتبێتیە ژێـر گـڵ، نەیزانـی ئەوە گـۆڕی ئەو سـەگەیە کە ڕۆیشـت گونـدەکەو مەسـتانی پـێ سـپارد، ئەویـش تـا مـرد لە ئەرکەکـانی کەمتەرخەمـی نەکـرد. تـومەس مەسـتان کە تـوتکەی بینـی بـوو مـردووە، پـێش ئەوەی بـڕواو بەدوای جودیـدا بـگەڕێ، ئەو گـۆڕەی بـۆ هەڵکەنـدبوو، دڵـی نەهاتبوو ئەوها بەجێبێڵێ.

ئینجا نەدیم کە دەمێک لەسەری دانیشت، دەستێکی بە خۆڵەکەی سەری داهێناو هەڵستاوە، لە دوورەوە سەیرێکی هەموو گوندەکەی کردو پاشان ڕۆیشت، مەستان بە کام ڕێدا هاتبۆوە، ئەویش ئەو ڕێیەی گرتەبەر، مەستان لەکوێوە گەڕابۆوە کوردستان، ئەویش لە کوردستانەوە بۆ ئەوێ هەنگاوی نا، لە یەک کات و ساتدا ئەم دووانە دەتگوت دوو تیرن بە تەنیشت یەکدا تێپەڕیوون، بێ ئەوەی کەسیان کەسیان ببینێ، ئەگەرچی لەم دوو ڕیانە نێوانیشیان زۆر کەم بوو، ئەو تێکپەڕینەش وایکرد، پشتیان بکەوێتە یەک و تا دێ لەیەکتری دوورو دوورتر بکەونەوە، ئەمیان وەک پیاوێک بۆ عەشقی ئەو ژنەی خۆشی دەویست، ئەمیشیان وەک دایکێک بۆ عەشقی منداڵە وونبووەکەی. کە گەیشتە شار، بە سواری ئۆتۆمبێلێک بەرەو دەوروبەری ئەو زیندانە ڕۆیشت کە مەستان و خەڵکی گوندەکە تێیدا بەند کرابوون، پێش وەختە دەیزانی خەڵکی گوندەکانی ئەو دەوروبەرە، بەرەو کام زیندان دەبردرێن.

لە هەمان کات حکومەتی بەعسیش چۆن ئەو زیندانە دیاری کرابوو بۆ بەندکردنی خەڵکی ناوچەکە، ئەوهاش سەربازگەی تایبەت داندرابوو، بۆ ئەوانەی لەویڕا دەڕۆن دەبنە سەرباز.

دوای شەو و ڕۆژێک نەدیم گەیشتە ناو عەرەبەکان و خۆی وەک فیرار ڕادەستی بەعسیەکان کرد، ئەوانیش لە بەرامبەر ئەو خۆڕادەست کردنە، بە یاسای سەرۆک کۆمار، لێی خۆش بوون، ئیتر ئەو نەدیمەی پێشمەرگەبوو، بووە یەکێک لە سەربازە بەعسیەکان، ڕاستەوخۆش ناردیانە سەربازگەیەک کەوتبووە نزیک ئەو زیندانەی سیف بن ئەقرەب بەڕێوەی دەبرد، ئەوەش بۆ نەدیم باش بوو، چونکە هەر لە سەرەتاوە خۆشی بەو نیەتە هاتبوو، تا لەکاتی ئاسایی لە سەربازەکان بپرسێ ئایا ئەو خەڵکە هەموو ئەنفال کراون، یان زیندانەکە کەسی تێدا ماوە بەبەر ئەنفال نەکەوتبێ. نەدیم بەسواری ئیڤەیەک ڕۆیشت بۆ ناو سەربازگەکە، سەربازگەکە کەوتبووە شوێنێک دەورەی بیابان بوو، شوورایەکی بۆ کرابوو بە سیمی دڕک، لە قونیچکەکانیشی فەردەی پڕ خۆڵی ڕەنگ

خـــاکی، کرابـــووە نـــوقتە، لەنـــاوەوەش کـــابینەی گەورە گەورە دانـــدرابوو، لە چەنـــد شـــوێنێکیش خـــانووی لەبەرد دروســـتکراو دەبینـــدرا. نەدیـــم ڕاســـتەوخۆ چـــووە لای ئەو ئەفســـەرەی سەرپەرشـــتی ئەو ســـەربازگەیەی دەکـــرد، لەوێ نـــاوی لە دەفتەرێکـــی گەورە نوســـراو دواتـــر ئەفســـەرەکە کە پیـــاوێکی تـــوڕەو تڕوهـــات بـــوو، نـــاردیە لای سەرتاشـــی ســـەربازگەکە، تـــا ســـەری ســـفر بکـــات. نەدیـــم کە لەبەر دەســـتی دانیشـــت سەرتاشـــەکە پیـــاوێکی عەرەب بـــوو، دەســـتی کـــردە مەکیـــنەیەک و ســـەری نەدیمی پاک تاشی.

دوای سەرتاشـــین تاخمێـــک جلـــی ســـەربازیان پێـــدا، لەگەڵ پۆســـتاڵێک. ئەو کەل و پەلانەشـــی نەدیـــم وەری دەگـــرت، بینینـــی هەر یەکێکیـــان شـــەڕی لـــوتکەکەی بەبیـــر دەهێنـــایەوە، چـــۆن بەو جـــلانە بەعســـیەکان هێرشـــیان دەکـــرد، تـــا بیگـــرن، خـــۆی و هـــاوڕێ پێشمەرگەکانیشـــی بە خـــوێن لە بەرگریـــدا بـــوون. ئێـــوارە نەدیـــم چـــووە ئەو ژوورەی دەبـــا لێـــی بمێنێـــتەوە. بینـــی ژوورەکە پـــڕی ســـەربازە، کەس بە کەس نـــیە، هەمـــوو شـــێوەیان لەیەک دەچـــێ ڕەش ئەسمەرن، تـــاک تـــاکە کوردیشـــی تێدابوو.

بە ناچاری لەسەر یاتاخێک دانیشت و سەیری تاق و دیواری ناو ژوورەکەی کرد، بینی بە کلکە مراک و بە خەڵوزی ناوە پاتری، کە ڕەش دەینوسی، هەر یەک بە دڵی خۆی شتێکی نوسیووە. ئەو نوسینانەش دەریدەخست سەربازەکان تێیان دایە غەریبی دایکی کردووە، نوسیتی (یا امی). تێشیاندایە ناوی خۆشەویستەکەی نوسیووە، هەشە ناوی هاوڕێ کوژراوەکەی لە جەنگ، چونکە لە زۆر شوێنیش نوسرابوو (یا صدیقی). بێجگە لەوانە وێنەی دەبابەو کلاشینکۆف کێشرابوو. دوای چاوەڕوانیەکی کەم خواردنی ئێوارە هات، خواردنەکە چەلاو و نۆک بوو، لەگەڵ سەموونی خڕی ڕەق.

هەر کەس سەموونێکی پێدەدرا، چەلاو و نۆکەکەش دەخرا ناو تاسەیەکی گەورە، چەندین سەرباز لەسەری کۆدەبوونەوە تا لە ناوی بخۆن، کە داندرا بێ ئەوەی کەس فەرمووی لێبکات، لە چاوتروکانێکدا، جێ جێ سەرباز لەسەر چەند تاسەیەک کۆبوونەوەو بووە ڕفان ڕفان، بابا بوو پاروویی دەکردو دەستی لەناو چەلاوەکە هەڵدێنا، نۆکی دەردێنا. لەوێ نەدیم کە

ئەو دیمەنەی بینی وەفای پێشمەرگەکانی هاتەوە بەرچاو، کە لەو چیایانە نانێکیان دەست دەکەوت، دەیانکردە چەندین بەش تا هەموو هاوڕێکان لێی بخۆن. کەچی لێرە کەس گوێ بە زگی برسی کەس نادات. ئەو شەوە بە برسیەتی مایەوە، برسیەتیەک شەو تاقەتی لەبەر بڕی، ناچار لەسەر یاتاخەکەی پاڵی داوە، دەستیشی خستە سەر چاوی.

لەناکاو عەرەبێک هاتە لای، دیاربوو بینیبووی بێ تاقەتە، ویستی لە حاڵی بپرسێ، نەدیم بە دڵی تۆند هەڵستاوەو لە تەنیشتە خۆی فەرمووی لێ کرد دانیشێ. کە لەگەڵ یەک کەوتنە گفتوگۆ، دەرکەوت عەرەبەکە کوردیەکی خراپ دەزانێ، نەدیمیش خۆی هەندێک ووشەی عەرەبی فێر ببوو، هەردووکیان بە نیوە کوردی و نیوە عەرەبی، درێژەیان بە قسەکاندا. عەرەبەکە کوڕێکی باش دەرچوو، ناوی خەلەف بوو، نەدیم زوو خۆشی ویست، حەزیشی دەکرد متمانەی پێ بکات، تا هاوکاری بکات لەبۆ دەستکەوتنی هەواڵێک دەربارەی مەستان، هیچ چاری نەبوو دەبوا چاو ساغێکیش هەبێ بۆ ئەمە. ئەو شەوەیان پێکەوە

تێپەڕاند، بە پرسیارکردن لەیەکتری، خەڵکی کوێی و لەکەیەوە هاتوویە خزمەتی سەربازی و تەمەنت چەندە؟

کە بەیانی داهات، لەگەڵ سافیرە هەموو سەربازگەکە بە ئاگا هاتن، بەپەلە سەربازەکان جلی سەربازیان پۆشی و پۆستالێیان کردە پێیان و چوونە ئەو گۆڕەپانەی کوتبووە ناوەڕاستی سەربازگەکە، لەوێ ڕێز بوون. لەوکاتە نەدیم دواکەوت، لەگەڵ دواکەوتنی نەدیم ئەفسەرەکە لێی هاتە ژوورەوەو بە ڕاکێشان بردیە گۆڕەپانەکە، لەوێ لەپێش چاوی هەموان لەسەر زەویەکە دڕێژی کرد، پێیەکیشی لەسەر پشتی دانا گوتی تۆ ئێستا سەربازی، دەبێ لەگەڵ دەنگی سافیرە خۆت گۆڕیبێ و لەو گۆڕەپانە ئامادەبی. نابێ ڕیشت هەبێ، نابێ پۆستالەکانت بۆیاغ نەکرابێ. لەوکاتەی ئەفسەرەکە وا قسەی دەکرد، نەدیم لەژێرەوە کۆمەڵێک دیمەنی هاتەوە بەرچاو، ڕەقبوونەوەی هاوڕێکانی ناو بەفر، ئازایەتیەکانیان، ڕۆیشتن بەناو کونی مەزراو شەڕی دەستەویەخەی سەر لوتکەکە، لەگەڵ ئەو دیمەنانە کە خەیاڵی گەڕاوە،

پۆستاڵی ئەفسەرەکەی بینی. خەریکبوو شێت بێ و لێی هەڵستێتەوە بڵێ ئازایەتی هەموو سەربازەکانت ناکاتە ئازایەتی بچووکترین پێشمەرگە لە چیاکان، ئەو ڕێنماییە سەربازیەت لەچیە؟ بەڵام یەک قسە لەو قسانە دەبووە هۆی گۆڕانی پیلانەکەی، ئەو نەهاتبوو لێرە لە ڕووی ئەفسەرێک ڕاست بێتەوە، بەڵکو هاتبوو هەموو سووکایەتیەک قبوڵ بکات، تا هەواڵێکی مەستانی دەست بکەوێت. ئینجا ئەفسەرەکە کە تۆڕەییەکەی خۆی بە نەدیم داڕێشت، پێی لابرد لەسەر پشتی و پێی گوت هەستە بڕۆ ڕێزی سەربازەکان، نەدیمیش هەستاوەو چووە تەنیشت خەلەف ڕاوەستا، خەلەف هەڵسوکەوتی ئەوئەفسەرەی بەرامبەر نەدیم لەدڵگران بوو. بەڵام نەدەکرا هیچ بڵێ، ئەوان هاتبوونە سەربازی. ئەو ڕۆژە کە ئەفسەرەکە لەلایان ڕۆیشت و سەربازەکان بەناو سەربازگەکە پەرتەیان کرد، خەلەف بە نەدیمی گوت با پیاسەیەک بکەین، خەلەف و نەدیم پێکەوە هێدی هێدی بەرەو خوارەوەی سەربازگەکە بە پیاسە شۆڕبوونەوە.

خەلەف لە ڕێگـــا بە نەدیمـــی گـــوت پرســـیارێک، بەڵام حەزدەکەم ڕاستگۆیانە وەڵامـم بـدەیتەوە، مـن بە چـاوی خـۆم پێشـمەرگەم نەبینیـوە، بەڵام دەزانـم دەڵـێن ڕیشـیان هەیەو لەنـاو ئەشـکەوتەکان دەژیـن، تەنـانەت هەنـدێک کەس دەڵـێن هەر مـرۆڤ نـین، مرۆڤخـۆرن، ئایـا ئەوە ڕاسـتە؟ نەدیـم تەزیەکـی خۆشـی لەسـەری تـا بنـی پێـی بە لەشـی داهـات، کە گوێبیسـت بـوو نـاو و ناوبـانگی پێشـمەرگە لە دڵـی دوژمنەکـانی بەمشـێوەیە ڕەگـی داکوتاوە.

وەڵامـی داوە بەڵـێ، بەڵام بەمشـێوەیەی تێگەیێنـدراون نـا، هێشـتا زووە هەنـدێک شـتت بـۆ بـاس بـکەم لەسـەر جـۆری شـەڕی ئەوانە، دیـاربوو لێـی ترسـا، نەیگـوت ئازایەتی.

خەلەف گـوتی باشـە ئەدی بـۆ ئێـوە هـاتوون لێـرە دەبـنە سـەرباز؟ نـاچن بەگەر وان بـکەون؟ لەکاتێکـدا مـن شـێتی بینینیـانم؟ کەچـی لە دژی یەکـیش لەشـەڕداین. نەدیـم گـوتی بەڕاسـت حەزدەکەی بیـانبینی؟ خەلەف گـوتی بەڵـێ، بەڵام ئەوە مەترسـیدارە بـۆ ئـێمە، بەعـس پـێ بزانـێ لە ئێـوە خراپتـر لەسـێدارەمان دەدا. نەدیـم لەگەڵ

ئەو قسانە خەلەفی خۆشترویست، بەتایبەتی کاتێک دەرکەوت ئەویش کچێکی خۆشدەوێ بە ناوی عائیشە، بەڵام لەبەر ئەوەی عەشیرەتی ماڵی باوکی عائیشە، لەگەڵ عەشیرەتی ماڵی باوکی خەڵەف دوژمندار بوون، نەیاندەدایێ. سەرەتا نەدیم ترسا خەلەف بیەوێ قسەی لێ دەربێنێ، بەڵام دواتر لە ڕێی دڵەوە تێگەیشت ئەو وانیە. بۆیە هێشتا تەمەنی هاوڕێیەتیەکەیان نەگەیشتبووە هەفتەیەک. نەدیم ئێوارەیەک کە لەگەڵ خەلەف پێکەوە دانیشتبوون لەسەر یاتاخێک، پێی گوت خەلەف نازانم بۆ ئەوەندە زوو خۆشمویستی، نازانم بۆ دڵم دەڵێ بڕوای پێبکە. ئەوەی لەهەموو شت زیاتریش دڵنیام دەکاتەوە خیانەتم لێ ناکەی، عاشقبوونەکەتە، چونکە پێم وایە کەسێک عاشق بێ، لە دەستی نایێ کەس بە فەتارەت بدات. خەلەف گوتی بۆ ئەو قسانە دەکەی؟ شتێک هەیە بتەوێ پێم بڵێی؟ نەدیم گوتی بەڵێ ئەمشەو دەمەوێ پێتی بڵێم.

مـــن مەعشـــوقەکەم بەبەر ئەنفـــال کەوتـــووە، بـــۆیە هـــاتوومە بـــوویمە ســـەرباز، دەمەوێ لەم ڕێـــیەوە سۆراغی بکەم. دەنا من پێشمەرگەم.

خەلەف لەگەڵ قسـەکەی نەدیـم چاوەکـانی پـڕ ئـاوبوون، گـوتی یەعنـی ئەو ڕێـیە مەترسـیدارەت هەڵبـژاردووە، هـاتوویە نـاو لەشـکری دوژمـن، تـا سـۆراغی خۆشەویستەکەت بکەی؟

نەدیـم گـوتی بەڵـێ. هێـدی هێـدیش بە چـاوی بە فرمێسـکەوە هەمـوو شـتێکی بـۆ گێـڕاوە، لە سـەرەتاوە تـا کۆتـایی. خەلەفـیش وەک شـێت لە دیـاری دەگریـا، تـا خـۆی پێنەگیـرا، هەڵسـتاوە تونـد باوەشـی لێـدا، لەبـن گوێشـی چرپانـدی گـوتی یەعنـی تـۆ هـاوڕێی ئەو پێشـمەرگە ئازایـانە بـووی لەنـاو بەفـر ڕەق بـوونەوە؟ ئـای لەعەشـق، چـۆن بەرگەت گـرت ئەو ئەفسـەرە پـێ لەسـەر پشـتت دابنـێ. ئـاخەر ئێـوە دەزانـی چ جـۆرە مـرۆڤێکن؟ نەدیـم کە هێشـتا قـوڕگی پـڕ گریـان بـوو، گـوتی مەسـتان شـایانی ئەوەیە، خەلەف پـێم بڵـێ دەبـێ مابێ؟

وەرە بـا واز لەوە بێنـین تـۆ عەرەبـی و مـن کـورد، ئـێمە هەرچـی بـین لەکۆتـایی هەر مـرۆڤ و هەر هـاوڕێین، خـالێکیش نزیکترمـان دەکـاتەوە لەیەک عاشـق بوونەکەمانە.

بـۆ هاوکـاریم نـاکەی؟ پێوسـتە بـزانم خەڵکـی گونـدەکانی دەوروبەری ئـێمە مـاون لەو زینـدانەی ئەوان بـۆی هێنـدراون یـان نـا. خەلەف لەتەنیشـتی دانیشـتەوەو فرمێسـکەکانی لەسـەر ڕوومەتـی لابـرد گـوتی بەچـاوی عائیشـە، لە سـبەی ڕا لەگەڵ تـۆ بە دوای ئەو کەسـەدا بگەڕێم، سەریشم لەسەر دانابێ.

نەدیـم گـوتی بەڕاسـت؟ سـوپاس بۆخـوا دیـاریەکی وەکـو تـۆی بـۆ نـاردووم، ببـوورە بـۆ ئەوکاتـانەی لێـت ترسـاوم قسـەم لـێ دەربێنـی. منـیش لە بەرامـبەر ئەو چـاکەیە شـتێکت لەگەڵ دەکەم، ئەگەر بە بـوون و نەبـوون، گرینـگ بە ڕاسـتیەکە بـگەم، هەوالێـکم لە مەسـتانەوە پـێ گەیشـت، وەرە کە گەڕامەوە بـۆ کوردسـتان عائیشـە هەڵگـرە، دونیـا هـیچ نـیە، ناکـا ئەوەی شـەوێک لەگەڵ ئەو کەسـەی خۆشـتدەوێ پـێکەوە بـی، دەڕۆیـن دەتـبەمە چیاکـان، کەس دەسـتی پێتـان نەگـات. خەلەف گـوتی

بەڕاست؟ ئاخەر پێشمەرگەکان نامانکوژن، بڵێن ئەوانە عەرەبن؟ نەدیم گوتی ئەوە چ قسەیەکە؟ پێشمەرگە کەس ناکوژێ، پێشمەرگە بەرگری لە خاک و زمان و کەلتووری خۆی دەکات، هەر ئەوەندە. ئەوانیش مرۆڤن، لەبیرت چوو ئەوەی بەرامبەرت دانیشتووە یەکێک بووە لەوان؟

خەلەف خەنی بوو، ڕێگایەکی دۆزیبۆوە بە عائیشە بگات، گوتی نەدیمی هاوڕێم چ جوانە لەچیاکانی کوردستان، لەگەڵ عائیشە لەناو مێرگ و گوڵ و گوڵزار بژین. لەسەر کانی و لەژێر داری گەورە گەورە بکەوینە دوای یەک و لەناو گژوگیا، کە ماندووبووین ڕاکشێین بە ئازادی، ئینجا ڕوو لە ئاسمانی شین و هەوری سپی، سەیری ئەو باڵندانە بکەن بەسەر سەرماندا تێدەپەڕن.

***** ***** *****

هەردووکیان ئەو شەوە هەر یەک بە خەیاڵێ چووە سەر جێگاکەی و خەوی لێ کەوت، کە بەیانی داهات، دوای ئەوەی سەرژمێری سەربازی کران و لە مەشقکردن بوونەوە. خەلەف چووە لای نەدیم، گوتی ڕێگایەکم دۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی هەواڵێکمان دەستکەوێ لەناو زیندانەکە.

نەدیم گوتی چ ڕێگایەک؟ خەلەف گوتی ئەو ئۆتۆمبێلە ئیڤەیەی خواردن بۆ ئێرە دێنێت، خواردن بۆ زیندانەکەش دەبات، شۆفێرەکە هاوڕێمە، دەمێکە پێکەوە سەربازین. دەکرێ لەڕێی ئەوەوە هەموو شتێک بزانین، تۆ ناوی سیانی مەستانم بدێ، من دەزانم چی دەکەم. نەدیم لە کاغەزێک ناوی سیانی مەستانی پێدا، لەو ڕێگایەی باشتریش لەبەردەست نەبوو، بۆیە تا بڵێی دڵی بە پێشنیارەکە خۆش بوو. کە نیوەڕۆ داهات، شۆفێرەکە بەخۆی و بە ئیڤەکەوە، لە دەروازەی سەربازگەکە هاتەوە ژووڕێ، کەسێکیشی لە تەنیشت دانیشتبوو، دیاربوو خواردنی هێنا بوو، خەلەف کە چاوی پێکەوت ڕاستەوخۆ چووە لای، لەدوورەوە نەدیم سەیری دەکرد، خەلەف لە پێش

چاوی نەدیم لەگەڵ شۆفێرەکە یەکتریان ماچ کردو شانیان لە شانی یەکدا.

ئینجا پێکەوە دەستیان بە پیاسەکرد، سەربازەکەی لەگەڵ شۆفێرەکەش بوو، هێدی هێدی خواردنەکانی دەهێنا خوارەوە. خەلەف هەموو شتێکی لە شۆفێرەکە گەیاند، کاغەزەکەشی پێدا ناوی سیانی مەستانی لەسەر بوو، دوای ئەوەی پێکەوە زۆر هاتن و چوون.

سەربازەکە لەسەر ئۆتۆمبێلەکەڕا ئاماژەی بە شۆفێرەکە کرد خواردنەکەی دابەزاند. ئینجا شۆفێرەکە بەرەو ئۆتۆمبێلەکە ڕۆیشت و لەگەڵ سەربازەکە، سەربازگەکەیان بەجێهێشت. خەلەفیش هێدی هێدی بەرەو لای نەدیم گەڕاوە. گوتی با دووربکەوینەوە گوێیان لێمان نەبێ قسە دەکەین، کە بەیەکەوە دیسان شۆڕبوونەوە بۆ خوارەوەی سەربازگەکە، نەدیم گوتی چی بوو؟ ئامادەیە هاوکاریمان بکات؟ خەلەف گوتی بەڵێ، پێشی گوتم پاسەوانێک لە پاسەوانەکانی زیندان، کە کلیلی بە دەستە لە نۆرەی خۆی، دەناسم.

ئەمڕۆ دەچمە سەردانی، ناوەکەی پێدەدەم ڕاستەوخۆ بە دوایدا بگەڕێ، سبەی هەواڵتان بۆ دێنمەوە. تەنانەت هەوڵدەدەم بەخۆم بەچاوی خۆم ئەو کەسە ببینم. نەدیم شاگەشکەبوو لە خۆشیان گوتی قەت ئەو چاکەیەی ئێوەم لەبیرناچێ.

ئاخەر ئەوەی ئێوە بۆ منی دەکەن، کەس بۆ کەسی خۆی نەکردووە. ڕۆژی دواتر کە شۆفێرەکە هاتەوە ناو سەربازگەکە، بەتەنیا بوو، ڕاستەوخۆ نەدیم لە شوێنەکەی هەڵستاوە، کە لە سبەینێ زووەوە ڕوو لە دەروازەکە چاوەڕێی دەکرد، هەواڵی مەستانی بۆ بێنێ. خەلەفیش لە نزیکی دانیشتبوو. شۆفێرەکە کاتێک ئۆتۆمبێلەکەی ڕاگرت و دابەزی، بەتەنیا بانگی خەلەفی کرد، کە خەلەف چووە لای، دەمێک پێکەوە ڕاوەستان، نەدیمیش هەر لێیانی دەڕوانی، دواتر شۆفێرەکە دەستێکی لەسەر ملی خەلەف داناو لێی دوورکەوتەوە، نەدیم ڕاستەوخۆ کە بینی شۆفێرەکە ڕۆیشت، بەرەو لای خەلەف هەنگاوی نا، هەر لەدوورەوە گوتی چی بوو؟ خەلەف وەڵامی نەداوە، گوتی با بچینە خوارەوە پێت دەڵێم. نەدیم بەگەر

خەلەف کەوت، شلّەژانیشی پێوە دیار بوو. کە چوونە خوارەوەی سەربازگەکەو کەسیان لێ دیار نەما، خەلەف بە چاوی بە فرمێسکەوە، دیاربوو زگی بە نەدیم ساوتا چاوەڕێی چ هەواڵێکە، کەچی چ هەواڵێکی پێیە بۆی، گوتی بەداخەوە هاوڕێ. نەدیم گوتی یەعنی چی بەداخەوە؟ خەلەف گوتی ڕاستە هێندراونەتە ئەو زیندانە، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک، لە خوارەوە لە خاکیان ناون. ئێستا هیچ کەسێک نەماوە لە خەڵکی ئەو گوندە، نەک هەر مەستان.

نەدیم لەگەڵ ئەو قسەیە خەریکبوو بخنکێ، گرێیەک لە گەرووی پەیدابوو، گرێیەک نە دەبووە گریان، نە ئاهێک بێتە دەرەوە. نە دەیتوانی قووتی بدات بچێتەوە ناو زگی، نە لێشیگەڕێ لەوێ بێ.

ناچار وەکو شێتێک ڕووی لە بیابان کردو یەک بەدەنگی خۆی هاواری کرد، مەستان، تۆ ئەگەر لێرەی من نزیک کەوتوومەتەوە، تۆ ئەگەر ماوی گوێ بگرە بەدواتدا هاتووم، مەستان تەنانەت ئەگەر لەخاکیش نراوی، پێم بڵێ شوێنەکەت لە چ ڕاستێکە تا بێم لەوێ خۆم لەگەڵت لە خاکە بنێم. ئینجا ڕووی لەخەلەف

کـردو گـوتی کـوا بـاوکم، کـوا دایکـم؟ کـوا خەڵکـی گونـدەکە؟ بـاوکی مەسـتان؟ مـام ڕواڵـی پیـر؟ پوورڕێحـان؟ تـۆ ئەوانە ناناسـی وایە؟ بەڵام مـن دەیانناسـم، لەمێژیشـە نەمـدیون. ئـاخەر ئەگەر لێـرە نـزیکن بـۆ وەڵامـم نـادەنەوە، مـن کـێم هەیە ئەوانە نەبـن؟ مـن بـۆ بمێـنمەوە بەتەنیـا، ئـاخەر لەو غەریبسـتانە چـی دەکەم؟

خەلەف لەگەڵ ئەو قسـەیە دەسـتی لە ملـی کـرد، گـوتی تۆ غەریب نی نەدیم من براتم، بۆ وا دەڵێی؟

نەدیـم گـوتی خەلەف ئەو ئـازارەت نەبینیبـێ نـازانی ئێشـەکەی چەنـدە. مـن بـێ هێـز نـیم، بەڵام ئەوە شـەڕی هێـز نـیە. نەدیـم تـا دونیـا تاریـک داهـات ڕوو لە بیابـانەکە قسـەی کـرد، دواتـر خەلەف قـۆڵی گـرت و بـردیەوە ژووری، لەسـەر یاتـاخەکەی دریـژی کـرد. نەدیـم لەسـەر جێگـاکەی یەک یەک ئەو ڕۆژانەی بەبیردەهـاتەوە لە شـوانیەتی، دوور بە دوور سـەیری مەسـتانی دەکـرد، مەسـتانی خـوێن شـیرین، کە پرچـی لە پشـتەوە بەسـتابوو، گۆپاریکیشـی گرتبـووە دەسـت، مەڕەکـانی مـاڵی بـاوکی دەلەوەڕانـد. ئەو دیـمەنە لە هەمـوو

دیمەنەکان زیاتر دووبارە دەبۆوە لەبەرچاوی. خەلەفیش وەک هاوڕێیەکی بە وەفاو غەمخۆر لەدیاری دانیشتبوو، دەترسا شێت بێ. چونکە دەیزانی ڕووداوێکی ئاسایی نیە بەسەر ئەو هاتووە. نەدیم دوای ئەوەی زانی مەستان و خەڵکی گوندەکە بە گشتی نەماون، نزیکەی مانگێک قسەی نەکرد، لەبەر خەلەف نەبا، نان و ئاویشی نەدەخوارد. بەڵام سەبەینێیەک خەلەف بەپەلە هاتە لای، هەواڵێکی تا بڵێی سەرنجڕاکێشی پێگەیاند، هەواڵێک لەناو جێگاکەی قیتی کردەوە، ئەویش ڕاپەڕینی کوردەکان بوو لە هەموو شارو شارۆچکەکان، دژی حکومەتی بەعس.

(٩١)

بەفـر توابـۆوە، گژوگیـا سـەری دەرهێنـابوو، ڕۆژیـش گەرمـیەکەی دەگەیشـتە هەمـوو لایەک. ژنەکەی دایکـایەتی بـۆ جـودی بچـووک دەکـرد، کە لە خـانووەکە هـاتە دەرێ بینـی کەش و هەوا خۆشـە، ڕاسـتەوخۆ چـۆوە ژووری و بە مێـردەکەی گـوت ئەمـڕۆ ئـێمەش لەگەڵـت دێـین بـۆ ئەشـکەوت، لای مەڕومـاڵاتەکە. مێـردەکەی گـوتی وەرن بەڵام تـا ئێـوارە چـی دەکەن لەوێ؟ بێـزار دەبـن. ژنەکە گـوتی مـن پێشـوەختە

منـــداڵەکان لەگەڵ خـــۆم دەبەمە ســـەر ئەو لـــوتکەیەی بەرامبەرمـــان، دەمـــێکە لەوەتەی بەفـــر گرتـــوویەتی حەزیـان لێیە. پیـاوەکە خەنـدەیەکی کـرد گـوتی منـداڵەکان یـــان گورگـــۆ؟ ژنەکە گـــوتی هەموویـــان، دیســـان ئەو قســـەیەت کـــردەوە؟ پیـــاوەکە کە زانـــی ژنەکە بەوە تێکـــدەچێ، گـــوتی تەواو گـــاڵتەم کـــرد، کەواتە خۆتـــان ئامـــادە بـــکەن، بـــابڕۆین. ژنەکە منـــداڵەکانی حـــازر کـــردو پـــێڵاوی کـــردە پێیـــان، ئینجـــا هەموویـــان لە مـــاڵەوە دەرهـــاتن و هێـــدی هێـــدی بەڕێکەوتـــن. جـــودی لەگەڵ ســـێ منـــداڵەکەی تـــر بە ئاســـانی بە پـــێ دەڕۆیـــی، لەوانـــی تـــریش گورجوگـــــۆڵ تـــــر بـــــوو، چاوێکیشـــــی بەردەوام لە دەوروبەر دەگێـــڕا. منـــداڵەکەی هاوشیریشـــی، دایکـــی خســـتبوویە نـــاو چارۆگێـــک، لە پشـــتەوە خـــۆی کـــڕ کردبـــوو. کە گەیشـــتنە نـــاو قەدی چیـــاکە، پیـــاوەکە بە ژنەکەی گـــوت، بـــڕۆن ئێـــوە ڕێـــی دەستەڕاســـت بگـــرن، ئەو ڕێـــیە دەتـــانگەینتە ســـەرەوە. منـــیش دەچـــمە لای مەڕومـــاڵاتەکە، دەبـــێ بەریـــان بـــدەم، دەزانـــم برســـێتیان. دواتـــر وەرنەوە ئەشـــکەوتەکە چاوەڕێتـــانم. ئینجـــا لەوێـــوە ژن و منـــداڵەکان بەرەو لـــوتکەکە بەڕێکەوتـــن، پیـــاوەکەش

لێیان جیابۆوە، چووە لای مەڕومالاتەکەی. دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ هەورازو ئەو بەردانەی کەوتبوونە سەر بزنەڕێیەکەی دەڕۆیشت بۆ سەرەوە، ژن و منداڵەکان گەیشتنە ئەو شوێنەی بۆی دەچوون. جودی لەگەڵ گەیشتن بەوێ ڕاستەوخۆ غاری دا لای ڕۆژهەڵات، لەوێوە سەیرێکی خوارەوەی کرد، دواتر ڕووی خۆی وەرگێڕا غاریدا لای ڕۆژئاوا، لەوێوەش سەیری خوارەوەی کرد، دواتر چووە لایەکانی تریش، ژنەکەش سەیری دەکرد، سەری سووڕمابوو، لەو هەموو دڵخۆشیەی لە جودیدا دەیبینی.

دوای ئەوەی جودی لە هەموو لایەکی ڕوانی، چووە سەر بەردێک دانیشت، هەردوو دەستی خستە بن چەنەگەی و لە دووری دەڕوانی.

منداڵەکانی تریش هەر یەک خەریکی شتێک بوون، دیاربوو ئەوەی گەورە بەردی دەهاوێشت بەرەو خوارەوە، منداڵی دووەمیش لە لای گۆمە ئاوێک دانیشتبوو، دەستی کردبووە چیلکەیەک لە قوڕەکەی وەردەدا. منداڵی سێیەمیش بەردی هەڵدەداوە، سەیری کرم و ئەو مێروستان و مێروانەی دەکرد کە لەبنەوە

لە سەرما خۆیان پاراستبوو بە درێژایی زستان، کە جیهانێکی جیاواز لەوێ بوو بۆخۆی. منداڵەکەیتریش لەناو چارۆگەکە، نەدەهاتە خواریێ. دوای ئەوەی جودی لەو خەیاڵە قوولّە کە کەس نەیدەزانی بیر لە چی دەکاتەوە، پچڕا.

لە شوێنەکەی خۆی ڕووی سوورڕاندو سەیری لوتکەیەکی تری کرد کە لەناو چیایەکەڕا دیاربوو، ژنەکە هەستی پێکرد، بەو سەیرکردنەی جودی ترس لە دڵی نیشت، زانی بیر لەوە دەکاتەوە چۆن بۆ ئەوێ بچێ، پەشیمانیش بۆوە ئەوی بۆ سەر ئەو لوتکەیە هێناوە، چونکە بۆی دەرکەوت ئەوها بڕوا شتی زیاتر دەچێتە مێشکی. لەبەرئەوەی شتەکانیش کۆتاییان نیە، کەواتە ڕۆیشتنی ئەویش بۆ گەیشتن بە شتەکان کۆتاییان نابێ. ڕاستەوخۆ لێی نزیک کەوتەوە گوتی چیە؟ جودی خەندەیەکی کرد، زانی ژنەکە بەشێوەیەکی تر ئەو پرسیارە دەکات. ئینجا ژنەکە بۆ ئەوەی جودی شتی تر نەبینێ. گوتی منداڵینە دەبێ بڕۆین، تا دەچینە خوارەوەو دەگەینە ئەشکەوتەکە دەبێتە نیوەڕۆ. ژنەکە و هەموو منداڵەکان بەرەو

ئەشکەوتەکە بە ڕێ کەوتن. لەگەڵ نیوەڕۆ گەیشتنە شوێنی پیاوەکە، دیاربوو پیاوەکە لەوێ نەبوو، مەڕومالاتەکەی بردبووە لەوەڕ.

ژنەکە بۆ ئەوەی خواردنێک ئامادە بکات، سەیری ناو ئەشکەوتەکەی کرد، بینی نانی لێیە، ئەو نانانەش هی ئەو ڕۆژانە بوو مابۆوە کە بە پێ خۆری دەیدا پیاوەکەی، تەنیا تەڕکردنی دەویست.

لەلایەکیش نانەدینێکی بچووک هەبوو، کە مەنجەڵێکی ڕەش و یەک دوو قاپ و چایەپەستیشی لێ دانەدرابوو. لەگەڵ ڕۆن و پیازو شەکر و چا. ئەویش هەڵستا لەگەڵ منداڵەکان لەدەورو بەری ئەشکەوتەکە گەڕا تا چارۆگێک کوارگی کرد. پاشان ئاگری کردەوەو کوارگەکەی خستە سەری. بۆنی کوارگ و ڕۆن و پیاز بە هەموو لایەکدا بڵاوبۆوە.

کە کوارگەکە کوڵا، لەگەڵ منداڵەکان جەمی نیوەڕۆیان لێ خوارد، ئەوەی ماوەش بۆ جەمی ئێوارە هەڵیانگرت. کە ئێوارە مێردەکەی بەخۆی و بە مەڕوبزنەکانەوە گەڕاوە. چونکە کەش و هەوا بەهاری بوو، بڕیاریاندا ئەو شەوە لەوێ بن. هەڵستان ئاگرێکی

گەورەیان لەبەر دەرکی ئەشکەوتەکە کردەوە، پێکەوە دەوریان لێدا، مەڕوبزنەکانیشیان لە بنەبانەکە داکرد. پیاوەکە پەستەکێکی لەسەر شان دانابوو، پەستەکەکە دوو قوچەکی لەم لاو لەو لای شانی هەبوو، دەتگوت قۆچە. دایکەکەش خوریەکی مەڕی بەسەر پشتی خۆی دادابوو، منداڵەکانیش لە دەوریان بوون.

جودی بە ووردی لەناو ئاگرەکەی دەڕوانی، لەناو چاوە قاوەییەکانی ئاگرەکە دەبیندرا. دوای ئەوەی نان و چایان خوارد، پیاوکە شمشاڵێکی دەرهێناو دەستی بە ژەنینی کرد، شمشاڵەکە لە ئێسک دروست کرابوو. ژنەکەشی دەستی خستبووە بن چەنەگەی و خەیاڵ بردبوویەوە. دوای ئەوەی مێردەکەی لە شمشاڵ ژەنین بۆوە، ژنەکە خەندەیەکی کردو گوتی چەند خۆشبوو. ژن مێردێکی هەبێ مۆسیقای بۆ بژەنێ، دەبێ چ شتێک هەبێ دڵی تەنگ بکات؟ دواتر ژنەکە بۆ ئەوەی منداڵەکان بێزار نەبن، گوتی وەرن حەکایەتێکتان بۆ بگێڕمەوە، منداڵەکان خەنی بوون، ڕوویان تێکرد، ژنەکە لەدیار قڕچ و هۆڕی ئاگرەکە دەستی بە حەکایەتەکە کرد. لەناکاو لە دەرەوە

پیاوەکە گوێی لێ بوو لورە لوری گورگ دێ، بە ژنەکەی گوت یەک دەقە، کەمێک بێ دەنگ بن ئێستا گوێتان لە لورەی گورگ دەبێتەوە.

ژنەکەو منداڵەکان لەگەڵ ئەو قسەیە بێ دەنگ بوون. هەندەی پێنەچوو، دەنگی گورگەکان هات. دیاربوو بە کۆمەڵ بانگی یەکتریان دەکرد، منداڵەکەی دووەم ترسا، خۆی بە دایکی وەنوساند. منداڵە گەورەکەش خۆی وا دەرخست ئازایە، گوتی دەنگیان چەند خۆشە. منداڵەکانی تریش بێ دەنگ بوون. جودیش سەیری تاریکایی دەکرد، ئەو سەیرکردنەی جودیش، کە لەلای وان هەرناویشی ببووە گورگۆ، زیاتر وایکردبوو منداڵەکەی دووەم بترسێ. دوای ئەوەی گورگەکان دوورکەوتنەوەو هیچ هەست و خوستێکیان نەما. شەو درەنگ پیاوەکە گوتی بۆ شیرێک نەخۆینەوە، ژنەکە پێی خۆش بوو، ئینجا هەردووکیان هەڵستانەوە، بزنێک بدۆشن، تا شیرەکەی لەناو مەنجەڵێک بخەنە سەر ئاگر و لێی بخۆنەوە. منداڵە گەورەکەش چوو لە لایەکی ئەشکەوتەکە داری زیاتر بێنێ، کە دایکەکە گەڕاوە شیرەکە بخاتە سەر ئاگر، بینی جودی نەماوە.

ڕاستەوخۆ مەنجەڵەکەی داناو لە ڕوومەتی خۆی دا، گوتی پیاوەکە کوا گورگۆ؟ لەگەڵ ئەو قسەیە پیاوەکەش تەنگاو بوو بە زووترین کات هەموو ناو ئەشکەوتەکە گەڕان جودیان نەدۆزیەوە، وەک ئەوەی زەوی قووتی دابێ.

کە زانیان گەڕان لەناو ئەشکەوتەکە بێ سوودە، ژنەکە و پیاوەکە دەستیان کردە داری سەر بەئاگرو بە منداڵە گەورەکەیان گوت تۆ ئاگات لە منداڵەکان بێ، تفەنگێکیشیان دا دەستی بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆی و منداڵەکان پێ بکات، نەوەک درندەو دەعبایەک لیان بێتە ژووری. پیاوەکە و ژنەکە لەناو ئەو چیا و چۆڵە دەستیان بە گەڕان کرد، تەنیا ئاگرەکانی دەستیان لە دوورەوە دیاربوو، یەک بە دەنگی خۆیان هاواریان دەکرد، گورگۆ، گورگۆ، تۆ لەکوێی وەرەوە، تۆ بۆکوێ ڕۆیشتی بگەڕێوە ئەشکەوتەکە. دوای ئەوەی هەستیان کرد هاوار هاوارەکەیان بێ فایدەیە، ژنەکە لە ڕێگا بە پیاوەکەی گوت پێم وابێ بە دوای دەنگی گورگەکاندا ڕۆیشتووە. پیاوەکە گوتی گورگەکان بۆ؟ ژنەکە گوتی

لەگەڵ قسەکەی تۆ کە گوتت ئەوە دەنگی گورگە، ڕەنگە سەرنجی ڕاکێشابێ.

ئەو شەوە تا نزیک بەیانی شوێن نەما لێی نەگەڕێن نەیاندۆزیەوە، ژنەکە کە گەڕاوە ناو ئەشکەوتەکە زۆر گریا، گریانێک منداڵەکانی خۆشی بزربان هەر ئەوەندە سووی لێ بوو. کە دونیا ڕۆناک داهات، بە دڵێکی غەمبار لەگەڵ منداڵەکانی بەرەو ماڵەوە شۆڕبوونەوە، بێ جودی.

پیاوەکەش بەڵێنیدا، بەدوایدا بگەڕێ. بەڵام شتێک ڕوویدا کەس بڕوای نەدەکرد، ژنەکە لەخۆشیان خەریک بوو باڵ بگرێ. کاتێک لە ماڵەوە نزیک کەوتنەوە، بینی جودی لە بن هەیوانەکە لەنزیک ئەو بزنەی مەمکی دەمژی، خەوتووە. تومەس کاتێک شەو لە ئەشکەوتەکە پیاوەکە و ژنەکە چوون بزنەکە بدۆشن، تا شیرەکەی بکوڵێنن و بیخۆنەوە، ئەو جیا لەو بزنەی بۆ ئەو وەک دایک وابوو و مەمکی دەمژی، وەک وەفایەک پێی ناخۆش بوو شیری بزنێکی تر بخواتەوە، بەو شەوەش حەزی چووبووە شیر، هەڵستابوو لە ئەشکەوتەکەڕا گەڕابۆوە ماڵ. ژنەکەش

یەکەوسەر بەوەی زانی. کە لێی نزیک کەوتەوە تێر ماچی کرد، توند توندیش بە سینگی خۆی وەنا. ئێوارەش کە پیاوەکەی بەرەوماڵ هەنگاوی دەنا، بێ ئەوەی هیچ هەواڵێکی جودی دەستکەوتبێ، دڵی توند بوو، تا تەواویش نزیک بۆوە لەماڵ بۆی گریا، بەڵام کە دەرگای کردەوەو سەری بە ژوورەوە داگرت، شاگەشکەبوو چاوی بە جودی کەوت. بەپەلە پێڵاوەکانی لە پێ کردەوەو خستیە باوەشی خۆی، گوتی کوڕە تۆ جادووی خۆشەویستیت لە منیش کردووە ئاگام لێ نیە، قەت نەمدەزانی ئەوەندە خۆشمدەوێی، تا دوێنێ شەو بزر نەبووی. منداڵەکانیش هەموو لێی کۆبوونەوە گوتیان ئێمەش خۆشماندەوێی تەنانەت ئەوەی دووەمیش، بەڵام جیا لەوان کەمێک بە ساردی.

بەشی سی

(٩٢)

ئـــاینور شـــەوەکەی کە گەڕاوە مـــاڵ، دووبـــارە چـــووە کتێبخـانەکە، لەوێ لەدیـار ڕۆنـاکی ئەو مـۆمەی پێبـوو لە ژوورەوە، کەوتە بیرکـــردنەوە لە ڕووبـــا، خەنـــدەکانی دەهـاتە پـێش چـاو، قسـەکردنەکەی، هەنگاوەکـانی، کە بـێ باکیـــان پێـــوە دیـــاربوو، ئەوەش تـــا بڵێـــی سەرســـامی کردبـــوو. هەســـتی دەکـــرد دەیەوێ خۆشـــیبوێ، بەڵام خـۆی لەو ئاســته نەدەبینـی بتـوانێ ڕووبـا بخـاتە داوی خۆشەویســـتی، ئەو لە ئەســـپێکی خـــورت و کێـــوی دەچوو، کەس نەیدەتوانی بەرزەفتی بکات.

لەپـــر داودی دارتـــاش لە دەرگـــای دا، ئـــاینوریش زانـــی بـــاوکیتی، چـــونکە لەڕێـــی لە دەرگـــادانەکەوە دەیناســـیەوە، چـــوو دەرگـــای لـــێ کـــردەوە و داود ڕاســـتەوخۆ پێـــی گـــوت کـــچەکەم دەبـــێ بیـــر لەچـــی بکـــاتەوە؟ ئـــاینور لە دڵـــی خـــۆی گـــوتی خـــۆ ئێســـتا نـــاڵێم ڕووبـــا، تەنـــانەت چـــوویمە سەردانیشـــی، ئـــاخەر دوای گیـــرانەکەی تـــۆ، ئەوە بڵـــێم دەبـــێ چ هەســـتێکت هەبـــێ. وە چـــاک دەشـــیزانی داودی بـــاوکی شـــوێنی ڕووبـــا پـــێ نـــازانێ. خۆشەویســـتی ڕووبـــا لەلای کچەکـــان بەشـــێوەیەک ڕەگ و ڕیشـــەی داکوتـــابوو، تەنـــانەت کچەکـــان لە زمـــانی باوکیشـــیان دەیانپاراســـت، بـــۆ ئەوەی دەســـەڵاتداران بە شـــوێنەکەی نەزانـــن. داود کە دانیشـــت، ئـــاینور بـــۆ ئەوەی خـــۆی لە پرســـیارەکەی بـــدزێتەوە گـــوتی بیـــرم لە کتێـــب دەکـــردەوە. داود گـــوتی بیرکردنەوەیەکـــی باشـــە. کەواتە دەبـــێ شـــتێکم پێشـــکەش بـــکەی، هەتـــا لە دونیـــا مـــاوم. ئـــاینور گـــوتی چ شـــتێک؟ داود هەڵســـتاوە دیـــوانەکەی مەحـــوی لەنـــاو کتێبەکـــان دەرهێنـــا، ڕاســـتەوخۆ دانیشـــتەوەو بە ئـــاینوری گـــوت تۆش دانیشە.

کە ئـــاینوریش دانیشـــت، دیـــوانەکەی لە پێشـــی دانـــاو گـــوتی شـــیعری (مـــامەڵەی مەخلـــوق)م بـــۆ بخـــوێنەوە. ئاینور گوتی من و شیعر خوێندنەوە؟ ئاخەر ناتوانم.

داود گـــوتی دەمـــێکە کە شـــیعر دەخـــوێنیەوە لەپشـــت ئەو دەرگـــایە دێـــم وەک قوتـــابیەکی لە مامۆســـتا ترســـاو قوتـــابیەکی شـــەرمن و درِدۆنـــگ، گـــوێ دەگـــرم. تەنیـــا بـــۆ ئەوەی گـــوێم لە شـــیعرەکانی مەحـــوی بـــێ، بە دەنگـــی تـــۆ. دەزانـــی تەمەنـــم گەیشـــتە ئێـــرە کەســـێکم نەدۆزیەوە وەک تـــۆ شـــیعری کلاســـیک بخـــوێنێتەوە؟ تـــۆ دەزانـــی چـــۆن مـــامەڵە لەگەڵ ووشـــەکان بـــکەی. وەک میوەفرۆشـــێک کاتێـــک میوەکـــان بژاردەکـــات، کامیـــان جـــوانە دەیخـــاتە بەرچاوان.

ئـــاینور کە گـــوێی لە بـــاوکی بـــوو، لەپشـــت دەرگـــا ڕاوەســـتاوە کاتێـــک شـــیعری خوێنـــدۆتەوە زگـــی پـــێ ســـووتا، ئـــاخەر بـــاوک چـــۆن دەبـــێ لە پشـــت دەرگـــا، بە دزی، بەو سەروڕیشـــە ســـپیەوە ڕاوەســـتێ، تەنیـــا بـــۆ ئەوەی گوێی لە شیعر خوێندنەوەی کچەکەی بێ؟

گـــوتی بـــاوکە تەواو، بەڵام دەکـــرێ پـــێم بڵێـــی بـــۆ ئەو شـــیعرەت هەڵبـــژارد؟ داود گـــوتی چـــونکە بـــۆ ئەو هەمـــوو

بەســـەرهاتەی مـــن لە ژیانمـــدا بینـــیم و ئەو بـــازارەی دوکـانە دارتاشـیەکەمی لەخـۆی گرتـووە، ڕۆژ تـا ئێـوارە خەڵـــک وەک مێـــروولە بە پێشـــیدا دێـــن و دەچـــن، لەو شـیعرە گونجـاوتر نـیە. ئـاینور گـوتی تێگەیشـتم، ئینجـا شـــیعرەکەی دۆزیەوەو دەســـتی بە خوێنـــدنەوەی کـــرد، بە دەنگێکی ناسک:

ئەوەی ئەمڕۆ بە دەوری تەختیایە هەلهەلەی مەخلوق
لەدەوری نەعشیا سبحەی دەبینێ وەلوەلەی مەخلوق

بە پەل پەل کردنی سبحەی ئەگەر ببوایە باوەڕیان
دەبوو قەت بەم حەدە نەبوایە بۆ دونیا پەلەی مەخلوق

دەخاتە فکری ئەهلی مەعریفەت شێوەی جەجاڵ ئەلحەق
دەبینی بەعزە ئەشخاسێ بەدوویا خەرگەلەی مەخلوق

وەها پڕ فتنە بووە عالەم کە ئیبلیسێکی وەک ئیبلیس
نەماوە مەئمەنی غەیری کڵێشە و کەڵکەڵەی مەخلوق

لەپەردەی جیلوەیەکتا ڕووونمایە شۆڕی سەد مەحشەر
نیقابێ لادە لەو چیهرە، ببینە زلزلەی مەخلوق

بە ئاوی تێ گەیشتین ئێمە دونیا، هەر سەرابێ بوو
هەموو دەشچین بەخنکان و لە ووشکیشە مەلەی مەخلوق

لە سووقی دەهردا دوکانی هەرکەس موددەتی عومرە
گەوهەر دانە بە پشکڵ دانە " مەحوی " مامەڵەی مەخلوق

کە ئاینور شیعرەکەی خوێندەوە، داودی دارتاش گوتی ئەڵڵا چەند جوانی فەرمووە ئەو پیاوە. ئینجا ئاینور دوای قسەکەی داود لەپڕ بێ ئەوەی کەس پێی گوتبێ، گوتی باوکە ئەمشەو حەزدەکەم نوێژ بکەم. داود سەری سووڕما چونکە قەت ئاینوری نەبینیبوو نوێژ بکات. گوتی باشە کچم، نوێژکردن و نوێژ نەکردن پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە، بڕۆ ڕووپۆشەکەی دایکت بێنە لەبەری بکەو دووگردیش هەیە لەم ژووورە.
ئاینور گوتی نا، تەنانەت دەمەوێ ئەو جلانەش داکەنم بەڕووتی، چۆن لەدایک بووم ئەوها بچمە بەرامبەر

خـواو نـوێژی بـۆ بـکەم، دواتـر هەر بە ڕووتـی بچـمە باوەشـی و تێـر تێـر لەلای بگـرییم، پێـی بڵـێم کەس نـا ژن دەبـێ بە ڕووتـی نـوێژ بـۆ تـۆ بکـات خـودایە، مـن تەنیـا لەو دونیـایە تـۆ شـک دەبـم لێـت نەترسـێم، چـۆن دەبـێ لەبەرامـبەر تـۆش خـۆم داپۆشـم؟ چـۆن دەبـێ نەتـوانم بە ڕووتـــی خـــۆم بـــخەمە باوەشـــت و دان بەخـــۆش باوەڕیەکـانم دابنـێم؟ ئـاخەر بە ڕووتـی نـێمە ئـامێزی تـۆ، بچـمە ئـامێزی کـێ؟ خـۆم لە تـۆ بشـارمەوە، لەکـێ دڵنیابم؟

داود گـوتی بـۆ بە ڕووتـی؟ ئـاینور گـوتی بـۆ دڵنیـایی، بـۆ ئەوەی هەسـت نەکەیـن جێـی شـەرمین، بـۆ ئەوەی لەلای خـــواش وا نەبینـــدرێین تەنیـــا خـــاوەنی جەســـتەو ئەنـدامێکی جنسـین، ئـێمە ئەونـدەی پـڕین لە میهرەبـانی و خۆشویسـتن، ئەوەنـدە بەو لایـانەدا نەچـووینە، پیاوەکـان لەم ڕووەوە هەڵماندەســـــەنگێنن. داود لە قســـــەکانی ئـاینور حەپەسـابوو، نەیـدەزانی چـی بڵـێ، قسـەکەی بە سـەرێک پـێ جـوان بـوو، بە سـەرێکیش سـەری تێـدا سـووڕمابوو نـوێژ بە ڕووتـی چـۆن دەکـرێ. گـوتی کچـم چـۆن ئاسـودەی ئەوهـا بـکە، مـن دەچـمە دەرەوە، ئەوە

بەینی خۆت و خودایە. داود لە شوێنەکەی هەڵستاوەو ڕۆیشت. ئاینوریش دوای چوونە دەرەوەی باوکی، دەرگای ژوورەکەی کلیلداو دووگردەکەی ڕایەخست، دوای ڕایەخستنی دووگردەکە، هەموو جلەکانی لەبەرکردەوە، هیچ شتێکی لەبەر نەما، ئینجا دەستی بە نوێژ کرد، نوێژێک لە کاتی چەمانەوەو هەڵستانەوە، لەشی لە پەیکەرێکی لە مەڕمەڕ تاشراو دەچوو، بە ڕووتی نوێژ بۆ خودا بکات.

(٩٣)

ڕووبـــا لەگەڵ بەیـــانی لە گۆڕســـتانەکە دەرهـــات و بەرەو دەریـــاچەی دوکـــان بە ڕێ کەوت، کە بە پـــێ گەیشـــتە ڕێگـــای ســـەرەکی و لە شـــار چـــووە دەر، لەســـەر ئەو ڕێگـــایە دەســـتی لە چەنـــد ئۆتۆمبێلێـــک ڕاگـــرت. تـــا یەکێکیـــان ڕاوەســـتا. ئەویـــش ڕاســـتەوخۆ چـــووە لای جـــامەکە و بە شـــۆفێرەکەی گـــوت ئەگەر دەگەیە نزیـــک دەریـــاچەی دوکـــان، مـــن لەگەڵ خـــۆت بـــبە. پیـــاوەکە دیـــاربوو کەســـێکی قســـەخۆش بـــوو، گـــوتی ســـواربە، مـــن

بە نزیک وێدا تێدەپەڕم، هەبوونی یاوەرێکیش بۆ ڕێگای دوور خراپ نیە. ڕووبا لەگەڵ قسەکەی دەرگای کردەوەو سواربوو. لەوێوە وەک ئەوەی دەمێک بێ هاوڕێبن، پێکەوە بە ڕێ کەوتن. لە ڕێگا دەستیان بە قسە کرد.

نزیکەی دوو کاتژمێرو نیوی خایاندو نەخایاند، شۆفێرەکە گەیشتە نزیک دەریاچەکە، بە ڕووبای گوت من لێرەڕا ڕاست دەڕۆم، تۆش ئەم ڕێیە دەبینی؟ دەستی لە جامەکە دەرهێنا، بەریمەدە تا لەو هەورازە بەسەر دەکەوی، ئینجا کە گەیشتیە سەرەوە لەوێوە دەریاچەکە بە دیار دەکەوێ. ڕووبا دوای ئەوەی لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزی بە دەستێک خواحافیزی لێکرد، پێشی گوت قسەکانت خۆش بوون، سوپاس. ئینجا هێدی هێدی بەسەر شەقامەکەدا بەرەو هەورازەکە ڕێی گرت، کە بەناو زنجیرە زوورگێکی ڕەق و ڕووت و بەردەڵان تێدەپەڕی، گەیشتە ترۆپکی هەورازەکە، ئاوێکی شین و فراوانی بینی، ئاوێک دەتگوت ئاسمانی ساماڵە، دابەزیوەتە ناو ئەو دۆڵە پانە، لەم سەر بۆ ئەو سەر هەڵکشاوە. ئەو دیمەنەش تا بڵێی ڕووبای

سەرسام کرد، لەناو ئاوەکە چەند بەلەمێکی سپی دەبینەران دیاربوو ڕاوەستابوون لە کەنارەکان، بە کندڕیش لە سنگ بەسترابوونەوە تا با نەیانبا بەرەو ناو دەریاچەکە. لە دەوروبەریش هیچ کەسێک نەدەبیندرا، تەنیا چەند ماسیگرێک نەبێ، لەسەرمان کلاوەکانیان خستبووە سەر سەریان. ڕووبا هەنگاوی نا بۆ دەم دەریاچەکە.

کە تەواو نزیک بۆوە، بیری کردەوە دەریاچەکە هەر بە چاو دابەش بکات بۆ چەند چینێ. لە بەشی پێشەوەڕا خۆی بخاتە ناوی و بچێتە ژێرەوە لە بوکۆکەکە بگەڕێ.

لە کەنارەکە جلەکانی داکەند، تەنیا دەرپێ قوتەیەکی لەبەر ما. لەناو ئاوەکەی ڕوانی، تا لە شوێنێک دەیزانی قووڵە، لەڕێی ئەو تاریکیەی لە بنەوەڕا دەبیندرا، سەراوسەر خۆی فڕێدا ناوی. خۆفڕێدانێک لەدوای خۆی چەند بازنەیەکی بەجێهێشت بەسەر ئاوەکەوە. ڕاستەوخۆ بە هەردوو دەست وەک ئەوەی هەرخۆی بوونەوەرێکی ئاوی بێ بەرەو قووڵایی ڕۆیشت، تا گەیشتە سەر زەویەکە، لەوێ چی بینی؟

شارێک ئاو دایپۆشتبوو، هەموو دیوارەکانی شارەکە بە ئاسانی دەبیندران، لە کۆڵانەکانی شارەکە، ئەگەرچی هەندێ شوێن بە قورِو لیتەو گژوگیا داپۆشرابوو شتی زۆر کەوتبوون، تومەس ئەو کەسانەی هاتبوونە دەم ئەو دەریاچەیە بۆ سەیران و گەشت فڕێیاندابووە ناوی.

شوشەی مەی، مراک، مەنجەڵ، پارچە ئاسن، پێڵاوی دڕاو، بابوجی پاژنە هەرقەناو، بەلەمی نقووم بوو.

ئەوەی لەو ژێرئاوە وایکرد ڕووبا زیاتر لە هەر شتێک سەری بسووڕمێ، هەبوونی ئەم شارە بوو، کە لە بەردی دیوارەکانڕا دەزاندرا ئەوە شارێکی مێژوویە. تومەس ئەو شارە یەکێک بوو لە شارە کۆنەکان، کاتی خۆشی کە لە ڕێی مەلیکێکی ئێراق ڕێگا درا ئەو شوێنە بکرێتە بەنداو بۆ نقووم کردنی ئەو شارە بوو. ئەوان دەیانزانی شارێکی وا لە ژێر خاک هەیە، هەرکاتێک کوردەکان بێن ڕۆژێک هەڵیبدەنەوە دەبنە خاوەنی کۆنترین حەزارەت. وەک ئەو شارەی لە باکوری کوردستان دۆزرایەوە بە ناوی ڕووها. پێیان باش بوو بۆ شاردنەوەی، ئەو ڕێیە وەک دیاریەکی

شـــیرین، کە ڕێگـــا پێـــدان بـــوو بـــۆ دروســـتکردنی بەنداوێک، پێشکەشی کوردەکانی بکەن.

بەڵام لەگەڵ شـــەپۆڵی ئـــاو لەژێـــرەوە هێـــدی هێـــدی خۆڵەکەی سەری لاکەوتبوو.

ڕووبـــا لەژێـــر دەریـــاچەکە بە مەلە بە کۆڵانەکانـــدا ســـووڕاوە، تـــا لە شـــوێنێک گەیشـــتە پەیـــکەری سەیروســـەمەرە و گـــۆزەی نەشـــکاو و پەرســـتگا. کە تێیـــدا وێـــنەی گـــای باڵـــدار و ڕۆژ و مانـــگ و ئەســـتێرە دەبینـــدرا. دوای ئەوەی پەرســـتگاکەی تێپەڕانـــد بیـــری لە دۆزیـــنەوەی بوکـــۆکەکە کـــردەوە، بەڵام لە جیـــاتی بوکـــۆکەیەک ســـەدان بوکـــۆکەی هاوشـــێوەی کەوتە بەرچـــاو، هەمووشـــیان دەســـت و پێیـــان زنجیـــر بـــوو، لەوێ بـــۆی دەرکەوت خەلـــیفە حەمـــدون تەنیـــا ئـــاینوری هەڵنەخەڵەتانـــدووە، بەڵکـــو خـــاوەنی هەمـــوو ئەو بوکۆکـــانەی هەڵخەڵەتانـــدووە کە لەژێـــر ئەو دەریـــاچەیە شـــاراوەن. تەنـــانەت هەنـــدێکیان ئەوەنـــدە کـــۆن بـــوون، زنجیـــرو تۆپەکـــانی لە دەســـت و پێیـــان درابـــوو، ژەنگیـــان گرتبـــوو. ڕووبـــا لەنـــاو بوکۆکەکـــان گەڕا، گەڕانێـــک تـــا هەناســـەی لەبەر بـــڕا، نەیـــدۆزیەوە. ناچـــار بە مەلە بەرەو

سەرەوەی ئاوەکە ڕۆیشت، تا بچێ هەناسە وەربگرێ، کە چووە سەرەوە، هەناسەیەکی قوواڵی هەڵکێشا. لەگەڵ هەناسەی هەڵکێشان بینی ماسیگرەکان هەستابوونەوە سەر پێ، لە کەنارەکەڕا سەیریان دەکرد، ئەوە چ مەلەوانێکە.

سەرەتا کە لە ژێر ئاوەکە دواکەوت، وایانزانی هاتووە خۆی بخنکێنێ. بەاڵم کە بینیان هاتەوە سەر ئاوەکە ئۆکسجینی وەرگرت، وا لێکیان داوە مەلەوانێکی یان شێتە، یان سەرکێشە، بەو سەرمایە مەلە دەکات. ڕووبا بێ ئەوەی گوێ بەوان بدات، دووبارە چۆوە ژێر ئاوەکە. کە گەیشتەوە ناو بوکۆکەکان، دیسان دەستی بەگەڕان کرد، یەک یەک لە ژێرەوە هەڵیدەگرتنەوەو سەیری دەکردن. ماسیەکانیش بە دەوروبەریدا دەهاتن و دەچوون.

بێ ئەوەی ئەو حەقی پێیاندا هەبێ، ئەوانیش لێی بترسێن. لە ناکاو ئەو بوکۆکەی ئاینور وەسفی بۆ کردبوو، کەوتە بەرچاوی، لە بن دیوارێک کەوتبووە سەر دەم. ڕووبا کە لێی نزیک کەوتەوە، وەڕیگێڕا. کە وووردتر سەیری کرد، بۆی دەرکەوت ئەوە ئەو

بوکـــۆکەیە ئـــاینور دەیەوێ بگـــاتەوە دەســـتی، دوای دۆزیـــنەوەی بوکـــۆکەکە، بە دەســـتێک هەڵیگـــرت و بەپێیەکـــانی بەرەو ســـەرەوەی ئـــاوەکە بەرزبـــۆوە تـــا لە شـــوێنێک ســـەری دەرهێنـــا، ئینجـــا بەرەو کەنـــارەکە ڕۆیشت و لە ئاوەکە دەرهات.

ماســـیگرەکان کاتێـــک بینیـــان شـــتێکی لە ژێـــر ئـــاوەکە دەرهێنـــاوە، لێـــی نزیـــک کەوتـــنەوە، یەکێکیـــان لێـــی پرســـی ئەوە چـــیە لە دەســـتت؟ ڕووبـــا زۆرزانـــانە بـــۆ ئەوەی بوکۆکەکـــانی تـــریش ڕزگاریـــان بـــێ لەلایەک، لە لایەکیتـــر بـــۆ ئەوەی لەلای خەڵـــکەکە ئاشـــکرابێ شـــاریٚکی شـــاراوە لەو ژێـــر دەریـــاچەیە هەیە، گـــوتی بوکـــۆکەیە مـــن هەرکـــات پێویســـتم بە پـــارەبێ، نـــایەم ماســـی بگـــرم، بەڵکـــو دێـــم لە ژێـــر ئەو دەریـــاچەیە چەنـــد بوکـــۆکەیەک دەردێـــنم، جـــوان دەیانشـــۆم و لەبەر ڕۆژ ووشـــکیان دەکەمەوە، پاشـــان دەیـــانبەمە بـــازاڕ و دەیانفرۆشـــم. یەکێـــک لە ماســـیگرەکان گـــوتی جـــا ئەوە چ پـــارەیەک دەکـــات؟ ڕووبـــا گـــوتی بەڵـــێ، لە ماســـی گرانتـــرە. بـــڕۆن بۆخۆتـــان بوکـــۆکە لەبـــنەوە دەربێنن.

ئینجـا کە ئەو قسـانەی بە ماسـیگرەکان گـوت، لەوێ بە جێیانیهێشـت، لەبەرەخۆشـی گـوتی هەرچ نەبـێ، بەو ڕێگـایە دەتـوانم ماسـیەکانیش بـۆ ڕۆژێـک لە دەسـتی ئەو ڕاوچیـانە بپـارێزم. یەک دوویەک لە ماسـیگرەکان پێیـان وابـوو بەڕاسـتی شـێتە، قسـەی بـێ سـەروبەر دەکـات. بەڵام یەک دوویەکـی تریـان قەناعەتیـان هـات، ئەگەر بوکـۆکە لە بـنەوە هەبێـت، ئیشـێکە لە ماسـی گـرتن باشـترە. بـۆیە دوای ڕۆیشـتنی ڕووبـا ئەو ڕۆژە ئەوانەی بڕوایـان بە قسـەکەی کـرد، لەژێـر ئەو دەریـاچەیە بوکـۆکە نەمـا دەرینەهێـنن، بەڵام چـونکە وەک ڕووبـا بە ووردەکـاری نەبـوون، ئێستاشـی لەگەڵ دابـێ نە بیریـان لەو دیـوارانە کـردەوە لە ژێـر ئـاوەکە دایە، نەزانیشـیان ئەوە شـاریکی مێژوویـی بـووە کەوتۆتە ژێر خاک، دواتر ئاو بەدیاری خستۆتەوە.

(٩٤)

بەرە بەری عەسر بوو، هەتوان و موریدو ژێدار، بۆ ئەوەی کەس نەیان بینێ، بە ووریایەوە بەرو گۆڕستانەکە دەگەڕانەوە. پیاوێک لەناو خەڵکی پێش ئەوەی ئەوان لە دەروازەکە بچنە ژوورێ، چاوی پێیانکەوت، زانیبووشی دەسەڵاتداران بەدوایانەدا دەگەڕێن، هێدی هێدی کەوتە چاودێری کردنیان. هەتوان و موریدو ژێدار کە لە دەروازەکە ئاودیو بوون و گەیشتنە ناو گۆڕەکان، پیاوەکە لە دەروازەکە

سەری هەڵکێشا، هەرسێکیانی بینی لەناو کێلەکانن بەرەو خوارەوە دەڕۆن. دوای ئەوەی هەتوان و وان، گەیشتنە شوێنەکەی خۆیان، پیاوەکە چووە ناو گۆڕستانەکەو لە پەنا کێلێک بەرامبەریان خۆی دانوساند. هەتوان و وانیش بێ ئەوەی بزانن کەسێک چاودێریان دەکات، دوای کەمێک گفتوگۆ ئامێرە مۆسیقیەکانیان دەرهێناو دەستیان بە ژەنینی ئاوازێکی نوێ کرد. پیاوەکە بە بینینی ئامێرەکان تەواو دڵنیا بۆوە، ئەوانە ئەو مۆسیقاژەنانەن لەناو بازاڕ مۆسیقا دەژەنن و خەڵکیش لێیان کۆدەبنەوە. شوێنی مەشقکردنیشیان هەر لەناو ئەو گۆڕستانەیە. بەپەلە بۆ ئەوەی پاداشت بکرێ، لە گۆڕستانەکە دەرهات و ڕاستەوخۆ خۆی گەیاندە دەسەڵاتداران. ئەوەی بە چاوی خۆی بینیبووی پێی ڕاگەیاندن. دەسەڵاتدارانیش بە زووترین کات پاسەوانەکانیان ئاگادار کردەوە، بە چەند ئۆتۆمبێلێکی میگزەمین گەیشتنە دەروازەی گۆڕستانەکە و بە ناو گۆڕەکاندا پەرت بوون. هیچ شوێنێک لەناو ئەو گۆڕستانە نەما پڕ چەکدار نەبێ. دڵبرین لەبن کەپرەکەیرا کە چاوی بە

هـــاتنی ئەو هەمـــوو پاســـەوانە کەوت بە غـــار بەرەو پیرێـــژنەکە چـــوو بـــۆ ئەوەی نەترســـێ، بـــردیە ژێـــر کەپرەکە داینا.

لە خـــوارەوەش ســـەیری کـــرد پاســـەوانەکان هەتـــوان و موورێـــدو ژێـــداریان قۆڵبەســـتکرد و بە پێشـــە خۆیانیـــان دا، بەرەو دەرەوە. ئەوەی لە هەمـــــووی ســـــەیرتربوو لەوکـــاتە ئەوەبـــوو پاســـەوانەکان چـــونکە تەنیـــا بـــۆ مۆســـیقاژەنەکان هـــاتبوون، هـــیچ گرینگیەکیـــان بە گالیســکەکە نەدا. دڵبـرین دوای بردنـی هەتـوان و ژێـدارو موریـد، بەو دیـمەنە دڵـی تونـد بـوو، زانـی شـتێکی خـراپ لە ئـارادایە، گومانیشـی کـرد گرتنـی ئەو سـێ گەنـجە، بـۆ دۆزیـنەوەی ڕووبـا بـێ. تـا دونیـا تەواو تاریـک داهـات هەر لە بیرکـردنەوە دابـوو، ئـاخۆ ڕووبـا بـۆ دیـار نـیە، دەبـێ لەکـوێ بـێ؟ ئەو کـوڕە سەرکێشـە چـی دەکـات ئێسـتا؟ لەو خەیـاڵانەدابوو، ڕووبـا وەک ئەوەی نە بـابێ، نە بـــاران، بەخـــۆی و بە بوکـــۆکەکەوە لە دەروازەی گۆڕســـتانەکە هـــاتەوە ژووڕێ. دڵبـــرین کە چـــاوی پـــێکەوت، بەویبـا ڕاسـتەوخۆ بچـێ سـەرکۆنەی بکـات، بەڵام خۆی گرت، بزانێ بەتەمای چیە؟

ڕووبـــاش بە کنیـــدا تێـــپەڕی و چـــۆوە پـــێش تـــارمەکە، لەوێ بوکـــۆکەکەی دانـــاو لەســـەر گالیســـکەکە کەمێـــک ڕاکشـــا، کە هەســـتی کـــرد حەســـاوە، لە شـــوێنەکەی قیـــت بـــــۆوەو چـــــوو لە خـــــوارەوە کە کەل و پەلـــــی گۆڕهەڵکەنـدنیان لـێ دادەنـا، قـازمە و خاکەناسـێکی هێنـا، لە نزیـــک تـــارمەکە، دەســـتی بە گۆڕلێـــدان کـــرد. دڵبـــرینیش کاتێـــک هەســـتی کـــرد لە دووڕەوەڕا ڕووبـــا ســـەرقاڵە، ئەگەرچـی نێـوانی لەگەڵ خـۆش نەبـوو، چـووە لای. ڕووبـا کە گـوێی لە دەنگـی پێیەکـانی بـوو دڵبـرین لێی نزیک کەوتۆتەوە، لە گۆڕلێدان وەستا.

دڵبـرین هەنـدەی تـر سـەری سـووڕما کاتێـک دیتـی ڕووبـا گۆڕ هەڵدەکەنێ، پێی گوت ئایا کەسێک مردووە؟

ڕووبـا گـوتی نـا. دڵبـرین گـوتی ئەدی ئەو گـۆڕەت بـۆ چـیە؟ ڕووبـا گـوتی لەکـاتی خـۆی دەزانـی. دڵبـرین گـوتی بەهەرحـــاڵ، ئەو شـــتانەی تـــۆ دەیـــکەی، دووڕە لە ســـەلامەتی. بە دڵـــی خۆشـــت بـــکە، مـــن نەهـــاتووم ئامۆژگاریـت بـکەم، هـاتووم پێـت بڵـێم ئەمـڕۆ شـتێکی نـاخۆش ڕوویـدا، نـازانم ئاگـاداری یـان نـا؟ ڕووبـا دەموچـاوی بە سـەر قـۆڵی کراسـەکەی سـڕیەوەو گـوتی

چ شتێک؟ دڵبەرین گوتی هاوڕێکانتیان گرت، ئێرەشت بدیتبا پڕبوو لە پاسەوان، چەندین ساڵە لێرەمە شتی وەهام نەبینیوە. ڕووبا بێ ئەوەی خۆی تێکبدا گوتی واو چەند جوانە. دڵبەرین گوتی چ جوانە؟ گیرانی هاوڕێکانت؟ ڕووبا گوتی بەڵێ، چونکە من بە لایانی پەژارەوە لەو بابەتە ناڕوانم، بەڵکو دڵیشم پێی خۆشە. دڵبەرین گوتی تۆ مرۆڤ شێت دەکەی، چ دڵخۆشیەک لەوە دایە؟ ڕووبا گوتی گوێ بگرە با پێت بڵێم، ئەوان پێشتر لەسەر دەرمانخواردن دەگیران، ئێستا لەسەر مۆسیقاژەنین گیراون. ئەوان پێشتر کە دەگیران خەڵک نەفرەتی لەبۆیان دەناردو دەستیان لە سینگیان دەداو دەیانگوت خوایە ئازاد نەبن. ئێستا خەڵک لەبۆیان بە پەرۆشن. ئایا ئەوە جێی دڵخۆشیە یان نا؟ دڵبەرین گوتی ئەدی بیر لەوە ناکەیەوە ئازاریان دەدەن؟ ڕووبا گوتی نا، ئەگەر بشیانکوژن بیر لە ئازارەکەی ناکەمەوە، بەڵکو دەزانم کاتێک لەلای خۆیانڕا بەراوردی گیرانی پێشترێ لەسەر ماددەی هۆشبەرو گیرانی ئەو جارەیان لەسەر مۆسیقا دەکەن، چەند ڕووحیان ئاسودە دەبێت. دوور مەبینە ئەو گیرانە

لەلای پاسەوانەکانیش خۆشەویستیان بکات. دڵبرین گوتی باشە لەوان گەڕێ، پێت وانیە ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە تۆشەوە هەبێ؟

ڕووبا گوتی نازانم، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەگەر لێیان بدەن تا ئاشکرای بکەن کێ بە مۆسیقای ئاشناکردن و کێ پێی گوتن بڕۆنە ناو شار، ئەوانیش دانپێدابنێن، ئەوکات لەدوای منیش دەگەڕێن. دڵبرین گوتی جا لەو بڕوایەی ناوت نادەن؟

ڕووبا گوتی دڵم دێشێ خۆیان بخەنە بارودۆخێک تەعزیب بدرێن، بۆ ئەوەی ناوم نەدەن. ئەوەم حەز لێ نیە، حەزدەکەم یەکەوسەر چیان لێ پرسین ڕاستگۆیانە، بێ بەرگری وەڵام بدەنەوە. ئەگەرچی دەزانم ئەوە ناکەن ئەگەر پەنجەکانیشیان بقرتێنن. من چەند کارێکم لەپێش ماوە ئەنجامیان بدەم، تا ئەوکاتە نەگیڕێم، بەخۆم شتێک دەکەم، دەچمە بەرچاوی دەسەڵات و ناو خەڵک. ئەوان دەبێ فێربکرێن بە گیانبەختکردنیش بێ، نەک لەبەریان ڕابکەین، یان خۆمان لێیان بشارینەوە. دڵبرین کە هەواڵی گرتنی هەتوان و وانی بە ڕووبا ڕاگەیاند، بە دڵێکی سارد،

بەتـایبەتی کاتێـک گـوێی لە قسـەکانی بـوو، گەڕاوە ژێـر کەپـرەکەی، لەوێ بیـری لەو گـۆڕە کـردەوە، دەبـێ چـی بـێ، ترسـا ڕووبـا کەسـێکی کوشـتبێ، بـیەوێ بە نهێنـی بیشـارێتەوە، ترسـا گەنجەکـانیش هەر لەسـەر ئەوە گیـرابن. بـۆیە لەکنەخـۆیڕا بڕیاریـدا ئەو شـەوە نەخەوێ، هەرچۆنێک بێ چاودێری بکات.

بەشی سی و یەک

(٩٥)

مەستان دوای ئەوەی گوندەکان هەموو گەڕا، بۆی دەرکەوت هیچ هەواڵێکی بەمشێوەیە دەستناکەوێ لە شوێنی کاولبوو و وێران. ناچار ڕێی نزیکترین شارۆچکەی گرت، تا هەرنا ئەوجارە لەوێ بەدوای جودیدا بگەڕێ. لەلای خۆی ڕا لێکیداوە، مادەم ئێرە ئاوەدانی لێنەماوە، ئەگەر کەسێک هەڵیگرتبێتەوە، دەکرێ بردبێتیە نزیکترین شارۆچکە. یەکەمین شوێنیش ڕووی تێکرد ئەو شارۆچکەیە بوو، نەدیم

بەناو کونی مەزراکەدا خۆی قوتار کرد، بە ڕێنمایی پیاوە بەتەمەنەکە.

ئاگای لێ نەبوو تا دەهاتیش ڕەنگی زەرد دەبوو و دەموچاویشی لاواز و چورچ و لۆچاوی، بەهۆی کەم خۆراکی و کەم خەویەوە. کە گەیشتە شارۆچکەکە، بە دڵێکی پڕ هیواوە لەدەرگایەکی دا، ژنێک هاتە دەرەوە.

مەستان لێی پرسی من منداڵێکم لێ بەجێماوە لە دوای ئەنفال، لە یەکێک لەو گوندانەی دەوروبەر، ناوی جودیە، بە پەڕۆکێکی سپی قۆنداغە کرابوو، لە بەتانەیەک لولدرابوو، ئایا هیچ دەربارەی دەزانی؟

ژنەکە گوتی بەداخەوە، ناوەڵا.

مەستان گوتی سوپاس، لەگەڵ ئەو قسەیە سەیری کەلەنی دەرگای ماڵەکەی کرد بینی منداڵێک لە پشت ژنەکە ڕاوەستاوە، کە چاوی پێکەوت چاوەکانی پڕ فرمێسک بوون، لە دڵەوە دەیزانی ئێستا ئەگەر جودی مابێ، لەو تەمەنەیە.

ڕاستەوخۆ ڕووی خۆی وەرگێڕاو چوو لە دەرگای ماڵەکەی تەنیشتیانی دا، هەندەی پێ نەچوو لەوێش ژنێک هاتە دەرەوە، مەستان هەمان پرسیاری لێ کرد.

دیاربوو ئەو ژنیش هەر بە هەمان شێوە وەڵامی داوە، مەستانیش بەپەلە وەک ئەوەی بیەوێ بە دەرگای هەموو ماڵەکان ڕابگا، ڕۆیشت بەرەو دەرگاکەی ئەولاتر. ژنەکەی دەرگای دووەم سەریکی بادا، سەیری ژنەکەی دەرگای یەکەمی کرد، دیاربوو بەزەیی پێدا هاتەوە، ئینجا بە دڵێکی تونەوە دەرگای حەوشەی پێوەدا. مەستان لە ماڵەکەی ئەولاتریشی پرسی، لەوێش بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشت، تا لە گەڕەکەکە دەرگا بە دەرگا شۆڕبۆوە، بە هەمان پرسیار. ئایا هیچ لە بارەی منداڵێک نازانن لەگەڵ تێکچوونی گوندەکەمان بەجێما.

کەس وەڵامێکی پێ نەبوو بۆی، تا وایلێهات لە شارۆچکەکە ڕۆژێکی نەخایاند، پێیان وابوو شێتە. مەستانیش هەر زوو گفتوگۆی خەڵکەکەی بەر گوێ کەوتەوە، کە دەربارەی شێتی ئەو قسە دەکەن لەگەڵ یەک. بەڵام ئەو لەلای گرینگ نەبوو خەڵکی چی دەڵێن، گرینگ ئەو دەیزانی دەبێ وەک دایکێک چی بکات. کە ئێوارەداهات، لە دەرگای تەواوی ماڵەکانی ئەو شارۆچکەیەی دا. هیچی دەست نەکەوت، ناچار لەناو

دوکانێکی چۆڵ، لە ماندوویێتیان کۆنە ڕایەخێکی لە خۆی لولداو خەوت. کە بەیانی داهاتەوە، لە دوکانەکە دەرهات، لەسەر شەقامەکە لە کەسێکی پرسی، ئایا نزیکترین شارۆچکە، شار، ئاوەدانی، لێرەڕا کەوتۆتە کوێ؟ کەسەکەش گوتی دادە لێرەڕا بچیە هەر شوێنێک بە پێ دوورە، دەبێ چاوەڕێی ئۆتۆمبێل بکەی. بەڵام ئەگەر بڕۆی، دەبێ ئەو شەقامە بەرنەدەی، تا دەگەیە ڕێی دەرەوە، لە ڕێی دەرەوەش، دەبێ ڕووت لە ڕۆژئاوا بکەی. مەستان گوتی تەواو تێگەیشتم، ئینجا بەو بەیانیە، دیسان ڕێی گرت، تا گەیشتە ئەو شەقامەی پیاوەکە وەسفی بۆ کردبوو، لەوێوەش ڕووی لە ڕۆژئاوا کرد. چ ڕووتێکردنێک؟ ڕۆژێک بە بێ ڕاوەستان ڕێی بڕی، تا گەیشتە شارێک، بەڵام چ شار، سەدان دەرگای ڕەنگاوڕەنگ بەدوای یەکدا دەهات، تا بڵێی قەرەباڵغ، ئۆتۆمبێل دەهاتن و دەچوون. لەوێ ئەگەرچی لەلای زەحمەت بوو لە دەرگایەک بدات، بەر لە شارەکە بگرێ، نەوەک دووبارە بێتەوە، یان هەندێک ماڵ بازبدات، ناچار دەستی کردە پارچە گەچێک، بڕیاریدا لە هەر ماڵێکی

پرسی دەربارەی جودی، خەتێک بە دیواری حەوشەیان دابێنێ، هەر مالێک خەتی پێدا نەهاتبێ، کەوایە نەیپرسیووە لێیان.

ئینجا لەگەڵ مەغریب دانی بەخۆی دانەگرت هەتا بەیانی چاوەڕێ بێ، دەستی بە لە دەرگادان کرد، دەتگوت دایکە خواوەندێکە، شەیتانەکان زەفەریان پێ بردووە، منداڵەکەی لەو زەفەرە وونبووە، ئەو هاتووە لە خەڵکی ئەو شارە بپرسێ منداڵەکەیان نەبینیوە؟ کە بەیانی داهات، لە خوارەوەی شارەکە خۆی بینیەوە لەبەر دەرگایەک، نەیدەزانی دڵی لە خۆی بۆتەوە لە ماندوویێتی و لە برسان، یان خەو بردیتیەوە و کەوتووە. ژنێک و پیاوێکی مااڵکە لەسەری بوون دیاربوو خواردنیشیان بۆ هێنابوو، بانگیان دەکرد. کە بە ئاگا هات، سەیری دەرگاکانی دەستەڕاستی کرد، بینی تا ئەو شوێنەی لێی کەوتووە خەتی لێداوە. ژن و پیاوەکە پێیان گوت دادە، هەستە شتێک بخۆ تۆ برسیتە، مەستان گوتی منداڵێکتان نەبینیوە بەناوی جودی، لە ئەنفال بەجێماوە؟

ژن و پیاوەکە گوتیان نا، مەستان لەگەڵ قسەکەیان هەڵستاوەو چوو خەتێکی لە دیوارەکەی ئەوانیشدا. لە هیلاکیان فرمێسکێکی بچووک بە چاوەکانیدا هاتە خوارێ. گوتی بەڵێنم دابوو نان نەخۆم تا جودی نەدۆزمەوەو مەمکەکانم نەخەمە دەمی، بەڵام هەست دەکەم ئەوها بڕوا تاقەتی گەڕانم نامێنێ، بۆیە خواردنەکەتان ڕەتناکەمەوە.

هەر لەوێ بە چاوی بە فرمێسکەوە، ئەوەی پیاو و ژنەکە بۆیان هێنابوو خواردی. هێشتا پاروی لەدەم بوو دەیجوی، لەسەر سێنیەکە هەڵستاوە بۆ دەرگاکەی ئەولاتر هەنگاوی نا، هەر لە پێش چاوی ژن و پیاوەکە لەو خاوەن ماڵەشی پرسی منداڵێکم لێ وون بووە، ناوی جودیە، هیچ هەواڵێک لەبارەی نازانن؟

خاوەن ماڵەکە دیاربوو گوتی نا. مەستان چیتر خۆی پێنەگیرا هەر بە پاروەکەی ناو دەمیەوە، کە بە گریانەوە قووتی دا، گوتی ئەوها بڕوا ئاگرم تێبەردەبێ، من لە هەر دەرگایەک دەدەم، چاوەڕێم لەپشت ئەو دەرگایە جودی لێ بێ، ببینمەوە، کەچی

کەس هیچـــی لەبـــارەوە نـــازانێ، ئـــێ ئەگەر مـــاوە خـــۆ دەبـــێ لەمالّێـــک بـــێ، یـــان لە پشـــت دەرگـــایەک. ئـــاخ چەنـــد دەترســـێم لە دەرگـــایەک لەو دەرگایـــانە بـــدەم ئەو لـــێم بکـــاتەوە، نەمناســـێتەوە، تەنـــانەت لە شـــێوەی ناشـــیرن و شێواویشم ڕابکات.

(٩٦)

دونیا تاریک و ڕوون بوو، هێشتا ڕۆژ هەڵنەهاتبوو، نەدیم خەلەفی بەئاگا هێنا. خەلەف کە سەری لە بن بەتانیەکە هێنا دەرەوە، گوتی چ شتێک ئەوها زوو بە ئاگای هێنای پێم بڵێ، چیتە؟ نەدیم گوتی دوای ئیستیعداد، دەمەوێ لەگەڵم بێی بچینە ئەو شوێنەی کوردەکانی لێ ئەنفال کراوە. هەرنا با بۆ جارێکیش بێ دەست لەو خاکە بدەم مەستانی لەبنە. خەلەف گوتی بەدڵنیاییەوە دەچین. ئینجا کە سەربازەکان

هەڵستانەوەو لە گۆڕەپانی سەربازی ئامادەبوون، وەکو ڕۆژەکانی تر ئەفسەرەکە هاتوو ڕاهێنانی پێیان کرد. دوای ڕاهێنان هەرکەس بەناو سەربازگەکەدا پەرت بوو. نەدیم و خەلەفیش بە دیوی پشتەوە، کە چۆڵەوانی بوو، لە سەربازگەکە دەرهاتن، پێکەوە بە جل و بەرگی سەربازیەوە، بەرەو ئەو شوێنە بەڕێ کەوتن کەوتبووە خوارەوەی زینداندانەکە. لە ڕێگا تووشی پیکابێک بوون، ڕاستەوخۆ دەستیان لێ ڕاگرت و خەلەف لە شۆفێرەکەی پرسی، ئایا خەڵکی ئەو ناوچەیەی؟ شۆفێرەکەش گوتی بەڵێ، مەڕومالاتم هەیە. خەلەف گوتی ئەگەر بزانی شوێنی ئەنفالکردنی کوردەکان کەوتۆتە کوێ؟ شۆفێرەکە دابەزی، وەسفی ڕێگایەکی بۆ کردن، گوتی لە کۆتایی ئەو ڕێگایە، بە دەستە چەپ هەندێک گردی بچووک بچووک هەیە، ڕێک کەوتۆتە ئەوێ، من وەکو خۆم هەر جارێک بەو دەوروبەرەدا تێدەپەڕم، دەڵێی ئێستاش زیڕوهۆڕی ژن و منداڵ دێ لە ژێر خاکەکە. خەلەف گوتی تەواو ئێمە دەیدۆزینەوە.

ئینجا لەگەڵ نەدیم پێکەوە بۆ ئەو شوێنەی شۆفێرەکە وەستی بۆ کردبوون، ڕۆیشتن، تا گەیشتنە کۆتایی ڕێگاکە، لە کۆتایی ڕێگاکە، ئەوەی شۆفێرەکە پێی گوتبوون ڕاست دەرچوو، بە دریژایی سەربازگەیەکی بچووک، خۆڵ هەڵگێڕ و وەرگێڕ کرابوو، ئەو هەڵگێڕو وەرگێڕەش گردی بچووک بچووکی لەسەر زەویەکە دروست کردبوو. شوێن تایەی شۆفەڵیش دەبیندرا، خەڵەف گوتی ڕەنگە ئێرە بێ. نەدیم لەگەڵ ئەو قسەیە ڕاچڵەکی، دەتگوت تەزووی گیانی خەڵکی گوندەکە و مەستان لاقەکانی گرت. ڕاستەوخۆ لەسەر زەویەکە دریژبوو و تۆند باوەشی لێدا، گوتی کەوا بێ مەستان من ئێستا لە تۆ نزیکم، ببینە چ ڕێگایەکی دوورو سەخت و دژوارم بڕیوە، ئاوڕدەوە ئەی کچی شوان، چەند شاخ و چیا و بیابانم کردووە بەدوای تۆدا، ئاخەر من ڕۆیشتم نیشتیمانێکی ئازادت بۆ بێنمەوە، بۆ چاوەڕێ نەبووی، بمزانیبا دێن دەتبەن چۆن بەجێمدەهێشتی. لەوێ نەدیم وەک منداڵێک لەسەر ئەو خاکە خۆی دەگەوزاندو دەگریا. خەڵەفیش بێ ئەوەی

بتـــوانێ هـــیچ بڵـــێ، تـــک تـــک فرمێســـکی بەســـەر ڕوومەتەکانیدا دەهاتە خوارێ.

نەدیـم لەناکـاو بە چەنـگە ڕنـێ دەسـتی بە هەڵـدانەوەی خـــاکەکە کـــرد، خەلەف کە چـــاوی پـــێکەوت غاریـــدایێ گـوتی تـۆ چـی دەکەی؟ شـێت بـووی. نەدیـم گـوتی وازم لـێ بێـنە، دەمەوێ شـێوەی مەسـتان ببیـنمەوە. ئەگەر بە مردوویش بێ.

خەلەف گـوتی بەعسـیەکان ئێسـتا بـێن منـیش و تـۆش لە گـۆڕدەنێن، ئـاخەر خـۆی هەر هـاتن بـۆ ئێـرە قەدەغەیە، هەســتەوە. خەلەف نەدیمــی لە بــاوەش کــرد، نەدیمــیش تونـــد لە ئـــامێزی گـــرت و هەردووک، وەک ئەوەی دوو دوژمـــــن بـــــن، دوای شـــــەڕێکی گەورە پەشـــــیمان بـووبنەوەو یەکتریـان لە بـاوەش گرتبـێ، دەگریـان. نەدیـم گوتی خەلەف یەعنی تۆش عەرەبی؟

خەلەف گـــوتی بەڵـــێ. بەڵام پرســـیارێک، ئایـــا تـــۆش کـــوردی؟ نەدیـــم ســـەری لەقانـــد، هەردووکیـــان زیـــاتر گریـــان لەگەڵ ئەو پرســـیارە وەک ئەوەی بڵـــێن کەوایە ئەو شەڕەمان بۆ کرد؟

نەدەکرا ئەوها پێکەوە بژین و ئەوهاش بۆ ئازارەکانی یەک بگرین؟ خەلەف و نەدیم تا درەنگ لەوێ مانەوە، کاتێک ویستیان ئیتر بگەڕێنەوە سەربازگەکە، لە دوورەوە ژنی ئەو ماڵە عەرەبەی مەستان پەنای بۆ بردبوو، لە دیار مەڕومااڵت بوو، هێدی هێدی کە چاوی بە خەلەف و نەدیم کەوت بەرەو لایان هات. کە گەیشتە نزیکیان سڵاوی لێ کردن.

نەدیم و خەلەفیش وەاڵمیان داوە. ژنەکە پێی گوتن چۆنە لێرەن؟ قەت سەرباز بە پیادەیی نەهاتوونەتە ئەم شوێنە. خەلەف گوتی بۆ ئێرە چی لێیە؟ وەها خۆی دەرخست هیچ نازانێ. ژنەکە گوتی دیارە سەربازی نوێن، دەنا کەس نیە نەزانێ. ئەم شوێنەی لە سەری ڕاوەستاون، لەگەڵ چەندین شوێنی تر لە خوارەوە، ژن و منداڵ و پیری کوردەکانیان تێدا لە ژێرخاک ناوە. خەلەف گوتی بەداخەوە، بیستوومە، بەاڵم نەمزانی لێرەبووە.

ژنەکە بێ ئەوەی ئەوان لێی بپرسن چ ڕووداوێکی دڵتەزێن ڕوویداوە. هەناسەیەکی هەڵکێشا گوتی ئازاری ئەو میللەتە لە دڵی منە، شەو نەبوو گوێم لە

زیرۆهـــۆڕی ئەو خەڵـــکە نەبـــێ کاتێـــک لە ژێـــر خـــاک دەندران بە زیندوویەتی.

چیرۆکـــی وەهـــا هەیە گـــوێ وەرینـــاگرێ لە زمـــان، ئەقـــڵ ڕەتیـــدەکاتەوە. دڵ دەبێـــتە خـــوێن و بەنـــاو دەمارەکانـــدا پەرت دەبێ.

ئەوەی لە هەمـــوو چیرۆکەکـــانی ئێـــرە زیـــاتر تاســـاندمی، چیرۆکـــی ژنێکـــی گەنـــج بـــوو، کە لەژێـــر خـــاک هـــاتبووە دەرەوەو بە پەلەقـــاژە خـــۆی گەیانـــدبووە ڕەشـــماڵەکەی ئـــێمە. دیـــاربوو منـــداڵێکی لە دوا بەجێمـــابوو، بەنـــاوی جـــودی. پیاوەکەشـــی لە ژێـــر خـــاکەکە نەیتـــوانی بـــوو بێـــتە دەرەوە، نـــاوی ســـیاوەرد بـــوو. نەدیـــم کە گـــوێی لە نـــاوی ســـیاوەرد بـــوو، ڕاســـتەوخۆ هـــاوڕێ شـــوانەکەی خـــۆی بەبیرهاتەوە لەگوندەکەیان پێکەوە شوانێتیان دەکرد.

بە خەلەفـــی گـــوت، مـــن ســـیاوەرد دەناســـم، پێـــی بڵـــێ، ئەو ژنە نـــاوی کێیتـــری بـــاس کـــردووە لەلای. خەلەف لە ژنەکەی پرســـی، ژنەکەش گـــوتی نـــازانم ناوەکـــان کەمێـــک گـــران بـــوون، بەڵام دەزانـــم لەســـەر ئەو دونیـــایە یەکەم جـــارە ژنـــی ئەوەنـــدە جـــوان و بە ئیـــرادە ببیـــنم. نەدیـــم گوتی ناوی خۆی چ بوو؟ ژنەکە گوتی مەستان.

نەدیم تاسا، دوای کەمێک بێ دەنگی لە قورپەی گریانی دا، گوتی مەستان، مەستانی من. منداڵ، مێرد. بە تەواوەتی تۆ چیرۆکەکەم بۆ بگێڕەوە. خەلەف سەری سووڕمابوو، گوتی دادە، تۆ دەکرێ شتەکانمان وەک خۆی بۆ بگێڕیەوە؟ ژنەکە گوتی بەڵێ، بڕۆن بابچینەوە ڕەشماڵەکەی ئێمە، لەوێ هەموو شتێکتان بۆ دەگێڕمەوە. ئینجا ژنەکە خەلەف و نەدیمی بردەوە ناو ئەو ڕەشماڵەی چەندین شەو و ڕۆژ مەستانی لێ ماوە. لەوێ ووردو درشتی ڕووداوەکانی بۆ خەلەف و نەدیم گێڕاوە بێ ئەوەی هیچ شتێک لە بیر بکات، وە پێشی گوتن من هاوکاریم کرد بگەڕێتەوە کوردستان، بۆ ئەوەی منداڵەکەی بدۆزێتەوە. لەوێ نەدیم بۆی دەرکەوت دوای ئەوەی چووبوو ببووە پێشمەرگە، مەستان شووی بە سیاوەرد کردووە، دواتر منداڵێکیشیان بووە.

هەروەها لە قسەی ژنەکەڕا بۆشی دەرکەوت، ئەو ڕۆژەی گەڕابۆوە گوندەکە تا بچێ سەرێک لە مەستان و خەڵکەکە بدات دوای ئەو هەموو ساڵە، ڕۆژێک دووانیان فەرق بووە لەگەڵ ئەوکاتەی مەستان

قوتـــاربووە لە ئەنفـــال و گەڕاوەتەوە کوردســـتان. نەدیـــم کە زانـی مەسـتان مـاوە، هەڵسـتاوە دەسـتی ژنەکەی مـاچ کرد، گوتی بەنرختترین شتت پێدامەوە، سوپاس.

لەکـاتی ڕۆیشـتنیش خەڵەف و نەدیـم، مێردەکەیـان بینـی دیـاربوو تـازە دەگەڕاوە مـاڵ، ئەو پیـاوەی دەیویسـت مەسـتان لە خـۆی مـارە بکـات. هەرچەنـد هەوڵیـدا زیـاتر دانیشـن، نەدیـم و خەڵەف قبوڵیـان نەکـرد، چـونکە کـات درەنـگ داهـاتبوو دەبـا بگەڕێـنەوە سـەربازگەکە. کە ڕەشـماڵەکەیان بەجێهێشـت، لە ڕێگـا خەڵەف بە نەدیمـی گـوت ئەو چیـڕۆکەی ئێـوە چەنـد سـەیرە، مـن لەبەر عەشـقی ئێـوە ئاگـام لە عەشـقی خـۆم نەمـا. نەدیـم گـوتی منـیش سـەرم سـووڕماوە تێیـدا، دەبـێ ئێسـتا مەسـتان لە کـوێ بـێ؟ خەڵەف گـوتی دیـارە گەڕاوەتەوە ئەو شـوێنەی لێـی هێنـدراوە، بەدوای منـداڵە بەجێماوەکەیـدا.

تـۆ بەتەمـای چـی؟ نەدیـم گـوتی فیـرار کـردن. خەڵەف گـوتی بەڕاسـت، کەی؟ نەدیـم گـوتی ئەگەر هاوکـاریم بـکەی هەر ئەمشـەو. ئیتـر نەدیـم هەر ئەو شـەوە بە یـاوەری خەڵەف، لە سـەربازی فیـراری کـرد. ناونیشانێکیشـی لەدوای خـۆی بـۆ خەڵەف بەجێهێشـت،

پێی گوت ئەگەر لە کۆتایی عائیشەی خۆشەویستتیان هەر نەداییێ، هەڵیگرەو وەرە کوردستان. ئینجا نەدیم بۆ بەیانیەکەی خۆی گەیاندە گەراج و بەرەو کوردستان گەڕاوە، بەڵام چ گەڕانەوەیەک؟ بینی شارەکان زۆربەی چۆڵ بووینە، دەرگای ماڵەکان داخراون، تومەس دوای ڕاپەڕین، کوردەکان ئاوارەی ئێران ببوون، هەر هەموو ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێهێشتبوو. چەند ڕۆژێکیش پاشی فیرارکردنەکەی نەدیم، شتێک بەسەر خەڵەف هات ئێستاشی لەگەڵدابێ نەدیم نەیزانی. پێش نیوەڕۆیەک خەڵەف خەریکی پاککردنەوەی تفەنگەکەی دەبێ، لە پڕ فیشەکێکی لە دەست دەردەچێ، فیشەکەکە بەر سینگی دەکەوێ، بەهۆی ئەو فیشەکەوە ماڵئاوایی لە عائیشەو لە ژیان دەکات.

(٩٧)

ڕۆژ لە دەرەوە بـــوو، گژوگیـــا هەمـــوولایەکی داگرتبـــوو، ئاســمان یەک پــارچە شــین دەچــۆوە، لە پێدەشــتێکی پــان و بەریــن، پــڕ لە گــوڵی ڕەنگاوڕەنــگ جــودی غــاری دەدا. ببــووە گەنجێکــی لەســـەرخۆ و بەهێــز، تەنــکە ڕیشــێکی هەبـــوو لەگەڵ ســـمێڵێکی باریـــک. بەدەم غـــاردانێوە بـــا تـــاڵە پرچەکـــانی دەجوڵانـــدەوە. کە هەســـتی کـــرد نیوەڕۆداهـــاتووە، بەرەو بـــنە داریکـــی گەورە گەڕاوە، دیـــاربوو ئەو ڕۆژە لەژێـــر ئەو بـــنەدارە، ئەو ژنەی

دایکـــایەتی بـــۆ دەکـــرد، لەگەڵ منـــدالّەکانی تـــری دانیشـتبوون، تەنیـا کـوڕە گەورەکە نەبـێ، لەگەڵ بـاوکی چووبـــــوونە مەڕ لەوەڕانـــــدن. ژنەکە لە دوورەوە کە چـــاوی بە جـــودی کەوت گـــوتی ئەرێ تـــۆ مانـــدوو نەبـووی؟ جـودی خەندەیەکی کـرد گـوتی نـا، مـن مانـدوو نـابم. لەگەڵ ئەو قسـەیە کە گەیشـتە لایـان مـاچێکی لە ژنەکە کـردو لەجیـاتی لە لایـان دانیشـێ، چـووە سـەر دارەکە، لەوێ لەســـــەر لقێکـــــی گەورە، لەســـــەر زگ ڕاکشـا، ڕووی لە خـوارەوەش کـرد. دەمێـک بـێ دەنـگ بـوو، منـدالّەکانیش لێیـان دەڕوانـی، لەپـڕ پرسـیارێکی کـــرد هەموویـــان تووشـــی سەرســـووڕمان بـــوون، بەتـایبەتی دایکەکە. گـوتی دایـکە بـۆ ناوتـان لە مـن نـاوە گورگـۆ، کە لەنـاوی هـیچ لە براکـانم نـاچێ؟ ئەو نـاوەش هەمـــوو دەیـــانزانی نهێنیەکـــی لە پشـــتە جـــودی خـــۆی نەبـێ. دایـکەکە دەمـی تێکئـالّا، دەشترسـا لێـی بشـارێتەوە، منـدالّەکەی دووەم بچـی پێـی بڵـێ. پێشـی وابـوو ئەگەر ڕاســـتیەکە لەســـەر زاری خـــۆیەوە نەزانـــێ، متمـــانەی نـامێنێ لەلای جـودی، کە تـا بڵێـی خۆشیدەویسـت، گـوتی کـوڕم دواتـر بە تەنیـا پێـت دەڵـێم. منـدالّەکەی دووەم

لەوکاتە بە جواب هات گوتی ئەدی بۆ ئێستا پێی ناڵێی؟ جودی گوتی دایکە براکەم ڕاست دەکات بۆ ئێستا پێم ناڵێی؟ ژنەکە گوتی چونکە کاتی ئەوە نیە، کەی کاتی هات ئەوکات پێت دەڵێم. لەو ڕۆژەوە ژنەکە کەوتە دڵەڕاوکێ، ئۆقرەی نەما، زانی جودی گەورەبووەو بەدوای هەموو ووردەکاریەکدا دەگەڕێ، تەنانەت بچووکترین دەربڕینیش.

ئەوەی لێشی دەترسا زاری منداڵەکەی دووەم بوو، چونکە ئەو بە هەرشێوەیەک بێ حەزی دەکرد جودی بەوە بزانێ منداڵی ئەو ماڵە نیە. لە شتێکیتریش ترسی هەبوو، ئەویش ڕۆیشتنی جودی بوو دوای زانینی ڕاستیەکە. بیری دەکردەوە ئەگەر ئەو بڕواو واز لەو بێنێ، بەدوای دایکی خۆی بگەڕێ، چی؟ خۆی دەیزانی بەرگەی دابڕانی جودی ناگرێ لەو هەموو خۆشەویستیەی لە نێوانیان دروست ببوو. بۆیە ئێوارە کە گەڕانەوە ماڵ و میردەکەی لە شاخ لەگەڵ کوڕە گەورەکەی هاتەوە.

جیای کردەوەو پێی گوت گورگۆ گەورەبووە، پرسیار دەربارەی زۆر شت دەکات، دەترسێم ڕاستیەکەی لێ

بشـــارمەوە، لەســـەر زاری کەســـێکیتر بیزانـــێ، نەفـــرەتم لێبکـــــات درۆم لەگەڵ کـــــردووە. وە دەشترســـــێم ڕاســتیەکەی پـێ بڵـێم ئێـرە بەجێبێڵـێ. مێـردەکەی گـوتی لەســـەر زاری کەســـێک بیزانـــێ، مەبەســـتت منـــدااڵەکانی خـۆتە؟ ژنەکە گـوتی ئەگەر ڕاسـتگۆبم بەڵـێ. مێـردەکەی گـــوتی ئەو نەێنـــیە لەگەڵ تەمەن درێـــژ دەبێـــتەوە، مـــرۆڤیش لەبەر ئەوەی توانـــای شـــاردنەوەی نەێنـــی نـــیە بـۆ مـــاوەیەکی درێـــژ، پـێم باشـــە هەمـــوو شـتێکی وەک خـۆی پـێ بڵێـی، ڕاسـتی هەر ڕاسـتیە. هەرچەنـد تـاڵیش بـــێ. ئەوکـــات دوورمەبیـــنە زیـــاتریش خۆشـــی بـــوێی، لە بەرامـــبەر ئەوەی لەخۆیـــت گرتـــووە. دایـــکەکە زانـــی قســـەکانی مێـــردەکەی ڕاســـتە، ڕازی بـــوو، هەروەهـــا قەناعەتیشـــی هـــات بچـــێ هەمـــوو شـتێکی پـــێ بڵـــێ، بەاڵم لە دڵیشـــی گـــران بـــوو. ئەو شـــەوە خەو نەچـــووە چاوەکـــانی. کە بەیـــانی داهـــات، دوای ڕۆیشـــتنی مێردەکەی و منداڵە گەورەکەی بۆ شاخ.

بـانگی جـودی کـرد، بە منداڵەکەنیتریشـی گـوت ئاگاتـان لە مـاڵەوە بـێ تـا دەگەڕێیـنەوە. لەگەڵ جـودی چـوونە دەشـــت و دەر، زیـــاتر لە دایـــک و کوڕێـــک، بە دوو

هاوڕێ دەچوون چووبن بۆ پیاسە. لە ڕێگا گوتی کوڕم شتێک هەیە دەمەوێ پێتی بڵێم، ڕەنگە قوڕس بێ، بەڵام داوا لە خوا دەکەم بۆمان ئاسان بکات . جودی گوتی دایکە ئەو شتە چیە؟ ژنەکە لەپڕ گوتی من دایکی تۆ نیم، ئەگەرچی دەزانم قوڕسە کەسێک لەبچووکیەوە پێت وابووبێ دایکتە، بێ پێت بڵێ من دایکی تۆ نیم، لەگەڵ ئەو قسەیە گریا.

جودی گوتی چۆن دایکی من نی؟ گاڵتەم لەگەڵ دەکەی؟ ژنەکە گوتی گوێبگرە، من بەڕاستمە، ڕۆژێک ئەوەی نایزانی هەر دێ بیزانی. کەواتە با هەرنا لەمنەوە بێ. ڕاستە من وەکو دایکی خۆت گەورەم کردووی و ئاگام لێت بووە، کوێربم ئەگەر لەگەڵ هیچ لە منداڵەکانم جیاوازیم پێ کردبی. کوێربم ئەگەر زیاتریش گرینگیم پێت نەدابێ. بەڵام من دایکی تۆ نیم، تۆ لە ئێوارەیەکی ساردی زستان، هێندرای بۆ بەر دەرگای ئەو ماڵەی ئێستا تێیدا دەژی. جودی گوتی کێ منی هێنا؟ ژنەکە گوتی سەگێک. سەگێک تۆی داناو ڕۆیشت، تەنانەت سەگەکانی ئێمە گرتیشیان. هیچیترت لە بارەی نازانم. نازانم ئەو سەگە لەکوێوە

هـــاتبوو، تـــۆ منـــدالّی کـــێ بـــووی، خێـــزانەکەت چیـــان بەســـەرهاتبوو. تەنیـــا دەزانـــم تۆیـــان هێنـــا مـــن بەخێـــوت بـــکەم، ئایـــا هەڵەم کـــرد؟ جـــودی لەگەڵ دایـــکەکە دەســـتی بە گریـــان کـــرد، گـــوتی واتـــا تـــۆ دایکـــی مـــن نـــی؟ ژنەکە گـــوتی بەڵـــێ. جـــودی گـــوتی واتـــا ئەو پیـــاوەی بە بـــاوکی خـــۆم دادەنـــا، ئەویـــش بـــاوکم نـــیە؟ ژنەکە بە گریـــانەوە گـــوتی بەڵـــێ، بەڵـــێ. براکانیشـــت هەروا. جـــودی گـــوتی تـــۆ لە شـــوێنی مـــن بـــی، بـــاوەڕدەکەی؟ ژنەکە گـــوتی نـــازانم. ئایا تۆش لە شوێنی من بی، چی دەکەی؟

جـــودی لەگەڵ ئەو قســـەیە کەمێـــک بـــێ دەنـــگ بـــوو، دواتـــر بـــێ دەنگـــیەکەی شـــکاند گـــوتی ئەدی کـــێ نـــاوی لێنـــاوم گورگـــۆ؟ ژنەکە گـــوتی مێـــردەکەی مـــن. چـــونکە ئـــێمە کەوتیـــنە گومـــان تـــۆ مـــرۆڤ بـــی. منـــدالّەکانیش وایانـــدەزانی ئەو ســـەگەی تـــۆی بـــۆ ئێـــرە هێنـــاوە، گـــورگ بـــووە. ئیتـــر لەو ڕۆژەڕا جـــودی کە ڕاســـتیەکانی زانـــی هەموو شتێک گۆڕا.

خۆشەویســـتی لە نێـــوان ئەو و براکـــان و مێـــردی ژنەکە و ژنەکە خـــۆی دەرزی تـــێکەوت. ئەو هەمیشـــە بە تەنیـــا دەگەڕا، زۆرجـــار دادەمـــا. ئەوەشـــی دەکـــرد لەبەر ئەوە

نـا، ڕقـی لە دڵ دروسـت بـووبێ، بەڵکـو وەهـا خـۆی دەهـاتە بەرچـاو لەنـاو ئەو مـاڵەی وا تێگەیشـتبوو خێزانی ئەون، نامۆیە.

بـۆیە ئێـوارەیەک کە هەمـوو دانیشـتبوون پێیـانیگوت دەمەوێ شـتێکتان پـێ بڵـێم. هەمـوو خێـزانەکە بـێ دەنـگ بـوون، لێکـڕا سـەیری دەمـی جودیـان کـرد. ژنەکە بە جـواب هـات گـوتی چ شـتێک؟ جـودی گـوتی ئەوەی ڕاسـتیبێ دەمەوێ بـڕۆم. ژنەکە چاوەکـانی زەق هەڵـگەڕا گـوتی بـۆ کـوێ؟ جـودی گـوتی بـۆ گەڕان. چیتـر ئـۆقرە نـاگرم، لە نـاوەوە هێزێـک پـاڵم پێـوەدەنێ دەڵـێ بجوڵێـوە، چـی دەکەی لەو نـاو شـاخە خـۆت قەتـیس کـردووە؟ لە کاتێکـدا هـیچ دەربـارەی ڕابـردووی خـۆت نـازانی. ژنەکە ئەوەی لێـی دەترسـا ڕووێـدا، چـونکە دەیزانـی جـودی بڵـێ شـتێک دەکەم دەیکـا. بـۆیە سـەیری مێـردەکەی کـرد، هەوڵێکـی بـۆ بـدات، بەڵکـو ڕێـی لـێ بگـرێ. مێردەکەشـی لە خـۆی بـێ چـارەتر، واقـی ووڕمابوو، بەحاڵ گوتی کوڕم ئەوە دوا بڕیارتە؟

جـودی گـوتی بەدڵنیـاییەوە. پیـاوەکە گـوتی کە گەڕای دێـیەوە لامـان. جـودی سـەری ژنەکەی مـاچ کـردو گـوتی

بێ گومان. من ئێوە لەبیرناکەم. ئیتر کە بەیانی داهات جودی لەبن هەیوانەکە خۆی ئامادەکردو چووە لای بزنەکەی مەمکی دەمژی، دیاربوو بزنەکە بە تەواوی پیربووە، تێر ماچی کردو لە ئامێزی گرت. کە منداڵی خۆشی بە بیرهاتەوە، سەری بە سەری وەناو بۆی گریا. ئەندامانی ماڵەکەش هەموو لە دیاری ڕاوەستابوون، فرمێسک بەسەر ڕوومەتەکانیدا دەهاتە خوارێ، لە دیار ئەو دیمەنە.

ئینجا جودی لەلای بزنەکە هەڵستاوەو باوەشی لە منداڵە گەورەکەدا، گوتی بڕا گەورە، غەریبیت دەکەم، سوپاس. ئینجا چووە لای منداڵەکەی دووەم، گوتی وەرە باوەشم، دەردی دوورکەوتنەوەی تۆ گرانە، دەزانی چەند ململانێت لەگەڵم کردووە. منداڵەکە دەستی بە گریان کرد، دایک و باوکەکەش لە دیاریان بێ ڕاوەستان دەگریان، بەتایبەتی کە بینیان منداڵەکەی دووەم و جودی یەکتریان لە باوەش گرتووە.

ئینجا جودی یەک یەک بە منداڵەکان داهات، هەموو براکانی لە ئامێز گرت. تا گەیشتە باوکەکە، لەوێ باوکەکە دەستی لەسەر هەردوو شانی دانا، گوتی

گورگـۆی ئـازا لەبیـر نەکەی هەرکاتێـک بـتەوێ بێـیەوە ئەو مـاڵە مـاڵی تـۆیە، تـۆ ئەنـدامێکی لە ئـێمە. ئینجـا تونـد لە باوەشـــی گـــرت، لەگەڵ باوەشـــەکە دەســـتی لە پشتیشـــی دا. دواتـــر جـــودی بەرەو ژنەکە چـــوو، هەردووکیـــان دەمێـــک لە بەرامـــبەر یەک ڕاوەســـتان، جـــودی ســـەیری نـــاو چاوەکـــانی دەکـــرد، ژنەکەش ســەیری جـودی. ژنەکە لەوکـاتەی جـودی قۆنـداغە بـوو، ســەگەکە هێنـای، بەبیـری هـاتەوە تـا ئەوکـاتەی چـوونە ســـەر لـــوتکەکەو ووونبـــوونی لە ئەشـــکەوتەکەو ئەو چـرکەیەی پێـی گـوت مـن دایکـی تـۆ نـیم. جـودی گـوتی دایـکە، ســوپاس، دەزانـم مانـدووم کـردی. ژنەکە زیـاتر گریـا، گـوتی دوورکەوتـنەوەت چەنـد نـاخ ســووتێنە کـوڕم، بـڕۆ خـوات لەگەڵ بـێ. لەبـن هەیـوانەکە هەر دووکیـان دوا باوەشـیان لێکـداو پاشـان جـودی مالّئـاوایی لـێ کـردن و بە ڕێ کەوت، خێـزانەکە هەمـوو پـێکەوە لە پـێش هەیـوانەکە ڕاوەســتابوون، جـودیش بە بنـاری شـاخەکەدا، پشـتی تێکـردن و ڕۆیشـت، تـا لە چـاو تەواو دوورکەوتەوە، لە دوورەوە، بـۆ دواجـار دەسـتێکی بڵنـد کرد، ئەوانیش هەموو پێکەوە وەڵامیان داوە.

بەمشێوەیە جودی ئەو ماڵەی بەجێهێشت کە لەخۆیان گرتبوو. ژنەکەش دوای ڕۆیشتنی جودی، هەموو شەوان کە گوێی لە گورگەکان دەبوو دەهاتنە دەوروبەرو لە دەرەوە دەیانلورانـد، دڵی پێ خۆش دەبوو، بە منداڵەکانی دەگوت ئەوە گورگۆی براتانە قەت مەترسێن لێی، ڕەنگە هاتبێتەوە کەمێک لە ماڵەکەمان بڕوانێ و بڕوا. ڕەنگە غەریبی کردبین، وەک چۆن ئێمەش غەریبی دەکەین.

بەشی سی و دوو

(٩٨)

شەو درەنگ ڕووبا چووە ناو شار، دیار بوو بەتەمای شتێک بوو ئەنجامی بدات. لە یەکێک لە کۆڵانەکان تووشی پیاوێک هات، ڕاستەوخۆ لێی پرسی، بێ زەحمەت مااڵی خەلیفە حەمدون کەوتۆتە کوێ؟
پیاوەکە وەاڵمی داوە، هێشتا بڕۆ خوارەوە، لەوێ کۆڵانێکی بەرین هەیە، لە کۆڵانەکە شۆڕبۆوە، دەرگایەکی یەک دەری کەسک بە دەستە چەپ دەکەوێتە بەرچاوت، ئەوە مااڵی خەلیفەیە، سااڵوی

خـــوای لـــێ بێـــت. ڕووبـــاش ناچـــار، کە هەســـتی کـــرد خەلـیفە ئەوەنـدە شـکۆدارو ناسـراوە لەلای خەڵکـی شـار، لەبەر ئەو بەدوایـدا گـوتیەوە، بەڵـێ سـڵاوی خـوای لـێ بێت. ئینجا گوتی سوپاس.

لەوێـــوە بەپێـــی ناونیشـــانەکە بەرەو مـــاڵی خەلـــیفە ڕۆیشـــت، کە گەیشـــتە کـــۆڵانەکە، دەرگـــا کەســـکەکەی دۆزیەوە. ئـــاڵایەکیش لە ســـەربانەکەیان هەڵـــدرابوو. ڕووبـــا لە دوورەوە چـــاودێری کـــرد، کە زانـــی کـــۆڵانەکە کەســـی لـــێ نـــیە، لە دەرگـــاکە نزیـــک بـــۆوە، لە کەلەنـــی دەرگـــاکە ســـەیرێکی حەوشـــەی کـــرد، بینـــی حەوشـــەکەش چـــۆڵە. ڕووبـــا بەلایەکـــی دیـــوارەکە ئـــاودیو بـــوو، ڕاســتەوخۆ خـۆی گەیانـدە بـن هەیـوانەکە. لەنـاو تـاریکی وەک ئەوەی وێـــنەیەک بـــێ لەســـەر تەخـــتەی ڕەش کێشـــرابێ و دواتـــر بە ئیســـفنجێک ســـڕابێتەوە بـــزر بـــوو، هەنـــدەی نەبـــرد چـــۆن گـــورگ مەڕ لە چـــاو تروکانێکـــدا دەبـــا، ئەوهـــا لاشـــەی خەلـیفە حەمـدونی بە شـلوخاوی بە شـــانی خـــۆی دادابـــوو، لە هەیـــوانەکە دەرهـــات، بەرەو دەرگـــای حەوشـــە گەڕاوە، بە بـــێ دەنگـــی کـــردیەوەو پێیـــدا چـــــۆوە کـــــۆڵان، بەدوای خۆشـــــیدا پێـــــی وەداوە. لە

کۆلانەکەشـــــرا بەرەو گۆڕســـــتانەکە ڕێـــــی گـــــرت. لە دەروازەکە چـــــۆوە ژوورێ، بەخـــــۆی و بەو کەلاکەی بە شـــانی خـــۆی دادابـــوو، نەیزانـــی دڵبـــرین لە ئێـــوارەوە چـاودێری دەکـات، تـا بزانـێ ئەو گـۆڕەی لێـی دابـوو، بـۆ چیتـی، ڕووبـا بە بەرچـاوی دڵبـرینەوە، کەلاکـی خەلـیفە حەمـدونی بـردە نزیـک گـۆڕەکەو تێیهەڵـدا نـاوی، بەپەلە خۆڵەکەشـــی پێـــداکرد، تەنیـــا کـــونێکی هێشـــتەوە، بـــۆ ئەوەی دەموچـــاوی خەلـــیفە دیـــاربێ، دەنـــا ئەویتـــری هەمـــوو داپۆشـــت، خەلـــیفەی بە تەواوی لە گۆڕنـــا. دڵبـرین بەو دیـمەنە تێکچـوو، لە دڵـی خـۆی ڕا هـاتە ئەو بـڕوایەی تەواو لەوە زیـاتر کێـوە، ئەو کـوڕە بکوژیشـە. لە ترسـی ئەو تـاوانە گەڕاوە بـن کەپـرەکەی، هیچـی پـێ نەدەگـوترا، چـونکە هەنـدێک شـتی ڕووباشـی پـێ جـوان بـوو، پێـی وابـوو نەدەبـا قەت ئەوە بکـات. ڕووبـاش دوای ناشـــتنی خەلـــیفە حەمـــدون، دووبـــارە لە گۆڕسـتانەکە هـاتەوە دەرێ، بیـری کـردەوە بچێـتە کـن ئـاینور، لەگەڵ خـــۆی بیهێنێـــتە گۆڕســـتانەکە، تـــا هەم بوکـــۆکەکەی پێنیشـــاندا هێنـــایتیەوە، هەمـــیش گـــۆڕی خەلـیفە. بەڵام کێشـەیەکی هەبـوو، نەیـدەزانی ماڵیـان لە

کـوێیە. ناچـار بە مێشـکی داهـات، بچێـتە نـاو هەمـوو ماڵەکـان، سـەیری هەمـوو کچەکـان بکـات، تـا دەیـدۆزێتەوە، تەنیـا ئەو مـاڵانە نەبـێ پێشـتر چـووە. لەوێـوە دەسـتی بە گەڕان کـرد، بەو درەنگـی شـەوە حەوشـەی هـیچ ماڵێک نەمـا ڕووبـا لێی ئـاودیو نەبـێ، کـچ نەمـا ڕووبـا نەچێـتە سـەری و تەماشـای نەکـات لە کـاتی خەو. تـا گەیشـتە مـاڵی ئـاینور، لەوێ کە لە حەوشـەی ئەوانـیش ئـاودیو بـوو، دەسـتی بە گەڕان کـرد لە ژوورەکان.

لەناکـاو لەبەر ئەو کەمە ڕۆنـاکیەی لە ژوورەکـانی دەدا، داودی دارتاشـی بینـی، ڕاسـتەوخۆ ناسـیەوە، داود لە شـیرینی خەودا بـوو. بـێ ئاگـابوو ڕووبـا ئەو گەنـجەی دەسـەڵاتداران کـون بە کـون لێـی دەگەڕێـن، لەناو ماڵەکەی خۆی لەسەر سەری ڕاوەستاوە.

ڕووبـاش خۆشیدەویسـت، هەر یەکەم ڕۆژیـش کە پێـی لەنـاو ئەو شـارە دانـا قسـەی لەگەڵ ئەو کـرد. ڕووبـا دوای ئەوەی دەمێـک لەسـەری ڕاوەسـتاو قسـەکانی بەبیرهـاتەوە داود لەبـۆی دەکـرد، ژوورەکەی بەجێهێشـت و چـووە ژوورێکـی تـر، لەناکـاو لەنـاو

نـــوێنێکی نەرم و پـــاک، چـــاوی بە ئـــاینور کەوت خەوی لـــێ کەوتـــووە، پرچیشـــی وەک هەمـــوو جارەکـــان بڵاوبـۆتەوە. بەپەلە لێـی نزیـک بـۆوەو بـێ ئەوەی پرسـی پـــێ بکـــات، دەســـتی کـــردە چاکەتێـــک، کە لە ســـەر میزتـــوالێتەکەی تەنیشـــتی دانـــدرابوو، لە باوەشـــی کـــرد، هەتـــا ئـــاینور بە ئاگـــا هـــات، ئەو لە دەرگـــای حەوشـــە چـووە دەرەوە. لە کـۆڵان ئـاینور گـوتی تـۆ چـی دەکەی، شـێت بـووی؟ دامنـێ. ئـاخەر بـاوکم هەڵسـتێتەوە ببینـێ مـن نەمـاوم، دەبـێ چیبکـات؟ ڕووبـا کە گـوێی لـێ بـوو ئاینور بە ئاگاهاتووە داینا.

گـوتی شـــەو لە چـــارێگی کۆتـــاییە، مـــرۆڤ لەو وەخـــتە کەمتـر بە ئاگـادێ، هـاتووم پێـت بڵـێم ئەوەی پێـت گـوتم ئەنجـامم داوە. ئـاینور گـوتی چـۆن؟ واتـا بوکـۆکەکەت هێنـایتەوە؟ ڕووبـا گـوتی بەڵـێ، بەڵکـو شـتێکی تریشـم کـردووە پێشـبینی نـاکەی. ئـاینور گـوتی چـیە ئەوەی تـر؟ ڕووبا گوتی کە چووینە ناو گۆڕستانەکە دەزانی.

ئینجـا ڕووبـا چـاکەتەکەی دا ئـاینورو پێـی گـوت لەبەری بـکە، بـا سـەرمات نەبـێ. ئـاینور چـاکەتەکەی لەبەر کـرد، لەگەڵ ڕووبـاش پـێکەوە بەرەو گۆڕسـتانەکە ڕۆیشـتن.

پـــێش ئەوەی لە دەروازەکە بچـــنە ژوورێ، ڕووبـــا بە ئـاینوری گـوت دیـارە تـۆ کچـی داودی دارتاشـی؟ ئـاینور گـوتی بەڵـێ، چـۆن زانیـت؟ ڕووبـا گـوتی کەمێـک پـێش ئێسـتا بینـیم، خەوتبـوو باوکـت پیـاوێکی ڕووح سـوکە، مـرۆڤ کە دەیبینـێ خۆشـیدەوێ. ئـاینور گـوتی جـا بـا شـتێکت پـێ بڵـێم، ئەو زۆر بە تـۆ سەرسـامە، تەنـانەت لە سەریشت گیراوە، ئاگات لێ نەبووە.

ڕووبـا گـوتی بەڕاسـت، گیـران لەسـەر مـن بـۆ؟ ئـاینور گـوتی چـونکە چووبـوویە دوکـانەکەی، کەل و پەلـت لـێ کڕی بـوو. ڕووبـا گـوتی ئەوجە ئەو تـاوانی چـیە؟ ئـاینور خەنـدەیەکی کـرد گـوتی تـاوانی ئەوەیە قسـەی لەگەڵ تـۆ کـردووە. ڕووبـا گـوتی بـۆ قسـەکردن لەگەڵ مـن تـاوانە؟ ئـاینور گـوتی بەڵـێ زۆریـش، چـونکە مێشـکی مـرۆڤ تێکـدەدەی. لەگەڵ ئەو قسـانە ئـاینور و ڕووبـا لە دەروازەکە چـوونە ژوورێ، بە نـاو گۆڕەکانـدا ڕووبـا ئـاینوری بـردە سـەر ئەو گـۆڕەی خەلـیفە حەمـدونی لە نـاو نـابوو. ڕووبـا لە نزیـک گـۆڕەکە کە زانـی کەش و هەوا سـاردە، بە پەلە ئـاگرێکی کـردەوە، ئـاینوریش بـێ ئەوەی بزانـێ ئەو گـۆڕە خەلـیفە حەمـدونی تێـدایە، لەلای

ڕاوەستابوو. ڕووبا دوای ئاگر کردنەوەکە، بوکۆکەکەی لەناو گالیسکەکە دەرهێناو دایە دەستی ئاینور گوتی ئەوە ئەو بوکۆکەیە تۆ دەتویست؟

ئاینور چاوەکانی پڕ فرمێسک بوون، کە بوکۆکەکەی بینی گوتی بەڵێ، توخوا با دەربازم بێ لە کابووسی ئەو بوکۆکە، من هەمیشە وا دەزانم هەرچی بەسەرم دێ لە سایەی ئەو بوکۆکەیە. ڕووبا دەستی لەسەر شانەکانی ئاینور داناو لە دیار ئاگرەکە داینیشاند، ئینجا بوکۆکەکەی لێ وەرگرت، تۆپ و زنجیرەکەی لێکردەوە، پاشان ناو لینگی بوکۆکەکەی دڕاند، بینی نوشتەیەکی تێدایە، لە نوشتەکە ناوی ئاینورو خەلیفە حەمدون نوسراوە، ڕووبا کە نوشتەکەی خوێندەوە، دایە دەستی ئاینور. ئاینور کە چاوی بە ناوی خۆی و خەلیفە کەوت، لە جیاتی ناوی خۆی و شەهریار، تاسا. گوتی من چی دەبینم، ئاخەر بێ ویژدانیش تا ئەو ڕادەیە؟ ئۆف، یەعنی کەسک نیە ئەو خەلیفە حەمدونە لەناوببات، لە کاتێکدا ژیانی هەموو کەچ و ژنانی ئەو شارەی لە ناو برد؟ ڕووبا گوتی با، ئاوڕدەوە خەلیفە حەمدون لێرەیە. ئاینور بە ترسەوە

ئاوڕیداوە گوتی لە کوێ؟ ڕووبا گوتی لەناو ئەو گۆڕە نوێیە؟ ئاینور لە شوێنەکەی هەڵستاوە، گوتی تۆ چی دەڵێی؟ نەتکوشتبێ؟ ڕووبا گوتی با، پێت ناخۆشە؟ ئاینور گوتی ڕاوەستە من جارێ تووشی شۆک بوومە، تۆ چۆن توانیت پیاوێک بکوژی؟

ڕووبا گوتی چونکە تاوانبار بوو، کەسیش باوەڕی نەدەکرد تاوانبارە، هەتا یاساش. گوتم با من لە کۆڵی بکەمەوە. ئاینور گوتی ئاخەر من لەگەڵ کوشتن نیم، نەدەبوایە وا بکەی، من دەڕۆم، لەوەی کردووتە بێ بەرییم. ڕووبا زانی ئاینور پێ تەنگاو بووە. گوتی بوەستە چ زوو خۆت لێ بردە دەرەوەو پشتت تێکردم، لەبەر تۆ وام گوت، چونکە زۆر بە گەرم و گوڕی گوتت یەعنی کەسێک نیە ئەو خەلیفە حەمدونە لەناو بابات، بۆ دڵنیاییت نەمکوشتووە، بەڵکو لە گۆڕم ناوە عەزابی قەبر ڕاستی بکاتەوە، کە بەخۆی وا خۆی دەردەخا پیاوێکی بە دینەو بڕوای پێیەتی.

ئاینور گوتی یەعنی زیندووە؟ ڕووبا گوتی بەڵێ وەرە با بیدوێنین. ڕووبا دەستی کردە داریکی بە ئاگرو لەو کونەی لە گۆڕەکەی هێشتبۆوە، نزیک کەوتەوە، لەبەر

ڕۆناکی ئاگرەکە، تا خوارەوە بە دیارکەوت، کە بە ئاسانی دەموچاوی خەلیفە دەبیندرا. ئاینور کە سەری بردە پێش و چاوی بە خەلیفە کەوت لە چ بارودۆخێکە، دەمێک بوو بڕوای نەدەکرد. دواتر بە کەمێک شڵەژانەوە بە ڕووبای گوت بەتەمای چی لێ بکەی ئێستا؟

ڕووبا گوتی ئەوەم بۆ تۆ کردووە، لەبەر دەستتە، دەتوانی ئەو کونەی لێ دابخەی و ئۆکسجینی لە بۆ نەچێ و بمرێ، مادەم لە کەسێک دەگەڕای نەبوو بیکوژێ، دەشتوانی ئازادی بکەی. خەلیفە حەمدون لە کونەکەڕا دیاربوو گوێی لە هەموو قسەکان بوو، چاوەکانی زەق ببوونەوە کاتێک خۆی دەبینی لەگۆڕنراوە. ئەو، ئەو شەوە لە ماڵەوە پاڵی دابۆوە، لەناکاو گوێی لە دەنگێک بوو، ویستی بچێتە دەرەوە بزانێ ئەو دەنگە چیە دێ لە ماڵەکەی، کەچی شتێک بەر سەری کەوتوو لەخۆچوو، کە چاوی کردەوە بینی لە گۆڕنراوە. بە تەواوی نەیدەزانی مردووە، یان ماوە. ئەوانەی ئاگریان لە دەستە، لەو کونەڕا سەیری دەکەن، ئەو دوو مەلایەکەتەن، دێن لێی دەپرسن خوا و

پێغەمبەرت کێیە؟ لەسەر چ دینێک بووی؟ کیتابت چیە؟ یان بەڕاستی گوێی لە دەنگی کچ و کوڕێکە، گفتوگۆ دەکەن لەگەڵ یەک.

خەریکبوو بخنکێ، نە مێشکی بە تەواوی کاری دەکرد، شتەکانی پێ کەوشەن بکرێ، نە لەناو ئەو گۆڕە دەیتوانی دەست و قاچی بجوڵێنێتەوە. ئەوەش عەزابێک بوو تا بڵێی دڵتوندکەر و ناخۆش. ئاینور لە سەرەوەڕا گوتی خەلیفە حەمدون ئەی ئەو پیاوەی لێت دەترسام و نەشمدەتوانی نێم بۆلات، بۆ ناوی خۆت لە نوشتەکە لەجێی ناوی شەهریار نوسی؟

بۆ ئەو هەموو فێڵەت لێکردم؟ خەلیفە حەمدون وەڵامی نەداوە. ئاینور زانی بێ دەنگە گوتی قسە بکە، دەنا کونەکە دەگرم، هەرنا بۆ ئەوەی کەمێک دڵم ئارام ببێتەوە، ئاخەر بۆ؟ خەلیفە حەمدون ترسا کونەکەی لەسەر بگرن، وەک ئەوەی لەناو بۆڕیەک دەنگی بێ، گوتی ڕاوەستن ئەوەم لەگەڵ مەکەن، وەڵامتان دەدەمەوە، دان بەوە دادەنێم هەموو ئەوانەی کردم فێڵ بوو، من لە مریشکە ڕەشەکەڕا، تا بوکۆکەکە فێڵم لێ کردی.

ئـاینور گـوتی ئـاخەر لە پێنـاو چـی؟ خەلـیفە حەمـدون گـوتی چـونکە تـۆ جوانبـووی، منـیش ناشـیرین، دەبـوا ڕێـیەک بـدۆزمەوە پێـت بـگەم، وەک چـۆن تـۆ لە هەمـوو ڕێـیەک دەگەڕای بە شـەهریار بـگەی. تـۆ قەت بیـرت کـردۆتەوە، ئەوەی خـراپە دەکـات، یـان تاوانێـک، زیـاتر ئەو کەسـانەن خـاوەنی ڕووخسـارێکی جـوان نـین؟ قەت بیـرت کـردۆتەوە، بـۆچی ئەو جـۆرە کەسـانە هەمیشـە مڕومـۆچن، لەچـاو ئەو کەسـانەی جـوانن و لە جوانیـان دڵخۆشـن و پێـدەکەنن؟ نـا، چـونکە ئێـوە یەک دیـوی مەسـەلەکە دەبیـنن، نـازانن چەنـدین دیـو هەیە بـۆ بـاش بوون و خراپ بوونی مرۆڤ.

ئایـا لەوە ناخۆشـتر هەیە شـێوەی خـۆت بە دڵ نەبـێ و نەشـتوانی بیگـۆڕی؟ ئـاینور لەگەڵ ئەو قسـانە ڕاوەسـتا، تەنـانەت زگیشـی پـێ سـووتا، لە دیـار گـۆڕەکە فرمێسـک بە چاوەکانیـدا هـاتە خـوارێ، وەک ئەوەی بیـری لـێ بکـاتەوە چـی لـێ بکـات، تـاوانی ئەو چـیە ئەو حەزە زۆرەی هەیە و سرووشـتیش سـەروبچمێکی پـێ نەبەخشـیوە ڕێخۆشـکەر بـێ بـۆ خـاڵیبوونەوەی. ئـاخەر ئەو کـارانەی ئەو کردوویەتـی لەپێنـاو گەیشـتن بە

کەسێک، دەگاتە ئەو ڕاددەیەی ئەو کونەی لەسەر دابخات، ژیانی لێ بستێنێتەوە؟ نا.

بۆیە گوتی تەواو، من شتێکم لە دڵ نەما دەتبووڕم، بڕۆ هیچم ناوێ، ئێمە هەموومان گوناحین هەرکەسێکمان بە جۆرێک. بەس پێم بڵێ چ لەو نوشتەیە بکەم، تا ببمەوە کەسەکەی جاران؟ خۆ هەرنا مافی ئەوەم هەیە. خەلیفە گوتی بەڵێ مافت هەیە، تەنانەت داوای لێبووردنیشت لێ دەکەم، بیسووتێنە. ئەگەر نەشیسووتێنی، تەنیا بڕوات پێ نەمێنێ هیچ لەگۆڕێ نیە، نوشتەو جادوو ئیشکردنە لەسەر دەروونی مرۆڤ، نەک شتێکی تر، کە مرۆڤ بڕوای پێ نەما، یان بڕوای پێ نەبوو، نوشتەو جادووی دونیا کاری تێناکات.

ئەوە قسەی بەناوبانگترین خەلیفەو جادووگەری ئەم شارەیە. ئاینور گوتی تەواو، ئینجا لەپێش چاوی ڕووبا، نوشتەکەی ناوی خۆی و خەلیفە حەمدونی لەسەر بوو، خستیە ناو ئاگرەکە، هێدی هێدی کاغەزەکە لەڕێی ئاگرەوە، ڕەشایی داگیری کردوو بووە خۆڵەمێش. ئاینور لەگەڵ سووتاندنی نوشتەکە

ئەو قوڕساییەی کەوتبووە سەر دڵی لاکەوت. لە دیار ئاگرەکە هەناسەیەکی هەڵکێشاو ڕووی لە ڕووبا کرد، ڕووتێکردنێک دەمێک سەیری کرد، پاشان تۆند باوەشی لێدا، گوتی سوپاس بۆ تۆ، قەت ئەو چاکەیەت لەبیر ناکەم. ئێستا دەمەوێ بڕۆمەوەماڵێ بخەوم، وەک ئەو ڕێبوارەی دوای وونکردنی ڕێگاکە، دەکەوێتە ڕێگەیەکی سەخت و دژوار، پاشان ڕێگاکە دەدۆزێتەوەو دەگەڕێتەوە ماڵ، لە ماندووێتیان دەخەوێ. تۆش ئەگەر لەسەر من خەلیفەت لەو گۆڕە ناوە، من لێی خۆش بووم، دەکرێ ئازادی بکەی، بەو مەرجەی واز لە دەروونی خەڵکی بێنێ، ژیان بەخۆی ئاڵۆزە، با ئەو چیتر بە چیڕۆکەکانی ئاڵۆزتری نەکات. ڕووبا گوتی غەمت نەبێ، بڕۆ با بتبەمەوە پێش ئەوەی دونیا ڕۆناک دابێ، نەوەک بتبینن. ئاینور زۆری پێ خۆش بوو، بۆیە گوتی کەوایە بابڕۆین.

ئینجا هەردووکیان لە گۆڕستانەکە هاتنە دەرەوەو ڕووبا ئاینوری بردەوە، تا ناردیەوە حەوشەش ڕاوەستا، پاشان بەرەو گۆڕستانەکە گەڕاوە، کە لە دەروازەکە چووە ژوورەوەو بەناو گۆڕەکاندا

هەنگاوی هاوێشت، لە پڕ دڵبرینی کێڵنوس ڕێی لێگرت، گوتی ئەی پیاو زۆر شتم لێ قبوڵ کردی، لێرەوە دەبێ بەس بێ، تۆ کەسێکی بکوژی، وانەزانی ئاگام لێ نیە. ڕووبا گوتی بۆ ئەو قسەیە دەکەی؟ دڵبرین گوتی چونکە بە چاوی خۆم بینیم لاشەی پیاوێکت هێناو لە گۆڕت نا. ڕووبا گوتی ڕاستە، بەڵام مادەم تا ئێرە چاودێریت کردووە، لێرە بەدواوەش چاودێری بکە بزانە چۆن لە گۆڕەکە دەریدێنم و زیندووی دەکەمەوە، پاشان بە پێیەکانی خۆی دەینێرمەوە ماڵ. دڵبرین چاوەکانی ئەبڵەق بوون، گوتی تۆ تەواوی، مردوو چۆن زیندوو دەکرێتەوە؟ ڕووبا گوتی دەکرێ، من ئەوە ئەنجام دەدەم تەنیا کەمێک چاوەڕێکە.

(٩٩)

پاســـەوانەکان کە هەتـــوان و مووریـــد و ژێـــداریان لە گۆڕســـتانەکە بـــردە دەرەوە، بردیـــاننە ئەو زینـــدانەی داودی دارتاشـــیان بـــۆ بردبـــوو. لەوێ ســـیداد ســـەعیدی قەســـاب شـــەوەکەی هەرســـێکیانی لە هەمـــان ژوور بە ڕووتـــی ســـەراوژێر هەڵواســـی، دەســـتی کـــردە قـــامچیەک و گـــوتی چـــیم لـــێ پرســـین بەڕاســـتی وەڵامـــم نەدەنەوە، بەو قـــامچیەی دەســـتم ئەو گۆشـــتەی بە لەشـــتان وەیە، هەنجـــن هەنجنـــی دەکەم. کـــێ فێریکـــردن مۆســـیقا لەنـــاو

شـــار بـــژەنن؟ هەتـــوان و وان بـــێ دەنـــگ بـــوون، هـــیچ وەڵامێکیـــان نەداوە. ســـیداد ســـەعید چـــووە لای ژێـــدار دەیزانـــی لە هەمـــووان بچـــووکترە، ڕەنـــگە هێـــزی نەبـــێ بەرگـــری لەو نهێنـــیە بکـــات لە مێشـــکی هەڵیگرتـــووە، گـــوتی لە تـــۆ دەپرســـم، کـــێ فێـــری کـــردن بچـــن مۆســـیقا لەناو شار بژەنن؟

ژێـدار گـوتی کەس، ئـێمە خۆمـان ئەو ڕێیەمـان هەڵبـژارد، تـــا بەناوبانـــگ بـــین. ســـیداد ســـەعید دایە بەر قامچیـــان گوتی فێرکرای ئەوها وەڵام بدەیەوە، وایە؟

ژێـدار گـوتی نەخێـر بەچـی بـاوەڕدەکەی سـوێندت بـۆ دەخـۆم ئەوە ڕاسـتیەکەیە. سـیداد سـەعید گـوتی سـوێند خـواردن؟ ئێـوە چـوزانن سـوێند چـیە قەشـمەر. ئینجـا زانـــی خراپـــی لە ژێـــدار داوە، چـــووە گـــژ موریـــد، بە ژێداریشـــی گـــوت دێـــمەوە گـــژت، بـــۆ خـــۆت بیـــربکەوە، ڕاستیەکەم پێ بڵێی.

بە موریـدی گـوت تـۆ وەڵامـم بـدەوە، کـێ فێـری کـردن مۆسـیقا لەنـاو شـار بـژەنن؟ موریـدیش هەمـان وەڵامـی ژێـــداری داوە، گـــوتی کەس، ســـیداد ســـەعید پرچـــی ڕاکێشـــا گـــوتی درۆمەکە، وادەزانـــی بـــڕوات پـــێ دەکەم،

ئاخەر ئێوە لەکەیەوە بوونە مۆسیقاژەن لەکاتێکدا تا دوێنێ دەرمانخۆرو بەڕەڵابوون؟ مورید گوتی ئەوها مەڵێ، ئێمە ئێستا گۆڕاوین. سیداد سەعید پێکەنی، پێکەنینێک قاقای لەو ژوورەی بۆ تەعزیب تەرخان کرابوو، دەنگی دایەوە. گوتی بووینە چ؟ مورید جوابی نەداوە، سیداد سەعید قامچیەکەی لە دەستی ئالاندو بە تورەییەوە وەریگەڕایێ، شرق و هۆری قامچیەکە لە ژوورەکانی تر دەبیسترا، هاواریشی کرد، ئەمشەو خۆشتان قسە نەکەن، جەستەتان بە قسە دەهێنم. کە هەستی کرد موریدیشی شڕو گێژ کرد لەگەڵ لێدان، گوتی دەگەڕێمەوە لای تۆش، تۆش بیربکەوە، تا ڕاستیەکەت بە بیردێتەوە، ئینجا پێم بڵێ.

دوای موورید لە هەتوان نزیک کەوتەوە، گوتی ڕووبا کێیە؟ هەتوان لەگەڵ ئەو پرسیارە ڕەنگی تێکچوو، زانی بەدوای ئەودا دەگەڕێن، زانی بڵێ دەیناسم و لەناو گۆڕستانەکەیە، دەچن دەیگرن، بۆیە وەڵامی داوە نازانم. سیداد سەعید گوتی دڵنیای؟

هەتوان گوتی بەڵێ. سیداد سەعید گوتی ئەدی ئەگەر ئەومان گرتبوو و هێنامان گوتی من ئەو گەنجانە

دەناسم، ئەوکات چی؟ هەتوان گوتی ئامادەم نینۆکەکانم دەربێنی.

سیداد سەعید گوتی تۆ بیژی، دەتەوێ بەو ڕێیە خۆت دەرباز بکەی. لێت بدەم یان ڕاستیەکەم پێ دەڵێی؟

هەتوان گوتی شتێکم بزانیبا، پێم دەگوتی، چی تێدایە؟ بەڵام نازانم، خۆ لەخۆڕا ناڵێم فڵان کەسە کە نەمبینیبێ. سیداد سەعید دایە بەرقامچیان، شرق و شرق. تا درەنگ لە هەرسێکیانی دا، خەتی قامچی بەسەر پێستیاندا، شوێنی دەرچووبوو، بەڵام ئەوان ووشەیەکیشیان دەربارەی ڕووبا نەدرکاند، ئەوەندە خۆشیان دەویست.

بەڵام لەکاتی لێدان بەبیریان هاتەوە، باوکەکان چۆن گارەگاریانی لەگەڵ دەکردن و دایکەکان بۆیان دەگریان، بەبیریان هاتەوە چۆن بە کۆڵانەکاندا دەڕۆیشتن خەڵکی لچیان لێیان هەڵدێناو کەس خۆشیانی نەدەویست. دواتر چۆن ڕووبایان ناسی و بوونە هاوڕێ، چۆن ڕێزی گرتن و لە ئاڵوگۆڕدەیی دەربازی کردن، چۆن کردنیە مۆسیقاژەن و ناردیانیە ناو خەڵک تا هەست بە بوونی خۆیان بکەن، کەچی

ئێستا تەنیا تاوانیان مۆسیقا ژەنینە دیسان چۆن لێیان دەدەن. کە دونیا ڕۆناک داهات، ئیتر سیداد سەعید دەستی لە لێدانیان هەڵگرت، بۆی دەرکەوت ئەگەر شتێک هەبا دانیان پێدادەنا، ناکرێ ئەو سێ گەنجە کە تازە منداڵیان تێپەڕاندووە ئەوەندەش بەهێز بن.

لێیگەڕا بۆ زانا پەنای میانڕەو، کە لەگەڵ دەوام دەستی بە کاری خۆی دەکرد. بە دوو پاسەوانیشی گوت بیانکەنەوە با ئیسراحەت بکەن، دوو پاسەوان هاتن هەتوان و موریدو ژێداریان کردەوە، جل و بەرگەکانیان لەبەرکردن و پێیان گوتن بڕۆنە سەرئاو، هەرسێکیان کاتێک هەنگاویان نا بچنە سەرئاو، دەشەلین، هەموو لەشیان دەزووراوە، هیچ جێیەکیشیان نەمابوو لەگەڵ بۆکس و پێڵەقە نەکوترابێ. دوای چوونە سەر ئاو، یەکەو هێلکەیان دانێ، لەگەڵ سەموونێک و گلاسێک چای، پێیان گوتن نان بخۆن. هەتوان گوتی پێم ناخورێ، یەکێک لە پاسەوانەکان خۆی لێ تورەکرد بخۆ، لێرە نابێ کەس نان نەخوات دەی. دیاربوو هەموو پاسەوانەکان ئاگادار کرابوونەوە دەبێ هەموو جەمەکان کەسی

بەندکراو نان بخوات، نەوەک مان بگرێ. ناچار هەتوان دەستی بەنان خواردنکرد، بێ ئەوەی حەزی لێ بێ. بە زۆر پاروەکەی دەمی دەجوی و پێی ئاودیو دەکرا. هەرسێکیان تەماشای یەکتریان نەدەکرد، یەک تەماشاکردنی یەکتر بەس بوو بۆ ئەوەی بیانخاتە گریان، بۆ ئەوەی کۆمەڵێک ئازاری ڕابردوویان بیربێتەوە. کە نانیان خوارد، ڕاستەوخۆ بانگ کران لەلایان زانا پەنا کە هەمیشە وا خۆی نیشاندەدا کەسێکی قسە خۆشە.

کاتێک پاسەوانەکان هەرسێکیان بردە ژووری زانا پەنا، زانا پەنا لەبەریان هەڵستاوەو بەخێرهاتنی کردن، گوتی خۆ لێتان نەدراوە؟ ژێدار گوتی بەڵێ زۆریش. زانا پەنا گوتی کەسی بێ ئەخلاق لە هەموو شوێنێک هەیە، ئاخەر لێدان لەبەرچی، کەس لە منداڵی خۆی داوە؟ هەموو کەس هەڵە دەکات. بەهەرحاڵ دواتر خۆم سەرەوە ئاگادار دەکەمەوە، ژێدارو موریدو هەتوان دڵیان بە قسەکانی خۆش بوو، وایاندەزانی بەڕاستیتی، نەیاندەزانی ئەوە تاکتیکی خۆیتیان. زانا پەنا بە نەرمی دەستی بە قسەکردن کرد لەگەڵیان،

گـوتی بـارودۆخ خـراپە، ئێـوە بـۆ دەچـن لەنـاو شـار مۆسـیقا دەژەنـن، لەکاتێکـدا دەرفەتێکـی زێڕینتـان لەبـۆ ڕێکـکەوت بچـنە نـاو باشـترین ڕێسـتۆرانت ئەوە بـکەن؟ هەتـوان و وان سـەریان سـووڕما، ئەوانە ئاگایـان لەو هەمـوو شـتانە هەیە، نەیانـدەزانی، هەر یەکەم جـاریش ئەوە پیلانـی خۆیـان بـوو، ویسـتیان گەنجەکـان بـبەنە ئەم شـوێنە، پـێش ئەوەی خەڵـک زیـاتر بیانناسـن و لەنـاو بازار لێیان کۆببنەوە.

ئەوان لەو سـەردەمە قەبەو بـریقەدارو بەتـاڵە، بەو ڕێگایـانە وەک ڕێسـتۆرانتەکان و دیسـکۆکان و کافتریـا و سـۆزانیخانەکان، ڕووحیـان لەگەنجەکـان دەسـتاند. هەتـوان و موریـدو ژێـدار گوتیـان چـووین، بەڵام لەو جـۆرە شـوێنانە ئـێمە نـاتوانین مۆسـیقا بـژەنین. زانـا پەنـا گـوتی نـاتوانین چ قسـەیەکە، دەبـێ خۆتـان ڕابێـنن. لەوکـاتەی زانـا پەنـا لەگەڵ هەتـوان و وان خەریکـی لێکۆڵینەوە بوو، لەناو شار بووە خۆپیشاندان.

دونیـایەک کـچ و کـوڕ، وێـنەی هەتـوان و ژێـدار و موریـدیان کردبـووە لافیـتەو چەنـد کەسـێک بەرزیـانکردبۆوە، ئەوانـی تـریش لە دوایـان دەڕۆیشـتن،

لێکـــڕا هاواریـــان دەکـــرد، ئـــازادی بـــۆ ســـێ گەنـــجە مۆسـیقاژەنەکە. ئـازادی بـۆ هـونەر، ئـازادی بـۆ کەمـانج و فلوت و دەف.

بە ســـــەر ئەو شـــــەقامەی بەپـــــێش گۆڕســـــتانەکەدا دەڕۆیشـت بـۆ ناوشـار، ڕێیانـدەپێوا. لەنـاو گۆڕسـتانەکە، ڕووبـا و دڵبـرین کە گوێیـان لەو دەنـگە دەنـگ و هەرایە بـوو، بەپەلە هـاتنە بەر دەروازەکە، لەوێـوە بینیـان دونیـا هەڵسـتاوە، وێـنەی هەتـوان و موریـدو ژێداریشـیان بەرزکـــردۆتەوەو داوای ئازادبوونیـــان دەکەن. دڵبـــرین کە چـــــاوی بەو قەرەبـــــاڵغی و ڕێپێـــــوانە کەوت، ڕاســـتەوخۆ ســـەیری ڕووبـــای کـــرد، وەک ئەوەی پێـــی بڵـێ ئەوەت بە دڵە، ڕووبـا کە چـاوی پـێ کەوت دڵبـرین ســـەیری دەکـــات، هەردوو دەســـتی لێککـــردەوە، وا خـــۆی نیشـــاندا بـــۆ وا ســـەیری دەکـــات، ئەو چیبکـــا؟ دڵبـــرین ســـەرێکی بـــاداو بەرەو کەپـــرەکەی گەڕاوە بە منگەمنـــگ. ڕووبـــاش بەگەر خەڵـــکەکە کەوت، تـــا بزانـــێ چـــی ڕوودەدا. ئەو خۆپیشـــاندانەش یەکەم خۆپیشـــاندان بـــوو، لە تەمەنـــی ئەو دەســـەڵاتە ڕووبـــدا، تەنـــانەت یەکەم

دروشمی ئازادیش بوو، دوای چارێگە سەدەیەک کەسێک بوێری ئەوە بکات بیلێتەوە.

ئەو ڕۆژە دەسەلاتداران تەواو شڵەژان کە بینیان خەڵک هەڵستاون، بۆیە بەزووترین کات، تا دەنگ و باسی هەڵستانی ئەو شارە، نەگاتە شارەکانی تر لە سەر قەدەغەکردنی مۆسیقا لەناو شار، بەزووترین کات بەڵێننامەیان بە هەتوان و موریدو ژێدار ڕکردەوە، چیتر مۆسیقا نەژەنن، دوای ڕکردنەوەی بەڵێننامەکە، هەرسێکیان ئازادکردن. بەڵام ئەوان دڵیان بەو ئازادکردنە خۆش نەبوو، کەوتنە دڵەڕاوکێ و دوودڵی، ئایا پاش ئەو گیرانە بچنەوە ناو شار مۆسیقا بژەنن یان نا، ئەگەر نەچن، چ لەو هەموو خۆشەویستیەی خەڵک بکەن، چۆن ناخیان ئارام دەبێت بەو سەرکوتکردنە؟ ئەگەر بچن و بەڵێنەکە بشکێنن، ئەوکات دەسەڵات چ ڕێگایەک هەڵدەبژێرێ لە دژیان.

بەشی سی و سێ

(١٠٠)

مەستان پیر ببوو. کوردەکان دوای ئەوەی لە ئێران گەڕانەوە و (خەتی سی وشەش) دیاریکرا لەلایان ئەمریکاوە، شەڕی براکوژی لەسەر دەسەڵات هەڵگیرسا، شەڕێک لە نێوان ئاڵا زەرد و ئاڵا سەوزەکان، هەردوولا لەولەی تفەنگەکانیان تێککرد، ئەمیان بە پاڵپشتی تورکیاو، ئەویشیان بە پاڵپشتی ئێران. لەناو یەک ماڵ برا لەسەر ڕەنگی پەڕۆکێک، جا سەوزبا یان زەرد برای دەکوشت خوێنەکەشی

دەخـواردەوە. کەچـی لەنـاو ئەو وێـرانیە مەسـتان هێشـتا دەگەڕا، گەڕانێـک بـێ ئەوەی ڕۆژێـک یـان شـەوێک بەتەواوەتـی بحەسـێتەوە، هەر جـارەو لە گونـدێک، گەڕەکێـک، شـاریک، پرسـیاری لە خەڵکـی ڕەش و ڕووت و مانـدووی دەسـتی شـەڕی نـاوەخۆ دەکـرد، ئایـا منـدالێکتان نەبینیـوە نـاوی جـودیە، لە ئەنفـال بەجێمـاوە. کەس هیچـی لە بـارەی نەدەزانـی. ناچـار بیـری کـردەوە بچێـتە شـاری ئەربـائیلۆ، کە لە نـاوچەکە، ناوەنـدی ئـاڵوگۆڕو هـاتوچۆی ڕێبـواران بـوو، گـوتی لەو شـوێنە کە هەمـوو خەڵکێـک سـەردانی دەکـات سـۆراغی نەبـێ، کەوایە نەمـاوە. دوای مانـدووبوونێکی زۆرو دەربـازبوون بە هەزار ڕچاوتکـا لە بـازگە حـزبیە کوردیەکـان، تـوانی پـێ بخـاتە شـارەکە، شـاریک سـاردو سـووڕ، تـا بشـڵێی قەرەبـاڵغ لە خەڵکـی ڕەش و ڕووت و برسـی. ئەوکـاتەی مەسـتان گەیشـتە جـێ ئێـوارەیەکی درەنـگ بـوو، قەڵای شـارەکە حەزیـن خـۆی نیشـان دەدا، لە مانـدوویتیان لە ژێـر دیـواری قەڵاکە ڕاکشـاو خەوی لـێ کەوت. خەوێـک پـڕ لە دیمەنـی ترسـناک و نـاخۆش، ئەنفـال، کیمیابـاران، ئـاوارەبوون و شـەڕی نـاوەخۆ،

لەگەڵ دیمەنەکان ڕاپەڕی، بە پەلە خۆی کۆکردەوەو پرچە سپیەکەی لەسەر دەموچاوی لابرد، تازە بەیانی داهاتبوو، ڕاستەوخۆ دەستی بە گەڕان کردەوە، یەک یەک لەسەر شەقامەکان، لەخەڵکی دەپرسی، ئایا منداڵێکتان نەبینیوە، ناوی جودیە ، لە دوای ئەنفال بەجێماوە.

کەس ئەو وولاّمەی ئەو پێویستی پێ بوو، نەیدەداوە. لەو ماوە دوورودرێژەش یەک جار چیە ڕووخساری خۆی نەبینیبوو، تا وا ڕێکەوت بەناو بازاڕی کۆنە فرۆشاندا تێپەڕی، لەوێ کە خەڵکی کەل و پەلی ناو ماڵی خۆیان دەفرۆشت لە هەژاریان، چاوی بە ئاوێنەیەک کەوت، لە ئاوێنەکە سەیری خۆی کرد، ترسا. سەرەتا ئاوڕی داوە وایزانی پیرێژنێکە لە تەنیشتی ڕاوەستاوە، یان لەم لاو لەولای، له ئاوێنەکە دەیبینێ، بەڵام پیرێژنی چی؟ خۆی بوو، کە هەستی کرد ئەوە خۆیەتی، زیاتر لە ئاوێنەکە نزیک بۆوە، دەستێکی بە پرچ و دەموچاوی داهێنا، لەبەر ئاوێنەکە گوتی مەستان ئەوە تۆی، یان هەڵەم؟ کەسێکی تری یان دایکی جودی؟ چ زوو ئەوهـا گۆڕای؟ ئەو

پیربـوونە لەکـوێ هـات؟ ئەو پـرچە بـۆ وا سـپی بـوو؟ ئەو دەموچـاوە چـۆن چـۆنی ئەو هەمـوو لـۆچەی تـێکەوت؟ نـا باوەڕنـاکەم تـۆ بـی، ئەگەر تـۆش بـی، بـۆ گـاڵتە خـۆت کـردۆتە نـاو ئەو جەسـتە پیـرە، وەک ئیشـە سەیروسـەمەرەکانی لە عەجولیـان لەدیـار مەڕومـاڵات ئەنجامـت دەدا، مەسـتان وەڵامـم بـدەوە، لەناکـاو قیژانـدی، گـوتی مەسـتان پیـریش بـووە ئاگـای لـێ نـیە، مەسـتانی بـێکەس چـی لێهـاتووە، ئەی هـاوار. لەگەڵ ئەو خـۆ بینیـنە دەسـتی بەگریـان و لەخـۆدان کـرد، خەڵکـی هەمـوو لێـی کۆبـوونەوە، کەس نەیدەناسـی. ئەویـش دەموچـاوی ئەوانـی لەلا غەریـب بـوو، لەگەڵ گریـانەکەش دەیگـوت کـێ دەڵـێ یەک لە ئێـوە جـودی نـیە، گەورەبـووەو مـن ناناسـێتەوە، ئـاخ ئـازاری عەشـقی منـداڵ چەنـد گەورەیە، چەنـد بـێ ڕەحـمە، مـن زگـم دەسـووتێ، جـودی، جـودی، تـۆ لەکـوێی؟ بە گریـانەوە لەنـاو ئەو بـازاڕی کـۆنە فرۆشـە یەک بە دەنگـی خـۆی بـانگی جـودی دەکـرد، کەچـی خەڵـکەکە بەدیـاریەوە بـێ دەنـگ لێیـان دەڕوانـی، ئەویـش دەم نـا دەم دەیگـوت ئێـوە مـن ناناسـن، جـوانترین کچـی گونـدەکەمان بـووم، هـیچم

لەبارەی ئازار نەدەزانی، ئێستا چی لێهات ئەو هەموو جوانی و هیچ نەزانینە؟ من زۆر کەم منداڵەکەم ماچ کردو لەخۆمم گرت، بۆوا زوو لەدەستم چوو، سیاوەردی مێردم، ئاخ سیاوەرد، ئەگەر دەبینی ئەو ژنەی غیرەت لێدەکرد لە هەموو شتێ، چەند پیربووە، ئەوسا دەتزانی عەشق چ زاڵمێکە، قەت کاتت بە غیرەکردن نەدەبردە سەر، من ئێستاش دوای ئەو هەموو ساڵە، دوای ئەنفالکردنی ئێوە هێشتا لە جودی دەگەڕێم. مەستان کە هەستی کرد لەو شارەش کەس دەربارەی جودی هیچ نازانێ، تەواو بێ هیوابوو، بێ هیوابوونێک لەخۆی و لە هەرچی هەشبوو ئیتر دەستی بەردا. لەوێوە وایدانا لە حەسرەتی نەدۆزینەوەی جودی، مردووە. مردنێک بە پێیەکانی خۆی ناو خەڵکەکەی بەجێهێشت و ڕووی کردە گۆڕستان، ئەو گۆڕستانەی ئێستا ڕووبا و سێ گەنجە مۆسیقاژەنەکە و دڵبرینی کێلنوس تێیدا دەژین.

(١٠١)

نەدیم دوای ئەوەی گەیشتەوە کوردستان، ڕاستەوخۆ گەڕاوە گوندەکە بەدوای مەستاندا، چونکە پێیوابوو ئەویش دەبێ بەدوای منداڵەکەیدا هاتبێتەوە ئەوێ.
بەڵام وەک جاری پێشوو هیچ کەسێکی نەبینی، تەنیا دیسان گۆڕەکەی توتکە نەبێ. لەوێ لە دیاری دانیشت، بیری کردەوە ڕەنگە ئەو گۆڕە گۆڕی منداڵەکەی مەستان بێ، کاتێک بەدوایدا هاتۆتەوە بینیویەتی مردووە، ناچار لەم شوێنە ناشتوویەتی، دەنا گۆڕێکی بچووک لێرە چی دەکات.

نەدیم بەپێی لێکدانەوەی خۆی هاتە ئەو بڕوایە ، ئەو گۆڕە، گۆڕی منداڵەکەی مەستانە. گەلێک ماچی کردو لە دیاری گریا. دواتر بەدڵێکی غەمبارو ڕووخساڕێکی حەزین بەجێیهێشت، ڕاستەوخۆ وەک ئەوەی پێ لە جێ پێیەکانی مەستان دابنێ، بەو دەرو دەشتە کەوتە سۆراغکردنی. مەستان بە چ ئاراستەیەک لەجودی دەگەڕا، نەدیمیش بەو ئاراستەیە لەو.

ئەویش لە گوندی کەلاوەو دەشتی چۆڵ و هۆڵ زیاتر تووشی هیچ نەدەبوو، تا لە شوێنێک زانی ئەوها بڕوا بە ئەنجام ناگات، گەڕاوە. ڕووی لە شارۆچکەکە کرد، لەوێ پێش هەموو شتێک، ئەگەرچی ماڵەکان زۆربەی چۆڵ بوون، تاک و تەرا نەبێ خەڵکی لێ مابۆوە، چۆوە بەردەرگای ئەو ماڵەی پیاوەبەتەمەنەکەی لێ دەژیاو هاوکاری کرد بەناو کونی مەزراکەدا ڕابکات. کەمێک لە کۆڵانەکە ڕاوەستا، سەیری دیوارەکانی کرد، هەر وەکو خۆی مابوونەوە، قامیشەکانی پشتەوە دیاربوو بڵندتر ببوون. ئینجا لە دەرگای دا، تا هەرنا دوای ئەو هەموو ساڵە پیاوە بەتەمەنەکە ببینێتەوە، کەچی کەس بەرەو پیلی لە

دەرگادانەکە نەهات، دووبارە لە دەرگای داوە، دیسان کەس لێی نەکردەوە، ناچار ڕۆیشت بەرەو لای قامیشەکان، لە دوورەوە هێشتا نەگەیشتبووە جێ، مەزراکەی بینییەوە، چ مەزرا؟ ئەوجارە دڕک و دار بەتەواوی کونەکەی گرتبوو، هێدی هێدی کە نزیک کەوتەوە، لەسەر چیچکان لەدیاری دانیشت، ئەو شەوە سەخت و دژوارەی هاتەوە بەرچاو کە بەناویدا ڕۆیشت، شەوێک ناخۆشترین عەزابی بە چاوی خۆی بینی تێدا. لە دیار ئەو مەزرایە ڕۆچووە ناو خەیاڵێکی قووڵ، خەیاڵێک بۆ نیوکاتژمێرێک ئاگای لە خۆی بڕا، لەپڕ هەستی کرد درەنگە، لە شوێنەکەی هەڵستاوە، پێی باش بوو تا زووە بەرەو ناو شارۆچکەکە بڕوا، هەر واشی کرد .

لە دوورەوە پیرەمێردێکی بینی، بە پاریزەوە لێی چووە پێش گوتی سڵاو مامە، دەزانم شارەکە کەسی تێدا نەماوە، کەم کەمە خەڵک نەبێ، بەڵام من بەدوای کەسێکدا دەگەڕێم وونم کردووە، ئایا هیچی دەربارەی نازانی؟ ئەو ژنێکی جوان و لەسەرخۆیە، لە ئەنفال گەڕاوەتەوە، منداڵێکی لە دوا بەجێماوە؟ پیرەمێردەکە

گوتی چی تۆیە؟ نەدیم بۆ ئەوەی پیرەمێردەکە دڵی هیچ نەکات وەڵامی داوە هاوسەرمە. پیرەمێردەکە سەرێکی باداو گوتی خوا لێیان هەڵنەگرێ ببینە چۆن مااڵ و حاڵیان لەو خەڵکە تێکداو خێزانەکانیان پەرتەوازە کرد، دایک لە منداڵەکەی دەگەڕێ و مێردیش لە ژنەکەی. بەڵێ ماوەیەک لەمەوپێش لێرە بوو، هەموو خەڵک وا تێگەیشتن شێتە، ئەو بە دوای منداڵێکدا دەگەڕا بەناوی جودی. پاشان وون بوو، گوتیان ڕۆیشتووە. نەدیم، لە دڵەخۆی گوتی ئەگەر مەستان بەدوای جودیدا بگەڕێ، ئەدی ئەو گۆڕە بچووکە هی کێ بوو، کە پێم وابوو هی منداڵەکەی ئەوە لە گونەدەکە هەیە، دەبێ بەو ڕاددەیە شێت بووبێ؟ بڵێم چی؟

چاوەکانی پڕ فرمێسک بوون، بە پیرەمێردەکەی گوت نااڵێن بۆ کوێ؟ پیرەمێردەکە گوتی نا، بەڵام دوورمەبینە چووبێتە شارەکانی تر، خوا ئارامیت پێبدا. نەدیم گوتی سوپاس مامە، هەواڵێکی خۆشت پێدام، مادەم لێرەبووە کەواتە ماوە دەیدۆزمەوە. ئینجا نەدیم لەوێوە، بەرەو ئەو شارە ڕۆیشت کە مەستان بە گەچ

خەتی لە دیوارەکان دەدا، دەشترسا بگیرێ، چونکە فیرار بوو، کە گەیشتە ئەو شاریش، لەوێ بەهەمان شێوە لەو خەڵکەی پرسی مابوونەوە، خەڵکەکەش پێیان گوت بەڵێ لێرەش بووە، بەڵام ئێستا نەماوە. ناچار نەدیم بەو ڕێگایە، دریژەی بە گەڕاندا بەدوای مەستان، ئەو گەڕانەش چەندین ساڵی خایاند، نەدیمیش وەک مەستان سەری سپی ببوو و پیری و ماندووێتی دەموچاوی داگرتبوو، ئاگای لێ نەبوو. تا سۆراغ بە سۆراغ، گەیشتە ئەو ئەنجامەی مەستان چۆتە شاری ئەربائیلۆ، بەڵام چوونی نەدیم بۆ ئەو شارە بەهۆی شەڕی ناوەخۆوە زەحمەت بوو، چونکە نەدیم پێشتر پێشمەرگەی ئاڵا سەوزەکان بوو، ئەو شارەش لەو سەردەمە کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی ئاڵا زەردەکان.

ئەگەرچی ماوەیەکی زۆر دانی بەخۆی داگرت خۆی لەو مەترسیە نەدات، بەڵام لە کۆتایی ئارامی نەما، لەلای خۆی ڕا گوتی ئەگەر وەک خەڵکێکی ئاسایی خۆم نیشان بدەم ڕەنگە دەربازم بێ. عەسرێک بە سواری پیکابێک بەرەو شارەکە بە ڕێ کەوت، کە

گەیشتە بازگەی ئالا زەردەکان، ڕاستەوخۆ هێنایانە خوارەوەو دەستیان بە لێپێچینەوە کرد لەگەڵی، لە کۆتایی پێشمەرگەیەک ناسیەوە، لەکۆندا ئەوە پێشمەرگەی ئالا سەوزەکان بووە، هەر لەوێ دەست و دەمیان بەستاوەو خستیانە ژوورێک، لەناو پێشمەرگەکانیش بووە هەراوهۆریا، دیاربوو کەسێک خۆی دەپچڕیەوە دەیگوت من دەیکوژم برام بە دەستی ئەوانە کوژراوە. نەدیم پێشبینی نەکردبوو، وەزعەکە ئەوەندە خراپ بووبێ لە نێوان هێزە کوردیەکان. پێشمەرگەکانی تر لێنەگەڕان ئەو پێشمەرگەیە نەدیم بکوژێت، پێیان گوت هەرنا شەو درەنگ ئەوە بکە ئێستا نا. نەدیمیش بە گوێیەکانی خۆی گوێی لەو قسەیە بوو، تا شەو داهات بە دڵەڕاوکێوە لەو ژوورە مایەوە، کە دونیا بووە پاش مەغریبێکی تاریک، یەکێک دەمامکی خۆی دابوو، بە پەلە دەرگای لەسەر نەدیم کردەوەو لێی هاتە ژوورێ، نەدیم چاوەڕێبوو بیبا بیکوژێ، کەچی ئەو گوتی تا زووە بڕۆ، ئەگەرنا دەتکوژن. نەدیم گوتی تۆ بۆ ئەوە دەکەی؟ ئاخەر دوای من تووشی کێشە دەبی.

کەسەکە گوتی پێت دەڵێم بڕۆ کێشەی چی، واز لەمن بێنە. ئێمە شۆڕشمان بۆ چی کرد، تووشی چی بووین؟ بڕۆ. نەدیم بێ ئەوەی دەموچاوی کەسەکە ببینێ، سوپاسی کرد، ئینجا لە ژوورەکە دەرهات و بە کەنداێکی پشتەوەی بازگەکەدا دوورکەوتەوە، دوورکەوتنەوەیەک تا ترسی لەسەر نەما، هەر ئاوڕی دەداوە. پاشان لەوێوە هەر بەپێ خۆی گەیاندە شاری ئەربائیلۆ، چەند ساڵێک دوای مەستان.

کە گەیشتە جێ، وەک هەموو شارەکانی تر دەستی بە پرسیار کرد لە خەڵکەکە، تا بزانێ مەستان لەوێ ماوە، یان دوای گەڕان لەوێش ڕۆیشتووە. بەڵام ئەمجارە بە پێچەوانەوە، گەیشتە وەڵامێکی دڵخۆشکەر، پێیان گوت ژنێک لەناو گۆڕستانی ئەم شارە دەژی، ئەو ژنە جارجار لە گۆڕستانەکە دێتە دەرەوە، بۆ ئەوەی شتێک پەیدابکا بیخوا. دەنا کەس ناناسێ بۆ چ لێرەیە. نەدیم دوای بیستنی چیڕۆکی ئەم ژنە، پێش مەغریبێک کە هێشتا ڕۆژ ئاوا نەببوو، چووە ناو گۆڕستانەکە، لە دوورەوە چاوی گێڕا تا ژنەکەی دۆزیەوە، کە لێی چووە پێش چی بینی؟

مەستان بە سەری سپی و دەموچاوی لۆچەوە. نەدیم سەرەتا بۆیری ئەوەی نەکرد ڕاستەوخۆ خۆی پێنیشاندا، لە شەرمان خۆی لە پەنا کێلێک نا، تا نەیبینێ، لە دڵی خۆیڕا گوتی ئێستا بچم چی پێبڵێم، چۆن ئەو هەموو شتەی بۆ بگێڕمەوە؟ ئەو دیدارە دوای ئەو هەموو ساڵە چەند شیرینیش بێ، چۆن دەتوانم بەرجەستەی بکەم. دوای ئەو لێکدانەوانە، ناچار زۆری لەخۆی کرد، چونکە دەبوا هەر وابکات، لەپەنا کێڵەکە هاتە دەرەوە، هێدی هێدی وەک غەریبەیەک لێی نزیک کەوتەوە، لێ نزیک کەوتنەوەیەک، لە پێشی کەوتە سەرچۆک و لە جیاتی گێڕانەوەی ئەو هەموو عەشقە نهێنیەی بۆی هەبوو و ئەو هەموو قوربانی دانە، گریا، هەر بە گریانەوەش گوتی مەستان، ئێستا بە چ زمانێک ئەو هەموو بەسەرهاتەت بۆ بگێڕمەوە؟ چۆن تێتبگەینم چی ڕوویداوەو چۆن نیشتیمانە ئازادەکەت پێ نیشان بدەم کە دەمویست بە دیاری بۆ تۆی بهێنم، کە بەئاشکرا حیزبەکان لە دوژمن خراپتر خوێنی یەک دەڕێژن.

مەستان وەک ئەوەی هیچ هەستێکی نەبێ، بێ دەنگ لەسەر سەری ڕاوەستابوو، نقە لە دەمی دەرنەدەهات. نەدیم هەستاوە گوتی مەستان بۆ قسەیەک ناکەی، پێویستم بە ووشەیەکی تۆیە، من ڕاستە خۆم وا دەردەخەم لەسەر پێیەکانمم، بەڵام وێرانم. دەمەوێ گوێم لە دەنگت بێ، دەنگێک چەندین ساڵە نەمبیستووە. مەستان هیچ هەستێکی نەبوو. نەدیم کە بینی مەستان بێ دەنگە، بۆی دەرکەوت تووشی لەبیرچوونەوە بووە، هەرچەند بانگی کردو زیاتر خۆی لێ نزیک کردەوە بێ سوود بوو. لەناو ئەو گۆڕستانە هەر بە گریانەوە دەستی بۆ خۆڵی بەر پێیەکانی بردو چەنگێکی هەڵگرتەوە، توند بە سینگی خۆی وەنا، دواتر ماچی کردو خستیە سەر چاوەکانی. ئەو پاشی ئەو هەموو قوربانیدانە، هێشتا بوێری نەدەکرد وەک ڕێزێک بۆ حورمەتی ئەو لە باوەشی بکات، ناچار خۆڵەکەی بەر پێی دەلاواندەوە. بەسەرێکی تریش ڕەچاوی ئەوەی دەکرد نەوەک لێی بترسێ. ئیتر لەگەڵ دۆزینەوەی مەستان بڕیاریدا چۆن ژیانی گەنجی بۆ ئەو تەرخانکرد تا گەیشتە ئەو

تەمەنە، لەمەوبەدواوەش ژیانی داهاتووی بۆ ئاگالێبوونی ئەو تەرخان بکات تا لە دونیا ماوە. بۆیە شان بە شانی ئەو لەو ڕۆژەڕا لەناو گۆڕستانەکە مایەوە. بۆ ئەوەی ئالاّ زەردەکانیش نەیناسنەوە، لە عەشقی مەستان ناوی لە خۆی نا دلّبرین، (دلّبرینی کێلنوس) عاشقی مەستانی پیرێژن، ئەو پیرێژنەی لەناو ئەو گۆڕستانە دەژیا، کەس بە چیڕۆکەکەی نەدەزانی.

(١٠٢)

جـودی که مـالّه مەڕدارەکەی بەجێهێشـت، چـووە سـەر لـوتکە بەرزەکـان، لەوێـوە لەسـەر هەنـدێک لـوتکە لەوپەڕی دونیـای ڕوانـی، لەسـەر هەندێکیشـیان هەور ئەوەنـدە دابەزیبـوو، ئەودیـوی دەبینـی، زۆر شـەویش لەسـەر شـاخی بەرز بەرز ڕادەکشـا سـەیری ئاسـمانی دەکـرد، ئاسـمانێک دەتگـوت ئەسـتێرەکان هـاتوونەتە نـاو باوەشـی، ئەوەنـدە گەورە خۆیـان نیشـان دەدا. ئەو دیمەنـانەش تـا دەهـات زیـاتر لە سروشـتی نزیـک

دەکـــردەوە، کـــاتێکیش برســـی دەبـــوو، لە دەشـــتەکان گژوگیـــای دەخـــوارد، لە دارەکـــانیش گـــوێزو بەڕوو. لەهەر شـــوێنێکیش تێنووبـــوایە، لە قۆرتەکـــان ئـــاوی دەخـواردەوە. چیـا نەمـا نەچێـتە سـەری، ئەشـکەوت نەمـا تێیـدا نەمێنێـتەوە، تـا بەیـانیەک کە تـازە ڕۆژ هەڵاتبـوو، لە مێرخـوزارێکی چـۆڵ، کە پڕبـوو لە گـوڵ و گـوڵزار، تووشـی کـچە گەریـلایەک بـوو، کـچەکە کـورتەک و شـەروالێکی لەبەر بـوو، پشتێنێکیشـی کردبـووە پشـتی، پرچـی لە پشـتەوە کردبـووە کەزی و کلاشینکۆفێکیشـی بە شـانداداببوو، لەنـاو گوڵەکـان دیـاربوو تـاجە گـوڵینەیەکی زەردو سـوورو سـەوزی دروسـت کردبـوو، خسـتبوویە سـەر سـەری و گـۆرانی بـۆ ئـازادی دەگوتەوە، پێدەچوو زۆر دڵخۆش بێ.

جـودی کە چـاوی پـێکەوت چـونکە وەک کێـوێەکی لێهـاتبوو، هێـدی هێـدی لێـی نزیـک کەوتەوە، کـچەکە سـەری سـووڕما، جـودی کە گەیشـتە لای پـێش سـڵاوکردن، لێـی ڕوانـی، دیـاربوو یەکەم جـاربوو کچێـک ببینـێ بەمشـێوەیە، ئەوەنـدە جـوان بـێ و تەمەنیشـی لە تەمەنـی خـۆی نزیـک بـێ. کـچەکە سـەرەتا وایزانـی نیـازی

خـراپە، لێـی کەوتە دوودڵـی. بەڵام کاتێـک تێگەیـی هـیچ چەکێکـی پـێ نـیەو تەنیـا تەماشـای دەکـات، پێـی گـوت سـڵاو، چـۆن دەتـوانم خزمەتـت بـکەم؟ جـودیش بـێ ئەوەی سـڵاوەکەی لـێ وەربگـرێتەوە، لەبەر تیشـکی ڕۆژ دیـاربوو بـۆنی پرچـی کـچەکە بە هەوادا بڵاوببـۆوە، کەپـووی بڵنـد کـردە ئاسـمان و هەناسـەی هەڵکێشـا، کـچەکە گـوتی بڵـێ شـتێکت پێویسـتە؟ جـودی گـوتی بەڵـێ دەمەوێ بۆنـت بـکەم، کـچەکە سـەری سـووڕما، گـوتی بۆن، لەبەرچی؟

جـودی خـۆی پـێ نەگیـرا ڕاسـتەوخۆ لێـی نزیـک کەوتەوەو دەسـتی بە بـۆنکردنی پرچـی کـرد. کـچەکە گـوتی ڕاوەسـتە، لێـرە ئەوەی دەتەوێ قەدەغەیە، ئـێمە بەڵێنمـان بە کـۆمەڵەکەی خۆمانـداوە، هـیچ پەیوەنـدیەکی سـۆزداریمان نەبـێ. جـودی لەگەڵ قسـەی کـچەکە ڕاوەسـتا، گـوتی بەڵـێن؟ بەڵێنـی چـی؟ ئێـوە کـێن؟ کـچەکە گـوتی ئـێمە کۆمەڵێـک کـچ و کـوڕین بـۆ ئـازادی تێدەکۆشـین، ڕێبەرەکەمـان فێـری کـردووین، تـا ژن، ژیـنگە، خـاک، فکـر، ئـازاد نەکەیـن، نـابێ لێـک نزیـک بکەوێـنەوە، تەنـانەت خۆشەویسـتی و هاوسـەرگیریش

بکەیـن، لەلامـان قەدەغەیە بـێ ئـازادی. چـونکە پێمـان وایە مرۆڤـی کـۆیلە نە دەتـوانێ عاشـق بـێ، نە دەشـتوانێ ببێـتە هـاوژین و دایـک و بـاوکی بـاش بـۆ منـدالّەکانی. جـودی سـەری سـووڕما لەگەڵ ئەو قسـانە، هـیچ تێنەگەیـی مەبەسـتی چـیە. کـچەکە کە هەسـتی کـرد، ئەو هێشـتا خەریکـی هەسـتی خـۆیەتی، گـوتی دەزانـم ڕووحێکـی پاکـت هەیە. بەڵام پـێم وایە تـۆ پێویسـتت بەوەیە پەروەردە بکرێـی، ئایـا لەگەڵـم دێـی؟ جـودی بـێ ئەوەی تێبگـات بـۆ کـوێ گـوتی بەڵـێ، لەوێـوە بەگەر کـچەکە کەوت. کـچەکەش لەگەڵ خـۆی گەری و گەری جـودی بـردە نـاو ئەشـکەوتێک، ئەشـکەوتەکە دەرگـای بە لـق و پـۆپی دار گیرابـوو، لە دەرەوەڕا نەدەبینـدرا.

نـاوەوەی کرابـووە بەش بەش، لە دەسـتە ڕاسـت، کتێبخـانەیەکی گەورە دانـدرا بـوو، بە سـەدان کتێبـی لە خـۆی گرتبـوو، لە خـوارتر ژووری خەوتـن بـوو، لە خـوار ژووری خەوتـن، بەردی گەورە گەورە تاشـرابوو، بـۆ لەسـەر دانیشـتن، ئەوەش شـوێنی کۆبـوونەوەو دانیشـتنە فەلسـەفی و ئەدەبـی و ئاینیەکـان بـوو، بەشـەکانی تـریش پێکهـاتبوو لە جبەخـانەو

چێشتخانە و شوێنی خۆگۆڕین و دیوەخان. کچەکە کاتێک جودی بردە دیوەخان، جودی بینی پڕی کچە، هەموو جلی وەک یەکیان لەبەرە، لە ژوورەوەش سمۆرەو کارمامزو بزنەکێوی و فەرخە ورچیش لەگەڵیان دەژی، وەک ئەوەی هەمووان پێکەوە خێزانێک بن. ئامێری مۆسیقاش بە دیوارەوە هەڵواسراوە، بەتایبەتی ساز.

کچەکان کە چاویان بە جودی کەوت لەبەری هەڵستانەوە، یەک یەک دۆقەیان لەگەڵ کردو بەخێرهاتنیان کرد، کە جودی دانیشت، پێیان گوت دەکرێ پێمان بڵێی چۆن گەیشتیە ئەو ناوچەیە؟ بارودۆخ باش نیە، لە باکوور تورکیا لەسەر خاکی خۆمان دان بە کوردبوونمان دانانێ و شەڕی قوڕس لە نێوانماندایە، لە باشووریش هێزەکوردیەکان، بە قسەی ئەوان هێرش دەکەنە سەرمان بێ ئەوەی بیربکەنەوە خۆ ئێمەش کوردین ئەو شەڕە لە پای چی؟ بۆ بە گوێی دوژمنان بکەین؟ جودی گوتی نازانم، من دەگەڕێم؟ یەکێک لەکچەکان گوتی بەدوای چیدا؟ جودی گوتی بەدوای شتێک بەتەواوی نازانم

چیە. کچەکە گوتی باشە حەزت لە چیە؟ جودی گوتی حەزم لێیە بۆنی ئێوە بکەم.

کچەکان هەموو پێکەنین. کچەکە گوتی بۆنی هەموومان پێکەوە؟ جودی گوتی بەڵێ، تا ئێستا مرۆڤی وەک ئێوە بۆنخۆش و جوان و سەرنجڕاکێشم نەبینیووە. ئەوان نەیاندەزانی جودی مەبەستی جنس نیە. بۆیە ئێواڕە کە پیاوەگەریلاکان گەڕانەوە، جودیان بەوان سپارد. پیاوەکانیش لە ژووریێک دەستیان بە قسەکردن کرد لەگەڵی، بۆ بەیانیەکەش ناردیانە ئەکادیمیا تا پەروەردە ببینێ. ناوەکەشیان گۆڕی لە گورگۆوە کردیانە (ڕووبا) پێیان باشبوو ناوی نهێنی هەبێ. بەڵام ئەو کێشەیەکی هەبوو، لەگەڵ پیاوەکان هەستی بە ئاسودەیی نەدەکرد، ئەگەرچی دەیزانی قسەکانیان واتای تێدایە، بەڵام ئەو وەک خۆی پێی بێزار دەبوو. ئەوانیش وازیان لێ نەهێنا، تا بە باشی فێری نوسین و خوێندنەوەو بەکارهێنانی چەکیان کرد. هەمیشەش چاویان لەسەری بوو، دەیانزانی لە ڕێی هەستەوە لە زۆربەیان زیرەک تر‌ە، کەسێکیشە لە هیچ ناترسێ، جەستەیەکی بەهێزیشی هەیە، چونکە

بەچاوی خۆیان بینیان لە شەڕێک لە شەڕەکان بێ ئەوەی خۆی نەوی بکات بەرامبەر گوللەی دوژمن، چۆن بەرگری دەکرد.

لەو ماوەیەش لەناویان بوو بە تەواوەتی بە چیرۆکی ڕێبەرەکەیانی زانی، بۆشی دەرکەوت گەریلا کچەکان چۆن لە پێناوی، ئامادەن خۆیان وەک فیداکاریەک بووتێنن، بەڵام ڕێبەرەکەیان دوای ئەنجامدانی کردەی خۆسووتاندن، لە لایان چەند کەسێکەوە لە ڕۆژی دەستگیرکردنەکەی، ڕێی لەم کارە گرت. جودی خۆشیویست، بەتایبەتی کاتێک بۆیان باس کرد لە دوورگەیەک لە دوورگەکان بەندکراوە. بەڵام ڕۆژێک ناخۆشی لە نێوان جودی و گەریلا پیاوەکان ڕوویدا، چونکە بۆیان دەرکەوت جودی پەیوەندی خۆشەویستی داناوە لەگەڵ یەکێک لە کچە گەریلاکان. ئەوانیش بەزووترین کات کچەکەیان لە جودی جیاکردەوەو ناردیانە ناوچەیەکی دوور، هەرگیز یەکتریان پێ نەدۆزرێتەوە، بە تونددترین شێوەش سزایان دا، جودیشیان لە ئەشکەوتێک بەند کرد. جودی ماوەیەکی زۆر لەو ئەشکەوتە مایەوە، شەو و

ڕۆژیش لە تاو ئازاری عەشقی ئەو کچە نالانـدی. دوای ئەو ماوەیە دەریانهێنا، گوتیان لێرە بەڵێن هەیە، تا ئازادی هەبێ، مرۆڤ نابێ بە شتی هەرزەکارانە خۆی سەرقاڵ بکات، شۆڕش بە کەسی لاواز ناکرێ. جودی لەو بڕیارە لێیان تورەبوو، گوتی من ڕێبەرەکەتانم خۆشدەوێ، ئەگەرچی نەشمبینیوە، بەڵام ئێوە نا، هەست دەکەم ئێرەش بۆ من چوارچێوەیەکی تەسکە، ئاسودەنیم، دەڕۆم.

ئەوانیش کە گوێیان لێ بوو وا دەڵێ، پێ تەنگاوبوون، هەرچەند هەوڵیاندا نەیانتوانی ڕایبگرن، ناچار بەو کچەیان گوت سەرەتا لەناو مێرخوزارەکە هێنابووی، لە کام مێرخوزار هێناوتە بیبەوە ئەوێ، با کوێی دەوێ بۆی بڕوا، کچەکەش جودی بردەوە هەمان شوێن، لەوێ باوەشێکی لێداو گوتی تۆ بڕۆ ئەی پیاو، جودی لەو ڕۆژەوە ئەوێی بەجێهێشت. چووە ئەشکەوتێک ماوەیەکی درێژ بەتەنیا لەوێ مایەوە. لەو ماوەیەش شەڕی کەنداو دەستی پێ کرد، ئەمریکا بە تۆمەتی هەبوونی چەکی کیمیاوی هێرشی زەمینی و ئاسمانی کرد بۆ سەر عێراق، ڕژێمی بەعسی

لێکهەڵوەشـــــاندەوە، ســـــەرۆکەکەیان کە خـــــۆی لە ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت بە نەبـــو خوزنەســـڕ دەچوانـــد، دوای بەرەنگـــاربوونەوەیەکی ســـەخت، کە بـــووە هـــۆی کـــــوژرانی هەزاران ســـــەرباز و هەردوو کـــــوڕ و کـــوڕەزایەکی خۆشـــی، زانـــی دەرەقەتـــی ئەو هێـــزە داگیـــــرکەرە پـــــڕ چەکە نـــــایێ، هەڵات. لە بەغـــــدا لە ڕووبـــاری دیجـــلە پەڕیەوە، خـــۆی گەیانـــدە کـــێڵگەیەک لە نزیـــک شـــاری تکریـــت، لای خزمێکـــی، کە خۆشـــی هەر خەڵکـــی ئەم شـــارە بـــوو، خزمەکەشـــی لەنـــاو کـــێڵگەکەی خـــۆی کـــونێکی لەژێـــر زەوی بـــۆ لێـــدا، تـــا خـــۆی تێـــدا بشـــــارێتەوە. بەڵام زۆری نەخایانـــــد، لەبەر ئەو پـــــارە زۆرەی کرابـــووە دیـــــاری، هەر کەســـێک شـــوێنەکەی ئاشـــکرابکات، دەیـــدرێتێ، خـــزمەکەی خیـــانەتی لێکـــرد بەهـــۆی ئەو خیـــانەتەوە لەلایـــان هێزێکـــی پیـــادەیی، شـــوێنەکەی دۆزرایەوەو بە ســـاغی لەنـــاو ئەو کـــونە دەرهێنـــدرا. کە خەڵـــک بینیـــان ســـەریان ســـووڕما، لەو مـــاوە کـــورتە ئەو پیـــاوە بەهێـــزو چوارشـــانەیە، ئەوەنـــدە لاوازو پیربـــووەو بەبـــن پرچـــی درێـــژو ڕیـــش کەوتـــووە،

تەنانەت خەریکبوو باوەڕ نەکەن ئەوە خۆی بێ، لەبن پێی سەربازەکان دڕێژ کراوە.

پاشان لەوێوە بردیانە زیندان و دوای زیندانیکردن، دایانە دادگا.

دادگاش پاش چەندین دانیشتن بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرکرد. ئەو ئەگەرچی پێداگری دەکرد لە دادگاو دەیگوت من کەسێکی سەربازیم لە شەڕدا گیراوم، لەبەرگری وولاتەکەم، بەپێی یاسای عێراق دەبێ گوللە باران بکرێم نەک لەسێدارەبدرێم، بەڵام دادگا گرینگی بەو قسانە نەدا، دواجار لەسێدارەیدا، ئەمریکاش لەجێی ئەو، کورسی سەرۆک کۆماری بەخشیە سەرۆکی ئاڵا سەوزەکان، سەرۆکی ئاڵا سەوزەکانیش، لە بەرامبەر وەرگرتنی ئەو پۆستە مێژوویە، کە یەکەم کوردبوو لە مێژووی عێراق بکرێتە سەرۆک کۆمار، باشووری کوردستانی بە تەواوی ڕادەستی سەرۆکی ئاڵا زەردەکان کرد. تا نەبنە کۆسپ لەپێشی، ئیتر کوردستان لەوکاتەوە کەوتە ژێر ڕکێفی ئاڵا زەردەکان، ئاڵا سەوزەکانیش

بـــوونە هێـــزی دووەم تێیـــدا، شـــەڕی نـــاوەخۆش بەمشێوەیە کۆتایی پێ هات.

جـــودییش چەنـــد ســـاڵێک دوای ئەو گۆڕانکـــاریە سیاســـیە، ئەشـــکەوتی بەجێهێشـــت و بەخـــۆی و بە داڕێکـــی بـــڕاوە ڕووی لە پایتەخـــت کـــرد، بەو نـــاوە نـــوێیەی گەریلاکـــان لێیـــان نـــابوو (ڕووبـــا)، بـــێ ئەوەی بزانـــێ دەچێـــتە گۆڕســـتانێک، تووشـــی پیرێژنێکـــی ســـەر سپی دەبێ، ئەو پیرێژنە مەستانی دایکیەتی.

بەشی سی و چوار

(١٠٣)

سبەینێ بوو، ئاینور تازە لە خەو هەڵستابوو، لە دیار ئاوێنەی مێزتوالێتەکەی گۆرانی دەگوت و سووراوی لە لێوی دەدا، دڵخۆش دیاربوو. دایکی کە گوێی لێ بوو ئاینور بەو بەیانیە گۆرانی دەڵێ چووە لای گوتی دەڵێی بەتەمای بچیە شوێنێک؟ ئاینور لە گۆرانیەکە ڕاوەستاو وەڵامی داوە بەڵێ، دەچمە لای لیای هاوڕێم. ئینجا لە شوێنەکەی هەڵستاوەو ماچێکی تۆندی لە ڕوومەتی کرد، پاشان لە ماڵ دەرهات و

بەرەو مـــاڵی لیـــا بە ڕێ کەوت، لە ڕێگـــا کە هەنگـــاوی دەنـا هەسـتی دەکـرد، ژیـان بە پـاکی و بـێ فێڵ خۆشـترە، لەوەی هەمیشـە ترسـێک لە دڵـت دابـێ، ئایـا تـۆ کەسـێکی خراپـی یـان نـا؟ هەسـتی دەکـرد دارەکـان جـوانن، دەنگـی باڵنـــدەکان جـــۆرێکن لە مۆســـیقا. ئەو هەســـتەش وای لێـــدەکرد زیـــاتر خـــۆی خۆشـــبوێت، کە وەک پێویســـت قەدری نەگرتبـــوو. کاتێـــک گەیشـــتە بەر دەرگـــای مـــاڵی لیـــا، وەک جارەکـــانی پێشـــوو لە دەرگـــای دا، هەنـــدەی پێنەچـوو، دایکـی لیـا دەرگـاکەی کـردەوە، گـوتی فەرمـوو کچم، وەرە ژوورەوە.

ئـاینور گـوتی لیـا لە مـاڵە؟ دایکـی لیـا گـوتی بەڵـێ، دەمـێکە هەڵســـتاوە. ئـــاینور بەدەم چـــوونە ژوورەوە گـــوتی سەیرە دیارە ئەمڕۆ هەموو شتێک دەیەوێ باش بێ.

کە چـــووە ژوورەکەی لیـــا، لیـــا لەبەری هەڵســـتاوەو پێشـوازی لـێ کـرد. گـوتی چەنـد جوانبـووی خـاتوون، پـێم بڵـێ چـی قەومـاوە؟ ئـاینور گـوتی بـا دانیشـین پێت دەڵـێم. ئینجـــا کە پـــێکەوە دانیشـــتن، ئـــاینور گـــوتی ئەوەی بە ڕووبامـــان گوتبـــوو ئەنجامیـــدا. لیـــا گـــوتی بەڕاســـت؟ دەمزانـی دەیکـات، بەڵام پـێم بڵـێ چـۆن؟ ئـاینور گـوتی

دوێنێ شەو کە خەوتم لە شوێنەکەی خۆم بووم، لەپڕ چاوم کردەوە دەبینم لە باوەشی ڕووبام لە کۆڵان. لیا پێکەنی گوتی چ خۆشبووە، ئێ. ئاینور گوتی منیش بە ئاگا هاتم، ترسام کەسێک ببینێ، یان دایک و باوکم بە ئاگا بێن، نەزانن لە کوێم. گوتم دامنێ. ئەو گوتی غەمت نەبێ نە کەس دەمانبینێ و نە دایک و باوکیشت هەڵدەستن، شەو کە گەیشتە چارێگی کۆتایی مرۆڤ بە زەحمەت هەڵدەستێ. منی بردە ناو گۆڕستانەکە، لەوێ بینیم بوکۆکەکەی هێناوەتەوە. لیا گوتی ئەی ئافەرین کوڕی تاریکی. ئاینور گوتی ڕاوەستە هەر ئەوەندەی نەکردبوو، تەنانەت خەلیفە حەمدونیشی لە گۆڕ نابوو. لیا چاوەکانی ئەبلەق بوون گوتی چۆن؟ یەعنی کوشتبووی؟

ئاینور پێکەنی، لیا گوتی بەچی پێدەکەنی زوو وەڵامم بدەوە ئاینور زیاتر پێکەنینی هات، لەبەر پێکەنین قسەی پێ نەدەکرا. لیا گوتی خوایە تۆبە، ئێوە تێکچوونە، من باسی کوشتن دەکەم، تۆ پێدەکەنی. ئاینور بە حاڵ پێکەنینەکەی ڕاگرت، گوتی نەیکوشتبوو، منیش سەرەتا ترسام وای کردبێ. لیا

گوتی ئەدی چۆن لە گۆڕی نابوو؟ ئاینور گوتی تەنیا بۆ ئەوەی بەخۆی دابچێتەوە، عەزابی قەبر بەڕاستی ببینێ، ئاخەر ئیشەکەی ڕووباش جوانە، عەزابی قەبر بۆ پێش مردن نەبێ، بۆ دوای مردن بۆ چیە؟ لیا گوتی ڕاستە، کەواتە ئێستا خەلیفە لەناو گۆڕە بە زیندوویتی؟ ئاینور گوتی ئەگەر ڕووبا دوای من، کە لێمبووری، دەرینەهێنابێ، بەڵێ هێشتا لەناو گۆڕە. نوشتەکەشمان سووتاند، ئێستا دەروونم ئارامە، تەنانەت زیاتر لە پێش ئەو کاتەش هیچ لەو شتانە ڕووینەدابوو. هەستە خۆت بگۆڕە، دەمەوێ بچین بگەڕێین، دەمەوێ سەیری هەموو شتێک بکەم، دار، بەرد، بازاڕ، خەڵک، قەڵا، تەنانەت دونیا بەگشتی.

لیا زانی ئاینور ئەو ماوەیە هەستی هیچ بەوانە نەکردووە، بۆیە حەزی لە گەڕانە. هەڵستا خۆی گۆڕی. دوای خۆگۆڕین پێکەوە لەماڵ هاتنە دەرەوە، سەرەتا چوونە ناو بازاڕ، ئاینور بە تامەزرۆییەوە سەیری ئەو بازن و گوارەو ئەنگوستیلانەی دەکرد، لە دوکانەکان بە داریێ وەکرابوون، دەتگوت منداڵێکە تازە ئەو شتانە دەبینێ. دواتر یەک یەک بە پێش

دوکانەکاندا تێپەڕین، شت نەما تەماشای نەکات، لەپڕ دوکانێکیان کەوتە بەرچاو جلک و بەرگی بوکانی لێبوو، ئاینور سەیرێکی کردو ڕووی وەرگێڕا، لیا بە گاڵتەوە گوتی ئەگەر ببیە بوک، حەزدەکەی کامە جۆر بپۆشی؟ ئاینور گوتی واز بێنە، قسەی بێ ئەقڵانە مەکە، ئێمەی کچان لەو ڕۆژەوەی پێدەگەین، بێ سەر دەژین تا ئەو ڕۆژەی دێنە داوامان، لەبەر باسی مێردکردن و مێردنەکردن و تەمەن گەورەبوون و تەمەن گەورەنەبوون، لەپڕ کە مێردیش دەکەین دەگڕێین بۆ ئەو ڕۆژانەی ئاگامان لە گەنجیەتیمان نەبووە، چێژی لێ ببینین. کەچی کوڕەکان ئاقڵن کەنگین لە هەموو شتێک بوونەوە ئەوجە ژن دێنن.

من پێم گوتی هاتووم دونیا ببینم ئەمڕۆ، نەک جلی بوکێنیم پێ نیشان بدەی. ئاینورو لیا ئەو ڕۆژە پێکەوە هەموو شارەکە گەڕان، تەنانەت چوونە سەر قەڵاو ناو گەڕەکە کۆنەکانیش. پێش ئەوەی ئێوارە دابێ، ئاینور گوتی لیا پێت چۆنە بچینە دوکانەکەی داودی باوکم، دەزانی چەند خۆشە سەردانی باوکت بکەی لەو شوێنەی ئیش دەکات، چایەکی لەکن بخۆیەوە. لیا

گوتی ڕاستە، بابچین، پێم وابێ هەندەش دوور نیە لێرە، ئینجا ئاینورو لیا پێکەوە چوونە ناو بازاڕی قەیسەری، لەپڕ خۆیان کرد بەناو دوکانەکەی داودی دارتاش، داود لەو کاتە خەریکی بزمار کوتان بوو لە قیمەکێشێک، ئاینورو لیاش لەسەر سەری ڕاوەستابوون، لەپڕ ئاینور گوتی باوکە .داود سەری بڵند کرد، کە چاوی بە ئاینور کەوت هاتۆتە دوکانەکەی خەنی بوو، بەپەلە لە شوێنەکەی هەڵستاوەو باوەشی بۆ کردەوە، ئاینور تۆند خۆی خستە باوەشی، گوتی هەموو دونیا لەگەڵ منداڵ خراپ بێ، منداڵ ئومێدێکی بەوە هەیە دەچێتە لای باوکی، ئەدی ئەگەر باوک خراپ بێ؟

منداڵ بچێتە کوێ؟ سوپاس کە تۆ بۆ من هەی، غەریبیم کردبووی بۆیە هاتم، خۆ کاتەکە خراپ نیە؟ داود گوتی بە پێچەوانەوە، بەڵکو منیش ماندوو ببووم، هاتنتان حەساندمیەوە، وەرن دانیشن. ئینجا داود ئاینورو لیای لەم لاو لەولای خۆی داناو سێ چای بانگ کرد، بەدەم چاخواردنەوە، دەستیان بە قسان کرد. دوای ئەوەی چایەکانیان خواردەوە، داود گوتی

کات درەنگ داهات هەڵستن بابڕۆین، منیش هەر لەگەڵ ئێوە دێمەوە، ئەگەر پێتان خۆش بێ. ئاینور گوتی زۆر چاکە چۆن پێمان خۆش نابێ؟

ئینجا هەرسێک لە دوکانەکە هاتنە دەرەوە، داود دەڕڕابی دوکانەکەی ڕاکێشا خوارەوەو کڵۆمی دا، ئاینور لەگەڵ داخستنی دوکانەکە ئەو شەوەی بەبیرهاتەوە کە داود گیرابوو و ئەو دوکانەش بە کراوەیی لەوگۆڕە بەجێمابوو، کەل و پەلەکانیش هەموو وێران بوون بەسەر یەکدا، لە دڵە خۆی گوتی خوایە جارێکی تر شەوی ئەوها ناخۆش و دڵتوندکەر دووبارە نەبێتەوە. لەوێوە ئاینورو لیاو داودی دارتاش بەرەو ماڵ گەڕانەوە، پێکەوە لیایان تا بەردەرگا بردەوە، داودو ئاینوریش بە پیاسە گەڕانەوە ماڵەکەی خۆیان، کە لە دەرگا چوونە حەوشە، دایکی ئاینور کە تەماشای کردن، پێکەوە هاتوونەتەوە، سەیری پێ هات، بە کەمێک غیرەوە گوتی ئەوە چۆنە باوک و کچ ئەمڕۆ گەیشتوونەتە یەکتری. خۆ داود دە ساڵیش دەبێ پیاسەیەکی لەگەڵ من نەکردووە.

داود پێکەنی گوتی تۆ وا ناتوانی بڕۆی، پیاسەت چۆن پێ دەکرێ. دەنا وەکو ئاینور بهاتبایە دوکانەکەم و بتگوتبا داود هاتووم غەریبیم کردبووی، منیش چایەکم بۆت بانگ دەکردو دوای چاخواردنەوەکەش بە پیاسە پێکەوە دەهاتینەوە. دامنا من ئەو هەستەم نیە، تۆ بۆ نازێک، مەکرێک، جاروبار ماچێک یان دیاریەکم بۆ ناهێنی؟ ئاینور لەگەڵ قسەکەی باوکی پێکەنی. گوتی دایە ڕاست دەکات بۆ جارێک ناچیە ناو دوکانەکەی لەپڕ ماچی بکەی، دەزانی چەند جوانە؟

دایکی ئاینور گوتی من؟ ئاخر پیاو دەبێ دەستپێشخەر بێ، نەک ژن.

داود ڕاستەوخۆ لێی چووە پێشوو لە باوەشی گرت، چەند جارێکیش ڕوومەتە لۆچەکانی ماچکردو دەستی بە پرچە سپیەکەی داهێنا، گوتی ئەی زاڵم دونیا، چۆن دڵت هات ئەو کچە جوان و لەسەرخۆ و بەژن باریکە، بکەیە ئەو ژنە بەتەمەنەی ئێستاش چاوی لەوەیە ماچ بکرێ، هەمیشەش بە ترسەوە قسە دەکات، نەوەک بڵێن خەلفاوە. بڕوا بکە ژنەکە لە جاران خۆشترمدەویێ.

لەگەڵ ئەوقسەیە دایکی ئاینور فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتە خوارێ، گوتی داود ئەدی ئەو هەموو هێزو تاقەتەو ئەو پرچە ڕەش و ڕیشە پڕەی خۆت بۆ نالێی، چی بەسەرهات؟ بۆ باسی ئەو هەموو متمانە بەخۆبوونەت ناکەی، دەزانی هەمیشە پێم وابوو تۆ قەت پیر نابی. ئاخەر هەر دوێنێ بوو پێکەوە، وەک کچ و کوڕێکی گەنج هاتینە ئەو ماڵە، چۆن ئەوکاتە ئەوها زوو تێپەڕی.

داودیش لەگەڵ ئەو قسەیە گریا، هەموو ئەو شتانەی بە بیرهاتەوە، لەو ڕۆژەوەی دایکی ئاینوری ناسیبوو، تا ئەوکاتەی پێکەوە لەو حەوشەیە بە پیری لە ئامێزی یەک فرمێسکیان دەڕێشت. ئاینور لێیان چووە پێش، بە قوڕگی پڕ گریانەوە گوتی چەند جوانن کە دەبینم دوای تێپەربوونی ئەو هەموو ساڵە هێشتا هاوڕێیەتی و خۆشەویستی و عەشقێک لە بەینتان ماوە. داود گوتی کچم ئەو پارچەکەی تری منە، ئەو نەمێنێ، من وەک مانگ هەمیشە بە نیوەیی لەناو ئەستێرەکان دەردەکەوم. دایکی ئاینور زیاتر گریا گوتی داود تۆ نیوەت دەمێنێ، بەڵام من بە نەمانی تۆ هەر هەموویم

دەکـــوژێتەوە و لەنـــاو تـــاریکی وون دەبـــم. ئـــاینور بـــۆ ئەوەی بـــارودۆخەکە کەمێـــک لەنـــاو ئەو هەمـــوو ســـۆزو حەزینـــیە هێـــور بکـــاتەوە، گـــوتی ئەدی مـــن چـــیم لەو بەیـــنە؟ داود دەســـتی گـــرت و ڕایکێشـــا لای خۆیـــان گـــوتی تـــۆ خـــۆری، مانـــگ نیـــوەبێ، یـــان وون، ئیشـــی تـــۆ دووبارە هەڵاتنەوەیە.

(١٠٤)

که شـــەو داهـــات، ڕووبـــا بە خاکەناســـێک دەســـتی بە هەڵـــدانەوەی گـــۆڕەکەی خەلـــیفە حەمـــدونی لەبـــن بـــوو کـــرد، تـــا بەتەواوەتـــی خەلـــیفە لەشـــی بەدیـــارکەوت، ئینجـــا ڕووبـــا دەســـتی بـــۆ درێژکـــردو گـــوتی دەســـتت بـــدە مـــن بـــا لە جیهـــــانی مـــــردووان بتگەڕێـــــنمەوە. خەلـــــیفە بە دەموچـــاوی خـــۆڵاویەوە، دەســـتی خســـتە نـــاو دەســـتی ڕووبـــا، ڕووبـــاش ڕایکێشـــا دەرەوە، خەلـــیفە کە هـــاتەوە ســـەر دونیـــا هەناســـەیەکی قـــوواڵی هەڵکێشـــا، دوای

هەناسەکە لەسەر بەردێک دانیشت، گوتی ئەی پیاو ئێستا بەتەمای چیم لێ بکەی؟ ڕووبا گوتی هیچ ئەگەر هەست دەکەی حەسایەوە، دەتوانی بڕۆی. خەلیفە گوتی بەڕاست؟ بڕوا ناکەم، چۆن پاداشتی ئەو چاکەیەت بدەمەوە؟ لەناو ئەوگۆڕە دەرتهێنام، لە کاتێکدا دەتتوانی لێم گەڕێی.

ڕووبا گوتی ئەوە دەرفەتە ئاسمان بەتۆی داوە، تا بزانێ واز لە هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی دێنی یان نا. بیربکەوە، ئەگەر بەڕاستی بمردبای و ئەو گۆڕەش گۆڕی تۆ با، ئایا دەڕەخسا جارێکی تر بگەڕێیەوە سەر دونیا بۆ ئەوەی بەهەڵەکانت دابچیەوە؟ خەلیفە گوتی بەدڵنیاییەوە نەخێر، تێگەیشتم. تەواو لێرەبەدواوە دەبمە مرۆڤێکی تر، دەچم هەر پارەو زێڕو زیوێکیش هەمە بە نهێنی دەیدەمە ئەو کەسانەی پێویستیان پێیە، سوپاسی تۆ دەکەم، کە نەتکوشتم، چونکە کوشتنی من ناردنی مرۆڤێکی گوناحبار بوو بۆ ئەو دونیا بەتاوانەوە، بەڵام بەزیندووهێشتنەوەم هێنانەوەی مرۆڤێکە بۆ خۆ پاککردنەوە. خەلیفە لەبەر پێی ڕووبا چەماوە ماچی بکات، ڕووبا نەیهێشت.

هەردوو شانی گرت و هەڵیستاندەوە. گوتی بڕۆ ژن و منداڵەکەت چاوەڕێت دەکەن. خەلیفە لەوێ ڕووبای بەجێهێشت و بەناو کێڵەکان بەرەو دەروازەکە ڕۆیشت، تا چووە دەرەوەو وون بوو. دڵبرینی کێڵنوس لە پەنا کێڵێکرا ئەو دیمەنەی بەچاوی خۆی بینی، ڕووبا ئەو پیاوەی پێی وابوو کوشتوویەتی لەناو گۆڕ دەریهێناو بە پێیەکانی خۆی ناردیەوە ناو خەڵکی. خۆی پێنەگیرا، ڕاستەوخۆ لە پەنا کێڵەکە دەرهات و چووە لای ڕووبا، کە لەوکاتە خەریکی پڕکردنەوەی گۆڕەکە بوو. ڕووبا هەستی پێکرد لە نزیکی کەسێک هەیە، بەڵام خۆی تێکنەدا. دڵبرین گوتی دەکرێ کەمێک قسە بکەین؟ ڕووبا ڕاوەستا گوتی بەڵێ. دڵبرین گوتی هەموو شتێکم بینی، نازانم ئەوە پەرجووە یان خەون، هیچ بە ڕاستی ناچێ، پێم ناڵێی تۆ کێی؟ پێم ناڵێی بۆ وا لە دەوروبەرت دەکەی، سەرەتا بە هەڵە تێتبگەن و دواتر تەریقببنەوە لەوەی وا تێتگەیشتوون؟ ڕووبا گوتی ئێوە بە چاو بڕیار دەدەن، هەر کەسێکیش بە چاو بڕیاریدا، لە ناوەڕۆکی شتەکان ناگات. دەنا من مرۆڤێکی ئاساییم وەکو ئێوە.

دڵبـرین گـوتی وانـیە، تـۆ ئاسـایی نـی، تەنـانەت خەریـکە بڵـێم تـۆ مـرۆڤیش نـی. ئەگەر ئەو شـتانەی بـۆ بەتەنیـا دەژی؟ لەکـوێڕا هـاتووی؟ کـوا کەس و کـارت؟ ڕووبـا ڕاوەستا، کاتێک دڵبرین وای پێگوت.

کەوتە بیرکـردنەوە لە ڕابـردووی خـۆی؟ بەڵام هیچـی نەدەزانـی چەنـد شـتێکی کەم نەبـێ. بە دڵبرینـی گـوت نـازانم. دڵبـرین گـوتی چـۆن دەبـێ نەزانـی، کـێ گەورەی کـردی؟ ڕووبـا گـوتی مـاڵە مەڕداریـک. ئەوان گەورەیـان کـردم، دەنـا کـوڕی وان نەبـووم. دڵبـرین گـوتی ئەدی ئەوان تۆیـان لە کـوێ بـوو؟ ڕووبـا گـوتی دەیـانگێڕاوە سـەگێک، لە ئێـوارەیەکی سـاردو بەفـراوی، منـی بە قۆنـداغەیی هێنـابووە بەر دەرگـای وان، داینـابووم. دواتـر سـەگەکانی ئەو مـاڵە مەڕدارە سـەگەکە دەگـرن و ڕاوی دەنـێن. ئەوەنـدە چیڕۆکـی مـنە. دڵبـرین منـداڵەکەی مەسـتانی بەبیرهـاتەوە، لە دڵەخـۆیڕا گـوتی ئەو کـوڕە جـودی نەبـێ، ئەگەر جـودیە، بـۆ نـاوی ڕووبـایە، لەوێ بەدەم ئەو بیرکـردنەوانەوە، ڕووبـای بەجێهێشـت، چـۆوە بـن کەپـرەکەی، بە قـوواڵی دامـا، لەو هەمـوو شـتانەی ڕوویـان دا، ئەگەر ڕاسـت بـۆ مەسـەلەکە

چـووبێ چـۆن دەبـێ چیرۆکێکـی ئەوەنـدە سـەیر ڕووبـدا هەمووێـان پـێکەوە لەو گۆڕسـتانە کۆبکـاتەوە. لەبـن کەپـرەکە نە دەیتـوانی ئـۆقرە بگـرێ، نە دەشـیتوانی دڵنیـابێتەوە، بـۆیە چـوو لە مەسـتان گەڕا، تـا لە خـوارەوەی گۆڕسـتانەکە دۆزیەوە، وەک ئەوەی هـیچ چـاری نەبـێ، پێـی گـوت دەزانـم تووشـی لەبیرچـوونەوە بـووی، دەزانـم هەرچـی بیڵـێم نەبـڕوا دەکەی، نە گرینگیشـە بەلاتەوە دوای ئەو هەمـوو گەڕانە، بەڵام هـاتووم پێـت بڵـێم، ئەگەر دەتـوانی بێـیەوە سـەرخۆت، بە ووردی سەیرێکی ڕووبا بکە، بزانە جودی نیە؟

نـازانم دڵـم بـۆ وام پێـدەڵێ، بـۆ ئەو هەسـتەم لا دروسـت بـووە؟ لەوکـاتەی دڵبـرین ئەو قسـانەی لەگەڵ مەسـتان دەکـرد، شـەو تەواو درەنـگ داهـاتبوو، ڕووبـاش بە مێشـکی داهـات ئیتـر کـاتی ئەوە هـاتووە، پەیامێـک بە گـوێی بەدیـن و بـێ دینەکـانی لەنـاو شـار لەسـەر هەبـوون و نەبـوونی خـوا بە تونـدی گفتوگۆیـان دەکـرد بگەینـێ، پەیامێـک وەک خـۆی پێـی وابـوو مێـژوویە. بـۆیە لەنـاو گۆڕسـتانەکە چـووە دەرەوەو لە یەکێـک لەو دوکانـانەی ئـامێری مۆسـیقایان دەفرۆشـت دۆڵێکـی

گەورەی هێنـــا، قایشـــی دۆڵەکەی لە مـــل کـــردو بە قـــایم دارەکەی بە دۆڵەکەدا کێشـــــا، دم دم، دم دم. ئەو دەنـــــگە لە کۆڵانەکـــان دەنگـــی دایەوە، خەڵـــک لەنـــاو ماڵەکانیـــان گوێیـــان لێبـــوو، بەدوای دەنگەکـــان ڕووبـــا هـــاواری کـــرد، وەرن خـــوام دۆزیـــوەتەوە، دەمەوێ بەیـــانی کـــۆببنەوە لە پـــێش قەڵا پێتـــــان نیشـــــان بـــدەم. دم دم، دم دم. وەرن ئەی خەڵکـــی شـــاری ئەڕبـــائیلۆ، خـــوام دۆزیـــوەتەوە، بەچـــاوی خۆتـــان بیبیـــنن. وەرن ئەو نهێنـــیە ئاشـــکرابوو، ئیتـــر پێـــی نـــاوێ گفتوگـــۆی لەســـەر بـــکەن، خـــوا هـــاتۆتە خـــوارەوە، بـــۆتە مێـــوانی مرۆڤەکـــان. بەمشـــێوەیە بەنـــاو هەمـــوو کۆڵانەکانـــدا ســـووڕاوە، هەرچـــی ئەو جـــارڕانەی دەبیســـت تەزی بە لەشـــیدا دەهـــات و مووەکـــانی قیـــت دەبـــــــــۆوە، ئەو شـــــــــەوە کەس نەخەوت. کە ڕۆژ تیشـــکەکەی دا لە قەڵای شـــارەکە و هەڵات، هەر هەمـــوو خەڵکـــی، بەدیـــن و بـــێ دینەکـــان، لە ماڵەکانیـــان دەرهـــاتن و بەرەو قەڵاکە بە ڕێ کەوتـــــن، تەنـــــانەت خەریکبـــــوو بـــکەونە پێشـــبڕکێ، تـــا زووە بـــگەنە ڕێـــزی پێشـــەوە، بـــۆ ئەوەی هەرنـــا باشـــتر بیبیـــنن، دەســـەڵاتداران شـــاڵاوی ئەو هەمـــوو خەڵکەیـــان پـــێ کـــۆنترۆڵ نەکـــرا، لەنـــاو

خەڵکەکە مەلاو قەشەشی تێدابوو. کە چوونە بەرامبەر قەڵا، ناو باغی شار، بینیان ڕووبا لەسەر سەکۆی قەڵاکە، کە پێشتر چووبووە ئەوێ و پێی باشبوو، ڕۆژێک لەوێڕا قسە بۆ خەڵکی شارەکە بکات، ڕاوەستاوە. لە دووڕا بەو بەیانیە دەبیندرا لەوێیە.

کە خەڵکەکە هەموو دەوری قەڵایان گرت و تەنانەت لە بێ شوێنیان چووبوونە سەر دیوارەکانیش، ڕووبا گوتی گوێبگرن ئەی ئەوانەی تا ئێستاش هەندێک پێتان وایە موتلەق خوا هەیەو شەڕی لەسەر دەکەن، هەندێکیشتان پێتان وایە موتلەق نیە، ڕەتیدەکەنەوە. ئەمڕۆ ڕۆژێکی مێژوویی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان، تەنانەت بۆ کۆنترین شارو خەڵکەکەشی.

من سەرەتا ڕوو لەوانە دەکەم دەیانگوت موتلەق خوا هەیە، لە کتێبە ئاینیەکان دەڵێ تا عیسا زیندوو نەبێتەوەو دەجال نێ، ڕۆژی قیامەت ڕوونادا، کە ڕۆژی قیامەتیش ڕوودەداو نەفخی سوور لێدەدرێ، ئەوجا مرۆڤەکان دەبرێنە عەرش و خوا خۆیان پێ نیشا دەدا، کەچی بە پێچەوانەی بڕوای خۆتان، ئێوە بۆ هاتوون لەسەر گۆی زەوی خوا ببینن، ئەگەر

بڕواتـــــان وایە خـــــوایەک هەیەو لە ئاســـــمانەو لە کتێبەکانیشـی وادەڵـێ؟ هەروەهـا بـێ دینەکـان ئێـوە، ڕۆژ تـا ئێـوارە مـوتلەق دەڵـێن خـوا نـیە، ئـێمە لە سرووشـتین و سرووشـتیش هەتـا هەتـاییە، ئایـا ئەگەر خـوا نـیە هـاتوون چ ببینن؟ یەکێـک لەنـاو خەڵـکەکە چـووە پـێش و هـاواری کـرد، ئەدی بـۆ ئـێمەت کـۆکردەوە ئەی پیـاو؟ گوتـت وەرن خواتـان پـێ نیشـان بـدەم، کە خـوایەک لەبەردەست نەبوو پێمان نیشان بدەی؟

ڕووبـا گـوتی بـۆ ئەوەی بـڕوای خۆتـان ببیـنن چ خـوایەکی بـێ هێـز لەنـاو مێشـکتان دەژی، ئەی بەدینەکـان. چ خـوایەکی بەهێـزیش لەنـاو دڵتـان ئامـادەیە، ئەی بـێ دینەکـان. بـۆ ئەوەی پێتـان بڵـێم مشـتومڕی بەردەوامـی ئێـوە هەیە و نـیە، گەڕان نـیە بەدوای خـوادا، بەڵکـو شـەڕێکی بـوغزاویە لە دڵـی هەردوو لادا ڕەگ و ڕیشـەی داکوتـاوە. لەوکـاتەی ڕووبـا لەو بڵنـدیە ئەو قسـانەی دەکـرد، دڵبـرین بەپەلە دەسـتی مەسـتانی گرتبـوو بیهێنـێ ڕووبـای پـێ نیشـان بـدا، بەڵام چـی بینـی، وەک هەمـوو ئیشـەکانی تـری سـەری لـێ سـووڕما ئەو هەمـوو خەڵـکەی کـۆکردۆتەوەو باسـی بـڕوای خۆیـان بـۆ

دەکات، لەوکاتەش پاسەوانەکان بەسەر ئەو شەقامەی دەچووە سەر قەڵا، بەدوای یەکدا دەڕۆیشتن، بەرەو لای ڕووبا، دڵبرین لە دوورەوە ترسا شتێکی لێ بکەن، لەناو خەڵکەکەش بووە مشتومڕ، بە دینەکان دەیانگوت قسەکانی ئەو کوڕە کفرە، هاتووە سوکایەتی بە بیروبڕوای ئاینی ئێمە بکات، داخوا کێ ناردوویەتی.

بێ دینەکانیش دەیانگوت کەسێک نیە وەڵامی بداتەوە، ئەو دەیەوێ بڵێ ئێوە بێ ئەقڵ و نەفامن، ئەمڕۆ شەرمەزاری کردین. کە پاسەوانەکان گەیشتنە کن ڕووبا، ڕاستەوخۆ قۆڵبەستیان کرد، خەڵکەکە کاتێک بینیان قۆڵبەست کراوە، هاواریان کرد لە داری دەن، ئەو سوکایەتی بە هەموومان کرد، ئەو دەبێ بکوژرێ، زەندیقە. دەسەڵاتداران کە زانیان شوێنەکە باشەو هیچ کەس گلەییان لێ ناکات، ئەگەر هەرچی لێ بکەن. هەر لەوێ دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە لەگەڵی، لەکاتی لێ کۆڵینەوە زانیان گالیسکەیەکی دروست کردووە، بۆ ئەوەی پیاوە بەندیەکەی پێ بباتەوە زێدی خۆی، ئەوانیش ئەوەیان بۆ حاڵی سیاسی خۆیان بە زیان

دەزانـی، چـونکە دۆسـتەکانیان، بەتـایبەتی دەسـەڵاتدارانی تورکیـا لێیـان تـورە دەبـوون، ئەو ڕێـزە لە تەرمـی ئەو بەنـد کـراوە بگیـرێ، لەلایـان هـاوڵاتیەکی باشـووری کوردسـتان. بـۆیە بە پەلە باسـی گالیسـکەو پیـاوە بەنـدیەکەیان شـاردەوەو بە تـاوانی سـووکایەتی بە بیروبـڕوای خەڵـک بـانگی چەنـد مەلایەکـی حیزبیـان کـرد، بەپێـی شـەرع لەسـەر قەڵا بە سـێ بزمـاری گەورە لە دیواری بدەن، تا ببێتە پەند، کەس کاری وانەکات.

یەکێـک لە دەسـەڵاتداران لەسـەر سـەکۆی شـارەکە قیـت بـۆوەو کۆمەڵێـک قسـەی کـرد، لەپشـت قسـەکانی هەڕەشـەی زۆری پێوەدیـار بـوو، گـوتی هەر کەسـێک وەک ئەو کـوڕە سـوکایەتی بە بیروبـاوەڕی ئـایینی، سیاسـی، کـۆمەڵایەتی بکـات و خەڵـک لە خـۆی کۆبکاتەوە، چارەنوسی لەداردانە.

پیـاوانی دەسـەڵات چیـان گـوت ئەوە ڕاسـتە، هەڵـبەت بە پاڵپشتی پیاوانی ئایینی.

دوای ئەو قسـانە پاسـەوانەکان ڕووبایـان بـردە لای ئەو دیـوارە پـان و گەورەیەی ڕووی لە خەڵـکەکە بـوو. لە خـوارەوە دڵبـرین هـاواری دەکـرد ئەوەی لەگەڵ مەکەن،

ئەو تازە پێڕادەگا خوێنی گەرمە، نیەتی خراپ نیە. لەوکاتە مەستان بیرکردنەوەی گەڕاوە، بە دڵبرینی گوت ئەوە کێیە دەیانەوێ لە داری بدەن؟ چاوەکانم باش نابینێ.

دڵبرین گوتی کوڕێکە دەڵێ نازانم دایک و باوکم کێیە، سەگێک منی بردۆتە ماڵە مەڕداریێک داینـاوم، دواتر ئەوان گەورەیان کردووم. مەستان گوتی جودیە، بڕوا بکە جودیە، سەگەکە توتکە بووە، لێمەگەڕێن بیکوژن، باوکیشی ئەنفالکراوە بە دەستی بەعسیەکان، با کوڕەکەشی لە دار نەدرێ بە دەستی ئەوانە. دڵبرین کە گوێی لە مەستان بوو وادەڵێ، غاریدا، بە قەڵاکەدا هەڵگەڕێ قسە لەگەڵ بەرپرسەکان بکات، بەڵام پاسەوانەکان گرتیان و بە لێدان سەرە سپیەکەیان خەڵتانی خوێن کردو دووریانخستەوە.

لەناو خەڵکەکەش ژێدارو موورێدو هەتوان سەیری ڕووبایان دەکرد لەو بڵندیە، نەیاندەزانی چی بۆ بکەن، کچەکانیش تا دەهات زیاتر خڕدەبوونەوە، ئەو کچانەی ڕووبا شەوێک لە شەوەکان بردبوویانی، تەنانەت ئەو کچانەی چاوەڕێشی بوون لە داهاتوو

بیانبـــا، ئـــاینورو لیـــاو شـــەرمن و داودی دارتاشـــیش و ژنەکەشـــــی هـــــاتبوون. بەبەر چـــــاوی هەمـــــووانەوە، پاســـەوانەکان ڕووبایـــان بڵنـــد کـــردو بە چەکوچێـــک، بزماڕێکیـــان لەنـــاو دەســـتی ڕاســـتی کوتـــا، بزماڕێکیشـــان لەنـــاو دەســـتی چەپـــی، هەردوو پێشـــیان خســـتە ســـەر یەک، بزماڕێکیتریشـــــان لەســـــەر هەردوو پێـــــی کوتـــــا، خـــوێنی نـــاو لەپـــی و پێـــی بە دیـــوارەکەدا هـــاتە خـــوارێ، لەگەڵ لە داردانـــی ڕووبـــا هەورێـــک ئاســـمانی داگـــرت و پڕوشـــــک پڕوشـــــک بـــــووە بـــــاران، ڕووبـــــا ســـــەیرێکی ئاســـــمانی کـــــردو بە نـــــیمچە خەنـــــدەیەکەوە چاوەکـــــانی لێکنـــــا، وەک ئەوەی بەســـــەر مردنیشـــــدا هێشـــــتا ئەو زاڵ بێ، گیانە بزێو عەجولەکەی سپارد.

کچەکـــــان هەمـــــوو بـــــۆی دەگریـــــان، ژێـــــداری بچـــــووک بەبیـــری هـــاتبۆوە یەکەم جـــار چـــۆن بـــانگی کـــرد هـــاوڕێ، فرمێســـــکی بـــــۆ دەڕێشـــــت، هەتـــــوان موورێـــــد، تەنـــــانەت داودی دارتـــــاش و ئـــــاینورو لیـــــا و شـــــەرمنیش، کەس نەبوو نەگرێ.

دڵبـــرین لەجیـــاتی مەســـتان دەگریـــا، چـــونکە پێـــی وابـــوو، پـــــێش هەموویـــــان ئەو لە هەمـــــوو کەس زیـــــاتر

کەمتەرخەمی کرد لە بەرامبەر پەیامەکەی، کە هەمیشە شەڕی لەگەڵ دەکردو تێینەدەگەیشت.

ئەوەی هیچ فرمێسکێکی لە چاو نەدەهات تەنیا مەستان بوو، چونکە پێشوەختە ئەوەندە بۆی گریابوو، فرمێسکێک نەمابوو بۆی بڕێژێ. کە ئێوارە داهات پاسەوانەکان کاتێک زانیان مردووە، تەرمەکەیان لە دیوار کردەوەو لەسەر سەکۆکەڕا هاواریان کرد، کێ دەیەوێ دەتوانێ بیبا بینێژێ، دڵبرین بە چاوی بە گریانەوە، بە غار چووە ناو گۆڕستانەکەو گالیسکەکەی دەرهێنا، ژێدارو موورید و هەتوانیش چوون ئامێرە مۆسیقیەکانی خۆیان ئامادەکرد، ئەگەرچی بەڵێنیشیان لێ وەرگیرابوو، نابێ مۆسیقا بژەنن، بەڵام پێیانوابوو کاتی بەڵێن نیە، کچەکانیش لەم بەرو لەو بەری ئەو شەقامە ڕاوەستان لەسەر قەڵاکەڕا، تا دەگەیشتە بەر دەروازەی گۆڕستانەکە. دڵبرین گالیسکەکەی برد، تا ئەو شوێنەی تەرمی ڕووبای لێبوو، ژێدارو هەتوان وموورێدیش لەگەڵی ڕۆیشتن، مەستانیش لە ڕێزی کچەکان لە کۆتایی ڕاوەستابوو، بێ تاقەت. دڵبرین و

هەتوان و وان بە گریانەوە تەرمی ڕووبایان هاوێشتە ناو گالیسکەکە، دڵبرین بەخۆی بەو سەرە سپیەوە گوتی من گالیسکەکە ڕادەکێشم، چووە ژێر گالیسکەکە، لەسەر قەڵاکەڕا هێدی هێدی بەرەو خوارەوە بە ڕێ کەوت، ژێدارو موورید‌و هەتوانیش دەستیان بە مۆسیقاژەنین کرد لەگەڵ هێنانە خوارەوەی تەرمەکەی.

کە گەیشتنە خوارەوە، ئاینور کە لە ڕێزی کچەکان یەکەم کچ بوو، دەستی کردە مقەسێک و پرچی خۆی بڕی، هاوێشتیە سەر تەرمەکەی، گوتی پرچ بۆ ڕووبا نەبێ بۆنی بکات بۆ کێیە؟

لە دوای ئەو لیاش پرچی خۆی بڕی، بە گریانەوە ئەویش ئەو قسەیەی دووبارە کردەوە، بە دوای لیادا شەرمنیش وایگوت، تا وایلێهات هەموو کچەکان یەک یەک پرچی خۆیان دەبڕی و لە جیاتی گوڵ دەیانهاوێشتە سەر تەرمەکەی، تا ئەو شوێنەی مەستان ڕاوەستابوو، مەستان هێدی هێدی لە تەرمەکەی نزیک کەوتەوە، دڵبرین لەوکاتە لەبەر دەروازەی گۆڕستانەکە ڕاوەستا، مەستان دەستە

چورچەکانی لەسەر دڵی ڕووبا داناو گوتی جودی، کە مەلۆتکەبووی، دەزانی چەند یاریت بە پرچم کردووە، دەزانی چەند لەگەڵ بۆنی من ژیای، کێ دەڵێ ئارەزووی بۆنکردنی پرچی کچانت، گەڕان نەبووە بە دوای بۆنی دایکە وونبووەکەت؟

ئینجا نوشتاوە سەری و دوای ئەو دابڕانە دووڕودرێژە دووبارە ڕوومەتەکانی ماچ کرد، پێی گوت دەزانم نەتزانی ئەوەی لەگەڵت بوو لە ناو ئەو گۆڕستانە دایکت بوو، دەزانم چۆن من تامەزرۆبووم بەدواتدا بگەڕێم، تۆش بە دوامدا ڕەنگە گەڕابی، بەڵام بێ غەمبە منیش بەمزوانە دێم، دێم ئەم دونیا پڕ لە زوڵم و ستەمە بەجێدێڵم و لەو دونیا هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە کوڕە تاقانەکەم. ئینجا دڵبرین بە یاوەری گەنجە مۆسیقا ژەنەکان و ئامادەبوونی کچەکانی شار، ڕووبایان برد لەناو ئەو پەرستگا بچووکە درێژیان کرد کە بەخۆی دروستی کردبوو، بۆ ئەوەی لە پێش دەرگاکە گۆڕێکی نوێی بۆ لێبدەن، لەو کاتەی گەنجەکان خەریکی گۆڕهەڵکەندن بوون، دڵبرین و مەستان لە دیار تەرمی ڕووبا لە ژوورەوە

دانیشـــتبوون، کاتێـــک گـــۆڕەکە تەواو بـــوو، هەتـــوان و موریـــدو ژێـــدار چـــوون بـــانگی دڵبـــرین بـــکەن تەرمەکە هەڵبگـــرن و بیهێـــنە دەرەوە بینێـــژن، بەڵام کە چـــوونە ژوورەوە، بینیـــــان نە تەرمەکە مـــــاوە، نە دڵبـــــرین و مەستانیش.

٢/ ٢ / ٢٠٢٣

هەولێر / قەتەوی

کتێبە چاپکراوەکانی نوسەر

ئەشکی قەڵەم	شیعر / ٢٠١٢
دیوانی هەڵۆی سامی	شیعر /٢٠١٥
مەحەببەت دەکەمە ئایین	شیعر / ٢٠١٦
من شەیتان ئاشت دەکەمەوە	شیعر /٢٠١٨
ژووری ژمارە سێ لەشێتخانە(بەرگی یەکەم)	ڕۆمان /٢٠١٨
کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکان	ڕۆمان / ٢٠١٩
گاڵتەجاریەکانی دادگا	ڕۆمان / ٢٠٢٠
تۆخراپ نی(بەرگی یەکەم و دووەم)	ڕۆمان /٢٠٢٢
سەرزەمینی جەللادەکان	ڕۆمان/٢٠٢٤

پێزانین

ئەم بەرهەمەش وەکو بەرهەمەکانی تر، لەسەر ئەرکی هونەرمەند (ئاواز ئەحمەد بۆرە) چاپکراوە.